بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر
بابەت و نوسین و هەواڵێک
بڵاوبکرێتەوە،
سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە
لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان
تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و
یادەوەری جەنگاوەرە
دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA
سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە
ژمارە 1 Maart. 2019 ئازاری ٢٠١٩

## لە یادی ١١ی ئازار و ڕاپەڕینی شاری هەولێری هۆلاکۆبەزێنەوە یادەوەرییەکانتان مەبەنە گڵەوە، خەبات و تێکۆشانی ئێوە، مێژووی پرشنگداری کەلە ستەمدیدەکەمانە

### گوتەی یادنامە


بە خۆشحاڵیەوە، لە مێژە بەنیازین، بڵاوکراوەیەکی تایبەت و هەمەلایەنە، سەبارەت بە یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانی کوردستان و پێشمەرگە بڵاوبکەینەوە، ڕاوێژو پرسوڕاو ئامۆژگاری زۆرێک لە دۆستانی بەئەزموون و شارەزایانمان وەگرت، لەبەرئەوە نەماویست پەلە بکەین، ویستمان لەسەرەتای مانگی ئازاری ئەمساڵدا یەکەم ژمارەی بە هۆی یادی ڕاپەڕینەوە بخەینە بەردەست، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەمان بە هۆی پرسە و سەرقاڵی یەکێ لە هاوکارەسەرەکیەکانمانەوە، چەند ڕۆژێک دوای خستین بۆ ئەمڕۆ، کە لە یادی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری هەولێری هۆلاکۆبەزێنەوە، هاتینە خزمەتتان. ئەو ئەو دوو یادە بەلای ئێمەوە گرنگ و مەزن و لێرەوە پیرۆزبایی، لە تێکڕای خەڵکی قارەمانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین کەین، جەخت لەوەش دەکەینەوە سەبارەی بە بڵاوکراوەی یاددنامە، پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێین هەرچەندە لە ڕابردوودا چەندین هەوڵی تاکلایەنە و بە کۆمەڵیش هەبوون، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، بەڕای ئێمە وردەوردە، هاوڕێیان و هەڤاڵانمان، دەچنە ناوساڵەوە و یادەوەرییەکانی خۆیان لەبیر دەکەن، یان بەداخەوە بەجێمان دەهێڵن، هەرچەندە زۆر لەو خۆشەویستانە توانیویانە، بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێک لەو بیرەوەریانەی خۆیان بنووسنەوە، بەڵام بە لای ئێمەوە، ئەوە بەس نییە، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە، دەستمان دایە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە. هیواداریین بێ جیاوازی بیروڕای سیاسی و ئینتمای حیزبی، داو لە هەموو لایەنە سیاسیەکان و هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکەن، بۆ سەرخستنی ئەم بڵاوکراوەیە. هەوڵ بدرێت هەرکەسە لە لای خۆیەوە، هەرچی بە گرنگ دەزانێ تۆماری بکات و ئاگاداری هەواڵ و زانیاریەکانی ناوخۆ و دەوروبەرەکەشمان بین. هەوڵ دەدەین خۆمان بەدوور بگرین لە ململانێی حیزبی و لایەنداری و گیروگرفت و قەیرانەکانی ناوخۆی کوردستان.

YADNAMA

### ئەوکاتەی ئینتما بۆ خاک و نەتەوە لە لوتکەدا بوو،

### مەفرەزەی پارتیزانی پیرەمەگروون مانگی ١٠-١٩٩٠

### بە داخەوە هەندێک لەو هاوڕێیانە شەهید بوون،



لە ڕاستەوە شەهید مامۆستا ڕزگار، ......،حەسەن بنگردی،زاهیرە بچکۆل، مامەقالە،زاهیر، ......،سەرکەوتی جیهاز، شەهید عومەر قەرەنگوێی، عوسمان سێدەری، شێرکۆ پێمان ئەگوت مام شێر.

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ ڕاپەڕین ......بەختیار نامیق



ئەگەر ڕاپەڕین دەرئەنجامی ئامادەگیەکی مێژووی گەلێک بوو بێت، بۆ ئەوەی بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی دروست ببێت و گۆڕانێک لە هاوکێشەی پەیوەندیەکانی ناوچەیی و جیهانیدا دروست ببێت و بۆشاییەک دروست ببێت، تا کورد خەباتی شاخەکان بگوازێتەوە بۆ شارەکان، ئەوا دەبێت بچینە ناو توێژینەوەیەکی وردی ئەکادیمی بۆ ئەوەی ئایا شۆڕشگێڕەکان، کە دێنە ناو شارەکانەوە هەگبەیان بایی ئەوەنەی تێدایە، کە پێناسەی شار بزانن و بتوانن ئیدارەیەک و حکومداریەکی دروست بەپێی پێداویستی گۆڕانکاریەکان بەرهەم بهێنن، ئایا کوڕانی شۆڕشگێڕی شاخ توانییان ببنە کوڕانی بەڕێوەبردنی شارەکان و حکومداری و سیاسەت و چەمکەکانی ئابوری و ژێرخانی گشتیەوە..؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێت واز لەو خوێندنەوە تەقلیدیە بهێنن، کە کامانەن پاڵەوانەکانی ڕاپەڕین کامانەن مێژوویان خوڵقاندوە، کۆی ئەو نوسینانەی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەسەر ڕاپەڕین نوسراوە، تەنها دەچێتە چوارچیوەی گێرانەوەی حیکایەتخوانیەوە، بەداخەوە لە ناوەندە ئەکادیمیەکان نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمی بکرێت و دەرئەنجامەکانی چی بکرێت و بخرێتە ڕوو، بۆ گۆڕینی بەڕێوەبردن بە ئەقڵی شاخ بۆ ئەقڵی ئیدارەی شارەکان، بەشێوەیەک بێت بتوانرێت ڕاپەڕین تەنها گێڕانەوە نەبێت، بەڵکو کارکردن بێت بۆ بەرهەمهێنانی حکومداریەکی دروست و پلان هەبێت بۆ داهاتوو، کە بتوانین:


1- چۆن لەناو هاوکێشە سیاسی و بەرکەوتنە ناوچەیی و جیهانیەکاندا یارییە سیاسی و ئابورییەکان بکەین ..؟.


2- ڕێکخستنەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئامادەکاری بۆ گۆڕانمان لەگەڵ گۆڕانکاریە گلۆبالییەکاندا.


3- دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی و ئیدارەیەکی مۆدێرن و ڕێکخستنی ژێر خانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و..هتد.

4- پەروەردە کردنی نەوەیەک، کە بتوانێت لە داهاتودا تەواو ئەم ئیدارەیە لە نەوەکانی شۆڕشگێڕ داماڵیت و تەواو نیشتمانییان بکات و هەوڵی پێشخستنی کایە گشتیەکان بدەن.

تا ئێستا نەک ئەمانە نەکراوە، بگرە دوو ئیدارەی و دو زۆنی و دنیایەک گەندەڵی و نەبوونی بەرنامەیەک بۆ داهاتوو نەبوونی دەستاودەستکردنی دەستەڵات و وەرگرتنی دەستەڵات لەلایەن نەوەی دووەمی پاڵەوانەکانی شاخ، نەک هەر شۆڕش، بگرە کۆی کارئەکتەرەکانی ناو شۆڕش دەخاتە بەردەم لێپرسراویەتی مێژوییەوە.



## لەیادی راپەرینە گەورەکەی گەلەکەمدا، تۆمارکردنی ئەم چەند سەرەقەڵەمە بە پێویست دەزانم، هیوادارم بتوانم ڕوناکی بخەمە سەر هەندێك لایەنی ڕووداوەکان، کە دەشی لای زۆریك نادیار بووبێت.

نوسەری ئەم چەند دێڕە، یەکێکم لەوانەی کە لەناو ڕووداوەکاندا بووم، نزیک بووم لە سەرکردە بڕیار بەدەستەکانی ئەو ماوە زێڕینە.

+ پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان، ترۆپکی سیاسەتی فاشیانەی بەعسیەکان بوو بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامیاندا. ئەمەش لە ستراتیژی بەعسیەکاندا بوو، کوردیان بەمیوان لەسەر خاکی عەرەب پێناسە دەکرد، بۆیە پییان وابوو یان دەبێت کورد لەناو بۆتەی عەرەبدا بتوێتەوە و ببیتە عەرەب، یان دەبێت تەفروتونا بکرێن.! کورد ژێردەستەیی و توانەوەی قبوڵ نەکرد. ئەویش ئەنفال و کیمیابارانی کردین...

+ سیاسەتی فاشیانەی بەعس نەیتوانی کۆتایی بە شۆڕشی گەلی کوردستان بینێ. لەدوای ئەنفالەکان یەکیتی نیشتمانی کوردستان توانی سەرلەنوێ خۆی ڕێکبخاتەوە. جیگۆرکیی بە پایەکانی خەباتکرد. سەرلەنوێ هیزەکانی خۆی پۆلینکردو، خۆی بۆ ئەگەرەکان ئامادەکرد.

+ هەتا پیش ئەنفالەکان، هێزە کوردستانیەکان نەیانتوانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی دروستبکەن، گەرچی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی 1984ەوە، دەستپیشخەری و بانگەوازی بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانیکرد، بەداخەوە هیج کام لە هێزەکان بەدەم بانگەوازەکەیەوە نەهاتن ...

+ دوای کارەساتی ئەنفال، لەژێر گوشاری زەمانەدا ، لەئاوارەیی بەرەی کوردستانیان لە ئابی 1988دا دامەزراند.! راستە بەرەی کوردستانی درەنگ دامەزرا ، بەلام لەکاتی راپەرین دا، توانی رۆڵی یەکیتی هیزە شۆرشگیرەکان لە یەکخستنی ریزەکانی گەلدا ببینی...

+ کاتیک بەرەی کوردستانی دامەزرا، بەپێی ڕێکەوتنێکی سیاسی، هەڤاڵ مام جەلال بوو، بە سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەدەرەوەی وڵات، کاک مەسعود بارزانی یش بوو بەسەرۆکی بەرەی کوردستانی بۆ ناوەوەی وڵات !

+ لەکاتی ڕیکخستنەوەی هێزەکانی پیشمەرگە و پۆلینکردن، هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندەکان و تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان، مام جەلال لە هەندەران بوو، کاک نەوشیروان مستەفا نەخشەو پلانی داناو جێبەجێیکرد. سەرەتا دوای ئەو هەڵە گەوەرەیەی سەدام و ڕژێمی عێراق کردی بۆ داگیرکردنی کوێت، کە بە قازانج بۆ ئێمەی کورد گەڕایەوە ، روداوەکان دەست پێ ئەکات سەرکردایەتی و (م.س)یەکێتی خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەکرد دەستکرا بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەوە بانگکردنی کادیرە سەربازی و سیاسییەکان بۆ قاسمەڕەش وەپلانی خۆئامادکردن بۆ ڕاپەڕین ئێمەش وەک دەزگای بێسیمی (ی.ن.ک) ئاگادارکراینەوە، کە چەند جیهازێکی زیادە و پێویستیەکان ئامادەبکەین، ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ کرد. هەفتەیەک پێش ڕاپەڕین جیهازێکمان تەسلیمی کاک عەزیزبەگ کرد بۆ ڕانییە و جیهازێکی تر بۆ ڕێکخستنی سلێمانی لەڕێی ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداشەوە (شەهید غەریب هەڵەدنی)، جیهازێک ئامادەکرا بۆ ناو کەرکوک، ئێمە پەیوەندییەکانمان زیادکرد. بە کورتی (ی.ن.ک) بەرنامەی ڕاپەرینی بۆ دەستگرتن بەسەر شاروشارۆجکەکانی کوردستاندا ئامادەکردبوو.




هێزی پیشمەرگە و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکرادیەتی لەگەڵ فەرماندە مەیدانیەکانی هێزی پیشمەرگەدا دابەشی سەر هەر 10 میحوەرەکە کرا، هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ. یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لەڕێی وەفدێکی سەرکردایەتییەوە تەواوی بەرنامەکەی نارد بۆ کاک مەسعود بارزانی، لە هەفتەکانی کۆتاییدا کاک نەوشیروان مستەفا بۆ خۆشی سەردانی کاک مەسعودی کرد، لە ڕاژان، تا لە نزیکەوە بەرنامە و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی پلانی ڕاپەرینی تێبگەیەنێ و قەناعەتی پێ بکات، کە زەمینەسازی تەواوکراوە بۆ سەرخستنی.! ئێمە وەک عەدەد جیهازەکان کەوتینە جووڵە بۆ شوێنە دیاریکراوەکان، هێزەکانی یەکێتیی بەڕێ کەوتن بەرە و سنورەکانی خۆیان، بۆ نمونە گەرمیان[کەرکوک] و سلێمانی، کاک فەرەیدون و کاک ملازم عومەر سەرپەرشتیان دەکرد، کە هێزەکانیان لە پاوە و دزڵی کۆکرابوونەوە، بۆچوونە خوارەوە، پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێم، کە جگە لەو هێزانە پێشتر مەفرەزەی بچوک بچوک بەڕێ کەوتبوون، بۆلای پاڕتیزانەکان بۆ نمونە لە دزڵی و پاوەوە بۆ گەرمیان، لە بلەکێ وە بۆ شارباژێڕ، لە قاسمەڕش و زەڵێ بۆ ئاسۆس و پیرەمەگروون. لە ١–٣ جیهازێکی ئیحتیاتی ڕاکاڵمان لە زەڵی ئامادەکرد، هەروەها ڕادیۆیەکی سەفەری بۆ ئەم مەبەستە ئەمانە لەسەر بڕیاری کاک.نەوشیروان بوو، ئەو ماوەیە بروسکەی زۆر ئاڵوگۆڕ دەکرا، لە نێوان کاک نەوشیروان و کاک مەسعود و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی و پارتی، هەروەها بەردەوامیش پەیوەندی هەبوو لە نێوان کاک نەوشیروان و مام جەلال، کە ئەو لەدەرەوەی وڵات بوو. ئێمە لە چاوەڕوانی کاک. مەسعود و برادەرانی پارتی بووین بۆ ئەوەی بێن بۆ قاسمەڕەش، بەداخەوە ئەوان زۆر دواکەوتن، کاک نەوشیروان و مام جەلال زۆر تەئکیدیان لەوە دەکردەوە، کە باشترە بەیەکگرتوویی بچنە ناوجەماوەرەوە، ئەوەبوو کاک.مسعود و برادەرەکانی گەیشتنەلای کاک نەوشیروان لە قاسمەڕەش و لەوێوە بەرە و ڕانیە بەڕێکەوتین. سیستمی جیهازی یەکێتیی پێشکەوتوو بوو، بۆیە کاک مسعود لەڕێگەی ئێمەوە زیاتر هەواڵەکانی پێ دەگەیشت، هەروەها ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کاریگەری زۆری هەبوو، دەقە بە دەقە هەواڵی خۆش و سەرکەوتنی گەلەکەمان وەردەگرت، کاک مەسعود و کاک نەوشیروان پیکەوەبوون، من عەدەدجیهازی کاک نەوشیروان بووم، بۆیە هەواڵە گەرم و گورەکانم دەدا بە کاک مەسعودیش. ڕۆژیکیان پێی گوتم سەرکەوت هیوادارم هەواڵی ڕزگارکردنی کەرکوکیش لە دەمی تۆوە ببیستم. لەدوای ڕزگارکردنی هەولێر کاک مەسعود و کاک نەوشیروان، بەپێی بەرنامەیەک لێک جیابوونەوە، ئەوەبوو ڕزگارکردنی کەرکوک بە کاک نەوشیروان سپیردرا و لەشەوی نەورۆزدا ئازاد کرا، ڕزگارکردنی موسڵ یش بە کاک مەسعود سپیردراو بەئیستەشەوە موسڵ ڕزگار نەکرا !!!.

# لە ئەرشیفی (شۆڕشی نوێ)وە ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەکانی ئەنفال

لەڕۆژی(1988/2/21 وە تا ڕۆژی 988/3/18) هەموو قەطعاتی فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنجی جەیشی ئیحتلالی بەعسی بە پشتیوانی زیاتر لە (20) لیوا کە هلەفەیلەقەکانی (2و3و4و6و7)وە هێنرابون بە پاڵپشتی سەدان تانک ومدەرەعەو ناقیلەو سەدان تۆپی قورسی (130)ملم و(152)ملم و دەیان کاتیۆشای (120) ملم بە پاڵپشتی تەیەرانی جەیشی هێزی ئاسمانی عێراق ، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکانی دۆڵی جافەتی کە بەشێک لە بارەگاکانی سەرکردایەتی ومەڵبەندی دووی یەکیتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو. لە شەڕێکی جەبهەیی قورسدا کە زیاتر لە (25) شەووڕۆژی خایاند ، بەدرێژایی خەتێکی جەبهەیی کە (70) کم زیاتر بوو. دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی تیا بەکار هێناو سەدان تەن گازی ژەهراوی خەردەلی بەسەر جەبهەکەو ناوچەکەدا ڕشت، لەم شەڕە کەم وێنەیەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان داستانێکی کەم وێنەی پڕ تەجروبەیان تۆمارکردو لەسەر هەربەردولوتکەیەکی نیشتمانەکەی خۆیان بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەرامبەر جەیشی ئیحتلالی بەعس جەنگان و بەسەدان کەلاکیان لێ خستن. ئەم شەڕە لەلایەن خودی جەلادی عێراق (صدام حسێن)ە وە ئیدارە ئەکرا ، وەزیری دیفاع عەدنان خیراڵلە وئامۆزا خوێن ڕیژەکەی صدام عەریف ( علی حسن المجید) سەرپەرشتی ئەکرا. جەیشی ئیحتلالی بەعسی لەم هێرشەدا جگە لەداگیرکردنی ئەو ناوچانە ئەیویست زەمانەو زەمینی شەڕێکی نابەرامبەر لە ژمارەو جۆری چەکدا بەسەر هیزەکانی ئێمەدا بسەپێنێ بۆ ئەوەی لە چالاکیان بخات ، بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەچاکی زانی کە خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەوەی توشی زەرەری زۆرتر نەبن ، بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی دائیرەی جەبهەکە.. لەشەوی 3/18/17 شدا هێزی پێشمەرگە لە هەندێ شوێنی ناوچەکە بەڕێک وپێکی وبەسەلامەتی کشایەوەو، نەیهێشت لاشەی هیچ پیشمەرگەیەکی شەهید یا تەنیا یەک بریندار دەست دوژمن بکەوێ، یا هیچ کەلوپەلێکی بەکەڵک تەنانەت هیچ خانوو، کۆڵیتێک کە دوژمن سودی لێ وەربگرێ بەساغی بۆ دوژمن بەجێ بمێنێ. لەم شەڕە کەم وێنەیەدا هێزی پێشمەرگەی قارەمان تەنها(60) شەست شەهیدی داو لەناو ئەوانەدا تەنها یەکیکیان فەرماندەی تیپ بوو کە کاک محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپی (63 جوتیاران)بو ، کەلە هێرشی شەوی (3/1) دا بۆ سەر شەدەڵە شەهید بوو.. لە بەرامبەر ئەمەدا دوژمن زیاتر لە هەشت هەزار کەسی لە هێزە چەکدارەکانی کوژراو وبریندارە کە زیاتر لە (400) کەسیان ئەفسەرن لەوانە قائدی (فرقەی 24) واتە قواتی (معتصم) ، وە ئامر هەندەسەی (فیرقەی 24) بەناوی معین، دەیان ئامر لیواو ئامر فەوج وئامر سریە. هەروەها دەیان دەبابەو ناقیلەو مودەرەعەو سەیارەو تۆپخانە تێکشکێنراو چەندین کۆپتەر پێکراوە، کە یەکیکیان لەسلێمانی وئەوی تریان لە ڕۆژی 3/7 لە چوارقوڕنە بە بەرچاوی خەڵکەوە کەوتە خوارەوەو، سەدان سەربازو ئەفسەر لەم( لیوا) یانە بە ئەسیر گرت( لیوای قوات خاصەی 65 و66) کە هەردوکیان سەر بە قیادەی عامەی قواتی مسلەحەن، لیوای مغاویری فەیلەقی (2و4و5و6)- لیوای 19-لیوای 36- لیوای 32- لیوای 72- لیوای 75- لیوای 116- لیوای 438- لیوای 448- لیوای 445 ، فەوجی مغاویری فیرقەی 10 و4، (3) فەوجی مستەقیل لە موالیدەکانی (1945)، سەرەرای هەندێ جاشی خۆفرۆش. هەروەها سەدان پارچەچەکی جۆراوجۆرو دەزگای بێ تەل و نەخشەو مستەمسەکاتی جیا جیا دەستکەوت بوو. بەم بۆنەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەر چی دوژمن بە قیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچوکی لە گرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تەسک بەدەست هێنا، بەڵام دڵنیا یان ئەکەین کە ئەم شەڕە نقطەی وەرچەرخانێک ئەبێ لە جەنگی (27) ساڵەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دا بەقازانجی گەلەکەمان و سەرەتای پاککردنەوەی یەکجاری خاکی کوردستان ئەبی لە هێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعسی کە ڕۆژی لە گۆڕنانی نزیک بۆتەوە... بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس وبەدەستهێنانی مافی ئازادی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

مەکتەبی سیاسی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

19 ی مارتی 1988

# پێشمەرگەیەکی ون- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود



لە 1986 دا سوپای عێراق وجاش لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر دۆڵی جافایەتی بارەگای سەرکردایەتی و...... دام ودەزگا کانی شۆڕشی لێ بوو، پێشمەرگە ی سنووری سەرکردایەتی و تیپی مەڵبەندەکان لەشەڕی بەرگری جەبهەیی نابەرامبەر....... بێ سنوور ماندوو بوون. مەکتەبی عەسکەری بە بەردەوامی بە بێ تەل و...... لە ئیستگەکەوە بانگەوازی بۆ پێشمەرگە ی تیپەکان دەکرد : (لە ماوەی 24 سەعات دا لە بارەگای تیپەکانیان ئامادەبن بۆ کاری پێویست ). بەیانیەک پێشمەرگەکانی تیپی 23 سورداش لە بەرزاییەکانی شاخی پیرەمەگرونەوە مەسافەیان وەرگرتبوو بە تولە ڕێگاکەدا هاتنە خوارەوە بۆ قزلەر پشویەکی کەمیان داو ڕێچکەیان بەست لە کەڵکی قزلەرەوە روویان کردە چۆخماخ . ئێوارەیەکی درەنگ .... بەفرو زریان بوو... پێشمەرگەیەکی تیپی 23 سورداش بەتەنیا لە پیرەمەگرونەوە گەیشتە ماڵی حەمە جەزا لە قزلەر، سمێڵی چلورەی کردبوو ، پوزەوانەکەی هەمووی بەفرو سەهۆڵبوو، زۆر ماندوو بوو یەکسەر خۆی گەیاندە لای زۆپاکە لەشوێنی خۆی خەو دایگرت، دوای ماوەیەک هەستاو بەخێرایی نانی خوارد حەمە جەزا رووی تێکردوو گوتی:

-ڕەزا گیان بۆ بەم ئێوارە ناوەختە ..... لەو بەفری پیرەمەگرونە ت داوە

-دەمێک بوو دایکم نەدیبوو ، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دایکم لەبەری قەرەداخ بینی گوێم لە ئیستگەکە بوو داوای تیپەکەمانی کرد ، منیش بەخێرایی کەوتمە رێ ،دوو ڕۆژە بەڕێگاوەم حەمەجەزا زانی جگەرەی پێ نی یە ...پاکەتێک جگەرو 5 دیناری خستە گیرفانی

دواتر بەوشەوە ڕێچکە باریکەکەی کەڵکی قزلەری گرتە بەر بۆ ئەوەی بگاتە لای هاوڕێ پێشمەرگەکانی دوای 4 ڕۆژ لە کەڵکی قزلەرەوە 3 فیشەک تەقی، نیشانەی ئەوە بوو خەڵکی ئاواییەکە بچیت بەهانایانەوە ئاراس و چەند کەسێک لە خەڵکی قزلەر چون بە پیریانەوە. تەرمی پێشمەرگەیەک بەسەر وڵاخێکەوە بوو

ئاراس روی کردە پێشمەرگەکان


- ئەم شە هیدەیان کێ یە ؟

گوتیان: - ڕەزای تیپی 23 سورداشە.

گەیاندیانە مزگەوتەکە ئاراس ئاوی گەرم کرد بۆ ئەوەی حەمە جەزا بیشوات حەمە جەزا دەستی کرد بەگیرفانی دا 5 دینارەکەی دەرهێناو بەرزی کردوە بۆ ئاسمان..

-خوایە گیان بۆ بواری ئەوەت نەدا ئەو 5 دینارەی خەرج بکات.....؟.

# له ئەرشیفی ئەلبومی وێنەکانی دوێنێوە



# یادگاریەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیم

## 1- وەفای لە بیر نەکراوان .... نەورۆز زڕگوێزی

لام سەیرە ، هەندێک وای دەبینن ، ئەو لە تەمەڵی و بودەڵەیی و بێ دەسەڵاتیدا بۆ دەست کەوتنی ژەمێک نان و مانەوە و داڵدەدانی، ماستاو کەر و خۆ بەرە پێشە.

لای من ... بە تاقی کردنەوەی خۆم، چ لە شار و چ لە شاخ، بەردەوام لێێ تێگەشتوم، تێروانینێکی ترم بۆی هەبوو.

ئەو دلسۆزیەی لەو دیومە لە زۆر لە مرۆڤەکاندا بوونی نەبووە. پێدەچێت ئەو وەفایەی لە تێگەشتنی راستەقینەی ناخی مرۆڤدا بۆ تاقی بوبێتەوە، ئەو زۆر وریا و خاوەن هەستکێکی بەهێزی( بۆنکردنە)، کە لێیەوە بەرامبەرەکەی دەناسێتەوە ، کە لای مرۆڤ بوونی نییە و کەمە.

بۆرە و چاپی و زەردە !!!..

ناوی هەر ئەو سێ گیاندارەن کە بە درێژایی چەندین ساڵ، لەگەلمان ژیان، کە ئەو کات لە قوتەی (زینانە)ی یاخسەمەری دۆلی جافایەتی وەک پێشمەرگەیەک خەباتمان دەکرد.

ئەوکاتەی وەک فەرماندەی مەفرەزی دژە هەوایی (دیمترۆڤ)کە لە خزمەتی گەلەکەماندا بووم. وەک ژمارە کەم بوین، نەمان دەتوانی ئێشگری پێویست بکەین ، بریارم دا کە چەند سەگێک رابگرم . چەندانیکم ڕاگرت ، بە لام زۆر نەدەمانە و دەرۆشتن یاخود بەکەڵکی پاس کردن نەدەهاتن ناچار دەست بەرداریان دەبوم . وەک پیشەی بەردەوامان ، جار جار دەبوینە میوانی یەکتر ، هەندی جار گەر خواردنێکی تایبەت پەیا بوایە، یەکتریمان دەعوەت دەکرد. ئێوارەیەک بۆ سەردانی برادەرانم ، رووم کردە قوتەیەکی تری ناوچەکە ، کە وەستا عبدولی هاوڕیم فەرماندەی دەستەی دژە هەواییە ( دۆشکای ١٢،٥) بوو. لە گەرمەی قسە و باسدا بووین ، چەند جارێک گوێبیستی کروزانەوەیەک بووم (قروسکە قروسک). کە پرسیم ئەمە چییە ...؟وەستا عبدول گوتی: توتکێکیان بۆ هێناوم ، چەند رۆژێکە لامانە ، زۆر بچوکە ، هەر ئێوارەی لێدێت ، دەقروسکێنی تا خەو دەیباتەوە ، تەواو بێزاری کردووین و نازانیین چی لێ بکەین و پێشمان ناخۆشە دەری بکەین یان دووری خەینەوە.

گوتم : ئەوە دەترسێت و بجوکە ، پێویستە لە ژوورەوە داینێن تا هەست بە ئارامی بکات. گوتی : ژوورەوەی چی ، برادەران قبوڵی ناکەن.

ووتم : گەر وا لێێ بێزارن ، بیدەن بە من ، خۆم دەزانم چۆن گەورەی دەکەم، بێ سێێ و دوو گوتی: پێشکەشت بێت و نەجاتمان بە لە کروزانەوەی. لە گەڕانەوەمدا کردمە باوشم ، توتکێکی بچوکی بۆری دەم ڕەشی جوانکیلەی زۆر بچووک ، کە لەتوانایدا نەبو هیچ بخوات.

یەکەم شەو بەرگەی کروزانەوەیمان گرت تا ڕۆژ بۆوە. ناردم لەناو دێ ( یاخسەمەر) شوشەی شیر و قوتویەک شیری بۆ بکڕن، وەک منداڵ دەکرایە باوەش و شیری دەدرایە. رۆژگار بە خێرایی بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین تێدەپەڕی ، لە خەمی شیر خواردن رخسا و بە وورده نان و پاشماوەی خۆراکی خۆمان و ئێسقانی قەسابخانەکەی گوند ، گەورەتر و خرپن و جوانتر دەهاتە بەرچاومان. هەموو خۆشمان دەویست و لە خەمیدا بووین ، ئەوەی زیاتر گرنگی پێدەدا ، خۆم بووم و نازیم دەکێشاو یاریم لەگەڵی دەکرد ، لە هەموویان زیاتر گرنگیم پێدەدا ، هۆکارەکەش خۆشەویستی ئەو گیاندارە بوو ، کە لە منداڵیەوە ئارەزووی بەخێوکردنیم هەبوو. بەهۆی بۆریەکەیە بڕیار درا ناوی بنێێن (بۆرە). لەگەڵ گەورە بونیدا بووە ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک، شەوانە پاسی دەکردین ، حەرەس بە حەرەس لەگەڵی دەسوڕایەوە، زۆر جار بێ ئەوەی پێێ بڵێێن ، چەند جارێک بە چواردەوری قوتەکەدا دەسوڕایەوە و گەر شتێکی بدیایە، دەوەستاو دەوەڕی، کە فێر ببوین نیشانەیەکە و ئاگاداری دەکردینەوە. بۆرە .. گەورە بوو و ناوی دەرکرد. هەر کەسێک بیویستایە نزیک قوتەکەمان بێتەوە، بە وەڕینی زۆر و بەردەم گرتنی ، ڕیگەی پێنەدەدا نزیک بێتەوە. سەیر لەوەدا بوو ، کەسی نەدەگەست ، بەڵام دەیخستە ژێر پێیەکانیەوە و دەیمرخان ، چەند پێشمەرگەیەکی والێکرد و جلەکانی دڕانن، تا یەکێکمان نەچوینایە نەیدەهێشت بڕوات .



شەوانە گەر هیلاک بوایە، دەچووە سەر فەردە گڵەکانی چواردەوری دیمترۆفەکە و لەوێ پاسی دەکرد. بۆرە هەم حەرسیاتی دەگرتین و هەم کاتی خۆشمان لەگەڵی بەسەردەبرد. هاوکات وەک (ڕادار)ێکی وریا ، لە ئاگادار کردنەوەمان لە کاتی هاتنی فرۆکەدا. لەگەڵ بونی (بۆرە)دا ، چەند سەگێکی ترمان هێنا ، زۆریان بەتەمەن و پیر بوون ، نە پاسیان دەکرد و نە خێریان هەبوو ، دوورمان خستنەوە. (چاپی ) ئەو سەگە پۆلیسیە ئەڵمانیە ، لە بەخت ڕەشی خۆی بە پاسپۆرتەوە خۆی لای ئیمە بینێوە. کە پێشتر لەئەڵمانیا و هەولێرەوە بۆ سلەیمانی و دواتر بۆ شاربازێر گەشتی کردبوو ، ئەو فێری ناز و خزمەت ، لای ئێمەش ئەوە بوونی نەبوو. شەوانە ( چاپیمان) بە لولەی دیمترۆڤەکەوە بە زنجیرێکی دوو مەتری دەبەستەوە ، بۆرە ئازار بوو. سەر لە بەیانیەکی زوو لەگەڵ تاریک و رووني ، ووڕەی فرۆکە هات ، بە خێرایی کە نزیک چەکەکە بووم خۆم گەیاندی. هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە تەقە بکەم، فرۆکە لێمان ئالان لە هەردولاوە ، یەکترمان ئاگر باران دەکرد، ئەو چواردەوری گوندی کردە نیشانە و ئێمەش ئەو. نزیکە چارەکێک شەرمان بوو ، ئەوان هەر جارەی لە لایەکەوە دەهاتن ، دەبوایە ڕووبەڕوی هەموویان ببینەوە . دوای ئاسایی بونەوەی رەوشەکە ، نوزە و قروسکەمان بیست، ئەوسا زانیمان کە چاپی نەگبەت ، زنجیرەکەی هەر بە چەکەکەوەیە، لەگەڵ هەر سوڕان و تەقەیەکدا، بێ ئەوەی خۆی بخوازێت دەبوایە بجوڵایە ، هەرچی بۆرەشە فرتەی لێ کردبوو، دواتر لە دۆڵەکەی خوارمانەوە، سەرکەوتەوە. بووە وانە بۆمان و بڕیارمان دا نەیان بەستینەوە و بەرەڵا بن. زووربەی جارەکان پێش بۆردومان کردن ، هەردووکیان دەشلەژان و ڕایان دەکرد، ئەوکات دەمان زانی فڕۆکە دێت.. !!

لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی ئەوان ، هێشتا چەند برادەرێک جار جار سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە (گڵاون) و دروست نییە لەگەڵمان بن . پێم سەیر بوو ، ئەو برادەرانە ، زووربەیان خەڵکی گوندەکان بوون ، بە درێژایی ژیانی باو و باپیریان ، سەگیان وەک گیاندارێکی بەوەفا ڕاگرتووە ، کە پاسی خۆیان و مەڕومالاتی کردوون . بەڵام بەهۆی دینەوە دەست لێدانیان حەرام و نادروست. نەک بڕوام پێیان نەکرد ، بگرە دڵسۆزانە لەخەمیان بووم و کەی بمزانیایە پێویستیان بە شتن و دۆزین هەیە ، بەخۆشیەوە لە خزمەتیاندا بووم . ئەوان بە دڵسۆزی لە پاراستنی ئێمەدا بوون ، بێوەفایی بوو گەر ئێمەش بەرامبەریان هەمان دڵسۆزیمان نەبێت . پێچەوانەی تەمەڵی و چاولەدەست بوونی بۆ مرۆڤ، ئەو گیاندارە لە لوتکەی وەفا و دڵسۆزیدا، کە سەدان چیرۆکی سەرسوڕهێنەریان نواندووە کە لە مرۆڤدا بوونی نیە یان کەمە یا لاوازە. سەگ ئەو گیاندارەی کە بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە و گۆشەگیر و دڵسۆز و وەفای نواندوە.

١ـ٥ـ٢٠١٣

هۆڵەندا

# بۆردومانی هەموو جۆرە فڕۆکەیەک، لە کۆپتەر و پیلاتۆز و سیخۆ بە بەردەوامی و بەچەکی ناپاڵم و بۆمبی هێشویی و بەکارهێنانی هەموو جۆرەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، وەک گازی خەردەل و ئەعساب....



تەها عەبدول ڕەحمان

ئەنفالی یەک ..........

هەرچەند ڕژێمی بەعس لەسەرەتای مانگی ٢- ١٩٨٨ دوەخەریکی کۆکردنەوەی هێزو گەمارۆ و فشار و بوردومانی ناوچەکانی دوڵی جافایەتی، مەرگە، سورداش، کاریزە، شینکایەتی و بناری ئاسوس (لەهەردوو دیوەوە) بوو .. لێرەو لەوێ وردەهێرش و پەلاماری دەکردەسەر ناوچەکە و پێشمەرگە، زیاتر لە ڕۆژەکانی٢٢ و ٢/٢٣ هێرشەکانی ئەنفال بەدیار دەکەوتن ..بەڵام لە کاتژمێری (١) ی بەرەبەیانی ١٩٨٨/٢/٢٦ بەزنجیرە بۆردومانێکی زۆر خەستی کیمیایی لە سەربازگەی سوسێ و سورەقەڵاتەوە هێرشی ئەنفالی (١) ی ڕاگەیاند و لە هەموو لایەکەوە دەستی کرد بە هێرش و بوردومان بەم جۆرە:

١- لە کەڵەوانان و سوسی بەرەو بناری پیرەمەگروون و زیوێ..

٢- لە سەربازگەی سوسێ و کۆتەڵ و بۆ دوڵی شەدەڵە و مێرگەپان.

٣- لە کانی خان بۆ بناری چیای سورداش و باویدە..

٤- لە دوکان بۆ بناری ساراو قەمچوغە و لەوێوە بۆ سەرمورد و شێخ باخ..

٥- لەدوکان و قەرەسەردەوە بۆ قەڵەم پاشا و شاخی فریادر لەوێوە بۆ قەرانگوی و دۆڵێ..

٦- لەهەنجیرەی مەرگەوەم، بۆ گوندی سێدەر و لەوێوە بۆ دۆڵێ.

٧- هەرلە هەنجیرەوە بۆ شارستێن و بەرە و دۆڵەبی.

٨- لە بنگردەوە بۆ مەرگە و بە ئاڕاستەی ئاوەژێ و کانی توو، لەوێوە بەدوو ئاڕاستە..بۆ هەوارەبەرزە و یاخیان و .. کوڕ کوڕ و چیای ئاسۆس..

٩- لەدیوی پشدەر و قەڵا دزێوە بەتۆپبارانی خەست لەبناری ئاسۆسەوە، تاکو گردەڕەش و سەفرە و زەروون پشتیوانی لە هیرشەکان دەکرد ..

١٠- لەسورەقەڵات و قەڵاچواڵانەوە بەرەو کونەماسی و شاخی حەسەن بەگ لەلایەک و لە لایەکی ترەوە بەرەو گەرەدێ و مالومە..



حەسەن بەگ لەلایەک و لە لایەکی ترەوە بەرەو گەرەدێ و مالومە..

١١- لە سەربازگەی سارداو و دۆڵەڕووتەوە، بەرەو شاخی پیرکە و بەئاڕاستەی گوندەکانی سنگر و مێوڵاکە و چۆخماخ و جارێکی تر بەئاڕاستەی قزلەرو مێرگەپان..

ئەمانە و جگە لەدابەزینی هێزیکی کۆماندۆ بەپەڕەشوت، لەپشتەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخی ڕووتەی قومرغان.. بە کورتی پێشمەرگە لەبازنەیەکی داخراودا بوو، بەرگری زۆر قارەمانانەی دەکرد، (وەک ئەوەی عەفرین) و زیاتریش.

لەگەڵ ئەم هێرشانەدا بۆردومانی هەموو جۆرە فڕۆکەیەک، لە کۆپتەر و پیلاتۆز و سیخۆ بە بەردەوامی و بەچەکی ناپاڵم و بۆمبی هێشویی و بەکارهێنانی هەموو جۆرەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، وەک گازی خەردەل و ئەعساب....

(لەسەعاتی یەکەمدا لەبەرەبەیانی ١٩٨٨/٢/٢٦ تەنها لەهەڵەدن هەشتا گولەتۆپی کیمیایی لێدا.

بەکارهێنانی هەموو جورەهاوەن و تۆپێ ١٥٥ و١٧٥ ملم نەمساوی ....جگەلەمانەش شەپولێک بەفر و باران و تەرزە و سەرما و ڕەشەبا...بێ خواردن و بەرگ و بێ سووتەمەنی هەبوونی بریندار و شەهیدی زۆر.

ئەمانەهیچ زمانیک ناتوانێ وەک خۆی باسیان بکات.

من خۆم لەم کارەساتەدا بووم و لەیاداشتەکانمدا تۆمارم کردوون، ناتوانم ئێستا دەقەکەی بڵاوبکەمەوە.

(فڕۆکەکان هاتنەوە، فلان شوێن گیرا، کاک یاسین و کچەکەی شەهید بوون، ماڵی عەبدوڵڵا هەموویان شەهید بوون، ئەزوەر و دایکی و حەمەتاڵ شەهید بوون، بریندار بەرەو بەرگەلو (نەخوشخانەکە)جمەی دەهات بازنەی بەرگری وردەوردە بچوک دەبۆوە، بەڵام پێشمەرگە بەرگری بێ وێنەی دەکرد...

لەدوا جاردا سەرکردایەتی بڕیاریدا پاشەکشە بکات و لە ٦-٣-١٩٨٨دا بڕیاردرا خەڵکە مەدەنی و پیر و پەککەوتە و بریندارەکان، هەرچۆنێک بێت دەربازبکات، لەو تولەڕیگایەی، لەدۆڵی شێخ محەمەدەوە دەچووە ناوچەی سەفرەو گەڵاڵە، کە ئەو کات سوپای ئێرانی لێ بوو.. هەرچەندە کوێستانێکی زور سەخت و بەفراوی بوو ..دواجار هێزی پێشمەرگەش لە ١٨-٣-١٩٨٨ دوای بەرگریەکی بێوینە لە مێژووی میللەتەکەماندا، پاشەکشەیان کرد، بۆ ناوچەکانی شانەخسێ و مەروێ.


## هەرجارەی هونەرمەندێکی پێشمەرگە





### عەدنان فەتاح

هونەرمەند و پێشمەرگە عەدنان فەتاح لە ٢٠ /١٢/١٩٥٧ لە هەولێر لە دایک بووە.










# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

# YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهان)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات

Amsterdam

Holland

# یـادنامە

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێرێتەوە

ژمارە 2 April. 2019 ئەپریلی ٢٠١٩


## مێژووی ئێمە پڕە لە قارەمانی نەناسراو، ساڵانێکی دوورو درێژی تەمەنیان لەپێناوی بەها جوانەکانی نیشتماندا بەختکردووە، بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتو ئیمتیازێک بوون..!

یادنامە

# دیوە ڕاستەقینەکەی مێژوو



ئاسۆس هەردی

مێژووی ئێمەش وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی، پڕە لە قارەمانی نەناسراو، خەڵکێک کە نەلەسەر شاشەی تەلفزیۆنەکان دەیانبینین، نە بواری ئەوەیان هەیە ئەزموونی خۆیان بنووسنەوە. ئەوانە لەو جنسەی مرۆڤن، کە لەتاریکترین سەردەمەکانی مێژوومانداا، ساڵانێکی دوورو درێژی تەمەنیان لەپێناوی بەها جوانەکانی نیشتماندا بەختکردووە، بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتو ئیمتیازێک بوون.

لەسەردەمی شۆڕشو بەرگریدا بەگژ دڕندەترین دوژمندا دەچوونەوەو بێباک لە ئەشکەنجەوئازارو مەرگ، لەپێناوی ئەمڕۆی ئێمەدا دەستیان لە گیانو ماڵی خۆیان شتبوو. زۆرێک لەوانە یا لەزیندانەکاندا، یا لە سەنگەری تێکۆشاندا سەریان نایەوە، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەمیان لێدەرچێت، کەس هەر نایانناسێت و ناویشیان نازانێت. زۆرێکی تریشیان پاش ڕاپەڕین لە داخی ئەو گەندەڵستان و تاریکستانەی "سەرکردە شۆڕشگێڕەکان...!" لەچیاکانەوە بە دیاری بۆیان هێنایەنەوە، یا بەبێدەنگی چوونەوە ماڵەکانیان و گەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، یاخود ڕێی هاتونەهاتی هەندەرانیان گرت و ئەو وڵاتەیان جێهێشت، کە تەمەنو داهاتووی خۆیانیان پێبەخشیبوو.

لەئەنجامیشدا لەڕێگەی میدیای ئاڕاستەکراوەوە، هەرچی سەروەری و تێکۆشانێک هەبوو، کرایە موڵکی ئەو "قارەمانە کاغەزینانەی" ئەمڕۆ بوونەتە شێری سەر شاشەکانو خۆیان بە ئازایەتی و خەباتێکەوە بادەدەن، کە نەیانبووەو نەیانکردووە. کاتی ئەوەیە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان، ئەوانەی نە بەدوای پاداشتەوە بوونو نە بەدوای ناوو ناوبانگ، چیرۆکی ڕاستەقینەی خۆیانو ئەو سەربازە ونانەمان بۆ بگێڕنەوە کە ڕۆڵو کاریگەرییان بە فەرامۆشی سپێردراوە. دیوی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی سەردەمێکمان بۆ بگێڕنەوە کە پڕە لە چیرۆکی ئازایەتی، بەرگریو خۆبەدەستەوەنەدان. ئەو چیرۆکانەی دەبنە سەرمەشقی نەوەکانی داهاتوومان.

هیوادارم بڵاوکراوەی یادنامە، دەرگا بەڕووی ئەو جیهانە فەرامۆشکراوەدا بکاتەوەو ببێتە تۆماری ڕاستەقینەی مێژووی خەباتو تێکۆشانی میللەتێک، کە بە هەموو مانایەک شایانی جیهانێکی باشتر، ئازادترو دادپەروەرانەترە. واتە ئەو جیهانەی تێکۆشەرە خۆنەویستەکان گیانو ژیانیان لەپێناویدا بەخت کرد.

YADNAMA

# دەرکەوتنی سیمبولەکان- سەلام عزیز

ئەو ئاسۆ نوێیانەی دەکرێت لە گۆڕان نزیکمان بکاتەوە، لەسەر ئەوتێگەیشتنە نوێیەی بۆ مرۆڤ بونیاد نرابێت و ئاستی دەروونی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە تیۆرییەکی سیاسیدا کۆبکەینەوە و ئیشکردن لەسەر ئەو مۆدیلە. دەکرێت مرۆڤ وەک دەروازەیەک بتوانێت لەخۆیدا جۆرێکی دی دونیا ببینێت. هەروەها بۆئەوەی بتوانین دنیای بیرکردنەوەمان بگۆڕین و دەستکاری بکەین، پێویستیمان بە فکرێک هەیە کە بەردەوام خۆی بگۆڕێت و لە چوارچێوە تەقلیدییەکەدا نەمێنێت و ببێتە فاکتەری گۆڕانکاریەکان و بەدوای ئەو درز و کەلێنانەدا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، کە سیستەمی حوکم دروستی کردوون و بۆی پڕناکرێتەوە، هەروەها گۆڕینی ئەگەرەکان بۆ هێزی گۆڕانکاری. لیرەدا پرسیار ئەوەیە ئێمە لەکوێی گۆڕانکاری ناوچەکەین، بەو دەسەڵاتەی هەمانە ؟ ئایا تائێستا لە پەراوێزداین؟ بۆئەوەی بتوانین باشتر شۆڕبینەوە، ناو بابەتەکە ئاوڕیک لە پێنج سەدەی ڕابردوو بدەینەوە، کە بە سێ وەرچەرخانی هێزدا هاتنەئاراوە، کە گۆڕانکاری لە کرۆکی دابەشکردنی هێزدا، بووە هۆی ژیانی نێو نەتەوەیی لایەنە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری دابڕێژرێنەوە تێپەڕیووە بەم سەرەمانەدا:

یەکەمیان بەسەرهەڵدان و بەرجەستەبونی جیهانی خۆرئاوایی دەستی پێکرد، کە لە سەدەی پانزەوە هەژمار دەکرێت، لە سەدەی هەژدەدا بەخێرایی چووەپێش، کە پێی دەڵێین نوێگەری زانست و تەکنەلۆژیا و بازرگانی و سەرمایەداری و هەروەها دوو شۆڕشی کشتوکاڵی و پیشەسازی، کە گۆڕان و وەرچەرخانی سیاسی گەلانی خۆرئاواشی گرتووە.

دووەمیان لەدوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا هاتە ئاراوە، کە خۆی لە بەرجەستەبوون و زەقبونەوەی ئەمریکا و وڵایەتە یەکگرتوەکان بینیووە، بە وەرچەرخانە پیشەسازیەکە بووە گەورەترین وڵاتی زلهێز لە جیهاندا. هەروەها هەژمونی خۆی بەسەر بازرگانی و سیاسەت و زانست و ڕۆشنبیریدا پەیدا کرد.

سێیەمیان ئێستا ئیمە لە وەرچەرخانی مەزنی سەدەی نوێدا دەژین و لە نێویداین کە دەتوانین ناوی بنێین وەرچەخانی ئەوانی دیکە. لەوەرچەرخانی سێیەمەوە قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، ئەویش ڕۆیشتن و گواستنەوەی هێزە لە چەند وڵاتێکەوە بۆ ئەوانی تر و بۆ یاریزانی سیاسی ناحکومی و ڕێکخراو و تاکە کەسی وەها، کە خۆیان لە سەر حسابی لاوازکردنی پلەبەندی و مەرکەزیەت و کۆنترۆڵکردنی جیهان بەدەست هێناوە. ئەم ڕێگایە بۆ ئەمریکا زۆر لە بارە تابتوانێت نەیارەکانی پابەند بکات، بەهانەی بەدەستەوەدان، دوای 11ی سێبتەمبەر، وای کرد ترسی تیرۆر زیاتر ئەو جیگۆڕکێی هێزە و هێنان و بردنیان ئاسانتربوو، دوای تەقاندنەوەی باڵەخانەی بازرگانی و تەقینەوەکانی ئەوروپا و وڵاتانی تر و برەوی تالیبان لە ئەفغانستان و ململانێی ئێران و بەهێز بوونی حزب اللەی لوبنان و هاویشتنی موشەکی دورمەودا بۆ ئیسرائیل و دڵە ڕاوکێی ئیسرائیل بەرامبەری پشتیوانی پتریدا بە ئەمریکا و سەرهەڵدانی داعش بەتەواوەتی کۆدەنگی دنیای بۆ ڕێکخست و باشتر توانی ئاڵوگۆڕ بە هێز بکات و دەستی کراوەتر بێت، بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی خۆی، بێگومان کوردستانیش پشکێکی باشی بەرکەوت و کورد توانی بە هاوکاری هاوپەیمانان، شەڕبباتەوە سەرەڕای بە جێهێشتنی داڕوخان و کارەساتی مرۆیی زۆر و تێکدانی مۆراڵی حوکمداری، بەڵام بەجێ نەما لە ڕوداوەکان و بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان وەک سیمبولی دیاری کۆبانی و عەفرین و ناوچەکانی تر مایەوە، بەرانبەر بەنەیارانی تورکیاو ئێران.

لەگەڵ ئەمانەش دەستشکانەوەکانی ڕوسیا و ئەمریکا و ئەوروپا و دەوڵەتانی ئیقلیمی تورکیا و ئێران لە ناوچەکە بونیان هەبوو، کوردانی ڕۆژئاوا بە سیاسەتی حەکیمانە و بەرخوردانیان، توانیان سەرنجی دونیا ڕابکێشن و مەسەلەی کوردیان بەرەو نێونەتەوەیی برد، لەژێر بانگێشەکانی هاوپەیمانان دژی تیرۆر. کورد هاوشان و گوڵە گەنمی دوای خۆی کۆکردەوە، لە دونیادا وەک سیمبولێک دەرکەوت. ڕێڕەوی ئەم پلانەی ئەمریکا و هاو پەیمانان زیاتر بۆ دورخستنەوەی زەرەر و زیانی تیرۆر و بەرژەوەندیەکان بوو، لە ناو وڵاتانی خۆیان. نادادوەریەکە لێرەدایە لە تاوەری بازرگانی، 4 تا 5 هەزار تیاچوو بەڵام غەزەب و وێرانیان بەسە وڵاتانی ئەفغان و عێراق و سوریا داباراند، زیاد لە ملیونان کەسی سڤیل بوونە قوربانی و لە وڵاتەکەیاندا بوون بە ئاوارە. هەروەها ئەوەی نەیتوانی بە هێز دەستشکانەوەی لەگەڵ بکات لەڕوی ئابوری و دارییەوە دەیکوشتن {اغتیال اقتصادی } دەکرد، وەک ئابڵوقەی ئابوری بەسەر ئێران و تورکیا و وڵاتی پاکستان و....هتد. تائێستا لە دونیادا ئەمریکا وەک ئەویتری گەورە، لەپشت سکێچی داڕشتنەوە و گەلانی دونیا و وڵاتاندا خۆی دەنوێنیت، هەروەها لە مشتومڕی دانپیانانەکانی ڕوسیا و ئەوروپادا بەردەوامە، بەڵام ئەوەی دەبینرێت ڕوسیا بە لوتبەرزیەوە، مامەڵە لە گەڵ دراوسێ و ناوچەکە دەکات، لەڕێی ئەوانەوە وەڵامی ئەمریکا دەداتەوە. لەو نێوەشدا ئیسرائیل ئارامی لێ بڕابوو بەرامبەر بە حزب اللە، بۆدەستەبەری ئارامی خۆی چاوی لەسەر بەرزایەکانی جۆلان بوو، تاکو سوریا نەکەوتبووە کێشەو شەڕەوە ئەو سنورە پارێزراو بوو، بەڵام دوای ڕوداوەکان ئیسرائیلیش ئۆقرەی نەمابوو، هەر بۆیە لەگەڵ دانپیانانی جۆلان لەلایەن ترامبەوە، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر بارەگاکانی حەماس لە غەزە، ئەوەش یەکێک بوو لەو هێلکە هەڵاتوانەی ئەمریکا، بۆ ناوچەکە و لوبنان و تێکدانی هیلالی سونی تورکیا و هیلالی شیعی ئێران. زۆر لە پەڵپ و بەهانە هێنانەوە هەیە، ئەوەی لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا هاتن وەک ئەوەی لە میسر ڕوویدا، زانیان دەسەڵاتی مورسی بەرەو ئیخوانی و ئیسلامیەکان دەڕوات، وازیان لە سیسی هێنا کۆتایی پێ بهێنێت و موبارەکیان کردە قوربانی هێشتنەوەی ڕژێمەکە، وەک خۆی و لە عێراقیشدا بۆ کپکردنەوەی سونەکان شیعەیان بەکار هێنا بۆ ڕوبەڕو بوونەوەیان و لەژێر فەتوای دژی ئەمریکا گواستەوە بۆ دژایەتی شیعە و بەهێواشی لە عێراق کەمێک کشایەوە و تەقینەوەکان کەمتر بۆوە، گرنگی بە داعش و سوریادا و هێز و توانای لەسەر چڕ کردەوە، تا کۆتایی داعش لە باغۆز. کورد و هەڵوێستەکانی ئەوەی دیارە لەباشوری کوردستان حکومەتێک هەیە، بەڵام دەسەڵاتێک سەرپەرشتی دەکات داخستن و کردنەوەی لەدەست چەند کەسێکی دیاریکراوە. ئەفلاتون گوتویەتی یاسا تاقە جڵەوی دەستەڵاتە، هەروەها دەسەڵاتی بێسنوریش وەک چارۆکەی کەشتی وایە، تاگەورەتر بێت مەترسیدار تر دەبێت و پارسەنگ تێکدەدات. سنوربەزاندن لەلایەکەوە و پشێوی و لەلایەکی دیکەوە، نادادپەروەری بەرهەم دەهێنێت. لەوانەیە ئەمە بەس بێت بۆ ئێستا نموونەش ئەو ڕیفراندۆمەیکەکرا، دواتر چی ڕوبەڕوومان بۆوە...؟ لەبەرامبەردا لە خۆرئاوای کوردستان، لەگەڵ سیمبولەکان هاوتابوون و یەکێک لە هەڵوێستەکان بە نێونەتەوەیی کردنی دۆزی کورد و داواکردنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ بەدادگایی کردنی تاوانبارانی داعش لەسەر تاوانی جینۆساید و تاوانی دژی ئێزدیەکان و ....هتد. لەگەڵ کۆتایی هاتنی داعش لەسەر دەستی شەڕڤانان‌دا وەک سیمبولیک دەرکەوتن و تەسلیمی ئەجێندای تورکیا نەبوون. بۆ ئێستا چەق بەستنی هزر گەمژەییەکی گەورەیە لەژێر لۆگۆی وەهمیدا، بەتەمای دەرگای ڕەحمەتی سەرکردەی دروشمدار بین، بەپێچەوانەوە دەسەڵات پێویستی بە پرسیارکەرە مەزنەکانە، نەک وەک هاوکێشە هێگلیەکە، کە ئاغا پێویستی بە دانپیانانی کۆیلە هەیە تا ئاغایەتی بسەلمێنێت، ئەمەش بە مانای ئەوەی تائێستا دەسەڵاتی کورد نێو نەتەوییانە بیری لی بکرێتەوە، پارێزگاری لە کیانی دەستەبەر بکرێت، یاسا جڵەوی دەسەڵات بکات، نەوەک تاکە کەس و حزب و بنەماڵە، ئەوەی هەیە ئێستا لەبارە بۆ کورد لە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی پێویستە کەمپین و لۆبی دروست بکرێت بۆ کەیسی کورد، لە ناوچەکە و هاوشانی سیمبولەکان و هاوپەیمانان بوونمان کاڵ نەکەینەوە لە پیناو کێبڕێی ناوەکی.

Salamaziz972@gmail.com

# دیاکۆی مەزن دامەزرێنەری دەوڵەتی مادەکان

## ئاودێر لوقمان

دیاکۆ یەکەمین پاشای دەوڵەتی مادەکان بووە، دامەزرێنەری دەوڵەتی مادەکان بووە . لەساڵی 708– 655 پێش زاین حوکمی دەوڵەتی مادەکانی کردوە، هیرۆدۆت ئەو پاشایەی بە دیوکس ناوبردوە.

بەپێی وتەی هیرۆدۆت دیاکۆ لە هۆزی موغەکان بووەو بە مرۆڤێکی خۆشەویست و خاوەن ڕێز ناسرابوو، پێشتر دادوەری گوندێک بووە، ئەویش لەبەرئەوەی سەروەری ڕەچاوگرتبوو بەردەوام بە دادپەروەری و بێلایەنانە هەڵوێستی دەگرت. ئەوندە ناوبانگی مەزنی و بێلایەنی پەیدا کرد، خەڵکی گوندەکانی دیکە، کە زووتر تووشی بێدادی بووبوون و دەیان بیست کە دیاکۆ تەنها کەسە بڕیاری دادپەروەرانەیە، بە شادیەوە بۆ دادپرسی ڕوویان لێ دەنا. هەتا دەهات ژمارەی ئەو کەسانە زیاد بوو کە پەنایان بۆ دەهێنا لەبەر ئەوەی دەیانزانی بڕیاری ئەم دادپەروەرانەیە. هەموو هۆزەکانی سەرانسەری وڵاتی ماد، لەگەڵ یەکدا کۆبوونەتەوە و کەوتونەتە ڕاوێژ کردن بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەک بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، چونکە هەستییان بەوەکردووە، ئەگەر فەرمانڕەوایەکیان نەبێت، ناچاردەبن سەرزەمینەکانی خۆیان، لەترسی پەلامار و داگیرکاریەکانی لەشکری ئاشووریەکان بەجێبهێڵن. بۆیەکەم جار لەساڵی 708 پ ز، هەمووان بڕیاریانداوە، دیاکۆ وەکو ڕابەرو ڕیش سپی، لەنێوهۆزەکانی ماد هەڵبژێرن. هیرۆدۆت ئەوی بەپیاوێکی خاوەن ویژدان و دادپەروەر لەبەرامبەر لێکۆڵینەوەی سکاڵای خەڵکی داناوە، چونکە هەرگیز فەرمانی ستەمکارانەی دەرنەکردوە. دوای ئەوەی دیاکۆ بەفەرمی وەکو پاشای ماد جێگیر بووە ، داوای لە خەڵکەکەی کردووە کۆشکێکی پاشایەتی بۆ دروست بکەن . دواتر لەدەوروبەری کۆشکەکەدا، شارێک بۆ نیشتەجێبونی خۆیان بنیاد بنێن، وەکۆشکەکەیان بەسەر گردێکەوە بنیاد ناوە بۆئەوەی کۆشکەکە بەسەرشارەکەدا بڕوانێت و لەهەموو لایەکەوە دیاربێت. دیاکۆ ئەوشارەی بە بینای جوان و کۆشک و سەرا ڕازاندۆتەوە. کۆشکی ڕازاوەی ئەکباتان، لەوکات و سەردەمەدا نیشانە و بەڵگەی دەسەڵاتداری و دەوڵەمەندی پاشایانی مادی سەلماندوە . هەر لەوکاتەدا ئەکبەتان کراوە بە پایتەختی مادەکان کە هەمەدانی ئەمڕۆ دەکات.



دیاکۆ تاوەکو ساڵی 655 پێش زاین حوکمی کردوەو کەبۆ ماوەی 53 ساڵ حوکمی دەوڵەتی مادەکانی کردوە.

هێرۆدۆت لەم مێژوونامەیەدا، دیاکۆ وەک ڕێبەرێکی ژیر، توانا و دادپەروەر پێشان دەدات و جەختیش دەکات لەسەر ئەوەی مادەکان ڕێک لەبەر ئەو خەسڵەتانە دیاکۆ بە شاهی شکۆمەندی خۆیان دەناسن. دیاکۆی مەزن وەڵاتی ماد دادەمەزرێنێت و مادەکان ئەکباتان (هەمەدانی ئەمڕۆ) ی بە پایتەخت بۆ ساز دەکەن. وەلەدوای کۆچ کردنی دیاکۆ خشتەرتیە کەبە فرائوورتس ناسراوە وەکو دووەم پاشای مادەکان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست .لەدای ئەمانیش چەند پاشایەکی تر حوکمی دەوڵەتیان گرتۆتە دەست و وە دەوڵەتی مادەکان توانیان بەهێز ترین سوپای ئەوکاتە کە ئەشوریەکان بوون بیروخێنن و پایتەختەکەیان بیوتێنن و داگیری بکەن. دەوڵەتی مادەکان بۆ ماوەی 150 ساڵ بەردەوام بوو.



# بەشی یەکەم- لەگەڵ تێکۆشەرەکانی سەردەمی شاخ....
# تێکۆشەرو هونەرمەندو پێشمەرگەی ماندوونەناس
# (ئاراس ئیبراهیم) ناسراو بە ئاراسی مۆسیقا

وەک پێشتر بەڵێنم دابوو، کە بە بەرنامە لە سەر هەندێک لە هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی خەبات بدوێم و کورتەیەک لە ژیان و بیرەوەری خۆم لە گەڵ هەر یەکێکیان باس بکەم، بە کاک ئاراسی مۆسیقا دەستم پێ کرد، بیرەوری من و کاک ئاراس و کاک سەربەست لە گەڵ بەڕێز مام جەلال.

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)

ئاراس ئیبراهیم ساڵی 1960 لە گەڕەکی کانێسکان لە سلێمانی لە دایک بووە. برای پێشمەرگەی دێرین و هونەرمەندی ناسراوی کورد (دلێر ئیبراهیم)ە، کاک دلێر ساڵێک بوو لەهەوڵی فێربوونی مۆسیقادا بوو، ئەمیش خولیای فێربوونی مۆسیقای کەوتە مێشکەوە، لەتەمەنی دە ساڵیدا دەستی کردووە بە فێربوونی ئالەتی کەمان، سەرەتا کاک دلێر یەکەمین مامۆستای بووە و دواتریش مامۆستایان سەلاح رەوف و ئەنوەر قەرەداخی، وانەی فێرکردنی مۆسیقایان پێ گوتۆتەوە، ئەم ئەوەندە تامەزرۆی هونەرو مۆسیقا بوو، هەر زوو لە ناو هاوڕێکانیدا دەرکەوت. ساڵی 1971 لە میهرەجانی پەروەردەیی لە بەغدا بەشداری کردووە، خۆشبەختانە لە ژەنینی مۆسیقادا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لەگەڵ هاوڕێکانی وەک دیاری نەجاتی عەبدە و جەمال سابیردا. دوای ئاشبەتاڵەکە ئەم چووە تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنییەوە، نەبوو بە ئەندامی ئەو تیپە!. لە زۆربەی چالاکیەکانی ئەو تیپەدا بەشداربووە، تا کۆتایی ساڵی 1980. ساڵی 1976 تیپی مۆسیقای منداڵانی سەر بە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی دامەزرا، مامۆستا دلێری برای و کاک ئاراس ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە دامەزراندیدا، پاشان کاک دلێر بووە لێپرسراوی تیپەکە و ئەمیش وەک یاریدەدەری. ساڵی 1978 تیپی مۆسیقای منداڵانی سەر بە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی بەڕێکەوتن بەرەو هەولێر، بۆ بەشداریکردنی فیستیڤاڵی مۆسیقای ساڵانە، بەداخەوە ئەو پاسەی ئەوانی دەگواستەوە لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا، تووشی پێکدادان بوو. لەئەنجامدا وەرگەڕاو چوار ڕۆڵەی هونەرمەندی تازە پێگەیشتوو لەوانە: کارزان و فەرمان و ڕێبوار و ئازاد، گیانیان لەدەستدا و چەند منداڵێکی تریش بریندار بوون. ئەم ڕووداوە برینێکی قوڵی خستە دڵی هەمووانەوە، لە سەرانسەری کوردستان و بە تایبەتی لە سلێمانی خەڵکی خەمبار بوون. کاک ئاراس ساڵی 1980یەکەمی عێراق بوو، لە ژەنینی کەمانچە لە میهرەجانی زانکۆکان، کە لە بەسرە ئەنجامدرا. لە ساڵی 1981 بواری هونەریی تێکەڵ بە خەباتی شاخ کرد، بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پاشان چووە گوندی بلەکێ، کە ئەوسا بارەگای سەرەکی هەرێمی سێی یەکێتیی لێجێگیر بوو، لە گەڵ دکتۆر هەژار مەعروفدا کاریی هاریکاریی پزیشکی دەکرد، لەبەرئەوەی کاک ئاراس خۆی دەرچووی پەیمانگای تەندروستی وقائی سلێمانی بوو، لە ناو هاوڕێکانیدا بە دکتۆر شازاد ناسرا بوو. لە ساڵی 1978ەوە چووبووە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە، لە شاری سلێمانی و نازناویی شازاد"یان پێ بەخشی بوو. لە سەرەتای ساڵی 1981ەوە چووە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و بوو بە بێژەر و جێبەجێکاریی بەرنامەکانی، کە ئەوسا ئێزگەکە بنکەو بارگەی لە گوندی توژەڵە بوو. لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دا لە گەڵ بەڕێز مام جەلالدا ساڵی 1981 پێشنیاری دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا کرد، بەڕێزی زۆر خۆشحاڵ بوو، مام بووە پشتگیریکارێکی سەرەکی تیپەکە و ناوی شەهید کارزان بە تیپەکە بەخشرا، هاوکارانی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، ئەم بەرێزانە بوون:



هیوا زەندی، شوان کابان، ڕزگار ئیسماعیل و... هتد، هەر لەوساڵەدا کاسێتێکیان بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان/ئێران تۆمارکرد، بە هاوکاریی ئیقبالی حاجی بی و فەرهادی شکراللەی بابان، جگە لەمەش چەند ئاهەنگ و چالاکی هونەرییان گێڕا لە ناوزەنگ و زەڵێ.

دواتر بە پێشمەرگایەتی دەچێتە کەرتی سێی تیپی 47 ی پیرەمەگرونی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە زۆربەی چالاکییەکانی پێشمەرگەدا بەشدار دەبێت.

ساڵی 1982 بەشدار دەبێت لە کۆرسی فێرکاریی بێتەلی شۆڕشدا، کە بەسەرپەرشتی کاک بەختیار مستەفا و لەژێر سەرپەرشتی سەرکردایەتی یەکێتیی کرابۆوە، کاک ئاراس خۆشبەختانە پلەی یەکەمی پێبەخشرا، پاشان وەک عەدەد جیهاز گواسترایەوە، بۆ مەکتەبی سیاسی.

ساڵی 1982 کاک دلێری برای هاتە ڕیزی پێشمەرگایەتی و لە ڕێکخراوی 2 ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە ئەوسا بارەگای سەرەکی لە دۆڵی جافایەتی بوو، جێگیر دەبێت، کاک ئاراس یش ئەرکی پێشمەرگایەتی دەگوێزێتەوە بۆ هەمان شوێن، پێویستە ئاماژە بەوەبدەم لێپرسراویی ئەوسای ڕێکخراویی 2 ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، جەبار فەرمان بوو. لە ساڵی 1983 بە هۆی دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانەوە و لەگەڵ کاک دلێری برای، لەڕێی کۆمیتەی شاخەوە لە تیپی شەهید کارزان، دەست بەکارە هونەریەکان دەکاتەوە.

بڕوانە ل 5

# من و کاك ئاراس لە کاتی پێشمەرگایەتیدا، چەندین بەسەرهات و بیرەوەریمان هەیە، یەکێك لەو بیرەوەریانە هەمیشە لە زیهنمدا ماوەتەوە، بەسەرهاتی گاپیلۆنە..!

لەبەرئەوەی هونەرمەندەکان هەریەکەیان لە شوێنێکی تر ئەرکی پێشمەرگایەتییان هەبوو، پێویستیان بەوەبوو لە شوێنێک کۆببنەوە بۆ تۆمارکردنی کارە هونەرییەکانیان، بەرگەڵو باشترین شوێن بوو بۆ دامەزراندنی بارەگای تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، لەبەرئەوەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانیش لەوێ بوو، لەو ماوەیەدا تا ساڵی 1986 توانیان سێ کاسێت تۆماربکەن، کە دەنگێکی گەورەی دایەوە لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەردا. جگە لەمەش کاک ئاراس بەردەوام بوو، لە ئەرکە پێشمەرگایەتییەکەی، ئەویش وەک عدد جیهاز لای کاک جەبار فەرمان. پاش ماوەیەکی تر، کاک دلێری برای بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتیی کرا بە نمایندەی یەکێتیی لە ورمێ، ئەویش وەک هاوکاریی گواسترایەوە بۆ ئەو کارە. هێشتا هەردوو برا لە ئەرکی شۆڕشگێری و پێشمەرگایەتیدا بەردەوام بوون، ساڵی 1987 هەواڵی مەرگی دایکیان (ئەختەرخان) و تەنها خوشکەکەیان (دڵسۆزخان) و تاقە خوشکەزایان (تەلار)مان، بە کارەساتی ئۆتۆمبیل لەسەر شەقامی سالم نزیک مەڵبەندی یەکی یەکێتیی ئێستا پێگەیشت.

زامی ئازەرەکانی مەرگی دایک و خوشک و خوشکەزا، لەگەڵ چرکە بەچرکەی ژیانیدا دەگوزەرا، ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا لەناو هاوڕێ پێشمەرگەکانیدا بەجۆرێک خۆی نیشان بدات، ئازایانە بەرگەی مەرگەساتەکە دەگرێت، بەڵام من و هاوڕێکانمان لە نزیکەوە هەستمان بەئازارە شاراوەکانی ناخی کاکە ئاراس دەکرد.

دواتر چووە کرماشان و بوو بە عدد جیهازی یەکێتیی لە بنکەی کرماشانی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە گەڵ ئێران.

ساڵی 1990 چووە شام و لەوێ بووە عدد جیهاز، لە مەقەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا مانگی 8ی 1991، دواتر چووە وڵاتی سوید. لەوێ پەیمانگای کۆمپیوتەری تەواوکرد، ساڵی 1999گەڕایەوە بۆ کوردستان و تا ئێستا لە سلێمانی دەژی.

بەهۆکاری ئەوەی ئێمە دوکانی ساردەمەنیمان هەبوو، لە ژێر باڵاخانەکەی تۆفیق قەزازدا، تیپی مۆزیکای سلێمانیش بنکەی سەرەکی لەو باڵاخانەدا بوو، کاک ئاراس بۆ پشودان و بۆ کەمێک کات بەسەربردن، دەهاتە لای ئێمە و کەمێک بەدەم پشووەوە شیرینی دەخوارد، لێرەوە سەرەتای ناسینی من و کاک ئاراس دەستی پێکرد، هەرچەندە مامۆستا دلێری برای مامۆستام بوو، لە قوتابخانە. بەڵام پاشان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا بووینە دوو هاوڕێی نزیکی ڕۆحی یەکتریی، کە تائێستاش بەردەوامە.

من کاک ئاراس دوو عەدەد جیهازیی ناو شۆڕش بووین، ئەم ئەرکەش ئێمەی کۆکردبۆوە، عەدەد جیهازەکانی ناو یەکێتیی بەوە ناسرابوون، کە لەناو یەکدا هەمیشە کۆکن و یەکتری بەسەردەکەنەوە. من و کاک ئاراس لەکاتی پێشمەرگایەتیدا، چەندین بەسەرهات و بیرەوەریمان هەیە، یەکێک لەو بیرەوەریانە هەمیشە لە زیهنمدا ماوەتەوە، بەسەرهاتی گاپیلۆنە. ڕۆژێکیان کاک ئاراس بەسەردان هات بۆلامان، ئێمە ژورێکی بچووکمان هەبوو لە گاپیلۆن، کە جیهازێکی شۆڕشی لێجێگر کرابوو، من و کاک سەربەرستی ئامۆزام کارمان لەسەر دەکرد، ئەو ساتانە سەرەتای کۆکردنەوەی هێزی دووژمن بوو، بۆ هێرش بردنە سەر سەرکرادیەتی و دۆڵی جافایەتی و دۆڵی سەفرە، ئێمە ئەو هەواڵەمان پێ گەیشتبوو، بە بروسکەیەک ناردمان بۆ جیهازی بەرێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان و مەکتەبی سیاسی.

نەمانزانی مام جەلال هاتۆتە مالومە، لە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوای نیوکاژێر بەسەر ناردنی هەواڵەکە، لە لایەن ئێمەوە بۆ بەڕێزیی، مام جەلال خۆی کرد بە ژوورەکەماندا و لەو کاتەدا، من و کاک سەربەست و کاک ئاراس دانیشتبووین و سەرگەرمی قسەکردن بووین. ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، چاوەڕێی ئەوەمان نەدەکرد، مام جەلال بەو کاتە زووە بگاتە لامان، لەبەرئەوەی لەبەر گەرما خۆمان لێکردبووە و تەنانەت قۆپچەی کراسەکانیشمان کردبۆوە، کە چاوی بە ئێمە کەوت، یەکی بەکراسێکەوە و بە قۆپچەی کراوەوە، یەکسەر گوتی: ئێوە ئەو بروسکەیەتان ناردووە، بە دەم قسەشەوە ڕووەو لای کاک سەربەستی ئامۆزام چوو، یەک بەیەک قۆپچەکانی بۆ دادەخست و من گوتم: بەڵێ، تێگەیشتین کە مەبەستی ئەوە بوو، ئێوە بروسکەتان ناردووە، کە دوژمن هێزی هێناوە و ئێوەش بەمشێوەیە لە ئامادەباشیدان! زۆریی پرسیار کرد، پاشان گوتی: کێ ئەم هەواڵەی داوە بە ئێوە؟، ئێمەش گوتمان: لە ڕێی ڕێکخستن و کاک بەرزانی قالەی خەڵوزەوە.

گوتی: هەر ئێستا بچۆ بەرزانم بۆ بانگ بکە! چووم بە دوای بەرزاندا و شانسم هەبوو، نزیک چایخانەکانی ناو گاپیلۆن، لەوێ بینم، پێم گوت: وەرە مام جەلال بانگت دەکات.

گوتی: بۆ؟

گوتم: لە سەر ئەو هەواڵەی کە هێنابووت.

ئیتر لەگەڵم هات و چووین بۆلای بەرێزی و لێی پرسی تۆ چیت، منیش لە ترسی ئەوەی نەک شتێکی باش نەڵێت و پێشی کەوتم و لەباتی ئەو وەڵامم دایەوەو گوتم: مامە ئەمە هێزی بەرگری یە و [ لەو ماوەیەدا لە دیهاتەکاندا هێزی بەرگری دروستکرا بوو]، دواتر لێی پرسی و گوتی: ئەو هەواڵەت لە کوێ وەرگرتووە؟

بەرزانیش گوتی: لە ڕێکخستن.

مام جەلال گوتی: هەرئێستا دەچیت بۆ کارێزە و تەئکیدم بۆ دەکەیتەوە لەو هەواڵە.

ئینجا ڕووی کردە من و پاش کۆمەڵێک ئامۆژگاری بە زەردەخەنەوە گوتی: جارێکی تر هەواڵی وا بنێریت عەینەکەکەت دەشکێنم. منیش گوتم ئیحتیاتم هەیە. بەدەم پێکەنینەوە گوتی: ئەویش دەشکێنم.

بەرزان ڕۆیشت. پاشان کە بینیمەوە و پرسیارم لێکرد، گوتی: بە شەرەفم هەتا سوورەقەڵات نەوەستام لە ترسا.

ڕۆحت شاد مامە گیان لە بیرەوەری یەکانی خۆمدا ئەم بیرەوەریانەم تۆمار کردووە.

سەرکەوتی جیهاز ٢١–١–٢٠١٨ هۆڵەندە – زاندام

# وانەکانی ژیان... پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلان

## لە پەند و وتەی گەلانەوە

– خوێی کۆن تینوت دەکات....فنلەندی

– ئەوەی چاوەڕێی کاسەی دراوسێ بێت، بێ شێو سەردەنێتەوە!
کورد

– ئەوەی هاوڕێی نەبێت ، دوژمنی خۆیەتی! ...جۆرجی

– ماسی مەدەرە منداڵەکەت، بەڵکە فێری کە چۆن ڕاوەماسی بکات!....
چینی

– ئەوەی لەسەر زەوی دانیشتبێت ، لە کەوتن ناترسێت! چیکی

– تف مەکەرە هیچ بیرێک ، لەوانەیە ڕۆژێک تینوێتیت بشکێنێت!
ڕوسی

– کورتە باڵایەکی وەستاو لە باڵابەرزێکی سوژدە بردوو باشترە!
ئەمریکی

– تەمەڵەکان بە پشوش هیلاک دەبن!
نەمسای

– خۆشەویستی بدە بە هاوسەرەکەت ، بەڵام نهێنیەکەت بۆباوانتی باس بکە!
فەڕەنسی

– شکست لە سەرکەوتن زیاتر ئەزموونت دەداتێ!
ئۆکرانی

– ڕاسگۆکان هەمیشە سادە دەدوێن!
سلاڤی

– قەفەسی ئاڵتونی، ناتوانێت باڵندەکەی ناوی تێر بکات!
ئیتالی

– کەس وەک من نازانێ کە پێڵاوەکانم ئازارم دەدەن!
ئینگلیزی

– داوەری باش لەسەر ئاغایەک مەکە، نۆکەرەکەی لێی ڕازیبێت!
ڕوسی

– ئەوەی درۆ بڕوێنێت، دڕک دروێنە دەکات. ڕاستگۆیی چەترێکە کە کەشوهەوا خراپ بوو، دەتپارێزێت.
ئەڵمانی

– بەختەوەریەک نییە، لەسەر نەهامەتی کەسێکی دی بەدیهاتبێت!
فەڕەنسی

– بیر لە شەشەم بکەرەوە، ئینجا باسی دووەمیان بکە!
یابانی

– گەر نازانی زەردەخەنە بکەیت، دوکان مەکەرەوە!
ئسکۆتلەندی

– خۆشەویستیەک بە دیاریەوە بەردەوامبێت، هەمیشە برسیە!
ئیسپانی

– خۆشەویستی و بۆن ( عەتر) ناشاردرێنەوە.
ئیتالی

– ئەوەی قەرزبە هاوڕێکەی بدات، هەردووکیان لە دەست دەدات!
ئەندەنوسی

– ئەوەی ژنی جوانی هەبێت، زیاتر لە دوو چاوی پێویستە!
فەڕەنسی






# پۆست گلۆبالیزەیشن و چەند ئاغایەکی نوێ لە گۆڕەپانەکەدا

## سامان کەرمیانی - بەشی یەکەم



گومانی تێدانییە کە چەند لایەن و دەسەڵاتێکی نوێ دەرکەوتون لە جیهاندا، کە دەیانەوێت بڕیاردەربن لە داهاتووی جیهاندا، لە بوارە جیاجیاکانی وەکو ئابوری، کولتور، توێژینەوە، ئاسایش، فەزا هتد..ئەم لایەنە نوێیانەش ڕۆژگارێک بوو، وڵاتەکانیان تەنها وەکو شوێنی کارکردن بەکاردەهات، لە لایەن دەسەڵاتدارە زلهێزەکانی جیهانەوە، بێگومان مەبەستم لە وڵاتانی ڕۆژئاوایە. دەرفەت نییە کە لێرەدا زۆر بە وردی باس لە سوود و زیانەکانی جیهانگیری/گلوبالیزەیشن بکەم، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم دەرهاوێشتەکانێتی، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ڕێسای نوێی جیهان (new world order)، من بڕوام وایە بەشێکی زۆری ئەم گۆڕانکاریانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ هەڵسەنگاندنی ئەو جیهانگیریەی، کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەرەتادا پێشڕەویان کرد و دایانمەزراند. ئەگەر باس لە مەبەستی بنەڕەتی گڵوبالیزم بکەین، ئەوا دەتوارنێت بە "کەرەستەیەکی" سوودبەخش ناوببرێت، بۆ نموونە کاتێک کۆمپانیاکان بە مەبەستی گەشەسەندن و قازانجی زیاتر، ڕوو لە وڵاتانی دەرەکی دەکەن بە هەمان شێوەش سوود بەو وڵاتە دەگەیەنن، کە تیایدا دادەمەزرێن لە بوارەکانی هەلی کار، سەرمایەگوزاری، گەشەسەندن، زانیاری و هتد.. ئەمەش سودێکی دوولایەنە دەبێت win-win بۆ هەردوو لایەنی بەشداربوو. زیاتریش ئەو لایەنە تیایدا سودمەند دەبێت، کە هێشتا لە گەشەکردندایە (وڵاتانی جیهانی سێ) و هەلی کار تیایدا کەمەو بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنێت، کە ئەمەش دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ دەستکەوتنی کرێکاری هەرزان. ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت بوونی ئەجێندایەکی شاراوەیە، بە دوور لەو مەبەستەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ئەویش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاترە بەسەر ئابوری جیهاندا و دەسەڵاتی زیاتری لۆکاڵی لە ناوچە جیاجیاکاندا بەو پێیەی، کە لە ڕێگای زاڵبوون بەسەر ئابوری ئەو ناوچانەدا بتوانرێت سیاسەتی ناوچەکان کۆنترۆڵ بکرێت. بەدەرلەوەش ڕۆژئاوا (سۆفت پاوەر)ی بەکارهێناوە، کە بریتیە لە زاڵبوون بەسەر کولتوری ئەو ناوچانەدا بە مەبەستی گۆڕینی ئەو نۆرم و پێوەرانەی، کە لە ناوچەکاندا باون، ئەمەش لە ڕێگای زاڵبون بەسەر شێوازی جلوبەرگ، مۆسیقا، کەرەستەی - IT, میدیا، بانک، زانکۆکان و هتد.. کە زۆربەی جیاوازی و تازەگەرییەکان لە ڕۆژئاواوە سەرهەڵدەدەن ئەمەش هەمووی لەبەر بەرژەوەندی خودی ڕۆژئاوا خۆیەتی. سەرەڕای هەموو ئەم پلانانەی ڕۆژئاوا دایڕشتبوو بۆ سەرخستنی گڵوبالیزم، بەڵام نەتوانرا ئامانجەکانی بە تەواوەتی بپێکێت بە پێچەوانەوە بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک زلهێزی تر، کە من لێرە زیاتر ئاماژە بە دوانیان دەدەم ئەوانیش، چین و ڕوسینا. چەند هۆکارێکی سەرەکیش لەم سەرنەکەوتنەدا بریتی بوو لە:

١ .بیگومان گڵوبالیزەیشن هۆکارێک بووە بۆ زیادکردنی بەرچاوی چینی ناوەڕاست لە چین و ڕوسیا، بەڵام لەم دوو وڵاتەدا هێزێکی تاکڕەوانە حوکم دەکات، کە بە تەواوەتی جوڵەی بازاڕی کۆنترۆڵ کردووە، لە بەرژەوەندی کەسێک یاخود لایەنێکی دیاریکراو. ئامانجی سەرەکیش لەمە بەکارهێنانی داهاتەکەیانە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و بایەخنەدان بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و تەندروست و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکان، کە ئەمەش تێچوویەکی زۆری پێویستە وەک چۆن لە ڕۆژئاوا بایەخی پێ دەدرێت.

٢ .لەدەستدانی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا بەسەر کۆمپانیاکانی خۆیدا بەهۆی ئەوەی کە کۆمپانیاکان بوون بە بەشیک لە گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتی، کە ئەمەش وایکرد کە شارەزای و تەکنەلۆژیا بە ئاسانی بگوازرێتەوە و بقۆزرێتەوە، لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە تیایدا کاریان دەکرد بەتایبەتی چین و ڕوسیا .

٣ .زیادبوونی چینی ناوەڕاست هەروەکو لە خاڵی ١ دا ئاماژەم پێدا، زیادبوونی کڕیاری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە کۆمپانیاکان بەدەر لەوەی کە ئەم وڵاتانەیان لە ڕابردوودا وەکو سەرچاوەیەک بۆ هێزی کاری هەرزان بەکارهێناوە، لە ئێستادا دەتوانن وەکو بازاڕێکیش بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان بەکاریانبهێنن. بۆ نموونە کۆمپانیای Apple تەنها لە ماوەی یەک ساڵدا نرخی 450 ملیار لە بۆرسەی ئەمریکادا شکاوە، بەبۆنەی ڕکابەری بەهێزی کۆمپانیای ناوخۆیی چینی لەناو بازاڕی چیندا.

٤ .شەراکەت یاخود بە تەواوەتی کڕینەوەی کۆمپانیای زەبەلاح لە لایەن وڵاتانی وەکو چین و ڕوسیا و هیندستان بۆ نموونە کۆمپانیای Volvo، IBM, Range Rover هتد..

٥ .گەشەسەندنی ڕۆژئاوا وای کردووە، کە پێویستیەکی زۆریان بە گازی سروشتی هەبێت، ئەمەش دەستەڵاتی ڕوسیا بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بەهێزتر دەکات ،بە هۆی جوگرافیای ستراتیژی ئەم وڵاتەوە. ئەم هۆکارە سەرەکیانە وایانکردووە، کە دەرفەت بدرێت بۆ دروستبوونی زلهێزی نوێ لە جیهاندا، وەکو چین و ڕوسیا کە توانیویانە بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە و بڕە پارەیەکی زۆر، تەکنەلۆژیایەکی بەهێز، توێژینەوەی پێشکەوتوو، دروستکردنی بازاڕێکی بەهێز، کە جیهان ڕوی تێدەکات بەدەستبهێنن. ئەم زلهێزە تازانە بەشێوەیەک گەشەیان کردووە، کە تەنانەت گەمارۆی ئابوریش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەریان. توانیویانە سوپای بەهێز و مۆدێرن هاوشێوەی ڕۆژئاوا دروستبکەن، بە ملیارەها دۆلاریان تەرخان کردووە، بۆ کڕینی دەسەڵات لە چەندەها ناوچەی ئەفریقا و ئاسیادا و لەڕێگای بەکارهێنانی سوپاوە بەتایبەتی ڕوسیا، کە لە ئێستادا شانبەشانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینێت. دروستبوونی ئەم زلهێزە نوێیانە لە جیهاندا بۆتە هۆکارێکی سەرەکی، کە وای کردووە ڕۆژئاوا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، دەرەنجامی ئەوەش چەندەها سەرۆکی ناسیۆنالیستی دروست بووە، بەرچاوترینیشیان )دۆناڵد ترامپ)ە، کە دەیەوێت سنورەکانی خۆی بەهێز بکات و لە ڕێگای سنوردارکردنی گڵۆبالیزم سەرفیاتەکانی وڵاتەکەی کەمبکاتەوە، بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی چەندەها ڕێکەوتننامە، لەگەڵ وڵاتانی زلهێزدا بە مەبەستی زیادکردنی داهاتی وڵاتەکەی، لە هەمان کاتتدا ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی زانیاری و پێشکەوتنی وڵاتەکەی لەلایەن زلهێزە نوێکانەوە. ستراتیجیەکی تر، کە ترامپ بەکاریدەهێنێت پاشەکشەپێکردنی هێزەکانێتی لەو ناوچانەی کە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، بۆ سیاسەتی داهاتووی ڕۆژئاوا، بەڵام لە هەمان کاتتدا قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر باری ئابوری و مرۆییان، هەر وەکو ترامپ خۆی چەند جارێک بەم دواییانە دووپاتی کردۆتەوە، کە ئەمان پولیسی جیهان نین...!

ئەم گۆڕانکاریانەش لە سیاسەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، کاریگەری لەسەر داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە، ئەمەش دەبێتە بابەتی بەشی دووەم لەم زنجیرە نوسینەدا.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی پێشمەرگە




## زاهیر صدیق

هونەرمەند و پەیکەساز و پێشمەرگەی دێرین، زاهیر صدیق ساڵی 1965 لە سلیمانی لەدایک بووە. دەرچووی ساڵی 1986ی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی پەیکەرسازی یە و بۆ یەکەمجار هونەری پەیکەرسازی لە شارەوە، گواستەوە بۆ باوەشی شاخ و پێشمەرگایەتی پەیکەری سەرەتا، کە بووە سیمبولی هەموو پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتی و لە گوندی چۆخماخ ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال کرا. لەدوای ڕاپەرین لە زوربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان چەندین پەیکەری دروست کردووە، لەوانە پەیکەرەکانی هەنگاو لە ڕەواندوز، پەیکەری یەکگرتن، دایک، پەیکەرەکانی ناو باخی گشتی، پەیکەری دیواربەندی قادرکابان، پانۆڕامای شەڕی دەربەند بازیان، پەیکەری ئازادی بۆ ژنان لە سلێمانی، پەیکەری منداڵانی بێ ناونیشان لەسەیدسادق، پەیکەری برۆنزی عومەری خاوەر، پەیکەری نزا، پەیکەری عادیلە خانم لە هەڵەبجەی شەهید، پەیکەری ئیبن مستەوفی لە هەولێر، پەیکەری بوکی دەریا لە دەربەندی خان و چەندان کاری دیکەی ئەنجامداوە. ماوەی دەساڵ لە کۆلیژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی مامۆستای وانە بێژ بووە. بەهاوکاری چەند هونەرمەندیک ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ١٩٩٦ گەلەریی زاموا لە سلیمانی و گەلەری ئەربیللای لە هەولێر دامەزراندوە. لە ساڵی ١٩٩٧ بەشداری کاری ڕرگەیاندنی کردووە و چەندین بەرنامەی دیکۆمنتەری و مێژوویی لە هەردوکەناڵی خاک و کوردسات ئامادەکردووە، بۆ زیاتر ناسینی ئەم هونەرمەندە بڕوانە ئەم لینکە.

https://www.facebook.com/zahir.paykar/








# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات

Amsterdam
Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 3 | 25.April. 2019 | 25 ئەپریلی 2019

## با پێکەوە لاپەڕەکانی حەز و ئاوات و خەون و خۆشی و ناخۆشی و خەم و مەراقەکان هەڵدەینەوە، با تێبگەین سەرمایە و سامانی تەمەنی ئەم مرۆڤە لەم ڕۆژگارەدا چ مانا و بەهایەکمان پێ دەبەخشن...!

یادنامە

### خەڵوەتێک لەیادی دۆستێکی شەهید

### پێشکەشە بەو شەهیدانەی لە دایک نەبوون..!



نوسینی: چیا عەباس

دور لەکێشمەکێشی ڕۆژانەی ژیان، دور لەکێشە و قەیران، پرۆژە. لێدوان، نوسین و دژە نوسین، دور لە پیرۆزکردنی ئەم سەرکردە و هێز و ڕەشکردنی ئەوی تر، با بۆ چرکەساتێک ببینە هاوڕێی ڕێبوارێکی خەمخۆری نیشتمان، گەشتێک لەناخ و دەروونی بە تەمەنچوو و ماندوویدا بەڕێبکەین، هێمنانە بیدوێنین، گوێی لێ بگرین، پێکەوە لاپەڕەکانی حەز و ئاوات و خەون و خۆشی و ناخۆشی و خەم و مەراقەکانی هەڵدەینەوە، با تێبگەین سەرمایە و سامانی تەمەنی ئەم مرۆڤە لەم ڕۆژگارەدا چ مانا و بەهایەکمان پێ دەبەخشن.

برای ئەزیز،

هەواڵ و نوسینەکان، شاشەی کەناڵەفرە ڕەنگەکان، چەلەحانێی کۆڵکەسەرکردە و چاودێر و پسپۆرە بێ ژمارەکان، چاوچنۆکی و هەڵپەی گەندەڵ و تێر نەبووەکان، مێژو و ماندوبوون و مەینەتی و دەردەسەری ژیان و گوزەرانی تۆیان کردوتە شەوچەرەی ئەم وەرزەی زستانی تەمەنیان.

ئەزیزەکەم،

ئەو ساتەی تورە و بێ ئومێدی، دەردەسەری و جەور و نەهامەتیەکانی ئەم ڕۆژگارە، سەرنوقمی دەریایەکی بەرین و قوڵی ئازار و خەم و مەراقت دەکەن، شەپۆلە تورەهەڵچوەکانیش لەکەنارەکانی دورگە دور و چۆڵەکان دەتگیرسێننەوە، لەو ساتەدا تەنیایی لەفەزا خامۆش و بێدەنگەکەیدا لەئامێزت دەگرێت، وەک حەشارگەیەکی بێناو و ناونیشان و بێسنور دەروازەکانی بەڕوی خەم و ئازار و ئاوات و چیرۆکەکانت واڵایان دەکات. تۆش لەو چرکەساتەکورتەدا خۆت ڕادەستی ساتێک نەمان دەکەیت، بەرگی تەپ و تۆزاوی نیشتوی تەمەن لەزهن و جەستەت ڕادەماڵیت، وێڵی چرکەیەک دورکەوتنەوە و تەنیایی و حەوانەوەیت، پەرۆشیت بۆ ئاشنابونەوە بەتەلیسمەکانی ئەو یاد و چیرۆکانەی زمانی زەمەن بۆت دەچرنەوە. ئەو دورگە دورە چۆڵە بێناوە دەبێتە نیشتمانی یادەوەریەکانی ژیان و خەونەکانت، لە ئامێزت دەگرێت،دەتحەوێنێتەوە، دەتلاوێنێتەوەو دەتباتەوە بۆ سەرەتا، بۆ زەمەنی هیوا و چاوەڕوانی. لەونیشتمانەی خەیاڵیشدا هەر شەیدای ئەو مەملەکەتەی کە لەمێژە وەک هێلانەی ئارامی و خۆشەویستی وێڵی بوویت، بۆیە بۆ تەماسێکی بێ هاوتا لەگەڵ جەبروتی غیابدا دەخزێیتە فەزا ئارام و دڵنیا بەخشەکەی خەڵوەتەوە. لەوفەزایەدا بێئەوەی هەست بکەیت هەستکردن بەدەوروبەر هیچ بونێکی نامێنێت، دیمەن و ڕەنگەکان ئاوا دەبن، دەنگەکان بێدەنگ دەبن و وشەکان هەڵدەوەرێن.

لەو فەزایەدا سروشت و گەردون بەئیقاعی ڕۆحە هێمن و سۆزبەخش و بێگەردە ڕەسەنەکەی ژیان، دەتگرنە کۆشە گەرم و ئارامەکەی خۆیان، ڕۆحە ناسک و بێگەردەکەی تەمەنی نازداریت دەپرژێنە سەر گوڵاڵە سورە و گوڵە نێرگز.

بڕوانە ل 2

# پاشماوەی نوسینەکەی دکتۆر چیا

# خەڵوەتێک لە یادی دۆستێکی شەهید

لەو فەزا بەرینەدا حەزەوردیلەکانت لەسەر سنگی مانگێکی بێ ناو و ناونیشان نەقش کەرەوە، چاوەروان بە لەو دیوی فەزاوەیەزدانێک ئاورێک بداتەوەو دوعا و نزای حەزەکانت بەو زمانەی خۆت بیانخوێنێتەوەو لێیان تێبگات. ئەوە ساتێکە شنەبا، وەک گەڵایەکی خەزانی تەمەن بەلارو لەنجەی نەرم و نازدار بەرەو هەواری خۆی دەتبات، ساتێکە گرە بەتینەکەی فەنەرەکانی ئومێد لە ئاسمانی مەملەکەتە تێکشکاوەکەتدا خەون و حەزەکانت دەدرەوشێننەوە. ساتێکە سەرگوزشتەی گەشتی تەمەن، زۆر کورتتر لەتەمەنی چاو تروکاندنێک و زۆر خێراتر لەبریسکەی بەهار، زهن و بەرچاوانت دەهرووژێنن و لێوانلێویان دەکەن لەشریتێک دیمەن و سات و بیرەوەری و خۆزگەو ئاخ. تۆش ملی بۆ کەچ دەکەیت و ڕێگای گەشتی گەڕانەوە بۆ سەرەتا دەگریتەبەر. لەم گەشتەدا دەگەڕێیتەوە بۆ پێش چەکەرەکردن، دەگەڕێیتەوە بۆ ساتەکانی یەکەم گریان و یەکەم زەردەخەنەی ساکار و گڕوگاڵکردن و بۆ سەرەتای حەزە وردیلەکان.

## گەشـــتی گەڕانەوە...

کاتێک یەکەم هەنگاوی گەشتی گەڕانەوە دەنێیت، نەکەی لەحەز و ئاواتەکانی سەرەتا پەشیمان بیتەوە، نەکەی بە پەرۆشی و گڕوتینی سەرەتا دەنکەدەنکی چاوەڕوانی و خەونە شیرینەکانت بۆ دواوێستگە نەهۆنیتەوە، نەکەی بەسادەیی و جۆش و خرۆشی سەرەتا، هەروا بەئاسانی دوای سەرقافڵەچی بکەویتەوە، نەکەی سەر لەنوێ ڕێگا و پێچوپەنا و وێستگەکانی گەشتەکەی ئەمجارەت تەنها بەچیرۆک و ئەفسانەکانی کاروانچییەکانی یەکەم گەشت بیان ڕازێنیتەوە. کاتێک ڕێگای گەشتی گەڕانەوە دەگریتەبەر دەبیتە هاوڕێی خەیاڵ و حەنین و بیرەوەری و چیرۆکەکان، لەم گەشتەدا بە هەموو ڕێگا و تولەڕێ و ڕوبار و دەشت و کێو و باخ و وەرزەکاندا گوزەرت کردووە و پێیان ئاشنایت، ئەمجارە هەگبەکەی پشتت لێوانلێوە لەو کەل و پەلانەی لە یەکەم سەفەردا هاوڕێت نەبوون، ئەمجارە وەک ڕێبوارەکەی جاران غەریب نیت بەسەرقافڵەچی و کاروان و خۆشی و ناخۆشی و نهێنیەکانی گەشتی سەرەتا. کاتێک دەگەڕێیتەوە و وەک ساوایەکی ساتی قوماتکردن و لاوانەوە شیرەگەرمە بەتامەکەی دایکت چێژ دەکەیتەوە، تێدەگەیت کۆشی خۆشەویستی و بەسۆزی دایکت یەکەم گوڵزاری چاوهەڵهێنان و وەفا و و ناسنامەو ئارامیت بوو. کاتێک وەک منداڵە بزێوەکەی جاران دەگەڕێیتەوە بۆ هۆدە و هەیوان و کۆڵانەکانی ئەو تەمەنە، دەستت لەئاسمانی حەزەکان بەرنەدەیت، لەنێو پەڵە هەورەکاندا بەکەشتیەکی خنجیلانەی ڕەنگینی دروستکراو، لەپەرچەمی شەرمنی شۆڕەبی و گەڵای شەونمدار و تاڵە ناسکەکانی پرچی ئایشێ و فاتمە گەشتی گەڕان بەدوای ئەستێرەکانی بەختت بگرەوەبەر.

کاتێک وەک گەنجە یاخیبووەسەرگەرمەکەی تەمەنی حەز و خەون بۆ جارێکی تر یەکتر لەئامێز دەگرن و وێڵی عەشقی جوانی و ڕاز و نیازەشاردراوەکانی دەبیتەوە، ئەمجارەش گوریسی جۆلانەی عەشقت لەمەچەکی تاوێری کێوە شۆخەکانی کوردستان گرێدە، گزنگێکی ناسکی ڕەنگاوڕەنگیش لە ئاسۆی عشقی ئەزەلی بئاڵێنە، ئەمجارە لە نێو وردەواڵاکانی ئەو گزنگەدا هێلانەیەک بۆ فریشتەکان هەڵچنە. کاتێک لەم گەشتەدا دەگەیتەوەبەتەمەنی گەورەبون، دەبینیت حەزەوردیلەکانیشت گەورەدەبن، کەشتی سوراغکردن بۆفەزایەکی تر سەوڵ لێدەدات، جۆلانەکەی عیشقت بەرەو خۆرێکی نوێ هەڵدەکشێت و گزنگی ئاسۆش چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێیە.

لەم وێستگەیەدا دەگەڕێیتەوە بۆ زەمەنی یاخیبوون، بۆ زەمەنی تورەیی و پێداگری لە شوناس، بۆ زەمەنی وەستانەوە بەرامبەر ناهەقی و ستەم.

کاتێک شەوانی جارانت، ئەو ساتانەی‌کات لەجەزرەبەی ترس و مەرگ هەڵدەهات، دەیانکەیتەوە شەوچەرەی چیرۆکەکانی دەوری ئاگردان، کاتێک سەر لەنوێ وەک هاورێکەی یاخیبوون دەبیتەوە پاسەوانی قەڵاکەی و جارێکی تر بست بەبستی کێڵگەکەی دەکێڵیت و لە کۆڵان و شەقامە تاریکە هەڵچوەکانی مەملەکەتەکەی چراکانی ئومێد هەڵدەخەیت، کاتێک بۆ جارێکی تر وەک یەکەمجار سەرشکۆ ڕێت دەکەویتەوە خانوەقورە کۆنەکەی دایک و باوکت، کاتێک منداڵە چڵمنەکان، ئەشکەوت، تاشەبەرد، گوند، دار و جۆگەلە بەتەمەنەکانی کوردستان، وەک دەستەخوشکێک سرودەکانی نیشتمانت بۆ دەچرنەوە و کاتێک و ....کاتێک.... لەگەڵ ئەم زەمەنەدا دەڕۆیت و دەڕۆیت لەناکاو سەرقافڵەچی و تارماییە ڕەشەکانی نێو کاروان جێت دەهێڵن و لەیەکتر دوردەکەونەوە.

تۆش بەزەبری کات و ڕوداو لەکەنارێکی دور لەوان گیرساویتەوە، ماندو و بێ حەوسەڵە تامەزرۆی فێنکی شنەبا و تیشکی گزنگی ئەودیو باڵای کێویت.

کاتێک ئەم تاوە ڕێسراوانەی دەست و مەچەکی ساڵانێکی زۆری تەمەن بەخێرایی تیشک لە هەناوت دەئاڵێنەوە و وەک ڕەحیقی گوڵزاری سەرەتا شادەمارە شەکەتەکانی جەستەت ئاودار دەکەن، کاتێک وەک پەرییەکی ڕەنگاورەنگی ناسک، لەسەر باڵەکانی مەلێکی کۆچکەری بێناو دەتباتەوە کەشکەلانی ئاسمان و بۆ جارێکی تر بە ڕوبار و دەشت و کێوی تەمەن ئاشنات دەکاتەوە، ئەوسا لەو بەرزاییەدا خەڵوەت جێت دەهێڵێت، دەستەکانت بەردەدات، تۆش بەخەبەر دێیت و تێدەگەیت هەر هەمووی ئاواتێکە ڕێسراو لەتاڵە ناسکەکانی خۆشەویستی و وەفا و پەرۆشیت بۆ..... تۆش لەو بەرزاییە بێسنورەدا بەو جەستە پیربووە، بەو چاوەکزبووانە، بەو تەنیاییە، بەو بێئۆقرەییە ماندو لەم گەشتەبێ مەودایەدا، ناتوانیت... ناتوانیت... تا نەکەویت و هەپروون هەپروون نەبیت، ئەوسا ئەستێرە و مەل و ڕێگا و ڕوبار و درەختەکانیش تێدەگەن گەشتەکەی تۆ گەشتی نەسرەوتنە تا گەیشتن بەدوا وێستگە.

ڕۆژەردام: 2016-03-06

ئەم نوسینە بێ کۆتاییە و بەردەوام نوێی دەکەمەوە، نوێکراوەتەوە لە ١٤ ی ئەپریلی ٢٠١٩

# دەڕۆم وێڵم

## هۆنراوەیەکی جوانی هونەرمەندە خۆشەویستەکەی کوردستان

## کاکە حەمە جەزای هونەرمەند



یەکێک لەهۆنراوە جوانەکانی هونەرمەندە خۆشەویستەکەی کوردستان، کاکە حەمە جەزای هونەرمەند و پێشمەرگە یادت هەمیشە زیندوو.....
پێشکەشە بە هەموو ئازیزانم و شارە جوانەکەی سلێمانی.

وا من دەڕۆم ئەم هەوارە پڕ ئازارە بەجێ دێڵم
خۆم ئەزانم بەدوای عەشقی چارەنوسی کێدا وێڵم
دەڕۆم وێڵم جێتان دێڵم، ڕێی هات و نەهات ئەکێڵم
دەڕۆم بەرەو هەواری نوێ، هەواری عەشق و ئازادی
بێزارم لەم ژینە سەختە، دەچمە دنیای پڕ لەشادی
من ڕانایەم لەگەڵ ڕەوتی هەوارێکی چۆڵ و خاڵی
من نامەوێ لێم بشێوێ ڕەوشتی جوانی مناڵی
دەڕۆم بەرەو ئەو هەوارەی پڕ لەگوڵزارە و خەندەران
دەڕۆم بەرەو کانیاوی ڕوون، بندارە پیرەی ئەرخەوان
دەڕۆم بۆ ڕێی مان و نەمان ، پەیامی دڵ ئەنێرمەوە
دەڕۆم ژانی ئەم هەوارە بۆکوردستان ئەگێڕمەوە
دەڕۆمەوە هەوارەکەم کەبەهەشتی خوای جوانییە
دەچمەوە جێگەی باپیران ، قیبلەی من سلێمانییە
٢٠٠٢/١١/٢٣ هێرلیو _ دانیمارک


# خاکپۆشەکان

## ئازاد سەراوی




خاکپۆشەکان لە 12بەش پێکهاتووە ـ تایبەتە بە شۆڕشی نوێ لە شارباژێڕی سەخت 1976 ـ 1991 لە مەفرەزە سەرەتاییەکان تا هەرێمی 3 کەرتی 1 ی هەرێمی سێ ـ تیپی 37ی شارباژێڕ هەنگاو بەهەنگاو ـ تا مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال و ڕاپەڕین ـ خاکپۆشەکان سەرداوێ بۆ شەڕی سێ مانگەی ڕۆژهەڵات و هێزی پشتیوان و هەندێک بابەتی ئەدەبیش ـ خاکپۆشەکان تێکڕای داستان و نەبەردیەکانی هێزی پێشمەرگەی لە خۆگرتووە، کە تیپی 37 بەشداری تێداکردووە. خاکپۆشەکان، بەشێک لەسەر کاریگەری کۆمەڵە، هاندان و جۆشدان لە ئەدەبی بەرگری ئێزگە، لە تەتەرەوە بۆ جیهاز، زنجیرە پەخشانێک، کە 50 پەخشان لە خۆدەگرێت بۆ شەهیدانی شارباژێڕ، بە ناوی ون، ناوەکانی شۆڕشی نوێ، لەگەڵ کورتە مێژوویەکی چوارتا، سیوەیل، ماوەت، دروستبوونی تیپی 37 و چەند تەوەرێکی تر، لە خۆدەگرێت. بە کوردیەکی پاراوو زمانێکی ئەدەبی پاراو نوسراوە.

# "ئەنفال جینۆسایدی گەلێك"




هەندێ نهێنی :کێ ناوی (ئەنفال)ی دانا...؟ بە پێی ئیفادەکان سوڵتان هاشم– وەزیری بەرگری لەدادگای عێراقی ئاشکرای کرد، کە خۆی و (کامل ساجت عزیز – قائد الفیلق الاول) ئەو ناوەیان داهێنا. ژمارەی فەوجەکانی کورد نزیکەی 350 فەوج بووینە، تەنها 77 فەوج بەشداری ئەنفالەکانیان کرد کە لەرۆژنامەی (الثورة)ی رۆژی 1988/4/18 بلاوکرایەوە، بە پێی نوسراوی(قیادە فیلق الاول ژ:٧٠٤ لە ١٩٨٧/٦/٨ ئەرک ومافی ئەو فەوجانەی لە پرۆسەی ئەنفال وا دیاری کرابوو : (تقوم مجاميع المتطوعين وافواج الدفاع الوطني بمهمه اقتحام القرى المنوى ترحيلها وازالتها )، هەروەها لە بڕگەی 7ی نوسراوی (قيادە مكتب تنظيم الشمال) ژ: ٤٠٠٨ رۆژی ١٩٨٧/٦/٢٠ (يعتبر كل ما يحصل عليه مستشارو افواج الدفاع الوطني او مقاتلوهم يؤول اليهم مجانا ، ماعدا الاسلحه الثقيله و السانده و المتوسطه اما الاسلحه الخفيفه فتبقى لديهم و يتم اعلامنا باعداد هذه الاسلحه فقط).

مسعودعبدالخالق 2019/4/14

# کەسایەتییەکی دڵسۆز و خەمخۆری مێژوو، ئەرشیفێکی بەپێز، خاوەنی چەندین کتێب و نووسین، صدیق صاڵح ئەحمەد

کەسایەتییەکی دڵسۆز و خەمخۆری مێژوو، ئەرشیفێکی بەپێز، خاوەنی چەندین کتێب و نووسین، ماندوو نەناسانە لە چەند بوارێکدا کاردەکات بۆ خزمەتی نەتەوە و نیشتمانەکەی. ئەویش بەڕێز کاک سدیق ساڵح ئەحمەدە، کە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوەڕێی پاداشت نەبووە، سەرسەختانە لەگەڵ کۆمەڵێک دڵسۆزی تر بەردەوام کاردەکەن بۆ دروستکردنی گەنجینەی یادەوەرییەکی کوردی .

کاک سدیق، هەگبەکەی پڕە لە ڕاستی و دڵسۆزی. بە پێویستم زانی لێرەوە بە ئێوەی خوێنەری بناسێنم و کورتەیەک لە ژیانی ئەم پیاوە نموونەییە بڵاوبکەمەوە، کاک سدیق، ئەو خۆنەویستە بەهەڵوێستەیە کە تا ئێستا پلە و پایەی وەزیفەی نەویستووە و زانیویەتی دەتوانێ لە ڕێگەی نووسین و ڕۆشنبیرییەوە خزمەتی زیاتر بکا. ئەو لەگەڵ دڵسۆزانێکی وەک مامۆستا ڕەفیقی برای و ئاکۆ محەمەدوەهبی و چەندانی تر، خەریکی سازکردنی ئەرشیفێکی کوردییە بۆ ئێستا و پاشەڕۆژی کورد. ئەگەر جارێک بچیتە لای، هێندە زمان شیرینە و بە مەحەببەتەوە قسەت لەتەک دەکات و گوێت لێ دەگرێت، پێت خۆشە بەردەوام دەرفەتت هەبێ و بچیتەوە لای. لە هەمووی گرنگتر، کە هەستی کرد، وەک شایەتحاڵ ئاگاداری و زانیارییەکی باشت لەسەر ڕووداوەکانی ڕابوردوو هەن، پێت دەڵێ: کاکە، تووخوا ئەوە مێژوویەکی بایەخدارە، یا خۆت هەوڵبدە بینووسیتەوە، یان ڕێمان بدە بە دەنگ یا ڤیدیۆ تۆماری بکەین و وەک پارچەیەک لە مێژوو لای خۆمان بیپارێزین. هەتا لێی نزیک ببیتەوە، زیاتر لەخۆبوردوویی، خەمخۆری، پەرۆشی و شێلگیریی ئەم پیاوەت بۆ ڕووندەبێتەوە .

ژیاننامە : سدیق ساڵح ئەحمەد، ڕۆژی ١٩٥٧/١١/١٨ لە دێی گۆڕەدێمی قەزای شارباژێڕی پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. ١٩٦٣ خراوەتە قوتابخانەی سەرەتایی ئیبنموستەوفی لە هەولێر. ١٩٦٨، پاش خانەنشینبوونی باوکی، بە ماڵەوە گەڕاونەوە بۆ سلێمانی و چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی شێخ مەحموود. ١٩٧٠ لە ئامادەیی سەلاحەدین وەرگیراوە و بەشی زانستیی لێ تەواوکردووە. ١٩٧٧ لە کۆلیجی زانستی زانکۆی سلێمانی قبووڵکراوە و ١٩٨١ بەشی جیۆلۆجیی بە سەرکەوتوویی بڕیوە. ١٩٨٣ لە کارگەی چیمەنتۆی تاسڵووجە دامەزراوە و ئێستا کارمەندی بەڕێوەبەرێتیی گەشەپێدانی پیشەسازیی سلێمانییە .

کاک سدیق لە ١٩٧٠وە خولیای خوێندنەوەی لا پەیدابووە و بە شیعرنووسین دەستی پێ کردووە. بۆ یەکەم جار ١٩٧٤ شیعری لە یادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا لەسەر شانۆی ئامادەیی سەلاحەدین خوێندۆتەوە و ئیتر تا چۆتە زانکۆ، لە هەموو بۆنەیەکدا شیعری لە قوتابخانەکەی خوێندۆتەوە و ناسراوە. یەکەم شیعری ١٩٧٤ لە ڕۆژنامەی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوبۆتەوە. تا ١٩٩١ چەند شیعرێکی تری لە گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا بڵاوکردۆتەوە .



سەرکەوت فەتاح و صدیق صاڵح ئەحمەد

لە ١٩٨٠وە بۆ ماوەی بیست ساڵێک خۆبەخشانە هاوکاریی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفی کردووە، لە داڕشتنەوە و ئامادەکردنی هەموو کتێب و نووسینەکانی، چوونە ناوچە شوێنەوارییەکان و بیرەوەری تۆمارکردندا. پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، تا ١٩٩٧ خەریکی وەرگێڕان بووە، ٨ کتێب و نامیلکە و چەند بابەتی عەرەبی و دوو بابەتی سیاسیی ئینگلیزیی کردوون بە کوردی و بڵاوی کردوونەوە. لە سەرەتای ١٩٩٨دا بووەتە ئەندامی دەستەی باڵای 'ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان' لە سلێمانی، کە یەکەم هەوڵی دامەزراندنی ئەرشیف بووە لە کوردستان. تا ٢٠٠٤ لێی ماوەتەوە. هەر ئەو ساڵە لەگەڵ چەند خەمخۆرێکی تری سامانی کەلەپووری شارستانیی کورددا، 'بنکەی ژین'یان دامەزراندووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەنجومەنەکەی. لەپاڵ کارەکانی دیکەیدا لەم دەزگایە، سەرپەرشتی ئامادەکردنی لەچاپدراوەکانی بنکە و سەرۆکی نووسینی گۆڤاری ساڵانەی 'ژین'یشە، کە بە کوردی، عەرەبی و فارسی دەردەچی و تا ئێستا ٨ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە. لە سەرەتای ٢٠١٤وە بۆتە ئەندامی لیژنەی باڵای ئامادەکردنی 'ئینسکلۆپیدیای پارێزگای سلێمانی'، کە یۆنسکۆ سەرپەرشتیی دەکا. لە ٢٠١٧یشەوە ئەندامی 'لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا'یە .

کاک سدیق لە ١٩٨٩دا لەگەڵ ئاشتی خان –کە مامۆستای سەرەتاییە– خێزانی پێکەوەناوە و دوو کچ و کوڕێکیان هەیە. بڕوانە ل 5

# سدیق ساڵح ئەحمەد ژمارەی بەرهەمە چاپکراوەکانی 46 کتێبی مێژووییە، بە ساغکردنەوە و وەرگێڕان و ئامادەکردنەوە و بەشێکیان بە هاوبەشی ئامادەی کردوون.

پاشماوەی ل 4



کاک سدیق لە خێزانێکی هەژاری پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی و بەهای مرۆڤانەدا پەروەردەبووە کە لە دایک و باوک و دوو خوشک و شەش برا پێکهاتووە. بە مووچەی کەمی باوکیان، شەشیان زانکۆ و دوویان پەیمانگای تەواوکردووە و هەموویان خێزاندارن، هیوای تەمەندرێژی و لەشساغییان بۆ دەخوازم .

کاک سدیق لە ١٩٩٧ بەدواوە لێبڕاوە بۆ کارکردن لە بواری مێژوودا و بەشی زۆری کاتەکانی ژیانیی تەرخانکردووە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی بنکە و پرۆژەی نووسینەکانی خۆی.

ئەو، پێی وایە ڕۆشنبیری پەیامە و ڕۆشنبیری جیدی دەبێ درێغی نەکا لە گەیاندنی پەیامی ڕۆشنبیریی خۆی. بۆیە بەردەوام هەوڵدەدا شارەزایی و ئەزموونی کاری خۆی بگەیێنێتە ئەو کەس و لاو و قوتابی و خوێندکارانەی کە سەر لە بنکەی ژین دەدەن و کاتێکی زۆریان بۆ تەرخاندەکا. لەو ڕێیەوە هەرگیز کەمتەرخەمیی نەنواندووە و هەر کەسێک پێویستی بە یارمەتیی ئەو بێ، ئامادەی هاوکارییەتی، ئەو، هیچ منەتێک بەسەر کەسدا ناکا کە ئەم ڕێگە سەختەی خزمەتێکی گشتیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و زۆری تەمەنی خستۆتە پێناوی، هەرگیز چاوەڕوانی چاکە و پاداشتیش نەبووە و ئەمەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە .

لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، کەسێکی سادە و بێهەواوفیزی بەقەناعەتە. ئامادەنەبووە نووسین بکاتە قوربانیی وەزیفەی بەرز. ئەو بە هەموو دڵنیاییەکەوە، ئەوەندەی دوای لایەنی مەعنەویی ژیان کەوتووە، ئەوەندە لایەنە ماددییەکەی ڕاینەکێشاوە. پێی وایە کورد میللەتێکی لەخەمنەڕەخساوە و ئەرکەکانی مرۆڤی کورد زۆر و قورسن، لەبەرئەوە پێویست بە خزمەتی هەمووان هەیە و نابێ کات بە خۆڕایی بەفیڕۆبدرێ و لە بەرپرسی ڕابکەین و کۆڵبدەین .

ئەو –بە پلەی یەکەم– قەرزاری پەروەردەی دایک و باوکیەتی، یادیان بەخێر. دایکی، لەسەر بنچینەی تەماع "بیگری مشتێکە و بەریدەی دەشتێکە،" بە خۆشەویستی و وەفاداری و دڵپاکی و بێهەواوفیزی پەروەردەی کردوون. باوکیشی، سەرباری پێگەیاندنیان بە هەقبێژی و سەرڕاستی و بێتەماعی و ڕووکردنە خوێندن، ڕەنگی ئەم ڕێگەیەی بۆ ڕشتوون، کە ئێستا گرتوویانەتە بەر، تا لە ڕێی پرۆژەیەکی شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن. هاوکاتیش خۆی بە قەرزاری دڵسۆزیی مامۆستاکانی قوتابخانەی دەزانێت.

کاک سدیق ژمارەی بەرهەمە چاپکراوەکانی ٤٦ کتێبی مێژووییە، بە ساغکردنەوە و وەرگێڕان و ئامادەکردنەوە و بەشێکیان بە هاوبەشی ئامادەی کردوون. ٨ کتێبی سیاسیی وەرگێڕدراو و ٦٠ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و وتاری مێژوویی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک: کوردستانی نوێ، نیشتمان، برایەتی، هەزارمێرد، ئاینده، پەیڤین، گەلاوێژی نوێ، سلێمانی، ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەنووسان، ژین، ڕێبازی ئازادی، ئاڵای ئازادی، ئازادی، ..دا بڵاوکردۆتەوە. سەرباری پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانیی ١٠ کتێب. جگە لەوە، چەندین پرۆژەی دیکەی نووسینی هەیە، کە گرنگترینیان کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەرجەمی نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانی پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەوانە (جگە لە شیعر) و ئێستا لە دوا قۆناغی ئامادەکردندایە بۆ چاپ.

کاک سەردار فەتاح کە هاوڕێیەکی قۆناغی خوێندنی ناوەندییەتی لە ئامادەیی سەلاحەدین، گێڕایەوە، کە کاک سدیق لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا وەک شاعیرێک لە قوتابخانەکەدا ناسرا و لە بۆنەکاندا شیعری نەتەوەیی و نیشتمانیی دەخوێندەوە. یەکێک لەو شیعرانە کە قوتابیانی هاوڕێی لەبەریانبوو، ناونیشانی 'مووفەڕک'ی هەبوو، تا ئێستا لە یادەوریماندا ماوە. دەڵێ :

خۆشەویستیی خۆر مووفەڕکە و
تیلمەیەکی سەوزە، دایکم
لە گەردن و مەچەکی دەستما بۆی بەستووم
من بۆیە دڵم دەکەمە قردێلە و
دەیدەم لە قژی
تا لەگەڵ تاسەما بژی
لەگەڵ هەناسەما بژی.


جێی باسە، ئێستا دیوانێکی شیعری بڵاونەکراوەی دەستخەتی هەیە.

لە کۆتاییدا، هیوای لەشساغی و تەمەنی درێژ و ئاسوودەیی و بەرهەمی زیاتر بۆ کاک سدیق دەخوازم و سەرکەوتوو بێ دەستی ماندووبوونی ئەگوشم.

سەرکەوتی جیهاز

هۆڵەندە ٢٩–٥–٢٠١٨.

# جاشێك نەیهێشت نەخشەی ئەنفالی ١ پەکی بکەوێت



پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی (بەعس) هەندێ لە ئەندامانی (القیادە عامە للقوات المسلحە)، لەگەڵ چەند قائید فەیلەق و قائید فیرقەیەک، کە ئەبو نەخشەی هێرشەکە جێبەجێ بکەن، بۆ دارشتنی دوا دێرەکانی نەخشەی ئەنفال هاتنە ناوچەکە لە کاتی گەڕانەوەدا، لەسەر جادەی دوکان–سلێمانی بۆسەیەکیان بۆدانرا. جاشێک لە ڕەبیئەیەکی نزیک جادەکە بەڕاکردن ئەیانگاتێ و ئەڵێ : ٥٠ مخرب بۆسەیان بۆ داناون بگەڕێنەوە. کابرای ئەفسەر تا ئاگاداری کاروانەکە ئەکات بگەڕێنەوە، بەرایی هێزەکە ئەگاتە ناو بۆسەکە. چەند سەربازێ ئەکوژرێ و لۆریەکیان ئەگیرێ بەڵام کاروانەکە بەسەلامەتی بەر لەوەی بگاتە ناو بۆسەکە ئەگەڕێتەوە دواوە.

وەکو لەکاتی گفتوگۆکانی ٩١ دا لەبەغداد عقید رکن ولید، کە جاشەکە ئەمی وریا کردبۆوە و و دواتر وەکو فریق اول رکن نزار خزرجی لەسەفەرێکی لەندەنیدا بۆیان باسکردم ئەگەر بکەوتنایەتە ناو بۆسەکەوە، لەوانە بو نەخشەی ئەنفالی ١ بەکوشتنی ئەمانە بەتەواوی پەکی بکەوتایە.

نەوشیروان مستەفا خولانەوە لەناو بازنەدا
لاپەڕە ١٤٢
چاپی دووەم ١٩٩٩




# پاشماوەی نوسینەکەی سامان گەرمیانی.....بەشی دووەم
# بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و قەوقاس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک پاکیجن؟

بەڵام لە ئێستاداو وەکو بەشێک لەو هەوڵانەی دراوە بۆ کەمکردنەوەی ژەهراویبوونی ژینگە گازی سروشتی ئەم ڕۆڵە دەبینێت. جگە لەوەی ڕوسیا ئەم گرنگییەی گازی سروشتی بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا بەکارهێناوە، هەر ئەمەشە بۆتە هۆکارێک بۆ ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا وە لە کۆبونەوەی ناتۆدا لە بەرواری ١١-٧-٢٠١٨ دا دۆناڵد ترامپ ئەڵمانیای تۆمەتبار کرد کە کۆنترۆڵی وڵاتەکەی بە تەواوەتی داوەتە دەست ڕوسیا و بە حەیفی زانی کە ناتۆ پێویست بکات بیپارێزێت. جگە لەوەش یەکێتی ئەوروپا لە ئێستادا دوبەرەکی تێدا بەدی دەکرێت، بە دەرچوونی بەریتانیا لەو یەکێتییە و دروستبونی فراکسیۆنی جیاجیا تیایدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو یەکێتیە لاواز بووە. ئەندامانی وەکو ئیسپانیا، یۆنان، ئیتاڵیاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بونەتە زەختێکی زۆر بۆ سەر ئابوری یەکێتی ئەوروپا و هەندێکیان تەنانەت دوچاری قەیرانی قووڵی ئابوریش بونەتەوە. بەشێکیشیان جگە لە باری خراپی ئابوری بەدەست کێشەی وەکو نەبونی ژێرخانێکی بەهێزو زۆری گەندەڵیەوە دەناڵێنن، ئەمەش وای کردووە کە وڵاتانی ئەندام سیاسەتی تاکڕەوانەی خۆیان پەیڕەو بکەن لەبری سیاسەتێکی هاوبەش. ئەم لاوازبوونەی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەمریکای سەلماند کە پێویستە لەمەودوا بە سیاسەتێکی سەربەخۆو بەبێ ڕاوێژکردن بە ئەوروپا لەگەڵ ڕوسیا بگاتە دانوستان کە لە ئێستادا بە توندڕەوترین زلهێزی ناوچەکە هەژماردەکرێت لە بوارەکانی بازاڕی ئازاد و تاکی ئازاد کە ئایدۆلۆژیای بنەڕەتی ڕۆژئاوایە. بە شێوەیەکی گشتی ئەمریکاو ئەوروپا هەوڵی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕوسیا دەدەن ئەمەش لە ڕێگای گرێبەست و ڕێککەوتنی نوێوە وە لێرەدایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاس ئەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن. لای ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا ڕوونە کە دەسەڵاتیان بەسەر قەوقاستدا نەماوە بەهۆی جوگرافیای ستراتیژی ڕوسیاو سیاسەتی نوێی تورکیا بۆیە دەیانەوێت تەرکیزی زیاتر بخەنە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم بوارەدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دوورخستنەوەی ڕوسیا دەدەن لە ئێران کە بە بۆچونی ڕۆژئاوا بە یەکێک لە گەورەترین مەترسیەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە بوارەکانی ئابوری و نەوت و گازو پاراستنی ئیسرائیل و هتد.. هەربۆیە ئەمریکا دەیەوێت ئێران ناچار بکات کە خۆی بات بەدەستەوە یاخود بە تەواوەتی بیروخێنێت و بەو شێوەیەش ناوچەیەکی ستراتیژی فراوان لە نێوان ئێران و میسر دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هاوپەیمانانی. ئەمەش دەبێتە ڕێگایەکی نوێ بەرەو ڕۆژئاواو ڕێگرییەک دەبێت لە زیاتر گەشەسەندنی دەسەڵاتی ڕوسیا. لە هەمان کاتدا ئەمریکا دەستبەرداری قەوقاس و تورکیا بووە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگای بۆ ڕوسیا خۆشکردووە کە دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیەدا فروان بکات. لە بەرامبەریشدا ڕوسیا پیشانیداوە کە ئامادەیە خۆی لە ئێران دووربخاتەوە کە ئەمەش بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت کاتێک لە بەرامبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەکانی ئێران لە سوریا بێدەنگی هەڵبژاردووە. ئامانجی ڕوسیا دوورخستنەوەی ئێرانە لە سووریا بەڵام ئەیەوێت لە پێشاندا وەکو کارتێک بۆ دانوسان لەگەڵ ئەمریکادا بەکاریبهێنێت . ئایا ئەمریکاو ڕوسیا لە داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی دەسەڵاتەکانیندا دەتوانن چی ببەخشنە یەکتر؟ ئەمریکا ئەتوانێت دەستبەرداری پشتیوانییەکانی ببێت بۆ قەوقاس و چاوپۆشی لە داگیرکاری ڕوسیا بکات لە ئۆکرانیا. لە هەمانکاتیشدا دەستبەرداری پشگیرییەکانی حوکمەتەکەی بێت بۆ تورکیا وە پشتگیری بکات لە حوکمەتەکەی ئەسەد تا جارێکی تر سوریا متمانە بەدەستبێنێتەوە لە جامیعەی عەرەبیدا. ئەوەی کە لە ئەجێندای ڕوسیاشدایە ئەوەیە کە دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات لە تورکیاو قەوقاسدا، متمانە بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد دروستبکاتەوە لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا وە هەروەها جۆرە قبوڵکردنێک وەرگرێت لەلایەن ئەمریکاوە بۆ داگیرکارییەکەی لە ئۆکرانیادا. ئەوەی کە ڕوسیاش لە بەرامبەردا ئەتوانێت بیبەخشێتە ئەمریکا، دەستبەرداربوونێتی لەئێران. وەکو دەبینرێت ئەم دوو زلهێزە ئەتوانن بگەنە ڕێکەوتنی نوێ کە لە بەرژەوەندی هەردوولایاندا بێت. وە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ڕۆڵی کورد وە هەڵوێستی ئێران و تورکیا چی دەبێت لە بەرامبەر ئەم ئەگەرە نوێیانەدا؟ کە لە بەشی سێهەمدا باسی لێوە دەکەین.

# بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و قەوقاس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک پاکیجن؟

## سامان گەرمیانی.....بەشی دووەم



وەکو لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمپێدا بەشێکی بەرچاوی سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان بەندە بە باری ئابورییانەوە. لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەم تیشک بخەمە سەر وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بە گشتی و ڕوسیا بە تایبەتی چونکە سیاسەتی ئەوان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست.

بارودۆخی ئێستای ئابوری ڕوسیا: داهاتی سەرەکی ڕوسیا بریتیە لە نەوت و گازی سروشتی کە لە هەمانکاتدا بۆتە چەکێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردی وڵاتانی دەوروبەری. ئەم داهاتەش لە ٣٠٪ ی داهاتی ڕوسیا و لە ٥٠٪ ی بودجەی گشتی ڕوسیا پێکدێنێ. لە ٧٠٪ ی بازاڕی ڕوسیاش لە ڕێگای حوکمەتەوە قۆرغکراوە و نەبونی بازاڕی ئازادو ڕکابەری تیایدا بۆتە هۆکارێک کە بە ئاستەم دەتوانرێت گەشە بە بازاڕەکە بدرێت وە هەربۆیە تەرکیزی تەواو خراوەتە سەر بواری ووزە (نەوت و گازی سروشتی) پۆتین دڵنیایە لەوەی کە ئەم کۆنترۆڵکردنەی بازاڕی وڵاتەکەی زەرەر لە گەشەو بەرەوپێشچونی بازاڕەکە دەدات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوورە لەسەر لەدەستنەدانی ئەم کۆنترۆڵە لە پێناو پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا. سێکتەرێکی تر کە پۆتین زۆر بایەخی پێ دەدات چەکە، کە لە ئێستادا بە بڕی پانزە ملیار دۆلار فرۆشیاری هەیە لە ساڵێکدا و ئەم ژمارەیەش ڕووی لە زیادبوونە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕوسیا ئەزموونێکی درێژی لە بواری چەک دروستکردندا هەیە توانراوە لە سەردەمی پۆتیندا هێندەی تر پەرەی پێبدرێت و بگاتە ئاستێک کە دەتوانرێت ڕکابەری چەکی ڕۆژئاوای پێ بکرێت. بێگومان ئەم پەرەپێدانەش بێ مەبەست نییە، پۆتین دەیەوێت لە ڕێگەی فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی تر دەسەڵات لەو وڵاتانەدا پەیدا بکات. لە هەمانکاتدا ببێتە پاڵپشتێک بۆ ئەو وڵاتانەی کە پێویستیان بە چەکە چ بۆ خۆپاراستن بەرامبەر هێزی ڕۆژئاوا بۆ نموونە سوریا، ڕژێمی ڕوخاوی عێراق، ئێران هتد.. یاخود بۆ پارێزگاری کردن لە خاکەکەیان لە بەرامبەر هێزی دەرەکی وەکو ئەوەی کە لە چین و هیندستان ڕوودەدات.


ڕوسیا هەوڵیداوە لە ڕێگای نمایشی هێزی سەربازی و بەژداری کردن لە جەنگدا بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی چەکەکانی گەرم بکات. لێرەشدا سوریا وەکو نموونەیەکی زیندوو بەرچاودەکەوێت کاتێک توانی بە پاڵپشتی سەربازی لە لایەن ڕوسیاوە بە چەکی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت کە دەرئەنجام پێگەی دبلۆماسی و سیاسی ڕوسیا پتەوتر بوو لە جیهانداو لە هەمانکاتیشدا ناردنی مەسیجێک بوو بۆ جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کە ڕوسیا ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە نایانەوێت بکەونە ژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوا. کەواتە ئەتوانین بڵێین کە بایەخدان و گەشەپێدانی ڕوسیا بە هەردوو سێکتەری ووزەو چەک ئەم وڵاتەیان کردۆتە زلهێز و یارمەتیدەربوون بۆ فراونکردنی سنوورەکانی و بەدەستهێنانی هێزی زیاتر لە جیهاندا. هەردوو سێکتەری ووزەو چەک ئەم وڵاتەیان کردۆتە زلهێز و یارمەتیدەربوون بۆ فراونکردنی سنوورەکانی و بەدەستهێنانی هێزی زیاتر لە جیهاندا. ئامانجی ڕوسیا چییە؟ ئاشکرایە کە هەموو هەوڵێک ئامانجێکی لەپشتەوەیە، ئەو ئامانجانەی کە ڕوسیاش دەیەوێت لە ڕێگای هەوڵەکانییەوە پێیبگات زۆرن بەڵام دیارترینیان فراوان کردنی سنوورەکانێتی بەرەو ئەوروپاو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی لە بوارە جیاجیاکاندا بەسەر ناوچەی قەوقاس (جۆرجیا، ئازەربایجان، ئەرمێنیا) و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا (ئۆکرانیا، بەلکان) کە ڕێگای سەرەکین بۆ ئەم مەبەستە. ئەم فراونبوونەش بەتایبەتی لەو ناوچانەدا سەرکەوتوو بووە کە پێشتر ڕوسیا لە سەردەمی یەکێتی سۆڤێتدا دەسەڵاتی بەسەردا هەبووە چونکە بوونی زمان و کولتووری هاوبەش لە نێوانیاندا زیاتر لێکنزیکبونەوەی دروست کردووە.

مەبەستی سەرەکیش لە تەوقکردنی ئەوروپا بەم شێوەیە نانەوەی دووبەرەکییە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپاداو هەروەها ناچارکردنی ئەوروپایە بە کڕینی گازی سروشتی لە ڕوسیا کە ئەمەش وا لە ئەوروپا ئەکات کە زیاتر وابەستە بێت بە ڕوسیاوە. ئەو بۆریە گازانەی کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێن بریتین لە خەتی یامال، نۆرد ستریم، خەتی ئۆکراین وە هەروەها هێڵێکی نوێ (TAP) کە ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایەو بەقەوقاس و تورکیادا تێدەپەڕێت. لە سەرەتادا مەبەستی ئەوروپا لە هێڵی TAP ئەوەبوو کە کەمتر ببەسترێتەوە بە گازی سروشتی ڕوسیاوە بەڵام ڕوسیا ئەم هەلەی زیرەکانە بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستەوەو توانی ببێتە بەشێک لەو پرۆژەیەش. ڕوسیا بەهێزبوونی خۆی لە ناوچەکانی قەوقاس و سوریا وە ناچارکردنی ڕۆژئاوا بە کشانەوەی سیاسی لەو ناوچانەداو دۆخی نوێی نێوان ڕوسیاو تورکیا (بە تایبەتی بە هۆی ئەو هەڵەیەی کە تورکیا کردی بەرامبەر بە ڕوسیا بە خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕوسی کە تورکیای ناچاری جۆرە تەسلیمبونێک کرد بەرامبەر بە ڕوسیا) هەموو ئەمانەی وەکو کارتی فشار بەرامبەر بە تورکیا کارهێنا تا بتوانێت شەراکەتی خۆی لە هێڵی TAP مسۆگەر بکات. سەرەڕای ئەمەش ڕوسیا توانیوێتی تورکیا ناچاربکات بە واژووکردنی گرێبەستی کڕینی چەکی S400 کە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم پەیوەندییە نوێیەی ڕوسیاو تورکیاش گرنگی ناوچەی قەوقاس و تورکیای زیاتر کردووە بۆ ڕوسیا. بێگومان ئەم هەلەش لەلایەن تورکیاوە قۆزراوەتەوە لە کاتێکدا کە ئەم وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گۆشەگیر کراوە لە لایەن ئەوروپاو ئەمریکاوە بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سوپاکەیان بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی ئۆردوگانەوە کە ئەیەوێت وەکو سەرکردەی نوێی ئیخوان موسلمین ڕۆڵ ببینێت. بەدەرلەوەش زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا بە تایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا تورکیایان قبوڵ نییە وەکو ئەندامێکی ئەو یەکێتییە، چونکە پێیان وایە کە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەسەندنی ئیسلام لە ئەوروپادا بەو پێیەی کە تورکیا دەتوانێت بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی ببێتە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری کورسیەکانی ئەو پەرلەمانە. بۆیە تورکیا ناچارە کە بە پێی توانا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕوسیادا پتەو بکات.

ڕوسیا لە نێوان هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر و ئەو ئاستەنگییانەی دێنە پێشی! گازی سروشتی لە ئێستادا بەهێزترین چەکی ڕوسیایە بەرامبەر ڕۆژئاوا، جگە لەوەی سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی ئابورییە بە سەرچاوەیەکی گرنگتری دەسەڵاتیش دائەنرێت بۆ ئەو وڵاتە. ڕوسیا دڵنیایە لەوەی کە ئابوری ئەوروپا بە تەواوەتی هەرەس دەهێنێت ئەگەر بێتو بورییەکانی گواستنەوەی گاز دابخرێن چونکە لە ڕابردوودا کاربۆن و نەوت لە ئەوروپاو چین وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی ووزە بەکاردەهات لە کارگەکاندا.

بڕوانە ل 6

## هەرجارەی هونەرمەندێکی پێشمەرگە



**مامۆستا دلێر ئیبراهیم محەمەد**

لەساڵی 1982 بووە بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کاک ئاراسی برای لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا تیپی مۆسیقای شەهیدکارزانیان دامەزراندبوو، ئەمیش بووە ئەندام لەو تیپە و دوایی بوو بەرپرسی تیپەکە، لەو تیپەدا چوار شریتیان دەرکرد و ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 1984 یشیان لە سورداش کرد، هەروەها فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجەیان لە شاری سەقز کرد، لەو تیپەدا ئامێری بێزگیتاری لێداوە و ئاوازی داناوەو پێشەکی بۆ بەرهەمەکان داناوە. لەکاتی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ شوانی کەریم کاباندا چوار ژمارە هۆرەیان دەرکردووە، جگە لەوەی کتێبێکی بە ناوی (تیوری مۆسیقا) نوسیوە و لە ساڵی 1990 چاپکراوە، هەروەها کتێبێکیشی بۆ منداڵان نووسیوە بە ناوی(نانەبەرە). کاتێ لە دیوی ئێران بوو بەدرێژایی حەوت ساڵ، لە ساڵی 1983 تا ساڵی 1990 لێپرسراوی کۆمیتەی شاخی هونەرمەندان بوو، لە ساڵی 1990 لە سەقز لەلای برا هونەرمەندەکانی شاخ پێشنیاری کرد، فیستیڤاڵێک لەژێر ناوی فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە بکەن، کە مۆسیقا، شانۆ و هونەری شێوەکاری لەخۆی بگرێت، لەپێشدا تەنیا ئاراسی برای لەگەڵیدا هاتەپێش و ئامادەیی خۆی دەربڕی، وردە وردە زۆربەی برادەران هاتنە ڕیزو بەشدار بوون، لەو فستیڤاڵەدا کۆراڵی داستانی هەڵەبجە، کە لە ئاواز و دابەشکردنی ئەم بوو لەگەڵ زۆر بەرهەمی تردا پێشکەش کران. لەساڵی 1990 ەوە چۆتە سوید و ساڵی 2003 گەڕاوەتەوە کوردستان. ساڵی 2012 خەڵاتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگرتووە.

دلێر ئیبراهیم محەمەد لەدایکبووی ساڵی 1951 شاری سلێمانی گەڕەکی کانێسکانە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی گۆیژە و جمهوری، کە دەکاتە نەورۆزی ئێستا تەواوکردووە. ناوەندی لە سەلاحەدین تەواوکردووە. خانەی مامۆستایانم لە سلێمانی لە ساڵەکانی تەواوکردووە، ساڵی 1969–1968 لە دێکۆنی بەری گڵەزەردە مامۆستابووە، بۆ ماوەی ساڵێک براوە بۆ خزمەتی سەربازی و ماوەی یەک ساڵ و نیو لە کەرکوک لە مەرکەز تەدریب و دوایی لە بەغا لە سریەی تەموین و نەقڵ سەربازبووە. لە ساڵی 1973 لە دێی مەرگە بووم بە مامۆستا. لە ساڵی 1973 وەکو ئەندام لە تیپی مۆسیقای سلێمانی وەرگیرام دوای ماوەیەک بووم بە ئەندامی هەیئەی ئیداری و لیژنەی هونەری تیپ لەساڵی 1974 لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بووم بە پێشمەرگە وەکوئەندامی تیپی مۆسیقای شۆڕش و دوای هەڵبژاردن لەهەمان ساڵدا بووم بە دەستەی بەڕێوەبەر و ئەندامی لیژنەی هونەری. لەساڵی 1975 دوای پەیماننامەی شومی جەزایر، گەڕامەوە سلێمانی و بووم بە مامۆستای سروود لە قوتابخانەی شێخ مەحمود و مەڵکەندی و دەباشان. لە مابەینی ساڵەکانی 1973 تا 1982 لەم تیپانەداکارم کردووە : تیپی مۆسیقای سلێمانی تیپی چالاکی قوتابخانەکان تیپی زانکۆ لەساڵی 1976 هەستاوم بە کردنەوەی دەورەی فێربوونی مۆسیقا بۆ قوتابیە بەتواناکانی ئەو قوتابخانانەی کارم تێدا کردووە، دەرئەنجامی ئەو هەوڵانە تیپی مۆسیقای منالانی قوتابخانەی شێخ مەحمود درووست بوو، ئەندامانی ئەم تیپە لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای نەورۆز کە مامۆستا عوسمان محمد ئەمین بەڕێوەی دەبرد تیپی مۆسیقای منالانی سلێمانیان پێکهێنا کە بۆ ماوەی دووساڵ لەسەر یەک، پلەی یەکەمی عێراقیان بەدەست هێنا لە فیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانەکانی سەتاسەری پارێزگاکانی عێراقدا، تیپی مۆسیقای منالانی سلێمانی لە رووی ئیداریەوە سەر بە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی بوولە ژێر سەرپەرشتیاری من وکاک عوسماندا. تیپی مۆسیقای منالانی شێخ مەحمود لەساڵی 1976 لە نوسین و ئاوازی من ئۆپەرێتی ]ئاهەنگی شوان [ یان پێشکەش کردو پلەی دووەمیان لەسەر ئاستی سلێمانی بەدەست هێنا. تیپی مۆسیقای منداڵانی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابییە بە تواناکانی هاوڕێیان بەرهەمێکی شانۆییان لەو فیستیڤاڵانەدا، لە ساڵی 1977 دا پێشکەشکرد ،لە نوسینی سمکۆ ناکام و دەرهێنانی عوسمان چێوار و دانان و پرۆڤەکردنی مۆسیقاکە مامۆستا دلێر خۆی ئامادەی کردووە، لەهەمان ساڵدا پلەی یەکەمی عێراقی بەدەست هێناوە، ئەم شانۆگەریە کە ناوی بەیتی ڕێزانکێ بوو، لە پێشدا لەدەرهێنانی کەمال سابیر بوو، لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، بۆیە کاتێ هەڵبژێردرا ببرێت بۆ سەر ئاستی عێراق بۆ پێشبڕکێ، برادەرانی چالاکی قوتابخانەکان لە پێناو پتەوکردن و چاککردنی ئەو بەرهەمە، پێیان باش بوو دەرهێنەرەکە بگۆڕن و ئەوەبوو لەئەنجامدا عوسمان چێوار بەو کارەی گرتە ئەستۆ، مامۆستا دلێرلە تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەم کارانەی ئەنجامداو : پێشەکی و دابەشکردن بۆ گۆرانی عوسمان عەلی بەناوی: ببم بە قوربان لار و لەنجەکەی. دانانی ئاواز و دابەشکردن و هۆنراوەی ئەسعەد قەرەداخی و ڤیان. دابەشکردنی پارچە مۆسیقایەکی مامۆستا ولیەم لە ژێر ناوی (نەورۆز) لە بەغا پێشکەشکرا. دانانی پێشەکی بۆ گۆرانی من دووروتۆدووری کەریم کابان و چیمەن. ئاواز و دابەشکردن و ئامادەکردنی هۆ کچێ دەمەڕۆ بۆ عەبدولقادر حەسەن. ئاواز و ئامادەکردنی بەرهەمێک،کە هۆنراوەی مامۆستا هێمن بە ناوی (ناڵەی جودایی)، بۆ یەکەمجار عەدنان کەریم گوتی و تۆمارمان کرد، دوایی بە هۆی کێشەی بەینی کاک عەدنان و تیپی سلێمانی بەداخەوە ئەو بەرهەمە سەرنگوون کرا و درا بە کاک حەسەن گەرمیانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تەسجیل کرا، بە ناوی کاک خالید سەرکارەوە بڵاوبۆوە، چونکە ئەو کات ئەم پێشمەرگەبووە و نەکراوە ناوی مامۆستا دلێری لەسەربێت.

ئامادەکردنی گۆرانیەکانی ناو شانۆگەریەکی تیپی پێشڕەو هونەرمەند عەدنان کەریم گوتویەتی. دروست کردنی تیپی میللی منداڵان لە ساڵی 1976 دا، ناوەکانیان: کارزان عومەر ساز، یادگار رەئوف سەنتور، ڕێبوار عیسا تەپڵ، رەحیم باڵەبان و خالید گۆرانیبێژ.

یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهان)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

# یادنامە

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە
ژمارە 4 15.Mei. 2019 15 مایسی 2019

# یەکی ئایار لە ڕۆژی بەدەستهێنانی مافەوە بۆ یادی لە دایک بوون، هێندەی سەرمایەدارەکان لەم ڕۆژەدا باسی مافی کرێکاران دەکەن، هێندە کرێکاران خۆیان زۆر بە پەرۆشەوە نین بۆی...!

یادنامە

## یەکی ئایار لە ڕۆژی بەدەستهێنانی مافەوە بۆ یادی لە دایک بوون و هێلەک زەردەکانی فەڕەنسا

یەکی ئایار ئەو ڕۆژەیە لە سایەی زەمەنی پیشەسازی و ناکۆکی چینایەتیدا هاتە بوون، ئەگەرچی دواجار ئەم ماف و ئەم ڕۆژە لە سایەی بلۆکی کۆمۆنیستیدا تەواو بووە، بەرژەوەندخوازی نوخبەکەی دەستەڵاتداری خۆسەپێن، کە ئیتر لە بلۆک بەندی و پێشکەوتنی دنیای سەرمایەداری، وەک سیستەمێکی باڵادەستی جیهانی کرێکار وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بێ ماف بووە کارتی دەستی ناکۆکیەکان، دوای قۆناغی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنی کارگەکانی وەبەرهێنان ئەم چینەش تەواو کەم بووەوە، هەرچەند وەک ماف لەڕووی سیستەمی حکومڕانیەوە مافەکانیان تا ئاستێک وەدەست هاتووە، بەڵام بە هۆی بەرژەوەندی نوخبەی دەستەڵاتدار و زیندوکردنەوەی بیری ناسیونالیزمی مافەکانی ئەم چینە لە دنیادا، لەو دیوو نوسراوەکانەوە و لەسەر ئەرزی واقیع هیچ نییە، جگە لە گاڵتەجاڕی بەم بۆنەیە، ئەم بۆنەیە کە دەبێت وەک پێداگری لەسەر مافی کرێکارانی جیهان بێت، دەگۆڕێت بۆ بۆنەیەک زیاتر لە بۆنەی لە دایک بوون دەچێت، هێندەی سەرمایەدارەکان لەم ڕۆژەدا باسی مافی کرێکاران دەکەن، هێندە کرێکاران خۆیان زۆر بە پەرۆشەوە نین بۆی، ئەگەرچی سەندیکا پیشەوەرییەکان، تا ئاستێک ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە گوشار دروستکردندا، وەک هێلەک زەردەکانی فەرەنسا و هۆڵەندا و وڵاتانی تر، بەڵام دواجار ئەم بۆنەیە زیاتر لە بۆنەی لەدایک بوون دەچێت، تا لە بۆنەیەک بێت، کار بۆ مافەکانی کرێکاران بکرێت و ڕابەرایەتیەک دروست بکرێت، کە بتوانێت بیری تەسکی ناسونالیم و فاشیزم و سەرمایەداری ببڕێت. لە هەرێمی خۆشماندا بە پێچەوانەی هێلەک زەردەکانەوە زۆنی زەرد و سەوز هەیە، کرێکاران نەک هیچ بۆ مافەکانیان ناکرێت، بەڵکو چینەکانی تریش بوون بە کرێکاری سەوز و زەرد.

YADNAMA

## هەڵوێست و پەیمانی هاوڕێیەتی و نهێنی پاراستن

### سەرکەوتی جیهاز

پرۆسەی سیاسی لە باشوردا بەدەر نەبووە، لە تێکەڵییەک بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بە جۆرێک بووە بە کلتور، کە زیاتر لە پەیوەندی هاوڕێیایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش بە پێی پەیمانێکی هاوڕێیەتی دۆسیەی هەڵوێست و پاراستنی نهێنی و بەتایبەتی تر ئازادییە کەسیەکان بووە، خۆ ئەگەر ئەمە بووبێت بە کلتور، ئەوا دوو هاوڕێ یان دوو کەس لە وێستگەیەکی ژیاندا پێکەوە کاریان کردبێت و دواتر لە وێستگەیەکی تردا جیاواز بووبن لە ئاڕاستەی بیردا، ئەوا هاوڕێیەتی و پاراستنی نهێنی و هەندێ ئازادی کەسی، وەک ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوە پاراستنی هەندێ کاری تایبەت بووە بە نەریت و ئەخلاقێکی بەرز لە نێوان دوو هاوڕێدا. لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئاساییە لە ناو حیزبێک کار بکەیت و دواتر پێت وابێت، ئەم حیزبە لەگەڵ دنیا بینی سیاسی تۆدا ناگونجێت و ئاڕاستەکە بگۆڕیت، بەڵام بە هەمان پیودانگی هاوڕێیەتی پاراستنی نهێنی و هەڵوێست وەرگرتن لە بەهای بەرزی هاوڕێیەتی دەبێتە بنچینەی بەرزی ئەخلاقی بەرامبەرەکەت، واتا ململانێ و جیاوازی بۆچوون لەلایەک واریدە و پاراستنی هەندی نهێنی تایبەت و کەسی هەڵوێستە نابێت ون ببێت، وەک کاک نەوشیروان بە ڕوونی ئاماژە دەدات بە نهێنی کاری پیشەیی، هەر بۆیە دەمەوێت بڵیم من بە درێژایی خەباتم لەگەڵ هاوڕێکانم و بەتایبەت تر نزیکیم لە دوو سەرکردەی دیاری شۆڕش و پێشمەرگایەتی بەڕێزان کۆچکردووان (مام جەلال و کاک نەوشیروان)، سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان و جیابونەوەیان، بەو سیفەتەی عەدەد جیهازی هەردووکیان بووم، بەشدار بووم لە دەیان کۆبونەوەی نهێنی و ئاشکرا لەگەڵیاندا، تا ئەم چرکە ساتەش وشەیەک لە دەمی من نە هاتۆتەدەر، بەو مانایەنا، کەدەمی خۆمم گرتووە و چاوم نوقاندووە لە ڕاستیەکان، قسەم هەبووە لە شوێنی گونجاوی خۆی، پەروەردە و ڕەوشتی سیاسی ڕێی پێنەداوم بۆ خۆدەرخستن هاوڕێکانم بشکێنم، دەکرێت ئەوەی هەمە وەک مێژوو، بیرەوەری بینووسمەوە، جگە لەمە هەر قسەیەکی تر، هەر برادەرێک بیکات بەدەربێت لەم پرنسیپانە، یان بازنەی ئەم پیودانگانە ببڕێت، جگە لە خۆکوشتن ناکاتە هیچی تر.

# ملازم عومەر پیاوی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی کوردایەتی، خۆشەویستی خەڵك و پێشمەرگە. بەو پەری دڵسۆزی ئەرکی نیشتمانی خۆی جێبەجێ کرد، یەکێکە لەو سەرکردانەی کە بە پاکی مایەوە...

بەشی سێ یەم...

سەرکەوتی جیهاز

ئەمڕۆ باسی تێکۆشەرێکی دێرینی قاڵبووی کوردەواری و سەرکردەیەکی ناوداری کورد دەکەین، کە زیاد لە نیو سەدە لە خەبات و بەرخودان، تا ئەم چرکە ساتە، بەوپەری پاکی و جوانی ماوەتەوە، ئەویش پێشمەرگە و سەرکردە کاک عومەر عەبدوڵلایە، کە ناسراوە بە ملازم عومەر، بەڕێزیان لە سەرەتای شەستەکانەوە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەستی پێکردوە و پاشان لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا هەرەسی شۆڕش پێشمەرگە بووە، بە پلەی سەرلق، لە دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا، لە پێشمەرگەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە، دەست پێدەکات، بەهۆی ئازایەتی و بە توانایی و قارەمانێتیەوە، هەموو پلەکانی خەبات و تێکۆشان دەبڕێت، هەتا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەرچەند باس لە ئازایەتی و قارەمانێتی ملازم عومەر بکەین، کۆتایی نایەت لە زۆربەی شەڕکاندا لە دژی داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە دەستەی هەڵمەت بەربووە و سەرپەرشتی زوربەی شەڕەکانی کوردستانی کردووە. لە ڕاپەریندا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، بە تایبەتی لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا، هەرگیز خۆی لە پێشمەرگە جیانەکردۆتەوە و خۆشەویستی هەمووان بووە. کاک ملازم عومەر هاوڕێیەکی نزیکی خوالێخۆشبووان مام جەلال و کاک نەوشیروان بووە، هەمیشە بڕیاردەر بوون پێکەوە بۆ ئەرکە چارەنووسسازەکانی ناو ی.ن.ک و ناوچەکە، پێمخۆشە وەک وەفایەک لێرەوە کورتەیەک لە ژیان و بیرەوەرییەکی خۆشی بگێڕمەوە.

عومەر عەبدوڵا محەمەد ناسراو بە ملازم عومەر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی سەربازی لە بەغداد تەواو کردووە، لە بەشی تۆپخانە (مدرسە مدفعیە) خوێندۆتی و هەر لە بەغا تەواوی کردووە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتر لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان درێژەی بە خەباتی داوە، نزیکەی ٤ ساڵ لە سوپای عێراقدا بە پلەی مولازم لە بەشی تۆپخانە کاری کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ ەوە هەتا هەرەسی شۆڕش، لە شۆڕشی ئەیلولدا بە پلەی سەرلق کاری پێشمەرگایەتی کردووە، لە دوای هەرەس پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بۆتە ئەندامی کۆمەڵە و هەمان ساڵ بۆتە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ساڵی ١٩٧٦ لە سەرەتای دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە ی ی.ن.ک و کۆمەڵە لە دوای شەهید بوونی عەلی عەسکەری بۆتە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و لەهەمان کاتدا بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و (ی.ن.ک)، پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە دوای ڕاپەرینیش بۆتە کارگێری مەکتەبی سیاسی، ماوەی سێ ساڵیش لە حکومەتی ئیدارەی سلێمانی، وەک وەزیر و جێگری سەرۆک وەزیران کاری کردووە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ ەوە بە خواستی خۆی، وازی لە کاری سیاسی هێناوە و دەستی لە کارکێشاوەتەوە. من و زوربەی هاوڕێیان یادەوەری زۆری خۆش و ناخۆشی خەباتی شاخمان لەگەڵ کاک عومەر هەبووە، ئەو سەرەڕای لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵام وەک هاوڕێ و برابوو، بۆ ئێمە جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی هەمیشە حەزی بە نوکتە و قسەی خۆش بوو. خێزانەکەی ملازم عومەر ناوی دڵارامی شێخ جەناب بوو، ساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووە و شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیر باپیریەتی؛ ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەوە لە پەیمانگای ئیدارەی سلێمانی. ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە شاخ و هاوسەرگیری لەگەڵ ملازم عومەر دەکات، ساڵی ١٩٨٤ کوڕێکیان دەبێت بە ناوی بەیار. دڵارامی دایکی بەیار ساڵی ١٩٨٩ بە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن کۆچی دوایی دەکات. دوای ئەوە ملازم عومەر کە مەسئولی مەکتەبی عەسکەری دەبێت و بەهۆی سەرقاڵی بە کاری



پێشمەرگایەتیەوە ناتوانێت بەیار بەخێوبکات. بۆیە دەینێرێتە لای ماڵی ڕووناکی خوشکی، کە هاوسەرەکەی ناوی کاک جەماله و ئەندازیار دەبێت و نەقڵی تکریت دەکرێت، بەیار لای ئەوان بە ناسنامەی ساختەوە دەمێنێتەوە تا ڕاپەڕین. هەروەها لەبەرئەوەی منداڵ دەبێت و بۆ ئەوەی توشی کێشە و گرتن نەبێت پێی دەڵێن، کە پوری و مێردی پوری دایک و باوکین. دوای ڕاپەڕین پێی دەڵێن کە دایکی نەماوە و کەسێکی تر باوکیەتی بە ناوی ملازم عومەر. دوای ئەوە بەیار هەمو قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستان تەواو دەکات؛ خوێندنی زانکۆ لە کۆلیجی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی لە زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات. دوای ئەوە دەچێتە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لەوێ بڕوانامەی ماستەر بەدەست دەهێنێت لە پلانسازی شار و هەرێمەکاندا و دواتر دێتەوە کوردستان و کتێبێک دەنوسێت بە ناوی ناعەدالەتی جوگرافی، کە تیایدا باسی ئەو زوڵمانە دەکات، کە حکومەتی هەرێم و پارتی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕینیان کردووە. ئێستاش ئەندامی خۆبەخشی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانە.

زوربەمان یادگاری و بیرەوەری خۆش و ناخۆش و چالاکی پێشمەرگانەمان زۆرە لە گەڵ کاک عومەر. من لێرەدا یادگاری و بە سەرهاتێکی خۆش دەگێڕمەوە. سەری ساڵی ١٩٨٩ بوو لە قاسمەڕەش، کە چەند مقەڕێکی لێ بوو، لەوانە ماڵی هەردوو سەرکردەی کۆچکردوو مام جەلال و کاک نەوشیروان، ئیدارەی مەکتەبی سیاسی و جیهاز و چەند مقەڕێکی تر. وا ڕێکەوتین لەگەڵ هاوڕێیانی ژووری جیهاز، کە من بچم بۆ گوندی کانی زەرد، کە نزیک بوو لە قاسمەڕەش قەلێک بکرم بۆ سەری ساڵ، قەلێکی گەورەم دەستکەوت، بەڵام زەحمەت بوو بردنەوەی بۆیە کوڕی ماڵەکە گوتی من دەچمەوە بۆ قاسمەڕەش، بەم ئەسپەوە سوار بەو بیخە بەردەمت گوتم نا تۆ سواری وڵاخەکە بەو بیخە بەردەمت، چونکە برادەران تەعلیقم لێ دەدەن توشی موشکیلەم مەکە، گوتی کەواتە تا سەرەتای قاسمەڕەش سواربە و لەوی دابەزە، قەناعەتی بە من هێنا.(قاسمەڕەش بە هۆی مقەڕەکانی سەرکردایەتی ی.ن.ک ئاخر نوقتەی سنوری کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات بوو، بە هۆی ئەو قەرەباڵغیەوە خەڵکی ناوچەکە دوکان و چایخانە و چێشتخانەیان تیا کردبۆوە). کە گەیشتمە بەردەم قاسمەڕەش لە ئەسپەکە دابەزیم و توند باوەشم بە قەلەکەدا کردبوو. مقەڕی ئێمە لە سەروی هەموویانەوە بوو، ڕێگاکەشی کەمێ هەوراز بوو، قەلەکەش قورس بوو چەمابوومەوە بە سەریدا، نزیک مقەڕی مەکتەبی سیاسی بوومەوە، کاک ملازم عومەر و پێشمەرگەیەک وەستا بوون، سەیری منی دەکرد و قاقای لێ دەدا و ئەی کێشا بەڕانیدا لەو مەسافەیەدا دەچووە ژوورەکان و دەهاتە دەرەوە، کاتێکم زانی بەرهەیوانی مەکتەبی سیاسی پڕ بوون لە برادەرانی سەرکردایەتی و کۆمەڵێک پێشمەرگە، هەموویان پێ دەکەنین منیش حەپەسا بووم، لە بەردەمیاندا وەستام و گوتم کاک عومەر چی یە و بەچی پێ دەکەنن گوتی ئێوە سەیری سەرکەوت کەن بەم شێوەیەی، کە باوەشی کردووە بە قەلەکەدا لە چی دەچێ هەریەکەو قسەیەکی کرد، دوایی کاک ملازم عومەر گوتی ئەگەر لەم کاتەدا تەیارە قەسفمان بکات شەهید و بریندارمان دەبێت، سەرکەوت خۆی ئەدا بە سەر قەلەکەدا دەڵێت خۆشم شەهید بم، قەینا بەس قەلەکە هیچی لێ نەیەت هەموو دایانە قاقای پێکەنین بە خۆشمەوە دەستی کرد ملم و گوتی هەر بۆ خۆشیم بوو دڵت هیچ نەکات، پێم خۆش بوو گەر بۆ ساتێکیش بێت خەندە بخەمە سەر لێوانتان، لێرەوە ڕێز و خۆشەویستیم بۆ کاک ملازم عومەر پیاوی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی کوردایەتی سەرکردەیەکی ناوداری مەردایەتی خۆشەویستی خەڵک و پێشمەرگە کە بەو پەری دڵسۆزی ئەرکی نیشتمانی خۆی جێبەجێ کرد و یەکێکە لەو سەرکردانەی کە بە پاکی مایەوە لە کوێدا ئەرکەکەی تەواو بوو، دەستی لە کار کێشایەوە.

# کاکەشین، دیووە جوانەکەی پێشمەرگایەتی...!

## د.کامەران مەنتک




بەهۆی سیاسەتی سەرکرادایەتی حیزبەکانی باشور، ڕۆژانە حیکایەتێکی ڕەفتارەقێزەون و دزێوەکانی پێشمەرگەمان گوێ لێدەبێت، لەقۆناغی ئەوەی پێی دەڵێن خەباتی شاخ. جێگای داخە بەشێکی زۆری ئەو حیکایەتانە ڕاستن. زۆرینەی ئەو بەرپرسانەی لەو قۆناغەسەختەدا مانەوەو قۆناغی شاریان بینی و بینیمان چۆن هەموو پیرۆزییەکانی کوردستانیان بێ بەهاو چرووک کرد، لەشاخیش هەمان مەعدەن بوون، وەلێ زوڵم و زۆرەکانی ڕژێمی بەغدا، جۆرەپەردەیەکی بۆ دروست کردبوون، کەڕاستەقینەیان بەدیارنەکەوێت، یاخود ئەگەر بەدیاریش کەوێت، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی لەلایەن خەڵکە دڵسۆزەکەوە دیزەبەدەرخونە بکرێت و بشاردرێتەوە. ئەگەر هەوڵی ئاشکراکردنیشی درابێت، ئەوا ئەو بەرپرسانە بەجەولەیەک ئەو کەسەی ڕەخنەی هەبووە لەگەڵ خەڵکی تریان ناردۆتە ناوشارەکان وەکو خۆیان پێیان دەگووت بۆ چالاکی، جا لەڕێگای بەعسەوە بەگرتنیان دەداو دواتر بەکوشتنیان دەدا، یاخود پیاوە نزیکەکانی خۆیان ڕادەسپارد لەڕێگا لەشوێنێکدا دەیانکوشت و لەناویان دەبرد!!!

ئەم جۆرە نموونانە لەناو هەموو حیزبەکانی باشور زۆرە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم ئەمە نییە، بەڵکو ئەو مرۆڤە جوان و لەخۆبووردوانەیە، کە بەدڵسۆزانە بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەیان چووبوونە دەرەوە و ببوونە پێشمەرگە. ئەو دیووە جوانەی پێشمەرگایەتی، بەهەمان شێوە لەناو هەموو حیزبەکان بەدیدەکرێت. بەداخەوە گێڕانەوەی بەتەنیا حیکایەتە ناشرینەکانی ئەوەی پێی دەڵێن کوردایەتی، زیانی بە خەڵکانیکی دڵسۆزی زۆر گەیاندووە، ئەمانە دوو جار بوونەتە قوربانی، لەلایەک لەپێناو خزمەتکردنی میللەتەکەیان ژیانی خۆیان لەسەر داناوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی کارە دزێوەکانی مرۆڤە دزێوەکانیش، ئەو قوربانیدانەشیان بێبەها کراوە. ئەمە بابەتێکە نابێت پێنووسی کوردی فەرامۆشی بکات. یەکێک لەو کەسانە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، کاکەشینە، کاکەشین پێشمەرگەی (هەرێمی 9) باڵەکایەتی حزبی سوسیالیسی کوردستان (حسک) بوو، لەدوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە ببووە پێشمەرگە. کەسێکی سادە و نەخوێندەوار بوو، بەڵام مرۆڤێکی بەئەزموون و خۆڕاگر بوو. پێشمەرگەیەکی خۆشەویست بوو، نەک بەتەنیا لای برادەرەکانی، بەڵکو لای حزبەکانی تریش. هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا بوون خۆشیان دەویست و گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد.

زۆر جاران تووڕەیان دەکرد. کەتووڕەش دەبوو هەرچیەکی بکردایە و بگوتبایە لێیان قبوڵ دەکرد. خێراش ئاشت دەبووە و هیچی لەبەردڵ نەدەما. جارێکیان لە بناری چیایەک جگەرەیەک بەنیشانە دادەنێن نیشانەی لێدەگرن، کەئەو نیشانە دەگرێت پێی دەڵێن تۆ لە چیایەکەی پشتیشت نەدا! بەم شێوەیە تووڕەیان دەکرد. کاکەشین خۆی جارێکیان بۆی گێڕامەوە، کەچۆن لەناو ڕەشماڵەکانی بناری هەڵگورد تووشی هەلیکۆپتەرێک دەبێت و بەچ زەحمەتیەک خۆی دەرباز دەکات!. خاڵێکی گرنگ و دیاری کاکەشین، ئەوە بوو کەسێکی زۆر ڕاستگۆ بوو،

زۆر باوەڕی بەپرەنسیەکانی خۆی هەبوو، هەرگیز نەیدەزانی درۆکردن چییە، ئەگەر سوێندی بە کوردستان و بەخوێنی شەهیدان بخواردایە، ئیدی تەواو، ئەنجامەکەی هەرچی بوایە لای گرنگ نەبوو، ئەوەی لای گرنگ بوو، ئەوەبوو تەنیا سوێندەکەی نەشکێنێت. کاتێک پرۆسەی ئەنفال دەگاتە ناوچەکەی ئەوان، کاکەشین لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی هاوڕێی ڕێگای دەربازبوون و چوون بەرەو سنوورەکانی لێدەگیرێت. بۆیە ماوەیەک لەناوچەکە دەمێنێتەوە، پاشان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر، شەهید نادر هەنارەیی، پێدەچێت لەسەر پێشنیاری شەهید نادریش بووبێت، چونکە ئەو خۆی خەڵکی گوندی هەنارەبووە. دەچنەگوندی هەنارە. ماوەیەک دەمێننەوە. پاشان لەلایەن سیخوڕێکەوە خەبەریان لێدەدرێت و هەردووکیان دەگیرێن. بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن، دەڵێن ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ ئەوەی خۆمان تەسلیم بکەینەوە، دیارە ئەو کاتە لێبوردنێکی گشتیش لەئارادا بووا!. دوای لێدان و ئازارێکی زۆر، جگە لەمەهیچی تر نادرکێنن. پاشان لە ڕێگای سیخورەکانیانەوە، وەک هەندێک دەڵێن لەڕێگای موختارێکەوە، دەزانرێت، کەکاکەشین ئامادەنییە بەدرۆ سوێند بەکوردستان و بەخوێنی شەهیدان بخوات. بەڕێوەبەری ئەمن بانگی دەکات و پێی دەڵێت باشە من دەزانم ئێوە هاتوونەتەوە خۆتان تەسلیم بکەنەوە، بەڵام یەک پرسیارت لێدەکەم، وەڵامم بدەوە دوای ئەوە ئازادت دەکەین. ئێمە باوەڕت پێدەکەین هاتوویتەوە تەسلیم ببیەوە، بەڵام بڵێ بەکوردستان بەخوێنی شەهیدان هاتوومەوە تەسلیم ببمەوە؟ کاتێک ئەو پرسیارەی لێدەکەن کاکەشین دۆش دادەمێنیت و ماوەیەک بێدەنگ دەبێت، دوای ئەوەی پرسیارەکەی لێ دووبارە دەکەنەوە، لەوەڵامدا دڕ بەبێدەنگیە کەدەداو دەڵێت نەخێر من پێشمەرگەم و نەهاتوومەتەوە خۆم تەسلیم بکەمەوە. دۆخەکە چۆن بووە وا باس دەکات و دەگێڕێتەوە. وەک باس دەکرێت مدیر ئەمنەکە خۆی باوەڕی بەگوێچکەی خۆی نەکردووەو زۆر سەرسام بووە بەبوونی کەسانی وا لەناو ئەوەی پێی دەگوترا شۆڕش. دوای ئەوە کاکەشین و هاوڕێکەی نادر هەنارەیی، کەئەویش گەنجێکی لاوازی هەژاری ڕوح سووک بوو، لەسێدارە دەدرێن. کاکەشین نموونەی سەدان و هەزاران کەسی دڵسۆزە، کە ڕاستگۆیانە بوونە پێشمەرگە، هەموو شتێکی خۆیان پێشکەش وڵات و نیشتمانەکەیان کرد، ئامادە نەبوون بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری بیروباوەڕەکەی خۆیان ببن. بۆیە ناکرێت بەهۆی ناپاک دەرچوون و خیانەتی بەناو سەرکردەکان، کە بەشێکی زۆریان لە ژێرەوە فایلدار بوون و دەستیان لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوچەکە تێکەڵ کردبوو، کاکەشینەکان فەرامۆش بکرێن. ناشرینی و دزێوی ئەوان نابێت ببێتە هۆی شاردنەوەی جوانی و پاکی کاکەشینەکان، دەبێت نموونەی (کاکەشینەکان)یش بێنە ناومێژووی کوردو فەرامۆش نەکرێن، دەبێت کاکەشینەکان-یش ببنەبابەتی شیعرو چیرۆک و ڕۆمانەکان، دەبێت چیرۆکی کاکەشینەکان بۆ نەوە نوێیەکان بگێڕدرێتەوە و منداڵەکانی پێگۆش بکرێت، نەک بەتەنیا چیرۆکی خیانەت و دزیکردن و داوێنپیسی و خۆفرۆشی، ئەوانەی وڵاتیان فرۆشت و بەردەوامیش دەیفرۆشن.

# کورتەیەکی مێژووی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، چۆن ئەم دادگایە دروست کرا..؟

## ئەو تاوانانەی، کە ئەم دادگایە، دەستەڵاتی قەزایی بەسەردا هەیە..؟

فەرهاد مارف

لەم بەشەدا دەمەوێت باس لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەم.

پێشەکی کورتەیەک لەسەر مێژوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی باسکەم، چۆن ئەم دادگایە دروست کرا..؟ ئەو تاوانانەی کە ئەم دادگایە دەسەڵاتی قەزایی بەسەردا هەیە. لە ڕاستیدا دوو دادگای نێودەوڵەتی هەن ئەوانیش؛ یەکەم، دادگای دادوەری نێودەوڵەتی، کە یەکێکە لە شەش دەزگاکەی نەتەوە یەکگرتووەکان. دووەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کە سەربەخۆیە. لە خوارەوە باسی دەکەم کە چۆن کار دەکات..؟ مرۆڤ لە هەمو گۆشەیەکی ئەم جیهانە هەمیشە هەوڵ دەدات میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆئەوەی نەهێڵێت تاوانی ترسناک ئەنجام بدرێت لە دژی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لە کاتی جەنگدا. گەر تاوانیش ڕوویدا ئەوا تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنرێت. ئەمە تەنها لە ڕێگەی دادگاوە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، چونکە تەنها دادگا یان دادوەر دەتوانی بڕیار بدات، چ کردارێک یاساییە و چیتریش نا یاساییە، یان کێ تاوانبارە کێ بێتاوانە..؟ لەو بارەیەشەوە داواکاری گشتی دادگای نۆرەمبێرگ گوتوویەتی:(ئاشتی دەستەبەر ناکرێت بەبێ دادپەروەری، دادپەروەیش دەستەبەر ناکرێت بەبی یاسا، یاساش هیچ مانایەکی نییە بەبی دادگا بۆئەوەی بڕیار بدات، کە چ کردارێک یاساییە و چیش نایاساییە). یەکەمین دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوان لەساڵی (١٤٧٤) زاینیدا دامەزراوە، کە (پیتەر ڤۆن هاجینباج) تیادا دادگایی کرا، لە سەر ئەو تاوانانەی، کە لە کاتی داگیرکردنی (بریساجدا ئەنجام دران. دوای گەشەکردنی یاساکانی شەڕ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، بیرۆکەی دادگای کردنی ئەو کەسانەش، کە تاوان دژی مرۆڤ ئەنجام دەدەن. ئەو کەسەی کە ڕەشنوسی یەکەمین دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی داڕشت، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی خاچی سور، ڕەشنووسەکە دەربارەی ئەوکەسانە بوو، کە ڕێککەوتنامەی جنێفی ساڵی (١٨٦٤) پێشێل دەکرد. لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا (دادگای دادوەری نێودەوڵەتی) دامەزرێنرا، بەڵام ئەم دادگایە کاری تاوتوێکردنی کێشەی نێوان وڵاتانە، بەرپرسیاریتی دەخاتە سەر وڵاتان (دەوڵەتان)، ناتوانێ هیچ تاوانبارێکی جەنگ دادگایی بکات. واتە وەک دادگایەکی سڤل وایە. لەو کاتەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرێندرا باوەڕیان وابوو، کە دادگایەکی هەمیشەیی بۆ تاوانەکانی جەنگ پێویستە.

پاش هەردو دادگای تۆکیۆو نۆرمبیرگ لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، پاش (٥٧) ساڵ لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها (١٠) ساڵ پاش تەواو بوونی شەڕی سارد خەونی دادگایەکی هەمیشەیی بۆ تاوان بوو بەڕاست. کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەم دادگایە، لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە دەستی پێکرد، واتە هاوکات لەگەڵ ڕوخاندنی دیواری بەرلین. لە کاتیکدا یاساکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لەلایەن دەستەی یاسای نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕەزامەندی لەسەر وەردەگیرا. هەندیک کەس لە ئەوروپادا داوایان دەکرد، کە سەدامی دیکتاتۆر و سەرکردەکانی تری ڕژیمی بەعس لە ڕێگەی ئەم دادگاییەوە دادگایی بکرێن، لە سەر ئەو تاوانانەی لە دوای جەنگی کەنداو ساڵی (١٩٩١) ئەنجامیاندا، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردی نەیانتوانی سوود لەو بارودۆخە وەربگرن. دامەزراندنی دادگایەکی لەمجۆرە کارێکی ئاسان نەبوو، لە بەر جیاوازی کەلتوری، بەرژەوەندی نیشتمانی هەر دەوڵەتێک، بیروباوەڕی ئاینی، بۆ نموونە لە هەندێک وڵات کوشتنی ژنان بە تاوان ئەژمار ناکرێت، بەڵکو بە ئاسانی تاوانبار دەتوانێ خۆی لێ دەربازبکات، بە بیانووی پاکردنەوەی شەرەف. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا چەند ڕێکەوتننامەیەک لە سەر یاسای جەنگ مۆرکرا لە نێوان دەوڵەتاندا، بۆ ئەوەی کە کاتێک جەنگ ڕوودەدات، کەمێک لە کارەساتە ترسناکەکانی کەم بکرێتەوە لە سەر لایەنە شەڕکەرەکان، هاوڵاتیانی سڤیل، بەڵام هیچ کام لەو ڕێکەوتننامانە بەرپرسیارێتی نەدەخستە سەر سەرکردەکان تەنها بەرپرسیاریتی دەخستە سەر وڵاتان (دەوڵەتان).



لە سەدەی بیستدا سەدان جەنگ ڕوویدا، هەندێکیان جەنگی بەینی وڵاتان بوو، هەندێکیشیان لە ناوخۆی وڵاتاندا بوون، بۆ نموونە جەنگی قڕکردنی نەتەوەکەمان، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا. لەو جەنگەدا ملیونەها مرۆڤ کوژران لە سەرباز و هاوڵاتیان، زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. مرۆڤ لەمافی مرۆڤایەتی خۆی داماڵرا، موڵک و سامانیان زەوت کرا، یان لەناوبران، کەرامەتی مرۆڤەکان شکێنرا. ئەم هەموو تاوانانە کە ئەنجامدران بەرانبەر بە مرۆڤ لە هەمان کاتیشتدا، تاوانباران وەک بەرزەکی بانان بەبێ سزا بۆی دەرچوون، چونکە دادگایەکی بە هێزی وا نەبوو، تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنێت. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەیەوێت کۆتایی بەو بێ یاساییە بهێنێ و چیتر تاوانباران بە بێ سزا نەمێننەوە. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە (١٩٩٨/٧/١٧) دامەزرا بەپێی دەستورنامەی ڕۆما، بەڵام لە (٢٠٠٢/٧/١) کەوتە کار، کە (٦٠) دەوڵەت ئیمزای بوون بە ئەندامیان کرد. کاری ئەم دادگایە، دادگایکردن، سزادانی ئەو کەسانەیە، کە ترسناکترین تاوان ئەنجام دەدەن دژی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن. ئەم دادگایە بەشێوەیەک دامەزرێنراوە، ئەو تاوانبارانە ڕادەکێشنە بەردەم دادگا، کە خۆیان لە چاوی یاسا حەشارداوە، یان یاسای وڵاتەکەی خۆیان ناتوانێت سزایان بدات، یان وڵاتەکەیان نایەوێت سزایان بدات، بۆ نموونە سودان. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کار لەسەر ترسناکترین تاوان دەکات، کە بە فەرمانی سەرکردە تاوانبارەکان ئەنجام دەدرێت، لەوانە جێنۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی شەڕەنگێزی. تاوانی جێنۆساید دوو بنچینەی هەیە: یەکەم عنصری مێشک، مانای پیلاندانان بۆ تێکدانی هەموی یان بەشێک لە نەتەوەیەک، ڕەگەزێک، ئاینێک. دوهەم عنصری فیزیایی، کە بریتییە لە (٥) هەنگاو، کوشتنی کۆمەڵێک لە گرۆپێک؛ ئازاردانی جەستەیی یان ئەقڵی کۆمەڵێک لە گروپێک؛ گۆڕینی شێوەی ژیانی گروپێک یان لە ناوبردنی بە گشتی یان بەشێک لێی؛ قەدەغەکردنی لەدایکبوونی لە گروپێکدا؛ بەزۆر گوێزانەوەی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

بڕوانە ل 5

# دادگاکە، گرنگیەکی تەواو دەدات بە دادوەری نێودەوڵەتی، مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی یاسا لە جیهاندا. ئەم دادگایە دەتوانێت گۆڕانکارییەکی گەورە ئەنجامبدات لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.....

پاشماوەی ل 4 نوسینی: فەرهاد مارف

تاوانێک ئەو مەرجانەی لە خۆگرتبێت بە جێنۆساید ناوزەند دەکرێت، بۆ نموونە (ئەنفال، هۆلۆکۆست). تاوان دژی مرۆڤایەتی بریتییە لە کردارێکی بەربڵاو، یان هێرشێکی سستەماتیک لە دژی هاوڵاتیانی سڤیل، وەک کوشتن، فەوتاندن، لاقەکردن، نۆکەری پێکردنی جنسی، بەزۆر بێسەروشوێنکردنی کەسێک، تاوانی ئاپەرتایند. تاوانی جەنگ بریتییە لە پێشێلکردنی بڕیارنامەی جنێفساڵی ١٩٤٩ و شکاندنی یاساکانی جەنگ لە کاتی شەڕی نێوان وڵاتان، یان لەناوخۆی وڵاتدا. شەڕەنگێزی، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هێشتا پێناسەی تاوانی شەڕەنگێزی نەکردووە.

## دەسەڵاتی قەزائی و چۆنێتی کارکردنی ئەم دادگایە؟

دەسەڵاتی قەزائی ئەم دادگایە، دەتوانێ لە کەیسێک بکۆڵێتەوە، کە لەدوای دامەزراندی ڕوویدات، واتە لە کەیسێک ناکۆڵێتەوە، کە پێش دامەزراندنی ڕووی داوە. هەروەها کاتێک وڵاتێک دەبێت بەئەندام، لەو ڕۆژەوە، کە بووە بە ئەندام دادگاکە دەتوانێت دەسەڵاتی یاسایی هەبێت بەسەریدا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە گەر کوردستان بوو بە وڵاتیکی سەربەخۆ، لە ٢٠١٩/١٢/١ کوردستان بوو بە ئەندام لەم دادگایەدا ئەوا ئەو کەیسانەی پێش ئەم مێژوە ڕوویان داوە لێکۆڵینەوەی تیادا ناکرێت، بەڵام هەر تاوانێک لە چوارچێوەی دەسەڵاتی قەزائی ئەم دادگایەدا لەدوای ٢٠١٩/١٢/١ڕوویدات دەتواندرێت بنێردرێت بۆ ئەم دادگایە.

## ئەم دادگایە بە ٣ شیوە دەتوانرێت کەیسی بۆ ڕەوانە بکرێت:

١ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دەتوانێت، کەیسی بۆ ڕەوانە بکات، بەبێ گوێدانە لە پلەی تاوانبار، شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە، ڕەگەزنامە (جنسیە)ی تاوانبارەکە. بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەنجومەنی ئاسایش پێیدراوە، لە بڕگەی ٧ لە پەیڕەو پڕۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان.

٢– داواکاری گشتی دادگاکە دەتوانێت، کەیس ڕەوانەی دادگاکە بکات بەپێی دەسەڵاتی خۆی، یان بەپێی خواستی خۆی دەتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن دەستپێبکات لەسەر کەیسێک.

٣– وڵاتانی ئەندام لەم دادگایەدا دەتوانن کەیس ڕەوانەی ئەم دادگایە بکەن، گەر تاوانبار هاوڵاتی ئەو وڵاتەبێ، کە ئەندامە لەم دادگایەدا یان تاوانەکە لەسەر خاکی یەکێک لەو وڵاتانەی، کە ئەندامن لەم دادگایە ئەنجام درابێت. دوای ئەوە کە زانیاری لەسەر تاوانێکی دیاریکراو دەگاتە دەستی داواکاری گشتی، ئەو داوای ڕەزامەندی لە دادگا دەکات (پری– ترایەڵ چەیمبەر) بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە. داواکاری گشتی زانیاری لە زۆر شوێنەوە دەست دەکەوێت لەوانە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان. دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، بەڵگەی وادەست دەکەوت کە کەسی مودان بەڕاستی جۆرێک لە تاوانی کردووە، کە لەدەسەڵاتی قەزائی دادگاکەدایە، دادگا (پری– ترایەڵ چەیمبەر) فەرمانی دەستگیرکردنی مودان دەردەکات. دوای دەستگیرکردنی کەسی مودان دەستدەکرێت بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، پاش تەواوبونی لێکۆڵینەوە، دادگا دەست دەکات بە دادگایکردنی. گەر تاوان [تاوانەکان] بەسەر مودانداا ئیسپات بوو، ئینجا کەیسەکە دەنێرێت بۆ (ترایەڵ چەیمبەر)، کە پێکهاتوە لە سێ دادوەر. ترایەڵ چەیمبەر بەرپرسە لە شێوەی دادگایکردنی تاوانباران، بۆنموونە خێرایی دادگایکردنەکەی، پاراستنی مافی تاوانبارە لەکاتی دادگایی کردنەکەیدا.

تاوانبار دەتوانێت داوای پارێزەر بکات. دوای تەواوبوونی دادگایکردنی مودان، ترایەڵ چەیمبەر بڕیار لەسەر تاوانباری یان بێتاوانی مودان دەدات. ئەگەر مودان تاوانبار بوو، ئەوا بەپێی تاوانەکەی سزادەدرێت، سزادان تەنها زیندانی کردنە، گەورەترین سزا زیندانی هەتاهەتاییە. ترایەڵ چەیمبەر لەوانەیە قەرەبووی قوربانیەکان بکاتەوە. دوای دادگایکردنی مودان و سەپاندنی سزا بەسەریدا، داواکاری گشتی، دەوڵەتی کەسی مودان یان تاوانبار، قوربانیەکان، مودان یان تاوانبار خۆی لەوانەیە ئیستئنافی حوکمەکە بکەن لە دادگای ئیستئناف، کە پێکهاتووە لە پێنج دادوەر. بە گۆڕین یان نە گۆڕینی حوکمەکە بڕیاری کۆتاییە.

چۆن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی خزمەتی مرۆڤ دەکات؟

دادگاکە، گرنگیەکی تەواو دەدات بە دادوەری نێودەوڵەتی، مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی یاسا لە جیهاندا. ئەم دادگایە دەتوانێت گۆڕانکارییەکی گەورە ئەنجامبدات لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. لە توانایدایە تەمێی ئەو کەسانە بکات، کە بیر لە تاوانی جەنگ دەکەنەوە لە ئایندەدا، هەروەها کۆتایی بەبێ یاسایی بهێنرێت لە جیهاندا، دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هەرێمایەتیەکان، کۆمەڵێک کاری دیکە لە دو خاڵدا دەتوانین کۆیان بکەینەوە.

١ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەوڵدەدات بەها بنچینەییە نێودەوڵەتیەکان زیاتر ڕوونبن، لە ڕێگەی دانانی میکانیزمێکەوە کە هەموو ئەو کەسانە تاوان دەکەن، ڕاکێشرێنە بەردەمی دادپەروەری و ئەم دادگایە دادگاییان بکات. لە دو حاڵەتدا؛ یەکەم، گەر یاسای وڵاتەکەیان نەتوانێت سزایان بدات، دوەهەم، گەر یاسای وڵاتەکەیان نەیەوێت سزایان بدات. لە ڕابووردوودا لۆردەکانی جەنگ، دیکتاتۆرەکان بە ئارەزووی خۆیان دەیانتوانی تاوانەکانی لاقەکردن، جەنگ، هەموجۆرە پێشێکارییەکی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام بدەن، کەسیش نەبوو لێیان بپرسێتەوە، زۆرێک لەو تاوانانە دژی نەتەوەکەشمان ئەنجامدراوون. بەڵام دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە تواناپایەتی، کە سەرۆکی وڵات، وەزیر، ئەندامی پەڕلەمان، سەرکردەکانی سوپا ڕاکێشی دادگا بکات، گەر یەکێک لەو تاوانانەی ئەنجام دابێت کە یاسای ئەم دادگایە دەسەڵاتی قەزائی هەیە بەسەریدا، گەر ئەو کەسە هەڵبژێدراویش بێت لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەیەوە.

٢ وڵاتانی جیهان جیاوازیان هەیە لە کەلتور، سیستەمی ئابوری، بارودۆخی سیاسیدا. بێگومان ئەمە وای کردووە ببێتە هۆی جیاواز بنەماکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر. کارێکی زۆر سەختە گەر داوا بکەی هەمو جیهان وەک یەک ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ بکات و ملکەچبن بۆ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لە کاتێکدا ئەو جاڕنامەیە بۆ هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەیە بەبێ جیاوازی. هەموو مرۆڤێک لەسەر ئەم زەمینە دەبێت خاوەنی مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی خۆی بێت، لەوانە هێندەی خواردن دەستکەوێت، کە بەباشی ژیان کات، شوێنکی ئارامی هەبێت کە تیایدا بەسەربەرزی بژی، ئازادی تاکەکەسی پارێزراوبێت، ئازادی بیروڕای ڕامیاری پارێزراو بێت ...هتد. دادگای تاوانی نیودەوڵەتی ئەوکەسانە سزادەدات، کە ئەو مافە سەرەتاییانەی مرۆڤ پێشێل دەکەن. هەروەها هەنگاوێکی دیکەیە بۆ برەودان بە مافی مرۆڤ.

# سێ وتاری پیرەمێرد سەبارەت بە شارباژێر.......سدیق ساڵح




ئەم سێ وتارەی بەهەشتی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، هەڵبژێردراوی وتار و نووسینە ڕۆژنامەنووسییەکانی ئەو زاتەن، کە سێچوار ساڵە سەرجەمیم کۆکردووەتەوە و ئامادەم کردوون و کارەکەیش لە دوایین قۆناغدایە. هیوایە ئەمساڵ بە تەواوبوون بگا و بخرێتە ژێر چاپ.

**مەرکەزی شارباژێر**

شارباژێر، قەضایەکە لەودیو ئەم شاخی گۆیژە و ئەزمڕی ژوور سەرمان دەستپێدەکا، تا حدوودی شاخی سوورکێوی پشتی شیوەکەڵ بە درێژی ئەڕوا. پانیشی هێشتا لەسەر هیچ حدوودێ نەبڕاوەتەوە. بە بیرەوەریی من، لە باسکەدرێژی ناوێنی گەرەدێ و تا ئاوی کەڵوێ و پردی تەیێت بوو. ئێستا ناحیەی سرۆچکی خراوەتە سەر. دەستەڕاستی زیادی کردووە، دەستەچەپی ئالانی لێبابڕاوە. ئەم قەضایە لە سێصەد ساڵ لەمەوپێش ئیدریس بتلیسی بە تەلبیس کوردستانی خستە ژێر ئیدارەی عوثمانی‌یەوە، ئەم چەندانە کە بووە بە خاکی عیراق، ناوی ڕەسمیی شەهربازاڕ بووە ناتۆرەی، دەنگی گێتی خۆی نییە، مەرکەزیشی لە هیچ دێیەک تەمەرکوزی نەکردووە، وەک پشیلەی چاونەپشکوتوو دایکی حەوت ماڵی ئەگێڕێ، ئەویش هەیئەتی قەضای حەوت دێگەڕاوە، ئێستا چوارتایە، بەڵام لە ناچارییە، لە ترسا خۆیان کوتاوەتە بن‌دەستی شارەوە، تەنانەت کە من لە شارباژێڕ مەئموور بووم، مەرکەزمان سیتەک بوو. هاوار و بانگمان لە سەری هەڕووتەوە ئەگەیشتە شار. جارێکیان زۆری نەمابوو وەک گەرەدێ ئەو دیویەوە تاڵانمان بکەن و بمانسووتێنن. بەراکەت دا، لە شارەوە "قادرئاغای حاجی مەحموودئاغا" فریاکەوت، بە بلووکی عەسکەرەوە هات، نەیهێشت لەشکری بەرزنجە بێنە ناوی. سوورەی سەیید ئەحمەد سەمین لە کانیی بناویلە سەیید طەهای شێخ سمایلی بەرزنجەی کوشت. بەرزنجەییش لەشکریانکرد، هاتن بەو بەرەوە گەرەدێیان تاڵانکرد و سووتاند. خەریکبوون بێنە سیتەک کە مەرکەزی قەضا بوو، قادرئاغای یووزباشی شەرێکی مەردانەی کرد. ئەنجا بەم ڕەنگە مەرکەزی نزیکی شار ناچاری بوو. دەوری قائیممەقامییەتیی مەحموودی سەلیم‌ئاغای شیوەکەڵ مەرکەزی بردبووە شیوەکەڵ. جا سەیرکەن شیوەکەڵ لەگەڵ حدوودی ئێراندا هیچ دێیێک لە بەیندا نییە و سیتەکیش لەگەڵ سولەیمانی‌دا هەر وایە. دوای مردنی مەحموودئاغا، لە کەرکووکەوە مصطەفا ئەفەندیی ئاوچی‌زادە کرا بە قائیممەقامی شارباژێڕ، مەرکەزی هێنایە هەرمن. قادر ئەفەندیی ساڵەیی قاضی بوو. من خۆم لە گورگەدەرەوە زۆر جار چوومە هەرمن، بە مەرکەزی قەضادا گەڕاوم؛ نیشان بەو نیشان کەبابخانەی تیا بوو، طەبیعی کەبابم لێخواردووە. ئەنجا ڕەسووڵ‌ئاغا بوو بە قائیممەقام، دیسان مەرکەزی بردەوە شیوەکەڵ. دوای شیوەکەڵ ڕایانکردەوە چوارتای ئێستا. لە پاشا وتیان چوارتا چەمی قەڵاچۆلانی لە ڕێدایە، زستانان پۆستە ناتوانێ‌بپەڕێتەوە، هێنایانە سیتەک و ئێستا لە چوارتایە. ئەم کەتنوبەتنەم بۆیە نووسی، ئێستا لە سایەی خواوە ترس نەماوە و پردیش لەسەر ئاوی قەڵاچۆلان کراوە، بۆچ مەرکەزی قەضا لە ناوەڕاستا نەبێ؟! حیکایەتەکەیە؛ واعیظێک وەعظی ئەدا، وتی: ئەمشەو هەر کەس دوو ڕکات نوێژ بۆ خوا

خوا حۆرییێکی ئەداتێ سەری لە مەشریق و پێی لە مەغریب. کابرایێک وتی: جەنابی واعیظ خەریکی بە نوێژ بمانکەی بە پیاوی دەویت. ژنێک کە سەری لە مەشریق و پێی لە مەغریب بێ. تا من بچم لە مەشریق ماچ بکەم، لە مەغریب بەلای خوارووا بەرن! لە کوێ‌ئەیگەمێ؟ ئێستایش قەضا پڕ قەضا، ئەز قەضا لە ئالان و سیوەیل هەرچیی لێبکەن، ئەیکەن. هیچ ڕەوانییە و بۆ شانی حکوومەت نازیبێ‌بەم دەستەڵاتەوە کە هەیەتی، مەرکەز نەباتە مەرکەز! ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، هیچ نەبێ‌مەرکەز بەرنە کەناروێ. ئەسا قەضا قەضایە و دوور لە قەضایە، بەڵام حەوت مەنفەعەت و مەصلەحەتی تیایە. ئەگەر لێم پرسن، پێتان ئەڵێم.

(سەرچاوە: ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 440، ساڵی 17، پێنجشەموو، 27ی نیسانی 1944، ل2.)

**چەشمەندازی گۆیژە**

نازانم لە چییەوەیە؟ زۆر کەس ئارەزووی دەشتێکی دڵکەش و مێرغوزارێکی پڕ گوڵاڵەی سوور و بەنەفش ئەکەن. من هەمیشە شێفتەی شاخێکم بەرز و بڵند و سەرفراز، تەوقەسەری لەگەڵ هەورا هەمراز بێ، زستانان مێزەری سپی لەسەر بەستێ، پێش‌نوێژی بۆ فریشتەی ئاسمان بکا. کە بەهاری لێ هات، لە جێی ئەو سەرپۆشە سپییە، شاڵی سەوز ببەستێ، پێشەوای دەستەی لاهووت بێ. تاوێر و زاخێر و هەرد و بەردی پەناگاهـ و لانەی جانەوەر و جەولانگاهی ئاسک و کەڵەکێوی و زیندەوەری بە باڵ و پەڕ بێ. دەمی بەیانیان ڕۆژ لە بارەگای خۆیەوە کە سەردەربێنێ، پێشەکی سەری ئەو ماچکا، دوای ئەوە کە لە داوێنی ئەودا زەڕئەفشانی و شاباشی پێشکەشی درەخشانی کرد، ئەنجا بەسەر دەشت و ئاوەدانیدا خۆی بنوێنێ. شەو مانگەلەبەردا سەر بکاتە سەر شانی، ڕاز و گلەییی پەنهانی خۆی لەلا بکات.پەریی شۆخی شەو بێتە لای ئەو، ئەنجا بکەوێتە ئارایشی تازەبووکەکانی باغ و ڕاغی نەو! طارمی لاجیوەردیی ئاسمان بۆ گوڵاڵەی سوور و گوڵی زەرد و بۆیبوونی سپی و ڕەشەقومامی سەوز و شاتەڕەی شینی ئەو ببێتە سایەبان. ئێمە کەوتووینە ناو دڵ و دەروونی دوو شاخەوە، کە دەستی سروشتی پەروەردگار هەرچی شاعیر خەیاڵی لێ بکا و ئەورووپایی شەیدای بێ، بە گۆیژە و گلەزەردە و بەرانانی بەخشیوە. ئەدیبەکانی غەرب و سەرئامەدانی شوعەرای عوثمانی کە هونەری خۆیان لە نەشئە و مەلوولیی طلووع و غرووبدا نواندووە، ئەگەر ڕۆژهەڵاتی گۆیژە و ئاوابوونی بەرانانیان لەپێش چاو بووایە، زۆرتر و جوانتر ئەم دوو ڕەنگە شۆخ و شەنگ و غەمبار و دڵتەنگەیان ئەنەخشاند.

نازانم بڵێم چی؟ ئەم هەموو شاعیرە کوردە، لەم خاکە بەرزەدا هەڵکەوتوون، تەنها لاسایی مەی و مەعشووق و زوڵف و خاڵیان کردووەتەوە، هیچیان ڕۆژهەڵاتێکی گۆیژە و ئاوابوونێکی شاخی بەرابەریان نەنووسیوە. بیستوومە کە جەمیل صائیبی لەمەڕ من، لە "پێشکەوتن"دا واتەیێکی پەخشانی بۆ ڕۆژهەڵاتن نووسیوە، گرەوی پێ بردووەتەوە. کابرایێکی پاشەبەرەیش لە سەفەری"پێنجوین"یدا، کە بەیانییێک لەسەر وێڵەدەرەوە ڕۆژیان لێ بووەتەوە، ئەو چەشمەندازەی لەگەڵ لایلایەیێکی ژنە قرگەییێک لە "ژیان"دا نووسیبوو، ئیتر هیچی ترمان نەدی. منیش خۆم بە منداڵی، لە بەهاردا کە ئەچووم بۆ گورگەدەر، بەیانییێکی سەری گۆیژەم دیوە. ئاخ خۆزگە شاعیر بوومایە، ئەو چەشمەندازە شیرینە و ڕەنگینەم بهۆنیایەتەوە، ئەڵێن: بیری منداڵی تیژە. ڕاستە، ئا ئێستەیش شێوەی ئەو شیو و لاپاڵی گلەسپیی گۆیژەیەم لەپێش چاوە کە زۆنگاوێک ڕەونەقی دابووە ئەو گوڵ و گیایە. تیشکی ڕۆژ بەسەر شەونمی ئەو چیمەنەدا ئەدرەوشایەوە و پشتەسەری ئەڵماس و گەردانەی مرواریی هەڕزان کردبوو.

بروانە ل 7

## پاشماوەی سێ وتاری پیرەمێرد سەبارەت بە شاربازێڕ

پیرەژنان شەو لە ئەفسانەدا بۆیان گێڕابوومەوە کە پەری لەسەر شاخ ئەبن، وەم زانی ئەم گەوهەر و ئەڵماسە لەوان بەجێماوە. خۆشی و دڵکەشیی ئەو شوێنە و سۆز و نەشئەی دڵپاکیی منداڵی هێنابوومیە سەر ئەوە کە بێچووەپەرییەکانی ڕووی زەمین و وردەفریشتەکانی ئاسمان بانگبکەم، لەوێدا یاری بکەین. شوانێکی وێڵەدەر لەو دیوەوە بلوێری لێ ئەدا . کار و بەرخ قەڵەمبازیان ئەبەست، هاتبوونە سەما، من ئەو سەردەمەیش گیانێکی غەمئالوودەم بوو، ئەگریام.

هەروا لەبیرمە؛ ئەمینە بچکۆلی نۆدێ بوو، لەگەڵ کاروانی نۆدێ هاتن بۆ شار، ئەچوون، دەنگی زۆر خۆش بوو، ئەیگوت، ئەمما ئەیگوت: شیعرێکی ئەمە بوو:

"لەو شاخە بەرزە و لەم شوێنە خۆشە

دڵدارت نەبێ، ڕەنجەڕۆی، بۆشە" ێ

یمەیش پیاوێکمان بوو، ئەوڕەحمانی صۆفی خضر، دەنگخۆشێکی بەزەمزەمە بوو، بە قەطارەوە شیعری مەولەویی گوت، هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

بەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، پای کاوەن

ئەمە یادداشتی ئەو سەردەمی منداڵییەمە، بەم پیرییەوە ئاواتەخوازم کە شەوێک بچم لە چایخانەکەی گۆیژە بنووم. دەمەوبەیان ئەو چەشمەندازەی گۆیژە و ئەو شێوەی ڕۆژهەڵاتنە و ئەو ئاهەنگی گۆرانیی شارچییانە ببینم و ببیەم. ئەمما ئاخ، هەرچی بکەم شیرینی و دڵنشینیی ئەو شوێنە خۆشانەی وڵاتەکەمانم پێ نایێتە قەڵەم. لەگەڵ ئەوەیشدا کە پێنیشاندان و لەدڵچەسپاندنی بەروبووم عەشقێکی وەطەنی پەیدائەکا، "وطن حکایەسی خواب آور ملال اولدی."

(ژین، ژمارە ٥٥٥، ساڵی ١٤، پێنجشەموو، ٩ی شوباطی ١٩٣٩، ل١.)

### دەوروپشتی خۆمان

حوکمدارانی بابان بە ناوبانگی دلاوەری و بەخشندەییەوە لە هەموو قەڵەمڕەوی کوردستانەوە پیاوی ئازایان کە ئەهاتە لا، دێیێک یا ناوچەیەکیان ئەدانێ بە مووچە. خۆیان و دەستەودائیرەیان پێ بەخێوکەن، تورک تیمار و زەعامەتی پێ دەڵێن.سەلیم شیوەکەڵی، کە لە عەشرەتی سیوەیلی بووە، کوڕ و برایێکی ئازای بووە، ناوچەی سیوەیلیان داونێ. سەلیمئاغا خۆی لە شیوەکەڵ دانیشتووەنو کوڕەکانی لە دێهاتی دەوروپشتی دامەزراندووە. کوڕەکانی، ئەوی ئێمە بیانناسین: سەردەفتەر مەحموود سەلیمئاغایە کە ناوی کەوتووەتە تەئریخەوە و سالم لە مەرثییەکەیا لە پرنس زیاتر بە خاوەند حەشەم و خەدەم و سەخا و جوانمەردیی داناوە. ئەگەر بمایە و ئیسماعیلپاشای ڕۆمی کە دوای حاکمی بابان موتەصەڕیفی ئێرە بووە، دەرمانخواردی نەکردایە، هەڵیئەگرت لەو سەرحەدەدا دەرەبەگییێک دامەزرێنێ. بە زۆری خۆی قائیممەقامی شابازێڕ بوو و هەمیشە پێنجصەد تفەنگچیی ئامادەی دەرماڵ و پێنجصەد سینیی نانخواردنی بووە. لە بانەوە کە یوونسخان ئەو لەشکری بۆ کرد و بە زۆر لە شوێن کەریمخانی بانە کردی بە حاکم. تا سیتەک و قەویان [قەیوان] کە هاودەنگی سولەیمانین، لەو لایشەوە تا پردی تایەت و ئاوی کەڵوێ و ئالان و شینک تا حدوودی مەرگە، بەدەست ئەوەوە بوو. ئەو مەرکەزی قەضای بردە شیوەکەڵ. ئەحمەد حەیطەی برای هیچ نەبوو. سێ محەمەد ناوی تری ئەوان -عادەتەن- بە ئاغادێیی هەر یەکە لە شوێنێ بوون، یەکێکیان ئاغای سیرین بوو، لەولای شیوەکەڵە.ئەوا دوانەکەی تر قابلییەتی ئاغایەتیشیان نەبوو: حەمەشەموولەیییان پێ ئەگوت، مصطەفائاغایان مودیری ناحیە بوو، کوڕێکی بوو، ئەحمەد مصطەفائاغا، مەحموودپاشا کچی خۆی داێ و کردی بە مودیری قزڵجە. حەمەصاڵحئاغا پاشەبەرەی ئەو بوو، حەسەنئاغایش لە "بارێ" ئاغا بوو، حاڵ و وەقتێکی خۆشی بوو، بە هۆی ئەمە کە کچی حاجیبەگی مەشهووری هێنابوو، لا و دیواخانێکی ڕێکوپێک و نان و خوانێکی تەمیزی بوو. لە میانەی ئەمانەدا، ڕەسووڵئاغا بە ڕاستی شوێنی مەحموودئاغای برای کوێرنەکردەوە، بە عەینی ئیدارە و سەخا و میللییەتپەروەری قائیممەقامی شاربازێڕ بوو، بە ژنخوازی خوێشایەتیی لەگەڵ جاف و بەگزادەی بانە و لە سولەیمانیدا طائیفەی ئەحمەدی ئەوڕەحمانی تفەنگچیباشی پەیداکرد. موددەتێک ناوێکی زۆر بڵندی بوو، تا دوایی بە ئاینوئۆین و دەلەسەی پیاوماقووڵەکانی شارستان قائیممەقامێتییان لێ سەندەوە. بەڵام دوای ئەوەیش ئاغایەتی و گەورەییی هیچ نوشوستیی نەهێنا، هەموو ناوچەی شاربازێڕی دابەشکردبوو بەسەر کوڕەکانیا: ئالانی دابوو بە سمایلئاغا و سیوەیل بە سلێمانئاغا و بەرکێو بە مارفـئاغا و مووبڕە و مامەخەلان بە ڕەشیدئاغای مەحموودئاغا. زۆر بە حورمەت، شاهانە ڕایئەبوارد، تا کوڕەکانی شێواندیان، لە پێشدا مارفـئاغا، کوێخا حەسەنی سوورەدزەییی لە تووەسووری گۆماوان کوشت. سلێمانئاغا پیاوی نارد لە سیتەک ڕەشیدبەگی ماڵمودیرییان کوشت. دیسان سلێمانئاغا پیاوێکی وەثمانئاغای پشدەریی کە خەطای خانەدانیی لێ ڕوودابوو، گرتییە لای خۆی، لە کەناروێ داینا. مەحموودئاغای ڕەئیسی پشدەر لە ڕەسووڵئاغای گێڕایەوە کە ئێمە تا ئێستا دۆستی شیوەکەڵیان بووین، چ خراپەیێکمان نەبووە. ئێستا سلێمانئاغا لە پەیجۆری ئەتکی ئێمەیە، لەمەدا سەبەبێک نابینم. ئەگەر ئەمە هەر وا بڕوا، ناچارین تۆڵەی ناموس بسێنین. کە هاتە ئەو پەرەسەیە، ئاغا کەوڵی دەڵەکی دەپۆشێ و مەحموودیش چۆخەڵی شاڵی زرێی لەبەردایە، بە خودای ئاغا کەوڵی خۆ لە چۆخەڵی مەحموودی هەڵنەسوێ باشە. ڕێکەوت وابوو، لەو ڕۆژانەدا من لە شیوەکەڵ بووم. ڕۆژێکیان ڕەسووڵئاغا منی بردە پشت مزگەوتەکەوە، دانیشتین. ئاغا، دەردی دڵی خۆی هەڵڕشت لەدەست کوڕەکانی، خوڕخوڕ ئاو بە چاویا هاتەخوارێ، وتی: وەرە حەیاتی من بکڕەرەوە. سلێمان تۆ بە دڵسۆزی منیش و خۆیشی ئەزانێ. هەستە تا کەناڕویم بۆ بچۆ، بە سلێمانئاغا بڵێ: ئەو پیاوەی وەثمانئاغایە دەرکا. منیش فەرموودەی ئەوم نەشکاند، چوومە کەناروێ. بە خەڵوەت زۆر لەگەڵ سلێمانئاغا خەریکبووم، بێهوودە بوو. ئیتر نەگەڕامەوە شیوەکەڵ، هاتمەوە سیتەک. دوای ئەوە عەلیڕەضاپاشای موتەصەڕیفی سولەیمانی، بۆ تەرغیباتی ئیحالەی ئەعشار هاتبووە سیتەک. شێخ مصطەفای نەقیب و شێخ محەمەدی موفتیی هێنابوو. شێخ محەمەد طەرەفداری شیوەکەڵی بوو، شێخ مصطەفایش دۆستی بەڕاستیی پشدەری بوو. کوڕانی ڕەسووڵئاغا بە سێصەد تفەنگەوە هاتبوونە سیتەک. وەثمانئاغایش تەنها پیاوێکی هێنابوو، ئەحلان. لە مەجلیسدا لەسەر ئیلتیزامی ئالان چەم و چەمکاری و قصەی بەرز و نزم لە طەرەف سلێمانئاغاوە کرا و عەلیڕەضاپاشا" هیچی نەگوت، نەقیبیش ئیشارەتی وەثمانئاغای کرد، هەڵسا سواربوو، ڕۆیی. مەظەننە سلێمانئاغا گوتبووی شوێنی کەون، ڕێی پێ بگرن. تۆفیقبەگی مەڕحووم، باوکی "ئەحمەدبەگ" و حەمەعەلیبەگی برای لە سیتەک بوون، چونکە قادرپاشای مامیان قائیممەقام بوو. تۆفیقبەگ ئەمەی بیستبوو، ئەسپێکی شێتی بوو کە سەلیمئاغای خاڵی دابوویێ و ئەسپێکی وای لێ دەرچوو، لە بەمبا شەصتهەزار ڕووپیەی کرد. سواری ئەو ئەسپە بووبوو، حەمەعەلیبەگیش لە پشتەوە، بە بەر ساباتی شیوەکەڵیاندا تێپەڕی و بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: دەڵێن ناردووتانە ڕێ بە خاڵم بگرن، هەرچی پەشێمان بێتەوە، چوارپەلی ئەم ئەسپە بە ... ژنی." هەموو مووی بەدەنی ڕاستبووبوو. ئیتر تێپەڕی، چوو بەشوێن وەثمانئاغادا . خوا حەقە، شێخ مصطەفای نەقیبیش دەستەسوارێکی مەندمیی ئازای هەمەوەندی لەگەڵ بوو، ئەویش نادرنی شوێن تۆفیقبەگ و حەمەعەلیبەگ کەوتن. عەلیڕەضاپاشایش لە ترسانا بەندنەبوو، لە هەڕووتەوە گەڕایەوە شار، بەڵام شیوەکەڵی ئیتر هیچیان نەگوت و وەثمانئاغا ڕۆیی، چووە پشدەر.

(ژین، ژمارە ٦٣٢، ساڵی ١٥، پێنجشەمە، ٣ی تەممووزی ١٩٤١، ل٣؛ ژمارە ٦٣٣، ساڵی ١٥، پێنجشەمە، ١٠ی تەممووزی ١٩٤١، ل٤؛ ژمارە ژمارە ٦٣٤، ساڵی ١٥، پێنجشەمە، ١٧ی تەممووزی ١٩٤١، ل٣.)

## هەرجارەی هونەرمەندێکی پێشمەرگە



### ڕێبوار سەعید

سالّی ١٩٦٢ لە شاری تەوێلە لەدایک بووە

سالّی ١٩٨٥ بووە بە پێشمەرگە لە ئیعلامی مەرکەزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرگەتو وەک نوسەرو مۆنتێرو دیزاینی هونەری بلاوکراوەکانی شۆرش کاری کردوە.ئەندامی دامەزرێنەری گۆڤاری کلتورو گۆڤاری ڕەنگالەبوە.تاسالّی ١٩٩٠ بۆ یادی هەڵەبجە چۆتە فەرەنساو پاشان بەریتانیا.

کۆلێژی هونەری لە زانکۆی میدل سیکس لەندەن تەواوکردووە 1997.

بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی میدل سیکس لە لەندەن وەرگرتووە 1999.

بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری هونەردا لە زانکۆی میدل سیکس لە لەندەن وەرگرتووە 2012.

پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتوە لە زانکۆی سلێمانی2017

ئێستا ڕاگری کۆلیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلیمانیە.

سەرۆکی بۆردی مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخی سلیمانیە

خاوەنی ٣٠ پیشانگەی تایبەتییەو لەگەلّ زیاد لە ٧٥ پێشانگای هاوبەش لە ناو ولّات و لە دەرەوەی ولّات

دیوانی شیعر و هێلکاری لەگەلّ ٣ کتێبی لێکۆلێنەوەی هونەری بە زمانی کوردی و فەرەنسی و ئینگلیزی ٤ بلّاوکردۆتەوە لە فەرەنسا و بەریتانیا و کوردستان








# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر
بابەت و نوسین و هەواڵێک
بڵاوبکرێتەوە،
سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە
لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان
تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و
یادەوەری جەنگاوەرە
دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA


سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
**Amsterdam**
Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 5 — 30.Juni. 2019 — 30 حوزەیرانی 2019

## دڵشکان" شڵەژانێکی گەورە لە مرۆڤدا دروستدەکات، زمان لە ناوەڕاستدا بەجۆرێک دەکات بە دوولەتەوە، کە نەکرێت جارێکی تر لەحیمبکرێتەوە و شتێکی ئاســـایی و کۆگیریی لێدروستبکرێت....

# سەبارەت بە دڵشکان




دکتۆر مەریوانی وریا قانع

مرۆڤی دڵشکاو هەستدەکات لە باتی دڵ شتێکی تر لە سینەیدا لێئەدا "دڵشکان" هێما بۆ جۆرێک لە پەیوەندیی و پێکەوەبوون و بۆ شێوازێک لە تەنهایی دەکات، کە شەرحکردنیان زەحمەتە، بەڵام پێموایە شیعر دەتوانێت شتێکیان لەسەر بڵێت و شتێکیشیان لێدروستبکات، جیاواز لەوەی کە فۆرمەکانی تری فیکر و بیرکردنەوە و نووسین دروستیدەکەن. بە بۆچوونی من دڵشکان وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێت ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ شتەکان و بوونەوەرەکان و پەیوەندییەکانی دەوروبەریدا بژیی، شتێک لە مرۆڤدا دەشکێت ناکرێت بە ئاسانی پێناسبکرێت و بناسرێتەوە.

مرۆڤی نیگەران و دڵشکاو نە پێکەوەبوونی ئاسایی لەگەڵ کەسانیتردا، نە زمانی ئاسایی گفتوگۆکردن، نە ئامادەبوونی ئاسایی لەناو ژینگە جیاوازەکاندا، هیچیان ناتوانن داڵدەی بدەن. شتێک لەناوەوە وردوخاش دەبێت، کە هەڵگرتنەوەی پارچەکانی دەشێت هەم دروستکردنەوەی خود خۆی و هەم سەرلەنوێ ناونانەوە و ڕاڤەکردنەوەی مانا و پێناسە و شوناسەکانی ئەو دونیایەی لێبکەوێتەوە، کە مرۆڤ تیایدا دەژیی.

دڵشکان لەم ئاستەدا وەک کێشەیەکی وجودیی ئامادەیە، وەک دەرەنجامی تێپەڕین بەناو ئالۆزییەکانی دونیادا وەک بوونەوەرێکی خاوەن هەست و چاوەڕوانیی، کەسێک توانای بینینی ئازاری ناو زیاد لە ڕووبەرێک و ناو زیاد لە فۆرمێک لە فۆرمەکانی مرۆڤبوونی، هەبێت.

دڵشکان بەشێکە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهانەوە، بە ئەوانیترەوە و بە "خود خۆشیەوە". مرۆڤی دڵشکاو بە نیگەرانییەکی قورسەوە بەناو دونیا و پەیوەندیی و خەون و چاوەڕوانییەکاندا تێدەپەڕێت. .

لە هیچ وێستگەیەکدا ناوەستێت و بەبێ مەبەستێکی کۆنکرێت هەر دەڕوات. لەڕاستیدا هەندێکجار نیگەرانیی وزەیەکی ناوەکیی گەورەی ڕانەوەستان و بەڕێوەبوونە.

"دڵشکان" شڵەژانێکی گەورە لە مرۆڤدا دروستدەکات، زمان لە ناوەڕاستدا بەجۆرێک دەکات بە دوولەتەوە کە نەکرێت جارێکی تر لەحیمبکرێتەوە و شتێکی ئاسایی و کۆگیریی لێدروستبکرێت. دڵشکانی ڕاستەقینە نیگەرانیی لەتلەتبوونی زمان و بەشنەکردنی ئەو لەتانەیە بۆ چوونە ناو پەیوەندییەکی مانادار و هاوسەنگەوە لەگەڵ دونیا و ئەوانیتردا. "مرۆڤی دڵشکاو" هەستدەکات لە باتی دڵ شتێکی تر لە سینەیدا لێئەدات، ئیشی ئەم شتەش ئەوەیە فۆرمی تری نیگەرانیی بەرهەمبهێنێت" ".لە سەرێکی دیکەوە دڵشکان کاردانەوەیەکی ئینسانییانە و بەرپرسانەیە بەرووی ئەو بونیادە نایەکسان و نادادپەروەر و بەربەریانەدا کە لەناو دونیادا ئامادەن. کاردانەوەیە بەرووی زوڵم و بێمافی و بێکەسایەتییکردنی مرۆڤدا، بەگژاچوونەوەی فۆرمە جیاوازەکانی سوکایەتکردنە، جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە برێکی زۆر لەو پۆخڵەواتانەی دەشێت لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا دروستببن. "

# ترەمپ و تاران لە چاوەڕوانی دوو بژاردەدا

## هێرش عەبدولڕەحمان




لەفەرهەنگی سیاسی پارتی دیموکراتەکانی ئەمریکادا بۆچوونێک هەیە، پێیوایە هەرکاتێک پارتی کۆمارییەکان لەوە دڵنیابوون خوولی دووەمی سەرۆکایەتی وڵاتەکە نابەنەوە ئەوا بەدوای شەڕێکدا دەگەڕێن تا لەپەنای ئەمەدا بردنەوەی هەڵبژاردن مسۆگەر بکەن. ئەگەر ڕێژەیەک ڕاستی لەمەدا هەبێت و هەڵبژاردنەکانی پێشووتر پشت ڕاستی ئەم بۆچوونەیان کردبێتەوە، ئەوا ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان تەواو جیاواز دەبێت لەوانەی پێشوو. هەرچەندە لەسیاسەتدا مەحاڵ نییە، بەڵام هیچ لۆژیکێک لەوەدا نابینرێت شەڕی ئێران فاکتەرێکبێت تا لەم ڕێگەیەوە دۆناڵد ترامپ بردنەوەی دووەمی سەرۆکایەتی بەبێ هیچ ئاڵنگارییەک مسۆگەر بکات. ترامپ لە چەند ڕویەکەوە کەسێکی جیاواز و پڕ کێشەیە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکەی و چ لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا، تائێستا نەک نەیتوانیووە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی ڕابردوو جێبەجێ بکات، بەڵکو ئەو کارانەی ئەنجامیشیداوە بوونەتە مایەی ڕەخنەی زۆر و زیانی گەورەیان لەپێگە جەماوەرییەکەی داوە. هەرچەند هەندێک لەبەڵێنەکانی ترامپ ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەژیان و ئایندەی دەنگدەرەوە بەڵام جێبەجێ نەکراون، هەربۆیە ئەم ساڵەی لەبەردەمی ترامپدا ماوە ئەوپەڕی هەوڵ دەدات و زۆرترین وزە بۆ جێبەجێکردنیان تەرخان بکات. بەپێی ئەو واقیعەی هەیە، بەپێی ئامار و میدیای ئەمریکا بێت ئێستا ئاستی جەماوەری ترامپ لەناوخۆدا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت. ئەو ڕاپرسییانەی ڕۆژانە دەکرێن هیچیان ئاماژەی ڕونییان تێدا نییە کە لە بەرژەوەندی ئەم سەرۆکەدا بن. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەندێک کەیس زیانی زۆریان لە ترەمپ دا. یەکێک لە دیارترن ئەو کەیسانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە و لە بەرژەوەندیی ترەمپدا نەبوو مەسەلەی داخستنی تەواوی حکومەتی فیدراڵ بوو بۆ ماوەی مانگێک. ئەم بابەتە لەچەند لایەنێکەوە و بەتایبەت لەسەر ئاستی حکومی زیانی گەورەی بەترامپ گەیاند، چونکە بە زەقی بووە هۆی ئەوەی متمانەی تەواوی کارمەندانی حکومەتی فیدراڵی لە هەموو پۆستە جیاوازەکاندا لە دەست بدات.

هەروەها لە مەسەلەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، بۆ نموونە وەک تاوانبارکردن و تێوەگلانی کەسە باوەڕپێکراوەکانی ترامپ لە مەلەفی وەرگرتنی پارە و دانیشتن لەگەڵ ڕووسەکان لەدیارترن ئەو مەلەفانەن کە زۆرترین قسەیان لەسەر کراوە. ئەم سیاسەتە هەڵە و پڕ لە کەموکورتی و تەسک بینانەی کۆمارییەکان و ترامپ هۆکاری سەرەکی بوون کە وایکرد لەو هەڵبژاردنانەی بە مێد تیرم ناسراون دەنگدەر، لە جیاتی ترامپ و حزبەکەی، متمانە بداتەوە بە دیموکراتەکان و لە کۆنگرێس ببنەوە بە زۆرینە. ئەم شکستە پەیامێکی ڕوونبوو بۆ ترەمپ و ناچاریکرد بۆ هەر هەنگاوێکی گەورە پێویستی بە ئۆکەی و ڕەزامەندیی دیموکراتەکان بێت.

هەرچی پەیوەندیی بە بابەتی ئێران و ئەمریکاوە هەیە، کە بەتایبەت لەم ماوەیەی رابردوودا قسەو باسی زۆری لەبارەوە کرا، ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئێستا سەرەڕای ئەوەی گرژییەکانی هەردوولا بەردەوامە بەڵام ڕیتمی ڕووداوەکان بە هێواشی ڕێ دەکات. ئەم خاوبوونەوەیە کەچاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت بەریەککەوتن ڕوبدات، واشنتۆن و تارانی خستووەتە حاڵەتێکەوە کە سەرقاڵی بەرێکردنی کات بن. هەرچی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا تاران هەموو هێلکەکانی خستووەتە سەبەتەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکاوە و ئومێدێکی گەورەی هەڵچنیووە لەسەر دەرنەچوونەوەی ترامپ. کاربەدەستان و ئاغاکانی ئەو وڵاتە شەو و ڕۆژ، دەستەو نەزەر خەریکی نزا و پاڕانەوەن بۆ دەرنەچوونەوەی ترەمپ ، هەروەک چۆن ترەمپیش چاوەڕانە ئێران لە ژێر ئەو هەموو سزا ئابووریانەی سەپاندویەتی ئەوا ئەو وڵاتە ناچار بکات بێتە سەر مێزی گفتوگۆ. بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و وەک پێشبینی دەکرێت هیچ لەو دوو بژاردەیە بەم زوانە ڕوونادەن.

## کوردستان پێگەیەکی جیۆسیاسی لەخۆرهەڵاتی ناوەراست و ڕاڕەوێکی گرنگی فرۆکەوانی شارستانییە و کورتترین ڕێگایە بەرەو ئەورووپاو باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا.

# کوردستان

هەرچەند من هیچ پسپۆریەکم لەبواری جوگرافیا و جوگرافیای مرۆیی نییە بەلام بەهۆی خوێندنەوەو گەران بەدوای سەرچاوەو گوێگرتن لە شیکەرەوەی ئابوری ناسان وهەندێ لە مێژوو نوسان ئەم بابەتە ئامادەبکەم چونکە جارێکیان لەبەرنامەیەکی تیڤی کەنالیک پرسیار لەگەنجێکی وا پێدەچوولەئاستێکی خوێندەواری باش بێ پرسیاری روبەری کوردستان چەندە؟ کەچی چەند کەسێک نەیان زانی کە ئەوە سەرەتایی ترین شتە دەربارەی خاکی وولاتەکەت بیزانی و بیگومان لەبابەتی جوگرافیای هەندێ لە پۆلە بنەرەتیەکان خراوەتە ڕوو. کورد یەکێکە لەگەلانی سەر ڕووی زەوی هەرلەکۆنەوە خاوەنی شارستانیەتی خۆی و زمان و کەلتورو داب نەریتی خۆی بووە جیاواز لەگەلانی هاوسێ و دەوروبەری وخاکێکی بەپیتی هەبووە و پێگەیەکی گرنگی هەبووە بۆیە داگیرکەران هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆ ویستویانەو دەیانەوێ داگیری بکەن و سەروەت وسامان و خیرو بیری بۆخۆیان ببەن , داگیرکاری عوسمانی , ئینگلیزی و سەفەوی و نەیان هیشتوە ببێ بەخاوەن دەولەتی خۆی ڕەنگبێ داگیرکاری هۆیەک بێ بەلام ناتەبایی نێوان کوردانیش هۆکاری سەرەکیە کە تا ئەمرۆ نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی. کوردستان پێگەیەکی جیۆسیاسی لەخۆرهەڵاتی ناوەراست و ڕاڕەوێکی گرنگی فرۆکەوانی شارستانییە و کورتترین ڕێگایە بەرەو ئەورووپاو باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا. گەلی کورد تاکە گەلی سەرڕووی زەوی نییە کە خاوەن دەولەت نەبێ بۆنمونە تامیلەکان ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی ٧٧ ملیۆن کەس دەبێ لە هیندستان و سریلانکا دەژین و خاوەنی دەولەتی خۆیان نین,گەلی سند ژمارەیان نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەس دەبن ئەوانیش خاوەن دەولەت نین ولە هیندستان پاکستان دەژین .

## جا بابزانین ژمارەی دانیشتوانی کوردستان چەندە؟

ئەو زانیاریانە بەلای من و تاکی کوردەوە گرنگە، کە نەوەی نوێ بیزانن هەرچەندە لە بابەتی جوگرافیای هەندێ لەپۆلەکاندا باسی لێوەکراوە وتەنها باسی لە کوردستانی عێراق کردووە، بەڵام وانە سەرجەم کورد دەگرێتەوە، ژمارەی دانیشتوانی کوردستان نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ ملیۆن کەس دەبێت، ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان لە سەرژمیری جیهانی دا ٧% پێک دەهێنێت، واتە لەهەر ١٥٠ کەس یەک کەس کوردە لە ڕووی دانیشتوانەوە. کوردستان پلەی ٣٢ لە ریزبەندی دەوڵەتانی جیهان هەیە و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە هەریەکە لە پۆڵەنداو ئەرجەنتین و کەندا زیاترە و هەر ١٢٢ کەس لەیەک کم٢ دەژین و کورد لەدەرەوەی کوردستانیش ڕێژەیەکی بەرچاوی هەیە بۆنمونە:

- ٣ ملیۆن کورد لە ئەستەمبول دەژین.
- ١ ملیۆن کورد لە سوریا بەتایبەت لەحەلەب دەژین
- ١,٥ ملیۆن کورد لەخۆراسان کۆچەرن.
- ٢٠٠ هەزار کورد لە ئیسرائیل بونی هەیە.
- ٣٠٠ هەزار کورد لەدەوڵەتانی قەفقاس هەیە.
- ٢ ملیۆن کورد زیاتر لە ئەوروپا دەژین و یەک ملیۆن لە ئەڵمانیا و نزیکەی یەک ملیۆن لە سوید و وڵاتانی ئەسکندنافی و بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمەریکا.

ڕووبەری کوردستان ٤٠٩,٦٥٠ کم٢ یە بە درێژی ١٠٠٠ کم کوردستان لە ناو ٢١٤ دەوڵەتدا ٥٨ مینە. کوردستان لە ڕووی ڕوبەرەوە لەگەڵ هەریەکە لە ژێۆن و ئەڵمانیا یەکسانە و کوردستان لە




لە ئیتالیا و سەنیگال و بەریتانیا گەورەترە، ٤ جار لە کۆریای باشور گەورەترەو ١٠ جار لە سویسرا.
ڕووبەری دارستان لە کوردستان ١٦٠ کم٢ یە واتە ٣٩%ی خاکی کوردستان دارستانە و بەرزترین لوتکەی شاخیش لوتکەی شاخی ئاگرینە و بەرزیەکەی ٥١٣٧ مەترە و دەریاچەی وان لە باکوری کوردستان گەورەترین دەریاچەیە لە خۆرهەلاتی ناوەراست و ڕوبەرەکەی ٦٠٧کم٣ یە و پلەی ١٦ مینە لە ڕووی دەریاچەکانی جیهان .
٤٠ ملیۆن کورد بە زمانی کوردی قسە دەکەن و زمانی کوردی پلەی ٢٦ ی هەیە لەریزبەندی زمانەکانی دونیا, ئەوکەسانەی بەکوردی قسە دەکەن زۆرترە لەوانە بە ئۆکرانی قسە دەکەن.

## دەرامەتی ئابوری کوردستان:

بەپێی زانیاریەکان پەترۆڵ لە ژێرخاکی کوردستان دا دەگاتە ٤٥ملیاربەرمیل نەوت وبەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٠ملیار بەرمیلگەر زیاتر نەبێ واتا دەکەوێتە سەرئاستی هێلی ووزەی جیهانی,نەوتی کوردستان دووبەرابەری نەوتی لیبیا و ٤جار بەرامبەر قەتەر زیاترە , نەوتی کوردستان ٧,٥% ی پەترۆلی جیهان لەژێر خاکی کوردستان دایە و لە پلەی هەشتەمی ریزبەندی وولاتانی جیهان دایە کەچی تا ئیستا ڕێژەی هەژاری لە کوردستان بەتایبەت باشور بەرچاوە بەهۆی ناشەفافی و ناعەدالەتی و چاوچنۆکی زۆریک لەحوکمڕانانی کوردستان .
سنوری کوردستان
کوردستان هاوسنورە لەگەڵ عیراق سوریا تورکیا ئێران وئەرمەنستان و ئازەربایجان بەلام حاجی قادری کۆیی کە لەسالی ١٨١٧ لەدایک بووە وسالی ١٨٩٧ کۆچی دوایی کردووە سنوری کوردستانی بە هۆنراوەیەک دیاری کردووە کە دەفەرموێ:

کوردە دەزانی لەکوێ ساکینن خزمانی تۆ
گوێگرە باپێت بلێم مەسکەن وقەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس عومقەی حەوزەکەی ئەسکەندرون
غەربی تا بەحری رەش و سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش وئەردەهان ئاوی ئارازە بزان
حەدی شیمالە ئەمە کورەیی بێ ژوانی تۆ
ئەلوەند وکێوی رۆمی تاسەری کێوی ئاراس
سەرحەدی ڕۆژهەلاتە جۆگەو کێوانی تۆ
ئەهوازو کێوی حەمرین و ژەنگار رووەروی نوصەیبین
بۆ تەرەفی جنوبە رەوزەی ڕیزوانی تۆ
داخلی ئەم سنورە دوانزە ویلایەت هەیە
دەلێن دوانزە ملیۆنە نفوسی کوردانی تۆ
حاجی درۆیە ئەسلا نفوسیان نەنوسراوە
دەگاتە بیست ملیۆن بنوسرێ خزمانی تۆ

واتە لەسەدەی نۆزدە ٢٠ ملیۆن بوبێ کەواتە ئیستا خۆی داوە لە ٥٠ ملیۆن زیاتردواە بەلام داخەکەم کورد خاوەنی نەبوە نییەتی چۆن کاویس ئاغا دەلێت کورد خایەنن ئەوەو چاوچنوکی وکلک گرێدان لەگەل دوژمنان هیچی بەهیچ نەکردوە تا ئیستا .بیگومان ئەم هۆنراوەی حاجی داگیرکەران و دۆژمانانی گەلەکەمان نارەحەت دەکات، بەتایبەت لە باکور کە دان بەبوونی گەلی کورد نانرێت.

# دیوانی نوێی شیعرەکانی سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)

## نووسین و ئامادەکردنی: ئەنوەر سوڵتانی

### پارچە شیعری ژمارە ٤، لاپەڕە ١٣ ی دیوانی چاپی ئەنیسی

### شاری دڵ

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە، دەچم!
عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە، نەچی!
من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ئیمانە، دەچم!
ئەو دەڵێ نا، ڕەشمەجێ ڕاوگەیی شەیتانە، نەچی!
من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە، دەچم!
ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە، وێرانە، نەچی!
من دەڵێم جێگەیی هەر شێت و جنوونانە، دەچم!
ئەو دەڵێ نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی!
من دەڵێم مەرکەزی ئەسراری حەریفانە، دەچم!
ئەو دەڵێ جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە، نەچی!
من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵگانە، دەچم!
ئەو دەڵێ کونکونە، جێگەی سەرەپەیکانە، نەچی!
لەو هەموو چوون و نەچوونە سەری سوڕ ما "کامیل"
من دەڵێم جوانە دەچم، ئەو دەڵێ واجوانە نەچی

---


کێشەی نێوان مێشک و دڵ، یان عەقڵ و هەست کێشەیەکی لەمێژینی مرۆڤە. لە ئەدەبی کۆنی ناوچەکەدا دڵ بە مەرکەزی هەست و مێشک بە ناوەندی عەقڵ دانراوە. شاعیران و هەستیاران ویستوویانە بکەونە شوێن دڵیان و هەست بە سەر عەقڵ و مەنتیقی ویشکدا زاڵ بکەن. فەیلەسووف و ئەهلی کەلام سێ ودوویان نەکردووە لەوەی بکەونە شوێنی عەقڵ و خۆ لەوە بپارێزن کە جڵەوی کارەکانیان بدەنە دەست هەستێک کە ناتوانرێت سوغرا و کوبرای مەنتیقی بۆ بچێنرێت و ئاکامی ڕوونی لێ وەربگیرێت.

عارفانی مەزنی مێژووی ئیسلام لە نێوهەموو گەلانی ناوچەکە و یەک لەوان کورد دا، دڵیان بە کانگەی ئەوین و ئاوێنەی زاتی خودا زانیوە و خۆیان لە "عاقڵان" واتە بەرماڵ بەشان و تەسبێح گێڕان بەدوور زانیوە کە توێکڵ و واتای قاڵبییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە و تەنیا بە نوێژی ڕواڵەتی و حەجی خشت و بیناوە خەریک بوون و نەچوونەتە حەجی دڵ واتە لە قووڵایی واتای ژیان و شوێن و پێگەی مرۆڤ لە کەون و مەکان تێنەگەیشتوون – مرۆڤێک کە لە بنەڕەتدا ئیشڕاقی نووری خودایە و تەنانەت وەک هەموو دیاردەیەکی دیکەی کائینات بەشێکە لە زاتی ئەو و بەم پێیە دەتوانێت عەینی ئەویش بێت. "انالحق" گوتنی مەنسوور و دەست لە ملی سەگ کردنی شیبلی و "السلام یا الله!" پێگوتنی، دوو نموونەی ئەو هەڵوێست و باوەڕەن.

عارف و شاعیری گەورەی کورد شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (خالیس) (١٧٩٧ – ١٨٥٨) کە باوکی شێخ ڕەزای شاعیر بووە و بە شیعری فارسی تەفسیرێکی ١٨ فەردی سەرەتای مەسنەوی مەولانای ڕۆمی کردووە کە وێنەی لە زمانی فارسیشدا کەمە، یەک لەو کەسانەیە کە ئەو پرسیارە گرنگەی لە کۆمەڵگای کوردیشدا دامەزراندووە. خالیس غەزەلێکی فارسی بە هەمان ناوەرۆکی شیعری ئاواتەوە هەیە کە تێیدا دەڵێ:

عقل میگوید به من هردم که: ترک یار کن!
عشق میگوید که: هی هی! ترک این گفتار کن!
عقل میگوید: برو با سجده و سجاده باش!
عشق میگوید: برو تسبیح را زنار کن!
عقل میگوید: بپوش آخر لباس عاقلان!
عشق میگوید که: ترک جبه و دستار کن!
من نمیدانم کدامین نکتەرا باور کنم،
ای خدایا از دلم تۆ کشف این اسرار کن!
عقل میگوید چنین و عشق میگوید چنان،
همچو "خالص" در جهان یک نکته را اقرار کن![1]

ئاواتیش لەم شیعرە ناسکەدا گیرۆدەی داوی هەمان ئەو پرسیارە لەمێژینەیەیە. لە لایەکەوە شاعیری دڵە و عاریفە و لە بنەماڵەی شێخانە، لە لایەکی دیکەشەوە مەلای دوازدە عیلم و پێش نوێژە و لە ئەنجامدا کەوتۆتە نێوان دوو بەرداشی بەهێز و گەورە وگرانەوە و لە نێوان ئەو دوو هێزە مەزنەدا ماوەتەوە کە لەسەرێکەوە واتایان بە ژیانی داوە و تەنانەت مەوجوودێک بە ناوی سەید کامیل ئەوان خوڵقاندوویانە، لە سەرێکیشەوە هەڵوەدای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێکی ئەزەلی و ئەبەدییان کردووە کە وەڵامدانەوەی ئەگەر نەگونجاویش نەبێت، هاسان نییە.لە شیعرەکەدا، شاعیر هەڵوێستی ڕوونە، ئەو دەیەوێت بەرەو شاری دڵی بڕوات و لە هەموو ماوەی وتووێژەکەدا لە سەر هەڵوێستی خۆی دەمێنێتەوە. ئەو دڵ بە باغ و گوڵستان، باخی بەهەشت، ئارامگەی جانان، شوێنی شێت و مەجنوونان،[2] مەرکەزی ئەسراڕێ حەریفان[3] و مەئمەن و




قەڵغانی کاتی مەترسی دەزانێت بەڵام لایەنەکەی دیکە واتە عەقڵی سەر، وەک ملۆزمێک لەبەرانبەریدا دەوەستێ و تەفسیرێکی جیاواز لە تەعبیرەکانی ئەو بە دەستەوە دەدات. عەقڵ، واتە هەموو مزگەوت نشینان کە نوێژ دەکەنە بەرتیل و بەخودای دەدەن بۆ ئەوەی لە ئاگری جەهەننەمیان بپارێزێت، شاری دڵ بە شاروچکەی ڕاپەڕینی سەرخۆشان، ڕەش، جێ ڕاوگەی شەیتان، شێواو و وێران، زەدەی پەنجەی پەریان،[4] جێگەی تەماعی حەسوودان و کونبووی سەری پەیکان دادەنێن و پێی دەڵێن دوورکەوەوە، نەکا بچیە شوێنێکی وا مەترسیداری بێ متمانە، وەرە لای خۆمان و لەبیری داهاتووتدا بە، پاشەکەوت بکە و دواڕۆژت دابین بکە!

دیاردەی گرنگ لە شیعرەکەدا ئەوەیە شاعیر لە مەقتەع واتە دوافەردیدا هیچ بڕیارێک نادات و ئەو پرسیارە ئەزەلی و ئەبەدییە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە کاتێ دەڵێ سەرم سوڕ ماوە و نازانم چ بکەم؟ من دەڵێم بچم ئەو هەر دەڵێ مەچۆ! ئەگەر شاعیر لێرەدا بیویستایە هەڵوێست بگۆڕێت یان بڕیاری کۆتایی بدات چارەنووسی شیعرەکەش دەگۆڕا و شاعیر دەبووە مرۆڤێکی خۆخۆشەویستی ملهوڕی زۆرداری خۆ بەسەر خوێنەرداسەپێن کە لە جیاتی ئەوان بڕیار دەدات و پێیان دەڵێ چی بکەن باشە. بەڵام ئەو سەید کامیلەی ئێمە دەیناسین بەو کەسایەتییە ناسک و هەستیارەوە، ڕێبازێکی وا دوور لەچاوەڕوانی هەڵنابژێرێت، بەپێچەوانە، لەسەر هەڵوێستی خۆی دەمێنێتەوە و سادقانە دەڵێ: من وام پێ جوانە بچمە شاری دڵەوە[5] لە کاتێکدا بەرانبەرەکەم کۆڵ نادات و وەک چۆن لەسەرەتادا گوتوویەتی، لە کۆتاییشدا هەر دەڵێ واجوانە نەچی! ئەوەش ڕێژەیی بوون (موتڵەق نەبوون) ی فیکری مرۆڤ و دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا، ئەزەلی و ئەبەدی بوونی پرسیارەکە دەگەیێنێت و دەریدەخات کە هەڵوێست و خواستەکانی مرۆڤ یەک چەشن و یەک شێواز نین و ژیان بەو ناتەبایی و دژایەتییانەوە واتا پەیدا دەکات، ئەوەش دیالکتیکی ژیانە.

نەمر محەممەدی ماملێش ئەم پارچە شیعرەی بە گۆرانی گوتووە. ئەوە لینکی سەر یووتیووبی گۆرانییەکەیە.
http://www.youtube.com/watch?v=1xtWMiUrxI0&list=PLBADADC3C4471106D

---

[1] "کتاب جذبه عشق، دیوان حضرت مولانا شیخ عبدالرحمن خالصی القادری طالبانی کرد"، از انتشارات فقیر حاج محمود محمدی طالبانی القادری سنندج ، چاپ چهارم، ناشر: محمد صدیق محمدی، مشهد، چاپخانه سعید، ١٣٧٣ [١٩٩٤]؛ ص ٢١.

[2] واتە ئەوانەی وا بە هۆی تێگەیشتن لە سیڕڕی ئەزەلەوە خۆیان لە بەندی عەقڵی بەرماڵ بەشانان ئازاد کردووە و بوونەتە شەیدای ئەوینی حەقیقی.

[3] وشەی 'حەریف' و گەلێک تەعبیری دیکەی ناو شیعرەکە پێویستیان بە تەفسیری عیرفانی هەیە.

[4] بە بۆچوونی عەوام، کە دەبێ ڕیشەی لە باوەڕێکی ئایینیدا بێت، پەری دەست لە هەرکەس بوەشێنن، شێت دەبێت.

[5] یان "شاری دڵ شوێنێکی جوانە و دەمەوێت بچمێ".

# قۆناغی شاهانه



قۆناغێک هەیە لەژیان پێی دەڵێن "قۆناغی شاهانە"Royal level کاتێ دەگەیتە ئەو قۆناغە، خۆت بەناچار نازانی بۆئەوەی خۆت بخەیتە ناو هیچ جۆرە مناقەشەیەک، وەئەگەر مناقەشەش بکەیت ، هەوڵ نادەی بۆ بەرامبەرەکەت بسەلمێنی کە ئەو هەڵەیە .. ئەگەر یەکێک درۆت لەگەڵ دا بکات لێی دەگەڕێی درۆ بکات، لەجیاتی ئەوەی پێی بلێی درۆت کردووە ، خۆشی لەوە وەردەگری کە دەبینی درۆت لەگەڵ دەکات و تۆش راستیەکە دەزانیت تێدەگەیت کە تۆ ناتوانی جیهان بگۆڕی ، تێدەگەی نەفام هەر نەفامە ئەگەر بێت و خوێندەواریش بێت ، وە گەمژەکان هەر گەمژەن . هەموو کێشەوناخۆشیەکانت و ئەوانەی هەراسانت دەکەن دەخیتە پشتگوێت و بەردەوامی بەژیانت دەدەیت .. بەڵێ ڕاستە لەوانەیە بیر لەو شتانە دەکەیتەوە کەوا هەراسانت دەکەن .. بەڵام نیگەران مەبە جارێکی تر دەگەڕێیەوە قۆناغی شاهانە . بە ڕێگادا گوزەر دەکەی وەکو پادشا ، بە زەردەخەنەوە ، کاتێ دەبینی خەڵک هەمووی خەریکی کێبڕکێ و ململانێ و هەڵخەڵەتاندنی یەکترە لەپێناو شت گەلێک کە زۆر بێ مانا و بێ بەهان . ئەوەش دەزانی کە خۆشی ئەمڕۆت بەردەوام نابێت ، لەوانەیە ناخۆشیەکی لەدوابێت وە بە پێچەوانەشەوە . باوەڕت بە قەزاو قەدەر زیاتر دەبێت . وە تێدەگەیت کە ئەوی خودا بۆی دیاری کردووی باشترینە بۆت . ئەگەر ڕۆژێک بەم قۆناغە گەیشتی هەوڵ مەدە خۆت بگۆڕیت ، چوونکە تۆ بەمە بوویتە پادشای خۆت ، هۆشیاریت ، ودڵنیایت لەخۆت تا زیاتر دەچینە تەمەنەوە تێڕوانینمان ڕوونتر دەبێ ، ئەوەش فێر دەبین ئەگەر کاتژمێرێک بە ٣ هەزار بێت یان بە ٣ دەفتەر دۆلار بێت هەر هەمان کاتت پێ دەڵێ ! وە ئەگەر جزدانێکی پارەمان هەبێ نرخەکەی ١ هەزار یان ٣٠٠ هەزار بێت جیاوازی نیە لەوەی کە چەندەی تێدایە ! وە لەکۆتاییش دا تێ دەگەی کە خۆشی لە شتە ماددیەکانەوە نیە ، ئەگەر بێت و سواری یەکەم کورسی بیت یان کورسی ڤی ئای پی ، ئەوا هەر لەکاتی دیاری کراوی خۆت دەگەی ! بۆیە فێری منداڵەکانتان مەکەن چۆن دەوڵەمەند دەبن ، فێریان کەن چۆن بەقەناعەت بن ،بۆیە کە گەورە بوون هەر شتێ بە نرخی خۆی ببینن ! خیرایی تەمەن ترسناکە !! هەر کە سەردەنێیە سەر سەرین بەیانیە و کە بەیانیش هەلسای هەرکەبینیت ئێوارەیە و دووبارە کاتی خەوە ڕۆژەکانمان دەڕۆن و ناوەستن بەڕاستی ئەوە براوەیە کە لاپەڕەکانی خۆی بەچاکە پڕکردۆتەوە ڕووداوەکان خێرا دەڕۆن لەدەوروبەرمان، وە مردووەکان کێبڕکێ دەکەن بەبەرچاومانەوە!

# هەژاری چییە؟



هەژاری ئەوەیە کە:
دوو تاک بازنەی ئاڵتوون لە دەستدابێ و دوو ددانی خراپیش لە دەمتا!

هەژاری ئەوەیە کە:
لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی وڵاتی خۆت پیسی بڕێژیت و وەصفی شەقامە خاوێنەکانی ئەوروپا بکەیت!

هەژاری ئەوەیە کە:
بڕوانامەی زانکۆت بەدەست هێنابێ و نەتوانی داڕشتنێکی کوردی بنوسیت!

هەژاری ئەوەیە کە:
صورەتی (فاتیحە)ت ڕەوان نەبێت و باسی حەرام و حەڵاڵ و ڕیفۆرمی ئاینی بکەیت!

هەژاری ئەوەیە کە:
وەرزش نەکەیت و بۆئەوەش لەش و لارت ڕێک بێت سود لە دەرمان و تەجمیل و سلیکۆن وەربگری!

هەژاری ئەوەیە کە:
دەم لە دیموکراسی بژەنیت و لە ماڵەوە منداڵەکەشت نەوێرێت فزە بکات!

هەژاری ئەوەیە کە:
داوای عەدالەت لە دەسەڵات بکەیت و خۆشت لە ماڵ و لە شوێنی کارەکەت عادل نەبیت!

هەژاری ئەوەیە کە:
لەکاتی بەتاڵی و پشودا لەبری سوتاندی چەوری لەشت بە ئۆتۆمبێلەکەت بەنزین بسوتێنی!

هەژاری ئەوەیە کە:
ئۆتۆمبێلی چەند دەفتەری لێبخوڕیت و یاساکانی هاتوچۆ نەزانی!

هەژاری ئەوەیە کە:
لەبری هاوکاریکردنی مرۆڤێک کەپێویستی بەهاوکاریە، مۆبایلەکەت دەربهێنیت و ڕەسمی بگریت و تەصویری بکەیت!

هەژاری ئەوەیە کە:
ڕێگە بەخۆت بدەیت چیت دەوێت بیڵێیت و چەندت دەوێ قسە بکەیت، بەڵام گوێ بۆ خەڵکی نەگریت و ڕێگە بەخەڵکی نەدەیت بە چپەش قسە بکات!

هەژاری ئەوەیە بە حەفتە خۆت نەشۆی بێز لە خواردنی خەلک بکەیەوە

هەژاری ئەوەیە کە:
جلەکۆنەکانی ساڵی پارت لەبەر نەکەیت، بەڵام بەبیرو بۆچونە چەوتەکانی دەیان ساڵی ڕابردووەوە خۆت بابدەی!

هەژاری ئەوەیە کە:
پێڵاوەکەت بیست سانتیمەتر بەرز بێت و ئیرادەت ملیمێک!

هەژاری ئەوەیە کە:
کتێبخانەی ماڵەکەت لە سەلاجەت بچوکتر بێت!

# ئاراستەی تورکیا بەرەو کوێ؟
## بەشی سێیەم.......سامان گەرمیانی

ئاڕاستەی تورکیا بەرەو کوێ؟

بەشی سێیەم



لە بابەتی پێشودا باسمان لە ستراتیجیەکانی ئەمریکاو ڕوسیا کردو تیشکمان خستە سەر کاریگەرییەکانی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی. ئێساش دەمەوێت سەرنجتان ڕابکێشم بۆ سەر هەڵسوکەوتی تورکیا و ئێران (لە بەشی داهاتووی ئەم زنجیرە نووسینانەدا تیشک دەخەمە سەر وڵاتی ئێران) بە هۆی هەڵوێستی نوێی زلهێزەکان بەرامبەر بە ناوچەکە.

هۆکاری ئەوەی کە ئەم دوو وڵاتەم هەڵبژاردووە ئەوەیە کە دوو بەهێزترین دەسەڵاتن لە ناوچەکەدا (ئەمە بەدەر لە عەرەبستانی سعوودی کە خۆی لەژێر دەسەڵاتی ڕۆژئاوادایە) هەروەها هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری دۆخی داهاتووی ئەم دوو وڵاتەدایە.

ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پشتبەستن بە ترەمپ و ڕوسیا و بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا ئامانجیان ئەوەیە کە ئۆردوگان لاواز بکەن وە تا بتوانین باشتر لەمە تێبگەین پێویستە لە دۆخی ئابووری ئێستای تورکیاو بکۆڵینەوە. من لێرەدا نامەوێت زۆر بە قووڵی بچمە ناو بابەتەکەوە بەڵکو تەنها ئاماژە بۆ دیارترین ئەو ئاستەنگییە ئابورییانە دەکەم کە ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە دەبێتەوەو و کاریگەرییەکانی بۆ سەر سیاسەتی داهاتووی.

هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازبوونی لیرەی تورکی کە هۆکاری سەرەکییە بۆ قەیرانی ئابووری ئێستای تورکیا:

١ .لە زۆربەی هەرەزۆی وڵاتانی جیهانی سێدا کاتێک وڵاتێک دەیەوێت بەرەو گەشەسەندنی زیاتری ئابووری بچێت سووی بانک نزم دەکاتەوە تا پارە ئاسانتر بێتە نێو بازاڕەوەو ئەمەش وا دەکات دراوی ئەو وڵاتە دووچاری هەڵاوسان ببێت. ئەمەش لە تورکیادا بە ڕێژەیەکی کۆنترۆڵکراو ڕوویدا وە بەردەوامبوو تاساڵی 2016 کە لەدوای ئەوە ئەم کۆنترۆڵە وورده لەدەستدراکودەتا سەربازییە شکستخواردووەکەی ساڵی 2016 کە تا ئێستا بە دڵنیاییەوە نەزانراوە کە ئایا ئەم کودەتایە دروستکراو بوو بۆ زاڵبوونی ئۆردوگان بەسەر سووپاکەیدا یاخود بەڕاستی ڕوویدا؟

دوای ئەم کودەتایە ئۆردوگان دەستیکرد بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان و جەنەڕاڵ و سیاسەتمەداران، دەستێوەردانی ئاشکرا لە بازاڕو سیاسەتی بانکی ناوەندی و ترساندن و ڕاوەدونانی سەرمایەدارانی بیانی کە ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی دراوی وڵاتەکە چونکە بازاڕەکەی سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا. ئەم هەنگاوانەی ئۆردوگان دڵەڕاوکێی خستە نێو بازاڕو بەشێکی زۆری خەڵکی ناچارکرد کە دەستبەرداری لیرە ببن لە ناوخۆوی وڵاتدا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کۆمپانیاکان پارەکانی خۆیان ڕاکێشنەوە لە بانکەکانی تورکیا

٣ .بەرزبوونەوەی نرخی ووزە کە بە تەواوەتی تورکیایان خستە دۆخی current account deficit) کۆرینت ئەکاونت دێفیست )- بە واتای هاوردەی زیاتر لە هەناردە کە جیاوازییەکەی لە ساڵانی 2017 - 2018 دا گەیشتە 5.5– % ( بە دۆلار) ئەم ڕێژەیەش تا ڕادەیەک ئاساییە ئەگەر بێتو لە نێوان 1–% بۆ 4–% بێت بەڵام تێپەڕاندنی ئەم ڕێژەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر زیاتر لاوازبوونی دراو.

٤ .ئۆردوگان دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردەوە کە دەیەوێت فشاربخاتە سەر بانکەکان تا قەرزی زیاتر بدەن هەروەها دەستێوەردان بکات لە سیاسەتی بانکی ناوەندی بەمەبەستی داشکاندنی سوو تا بەو شێوەیە جارێکی تر بتوانێت گەشەی ئابووری لە وڵاتەکەدا ببوژێنێتەوەو ڕێژەی بێکاری کەمبکاتەوە. ئەم تیۆرییانەش بەتەواوەتی دژی فەلسەفەو بنەماکانی ئابوورین چونکە لە هەمان کاتدا هەڵئاوسانی دراو لە ئاستێکی بەرزدابوو. ئەم ووتارانە هێندەی تر بێمتمانەیی دروست کردو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر شکانی نرخی دراوەکەی. ئەم ووتارانە زۆربەی جار لە پێش هەڵبژاردنی ساڵی 2018 بەکاردەهاتن.

٥ .زیادکردنی زەریبە لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر هاوردەکردنی ستیل و ئەلەمنیۆمی تورکی کەئەمەش بە هۆی دەستگیرکردنی قەشەیەکی ئەمەریکیەوە بوو لەلایەن تورکیاوە. هەرچەندە ڕێژەی زیادکردنەکە زۆر بەرز نەبوو بەڵام بەس بوو بۆ دروستکردنی دڵەڕاوکێ لە بازاڕەکاندا و لێدانی زەرەری بەرچاو لە لیرەی تورکی کە تورکیای ناچارکرد بە ئازادکردنی قەشەکەو ئەمەش توانی تا ڕادەیەک شکاندنی نرخی لیرە بوەستێنێت .ئەم ڕەفتارانە چ دەرهاویشتەیەکی هەبوو بۆ سەر داهاتووی تورکیا؟ لە ئێستادا کۆمپانیا تورکییەکان نزیکەی 200 ملیار دۆلار بە دراوی دۆلارو یۆرۆ قەرزاری کۆمپانیاو بانکەکانی ڕۆژئاوان. وە بە هۆی شکاندنی نرخی لیرەی تورکییەوە دانەوەی ئەو قەرزە لەلایەن کۆمپانیاکانی تورکیاوە کە زۆربەیان بە دراوی تورکی کاردەکەن بۆتە گرفتێکی ئێجگار گەورە بۆ تورکیا و ئەمەش وای کردووە بە سەدەها کۆمپانیا مایەپووچ ببن یاخود دووچاری گرفتی ئابووری قووڵ ببنەوە. دەوترێت ئەم کێشەیە دەبێتە بەهێزترین هۆکار بۆ بەتەواوەتی لاوازبوونی لیرە لە ئایندەدا، ئەمەو لە 50% هەناردەی تورکیا کە دەڕوات بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا وایکردووە کە ڕۆژئاوا بتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت بۆ سەر ئابووری تورکیا. بۆ نموونە کاتێک کە تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستانی دەکرد، ترەمپ لە ڕێگەی تویتەرەوە هۆشداری دایە تورکیا کە ئابوری وڵاتەکەیان دەڕووخێنێت ئەگەر بێتو هەنگاوی لەو جۆرە بنێن

# پیـــاوی مـــەزن



## سەرکەوتی جیهاز


لەبەرە بەیانی مێژووی ئەم سەرزەمینە کە پێی دەوترێت کوردستان هەتا ئەمڕۆ لەچەشنی تۆ، لە بلیمەتی و کارامەیی تۆ، لە بیرمەندی و سەلیقە وردی تۆ، لە دەست و داوێن پاکی و دادپەروەری تۆ، لەسەرکردەیی و ڕۆڵ بەرزی تۆ لە زانستی و وردبینی تۆ، لەتێکۆشان و خەباتی تۆ لە نوسینی فەلسەفە و ڕەوانبێژی تۆ، لەشیکاری سیاسی و دەوڵەتداری تۆ، لە ڕێکخستن و یەکڕیزی تۆ، لە کاریزمایی و بلیمەتی و لەتوانای شەقام جوڵێنی تۆ، لە قورس و قوڵی و سادە دەرکەوتوی ناو ماڵی هەژاران لەدامەزرێنەرو بەیاسا کردن، لە دارەشتنەوەی هەمو مێژوی دوێنێ و ئەم ڕۆی کورد، نەبینراوەو نەبیستراوە.بێجگە لە سەروەریەکانت، بێجگە لە هەوڵ و تێکۆشان و بوێری و زانستی و ڕەوانبێژی و چەمکە لێکۆڵینەرەکانت، شتێکت لێ جێ نەماوە کە ببێتە مایەی شەرمەزاری بۆ گەلەکەت، نە نۆکەریت بۆ تورک کرد، نە نۆکەریت بۆ فارس کرد، نە بۆ عەرەب و نە بویت بە داردەستی بیانی .پیاوی مەزن ئەی بیرمەندە سەربەرزەکە ئەی شێرەکەی شارو شاخ و دەشت و دۆڵ و دێی کوردستان ئەی پیاوی مەزن، نوسینەکانت، پەڕتوکەکانت دەستەواژەکانت، وتارەکانت، ڕەوانبێژیەکانت، چاوپێکەوتنەکانت سەرنج و تێبینیەکانت، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنیەکانت هەمو دەچنە بواری خۆیان دەچنە ناو زانکۆ و قوتابخانە بنەڕەتیەکان دڵنیابە، چونکە هیچی تر شک نابەین، تۆ ئەی پیاوی مەزن دڵتخۆش کردین، سەربەرزت کردین، دەستت گرتین، فێرت کردین، کورد بین کە سەر بەرز بین. پاوی مەزن تۆلە دایکبوی بۆ پاراستنی مێژویەک کە بە هەزاران ساڵ ون بو ، نیشتیمانێکی گیرخواردوی دەستی خێڵ و عێل و تایفەو هۆز و ناوچەگەری و سەرخستنی بەرەو دامەزراوەیی و سەربازی نیشتیمانی و دەوڵەت مەداری و یاسا،


پیاوی مەزن، زۆر هەوڵیاندا بتکوژن، بتبرن بتشکێن، زۆر هەوڵیاندا لەناوتبەرن تەڵەو داوی زۆرت بۆدانرا زۆر چاڵت بۆ هەڵکەنرا بوختان لەسەر بوختان بۆت کرا، تەنانەت لە لایەن کەسە نزیکەکانت، بەڵام بەهێزتر بویت وەک شاخ هیچ ڕەشابایەک نەیجوڵاندی.



پیاوی مەزن چۆن توانیت بەو دەست و پەنجە و قەڵەمە ئەم هەمو کتێبانە بنوسیت، چۆن توانیت بەو ماندوبونیەت هەمو خاکی وڵاتەکەت پەی بکەیت، ئەم هەمو دوندو گوندو ناوچانەی کوردستانت شیکردەوە چۆن کردنت بە پەڕتوک، چۆن ناوی هەمو گرد وشاخ و شوێنی کوردستانت تۆمار کرد، ئاخر چۆن بەم تەمەنە کورتە هەمو گژوگیاو دارو و بەرد و ڕوەکی وڵاتەکەتت دۆزی و کرد بە وانەی قوتابخانەکان، چۆن توانیت ناوی ئاژەڵ و بەروبومی داهاتی هەمو یان کێڵگەو باخو باخات و دەشت و دەرو دروێنە دیاری بکەیت، چۆن توانیت شەن و کەوی مێژوی کۆمەڵایەتی و مزگەوت و تەکیەو نزرگە کان بکەیت.

تۆ ئەی پیاوی مەزن
ئەی مایەی شانازی نەتەوەیەک ئەی شکۆی نیشتمان.









# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

# YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهان)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703









بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بلاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بلاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی رووی راستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

یادنامە

YADNAMA
سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بلاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

بلاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێرێتەوە

ژمارە 6 30.Juli. 2019 30 تەموزی 2019

# گێلیەتی ئەوەیە هەمان کار دووبارە بکەیتەوە، بە هەمان شێواز و بە هەمان هەنگاوەکان چاوەڕوانی ئەنجامی جیاواز بیت...ئانیشتاین

## ده ساڵ له تەمەنی بزووتنەوەی گۆڕان




کامەران وریا قانع

ده ساڵ له تەمەنی بزووتنەوەیەک تەواوبوو،10 ساڵ له هێرشی هەمەلایەنە، 10ساڵ له خەنجەروەشاندن له جەستەی ماندووی لە لایەن دوژمن و دۆستەکانی، 10 ساڵ بەرگە گرتن له فشاری گەورەتر له تواناى خۆی، 10 ساڵ پایەتەختە نەما غەردی لێنەکات، بەغدا ، تاران ، ئەنقەرە، 10 ساڵ پڕ له گفتوگۆی توند له نێو بزووتنەوەکە لەسەر دوارۆژی، لەم 10 ساڵە چەندین کەسایەتی باڵای بزووتنەوەکە زویر بوون چونەوە ماڵەوە بە بێدەنگی دانیشتون و چەندانی ترش بەردەوام هاوار دەکەن و داوای مافی خۆیان دەکەن له بزووتنەوەکە،چونکە رۆژانێک پێوەی ماندوو بون، 10 ساڵ له تەمەنی بزووتنەوەیەک بە بارتەقای مێژووی هەموو هێزە کوردیەکانی تر گفتوگۆ و نووسینی لەسەر کراوە. ڕاستیەکی سادەیە کە بزووتنەوەی گۆڕانی ئەم قۆناغە هەمان بزووتنەوەی گۆڕانی پێش دە ساڵ نیە( مەبەست لەوەی هەمان بزووتنەوکەی جاران نیە، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە بوتە خاوەن مێژوو، کە مێژووش دروست بوو دەبێت پێداچونەوەی پێ بکرێت)،

ئەم بزووتنەوەیە لەو باوەڕەدایە، چۆن چاکسازی لەبواری ئاین هەر بە زانایان و مەلایی ئاینی دەکرێت کە لە بوارەکەی خۆیان هەموو ئەو پێداویستیانە دەبینن کە دەبێت دەستکاری بکرێت تاکو لەگەڵ ژیانی سەردەم بگونجێت.
بەهەمان دید و بۆچوون چاکسازی لە بواری حکومڕانی دەبێت لە ناو کایەکانی حکومڕانی خۆی بکرێت کە بنەماکانی لە دنیای ئەمڕۆدا بریتیە لە(هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت). لەم قۆناغە بزووتنەوکە بروای بە هەرسێ بنەماکە هەیە (هەرچەند گومانەکان لە و سێ بنەمایە زۆرن، بەڵام ڕیگای تری لە پێش نیە) چاکسازی لە هەر بنەمایەکیان پێویستی بە ئامادەبوونێکی بەهێز هەیە لە ناویان . چۆن لەبواری ئاینی چاکسازی بەو کەسانە ناکرێت کە لەدەرەوەی ئاین رەخنە دەگرن، بە هەمان شێوە چاکسازی لە حکومڕانی و بەرێوە بردنی حکومەت بەو کەسانە ناکرێت کە لە دەرەوەی دەزگاکانن. بیرۆکەی بەشدار بوونی بە هێز لە حکومەت ، پێداچوونەوەیە بە سیاسەتی بزووتنەوەکە، کە بۆ ئەم ساتەی ئێستا بە شیاوی دەزانێت، بەڵام مەرج نیە ئەم تێراونینە ئەبەدی بێت. ئەوانەی ئەم بادانەوەیە لە سیاسەتی گۆڕان بە شکست ئەزانن، هەمان رۆڵی ئەو مەلا ئاینیانە دەبینین کە ئاینیان لە دەقێکی چەقبەستو دەوێت لە رۆژی هاتنە خوارەوە تا رۆژی حساب بێدەستکاری بێت. کۆمەڵگای کوردی ئەمرۆ هەمان کۆمەڵگا نیە کە بزووتنەوەکەی تیا دروست بوو، دنیایەک گۆرانکاری گەورە رووی داوە، هەر لە قوڵ بوونەوەی قەیرانە ئابورییەکان، بۆ نەمانی متمانەی خەڵک بە هێزە سیاسیەکان لە (دوا هەڵبژاردنی رابردوو بە ئاشکرا دەرکەوت)، بۆ نەمانی کاریزمای رێکخەری پێشووی بزووتنەوەکە. بۆ دروست کردنی چەندین هێزی تر، کە هەوڵیاندا هەمان رۆڵی رادیکالی بزووتنەوەکە ببینن، بۆ زیاد بوونی رێژەیەکی زۆری بێکاری لە ناو گەنجان کە ساڵانە خوێندن تەواو ئەکەن، بۆ پەیدا بوونی چەندین دیناصۆری خاوەن ئیمپراتۆریەتی پارەو پوول. بڕوانە ل 2

# ده ساڵ له تەمەنی بزووتنەوەی گۆڕان

پاشماوەی لاپەڕە 1




بۆ زیاد بوونی تەماحی پارەی نەوت لای سیاسیەکان، بۆ زیاتر فراوان بوونی تۆڕەکانی گەندەڵی، ناکرێت ئەم هەموو گۆڕانکاریانە رووی دابێت و تۆش هەر پشت بە تۆپخانەکەی کەی ئین ئین ببەستی بۆ هەڵبژاردنەکان! بزووتنەوەی گۆڕان باش دەزانێت چوونە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی و هەڵگرتنی بەرنامەی چاکسازی ریسکێکی گەورەیە، لە ژینگەیەک کە چوار دەوری بە پەرژینێکی گەورەی گەندەڵی و بێ یاسایی دروست بووە.
دواجار سیاسەت خۆی چیە؟ ئەگەر ریسک نەبێت، هیچ پرۆژەیەکی سیاسی بەمەرجی ئەوە ناکرێت، کە دەبێت سەد دەر سەد دڵنیا بیت لەو دیوی تونیلەکە بە سەلامەتی دێیتە دەرەوە. ئەگەر هێزێکی وەک پارتی ڕاستگۆ نەبوو لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بزووتنەوەکە، ئەوە تاوانی گۆڕان نییە، چونکە لە ڕێکەوتن بەردەوام لایەنی بەهێز بۆی ئاسان ترە خۆی بدزێتەوە لە بەڵێنەکان.

## مەبەست لە چاکسازی چیە؟

گۆڕان هەرگیز نەیگوتووە بە بەشداری کردنم لە حکومەت، ئیتر ئەم حکومەتە بە تەرازوی زێڕنگەر کارەکانی دەبات بەڕێووە، یاخود عەدالەتی عمری کوڕی خەتاب پەیڕە و دەکات، چونکە ئەم وێنەیە هەم هەڵە و وەهمە هەم لە توانای گۆڕان نییە، مەبەست لە چاکسازی گۆڕان ئەو کۆمەڵە وەزارت و پۆستانەیە، کە بەڕێوەیان دەبات، دەکرێت لەم دۆخەیان کاری گەورە بکرێت، واتە لە کۆی نزیکەی 25 وەزارەت گۆڕان هەر دەتوانێ چاکسازی لەو 4 وەزارەتە بکات کە بەڕێوەیان دەبات. بە کورتی و بە کوردی بزووتنەوەکە ئەرکی مێژووی ئەم ساتەی بریتییە لە کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییە (گاپ)ە گەورەی نێوان حکومەت و خەڵک، دەوڵەمەند و هەژار، بێدەسەڵات و دەسەڵاتدار کەم بکاتەوە. خۆ ڕەنگە سەرکەتووش نەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە، بە هەموو توانای خۆی کاریان لەسەر بکات.

## لەبیابانەکانی سەماوەوە

## بانگەواز

بۆ / کەسو کاری قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان.
بۆ / سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
بۆ/ سەرۆکایەتی پەڕلەمانی کوردستان
بۆ / سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بۆ / سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ
بۆ / نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق,
بۆ/ دەزگا و دامەزراوە و میدیاکانی کوردستان،
بۆ/ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،
بۆ/ هەر کوردێک لە هەر شوێنێکی دنیا هەیە...
بەڕێزان...

ئێمە لێرەین لەبیابانەکانی سەماوەین و سەرقاڵی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵانی ئەنفالکراوی کوردین. لێرە تاوانێگەلێکی هێندە نامرۆڤانە و دڕندانە ئەنجام دراوە، مرۆڤ تووشی شۆک و ڕاچڵەکانێکی گەورەی ڕوحی دەبێت. لێرە گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەم تراژیدیاترین تاوانەکانی سەر ڕوی زەوی لەلایەن صدامی گۆڕبەگۆڕ و ڕژێمەکەیەوە ئەنجام دراوە! کاتێک ئێسکی وردی منالانی کورد لەم گۆڕە بەکۆمەڵەدا دەبینی خەریکە دڵ لەجەستە بێتەدەر، ئاگرێک لە روح بەردەبێ هەست دەکەی هێدی هێدی ڕاپێچی مەرگ دەکرێی! خودایە کاتێک بەفڵچەیەکەوە لم و خۆڵی ئەو بیابانە لەسەر لاشە و پرچ و دەست و پەنجەی دایکان و جگەرگۆشەکانیان لادەبەم، هەست دەکەم دەست و پەنجەی هەڵوەریوی ئازیزترین کەسەکانمانە، سوێند بێ بە یەزدانی مەزن حەز دەکەم هەموو مشتە خۆڵێکی سەر روفاتی ئێوە ماچ بکەم. تکایە باڵوێز و کونسوڵ و دیپلۆمات و میدیاکار و سیاسی و چالاکوانی مەدەنی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بهێنن و یاوەریان بن با بە چاوی خۆیان جینۆسایدی کورد و ئەم تراژیدیا بێوێنەیە ببینن. بیانهێنن چۆن ئەوکات چاویان لەئاستی ئەم تاوانانەدا داخست با ئێستا چاویان بکەنەوە، با لەم بیابانە چۆڵ و هۆڵەدا چەندین دیمەنی هاوشێوەی عومەری خاوەر ببینن، با ببینن و بزانن کە ٣١ سی و یەک ساڵە هێشتا لەو بیابانە دایکانی کورد توند توند جگەرگۆشەکەکانیان لە ئامێزگرتووە و ئێسکەکانیان تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتربوون و نایانەوێ بۆ ساتێکیش لەیەکتری جیا ببنەوە! ئیلاهی ئەم دیمەنانە چەند روح سوتێنەر و دڵ هەژێنن!؟ تکایە گەر لە تواناتاندا هەیە نوێنەری وولاتە زلهێزەکانی جیهان بهێنن، با ببینن چۆن بۆ بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆیان چاوپۆشیان لەگەورەترین تاوانەکانی سەدەی بیستەم کرد! لەگەڵ خۆتان نوسەر و ڕۆژنامەنوس و میدیاکارانی کەناڵە کاریگەرەکانی وڵاتانی جیاجیا بهێنن بۆ بینینی دیمەنەکانی ناو ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە بۆ ئەوەی ویژدانی نوستوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەخەبەر بێنێ. تکا دەکەم دەرهێنەرە گەورەکانی فیلمی سینەمایی لەگەڵ خۆتان بهێنن، تاوەکو بەچاوی خۆیان ببینن و بزانن ئایا هیچ فیلمێکی تراژیدی هێندەی دیمەنەکانی ناو ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە تراژیدی و کارەساتبارە! لێتان دەپاڕێمەوە، بیکەن بۆ خاتری پاکی و بێگەردی ڕوحی ئەم ژن و منالانەی لەناو ئەم گۆڕە بەکۆمەلانەدان، هەر کەسێکتان پێدێت بیانهێنن بۆ ئەوەی ئەم تاوانە گەورانەی بەعس و صدامی گۆڕبەگۆڕ وەکو خۆی بێ زیاد و کەم ببینن! بیانهێنن بۆ ئەوەی پێیان بڵێین ٣١ سی و یەک ساڵ لەمەوبەر بەر لەهاتنی ڕۆژی حەشر، قیامەتی سەدان ژن و منداڵی کورد لێرە ڕویداوە! تکایە چیتان پێدەکرێ بیکەن، ئێمە لێرەین و هاوکاریتان دەبین...

ئەنوەر عومەر سەعید

بیابانەکانی سەماوە


# ئاوڕیك لە سیامەند شاسواری پێشمەرگەی دێرین و نوسەر و وەرگێڕ



سیامەند مامیر شاسواری کوڕی میرزا سمایل و حەبیبە خانم، لە شاری سەقزی کوردستان لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر و تێکۆشەر رۆژی 05/01/1957 لەدایک بووە، ساڵی1972 لەگەڵ هاوڕێیانی یەکەم رێکخراوی چەپی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی رێکخراوی کوردستانی ئازاد دائەمەزرێنن. ساڵی 1973 لە زانکۆی ئەفسەری فرۆکەوانی هەوانیروز وەردەگیرێت. ساڵی 1975 لەگەڵ 59 کەسی تر دەگیرێن. ساڵی 1977 گەورەترین مانگرتنی مێژووی زیندانەکانی ئێران بۆ 24 شەو و رۆژی 18 کەسی بەرێوەی دەبەن. ساڵی 1978 لە زیندان دیپلۆمی دواناوەندی لە ڕشتەی ماتماتیک وەردەگرێت. ساڵی 1979 زیندان دەشکێنن و دەبێت بە پێشمەرگە. ساڵی 1979 بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد دادەمەزرێنن. ساڵی 1979 کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان و هەروەها یەکێتیی جووتیارانی کوردستان داددەمەزرێنن. ساڵی 1980 دەبێت بە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی رێکخراوەیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. ساڵی 1980 دەبێت بە ئەندامی هەڵبژاردەی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ، لە 1980 تا 1984 سیانزە ژمارەی نووسەری کوردستان دەردەکەن ساڵی 1980 ئەندامی کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە ڕەنجدەران بوو. ساڵی 1980 بەرپرسی چاپکردنی گۆڤاری (کۆمەڵە)ی ئورگانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێک لە نووسەرانی گۆڤارەکە دەبێت. "قەیرانی وزە و دابەزینی نرخی پەترۆڵ" لە (کۆمەڵە)دا بڵاو دەبێتەوە، ساڵی 1981 بەرپرسی چاپکردنی کۆمەڵە و (ناوخۆ) واتە بڵاوکراوەی نهێنی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.




ساڵی 1981 پەڕتووکی "هەژدەی برومێری لویی بوناپارت" بڵاو دەکاتەوە، ساڵی 1982 پەڕتووکی "ism و ist و جۆری بەکارهێنانیان لە زمانی کوردیدا" بڵاو دەکاتەوە، ساڵی 1982 لە کونفڕانسی دووەمی کۆمەڵە بەشداری دەکات، ساڵی 1982 لە لایەن مامجەلالەوە دەکرێت بە بەرپرسی دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، ساڵی 1983 ناوەندی کۆمەڵە دەگوێزنەوە بۆ دۆڵی پلێنگان و دۆڵی شاور و بۆ خەتێ و لەوێشەوە بۆ سووورداش و ...




ساڵی 1983 ئەندامی بەشداری کونفرانسی سێیەمی کۆمەڵە دەبێت لە پیرەمەگروون، ساڵی 1984 سەرکردایەتی دەگوێزنەوە بۆ چۆخماخ و بۆ بەرگەڵوو، پاشان بۆ مەرگە و سێروان و... یەکێک لەو سێ کەسە دەبێت، کە ئەرشیفی یەکێتیی و کۆمەڵە و رادیۆی یەکێتیی دەگوێزنەوە بۆ دۆڵەکۆگێ لە قەندیل، لە ساڵی 1985 و 86 بەردەوام دەبێت لە کارکردن لە چاپخانەی کۆمەڵە و دەزگای رۆشنبیری، ساڵی 1987 ...لە قەندیلەوە دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی جافەتی و لەگەڵ یەکەم هێزی یەکێتیی دەچێت بۆ بادینان بۆ ناوچەی زێوە و دهێ، یەکەم چاپخانەی یەکێتیی لە زێوەی بادینان دادەمەزرێنن.

بڕوانە لاپەرە 4


# پاشماوەی ل 3 ئاوڕیك لە سیامەند شاسواری پێشمەرگەی دێرین و نوسەر و وەرگێڕ




سالٚ 1991 لە دامەزرێنەرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی نورویێژە و گەڵاڵەی پەیڕە و پڕۆگرامی فیدراسیۆن دەنووسێت، ساڵی 1992 بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کۆلیجی ئەندازیاری لە نورویێژ دەخوێنێت. ساڵی 1993لە دامەزرێنەرانی پارتی سەربەخۆیی کوردستانە، گەڵاڵەی بنەما تیۆرییەکان واتە مانیفێستی رزگاریی دەنووسێت و تاساڵی 2000 کاریان لەگەڵ دەکات. ساڵی 1994 .. سەرنووسەری گۆڤاری شەبەنگ ئورگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە نورویێژ بووە، ساڵی 1994 لە مۆنتریاڵی کانادا دەبێت بە ئەندامی پارتی کێبکوا و لە ڕیزی چالاکوانانی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کێبکی سەربەخۆ لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا دڵسۆزانە تێدەکۆشێت، ساڵی 2000 ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری "کونگرەی نیشیمانی کوردستان" لە بلژیک دەبێت. ساڵی 2006 دیپلۆمی مایکرۆسۆفت (DataKortet–7modul) لە بەکارهێنانی کامپیوتەر لە نەرویج وەردەگرێت. ساڵی 2008 دیپلۆمی دیزاین و نەخشەکێشان بە کامپیوتەر (DAK) لە نەرویج وەردەگرێت، ساڵی 2008 لە کارگەیەکی نەرویجی بە ناوی (Varbas)وەکو دزاینەر و پرۆگرامەر و بەڕێوەبەری مەکینەی CNC کار دەکات. ساڵی 2009 سێ ڕۆمانی فارسی لە بەرهەمی بوزورگی عەلەوەی، شکوهی میرزادەگی و مەنسووری هومافەڕ، سێ نووسەری ئێرانی وەکو تەواوکەری یەکدی و بە ناوی "سیانەی جەگەن" بڵاو دەکاتەوە. ساڵی 2012 وەرگێڕانی ڕۆمانی 10 بەرگی کەلیدەر دووەم ڕۆمانی گەورەی جیهان دەربارەی کوردەکانی قۆچان، لەگەڵ فەرهەنگۆکی تاییەت تەواو دەکات و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بە 11 پەرتووک چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. ساڵی 2012 دوو پەرتووکی هۆنەر شێرکۆ بێکەس دەکات بە فارسی، ساڵی 2013 سێ پەرتووکی تری هۆنەر شێرکۆ بێکەس دەکا بە فارسی ساڵی 2013 پەرتووکی ڕێگەی ئاسان بۆ واز هێنان لە جگەرە بڵاوی دەکاتەوە. ساڵی 2014 ڕۆمانی سوور و ڕەش.



نووسینی ستاندالٚ بڵاودەکرێتەوە، هەمان سالٚ 2014 دەست دەکات بە وەرگێڕانی گەورەترین ڕۆمانی جیهان بە ناوی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو نووسینی مارسێل پروست لە زمانی ئینگلئزییەوە،ساڵی 2014 لە مانگی مارتدا بەرگی یەکەمی گەڕان بە ناوی ڕێگەی بەرەو سوان لە دووتوێی 729 لاپەڕەدا تەواو دەکات ساڵی 2015 لە مانگی جانیوەری بەرگی دووەم بە ناوی لە سێبەری کچانی نەوڕەسدا لە دووتوێی 883 لاپەڕەدا تەواو دەکات، ساڵی 2015 لە مانگی جوون بەرگی سێیەمی گەڕان بە ناوی ڕێگەی بەرەو گورمانت لە دووتوێی 1032 لاپەڕەدا تەواو دەکات.





ساڵی ؛ 2015 لە مانگی ئۆکتۆبردا بەرگی چوارەمی گەڕان بە ناوی سودووم و گومڕاهـ لە دوو توێی 925 لاپەڕەدا تەواو دەکات، ساڵی 2016 لە مانگی ئاپریلدا بەرگی پێنجەمی گەڕان بە ناوی یەخسیر لە دوو توێی 754 لاپەڕەدا تەواو دەکات؛ ساڵی 2016 لە مانگی جوولای‌دا بەرگی شەشەمی گەڕان بە ناوی ڕاکـردوو لە دوو توێی 539 لاپەڕەدا تەواو دەکات؛ ساڵی 2016 لە مانگی ئوکتۆبردا بەرگی حەوتەمی گەڕان بە ناوی کاتی دۆزراوە لە دوو توێی 770 لاپەڕەدا تەواو دەکات و ناوەندی غەزەلنووس تا مانگی سێی 2017 هەر حەوت بەرگەکەی بە دوای یەکدا چاپ دەکات و بڵاویان دەکاتەوە، ساڵی 2017 لە دوای ڕۆمانی گەڕان، پەرتووکی دێکامێرۆن لە نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆ کە هەگبەی 100 چیرۆکی ناوازەیە و دوو بەرگی 800 لاپەڕەییە، لە ئینگلیزییەوە ئەکا بە کوردی و مانگی جوون تەواوی دەکات، کە لە پڕۆسەی هەڵەچنی دایە... لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی فەرهەنگی شاسوارە بە شێوەی وێنەدار، کە نزیکی 1000 لاپەڕە بوەتەوە ... 2015وەکو ئارشیتکت و نەخشە کێش لە کۆمپانیای Norsk Brannvern(نۆشک برانڤەرن) لە نورویێژ دەست دەکاتەوە بە کار و تا کۆتایی ساڵی 2018 لە کارکردن بەردەوام دەبێت.

# شاری سلێمانی لە مێژوودا



ـ لە ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشوانی شاری سلێمانی ١٠ هەزار کەس بووە.
ـ لە ساڵی ١٨٩٣ خانەقای مەحوی لە سلێمانی دروستکرا.
ـ لە ساڵی ١٨٩٧ یەکەم دەزگای تەلەگراف لە شاری سلێمانی دامەزرا، یەکەم کەس کە ئیشی لەسەرکرد ( شاکر مەجروم ) بوو.
ـ لە ساڵی ١٩٠٠ ( قایەرە فەنی ) گەورە عەرەبانەی دروستکرد لە سلێمانی، کە وڵاخ ڕای ئەکێشا،
ـ لە ساڵی ١٩٠٦ مەحوی گەورە شاعیری کورد لە سلێمانی کۆچی دوایکرد.
ـ لە ساڵی ١٩٠٧ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ٨٩٦٣ کەس بووە.
ـ لەساڵی ١٩٠٨ یەکەم سندوقی گۆرانی لە لایەن " حاجی ئەمینی کاکە حەمەو حاجی عەبدول ئیلاهـ عەزیزەوە هێنراوەتە سلێمانی.
ساڵی ١٩١١ پردی قلیاسان لە سلێمانی دروستکرا.
ـ لە ساڵی ١٩١٥ – ١٩١٧ بەفر بارینێکی زۆر و گرانی لە سلێمانی ڕوویدا.
ـ لە ساڵی ١٩١٦ هێنانی یەکەم ئۆتۆمبیل بۆ سلێمانی لەلایەن خەلیل پاشای والی بەغداوە.
ـ لە ساڵی ١٩١٦ یەکەم فڕۆکە ئەفسەرێکی ئەڵمانی هێناویەتیە سلێمانی و کەوتۆتە شیوی ( دۆزەخ مینە ) و فڕۆکەوانەکەش مردووە.
ـ لە ساڵی ١٩٢٠ یەکەم دەزگای چاپ مێجەرسۆن هێنایە شار.
ـ لە ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشوانی شاری سلێمانی ١٠ هەزار کەس بووە.
ـ لە ساڵی ١٩١٨ یەکەم کتێبخانەی ( مەلا عەلی سەحاف ) لە سلێمانی دانرا.
ـ لە ساڵی ١٩٢٢ سەیرانە گەورەکەی گەڕەکی دەرگەزێن کراو دانگی دایەوە.
ـ لە ساڵی ١٩٢٢ ئینگلیزەکان سلێمانیان چۆل کرد .
ـ لە ساڵی ١٩٢٣ تویمەلیک ( باخی مەلیک ) لەلایەن شێخ مەحمودەوە دروستکرا.
ـ لە ساڵی ١٩٢٣ یەکەم بۆردومانی سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کرا.
ـ لە ١٩٢٣/٥/١٦ کوشتنی ڕۆشنبیر ی بەناوبانگ جەمال عیرفان.
ـ لە ساڵی ١٩٢٤ لەشکری شێخ مەحمود سلێمانی چۆڵ کرد.
ـ لە ساڵی ١٩٢٤ دەرچونی ژمارە ١ ی ڕۆژنامەی ژیانەوە.
ـ لە ساڵی ١٩٢٥ چیرۆکی شانۆی ( قارەمانی کورد ) لە خانوەکەی ( بەهیە خانی بابا عەلی ) کە قوتابخانەبوو لە خوار مزگەوتی گەورەوە پیشاندرا.
ـ لە ساڵی ١٩٢٦ برازایەکی ( کەریمی عەلەکە ) یەکەم ئاشی مەکینەی هێنایە سلێمانیەوە.
ـ لە ساڵی ١٩٢٦ یەکەم تیپی مۆسیقا دامەزرا لە سلێمانی.
ـ لە ٢١ نیسانی ساڵی ١٩٢٦ یەکەم قوتابخانەی کچان، لە خانووەکەی عەلی بەگ فەتحوڵا بەگ لە سابونکەران کرایەوە.
سەرچاوە: کتێبی ( سلێمانی شارە گەشاوەکەم) ـ جەمال بابان

# لە مێژوی 90 ساڵی وڵاتی سوید، تەنیا 7 سیخوڕ هەبوون یەکێکیشیان سیخوڕی بۆ عێراق کردووە.



## هونەر خەفاف

١– ستیگ بیرگلینگ ١٩٣٧– ٢٠١٥، سیخوڕی بۆ سوپای سۆفیەت کردووە ١٩٧٦ دا گیراوە و دادوەر بەندکردنی هەموو ژیانی داوە بە تەنگەدا.
٢– بیرتیل سترومباری ١٩٣٢ – ٢٠١٢ بو پۆ لۆنیا سیخوڕی کردووە. ١٩٨٣/٣/٢٠ گیراوە. ئەمیش شەش ساڵی ڕەبەقی کرا بە گەردندا.
٣– فریتیوف ئینبوم ١٩١٨ – ١٩٧٤، سیخوڕی بۆ سۆفیەت ( NKVD کە KGB ی ئێستایە ) کردووە. ١٩٥١ بە بڕیاری دادوەر دەگیرێت و هەموو ژیانی فت. ڕێک بۆ بەندیخانە.
٤– میرکو کاوفە رباری ١٩٤٢ – لەسە ر ئامادەسازی بۆ سیخوڕی کردن، گیرا و سێ ساڵی بەند چێژت. هەوڵی سیخوڕی بۆ چیکوسلۆفاکیا بوو.
٥– ئارنە بیورن ١٩٢٣ – ٢٠١٤ سیخوڕی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بوو ( Stasi ) بەندیش نەکرا لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم: دادوەر دە لیلی پڕاوپڕی نەبوو. دووەم: بەهۆی پیرییەوە دە یبزڕکاند و جەنگی ساردیش کۆتایی پێ هاتبوو.
٦– هانس میلین ١٩١٦ – ١٩٩٦ ئەم نەفرەتییە پۆلیسی پاسەوان بو لە سەرەتای ژیانیدا. خاوەنی خیزانێکی تێک و پێک شکاو بوو. بەهۆی پیشەکەیەوە زۆر کەسی ناسی. کەوتە سیخوڕی بۆ ئەبوحەیدەر لە باڵوێزخانەی عێراقی ناموبارەک. بەهۆی کارمەندێکی ژنەوە لە باڵوێزخانە دەستی کەشف کرا و سێ هەزار دولاری بەرتیل پێ گیرا. ئەبو حەیدەر لە سوید دەرکرا و نەفرەتیش چوار ساڵ بەندکرا. ئەوەی شایەنی باسە هانس میلین وێنە و ئەدرەسی تێرۆریستەکانی سویدی بە عێراق فرۆشتووە کە مۆری شاردنەوەیان لەلایەن پۆلیسی سویدییەوە لێ درابوو. زانیاریشی لەسەر پەنابەرەکان دابوو بە ئەبو حەیدەر.
٧– ستیگ فینە رستروم ١٩٠٦ – ٢٠٠٦ سیخوڕی سۆفیە ت بوو ١٩٦٣ گیرا و دادوەر بەندی هەتا هەتایی بە ملی ئەمیشدا سوو.
سە رچاوە: وەزارەتی بەرگری سوید

# یادی شەهیدی نەمر فازیل ڕەسوڵ

جیهاد محەمەد



کاکە فازیل هاوڕێ و خزم و کەسی خۆشەویستم، زۆر سەختە من زیندوو بم و یادی تۆی گیان بەختکردوو بکەمەوە، تۆی گیانبەختکردوو کوانوویەکی هێندە گەرمت لە ناو دڵمدا چێ کردووە هەرگیز ناکوژێتەوە. چ قەدرێکە، گیانی تۆ گوللە دایبێژێت، دڵی منیش سوچەڕی خەم. کێ بوون ئەوانەی دڵیان هات گوڵی چاوەکانت بپروێنن؟! کێ بوون ئەوانەی دڵیان هات هەناری دڵت داتەکێنن؟! کێبوون ئەوانەی توانیان خەندەی سەر لێوت بتۆرێنن؟! کێبوون ئەوانەی سەرووی باڵاتیان لارکردەوە و کانی ڕۆحتیان وشک کرد؟! ئاخر خۆ دڕندەش شەرمی لە ئاغری و مرۆڤدۆستیی و ژینگەدۆستیی و سروشتدۆستیی تۆ دەکرد، بەڵام دیارە ئەوانە لە دڕندەش دڕندەتر بوون. بکوژەکانی تۆ حەلاجکوژەکان و ئارامکوژەکان و فەرهاد فەرەجکوژەکان و عەبدولخالق مەعروفکوژەکان بوون، بکوژی دەیان ئینساندۆستی وەک تۆ و فەرج فۆدە بوون. بکوژەکانی ئێوە(تۆ و قاسم لۆ و عەبدوڵلای قادری) سیکتاریزمە بیرتەسکەکان بوون، کە هەرگیز ئاشتی و پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنیان نەویستوە و نایانەوێت. ئەزانم لە هەموو لایەکەوە فێڵیان لێ کردیت، دەنا تۆ زۆر لەوە وردتر بوویت بکەویتە داوی گەلەگورگێکی خوێنخۆرەوە. لە یادی ئەو زوڵمەی لە تۆ کرا دەستم قەڵەم ناگرێت و بە زۆر هێز دەدەمە بەرخۆم شتێکی کورت بنووسم، ئاخر قەڵەم هەرچی بنووسێت با سەوزەڵانێک و گوڵستانێک و نێرگسجارێکیش بخولقێنێ لە یادی تۆی جوانەمەرگدا و پێشکەشتیکا، کەچی هەر ناچارە، ملکەچانە سەر دانەوێنێت لە بەرامبەر ڕێز و خۆشەویستی و بیری فراوانی تۆدا، بۆیە بە لارەملیەوە ئەم چەند دێڕە دەنووسم و پێت دەڵێم تۆ هەمیشە زیندوویت لەلام. ئێستاش وا دەزانم ئەو ساتەیە هەواڵی مەرگتم پێگەیشت و ئەم هەواڵە دڵتەزێنە هەر گەرمە لام و سارد نابێتەوە.

## فازیل ڕەسوڵ کێ بوو؟

فازیل مەلا مەحموود حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە، کە لە 13ی حەوتی 1989دا لە ڤیێننای پایتەختی نەمسا لەگەڵ هەردوو گیانبەختکردوو قاسم لۆ و عەبدوڵلای قادریدا لە سەر مێزی دانوستاندن تیرۆر کران. فازیل ڕەسوڵ، ئەو کەسە بوو، کە خەمی میللەتێکی لە کۆڵ گرتبوو، هەرچ کەسێک فازیلی بۆ جارێک بینیبێت و ناسیبێت، زانیوێتی ئەم گەنجە چەند وردبین و زیرەک و بلیمەتە. سەری سوڕماوە لەوەی چۆن ئەو دڵە بچکۆلەیەی جێگەی ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی میللەتێکی تیا دەبێتەوە، ئەی چۆن توانیوێتی دڵی بکات بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ هەڵگرتنی ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی میللەتەکەی و بەشێکیشی بۆ ئەو هەموو هیوا و ئاوات و خۆشەویستی و گەشبینییەی نەک هەر بۆ میللەتەکەی خۆی بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و بە تایبەتی چارەسەری کێشەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ەسایەتی فازیل ڕەسوڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە فازیل ڕەسوڵ، هەر لەسەرتای لاوێتیەوە، کەسێکی وردبین بووە، کەسێک بووە، توانیوێتی دڵی هەموو خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی بە جۆرێک ڕابکێشێت بە لای خۆیدا، کە کەس دڵی نەهاتووە بۆ ساتێکیش لێی زویر بێت. لە ناو خێزانەکەی خۆیدا کەسانێکی بە تەمەنتر و بە ئەزموونتر و خوێنەوارتر و خاوەن بڕوانامەی گەورە هەبوون وەک براکانی و ئامۆزاکانی، کەچی حسابی فازیل وا کراوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم گەنجە خوێنگەرمە بلیمەتە باش جێگەی خۆی دەکاتەوە لە ناو میللەت و کۆمەڵگاکەی خۆیدا، بۆیە حسابی تایبەتی بۆ کراوە، هەتا توانیبێتیان دەستیان گرتوە و وەک قوتابیەکی بلیمەتی خۆیان تەماشایان کردووە و پشتیوانییان کردووە و دڵسۆزانە دەست لە ملانی بوون، ئەمیش بە دڵی فراوانەوە گەورەکانی خۆی قبووڵکردووە و خۆی بە فێرخوازی هەمیشەییان زانیەوە. لە ناو هەموو ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ئۆرگانە سیاسیانەشی کە کاری کردووە، چ چەپ و چ ڕاست هەمان حسابی بۆ کراوە و هەمان چاوەڕوانی لێکراوە. مێشک و دڵی فازیل بە هیچ جۆرێک جێگەی تۆڵەسەندەوە و ڕق و کینەی تیا نەدەبووەوە، کەسێک بوو هەتا بڵێی دژی توندووتیژی و خوێنڕشتن بوو، ئەم گەنجە جوانە خەندە بەلێوە ڕووخۆشە هەمیشە دەشنایەوە بۆ هەرچ کەسێکی بەرامبەری. فازیل شنەی شەماڵ و بای وەشتی خۆشەویستی بوو بۆ هەموو کەس بێ جیاوازی. میهرەبانی و نەرمونیانیەکەی لە میهر و نەرمونیانی دایک دەچوو بۆ ڕۆڵەکەی. ویژدانم ئاسوودە نابێت، ئەگەر دان بەو ڕاستیەدا نەنێم، کە ئەم کوڕە گەنجە زیرەکە، وەک پەپولە وا بوو، لە ژیانیدا ئازاری هیچ کەسێکی نەدابوو، دژی هەموو توندووتیژیەک بوو، دژی هەموو کوشتن و بڕین و خوێنڕشتنێک بوو، کەسێکی تا بڵێی دڵپاک و بە ئەمەک و هاوڕێدۆست و خزمدۆست و ناسک بوو، کەسێکی سادە و ساکار و خاکی بوو، ئەوەی لە گیرفانیدا بوایە حەزی دەکرد لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بەشی بکات و پێکەوە خەرجی بکەن، هەتا بڵێی دوور بوو لە خۆپەرستیەوە.ئەم کوڕە گەنجە خوێنگەرمە، هەمیشە بیر و ئەندێشە ئینسانیەکەی لە گەشەکردندا بوو، هەمیشە سادە و سادەتر و خاکیتر دەبووەوە. ئەگەر کەسێک هەبێت ئێستا گلەییەکی لەم شەهیدە هەبێت، من دڵنیام ئەگەر فازیل لە ژیاندا بوایە، ئێستا نزیکترین کەس و هاوڕێ و دۆست و خزمی ئەو کەسانە بوو.

## فازیل ڕەسوڵ وەک ڕۆشنبیر و سیاسی

فازیل بیرمەندێک بوو لەو بیرمەندانەی کە وا بیری دەکردەوە، دەتوانێت و دەتوانرێت، هەموو سەنگەرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە لەم پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، لەم پەڕی لیبراڵەوە تا ئەو پەڕی ئایدۆلۆژیە بیرتەسک و سیکتاریزمەکان کۆبکاتەوە و لە یەکتریان نزیکبخاتەوە. فازیل، لەوە تێگەیشتبوو، کە ئەم دنیای پڕ لە کوشتن و بڕین و خوێنڕشتنە، بە شۆڕشی چەکداری و بەکارهێنانی هەمان چەکی دەستی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا نەک هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەوە درێژەپێدەری هەمان بەشمەینەتیە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات و گەلی کوردی ستەمدیدەی زوڵملێکراو لە مێژوودا. هەمیشە زیاتر گوێگربوو لەوەی کە قسە بکات. فازیل هەمیشە فێر دەبوو، لە خۆفێرکردن بۆ ساتێکیش ڕانەدەوستا. بڕوانە لاپەڕە 7

فازیل هەمیشە فێرخوازێکی زیرەک بوو، زۆر بە وردی گوێی دەگرت و ڕەخنە و تێبینی خۆی زۆر بە ئەدەبەوە پێشکەش دەکرد. فازیل وا گوێی شل دەکرد بۆ بیر و بیرکردنەوە جیاوازەکان، کە وا دەزانرا بە تەواوەتی بڕوای گۆڕدراوە، تەنانەت لە ڕەفتاریشیدا بە هەمان شێوە ڕێزی لە هەموو بیر و بیرکردنەوە جیاوازەکان دەگرت. فازیل خۆشەویستی هەموو مرۆڤدۆست و یەکسانخواز و دادپەروەرخواز و دیموکراتخوازەکان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا چونکە ئەوەندە بە هەڵپە بوو، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە مرۆڤی کورد و دواتر مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوین سەریان بە لەشیانەوە بنووسێت و ئۆخەیەک بکەن لە ژیاندا، چونکە زۆر ورد بیری دەکردەوە لە پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیای سەرمایەداری، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم کارەکتەرە سیاسییە لای حکومەتە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بە ئیسرائیلیشەوە کە بە دەوڵەتێکی دیموکرات دادەنرێت خۆشەویست نەبوو. دەتوانم بڵێم بەشێک لە تیرۆکردنی و بە ناحەق خوێنڕشتنیشی هەر ئەم هۆکارە بوو. فازیل ڕەسوڵ، لە سەرەتای مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەی دوای نسکۆی بزووتنەوەی گەلی کورد(شۆرشی ئەیلول)، ئەوەندە بە نهێنی گەڕایەوە کوردستان، تا ماوەی چەند مانگێک نەیهێشت هیچ کەس لە خوشک و براکانیشی بزانن کە لە کوردستانە. کاتێکیش خۆی و دەستەیەک پێشمەرگەی چەکدار چوونە قەرەداخ و گەیشتەوە بە شەهید ئارامی هاوڕێی، عەقید خەڵەفی مدیری ئەمنی سلێمانی کە ئەمەی زانیبوو، وتبووی بە دەست ئارامەوە داماوین نۆرەی فازیلە. فازیل ڕەسوڵ، لەگەڵ فەلەستینەکان زۆر دۆست بوو، هەمیشەش ڕای وا بوو، کە فەلەستینەکان دەبێت ئەو واقیعە تاڵەی بەسەریاندا سەپێنراوە، دەست و پەنجە نەرمکەن لەگەڵیدا، ڕای وا بوو کە بچوکترین دەرفەتی ئاشتی و ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕەت نەکەنەوە. ڕای وا بوو کە درێژەی شەڕی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان زیاتر بەشمەینەتی دێنێتە ئاراوە بۆ هەموو ناوچەکە. ڕای وا بوو کە چۆن گەشەی ڕووەکێک لە کۆرپەییەوە تا دێتە بەر بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، هەموو ئەو ناحەقیانەی لە گەل و نەتەوە و چینێکیش دەکرێت ناتوانرێت بە یەک گوژم و بە یەک جار بنەبڕ بکرێت، بۆی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ژیانێکی بەختەوەر و یەکسان و دادەروەردا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. فازیل لای وا بوو کە هەموو ڕێگەکان تاقیکراونەتەوە، تەنها یەک ڕێگە ماوە ئەویش پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان و قبووڵکردنی دۆستایەتیە ئەگەر هەموو مافەکانیش تیا بە دەی نەیەت. ئەم پیاوە وا بیری دەکردەوە، کە لە ژیانێکی ئارامدا، لە خۆشگوزەرانیدا، لە دوورخستنەوەی ئاگری شەڕ و تۆقاندندا، مرۆڤەکان باشتر بیردەکەنەوە، عەقڵانیەت و شارستانیەت پێویستی بە کەش و هاوای سیاسیی ئارام هەیە. فازیل، کە گەڕابووە کوردستان بە نهێنی پەیوەندی کردبوو بە چەنک کەسایەتیەکی سیاسی و ئەدەبیەوە، لاوانە هەندێک لە هاوڕێکانی خۆی، بۆ هەرکەسێک نامەی نووسیبوو، نەیوتبوو گەڕاومەتەوە، وتبووی نیازم وایە لەم نزیکانەدا بە قاچاخ بگەڕێمەوە کوردستان، بۆ ئەوەی دەمودوویان تاقی بکاتەوە. ئەوەی من ئاگادار بم هەندێک لەو کەسانەی کە لە دواجاردا پەیەوەندی پێوە کردبوون، شەهید دڵشاد مەریوانی و کاک شێخ ئەشرەف خزمی نزیکی مام جەلال و کاک ئەنوەری حەمە ڕەشید و کاک ئەحمەد ئابڵاخی و مامۆستا عەبدوڵڵا میدیا و چەند کەسێک لە خێزانەکەی خۆی بوون، هەروەها کاک عەبدولڕحمانی حاجی سدیق(گۆران) و کاک زاهیر باهیر بوون وەک نوێنەری گروپێکی سیاسیی ئەو سەردەمە، لە هەولێریش بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو و سامی شۆرش بوون، لە بەغداد یەک دوو کەسێکی تر بوو، کە ئەو سەردەمە ماڵیان لە بەغدا بوو. هەر بۆ خستنەڕووی ڕاستیەکان، فازیل لەگەڵ ئەوەی زۆر بە قەناعەتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری گەڕایەوە کوردستان، بەڵام لە دواجاردا پەشیمان بوو، چونکە لای وا بوو، کە مەرج نییە تەنها ڕێگەی خەبات دژی بەعسیە فاشیەکان شۆڕشی چەکداری بێت،وا بیری دەکردەوە کە خەباتی سیاسی و مەدەنی باشترین ڕێگەیە، ئەم گۆرانە لە فکریدا هۆکارێکی سەرکەی بوو کە لەگەڵ چەند بیرمەند و ڕۆشنبیرێکی عەرەبیدا گۆڤاری (منبر الحوار) دامەزرێنن، لەوانە ئەحمەد بن بلا. ئەم گۆڤارە و نووسینەکانی زیاتر فازیلیان لە ناو ڕۆشنبیرانی عەرەبی و فەلەستینیەکاندا ناساند، زیاتریش بیرکردنەوە وردەکانی دەرکەوتن، کە چۆن پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیا هەڵدەتەکێنێت و چۆن لەسەریان دەنووسێت، هەر ئەمەش بوو کە ڕقی گەورەی لە دڵی حکومەت و دەوڵەتانی ناوچەکەدا دروستکرد بەرامبەری .


ئەوانەشی کە دەڵێن، فازیل لە بیرمەند و کەسێکی چەپەوە گۆڕاوە بۆ بیرمەندێکی ئیسلامیی، بە هەڵەدا چوون و لە بیری فراوانی فازیل و بیرکردنەوە فراوانەکەی تێنەگەیشتوون. بە بڕوای من ئەم کوڕە گەنجە هێندە بە فراوانی بیری دەکردەوە لەوەی کە بۆ قۆناغیک کە ڕەنگە ئەم قۆناغە درێژە بکێشێت، پێویستە هەموو بەرەی چەپ و ڕاست و لیبراڵ و ئیسلامیی لە سەنگەرێکدا بوەستن دژی پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیا، کە هیچ خێر و خۆشیەکیان بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین ناوێت، بەڵکو هەمیشە پیلانی ئەوە دادەڕێژن کە شەڕ و پێکدادان و ئاژاوە هەبێت لە ناوچەکەدا، وا بیری دەکردەوە، شەڕ و پێکدادانی نێوان لایەن و ئادیۆلۆجیەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێت بوەستێنرێت، بۆ ئەوەی عەقڵانیانە بیربکەنەوە و تێبگەن لەوەی کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە کوێوە سەریهەڵداوە و گەلی کورد بۆ ناگات بە سەربەخۆیی و ئازادی. وەک سەدان و هەزاران کەسی تر لەم هۆکار و فاکتەرانە تێگەیشتبوو، ئەوەی لا ڕوون بوو، کە گرنگە ئایدۆلۆجیە دژەکانیش لەم مەسەلەیە تێبگەن، دەنا بە نوخبەیەک بیرمەند و ڕۆشنبیر هیچ شتێک ناکرێت. واش بیری دەکردەوە، کە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا، پیلانی دەوڵەتە زلهێزە چاوچنۆکەکانی دنیایە، بۆ ئەوەی هەمیشە مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد ئامرازێک بێت بە دەستیانەوە و بەکاری بهێنن، هەروەها هەمان بیرکردنەوەشی هەبوو دەربارەی شەڕی فەلستینیەکان و ئیسرائیل، لای وابوو ئەو شەڕ و پێکدادانانە تەنها بەرژەوەندی کۆمپانیا سەرمایەدارەکانی دنیایی تیایە و هیچ کام لە ئیسرائیل و خودی دەوڵەتانی عەرەبیش نایانەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت. یەکێک لەو کەسانەی بۆ چەند جارێک فازیل ڕەسوڵی بینیەوە لە سلێمانی و قەرەداخ، کاک زاهیر باهیر بووە، کاک زاهیر دەڵێت، "لە وەسەتی سیاسیدا کەم کەسم بینوە هێندەی فازیل گوێگر بوو بێت". لە ڕاستیدا وا بوو، لە گفتوگۆکردندا کەم قسەی دەکرد و بە وردی گوێی لە بەرامبەرەکەی دەگرت، هەڵبەت ئەمەش خەسڵەتی کەسە زیرەکەکانە، خەسڵەتی ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر فێربن و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتنیشە لە بەرامبەر، خەسڵەتی ئەو سیاسیانەیە کە نایانەوێت خۆیان بسەپێنن بەسەر کەسدا، خەسڵەتی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە بەردەوام خۆیان بە فێرخواز دەزانن و دەیانەوێت فێربن، خەسڵەتی ئەو بیرفراوانانەیە کە خۆیان و حیزبی خۆیان و ئایدۆلۆجیەتی خۆیان وا نابینن کە هەموو ڕاستیەکانیان لایە، تا بیرکردنەوەیان نەبێت بە بیرکردنەوەیەکی فاشیانە. فازیل ڕەسوڵ، لەو سەردەمە کورتەی پێشمەرگایەتیەکەیدا، لە سەرەتای دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا، جگە لەوەی زۆر نزیک بوو لە شەهید ئارامەوە، گەلێک هاوڕێ و دۆست و خزمیشی بەسەر کردبووەوە، گەلێک کەس بووبوون بە هاوڕێ و دۆستی. وەک خۆی بۆی گێڕامەوە، هەندێک لەو کەسانە وەک کوێخا ساڵحی گوڕباز، چەند ئەم ویستویەتی بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام پێی وتبوو ئەگەر من عەقڵم بێت تۆ لە خێڵی حاجی مەلاڕەسوڵی دێلێژەیت و خزمی شێخ ڕەفیقیت. بوو بوو بە هاوڕێی شەهید ئاشتی(بەکر چاو شین) و کاکە یوسفی جوانە مەرگ، هەروەها بووبوو بە هاوڕێ و دۆستی نزیکی شەهید تاهیری حەمەی موردا. بە نهێنیش سەردانی خزمانی دێلێژەی کردبوو بۆ چەند جارێک. جارێکی تر سڵاو لە گیان و مەزاری پاکت شەهیدە سەربەرزەکە.

# نەتەوەی بێ دەوڵەت....نەتەوەیەکی لێکترازاو*...مەلا بەهادین

لەبەرنەبوونی دەوڵەت لەم دووسەدساڵەی دواییەدا، کوردستان بۆتە مەیدانی یەکلایکردنەوەی بەرژەوەندی زلهێزەکان، بەو هۆیەشەوە هەمیشە گەلی کورد و خاکەکەی بوونەتە پێخوسی ئەو هێرش و پەلامارانە کە بەهۆیەوە چەندینجار کورد کۆمەڵکوژ کراوە و کوردستانیش بۆتە سوتماک. لەبەرئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووە، ئەمرۆ خاکی کوردستان بەو ناوچانە دەوترێت کە کورد تیایدا زۆرینەن، واتا ئەو ململانێ و شەڕانە بوونەتەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە خاکی کوردستان لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانییەوە، جوگرافیا و پێکهاتەی نەتەوەییان گۆڕدراوە، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە خودی کوردیش خەریکە لەبیریان دەکات. بە گشتی خاکی کوردستان هاوسێیەتی لەگەڵ سێ نەتەوەی سەرەکیدا هەیە، عەرەب لە باشور و فارس لە رۆژهەڵات و تورکەکانیش لە ڕۆژئاواوە. جگە لەو سێ نەتەوەیەش، چەند نەتەوەیەکی دیکەش هاوسێیەتی کوردستان دەکەن کە جۆرجیا و ئەرمینیا لە باکورەوە و ئازەرییەکان لە باکوری رۆژهەڵاتەوەو تورکمان لە باشوری رۆژئاواوە. لەو خاکەدا کە کوردی تێدا ژیاوە و زۆرینەکەشی کوردن، بەم پرۆسە داگیرکاریانە خاکی کوردوستان بەردەوام بچووک بۆتەوە، بچوکبوونەوەکەشی بەهۆی: کۆچپێکردن، ڕاگواستن، ئاوێتەبوون و ئاوێتەکرانی بەنەتەوەی سەردەستەوەبووە. ئەمڕۆش دەبینرێت کە چەندین بەشی خاکی کوردستان بوونەتە بەشێک لە خاکی نەتەوە سەردەستە دراوسێکانی، ناکۆکی نێوخۆی کورد و پاڵدانە دووژمنان و بەرتەسکبوونەوەی خاکی کوردستان، واکەوتۆتەوە کە کورد نەتوانێ ڕاستەڕێی دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ خۆی بگرێتەبەر و لەنێو ئەو ململانێیانەدا سەرەنجام دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنێ. کورد لە سەردەمی نزیکی مێژووشدا، کەوتۆتەناو گێژاوی خۆونکردن لە هەڵبژاردنی ڕاستەڕێی خۆسەلماندن و دەوڵەت یاخود ئاوێتەبوون بەو ڕێکار و بۆچوونانەی کە داگیرکەرانی کوردستان، هەر سەردەمە و لە ژێر ناو و ڕەنگێکدا کوردیان پێ لە خشتە بردووە، لە هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دووریان خستۆتەوە، بەگشتی ئەمانەن:

١– بەرەی ئیسلامییەکان یان ئیسلامخوازان: لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و فتوحاتەکانی لەشکری موسوڵمانان، بۆ لێسەندنەوەی مافی دەوڵەت و خۆبەڕێوەبردن و لەقاڵبدانی نەتەوەناعارەبەکان، لە ژێرناوی کورد بەشێکە لە (ئوممەی ئیسلامی و مێژوویەکی هاوبەش گشت موسوڵمانان پێکەوەگرێ دەدات)، ویستراوە کورد لە کەڵکەڵەی سەربەخۆبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دووربخەنەوە. لەمڕۆشدا پارت و گروپە ئیسلامییەکان، هەمان ڕێچکەیان گرتۆتەبەر بۆ دانەدواوەی (بیری پێکهێنانی دەوڵەت) بەناوی برایەتی و یەکڕیزی موسوڵمانانی جیهانەوە. هەموو ئەو برایەتی و بانگەشانە کاتێک پێچەوانەی دەردەکەوێت کە وڵاتانی ئیسلامی و بزووتنەوە و ڕەوتە ئیسلامییەکان، لەکاتی نەهامەتییەکانی برا موسوڵمانە کوردەکانیاندا هیچ نارەزایەتییەکیان بۆ کۆمەڵکوژی ئەو برا و هاودینانەیان دەرنەبڕیوە. دەربارەی ئەو هەڵوێستە دووفاقییەی برا موسوڵمانەکانمان، ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: چوار ڕۆژ دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە، سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی کۆنگرەی خۆیان بەست کە تیایدا بابەتی جۆراوجۆریان خستبووەبەرباس، بەڵام لە دوور و نزیکەوە باسیان لە کوشتنی (٥٠٠٠) پێنج هەزار برای موسوڵمان نەکرد کە لە هەڵەبجە بە کیمیایی لەناوبران. ئەو باس نەکردنەشیان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شۆڕشی کورد، بیدعەیەکی خۆرئاواییە و سیاسەتێکە بۆ پەرتکردنی ڕیزەکانی ئوممەتی ئیسلامی بەدەست نەیارانی ئیسلام.

٢– بەرەی نەتەوەپەرستەکان: دراوسێ دێرینەکانی خاکی کوردستان (تورک، عەرەب، فارس)، هەریەکەیان بە شێواز و ڕێکاری تایبەت بەخۆیان، نکۆڵی لە نەتەوە و خاکێک دەکەن کە ئەویش کورد و کوردستانە. جارێک کورد بە بەشێک لە نەتەوەی تورک یان عەرەب و فارس دەدەنە قەڵەم، هەریەکەشیان بۆ خۆی ناووناتۆرەیەکی لێدەنێ. بۆ نمونە، لەئێراندا داخوازیەکانی کورد (بەهەڕەشە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران ودەستی بێگانە ناویان براوە و هەوڵیانداوەکە کوردبوون لەناو ئێرانی بووند ابتوێننەوە).



لەسوریادا(نەک هەرنکولی لەبوونی کوردو خاکێک کە کوردوستانەکراوە، بەڵکولەساڵی ١٩٦٣دا، بەبڕیارێک ناسنامەی سوریایی بوونیش لە ١٥٠ هەزار کور دستێندرایەوە)، کە بەوکارەش لە هەموومافێکی هاووڵاتیبون بێبەشکران. لە تورکیاشدا کورد ناوی تورکی کێوی لێنراوە. (ئیسماعیل بێشکچی) دەربارەی تورکە کێوییەکان، پرسیار دەکات و دەڵێت: باشە ئەگەر کورد تورکی کێوین، بۆچی جیاوازی دەکرێت لە نێوان تورکێکی ئەستەنبوڵ و تورکێکی دیاربەکردا؟. بۆچی پرۆژەی گەورەی ئابوری لە رۆژئاوای تورکیادا دانامەزرێ؟. بۆ هەموویان هەر تورک نین؟. ئەگەر کوردەکان بە ڕاستی تورکی شاخاوین، بۆچی دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر کوشتنی پێنج هەزار تورکی شاخاویدا نارەزایەتی دەرنەبڕی کە لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لە هەڵەبجەدا بە گازی کیمیایی خنکێنران؟. ئەگەر بۆ نمونە بگەڕێین ئەوا نمونە زۆرن، دەوڵەتی ئێراق هەمان بۆچوونیان هەبوو بەڵام بە دەربڕینێکی جیاواز لەوانیتر، بۆ نمونە لە کۆنگرەی یانزەهەمینی قیادەی قەومیدا کاتێک باس لە کورد دەکات، دەڵێت: دەربارەی کورد پێویستە تایبەتمەندێتییان ڕەچاو بکەین، هەر ناکۆکییەکیش لەنێوان ئەو تایبەتمەندێتییە و جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەبدا هەبێت، چارەسەر بکرێت. (لە هەمانکاتیشدا هەڵەیە ئەگەر کورد بە نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەی عەرەب دابنرێت). هەرکات کورد و جوڵانەوەکانی تێکەڵی ئەو جوڵانەوە و ڕەوتە شۆڤێنیانە بووبێ، ئەوا سەرەنجام بە زیان شکاوەتەوە بۆی، وەک ئەوەی لەگەڵ ئیتیحاد و تەرەقی و نزیکبوونەوەی جوڵانەوەی کورد لە بەعس لە سەرەتاکانی هەڵپەیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ئێراقدا ئەنجامیان دا.

٣– بەرەی کۆمۆنیست و چەپەکان: کورد و جوڵانەوەکانی بۆ سەربەخۆیی، زۆرجار بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان، خۆیان لە ناو بزووتنەوە و هێزە چەپەکاندا بینیوەتەوە کە لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا دروستبوون. زۆرجار ئەو خۆئاوێتەکردنەی کورد بەو بزووتنەوە و پارتە چەپانە، کارەکەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کورد لە چەپبووندا لە چەپەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە بۆتە (بانچەپ)یش، لەدیموکراسی بوونیشدا جار هەبووە تێیپەڕاندووە، بەڵام دواتر جگە لە نائومێدی، هیچی تر بە کورد و خۆزگەکانی نەبراوە.

بروانە لاپەرە 9

# پاشماوەی: نەتەوەی بێ دەوڵەت....نەتەوەیەکی لێکترازاو*...مەلا بەهادین

وڵاتانی زلهێز و داگیرکەرانی کوردستان (ئازایەتی) کوردیان وەک کارتێک بەکارهێناوە بۆ بەلاداخستنی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ نەیارەکانیاندا. زۆرجار داگیرکەرانی کوردستان شەڕی نەتەوەکانیتریشیان بە کورد کردووە، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکاندا بەردەوام تورک، عەرەب و فارس بەکارهێنەری کارتی (ئازایەتی)ی کورد بوون. کەمالییەکان سەرەرای بانگەشەی عیلمانیبوونی خۆیان، هانی کوردیان دەدا بکوژن، چونکە کوشتنی یۆنانی و ئەرمەنییە کافرەکان غەزایە. ئەم جۆرە بەئەفسانەکردنەی (ئازایەتی)ی کورد، بۆ بەکارهێنانیان بووە. لەلایەک بۆ هەڵخەڵەتاندنی کورد و دوورخستنەوەی لە بیری نەتەوەیی، لەلایەکیتریشەوە بۆ لێدانی ئەو نەتەوانە بووە کە داگیرکەرانی کوردستان بە مەترسی داناون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان. نزیکترین ڕووداویش شەڕی (کورد و داعش)ە کە وڵاتانی هاوپەیمانان و زلهێزەکان، لەو کاتەداشەڕی یەکلاکەرەوە هەبووە، کوردیان بە (هاوڕێ و هاوپەیمان)ی خۆیان داوەتە قەڵەم. کاتێک شەڕیش لە کۆتایی نزیک بۆتەوە، هەمان بۆچوونی پێشووتریان داوەتەوە بەگوێی کورد کە کێشەی کورد پێویستی بەوە هەیە لە سنوری ئەو وڵاتەی تیایدادەژی چارەسەر بکرێت. ئەو بۆچوونانە، ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، کە بۆچی کورد ساڵەهایە لەگەڵ ئەوسیاسەتەی زلهێزەکان و داگیرکەرانی کوردوستاندا دەست و پەنجە نەرم دەکات...؟ بەڵام لەوە نەگەیشتووە کە داگیرکەرانی کوردستان و وڵاتانی خاوەن بڕیار، هەرکاتێک هەستیان کرد کە داخوازییەکانی کورد و (ئازایەتی)یەکەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نایەتەوە، ئەوا پشت لە کورد دەکەن و ڕێکدەکەون لەگەڵ یەکدا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. دەیان نمونەی وەک ڕیفراندۆمەکەی (٢٠١٧/٩/٢٥) لەبەردەستە کە سوپاسالاری ئەو وڵاتانە، پێکەوە کۆبوونەوە بۆ وەستانەوە دژ بە ڕیفراندۆم. هەرچەندە لەڕووی مەزهەب و تێڕوانینی سیاسی و نەتەوەییەوە ناتەبا بن، بەڵام بەیەکەوە بڕیارێکیان دا کە دژ بە مافی بێ ئەملاولای کورد بوو، بە هێز ڕووبەڕووی وەستانەوە و کوردیش تیایدا زەرەرمەندی یەکەم و کۆتایی بوو. لە ئەنجامی یەکلایکردنەوەی ململانێی داگیرکەرانی کوردستان و باش هەڵنەسەنگاندنی لەلایەن کورد خۆیەوە، ئەنجامەکەی بە کۆکوژکردن و دابڕینی بەشێک لە خاکەکەی کەوتۆتەوە. هەرچەندە بۆ ئەو ئەنجامەش، هۆکار و بەرژەوەندی و گوشارە دەرەوەییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان بینیووە، بەڵام هۆکارە ناوخۆیی و خودییەکانیش لە نائومێدکردن و شکستەکاندا پشکی زۆریان بەرکەوتووە، هۆکاریش بوون بۆ ئەوەی تا ئەمڕۆ کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە.

لێرەدا ئەو پرسیارەدێتەئاراوە: بۆچی کورد سەرەڕای هەبوونی مێژوو و خاک و نەتەوە و ئەو هەموو قوربانیە، بەڵام هەر نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی؟ (ئیبن خەلدون) لە (مقدمه)دا باس لەوە دەکات:" ئەو مەڵبەندانەی فرەخێڵ و فرە کۆمەڵگایە، ئاستەمە دەوڵەتێکی بەهێز و جێگیری تیادا دابمەزرێت:. لە کوردستاندا، خێڵ و بیری خێڵەکی و ڕەفتاری خێڵایەتی برەوی هەیە، خراپی ئەوەش لێرەدایە کە خێڵ لە بەرامبەر خێڵێکی هاوخوێنیدا، ئەگەر کەوتنە ململانێ و لەوەدا هەستیان کردکە تێکدەشکێن، پەنا بۆ هێزە دەرەکییەکان دەبەن و ملیان بۆ کەچ دەکەن، بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی لەدەستچوویان، تەنها داواشیان سەربەخۆبوون دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خێڵەکەیاندا. کەواتە ئەگەر هەڵسوڕێنەرانی کۆمەڵگا هەڵسوکەت و تێڕوانینی خێڵەکیانەیان هەبوو، ئەوکات بیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵگا وادەکەوێتەوە، کە پەیوەستی ئەو خاکە نەبێ کە تیایدا دەژیت. تاکی سەربەخێڵ سنوری نیشتیمانەکەی تەنها بەو سنورە دەزانێ کە ماڵەکەیەتی و سنوری خێڵەکەیەتی. دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی کوردیش، لەو بیرکردنەوە و تێڕوانینە بەدەرنییە، ئەوەش هۆکار بووە بۆ هەوڵ نەدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ئەمڕۆدا. کاتێک باس لە دەوڵەت دەکرێت، وەک دامەزراوەیەکی کامڵ و باڵا، بۆ بەرجەستەکردنی داخوازییە ڕەواکانی خەڵک و ڕێکخستنی ژیانیانە، ئەو دامەزراوەیەش هەردوو ڕەگەزی داخوازی ڕەوا و ڕێکخستنی ژیانە پێکەوەکە (لەهەبونی دەوڵەتداخۆی دەبینێتەوە)، ئەگەر لە ڕوانگەی زانستی دەوڵەتەوە لە دەوڵەت بڕوانرێ، ئەوا (پیرۆزکردن) نابێ ببێتە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت. ناکرێ کەسانێک هەبن لە سەروو خەڵکەوە بن و بنیاتنان و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بخەنە خزمەت خۆیانەوە. مانای حکومڕانی لەمڕۆی کوردستاندا، بەلای هەڵسوڕێنەرانی کوردستانەوە، ململانێیەکە وا کەوتۆتەوە کە (دەوڵەت بۆ کێ و بە دەست کێوە دەبێت؟). ئەم چەشنە تێڕوانینە ناتەندروستە بۆ دەوڵەت، وا دەکەوێتەوە کە دەوڵەت بکاتە موڵکی تاکەکەسێک، یاخود کەسان و خێڵ و بنەماڵەیەک. خراپی ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە، لەوەدایە کە ئەو دەسەڵاتە لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە خاوەنی پرۆژەی ناسیۆنالیزم لەمڕۆدا کە (دەوڵەت)ە. ئەم دید و تێڕوانینە خۆ بە خاوەندارکردنەش، پێچەوانەی هەموو بنەما دیموکراسییەکان و بواری ئازادییە گشتییەکان و تاکەکانی کۆمەڵیشە. جگە لەوەش لەگەڵ پرۆسەی تەندروستانەی بەرهەمهێنانی نەتەوە نایەتەوە، سەرەنجام ئەو هەڵوێستەشی دژ بە دەوڵەتی هەمووان (دەوڵەتی نەتەوەیی) دەوەستێتەوە. مەترسییەکەش لەوەدایە کە ئەگەر دەوڵەت بووە موڵکی پێکهاتەیەک بە تەنیا، بەو هۆکارەوە هەڵسوڕێنەران و کارەکتەری ئەو پرۆژە پێچەوانەیە، ئیدی حسابی لەسەروو یاسا و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن بۆ خۆیان دەکەن. بەوەش قەیرانی گەورە و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوچە بە ناوچەی لێدەکەوێتەوە.

ئەو بۆچوونە هەڵەیەش سێبەری تاریکی ڕژێمە دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکانی پێشووە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەویی لێدەکرێت. لێرەدایە کە کارکردن بە ستراتیژی حیزبی بۆ خزمەتی نیشتیمان گۆڕدراوە بۆ خزمەتی بنەماڵە و خێڵ و پیرۆزکردنی سەرکردە. ئەگەر ئاماژەیەکی گرنگ بهێنرێتەوە پێشچاو، کەبریتییەلەوەی کە کورد لە ڕاپەرینەکانیدا کەبەرلە دروستبوونی حیزب وڕێکخراوی سیاسی لەکوردوستاندا بەرپای کردون، ئامانجەکانیان گەورەتر و پڕماناتر بوون، بەوەی هەوڵیان داوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت و ئیستقلالی کوردستان، بەڵام لەکاتی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییەکاندا لە کوردستان، دروشمەکان چەندین هەنگاو چوونەتە دواوە و بانگەشەکانی حیزبەکان بۆتە: ئاشتەوایی وپێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەی سەردەستە، لامەرکەزی ، ئۆتۆنۆمی ،ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، مافی چارەنووس و فیدراڵی. ئەم پاشەکشەکردنە لە ژێر هەر گوشار و تێڕوانینێکدا بووبێت، بەگرێدانی لەگەڵ خۆسەپێنی خێڵ و بنەماڵەدا، ئەمڕۆ هەیبەتی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە ڕەسمییەکانی کاڵ کردۆتەوە، هەموو ئەو ترس لەیەکتری و یەکتر قبوڵ نەکردنە، ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ:

-دەستتێوەردانی دەرەکی.

-بەهێزبوونی ئینتیما بۆ کەس و خێڵ و بنەماڵە نەک حیزب.

-پەیمانبەستنی ژێر بەژێر لەگەڵ بێگانە بۆ خۆبەهێزکردن دژ بە ئەویتر. لەو سۆنگەیەشەوە هەرلایەک هەوڵ دەدات بۆ:

- خۆپڕچەککردن.
- خۆدەوڵەمەندکردن.
- کۆکردنەوەی باش و خراپ بۆ بۆ خۆ بەهێزکردن دژ بە ویتر.
- بەهەدەردان و ڕشتنی پاداشت و ئیمتیازات بۆ خۆسەپێنی.
- خۆبەڕاست زانین و شەرعییەتدان بە بۆچوونەکانی خود لە هەموو کایەکاندا.

ئەو ململانێیانەش باجەکەی هەرچۆنێک بێت، هەوڵدان بووە بۆ سڕینەوەی بەرامبەر.

وێڕای ئەمانەش، کورد هەرێمێکی هەیە کە بەڕێوەی دەبات بەڵام دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی سەرکەوتووە نەبووە لەبەرئەوەی کە:

١- هەرێمی کوردستان، نەیتوانیوە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر خاک و خەڵکەکەی خۆیدا هەبێت.

٢- یەکنەبوون و پەرتەوازەیی لە بەڕێوەبردندا وەهای کردووە کە بۆتە هۆکاری ئیفلیجبوون بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی بەکۆمەڵ.

٣- کەمتوانابوون و سەرنەکەوتوویی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.

٤- لاوازبوون لە بەستنی پەیوەندی تەندروست و پێویست، لەگەڵ دەروجیران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

پاش (٢٨) ساڵ ئەم تێڕوانینانەی سەرەوە پێماندەڵێت کە:

مۆدیلی بەڕێوەبردن لە کوردستاندا، بە ئەوانەی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتیشەوە، ناتەندروست بووە لە بری ئەوەی سیاسیەکان وحیزبەکان وەک مێمڵ وڕکابەرمامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن کەچی هەڵسوکەوتی دوژمنانە بەرانبەریەکتری دەنوێنن، کەواتە ڕێگاچارە ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستان، فیدراسیۆنێکی کۆحیزبی دابمەزرێنن، یاخود چەترێکی نەتەوەیی بهێننەئاراوە و لێرەدا هێڵی سور ئەوە بێ کە بەو ڕێگایەدا نەڕۆن کە تا ئەمڕۆ تاقیانکردۆتەوە و شکستخواردوو بووە. سیاسەتێکی یەکگرتوو بگرنەبەر بۆ کاری بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، تا لە پای ئەو هەموو کۆمەڵکوژی و قوربانیانەی کە کورد بە درێژایی مێژوو داویەتی، بە باوەڕبەخۆبوونەوە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد بکرێت کە سادەترین مافە بۆ هەریەک لە گەلانی گۆی زەوی.

*ئەم بابەتە بەشێکی کوتکراوەی نامیلکەیەکە بەهەمان ناونیشان.

# بەشی دووەم... لە گەڵ تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی دێرین کاك تەحسین قادر

## کورتەیەك لە ژیانی هاوڕێ ی خۆشەویستم تێکۆشەری دێرین تەحسین قادر عەلی لە گەڵ بیرەوری یەکی پر سەروەری لە نێوان من و کاك نەوشیروان وکاك خالیدو کاك تەحسیندا




کاک تەحسین لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو خوێندەوار و قاڵبوی کوردەوارییە لە ١١-٤-١٩٥٩ سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، چەندین جار زیندانی کراوەو لە لێواری مەرگ گەراوەتەوە. کاک سەردار قادری برا بچووکی، هاوڕێی خوێندنی من بوو، لە ئامادەیی هەڵکەوتەوە پێکەوە بوین، لە دوو هێڵی جیاوازەوە هەردووکمان کۆمەڵە بوین، بەڵام هەستمان بەیەکتر دەکرد.

ساڵی ١٩٧٥پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە.

ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی کۆنفرانسی سێ یەمی کۆمەڵە بووە.

ساڵی ١٩٨٥ ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بووە. جگە لە ئەرکی ڕێکخستن ناوبراو ئەندازیار بوو لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە وە ئەرکی قیرتاو کردنی شەقامەکانی سەنگەسەریان جێ بە جێ ئەکرد.

دوای شەڕی سەرکردایەتی و ئەنفاله بەد ناوەکانی ساڵی ١٩٨٨ ئەرکی ڕێکخستنە نهێنی یەکان قورس تر بوو، بۆبەردەوامی و ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان پێویستیان بە جیهازێک بو پەیوەندیان بە ناوەندی کۆمەڵەو کاک نەوشیروان کرد ،لەو کاتەدا ئێمە جیهازێکی دوور مەودای راکالی موحەسەنمان هەبوو کە بە قەبارە بچوکترو لە هەموو جیهازەکانی تر باشتر بوو لەڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە گەیەنرایەقەڵادزێ ( لای خوالێخۆشبوو کاک مستەفا ئیبراهیم ناسراو بە شاسوار) وپاشان تەسلیمی کاک تەحسین کرا ،ئەویش پاش ئەوەی شەوێک لە ڕانیە دەمێنێتەوە لە پەناگە و ماڵی هاوڕێی دڵسۆز کاک خەلیل ئیبراهیم ناسراو بە ( خەلیله سوور) کە برا گەورەی هەر سێ شەهید ( کامیل و تەها و یاسین) ە ، لە گەڵ شۆفێرەکەی( خوالێخۆشبووی نیشتمانپەروەر کاک فەرەیدون حەمە ئەمین ئەفەندی) دا لە ڕۆژی ٢٩-٣-١٩٨٨بەرێ کەوتن بەرەو سلێمانی، بە داخەوە لە بازگەی هیزۆپ لە لایەن فیرقەی ٢٤ دەست گیر ئەکرێ بە جیهازەکەو کۆمەڵێک بڵاوکراوەوە. کاک تەحسین خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەکرد بوو،کاتێک کە جیهازەکە ئەدۆزنەوە ئەڵێن ئەمە چی یە ئەڵێت نازانم تەنها ئەوەندە نەبێت کابرایەک لەسەنگەسەر هاتە لام و گوتی زۆر سوپاست ئەکەم ئەم کەل و پەلەم ( کە لە پاکێتێکی لۆکی ریکۆردەر واتە مسجلدا بوو) لە گەڵ خۆتا ببەیت بۆ نەقلیات رانیە لە سلێمانی، لەوێ براکەم لێت وەردەگرێت. من نەم کردۆتەوە نازانم چی تێدایە، هەرگیز سیاسەتم نەکردووە و پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخراوێکەوە نییە.

لە چواقوڕنەزۆر ئازاری دەدەن بەڵام قسە ناگۆڕێت. پاش مانگێک دەیگوازنەوە بۆ ئیسخباراتی فەیلەقی پێنج لە هەولێر، پاشان بە کرکوکدا بۆ ئیستخباراتی سلێمانی، لەوێوە بۆ ئەمنی سلێمانی، لەوێوە بۆ ئەمنی عامەی بەغدا بە خۆیی و جیهاز و بڵاوکراوەکانەوە. لە هەموو ئەو وێستگانەدا ئازار و ئەشکەنجە تازە دەکرایەوە و ئەمیش هیچ قسە ناگۆڕێت. دوای کۆتایی شەری عێراق ئێران رژێمی بەعس عافواتی عامی دەرکرد لە ٦-٩-١٩٨٨دا و لە ١٤-٩-١٩٨٨ ئازاد کرا.

## بیرەوەری بەندە[سەرکەوتی جیهاز]

## لە گەڵ کاك تەحسین کە پێمان دەگوت هاوڕێ موحسەنەکە


هاوڕێ تەحسین سەرەرای ئەو گرتن و ئەزیەت دانە بەردەوام بوو لە ئەرکە پیرۆزەکەی،وە رژێمی بەعسی عەفلەقی گەران بە دوای تێکۆشەران و هەوڵدانی گرتنیانی چڕ تر کردبۆوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و ڕێکخستنە نهێنی یەکان لە سەرەتای ١٩٩٠ دەسگیرکران، ژمارەیان ٣٠ کەس بوو، پێنجیان کە بریتی بوون لە شەهیدانی نەمر( جەباری حاجی ڕەشید- بەرپرسی ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە، مامۆستا ئەحمەدی سەناعە، وەستا بەکری دارتاش، حەمە ڕەحیم- ناسراو بە شەماڵ ، عەتای حاجی ئەحمەد) لە سێدارە دران و ئەوانی تریش حوکمی هەمەجۆر دران. کاک تەحسین بۆجاری دووەم لە ١٤-١١-١٩٩٠ ئەگیرێت لە لایەن ئەمنی سلێمانی یەوە و ئەبرێتە ئەمنە سورەکە، لە ژوورێکی بچوکی ئینفیرادی دا توند دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجەی هەمەجۆر دەسپێدەکاتەوە. ئەمجارەش وەک جاری یەکەم هەموو نهێنییەکانی ڕێکخستن دەپارێزێ و هەڵمەتی گرتن لەمدا کۆتایی دێت. ئێمە لە شاخ کە خۆمان بۆ ڕاپەرین ئامادە کردبوو ڕۆژانە هەواڵی خۆشی رزگار کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانمان ئەبیست،بە تایبەتی هەواڵی راپەرین و رزگارکردنی سلێمانی لە ٧ و ٨ ی ئازاری ١٩٩١دا مژدەیەکی زۆر خۆش بوو بۆ هەمووان ،پێشتر هاوڕێ و پێشمەرگەی دێرن کاک خالید رەزا کە بە پارتی زانی هاتبۆ ناوەوە وە جیهازێکی راکاڵی لابوو بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو هەواڵی ئەدایني لە چاوەرێ ی دەست بەسەرا گرتنی ئەمنە سورەکە بووین چونکە ئەمانزانی دەیان تێکۆشەری تێدایە،کاک خالید پەیوەندی پێوە کردم ووتی ئەمنە سورەکە رزگار کرا دوو هەواڵی خۆشی تریشم پێ یە بۆت یەکەمیان بەو برادەرەی خۆمان بڵێ مەبەستی کاک نەوشیروان بوو کە هاوڕێ موحەسەنەکە ئازاد کرا منیش چووم بە کاک نەوشیروانم ووت زۆر خۆشحاڵ بوو، کەوتە باسی کاک تەحسین بۆ من و ئەو چەند کەسەی لای دانیشتبوون. ووتی پیرۆزبایی یان لێ بکەو سڵاوی من بە تایبەتی بە هاوڕێ موحەسەنەکە بگەیەنن. ئەی هەواڵی دووەم ووتی ئەوە برادەرێکم لە گەڵدایە ئەیەوێت قسەت لە گەڵ بکات،کە گوێ بیستی بووم کاک مەلا حەسەنی برام بوو کە زیاد لە ساڵێک بوو لە زیندانی بوو ماوەیەکی زۆر بوو لێ یان بێ خەبەر بووم کە پێشتریش دایکم هەر لە زیندانا بوو، بۆ من ئەو ڕۆژانە خۆشترین ساتەکانی ژیانم بووە. پاش ڕاپەڕین لە نزیکەوە تێکەڵی زیاتری کاک تەحسین بووم، لەو پۆستە سیاسی و حوکمییانەی وەریگرت و پاشانیش کە خەریکی کار و کاسبی تایبەتی خۆی بوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆن و دڵسۆزی ڕێکخستن،دوور بوون لە گەندەڵی و هەر بە سادەیی و پاکی مایەوە. لێرەوە سەری ڕێزو نەوازش دائەنەوێنم بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان و کەس و کاریان تەمەن درێژی و سەلامەتی بۆ کاک تەحسین و مەلا حەسەن و کاک خالیدو هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ماندوو نەناسانە لە خەبات و تێکۆشاندا بوون بۆ کوردستان ،مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خیانەت کاران، ئێوەش سەربەرزو سەلامەت بن.


# ڕەخنە لە گوتەیەکی بەناوبانگ سەبارەت بە ئافرەتان گوتەکە ئەمەیە:

# (لە پشتی هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە).... بەختیاری شەمەیی



بەر لەهەر شتێک، دەبێت ئەوە بڵێم کە بەداخەوە لە یادەوەریمدا نەماوە ئەم وتەیە هی کێیە؟، بەڵام زۆر بەناوبانگ و باوە و پێدەچێت هەر لەلایەن پیاوەوە داهێنرابێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە هەزاران پەیڤی جۆراوجۆر، چی لەلایەن پیاوانە و چی لەلایەن ئافرەتان خۆیانەوە، چ بە ئەرێنی و چ بە نەرێنی سەبارەت بە ئافرەتان وتراون، ئەم پەیڤانە ئەمڕۆ بوونەتە مێژوو. ئەم وتەیەش یەکێکە لەو وتانە و بەشێکە لەو مێژووە. بێگومان ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن و دایکی نیوەکەی دیکەیشیانن و بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ژیانی کۆمەڵایەتین. هەموومان لە ئافرەت بووین و ئافرەت واتە ژیان. هەربۆیە باسوخواس دەربارەی ئافرەتان لە هەموو سەردەمێکدا هەر بووە و هەر دەبێت. کێشەی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵدا، نەخش و گرنگییان لەنێو خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەمیشە شایستەی لێدوان و باسکردن بووە. ئەم پڕۆسەیە ململانێیەکی سەرەکیی ژیانە و هەر بەردەوامە و بێ کۆتاییە. بەکورتییەکەی واتە و ناوەڕۆکی ئەم وتە بەناوبانگە جێگای سەرنج و تێڕامان بووە و لەم کورتە نوسینەشدا کە ئاماژەی پێکراوە، تەوەری سەرەکیی مەبەستەکەیە. ئەم وتەیە، گوایەبۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان، وتراوە. بەڵام لەڕاستیدا ناوەڕۆکی واتەی ئەم وتەیە خۆی لەخۆیدا کەمکردنەوە یان شاردنەوەی نەخش و تواناکانی ڕەگەزی مێیینەیە لە دەربڕینێکی چەواشەکارانە و ئاڵۆزدا. با لێرەدا بپرسین و بڵێین: بۆچی هەر دەبێت ژن لە پشتی پیاوێکی مەزنەوە بێت!؟ هەر لەبنەڕەتدا بۆچی ژن لەپشتی پیاوەوە بێت!؟ ئەی ژنان یان کچان بۆچی خۆیان لەپێشەوە نەبن و خۆیشیان وەک پیاو یان ڕەگەزی نێرینە، یان بابڵێین، هاوڕەگەزە مرۆڤەکانیان، نەتوانن مەزن و ژیر و زیرەک و ئازا و بەتوانا و لێهاتوو و سەرکردە و بلیمەت و داهێنەر و بەناوبانگبن!؟ بۆچی هەر دەبێت لە دوای ڕەگەزی نێرەوەبن، تا بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە ئەوانیش هەن!؟ لەڕاستیدا بێویژدانی و نایەکسانی و نادادپەروەرییەک لە نێو ئەو وتەیەدا خۆیان شاردۆتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو وتەیەدا، ڕەگەزی مێ کراوەتە پاشکۆی ڕەگەزی نێر. ڕەگەزی مێیینە بۆئەوەی مرۆڤ بوون و ژیری و زیرەکی و هێز و تواناکانی بشاردرێتەوە، لەپشتی پیاوێکی گوایە مەزنەوە شاردراوەتەوە. ئەم وتەیە وەکو ئەوە وایە بگوترێت: ( لەپشتی هەر فڕۆکەوانێکی نێرینەی ئازا و سەرکەوتووەوە، مێیینەیەک هەیە)، هەر وەکو ئەوەی ڕەگەزی مێیینە نەتوانن وەکو ڕەگەزی نێرینە، ببنە فڕۆکەوان. یان فڕۆکەوان لەنێو ڕەگەزی مێیینەدا نەبێت!؟ ئەمڕۆ لەنێو هەموو کۆمەڵگاکاندا، ڕەگەزی مێیینە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشدار و چالاکە. لە زۆربەی لەشکر و سوپا و کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕەگەزی مێیینەش پشکدارن و وەکو پێویست نەخشی خۆیان دەبینن. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: ئەگەر مرۆڤ هەر مرۆڤە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕەگەزی نێرینە و ڕەگەزی مێیینەدا نییە و هەردوو لا هەر مرۆڤن، ئەی ئەگەر وایە، بۆ باسی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان ناکرێت لە بواری مافەکاندا، لە تواناکاندا، لەژیری و زیرەکی و ئازایەتی و لێهاتوویی و داهێنەری و داهێنان و بەناوبانگیدا، ئەوەی ڕەگەزی نێرینە دەتوانێت ئەنجامی بدات، لە کرداردا، لە ئاخاوتن و نووسین و بیرکردنەوەدا، ڕەگەزی مێیینەش بەهەمان شێوە دەتوانێت ئەنجامی بدات. مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە بەتوانایی و ئازایەتی و لێهاتوویی و داهێنەری و ژیری و زیرەکی و میهرەبانی و خۆشەویستیی و دادپەروەریی ڕەگەزی مێییە. ڕەنگە ئێرە شوێنێکی لەبار نەبێت بۆ ڕیزکردنی ناوی هەموو ئەو ئافرەتە گرنگ و بەناوبانگ و داهێەر وسەرکردە و لێهاتووانەی مێژوو کە بەشێکی گەورە و گرنگی مێژووی مرۆڤایەتییان پێکهێناوە. بەڵام پێویستە و دەبێت ئەو ڕاستییەش باس بکرێت کە ئافرەتانیش هەر دروستکەری مێژوون و خۆیان بەشێکی مەزن و کاریگەری مێژووی مرۆڤایەتین. ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە هەموو مرۆڤێک لەدایکبوو و نەوەی دایک و باوکێکە، بەڵام پشکی دایک زۆرتر و گەورەترە لە بوارەکانی بەخێوکردن و پەروەردەکردندا، لەدادپەروەریدا ،لەمیهرەبانی و نەرمونیانی و سۆز و خۆشەویستی پێبەخشیندا. بەپێچەوانەی ئەمەوە، مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە شەڕ و جەنگ و خوێنڕشتن و کوشتوکوشتار و سوتاندن و ماڵوێرانی کردن لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە. لەڕابردوو و ئێستاشدا، لەشکر و سوپا شەڕکەرەکان، هێزەکانی پۆلیس، ئاسایشی چەکدار، ئەمانە بەزۆری هەر لەلایەن ڕەگەزی نێرینەوە پێکهێنراون. لەم ڕووەوە ڕەگەزی مێیینە خۆشبەختانە، کەمترین پشکی زەبروزەنگی نامرۆڤانەی لە خوێنڕشتن و کوشتوکوشتار و شەڕ و جەنگ و سوتاندن و ماڵوێرانکردنی بەردەکەوێت. ئەمەش ڕابردوو و ئێستایەکە کە هەموو دایکان و خوشکان و ژنان و کچانی مرۆڤایەتی بۆیان هەیە شانازیی پێوە بکەن. هیچ شانازییەک لە زەبروزەنگ و شەڕ و جەنگ و خوێنڕشتن و سوتاندن و ماڵوێرانکردندا نییە. بەڵام شانازیی لە گیانی نەرمونیانی و لێبووردەیی و میهرەبانی و ڕێز و سۆز و خۆشەویستی و مناڵ بەخێوکردن و پەروەردەکردن و بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا هەیە، کە ڕەگەزی مێیینە لە زۆربەی ئەم بوارانەدا هەمیشە پشکی شێری بەرکەوتووە و هەمیشەش هەر پشکی شێری بەردەکەوێت. لێرەدا با بێینەوە سەر لێدوان لە وتەکە، ئایا ئەگەر ئەو وتەیە بەپێچەوانەوە بووایە، چی دەبوو و چیی دەگەیاند؟ ئەگەر ئاوا بوایە: ( لەپشتی هەر ژنێکی مەزنەوە، پیاوێکی مەزن هەیە ). ئەمەش هەر ئەوەی دەگەیاند کە ڕەگەزی مێیینەیە، بێهێز و لاواز و باوەڕبەخۆنەبوو و نالێهاتوو و بێتوانایە و هەر دەبێت پیاوێک، ڕەگەزێکی نێرینە پشتیوانیی لێبکات تا بتوانێت دەربکەوێت و نەخشێک لە ژیان و کۆمەڵگادا ببینێت. ئایا ئەوسا ئەم وتەیە بەم شێوەیە، لەلایەن ژنان و کچانەوەپەسەند دەکرا؟ پێیان خۆش دەبوو؟ باوەڕیان پێی دەهێنا؟، هەروەها بۆ پیاوانیش هەر هەمان شت دەبوو. بێگومان بە ڕەهایی، ناتوانین بڵێین بەڵێ، چونکە گریمانەی بەڵێ، زۆر کەم و کز و لاوازە. هەرچۆن بێت، ئەو وتەیەی یەکەم، بۆ هەر مەبەستێک و لەلایەن هەر کەسێکەوە وترابێت، واتا و ناوەڕۆکەکەی هەر هەڵخەڵەتاندن و فریودان و ڕازی کردنی ڕەگەزی مێینە، بە پاشکۆیەتیی پیاوان و هەر نێرسالاری دەگەیەنێت. لەمێژە ئەو هەست و سەرنجەم لەلا پەیدا بووە کە واتە و ناوەڕۆکی ئەو وتەیە، بێویژدانی و فڕوفێڵێکی پیاوسالارییانەی تێدا شاردراوەتەوە. هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەو وتەیە، بەشێوازێکی ئاڵۆز و چەواشەکارانە، نایەکسانی و نادادپەروەرییەکیشی لەخۆگرتووە. لەکۆتاییدا پێمخۆشە ئەوە بڵێم، تۆی خوێنەری بەڕێز و دڵسۆز، کە ئەرکی خوێندنەوەی ئەم کورتە نوسینەتان کێشاوە، هیوادارم هەر تەندروست و تەمەندرێژ و بەختەوەربن.




هەر دارێ لقی زۆر لێبێتەوە
ئیتر ئەوەندە بەرز نابێتەوە
ڕووباریش جۆگەی زۆری لێ بووەوە
گوڕەی نامێنێ، لەپڕ چووەوە
وولاتێک حیزب و میزبی تێکەوێ
هەرچی دەستی بوو بەشی خۆی ئەوێ

## (پیرەمێرد)



زۆر کەم ئەمێنێ نوێژ و جەماعەت،
لە ئەمانەتیش ئەکەن خیانەت.

عزەت ئەچێتە لای پیاوی زاڵم،
قەدر و ئیمانی نامێنێ عالم.

بردو ئەسێنێ شەراب و قومار،
ماڵ گران ئەبێ لە شار و بازار.

کوشتن و دزی و تالانی و درۆ،
فەقیر و هەژار ئەخاتە ڕۆ ڕۆ.

دەوڵەمەند زەکات نادەن بە ئیحسان،
ڕاستی نامێنێ زۆر ئەبێ بوختان.

گۆرانی سوک و قسەی ناڕەوا،
پەسەندتر ئەبێ لە ذکری خوا.

دایک و باب قەدریان لای کوڕ نامێنێ،
کەس لە مەکتەبدا قورئان ناخوێنێ.

پیت و بەرەکەت ئەڕوا لە عەرزی،
کچ و کوڕ پێک دێن لە ڕوی بێ عەرزی.

ئەمە نیشانەی ئاخر زەمانە،
وادەی دەجال و فیتنەی شەیتانە.






دونیا دو ڕێیە بۆ ئەهلی بڕوا
ڕێیەکیان دێت و ڕێیەکیان ئەڕوا

عاقڵ چۆن ئەنوێ لەو دوڕیانە
مەگەر ئەو کەسەی خەوی گرانە

دنیا خەوێکە بۆت نایەتە دی
هێشتا کەس بەری ئەو خەوەی نەدی

پیرە مێرد

ئەگەر تۆ ئێشی دەرزی بچێژی — بە سوژن خوێنی خەڵکی نارێژی
ئەوەی ژاری چەشت لە زەردەواڵە — ئیتر هەنگوینی لە دەمدا تاڵە.

پیرە مێرد

# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

# YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهان)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی رووی راستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات

Amsterdam

Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 7 25.Augustus 2019 25 ئابی 2019


# سیناریۆی پشتی پەردە لە نێوان (٥) کیلۆمەتری و (٣٠) کیلۆمـــەتری ئەمـــریکا و تورکیـــادا



بەختیار شارەزوری و سەرکەوتی جیهاز

ئەگەر خەونی ئەردۆغان گەڕانەوە بێت بۆ هەوڵێکی مێژوویی و بیەوێ بەهۆی بۆشایی دەرکەوتنی داعشەوە و بەهاری عەرەبیەوە خەونە مێژووییەکەی ئەتاتورک جێ بەجێ بکات، ئەوا دەبێت پشتی پەردە بخوێنینەوە، ئەردۆغان دەیەوێ لە رۆژهەڵاتی ناویندا کورد نەتوانی هیچ جوڵەیەک بە ئاقاری پێگەی نیشتمانی بوونی بگات و دەیەوێت کورد نەک هەر لە تورکیا بەڵکو لە هەر چوار پارچەکە، لە بۆتەی سیاسەتی خۆیدا بتوێنێتەوە (خەونی گەڕانەوە بۆ عوسمانی)، ئەگەر بمانەوێ لە رێککەوتنی نێوان ئەمریکا و تورکیا تێبگەین، کە هەسەدە دەیەوێت ناوچەی ئارام بە رێککەوتنی نێوان هەسەدە و تورکیا و ئەمریکا بێت و لە پێنج کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و ئەمریکاش دەیەوێت لە پێنج بۆ چوارە کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و تورک دەیەوێ لە سی بۆ چل کیلۆمەتر بێت، ئەمانە تا ئێستا لە بازنەی رێککەوتنی دروستکردنی ناوچەی ئارام دەخولێتەوە، بەڵام نهێنی پشتی ئەم رێککەوتنە ئەوە نییە کە لە میدیاکانەوە باس دەکرێت، چونکە ئێمە دەزانین تورک خۆی ئەگەر چی گوشار بکات کە پێشتر بە درێژایی ٩٩ ساڵ کردویەتی هیچی پێناکرێت، بەڵکو لە دەرەوەی ئەم رووداوانە دەستەڵاتەکان دەجوڵێن، واتا ئەوەی تورک دەیڵێ مەرج نیە جێبەجێ بکرێت و ئەوەشی کورد دەیڵێ مەرج نییە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو بەرژەوەندی وڵاتانی زل هێز و فرۆشتنی کارتەکانیان رۆڵ دەبنێت، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا روونی بکەینەوە:

1. ئەمریکا لە چەند سەرێکەوە پێویستی بە تورکیایە و لەچەند سەرێکەوە شەڕی دەکات، بۆ نموونە پێویستی بە تورکیایە وەک کڕیار لە روسیای دوربخاتەوە بەتایبەت دوای ساروخی بەرگری (S–400) و پێویستی بەتورکیا وەک رێگەی گواستنەوە و جیوپۆلەتیک و ئابوری و ئاوی شرین و بازرگانی و پێگەی جیوپۆلەتیکی سەربازی و جوگرافی لەگەڵ ئەمەشدا دژیەتی، لەبەر ئەوەی رێککەوتنی هەیە لەگەڵ چین بۆ رێگەی ئاوریشمی و یەکێکە لە کڕیارەکانی چەکی روسی و پاڵپشتی داعشی کردوە و بنکەی ئەرجەلیک نەیهێشت بەکار بێنێ و لە ناتۆ پابەند نیە بە بنەماکانی رێککەوتنەکانەوە و کێشەی قەشە ئەمریکییەکە، هەموو ئەمانە وا دەکەن رێککەوتن لە نێوان تورکیا و ئەمریکا کارت بێت، بەرامبەر یەکتر و دەیانەوێ لە خاڵێکدا بگەنە رێککەوتن.

2. تورکیا لە دیدگای بەرژەوەندی دوسەرەوە پەیوەندییە هەنوکەیی و مێژوییەکانەوە دەڕوانێتە ئەم ناوچە ئارامە، بە پێچەوانەوە ئەمریکا کەیسی سەرەکی لەم رێککەوتنانەدا.

2 بڕوانە ل

# سیناریۆی پشتی پەردە

پاشماوەی لاپەڕە 1

مەلەفی سوریا و حەلەب و موسڵ و کەرکوکە و دوا جار ئەمریکا ئامادە نابێت بچێتە ژێر باری داخوازیەکانی تورکیاوە، چونکە تورکیا خاڵی سەرپێچی زیاترە لە خاڵی هاوئاڕاستەیی لەگەڵ ئەمریکادا و تا ئێستا لەژێر قەیدی ئەمریکادایە، بۆیە ئێمە وای دەبینین دوا جار تورکیا ڕازی دەبێت بە مەرجەکانی ئەمریکا، چونکە ڕوسیاش پشتیوانی ئەمریکا دەکات، لەبەرامبەر کارتی سوریا، واتا کارتی سوری ڕوسی لەبەرامبەر کارتی ئێرانی عێراقی بۆ ئەمریکا.

3. ڕوسیا و ئەمریکا هاو ئاراستەن لە دروستکردنی سوریایەکی یەکگرتوی فیدراڵدا و کوردیش ڕازیە بەم مەرجە ، بۆیە ئەمریکا کاری ناکات حکومەتی ناوندی سوری پێ ی ڕازی نەبێت.

4. دوا جار ئەمریکا بە شێوەیەکی کاڵ تر تورکیا بە خەتەر دەزانی وەک ئێران ، بەوەی دژایەتی کردنی بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە هەڵکشان و داکشاندایە و جێگر نیە بەتایبەت دوای گەمارۆی زیرەکی ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

5. کورد لەم نێوەندەدا دەکەوێتە سەر هێڵی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ، باشترین کارتی بەهێزی دەستی ئەمریکایە و هیچ بەرژەوەندیەک گەورەتر نییە لەوەی کورد بەتەواوەتی بدات بە کارتێک، تەنها لە خراپترین حاڵەتدا بەشێکی دەدات وەک عەفرین.

6. ئەمریکا دەیەوێت عێراقێکی بەهێزی ناوەندی سەر بەخۆی و سعودیە بونیات بنێ، بۆیە کەیسی کەرکوک و موسڵ وەک خەتی سور وا دەبێت بۆ تورکیا.

دوا جار ناوچەی ئارام دروست دەکرێت و تورکیا ڕازی دەبێت بەوەی ئەمریکا و ڕوسیا لە بەرژەوەندیاندایە بەتایبەت لە ڕێککەوتنی ئەستانە، ڕوس گوتی بەدوای بەرژەوەندیاندا دەگەڕێن لە سوریا، هەرچی ئەمریکایە دەیەوێت تورکیا بە ڕەزامەندی خۆی ڕازی بکات ، بۆ تورکیا دیسان هەمان مێژو دووبارە دەبێتەوە، کە خەونی ٩٩ ساڵەی پێش ئێستای ئەتاتورک بووە، ناتوانی خەونەکەی بهێنێتە دی، لەهەر چوار ناوچە ئارامەکە، دەکرێت چەند خواستێکی بێتە دی بەڵام بە گشتی ناتوانێ.

# یادی گوزەشتە

## پیرەمێرد

پار و پێرار کردبوومانە پیشە، ڕۆژی جومعان ئەچووینە گوێ زەڵم، هەم سەیران و هەم ڕاومان ئەکرد. ڕاویش، نێچیری هەوا و ماسیی ناو ئاو. نێچیری هەوا زۆرتری پۆڕ کە ئەو دەشتە بە گوڵبانگی "کناچە، کناچە" ئەهێنێتە فەڕ و جێنیشینیی کچە جافە نازدارەکانی پێشوو دەکەن. ملۆزمێکیان لێ پەیدابووبوو، تەقە لە تفەنگیەوە ئەهات، ئەوان یەکودوو باڵشکاو و لەخوێناگەوزاو ئەکەوتن، بە دەستە قاچبەستراو ئەهاتنەوە بۆ دیاریی شار. ئەو ڕاوکەرە بێئامانە گەیاندبوویە پەرەسەیێک، باڵداری لە ڕووی زەمیندا نەهێشتبوو، خەریک بوو نیسری تائیری ئاسمان و کەڵەشێرەکەی عەرشیش بە گوللە بێنێتە خوارێ! جارێ وا تەراندوویانە، ڕەهەندەی هەولێریان کردووە. بزانین ماسیکوژەکان چییان بەسەردێ؟ بەڵام ئەوان لە پێشدا ڕەهەندەییی خۆیان کێشا و ماسیش، خوا تەنها بۆ خواردنی داناوە "لحما طريا." لەم ڕاوە ئەوی بە من بڕاوە، کە گەییمە ئەو مەڵبەندەی کەناری زەڵم و شوێنهەواری ماڵەگەورە، جۆشی گریانێکە کە فرمێسکم ئەدا بە ئاوا و ئەو گریانە تەسەللایێکی دڵی غەمبارم ئەبەخشێ. هەندێ جار لەو کۆنەهەوارە چاو لێکئەنێم: ئەو پەرییە باڵابەندانە کە سەجەلەکێشیان پەریخان و خانمیخانمان بوو، دێنەوە پێش چاوم. ئەو دەشتە کە سەراپا ڕەشماڵی تیا هەڵدرابوو و مەولەوی نەقشی ئەو چیهرە جوانانەی لە دڵدا کردووە، ئەفەرمووێ:

وەک چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی خۆی<br>
لە توێی پەردەی دڵ، پڕ ئاخ و پڕ ئۆی<br>
نووری ڕووی دەرخست، شای سەوسەنخاڵان<br>
کەم کەم لە گۆشەی لای سیماڵان<br>
لە توێی تاریکیی شەدەی گوڵگوڵا<br>
لەتافەت وەک ئاوی حەیات هەڵقوڵا

ئێستا لەو شوێنە و لە شوێنی ئەوان، دڕک و داڵ و قەل و داڵە.

سا بۆچی سۆمای دیدە تارنەبێ<br>
زیندەگیم لە لا ژاری مار نەبێ

زۆرتر لەو مەڵبەندەدا ڕەحمەت بۆ وەلی دێوانە ئەنێرم، کە بە سەودای شەمەوە ئەناڵێنێ و ئەڵێ:

دەلیل شەم نەدیت<br>
چوویتە دوواوان دەلیل شەم نەدیت<br>
کۆچی خێڵخانەی ئێلی جاف نەدیت<br>
سەرداری ڕەندان، سەوڵی صاف نەدیت<br>
رووم کردە گوێ زەڵم، شوێنی نازداران<br>
جێستارەی صوبح، هەواری یاران<br>
هەوارانی چۆڵ، یەکسەر وێران بوو<br>
تەنها بایەقوش لە جێی ئەوان بوو

لە هەموو زەمزەمەی تافی صافی زەڵم و نێرگسەجاڕی بەهار خۆشتر، ئاه چی بکەم؟ خۆ وەختی خۆی فۆتۆغرافچییێک نەبووە، ئەو هەوار و دەوار و نازدارانە و ئەو سەرئێل و سەرداری عەشیرەت و حوکمدارانە ڕەسم بکێشێ، تا بزانرێ ئەم خاکی پاکی ئێمەیە چیی تیا هەڵکەوتووە و چ قابلییەتێکی هەیە!

(سەرچاوە: ڕۆژنامەی "ژین"، ساڵی ١٥، پێنجشەموو ١٩٤٠/١١/١٥، ل٣–٤.) پیرە میرد

# چۆن بۆ یەکەمجار و دواجار شەهید جەمالی عەلی باپیرم بینیی..؟ حەسەن هەڵەبجەیی



لەساڵی 1981لە کەرتی سێ ی هەرێمی یەکی ئەوکات پێشمەرگە بوم ،ئەنجائەوسا زوزو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ئێمە واتە پێشمەرگە کانی شارەزور شارە زورمان جێدە هێشتو ملمان ئەناوئەچوین بۆشارباژێڕی سەخت ئاخرهەر بەڕاستی ناوچەی شارباژێڕ ئەوساڵانە هەمیشە قەڵای ئارامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردوستان بوو. دیارەمن ناڵێم سەد لەسەدی خەڵکە کەی شارباژێڕهەموی یەکێتیی بوون، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە هەمو ناوچەکانی تر زیاتر دۆستانی یەکێتی لەو ناوچەیە بوون، ئەگەر چی وەک دەزانین یەکەمین مەفرە زەو یەکەمین دەستەی چەکداری یەکێتیی لەسەرەتاوە خەڵکی هەڵەبجەو شارەزوری ئێمە بوون ولە هەڵەبجەوە یەکەمین چەخماخەو یەکەمین تەقەی تفەنگ درا بەگوێ دەسەڵاتی ئەو ڕۆژگارەدا، کە دەسەڵاتی ئەو بەعسە بوو، ئەوساڵانە بە ئاسن وئاگر لە بەرانبەر گەلی کورد ا وەستا بووەوە.

لە بیرمە ئێمە پێشمەرگەکانی هەڵەبجە و شارەزور لەبەرئەوەی ناوچەکەمان قوڕ و زۆنگاوی زۆر بوو، ئەمە نەبێتە قسەکەی کاک مەحمود سەنگاوی، کە لە بیرە وەرییەکەیدا دەڵێ :

قوڕە کەی شارەزور {مچە} کە پێتەوە نوسا لێت نابێتەوە، ئینجا ئێمەش لەتاو ئەو قوڕە مچە هەمیشە دەچووین، کە پێلاومان دەکڕی، دەهاتین پێڵاوە کانمان بێگومان لاسیک بوو، بە مقاشێکی سورەوەکراو جێگای قەیتانەکەمان جوان کەبس دەکرد، واتە دەهاتین قەیتانە کەمان لادە برد، بە قیاسی قاچی خۆمان بە ئاگر دەمان توانەوە بەسەریەکدا، بۆئەوەی هەمیشە قەیتان نەکەینەوە و بی بەستینەوە،

لە بیرمە ڕۆژێکی بەفرو باران بوو لە گوندی پاڕەزان بووین، من لە مزگەوتەکەی پارەزاندا، هاتبوم هەنێک پشکۆی زۆپاکەم دەرکردبوو، وردە وردە بە مقاشێک خەریکی چاکردنی پێڵاوەکانم بووم، لەوکاتەشدا هەرخۆم لە مزگەوتەکەدا بووم، لەبەرخۆمەوە سەرم بەسەرئاگرەکەدا شۆڕ کردبۆوە

دواتر هەستم کرد، کەسێک بە ڕاسەرمەوە وەستاوە و سەیری دەستم دەکات، کەسەرم بڵند کردەوە، بینیم یەکێک لە فەرماندەکانی خۆمانە، بەڵام زانیم کە پێشمەرگەی هەرێمی یەک نییە و زانیش, کە یەکێکە لەو فەرماندانەی شارباژێڕ.

سڵاوی لێکردم گوتی: ئەوە چی دەکەی ؟



منیش گوتم: نابینی پێڵاوە کانم چاک دەکەم..!

ئەویش پێکەنی و گووتی: دەزانم خەریکی پێڵاوەکانتی بەس بۆ ئاوای لێدەکەیت ؟ منیش گوتم: هاوڕێ گیان لە شارەزور، قەیتان دەرەقەتی قوڕەکەی نایەت، بۆیە ئێمەش بەناچاری دەبێت ئاوای لێبکەین، دواتر هەرئەو برادەرە دانەویەوە و پێڵاوەکەی لەدەست وەرگرتم و سەیرێکی ژێرەکەی کرد و بانگی یەکێک لەو پێشمەرگانەی هاوڕێی خۆی کرد، کە لەبەردەرگا کە وەستا بوون، هەستمکرد لەبەرخۆیەوە چپەیەکی ئاسایی بۆکردن، پێموابێت هەندێ پارەشی پێدان و ئیترخۆی هاتەوە بۆلای من و دەستی کردە پرسیارکردن لێم.. گوتیی: پێشمەرگەی هەرێمی یەکی؟ کەرتی چەندی؟

منیش وەڵامم دایەوە و گوتم هەرێمی یەک، کەرتی سێی شارزوور..

گوتی کێ ئامرکەرتتانە؟

منیش گوتم جەنابتان بۆچی دەپرسن ؟

گوتی حەزەکەم بیناسم ...!

منیش گوتم: کاک مەحمود گەرمیانی فەرماندەی کەرتە کەمانە.

دواتر گوتی: ئێوە هەموتان لەوە دەچێت خزمی یەکتر بن ؟

گوتم : تەقریبەن وایە، ئینجا ئەوەندەم زانی پێشمەرگەکان هاتنەوە و جووتێک ئەدیداسی ئێرانی ئەسڵیان پێ بوو، برادەرە بەر پرسەکە لێ وەرگرتن و دایە دەستی من، منیش گوتم نانا کاکە گیان سوپاس خۆمن پارەم ئەوەندە پێیە، کە پێڵاوی پێ بکرم سوپاس نامەوێت، دوو پێشمەرگەکەی، کە ئەدیداسەکانیان بۆمن هێنا بوو نەیانهێشت برادەرە بەرپرسەکە قسەبکات، لە جیاتی ئەو وەڵامی وەرنەگرتنەکەی منیان دایەوە و گوتیان کاکە گیان وەری بگرە، ئەوە کاک جەمال عەلی باپیرە، ئامرهەرێمی هەرێمی چوارە و وەکو دیاری بۆی کڕیووی.

من هەستام و گوتم کاک جەمال گیان داوای لێبوردن دەکەم، نەمناسیت ببورە، ئینجا گوتم بۆچی عەزێتت کێشاوە..؟ ئێمە هەر بەئەنقەست لە شارەزور ئەم لاستیکە لە پێدەکەین، دوا ترهەستام بەڕێزەوە تەوقەم لەگەڵ کرد و دیارییە کەشم لێوەرگرت و سوپاسم کرد.

من پێشتر ناوی کاک جەمال م بیست بوو، بەڵام هەرگیز نەمبینی بوو. زۆربە داخیشەوە ئەوە یەکەمین جار و دواجاریش بوو، کاک جەمال بینم.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە جەمالی عەلی باپیر و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردوستان.

# دایكانیش درۆ دەكەن !!! دوای ئەوەی وای پێ گوتم....

# چاوەكانی لێكنا و ئیترهەرگیز نەیكردنەوە..! عەباس عارف

دەرهێنەری گەورەی سوری مستەفا عەقاد دەڵێت: وامدەزانی دایک هەرگیز درۆ ناكات، بەڵام بۆمدەركەوت من هەڵەم دوای ئەوەی دایكم هەشت درۆی گەورەی لەگەڵ كردم..!

ئەوەش ئەو هەشت درۆیەی دایكم تابزانن دایک چۆن درۆ دەكات:- من لە خێزانێكی زۆر هەژار لەدایكبووم، بەمنداڵی زۆرجار خواردنی پێویستمان نەبوو بیخۆین، هەركاتێک تۆزێک برنجمان دەستكەوتایە دایكم بەشەكەی خۆی دەكردە ناو قاپەكەی من و دەیگوت كوڕم هەموو برنجەكە بخۆ من برسیم نییە..! ئەمە یەكەم درۆی دایكم بوو.

+ كە تۆزێک گەورەتربووم، دایكم دەچوو، لە چەمێكی نزیک ماڵی خۆمان ماسی ڕاودەكرد، زۆر جار هیچی دەست نەئەكەوت، جارێكیان خوا بۆیكرد دوو ماسی ڕاوكردبوو، خێرا گەڕایەوە ماڵەوە و ئامادیكرد و هەردوو ماسییەكەی خستە بەردەمی من، كاتێک من پارچەیەكم ئەخوارد ئەو ئێسقانەكەی هەڵئەگرتەوە و پاشماوەكەی منی ئەخوارد، دڵم پێی سووتا و ماسییەكەی ترم بۆ دانا وتم دایە گیان ئەمە بخۆ، بۆی گەڕاندمەوە و وتی كوڕم خۆت بیخۆ من حەزم لە ماسی نییە..! ئەمە دووەم درۆی دایكم بوو.

+ گەورەتر بووم و ئەبوو بچمە قوتابخانە، بەڵام پارەی پێویستمان نەبوو بۆ خەرجی قوتابخانە، ناچار دایكم لەگەڵ دوكانێكی كوتاڵفرۆش ڕێككەوتبوو كە كوتاڵی بۆبفرۆشێت، بە كۆڵ كوتاڵی بەسەر ماڵەكاندا دەگێڕا و پێی دەفرۆشتن، جارێكیان زستان و باران و كرێوە بوو، دایكم درەنگ كەوت منیش ڕۆشتم بەدوایدا كۆڵانەكان گەڕام، بینیم لە كۆڵانێكدایە و باران هەموو لاشەی تەڕ كردووە، وتم دایە گیان سەرمایە و درەنگە و تۆش هیلاكیت وەرەوە ماڵەوە و سبەینێ ئەوانەی ماوە بیانفرۆشە، وتی كوڕم خەمت نەبێ من ماندوو نیم..! ئەمە سێیەم درۆی دایكم بوو

+ ڕۆژێكیان دوا تاقیكردنەوەمان بوو لە خوێندنگە، دایكم سووربوو لەسەر ئەوەی لەگەڵمدا بێت، من چوومە ژوورەوە و ئەو لەدەرەوە لەبەر ئەو گەرمایە وەستابوو چاوەڕوانی دەكردم، كە هاتمە دەرەوە لەباوەشی گرتم و مژدەی پێدام كە خوا سەركەوتووم دەكات، دەبەیەكی بچوک ئاوی پێبوو پێیدام، منیش لەتینوێتیدا پەلامارمدا و دەستمكرد بە خواردنەوەی، چاوم چووە سەر دەموچاوی دایكم كە ئارەقی پێدا داهاتە خوارەوە، ئاوەكەم پێدا و وتم دایەگیان تۆش بیخۆرەوە، وتی كوڕم تۆ بیخۆرەوە من تینوو نیم..! ئەمەش درۆی چوارەمی دایكم بوو.

+ كە باوكم كۆچی دووایی كرد، هەموو بەرپرسیارێتییەكە كەوتە سەرشانی دایكم خۆی هەم دایک بوو هەم باوک، حاڵمان خراپ بوو مامێكم هاوكاری دەكردین و خواردنی دەداینێ، دراوسێكان بە دایكمیان وت بۆ شووناكەیتەوە و پیاوێک هەبێت ئاگای لێتان بێت و خەرجیتان بكێشێت و خۆشت گەنجیت و پێویستت پێیەتی، دایكم ڕەتی كردەوە هاوسەرگیری بكات و وتی من پێویستم بە خۆشەویستی نییە..! ئەمەش پێنجەم درۆی دایكم بوو.



+ خوێندنم تەواوكرد و لە زانكۆ دەرچووم، كارێكی تا ڕادەیەک باشم دەستكەوت، وتم ئیتر كاتی ئەوەیە دایكم پشوو بدات و من خەرجی ماڵ بكێشم، لەو كاتەدا دایكم توانای گەڕانی نێو كۆڵانەكانی نەمابوو و لەناوبازاڕ مێزێكی دانابوو سەوزەی لەسەر دەفرۆشت، هەرچەندم كرد وازی لە كارەكەی نەهێنا، بۆیە بەشێک لە مووچەكەم بۆ تەرخان كرد، بەڵام وەرینەگرت و وتی كوڕم پارەكانت هەڵگرە بۆخۆت تۆ پێویستت پێی ئەبێت، من بەشی خۆم پارەم هەیە..! ئەمەش درۆی شەشەمی دایكم بوو.

+ لەپاڵ ئیشەكەمدا درێژەم بە خوێندنیش دا و ماستەرم وەرگرت، بەهۆیەوە مووچەكەم زیاد بوو و پلەشم بەرزبووەوە، كۆمپانیای كارم لێدەكرد داوایان لێكردم بچمە لقی سەرەكی كۆمپانیا لە ئەڵمانیا لەوێ كاربكەم، منیش زۆر دڵخۆش بووم كە خەونێكی لەمێژینەم دێتەدی و ژیانم خۆش دەبێت، ڕۆشتم و خۆم ڕێكخست و ناردم بەشوێن دایكمدا تا بێت لەگەڵ مندا بژی، بەڵام لە ترسی ئەوەی گرفتم بۆ دروست بكات نەهات و وتی كوڕم من ناتوانم ئێرە بەجێ بێڵم و حەزم لە ژیانی خۆشی ئەوێ نییە..! ئەمەش حەوتەم درۆی دایكم بوو.

+ دایكم پیربوو و تووشی نەخۆشی شێرپەنجەبوو، منیش ویستم لەلای بم، بۆیە كارەكەم جێهێشت و گەڕامەوە بۆلای، بینیم زۆر لاواز بووە و نەخۆشی زۆری بۆهێناوە و ئەو دایكەی جاران نییە، نەشتەرگەریمان بۆكرد بەڵام باشتر نەبوو، كە بینیم بەو حاڵەوە خۆم پێنەگیرا و فرمێسک بە چاوانما هاتە خوارەوە، بەڵام ئەو ویستی دڵنەوایی من بكات و وتی كوڕم خەفەت مەخۆ من باشم و هەست بە ئازار ناكەم..! ئەمەش درۆی هەشتەمی دایكم بوو.

دوای ئەوەی وای پێگووتم، چاوەكانی لێكنا و ئیتر هەرگیز نەیكردنەوە.

وەرگیراوە

# ئاکۆ محەمەد وەهبی گەوهەرێک، تا لێی نزیک بیتەوە زیاتر دەدرەوشێتەوە،


# کەسێکی خۆنەویست، خۆبەخش و دڵسۆزی ڕێبازێک لە پێناوی هەمووواندا

## لەگەڵ تێکۆشەرێکی دێرینی دیکەدا

## بەشی سێیەم

سەرکەوتی جیهاز

لەم بەشەدا دەمەوێت باس لە یەکێکی تر لە تێکۆشەرەکانی ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان بکەم، کە بە درێژایی زیاتر لە دە ساڵ لە تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ کاری ڕێکخراوەیی نهێنی نێوشار و باقی ژیانیشی وەک چالاکوانک لە زۆر بواری بەکەڵکی کۆمەڵەکەماندا بە خۆبەخشی و دوور لە خۆدەرخستن بەسەر دەبات. ناوی ئاکۆ محەمەد وەهبی (ناسراو بە ئاکۆ وەهبی) یە. ساڵی ١٩٦١ لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٣ کۆلیژی ئەندازیاریی کارەبایی لە زانکۆی سلێمانی–سەلاحەدین تەواوکردووە. پاش ڕاپەڕین، چۆتە ئەوروپا و دیسانەوە لە وڵاتی سوید لە زانکۆ خوێندوویەتی و پاشان ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری زانستی تێلیکۆمیونیکەیشندا لە زانکۆی نۆرث لەندەن بەدەستهێناوە. ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ، لە بواری کارگێڕیی کەرتی تایبەتی کارەبا و تێلیکۆمیونیکەیشندا، کاری کردووە. لە ساڵی حەفتاو هەشتەوە وەک لایەنگرێک پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە بووە. لە ١٩٨٢/٢/١٠ دا بە فەرمیی بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. سەرەتای ساڵی ١٩٨٨، پاش ئەوەی ڕێکخراوی سلێمانی خۆی فراوان کرد، بووە بە ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٩٠ کە حکومەتی بەعس هەڵمەتێکی گەورەی گرتن و ڕاونانی ئەنجامدا و زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانی گیران، تەنیا ئاکۆ وەهبی (کە لە ڕێکخستندا ناسراو بوو بە هاوڕێ پشکۆ) و حەمە نووری گەرمیان (ناسراو بە هاوڕێ موراد) مانەوە. دوای ئەو کارەساتە و گرتنی کاک جەباری حاجی ڕەشید، سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی ناوشار ڕووبەڕووی ئەمان بووەوە. تا دووەم ڕۆژی ڕاپەڕین و دامەزراندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، درێژەی بە کاری ڕێکخراوەیی ڕێکخستنی نهێنیی ناوشار داوە. پاش ڕاپەڕین بەرپرسی کۆمیتەی یەکی ڕێکخستنی یەکێتی و ڕاگەیاندنی مەڵبەندی یەکی یەکیتیی بووە لە سلێمانی. پاشان بۆتە ئەندامی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان. سەرەتای ١٩٩٦ کوردستانی جیّ¬هێشتووە و چۆتە هەندەران. ساڵی ٢٠٠٣ پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە وڵات. لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ساڵی ١٩٩١ ئاگاداری ڕەوشی ڕێکخستنی نهێنی و پاشان ڕێکخراوی سلێمانی بووە. لە بیرەوەرییەکانی خۆیەوە بە کورتیی ئەم مێژووە ئاوا دەگێڕێتەوە: "دەتوانین بە شێوەیەکی دیار سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨، بە قۆناغی بەرەوپێشچوونی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان دابنێین؛ قۆناغی گەشەکردنی ژمارە و جۆری هێزی پێشمەرگە، شەڕی نیمچە جەبهەیی لە جیاتی شەڕی پارتیزانی، فراوانبوونی ناوچە ئازادکراوەکان، ڕزگارکردنی شار و شارەدێکان، بووژانەوە و فراوانبوونی ڕێکخستنەکان لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکان. بێگومان ئەمانە ئەنجامی ئەوەبوون کە شۆڕش دوای کۆتایی¬پیّ¬هێنان بە گفتوگۆ، بڕیاری یەکلاکەرەوەی چارەنووسی خۆی لەگەڵ ڕژێم دابوو...دوای ئەو قۆناغە، لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٨٨ دا، هێرش و هەڵمەتی نارەوای ئەنفالەکان کۆتایی بە هەموو ئەمانە هێنا. هەموو ئەو بوارانەی شۆڕش کە گەشەیان کردبوو، بەرەو شکست چوون؛ هێزی پێشمەرگە کشایەوە بۆ سەر سنوورەکان، ئەو ڕێکخستنانەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دروستی کردبوون، زۆربەیان هەڵوەشانەوە و پووکانەوە، خەڵکەکە یا گیران، یان ڕاگوێزران بۆ نێو ئۆردووگا زۆرەملێکان و لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە ڕێکخستن پچڕان. سەرئەنجامی هەموو ئەمانە شۆڕش هەوڵی دا پارسەنگی ئەم شکستانە بە گەشەپێدانی ڕێکخستنی نێو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بداتەوە.



ئیتر لەوە بەدوا بایەخی سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕێکخستنەکانی ناوشارەکان بوو، ئیتر دەبوو ڕێکخستن ببێتە ئەڵتەرنەیتڤی ئەو ڕێکخستنانە و بەدیلی هێزی پێشمەرگەش. بۆ هەستانەوە لەو شکستەی کە تووشی هێزی پێشمەرگە بووە، هەندێک لە پێشمەرگەکان لە شێوەی مەفرەزەی پارتیزاندا نێردرانە خوارەوە بۆ ناوچە و ئاواییە چۆڵکراوەکان و هەندێکیشیان دوای تەسلیمبوونەوە لەناو شارەکاندا پەیوەندی ڕێکخراوەییان بۆ دروستکرا. ئەم ئەرکە نوێیانە ڕۆڵی ڕێکخستنی ناو شارەکانی زۆر گەورەتر و دژوارتر کرد. ڕێکخستن، بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو ئەرکە نوێیانەدا بیّ، ڕیزەکانی خۆی بە شێوازێکی تر ڕێکخستەوە؛ داوای لیّ کرا سەرکردایەتییەکی ناوخۆی شۆڕش لەنێو شاردا پێک¬بهێنیّ، واتە شۆڕش بچێتە نێو شارەکانەوە، ڕێکخستن ببیّ بە جێگرەوەی هێزی پێشمەرگە و لە هەمان کاتیشدا ئەرکە ڕێکخراوەیییەکانی خۆشی ئەنجام بدا، کە دوو ئەرکی تەواو لەیەکجیاواز بوون. لەنێو ئەو ئەرکە نوێیانەدا، هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە نێردرابوونە خوارەوە بۆ ناوچە چۆڵە ئەنفالکراوەکان، پێداویستیی ژیان و موچە و بژێوی و پێوەندییان، ڕووبەڕووی ڕێکخستنەکان بووەوە. بۆیە پێش ئەوەی هەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتیزان بنێردرێتە خوارەوە، نامەی ئەدرایە تا پەیوەندی بە ڕێکخستنی نهێنی ناو شارەکانەوە بکات.

بروانە ل 6

# ئاکۆ وەهبی سەرۆکی لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفایە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە، دوور لە هەر قازانجێکی کەسیی، ئەندامی بۆردی کارگێڕی (بنکەی ئەرشیفی ژین)ە

پاشماوەی

## لەگەڵ تێکۆشەرێکی دێرینی دیکەدا



لەبەر هەموو ئەمانە، سەرکردایەتییەکی ناوخۆ لەنێو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا پێکهێنرا، ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەرنامەی بۆ دانا و سەرپەرشتیی دەکرد....سەرکردایەتی، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم پلانە نوێیەی کار، بیری لەوە کردەوە کە کاک ئەمین قادر مینە (کاکەمین) و کاک موستەفای سەید قادر بنێرێتە خوارەوە. ئەو کاتە هەردووکیان دوو کادری پێشکەوتووی نێو هێزی پێشمەرگە بوون، بەڵام کاکەمین پاش ماوەیەک بە هۆی هەندێ نەخۆشییەوە گەڕێندرایەوە بۆ سەرکردایەتی و کاک مستەفای سەید قادر هێڵرایەوە لە ناوشاری هەولێردا، بە ناوی نهێنیی عەزیزەوە دەستیکرد بە کارکردن و هەموو ڕێکخستنەکانی ناوخۆی شۆڕشی ڕووبەڕووکرایەوە، بەرپرسی سەرکردایەتیی ناوخۆی شۆڕش بوو لەنێو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسدا... هەروەها لەپاڵ بەهێزکردنی ڕێکخستندا، یەکێک لە ئەرکە نوێیەکانی ئەو قۆناغە، کارکردن بوو بۆ پێکهێنانی سوپایەکی نهێنی، بە ناوی سوپای ڕزگاریی کوردستان (سرک)ـەوە. لە لایەکی ترەوە، کارکرا بۆ دابینکردنی حەشارگە و شوێنی حەوانەوە، چونکە بڕیاربوو، سەرکردەکانی تریش بێنە خوارەوە؛ لەوانە کاک نەوشیروان مستەفا داوای کرد شوێنێکی لەنێو شاردا بۆ دابینبکرێ. لە سلێمانی کاک جەباری حاجی ڕەشید (هاوڕێ باوەڕ) سەرپەرشتی سلێمانی و بەغداش بوو. هەروەها بە هۆی ناسین و پەیوەندیی بە قوتابیانی زانکۆی موسڵەوە، سەرپەرشتی ئەوانیش بوو. جگە لەوانە، دەبوایە سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی ئۆردووگا و شارۆچکەکانی نێوان کەرکووک و سلێمانیش بکرێت، وەک چەمچەماڵ، بازیان، باینجان و تەکیە. سەرباری ڕێکخراوی هەولێر کە کاک موستەفا ئیبراهیم دەرویش (هاوڕێ شاسوار) یەکێک بوو لە ئەندامەکانی، لە دهۆکیش هەندێک بازنەی ڕێکخستن هەبوون.

پاش هێرشەکانی ئەنفال و شکستی سەربازیی پێشمەرگە لە سنووری سەرکردایەتی و دروستبوونی پەرتەوازەیی و لێکترازان لە هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دا، ڕژێمی بەعس کەوتە گەڕان بەدوای ئەندامان ولایەنگرانی ڕێکخستنە نهێنییەکان لە شار و شارۆچکەکانی بندەسەڵاتی خۆی.

بۆئەمە هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەدواگەڕان و چاودێری چڕوپڕی ئەنجامدا، بە هۆیەوە توانی زۆر لە هاوڕێیانی بەرپرسی ڕێکخراو و کەرت و پۆلە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەستگیربکات. یەکێک لەو ڕێکخستنە کاریگەرانەی بەر ئەو شاڵاوەی دوژمن کەوت، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، کە سنووری کاری ڕێکخراوەیی لە ناوچەی پشدەرەوە درێژدەبووەوە بۆ کفری و کەلار. پاشان گرتن و ڕاونانەکان تەنییەوە بۆ نێو شاری هەولێریش و هەندێک لە هاوڕێیانی ئەوێش گیران و ڕاونران...." ئا لەو کاتە سەخت و دژوارەدا، یەکێک لەوانەی توانیی ڕۆڵ بگێڕێ لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکان، ئاکۆ وەهبی بوو. ناسینی من و کاک ئاکۆ، ئەوکاتە بوو کە بە پارتیزانی هاتمە خوارەوە (سەرەتای هاوینی ١٩٩٠) بۆ پیرەمەگروون. ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا چەند نامەیەکی دامێ بۆ ڕێکخراوی سلێمانی، بۆ هاوکاریکردنمان و کارئاسانی بۆکردنمان لە کاتی پێویستدا. چەندین نامە لە نێوان من و ڕێکخراوی سلێمانیدا ئاڵوگۆڕکرا. نامەکان کە بۆ من ئەهاتنەوە، بە ناوی 'سیروان' ـەوە بوو. دوای ڕاپەڕین زانیم کە ئەو سیروانە، ئاکۆ وەهبی¬یە. وەک بەڵگە و دۆکیومێنت، ئەو نامانەم هەموو ماون و پاراستوومن. هەرچەند باس لە جوامێری و بوێری کاک ئاکۆ بکەم، کۆتایی نایێ. ئەم پیاوە یەکێک بوو لەوانەی سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی شار و هاوکاریی پارتیزانەکانی دەکرد لە دابینکردنی ئازووقە و پێداویستی و شوێنی یەکتربینینیان. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ و سەرەتای ١٩٩١، ئاکۆ وەهبی، لەتەک ڕەوانشاد مستەفا ئیبراهیم دەرویش و ڕەزا و کاک خالید حەمە نووری دا، یەکێک بووە لە سەرپەرشتیارانی ڕاپەڕینی ناو شار و ڕۆڵی گێڕاوە لە نووسینی چەندین بەیان و بڵاوکراوە و نامەی نێردراو بۆ کەسایەتییەکان و دروستکردنی شانەی چەکداردا، بە مەبەستی هاندان و ڕێکخستنی خەڵکی بۆ ڕاپەڕین. ئەوە ماوە بڵێم، ئاکۆ وەهبی، نموونەی مرۆڤێکی واقیعبینی وردەکاری بیرفراوانە. لەو کەسە کەمانەیە کە بە ڕاستی سوودی لە خوێندن و کولتووری ڕۆژئاوا بینیوە و تێگەیشتنێکی نوێی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانەی بۆ دنیا و مەسەلەی کورد و ژیان–بە گشتی لا دروست بووە. ئەو، بەردەوام بۆچوون و قەناعەتەکانی خۆی بە کردەوە دەنوێنێ. ئاکۆ وەهبی، بە بەرنامە و پلان کاردەکا و پێی وایە سیستەم پێویستییەکی ناچاری و لەدواخستن–نەهاتووی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەوارییە. کارێکی پێنەزانراوی ئاکۆ وەهبی، بەشداریی چالاکانەی بووە لە سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا لە کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکانی حکوومەتی بەعسدا، لە سەروەختێکدا کە گەلێ لە بەرپرس و کاربەدەستان خەریکی ڕاووڕووت و ئاودیوکردنی سامان و کەرەستەکانی ژێرخانی ئابووریی وڵات بوون! لە مانگی ٩ ی ساڵی ٢٠١٤ دا بە هاوکاری پرۆفیسۆر فێردیناند هێنەربیشلەر و پارێزگای سلێمانی، وەک نوێنەرێکی کورد چۆتە زانکۆی کۆلۆرادۆ بۆ گێڕانەوەی وێنەیەکی ئەلەکترۆنی ئەو دۆکیومێنتانەی ڕژێمی بەعس، کە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا دەستیان بەسەردا گیرا و برانە ئەمریکا. لەمڕۆدا ئاکۆ وەهبی سەرۆکی لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفایە و بە شێوەیەکی خۆبەخشانەش، دوور لە هەر قازانجێکی کەسیی، ئەندامی بۆردی کارگێڕی (بنکەی ئەرشیفی ژین)ە و لە تەک هاوڕێکانیدا کاردەکات بۆ پێکەوەنانی ژێرخانێک بۆ ئەرشیفی نەتەوەیی کورد و درێژە دەدا بە هەوڵە دڵسۆزانەکانی.

# (505 ساڵ) ساڵ پێش زایین لەمەوبەر، چی ڕوویدا؟!! دکتۆر حسێن محەمەد عەزیز



سەرەتا

لە ئەو ڕۆژەوە، ئیمپراتۆریای (میدیا 700– 550 پ.ز.) ڕوخاوە، فارسە (ئەخمینی)یەکان، دەسیان بەسەر ئیمپراتۆریاکەدا گرتووە، تا ساڵی (643 ز.)، لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکان هاتوون و (کوردستان)یان داگیرکردووە، کورد هەر لەژێر دەسی فارسەکاندا بووە. بەڵام گرفتی سەرەکی کورد، لە ئەو کاتەوە دەسپێدەکا، کاتێ هەردوو ئیمپراتۆریای (عوسمانیی) سوونە، ساڵی (1299 ز.) لە (توورکیا)ی ئەوڕۆ و (سەفەویی) شیعە، ساڵی (1501 ز.) لە (تەبریز) دامەزران. پێوەندیی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریا گەورەیەی ئیسلامیی سوونە و شیعە، هەر لە سەرەتاوە خراپبووە و هەرگیز ڕێک نەبوون. هۆکەشی بۆ جیاوازیی ئایینزایی دەگەڕێتەوە. جگە لە ئەوەی، توورکە مەگۆلەکانیش، هەمیشە چاویان لە ئەوە بڕیبوو، دەسەڵاتی فارسەکان لە نێوچەکەدا نەهێڵن و خاکەکەیان داگیرکەن. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کاریکی زۆر خراپی، لە (کوردستان) کردووە. با بزانین، چۆن؟!! ئەو کاتە، (کوردستان) لەبندەسی ئەو دوو ئیمپراتۆریا گەورەیەدا بووە. وەک هێندێ سەرچاوەی مێژوویش دەڵێن: کورد (36) میرنشینی گەورە و گچکەی نیمچەسەربەخۆی هەبووە، لە نێوان ئەو دوو زلهێزەی نێوچەکدا دابەشبوون. بەڵام لەبەرئەوەی کورد لەگەڵ فارسەکاندا، ئایینزاکەیان جیاوازبووە، (شا ئیسماعیلی سەفەویی)، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردەکانی بندەسیدا، زۆر خراپووە و ویستوویەتی، کوردەکان بەزۆر بکا بە شیعە و واز لە ئایینزاکەی خۆیان بێنن، لەبەرئەوە زۆری لێ کووشتوون. جگە لە ئەوەی، کوردەکان لە ئیمپراتۆریای (عوسمانیی)یەوە نزیکتربوون، چونکە یەک ئایینزای هاوبەش کۆیکردبوونەوە. هەروەها مەلایەکی وەک (ئیدریسی بەدلیسی)ش، ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینیوە و هانی کوردەکانی بندەسی توورکە مەگۆلەکانی داوە، دژی فارسە سەفەوییە شیعەکان، پشگیریی توورکە (عوسمانیی)ە سوونەکان بکەن. لەبەرئەوە جەنگێکی گەورەی ماڵوێرانکەرانە، لەسەر خاکی (کوردستان)، لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرە گەورەیەدا هەڵگیرساوە.

## جەنگی (چاڵدێران):

ڕۆژی (23. 8. 1514 ز.)، جەنگێکی درێژخایەنی ماڵوێرانکەرانە هەڵگیرساوە، لە نێوان سوڵتان (سەلیم) و شا (ئیسماعیلی سەفەویی)دا بەرپابووە. ئیدی لە ئەو کاتەوە، (کوردستان) وەک گۆڕەپانی جەنگی لێهاتووە، لەشکری توورک و فارس، بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنیان تێدا کردووە.

## کورد و توورکە عوسمانییەکان:

ساڵی (1515 ز.)، سوڵتان (سەلیم) ڕێی بە مەلا (ئیدریسی بەدلیسی) داوە، ڕێککەوتنێکی نەتەوەیی لەگەل سەرۆک تیرە و هۆزەکانی میرنشینەکاندا سازکا. لە بەرانبەریشدا، سوڵتان و مەلا (ئیدریس)، لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:

1. ئیمپراتۆریای (عوسمانیی)، دان بە سەربەخۆیی کاروباری نێوخۆیی میرنشینەکانی بندەسیاندا بنێ.
2. دەسەڵاتی میرەنشینەکان بۆماوەیی بێ، لە باوکەوە بۆ کوڕ یا لە براوە بۆ برا بگوێزرێتەوە.
3. هەر کاتێ میرنشینەکان، تووشی مەترسییەکی دەرەکیی بوون، سوڵتان بیانپارێزێ.
4. میرنشینەکان ساڵانە، باج بە دەوڵەتی عوسمانیی بدەن.
5. میرنشینەکان دژی دوژمنانی عوسمانیی، بەشداری لە جەنگدا بکەن.
6. لە گوتاری نوێژی هەیینیدا، ناوی (سولتان) بێنن و نزای سەرکەوتنی بۆ بکەن.

3. هەر کاتێ میرنشینەکان، تووشی مەترسییەکی دەرەکیی بوون، سوڵتان بیانپارێزێ.
4. میرنشینەکان ساڵانە، باج بە دەوڵەتی عوسمانیی بدەن.
5. میرنشینەکان دژی دوژمنانی عوسمانیی، بەشداری لە جەنگدا بکەن.
6. لە گوتاری نوێژی هەیینیدا، ناوی (سولتان) بێنن و نزای سەرکەوتنی بۆ بکەن.

## ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکە

دوای ئەوەی جەنگێکی درێژخایەن، لە نێوان هەردوولایاندا بەرپابوو، نزیکەی ماوەی (100) ساڵێکی خایاندووە، خەڵکێکی زۆر لە هەردوولا و خەلکی نێوچەکە کوژراوە، زیانێکی زۆر بەر دانیشتووانی نێوچە جیاوازەکانی (کوردستان)یش کەوتووە. نزیکەی هەردوولا بە ئەو ئەنجامە گەیشتوون، پێویستە بە گفتوگۆ و ڕێککەوتن، کێشە و گرفتەکانی نێوانیان چارەسەرکەن. لەبەرئەوە چەند ڕێکەوتنامەیەکیان واژۆکردووە.

1. ڕێککەوتننامەی (ئەماسیە)، ساڵی (1555 ز.) بوو. واتە دوای (44) ساڵ جەنگ و کوشتار، لە نێوانیاندا مۆرکراوە. بەپێی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، هەردوو لایەنی توورک و فارس، بە شێوەیەکی فەرمیی ڕێککەوتوون، (کوردستان) لە نێوخۆیاندا دابەشکەن و هێڵی سنووری نێوانیان دیاریکەن، بە تایبەتی لە نێوچەکانی (شارەزوور، قارس و بایەزید)، چونکە چەن نێوچەیەکی کوردیی خاوێن بوون! هەڵبەتە ئەم ڕێککەتننامەیە، زۆر سەرکەوتوو نەبووە، جێبەجێ نەکراوە و ناکۆکیی نێوانیان، هەر بەردەوامبووە، بۆیە چەندین ڕێککەوتننامەی دیکەیان مۆرکردووە.
2. ڕێککەوتننامەی (زەهاو)، ساڵی (1639 ز.)، لە نێوان سوڵتان (موڕادی چوارەم) و شا (عەبباسی سەفەوی)دا، لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی (ئەماسییە)دا مۆرکراوە. ئامانجەکەشی ئەوە بوو، سنوورەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکە، بە تەواویی دەسنیشانکەن و ڕێکیخەن. ئەم ڕێککەوتنەش هێندەی دیکە، کێشەی کوردی ئاڵۆزکردووە!
3. پاشان چەندین ڕێککەوتننامەی دیکەش، لە نیوانیاندا مۆرکراوە، وەک ڕێککەوتننامەکانی (ئەرزڕۆمی یەکەم – 1823، ئەرزڕۆمی دووەم – 1847، تاران – 1911 و ئەستانە 1913).

## ئامانجی ڕێککەوتنەکان

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێککەوتننانە ئەوە بوو، خاکی (کوردستان)، لە نێوان خۆیاندا دابەشکەن. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لە یەکدی دابڕن. ئیدی بە ئەو شێوەیە، ڕەنگی سنوورێکی هاوبەشی دەسکردیان، لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکەدا ڕشت، کێشەی کوردیش، وەک نەتەوەیەکی چەوساوە و خاک داگیرکراو، هێندەی دیکە سەختبوو، بێ چارەسەر مایەوە، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی (19)ەوە، بیری ئازادیی و سەربەخۆیی لەنێو گەلانی جیهاندا بڵاوبووەوە. وڵاتە ئەورووپاییەکان، لەڕێی گەشتگەرانی بیانیی و مژدەدەرە ئایینییەکانەوە، پێوەندییەکی زۆریان، بە (کوردستان)ەوە کردووە، هێندێ کۆنسوڵخانەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی وەک (بریتانیا، رووسیا، فەرنسە و ئەمێریکا)ش، سەرەداوی ئەو پێوەندییانەیان گرێداوە.

ئەم دەوڵەتانەش، هەر یەکەیان ڕۆڵێکی تایبەتیان بینیوە، هانی تیرە و هۆزە کوردەکانیان داوە، دژی هەردوو دەوڵەتی (عوسمانیی) و (سەفەویی) بن، تا بەرهەمی کارەکانی خۆیان، لە سامانی نێوچەکە بچننەوە و دەسەڵاتیشیان، لەنێو ئەو دوو دەوڵەتەدا پەرەبستێنی، بە تایبەتی لەنێو دەوڵەتی (عوسمانیی)دا، چونکە لە (ئەورووپا)وە نزیکبووە، نێوچەیەکی ستراتیژی.

# پارتیزانەکانی سی ئای ئەی CIA

وەرگێڕانی: یاسین خالید

بابەتێکە لەلایەن جاک ئەندەرسن (Jack Anderson) نووسراوە لە ڕۆژنامەی (Sunday JOURNAL– NEWS) و لە ئەپرێلی 1977دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بابەتەکە باسی ئەو گەمانە دەکات کە سی ئای ئەی ئەمەریکی کردونی سەبارەت بە بەکارهێنانی گروپی سەرەتایی و ساکارو ناپێگەیشتوو لە لەپێناو ئامانجە سیاسیی و ئابووری و سەربازییەکانی خۆی، ئەوەی کە دواتر کارەساتی گەورەی لێکەوتۆتەوەو نەهامەتی زۆر بۆ ئەو دەستەو گروپە جۆراوجۆرانە هاتۆتەپێش کە متمانەیان بە سی ئای ئەی کردووەو ئەوەش کارەساتی مرۆڤایەتیی گەورەی لێکەوتۆتەوە. ئەندەرسۆن دەڵێت کە درێژەی ئەم چیرۆکانە لەنێو دۆسییە هەڵگیراوەکانی سی ئای ئەیدا CIA دا، پارێزراون، بەڵام هێندە زانیاریی هەن کە گەر پێکەوە گرێبدرێن دەتوانرێت چیرۆکی ئەو کارەساتانە وێنابکرێت. نووسەر لەوبارەیەوە باسی چەند هەوڵێکی CIA دەکات لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان بۆ بەکارهێنانی ئەو گروپانە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەدژی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان و دۆستەکانی یەکێتی شورەوی. ئەندەرسۆن سەرەتا باسی تبتییە خێڵەکییەکان دەکات کە لەسەرەتای 1960کاندا، لەدەست چینیە کۆمۆنیستەکان هەڵاتبوون سنووری نیپاڵ، ئەوانەی بە ناوی (خەمباز) دەناسران و لەلایەن CIA وە بەکارهێنران پاش ئەوەی ژمارەیەکیان لێ برایە ئەمەکەریکاو دواتر بەچەک و تفاقی ئەمەرکیی چەکدارکران و ڕاهێنان و مەشقی جەنگی پارتیزانی چیاکانیان پێکرا. ئەوانە بۆ ماوەی دەیەیەک لەپێناو بەرژەوەندی CIAدژی چینییەکان جەنگان و پاشان ئەمڕۆکە وەک پەنابەرێکی چارەگران لە ئۆردوگاکانی نیپاڵ کەوتوون. پاشتر نووسەر دێتە سەر باسی بەکارهێنانی خێڵەکییەکانی ڤێتنام لەلایەن CIAوە لەناوەڕاستی شەستەکاندا کە ناویان (مۆنتاگراندز) بوو، ئەوانەی تیرو کەوانەکانیان پێ دانراو تفەنگ و نارنجۆکی دەستیان داونەتێ و کراونەتە پاسەوانی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچە سنورییەکان، ئەوانیش هەر ئاکامێکی پر نەهامەتیان تووشهات و دواجار وەک کەلاک لەکەمپەکانی ئاوەرییدا پاڵیاندایەوەو تووشی چەندەها دەردی وەک بەدخۆراکیی و نەخۆشییەکانی سیل و دەردی هەوکردنی سییەکان بوون. پاش ئەوە نووسەر دێتە سەر باسی میۆ خێڵەکییەکانی لاوس کە ژمارەیان 14000 کەس بووەو لەلایەن CIA وە دژی کۆمۆنیستەکانی لاو بەکارهێنراون و پاش ئەوەی کۆمۆنیستەکانی بەتوندی تێکیانشکاندوون. سی ئای ئەی هەستاوە بەچەکدارکردنی منداڵی 10 ساڵانە لە میۆکان بۆ ئەوەی بەردەوامیی بە ئۆپەراسیۆنەکانی بدات. پاش ئەوەی کۆمۆنیستەکانی هەزارانیان لەمیۆکان لەگوندو ناوچەکانیان ریشەکێشکرد، ئەمێستا ئەوانەی ماون کراونەتە چەکداری لەشکرێکی بەکرێگیراو و ئەو پەلامارە نهێنییانە ئەنجامدەدەن کە CIA دەستپێیکردووە. پاش ئەوە ئەندەرسن دێتە سەرباسی کوردان و CIAو دەنووسێت :

"لەوانەیە هیچ یەک لەو گروپە ساکارو سەرەتاییانە بەو شێوە دڵڕەقانەیە گەمیان پێنەکرابێت وەک ئەوەی بەکوردان کراوە، ئەوانەی لەناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین کە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریاو یەکێتی شورەوی پێکەوە گرێدەدات، ئەو کوردانەی بوونە داشی دامەکەی هێنری کەیسنجەر لە مایۆی 1972دا. کەیسنجەر بەبایەخەوە وەک ناوچەیەکی ستراتیژیی جیۆپۆلیتکی ڕوانیویەتیە ئێران بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو هەربۆئەوەش پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ شای ئێران پەرەپێداوە. شاش لەلای خۆییەوە گلاوەتە ململانێیە سنورییەکان و مەسەلەی کەشتیرانی لەگەڵ عێراق و پەیوەندییەکانی عێراق و شورەوی بەمەترسیی بۆخۆی دەزانێ و خەریکی هاندان و ئاڵۆزکردنی ململانێی نێوان کوردان و عێراقییەکانە. 1972دا، هێنری کەیسنجەر ڕاوێژکارو هەروەها سەرۆک نیکسۆنی بردە تاران و لەگەڵ شادا چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا.

لەسەر داواو جەختکردنەوەی شا، هەردوو پیاوەکە ڕازی بوون کوردان چەکدار بکەن بۆئەوەی لە دژی عێراقییەکاندا بیانخەنە مەیدانی جەنگەوە.



The CIA's 'guerrillas'

JACK ANDERSON



CIA لەلای خۆیەوە لەهەمبەر ئەمە بەرهەڵستیکرد، بەڵام تازە نیکسۆن و کەیسنجەر بڕیاری خۆیان دابوو. چەند مانگێک پاش ئەوە، CIA بەبڕی 16ملیۆن دۆلار چەکی چینیی و سۆڤێتیی بەبەنهێنیی و بەڕێگەی ئێراندا گەیاندە کوردان و ئەوان تا ڕادەی پەکخستن شەڕی عێراقیان کرد.

کەیسنجەری شاگەشکە لە 22ی فێبرایەری 1975 و لەڕێگەی CIA وە پەیامێکی ئاراستەی ژێنراڵ مستەفا بارزانی کرد. زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر ئەو پەیامە تێنەپەڕیبوو، کە شای ئێران لەناکاو ڕایگەیاند کە لەگەڵ عێراقدا پێکهاتوون و یەک لە مەرجەکان وەک دەردەکەوێت وەستاندنی پاڵپشتیی ئێرانیی–ئەمەریکییە بۆ کوردان. هەزارەها ڕوویان لەئێران کرد و ژێنراڵ بارزانی داوای یارمەتی ئینسانیی لە نیکسۆن و کەیسندەر کرد، بەڵام داواکەی پشتگوێ خرا.

دواجار 400 کورد وەک پەنابەر لە ئەمەریکا وەرگیران و ئێستاش 300 ڤیزای تریان بۆ دابینکراوە. بەڵام لە پەنایەری ڕابردوو، وەزارەتی دەرەوە ڤیزای داوەتە نوێنەرایەتییەکی فەرمی عێراقیی کە بچێتە ئەمریکاو داوا لەکوردان بکات و قەناعەتیان پێبکات بگەڕێنەوە عێراق.

وەفدەکە نوێنەرایەتییەکە، پاسەوانین لەگەڵ بوو کە سەر بە وەزارەتی سەربازیی عێراقیی بوون، ئەوانە سەردانی کوردانیان کرد لە کالیفۆرنیاو فلۆریداو داکۆتای باکوور، ئەوەندەی دەزانرێت ئەوانە لەئەمەریکا نەبوونە هۆی بێزارکردن و ترساندنی کوردەکان، بەڵام سەردانی عێراقییەکان لەوە وریای کردنەوە کە ئیدی ئەوانە بۆ عێراقییەکان ناسراون و کوردە پەنابەرەکان لە چارەنووسی خێزانەکانیان لەعێراق دەترسان.

بارزانی تووشی شێرپەنجە بووەو لە ئەترافی ڤێرجینیای واشنتۆن نیشتەجێیە، دووجاریش نامەی بۆ سەرۆک جیمی کاتەر نووسیوە بۆداوای یارمەتی بۆ خەڵکەکەی و جگە لە وەڵامێکی ڕۆتینی چ هاوکارییەکی دیکەی نەکراوە.

# کلتورو پێکەوەژیان لە شاری سلێمانیدا... نووسینی: تۆفیق سعید محمد

بەشی یەکەم

شاری سلێمانی کە لە ساڵی 1784 ز دا دروستبووە لەسەر دەستی بابانییەکانداو لە گوندی پێشووتری قەڵاچوالانەوە گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی ئێستاو لەسەر دەستی برایم پاشای بابان بنیاتنراوە بە ناوی برای ئازیزیەوە ناوی ناوە (سلێمانی)، تەمەنی ئەمشارە تا ئیمڕۆ دەکاتە (235 ساڵ کە تەمەنێکی کورتە، بەڵام پڕە لە واتاو مانای ژیان و یەکسانی و خۆشەویستی و دۆستایەتی و ڕۆشنبیری و جوامێری و هاوکاری و پێکەوەژیان... هتد.

کاک ئەحمەدی شێخ کەڵەپیاوی ئایینی و کەسایەتی دیاری ئەمشارە نمونەیەکی دیاری پێکەوەژیانە، کاتی ئەو لە سلێمانیدا جگە لە موسڵمانانی کورد کە خەڵکی ڕەسەنی شارەکەن، خاوەن ئاینی جوولەکەو عیسایی بوونیان بووە، جا لێرەدا نموونەیەکی پێکەوە ژیانی کوردی موسڵمان و جولەکە بهێنینەوە، کاتی کاک ئەحمەدی شێخ پیاوێکی ئاینی جوو دەبێتە هاوڕێیو وای لێهاتووە کە ئەگەر ڕۆژانە سەردانی نەکردایە ئەوا هەفتەی سێ تا چوار جار سەردانی خۆشەویستی و دۆستایەتی کردووەو دانیشتن و وتوویژی دوورو درێژیان بووە کە کار گەیوەتە ئەوەی کاک ئەحمەدی شێخ پێی بڵێت: "ئایا برادەر تۆ بۆ نابیتە ئیسلام"، ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: "جەنابی کاک ئەحمەدی شێخ ئەگەر ئیسلامەتی چاک و پاک وەک جەنابت کە پەیڕەوی دەکەیت بە من ناکرێت، بەڵام ئەگەر وەک ئەوانەی بازاڕ بێت ئەوا با هەریەکەمان لەسەر ئایینی خۆی بێت". دیارە چەم بێ چەقەڵ نابێ و چاک و خراپیش لە گشت دەڤەرێک هەن. ئەی لە سەرەتای دامەزراندنی حوکمەتی کوردستان لە سەردەمی مەلیک مەحمودا وەزیری دارایی دەسەڵاتەکەی شێخی نەمر پیاوێکی عیسایی نەبوو بە ناوی (کەریمی ئەلەکە) کە جێی بڕواو متمانەی شێخ بووە، بۆیە ئەو پلە باڵایەی پێ دراوە، ئای چەند جوان بووە پێکەوە ژیانیان و دۆستایەتی و ڕێزیان، بیرمان نەچێت تا ئێستاش دوو گەڕەک بە ناوی (گەڕەکی جوولەکان) و (گەڕەکی گاوران) واتە عیساییەکان هەر هەیە و ماوەو هەرچەندە جوولەکە لە سلێمانیدا نەماون، بەڵام ناوی گەڕەک نەسڕاوەتەوە، عیساییەکان وەک برا پێکەوە ژیانمان هەیەو نموونەیەکی جوانمان سەلماندووە لە هەموو بۆنەکانی یەکتریداو بە تەنگ خۆشی و ناخۆشی یەکەوەین، مێژوویەکی دوور نییە کە شێخ مەحمودی نەمر بۆ هاوکاری هاووڵاتیانی خوارووی عێراق دژ بە داگیرکەری ئینگلیز خۆی گەیاندە (ڕومێسە) و بەشداری بەرگرییانی کرد، ئەمەیە نموونەی پێکەوەژیان لە کاتی دەسەڵاتدا نەک ئەنفالکردن کە بەعس ئەنجامی داو دژی پێکەوە ژیان بوون، خۆ شاژنە کوردی خەڵکی ئەمشارە (حەپسەخانی نەقیب) خێزانی شێخ قادری برای شێخ مەحمود هەمیشە لە هاوکاری و پێکەوەژیان لەگەڵ غەریباندا کەموکووڕی نەبووەو نمونەیەکی جوان بووە بۆ غەریبان کەسوکار بووە. ساڵی 1963 بە ساڵێکی شووم مەزەندە دەکرێت لە مێژووی گەلەکەماندا، کە بەعسییە فاشییەکان بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی ئاگرو ئاسنیان گرتە دەست و لەناوبردنی نەیارەکانیان لە عەرەبەکان ئاشکرایە، ئەمانیش زۆربەیان پەنایان هێنا بۆ شۆڕشی کوردو داڵدە دران و ڕێزیان لێ گیراو ژیانیان پارێزرا، ئەمەش نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانە، خۆ لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا دیسانەوە ئەم نەریتە ڕەنگی دابۆوە کوردستان لانکەی پەناهێندان بووە. هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم شارەوە کوردانی ڕۆژهەڵات تا ئێستاش ڕووی تێدەکەن، چ بۆ کارو چ بۆ داڵدەدان، با ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەوانیش ڕۆڵێکی جوانیان بووەم لە بیناسازی و جوانکردنی ئەم شارەدا.




تا ئێستاش زۆر بنەماڵەی ناودار کە کوردانی ڕۆژهەڵات بوون ئێستا نیشتەجێی سلێمانین و بە برایانە پێکەوە ژیان دەگوزەرێنین و نازناوی خۆیان هەر ماوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هاووڵاتیانی عەرەبی خواردوو ناوەڕاستی عێراق چ بۆ کارو چ بۆ داڵدەدان و پەناهێندەیی لە سلێمانی دەژین بێ ئەوەی کەسێک ڕوویان لێ گرژ کات کە زۆر ڕوونیشە ئەمانە دوشمنانی دوێنێن کە ئەنفالیان کردین و دێهات و شارۆچکەکانیان لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندین، بەڵام ئێمە پێکەوەژیانمان لا مەبەستەو لە کاتی دەسەڵاتدا پێچەوانەی ئەوان هەرگیز بێڕێزی لە بێدەسەڵاتان و نەیاران نەکراوە، ئەی لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا ئەو هەموو دیلە گیران بە ڕێزەوە ئاوو نانی خۆمان پێ نەئەدان، ئەمەیە کلتوری جوانی پێکەوەژیانی خەڵکی ئەمشارە هەر بۆیەشە کەڵە سەرکردەی گەلەکەمان بەڕێز مام جەلال جوانی فەرمووە:

(سلێمانی بۆ ئەوە دروستبووە شاری دەستپێشخەری و نوێسازی و داهێنان بووە)، ئەمەیە پێناسەی پێکەوەژیان لە شاری سلێمانی.

دوا وتەش دەبێت بڵێین سلێمانی شاری پێکەوەژیانە، هەمیشە ماڵی خوانی سلێمانی واڵا بووە بۆ بێکەسان و نامۆیان، لە دەسەڵاتدا دژ بە بێدەستان نەبووە بە پێچەوانەی نەیارەکانمانەوە، تەنانەت دوشمنانیش دانیان بەم ڕاستییەدا ناوەو نکوولیان لێ نەکردووە، کەڵە شاعیری نەتەوەکەمان مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە کۆپلە شیعرێکی جواندا دەڵێت:


"سلێمانی توویەکیشە هەموو ساڵێ
بە مشاری ڕقێکی نوێ ئەیبڕنەوە
ئەو دێتەوە... ئەیبڕنەوە
جارێکی تر هەر دێتەوە"


بۆیە دوشمنان چاوی قینیان بە سلێمانیدا هەڵنایەت، چونکە پایتەختی ڕۆشنبیری و شاری جوانییەکان و پێکەوەژیانە، لانەی غەریبان و بێکەسانە، تەمەن درێژو ئاوەدان بێت سلێمانی، هەر چقڵ بێت بۆ چاوی دوژمنان.














# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

# YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)



E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA

# یادنامە

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 8 30.September 2019 30 ئەیلولی 2019

# ئەردۆغان نیازەکانی ئاشکرا کرد - لۆزان هەڵدەوەشێنینەوە

## لەیادی 96 ساڵەی ڕێکەوتنامەی لۆزان ئەردۆغان کۆمەڵێک نهێنی ئاشکرا کرد زۆر پەیوەندیدارە بەکــــورد......




ئەردۆغان گوتی:

1- بە ڕێکەوتنی لۆزان تورکیا دروست بووە و زیانمان بەرکەوتووە .

2- ئەو ڕێکەوتنە سەقفی زەمەنی هەیە.

3- بەکۆتایی هاتنی ئەو سەقفە، جاریکی تر دەستکاری ناوچەکە دەبیت بکرێتەوە ...

ئەو بنەمایانەی لەو یادەدا باسیان دەکات، پێشوو تریش لە جموجۆڵەکانیان دەردەکەوت، بەداخەوە کورد چاک لە دەرەنجامی ئەو بنەمایانە نەگەیشتووە، بۆیە دەنگی نییە و نەبووە، ئەو پرۆژە نوێیە زۆر گرنگە بۆ کورد بە سەلبی و ئیجابی، لەلایەک ئیجابیە، ئەگەر ڕیکەوتنی لۆزان هەڵوەشێتەوە و ئۆتۆماتیکی ڕێکەوتنی سیڤەر جێی بگرێتەوە، دیسان ئیجابیە، کە هەموو لایەک (تورک وعەرەب و کورد) بگەنە قەناعەت، کە لە ڕێکەوتنامەکانی سایکس پیکۆ و لۆزان زیاندارن و هەلی وەشێنینەوە، ئیمەی کورد، یەکەم میللەت دەبین ڕازین هەڵوەشێتەوە، بەلام:

1- لە بنەچەدا ئەتاتورک لەدژی سیڤەر (کە عوسمانی مۆری کردبوو ) لۆزانی هێنایە دی.




2- لەمادەی 1 و2ی لۆزان لیژنەی ویلایەتی موسڵ پێکدێت (لە ڕێی عوسبە) و دوایی دەکەوێتە سەر عێراق.

3- واتە ئەردۆغان نیازەکەی لێرەوەیە، لاوازیەک لە باشوری کوردستان و مانەوەی بەتەنها دەبینیت .

4- ئەردۆغان (نەشارەزایی سەرکردەکوردەکانی باشوری ) قۆستیتەوە ئەگینا دەزانی ئەو ڕیکەوتنانە سەقفیان نەبوە ، ئەوە تەنها لەکوردستان بە هەلەیی (لەلایەن سەرکردایەتی کورد )ووترا : ئەو ڕێکەوتنانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست 100 سال کۆتایی دێت و نەشهات ئەو کاتیش پێمان ووتن کە ئەو زانیاریە هەلەیە وهیچ ئەسلیکی نیە ..کەچی ئەو زانیاریە هەلەیە پالنەریکی گرنگ بوو هەندێ هەنگاوی هەلەشەو بی نەخشەو پلان بنرێت و زیانی گەورەمان بەرکەوت .

بۆیە مەترسی هەیە ئەردۆغان، تەنها چاوی لەباشوری کوردستان بێت و بەس.. بەتایبەتی لە ئیستادا هێزێکی زۆری لە باشورە و ناشکشێتەوە، هەرێمی کوردستانیش بە (زەنگاو) ناوزەد دەکات. ..ئەو بابەتە زۆری تر هەڵدەگرێت هەر ویستم دەسەڵاتی چوارەمی لێ بەئاگا بهێنمەوە ئەگینا 3 دەسەڵاتەکەی تر بە (؟؟؟؟)سەرقاڵن.

25/7/2019

# چیرۆکی ئەو سەربازەی نامەیەک بووە هۆی ئەوەی دەستبەرداری چەکەکەی بێت!



لە جەنگی جیهانیی یەکەم، سەربازێک بۆ فەرماندەکەی نووسی، (بەڕێز فەرماندە، من چەکەکەی خۆمم لەژێر خاک شاردۆتەوە و بڕیارم داوە ئیتر سەربازی نەکەم، ئەم بڕیارەم لە ترسی مەرگ نییە، لە خۆشەویستیشم نییە بۆ خێزانەکەم و کوڕە بچکۆلەکەم و کچەکەم.. ئەوەی ڕاستی بێت، دوای ئەوەی سەربازێکی دوژمنم بەم دەستانەی خۆم کوشت، بۆ تالانیی گیرفانەکانیم پشکنی، بەلام چیم بینی!.. لەسەر پارچە کاغەزێکی بچووکی تێکەڵ بەخوێن نووسرابوو: "باوکە گیان لەو ڕۆژەوەی جێت هێشتووم هەموو بەیانییەک تا خۆر ئاوا دەبێت لەبەر دەرگای ماڵ چاوەڕێتم، بەخوا ئەم جارە بێیتەوە توند توند لە باوەشت دەگرم، ڕێگە نادەم چیتر بگەڕێیتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ"، بەڵێ من ئەو منداڵەم لە چاوەڕوانییەکی بێ ئەنجامدا هێشتەوە).

سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەمریکا بڕیاری دا دانوستان لەگەڵ شۆڕشگێڕە ڤێتنامیەکان بکات، داوای لێکردن وەفدێک بنێرنە پاریس بۆ ئەوەی هەردوولا ڕێک کەوتن ئەنجام بدەن و شەڕی نێوانیان ڕاگرن. شۆڕشگێڕەکانیش وەفدێکیان نارد کە چوارکەس بوون دوو ژن و دوو پیاو.



دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەباشترین هۆتێلی پاریس شوێنی حەوانەوەی بۆ ئامادەکردن. کاتێک وەفدەکەی ڤێتنام گەیشتە پاریس و لەفڕۆکەخانە دابەزین چەند ئۆتۆمبێلێک چاوەڕێ بوون بۆ ئەوەی بیانگەیەننە هۆتێلەکە، بەلام وەفدەکە ڕەتیانکردەوە بەو ئۆتۆمبێلانە بڕۆن. وتیان ئێمە لەگەڵ ئێوە نایەین بەلام لەکاتی دیاریکراو دێینە کۆبوونەوەکە. وەفدەکەی ئەمریکا سەریان سوڕما، سەرۆکی وەفدەکەی ئەمریکا لێ ی پرسین: باشە لەکوێ ئەمێننەوە؟ وتیان: ئەچینە لای خوێندکارێکی ڤێتنامی، لێرە سەرقاڵی خوێندنە. سەرۆکی وەفدە ئەمریکیەکە سەری سوڕما بوو بەم قسانە و وتی: ئاخر ئێمە باشترین شوێنی حەوانەوەمان بۆ دابین کردوون....یەکێکیان لەوەڵامدا وتی: ئێمە لەدژتان شەڕ ئەکەین و لەسەر بەرد ئەخەوین و گەڵاو گیا ئەخۆین، ئەگەر سروشتمان بگۆڕین ئەترسین ویژدانیشمان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە لێمان گەڕێن.وەفدەکە لای خوێندکارێکی ڤێتنامی مانەوە و دواتر لەکاتی خۆیدا چوونە کۆبوونەوەکە و ئەنجامی کۆبوونەوەکەش چۆڵکردنی ڤێتنام بوو لەلایەن ئەمریکاوە.

...........................

ئەوەی ویژدانی فرۆشت، وڵاتەکەی فرۆشتووە

مرۆڤ دەتوانێت بە دڵی دەستکردەوە بژی ..

دەتوانێت بە نیو (سی) یەوە بژی ....

بەلام ناتوانێت بە نیو ویژدانەوە بژی...

نوسینی : عومەر شاوری

# ئارامگاکەی چیای پیرەمەگرون کێیە

## لوقمانی حاجی کەریم



لەچیای پیرەمەگرونی ناوچەی سورداش و نزیک لە شاری سلێمانی (ڕێک لەسەر کانییەک و لەناو دۆڵێکی عاسێدا و لەپشت گوندی زێویەوە)، ئارامگایەکی سەردەمی زەردەشتییەکانی لێیە (یەزدان پەرستی.. هەڵبەتە، بەکۆی زۆربەی ئاینە یەزدانییەکانی کورد دەگوترێت زەردەشتی، لەکاتێکدا، ئەو پاشایە، کە گۆڕەکەی لەوێیە، یەزدان پەرست بووە و پێش سەردەمی زەردەشت ژیاوە. ئاینی یەزدانیش، پێش پەیامبەر و ڕێبەر، زەرردەشت هەبووە) و بەئارامگای (پیرەمەگرون) ناسراوە و خەڵک، تاکو ئێستا، وەک یەکێک لەجێگا پیرۆزەکان، تێی دەڕوانن و زۆرێک، بۆ دوعا و پاڕانەوە و هەروەها، بۆ بەدیهێنانی خواستە ڕۆحی و تەندروستییە جەستەییەکان، دەچنە سەری و تەنانەت، بووەتە یەکێک لەهاوینەهەوار و شوێنە گەشتیارییە قەرەباڵغەکانی کوردستان. لەبارەی خاوەنی ڕاستەقینەی ئارامگاکەوە، گەلێ لێدوان و نوسینی جۆراوجۆر هەن و زۆربەیان، بەبەڵگەوە دەیسەلمێنن کە ئەو ئارامگایە( گۆڕ) پاشایەکی لۆلۆییە و ناوی ( ئامیخا) بووە و قەڕاڵی لۆلۆییەکان بووە لەناوچەی شارەزووردا کە پایەتەختەکەیان، شاری هاڵمان( هەڵەبجەی ئێستا) پایەتەختی قەڵەمڕەوەکەی بووە. زۆربەی دەقە نوسراوەکان و هەندێک هەڵکەندراوی سەردەمی ئاشوریش، ئەم ڕایە پشتڕاست دەکەنەوە و زۆربەی نوسەران و مێژوونوسانیش، لەسەر ئەمە کۆکن. لە کتێبی ( تاريخ قديم شرق قريب) لاپەڕی ١٨٦ دا هاتووە: یەکێکیتر، لە قڕاڵەکانی لۆلۆیی ناوی ئامیخا بووە. کەلە ڕوبەڕو بوونەوەی لەگەڵ ئۆردووی سوپای ئاشوریدا، لە بابیت( دەربەندی بازیان) شکستی خوارد، بەرەو قەڵای نسیر( چیای کینبا.. واتا چیای پیرەمەگرون) لەناوچەی سیماش و کیماش( سورداشی ئێستا) پاشەکشەی کردووە و هەر لەوێ، مردووە و لەسەر کانییەکی ناو دۆڵێکی عاسیی چیای کینبا( پیرەمەگرون) نێژراوە. هەر بەم دواییانەش، لەلایەن تیمێکی پسپۆڕەوە، بناغە و بنچینەی قەڵاکەیان دۆزییەوە و نەخشێکی هەڵکەندراوی ئەم پاشایەشیان، لەسەر گابەردێکی گەورە، دۆزییەوە کە بەیەکێک لەدۆزراوە گرنگەکان هەژمار دەکرێت و مێژووەکەی هەمان مێژووە و جارێکیتر سەلماندی کە ئەو گۆڕە، ئارامگای ئامیخا ی پاشای لۆلۆییەکان بووە.

# وێنەیەك لە مێژو (جەنگی گۆگامێللا) ساڵی ٣٣١پ.ز

جەنگی گۆگامێلا (ئەربێلا) لەدەوروبەری شاری هەولێری ئێستە ڕوویداوە لە نێون (ئەسکەندەری مەقدونی) لەگەڵ (داریوش ساسانی):

دوای چەندین ساڵ لەگەڕانو مشتومڕ بۆ دۆزینەوەی شوێنی راستەقینەی جەنگی بەناوبانگی مێژوویی (گۆگامێلا) یا (ئەربێلا) کە لەساڵی ٣٣١ی پێش زایین لەنێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی سەرکردەی ئەوکاتەی سوپای یۆنانییەکانو (داریوش)ی پاشای ئیمپراتۆڕیەتی ئەخمینی فارسەکاندا، لەنێوان شاری هەولێرشاری دهۆک واته لەسەر ڕوباری خازەر نزیک چیای مەقلوب ڕوویداوە، یەکێک بووە جەنگە بەناوبانگەکانی جیهانو لەکۆتاییدا شوێنی راستەقینەی شەڕەکە دۆزرایەوە، کەدەکەوێتە ناوچەی (بەردەڕەش)ی سەر بەپارێزگای دهۆک.

## تیمێكی زانكۆی قوبرسی یۆنانی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور راگری بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەکوردستانی نوێی راگەیاند: پێشتر لەسەرچاوە مێژووییەکاندا باس لەو شەڕە کرابوو، کە لەنزیک هەولێر ڕوویداوەو بەم دواییانە تیمێکی زانکۆی قوبرسی یۆنانی هاتنە هەولێرو سەردانی بەشەکانی شوێنەوارو مێژوو و جوگرافیای زانکۆی سەلاحەدینیان کرد، بۆ دۆزینەوەی ناوچەی راستەقینەی شەڕەکە، دوای چوونیان بۆ ناوچەی بەردەڕەش، بۆیان دەرکەوت شوێنی شەڕەکە دەکەوێتە نزیک قەزای بەردەڕەش، بەدووری 90 کیلۆمەتر لەشاری هەولێر.

## شەڕێكی جیهانییە

وتیشی: «دوای سەردانی تیمە قوبرسییەکە، لەئایندەدا کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریی تێدادەکرێتو گرنگی بابەتەکە لەوەدایە، کەشەڕی (ئەربێلا) شەڕێکی جیهانییەو هەر کەسێک مێژووی ئەسکەندەری مەکدۆنی بخوێنێتەوە، کەیەکێکە لەسەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی یۆنانو جیهان، لەڕێگەی ئەوەوە ناوی (ئەربێلا) واتا هەولێری ئێستا دەبیستێت، لەو ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین هەولێر شارێکە ناوبانگێکی جیهانیی هەیە، کەئێستا لەچەندین شاری جیهاندا ناوی هەندێک شوێنی گشتی بەناوی (ئەربێلا)وە ناوناوە».

## ناوچەیەكی فراوانو دەشتایی گونجاو:

سەبارەت بەوەی کە لەپێشوودا لەپەرتووکەکاندا شوێنی شەڕەکەی (ئەربێلا) یان (گۆگامێلا) لەچەند ناوچەیەکی جیاجیای پارێزگای هەولێردا دەستنیشان دەکرا، د.محەمەد رایگەیاند:

ئێستا بۆمان دەرکەوت شوێنی شەڕەکە لەڕاستیدا لەناوچەی بەردەڕەش بووە، نەوەک شوێنی تر کەسەرچاوە مێژووییەکانی یۆنانو ئێرانی کۆن دیاری دەکەن،



وتیشی: «دوای هاتنی تیمە قوبرسییەکە، زانیارییە مێژووییەکان هەموویان یەکدەگرنەوە بەوەی شەڕەکە لەنزیک ناوچەی بەردەڕەش بووە، کەناوچەیەکی فراوانو دەشتایی گونجاوبووە، بۆ ڕوودانی ئەو جەنگە گەورەیە، هەروەها تیمێکی ئێمەش لەبەشی شوێنەوارو جوگرافیا چووبووینە ئەو شوێنە».

## لە ٣٣١ ی پێش زایین ڕوویداوە

ئاماژەی بەوەشکرد: هەر بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنی شەڕەکە، رۆژی ٢٧-٢-٢٠١٤، لە ووَرک شۆپێکدا کەئەندامانی تیمە قوبرسییکە پشت بەستوو بەبینینی خۆیان لەکوردستانو سەرچاوە کۆنو تازەکانی یۆنان، بڕوای وابوو کە ئەو شەڕە لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە، بۆیە ئێستا راستی شوێنی شەڕەکە یەکلایی بۆتەوە.

ڕوونیشیکردەوە: ئەو شەڕە یەکەم جەنگە کەتێیدا رۆژئاوا دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا چەسپاوە، کەپێشتر هێزە گەورەکانی عیراقو میسرو ئێرانی کۆن، گەورەترین هێزبوون لەسەر ئاستی جیهاندا، بەڵام دوای ئەو جەنگە کە لە٣٣١ی پێش زاین ڕوویدا، ئەسکەندەری مەکدۆنی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بۆیە دەتوانین بڵێین کە لەدوای ئەو شەڕەوە، ڕۆژئاوا جۆرە زاڵبوونێکی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا پەیداکردو بووە هۆی تێکەڵبوونی هەردوو شارستانێتییەکە، لەو مێژووەشەوە ئەسکەندەری مەکدۆنی توانی ئێران داگیربکاتو بەرەو هیندستان بچێتو زۆربەی ناوچەکانی کۆنی جیهان داگیر بکات.وتیشی: «بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، لەو شەڕدا بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ هەزار سەرباز لەسوپاکەی داریوشی فارس هەبووەو هەندێکیش دەڵێن ٢٠٠ هەزار سەربازو هەرچەندە سوپاکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی کەمتر بووە، بەڵام تەکنیکی سوپای یۆنانییەکەی ئەسکەندەر باشتربووە، ئەوەش دەوترێت داریوش لەوە ترساوە کە لەهەر کاتێکدا هێرشی بکرێتە سەر، بۆیە چەند شەوێک لەسەر یەکتر ڕێگەی بەسەربازانی سوپاکەی نەداوە بخەون، بۆیە سەربازەکانی زۆر ماندووبوون، بەڵام ئەسکەندەر ڕێگەی بەسوپاکەی داوە بخەون، لەبەرئەوە سوپاکەی ئەسکەندەر پشووی تەواویان وەرگرتووە، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ سەرکەوتنی ئەسکەندەر، هۆکارێکی تریش بۆ لێهاتوویی ئەسکەندەر لەبەڕێوەبردنی جەنگەکە دەگەڕێتەوە، کەتوانیویەتی بەژمارەیەکی کەمی سوپاکەیەوە، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت».

بڕوانە ل ٤

# پاشماوەی وێنەیەك لە مێژو(جەنگی گۆگامێلا) ساڵی ٣٣١پ.ز

٩٠کیلۆمەتر لەهەولێرەوە دووره


هەر سەبارەت بەباتەکە، د.زێدان برادۆستی سەرۆکی بەشی شوێنەوار لەزانکۆی سەلاحەدین کەخۆی سەردانی ناوچەی بەردەڕەشی کردووە، دەڵێت: «بەپێی ئەو نووسراوو بەڵگەو دەستنووسانەی یۆنانییەکان، کەپرۆفیسۆرەکانی زانکۆی قوبرسی یۆنانی بۆیان ئاشکراکردووین، دەڵێن شوێنی شەڕی (ئەربێلا) یا (گۆگامێلا) ٩٠ کیلۆمەتر لەشاری هەولێرەوە دووره، بەو پێیەش بێت،٩٠ کیلۆمەتر بەهەرلایەکی شارەکەدا برۆین ئەو دوورییە دەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرچاوەکانی فارسە ئەخمینیەکان دەڵێن، ئەو شاخەی کەئێستا بەشاخی (مەقلوب) ناونراوە، سوپاکەی ئەسکەندەرو داریوش-یش بەر لەگەیشتنیان بۆ رووباری (گۆمەل- زێی گەورە)و رووباری (خازر) لەو شاخەوە تێپەڕیوونو چوونەتە ناوچەی (تەل گۆمەل)ی ئێستای بەردەڕەش، کە لەو شوێنە دەشتاییەکی گەورە هەیەو لەوانەیە درێژییەکەی ١٠کیلۆمەتر زیاتر بێتوپانییەکەشی ٥-٧کیلۆمەتر زیاتر بێت».

## گوندی تەل گۆمەل

وتیشی: «دەوترێت پێشتر شوێنەکە جەنگەڵستانو باخ بووە، بەڵام داریوش پێش ئەسکەندەر گەیشتۆتە شوێنەکەو هەمووی بۆ جەنگەکە تەختو ئامادە کردووە، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوە یۆنانییەکان تەئکیددەکەنەوە کەئەسکەندەر لەگەیشتنی بەو شوێنەدا لەشاخی مەقلوب، لەڕووی دواوەی کوردستان هاتووەو لەشەودا لەڕووی ئەندازەی سەربازییەوە خۆی کۆنترۆڵی ناوچەکەی کردووەو زانیویەتی شوێنی سوپای فارسەکان لەکوێیە، بۆیە ئەو بەڵگانە بوونەتە بەڵگەیەکی زانستی بۆ ئەوەی ئێمە پشت بەستوو بەوەی، کەشەڕی ئەربێلا لەگوندی (تەل گۆمەل)ی ئێستا روویدابێت».

راشیگەیاند: ناوچەکە شوێنێکی زۆر بەرفراوانە، بۆیە کاری هەڵکۆڵین بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلی سەربازی ئەو دوو سوپایە ئاسان نییە، بەڵام لەوانەیە هەندێک ئامێری پێشکەوتووی کنەو پشکنین کار ئاسانیمان بۆ بکەن، بۆ دۆزینەوەی هەندێک پارچەی چەکی وەک رمو سەری رمو تیرو ئەو کەلوپەلە سەربازییانەی لەو شەڕەدا بەکارهاتوونو لەدوای سەربازەکان بەجێماوە، کەمادەی ئاسنیان تێدایە، بەڵام تائێستا هیچ هەڵکۆڵینێکی بۆ نەکراوە.

لەگەڵ رێزدا بەدەسکارییەوە وەرگیراوە




# گریان هۆکارێکە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش



بەپێی گوتەی پسپۆرانی بواری تەندروستی ئەو فرمێسکەی لە چاو دروست دەبێت پێویست ناکات رێگای لێبگیرێت و بوەستێندرێت چونکە ئەو فرمێسکانە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کێشی زیادەی لەش.

بەپێی زانیارییەکانی سایتی (ریمیدی دەیلی) هەستە توند و زۆرەکان کە روبەروی کەسەکان دەبێتەوە وەک خەمباری رێژەی کۆرتیزۆڵ لە لەشدا زیاد دەکات و زیادبونی ئەم هۆرمۆنەش دەبێتە هۆی زۆربونی چەوری دەوری کەمەر، بەڵام ڕشتنی فرمێسک رێگە لە کۆبونەوە و زیادبونی ئەو چەورییە دەگرێت، لەبەر ئەوەی گریان هاوکاری نەهێشتنی هۆرمۆنی هیلاکی دەدات و هەمو جۆرە ژەهراویبونێک لە لەشدا کەمدەکاتەوە.

پسپۆڕان شیدەکەنەوە کە لەشی مرۆڤ سێ جۆر فرمێسک بەرهەم دەهێنێت، یەکەمیان ئەو جۆرەیە کە بەهۆی بەرکەوتنی شتێک بۆ چاوەکان دروست دەبێت وەک کاریگەریەکانی ژینگە وەک تەپ و تۆزو دوکەڵ. پسپۆڕان شیدەکەنەوە کە لەشی مرۆڤ سێ جۆر فرمێسک بەرهەم دەهێنێت، یەکەمیان ئەو جۆرەیە کە بەهۆی بەرکەوتنی شتێک بۆ چاوەکان دروست دەبێت وەک کاریگەریەکانی ژینگە وەک تەپ و تۆزو دوکەڵ.


جۆری دووەمی فرمێسک لە ئەنجامی وشک بوونەوەی چاوەکان یاخود بۆ پارێزگاریکردن لە چاوەکان دروست دەبن.

ویلیام فرای، پسپۆڕی بواری زانستی کیمیای زیندەوەران شیدەکاتەوە کە جۆری سێیەمی فرمێسک ئەو فرمێسکەیە کە لە ئەنجامی هەستەکانەوە دروست دەبن، ئەم جۆرە فرمێسکانە تەنها لە ئاو پێک نایەن بەڵکو دەبنە هۆی کەمکردنەوەی هۆرمۆناتی هیلاکی و لە کۆتاییشدا لەناویان دەبات و دەبێتە هۆی ئارام بونەوەی دەرون و دابەزاندنی کێش.

# شێرکۆ بێکەسی شاعیر یەکێکە لەو کەسانەی لە دەستپێکی شیعر نوسینەوە یاخی بوو لە کلتور و دەسەڵات و هەموو ئاینەکان لە پێناو نیشتیمانەکەی

**هۆشیارجەمال**

مرۆڤ لەپاش لەدایک بوون و گەشەکردنی سەرجەم جەستەی و هزری سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوپارچە زەویە یان ئەوخانووە هەیە، کە لەسەری دەژی، ئەم خۆشەویستە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە دایک و باوک ڕۆڵ دەگێڕن و بەردەوام دەبن لە پەیوست بوونیان بەو خانوە یان ئەو ناوچەیەی تێدا دەژین وئامادە نابن هەروابەئاسانی بەجێیبهێڵن.
ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەکی گەورەتر ببینین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کەمرۆڤ سۆز و خۆشەویستی بێ سنوری هەیە بۆ ئەو نیشتیمانەی کە دەژی تێدا و لێی پەروەردە بووە، وهەردەم هەوڵی پاراستنی داوە لە هێرشی دوژمنان، ئەم خۆشەویستیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ڕەنگە کەسێکی سەرمایەدار بە وەگەرخستنی سەرمایەکەی لە وڵاتەکەی خۆیدا خۆشەویستی خۆی بۆدەربڕێ، یان مێژوونوس و شوێنەوارناسان بە گەڕان و ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان لە سەر ڕوداوەکان و شوێنەوارە مێژوویەکان لە پێناو هەواڵدان بۆ پاراستنی کەلەپوری وڵاتەکەیان خۆشەویستیان دەربڕن.
شاعیران و نوسەران وئەدیبان نوسەرانی کورد هەرلە ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی ونالی و گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و چەندانی تر هەریەکەیان لە ڕێگای توانا ئەدەبیەکەیانەوە خۆشەویستیان بۆ نیشیمانە کەیان دەربڕیوە، ئەگەر چی توشی گرتن و زیندانی کردنیش بوبێت، بەڵام بەردەوام بوون و پەیامی خۆیان گەیاندوە،
شێرکۆ بێکەسی شاعیر یەکێکە لەو کەسانەی لە دەستپێکی شیعر نوسینەوە یاخی بوو لە کلتور و دەسەڵات و هەموو ئاینەکان لە پێناو نیشتیمانەکەی. ئەو شاعیرە گەورەیە لە تەنیشتی چرایەکی گەشەوە گەورە بووە کە ئەویش شاعیری نیشتمان پەروەر فایەق بێکەسی باوکی بوو، کە یەکێک بوو لەڕۆشنبیرە هەرە دیارەکانی کورد لە نیوەی یەکەمەی سەدەی بیستەم ، کە لە تەمەنێکی کورتدا هەرلە پیشەی مامۆستایەکەیەوە تا شاعیریە کەی کە بە شیعرە نیشتمان پەروەریەکانی هەموو نیشتمان پەروەرانی هاندە دا کە ستەمکاری لە دەسەڵاتی سیاسی قبوڵنەکەن. شێرکۆبێکەس کە بە دیوانی تریفەی هەڵبەست لە ساڵی ١٩٦٨دەستی پێکرد، هەرلەسەرەتاوە نیشتمانی وەک مەعشوقێک بینیوە بە چەندین شێوە فۆڕمی جیاواز لەگەڵ بەرەو پێش چوونی شیعری کوردی دۆزی نەتەوەی کورد و ئەوکارەساتانەی بەسەریدا هاتوون ، بەردەوام بووە لە خزمەت و نوسین بە درێژای چل ساڵ کە لوتکەی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و گەلەکەی لە گۆڕستانی چراکان و دەربەندی پەپولە و خاچ ومار ورۆژمێری شاعیرێکدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە باشوری کوردستان وبەدی نەهاتنی بە شێک لە مافەکانی خەڵک هەنگاو بە هەنگاو شیرکۆ لە مەعشوقەکەی دورکەوتەوە کە نیشتمانە. سەرەتای ڕەخنەی شێرکۆ بێکەس لە دەقی واڵای کورسیەوە دەستی پێکرد ودواتر لە کتێبە شیعری ملوانکە و هەروەها هەست و نەست درێژەی پێدا تا لە ساڵی ٢٠١١ لە دەقی واڵای ئێستا کچێک نیشتنمانمە دا بە تەواوی ڕەنگی دایەوە و گەیشتە لوتکە. ئێستا کچێک نیشتمانمە یاخی بوونێکی ناوازە و جیاواز بوو لە ڕابردووی شاعیرخۆی گومان کردن بوو لە هەموو بەرهەمەکانی پێشوتری شێرکۆ لە بەرهەمە نیشتمانیەکانی تری! شێرکۆ لە نێوان بێدەنگ بوون لەبەرامبەر ئەو نادادپەروەریەی هەیەو و بەرگری کردن لە گەنجانی ماف خوراو دووهەمیانی هەڵبژارد.



لە بیرمە لە ساڵی ٢٠١١ کە شێرکۆ بێکەس داوای کرد، پێش ئەم بەرهەمە پێش ئەوەی بڵاو بکرێتەوە وەک کتێب بەشێوەی دەنگ و ڕەنگ لە کۆڕیکدا بۆ ئەدەب دۆستان و گوێگران بخوێنێتەوە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار ڕێگەیان نەدا بە هۆی باری ئەمنی ئەودەمە کۆڕەکەی بکات. بۆیە شێرکۆبێکەس بڕیاری دا لەیەکێک لە ژێر زەمینەکان بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە وەک ناڕەزایی دەربڕینێک، دەقی واڵای ئیستا کچێک نیشتمانمە بەشێکی یەکەمی بەرۆژمێری کوریکی گەنجی تەمەن نۆزدە ساڵە کە باس لە ئازارو گرفتەکانی خۆی دەکات لە ماوەی حوکمرانی کورد خۆیدا و دەڵێت:
من ناوم( کامەرانە)
یەکەم درۆی نوساو بەجەستەی خۆمەوە ناوەکەی خۆمە
هەروەک ئەوەی دڕدۆنک ناوی (دڵنیا) بێ و (قاقی)ناوی دارستان بێت. شیرکۆ لەم بەرهەمەیدا دەبێتە زمانحاڵی زۆربەی باڵندە وگیانلەبەرەکان دەبێتە گەروی هاواریان ،دەڵیت:
من ناوم کیسەڵە
ئەوەچەند ساڵە لەم گوێ گۆمە حەماڵی ئەکەم
ئاثەو کونەش ماڵەکەمە.
بەڵام دوێنێ چەند قاچێکی نیشتمانم لێ پەیدابوون
تورە و ترۆ.. بەنوکە شەق هەتا ئەو خوارەیان بردم..
لەم کتێبە دا چیتر نیشتمان ئەو دایکە میهرەبانە نییە، کە منداڵەکان لەدەوری کۆببنەوە و بەدادپەروری ژەمە خۆراکێک دابەش بکات بە سەریاندا چونکە نیشتمان بە دەست کۆمەڵێک کەسەوە تەواو هیلاک و ماندووە ڕۆژانە ئازار دەدرێت و دەشت ودۆڵ ورووبارەکان هەمووی دابەش کراوە تەنانەت مەتریش دێتە گۆ و دەڵێت:
من ناوم( مەترە)
مەتری ئەرز پێوان بێزارم بێزار
ئەوە چەند ساڵە کۆمەڵە دەستێکی نیشتمان
لە بناری ئەوشاخەوە هەتا ناوشارئەمکەنەوە و ڕامەکێشن
جاری واهەیە من چەندین جار تەواو ئەبم
بەڵام ئەوان ئەرزەکانیان تەواو نابێ!
شاعیر بەم زمانە ڕەخنەیە بەردەوام دەبێت تا لە بەشی دوومەدا لە جیاتی کوردستان کچێک دەکاتە نیشتمانی خۆی بەناوی (ڕۆزانا) ئەم کچە لە چاوی شاعیردا پرچە ڕەشەکانی مەراقی دایکێتی ڕەنگی پێستی لە جۆگەلەی بەرهەتاو دەچێت و دەستەکانی لە دەستی بەفری قەسیدە.

بروانە ل 6

# تەنها ڕێژەی لە سەدا ١٨ی کوردانی باکور دەتوانن بە کوردی بنووسن و بخـــــوێننەوە لە کاتێکدا مشتومڕەکان سەبارەت بە خوێندنی بە زمانی دایک لە تورکیادا بەردەوامی هەیە

پاشماوەی ل 5

دانیشتن لە کەناری ئەو وەک دانیشتە لای ڕووبار هەرچی ئازار و ناخۆشی وسەختی نیشتمانە ڕۆزانا بە جوانی ولێبوردەی وخۆشەویستی لە بیری دەباتەوە،ودەڵێت؛

من ئەوەتەی ئەو کچەم ناسیووە
ئەوەتەی بارانی پرچی ئەو لێم ئەدا
بووم بە شاعیری ئاو
وناوبەناو نم نم ئەنوسم و
هەندێک جاریش لێزمە بەخوڕ!
پێستی نازداری ڕۆزانا لە گەواڵە هەورئەچێ
ڕەنگ برۆنزیی هەمووجارێ
کەسەرنجم لە هەوری شان ومل ئەدا
ئیتر بارانی پەخشان و
خەون و ئاواز بەسەر مندا دائەڕژێ..

تەنها ڕێژەی لە سەدا ١٨ی کوردانی باکور دەتوانن بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە لە کاتێکدا مشتومڕەکان سەبارەت بە خوێندنی بە زمانی دایک لە تورکیادا بەردەوامی هەیە، ناوەندی توێژینەوەی ڕاوێست توێژینەوەیەکی سەبارەت بە زمانی کوردی ئەنجامداوە و تێیدا دەری دەخات کە ڕێژەی ئەو کەسانەی دەتوانن بە زمانی کوردی بنووسن و بخوێننەوە لە ئاستێکی نزمدایە. بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تەنها ڕێژەی ١٨ لە سەدی کوردەکان دەتوانن بە زمانی کوردی بنووسن و خوێننەوە، وە خواست لەسەر خوێندن بە زمانی کوردی بۆ لە سەدا ٨٠ زیادی کردووە. ناوەندی توێژینەوەی ڕاوێست توێژینەوەیەکی سەبارەت بە ئاستی زمانی کوردی لە تورکیا ئەنجامدا. توێژینەوەکە لە شارەکانی دیاربەکر، ماردین، وان و ئورفا ئەنجامدرا و تێیدا چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ٦٠٠ کەسی تەمەن ١٨ بۆ ٣٠ ساڵ ئەنجامدرا. لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا چەند پرسیارێک لە بەشداربووان دەکرا و وەڵامیان لێ وەردەگیرا. یەکێک لە پرسیارەکان بریتییە بوو لە "تا چ ئاستێک زمانی دایکت دەزانیت؟"، تەنها ڕێژەی ١٨ لە سەدی بەشداربووان لە وەڵامدا وتبوویان "هەم دەتوانم قسەی پێ بکەم و هەم بنووسم و بخوێنمەوە"، لە کاتێکدا ڕێژەی ٢٦ لە سەدیان لە وڵامدا وتبوویان "دەتوانم قسە بکەم بەڵام ناتوانم بنووسم و بخوێنمەوە"، و ڕێژەی ٢٤،٥ لە سەدیان لە وڵامدا وتبوویان "تێدەگەم بەڵام زۆر ناتوانم قسەی پێ بکەم"، و ڕێژەی ١٧ لە سەد وتبوویان "کەمێک تێدەگەم بەڵام هیچ ناتوانم قسەی پێ بکەم"، و ڕێژەی ١٤،٥ لە سەدیان وتبوویان "هەندێک وشە دەزانم یاخود هیچ نازانم". یەکێکی دیکە لە پرسیارەکان بریتیبوو لە "تا چ ڕادەیەک لەگەڵ هاوڕێکانت بە زمانی کوردی قسە دەکەیت؟"، ڕێژەی ١٥ لە سەد بە "زوو زوو"، و ٢٨ لە سەد "ناو بە ناو"، و ٤٠ لە سەد بە "بە دەگمەن"، و ١٧ لە سەد بە "هیچ قسەی پێ ناکەم" وەڵامیان داوەتەوە.

لە ڕاپرسییەکە تەنها ڕێژەی سێ لە سەدی بەشداربووان نارازی بوون لە خوێندن بە زمانی دایک، لە کاتێکدا ڕێژەی ٨٤ لە سەدی بەشداربووان داوایان دەکرد خوێندن بکرێت بە زمانی دایک، و ڕێژەی ١٣ لە سەدی بەشداربووانیش پێیان وابوو دەبێت زمانی دایک بە جیا فێر بکرێت.





دکتۆر "ڤیکتۆر فرانل" یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی لە زیندانی نازیەکان و مرۆڤ سوتاندن و خنکاندن بە غاز ڕزگاری بووە؛ نامەیەکی ئاراستەی تەواوی مامۆستایانی جیهان کردوو تیایدا نووسی:

* چاوەکانی من شتگەلێکیان بینی،
کەنەدەبوو چاوی هیچ مرۆڤێک بیبینێ
من ژوورەکانی گازم بینی
کە لەلایەن بەتواناترین ئەندازیارەکانەوە نەخشەی کێشرابوو...
من پزیشکە لێهاتووەکانم بینی،
کە بەسادەیی مناڵە بێ تاوانەکانیان
ژەهرخوارد دەکرد...
پەرستارە شارەزاکانم بینی،
کە بە یەک دەرزی ژیانیان
لەمرۆڤەکان دەسەندەوە...
من دەرچووەکانی زانکۆم دەبینی کەبەبێ سڵکردنەوە مرۆڤەکانیان دەسووتان و بە ئاگریان دەسپاردن...هەموو ئەمانە منیان سەبارەت بەخوێندن و فێرکردن دوودڵ کرد!




داواتان لێدەکەم کە هەوڵ بدەن لەپێش ئەوەی خوێندکارەکانتان بکەن بە دکتۆر، یان ئەندازیار بیانکەن بەمرۆڤ و مرۆڤسازی بکەن...بۆئەوەی ڕۆژێک نەبن بەدڕندە و جانەوەرێکی نەخۆشی خوێنەواری زیرەک! بوون بە پزیشک یان ئەندازیار کارێکی زۆر دژوار نییە، هەموو کەس دەتوانێت بەچەند ساڵێک هەوڵ و کۆشش پێی بگات، خوێندکارەکانتان فێر بکەن، کە باشترین و گەورەترین سەرمایەی هەریەکێک لەوان (مرۆڤ بوونە)، کە بەهیچ بڕوانامەیەکی خوێندن لە جیهاندا بەراورد ناکرێت..بۆیە دەڵێم با پەروەردە پێش فێرکردنبێت.

# تەمەنی ڕاستەقینەی زەوی دەزانیت؟




بەپێی لێکۆڵینەوە کۆنەکان کە دەربارەی تەمەنی زەوی ئەنجام درابون، دەگوترا تەمەنی زەوی (13.7) ملیار ساڵ دەبێت، بەڵام بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە تەمەنی زەوی لەو ژمارەیە کەمترە.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی (ئەسۆشیەیتد پرێس) زانا ئەڵمانییەکان شێوازێکی تەواو نوێ و جیاوازیان بۆ زانینی تەمەنی زەوی بەکارهێناوە. زاناکان رایدەگەیەنن ئەو ریگا جیاوازانەی پێشتر بۆ زانینی ساڵەکانی تەمەنی زەوی بەکاردەهاتن، دەیگەیاندنە ژمارەی هەڵە. پێشتر بە (یاسای هابڵ) کارکراوە کە پێک دێت لە دیاریکردنی تێکڕای فراوان بونی گەردوون بە خێرایی، بەڵام بە بەکارهێنانی شێوازی نوێی و جیاواز زاناکان گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە تەمەنی زەوی (11.4) ملیار ساڵە ئەو ژمارانەی پێشتر گوتراون ڕاست نین و ورد نەبوون.




# دکتۆر "ڤیکتۆر فرانل" یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی لە زیندانی نازیەکان و مرۆڤ سوتاندن و خنکاندن بە غاز ڕزگاری بووە



دکتۆر "ڤیکتۆر فرانل" یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی لە زیندانی نازیەکان و مرۆڤ سوتاندن و خنکاندن بە غاز ڕزگاری بووە؛ نامەیەکی ئاڕاستەی تەواوی مامۆستایانی جیهان کردوو تیایدا نوسی:

* چاوەکانی من شتگەلێکیان بینی، کە نەدەبوو چاوی هیچ مرۆڤێک بیبنێ، من ژورەکانی گازم بینی، کە لە لایەن بە تواناترین ئەندازیارەکانەوە نەخشەی کێشرابوو... من پزیشکە لێهاتووەکانم بینی، کە بەسادەیی منالە بێ تاوانەکانیان ژەهرخوارد دەکرد... پەرستارە شارەزاکانم بینی کەبە یەک دەرزی ژیانیان لەمرۆڤەکان دەسەندەوە... من دەرچووەکانی زانکۆم دەبینی کەبەبێ سڵکردنەوە مرۆڤەکانیان دەسوتان و بە ئاگریان دەسپاردن... هەموو ئەمانە منیان سەبارەت بەخوێندن و فێرکردن دودڵ کرد! داواتان لێدەکەم کە هەوڵ بدەن لەپێش ئەوەی خوێندکارەکانتان بکەن بە دکتۆر، یان ئەندازیار بیانکەن بە مرۆڤ و مرۆڤسازی بکەن...بۆئەوەی ڕۆژێک نەبن بەدڕندەو جانەوەرێکی نەخۆشی خوێنەواری زیرەک! بوون بە پزیشک یان ئەندازیار کارێکی زۆر دژوار نییە هەموو کەس دەتوانێت بەچەند ساڵێک هەوڵ و کۆشش پێی بگات، خوێندکارەکانتان فێر بکەن کە باشترین و گەورەترین سەرمایەی هەریەکێک لەوان (مرۆڤ بوونە)، کە بەهیچ بڕوانامەیەکی خوێندن لە جیهاندا بەراورد ناکرێت..بۆیە دەڵێم با پەروەردە پێش فێرکردنبێت.

# ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی دا... نووسینی: بەیان کەریمی

بەشی یەکەم

لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی لە سەر ناسیۆنالیزم و ژن بوارێکی نوێیە کە دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای ١٩٨٠کان. لەم بوارە دا فێمێنزم هەوڵی داوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە نەقش و کاریگەری ناسیۆنالیزم لە سەر ژن پێناس بکات. هەر چەند زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوانە پەیوەندی ڕاستە وخۆی بە وڵاتانی رۆژ ئاوا و تایبەتمەندیەکانی ئەم وڵاتانەوە هەیە، بە ڵام هاو کات وەک دەبینین (لەم بانەتەدا) لە سەر وڵاتانی دیکەش بەهەمان شێوە کاریگەری وەک یەک چووی هەبووە. بە وتەیکی دیکە، ئەگەر چی ناسیۆنالیزم بە پێ شوێن و مێژووی تایبەتی خۆی پرۆژە و دیسکۆرسی تایبەتی خۆی بە رامبە ر بە ژن هەیە، بەڵام هاو کات خاڵێ هەرە هاوبە شیشی هەیە. بۆ نموونە، لە ڕوانگەی فێمێنیزمە وە، ناسیۆنالیزم لە پرۆژە و دیسکۆرسەکانی خۆیدا رۆڵی ژن لە گۆمەڵگا و بنەماڵەدا بە جێندەر دەکات (رۆڵی ژنانە و پیاوانە)، و پەیوەندی نایەکسان لە نێوانی ژن و پیاودا دادەڕێژێ. بە گشتی پرۆژە و دیسکۆرسەکانی ناسیۆنالیزم بە پێچەوانەی بە رژەوەندی ژنە، کە تەنیا ژن بە قازانجی بنەمای پیاوسالاری و نەتەوە بە کار دەهێنێ و شەرعیەت دەدات بە ژێر دەستییان. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، ناسیۆنالیزم کە لە قووڵایی پرۆژەی مودێڕنیەت سەرچاوە ی گرتووە، نەتەوەی بە گشتی بە دوو بەش دابەش کردووە: بە شی 'گشتی' و بەشی 'خسووسی'. لە ژێر ئەم پێناسەدا پیاو ئەرکی بەشی گشتی پێسپێردراوە (کە بریتە لە سیاسەت، لۆژیک، بواری گشتی و دەرەوەی ماڵ بە گشتی) ژنیش ئەرکی بواری خسووسی پێسپێردراوە (کە لە لە چوارچێوە ی سروشت دا کاروباری خسووسی بنە ماڵی پێ سپێردراوە). ژن لەم چوارچێوەدا وەک بەرهەم هێنە ری بایە لۆژی و کەلتووری نەتەوە چاوی لێ کراوە و ئەرکەکانی لەم چوارچێوەدا پێناس کراوە. ڕەخنەگری فێمێنیست ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێ ژن لە چوارچێوەی ئەم قاڵبەدا پێناس کرا، ئیتر نەتەنیا جەستەی ئەو، بە ڵکوو تە واوی بوونی ژن دەخرێتە ژێر کونترۆل و ژێر پێناسی ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم بە پێی پرۆژەکانی خۆی منداڵبوون، پێشگیری لە منداڵبوون، شێوە ی جل و بەرگ پۆشین، هەڵسوو کەوتی رۆژانە و زۆر شتی دیکەی بۆ ژن پێناس کرد و بەسەریدا سەپاند. بە وتەیەکی دیکە، پرۆژە و دیسکۆرسە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم، لە بەشە جیاوازە کانی جیهاندا ژنی ناچار کردووە کە جەستە و ڕەفتاری خۆی بە پێی ویستی ناسیۆنالیزم بگۆڕێ و بگونجێنێ.

## ژن و ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێهەم

ئەم پێناسەی ناسیۆنالیزم بووە هۆی ئەوەی کە ژنانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بڕواننە پڕۆژە و دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمەکانی خۆیان و روخساری ڕاستە قینە یان بخەنە روو. لێکۆڵینەوەکانی فێمێنیزم لە جیهانی سێهەمدا ئاگادارمان دەکەنەوە کە چۆن پڕۆژە و دیسکۆرسی 'کێشەی ژن' هاتە ناوەندی پرۆژەی ناسیۆنالیستیی وڵاتانی وەک ئێرا ن و تورکیە (لە سەراتاکانی سەدەی ٢٠دا) ،بۆ نموونە. هاوکات ئەم لێکۆڵینەوانە ئاگادارمان دەکەن کە ئەم پرۆژانە بە هیچ شێوەیک لە سەر قازنج و بۆ رزگاری ژن دانەمەزرابوون (بە پێچە وانەی ئیدیعای دامەزرێنەرەکانیان)، بەڵکوو 'کێشەی ژن' پرۆژەیکی روونی بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی ئەم وڵاتانە بوو کە دەیویست ژن بە کار بهێنێ بۆ سوودمەندی نەتەوە و لە چوارچێوە ی بیری پیاو سالاریدا دارێژرابوون. ئەم لێکۆڵینەوانە لە ئاکامدا بۆمان دەردەخەن کە چۆن ژن بە هۆی ئەم پرۆژانەوە لە ژێر دەسەڵاتی پیاو سالاری کۆن و سونەتی 'رزگار 'کرا و خرایە ژێر دەستی دەسەڵاتی پیاو سالاری و بنەماڵەی نوێ، کە بناغە کە ی بە پێ ی خەون و ئارەزووی پیاوانەی ئەم جیلە تازە پێگەیشتووە دارێژرابوو.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە 'کەشفی حیجابی' ڕەزا شا و مافی دەنگ دانی گشتی ئەتاتورک پەیوەندێکی نەبوو بە رزگاری و ئازادی ژن، بەڵکو بەرنامەیکی دارێژراو بوو، کە لە لایەن بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو لە پێناوی گەیاندنی نەتەوە ساواکەیان بە 'پێشکەوتنی' ڕۆژئاوایی و کردنەوەی بازاڕی سەرمایەداری دارێژرابوو. بە پێ بۆچوونی ئەو جیلە، رۆژئاو ا بۆیە بە پێشکە وتن گەیشتبوو چونکە ژنەکانیان پێشکەتوو بوون، هەر بۆیە دەبوایە بە پەلە رابردووی فیۆدالی بە هەموو چوارچێوە گشتی و خسووسیەکانیەوە (وە ک بنەماڵە) تێک بشکێندرێ و لە سەر شێوە ی رۆژ ئاوایی گۆمەڵگایکی نوێ کە دوور بێت لە 'تاریکی و تەوەحوشی رابردوو' دابمە زرێ. بە کورتی بە رنامە بەر تەسک و رواڵەتیە کانی' کێشەی ژن لەم چە ند خاڵە ی ژێرەوە تێپەڕ نە دەبوون: لابردنی حیجاب، دە نگ دان، دامەزرانی خوێندە واری، هاندانی ژن بۆ کار و پیشە، و لابردنی هەندێ داب و نەریت وەک فرە ژنی و شتی لە و بابەتە- کە بە کورتی کەم و کوڕیەکانیان باس دەکرێت. هەروەک ئاماژەی پێ کرا ئەم پرۆژانە هەندێکیان تەنیا ڕەواڵەتی ببوون بە ڵام هەندێکیشیان بە تە واوی رۆڵی ژنی بە پێ ی پێوانە ی پیاوسالاری لە کۆمەڵگە و بنەماڵە دا گۆڕی و بە جێندەری کرد. بۆ نموونە لابردنی لە چکە بۆ دوو مەبەست بوو؛ یەکەم ، بوو بە نیشاندەری روخساری 'شارستانی و هاوچەرخیانەی' نەتە وەی تازە پێ گەیشتوو و دووهەم ،لە خزمەت ئاسان کاری بۆ پرۆژەی مودە ڕنیەتدا بوو. بە هەمان شێوە خوێندەواریش لە پێناو هەندێ پرۆژەی تایبەتدا بوو. بۆ نموونە خوێندە واری دەیتوانی کە ژنی 'نوێ' بار بێنێت کە بتوانێ ماڵدار، منداڵداری و مێرداری بە شێوەیکی 'زانستی' بکات و تایبەتمەندیکانی 'رە سەنی نەتە وەیی' کە لە قوتابخانەی نەتەودا فێر دەبوو بۆ جیلی داهاتوو رابگوێزێت و هاوکاتیش ژن لە چوارچێوە ی پیاو سالاری فیودالی رزگار بکات و بینخاتە ناو بازارە هەرزانەکانی کارەوە. هاوکات لێکۆڵینەوە فێمێنیستەکان ئاگادارمان دەکەن کە چۆن پرۆژە و دیسکۆرسی 'کێشەی ژن' لە گشت پەیوەندیەکانی دیکەی ژندا کاریگەری بەرجەستەی هەبوو. بۆ نمونە 'ژنی نوێ' دەبوایە نەک تەنیا هەڵگر و ڕاگوێزەری تایبەتمەندیە مودێڕنەکان بێت، بەڵکو هاوکات دەبوایە هەڵگری تایبەتمەندیە 'ڕەسەنیەکانی کەلتووری' نەتەوەیی بێت، واتە هەم 'مودیڕن' بێت و هەم 'سونەتی'. بەوتەیکی دیکە هەرچە ند نەتەوی 'نوێ' داوای لە 'ژنی نوێ ' دەکرد کە خوێندەوار و خاوەنی پیشە بێت، بەڵام دەبوایە ئەم خوێندەواری و پیشەیە لە چوارچێوەی ئەخلاق و ڕەفتاری نەتەوەیی تێپەڕ نەبێت و مەترسی نەخاتە سەر 'ژنایەتی' ژن.

بڕوانە ل 9

# ژن و بزووتنەوە ی رزگاری خوازی نەتەوە ژێر دەستەکان

هاوکات دەبوایە 'ژنی نوێ' جل پۆشینی، نان خواردن، چوونەدە ر، و گشت رەفتاری رۆژانەی بە پێ پێناسی 'نەتەوەیی ' دابڕێژێ. ئەم پێناسە نوێیە ی ژن کە بریتی بوو لە: داوێن پاکی و نەجیبی، خۆ بەخت کەری و خوێندەواری، کەم قسەیی و پاسیڤ بوون، تایبەتمەندیکانی ژنی 'نوێ 'بوون. ئەم ژنە بێ گومان دەبوایە لە گەل 'ژنی کۆن' کە بریتی بوو لە' نەخوێندەوار، ناهوشیار، نەزان، بوختان کەر، شەرانی، زۆربلە، دەنگ بەرز، بێ حورمەت، لە باری سێکسیەوە بێ بەند وبار 'جیا بێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە فشارێکی بێ وێنە و پرۆژەیکی بێ هاوتا بوو. سەرەڕای داسەپاندنی ئەم رەفتارە بەرتەسکانە بۆ ژن، 'بنەماڵەی نوێش' کە بە مۆدێلی بنەماڵی رۆژئاویی 'یەک ژنی' پێک هاتبوو، تایبەتمەندیکەکانی بە تە واوی دژە ژن و لە سە ر کۆنترۆلی تە واوی جنسی ژن دامە زرابوو. بە م شێوە یە بۆرژوازی ناسیۆنالیستی ئە م وڵاتە تازە پێگەیشتوانە 'دواکەوتوویی' خۆیان لە چاوی 'دواکەوتووی' ژنەکانیاندا دەدی وە دەیانویست بە ژنەکانیان قەرەبووی بکەنەوە. بە کورتی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی نوێ بۆ 'ژنی نوێ'، پرۆژ ەیکی بە دوور لە چوارچێوەی فێمینیستی بوو. لەم پرۆژە دا بە هیچ شێوەیک باس لە گۆڕانکاری ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵدا نەکرا، یا خود گۆڕنکاری لە پێوەندیە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو دا نەکرا. ئە گە ر چی هەندێ ژن لە چینەکانی سە رەوە ی کۆمەڵگا توانیان لە پرۆژەکانی 'کێشەی ژن' قازانج بکەن، بەڵام زۆر بە ی زۆری ژن لە چینەکانی خوا رەوە و ژنانی سەر بە نەتەوە ژێر دەستەکانی ئە م وڵاتانەوە وە ک کورد هیچ سوودێکیان نەبرد، بە ڵکوو بە بەردەوامی وە ک 'دواکەوتوو' و ئە وانی تر چاویان لێ دەکراو تاوانی ئە وەیان دە خستە سەر شانیان کەبوونەتە هۆی دواکەوتووی گشت نەتەوەکە.

## ژن و بزووتنەوە ی رزگاری خوازی نەتەوە ژێر دەستەکان

لێرەدا چەند پرسیار دێتەپێش، یەکەم ئەوەی کە بۆ ژنان کە ئەم روخسارە ی ناسیۆنالیزم دەبینن بەشداری ئەم جووڵانە دەکەن؟ دووهەم، ئایا گشت ناسیۆنالیزمەکان پرۆژە و دیسکۆرسی وەک یەکچوویان هەیە بۆ ژن؟ و سێهەم ئایا مۆدێلێک هەیە کە ژن بتوانێ هەم فێمینیست بێت و هەم لە بزووتنەوەی رزگاری خواز خۆی دا بەشدار بێت؟ لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا، بە پێچەوانە ی ژنی رۆژئاوایی، ناسیۆنالیزم و جووڵانەوەی نەتەوە یی دایمە پە یوە ندی و گرنگی راستە و خۆی بە ژنی نە تە وە ژێر دە ستەکان (وە ک کورد) بووە. ئەزموونی تاڵی ژێر دە ستی، هێرشی بەرفەراوانی سەربازی، دەسەڵاتی دیکتاتۆری رژیمە داگیر کەرەکانی کورد و ستەم و جەنایەتە بێ وێنەکانیان، ژنانی لە هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان هان داوە کە داکۆکی لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکەیان بکەن و بەشداری بن. لەوەڵامی پرسیاری دووهەمدا ،هەروەک ئەم وتارە بە وردی ئامۆژەی پێ دەکات، ناسیۆنالیزم دیسکۆرس و پرۆژە ی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەر لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا جیاوزیکی فرە لە نێوان دوو حیزبی سە رەکی کۆمەڵە و حیزبی دیموکڕاتدا بەرامبەر بە ژن بەدی دەکرێ . ئەم جیاوازیانە لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئە و جووڵانەوەیە لە سەر چ بنەمایک پێک هاتبێ و لە چوارچێوە ی چ دیسکۆرسێکدا خۆی پێناس دەکات. بۆ نموونە ئەو رێکخراوانەی کە بە تایبەت سەبارەت بە رۆڵی ژن کارگەری دیسکۆرسی چەپ و شۆڕشی ئۆکۆتبریان لە سەر بوو(بەر لە ستالێنیزم کەمەسەلەی ژن گۆڕاو قوربانی کرا بۆ گەیشتن بە برۆکراسی راشناڵێزمی سۆشیالیستی) ڕەنگدانە وەیکی رزگاری خوازانەی بەرامبەر بە ژن تێیدا بەدی دەکرا. ئەم مۆدێلە بە شێوەیکی بە رفراوانتر باسی لەسەر رزگاری ژن دەکرد.

هەروەها ئەم مۆدێلە کەمتر لە سە ر جیاوازیە رۆڵیە (جەندەررکانی) ژن و پیاو جەختی دەکرد. بەڵام، دیسانیش ئە م مۆدێلە لە بیری فێمینیستی بە دوور بوو و کەم وکوڕێ تایبەت بە خۆی هەبوو (بە و هیوای کە لە داهاتوو دا بتواندرێ کە لێکۆڵینە وەیکی روون لە سە ر کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بکرێت). بەڵام مۆدیلی دووهەم، کە زۆرتر لە سیاسەت و دیسکۆرسی حیزبی دموکراتدا (بۆ نموونە) رەنگی داوەتەوە، بە تەواوی رۆڵی ژنی لە چوارچێوەی خزمەت بە نەتەوە دا پێناس کردووە و بە تە واوی لە سە ر رۆڵی جیاوازی پیاو و ژن لە سیاسەت و کو مەڵدا دامەزراوە. سەرەڕای بەشداری بەرفەروانی ژنان لەم حیزبەدا و خۆشەویستیان بەرامبەری، حیزبی دیموکڕات هەم لە دیسکۆرس و هەم لە پرۆژەکانیدا کەم کاری بێ وێنەی بەرامبەر بە ژن نیشان داوە. سەرەڕای ئەم جیاوازیەی کە باس کرا، بە گشتی هەموو جووڵانەوە رزگاری خوازەکانی نەتەوە ژێر دە ستە کان هە ندێ خاڵی هاوبەشیان هەیە، کە لە خوارەوە دەخرێتە بەر چاو.

لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئاگادارمان دەکەن کە بە گشتی ئەم جووڵانەوانە پێویستی یەکجار سەرەکیان هەیە بە بەشداری ژنان، بە بێ هۆ نیە کە لە دروشمی حیزبی دیموکڕاتدا هێشتاش باس لەوە دەکرێ کە 'بێ بەشداری ژنان سەرکەوتن وە دی نایەت' (ئەم بەشداریە لە ژێر مەرجی پیاو سالاریدا پێناس کراوە). هاوکات ژنانیش لەم کۆمەڵگە ژێر دەستانەدا بە فراوانی دەچنە ناوڕیزی شۆڕش. ئەگەر چی بەشداری لە شۆڕش هەندێ قازانجی سەرەکی هەیە بۆ ژن ؛ ژن دەتوانێ تا رادەیک دیوارە پیاوسالاریەکانی بنەماڵە برووخێنێ وبە دژیان بوەستێت، بەڵام (هەروەک لە خوارەوە بە وردی ئامۆژەی پێ دەکرێت) چوارچێوە ی پیاوسالارانەی شۆڕش رێگری یەکجار زۆر بەر فراوانی هەبووە بۆ ژن.

لێکلینە وەی فێمێنیستی بۆ مان دەردخات کە دیسکۆرسی زۆربەی جووڵانەوەی نەتەوە ژێر دەستەکان (وەک کورد) لاسا کردنەوە و بە کارهێنانی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتداری خۆیانی تێدآ بەدی دەکرێ .

بۆ نموونە، جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد بە شێوەیەکی بەرفەروان باس لە 'دواکە وتووی' ژنی کورد و کۆمەڵگای کورد دەکات و بە هەمان شێوە دواکەوتووی خۆی لە چاوی 'دواکەوتووی' ژنەکانیدا دەبینێ. هاوکات هەروەک ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدار، ناسیۆنالیزمی ژێر دەست هەوڵی دانانی هەندێ ریفۆرمی رەواڵەتی کردووە کە بە هەما ن شێوە ویستوویەتی روخساری 'شارستانی ' خۆی بە دنیا نیشان بدات و هاوکات بۆ بەرژەوەندی و 'پێشخستنی' نەتەوە بە کاری هێناوە (وەک لابردنی هەندێ داب و رە سمی کوردی و دامەزرانی خوێندەواری بۆ ژنان لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی ناسیۆنالیزمی هێژەموونیدا).

ماوێتی

پێخود (1296 - 1376ك):
لە ئەسبابی فەرەح ساڵۆنی بەزمت پڕ تەدارەك بێ
شەوت هەر ڕۆژ و ڕۆژت جەژن و جەژنت لێ موبارەك بێ.


زێوەر(1875 - 1948ز):
ڕۆژی جەژن ئەتفالی وردە پوولی جەژنانەی دەوێ
هەر یەکە لای باب و مامی ڕوپییە یان ئانەی
ئەوێ.هەرشەمی(1925-2000ز):
ســەرت بەرز و دەمت خۆش و دڵت پاك
هەمو جەژنێ وها بیت چوست و چالاك.

حەریق ( 1851 - 1907 ز):
قوربان وەرە قوربانە ، سا بمکە بە قوربانت
ڕەنگین کە بە خوێناوە کاکۆڵی پەرێشانت.

کەمالی ( 1886 - 1974 ز ):
جەژنی کەسێك موبارەکە ، سەربەست و حوڕ بژی
پابەندی دەستی غەیرە نەبێت ، چەشنی کوڕ بژی
کوردی هەژار ئەسیری دەستی غەیریت جەژنی چی ؟
کەی جەژنی تۆیە ؟ بگری برۆ سەر بەقوڕ بژی !.


کەسێ نەتوانێ خۆی پێ هەڵە بێ
عەیبە بۆ عەیبی خەڵك تەڵە بێ
باسی ئەم و ئەو تیکەی دەمی بێ
کە چی خۆی زیاتر خاوەن هەڵە بێ











یادنـامـه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

# یادنامە

YADNAMA
سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
**Amsterdam**
Holland

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 9 — 20.Oktober 2019 — 20 ی ئۆکتۆبەری 2019

# دۆسیەی ڕۆژئاوا بەرەو کوێ ..؟؟

## دۆسیەی ڕۆژئاوا بەرەو کوێ ..؟؟

دەتوانین بە چەند خاڵێک دۆسیەی ڕۆژئاوا وەک دوانگەی یادنامە بخەینە ڕوو:

1. بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی بە هەموو ناکۆکیەکانیانەوە گەورەترە لە بەرژەوەندی کوردانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆی وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی .
2. لەبەرامبەر پاراستنی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە خلیج کارتی سوریا و عێراق دراوە بە وڵاتانی ئەستانە .
3. ئەوروپا لەبەر کورد نیە هاوار دەکات ، لەبەر دیلە داعشەکانەوە ترسیان هەیە دیسانەوە ئەو دیلانە بەربن و بکەونە خۆتەقاندنەوە لە شەقامەکانی ئەوروپا .
4. نەتەوە یەکگرتوەکان لەبەردەم ناتۆدا لاوازە و تەنها وەک لایەنی ئینسانی دەکرێت بڕیار بدەن .
5. ٣٢ کم بە قوڵایی و ١٢٠ میلی بە درێژی تا ئێستا هاودەنگیەکی گشتی لەسەرە ، بەڵام بە ڕێککەوتن .
6. دەیانەوێت وەک چۆن خەندەقەکانیان بە هەدەسە تەقاندەوە دیسانەوە دەیانەوێ هەدەسە چەکە قورسەکانیان لێ دابماڵن و بە تەدریج ئەو ناوچە بکەنە ناوچەکەی سڤیل نشین .
7. دەستکاری دیموگرافیای ناوچەکە بکەن و عەرەبە ئاوارەکانی تیا نیشتە جێ بکەن .
8. ئاگر بەست تەنها بریارە و ئەوی تر تا ئێستا بەس وەک پێشنیار کراوە.
9. ڕوسیا و سوریاش تا ئێستا هیچ مافێکی ئیداری و سیاسی و مافی نەتەوەیان باس نەکردوە .
10. کورد دەتوانی بە پشتێنەی مرۆیی ڕێ بە هێرشی سەربازی تورک بگرێت و نەتەوە یەکگرتوەکان وەک لایەنی مرۆیی تورک بخاتە ژێر باری بەندی ٦ و ٧ تەوە .
11. لەم قۆناغەدا بە هەمو دیوەکانی باشترە کورد سیاسەتی سۆفت پاوەر بکات ، هەدەسەش ئاقڵانە ئەم جۆرە سیاسەتە دەکات بۆ ئەم قۆناغە .
12. دیلە داعشەکان کارتێکی بەهێزی دەستی هەدەسەیە تا ئێستا ناو بە ناو وەک کارت بەکاری دەهێنن ئەمەش پڕە لە لۆژیکی سیاسی سەرکردەکانی هەدەسە (ژمارەی دیلە داعشەکان ١٢ هەزار دیلن )
13. ناوچەی ئارام بێ بونی ڕێککەوتنی سێ قۆڵی سوریا و کورد و تورکیا جێبەجێ نابێت.
14. کورد دەبێت گفتوگۆکانی و بەکارهێنانی کارتی دۆستەکانی لەگەڵ ناوەندا بەکار بهێنێ.

## قەیرانی حوکم لەکوردستان
## لە دیموکراسی مەترسن دژ بە ئایین نییە




لە کوردستان جار وایە بەخراپی باسی دیموکراسی دەکرێت، گوایە دیاردەیەکی نادینیە و کۆمەڵگەی ئیمەش ئاینین، بەو شێوەیە خزمەتیکی بەخۆرایی دیکتاتۆریەت دەکەن، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕابوونی ئیسلامی کۆمەڵێک ڕاو بۆچوونی چەوتیش سەری هەڵدا، بەرەبەرە لەگەڵ زیاد بوونی زانیاری و ئەزمون دەرکەوت هۆیەکان خودی بووینە لە نەشارەزایی هاتووە، کیشەیان لەگەڵ دەستورو پەرلەمان و دیموکراسی و جل و بەرگ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپ و زۆرلای تری ژیانی هاوچەرخ هەبوو، بەشێکی چارەسەر بووە هەندێکی ماوە، بەدرەنگەوە ئەو جۆرە ئیسلامییە زانیان دەستوری مەدەنی لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی هەبووە بەناوی(مەشروتیە) و پەرلەمانیش ناوی(مەبعوسان) بووە، ئەوەی ئیستا لە کوردستان جارجار دژ بە دیموکراسی دەبن، دیسان کێشە زانیاری و نەناسینە،ئەوانە واتێگەیشتوون دیموکراسی سیستەم و مەزهەب و مەدرەسە بێت..نەخێر ئەوە لیبراڵ دیموکراسیە نەک دیموکراسی، دیموکراسی پەیمانی سیاسییە، نەک ڕێبازی سیاسی، ئامرازە نەک ئامانج، میکانیزمە نەک سیستەم، بێلایەنە نەک ئایدۆلۆژیادار..،میکانیزمێکە ئاینی تێدا و عەلمانیش دەدا، حەرام دەدا و حەلالیش دەدا، ڕەش دەدا و سپیش دەدا بەڵام خۆی نە ئاینیە نە عەلمانی نە حەڵاڵە و نەحرام و نەسپیە و نە ڕەش..

بروانە ل 2

# پاشماوەی قەیرانی حوکم لە کوردستاندا... لە دیموکراسی مەترسن دژی ئایین نییە

کەواتە دیموکراسی نەکوفرە و نە سیستەمە و نە دوژمنەکەشە.. هەر ئەو دیموکراسیە لە 1924/3/3 خەلافەتی وەرگێڕا بۆ عەلمانی، هەمان دیموکراسی وا ئیسلامی دەهینیتە شوینی عەلمانی لە تورکیا لە میسر لە تونس ...لە چەند ویلایەتیکی نایجیریا. هەندیک لەوجۆرە ئیسلامیانە خراپ تر کەوتونە ژێر عروبیەکی وا دەڵێن دیموکراسی زاراوەیەکی بیانیە..وەک عروبیە ڕەگەزپەرستەکان وا تیگەیشتون کە خودا تەنها زمانی عربی داناوە ئەدی (جعلناکم شعوبا...، واختلاف السنتکم والوانکم ) میلەتان ناوی خودا بەزمانی جیاجیاوبیانی گوزارش کردوە:گۆد بە ئینگلیزی،کۆتی بە ئەلمانی،کۆیت بە ئایسلەندی،ئەللا بە لاتینی ، ئیل بە عبری ،خودا بەکوردی..ئەوە نەک ئاریشەیە بەلکو دلخۆشکەرە،.ئینجا گریمان دیموکراسی ئەو ناسنامە ئاینیەشی نەبوایە خۆ لە دیکتاتۆری باشترە چ حیکمەتیکە ئەتوو دژ بە دیموکراسی بیت لەو دەمە تەنها دیکتاتۆری بەدیلیەتی ، بەداخەوە ئەوانەی دژی دیموکراسین و ئەزیەتیاندا نەیان ناسیووە .

ئەسلەکەی :

ئەسلی دیموکراسی ڕۆژئاوایی نیە ،لە عەجەم وەرگیراوە وا پێدەچی لە ئاینی زەردەشتی بۆیان چووبێ بە پێی کتیبی(هیرۆدۆتس–522پ ز– مێژوو) نەقل کراوە کتیبی ( T.Asinclair–Ahistory of Greekpolitical thought p36 ) زیاتر وای ڕوون کردۆتەوە: بە پێی ئەو مشت ومڕەی نیوان زانایانی فارسی ،لەدوای ئەوەی فارس ناوچەکانی ئەوانی داگیر کردوە 7 زانای فارسی سێ جۆر حوکم باس دەکەن بۆ ناوچەی تازەیان و لەکۆتایی دا لەسەر پیشنیاری(ئۆتانۆس شێوەی ئیزۆنومیا)هەلدەبژێرن کە هاوشیوەی دیموکراسیە. ئەو کاتی ئەو جۆرە کۆبونەوە گشتیانەی (شێوە دیموکراسی)ناوی جیاجیای هەبوو لە ئەسینا پێیان دەووت(ئەکلیسیاس) ،لە ئەسپارتە پێی دەووترا (ئەپیلا) ،لەعەجەم پێی دەووترا (ئیزونامە) ، واپبٓدەچێ هەر ئەسلی دیموکراسی ئاینی بێت چونکە ئەمبادیقلس بە باوکی دیموکراسی وەسف دەکرێ ،ئەویش قوتابی (ح داود) بوە ، کەواتە لیبرال دیموکراسی زادەی بیری ڕۆژئاوایە بەلام دیموکراسی مولکی هەمو مرۆڤایەتیەبە پآی چەندین سەرچاوەی مێژووی لە سەدەی (6– پ– ز) لە یۆنانی کۆن نموونەی بەکارهێنانی هەبووە، بەڵام لە (معجم الحدیپ للتحلیل السیاسی) دەڵآ لە سەدەی 4 پ. ز بووە نەک 6 پ– ز، لەو کاتی لە شاروچکەیەکی بچووک هاووڵاتیان کۆدەبوونەوە بۆ بڕیار دروستکردن،بە پێی (جمهوریە ڕفلاتون ) شارێک بریتی بووە لە هەرێمی دەولەتێک، ئەوەش لە دوای ئەو مێژوەی هیرۆدۆتس باسی دەکاو گەواهی ئەو ڕاستیەیە، ئەو مەبادیئانەی یەکسانی ودادگەری و ڕای میلەت سەرچاوەکەی ئاینیە نەک ئەزمونی بەشەری،ئەو کات یۆنان لەو پەڕی تەعەسوبی بوو ، یەکسانی بەرامبەر یاساو شریعەت ئەسلێکی هەرە بنچینەیی هەمو ئاینە ئاسمانیەکانە، ئیستاش کۆلەگەی بنچینەی دیموکراسیە ،بە پیچەوانەوە یاسای دەستکردی کۆن بریتی بوو لە نایەکسانی نێوان چینەکانی کۆمەلگە،ئەرستۆ بە شانازیەوە ووتویەتی مرۆڤ یەکسان نین وەک دەمە شانە، کەچی ئەو سەروەریە گەورەیەی ئاینی بەنەزانی دەدەیتە ئەزمونی لائیکی وحوکمی بەشەری لەنگ، بە خۆڕایی تەئسیلی دەکەی، ڕۆجیە غارودی لەکتیبی (مارکسیە قرن عشرین ێ150 )دەلێت: دروشمی شۆڕشی ئاینی تۆماس مونزیر بۆ رزکاری جوتیارانی1513 هاتوە: وامەزانن تەنها ئاسودەیی بۆ رۆژی دواییە بەلکو ئاینەکەمان ئەو بەهەشتە بۆ دنیا دەهێنێ،جارێکی تر بیری دیموکراسی هینا ئاراوە ،بە پیچەوانەوە ئەوانەی دژ بە ئاین بووینە داهێنەری زۆرداری و دابەشی ودیکتاتۆری بووینە، لە مێژوودا یەکەم زانا کە هەوڵی جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەتی داوە سینکا(4–65م) فەیلەسوفی مولحیدی رۆم بووە، بەهەمان شێوە فەیلەسوفی یۆنانی کۆن (هرکلیت)، هەم مولحید بووە هەم دژبە بنەمای ئازادی و دیموکراسی بووە، ئەوانەی دژی بنەمای ئایینی و دیموکراسی و میللەت بوون، زۆربەیان مولحید و ستۆیلی بوون. زیاتر لایەنگیری دەسەڵات بوون، لەوانە زینۆن(300 پ ز)بۆ پاپای ئەسینا،مارکۆس ئۆلیتۆس وئیکتیپۆس(60–120) بە نۆکەری ئیمپراتۆر بە ناوبانگ بوو.. ئەوانەی سەر بە مەدرەسەی مولحیدین دژ بە مرۆڤایەتیش بووینە هەر لە هرکلیت وشیشرۆن تا دەگاتە هۆبزو نیتچە باوەڕیان بە دیموکراسی وئازادیو ئەخلاق نەبوە، ئەوانە بە (ستۆیلی)ناوزەد دەکران واتە: بەردەم پایە ،بە هەمان شیوە ئەرستۆ هۆبز و وماکیاڤیلی..،رۆفائیلی هونەرمەند وینەی ئەرستۆوئەفلاتونی لەتەنیشت یەک وا دروست کردبووئەفلاتون ڕووی لە ئاسمان وئەرستۆش رووی لە زەوی بەو مانایەی یەکەمیان لاهوتی و دوەمیان ناسوتی، یان سادەتر یەکەمیان خواییانەودوەمیان واقعی ودنیاییانە، ئەفلاتون ئاینی ولەڕێزی میلەت بوە وەک جون لویس دەلێ دەنگی میلەت وشاری بوە ،ئەرستۆش لە خزمەت داگیرکەرێکی وەک فیلیپی مەقدونی بوە، دوایش بوە فەیلەسفی رەسمی ئیمپراتۆریەت ومامۆستای ئەسکەندەری مەقدۆنی مونەزیری دەولەتی بەندایەتی بوو، سینکای دوەم مامۆستای نیرۆنی زۆردار بوو کەدوای خۆی دەماری بڕی وسینکای کوشت، میکاڤیلی بۆ بنەمالەی حوکومداری مدیتچی وئاواش لاپلاس وهۆبز و...زانای هۆلەندی هۆگۆ گرۆتیۆس (1583–1645)بە دامەزرینەری یاسای دەولی وسیستەمی عەلمانی هەژمار دەکرێ کەچی لایەنگری کۆیلەداری بووە.



# دەقی گوتاری مەزڵوم کۆبانێ لە گۆڤاری فۆرن پۆڵەسی




بۆ یەکەمجار لەنێو پەشێوی شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەمان جیهان ناوی ئێمەی بیست، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە). من وەکو سەرکردەیەکی باڵا لە ڕیزەکانیدا خزمەت دەکەم. هەسەدە ۷۰۰۰۰ شەڕڤانی هەیە کە لەوەتەی ساڵی ۲۰۱۵ وە دژی جیهادیە توندڕەوەکان و نەیارانی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ژنان جەنگاوە. هەسەدە بووەتە هێزێکی خەباتکاری ڕێکخراو و پرۆفیشناڵ. هەرگیز تاکە فیشەکێکیان بە ئاراستەی تورکیا نەتەقاندووە. سەرباز و ئەفسەرە ئەمریکیەکان ئێستا بەباشی دەماناسن و ستایشی چالاکی و لێهاتووییمان دەکەن.

هەمیشە بە هێزەکانمانم ووتوە ئەو جەنگە هی ئێمەیە! تیرۆریستە جیهادیەکانی داعش لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ سووریا هاتبوون. ئێمە ئەو کەسانەین کە دەبێت شەڕیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەوان خاکەکەمانیان داگیرکردووە، گوندەکانمانیان تاڵانکردووە، منداڵەکانمانیان کووشتووە و ژنەکانمانیان کردووەتە کۆیلە. بۆ ئەوەی خەڵکەکەمان لەو مەترسیە گەورە ڕزگار بکەین، ۱۱۰۰۰ سەربازمان لەدەستدا کە هەندێکیان لە ئازاترین سەرباز و فەرماندەکان بوون. هەمیشە بە هێزەکانمانم ووتوە کە ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی دیکە هاوبەشی ئێمەن، بۆیە پێویستە هەموو کاتێک گەرەنتی ئەوە بکەین کە زیانیان پێنەگات. لەنێو پاشاگەردانی جەنگدا، هەمیشە، بەپێچەوانەی نوێنەرە ناحکومیەکانەوە پابەندی ئەتەکێت و ڕەوشتەکانمانەوە بووین. ڕێکخراوی (القاعدە)مان تێکشکاند و داعشمان بنبڕکرد، لەهەمان کاتدا سیستەمێکی بەڕێوەبردنی گونجاومان لەسەر بنەمای حکومەتی بچووک و فرەڕەنگی و جیاوازی بنیاتنا. لەڕێگەی دەسەڵاتە خۆجێیەکانەوە خزمەتگوزاریمان بۆ هاوڵاتیانی کورد و عەرەب و سریانی و کریستیانەکان دابینکرد و بانگەشەی ئەوەمان کرد کە ناسنامەی نەتەوەیی سووریای فرەڕەنگ هەموو پێکهاتەکان بگرێتەوە. تێڕوانینی ئێمە بۆ داهاتووی سیاسی سووریا بریتییە لە لامەرکەزی فیدراڵی بە ئازادی ئاینی و ڕێزگرتن لە جیاوازیە هاوبەشەکانە. ئەو هێزانەی کە فەرماندەییان دەکەم لە ئێستادا تەرخانکراون بۆ پاراستنی یەک لەسەر سێی خاکی سووریا دژ بە دەستدرێژییەک لەلایەن تورکیا و بەکرێگیراوە جیهادیەکانی.

ئەو ناوچەیەی کە بەرگری لێدەکەین لەماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ ئەو خەڵکانەی کە ڕزگاریان بوو لە جینۆساید و پاکتاوی نەژادی کە لەلایەن تورکیاوە لەدژی کورد و سریانی و ئاشووری و ئەرمەنیەکان ئەنجام دراوە. ئێمە پارێزگای لە زیاتر لە ۱۲۰۰۰ تیرۆریستی زیندانی داعش دەکەین و خێزان و منداڵە توندڕەو پەروەردەکراوەکانیان لەخۆ دەگرین. هەروەها ئەو پارچەی سووریاش لە میلیشیا ئێرانیەکان دەپارێزین.کاتێک هەموو جیهان پشتی تێکردین، ئەمریکا دەستی هاوکاری درێژ کرد. لەسەر داوای ئەمریکا ڕەزامەندیمان دەربڕی چەکە قورسەکانمان لە ناوچەی سنووریی لەگەڵ تورکیا بکێشینەوە, پێگەکانی بەرگریمان چۆڵ بکەین و پاشەکشە بە ئەزموونداترین چەکدارەکانمان بکەین. تا ئەوکاتەی ئەمریکا پابەندی بەڵێنەکانی بووایە لەگەڵمان، تورکیا هێرشی نەدەکردە سەرمان. ئێستا وەستاوین و سینگمان بەڕووی هێرشی تورکیا واڵا کردووە. سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە زووەوە بەڵێنی کشانەوەی یەکە سەربازیەکانی ئەمریکای دابوو. ئێمە لەوە تێدەگەین و هاوسۆزی دەردەبڕین. باوکان دەیانەوێت منداڵەکانیان ببینن لەسەر کۆچیان پێدەکەنن، خۆشەویستان دەیانەوێت گوێیان لە دەنگی چرپەی هاوژینەکانیان بێت، هەمووان دەیانەوێت بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. هەرچۆنێک بێت ئێمە داوا لە سەربازە ئەمریکییەکان ناکەین کە لە گۆڕەپانی جەنگدا لەگەڵمان بن. ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەمریکا پارێزەری جیهان نییە. بەڵام دەمانەوێ کە ئەمریکا ڕۆڵی گرنگی خۆی بگێڕێت لە هێنانەدی چارەسەرێکی سیاسی بۆ سووریا چونکە ئێمە دڵنیاین کە ئەمریکا توانای تەواوی هەیە لە نێوەندگیری لەنێوان خۆی و تورکیا بۆ هێنانەدی ئاشتییەکی هەمیشەیی. ئێمە وەک چەمکێکی بنەڕەت باوەڕمان بە دیموکراسی هەیە، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی هێرشەکەی تورکیا و ئەو هەڕەشە وجوودیەی کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی خەڵکەکەمان بووەتەوە، لەوانەیە وا پێویست بکات بە هاوپەیمانەکانماندا بچینەوە. ڕژێمی سوریا و ڕوسیا چەند پێشنیارێکیان کردووە، کە بۆی هەیە ژیانی ملیۆنان کەس ڕزگار بکات کە لە ئێستادا لەژێر پارێزگاریدا دەژین. متمانە بە بەڵێنەکان ناکەین، ڕاستیت بوێت، قورسە کە بزانی دەبێت متمانە بە کێ بکەیت. ڕوونە کە هەڕەشەی داعش هێشتا لە ئارادایە بەشێوەی تۆڕێکی شانەی نوستوو کە توانای یاخیبوونی هەیە. ژمارەی زۆری بەندکراوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە بەندیخانەی نەگونجاو وەک بۆمبی کات بۆ دانراو وایە کە لەوانەیە لە هەرکاتێکدا بێت بتەقێتەوە. ئێمە دەزانین کە پێوویستە سازشێکی ئازار بەخش بۆ مۆسکۆ و بەشار ئەسەد بکەین ئەگەر کاریان لەگەڵ بکەین. بەڵام ئەگەر پێویست بێ لە نێوان سازشکردن و جینۆسایدی خەڵکەکەمان یەکێکیان هەڵبژێرین ، بە دڵنیایەوە ژیان بۆ خەڵکەکەمان هەڵدەبژێرین. ئەگەر ئەمریکا بەبێ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی، یان داهاتوویەکی ئارام و جێگیر بڕوات، ئەوا سوریا لەبەردەم دوو هەڵبژاردەدایە: ڕێباز خوازێکی ئایینی یاخود شەڕێکی خوێناوی ڕەگەزی ـــ مەگەر ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێز و توانای خۆی بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک پێش ئەوەی بکشێتەوە. باوەڕی قووڵ بە دیموکراسی هۆکاری بەستنی هاوپەیمانیمان بوو لەگەڵ ئەمریکادا. ئێمە بەهۆی ئەو قەیرانانەی ئێستا نائومێد ڕووی تێکردووین. خەڵکەکەمان لەژێر پەلاماردایە و سەلامەتی ئەوان گەورەترین نیگەرانیمانە. لێرەدا دوو پرسیار دەمێنێتەوە: چۆن دەتوانین بەباشترین شێوە خەڵکەکەمان بپارێزین؟ ئایا ئەمریکا هێشتا هاوپەیمانمان

# پرۆژە بڕیارێك بۆ سزادانی تورکیا



هەریەک لە سیناتۆر لیندزی گراهامی کۆماری و سیناتۆر کریس ڤان هالنی دیموکرات پرۆژە بریارێکیان ئامادەکردووە بۆ سزادانی تورکیا لە بەرامبەر ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە دژی هێزە کوردەکانی سوریا دەستپێکردووە.

ئەگەر پرۆژەکە لە ئەنجومەنی سینات کە کۆمارییەکان تیایدا زۆرینەن پەسەندبکرێت، ئەوا ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت کە لەوێ دیموکراتەکان زۆرینەن. ئەگەر لەوێش پەسەندکرا ئەوا ڕەوانەی بەردەم سەرۆک ترامپ دەکرێت تاوەکو واژوی بکات و ببێتە بڕیار.

سیناتۆر لیندزی گراهام و سیناتۆر کریس ڤان هالن، ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکرد کەی پرۆژە بڕیارەکە پێشکەش دەکەن، بەڵام خاڵە سەرەکییەکانی پرۆژەکەیان لە ڕێگەی تویتەرەکەیانەوە بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا نووسراوە:

ئەم سزایانە دەسەپێندرێن هەتا ئەو کاتەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا بۆ کۆنگرێسی پشتراستدەکاتەوە تورکیا تاکڕەویانە بەبێ پشتیوانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی فورات و ڕۆژئاوای سنوورەکانی عێراق لە سوریا کارناکات، وە هێزە چەکدارەکانی تورکیا، بە چەکدارەکانیشی پشتیوانیان لێدەکات کشاونەتەوە لەو ناوچانەی داگیریکردوون لە میانەی ئۆپەراسیۆنەکانی لە 9 ی مانگی دەی 2019 وە دەستیانپێکردووە.

برگەی یەکەم: سەپاندنی سزا بەسەر سەروەت و سامانی ئەم سەرکردە سیاسییە تورکانەی خوارەوە:

سەرۆک

جێگری سەرۆک

وەزیری بەرگری

وەزیری دەرەوە

وەزیری دارایی

وەزیری بازرگانی

وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکان

برگەی دووەم: سزا بەسەر مامەڵە لەشکرییەکان لەگەڵ تورکیا

سزا دەسەپێندرێتە بەسەر هەر کەسێکی بیانی شت بە لەشکری تورکیا بفرۆشێت یان پشتیوانی دارایی لێبکات یان کەرەستەی بداتێ یان تەکنۆلۆجی بداتێ یان بە مەبەست مامڵەی لەگەڵدا بکات لەمانەی خوارەوە

*پارچەی فڕۆکە یان فڕۆکە، ئەوانەی هێزی ئاسمانی تورکیا بەکاریاندەهێنێت.



*ئامێر و کەلوپەلی ئۆتۆمبیل، ئەوانەی هەردوو هێزی پیادە و دەریایی تورکیا بەکاری دەهێنن.

*چەک و ئامێرەکانی لەشکری تورکیا بەکاریاندەهێنێت.

برگەی سێیەم: سزا بەسەر کەرتی وزەی تورکیا

سەپاندنی سزا بەسەر هەر کەسێک یان کۆمپانیایەکی بیانی هەستێت بە دابینکردنی کەرەستە و پێداویستی و تەکنۆلۆجیا یان زانیاری یان هەر جۆرە پشتیوانیەکی دیکە کە یارمەتیدەربن لە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی و گازی سروشتی لە تورکیا تاوەکو لەلایەن هێزە چەکدارەکانی بەکاریان بهێنن.

برگەی چوارەم: قەدەغەکردنی یارمەتییە لەشکرییەکانی ئەمەریکا

*قەدەغەکردنی فرۆشتنی کەرەستە و تەکنۆلۆجیای بەرگری ئەمەریکا بە هێزە چەکدارەکانی تورکیا.

*قەدەغەکردنی فرۆشتن و ناردنی گوللە و تەقەمەنی بە هێزە چەکدارەکانی تورکیا.

برگەی پێنجەم: سەپاندنی سزاکانی یاسای CAATSA لەسەر کڕینی سیستەمی S-400 لە ڕووسیا.

(یاسای CAATSA، واتە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئەمەریکا لە ڕێگەی سەپاندنی سزاکانەوە، لە ساڵی 2017 وە کاری پێدەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەریەک لە ئێران و ڕووسیا و کۆریای باکور.)

برگەی شەشەم: ئەوانەی سزاکان نایانگرێتەوە

*یارمەتییە مرۆییەکان

*یارمەتییە تەندروستییەکان

*بەهێزکردنی دیموکراسی/ یارمەتیدان لە هەڵبژاردنەکان

*ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری

برگەی حەوتەم: ڕاپۆرتەکانی داوادەکرێن

ڕاپۆرتێک لە بارەی پارە و سەروەت و سامانی سەرۆک ڕجەب تەیب ئەردۆغان

برگەی هەشتەم: دانانی کۆت و بەند لەسەر پێدانی ڤیزا

دانانی کۆت و بەند لەسەر پێدانی ڤیزا بە سەرکردایەتی تورکیا لە گەشتکردن بۆ ئەمەریکا.

سەرچاوە: دەنگی ئەمریکا

# تێڕامانی وێنەکانت سڕیان کردووم



دەزانم باشبوون لەم ساتەدا بۆتۆ، لە درۆی شیرینی ئەم شەڕڤانە دەچێت، کە پێی کەوتووە بە سەر مینێک دا، لەو کاتەدا لە وڵامی زەنگی هاوسەرەکەیدا دەڵێ: من باشم ئازیزەکەم ، باشم! لە دوێنێوە تێڕامانی وێنەکانت سڕیان کردووم، لە چاوانتا خەمێکم لێوە دیارە، هێندەی خەمی سێدارەکەی قازی تەنیایی نیشتیمانی تێدا دەبینم. وای چ ئازارێکی مەزنە، لەو خەونەی نیشتمان خەریکە دەیبینێت بە ئازادییەوە، بە دەنگی تۆپ بێداری بکەنەوە ،سەختە.

ژنراڵی ئازیز، مەزلوومی کوردان:

پێوویست نییە تۆ خۆتمان پێ بناسێنیت، هەر ناوەکەت بەسە تا تۆ کێیت؟ تۆ گادفازێری* ئێمەیت، مرۆڤێکیت خۆڕاگریت لە کێوان دزیوە، کەرامەتت لە باڵی هەڵۆکان دەرهێناوە، بەڵام چی دەڵێیت کە ئەم سەرزەمینە پڕ بووە لە قەلە ڕەشی خوێڕی، هەر کە زانیان بە پێوەیت، دێن لە کاسە سەرت ئەخۆن، کاتێ دەفڕیت پەلاماری بێچووەکانت دەدەن.

هاوڕێم مەزلووم: ئێمە گەلێکین مرۆڤایەتی نامانناسێت، خودا هەر بۆ ئەوەی دروست کردووین گوزارشت لە تەنیایی ئەو بکەین، بۆیە نەکەس دەماننناسێت، نەکەسیش باوەڕی بە بونمان هەیە.

ئیتر گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئازادی ئێمە، بە لوولەی تفەنگەکان نایەتە بوون. بەو هەموو خوێنەی دەیڕێژین تەنیا ڕەنگی سرووشت دەگۆڕین، هەر بۆیە بەهار لە نیشتمانەکەی ئێمەدا هەمیشە جوانترە.

شەڕڤانێک بۆی گێڕامەوە:

لە گەرمەی شەڕدا هاوسەرەکەم هەواڵی پێدام، خودا کوڕێکی پێبەخشیوین چی ناو بنێم؟

گوتم: ئازادی... تا گەڕامەوە هەردووکیان شەهید کرابوون...

ئاوایە هاوڕێ، ئازادی لە نیشتیمانەکەی ئێمەدا هەرگیز گەورە نابێت.

لە ماوەی چەندین ساڵی تەمەنم دا ئەورۆ زانیم ناچاری واتای چییە، دەزانیت هەندێک بڕیار هەن، تا جارێک دەیدەیت ئەو سەد جار دەتکوژێت. لە قووڵی ئازارەکەت تێدەگەم پیاو، بەڵام ناچارین هەموان بیچێژین، ئەمەی تۆش کردت هەرگیز فرۆشتن نییە، هەرگیز، بەڵکو ڕێگری بوو لە سڕینەوەی نەژادی نەتەوەیەک.

سوپاس جەنگاوەر ، سوپاس

پەشێو حەمەد ئەمین

# لیندسی گراهام: لەلێواری کارێکی هاوبەشین لەگەڵ کورد




لیندسی گراهام ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لەسەر لیستی کۆمارییەکان گەشبینیی خۆی پیشاندا سەبارەت بە چارەسەری کێشەکان لە رۆئاوای کوردستان و جەختی لەوەشکردەوە کە ئامانجیان ئەوەیە کاری هاوبەشیان لەگەڵ کورد بەردەوام بێت و ناوچەی ئارامیش لەلایەن هێزی نیودەولەتییەوە بەڕێوەببرێت.

لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (فۆکس نیوز)ی ئەمەریکی، لیندسی گراهام باسی لە ئامانجەکانی رێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمەریکا کرد لەبارەی چارەسەری دۆخی سوریاو رایگەیاند: من تاڕادەیەکی زۆر گەشبینم بەوەی کە بتوانین چەند چارەسەرێکی مێژوییمان هەبێت لە سوریا کە لەمێژە بەدوایدا دەگەڕێین. گوتیشی: ئامانجمان ئەوەیە کە ئەو ناوچە ئارامەی لە سوریا بنیات دەنرێت، لە چەک دابماڵرێت لەنێوان تورکیا و کورد و هەروەها لەلایەن هێزی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوە دەبرێت بە پشتیوانیی ئەمەریکا. بەگوتەی گراهام، ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە کاری هاوبەش لەگەڵ کورد لە رۆژهەڵاتی سوریا تاکو جارێکی دیکە داعش سەرهەڵنەداتەوە.

سەبارەت بە کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەکە، سیناتۆرە ئەمەریکییەکە وتی: لەلێواری کارێکی هاوبەشین لەگەڵ کورد لەسەر کێڵگە نەوتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ هەسەدە دەمانەوێ دڵنیا بین لەوەی کە ئەوان کێڵگە نەوتییەکان نوێ دەکەنەوە و داهاتەکەی بەدەست دەهێنن نەک ئێران و نەک رژێمەکەی ئەسەد.

# رێکـــــەوتنی ئەمریکی – تورکی لە نێوان گـــــۆڕانی جیۆپەلەتیک و ڕای گشتی جیهانیدا– د.کامەران مەنتک



گۆڕانی هاوسەنگی هێز، گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراو ئەو گۆڕانە جیۆپۆلەتیکیە لە بەرژەوەندی مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نیە و خەریکە وەکو قۆناغی شەڕی سارد هەمدیس کوردستان دەکاتەوە ناوچەیەکی تامپۆنی داخراو!. بۆیە دەبینین ئەوەی لە رۆژئاوای کوردستان دەگوزەرێت و ئەو رێکەوتنانەی لە نێوان تورکیا ئەمریکا دەربارەی رۆژئاوای کوردستان و کۆمەڵێک بابەتی تر پەیوەست بە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجامدراوە و ئەنجام دەدرێت، دەرئەنجامی ئەو پارادۆکسەیە، کە لەنێوان گۆڕانی جیۆپۆلەتیک و گەشەسەندنی رای گشتی جیهانی، وەک دەرهاویشتەی شۆڕشی گەیاندن هاتۆتە دی.

لە راستیدا رووی راستەقینەی سیاسەتی جیهانی لەسەر بنەمای جیۆپۆلەتیکە، ئەمریکا، روسیا، هەموو زلهێزەکان لەسەر ئەو بنەمایە هاوپەیمانیەتیەکان دەبەستن و هاوسەنگی هێزەکان دەگۆڕن، هەرچەندە هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکەن ئەو راستەقینە بشارنەوەو دیزە بە دەرخۆنەی بکەن!. رێکەوتنی ئەمریکاو تورکیاش هەر لەسەر ئەو بنەمایەو دەهاویشتەی بە تامپۆنی بوونی پێگەی کوردستانە، بە هۆی بووژانەوەی روسیاو چین و هاوپەیمانە هەرێمایەیەتیەکانیان. سەرۆکی ئەمریکاش هەر لەسەر ئەو بنەمایە ویستی لەسەر حیسابی مەسەلەی کورد تورکیا بۆخۆی رابکێشێت و لە روسیای دووربخاتەوە، لەبەرئەوەی سێکوچکەی رووسی – ئێرانی – تورکی، دڵی ئۆراسیای داگیرکردووەو خەریکە ئەمریکا تووڕهەڵدەداتەوە ئەوبەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی!.

ئەوەی کێشەی بۆ سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا دروست کرد و دروست دەکات، کە گومانی تیانیە کورسیەکەی لە ژێر ترامپ دەردەهێنێت و رێگا نادات بۆ جارێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، رای گشتی ئەمریکی بە پلەی یەکەم و رای گشتی جیهانیە بە شێوەیەکی گشتی، کە بینیمان دوای بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا، چۆن جوڵاو لەسەر هەموو ئاستێکدا کاریگەری خۆی کردو بە ناچاری تورکیا ئەندانی ناتۆو هاوپەیمانی ئەمریکای خستە بەر چەقۆی سزاکانی ئەمریکا.

بۆیەکەم جارە لە قۆناغی شۆڕشی گەیاندن رای گشتی ئەمریکی و جیهانی بەرامبەر مەسەلەیەک وا یەکگرتوو بێت و بەرگری لە پرەنسیپە ئەخلاقیەکان بکات، کە ئەو پرەنسیپانە هەرگیز لەهەگبەی ریالیستە نوێیەکانی ئەمریکا دا نیە.

بۆیە سەرۆکی ئەمریکا بۆ فریودانی رای گشتی ئەمریکا، لە 17\10\ 2019، واتە دوێنێ ئێوارە رێکەوتنێکی لەگەڵ تورکیا ئیمزا کرد، کەهەرچەندە بانگەشەی وەستاندنی هێرشی تورکیای بۆ کرا، بەڵام نەشەڕ وەستاوەو نە ئاگربەستیش تا ئێستا سەری گرتووە، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی رۆژێک بەسەر ئەو رێکەوتنە بۆ وەستاندنی شەڕ، تازە کۆشکی سپی دەڵێت شەڕ بە ئاسانی ناوەستێنرێت!.

ئەمە وا دەکات ئەو گریمانەیە زۆر بەهێزتر بێت، کە فاکتەری سەرەکی لەو رێکەوتنەی ترامپ – ئەردۆگان رزگارکردنی تورکیا بێت لە تووڕەیی رای گشتی ئەمریکی و هەنگاوە بوێرەکانی کۆنگرێس، واتە تورکیای لە چوونە ناو قۆناغێکی نوێوە رزگارکرد. کە فرێ دەدرایە دەرەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش کۆمەڵگای رۆژئاوایی و لە رووی ئابووریشەوە زیانێکی زۆر پێدەگەیاند!. لە هەمان کاتدا دەرفەتێکیشی بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات خۆشکرد، بۆ ئەوەی هێزەکانی خۆیان کۆبکەنەوەو بریندارەکانیان بنێرنە دەرەوەی بەرەی شەڕ بۆ ئەوەی چارەسەری وەربگرن!. ئەگەر ئەگەری وەستاندنی ئەو شەڕە لە ئارادا بێت. هاوکات ئەو رێکەوتنامە ، بێگومان ئەوەی بلاوکرایەوە، کە رەنگ بێت ئەمە بەشێکی بچووکی بێت، هەموو ئەو شتانەی داوەتەوە ئەدرۆگان، کە لەرێگای شەڕەوە تا ئێستا نەیتوانیوە بە ئاسانی بەدەستیبێنێت!. بەکورتی کورد دەبێت بزانێت، کە گۆڕانکاریە جیۆپۆلەتیکیەکان لە قۆناغی ئێستادا لەبەرژەوەندی ئەودا نیە!، وەلێ دەتوانێت سوود لە ئامرازەکانی شۆڕشی گەیاندن، وەکو ئەنتەرنێت و سەتەلایت و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و ئەنجامدانی خۆپیشاندنی جەماوەری گەورە لە کوردستان و هەموو جیهان وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە رێگای بەهێزکردنی رای شگتی جیهانی لە بایەخی ئەو گۆڕانە جیۆپەلەتیکیانە کەم بکاتەوە، هەرچەندە ئەمە رەنگ بێت کارێکی ئاسان نەبێت و لەمێژوودا نمونەی نەبووە، وەلێ هەرچۆنێک دەبێت لەو قۆناغەدا کورد یەکگرتووبێت بۆ دروستکردنی ئەو رایەو هاوکات خۆی ئامادە بکات بۆ جەولەیەکی تری شەڕ، دوای پێنج رۆژی تر، کە رەنگ بێت هەر لە بنەڕەتدا تا ئەو کاتە شەڕەکە نەوەستێت و تورکیا تەنیا وەکو تەکتیکێک رازی بووبێت بۆ رازیکردنی ئەمریکاو خۆدزینەوە لە پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی!. نابێت ئەو راستیە فەرامۆش بکەین، کە تا ئێستا ئەو کارتانەی لەبەردەست تورکیایە زۆر بەهێزترە لەو کارتانەی لەبەردەست کورد دایە، تورکیا لە قۆناغی ئێستادا روسیا بە قووڵایی ستراتیژی خۆی تێدەگات و ئەمریکا بۆ ئەو، ئەو بایەخەی جارانی نەماوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی ترامپدا، کە متمانەی ئەمریکای لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی و جیهانی تێکشکاند، رووسەکانیش وایدەبینن، کە تورکەکان ئەو هاوپەیمانەن، کە دەتوانن لە دروستکردنی ئۆراسیایەکی نوێدا هاوپەیمانیان بن و رۆڵی گەورە بگێڕن!.

# داوا دەکرێت تورکیا لە ناتۆ دەربکرێت



ماری لۆپان، ڕێبەری پارتی گردبوونەوەی نیشتیمانی ڕاستڕەوی فەڕەنسا داوا تورکیا لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) دەربکرێت، ئەوەش بەهۆی هێرشەکانییەوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

ماری لۆپان، ڕێبەری پارتی گردبوونەوەی نیشتیمانی ڕاستڕەوی فەڕەنسا لە لێدوانێکدا بە RC1ی فەرەنسی وتووە، "وەڵامێکی شیاو بۆ پێشێلکارییەکانی و هێرشی بۆ سەر باکووری سووریا، پێویستە تورکیا لە ناتۆ دەربکرێت".

لۆپان ڕەخنە لە یەکێتی ئەوروپا دەگرێت دەڵێت، "تا ئێستا هەڵوێستێکی شیاوی سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا نەگرتووەتە بەر و بڕیاری نەداوە، تورکیا دەربکات".

لە نۆی ئەم مانگەوە لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی فورات دەستپێکردووە، ئەوەش دوای ئەوە هات کە ترەمپ و ئەردۆغان پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداو ترەمپ بڕیاریش کشانەوەی سەربازەکانی وڵاتەکەی لەو ناوچانەدا کە تورکیا ئۆپەراسیۆنەکەی تیایدا ئەنجامدەدات.

ئێوارەی 17ی ئەم ئۆکتۆبەر دوای کۆبوونەوەیەکی پێنج کاتژمێر لە نێوان شاندی باڵای ئەمریکا لەسەرۆکایەتی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا و شاندی تورکیا بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەبارەی ناوچەی ئارامەوە گەیشتنە ڕێککەوتن.

دوای کۆبوونەوەی 17ی ئەم مانگەی ئەمریکای و تورکیا مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، تورکیا ڕەزامەندی لەسەر ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەرۆژئاوای کوردستان دەربڕیووە و هێرشەکان ڕادەگرێت

شارپرێس:

# پێتان سەیر نەبێ، کە پاداشتی چاکە، خراپەیە!



ڕۆژێ، پیاوێ لە بیابان تێدەپەڕی، کە بینی مارێ لە نێو ئاگر لە حاڵەتی سوتان دایە، گۆپاڵەکەی بۆنێو ئاگرەکە برد و ماری ڕزگار کرد.

مار، کە بە سەر گۆپاڵ سەردەکەوت و، خۆی خستە حاڵەتی بەرگری و ویستی بە پیاوەکەوە بدات، پیاوەکە گوتی: ئەوە چ دەکەی؟ من لە ئاگرەکە تۆم ڕزگار کرد.

مار گوتی: بۆ نازانی پاداشتی چاکە، خراپەیە؟

پیاوەکە گوتی: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ پاداشتی چاکە بە چاکە دەدرێتەوە.

قسەو گفتوگۆکەیان لە نێوانیان توند بوو، مارەکە قسەی پیاوەکەی وەرنەگرت و لە کۆتاییدا ناچار بوون، کە بۆ چارەسەری کێشەکەیان پەنا بەرنە سێ سەرچاوە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدا، کەوتنە ڕێ و گەیشتنە کانیاوێ،

کانیاو، گوتی: قسەی مارم قبوڵە، پاداشتی چاکە، خراپەیە.

پیاوەکە گوتی: چۆن؟ کانیاو گوتی: دانیشە و ببینە! بینیان، کە ڕێبوارێ شەکەت و ماندووە، هات و لە ئاوی پاکی خواردەوە و دەموچاوی شوشتن و دواتر چڵمەکەی خستی نێو کانیاوەکە و ڕۆیشت.

کانیاو گوتی: بینیت؟ ئاوی خواردەوە، ماندوویەتییەکەی حەساوە و دەموچاوی شوشت، ئیتر دەم سڕینی لە چ بوو؟

پیاوەکە گوتی: با بڕۆینە لای کەسێکیتر، ڕۆیشتن، تاکو گەیشتنە لای دارێک، مەسەلەکەیان بە دارەکە گووت و ئەویش قسەی ماری پشتڕاست کردەوە.پیاوەکە دیسان پرسی:چۆن؟ دارەکە گوتی: دانیشە و ببینە! بینییان، کە شوانێکی ماندوو هات و لە ژێر سێبەری دارەکە دانیشت تاکو حەسایەوە و، دواتر میوەی دارەکەی لێکردەوەو خواردی و لە کۆتاییدا، کە ویستی بڕوات، لقێکی لە دارەکە شکاندو لەگەڵ خۆی بردی. دارەکە گوتی: پیاوەکە بینیت؟ماندوویەتییەکەی لە ژێر سێبەری مندا نەما، میوەی منی خوارد، تاکو تاقەت و وزەیەک وەرگرێ، بۆ لقی دارەکەی شکاندم؟ کەواتە؛ بینیت، کە پاداشتی چاکە،چاکە نییە. دیسان پیاوەکە و مارەکە درێژەیان بە ڕێگەی خۆیاندا، تاکو گەیشتنە ڕێوییەک. مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، ڕێوی، کە فێڵباز بوو گوتی: من بەم شێوەیە ناتوانم قسەی لە سەر بکەم، ئەبێ ئاگرێ بکەینەوە و مارەکە بچێتە نێو ئاگرەکە و دواتر تۆ مارەکە دەربێنی، تاکو من قسەی لە سەر بکەم. هەردوولا مەرجەکەیان پەسەند کرد، ئاگرێکیان کردەوە و، ماریان خستە نێو ئاگرەکە. پیاوەکە ویستی، کە گۆپاڵەکەی بخاتە نێو ئاگرەکە. ڕێوییەکە گوتی: ئەوە چ دەکەی؟ بۆت نەبوو بە وانە و دەرس، ئەزموونت لە ڕابردوو وەرنەگرت، کە پاداشتی چاکە، خراپەیە. واز لە مارەکە بهێنە، تاکو لە نێو ئاگرەکە و بە هۆی نەزانینی خۆی بسوتێ. پیاوەکە، ئەمەی قبوڵ کرد و سوپاسی ڕێوی کرد،کە یارمەتیداوە و، دواتر ڕێوییەکە خواحافیزی لە پیاوەکە کرد و، ڕۆیشت.

پیاوەکە، کە لە تەنیشت ئاگرەکە وەستابوو، سەیری سوتانی مارەکەی دەکرد، ڕاوچییەک هاتو ڕووی لە پیاوەکە کردو گوتی: کاکە، لەم دەورووبەرە نێچیرێکت نەبینیوە، کەروێشکێ، ڕێویێ، شتێک...؟

پیاوەکە گوتی: چەند ساتێ لەمەوبەر ڕێوییەک بۆ ئەملا ڕۆیشت.

ڕاوچییەکە ڕۆیشت، دوای ماوەیەک گەڕایەوە، کە ڕێوییەکەی پێ بوو، کە ڕێوییەکە دوایین هەناسەی دەدا، بە پیاوەکەی گووت:

بینیت، کە پاداشتی چاکە، خراپەیە. ئەگەر تۆم لە دەستی مار ڕزگار نەدەکرد، ئەمڕۆ وام بەسەر نەدەهات ."

وەرگیراوە

# ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی دا... نووسینی: بەیان کەریمی

بەشی دووەم

هاوکات، تایبەتمەندیکی دیکەی ئەم جووڵانەوانە ئەوەیە کە بە گشتی ڕیکخراوی بەشی ژنانیان دامەزراندووە (حیزبی دیموکڕات بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٩٧٩ بەولاوە ڕێکخراوی ژنی هەیە– لە راستیدا لە کۆماری مەهابادە وە ڕێکخراوی ژن هەبووە). ڕێکخراوی ژنان بە گشتی لە ژێر دەستی حیزبەکاندان و سەربە خۆیی فکری و سیاسی ئەو تۆیان نیە و بە هیچ شێوەیک لە سەر بنەمای فێمێنیستی کار ناکەن (زانیاری ژنان لە سەرمافەکانیان و ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵگا، ژێر دەستی ژن لە کەلتوور و پرۆسەی دەسەڵاتدا و شی کردنەوەی ئەمانە لە روانگەی ژنەوە). ئە م ڕێکخراوانە بە گشتی بێدەنگ بوون لە سە ر ستەمی جنسی ژن لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا و تەنیا هەوڵی ئەوەیان داوە کە ژنان بۆ جووڵانەوەی نەتەویی ڕێک بخەن. زۆربەی کات ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەیکی گشتی لە لایەن ژنانی چینی سەرەوە هەڵسووڕاوە (کە زۆر جار خزم و کەس وکاری ڕیبە رانی پیاو بوون) و بە گشتی لە سەر بنەمایێکیێ آیڕاکی دامە زراوە کە کەمتر پەیوەندی بووە بە ژنانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای ژێر دەست. لێکۆڵینەوە فێمێنیستەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دیسکۆرسی ئەم ڕێکخراوانەی ژنان بە گشتی لە چوارچێوەی پێناسی پیاوسالاریدا بووە. بۆ نموونە، بۆ گەیشتن بە 'یەکسانی ' و بەشداری لە جوولانەوەدا،' ژن دەبوایە خوێندەوار بێت و خۆی بگەینێتە پلەی پیاو و بتوانێ پیشەی هە بێت . ئەو جار دوای ئەمە ژن دەتوانێ زانیاری خۆی بەرزکاتەوە لە سیاسەتدا وەک پیاو بەشدار بێت'. تایبەتمەندی هاو بەشی دیکەی جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوۆیی ئە وەیە کە لە راستیدا دایمە مافی ژن و پێویستیەکانی ژنیان خستووەتە دوای مافی نەتەوە. هە ر کات ژن داوای یەکسانی کردووە ، ئەوەیان بیر خستوتەوە کە دە بێ راوەستن تا دوای وە دیهێنانی مافی نەتەوە. هەر چەند ژنان لە پرۆسەی بزتنەوەی نەتەوەیدا فیداکاری بێ وێنەیان لە خۆ نیشان داوە، بەڵام وەک مێژوو نێشانی داووە کە دواخستنی مافی ژن دایمە بەو مانایە بووە کە مافی ژن لە پرۆژەی داهاتووی نەتەوە دا یان لە بیر چووەتەوە یان بەراستی لە ئەجێندا لابراوە (نموونەی بە ر چاو ئەلجەزیرەیە ،کە پەیمان بە ژنان درابوو پاداشی فیداکاریەکانیان دەدرێتە وە، بەڵام لەراستید دوای سەربەخۆیی نرانەوە بۆ سووچی ئاشپەزخانە. هەروەها حکوومەتی کوردستان کە فرە ژنی کرد بە یاسایی و ە شەرعیەتی دا بە ژێر دەستی ژن، دوا بە دوای دامەزرانی). هاوکات، ئەو جووڵانەوانە زۆربەی جار 'بەشداری نە کردنی' ژنیان لە شۆڕشدا بە هەڵە لێک داوەتە وە. بۆ نموونە گشت حیزبەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژن خەتای خۆیەتی کە لە شۆڕشدا بەشداری ناکات (هەرچەند ژن بەشداری کردووە بە ڵام نەبیندراوە). ئەم دیسکۆرسە دوو شت دەشارێتەوە؛ یەکەم، روخساری پیاو سالاری ئەم حیزبانە کە ڕێگر بوون لە بەشداری ژنان. دووهەم، باری قورسی ماڵداری ومناڵداری کە ئەم جووڵانەوانە هیچ هەوڵێکیان نەداووە کە قورسایەکەی لە سەر شانی ژن کەم کەنەوە و ڕێگا بە ژن بدەن بۆ بەشداری فەراوانتریان (بۆ نموونە بە دانانی سێرویسی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی)). لە کۆتایدا، لێکۆڵینەوە فێمێنیستیەکان ئاگادارمان دەکەنەوە کە بەگشتی لە چوارچێوەی ئەم جووڵانەوانەدا رۆڵی ژن بە کەم و لە چوارچێوەی 'غەیری سیاسیدا 'چاوی لێ کراوە. لە بەشداری راستەوخۆی چەکداریەوە بگرە تاکو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان (بەشی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، بەشی راگویزتنی زانیاری، خزمەت بە چەکدارەکان، شاردنەوەی بریندار و چەک و بەشی پەروەردە و....) گەرچی ئەم رۆڵانەی ژن سەرەکی بوون و بۆ شۆڕش(لە راستیدا رەگی حەیاتی شۆڕش بوون)، بەڵام بە گشتی وەک کەم و لاوەکی چاویان لێ کراوە (ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ژن تەنیا ئەم رۆڵانەیان پێ دراوە و کەم ژن بووە کە بتوانێ لە رۆڵە سەرەکیەکانی سیاسیدا بەشدار بێت). هاوکات، ئەم رۆڵە سەرەکیانە زۆر جار بوونەتە هۆی مەترسی گیان بۆ ژن و لە دەستدانی سومعەی کۆمەڵایەتی (کەم ژنە پێشمەرگە هەیە کە داستانی خۆی نەبێت کە چ ئازاری کێشاوە لە دەست قسە و باس و ئازاری جنسی هاو سەنگەرەکانی). بەڵام، سەیر لە ودایە کە هەر چەند، ئەم رۆڵانەی ژن وەک غەیری سیاسی چاوی لێ کراوە بەلام بەگشتی لەلایەن دوژمنەوە خراوەتە ناو قاڵبی سیاسیەوە. بۆ نموونە چێشت لێنان بۆ پێشمەرگە دەیتوانی ژنی کورد بخاتە ناو زیندانەوە، بەر هێرشی دەستدرێژی جنسی، ئەشکەنجەی جۆراوجۆر و تەنانەت ئیعدامیش. داستانەکە بەمە کۆتایی نەدەهات، ژنە زندانیەکان و بنەماڵەکەیان دەبوایە باری قورسی 'شەرمیش' تا ئاخر رابکەێشن. بە کورتی ئەزموونی ژن لەم بزووتنەوانەدا ئەزموونێکی تاڵ و پڕ ئازار بووە. سەرەڕای فیداکاریەکانیان تائێستاش بزووتنەوە سونەتیەکانی جوولانەوە ی کورد لە ئاستیدا بێدەنگی دەکەن. بەڵام، گەشبینی لەوەدایە کە جووڵانەوەیکی نوێ لە ڕێگادایە کە دەتوانێ خەونی پیاوانەی جیلی پێشووی جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەویی بنەبڕ بکات.

ژن و خەباتی جەماوەری رزگاریخوازیی نەتەوەیی:

ئێستاش دە گەڕینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە چۆن ژن دەتوانێ بە پلاتفۆڕمێکی فێمێنیستیەوە بەشداری لە جووڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوە ژێر دەستەکەی بکات؟

لە ساڵە کانی ١٩٩٠ بەولاوە، بە هۆی ئاڵوگۆڕی جیهانی و ناوچەیی (کە ئێمەی کوردیشی بە شێوەیکی بەرفراون گرتووەتەوە)، بوەتە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی خەباتی نەتەوەیی. یەکێک لە گرنگترین گۆڕنکاریەکان کاڵ بوونەوەی خەباتی چەکداری و کاڵ بوونەوەی کاریگەری حیزبە سونەتیەکانە لە سەرجووڵانەوەی نەتەوەی و گەشە پێدان لە خەباتی جەماوەریە (گە لی). ئەم رەوەندە کەم و زۆر لە پرۆسەی بڵاوبوونەوەدایە لە گشت پارچەکانی کوردستان (بەتایبەت لە کوردستانی باکوور). خەباتی جەماوەری، بە پێچەوانەی خەباتی سونەتی ڕێگایکی هەرە فراوان بۆ بەشداری ژنان دەکاتەوە. ئەم جووڵانەوە کە تارادەیک دوورە لە چواچێوە ی هایراکی و دیسکۆرس و پرۆژەی حیزبە سونەتیەکان (بە تایبەت بزووتنەوەی چەکداری) قازانجی زۆریان هەیە بۆ بزووتنەوەی ژنان.

بڕوانە ل 9

# پاشماوەی ژن و بزووتنـــــــــەوە ی ڕزگاریخوازیی نەتەوە ژێر دەستەکان

جگە لە خۆ ئامادەکردن بۆ خەباتی نەتەوە یی، باس کردن لە ژێر دەستی ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵگا، دارشتنی زانستێکی روون لە سەر ئەزموونی رۆژانەی ژن، و هەوڵدان بۆ لابردنی گشت ئەو میکانیزمانەی کە لە چەوسانەوەی ژندا نەقشیان هەیە. لەم 'سەردەمەی نوێ ' خەباتی ژناندا، دەیان ڕێکخراوی جۆراوجۆری ژنان پێک هاتووە، دەیان رۆژنامە و سایتی ئینترنێتی تایبەت بە ژنان پێک هاتوون، دە رگایکی فەروان کراوەتەوە بۆ بەشداری ژنان لە کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا. لە ڕاستیدا، ئەم جووڵانەوە هەرە مەزنە کە بەردەوامی لە دایەلۆگدایە لە گەڵ فێمینزمی نێو نەتەویی، خەریکی دارشتنی دیسکۆرس و پرۆژەیکی هەرە بەر فراوانە بۆ خزمەت بە ژن و بۆ بە دی هێنانی رزگاری و یەکسانی راستەقینە بۆ ژن. لێکۆڵینەوە فێمێیستیەکان پێمان ڕادەگەینن، کە بەپێچەوانەی حیزبە سونەتیەکان، ئەم جووڵانەوە جەماوەریەی ژنان ڕێگایکی فراونتر دەکاتەوە بۆ بە شداری ژنانی چینەکانی خوارەوە و ناوچە پەراوێز خراوەکان. بە وتەیکی دیکە، ئەم جووڵانەوە لە ژێر دەسەڵاتی چینی ئلیتی کۆندا دێتەدەر و بە دروستکردنی پرۆژەی تایبەت بە ویستە تایبەتیەکانی ئەو ژنانە ڕێگا و پلاتۆفۆرمی تایبەت دروست دەکات بۆ ژنانی هەرە پەراوێز خراوی کۆمەڵگە ژێر دەستەکان،بەڵام هەروەک ئەزموونی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە وڵاتە ژێر دەستەکان ئاگادارمان دەکەنەوە، جووڵانەوەی ژنان ئەرکی زیاتری لە سەرشانە و دەبێ بە وریایەکی زۆرترەوە بەشدار بن. بۆ نموونە، ئەم جووڵانەوەیە پێویستە لە پڕۆسەی خەباتی نەتەوەیدا (پێش سەربەخۆیی و دوای سەربەخۆیی ) ویستەکانی خۆی داسەپێنێ بۆ ئەوەی پێشگیری لەوە بکەن کە مافەکانیان دوابخرێت بۆ دوای سەربەخۆیی، وە ئاگادار بن کە دوای سەربەخۆیی دیسان پاڵیان پێوە نە دە ن بۆ قوژبنی ئاشپەزخانە. دە بێ بە هوشیاریکی بە رفراوانەوە ئەجەندای فێمینیستی بخەنە چوارچێوەی خەباتی نەتەویی (بە تایبە ت لە دارشتنی یاسای وڵات، دانانی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، دانانی بەرنامە ئابووی و بە گشتی پیلانەکانی دوای سەربەخۆیی). هاوکات پێویستە کە ئەم بزووتنەوەیە گوتاری نوێ خۆی بخاتە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیی ، وەک ئازادی ژنان بۆ مناڵ بوون و پێشگیری لە مناڵ بوون، ئازادی ژن لە هە ڵبژاردنی هاوسەر، بەربەرەکانی لە گەڵ توند وتیژی بەرامبەر بە ژن لە ماڵ وکۆمەڵگادا، گۆڕانی رۆڵی بە ناو 'سروشتی' ژن لە ماڵداری، مناڵداری ومێرداریدا. ئە م بزووتنەوەیە دەبێ بێ ترس و بێ شەرم ئەم باسانە بخاتە ناوەندی باسەکانی جووڵانەوەی نەتەوەیی. مسۆگەرکردنی ئەمانە بە ڕاست پێویستی بە یەکگرتووی و یەکدە نگی ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز هەیە، چونکە دوور نیە کە دوای سەربەخۆیی جووڵانەوەی نەتەوەیی بە ئاسانی لە ژێر قەولەکانی خۆی دەرچێت. (بۆ نمونە هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، سەرەرای ئەو هەموو فیداکاری و ئازارنەی کە ژن لە کوردستانی خواروو کێشایان، پاداشەکەیان لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە بە یاسا کردنی فرە ژنی بوو کە لە راستیدا شە رعیەت دان بوو بە ژێر دەستی ژن). ئەرکی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە بەڕای من ئەوەیە کە بتوانێ ئەزموون و دیسکۆرسی حیزبە سونەتیەکان (کە هە ر وە ک بە وردی چاومان لێ کرد)رەد بکاتەوە و بوێرانە باسی لە سەر بکات. بە تایبەت ئەو دیسکۆرسەی کە بە درێژایی مێژوو ی ئەم حیزبانە رە نگی دواەتەوە و لە راستیدا لە رێژیمە داگیرکەرکانەوە فێربوون، وە ک پێناس کردنی ژنی کورد بە 'دواکەوتوو، نە خویندەوار، نەزان، قوربانی و بێ دەسەڵات'. لە جیاتی ئەوە روخساری راستەقینەی ژنی کورد بخاتە بەرچاو.

بەیان کەریمی

# لە ئاست ئێوەدا مرۆڤ مچوڕکە بە لەشیدا دێت



کوردە خۆشەویستەکان

گۆشەنووس: فرانتس جۆزێف ڤاگنێر

لە ئەڵمانییەوە: بەکر شوانی

پێنج ساڵ لەمەوبەر و لە سەروبەندی هێرشی داعشدا بۆ سەر کۆبانێ، نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەڵمان، فرانتس جۆزێف ڤاگنێر لە گۆشەکەی خۆی لە رۆژنامەی بیلد ئەم نامەیەی لای خوارەوەی بۆ کورد و شەرڤانان نووسی و منیش هەر ئەو کاتە وەرم گێڕا و بڵاوم کردەوە.

تاکە جیاوازیی ئەوسا و ئێستا ئەوەیە کە ئەوسا داعش پەلاماری کوردی دەدا و دەوڵەتی تورکی لە پشت بوو، ئێستا دەوڵەتی تورک ڕاستەوخۆ پەلامار دەدات و داعشی لە پشتە!

------

جیهان بەسەرسامییەوە تەماشا دەکات چۆن لە دژی سەربڕ و ئاڵا ڕەشەکان شەڕ دەکەن.

ئێوە کێن ئەی قارەمانەکان؟ ئێوە گەلێکی خاوەن خەمگینترین گۆرانین. هەمیشە لە گۆرانییەکانتاندا باسی خۆشەویستی و نیشتمانی لە دەستچوو هەیە. لە گۆرانییەکدا هاتووە: هەموو وڵاتان گەمەی خۆشاردنەوە دەکەن. چی وڵاتێک هەرگیز نادۆزرێتەوە؟ کوردستان. ئێوە گەلێکن بێ دەوڵەت. زمان و جلوبەرگتان قەدەغە کراوە. گەلەکەتان لە تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا دەژی. چەوسێندرانەوە. قەبوڵ نەکران. ئێوە گەلێکی بێ خاوەن بوون. پێویست بوو هەمیشە تێبکۆشن. زۆرێک لە ئێوە کران بە تیرۆریست. من نایزانم، بەڵام ئەمڕۆ، تیرۆریستەکانی دوێنێ، تاکە جەنگاوەری کۆبانین. پیاوانی نەترس، پیاوانێک کە هەمیشە شەڕیان کردووە. یەکێک لە جەنگاوەرەکان گوتی: دوایین فیشەک بۆ خۆم دەهێڵمەوە. نایەڵم سەربـبڕدرێم.

ئێوە چ قارەمانگەلێکن!

لە ئاست ئێوەدا مرۆڤ مچوڕکە بە لەشیدا دێت.

لەگەڵ دڵسۆزیمدا...

واژۆ: ف. ج. ڤاگنێر

٢٠١٤/١٠/٢٦

سەرچاوە: رۆژنامەی بیلد

# ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی کوردانی تاراوگە لە هۆڵەندا لە چەند وێنەیەکدا

















## یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA

# یـادنـامە

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam
Holland

بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

بڵاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 10 — 14 November 2019 — 14 ی نۆڤێمبەری 2019

# 235 ساڵ لەمەوبەر شارێک بە وشە دروستکرا، شـــارێک کرایە حەوزەی گەشەسەندی بیر و سەکۆیەک بۆ داهێنان

## سلێمانی شوێنی ڕەنگە جیاوازەکان و بیرە جیاوازەکان



٢٣٥ ساڵ لەمەوبەر شارێک بە وشە دروستکرا، شارێک کرایە حەوزەی گەشەسەندی بیر و سەکۆیەک بۆ داهێنان، شارێک بوە قوتابخانەی بیری شۆڕش و دەبێتە زۆنێک بۆ ئەدەب، سلێمانی شوێنی ڕەنگە جیاوازەکان و بیرە جیاوازەکان، سلێمانی یەک ڕەگ و موتربە بە دنیایەک میوی فکری ڕەنگاو ڕەنگ، شارێک تێیدا ئەدەب پێ دەگرێ و موزیک سەما دەکات و شیعر دەبێتە پۆلە ڕیشۆڵەی گوێژە و زۆر کات ئاسمانی ئەم شارە پڕ دەبێت لە ڕیشۆڵەی شیعر، شارێک هەموو شاعیرەکان لێرە شیعرەکانی خۆیان لە قەفەز دەردەهێنن و هەر لێرە فێری فڕین دەبێت، یادی سلێمانی تەنها یادێکی ڕوت نیە، تەنها یادی شارێک نییە وەک دانیشتوان بەڵکو ئەم یادە یادی گەشەسەندی فەرهەنگ لە سلێمانیەوە دەباتە یەک بە یەکی شارەکانی تری کوردستان و دەیکات بە یەخەیانەوە، ئەم یادە پیرۆز دەکەین وەک ئەوەی بچێنە قوڵایی فەرهەنگەوە، پیرۆزە یادی ٢٣٥ ساڵەی دروستبوونی حەوزەی فەرهەنگی و ئەدەبی.

## سلێمانی .... پایتەختی ڕۆشنبیریی کورد

### ئامادەکردنی: تۆفیق سەعید محەمەد

لە گوتەیەکیدا بەڕێز مام جەلال دەڵێت: ((سلێمانی بۆ ئەوە دروستبووە شاری دەستپێشخەری و نوێسازي و داهێنان بێت)).
شاعیری گەورەی گەلەکەمان "شێرکو بیکەس" گیانی شاد بێت لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێت:

سلێمانی توویەکیشە هەموو ساڵێ
بە مشاری ڕقێکی نوێ ئەیبڕنەوە
ئەو دێتەوە... ئەیبڕنەوە
جارێکی تر هەر دێتەوە
................

لە مێژە ئەم شارە نەک شیاوە پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستان بێت، بەڵکو مێژوو سەپاندویەتی ئەو نازناوە بە باڵای ببڕێت... کە دەڵێن پیرەمەگروونی سەرکەش، کەرکوکی زێڕی ڕەش، سنەی خوێناوی چاوگەش، مەهابادی بە باڵا بڕاو ڕەش..... هەڵبەتە نازناوی خۆیانە، کە دەڵێن بەردەقارەمان.. قارەمانێکی لە ئامێزدا حەشاردا، کە دەڵێن پیرە شاری هۆلاکۆ بەزێن بەڵێ بەزاندبووی، سلێمانیش لە ڕۆشنبیریدا لێوانلێوە بە گەواهی دوژمنان پێش دۆستان. ئەوەتا سەدامە دیکتاتورە گۆڕکراوەکە چیپێکرا کردی تا بە ڕاشکاوانە پێیی لێنا ((سليمانية مدينة صعبة))، ئەم گوتەیەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام واتای ئەم شارە قورسە دەرەقەتی نایەین هەرچەندە کەمی پێنەکردوو بۆی بلوایە، ئەوە لوێچێک بوو لە خەرمانی تاوانباري و ئێستا هەموومانی لە عەرعەر توند دەکرد.
سلێمانی لەدایکبووی ساڵی 1784 ی زاینیە واتە تەمەني 235 ساڵە کە دەڵێین شیاوی پایتەختی ڕۆشنبیرییە، زیادەڕەویمان نەکردووە و شارچێتي و دەڤەرچێتي و توند ڕەوی ناکەین و مافی خۆیەتی، ئەوەتا کۆنترین مەڵبەندی ژیانی مرۆڤایەتی لە گوندی "چەرمو" بووە، کە تەنها ٥٠ کیلومەتر ئەولای سلیمانی کەوتووە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ 7000 ساڵ پ.ز، کە کۆنترین کاری گۆزەگەریی تیا دۆزراوەتەوەو گوندێکی کشتوکاڵی بووەو ژیانی تیا گوزەراوە،...لە ئەشکەوتی هەزارمێردی باشوری سلێمانیدا ئاسەواری مرۆڤایەتی هەزاران ساڵ پێش زایینی تێدا دۆزراوەتەوە.

بڕوانە ل 2

# پاشماوەی سلێمانی .... پایتەختی ڕۆشنبیریی کورد- ئامادەکردنی: تۆفیق سەعید محەمەد

ئەمشارە بەم تەمەنە کورتە، کە شارێکی لاوە لە چاو شارانی تردا و بە دەستی کورد بنیاتنراوە، هەر لە مێژووی نزیکیدا چەندین سەروەری تۆمار کردووە: لە ساڵی 1918دا یەکەمین فەرمانڕەوایی لە کوردستان لەسەر دەستی شێخ مەحموودی نەمر ڕاگەیانرا و ئاڵای کوردستانی تیا شەکایەوە و حکومەتی تیا ڕاگەیاندرا و شێخ مەحموود بووە مەلیکی کوردستان، حکومەت پێکهێنرا بە هەموو دامودەزگاکانیەوە و تەنانەت پوولی کوردستان بۆ پۆستکردن چاپکرا. ئەم کەڵە پیاوە بووە قەڵای پۆڵایین لە بەردەم ئینگلیزی داگیرکەردا و چاویان پێ بەرایی نەهاتوو بە فڕۆکەکانیان شاری سلێمانیان کاولکرد، شێخ مەحموود بۆ هاوکاری هاوڵاتیانی خوارووی عێراق لە ڕاپەڕینەکەیاندا لە ((رومیسە)) هاوکاریکردن و عەرەبەکانیش بۆ بەرزی کورد ((هۆسە)) بەناوبانگەکەیان، کە لەو بۆنەیەدا داهێنا دووبارە و چەندبارەیان دەکردەوە کە دەیانگوت: ((ثلثين الجنة لهادينا و ثلث لكاك أحمد و أكراده)).... واتە (دوو بەشی بەهەشت بۆ پیغەمبەرە "د.خ" و بەشەکەی تریش هی کاک ئەحمەدی شێخ و کوردەکانیەتی). لە ساڵی 1922 دا ڕوژنامەی ((بانگی کوردستان)) لەسەر دەستی ((موستەفا پاشای یامولکی))، بە سێ زمانی کوردی، عەرەبي و فارسی بەچاپگەیەندرا و هەر لەو ساڵەشدا هەر لەسەر دەستی ئەو کەڵە پیاوە ((جەمعییەی کوردستان)) دامەزرا و پاشان کۆمەڵەی لاوان و کۆمەڵەی فیداییانی وەتەن و دواتریش کۆمەڵەی برایەتی دامەزرا. هەر لە سەردەمی حکومەتی کوردستاندا لە ساڵی 1923 دا ڕوژنامەی ((بانگی حەق)) لە سلێمانی لە ئەشکەوتی "جاسەنە" بەچاپگەیەندرا، هەر لەو ساڵەشدا ڕوژنامەی ((ئومیدی ئیستیقلال)) چاپکرا و دیسان لە ساڵی 1922 "شێخ نوری شێخ صاڵح" ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"ی گەیاندەچاپ. پیرەمێردی نەمریش لە غوربەت گەڕایەوە زێدی خۆي و کەوتە چاپکردنی ڕۆژنامەی ((ژیان))، کە پاشتر کرا بە "ژین" و خۆی تا لە ژیندا بوو چاپیکرد و پاش خۆیشی نەوەکاني و دوای ئەمانیش "کاکەی فەلاح"ی شاعیر درێژەی بە چاپکردنیدا. لە ساڵی 1926 دا مامۆستا "فوئاد ڕەشید بەکر" یەکەمین شانۆگەریی کوردی گەیاندە سەر تەختەی شانۆ و دیدەی بینەرانی پێگەشاندەوە، لە ژێر ناوی (زانین و نەزانی) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆی. لە ساڵی 1930 دا و لە ڕۆژی 6 ی ئەیلولی ڕەشدا ڕاپەرینی جەماوەریی خوێناوی بەردەرکی سەرا روویدا، کە خوێنی گەشی لاوەکانی تیا ڕژاو پیرەمێردی شاعیریش بە هەڵبەستە بەنێوبانگەکەی بۆ ئەو بۆنەیە لاوایەوە. لە ساڵی 1939 دا یەکەمین پارتی ڕامیاری لەم شارەدا سەریهەڵدا بە ناوی "حیزبی هیوا" بە ڕابەری کەسایەتی ڕووناکبیر "ڕەفیق حیلمی". لەساڵانی چلەکاندا یەکەمین قوتابخانەی کچان لە سلێمانی کراوەتەوە و خانەوادە ناودارەکانی شار و چینەکانی تریش کچانیان ناوەتە بەر خوێندن بە هاندانی ژنە ناوداری کورد "حەپسەخانی نەقیب".

لەساڵی 1956 و لە بواری وەرزشدا یەکەمین یانەی وەرزش بە ناوی "یانەی وەرزشی سلێمانی، کە گشت بوارەکانی وەرزشی لە خۆگرتبوو هاتەگۆڕێ لەسەر ئاستی کوردستان.

لە بواری هونەریشدا هەر لەساڵی 1956 دا "کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان" دروستبوو، کە زۆر لە بوارەکانی هونەری تێدا بوو، لە گۆراني و مۆسیقاو نواندن بە ڕابەریی هونەرمەند "ڕەفیق چالاک" کە تیپي مۆسیقای مەولەوی هەر لەو سەردەمەدا هاوکاری ئەمان و لەگەڵیاندا کاریاندەکرد و کە بریتیبوون لە هونەرمەندان "قادر دیلان، ولیام یوحەننا، نەجاتی عەبدە، حاتەم ڕەش، بەهجەتی سەعاتچی" و ئەوانیتر.

لە بارەی هونەری شێوەکارییەوە لە عێراقدا "جەبرا ئیبراهیم جەبرا" لە کتێبێکیدا دەڵێ: "هونەری شێوەکاری لە سلێمانیەوە دەستپێدەکات". حەسەن فەلاح و بەدیع باباجان و ئازاد شەوقی و دەیان بەهرەمەندی هونەری لەم شارەدا دەبینران. لەساڵی 1927 دا و بۆ یەکەمجار ئامێری موزیکی کەمان هاتە شاری سلێمانی، کە کەسایەتی هونەرمەندی شارەکە "حەمە صاڵح عەنبەر" هێنای. لە کۆتایی 30ەکاندا گروپێکی شانۆیی و میوزیکی هاتنە شاری سلێمانی لە بەغداوە، کە بریتی بوون لە مامۆستا "حقی شبلی و بەشارە واکیم" و خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژی عێراق "عەفیفە ئەسکەندەر".

لەساڵی 1947 دا لە سلێمانی یەکەم خولی مۆزیک کرایەوە لەسەر دەستی مامۆستا "حەننا بەترس" کە ڕاهێنان و مەشقی بە هونەرمەندان مامۆستا "قادر دیلان و بەهجەتی سەعاتچی" و هاوەڵەکانیان کرد، ئەمە بووە بنەمایەک بۆ دروستبوونی تیپی مۆسیقای مەولەوی.

لە ساڵی 1967 دا تیپی مۆسیقای سلێمانی پێکهات لەسەر دەستی هونەرمەندان: "ولیام یوحەننا و ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکار و فەرەنسیس داود و محمد صالحی نای و حسين جونبوش" و ئەوانیتر.



لێرەدا گەرەکە ئاماژە بە مامۆستای میوزیکی کۆچکردوو "ولیام یوحەننا" بدرێ، کە ڕۆڵێکی گرنگی بووە، لە ڕاهێنان و فێرکردنی هونەرمەنداندا لە ساڵەکانی پەنجاوە تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، گیانی شاد بێت. لەساڵی 1969 دا تیپی موسیقای سلێمانی و تیپی نواندنی سلێمانی پێکەوە کاریان دەکرد و ئاهەنگی مۆسیقا و نواندنیان دەگێڕا پاشان لێک جیابوونەوە، هەریەکە بە ناوی خۆیەوە"تیپي مۆسیقای سلێمانی" و "تیپی نواندنی سلێمانی" و هەریەکەیان مۆڵەتی فەرمی خۆیان وەرگرت و دەستیانکردە کاری هونەریی. لەساڵی 1969 دا کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی دامەزرا کە بوارەکانی ئەدەبو هونەری لەخۆگرتبوو پاشان ناوی گۆڕا بۆ کۆمەڵی هونەرەجوانەکان و لقیشیان لە شوێنەکانی تردا هەبوو. لە ساڵی 1971 دا "تیپی موزیکی زانکۆ" لەسەر دەستی هونەرمەند "ئەنوەر قەرەداغی" دامەزرا. لە ساڵانی حەفتاکاندا تیپی مەولەوی دامەزرا دیارە ئەمانیش ڕۆڵی خۆیانبوو.

لەساڵی 2002 تیپی ئۆرکسترای سلێمانی دامەزرا و لەساڵی 2003 دا تیپی مۆزیکی کیژان لەسەر دەستی هونەرمەند "ئەنوەر قەرەداغی" دامەزرا. سلێمانی هەمیشە شاری بەرخۆدان و بەرەنگاریی بووە، بۆیە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی 1961 لە سلێمانیەوە بڵێسەی سەند. لەساڵی 1963 دا کۆمەڵکوژیی لاوان و ڕۆشنبیران و وەرزشەوان و کەسانی سڤیلی ئەم شارە، لە ڕۆژی شوومی 9ی حوزەیراندا لە ئەنجامی قەدەغەی هاتوچۆ لە لایەن تاوانباری مێژوو "زەعیم سدیق" ئەنجامدرا، کە دەیان ڕۆڵەی ئەم شارەی کۆکوژ کرد، لە "حامیەی سلێمانی،"کە پاشان ئێسکوپروسکی پیرۆزیان لە بۆنەیەکی شایستەدا گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان کە چڕترین گۆڕستانی شەهیدانە و پڕە لە شەهیدانی گیانفیدایوو قەڵەم، بە خۆشحاڵیەوە مۆڵگەی حامیەی ئەوکات ئێستا بۆتە "پارکی ئازادی" و پانۆرامای ئەو شەهیدانەی تێدایە.

یەکەمین زانکۆ لە کوردستاندا لە سلێمانی دەرگای ئاوەڵابوو لەساڵی 1968 دا بەناوی زانکۆی سلێمانی، کە بووە لانکەی ڕۆشنبیریو مینبەری زانست و ئەدەب بەڵام دوژمنی سەرسەخت چاوی پیا هەڵنەهاتوو بە بیانووی نائارامی ئاسایشیەوە ڕایگواست و ناوەکەشی گوڕیو دایە شاری هەولێر.

ماوێتی

# ئیلهام ئەحمەد؛ ئەو ژنەی رەنگەکانی لە رۆژئاوا تێکەڵکرد

**هێمن حەسەن**

خاتونێکی هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام توندە لە مامەڵەدا، بە ئارامی دەستەواژەکان دەدرکێنێت و دەزانێت چۆن هەڵیاندەبژێرێت. ئەو ئەندازیاری بەشدارپێکردنی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکان بوو، لە ئیدارەی خۆسەری. ئێستاش وڵاتان و کیشوەرە جیاوازەکان دەبڕێت بۆ مانەوەی ئەو قەوارەیە و پاراستن و هێشتنەوەی خەڵکەکەی لەسەر خاکەکەیان. ئەو ژنە سیاسەتوانە ئیلهام ئەحمەدە کە لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا، زیاتر دەرکەوت، سەردانی ئەوروپاو ئەمریکای کرد بۆ پاڵپشتی و ناساندنی تاوانەکانی تورکیاو گروپە چەکدارەکانی بە دونیا . ئیلهام ئەحمەد دەمێک نییە لەسەر شاشەی میدیاکان و روپەڕی رۆژنامەکان دەبینرێت. بەڵام خەبات و تێکۆشانی مێژویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئاشنابونی لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان.


ئیلهام ئەحمەد ساڵی ١٩٧١ لە گوندی ”زەرکا“ی سەر بە ناحیەی ”راجۆ“ی کانتۆنی عەفرین لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە عەفرین تەواوکردوەو بۆ زانکۆ چۆتە حەلەب و لەبەشی ئەدەبی عەرەبی دەخوێنێت.

دوو ساڵ لە زانکۆ دەمێنێتەوە، بەڵام کاری سیاسی رێگەی پێنادات خوێندنەکەی تەواو بکات و دوای قۆناغی دووەمی زانکۆ دادەبڕێت و کاری سیاسیی دەکات. خاتونێکی چالاکی سیاسی دەبێت و ژیانی خۆی بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان و تەرخان دەکات سەرەتای نەوەدەکان پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پەکەکەوە دەکات و بەنهێنی لە عفرین کاریان لەگەڵدا دەکات. ساڵی ٢٠٠٣ بەتۆمەتی کاری سیاسی و دژایەتیکردنی دەوڵەت دەستگیردەکرێت و دوای ساڵێک ئازاد دەکرێت.

چەند جارێک لە رۆژئاوای کوردستان چاوی بە عەبدوڵا ئۆجەلان دەکەوێت و بۆ کارکردن لە بواری ژنان و سیاسیش رێنمایی و ئامۆژگاری لێوە وەردەگرێت. ئیلهام لە بنەماڵەیەکی سیاسی و تێکۆشەر بووە، باوکی چەند جارێک لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلاندا یەکتریان بینوە و گفتوگۆیان کردووە. خوشکێکی ئیلهام، بەناوی ”لەیلا“ وەک شەرڤانێک بەرگری لە شارەکەی دەکرد لە عەفرین، بەڵام دوای چەند رۆژ بەرگری لە زێدی خۆی شەهید دەبێت. وەک یەکێک لە هاورێیەکانی باسی دەکات ئیلهام ژنێکی لەسەرخۆیەو کارەکانی بە زیرەکانەو ئارامی دەکات، لە کارەکانیدا بە کەسێکی جدی و کەمێک توند دادەنرێت کەمتر پێدەکەنێت و زیاتر کار دەکات. یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ناوبراو وەک سیاسیەکی ژن لە رۆژئاوای کوردستان هەیەتی ئەو پەیوەندییە باشەیە کە لەگەڵ عەشیرەت و هۆزە عەرەبەکانی رۆژئاوا هەیەتی، ئەم پەیوەندیەش بووەتە هەوێنی بەیەکەوە ژیانی پێکهاتەکان، هاوکات خۆشی ئەندازیاری بەشداری پێکردنی پێکهاتەکان بوو لە ئیدارەی خۆسەردا.

ئێستا ئەو سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات (مەسەدە)یە کە وەک– وەزارەتی دەرەوە دەبینرێت.

– لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، ئیلهام ئەحمەد بەرەو ئەوروپا بەڕێکەوت، لە ١٠ی ئەم مانگە وتارێکی لە پەرلەمانی ئەوروپا پێشەکەش کردو توانی پشتیوانی نوێنەرانی ئەوروپا بەدەستبهێنێت. بە ئاماژەکردن خراپی دۆخی ”کریستیان“ەکان سەرنجی ئامادەبووانی بۆ پێکەوەژیانێکی سەرنجڕاکێشی پێکهاتەکانی باکوری سوریا راکێشا، ئەوان ستایشی ناوبراویان کرد وەک ژنێک توانیویەتی هەمەڕەنگی پێکهاتەکانی باکوری سوریا بپارێزێت. دواتر لە ناو چەپڵەرێزانێکی بەجۆشداو وێنەگرتن لەگەڵیدا ماڵئاوایی لێکرا. ئیلهام ئەحمەد لەماوەی ئەم ٢٠ رۆژەدا کە لە ئەوروپاو ئەمریکایە توانی سۆزی ئەوروپیەکان و ئەمریکیەکان بۆ رۆژئاوای کوردستان رابکێشێت، بەڵام ئەو لەبارەی ئەو هاوسۆزییەوە لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا وتی: ”ئێمە بە هەڵویستی وڵاتانی جیهان دڵخۆشین، بەڵام پێویستمان بە چالاکی بەپەلە هەیەو پێویستە کارێک بکرێت کە تورکیا بکشێتەوەو گەمارۆی بخرێتە سەر، هاوسۆزی بەس نیە، بەڵکو پێویستە تورکیا لەسەر ئەو کردەوانەی سزا بدرێت.“




هەر لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئیلهام ئەحمەد لە کۆشکی ئەلیزێ چاوی بە ئیمانیۆل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا کەوت و دۆخی باکوری سوریای تێگەیاند، دواتر کۆشکی ئەلیزێ دیدارەکەی ماکرۆن و ئیلهامی بە سەرکەوتوو ناوبرد. دوای سەردانەکەی ئەوروپا، ئیلهام ئەحمەد لە ٢٣ی ئەم مانگە چووە ئەمریکاو لەبەردەم کۆنگرێس وتارێکی پێشکەشکرد، بۆ روونکردنەوەی ئەو دۆخەی لە باکوری سوریا دروست بووە هەروەها بە ئامانجی رازیکردنی سیاسیەکانی ئەمریکا بۆ رازیکردنی ترەمپ تا کارێک بۆ کورد بکات، بۆ ئەو مەبەستەش بە رووخسارێکی خەمناک و هیلاکەوە وتارێکی لە کۆنگرێس پێشکەشکرد. ئەو کاتێک وتارەکەی پێشکەش دەکرد وەک دیبلۆماتکارێکی هێمن و ژیر دەردەکەوت کاتێک بێ هەڵچوون و بەبێ هێرشکردنە سەر ئەمریکا قسەکانی خۆی دەکردو وەک سیاسیەکی بە ئەزموون بە وریاییەوە دەستەواژەکانی بەکاردەهێنا، بەتایبەت کاتێک سوپاسی ئەمریکای کرد کە لە رابردوودا پشتیوانی کوردیان کردووە. کۆنگرێسمانەکان لە گوتەکانیاندا سەرسامی خۆیان بە تواناکانی ئیلهام نیشاندا کە وەک ژنێکی کورد توانیویەتی بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی بکات. بەشێک لە کۆنگرێسمانەکان لەبەردەم ئیلهامدا رەخنەیان لە سەرۆکەکەیان (ترەمپ) گرت. گوتارەکەی ئیلهام کاردانەوەیەکی خێرای لەناو کۆنگرێس و میدیاکانی ئەمریکاو جیهان دروست کرد، بەڵام وا دەردەکەوێت ئەم وتانەی هێشتا کاریگەریان لەسەر ترەمپ نەبووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی.ئیلهام ئەحمەد بەڵێنەکەی ترەمپی بیری ئەمریکایەکان هێنایەوە کاتێک لە ٢٠١٩/١/٣٠ لە یەکێک لە خواردنگەکانی کۆشکی سپی چاوی بە ترەمپ کەوتبوو کە بەڵێنی ئەوەی پێدابوو نەهێڵێت تورکیا هێرش بکاتە سەریان. لەو کاتەدا دیدارەکەی ئیلهام ئەحمەد و ترەمپ تەنها سێ خولەکی خایاند و ئەو کاتە کەمەی قۆستەوە و خۆی پێ دەناساند و داوای هاوکاری لێکرد، ترەمپ لەو سی خولەکەدا بەڵێنی ئەوە بە ئیلهام دا، کە قسە لەگەڵ ئەردۆغان دەکات و ناهێڵێت هێرش بکاتە سەریان. ئیلهام بە یەکێک لەو سەرکردانەی رۆژئاوای کوردستان کە دژی داواکارییەکانی ئەنەکەسە بۆ دامەزراندنی دوو هێزی سەربازی لە رۆژئاوا رەتدەکاتەوە و پێیوایە نابێت وەڵامی ئەو داواکاریانە بدرێتەوە، کە دەیانەوێت ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە رۆژئاوا دووبارە بکەنەوە. ئیلهام ئەحمەد وەک زۆرێک لە سەرکردەکانی دیکەی رۆژئاوای کوردستان بەهۆی خەبات و تێکۆشانیان لەپێناو مافەکانی گەلەکەیان هاوسەرگیری نەکردووە و نەپەرژاونەتە سەر ئەوەی ژیانی تایبەت بە خۆیان لەبەرچاو بگرن.

# جینۆسایدی ئەرمەن. پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکای

## ئــــالۆزتر کـــــــــرد- نووسینی: بورهان شێخ ڕەئوف



ناکرێ و ناتوانرێت تا ئەبەد بەری خۆری ڕاستیەکان بگیرێت، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار زۆر ڕاستی ڕوون و ئاشکرا دەبنەوە و پەردەیان لە سەر هەڵدەماڵرێت، دەردەکەوێت کێ تاوانبارەو و کێ قوربانی. تەنانەت هەندێک لەوکارو تاوانانە کاریگەری و زیانەکانی بۆ نەوەکانی داهاتووش دەمێنێتەوە. بۆیە تورکیاش ناتوانێت تا کۆتایی دنیا نکووڵی لە جینۆسایدو قڕکردنی یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی بکات و پەنجەرەو دەرگاکانی مێژوو کڵۆم بدات کە لە لە ساڵی 1915 و ساڵانی دواتریش ئەنجامی داوە، چونکە ئەوە ڕاستیەکی بەڵگە نەویستەوە دەیان دۆسیە و دۆکۆمینتی بەهێز هەن دەیسەلمێنن.

دوا هەنگاوی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە 29 تشرینی یەکەم 2019 بە کۆی دەنگ 405 دەنگ بەڵێ بەرامبەر 11 دەنگ نارازی دانیان نا بە جینۆسایدو قەتڵ و عام و قڕکردنی گەلی ئەرمەن لە سەردەمە دەوڵەتی عوسمانی ، لە سادەترین واتادا ئەم مەسجە ماناو مەدلوولی ڕاشکاوانە بۆ دەوڵەتی تورکیا و سەرۆک کۆمارەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەڵەکانی ئێستا دەفتەری تاوان و قەرزە کۆنەکانی ڕابر دوو هەڵدەداتەوە. بەڵێ کوشتاری ئەرمەن پەڵەیەکی ڕەشە بەناوچاوانی تورکەوە لە هەموو کاتێکدا، چونکە ئامارەکان و سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە پتر لە یەک ملیۆن و نیو هاوڵاتی ئەرمەنی سڤیل و بێتاوان قڕکراوان و ژنی سکپڕ ورگیان دڕاوەو دەستدرێژی کراوەتە سەریان، پیاوانی پیرو پەککەوتەو و منداڵ و پیرەژن لەسەر ڕێگاو بانەکاندا لە خاچ دراون. ئەگەرچی لە ڕابردوودا بە هۆی سیستمی دوو جەمسەری جیهان و جەنگی ساردەوە ئەمریکاو ئەوروپیەکان و ناتۆ گرنگیەکی زۆریان بە تورکیا دەداو وەکو هێڵی پێشەوە بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لێی دەڕوانرا، بەڵام ئێستا ئەو دیدە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووەو دەرهەق بە تورکیا لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ بەهۆی کۆمەک و هاریکارییەکانی ئەردۆگان بۆ تاقم گروپە تیرۆریستەکان، زۆر لە قەبارەو گرنگیەکەی دابەزیووەو تەنانەت باسی ئەوە دەکەن کە کاتی ئەوە هاتووە تورکیا لەو هاوپەیمانێتیە وەدەرنرێت.

هۆڤیەتی و دڕەندەیی تورکیا بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان هەرلە کۆنەوە تا ئێستا و بە تایبەتی ئەوەی لەم دواییەدا بەرامبەر بە کوردەکانی سوریا کردی یان، هانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ی دا بە هەردوو پارتی گەورەی دیموکرات و کۆمارییەکانەوە کە هەوڵی سزادانی تورکیا بدەن ئەگەر لە ڕووی مۆراڵیشەوە بێت.

### کاردانەوەکانی تورکیا بەرامبەر بەم بڕیارە؛

لە 30 تشرینی یەکەم 2019 واتە هەر ڕۆژێک دوای بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا باڵوێزی ئەمریکای لە ئەنقەرە بانگهێشت کرد تاوەکو نیگەرانی و ناڕەزایەتی حکومەتی تورکیا بە ئەمریکا بگەیەنێت بەرامبەر بەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە بە فەرمی جینۆسایدی ئەرمەنەکانی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ناساند بوو لە سەدەی پێشوو. ئاژانسی ئەنازۆڵی تورکی فەرمی لە زاری بەرپرسانی پایە بڵندی وڵاتەکەیەوە ئەوەی ڕاگەیاند بوو کە ئەم بڕیارە هیچ بنەمایەکی یاسایی و مێژوویی نیەوە کە لە ساڵی 1915 ڕویداوە. بەڵکو ئەمە کاردانەوەیە بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لە باکووری سوریا دەخوازن سزامان بدەن.

هەروەها گلەیی ئەوەیان لە ئەمریکا کردووە کە ئەم بڕیارە لە گەڵ گیانی هاوپەیمانێتی نێوان ئەمریکاو تورکیا ناگونجێت بە تایبەتی هەردووکمان ئەندانی پەیمانی ناتۆین، لە هامان کاتدا دژ بە ئەو ڕێکەوتننامەیەیە کە لە 17 ئۆکتۆبەر 2019 لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ئەنقەرە واژۆکرا سەبارەت بە دۆخی باکوری سوریا.لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەئەوەش بکەین سەرەڕای بڕیاری بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی ئەرمەن لە لایەن تورکیای عوسمانیەوە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بڕیارێکی تریشیان دەرکردووە ئەویش سزادانی ئەو کاربەدەست و بەرپرسە باڵانەی حکومەتی تورکیاو ئەو بانکانەی کە پشتیوانی حکومەتی تورکیایان کردووە لە ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی.

---

# چارەنووسی پیاوانی گوندیی کورد



نوسەر و ڕۆژهەڵاتناسی نەرویجی ئارلینگ فۆلکڤۆر لەکتێبی "کوردستان" ئەم ڕووداوەی نووسیوە: لە گوندێکی باکوری کوردستان، سەربازانی تورک خەڵکی گوندەکە کۆدەکەنەوە، پیاو لەلایەک و ژن و منداڵ لەلایەکی تر.

پیاوەکان ڕووت دەکەنەوە، ژنەکانیان ناچار دەکەن پەت لەئەندامی نێرینەی مێردەکانیان ببەستن و بەدوای خۆیاندا ڕایانبکێشن.

فۆلکڤۆرد لەسێ دیمەندا چارەنوسی پیاوانی گوند دەگێڕیتەوە"

بەشیکیان خۆیان کوشت. بەشیکیان لەتاریکیدا گوند و خێزانیان بەجێهێشت وسەری خۆیان هەڵگرت. بەشیکیشیان لەژووری تاریک و داخراوەدا گۆشەگیر مان.

# عێراقی ئاڵتونی



1- لە ساڵی 1937 شانشینی ئوردون داوای کرد بە عێراقەوە بلکێندرێت، چونکە ئوردون هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو تاوەکو گەل و وڵاتەکەی پێ بژێنێت.

2- لە ساڵی 1939 کوێت داوای کرد بخرێتە پاڵ عێراق تاوەکو سوودمەند بێ لە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوی سازگارو پەروەردو تەندروستی.

3- لە ساڵی 1952 قەبارەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر حوکمەتی بەریتانیا 50 ملیۆن دۆلار بوو , لەو کاتەدا باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق داوای لە باڵویزی عێراق کرد لە لەندەن تاوەکو بە پەلە قەرزەکانی بۆ دەفع بکات.

4- لە ساڵی 1956 قەبارەی هەناردەی گەنمی عێراق بۆ هەر یەک لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیا سێ ملیۆن تەن بوو.

5- لە ساڵی 1954 عێراق یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو تەلەفزیۆنی هاوردەکرد , ئەویش دوای ئەوەهات پێشانگایەکی گەورە لە شاری بەغدا کرایەوە لە نێو پێشەنگاکە کۆمپانیایەک تەلەفزیۆنی نمایش کردبوو , وەزیری مەعاریفی عێراقی سەرەتا چەندین تەلەفزیۆنی کڕی بۆ قوتابخانەکان وەک میکانیزمی فێرکردن , پاشان دوو ساڵی نەبرد لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی دووەم یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆن لە ساڵی 1956 لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرایەوە.

6- لە ساڵی 1959 جەمال عەبدولناسر کەنداوی سوێسی بە ڕووی کەشتیەکانی عێراق داخست , چونکە لەو کاتەدا کەشتیەکان کەلوپەلیان لە عێراقەوە بۆ ئەوروپا دەگواستەوە , بەمەش عەبدولناسر ویستی گوشار بخاتە سەر حوکمەتەکەی عبدالکریم قاسم.

7-لە ساڵی 1961 ژمارەی کرێکارە بیانیەکان لە عێراق دەگەیشتە 85 هەزار کرێکار، ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بوو بە بەراورد بە دانیشتووانی عێراق کە لە نێوان 5 بۆ 7 ملیۆن کەس دەبوو.

8- لە ساڵی 1964 ڕێژەی بەشداری پشکی کەرتی تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی گەشەی کرد بۆ لە 64% زیاتر.

9- لە ساڵی 1967 عێراق هاوکاری بەپەلەی گەیاندە دانیشتوانی ئیمارات کە پێک هاتبوو لە 4 ملیۆن مەتر مکعب ئاوی خاوێن , 50 هەزار تەن ئارد , 27 هەزار پارچە جلوبەرگ , 5 هەزار تەن خورما.

10- لە ساڵی 1968 عێراق 5 تەن دەرمانی بە 100بارهەڵگر لە کارگەی بابل نارد بۆ میسر پاش نسکۆی ساڵی 1967.

11- لە ساڵی 1971 ژمارەی ئەو عێراقیانەی گەشتیان کردبوو بۆ ئەوروپا و لوبنان زیاتر لە 70 هەزار کەس بوو , لە کاتێکا ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە کاتەیا 8.5 بوو.

12- لە ساڵی 1978 داهاتی تاکە کەس لە عێراق گەیشتە هەزار دۆلار لە ساڵێک دا , عێراق لە ڕیزبەندی سێیەمی جیهان بوو لە پاش ئەمریکاو بەریتانیا لە بەرزی داهاتی تاکە کەس.

13- لە ساڵی 1979 عێراق 5 خەڵاتی لە یونسکۆ وەرگرت پاش ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری نزم بۆوە بۆ کەمتر لە 10%، بەمەش توانی پێش یابان و کۆریای باشوورو چین و ئیسپانیاو ئیسرائیل بکەوێت , یەکێک لەو پێنج خەڵاتە بریتیبوو لە خەڵاتی باشترین پەروەردە لە ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

14- عێراق تاکە وڵاتی عەرەبی بوو خاوەنی پاسی دوو نهۆمی سوور بێت لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا...!!

## نامەی کۆمەڵێك نووسەری جیهانیی

## بۆ یەکێتیی ئەوروپا: ڕێ لە کۆمەڵکوژیی کوردان بگرن

ڕۆژنامەی گاردیان نامەی کۆمەڵە نووسەرێکی جیهانیی بەناوبانگی بۆ یەکێتی ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە، نامەکە پێد اگرتنێکی ئەخلاقییە لەسەر ئەو ڕۆڵەی پێیستە نووسەران و ڕۆشنبیران لە دونیادا بیبینن. نامەکە داوای ڕێگەگرتن لە بەردەوامی ئەو جەنگە دەکات کە ئەردۆگان بەرامبەر کوردانی ڕۆژئاڤا هەڵیگیرساندوە. نووسەرەکان خۆیان وەک نوێنەری ویژدانە ئینسانیی و فەرهەنگییەکەی ئەوروپا نیشانئەدەن و پێیانوایە ئەوروپا نابێت لەبەرامبەر ئەم جەنگەدا بێدەنگ بێت. لەدیدی ئەم نووسەرانەدا ئەم جەنگە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەوروپاوە هەیە، چونکە ئەو چەکانەی لەم جەنگەدا بەکاردێن ئەو چەکانەن کە ئەوروپا دروستیکردون و ئەوروپا فرۆشتونی. خاڵێک کە ئەم نووسەرانە جەغتی لێدەکەن ئەوەیە کە ئەردۆگان درۆ لەگەڵ هەموو جیهاندا دەکات، بەوەی ئەو جەنگە وەک جەنگ ناونەبات و وەک هەوڵدانێک بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیی دەیناسێنێت. بۆ ئەممەبەستەش وشەیەک ئەمڕۆکە لە تورکیادا ناتوانرێت باسبکرێت وشەی جەنگە. هەموو باسکردنێکی وشەی جەنگ لەو وڵاتەدا وەک تاوان و خیانەتی نیشتیمانی وێنادەکرێت، ئەو کەمە دەنگە ئازادانەش کە ماون و دەوێرن بەڕوونی بدوێن و جەنگەکە وەک جەنگ ناوبنێن، ڕووبەڕووی سەرکوت و هێرش و زیندانیکردن دەبنەوە. نووسەرەکان داوادەکەن ئەوروپا یەکدەنگ بە هانای کوردەکانەوە بچێت و گوێ لەو حیکایەتە درۆزنانە نەگرێت کە ئەردۆگان بۆ دونیای دەکات.

نووسەرەکان: ڕۆبێرتۆ ساڤیانۆ، سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ، فێرناندۆ ئارامبورۆ، ماری ئەوگە، مارتن کاپارۆس، ئانی ئێرناوکس، ئیلێنا فێرانتە، بێرنارد هێنری لیڤی، حەنیف کورەشی، سەلمان ڕوشدی، ماریۆ فارگا لۆسا، هێرتا مولەر، ڕۆبەرت هاریس.

Roberto Saviano, Svetlana Alexievich, Fernando Aramburu, Marc Augé, Martin Caparros, Annie Ernaux, Elena Ferrante, Bernard-Henri Lévy, Hanif Kureishi, Salman Rushdie, Mario Vargas Llosa, Herta Mueller and Robert Harris

# ڕۆژئاوای کوردستان دەوڵەتی تورکیا دەهاڕێت- نووسینی: شوان ئەحمەد باپیر



مێژووی تراژیدیای کورد لە دێرزەمانەوە ڕووبەڕوی ئەم جۆرە کارەساتانە بۆتەوە، بەڵام بە چەندین جۆرو شێوازی جیا، ئەوەی ئێستا هاتۆتە ئاراو دەگوزەرێت پێشینەیەکی هەبووە، هەر لە دابەشکاری پەیمانی ١٩١٦ سایکس پیکۆوە، کە هەریەکە لە فەڕەنساو بەریتانیا و ڕووسیا ماستەرمایندی بوون، بەڵام ڕوسیا بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کشایەوە و ئەم ڕێکەوتننامەیەی ڕیسواکرد، خاکی کوردیان لە نێو خۆیان بەش کرد، ئاکامی شەڕ بۆسەر کوردان بریتی بوو لە دابەشکردن لەناوبردن و برسیەتی بوو، تۆرانییەکان بەلاسایی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی ئەوروپا دەستیان کرد، بە قرکرنی کورد بە چەندین ڕێگە، ٦٠٠ هەزار گوندی کوردیان ڕاگواست ١ملیۆن کورد تەنها لە ماوەی یەکەم جەنگی جیهانی ئاوارەو تیاچوون. بە هۆی لاوازی و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەرفەتێکی لە بار هاتە ئارا بۆ ئەوەی کوردیش دەستەبەری مافەکانی خۆی بکات، ئەوەبوو پەیمانی سیڤەر لە ئابی ١٩٢٠یان هێنایە کایەوە بۆ ئەوەی زیاتر ناوچەکە بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان، بەڵگەش ئەوەبوو هاوپەیمانان بە مۆرکردنی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣ کوردیان کردە قوربانی بەرژوەندییەکانی خۆیان و هاوپەیمانەنوێیەکەی خۆیان دەوڵەتی کەمالی، کە هەموو هەوڵێکیدا بۆ ڕەشکردنەوەو توانەوەی کورد لە بۆتەی ڕەگەزی تورک بەڵام خەونەکەی هاوشێوەی تۆرانییەکانی تر لەگەڵ خۆیدا نێژرا، بەڵام کوردەکان هەرگیز کۆڵیان نەداوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی گەلانیتر بە مافەکانی خۆیان شاد بن، چەندین جار بە هۆی ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان لە سەروی هەموویانەوە ڕووسیاو ئەمریکا کورد لە هەرچوار پارچە وەک دەسکەوتێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە، بەڵام پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە، کە بۆچی تا ئێستا دان بە مێژووی خۆمان نانێین وەک ئەوەی هە بووە، لەوانە بە چەندین هۆکار دونیا بینینی سیاسی کورد لە ئاستێکی لاواز بووە، بوونی ناکۆکی گەورە لە نێو سەرانی کورد بە درێژایی مێژوو، پێکهاتەی خێڵ و پابەند بوون بە نەریتی خزمایەتی زۆر لە یەکە کارگێڕی و بەڕێوبردنەکان ڕەنگیداوەتەوە لە زۆربەی وێستگەکانی مێژووی کورد، لەگەڵیشیدا ڕۆڵی وڵاتە سەرکوتکەرەکانی دەوروپشت لە وانە تورک، فارس، عەرەب.



لە لاوازکردنی زۆربەی لایەنە ژیارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ڕێگەیان نەداوە کورد ئارەزوو مەندانە بگاتە کە نارێکی ئارام، تەنها لە کوردستانی عێراق نە بێت، ئەمەی بۆ دەستەبەر کراوە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە بە هەموو کەموکورتییەکانیشەوە ڕۆژئاوای کوردستان لە وەتەی بە هاری عەرەبی لە ٢٠١١ەوە توانیویانە لە سەر چەندین هێل سیاسەت بکەن و تایی تەرازویان بەیەک لای یان ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی سوریا – ئێران یاخود ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ساخبکەنەوە، ئەمەش دوربینیان لە سیاسەت بۆ بەدیار دەخات، چونکە ناوچەی تیادا دەژین ڕۆژانە ڕووبەڕوی ئاڵنگاری دژوار دەبێتەوە لەوانەش ڕووبەڕوو بوونەوەی تورکیا دووەم هێزی ناتۆ و هێزی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا، گروپە بەناو ئیسلامییەکانی سوریا، بەڵام بەرخودانی گەل بە کۆی پێکهاتەو ڕەگەزەوە وای لە سەرانی جیهانی سەرمایەداری کردەوە، کە پشتگوێخستنی کوردەکان دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بۆ مێژوویی دیموکراتییەکەیان کە بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئەفرۆشن، ئەمەو لە دوایین وتاری سەرکردەی هێزەکانی سوریایی دیموکرات(( مەزڵوم کۆبانی)) ئەوەی خستە ڕوو، کە سەرەڕای ڕێککەوتن مەترسی تورکیا درێژەی دەبێت. لە هەر ئەگەرێکی کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە سێبارە کوردەکان هاوشێوەی عەفرینی جێهێشتراو لەلایەن ڕووسەکانەوە و کشانەوەی ئێستای ئەمریکا، دۆخەکان ئاوەژوو دەبنەوە، چونکە تورکیا گەر ڕێگاکانی بۆ واڵا بکرێت هاوشێوەی عوسمانییەکان سڵ ناکاتەوە لە داگیرکاری بۆ گشت خاکی سوریا، ئەمەش بەریەککەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی سوریا لێدێتە کایەوەو باجەکەشی بە تیاچوونی خۆی دەبێت لە ناوچەکە، ئەگەر ئەم سەرکێشییە بکات، بەڵام تورکیا بە چەندین کێشە گرفتارە، لەوانەش بوونی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی دژ بەو داگیرکارییەی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها ئابوورییەکەی بەردەوام لە شلەژانە لەهەر ئەگەرێکی سەپاندنی سزای دژوار بەسەریدا ئابورییەکەی دەڕوخێت، هەروەها کۆ دەنگی وڵاتە عەرەبییەکان جگە لە قەتەرو فەلەستین نەبێت، ئەمانەش تورکیای هەراسان کردووە. هەروەها ئەگەربیرۆکەی بایکۆتی کاڵای تورکی بچێتە قۆناغێکی جیهانی ئەوا لە کاتێکی نزیکدا ئابووریەکەی لە ڕووخانێکی بێوینەیی نزیک دەکاتەوە، بە هۆی ئەو هێرشە داگیرکارییەی کردویەتییە سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

# بۆچی کوردانی رۆژئاوا نەچوونە پاڵ هێزەکانی ڕژێمی سوریا؟

وەرگێرانی: لوقمان حاجی قادر



ڕژێمی سوریا هەوڵ دەدات سوود لە گۆڕانکارییە سیاسی و مەیدانییەکانی ئەم دوایەی سەر گۆڕەپانی سوریا وەرگرێت، بۆ قایمترکردنی پێگەی خۆی و فراوانکردنی ڕووبەرە خاکێکی زۆرتر، بۆیە 30 ئۆکتۆبەر داوای لەهێزەکانی سوریای دیموکرات کرد، بێنە پاڵییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارییەکەی تورکیا، ئەمەش دوای بڵاوەپێکردنی بەشێیک لەهێزەکانی لە باکووری سوریا، بەڵام سەیر ئەوەیە تەنانەت دوای ئەو هەنگاوە لێکتێگەیشتنەی نێوانیان، کەچی شەڕڤانان ڕەتیانکردەوە بچنەپاڵ هێزەکانی حکومەتی سوریاوە، بەو پێیەی پێیان وایە ئەم هەنگاوە ناتەبایە لەگەڵ دیدگا و بۆچوونەکانیان، کە واقعە تازەکە سەپاندوویەتی. فشاری بەردەوام دواکارییەکەی ئەم دوایەی ئەسەد بۆ کوردەکان هاوکاتی دوو پەرەسەندنی گرنگە، یەکەم: گرێدانی یەکەم دانیشتنی لیژنەی دەستووری سوریا لە جنێف، کە 150 کەس تێیدا بەشدارن و کراون بەسێ بەشەوە (50 بۆ ڕژێم سوریا، 50 بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، 50 بۆ کۆمەڵگای مەدەنی).

ئەوان هەر لە سەرەتاشەوە شێلگیربوون، کە خۆسەری بەرێوەبەری باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات، لەو لیژنەیە دوورخەنەوە، ئەمەش بە فشاری تورکیا لە ئاکامی لێکتێگەیشتنەکانی لەگەڵ هەریەک لە ڕوسیا و ئێران لە ئاستانە. لەبەرانبەردا شەرڤانانی سوپای سوریای دیموکرات هەسەدەش ڕایگەیاند، کە ئاکامەکانی کۆتایی ئەو دانیشتنانەی لیژنەکەی بەلاوە گرنگن نین، بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە دوورخراوەتەوە لە بەشدارییپێکردن، سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی گرنگە لەهاوکێشەکەی سوریا و ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریشی لە جەنگی دژ بە داعش گێراوە، کە کۆتا ڕۆڵی کوشتنی ئەبوبەکری بەغدای بوو.




دووەم: کشانەوەی هێزە کوردییەکان لە ناوچە سنوورییەکانی سوریا بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر، ئەمەش بە گوێرەی ڕێککەوتنی سوچی نێوان تورکیا و ڕوسیا لە 22 ی ئۆکتۆبەری مانگی پێشوودا، ئەمەش کەوتنێکە بۆ کوردەکان بەهۆی لێکتێگەیشتنەکانی تورکیا لەگەڵ هەریەک لە ڕوسیا و ئەمریکا. ئامانجی جۆراوجۆر بێگومان ڕژێمی سوریا لەڕێگەی ئەو داواکارییەوە لە هەسەدە، نیازی گەیشتنە بە چەند ئامانجێک، یەکەم: پاڵپشتیکردنی پێگەی سیاسی و دانوستانکاری خۆی لە هەمبەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە تورکیا پشتیوانیان لێدەکات، سەرباری ئەوەش دانیشتنەکانی ئەو لیژنەیە پەرە بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی دەدات، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە لیژنەکە ئاستەنگ و کوسپ و تەگەرەی نایەنەڕێ، ئەمەش لە سایەی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان لایەنە بەشداربوونەوەکاندا هەن (ڕژێم، ئۆپۆزسیۆن، کۆمەڵگای مەدەنی)، بە ڕادەیەک هەندێک پێیان وایە پێویستە زۆر گەشبین نەبین بە ئاکامەکانی ئەو لیژنەیە، بۆیە ڕژێمی سوریا شیمانەی ئەوەی کردووە کە پێکدادانە چەکدارییەکان دەستپێبکەنەوە، هەر بۆیەش گەرەکییەتی کەناڵەکانی پەیوەندی بە هێزە کوردییەکانەوە دانەخات. دووەم: فراوانکردنی جوغزی بژاردە بەردەستەکان لە بەردەم ڕژێمی سوریا لە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جوڵە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری سوریا. بۆیە چاودێران بەدووری نازانن دیمەشق پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرە بە کراوەی بێڵێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنە پاشکۆکانی سەر بە تورکیا، دەستیان بەسەر چەند شوێنێکدا گرت کە پێشتر کوردەکان تیایدا باڵادەست بوون، لێرەشەوە دیمەشق هەوڵی ئەوپەڕێ ڕادەی فشارخستنەسەر ئۆپۆزسیۆن دەدات کە تورکیا پشتیوانیانە، دەشتوانێت ئەم خاڵە لە گفتوگۆکانی لیژنە دەستوریەکە لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە. تورکیاش لەسەر زاری مەولود چاوش ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی وتی: پەیوەندییان بە دیمەشقەوە نەپچڕاوە و ئەمەشی بە ئاسایی لە قەڵەمدا. سێیەم: برەودان بە توانستە مەیدانییەکانی ڕژێم لە دەستگرتن بەسەر زۆرترین ڕووبەری خاک، ئەمەش دوای پاشەکشەکردنی هەژموون و چالاکی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕێکخراوە تیرۆرستە چەکدارەکان لە مانگی پێشوودا. دژە ئاراستەیەک کوردەکان بەخێرایی داواکەی دیمەشقیان ڕەتکردەوە، ئەمەش بەدەرە لەپێدراوەکانی ئەو پەرەسەندنە مەیدانی و سیاسییانەی لەم دواییەدا ڕوویاندا، چونکە هاتنەپاڵی شەڕڤافان بۆ ناو ڕیزەکانی سوپای حکومەتی سوریا، دەبێتە هۆی بارگرژبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە دەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی تەنگژەی سوریا. سەرباری ڕەخنەکانی کوردەکان لە سیاسەتی ئەمریکا لە باکووری سوریا، بەوەی لە 7 ی ئۆکتۆبەر، هێزە سەربازییەکانیان کێشانەوە، کەچی هێشتا ئەمە پاڵیان پێوە نانێت هەنگاوێکی لەو جۆرە بهاوێژن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی وەستاندنی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی لێیان دەکرێت، ئەمەش لەبەرانبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە جەنگی داعشدا گێڕاویانە. سەرباری ئەوەی ئەگەر کوردەکان ئەو هەنگاوەش بنێن، گەرەنتی ئەوەیان مسۆگەر نییە، کە لە ئایندەدا دەستکەوتی سیاسییان دەست دەکەوێت، بە تایبەتیش زۆرینەی ئەو هێزانەی نوێنەرایەتییان دەکەن لە لیژنە دەستورییەکە دوورخراونەوە، کە هەنگاوی یەکەمی ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەرێکی سیاسی لە سوریا، بەمەش لە کۆتایدا لە سەرجەم تەگبیرسازییە سیاسییەکان بێبەش دەبن کە ئێستا کار بۆ داڕشتنیان دەکرێت لە سوریا. لێرەوە، کوردەکان سەرجەم ئەو کەناڵانەی پەیوەندییەکانیان بە کراوەیی دێڵنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر پێشهاتێکی تازە، هەماهەنگیش لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی ئەسەددا دەکەن لەباکووری سوریا، ئەمەش تا ئەو کاتەی پێدراوی تازە دێنە ئاراوە، کە بەهۆیەوە بتوانن باشترین بژاردە هەڵبژێرن بۆ ئایندەی پەیوەندییەکاینان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

سەرچاوە: موستەقبەل

# کوردەکان زۆریان لێ دەکرێت ناوچەکانیان چۆڵ بکەن..!

## برێت مەکگۆرک وەڵامی تویتێکی ترەمپ دەداتەوە....



برێت مەکگۆرک وەڵامی تویتێکی ترەمپ دەداتەوە باس لەوە دەکات کە ئەو سیاسەتەی ئێستای ترەمپ مەترسیدار و ناهەماهەنگە.

پێشتر دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە نوێترین تویتدا باسی لەوە کردبوو، کە ئەوان نەوتیان لە ناوچەکە مسۆگەر کردووە و سەربازە ئەمەریکییەکان دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.

وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئەو تویتەی ترەمپ، برێت مەکگۆرک نوێنەری پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕی دژبە داعش نوسیویەتی:

"ئەم تویتەی ترەمپ باس لە سیاسەتێکی مەترسیدار و ناهەماهەنگ دەکات."

مەکگۆرک دەشڵێت: "هێزەکانی ئەمەریکا ناگەڕێنەوە بۆ خاکی نیشتمان، بەڵکو دەچن بۆ عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش، کە بەهۆی کشانەوەی لەناکاومان لە سوریا ئەگەری سەرهەڵدانەوەیان هاتۆتە ئاراوە."

نوسیویشیەتی: ناوچە نوێیەکان بە کورد نیشتەجێ ناکرێنەوە، بەڵکو کوردەکان زۆریان لێ دەکرێت لەناوچە ئاساییەکانی خۆیان بچنە دەرەوە.

هەر لە وەڵامی ترەمپدا مەکگۆرک نوسیویەتی: ئەمە پلانی ئاگربەست نیە، بەڵکو داواکارییە بۆ چۆڵکردنی ئەو شارۆچکانەی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانی سەربە تورکیاوە گەمارۆ دراون، ئەمەش هەمان ئەو تاکتیکەیە کە ئەسەد بەکاری دەهێنا.

لەوەڵامی ئەو نوسینەدا کە ترەمپ نوسیویەتی، نەوتمان مسۆگەر کردوە و هێزەکانمان دەگەڕێنەوە نیشتیمان، مەکگۆرک دەڵێت:

"چ نەوتێک؟ ئێمە لە سوریا بووین بۆ پاراستنی ئەمەریکییەکان لە داعش. سوپای ئێمە دەست ناگرێت بەسەر نەوتی وڵاتانی دەرەوە.

لە کۆتایی تویتەکەیدا مەکگۆرک باس لەوە دەکات کە ترەمپ لە تویتەکەدا ناوی وەزیری بەرگریی ئەمەریکاشی بەهەڵە نووسیوە.




Brett McGurk @brett_mcgurk · 43m
This Tweet speaks to dangerous and incoherent policy:

* US troops are not "going home". They're going to Iraq to manage a resurgent ISIS that we enable by abruptly leaving Syria.

* "New areas" aren't "being resettled w/Kurds." Kurds are being forced out of traditional areas.

Tweet

Donald J. Trump @realDonaldTrump

Mark Esperanto, Secretary of Defense, "The ceasefire is holding up very nicely. There are some minor

121 773 1.3K

Brett McGurk @brett_mcgurk

* This is not a "ceasefire" plan. It's a demand to evacuate towns besieged by Turkish-backed extremists, the same tactic used by Asad.

* What oil? We were in Syria to protect the American people from ISIS. Our military does not seize foreign oil.

* Name of SECDEF is wrong.

## کورد نەتەوەیەکی بێ خودایە و کافرە،

## کوردەکان زەردەشتین دەبێ هەموو بکوژرێن...!



ئەردۆغان : کورد بێ خودا ن کافرن، کورد زەردەشتین دەبێ هەموو بکوژرێن...!

پەیامی کورد ... کوشتاری کورد لە لاین ئەردۆغان ەوە بابەتی " پەکەکە " نییە " بزانن پاساوی چییە ؟؟؟.

بە پێی دواهەمین گوتاری ئەردۆغان و هەروەها گوتاری ٩٨ مەلا لە مزگەوتەکانی تورکیا لە ڕۆژی هەینیدا بەم شیوەیە ئاماژە و پاساو بۆ کوشتن و لە ناو بردنی کورد دەکەن . " کورد نەتەوەیەکی بێ خودایە و کافرە، کوردەکان زەردەشتین، ئەم نەتەوەیە جیاوازن لە شوێن کەوتوانی دین و بەهاکانی ئێمە، بۆیە دەبێ لە ناو ببردرێن".

# گەمژە لە ئەمەریکا



**لەتیف فاتیح فەرەج**

1

لە ماوەی ڕابردودا دۆناڵد ترەمپ، چەند جارێک سوکایەتی بە رەجەب تەیب ئەردۆغان کرد و پێی گوت گەمژەو گوتی دەبێت ئاقڵ بێت و هتد، ئێستا ئەو گەمژەو بێئەقڵە بە پێی خۆی دەچێتە خزمەتی ترەمپ، ڕاستە داوەتەکە داوەتی ترەمپە، لێ گەمژە قسەکان لە بیر دەکات و دەچێتە دیداری، لەو دیدارەدا گەمژە دەیەوێت لە تەک هاوتا ئەمریکیەکەیدا باسی زۆر دۆسیەبکات لەوانە:

یەکەم : دۆسیەی پەلاماری تورکیاو هێرشی تیرۆریستانەی کانی ئاشتی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

دووەم: پرسی رادەستکردنی مەزلوم عەبدی بە بیانوی ئەوەی تیرۆریستە.

سێیەم: پرسی فرۆکەی ئێف 35.

چوارەم: پرسی کوشت و بڕی ئەرمەن.

پرسی ئابوری و کێشەی کوشتنی جەمال خاشقچی و زۆر بابەتی تر، هەڵبەت پرسی ئێس 400 ی روسیش بابەتێکی ترە، رەنگە گەمژە بیەوێت لەم سەردانەدا زۆر شت بە قازانجی تورکیا یەکلابکاتەوە، لە کاتێکا بەر لە چوونی 17 کۆنگرێسمان داوا لە ترەمپ دەکەن گەمژە نەبینێ، نەک هەر ئەوە تەنانەت رای گشتی ئەمەریکیش لەگەڵ چوونی ئەردۆغاندا نین و نایانەوێت ئەو چڕو چاوە ببینن.

2

ئەوەی ئیسرائیل لە بارەی دۆستایەتی کوردەوە دەیڵێت درۆیەکی گەورەیە، لە ڕاستیدا ئیسرائیل گەورەترین هاوکاری دوژمنانی کوردە، لەناو ئەواندا ئەردۆغان و تورکیا، ئاڵوگۆڕی ئابوری نێوان تورکیاو ئیسرائیل ساڵانە 100 ملیار تێدەپەڕێنێت، ئەوە جگە لە پەیوەندی سەربازی و هەواڵگری. کورد بە هۆی هۆلۆکۆستەوە هاوسۆزی جولەکەیە و هەمیشە بەرێزەوە لە قوربانیانی هۆلۆکۆستی ڕوانیووە، کەچی ئیسرائیل لە بری بە ئاکارەوە ڕوانینە ئەو ڕێزە، دەیەوێت بە درۆی فوو تێکراو وێنەی کورد ناشرین بکات، تەنانەت ئەوەندەی کۆمکاری عەرەبیش دەرهەق پرسی کورد هەڵوێستی نەبوو، ئەگەر ئیسرائیل ئەو پشتگیریەی بەڕاستە فەرموو، با لۆبیەکەی بخاتەکار، تا لە ئەمەریکا ئەردۆغان ڕسوا بکرێت، یا وەک دەوڵەتێک داوای لە ئەمەریکای هاوپەیمانی بکات، خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان بە فەرمی بناسێت و هەڕەشەکانی سەری لابەرێت، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە ئیسرائیل، جگە لە درۆو خۆڵکردنە چاوی کورد هیچی تر ناکات، ئێستا کە بەشێکی زۆری ڕۆمانی "جولەکەیەک لە چەمچەماڵ"م نووسیوە، ئەو یاریە قێزەونەی ئیسرائیل وام لێدەکات ڕۆڵێکی تر بدەم بە کارەکتەرێکی سیاسی جوو.

تێبینی: بە کار هێنانی وشەی گەمژە بە زمانی ترەمپەوەیە کاتێ بە ئەردۆغانی گوت "ئەحمەق مەبە."

## ژنەڕاڵی پایز

## وەرزی گەڕانەوەی ژنەڕاڵ

## جەمال غەمبار




"ئەی دەشتەکیی !
زۆر دەترسم، تۆ هەرگیز نەگەیتە 'کەعبە'.
چونکە ئەم ڕێیەی گرتووتە
دەچێتەوە سەر 'تورکستان'!"
– موسلیحوددینی سەعدی (بێستانی گوڵەکان)
***
پایز ، کە لە دەرگا ئەدات،
"موحەممەد" پێی دەڵێ :
کراسی گەڵاکانت بە ڕۆحما هەڵواسە و
بە ڕووتیی وەرە ژوورەوە !
*****
پایز، کە ڕێگەی ماڵەوە ون دەکات
خۆی دەکات بە کوخە سپییەکەی 'موحەممەد' دا!
*****
پایز، کە لەگەڵ 'موحەممەد' دەچێتە پیاسە؛
پێکەوە دەستی باران دەگرن و
لە سارای کۆچدا ون دەبن!
*****
پایز، کە دەچێتە بازاڕ
لەگەڵ کڕینی هەندێ هەور و ڕەشەبا
چەتری شیعرێکیش بۆ 'مەحەممەد' دەکڕێت!
*****
پایز ، کە لەسەر درەختەکانی باخی گشتیی
هەڵدەنیشێ ،
'موحەممەد' ، منداڵ منداڵ دەبێتەوە و
لە حیکاتەکانی دایکیا بەدەم گۆرانییەوە ، –
ئاو – دەنووسێتەوە :
"پایزێ ، باری کرد ، کەس نەیگێڕاوە
بۆ خۆم دڵی تەنیایی و شیعری خۆم داوە !"
*****
ئەی موحەممەد !
لە پایزەوە هەتاکو شەراب
عومرێکە من بەڕێوەم بگەمە کەعبەی دڵ!
لە تەمی غوربەتەکەی تۆدا ون دەبم و
کەچی هەرگیز ناگەمە ئەوێ .
ئەی موحەممەد!
چاوەڕێم بە، هەتا لە مردن دێمەوە.
سیگاری شیعرێک و
چاکەتە بۆرەکەی خۆتم بدەرێ،
ئەی 'موحەممەد'، ئەی خۆری من!

بۆ هاوڕێم : محەمەد عومەر عوسمان – ی
شاعیر

# چل وحەوت هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد لە دۆڵی زیلان لەلایەن تورکیاوە کۆمەڵکوژ کران– هێرش جەلال




دوای شکستەکەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا، کۆمەڵێک سەرکردەی خۆییبوون لە ئاگری بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشای سەرۆکی هۆزی جەلالی کۆبوونەوە و بڕیاریاندا شەڕی چەکداری دژی دەوڵەتی تورکیا بەرپابکەن.تا ساڵی ١٩٢٩ ئامادەکاریی بۆ شەڕی چەکداریی بەردەوام بوو، لەو ساڵەدا شەڕ لەگەڵ تورکیا هەڵگیرسا. ئیحسان نوری پاشا، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، خۆی گەیاندە پارێزگای ئاگری و بەشداری لە شۆڕشەکەدا کرد. بەهۆی ئەزموونی لە بواری سەربازیدا، ئیحسان نوری پاشا وەک فەرماندەی گشتی شۆڕشی ئاگری هەڵبژێردرا . شەڕی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە هەرێمی سەرهەدی باکووری کوردستان بەرامبەر دەوڵەت دوو ساڵ بەردەوام بوو. لە مانگی ئەیلولی ١٩٣٠دا هێزەکانی ئێران و تورکیا پەلاماری ئاگری–یاندا و شۆڕشەکەیان سەرکوتکرد.نزیکەی ٣٤ سەرکردەی شۆڕشی ئاگری دەستبەسەرکران و لەسێدارەدران، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بە کوشتنی شەڕڤان و شۆڕشگێڕەکانەوە نەوەستا و بە بیانووی هاوکاریکردنی شۆڕش دەستی بە کوشتنی هاوڵاتیە مەدەنیەکانی باکووری کوردستان کرد.




## کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان:

دوای شکستی شۆڕشی ئاگری، دەوڵەتی تورکیا لە باکووری کوردستان دەستی بە هەڵمەتێکی پاکتاوی ڕەگەزی بەرامبەر ئەو هاوڵاتیە کوردانە کرد کە لەگەڵ شۆڕشدابوون. هەرچەندە بە پێی بەڵگە فەرمیەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ١٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ کۆمەڵکوژی زیلان ئەنجامدرا، بەڵام سوپای تورکیا و ژمارەیەک جاش لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دەستیان بە ئۆپەراسیۆنێکی فراوان کرد دژی هاوڵاتیە مەدەنیەکانی کورد. ئۆپەراسیۆنەکە لە هەرێمی سەرهەد، واتە لەنێوان پارێزگای وان و پارێزگای ئاگری تا سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرمینیا ئەنجامدرا. بەڵام زیاتر خەڵکی گوندەکانی دۆڵی زیلانی سەر بە ناوچەی ئەرجیشی پارێزگای وان زەرەرمەند بوون.ئۆپەراسیۆنی دەوڵەتی تورک چەند مانگێک بەردەوام بوو و لە تەمموزی ١٩٣٠دا سەرباز و جاشەکان هەموو ڕێگەکانی دۆڵی زیلانیان داخست و دەستیان بە کوشتنی کوردەکان و سوتاندن و تاڵانکردنی گوند و ماڵەکانیان کرد.



سەرچاوەکانی دەوڵەتی تورک (ڕۆژنامەی حوریەت – ڕۆژنامەی جمهوریەت) دانیان بە کوشتنی ١٥٠٠٠ کەسدا ناوە، بەڵام نووسەری کورد حەسەن هوشیار سەردی کە خۆی شایەتحاڵی کۆمەڵکوژیەکەیە دەڵێت، "لە هێرشەکاندا ١٨٠ گوند سوتێنران و ٤٧ هەزار مرۆڤی بێتاوان لە ژن و منداڵ و پیر کۆمەڵکوژ کراون کە سەر بە هۆزەکانی حەسنا، زیلان، سبکان، ئەدمان بوون.

**"لەو پڕۆسەیەدا کە بە کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلانەوە نەوەستا، زیاتر لە ٥٠ هەزار کورد لە سەرتاسەری باکووری کوردستان کۆمەڵکوژ کران.**

جگە لەوەش ئێران، سوریا و عێراقیش دەستیان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو. دوای شکستپێهێنانی شۆڕشی ئاگری و کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان، نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا سەردانی هەر یەک لە ئێران و سوریا و عێراقیان کرد و هەوڵیاندا ئەو شۆڕشگێرانەش دەستگیربکەن کە خۆیان گەیاندبووە دەرەوەی سنورەکانی تورکیا. جگە لەوەش ئێران، سوریا و عێراقیش دەستیان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا هەبوو. دوای شکستپێهێنانی شۆڕشی ئاگری و کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان، نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا سەردانی هەر یەک لە ئێران و سوریا و عێراقیان کرد و هەوڵیاندا ئەو شۆڕشگێرانەش دەستگیربکەن کە خۆیان گەیاندبووە دەرەوەی سنورەکانی تورکیا. بەو هۆیەوە هەر سێ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستانیش لە دەستگیرکردنی شۆڕشگێران ڕۆڵیان دەبێت و ژمارەیەک شۆڕشگێر دەستگیردەکرێن و لەسێدارە دەدرێن. یەکێک لە شایەتحاڵەکانی کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان بە ناوی "حەمید" تەمەن ٩٦ ساڵ، کە لەو کاتەدا تەمەنی ١٢ ساڵ بووە و لەم ڤیدیۆیەی خوارەوەدا دەبینرێت باس لە چۆنێتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیەکە دەکات و دەڵێت: "ئێمە لە دۆڵی زیلان لە دەرەوەی گوندەکەمان چادرمان هەڵدابوو، ژمارەیەک شەڕڤان لە خێمەکەمان نزیکبوونەوە و بە باوک و مامەکانمیان ڕاگەیاند، پێویستە هەموو شتەکانتان جێبهێڵن و خۆتان ڕزگاربکەن. دەوڵەت دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی گەورە کردووە و ڕەحم بە کەس ناکات. ئێمەش کۆبووینەوە و بڕیارماندا خۆمان بگەیەنینە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بڕوانە لاپەڕە 11

# پاشماوەی گوتاری چل و حەوی هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد لە دۆڵی زیلان لەلایەن تورکیـــاوە کۆمەڵکوژ کران- هێرش جەلال

شاخێکمان بڕی بەڵام کەوتینە کەمینی سوپاوە و باوکم بریندارکرا. لەوێ خۆمان ڕزگارکرد و خۆمان لە ناو قامیشەڵانێکدا شاردەوە. بەڵام ئێمەیان دۆزیەوە و بردیانین بۆ سەرشاخێک. لەوێ بە شەو ئێمەیان لەسەر شاخەکە هێشتەوە. مامەکانم بە باوکمیان وت، 'پیاوەکان هەڵدێین، ئەوان هیچ بە ژن و منداڵ ناڵێن' بەڵام باوکم رازی نەبوو ئێمە جێبهێڵێت. مامەکانم هەڵاتن و ڕۆژی دواتر ئێمەیان بۆ ناوچەی ئەرجیشی وان برد، بەڵام لە ڕێگەدا باوکمیان برد و ئیتر نەماندۆزیەوە. لەناو ئەو قامیشەڵانەی یەکەمجار خۆمان حەشاردابوو، ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاو و منداڵیان کوشتبوو، دواتر بیستمان ژمارەیەکی زۆریان کوشتووە".




هاوڵاتیەکی دیکە بە ناوی "تاهیر ناس" بە چاوی خۆی کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلانی بینیوە، باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٢٥ بۆ ١٩٣٠ دەکات. لەبارەی کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان زۆر لاوانەوە و بەستە وتراون، یەکێک لەو کەسانە کە بە "خاڵە محەمەد" ناسراوە باس لە چۆنیەتی کۆمەڵکوژی و دڕندەیی سوپای تورکیا دەکات. لاوانەوەیەکی دیکەش لەلایەن هونەرمەندی دێرینی باکووری کوردستان "شبلیێ چاچان"وە وتراوە. ئەویش باس لە و ستەم و زۆرداریەی دەوڵەتی تورک دەکات کە بەسەر گەلی کوردی هێناوە. لە بەڵگەفیلمەکانیشدا ناوی دۆڵی زیلان وەک دۆڵی خوێن هێنراوە. سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا و فشارەکانی بۆ سەر کوردانی باکووری کوردستان دوای کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان بەردەوام بوو.




دواتر شۆڕشی سەید ڕەزای دەرسیم دەستیپێکرد. جارێکی تر شۆڕشی سەید ڕەزای دەرسیمیش شکستی پێدەهێنرێت و لە دەرسیمیش کۆمەڵکوژیەکی تر بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرا، بە پێی ئامارە خۆجێییەکان نزیکەی ٩٠ هەزار کەسی تیادا کۆمەڵکوژ کراوە.


# بێــــژەری لوبنــــانی فادی عــــاکوم: خۆزگە کورد بومایە"ئەگەر کورد بیت"





لەم سەردەمەدا کە لەڕووی سیاسی و سەربازییە ترسناکە، ئاڵۆزە مرۆڤ بیت، هەروەها ئاڵۆزترە ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیت، لە هەمووشی ئاڵۆزتر ئەوەیە کورد بیت، لەبەرئەوەی ناچار دەبیت بەرگری لە خاک و دار و بەرد و مرۆڤ بکەیت، ئەمەش پاش ئەوەی کە گەورەترین خەم پاراستنی ناسنامە و زمان و کلتورە. ئەوەی لە سوریا دەگوزەرێ، لە مێژو و بەڵگەنامە نهێنی و ئاشکراکاندا یادی دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی جارێکی تر بون و ناسنامەی کورد دەدزرێتەوە، مێژو یادی ئەوە دەکاتەوە کە کورد جارێکی تر لوقمەیەکی هێناوەتەوە نێو پێکهاتەکانی خاکی سوریا بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە رابردو پلانی بۆ داڕشتبوو. ئەگەر کورد بیت ئەوا لەسەر هێڵی ئاگر دەبیت و رووبەڕووی کەسە ریشن و جل ڕەشەکان دەبیتەوە، هەمیشە ئەزمونی ئەوە دەکەیت بەرگری لەو گەلانە بکەیت، کە زامنی بونی خۆیان بەتۆ بەخشیووە بە چەک و پێنوسەکەت مێژوو دەنوسیتەوە، ئەگەر کور بیت شەرەفمەندانە توانات ئەبێت بۆ شەڕ دژی ئەو گروپانەی شەرەفیان فرۆشتووە. ئەگەر کورد بیت ناچار دەبیت بەرگری لە دەسکەوتەکانت بکەیت، دەسکەوتەکانیشت بۆ خۆت نین، بەڵکو بۆ هەموانە بەبێ جیاوازی. ئەگەر کورد بیت ئەوا بەرپرسیارێتیی تۆ پاککردنەوەی مۆڵگەکانی ناوچە ئازادکراوەکانە لە کەروێشکەکانی تیرۆر کە بەترسێکی ئاشکراوە خۆیان شاردوەتەوە. ئەگەر کورد بیت، ناچار دەبیت ئالای ئازادی هەڵبکەیت بۆ هەر کوێ بڕۆیت، ناچار دەبیت قوتابخانەکان بکەیتەوە و نان بۆ ئەوانی دیکە زامن بکەیت بەرلە خۆت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ زستانیان بۆ گەرم دابێنیت و خەندە بخەیتە سەر لێوی منداڵەکانیان.ئەگەر کورد بیت ئەگەری هەیە رۆژانە ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە ڕەخنە ببیتەوە لەلایەن ئەو کەسانەی هەڵاتوون و خۆیان هاویشتوەتە نێو باوەشی سوڵتانە نوێیەکانی عوسمانی و خاکەکەیان فرۆشتووە و خستویانەتە بەردەم سوڵتانی نوێ، بۆ ئەوەی ببن بە کویلەی ئەو، تۆش ئەگەر کورد بیت دەبێت ئەو خەڵکانە و مێشکە پوچەکانیان ئازاد بکەیت. ئەگەر کورد بیت نابێت گوێ بە تۆمەتە رەگەزپەرستییەکان بدەیت و لەهەمان کاتدا دەبێت تۆمەتە ناڕاستەکانیش وەلا بنێی کە هەمو دەزانین بریندارت دەکەن و رەنگە ببنە هۆی کوشتنت؛ لەبەرئەوەی راستییەکان ئاوەژو دەکەن و وێنەی رون و راستەقینەی خۆت دەشێوێنن. ئەگەر کورد بیت ئەبێ لێبوردە بیت لەگەڵ ئەو کەسەی دوێنێ روی فیشەکەکانی کردە تۆ، دوای ئەوەی دەستی بەرز کردەوە، باش دەزانێت کە تۆ ئازاری نادەیت، تۆش و ئێمەش و هەمومان دەزانین کە رەنگە ئەو کەسە جارێکی تر و دوان و سیانی دیکە هەمان کردەوە دوبارە بکاتەوە هەرکات بەباشی بزانێت، بەڵام ئەگەر کورد بیت ئەخلاقی تۆ رێگەت پێ نادات پەنجە بۆ تاڵە قژێکی بەریت. ئەگەر کورد بیت، ئامێرێکی وێنەگرتن و پێنوسێک دەگریت بە دەستەوە و کێڵگەکانی مین و دیوارە ئاگرینەکان تێدەپەڕێنیت بۆ ئەوەی وێنەی راستەقینەی ئەوە بگوازیتەوە کە لە جیهان رودەدات، وێنەیەک کە وەک خۆی وایە بەبێ خەوش و بێ جوانکاری. ئەگەر کورد بیت، ئەوا تۆ شەڕڤانیت، ئەگەر کورد بیت، ئەوا لە خانەدانترین سوارچاکەکانیت، ئەگەر کورد بیت، ئەوا تۆ کۆپیی ئەسڵیی مرۆڤیت، زۆر جوانە تۆ کورد بیت... خۆزگە کورد بومایە..


نووسینی: فادی ولید عاکوم– وەرگێرانی بۆ کوردی: کۆزاد ئەحمەد

# لە کۆچی دوایی ژەنەراڵی پایزدا، چەپکێك لە شیعرەکانی
















# یادنـامـه

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

## YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهاز)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ٢٢ی شوباتی ٢٠٢١ — بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ — No.22, February 2021

## با ئەو ڕۆژە ڕەشە بێ ئاماژە بۆکردن تێ نەپەڕێ


لەوەتی ئەم عیراقە بەو پینە و پەڕۆیەی ئیستیعماری بەریتانیا پێکیەوە ناوناوی لێ نرا دەوڵەتی عیراق، ئارامی بە خۆیەوە نەدیوە. چونکە پێکهاتەکاتەکانی پێکەوە گونجاو نەبوون. لەلایەک شیعەو سوننە کە هەرگیز دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و ئەوە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە شیروتیر لەیەک دەسوون و هەر حوکمێکی ئیسلامی هاتبێ سوننە باڵا دەست بووەو شیعەی هەڵپەرداوتووە و ئیستاشی لەگەڵدا بێ تەنانەت کە هەندێک جار پێکەوە دادەنیشن، بیر لەوە دەکەنەوە چۆن یەکتر لەناوبەرن. کە بەریتانیا و فەرەنسای براوەی جەنگ پەیماننامەی (سایکس ـ پیکۆ) یان جێ بەجێ کرد، ئینگلیز شتێکی بەناوی عیراق دروست کرد کە هەموو ناوچە عەرەبییەکانی دەگرتەوە و تا سنووری چیای حەمرین و بەشی زۆری شیعە مەزهەب بوون و ئەمەش فەیسەڵی مەلیکی نیگەران کردبوو، چونکە ئەو هەر لە بنەڕەتدا کە خەڵکی وڵاتی حیجازە لەگەڵ شیعە دڕدۆنگ بوو و کاتێکیش کە ویستی لە حەمرین تێپەڕێ، چەرچل هۆشداریی دایە و پێی گوت: ئێمە ئیمپراتۆرییەتمان بۆ دروست نەکردووی، لە چیای حەمرینەوە وڵاتی کوردستانە. ئینگلیز حکوومەتی شێخ مەحمودی بە نابەدڵی دروست کرد و سەرەنجام بەو دەردەیان برد کە بردیان و بۆ نەگبەتی چەرچل لە وەزارەت نەما و یەکێکی دیکە جێی گرتەوە کە هیچ شارەزاییەکی نەبوو و بە هەوڵ و تەقەلای مستەر کۆکس و مسز بێل کوردستان بێ ڕەزامەندیی خۆی خرایە سەر ئەو عیراقە بە پینەو پەڕۆ دروست کراوە بۆ هاوسەنگیی پەیداکردن لە نێوان شیعە و سوننە بۆ ل٢

## ئازادی لە نێوان هێزی یاسا و سێبەری چەقۆدا

بە گشتی لە ژینگەی دەستەڵاتی کوردیدا لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئازادی نەبوەتە ئەو دروشمە سەرەکیەی کە شۆڕشگێڕەکانی شاخ وەک بەیداخ هەڵیان گرتبو، لە کاتێکدا دەستەڵاتەکانی هەرێم زادە و منداڵی شۆڕشی شاخەکان بو کە بەشێکی گرنگی گەشتن بو بە ئازادی ، ئا لێرەوە لە نێوان هێزی یاسا و سێبەری چەقۆکاندا دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئەگەر دادگا هەیە و یاسا لەسەروی هەموومانەوەیە و وە دادگاکان و یاسا نیشتمانیە و لەسەرو حیزبەکانەوەیە، دەبێت لە هاوڵاتیەکەوە و لە فەرمانبەرێکەوە تا باڵاترین پۆست ئەگەر سکاڵایەکیان هەبێت لە دادگا یەکلای بکەنەوە نەک پەنا بۆ هێزی چەقۆ ببرێت کە بەو مانایە دێت کە یاسا خاڵی دەکاتەوە لە بەهاکانی، واتا کە پشت بە چەقۆ بەسترا میکانیکیەن یاسا هێزی خۆی لە دەست دەدات، بە دیوێکی تردا کە دادگا لەژێر هەیمەنەی حیزبدا بو دیسان هەر هێزی سەربەخۆی خۆی لەدەست دەدا ، لە کورترین پێناسەدا دادگایەکی حیزبی و تۆڵەیەک لە سێبەری چەقۆدا هەردوکیان یاسا پوچەڵ دەکەنەوە و هێزی یاسا و حکومداری و دەوڵەتداری و بەهای نیشتمانی بون سفر دەکەنەوە.

تێنەگەیشتنی سەرکردایەتی کورد لە نامەکەی تێلەرسۆن.... ل ٨
بەسەرکردنەوەی شەهیدان.. حەمە سورەبانی.. ل ٣
ژمارەیەک بەڵگە و دۆکۆمێنت لەسەر ڕاپەڕین. ل ١١
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان، بەختیار سەعید.. ل ٤

**عەبدولکەریم شێخانی**



واتە عیراق لەسەر سێکوچکەیەکی پێکەوە نەگونجاو دروست بوو شیعە و سوننە و کورد. کورد چەن جارێک راپەڕی و شۆڕشی کرد و بە ئەنجام نەگەیشت. حوکم زیاتر بەدەست سوننەکانەوە بوو و هەر دەتگوت درێژکراوەی حوکمی عوسمانییە. ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی بەسەردا هات و ناومان لێ نا شۆڕش. سەرەتا باش بوو، بەڵام نەتەوەپەرستە عەرەبە توندڕەوەکان هەر زوو دەستیان کرد بە چالاکی نواندن و ویستیان عیراق بەرەو کۆماری یەککرتووی عەرەبدا بەرن کە لە یەککرتنێکی قرچۆکی نێوان سوریاو مصر پێک هاتبوو. بەڵام هێزە دیموکراتخوازەکان و کوردیش دژی ئەو رەوت و بۆچوونە بوون. بەعسییەکان کە تەمەنیان ١١ ساڵ بوو، چالاکانییان دەنوند و دەیانویست عیراق بەرەو ریبازێکی نەتەوەپەرستیی دەمارگیر ببەن وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ ))ئەگەر سەرچۆپی درایە دەست سەگ، هەر بەرەو کولانە رایدەکێشێ )). گەڵێک پیلانیان گێڕا، عبدالکریم قاسمیان لە ( راس القریة ) لە شەقامی رەشید بریندار کرد، تا لە رۆژی هەینیی رێککەوتی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکی خوێناوییان ساز کرد و هەر لەیەکەم سەعاتەوە کەوتنە کوشتنی هەموو ئەوانەی نەیاری بەعس بوون بە تایبەتی شیوعییەکان کە بە درندانەترین شێوە هەزارانیان لێ کوشتن و بەیانی ژمارە ١٣یان دەرکرد کە بە ئاشکرا داوای لەنێوبردنی شیوعییەکان دەکات. من ئەو رۆژە هەشت مانگ زیاتر بوو لە بەندیخانەی حیللە بەند کرابووم. دەورو بەری سەعات ٩ و چارەکێک میکرۆفۆنی بەشەکەی ئێمە کە بە رادیۆی بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانەوە بەسترابووەوە، چەند خولەکێک بێ دەنگ بوو و لە پڕ گوتی: ( یا ابناء الکرخ و الاعظمیة )، نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان لەو دووناوچەیە زۆر بڵاو بوون. ئیدی گوتی ئەوە شۆڕشی نەتەوەی عەرەب دەیستی پێ کرد دژی شعوبییەت و قاسمی دیکتاتۆر شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و هەموومان سست بووین، چونکە دەمانزانی حوکمی بەعس واتە کۆتایی هاتن بە ژیانی ئێمە. رۆژی ٩ی شوبات، عبدالکریم قاسم لە بینای ئیستگەی رادیۆ شەهید کرا. بەشەکەی ئێمە سێ ژووری بەلاوە بوو و هەر ژوورێک وێنەیەکی عبدالکریم قاسمی تێدا هەڵواسرابوو. هاتن وێنەکانیان لێ کردەوە. برادەرێکی خانەقینی ناوی مەحمود زەهاوی بوو کە چاوی بە وێنەکان کەوت گوتی: زیندە بەڵا و مردە بەڵا. زەهاوی زوو بەربوو. دوای چەند رۆژێک هاتەوە بۆ سەردانمان و گوتی ئێوەش بەم زووانە بەر دەبن، چونکە دانوستان لەنێوان حکوومەتی تازە و سەرکردایەتیی شۆڕش دەست پێ دەکات. چاوەڕێی بەربوون بووین. بەڵام دواکەوت و هەر بەر نەبووین. من ماوەیەک بوو جگەرەم تەرک کردبوو. لە دوای ٩ی حوزەیران دەستم بەجگەرەکێشان کردەوە کاتێک کە بەعس بە درندانەترین شێوە هێرشی دەست پێ کرد بۆ سەر کوردستان موقەدەم صالح مەهدی عەماشی وەزیری بەرگری گوتی: سوپای عیراق سەیرانێکی نیشتمانی لە باکووری عیراق دەکات. بە گوێی خۆم گوێم لە بەشە کوردییەکەی رادیۆی قاهیرە بوو گوتی(( حکوومەتی تازەی عیراق چەند هەنگاوێکی سەر لێ شێواوانەی هاویشتووە دژی کوردەکان. بەڵام بەرپەرچیان دراوەتەوە و هەمووی حەفتەیەکی دیکە نابات حکوومەت دەڕووخێ )). بەعس ئەو قسانەی تۆمار کردبوو و نارەزایی بەرانبەر ئەوە دەربڕی. بەڵام ( محمد عبدالقادر حاتم وەزیری ئیرشادی مصری ) بە درۆی خستەوە و گوتی ئیستگە عەرەبییەکە چی بڵاو کردۆتەوە، کوردییەکەش هەر ئەوەی بڵاو کردۆتەوە و نەچووە ژێری. ماینەوە تا ( شەهید حسن سریع ) لە معسکر رەشید راپەڕینەکەی کرد کە بە داخێکی زۆرەوە سەر نەکەوت. لەو ماوەیەدا بە لێشاو دەسگیرکراویان دێنا بۆ بەندیخانەی حیللە. هەر لەو ماوەیەدا رووداوەکەی شەمەندەفەری مەرگ رووی دا کە ئەفسەرە گیراوەکانیان خزاندە نێو فارگۆنی بارییی شەمەندەفەر بەو چلەی هاوینە بێ نان و بێ ئاو کە هەندێکیان لەتینوان و لە گەرمان شەهید بوون لە سەماوە خەڵکی ئەو شارە فریایان کەوتن. ماینەوە و هەر ئازاد نەکراین تا تەنانەت عبدالسلام عارفی سەرۆک کۆماری نەتەوەپەرست لێیان بێزار بوو و لە ١٨ی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە کۆدەتای بەسەر هاوپەیمانە بەعسییەکانیدا کرد و رووخاندنی. مامەوە تا دانوستانی ١٩٦٤ دەستی پێ کرد ئینجا لە دوای نزیکەی دوو ساڵ لە بەندیخانە ئازاد کرام. کۆدەتای ٨ی شوبات رۆژێکی رەش و تاریک و خوێناوییە لە مێژووی عیراق کە بە تەواوەتی هاوشێوەی رەفتارە درندانەییەکانی ئەڵمانە نازییەکانە، چونکە بەعسیش هاوشێوەی حزبی نازیی ئەڵمانیا دامەزرا.

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان



ڕووسوورەکانی مێژوو، کلاوڕۆژنەی نیشتیمان، نەمر گەشمردە کاکە حەمە ڕەحمان ئەحمەد سورەبانی، ناسراو بە حەمە سورەبانی . هەنگاوە هیلاک نەبووەکەی هەوارازەکەی سورەبان ڕەوتی درێژی عارەقاوی سورکیو و کڵپەی ئاگردان و پشکۆی ناو ڕنوو  کلووە بەفری گمۆ، حەمەیەک هەمیشە یاخی، هاوڕێی تووڵەڕێ و قرمەژن و، پاسەوانی هەمیشەیی تریفەی ڕژاوی نیشتیمان و هەناسەی بەفرو، پۆڵوی ناو ئەشکەوتە تەزیووەکانی لوتکەو شەوانی تەنیایی لاوانەوەی ئازارەکانی دڵی شاخ، حەمە هەنگاوی هیلاک کردو هیلاک نەبوو، تووڵەڕێی بێزار کرد بەرەووت و بێزار نەبوو، چیایی فێری هەنگاوی یاخی بوون کردو کۆڵینەدا، حەمە حەمەیەک بوو، هەمیشە ئەشقی بەفرو پشکۆ و شاخ و باخ و ڕێگای دووری بێ وچان و بێ کۆڵدان بوو هەمیشەدەستلەملانی عەشقی جوانی کانی و مانگ بوو، حەمە کۆچانی دەستی سەخترین ڕێگاو گلێنەی بەرزترین لووتکەو، ئارامترین ئاوازی دڵی تریفەو پشکۆی دڵی یاخترین ئەشکەوت بوو. ئەو تێشووی پڕ بوو لەبۆنی پوونگەو مانگەشەوی تۆراو و، کازێوەی زامدارو ، ڕۆندکی گەرم و ئاوارە، ئەو سەرپۆشی سەری سورکێو و، جامانەی ملی گمۆو مشکی سەری داڵەهو بوو، کاکە حەمە لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٣ بوو لە گوندی سورەبانی ناوچەی سیوەیلی بناری سورکێو، بۆیەش هەموو تەمەنی سورکێوانە یاخی بوو کوێستانانە و هەڵۆیانە بەلووتکەو بەفرو پشکۆو سووتان ئاشنا بوو، بەژیانی جووتیاری و دێهاتانە دڵی پڕ بوو لە عەشقی بێڵ و دێراو و باخ و خرمەی گوێژوو سرتەی سمۆرە، کاکە حەمە لەسەرەتای دەستکردن بەڕاگوێزانی گوندەکان کە بەعسی فاشی سنوورەکانی نیشتیمانی ڕاگوێز کرد بۆ ناو ئۆردوگای زۆرەملێ لەساڵی ١٩٧٨ بۆ ساڵی ١٩٧٩، وازی لەقوتابخانە هێناو، ڕوویکردە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی چوو ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان ماوەیەک مایەوە بەڵا لەبەر منداڵی قبوڵیان نەکرد تا ببێتە پێشمەرگە، بەناچاری گەڕایەوە، بەڵام پەیوەندی بەشۆڕشەوە دروستکردو، زۆر چالاکانە ئیش و کاری ڕێکخستنەکانی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانی لەناو شارو ئۆردوگا زۆرەملێکەی کەناروێ دا ئەنجام دەدا تا دواجار ساڵی ١٩٨٢ بۆ جاری دووەم پویوەندی کرد بەشۆڕشەوە بووە پێشمەرگە، لەتیپەکانی ٣٧ی شارباژێرو ٣١ی سلێمانی و دواتریش بووە فەرماندەی کەرت لەتیپی پارێزگاری پێشمەرگەیەکی بەووڕەو قارەمان و پیاوێکی دڵسۆزو بەهەڵوێست لەهەموو کات شوێنێک و زەمانێکدا تا دواجار لە 1987/03/19/ 18 لە شارباژێری سەخت لەبناری گمۆ لەنزیکی گرتەزبێر کەوتو کەمینی جاشەوە و بۆ دواجار بەجێی هێشتین و عەشقی نێشتیمان و خۆشەویستی بۆ خەڵک لێیەجێما، بەڵام پێ دەچێت بەبۆنەی سەختی برینەکەی و بەجێ مانی خۆی خۆی کوشتبێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست جاش و دوژمن، شایەنی باسە کاکە حەمە چوارجار لەژیانی پێشمەرگایەتی دا زامدار بووە، ڕەوانی پاکی شاد یادی بەخێر .

ڕزگارەسوور

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید



-1937 لە رەواندوز لەدایک بووە

-1956 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە

-1967 بە پلەی ئیمتیاز بڕوانامەی ماستەری لە هونەری نیگارکێشان لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە

-1961-1967 سێ پیشانگەی لە روسیا کردۆتەوە

-1971 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەری هاودەمی نەتەوایەتی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1976 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی رازی نیشتمان لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کورد لە شاری بەغدا کردۆتەوە

-1977 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە شاری هەولێر کردۆتەوە

-1979 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەری نەتەوایەتی هاودەم لە بەغدا کردۆتەوە

-1981هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی الرواقی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1984 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی نەتەوایەتی هاودەم ی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1989 دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا کردۆتەوە.

-1993 پانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر کردۆتەوە.

-1998 دوایەنزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر کردۆتەوە.

-1999 سیانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە

-2001 چواردەهەمین پیشانگەی تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی نەتەوایەتی بەغداد کردۆتەوە.

-1956-2007 بەشداری سەدان پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.

-1982-2007 هەژدە کتێبی بەچاپ گەیاندووە.

-2001 خەڵاتی دەوڵەت بۆ داهێنانی هونەری پێبەخشراوە.

-2004 دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەردا لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.

- دامەزرێنەری کۆلێژی هونەری زانکۆی سەلاحەدین.


-2009/10/9 لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.




# هەندێ لە بەرهەمەکانی محەمەد عارف









# تەرمی ئارام یان دزی !




ئێوارەیەکی کانوونی یەکەم، بەیانییەکی مانگی کانوونی یەکەمی 1985، لە (گەڕەدێ)وە رووم کردە گاپیلۆن، بەفر سەراپای دۆڵی جافایەتی داگرتبوو، ئەو دەمانە گاپیلۆن و پێشمەرگەکانی لەبناری پیر ئەلیاسدا خەونیان بەوەرزێکی نوێوە دەبینی، بارەگای تیپی 47 ی پیرەمەگرون لەم گوندەدا بوو، ناو بەناو مەفرەزە و کەرتی تیپەکە، بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو، خۆیان دەکرد بەناو شاردا و چالاکییەکیان ئەنجامدەدا و دەگەڕانەوە، لەناو چایخانە نایلۆنەکاندا گوێیان لەسەرکەوتنەکانیان دەگرت. ئێوارەکەی سێبەری پیرئەلیاس بەسەر ئاوایییەکەدا کشا، هەوایەکی ساردی کانوون تێکەل بە بەهەناسەی گەرمی ئەو پێشمەرگانە دەبوو کە لە ناو بەفرەکەدا پیاسەیان دەکرد، دواتر خۆیان دەخزانە ناو چایخانە نایلۆنەکانەوە بۆ ئەوەی گوێ لەهەواڵە پڕ لەحەماسە ئاگرینەکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بگرن، کەنازی هەموو خەونەکانی پێشمەرگەی هەڵدەگرت. هەر کە لە چایخانەکە نزیک دەبوومەوە، گوێم لەهۆ کاکی پێشمەرگە بوو، لەناکاو کاک فەرهاد سەنگاوی، هەواڵی پڕ لەتراژیدیای گولە بارانکردنی (ئارام، هیوا، سەردار)ی لەبەردەم ئامادەیی رۆشنبیریدا راگەیاند. لەو کاتەدا ئازارێکی توند بەقەدتیژیی سەرماکە هورژمی بۆ کاسەی سەرم هێنا، دەرگا نایلۆنەکەم کردەوەو رووەکردە گردەکەی خوار ئاوایی، بەتەنیا لەبەردەم چاوە رەشە هێمنەکانی (ئارام)دا وەستام، گریانێکی بێدەنگ ناخی هەژاندم، دواتر رووەو هەورازەکەی گەڕەدێ هەنگاوم نا، ئەژنۆکانم قورس بوو، کە ئاوڕمدایەوە، باڵای ئارام و هاورێکانیم لەسەرئاسنگەرانەوە بینی، بەرەو لوتکەی پیرەمەگرون هەڵدەکشان، تالەچاو ونبوون. هەر کەباڵی تاریکایی گوندەکەو سەراپا دۆڵی جافایەتی داگرت، تەنیا تروسکەی کزی چرای ئەو چەند ماڵەم دەبینی تێکەل بەقولایی شەوە زەنگەکەو ئاوێنەی سەررووی بەفرەکە دەبوو، ناوبەناو کزەی ساماڵی ئەو شەوە کپە، دیمەنی یادگارەکانی ئارامی دەگەیاندە کوخە بچکۆلەکەم، تا دواجار لەخەونێکی تردا ئارامیان لێ ونکردینباوک و دایک و خوشکەکانی دەست بەسەر کران ئارام محەمەد کەریم ئەندامی کارای رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، دەیزانی خۆی و هاورێکانی لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرە کۆلۆنیالییەکانەوە دەگیرێن، پێش ئەوەی خۆی دەرباز بکات، لەهەوڵی ئەوەدا بوو، ئەوانیش ئاگادار بکاتەوە. ئێوارەی 1985/11/20 روو دەکاتە ماڵی هیوا، هەر کە دەست بە زەنگەکەدا دەنێ(قوات خاسە) دەرگای لێدەکەنەوەو دەسگیری دەکەن، لەوێ سەردار و هیوا دەبینێ بە کەلەپچەکراوی..

دواتر هەرسێکیان راپێچی ئەودیوی دیوارە ئاسنینەکان دەکەن. تۆمەتی کوشتنی جەلادێکی تەعریب کراویان دەخەنە پاڵ. هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان لەسەر جەستەیان بەکارهێنا، بەڵام هیچیان نەدرکاند، دوای خۆیان هیچ کام لە

لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی نەگیران. ئێوارەی 1985/11/22 خانەوادەی (ئارام و هێوا و سەردار) دەستگیر کران، شەش مانگ لە بەندیخانەی سەرەوەی سلێمانی بوون، دواتر بەدەست بەسەری ڕەوانەی (سەماوە) کران، پاشان کەلوپەلی ماڵەکەیان تاڵان کرا. ئەمرۆ سێ کەسیان گولە باران کرد کاک ئاواتی برای شەهید ئارام لەبارەی دەستگیر کردنی ئارام و تراژیدیاکەوە وتی: -نیوەڕۆی 1985/12/17 بوو، لەبەردەم یانەی ئەندازیاران چەند شۆفلێک و ژمارەیەکی زۆر (قوات خاسە)م بینی، بەرەو سانەوی ڕۆشنبیر دەچوون، لەدڵی خۆمدا ووتم، ئێستا دەبێ ماڵی کام پێشمەرگە بەسەر یەکدا بڕوخێنن؟ ئێوارەکەی گوێم لەژنێک بوو ووتی: -ئەمڕۆ سێ کەسییان گولە باران کرد، کەوتمە گومانەوە، خۆم و هاوسەرەکەم سواری تەکسییەک بووین، وتم بمگەیەنە سانەوی ڕۆشنبیر)، -وتی: ناتوانم بگەمە ئەوێ، چونکە ئەو شوێنە بە قوات خاسە گیراوە، لەچەند کۆڵانێک لەولاترەوە دابەزیم، کە گەیشتینە بەردەم دەرگای سانەوییەکە، جۆگەلەی خوێنم بینی قەتماغەی بەستبوو، خورپەیەک کەوتە دڵمەوە، بڵێی ئارام و هاورێکانی گولە باران کرابن، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم ڕووداوەکەم نەدیبوو، دڵنیا نەبووم، کەوتمە پرسیار کردن لەم و لەو، کەس دڵی نەدەهات ئەو هەواڵە جەرگبڕەم پێ بڵێت، دنیا تاریک داهات، لەدەرگای ماڵی ناسیاوێکمانم دا کە لەنزیک شوێنی ڕووداوەکەوە بوو. بەرێکەوت ئەو کچە دەرگای لێکردینەوە کە لەگەڵ ئارامدا لەیەک دائیرە بوون، منی ناسی، چونکە شێوەم لە ئارام دەچوو، گوێم لێبوو، بەدەنگێکی نزم بە هاوسەرەکەمی وت: - وەک ئارام تیاچوو، بۆ ئەمیش تیا بچێت.

حەشارگەی تەرمەکەی ئارامییان دۆزییەوە لە 1985/12/18 کاک ئاوات لەبەر دەرگای ماڵی باوکیدا وەستابوو،(دڵسۆز)خان گەیشتبووە لای و پێی وتبوو:- لێرە مەوەستە، بەخێرایی ئێرە بەجێ بهێڵە، بچۆ بۆ ماڵی کاک (نوری مەلا مەحمود)، کاک تەحسین قادر لەوێیە، هەر کە(ئاوات)ی بینی نەیتوانی نهێنییەکە بشارێتەوە، فرمێسک بەچاوەکانی‌دا هاتە خوارەوە، باوەشی بە کاک (ئاوات)دا کردوو وتی: (دەبێت هەوڵ بدەین تەرمەکە بدۆزینەوەو لە گردی شەهیدان بەخاکی بسپێرین). ئێوارەکەی چووینە لای ناسیاوێک کە لە شارەوانی فەرمانبەر بوو، بۆ ئەوەی جێگای حەشارگەی تەرمەکەمان نیشان بدات، ئەویش ئامادەیی خۆی نیشان دا، سەر لە بەیانی 1985/12/19 بەڵێنەکەی خۆی بەچاو هێناو پێکەوە چووینە گۆڕستانی گردی جۆگە، شوێنی تەرمەکەی نیشان دام، کاک ئاوات قەڵەم جافەکەی لەو شوێنەدا چەقاندو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. تەرمەکەیان لە گردی جۆگەوە گەیاندە گردی شەهیدان 1985/12/20 ئاواتی برای شەهید ئارام، بەهاوکاری هاوڕێ و چەند خزمێکیان سەرقاڵی جێبەجێکردنی نەخشەی دزینی تەرمەکەی ئارام بوون، بۆ ئەم کارە بوون بە دوو بەشەوە. بەشێکیان بریتی بوون لە (نوری محەمەد ئەمین، محەمەد نوری محەمەد ئەمین، تەیب محەمەدو شەهید عەلی حسێن) چەند کەسێکی تر ڕوویان کردە گردی شەهیدان بۆ ئەوەی گۆڕێکی بۆ ئامادە بکەن. بەشەکەی تریان پێکهاتبوو لە (ئاوات محەمەد کەریم، تەحسین قادر، سەردار قادر) چەند کەسێکی تر چوونە گردی جۆگە بۆ ئەوەی تەرمەکەی دەربهێنن، ئەو ڕۆژە باران بەتاو دەباری خۆش کردنی بۆ نەبوو، دەستیان کرد بەهەڵدانەوەی حەشارگەکە. باران و قوڕ کارەکەی زیاتر لێ قورس کردن، چەند شان و قۆڵیان دەکوتا شوێن دەستیان دیار نەبوو، چونکە چاڵەکە بە حەفارە هەڵکەندرابوو، نزیکەی(3) مەتر قول بوو. نایلۆنێکیان دا بەسەر چاڵەکەدا بۆ ئەوەی پڕ نەبی لە ئاو، لەوکاتەدا خەڵکێکی زۆر تەرمی ژنێکیان خستبووە سەرشانیان ڕوویان کردە گۆڕستانەکە بۆ ئەوەی بەخاکی

بسپێرن، کە گەیشتنە ئەوێ زۆریان بەلاوە سەیر بوو، خەڵکێکی تر گۆڕ هەڵدەدەنەوەو سەرقاڵی دەرهێنانی تەرمن، کاک تەحسین ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش شانبەشانی ئەوان دەستیان کرد بە هەڵدانەوەی چاڵەکە، تەرمی ژنەکەیان لە نزیک چاڵەکە دانا. لەچوار دەوری شوێنەکەدا بازنەیان بەست، بۆ ئەوەی جاسوس و ئەمن بە نهێنی کارەکەیان نەزانن، خەڵکەکە بە پەرۆشەوە هاوکاری تەواویان کردن، دەستەی یەکەم ئارامگەکەیان لەوێ ئامادەکردبوو، هاتبوون بەدوای ئەماندا، کە لەدوورەوە قەرەباڵغییەکیان دی بوو، کەوتبوونە گومانەوە، سەریان لەو خەڵکە زۆرە سوڕمابوو کە لە دەوری ئەو چاڵەدا کۆببونەوە. کە ئارامی تیا حەشار درابوو، لەو دەوروبەرە، دوور بە دوور وەستابوون، تا دڵنیابوون ئەو خەڵکە خاوەن هەڵوێستە، بۆیە بەو شێوەیە وەستابوون تا دوژمن دەرک بە نهێنی کارەکەیان نەکات. تەرمەکەیان دەرهێنا شەهید ئارام هەر بەجل و بەرگە خوێناوییەکەی خۆیەوە بوو، هێندە سروشتی جوان بوو، شەهید عەلی حسێن تووشی شۆک بوو، وای زانی کاک ئارام زیندووەو نەمردووە. نایلۆنێکیان تێوە پێچا، ماڵە خاوەن پرسەکە پەتۆکەیان لە تەرمی مردووەکەی خۆیان کردەوە لەجەستەی ئارامیان پێچا، بە هێمنییەوە تەرمەکەیان بردە پاسەکەی شەهید عەلی حسێن بەرەو گردی سەیوان بەڕێیان کرد. لە شەقامی برایم پاشا قوات خاسە یەک بەیەک ئۆتۆمبیلەکانی ڕاگرت، دەیان پشکنی، دوای ناسنامەو بەڵگەنامەیان دەکرد، گەیشتنە بەردەمی ئەوان، پاسەکەیان ڕاگرت، باش بوو تەرمەکەیان نەبینی، گەیاندیانە گردی شەهیدان، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، تەرمەکەیان داگرت. کلێتەیەکی عەسکەری لەسەردابوو، لایان برد، هەر دوو دەست و قاچی و هەردوو چاوی و دەمی بەسترابوون. جل و بەرگەکەی خۆی لەبەردابوو، 13 دینار لە گیرفانێکیدا بوو، گولەیەک سەر سنگی پێکابوو لە پشتیەوە دەرچووبوو، گولەیەکی تریش بەر گوێچکەی ڕاستی کەوتبوو، کفنیان تێوە پێچا و ئارامیان بە ئارامگای شەهیدان سپارد.

شەهید عەلی حسێن کامێرایەکی پێ بوو، چەند وێنەیەکی ئەو مەرگەساتەی گرت.

شەهید عەلی حسێن هاوڕێی شەهید ئارام و کاک تەحسین قادر بوو، لەکاتی ڕاپەریندا لە 8 / 3 / 1991دا لە هێرشێکدا بۆ سەر ئەمنە سوورەکە پێکراودا هەناسەی سپارد.

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

سەرچاوە: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، بەرگی دووەمی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال)




**یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان لە ئاداری 1991دا**

**بەختیار عومەر هورێوەیی ڕۆژی ٤ی ٣ی ١٩٩١ لە مینای ڕاپەڕینی خەڵکی ڕاگوێزراوی قەلادزێ و سەنگەسەر و پشدەر لەئۆردوگای زۆرەملێی (خەبات) لە پارێزگای هەولێر شەهید بو....**

**درووود بۆ ڕوحی پاکی**

# تێنەگەیشتنی سەرکردایەتی کورد نامەکەی تیلەرسۆن



(کاک مسعود لەکتێبەکەی چۆن باسی دەکا)

هەمو ڕەوشەنبیرانی کورد پێیان وابوو نامەکەی تیلەرسون دەرفەتێک بوو هات و ڕۆیشت، زێڕ لای زێڕینگەر بەقەدرە، ئەنجومەنی ڕیفراندۆم لەو نامەیە نەگەیشتن، واپێدەچی تەرجومەش باش نەکرابێت، کاک مسعود لە (ل95 –کتێبی بۆ مێژوو) دەڵێت: داوام کردلەنامەکەدا دەستکاری ئەوە بکریت نوسرابوو (ئەوکاتی ڕێز لەریفراندۆمی دەگرین من پێم ووتن بیکەنە (پالپشتی ریفراندۆم دەکەین ونەیان کرد)، واپیدەچی لەنامەکە باش نەگەیشتبن .ئەگینا گرینتی وبنەمای واگەورە لەو نامە هاتبوو پیویستی بەو دەستکاریە نەدەکرد ,ئینجا لەنامەکە وانەهاتبوو کە ڕێزلە ریفراندۆمەکە دەگرین، نەخێر.. دیسان نەخێر، دەترسین وەرگێڕ ئەو کارەساتەی بەسەر سەرکردایەتی کورد هینا بیت، ئەگینا ئەوە ئینگلیزیەکەیتی: This is a rare opportunity that we respectfully ask you to accept as an alternative to the currently scheduled referendum.

ماناکەی: ئەمە فرسەتێکی دەگمەنە بەڕێزەوە داوات لێدەکەین قەبولی بکەیت وەک بەدیلی ڕێفراندۆم.

ئینجا لەنامەکە واهاتوە: At the end of the process,of course, should the talks not reach a mutually acceptable conclusion or fall on account of lack of good faith in the part of Baghdad we would recognize the need for a referendum

دەڵێت لەکۆتای پرۆسەکەدا واتە دوای ساڵێک گفتوگۆکان نەگەن بەدەرئەنجامێکی قبولکراو یا نەبوونی نیەتی باش لەلایەن بەغدا ئەوا دان بە پێویستی ریفراندۆم دەنێین (ئەوە دەقەکەیەتی ئیتر (دان بە پێویستی ریفراندۆم دەنێین) چ لەوە بەهێزتر هەیە وجاریکی تر دووبارە نابیتەوە بۆ دەیان سالی تر. ئەو نوسینە بەبۆنەی دادگایی نەوتی داهاتوو واپێدەچی وەک چۆن دانا غاز ئەوهەمو پارەیەی لە هەرێم بردەوە دووبارە دۆڕاندنێکی گەورە بێتە پیش لەلایەکی تر… هەموی یەک سەرچاوەیە: نەشارەزاییەکی زۆرسادە.



**مسعودعبدالخالق 2021/2/7**

# چەند کورتە تێکستێکی شیعریی بڵاونەکراوەی (جەماڵ غەمبار)



کورتەیەک لە ژیانی:

- ساڵی 1962، لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە .

- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا، لە زانکۆی بەغدا، کۆلێجی یاسا و رامیاریی- بەشی یاسا وەرگرتووە.

- ماوەی زیاتر لە یانزە ساڵ کاری پارێزەریی کردووە لە سلێمانی.

- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕین.

کوردی و، دیوانێکی شیعریی بە زمانی عەرەبیی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.


- وێڕای نووسینی شیعر، چەندین لێکۆڵینەوەی لە بارەی شیعر، بابەتی فیکری، مافەکانی مرۆڤ و، منداڵان و ژنان و هەروەها بواری هونەری شانۆ، نووسیوە و تەرجەمەی زمانی کوردی کردووە.

- لە ساڵی 2002 وە لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی.

- ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی فەرکلتووریی باشووری ئوسترالیایە.

- هەندێ لە تێکستە شیعرییەکانی، بۆ زمانەکانی ئینگلیزیی، فارسی و عەرەبی تەرجەمە کراون.





لە کوێوە دێیت ؟
«کۆرۆنا»
هەموو ڕێگەکانی داخست
ڕێگەی مانگیش !
دەڵێن ؛
«کۆرۆنا» یان بینیوە
مۆمی سەدساڵەی تەمەنی
لەسەر کێکی بەختەوەریی
ئەم سەدەیە هەڵکردووە !
تازە ، مەحاڵە سێوی گۆرانیی م
بگاتە باخچەی خەیاڵی تۆ !
«کۆرۆنا» وا دەڵێ !

جەمال غەمبار

شەوێک ، مانگ ون ببوو .
(مەولانا) لە (شەمس) ی پرسی :
تۆ دەتوانیت داگیرسێیت و
ببیتە دەلیلی ڕۆحم ؟
بنار و کێوەکانی دونیا
ڕۆشن کەین و بزانین مانگ
کەوتۆتە کامە خەرەندی عیشقەوە !



# قەرەقوش



لە بنەڕەتدا ووشەیەکی تورکی یە لە دوو ووشە پێک هاتوە .قەرە واتە ڕەش قووش.واتە هەڵۆ واتای قەرەقووش هەڵۆی ڕەش کە لە بنەرەتدا ناوی بهاءالدین خەڵکی کوردوستانی باکور بوە ئەندازیارو ئەفسەرێکی زۆر زانا و چاپوک بووە لە سوپای سەلاحەدینی ئەییوبی دا بووە زۆر جێگەی متمانەو بڕوای سەلاحەدین بووە لە هەر شەڕێکدا بەشداری کردبێت سەرکەوتو بووە و هیچ کات نە گەندەڵی قبوڵ کردوە و نە ڕێگەی داوە یەکەم کەسیش بووە کە فێرگەی سەربازی داناوە و چەندین قەڵاز لە ووڵاتی میسردا دروست کردووە بۆ مەشقی سەربازەکانی دوای نەمانی سەلاحەدین عبدالعزیزی کوڕی سەلاحەدین بووە جێگری باوکی لەسەر گەندەڵی و یاسا پێشێل کردن گرتی و زیندانی کردو خۆی بووە ڕابەری وڵات بە یەکێک لە ڕاست گۆترین و ئازا ترین سەربازەکانی سوپای سەلاحەدین ناسراوە بەڵام ئەویش وەک چەندین کەسی تر کەوتە بە هێرشی کۆلکە نوسەرو بوویژی دەربارو بۆ بە کەم سەیرکردنی گەورەپیاوانی کورد دوژمنانی نەتەوەی کورد بەو شێوە ناویان زڕاند. ئامادەکردنی: شێخ ڕزگار

## یەکێک لە سزادانەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

تاوانباران بە گوێرەی هەرسەردەمێک ژمارەیەکی توند سزایان بەسەردا سەپێندراوە بە درێژایی مێژوو. هەندێک سووک و هەندێک قورس ئەوەی جێگەی تێڕامان وسەرسوڕمانە جۆرێک سزا هەبوە پێیان گوتووە سزای.....( ماسکی شوورەیی)....

ئەوانەی پێشێلکارییان بکردایە ناچار دەکران جۆرە ماسکە بپۆشن.لەسەدەی ١٧ و ١٨ زایینیدا لە ئەورووپا کرابووە یاسایەک بۆ ئەوەی تاوان باران جارێکی تر تاوان ئەنجام نەدەن ئە ماسکانە لە کانزای قورس دروست دەکران لە کاتی پۆشینیدا ئازارێکی زۆری هەبوو مەبەست لەو سزایە شکاندنی شکۆی تاوان باران بوو زیاتر بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرا کە بە تۆمەتی سیخوری کردن تاوان بار دەکرا خۆ گەر بهاتبایە ئەم سزایە بەسەر بەر پرسانی کورد بسەپێندرایە یەک بەر پرست نەدەدۆزییەوە بێ ماسک زۆر دەگمەن.

ئامادەکردنی: شێخ ڕزگار



# ژمارەیەک بەڵگە



نوسینی: سەرکەوتی جیهاز و خالید رەزا

پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان، لوتکەی فاشیەتی حیزبی بەعس و سەدام حسێن بو کە دەرهەق بە گەلی کوردستان و خاکەکەی کردی.لەو پرۆسە هەشت قۆناغیەدا، سوپای داگیرکەری بەعس توانی سەرکەوتنێکی سەربازی بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە گەورەترین هێزی بەرەنگاربونەوەی بەعس بو، بەدەست بهێنێ. لەدرێژەی تاوانەکانی بەعس دا کە بەهەمو پێوەرە نێودەوڵەتی و یاساو رێسا زەمینی و ئاسمانیەکان جینۆسایدی گەلی کورد بو جێبەجێی کرد، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو زەبرو زەنگەدا، نەیتوانی ئیرادەی گەلی کوردستان و هیزە شۆڕشگێرەکانی بشکێنێ و، سەریان پێ نەوی بکات.

ئێمە وەک دو پێشمەرگەو دو کاد رو دوان لە عەدەد جیهازەکانی سەردەمی ئەنفالەکان و دوای ئەنفالەکان و، سەردەمی پارتیزانی و خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین، کە هەم بەشداری راستەوخۆمان هەبوەو، هەم بە حوکمی کارەکانمان کە نزیکی ناوەندی بڕیار و، هەم بۆ خۆشمان رۆڵمان لە جێبەجێکردندا هەبوە، بەپێویستمانزانی ئەم چەند دێرە یاداشت بکەین کە بە بەروارد بە ئاگاداری و ئەو بەڵگانەی لەلامانە، کورد وتەنی مشتێکە لە خەروارێک. لەراستیدا ئەوەی هانیداین کە ئەم چەند دێرە لەئێستادا بڵاو بکەینەوە، هەستکردنمانە بەوەی کە بەداخەوە، هەندێک هێز و لایەن، بە ئاگاییەوە دەیانەوێت مێژوی راپەڕین بە ئارەزوی خۆیان و بۆ مەبەستی تەسکی حیزبایەتی، بە بێگوێدانە راستیەکان بنوسنەوە. ئەڵبەت خەمی ئێمە خەمی شەخسی نیە، خەمی خۆ بەپاڵەوانکردن و، حیزب و سەرکردە تەقدیس کردن

# دۆکۆمێنت لەسەر راپەڕین

نییە، نادیدەگرتنی رۆڵی هیچ هێزو لایەن و حیزب و گروپێکی تر نییە، هێندەی کە مەبەستمانە مێژوەکە وەک خۆی تۆمار بکرێ... رەنگە خوێندنەوەی ئەم چەند دێرەی ئێمەش بۆ ئەو پێشمەرگە و رێکخستن و کەسانەش زۆر گرنگ نەبێ، کە خۆیان بە فعلی بەشدارو رۆڵیان لەو مێژوە پڕ لەسەروەرییەدا هەبوە، بەڵکە خەمی ئێمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە نەوەیەک لەدوای راپەڕین هاتونەتە دونیاوە، ئێستا جیلی نوێی نەتەوەکەمانن، لەو چەواشەکارییەدا، درۆی مێژویی یان، بەشەرتی راستی مێژویی پێ بفرۆشنەوە، یان بۆ ئەوانەی کە لەداهاتودا دەیانەوێ ئەم مێژوە دیراسبکەن، ئەو زانیاریە ناڕاستانە بکەنە سەرچاوەی توێژینەوەکانیان ... بۆیە بە ئەرکی خۆمانمان زانی ئەم سەرنجانە سەبارەت بە بەرنامەی راپەڕین و، میکانیزمی جێبەجێکردنی راپەڕین، رۆڵی سەرکردەو حیزبەکان لەم وەرچەرخانە مێژوییەدا، بۆ مێژو تۆمار بکەین.

وەک ئاماژەمان پێدا پرۆسەی ئەنفالەکان بەسەرکەوتنی سەربازی بەعسیەکان کۆتایی هات. لەو وەزعە پڕ لەشکست و تەمتومان و، ئایندە نادیارەدا، لە دوا قۆناغی ئەنفالی یەک دا، کە بە گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوەی کە سەدام حسین-ی دیکتاتۆر ناوی نابو (سەری مارەکە)، کۆتاییهات و، بەلاغی ژمارە یەکی بەناوی ئەنفال بڵاوکردەوە.

لەرۆژی (19) مارتی (1988) کە دەکاتە هەمان شەوی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر سنور، کاک نەوشیروان مستەفا کە ئەوکاتە فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و، سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و، جێگری مامجەلال تاڵەبانی بو، بەناوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، بەیاننامەیەکی نوسی و بڵاوکردەوە، کە بەدرێژی باسی شەڕی (25) شەو رۆژەی پێشمەرگە قارەمانەکان و ژمارەی شەهیدو بریندارەکان دەکات. باسی ژمارەی کوژراو بریندار و دیلی دوژمن و، ژمارەی فەیلەق و فیرقەو لیوا و فرۆکە و تۆپخانە و کیمیایی و جاشەکان دەکات. ئا لەو کارەسات و، شکان و بارە دەرونییە خراپەدا،

سەرکردەیەکی دوربین و خاوەن ئیرادە لەدوا دێرەکانی بەیاننامەکەدا بەم جۆرە بیرەکاتەوەو دەنوسێ "بەم بۆنەیەوە

ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەرچی دوژمن بەقیمەتێکی گران.. سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام دڵنیایان ئەکەین کە ئەم شەڕە نوقطەی وەرچەرخانێک ئەبێ لە جەنگی (27) ساڵەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دا بەقازانجی گەلەکەمان و، سەرەتای پاککردنەوەی یەکجارەکی خاکی کوردستان ئەبێ لەهێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعس کە ڕۆژی لەگۆڕنانی نزیک بۆتەوە... بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و بەدەستهێنانی مافی ئازادی چارەنوس بۆ گەلی کورد".

## خۆڕێکخستنەوە دوای ئەنفال!

لەدوای ئەنفال هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدێژایی سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵات، جێگیر بون. کارەساتی ئەنفال و ئەو شکانە سەربازی و، بارە دەرونییەی کە بەسەر هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتیەکەیدا هاتبو، پێویستی بە بیری تیژ و، سەرکردەی ئارام و دوربین هەبو... ئەو ڕۆژانە ئیتر بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قاسمەرەش بارگەو بنەی خست و، لەوێوە بەسەرپەرشتی کاک نەوشیروان مستەفا کۆبونەوەی چڕوپڕ بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێی دوای ئەنفال دەستپێیکرد. لەوێ لە چەند هەفتەیەکدا، کاک نەوشیروان مستەفا بە هاوکاری هاوڕێکانی دەستی بە نوسینی بەرنامەی خۆڕێکخستنەوە کرد و، پڕۆژەیەکی تێروتەسەلی ئامادەکردو تیایدا پایەکانی ستراتیژی خەباتی سەرلەنوێ دارشتەوە. بەجۆرێک لەگەل هەلومەرجی نوێ بگونجێ. جاران کە ناوچەی ڕزگارکراومان بەدەستەوەبو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژانە لەشەڕو نەبەردی قارەمانەدابو، ناوچە ڕزگارکراوەکانی لەهێرش و پەلاماری بەعس دەپاراست، بۆیە کاروباری پێشمەرگایەتی لە ئەولەویەتی پایەکانی خەبات بو، بەدوای ئەودا ئینجا خەباتی سیاسی ڕێکخراوەیی و ئیعلامی و دیبلۆماسی.. دەهات. بەڵام کاتێک کە ناوچەی ڕزگارکراومان نەماو، جەیشی عێراقی هەمو ناوچەکانی داگیرکرد، ئیتر دەبو جیگۆڕکێ بە پایەکانی خەبات بکرێ، بۆیە سەرلەنوێ بەم جۆرە داڕێژرایەوە:

١. کاری ڕیکخراوەیی و سیاسی.
٢. کاروباری ڕاگەیاندن
٣. کاروباری پیشمەرگەیی
٤. کاری دیبلۆماسی

ئەوەبو دەستکرا بە کارکردن بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستن لە ناوهێزەکان و، لەناو شارەکاندا. لە ناوشارەکانیش سەرکردایەتی ناوخۆ دروستکرا، تا لەکاتی پچرانی پەیوەندی نێوان شارو شاخدا، خۆیان بتوانن سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانەی ناوخۆ بکەن. لەو سەروبەندەدا سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) دروستکرا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بە چالاکی نەوعی شەڕ بخرێتە ناو ماڵی دوژمن لە هەمو شارەکانی عێراقدا. تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی شاخ دەستکاریکراو بەتالیۆنەکان دروستکران، ناوەندی مەشق کرایەوەو، دەست بەمەشقی پێشمەرگە کرا. ڕەتڵی پارتیزانەکان پێکهینران و، بە مەفرەزەی بچوک نێردرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جێگیرکرا و دەستی بە پەخش کردەوە. بەشێک لەکادرەکان نێردرانە ئەوروپا بۆ کاروباری ڕێکخستن و کاری دپلۆماسی، ئەمکارانە بەردەوامبو هەتا ڕۆژی داگیرکردنی کوەیت.

## دروستکردنی بەرەی کوردستانی!

سەرەتای بانگەواز بۆ پێکهینانی بەرەی کوردستانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1983)، ئەو کاتەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستی بە مفاوەزاتکرد، لە کۆبونەوە جەماوەرییە گەورەکەی سورداش دا، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بانگەوازی بۆ ئاشتبونەوەی هێزە کوردستانیەکان و، دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوی کوردستانیکرد. بەڵام هیچ لایەنێکی کوردستانی بەدەنگ بانگەوازەکەوە نەهاتن. هۆکاری بەدەنگەوە نەهاتنی هێزەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێنرایەوە کە هەستی بە بەهێزی پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرد، چ لەسەر ئاستی ناوچەی ڕزگارکراو، چ لەسەرئاستی ژمارەی هێزی پێشمەرگەو، چ لەسەر ئاستی پێگەی جەماوەری یەکێتی لەناو دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بۆیە پێی وابو لە بارێکی ناهاوسەنگی وادا، پێگەی ئەو لەبەرامبەر نەیارە مێژوییەکەیدا سەنگین نابێ، چونکە لەو کاتەدا بنکەو بارەگای سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی لە گوندی ڕاژان بو، گوندی ڕاژان دەکەوێتە (36) کیلۆمەتری ئوستانی ئورمیە، نزیک سنوری تورکیا.. ساڵی

(1986)یش لەدرێژەی هەوڵەکانی ئێراندا بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان یەکێتی و پارتی فشاری خستە سەر هەردولایان تا بگەنە رێکەوتن، ئەوەبو لە تارانی پایتەختی ئێران مام جەلال و کاک ئیدریس بارزانی، کۆبونەوەی لێک تێگەیشتنیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردو حیزب کرد. نەک وەک هەندێک کەس باسی دەکەن کە گوایە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بوە! ئەم لێک تیگەیشتنەش ئەگەر چی سەرەتایەکی باش بو بۆ لیکنزیک بونەوەی ئەم دو هیزەو بوە مایەی هاتنی وەفدیکی پارتی بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی. بەڵام چونکە لەوکاتەشدا سەنگ و قورسایی سەربازی و سیاسی و جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر وەک خۆی بو، بۆیە هیچ رێککەوتنێکی کۆنکرێتی لێ سەوز نەبو، هەتا دوای پرۆسەی ئەنفالەکان و، شکانی یەکێتی و کشانەوەی بۆ سەر سنور، دوای گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە، جاریکی تر مام جەلال سکرتێری یەکیتی بانگەوازی بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی کردو، هەوڵەکان چڕکرانەوە، ئەمجارەیان پارتی و بارزانی هاتنە ژێرباری دروستکردنی بەرەی کوردستانی و لە هاوینی (1988) و لەژێر شەقی زەمانەدا لەئێران دروستکردنی بەرەی کوردستانی راگەیەنرا، بەبێ ئەوەی خاوەنی لەشکرێکی یەکگرتو، سەرکردایەتیەکی سیاسی دامەزراوبێ، تەنها شتێ کە بەرەی کوردستانی هەیبو رۆژنامەیەک و، نوێنەرایەتی لایەنەکان بو ئەویش لە گوندی راژان بو، کە بارەگای سەرەکی کاک مەسعود بارزانی لێ بو! بەپێی رێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی کاک مەسعود بۆ سەرۆکایەتی بەرە لەناوەو، مام جەلالیش بۆ سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەدەرەوەی وڵات دیاریکران.

## داگیرکردنی کوەیت

داگیرکردنی کوەیت لە (2)ی ئابی ساڵی (1990)، لەلایەن سەدام حسین-ەوە، دەرفەتێکی زێرین بو بۆ کورد و هێزەکانی تا تۆڵەی خۆیان لەبەعس بکەنەوە. سیاسەتی سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەو کات و ساتەدا ئەوە بو، کە هیچ بەیاننامەو تەسریح و هاشوهوشێک نەکرێ نە بە ئیدانەکردن، نە بەپشتگیریکردن، بەڵکو خۆمان بێ دەنگ بکەین و ئێستا ئیتر کاتی فەرمان و کردار و خۆئامادەکردنە بۆ ئەگەرەکان. ئەگەر سەدام لەژێر زەختی دەولیدا کشایەوە، ئەگەر نە کشایەوەو لێی درا. بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرەی کوردستانی کە بارەگاکەی لە راژان بو لای کاک مەسعود بارزانی، بەیانێکی ئیدانەی دژ بە داگیرکردنی کوەیت دەرکرد. بۆیە یەکێتی دەستبەجێ ناڕەزایی دەربڕی و، نوێنەرەکەی خۆی کە کۆچکردو (جەبار فەرمان) بو لە بەرەی کوردستانی بۆ قاسمەڕەش سەحبکردەوە، داوای لەبەرەی کوردستانی کرد کە ئەو بەیاننامەیە تەعبیر لەبیروڕای ئێمە ناکات بکێشرێتەوە.

یەکێتی دەبو لەسەر ئەگەرەکان بەرنامەی هەبێ. ئەمە سەرەتای داڕشتنی پلانی راپەرین و دەستگرتن بەسەر شارو شارۆچکەکانە.


ئێمە شایەتی یەکەمین رۆژی داگیرکردنی کوەی- ین، کاتێک کە چوینەلای کاک نەوشیروان مستەفا، ئەو نەخشە سەربازییانەی کە لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالدا گیرابون، لەژورەکەی خۆی دا رایخستبون خەریکی سەیرکردن و لێوردبونەوەی بو، بەپێی ئاگاداری ئێمە لەمڕۆژەوە پلانی راپەرین هەمو مێشک و بیرکردنەوەی کاک نەوشیروان مستەفای داگیرکرد. کاک نەوشیروان بەهاوکاری و راوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەشێک لەشارەزایانی سەربازی نەخشەی راپەرینی نوسی و ئامادەکرد. بەرنامەی راپەڕین بەتەنها پلانی هەڵکوتانەسەر شارو شارۆچکەکان نەبو، بەڵکو ئەوەی کە تێکرای بەرنامەکەی خوێندبێتەوە یان بینیبێتی، راستەوخۆ ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە ئەو عەقڵەی لەپشت داڕشتنی ئەو بەرنامەوەیە تێدەگات کە بیری لە هەمو کایەکان کردۆتەوە، لایەنی سەربازی، لایەنی ئامۆژگاری و لایەنی حکومڕانی و راگرتنی ئاسایش و پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و حوکمداری هەر هەموی تیایە.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەمان باشتر رون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین هەندێ نمونە یاداشت بکەین:

یەکەم: لە بابی دەستگرتن بەسەر شارۆچکەو ئۆردوگاکانی کوردستان و، ناوەندی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوک دا زۆر بە وردی رەچاوی سازدانی هێزەکانی پێشمەرگەو فەرمان وەرگرتن لە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەو قۆناغ بەندی جوڵان و پەلاماردان و جێگیربون تەکاندان بۆ ئامانجی داهاتو... هەر هەموی دیاریکراوە. لەبابی ئامۆژگاریە گشتیەکاندا

لە لقی (هەڵویست) دا دەسەڵاتی تەواوی داوە بە یەکەکانی هێزی پێشمەرگە کە هەڵوێست لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ئانیدا، بگۆڕن و خۆیان بگونجێنن!


بەوردی ئەرک و فەرمانی رەتڵەکانی پێشمەرگەو بەتالیۆنەکان و چۆنیتی ئیستیعابکردنی ژمارەی چەکداری نوێی تیا دیاریکراوە.



دوەم: بەپێی نەخشەیەکی سەربازی، هەمو کوردستان دابەشی (10) میحوەر کراوە هەر لە کفرییەوە تا بادینان، بۆ هەر میحوەرێک سەرپەرشتیاری محوەر، فەرماندەی محوەر، فەرماندەی مەیدانی و بەتالیۆنەکان تیپ و کەرت و دەستە، هەر هەموی بەناو ژمارە دیاریکراون، کەلوپەلی جیهاز و، لۆجستیک .. میکانیزمی هەماهەنگی قۆڵ و میحوەرەکان لەگەڵ یەک نوسراوەو دیاریکراوە.

سێیەم: لە بابی ئامۆژگارییەکاندا کە لێی نوسراوە زۆر نهێنی و تایبەت بۆ فەرماندەکانە، لە (20) خاڵدا دیسان لەسەر دەستوری ئەکادیمیای سەربازی ئامادەکراوە و لەو دێڕی پێشەکیەکەیدا وەک فەرمانی سەربازی فەرماندەو پێشمەرگە ئیلزام ئەکا، کە ئامۆژگارییەکان وەک خۆی جێبەجێ بکەن، لەبەرامبەر هەر کەم تەرخەمیەکدا بەرپرسیاریان دەکات. خاڵی زۆر سەرنج راکێشی تیایە هەر لە رەگەزی خێرایی‌یەوە، بیگرە هەتا هەڵخەڵەتاندن و غافڵگیرکردنی دوژمن، هەر پێشمەرگەیەک دەبێ خواردەمەنی پێویست بەشی سێ رۆژی پێبێت، لەگەڵ هەمو پێویستیە جەنگیەکانی وەک چەک، فیشەک و نارنجۆک.. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەو پێشمەرگەوە ئاگادار دەکاتەوە لەوەی دەبێ لەگەڵ هاوڵاتیان نەرم و نیان بن، نابێ بەهیچ جۆرێک دەستدرێژی بکرێتە سەر هیچ کەس، هەر کەس بیکا سزا ئەدرێ. تۆڵەسەندنەوەی کۆن و، زیندوکردنەوەی دوژمنایەتی کۆن قەدەغەدەکات و سزای بۆ دانراوە.. داوا لە هێزی پێشمەرگە دەکا کە بەناوی بەرەی کوردستانیەوە قسە لەگەڵ جەماوەر بکرێ... فەرمان دەکا کە دەبێ هەمو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان هەم بپارێزرێن و، هەم بەزویی فەرمانبەران بچنەوە سەرکارەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی، دابینکردنی ئاو و کارەبا و خوێندن و خەستەخانە... پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان، دابینکردنی ئاسایش بۆیان.. ئەمانەی


ئاماژەمان پێداون وەک سەرەقەڵەمێکە لەو بەرنامە گشتگیرەی کە لەلایەن کاک نەوشیروان مستەفاوە بۆ راپەرینی ساڵی (1991) نوسراوەو، بە دەست و خەت و بەچاپکراویش لەئەرشیف دا پارێزراوە.. رەنگە پرسیاری ئێمەو ئێوەش بێ، ئایە ئەم شتانە هەموی وەک خۆی جێبەجێکراوە یان نا؟



لەدوای نوسینی بەرنامەکەو، ئامادەکردنی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەو پلانە، کە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، لە قاسمە رەشەوە وەفدێکی یەکێتی دەنێردرێت بۆ لای کاک مەسعود بارزانی .. کاک مەسعود بارزانی وەڵامی کۆنکرێتی بۆ رازیبون، بڕوابون بەو بەرنامەیە، بەوەفدی یەکێتی نەدابوەوە، بۆیە پێویستی بەکات و هەوڵی تر هەبو لەگەڵی. یەکێتی و مام جەلال و بەشەخسیش کاک نەوشیروان مستەفا، هەوڵەکانیان چڕکردەوە.. روداو و گۆڕانکارییەکان بەخێرایی رویان ئەداو، بوار بۆ کوشتنی کات نەمابوەوە، بۆیە فشارەکانی یەکێتی و تەنانەت هەندێک لە بەرپرسانی ئێرانی بۆ بەشداری راستەوخۆی پارتی و کاک مەسعود چڕتر کرانەوە، مام جەلالیش لەدەرەوە زۆر تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە کاک مەسعود بارزانی بەشداری بکا، تا یەکێتی ریزەکانی گەل مسۆگەرتر ببێ و، کورد لەم دەرفەتە مێژوییەدا بە یەکگرتوی بەرامبەر رژێمی بەعس شەڕ بکات. بێگومان داڕێژەری بەرنامەی راپەرینیش هەمان بیروبۆچونی هەبو، هەر بۆیە لەداڕشتنی بەرنامەی راپەریندا لە خاڵی (15) ئامۆژگاریەکاندا بەدەق نوسیویەتی "بەناوی بەرەی کوردستانییەوە لەگەڵ جەماوەر قسەبکرێ"، هەروەها لە بەشی پلانی دەست بەسەراگرتنی شارو شارۆچکەکاندا، لەباسی هێزەکاندا خاڵی (12) دەنوسێ "هێزەکانی لایەنەکانی تر کە ئامادەن بۆ بەشداری".

کاک نەوشیروان مستەفا چونکە خۆی سەرپەرشتی هەمو ئامادەکارییەکانی بۆ جێ بەجێکردنی بەرنامەکە کردبو، لەهەر سەرکردەیەکی تر زیاتر قەلەقە و، وەک خۆی نوسیویەتی دەزانی عنصری سرعە (رەگەزی خێرایی) چ رۆڵێکی چارەنوسساز لە

لەحزەی حاسمدا دەگێڕێ، بۆیە لەچاوەڕوانی، وا کاک مەسعود (هات)ەکەی مام جەلال و، (نەهات)ە کەی کاک مەسعود بارزانی دا، ئۆقرە ناگرێ و، بەردەوام لە پەیوەندی دا دەبێ بەهۆی جیهازەکەی دیمەشق لەگەڵ مام جەلال و، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ کاک مەسعود، داوا دەکات کە دەبێ کاک مەسعود پەلەبکات لەهاتن بۆلایان، کاک نەوشیروان ناچار بو، فەرمان بە جولانی هێزەکە بدات بەرەو رانیە، خۆی چاوەڕوانی هاتنی بارزانی بکا.. سەرەنجام دوای چاوەڕوانیەکی چەند رۆژەو تەئخیرکردنی کاک نەوشیروان لە دابەزین بۆ رانیە، دوای ئەوەی کاک نەوشیروان چەند جارێک لە زەڵێ-وە دەگەڕێتەوە بۆ قاسمەرەش بەدوای کاک مەسعودا، ئەوەبو کاک مەسعود بارزانی بەخۆیی و حیمایەکانییەوە، وەک لە رۆژژمێری سەرکەوتی جیهازدا تۆمارکراوە و، لێرەدا وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە، رۆژی (6-3-1991) واتە رۆژێک دوای راپەرینی رانیەی دەروازەی راپەرین و، رۆژێک پێش زەماوەندەکەی سلێمانی، کاک مەسعود دەگاتە قاسمەرەش.




چیرۆکی دواکەوتنی کاک نێچیرڤان بارزانیش هاوشێوەی کاک مەسعود بارزانی بو، بڕیار بو کاک نێچیرڤان بارزانیش لەوادەی دیاریکراو بگاتە چیوەڕۆ کە خاڵی دەرچونی هێزەکانی میحوەری دوی سلێمانی بو، بەڵام هەر نەهات، لە (8-3-1998) نێچیرڤان بارزانی لە ئێرانەوە و لەڕێی جیهازەکەی یەکێتیەوە بروسکەیەک دەنێرێ بۆ کاک ملازم عومەر، بروسکەکە لەڕێی جیهازەکەی بەتالیۆنی (7) کە هەردو هاوڕێمان کاک خالید حسین و کاک تارق کە ئەوکاتە لە مزگەوتی عەلی کەمال بون لەگەڕەگی هەوارەبەرزەی

نێچیر لە بروسکەکەیدا داوا دەکات ئەو رێگەنازانێ بەڵکە چاوساغی بکەن، یان مەفرەزەیەکی شارەزای بە پیرەوە بنێرن تا بگاتە سلێمانی.

لە رۆژی (11-3-1991) چەند پاسێکی کۆستەریان بۆ دەنێرن بۆ باشماخ و لەڕێی چوارتاوە هەمان رۆژ کاک نێچرڤان و قادر قادر و حیمایەکانی دەگەنە سلێمانی. رۆژی دواتر دەچێتە بارەگای بەرەی کوردستانی کە لە بینای سەقافەی جەماوەری بو، کاک عومەر فەتاح بەرپرسی بەرەی کوردستانی بو!

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئەگەرچی لەژێر شەقی زەمانەدا دامەزرا، بەڵام توانی رۆڵی گەورە لە کۆکردنەوەی هێزەکانی کوردستان و، یەکێتی ریزەکانی گەلدا بۆ راپەڕین بگێرێ، بەڵام بەهۆی نەبونی سەرکردایەتیەکی یەکگرتو، لەشکریکی یەکگرتوی نیشتمانی نەیتوانی پارێزگاری لە سەرکەوتنەکانی راپەرین بکا و، لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا، گەورەترین سەرکەوتن گۆڕا بە شکستیکی گەورەو، بەعس توانی کۆنترۆڵی هەمو شارە گەورەکان بکاتەوە. ئێستاش پێویستیمان بەهەمان یەکێتی و یەکریزی و یەک ئیرادەیی هێزەکان هەیە، بەڵام بەداخەوە هێزە کوردستانیەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی پەندیان لەرابردو وەرنەگرت و، لەسەر هەڵەکانیان بەردەوامن و، نمونەیەکی ناشرینی حوکمڕانیان پێشکەش کردوین، ئەگەر بەخۆیاندا نەچنەوە، بەدوری نازانین نارەزایەتیەکان سەر بکێشن بۆ توندوتیژی گەورەو، خۆیان و میللەتەکەشمان توشی کارەساتی گەورەبکەن. بەرەو چەسپاندنی ئامانجەکانی راپەڕین کە خۆی لە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا و، حکومەتی هاوڵاتیدا دەبینێتەوە.



## داستانی گرتنی شارۆچکەی هیران و ١١ ڕۆژ هێرش وبەرەنگاری. ٦-٩-١٩٨٧

**ڕەوەند گەرمیانی**



بەم جۆرە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان بەسەرتەواوی شارۆچکەکەو گردەکانی دەوروبەریدا گرت ودوواتریش توانیان کۆنترۆڵی کەپکی شیلانەی چیای سەفین بکەن و هێزەکانی دوژمن بشکێنن و ڕاوبنێن وپاشان لە درێژەی هەڵمەتەکانیان دەستیان بەسەر لوتکەی گەروتەدا گرت کە هەڵکەوتێکی ستراتیجی هەیەو بەم جۆرە هێزی پێشمەرگە دەرفەتی بۆرەخساو توانی هەتا نزیک شەقڵاوە هێزەکانی ڕژێمی بەعس ڕاوبنێ.

دوای ئەم شکستانە هێزە بەزیوەکانی دوژمن کەوتنە خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی دژە هێرش بۆ گرتنەوەی هیران ودۆڵی سماقوولی.

ئەو هێزانەی ڕژێم کە ئەنجامدانی ئەم هێرشانەیان پێ سپێردرابوو زۆر بەربڵاووگەورەبوون کە بریتی بوون لە:

١- هێزێکی زۆری گەورەی جاش

٢- فیرقەی ٤٥ ی سەربە فەیلەقی پێنج کە بە قوات طلحة ناسراوە

٣- لیوایەکی قوات خاسەی سەربەفەیلەقی٥

٤- کەتیبەی هەندەسەی لەشکر

٥- سێ کەتیبەی تۆبخانەی قورس

٦- کەتیبەیەکی موشەک

٧- سێ کەتیبەی تانک و زرێپۆش

بەم شێوەیە لە بەرواری ٦ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن لە چوارقۆڵەوە وبەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزیری بەرگری ئەوسای عێراق عدنان خێرالله ئەنجام درا وهێرش لەم قۆڵانەوەدەستی پێکرد

١- لەقۆڵی گۆمەتانەوە بەرەو زنجیرە چیاکانی بنە باوێ

٢- لەقۆڵی سەری ڕەش ـ دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو گوندەکانی سوسێ وسولاوک

٣- لەقۆڵی چیای سەفینەوە بەرەو کەپکی شیلانەو بەرزاییەکانی کەدەڕوانن بە سەر شارۆچکەی هیران

٤- لەقۆڵی شەقڵاوەوە بەرەو شارۆچکەی هیران

هاوکات هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەهیران لە ئامادە باشی بو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە چاوەڕوانکراوەکانی هێزەکانی ڕژێم

ئەم هێزانە بریتی بوون لە :

١ـ تیپی ٨٣ ی هەورێ

٢ـ تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی

٣ـ تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر

٤ـ تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ

٥ـ تیپی ١٩ ی کۆڕەک

٦- تیپی ١٢ ی سۆران
٧- تیپی ٧٨ ی کاروخ
٨- تیپی ٩٠ ی باواجی
٩- تیپی ٩١ ی سەفین
١٠- تیپی ٩٣ ی کۆیە
١١- تیپی ٩٩ ی بیتوێن

هەروەها بەتالیۆنی ٣١ ی ئازارو بەتالیۆنی ٥ ی حیزبی شیوعی عێراق وهێزی باواجی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان وچەنددەستەیەکی لیژنەی ناوچەی هیران وکۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەم شێوەیە شەڕ هەموو قۆڵەکانی گرتەوە و هێزەکانی دوژمن بەپاڵپشتی تانک وتۆپبارانی چڕ، دەستیان بەهێرشەکان کرد ،بەڵام بەرامبەر خۆڕاگری و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە هیچ ئامانجێکیان نەهاتەدی و دووای شکستی هێرشەکان بەرەو دووا کشانەوە.

لە رۆژی ٧ ی ئەیلولدا واتە رۆژی دووەمی شەڕەکە دۆژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لەهەموو قۆڵەکانەوە زۆر بەچڕی تۆپباران کردەوەو پاشان هێرشی سەخت بۆسەر هەموو قۆڵەکان دەستپێکرد ولەهەمان کاتدا فرۆکە جەنگییەکانی قوەی جەوی عێراقی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بە بۆمبی هێشووی قەدەغەکراو زۆر بەخەستی بۆردومان کرد. بۆ شەوەکەی پێشمەرگەکانی هەریەک لە تیپی ٧٨ ی کاروخ و تیپی ١٩ ی کۆرەک بۆ کەم کردنەوەی گوشاری هێزەکانی دوژمن لەسەر

شەرگەی هیران لەناوچەی دەرگەڵە هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجێکی جاشەکان و٣ رەبییەی سەر بەهێزەکانی فەهد و٧ رەبییە لەدۆڵی خانەقا لەناوچەی نێوان لۆفەکانی چیای گۆجارۆگردی میرسەلیم وتوانیان دەست بەسەر بارەگای فەوجەکەو هەر١٠ رەبیەکەدا بگرن ولەئەنجامدا ٧٥ جاشیان کوشت و٦ جاشی دیکەشیان بەدیل گرت. لە رۆژی سێ یەم واتە لە ٨ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن لەچوارچێوەی هێرشەکانیدا دەستیان بەهەندێک پێشرەوی کرد بەئاراستەی گوندی زیارەت وتوانیان هەندێک بەرزایی بگرن. دوواتر دوژمن هەوڵی دا هەتا چیای بنەباوییان بگرێت بەڵام رووبەڕوی بەرەنگاری سەختی پێشمەرگەکان بووەو جارێکی ترتێکشکان و هیچیان بەهیچ نەکرد.

لە ٩ ی ئەیلولدا لیویەکی گاردی کۆماری بە پاڵپشتی جاشە خۆفرۆشەکان هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەکان لەهەمان قۆڵەوە بەڵام دیسان بەهۆی خۆڕاگری هەڵۆی چیاکان خراپ تێکشکان و پێشمەرگەکان ئاگری دۆزەخیان بۆداخستن وزیانێکی گەورەیان لێدان.


بەم جۆرەهێرش و پەلاماری دوژمن وبەرەنگاری وخۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی ئەوهێزانەی رژێم هیچ ئامانجێکی دیاریکراوبەدەست بهێنن.


لە ١٠ ی ئەیلولدا هێزەکانی گاردی کۆماری وچەندین لیوای کۆماندۆ وزیاترلە ١٠ فەوجی جاش جارێکی تر هێرشیان کردە سە ر سەنگەرەکانی

پێشمەرگە لە چیای بنەباوێ کە دەڕوانێتە سەر ڕێگای دێگەڵە ـ دەربەندی گۆمەسپان و پاش شەڕێکی قورس توانیان تا ئێوارە دەست بەسەر چەند بەرزاییەکدابگرن.
بۆشەوەکەی هێزی پێشمەرگە لەبنەباوێ کشایەوەو سەنگەری تازەی لەشوێنی لەبارتر لێدا.
لەڕۆژی ١٦ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن هێرشی بەربڵاوویان بەئاراستەی هەردوگوندی کرۆژو سماقوڵی دەستپێکرد.
لەبەرامبەردا پێشمەرگەجوامێرەکانی تیپی ٨٧ ی کاروخ و ٩٠ ی باواجی و ٩٩ ی بیتوێن و هێزی باواجی حیزبی سۆسیالیست بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوەو شەڕێکی دەستەو یەخەیان لەگەڵ کردن وتێکیانشکاندن و دوواتر پێشمەرگەکان دەستیان بەدژە هێرش کردوهێزەکەیان ڕاونا.
لەدرێژەی ئەم ڕاونانەی دوژمن هێزەکانی پێشمەرگە درێژەیان بە پێشڕەوییەکانی خۆیان داو چیای بنەباوێیان جارێکی تر لەهێزەکانی دوژمن سەندەوەودوژمن ناچار ودووای ئەوەی زۆربەی هێزەکەی تەفروتونابووبەرەو پاش قوچانی وبە ئاراستەی هەولێرپاشەکشەی کرد.
لەم داستانە مەزنەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر برێکی زۆر لە تەقەمەنی وخۆراک و وێڕای ٢ ئۆتۆمبیلی سەربازی لەجۆری زیل وبرێکی زۆر گولە تۆپ وموشەکی تانک وگولەی ئارپیجی دا گرت ولەهەمان کاتدالەمەیدانی شەڕدا بەدەیان لاشەی کوژراوی هێزەکانی دوژمن کەوتبوو.

بەم شێوەیە نەک دوژمن ئامانجەکانی خۆی نەپێکا بەڵکو هێزەکانی پێشمەرگە هەتا نزیک ڕێگەی هەولێر ـ کۆیە دوژمنیان ڕاو نا..
پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورەو مێژوویی تۆمار کرد.سڵاووڵە ئێوەی قارەمان.. لە ئێوەی خۆڕاگر..لە ئێوە ی کێوی بڕواو متمانە.


## دەستنوسی شیعرێکی نالی





لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من
ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من
مەجنونی دوو گیسویی چ لەیلاییێکە ئاخۆ
یا وامیقی جادوویی چ عەزراییێکە ئاخۆ
دێوانەیی ئاهویی چ سەحراییێکە ئاخۆ
کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من

بێخودی شاعیر ناوی تەواوی (مەحمود)ی کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی موفتی گەورە حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە کە ناوبانگی بە(پیرحەسەن) دەرکردووە. لەساڵی ١٨٧٩ هاتوەتە دونیاوە، لای زانایانی ناوداری ئەو سەردەمەی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی 1900ی زاینی کراوە بەحاکمی هەڵەبجە، لەگەڵ مامۆستایان (ڕەفیق حیلمی) و (زێوەر)دا مامۆستایەتیی کردووە، بێئەوەی هیچ مانگانەیەک وەربگرێت، واتە بێبەرانبەر دەرسی بەمنداڵانی کوردستان وتووەو پەروەردەی کردوون، پێش کۆچی دوایی موفتی کاکی (مەلا عەبدولعەزیز)، چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەر بردووە، لەدواییدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و تا مردنی لە جێگاکەی ئەودا موفتی بووە، ڕۆژی٢٥ی ٨ی ١٩٥٥ بۆ دواجارماڵئاوایی کرد ،بەراستی ئەم کەسایەتییانە بوون بە چرا و جوانی وروناکی بۆشارەکەو بۆ هەموو کوردستان کەبۆ هەتایئ پرشنگی روناکی دەبن وناکوژینەوە.یادی پیرۆزیان بەخێر.. **سەرچاوە، دیوانی بێخود**



(الله اکبر) مەلا بانگدانە
تاریک و لێڵی بەری بەیانە
مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
زەردەلەترسی قاسپە قاسپی کەو
ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل
کزکزئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل
لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ
لەشوێنی ڕاوکەرتەقەی تفەنگ دێ
وابەتەواوی دنیا ڕووناکە
هەرسیحری ڕووتە سروشت ئێستاکە
لەدرەخت ئەدا شنەی بای سەحەر
جموجۆڵیەتی چەشنی سەودای سەر
لەسەر جۆگەی ئاش قازو مراوی
چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی!
بەڵام تا خوڵقی نەکاچێشتەنگاو
نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو!

YADNAME یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیان دن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەلأم بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بلاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بلاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە23ی ئازاری2021 بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.23, March 2021

## مانگی نەورۆز، مانگی بۆنە و کارەساتەکان



یادنامە

کورد بە درێژایی مێژو مانگی ٣ پڕە لە یادەوەری کارەسات و بۆنەکان ، ئەگەر ئەم یادەوەریانە خوێندنەوەی بۆ بکرێ ئەوا مێژوی دروشمەکانی مرۆ ڤایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، بە دوای مانگی سێ ، مانگی ٤ درێژکراوە و تەواوکاری پلانەکانی مانگی٣ بوە ، هەر لە هەڵەبجە و کۆڕە و جینوساید ، کە هەمو ئەمانە درێژکراوەی پلانی دوژمنان بوە لە مێژودا بە تایبەت هەرەسی شۆڕشی کوردی ، دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا کورد لە ئێستادا توانیویەتی ئەم مەلەفانە بەرێتە ناوەندە جیهانیەکان و مافی مرۆڤ و مافی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان ، ئایا توانیویەتی ئەم مەلەفانە بکاتە دیکۆمێنتێکی کۆنکرێتی و بە جیهان بلێ مافی مرۆڤ لەژێر ڕەحمی بەرژەوەندیە گەورەکانا جگە لە درۆیەک هیجی تر نیە، دوا جار با س کردن و گێڕانەوەی حکایەتی کارەساتەکان هیچ ناکات گەر خۆمان کاری لەسەر نەکەین ، مافی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەم کارەساتانەدا هیج نیە جگە لە درۆیەکی جیهانی ، وەک شێرکۆ بێکەس دەلێ : مافی مرۆڤ درۆیەک بو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دەمی هەڵەوەڕی مێژو دەرچو بۆنەکان لە بەرامبەر ک ارەساتەکاندا ، بونەتە بەرخودانی خۆسەلمێنەری گەورەترین نەتوەی بێ دەوڵەتی دنیا ، نـەورۆز و ڕاپەڕین ئەو قۆناغە بو وەڵامی دنیای دایەوە ، کە بلێ : ڕۆژی ئازادیــە نـــەک زەبـــونیە ئەی منیش وەک گەلان مافم بۆ نیە بــۆچی تاوانە دیـــلی کـــەس نەبم یا پلیـــشاوەی ژێــر هــەرەس نەبم.

## ململانێی نێوان تورکیا و ئێران لەسەر موسڵ پەرەدەسێنێت




چاوتێبڕینی تورکیا بۆ سەر ناوچەی شەنگال لە عێراق، ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و تورکیای بردووەتە قۆناغێکی نوێوە.
دەستپێکردنی هەڵمەتی سەربازی بۆ وەدەرنانی چەکدارە کوردەکان لە ناوچە ی شە نگالی باکوری عێراق، بووە تەهۆی زیاتر تێکچونی پەیوەندیەکانی هەردوو وڵات لەسە ر ناوچە ی دەوڵەمەند بە نە وتی موسڵ، کە زۆرێک لە تورکەکان تا ئێستاش وەک میراتێکی دەوڵە تی عوسمانی لێی دەڕوانن..
سەرەتای ئەم هەفتەیە، لە زاری محمد جواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئێران نیگەرانە لە جموجوڵی سە ربازی تورکیا لە سوریا و عێراق و سیاسەتی تورکیاشی بەرامبەر بە بەغداد و دیمەشق بە هەڵە ناوبردوە، بە ڵام لە لێدوانێکدا بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی تورکیا. **بۆ ل ٢ و ٣ و 4**

**ئارام هێمای سرودی ڕەنجدەران..** **ل**

**بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان (سەرووت سەوز)..** **ل**

**بەسەرکردنەوەی تێکۆشەر، سەفینی مەلا قەرە..** **ل**

کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەوەی ڕەتکردەوە کە زەریف لێدوانی لەو جۆرەی دابێت، هەرچەندە گرژی و جیاوازییەکانی ئەم دوو وڵاتە بە ڕوونی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە دەبینرێت.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتدا هێزە سەربازییەکانی تورکیا مۆڵگە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان لە چیای گارە لە باکوری عێراق دەکردە ئامانج، لە هەمان کاتیشدا سێ لیوا لە یەکینەکانی حەشدی شەعبی کە ئێران پشتگیریان دەکات لە شەنگال جێگیرکران لە خۆرئاوای موسڵ بە درێژایی سنوری سوریا. یەکێک لە فەرماندەکانی حەشد ڕایگەیاند، جێگیرکردنی ئەوان لەوێ بۆ ڕێگریکردن بووە لە هەڕەشەی سەربازی تورکیا.

بوونی پەکەکە لە شەنگال تورکیای نیگەران کردووە، بەڵام حساباتی تورکیا تا موسڵ درێژ دەبێتەوە، ئێرانیش لای خۆیەوە بۆ ڕێگریکردن لە پێشڕەوی کردنی چەکدارانی داعش؛ ئەوەی ویستویەتی بە زیادەوە ئەنجامیداوە.

زۆرێک لە تورکەکان، بە تایبەت ڕاستڕەوەکان تا ئێستاش موسڵ وەک (نیشتیمانی وونبوو) تەماشا دەکەن و دەڵێن: لە کاتی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەستمان چووە.

زۆرێک لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەم پرسەیان وروژاندووە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان، ئێستاش لە سایەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)، تورکیا تەنها گومانی لای وڵاتانی عەرەبی دروست کردووە لەسەر ئەو ڕێکەوتننامانەی کە بوون بەهۆی لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دیاریکردنی سنوری تورکیای ئێستا.

ئاکەپە نیازی وایە لە چوارچێوەی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانیەوە سەیری موسڵ بکات، واتە ویلایەتی موسڵ کە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک و سلێمانی دەگرێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە باکوری عێراق کە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک کە هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە، هەموو سەر بە ویلایەتی موسوڵی عوسمانی بوون.

بڕواش وایە کە تورکیا هانی تورکمانەکانی کەرکوک و تەلەعفەریداوە کە هەماهەنگی لەگەڵ کوردا بکەن، ئەم جۆرە تێڕوانینانە هەرگیز لە ڕوی سیاسیەوە نەخراوەتەڕو، بەڵکو وەک گریمانەیەک باسی لێوە کراوە، چونکە تورکیا شکستیهێناوە لەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆ و خۆسەر بگرێت و پاشانیش ویلایەتی موسڵیش دەبێت بە نیمچە سەربەخۆ و دەبێت تورکیا چاوەڕێی دەرفەتێک بکات تا بیانخاتە سەر خۆی.

عوسمانییەکان لە ساڵی (1918) لەژێر دەستی بەریتانیادا ویلایەتی موسڵیان دۆڕاند، چونکە ئیمپراتۆرییەتەکەیان توشی شکستێکی گەورەبوون لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.

لە بەیاننامەی ساڵی (1920)ی دوای جەنگی ئازادکردنی تورکیا هاتووە؛ موسڵ دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سنوری نێودەوڵەتیەوە، هەربۆیە لە کۆتاییدا تورکیا دەستبەرداری داواکردنی موسڵ بوو لە پەیماننامەی ساڵی (1926)، بەڵام ئەویش بەبێ بەرامبەرنەبوو. لەدوای ساڵی (1934)ـەوە لە (10%)ی داهاتی نەوتی موسڵ بۆ ماوەی (25) ساڵ دەچێتە گیرفانی تورکیاوە. ساڵی (1986) ئەو بەندە کۆتایی پێهات کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا تورغوت ئۆزاڵ لە ژێر فەرمانی سەدام حسێندا کۆتایی بە قەرزەکان هێنا.

کاتێک ساڵی (1991) ویلایەتە یەککرتوەکانی ئەمریکا گورزی سەربازی لە عێراق وەشاند، ئۆزاڵ پەرۆشی هەڵمەتێک بوو بۆ زیندوکردنەوەی خەونی ویلایەتی موسڵ. ئەمیش هەمان خەونی سەرۆک وەزیران عدنان مەندەرەس هەبوو کاتێک ساڵی (1958) عێراق ویستی لەسەر یەککرتن هەبوو لەگەڵ ئوردن، مەندەرەس چەند کاربەدەستێکی هەواڵگری نارد بۆ موسڵ و کەرکوک تا بۆچونیان تاقیبکاتەوەو واشنتۆنیش ڕەزامەندی بدات.

پاش پرۆسەی داگیرکردنی عێراق ساڵی (2003) بە ڕابەرایەتی ئەمریکا، ئاکەپە هەوڵەکانی خستەگەڕ لە ڕێگای چەند کەسایەتیەکی عێراقیەوە هەوڵیدا هەیمەنەی تورکیا لە عێراق فراوان بکات و دەستی ئێرانیش لە عێراق لاواز بکات و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کوردستانی عێراق پتەو بکات و لە ڕێگەی ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری پێشوی موسڵ پەیوەندی لەگەڵ سونەکان بەهێز بکات و چەندین بۆند لەگەڵ سەرکردە تورکمانەکانی عێراق بکات. بەڵام هەرزوو هاوبەشەکانی لە عێراق سەلماندیان کە تورکیا هەوڵەکانی نەزۆکە و وەکو بڵقی سەر ئاوە.

پاڵپشتی ئەنکەرە بۆ سونەکانی عێراق ناوبانگی تورکیای لە ناو لایەنەکانی تری عێراق لەکەدار کرد، کاتێک دنەی گروپە جیهادییەکانی دەدا بۆ لێدان لە تورکمان و مەسیحی و یەزیدی و کەمینەکانی تر لە ساڵی (2006)دا. کاتیک ساڵی (2014) خەڵکی سیقیل لە دەستی چەکدارانی داعش هەڵدەهاتن، ئاکەپە داعشی بە گەنجانی تورە لە دژی سیاسەتی مەزهەبی شیعەی بەغدا ناو دەبرد.

بەڵام زۆری نەبرد کونسوڵخانە ی تورکیا لە موسڵ کە وتە دەست چەکدارە جیهادیە کان و (49) کەسیان لێگرتن لە ناویاندا سەرکونسوڵەکەیان بۆ ماوەی سێ مانگ بە بارمتە گرت.

هاوکات تورکمانەکانیش کە تورکیا بە هاوپە یمانی خۆی دە زانین پارچە پارچە بوون و تورکمانە شیعە کان پەیوەندی خۆیان لە گە ڵ عەرەبە شیعەکان پتەوکردوو پاڵیاندا بە ئێرانەوە.

لە گەمەی رزگارکردنی شاری موسڵدا، سوپای تورکیا لە کە مپی بەعشیقە لە نزیک موسڵ جێگیرکران بۆ مە شقدان لە چەکدارانی حەشدی وەتەنی سەر بە نوجەیفی بە ئومێدی بەشداری کردنیان لە رزگارکردنی شارەکەدا، لە هەمان کاتیشدا تورکیا زۆر بە توندی دژی بەشداری کردنی چەکدارانی حەشدی شەعبی بوو.

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا حەشدی شەعبیان بە ئیرهابییە شیعەکان وەسف دەکرد، رەجەب تەییب ئەردۆغانیش هەمیشە جە ختی لەسە ر ئەوە دەکردەوە کە تەنها عەرەبی سونە و تورکمان و کوردی سوننە لە موسڵدا بمێننەوە کاتێک شارە کە ئا زاد کرا، لە کۆتاییدا تورکیا لەمەشدا مایەپوچ بوو کە دەیویست بە بەکارهێنانی حەشدی وە تە نی هەیمەنەی خۆی لە موسڵدا بسەپێنێت.

لە ئێستادا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە لە رێگەی ئەو قەوارە گشتیانەی کە خە ریکی کاری مرۆیین بگە ڕێتە وە موسڵ، بە ڵام هێشتا کونوسڵخانە کەی نە کردوەتەوە هەرچەندە باڵەخانەیە کی بە کرێ گرتوە و لێی نوسیوە (کونسوڵخانەی گشتی).

بەغدا رەزامەندی نیشانداوە بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ، هەرچەندە ئەو لایەنانەی دژی تورکیان پێداگری دەکەن لەسەر نەکردنەوەی.

فرۆکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هێرشەکانیا بۆ سە ر چەکدارانی داعش لە ساڵی (2016)دا کونسوڵخانەی پێشوی تورکیایان وێران کرد.

لەئێستادا تەنها ناوەندێکی پێدانی ڤیزای تورکیا لە موسڵدا هە یە ئەویش ئەنقەرە خۆی رەزامەندی پێداوە.

بە پێچەوانە وە ئێر ان توانیویە تی لە ڕێگە ی حەشدی شە عبی و هاوپەیمانەکانیەوە دەسەڵاتی زۆری بەسەر موسڵدا هەبێت کە لە دوای ئازادکردنی شارەکەوە لەوێ جێگیربون.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لەگە ڵ مەسیحیە کان و گروپە سوننە کان هەماهە نگن لەگە ڵ یەکینە کانی پاراستنی شە نگال کە گروپێکی یەزیدین و پە کەکە دروستی کردوون بۆ پاراستنی شە نگال.

سەرچاوەیەکی تورکمانی لە موسڵە وە بە ئە لمۆنیتە ری ڕاگەیاندوە، تورکمانە شیعەکان و یەزیدیەکان و کەمینەکانی تری ناوچەکە، ڕۆڵی حەشدی شەعبی بەرز دەنرخێنن، ئەمەش وادەکات ئێران زیاتر بوون و کاریگەری خۆی بسەپێنێت و بە دوای پرۆژە ئابورییەکانی خۆیدا بڕوات لە شارەکە.

زۆرێک لە تورکیا پێیانوایە حەشدی شە عبی و هێزکانی پاراستنی شەنگال دەست و پێی پەکەکە و ئێرانن. هەولێر نیگەرانە لە وەی کە بەغدا و تاران بە ئەنقەست پەکەکەیان لە شە نگال جێگیرکردوە بۆ ئە وەی جارێکی تر پێشمە رگە نەگەڕێتە وە ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان .

لە ڕوانگەی ئێرانەوە، هێڵەکانی پشتیوانی ناوخۆیی بە های ڕێگای موسڵ - شەنگال بۆ سنوری عێراق و سوریا زیاد دەکات. لە ئێستا دەروازەی سنوری رەبیعە بۆ باکوری شەنگال کە داعش بەکاریدەهێنا بۆ پەرینەوە بۆ سوریا؛ لەلایەن هێزەکانی سەر بە حەشدی شە عبی و هێزە عێراقییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە ، لەبە ری سورریاشە وە هە ردوو ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی سوپای دیموکرات بە پاڵپشتی ئە مریکا کۆنترۆڵ کراون.

بە هەر حاڵ ئێستا ئێران جموجوڵێکی ئازادانەی لەسە ر سنور نیە ، هەرچۆنێک بێت کار بۆ داهاتوی دەکات.

دەروازەی ئەلقەییم لە شاری ئەنبار خاڵی ئێرانە بۆ چونە ناو سوریا، هەرچەندە گروپەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا جموجوڵیان هەیە ، بەڵام ئاسان و لە بلرنیە بۆیان، چونکە لە هەردولاوە کراوەیە بە ڕوی سوننەکاندا.

تەرازوی هێز ئێستا لە موسڵ لە بەرژەوەندی ئێراندایە، بەڵام هێشتا لە نیوەی ئەو ڕێگایەدایە کە تورکیا لەسەری خزا، تورەیی سوننە کان لەگەڵ میلیشیا شیعەکان لە موسڵ بە ڕەدامی هەیە لەسە ر دەسە ڵات، ناکۆکی تایفی و گەندەڵی ڕێ لە بوژانەوەو بەرەو پێشچونی شارە کە دەگرێت .

تۆ بڵێی ئەنقەرە پەندی لە هەڵە کانی پێشوی وە رگرتبێت؟ تورە یی تورکمانە شیعە کان وەک خۆی ماوە تە وەو چارەسە ر نە بووە. لە کاتێکدا هەندێک لە سەرکردە سوننەکان کە تورکیا بە ئاسانی دەستی پێیان رادەگەیشت، ئێستا یان پاڵیانداوە بە ئێرانە وە یان ئێستا لەبەرەی سعودیە و ئیماراتن.

دەستێوەردانی ناو بەناوی ئەمریکا دەسەڵاتی ئێرانی سنوردار کردووە و تـــورکیـــاش دەستەوسـان وەستـاوە، ئەو چالاکیـە مـاوبەشانەی

ئەمریکا و ئێران دەیکە ن هە موو جارێک لە بەرژەوەندی ئە مریکا ناشکێتەوە، بەپێی ڕێکەوتنامەی شەنگال کە ئە مریکا پشتگیری لێ دەکات و هەولێر و بەغداد ئیمزایان لەسەر کردوە، هێزەکانی فیدراڵی عێراق جێگای هێزە کانی حەشدی شە عبی و هێزەکانی پاراستنی شەنگال دەگرنەوە، بەڵام لەوکاتەوە هێزەکانی حەشدی شە عبی بونی خۆیان لە ناوچەکەدا سەلماندووەو دەسەڵاتی خۆیان پیشانداوە. لەوانەیە سوننەکانی موسڵ مەیلیان بەلای هاوکاری کردنی تورکیاوە هەبێت، بەڵام تورکیا پێویستی بە سیاسە تێکی گشتگیر هە یە تا بەربەستی شیعە تێپە ڕێنێت، تائێستا ئە وەی دەبینرێت شکستی سیاسەتی تورکیا پیشان دەدات.

**سەرچاوە: ئەلمۆنیتۆر**

**نوسینی: فەهیم تاستکین**

**وەرگێرانی: دیجیتاڵ میدیای KNN)** (


# کوردستان لە ساڵی ١٧٨١دا

دۆمینکۆ سەستینی لە ساڵی ١٨٧١دا لەسەر بنەمای گەشتێکی لە قوستەنتەنییەوە بۆ بەسرا نوسیوییەتی

- .دۆمینکۆ لە ١٧٨١، واتە ٢٤٠ ساڵ لەمەوبەر بە کوردستاندا تێپەڕی دۆمینکۆ گەشتەکەی بە دیجلە و فوراتدا کردووە و بە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستاندا تێپەڕیوە . کتێبەکەی نزیکەی ٣٣٠ لاپەرەیە و زیاتر لە ٩٠ جار باسی کوردی تێدایە. هەڵبەت باسەکان گێڕانەوەی سەرگوزشتەی گەشتەکەیەتی و لەرێی کتێبەکەوە دەتوانین لە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم ئاشنا بین.
- کوردستان لەسەر نەخشەکە دایە دۆمینکۆ کتێبەکەی بەزمانی فەرەنسی نوسیوە و چەمکی "کوردستان "ی بەکار هێناوە کە هەم وەک چەمک و هەم وەک جوگرافیا هاوتای کوردستانی ئێستایە .
- سەردەمی میرنشینەکان بوو بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە لەکاتێکدا نوسراوە کە هێشتا لە کوردستاندا سیستەمی میرنشینی هەبوو و واتە عوسمانی و قاجارەکانی حاکمی ڕاستەوخۆ ی کوردستان نەبوون. شێخ رەزا گوتەنی "سولەیمانی دارولموڵکی بابان بوو."
- بوونی کورد تا شارەکانی سیڤاس و تۆقات لە قوڵایی ئێستای تورکیا بووە بەگوێرەی کتێبەکە بوونی کورد لە شاری سیڤاسی تورکیاوە دەست پێدەکات. من سێ ساڵ لە ئەماسیای نزیک سیڤاس ژیاوم و بەداخەوە لە ئێستادا کورد ئاسارێکی وای لەو ناوچەیەدا نەماوە . هەرچەند بەشێکی بەرچاوی تورکەکانی ئەماسیا ئەو کوردانەبوون کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو دەوڵەتی تورک کۆچی زۆرەملێی پێکردن و لەناو تورکدا ئەسیمیلەی کردن.
- سڕینەوەی نەتەوەیەک بە سڕینەوەی مێژووەکەی دەست پێدەکات گەورەترین گرفتی تاکی کورد ئەوەیە ئاشنا نییە بە خود، تاکێکی نامۆ بە خود تاکێکی کەسایەتی تێکشکاوە. ئاشنابوون بە مێژوو دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بە خود . ئاشنابوون بە خودیش سەرەتایەکە بۆ بونیادنانەوەی کەسایەتی تاکی کوردی .

ئەم نەخشەیە لە لاپەرە ٣١١ی کتێبی Voyage de Constantinople à Bassora en 1781 ParleTigreetl'Euphrate ئومێد دەکەم کەسێک ئەم کتێبە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

**د.ئارام ڕەفعەت**




**بە دەستی خۆم نیە وەڵڵا لـە دیوانی خـودا کوردم**

**لەناو شێخ و بەگ و میر و مەلا و شاهـ و گەدا کوردم**

**تەماشای گەوهەری من کەی، دەزانی ئاشکرا کوردم**

**بە کوردی بووم و خوڵقاوم و هەتا رۆژی جەزا کوردم**

**قانع**

# ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال..

## ترازیدیای هەڵەبجە لە میدیاکانی جیهان دا

**عه بدوڵڵا كەریم مەحمود**

دوای كاتژمێر 11ی پاش نیوەڕۆی 3/16 1988 فرۆكە جەنگییەكانی عێراق شای هەڵەبجەو دەوروبەریان نوقمی هەوری ژەهری كیمیایی كرد ، هەزارەها كەس لە كۆڵان و شەقام و گەڕەك و ڕێگاو بانەكان وحەشارگە و ژێر زەمینەكان و قەراغ شاردا خنكان .
ئەم تراژیدیاییە لە چاوی كامێرای فۆتۆو ڤیدۆی كەناڵەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران و زۆر لە وڵاتانی تر خرایە ڕوو.

ئەوەی مایەی تێرامان و پرسیارێكی بێ وەڵامە ، دادگای نێودەوڵەتی وڕێكخراوی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو دەوڵەتانەی كە چەندان هەواڵ وراپۆرتە هەواڵ و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامە نوسیان لە سەر ئەم تراژیدیایە ی هەڵەبجە بە وێنەی فۆتۆگراف وكامیرای ڤیدیۆیەوە تۆمار كرد .

بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕژێمی عێراق و سەدام نەخرانە نێو فشاری نێو دەوڵەتییەوە ، هیچ هەڵوێستێكیان بەرامبەر بە سەدام ..نەنواند كە لە ئاستی قەبارەی تاوانە پڕلە مەرگەساتەكەدا بێت ،ا ئەو كاتەی كە عێراق پەلاماری كوێتی داو داگیری كرد ، ئەمجا وڵاتانی هاوپەیمان ئابلۆقەی ئابوریان خستە سەر عێراق و سوپای وڵاتانی هاوپەیمان ، سوپای عێراق یان
تێك شكاند و دەریان پەڕاند و پەرتەوازەیان كرد.
بە پێ ی ئەم هەواڵانەی خوارەوە كە لە كەناڵە جیا جیاكانی جیهان دا بڵاو كراونەوە .

هەموو ئەو ڕۆژنامە نوس و كامێرامانا نەی كە سەردانی مەیدانی هەڵەبجەیان كردووە ,توشی تێرامان بوون. هەریەكەیان بە دوای ئاماژەیەكدا گەڕاون بۆ ئەوەی بتوانن بە چەند ووشەیەك ئەو دیمەنە سامناكانەی ترژیدیای مەرگی بەكۆمەڵی ئەو شارە تۆمار بكەن ... بە چاوی خۆیان و كامێراكانیان بینیان .
با لێرەوە بڕوانینە (مەرگەساتی هەڵەبجەو كامێرای ڕۆژنامە نوسان كە لە (ڕە شەبای ژەهر)دا بڵاو كراوەتەوە
+ بەریتانیا : ژمارەیەكی زۆری خەڵكی هەڵەبجە كوژراون ،
ئەوانەی ئەو تاوانەیان كردووە عێراقییەكان بوون.

+ئیتاڵیا: ئاسەواری سەر جەستەی قوربانییەكان. ئەوە دەخەنە ڕوو كە هاوڵاتیانی هەڵەبجە بە گازی (ئیپریت و سیانور) كوشتنندە گیانیان سپاردوە .
+ فەرەنسا: ئەو بڕیارە سەدام حسین ی سەرۆكی عێراق دەریكرد بۆ بۆردومان كردنی كوردەكان و وڵاتەكەی بە پێی پێوەرەی مافە نێو دەوڵە تییەكان بە تاوانی جەنگ دادەنرێت ،
بەغداد هیچ ڕێزێكی بۆ ڕێكەوتنەكانی جنیڤ دانەناوە.
+ ئەڵمانیا : لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەكەمەوە تا ئەمڕۆ ، لە هیچ شوێنێكی دنیادا ئەم شێوە وەحشی گەرییە نەبینراوە چەكی كیمیایی بەكار بهێنرێت لە سەر ئەو بنەمایەی كە ڕێكخراوە مرۆڤ دۆستەكان ئاشكرایان كردووە ،
هێزەكانی سوپای عێراق بە چەكی كیمیایی (200) گوندی كوردستانیان خاپور كردووە .
+ بەلجیكا: ئەو قەسابخانە بەكۆمەڵەی لەلایەن عێراقەوە بە چەكی كیمیایی لە هەڵەبجە بەرپا كرا ، دووبارە كردنەوەی ئەو پرۆسەیەیە كە نازییەكان لە ژوورە داخراوەكان دا ئەنجامیان دا، ئەو كۆمپانیانەی ئەو ژەهرە كیمیایە بەرهەم هێناوە هەر لە عێراق دا كار دەكەن.
+ سویسرا: عێراق لە لایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەككگرتووەكانەوە ئیدانەكرا ،
لە سەر بەكارهێنانی جەكی كیمیایی ,بەڵام ئەم ئیدانەیە نە بووە هۆی ئەوەی كە عێراق جارێكی تر ئەم جەكانە بەكار نەهێنێت .
+ هۆڵە ندە: عێراق جارێكی تر چەكی كیمیایی (خەردەل و دەمارو سیانیدی) بەرامبەر بە خەڵكی بێ گوناه بەكار هێنا .

**سەرچاوەی ئەم بابەتە كتێبی**
**(ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال)ە لە لاپەرە (84 -89)**



# ئارام هێمای سروودی ڕەنجدەران

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**



ئارام ..شۆڕە سواری پێشەنگی هێماو .. ڕەنج و ماندووبوونی بێ سنوور ..هێمای بیری نوێ ..کرداری نوێ ..هەڵوێستی نوێ..تێڕاونینی نوێ ..پێشمەرگەو سەرکردەی بێ پشت و پە نای .. بلێسە ی هەڵگیرسانی شوڕشی نوێ ..دوور لە گیان و ڕۆحی نەرجسیە تی سە رکردە کلاسیکیە کانی ڕەوتی خە باتی ڕزگاری خوازی کورد..دوور لە عەقڵی مەزاجی هەڵپە ی پەلە پە لی شپرزە یی هەندێک لە سەرکردەکان کە بە تێڕوانینی میکافیلی بۆگەیشتن بە دەسە ڵات..پە نا بۆ دەیان درۆو.. فێڵی ڕەنگاو ڕەنگ و تەڵەکە دەبەن..هەمووخە بات و .. سیناریۆکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وخانەوادەو بنەماڵەکانیان دەخەنە گەڕ ..دەریایەک خوێنی شە هیدان بە هەدەر دەبەن.

کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنی یەوە ڕەوتی بیرو باوەڕی مارکسیزم – لینینزم بوو..بیرو باوەڕی ماوتسی تۆنگ بوو ..لەو سەردەمەدا بە جۆرێک لەژێر کاریگە ری بیرو باوە ڕی ماوتسی تۆنگ دا بوون ..ماوتسی تۆنگ-یان بە مارکس ولینین تەماشا دەکرد پیان دەوترا (ماوی).

ئارام –ی سەرکردە بە تێڕوانینی نوێوە ، یەکەم کەس بوو بە جورئەتە وە ئەو تێڕوانینەی ئاوا خستە ڕوو ، (کە ماوتسی تۆنگ ) نە دامەزرێنە ری فەلسەفە و تیوری مارکسیزمە و..نەداهێنەری تیوری تازەیە لە فەلسە فەی مارکسیزم ..

شاسوار بە ستراتیژێکی نوێوە ..دەیویست ڕەوتی ڕەنجدە رانی کوردستان لە زنجیرە هەڵە ی سە رکردە کوردەکانی مێژووی دوورو نزیک دوور بخاتە وە بۆ ئە وەی جارێکی تر نە بن بە پاشکۆی بەشێک لە داگیرکەرانی نیشتیمان..

ئەو دەیوست سنوورێک بۆ ئەو زنجیرە هەڵە مێژوویانە ی کورد لە جوغرافیای نیشتیمانە سەربڕاوەکەدا دابنێت .. بۆ ئە وەی شۆڕشی نوێ وەک ئەمارەتەکانی زوو نەبن بە پاشکۆی سیستەمی دەسە ڵاتی ئیسلامگە ری سونە ی دەوڵە تی عوسمانی و سیستە می دەسە ڵاتی ئیسلامگەری شیعەی فارسی دەوڵەتی سەفەوی.

ئەودەیویست ئاراستە ئەوپاشکۆیەتیەی ئەوسا ..لە ئێستا دا و لە ئایندەدا چەند بارە نەبنەوە .وەک ئێستا ی هەردوو حیزبە سە رەکی یەکەی کوردستان بە جۆرێکی تربەپێ ئەم سەردەمە ی ئێستا .. دوای ڕاپە ڕین و دوای گۆڕانکاریی 4/9 2003 ، نە مانی سیستە می دەسەڵاتی سەدام ، هەردوو حیزبەکە ..پاشکۆی ئێران و تورکیان.

سترانیژی بیری نوێ ی ئارام بە ئاراستەی شۆڕشی نوێ بەو جۆرە بوو ، کە سیستەمی عەقڵی خێڵەکی و ئاینی، لە ناو خە باتی ڕزگاری خوازی نوێ ی کوردا ڕۆڵی سە رەکی و سە رکردایەتی نە بێت ..بۆ ئەوەی جارێکی ترکورد ڕووبە ڕوی هەڵە ی سیاسی گە ورە و تێک شکان و هەرەس نەبنەوە.

ئارام بەتەنیا بێ پشت و پەنا ، دەیویست کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ، دوور بێت لە مەزاجی عەقڵی داخراوی مە لایی و جە لالی و گرێ ئاڵۆزەکانی ..هەڵە گەورەکانی ئە و دووباڵە کە پڕ بوو لە توندو تیژی وململانێی شەخسی و شە ڕی خۆکوژی وسڕینە وەی یەکتری .. نەمانی ئە منی قە ومی لە کوردستان و دەرفە ت دان بە دوژمنانی کورد ، بۆ دروست کردنی لەشکرێک لە جاش و خا ئین و جاسوس.

ئارام لە ماوەیەکی تەمەنی کەم دا.. دوای هەرەس وەک پارتیزانێک لە ناو جەرگەی شار و لە پێشمەرگیەتی لە شاخ ، ڕەوتی شۆڕشی بە ئەزموونێکی نوێ و سترا تیژێکی نوێ ئاراستە دەکرد ..بۆ ئە وەی سەرەک خێڵ وپێشەوا ئاینییەکان ڕۆڵی سەرەکی نەبین ..بۆ ئە وەی کورد جارێکی تر ڕوو بە ڕووی تراژیدیایە کی ترنەبێتە وە ..سێبەروپاشکۆی هیچکام لە داگیر کەرانی کوردستان نەبن ..خاوە ن ئە منی قە ومی و خا وەنی وتاریی نەتە وەیی بین ..گەنجە بە هەڵوێستەکان بە بیری نوێ وە ڕۆڵی و توانای خۆیان

ببینن ..سە رکردەی نەرجسی تۆتالیتار سە رهەڵنەدات، بە عە قڵی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ رەوتی خەباتی ڕزگاری خوازی کورد ڕۆڵی خۆی ببینێ..شاسوارێکی هێمن و ئارام و ..خاکی ..لە ناو تە م و مژی ئەو ململانێ دا بێ پشت و پەنا یە ، لە جوغرافیایە کی دیاری کراوی سنووری بازیان و قەرداغ ..لەو هەڵومەرجە ئاڵۆزو دژوارانەی دوای هەرەس ، بوو بە سرروودی رێ ی خە بات، بوو بە وێردی سەرزمانی خەڵکی گوندو شارو و پێشمەرگەو..سەراپای نیشتیمان.

شاسوار جەلال کەسایەتیەکی خاکی ..زیرەک ..راستگۆ..خاوەن بیر بۆچونێکی هزری وردو قوڵ..

لە کاتی گفتۆگۆو لێدوان دا بە هێمنی دەدواو گوێ ی لە ڕاوبۆچونی جیاوازی بەرامبەرەکەی دەگرت ، ڕێزی بۆچونە جیا جیاکانی کانی دەگرت ، بەبەڵگە وە قسە ی دەکرد ، یە کێک لە تایبەتمەندییە کانی کەسایەتی بەهێزی ئارام.. شێوەی قەناعەت کردنی لۆژیکانەی بوو..بە بەرامبەرەکەی.

.رۆژنامە نوسێکی خاوە ن هەڵوێست بوو ..نووسە رێکی وردو بەسەلیقە بوو..بە راشکاوانە بێ سڵ کردنەوە ڕاو بۆچونەکانی خۆی بە جورئەتەوە دەخستە روو، لە نوسینی ستونی رۆژنامەوانی دا.. بە تەکنیکێکی رۆژانەمە وانی نوێ ، لە بوارە جیاجیاکان دا ..دەیان بابەتی بە پێزی بڵاو کردوەتەوە ، بووە مایەی مشت و مڕ لە لایە ن سیاسە تە مە داران و خوێنە ری ئاسایی ، کاریگە ری وای لەسە ر خوێنە رەکانی دروست کرد وە ، ناونیشانی ستونە کانی و ..نوسینەکانیان ..لە بیر نەچێتەوە ، ئەمەش یەکێکە لە نیشانە کانی سەرکەوتنی رۆژنامەوانی ، بە پێچەوانەی ئەو ئێشا نوسانە ی .. کە هەموو رۆژێ لاپەڕەی رۆژنامەکان داگیر دەکەن ،بەلام نوسینە کانیان ..ئینشایە کی ساردوسڕە ..هیچ کاریگەرییە کی لەسە ر خوێنە ر نییە..نوسینێکی مردووە.

شاسوار جە لال سەعید غەنی ناسراو بە( ئارام ) لە مانگی تشرینی دووەمی1947 لە گە رەکی حاجی حان لە سلێمانی لە دایک بوە ئاستی بژێوی خانەوادەکە یان مام ناوەند بووە ..بنەماڵەکە یان دەگەڕێتەوە بۆسەر شێخانی بەرزنجە شاسوارو.. وەزیرە خان هە ر لە مناڵییە وە.. جگە لە وەی خوشک و برا بوون . لە باوەشی خێزانێکدا پەروەردەبوون.. وەک دوو هاورێ هۆگری یەک بوون .. پێکەوە یاری یان کر دوە و..کاتەکانیانی ژیانیان بەرێ کردوە.

لە 9/20 /1953 شاسوارجەلال لە پۆلی یەکەمی قوتابخانە ی غازی سەرەتایی کوران بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن ، لە ساڵی خوێندنی 1955-1956مەلیحەخانی خوشکی دەکرێت بە مامۆستا لە ماوە ت . شاسوار-یش لە پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی غازی یەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لە ماوەت لە گەڵ مەلیحە خانی خوشکی دا پێکە وە دەژین لەساڵی 1958 شاسوارجە لال دەبێت بە هاورێ ی ئاوات عەبدول غەفور..

عەبدولغە فوری.باوکی ئا وات مە ئموری مەرکە زی ماوە ت بوو..تایبەتمەندی هێمنی و زیرەکی لە رادەبەدەری شاسوار.. لە ناو قوتابیانی قوتابخانە ی ماوە ت ..دەبێتە مایە ی تێڕامانی قوتابیان و..مامۆستاکانی.

وەزیرە خانی خوشکی دووساڵ لە شاسوار گەورەتر بوو.. لە پۆلی پێنجە می سە رەتایی لە قوتابخانە ی عێراقیە ی کچان بوو..گواستنەوەی شاسوارلە سلێمانی یەوە بۆ ماوە ت .. دابڕان و.. دوورییەکەی شاسوارکاریگەری یە کی زۆر نامۆیی لە ناخ و دەرونی وەزیرەخان دورست کردووە.هەمیشە وای هەست دەکرد .. بەشێک لەرۆحی ون کردووە..دوای ئەوە مەلیحە خان لە قوتابخانە ی ماوە تی سەرەتایی یەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانە ی چوارتای سە رەتایی شاسوار-یش دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی چوارتا.شاسوار لەساڵی خوێندنی1958-1959 لە پۆلی شەشەمی سەرەتای لە گەڵ فازیل –ی مەلامەحمود دەبن بە هاورێ و زۆربە ی کاتە کان لە قوتابخانە و لە چوارتا پێکەوە بوون.

ئەوساڵەشاسوار پۆلی شەشەمی لە چوارتای تەواو کردوە لە ساڵی 1959مەلیحەخانی خوشکی لە دارلمعلمین وەردەگیرێت ، شاسواریش لە گە ڵێ دا دەگەڕێتە وە بۆ سلێمانی ، لەساڵی خوێندنی 1959-1960لەپۆلی یەکەمی ناوەندی لە ئامادەیی سلێمانی دەخوێنێت ، لە بەر ئەوەی ئاستی ژیری وتوانای لە پلەیەکی باڵا بووە هەمووساڵێک بە نمرەی بەرز.. قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە ساڵی 1963-1964قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بە نمرەی باش تەواوکردووە.

ئارام پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لە گەڵ خاڵە شەهاب-ی شێخ نوری دا هەبوویە کتریان زۆر خۆش دەویست ..هاورێی نزیکی دارۆی شێخ نوری بوو. .. لەساڵی .1970 لە سە رەتای دامەزراندنی (کۆمەڵە ی مارکسی لینینی کوردستان )، ئا رام لە رێگە ی خاڵە شە هاب –ەوە لە بەغداد بوو بە کۆمەڵە ، وەک کادرێکی خاوە ن ئە زمون و.. خاوە ن مەعریفەیە کی زانستی قوڵ و بە ربڵاو بوو ڕۆڵی دیاری لە رێکخستنە کانی بەغداو .. سلێمانی و.. سە راپا نیشتمان و دەرەوە بینیووە.

دوای بە یانی رێکە وتن نامە ی11-ی ئا زاری1970 نێوان مە لا مستە فاو.. سە دام حسین لە ساڵی 1971باڵی مە لامستە فاو ..مەکتە بی سیاسی پارتی یە کیان گرتە وە،ئارام بووبە ئە ندامی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ،بەرپرسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لقی بەغداد .. لە بەغداد.

.لە1972 لە بەرپرسی لقی لاوانی د یمکراتی کوردستان لقی بەغداد-ەوە، گوێزرایەوەبۆبەرپرسی بەشی روناکبیریی وراگەیاندنی سکرتارییەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ، لەساڵی1972جارێکی تر لە بەغداد –وە رووی کردە مۆسکۆ،بۆ ئە وی( سوارە ئە مین )ی ..برازایان بە یەکجاری لێ دانە برێت ،خاتوو ( لیدیا ئێڤاتۆڤنا ) ی خواست ..بوو بەهاوسەری.

ئارام پەیوەندییەکی زۆر بە هێزی لە گە ڵ حیلمی عە لی شە ریف دا هەبوو، لە ساڵی 1972دا لە رۆژنامە ی ها وکاری وەک نووسە رو رۆژنامەنووس دامەزراوە، گۆشەیەکی هەفتانەی بە ناونیشانی (هە ر هەفتەی باسێک)، هەبوو، هەفتە ی جارێک ستنووێکی رۆژنامە وانی دەنوسی..جگە لەوەی دەیان بابەتی بەناوی (سوارەوە) وەەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و
بڵاوی کردوەتەوە.

حیلمی عەلی شەریف یەکێک بوولە روناکبیرو سیاسە تمەدارە خاوە ن ئە زمونە باڵا بەهەڵویستە کانی کورد .. نووسە و.. توێژە رو ..رۆژنامەنوسێکی بە تواناوکارا بوو،بەرێوەبە رو سە ر نووسە ری هاوکاری بوو، ئەوسەردەمە هاوکاری رۆڵی گرنگ و باڵای هە بووبۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی سیاسی و..خەباتی جیهان و..بەرهەمی ئەدەبی و..رەخنە،خە ڵک بەپەرۆشە وە رۆژنامەکە یان دەکرِی .. دەیانخوێندەوە.

لە سەردەمی حیلمی عەلی شەریف دا ئە م نووسە رو رۆژنامە نوسە دیارە بەتوانایانە نوسین و بابەتی رۆژنەمەوانی و وەرگێران-یان لە رۆژنامەی هاوکاری دا بڵاو دەکردەوە

شاسوار جەلال (ئارام) فوئاد قەرەداغی فازیل مە لا مەحمودفە همی قەرەداغی سەربەست بامە رنی ،بەکرحسین ،عەبدولرە حمان حاجی سعید.. لەوسەردەمەدا ازۆر کتێب وگۆڤارە دەگەمنە کان لە دەرەوەدە ی عێراق –ەوە دەهاتنە ناوعێراق ، وەک کتێبە کانی (مارکس ..انجلس ..لینین ..ماوتیستۆنگ ..کیمڵ سونگ ..جیڤارا ..) لە و سەردەمانەدا ( گۆڤاری – الهدف) کـە بـەرەی رزگاریـخـوازی فەلەستین.. دەریان دەکرد ..گۆڤاری (الصین الجدید )لە و گۆڤارانە بوون .

ئەوەی مایەی تێرامانە حیلمی عەلی شەریف وهاورێکانی لە 1968 - 1970لەرۆژنامەی النور لە بەغداد ، لە 1970-1974 لە رۆژنامە ی هاوکاری لە بەغداد رۆڵی دیاریان هەبوو

بۆ بنیات نان بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی کوردی مارکسی لینینی کوردستانی و، هەر لەو سەردەمەش دا رەوشیروان مستەفا ئەمین ..و شازاد سائیب و.. مەحمودی مەلا عیزەت و هاورێکانی ..لە گۆڤاری رزگاری لە سلێمانی دا رۆڵی سە رەکی و بنە رەتی یان بینی بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵە.

ئا رام لە ساڵی1970-ەوە لە سە رەتای ئە و زەمەنە دژواریانە ی ئەزمونی سەرەهەڵدانی.. کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ..وەک گە نجێکی23ساڵ خاوە ن مەعریفەیە کی قوڵ و.. بە ربڵاو.. بە هەڵوێستێکی باڵاوە..بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە.. هەنگاوی نوێ نا ، تا بووبە و (ئارام)-ەی سەرکردەی رەنجدەران.



تراژیدیای مەرگی تەم و مژاویی ئەمین جەلال ، بە شێوەیەکی تایبەتی و.. گشتی کاری کردە سە ر هە موو ئە ندامانی خانە وادەو.. بنەماڵەو... خەڵکی شاری سلێمانی...سە راپا .نیشتمان .بە لام ئە م مەرگەساتە بەشێوە یەکی تایبە تی.سوێی ئا زارێکی زۆر توندبوو..بەناخی هێمن و بێ دەنگی پڕلە هەست و سۆزی.. ئارام دا شۆڕبووەوە.

دایک و باوکی ئە مین وهە موو خانەوادەکە یان..تە واوی هیواو ئاواتێکیان ئەوە بوو (سوارە ئەمین) لە مۆسکۆ و یە کێتی سۆڤیە ت ون نەبێت .. لەگەل خاتوو( لیدیا ئیڤاتۆڤنا ) دایکی دا بگەڕێنەوە لە باوەشی سۆزی پڕلە میهربانی خانەوادەکەیان دا .. پەروەردەی بکە ن لە مانگی تەموزی1968 تە ها جە لال ـــ ی برای ئە مین سە ردانی سوارەو لیدیا ئیڤاتۆڤنای لە مۆسکۆی کرد.

ئارام لە ساڵی1964-1965لە کۆلێژی ئەندازیاری.. زانکۆی بەغداد وەرگیرا ، لە بەر کزی چاوەکانی نە یتوانی لە و کۆلێژە بخوێنێت ، ئەوساڵە دەست بەرداری خوێندن بوو، لەساڵی 1965-1966 ئا رام لە کۆلێجی بازرگانی لە زانکۆی بەغداوەرگیرا،بە ردەوام بوولەسەرخوێندن. ، ساڵی1969 ئارام بە بۆنە ی کۆچی دوایی ئەمین-ی برایە وە سە ردانی مۆسکۆی کرد ، لە ساڵی 1969-1970 ئارام کۆلێجی بازرگانی بە پلەیەکی زۆر باش تە واو کرد .بڕوانامەی بکالۆریۆسی وەرگرت و .. لە بەغداد مایەوە.

ئا رام لە تەمە نی منداڵییە وە ، ببوو بە هاوڕێ ی ڕۆژنامە و کتێب..بە بەردەوامی سەرقاڵی خوێندنەوە بوو ، ئاستی ڕۆشنبیری زۆ باش بوولە قۆناغی ناوەندی و ئامادە یی دا لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و..لاوان و ..پارتی دا کاری کرد بوو.

لە ساڵی1964 کە باڵی مەکتەبی سیاسی لە باڵی مەلامستە فا لە پارتی جیابوونەوە ئەم سەر بەباڵی مەکتە بی سیاسی بوولەساڵی 1965کە خوێندکاری زانکۆ بوو لە بەغدادهە ڵبژێرا بە ئە ندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

شاسوارلە بە ر زیرەکی و ئاستی قوڵی ڕۆشنبیری لە چەندانکۆنفرانس وکۆنگرە ی ڕێکخراوەیی وحیزبی دا وەک ئەندام – بەشداری کردووە وەک کۆنگرەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان .. یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق..یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان..

لەو کۆنگرانە دا وەکو کادرێکی بە توانای خاوە ن فکری سیاسی خاوەن راو بۆچونی دیارو تایبەتمەندی خۆی بووەلە سە ر زۆرلە ڕووداو باسەکان ڕاو بۆچونی لۆژیکانە ی خۆی هە بووە ..بە هیچ جۆرێک.. هیچ جۆرە سازشێکی نەکردوە ..بە و پە ڕی تواناوە بە زمانێکی دبلۆماسی یانەی بەهێزەوە..هەموو ئە و خاڵە ستراتیژانە ی کە پێویست بوو .. بە زمانێکی پاراو خستیویەتە ڕوو

لە ساڵی1969 لە کۆنگرە ی سە راپا یە کێتی قوتابیانی عێراق دا بەشداری کرد لەسەر بەدی هێنانی خواست وماف و.. خەونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، لەناو هۆڵی کۆنگرەدا ڕوو بە ڕوو ی سە رانی حیزبی بەعس لەیەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق وەستایەوە.

لە گەڵ هاوڕێکانی دا لە نوێنەرانی قوتابیانی کوردستان ، لە کۆنگرە کشانەوە و.. هۆڵەکەیان بەجێهێشت

ئەمین جەلال) برا گەورەی ..شا سوار ( شەهید ئارام) بە بە ردەوامی کتێب وڕۆژنامەی کڕیوە وە.لە ماڵە وە کتێبخانەیە کی دانابووهە موو خوشک و براکانی کردبوو بە هاوڕێ ی نزیکی .. ڕۆژنامە و.. گۆڤارو.. کتێب .ئاستی هوشیاری هەموو ئەندامانی خانەوادەکە یانی بە خوێندنەوە بەرز کردبووەوە..ئارام لەو کتێبخانەیەوە زیاتر عاشقی ڕۆژنامەو..گۆڤارو .. کتێب بوو.

ئەمین جەلال لە ساڵی خوێندنی (1958-1959) بە نمرە ی زۆر بە رز قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات .بەڕێوەربەرایەتی بەعسەی عێراق ناردی بۆ.. مۆسکۆ ـــ ی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت بۆ خوێندن ، لەساڵی خوێندنی1959-1960لە کۆلێجی ئەندازیاری نەوت وەرگیرا، لەوێ دەبێت بە سە رۆکی لقی خوێندکارانی کورد لە مۆسکۆسە ر بە کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپا ، ڕۆڵی دیاری دەبێت بۆخزمە ت کردنی خە باتی ڕزگاری خوازی کورد ،زۆر بە پەرۆشەوە کارەکانی هە ڵسوڕاندوە.

ئەمین جەلال لە قۆناغی سێ یەمی ئەندازە ی نەوت بوو ..لەو کاتە دا خوێندکارێکی کورد ..ڕاپۆرتێک دەدات بەسەفارەتی حکومەتی عیراق لە مۆسکۆ: ئێوە ئەمین جەلال تان بە بەعسە ناردوتانە بۆ ئێرەبۆ خوێندن..بەڵام ئە و لێرە دژی ئێوە کار دەکات ..

.سەرۆکی لقی مۆسکۆی کۆمەڵە خوێندکارانی کوردە لە ئە وروپا .. سەر بە یاخیبوانی کوردەو خزمەتی ئەوان دەکات).بەمەش سە فارەتی عێراق، ئەمین جەلالیان لە مافی بەعسەی خوێندنەکەی بێبە ری کرد ، ..پەساپۆرتەکەی لێ سەندەوە.

ئەو ساڵە ئەمین جەلال نەیتوانی بەردەوام بێت لـە خوێندن ..

دوادەکەوت.. بۆ ساڵی داهاتوو لەسەر زەماڵەی یەکێتی سۆڤیە ت..لە کۆلێجی رۆژنامەوانی لە زانکۆی مۆسکۆ لەسە ر.. حسابی یە کێتی سۆڤیەت بەردەوام دەبێ لە خوێندن ،ئەوساڵە بەبێ پەساپۆرت ئیش و..کارەکانی لقی کۆمەڵە ی خوێندکارانی ئە وروپا لە مۆسکۆ هەڵسوڕاند، لە بە ر ئە وەی پاساپۆرتی نە بوو.. بە نهێنی خۆی گەیاندبووە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، کە هەر ساڵەی لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا دەبەسترا.



ئەمین جەلال بەرێز خاتوو (لیدیا ئیڤاتۆڤنا) لە زانکۆی مۆسکۆ ناسی .. ئەوکاتە خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزی و.. خە ڵکی مۆسکۆ بوو.هەردووکیان .هۆ گری یە کتر بوون ..ئە مین .دەیخوازێت و.. دەبێت بە هاوسە ری لە 1968/5/13- دا ئە مین جە لال.. لە کارەساتێکی تەم و مژاوی دا ..لە شوقە کەی کەوتە خوارە وە و دوا هەناسەی سپارد.

لە شەوی 14-1968/5/15 تەرمەکەی بە فرۆکەی تایبەتی لە رێگای بەرێوەبەرایەتی بەعساتی عێراق -ەوە هێنرایە وە بۆ فرۆکە خانە ی بەغداد،

لەبەغداده وە.. تەرمەکە ی بە رێو رەسمێکی شایستە گەیەنرایە وە سلێمانی . لە1968/5/15 لە گردی سەیوان بە خاک سپێرا، لە 17 /1968/11 کورێکیان بوو ،خانەوادەکەیان لە خۆشەویستی (ئا رام ) ناویان نا شاسوار.

ئارام دوای ترژیدیای پیلانی جەزائیر لە 1975/3/6 ..یە کێک بوو لە و روناکبیرانە ی .. دژ بە هە رە س و ئاشبە تاڵ کە نەخشە و بەرنامەو پلانی ..شاو سەدام لە رێکەوتن نامەی جەزائیر دانرا بۆ لە ناو بردنی شۆڕشی ئەیلوول.

ئارام بڕوای بەوە نەبوو هێزی پێشمە رگە ی نیشتمان .. چەکە کانی شانیان داگرن و..میللی چەکە کانیان لە بە ردەم هێزەکانی سوپای عێراق نە وی بکە ن ..تەسلیم بە و هێزانە بکرێن ..جینۆساید ی کوردیان کرد.

لە مانگی ئەیلوولی 1975 ئە منی عامە ی عێراق لە بە غداد ..لە رووداوێکدا .. پەی بە سەرە داوی پەنهانی رێکخستنە نهێنی یە کانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان برد.

لە 1975/9/23 شەهاب شێخ نوری و ..جەعفە ر عەبدول واحیدو .. ئە نوە ر زۆراب و.. چەند سە رکردەیەک و.. کادری پێشکە وتوی ..کۆمەڵە ی رەنجدەرانی کوردستان.

روویان کردە.. ئێران بۆ ئەوەی لەوێوە خۆیان بگەیەننە سوریا.

بەپێی رێکەوتن نامەکە ی جە زائیر ..لە شاری سە قز دەسگیرو .. زیندانی کران.

دواتر لە رێگای پێنجوێن -ە وە ..بەزیندانی تەسلیم بە ئە منی سلێمانی کرانە وەو..

..گوێزرانەوە بۆ ئەمنی عامە لە بەغداد.

لە 1976/7/11 دادگای سە ورەی عێراق حوکمی لە سێدارە دانی بەسەرخاڵە شەهاب و..

جەعفەرو ..ئەنوەر دا سەپاند ..هاورێکانی تریان چەند ساڵێک حەکم دران

لە 1976/11/21 خالە شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر لە سێدارە دران.

ئارام وەک سەرکردەیەکی خاوەن ئەزموون لە گەڵ هاورێکانی دا هەموو توانای خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەو بارە ئاڵۆزە ..ترژیدیا سامناکە لە بچڕبچڕی و.. لێک ترازان بپارێزن ..رایەڵە ی رێکخستنە نهێنی یەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی و..کەرکوک و ..هە ولێر و.. خانە قین و.. بەغداد ی..بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە گری دایەوە.

چەندان نوسین و بە یانی بە پێی ئە و هە ل و مەرجە دژوارە بۆ رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدە رانی کوردستان و ..جەماوە ری کوردستان ..لە سەردیواری شەقام و.. کۆڵانی گەڕەک و.. شوێنە گشتییەکان بڵاو کردوە بۆ ئە وەی بە ئیرادەیە کی پۆڵاینە وە روو بەرووی ئەو تێکشکانەکاتی یە ..پڕ لە نەهامەتییە ببنەوە.

لە 15 /1975/11لە ئەمنی عامەوە لە بەغداد بڕیاری دەسگیرکردنی ئارام -یان.دەرکرد.

.چەند ئە منێک روو دەکەنە ..بەرێوەبەرایە تی ئاوەدانکردنە وەی سلێمانی،بۆ دەسگیرکردنی

لە بەر ئەوەی ئارام لە وێ تەنسیب بوو ..بە هۆی زیرەکی شێخ سالاری برای ..ئارام دەسگیر نەکرا و ..دەربازبوو.

لە بەر گرنگی و پاراستنی بەهای رێکخستنە نهێنیە کانی کۆمەڵە ی رەنجدەران

ئارام بە ئیختیفا لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی دا مایەوە بۆ ئە وەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە پتەو ترو بە هێزترو دارێژوتر بکات ، لە و ماوەیە دا بە ئیختیفا .. لە م ماڵانە دا مایە وە بە کردە وەو..بە هەڵسوکەوتە خاکی و نمونی یە باڵاکانی ببوو ..بە ئە ندامی ئە و هەمووخانەوادە بەرێزانە:

(هیواسائیب ..شێخ فەتحوڵڵا بەرزنجی ..وەستا ئەمینی حاجی عەزیز ..

دلێری سەید مەجید..مامۆستاعەزیز مەحمود..سەرداری موزەمید..
سوارە ئەحمەد عارف..شێخ عومەری نانەوا..سەلام عەبدوڵڵا ..
ئا وات قارەمانی ..ئە حمە د شانازی خە راجیانی ..شێخ عوسمانی باراوی ..
شێخ لەتیفی باراوی ..تەها باراوی .عومەر شێخ نوری قەرەداغی ..
ئەبوبەکر شێخ نوری قەرەداغی).

لە ساڵی 1976 ئارام وەک سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران.

وەک سە رکردەیەکی رۆژە دژوارە.. پڕلە تەماوییە کان ...لە گە ڵ هاورێکانی دا توانی ریکخستنێکی پۆڵاین بۆ کۆمەڵە دارێژێن .هەموو زەمەنە تەماوییە پڕ لە مەترسییەکانی .. بە هێمنییە کەی خۆی .. بە شێوەیەکی لۆژیکانە بەرێ کرد.

چەندان کادری لە ناو شارو.. دەرەوەی شار ..بە رۆحی پێشمەگایەتی .لە بوارە جیاجیاکان خستە گە ر..بۆ پێشمە رگایەتی و.. رووبەڕووبونەوەی.. ترس.. و ..گوماں و.. بێ هیوایی .. بۆ رووبەڕووبونەوەی هەرەس و ..ئاشبە تاڵ.. .بۆ رووبەڕووبونە وەی ..رژێمی تۆتالیتاری عێراق .. بۆ رووبەڕووبونە وەی ..بەعسی و.. ..جاسوس و .. ئە من و جە لادەکان..ئە و کادرەکانی بە شێوە ی دەستەو.. مەفرەزە لە ناوشارو.. دەرەوەی شار، بە شێوە یەکی نوێ وەک ئەندازیاری نوێ ی .. شۆڕشی نوێ ..شۆڕش-یان لە سە راپا نیشتمان دا بەرپاکرد..




**سەرچاوە:**

1-دیدارێک لە گە ڵ وەزیرەخان ی خوشکی شە هید ئا رام ی سەرکردە لە سلێمانی.

2-نوسین و ئامادەکردنی محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵە یی،ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد .ب1،2007، چاپخانەی کارۆ.

3-ئیبراهیم جە لال /خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئە یلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن1961-1975

4- ئا وات قارەمانی .رێگا بارێکە کان ,رۆمانە یاداشت .2006- سلێمانی.

## پەندی پێشینان

- کە جام پڕ بوو لێی دەرژێت
- سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار
- بەردی بجوکیش سەر دەشکێنێت
- لە دەرگای هەر کەسێك بەیت، لە دەرگات ئەدەنەوە
- ئەوەی بەرز بفرێت، نزم ئەنیشێتەوە
- کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە
- کاری ئەمرۆ مەخەرە سبەینێ
- ساڵی خۆش لە بەهارەکەیدا دیارە
- قسە لە شێت یا لە منالّ
- بەرد لەجێی خۆی سەنگینە
- ئاش لە خەیاڵێك، ئاشەوان لە خەیاڵێك
- دار هەڵبڕە، سەگی دز دیارە
- بەقەد بەڕەکەی خۆت قاچ ڕاکێشە
- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە

### کوورتەچیرۆکی

## سەرەتاتکێیەک لەناو گۆڕێکەوە

سیروان عبداللە دارتاش



پاش ساڵانێکی دوور و د ڕێژ
بە ڕاکشاوی لە ناو گۆڕەکەیدا ،
خولیای ئەوە کەوتە س‌ەریەوە
کە سەردانێکی دەرەوە بکات ،
بە چنگەکرێ کەوتە خۆڵی
چەند ساڵە کەڵەکەکراوی سەری
و تۆزکە تۆزکە بە کاوەخۆ هەڵیکۆڵیی و سەری بردە دەرەوە ، لە نێو چەند ڕەگە دارێک سەری دەرکردوو بینی وا لە حەوشەیەکی گەورەی پڕ لە گوڵ و گوڵ زاردایە ، فوارەی ئاوەکان بە ئاسماندا دەچوون وجۆرەها باڵندەی پەڕ ڕەنگینیش سەرقاڵ بوون لە نێو خۆیاندا جریوە جریویان بوو ، ئاسکە قاوەیە بەڵک سپیەکانیش لە شیشبەندی قەفەسەکانیانەوە سەریان دەکرد بە نێو شیشەکاندا ، وەک بڵێی حەسرەت و ئاواتێک بۆ ئا زاد بوونیان لە قەفەسەکان بخوازن . سەرەتا وایزانی کە ئەمە پاداشتی ئەو هەموو خێرو خێرات و ڕۆژو نوێژکردنەیە کە خودا پێیبەخشیەوە ، بەڵام کاتێک کەمێک زیاتر سەری پەلکێشکرد بۆ دەرەوە و گوێژەی بینی تێگەیشت هێشتا ئەو لە شارەکەی خۆیدایە ، ئەوەی بیرکەوتەوە کە هەموو جارێک بۆ بەرێکردن ی تەرمی خۆشەویستێکی و خوێندنەوەی فاتیحایەک ڕێی دەکەوتە ئەم گردە بەرزەی ناوەڕاستی شار و بەدەم ناشتنی تەرمی ئازیزانیەوە سەرنج و ڕوانینەکانی چەقیان دەبەست بە ناو تەلارو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا . پاشان هەر لەوێوە کەمێک بە بەژنوباڵای کێوەکانی چواردەوری شاردا دەیڕوانی و خۆی دەکردە بەساقەو بە قوربانیان و لەبەر خۆیەوە بە ئەسپای دەیگووت ... ئا ی کە چەند شوێنێکی دڵگیرو خۆش و جوانە... پاشان دەکەوتە خەمێکی قوڵەوەو لە غەمی ئەوەدابوو کە ڕۆژێک بێت دەوڵەمەندە چاو چنۆکەکانی شار ئەم مەزارگایە تەخت بکەن و بیکەنە بەهەشتێکی ڕازاوە بۆ خۆیان لەناکاو گوێی لە هاوار هاوارێ بوو لە سەرنجەکانی پەڕی و کە ئاوڕی بۆ دواوەی خۆی دایەوە ، بینی چەند خزمەتکارێ جرتو فرتیانە هاوار دەکەن بۆ یەکتری و دەڵێن، دەرگاکان بکەنەوە ئەوە سەرۆکە گەڕایەوە.. بە بینینی ئەم دیمەنە سەری خۆی دەکات بە ناو گۆڕەکەیدا و بە چنگەکرێکانی خۆی دادەپۆشێتەوە ، ڕووەو ئاسمان خۆی لێ درێژ دەکات و ڕادەکشێتەوە.




ناوی تەواوی ( زریاب حەسەن عەلی نافع ) لە ساڵی ٧٧٧ زایینی لە شاری موسڵ لە دایک بووە.لە تەمەنێکی لاویدا دەچێتە بەغداد لەسەردەستی ( ئیبراهیم ئیسحاق موسڵی ) کە یەکێک بو وە لە ناودارترین ژەنیاری سەردەمی خۆی .کوردێکی یەهودی بووەو موسڵمان بووەو لای ئەو فێری ژەنینی ئا مێری عود وە گۆرانی گووتن دەبێ.بەرێکەوت هارونە ڕەشید داوا لە ئیسحاق دەکا کە کەسێکی تر بهێنە کۆشکەوە کە دەنگێکی خۆش و ناوازەی هەبێ مامۆستاکەی زریاب دەبا بۆ دیوەخانی هارونە ڕەشید لەگەڵ چرینی یەکەم ئاواز دەکەوێتە بەر دڵی هارونە ڕەشیدو دەبێتە جێگەی ڕیزی خەلیفە بەڵام بە هۆی حەسوودی مامۆستاکەیەوەو لەبەر جێگەوپێگەی خۆی تەنگ بە زریاب هەڵدەچنی تا دووا جار بڕیار دەداوپێیدەڵێ گەر بەغداد جێنەهێڵێ دەیکوژێ هویش بە ناچاری سەری خۆ ی هەڵدەگرێ و ڕوو لە ئەندەلووس دەکاو لەوێ دەچێتە دیوانی (عبدول ڕەحمان خەلیفەی دووەم ) دەبێتە جێگەی سەرنجی و ڕێزی زۆری لێدەنێ بە یارمەتی ئەو یەکەم ئامۆژگای ئا مێری عود و گۆرانی گووتن دەکاتەوەو هەر لەو کاتەدا ژێی ٥ هەمی عود زیاد دەکات وە یەکەم کەسیش بووە کە موشەحاتی ئەندەلوسی داناوە هەرچی عەرەب و ئەورووپا هەیە شانازی پێوە دەکەن و بە مووڵکی خۆیانی دەزانن تەنانەت لا ئیسپانیا پەیکەری بۆ کراوەو جێگەی ڕێزی هەموو موزیک زانانی جیهانە بە داخەوە تەنیا کورد نەبێ هیچ هەوڵێک و هەنگاوێکی نەناوە بۆ گەڕاناوەی ناسنامەی ئە پیاوە مەزنەی کە جێگەی شانازی هەموو ژەنیارانی جیهانە.

**شێخ ڕزگار**

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان








## سەروەت سەوز


_1954 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە . لەماوەی خوێندنی ناوەندیدا بەشداری چەندین پێشانگەی چالاکی قوتابخانەی کردووە.
_ساڵی1970 لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیراوە. لەوێ بەشی گرافیکی بەپلەی بەرز تەواو کردووە . پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتەئەورووپا و دیسان دەگەڕێتەوەکوردستان.
_یەکەمین پێشانگەی لەزانکۆی سلێمانی بەهاوبەشی ساڵی 1976 کردۆتەوە . دوای ئەوەچەندین پێشانگەی لەشارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغدا و شارەکانی دیکەی عیراق کردۆتەوە.
_1992 لەگەڵ هونەرمەند نامیق عەلی قادر پێشانگەیەکیان لەشاری پاریس کردەوە . _1993 لەسەر بانگهێشتنی فرانسوا میتەران پێشانگەیەکی هاوبەشی بووەلەگەڵ چەند هونەرمەندێکی کورد .
_هەروەها لەوڵاتانی دیکەی وەک بریتانیا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا پێشانگەی بووە. چەندین پێشانگەی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند سامان کەریم دارتاش بووە.
_لە نەوەدەکاندا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەڕێخراوی ماگ MAG دا کاری مین هەڵگرتنەوەی کردووە.
_دوایەمین پێشانگەی هاوبەشی 16-03-2004 بوو بۆ یادی ساڵڕۆژی شازدەی مانگی مارت. هەر لەو رۆژشدا ئۆتۆمۆبیلێک لێی دەدات و بەسەختی بریندار دەبێت . _لە28-03-2004 لەنەخۆشخانەی الجادریەی شاری بەغدا، سەعات پێنجی ئێوارەگیانی لەدەستدا.











**ئامادەکردنی: بەختیار سەعید**

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

**ئامادەکردنی: ڕزگارە سوور**



ڕووسوورەکانی مێژوو، کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ، سالاری عەلی حەمە بچکۆل سالارچوارتایی ، ئەو هەوربوو لەهەموو ئاسمانێکی نیشتیمانا دڵی پڕ بوو لەباران ،ئەو هەور بوو دڵی پڕ بوو لە پرووشە ،ئەو هەوور بوو دڵی پڕ بوو لە تریفە ، توولەڕێگاو ، ئەنگوستەچاو شارەزابوو ، کۆڵە پشتی پڕ بوو لە سووتانی خاک و خۆشەویستی خاک و نیشتیمان و هەگبەی پڕ بوو لە دووکەڵ و لە ئا زارو لەسووتانی نیشتیمانێکی گڕ گرتوو ، ئەو ماچێکی لەخاچدراوی خاک و ڕۆحی سەربڕاوی ڕێگای حەق و دەست و گۆچانی هەموو خۆشەویستی یەکی ڕێگای حەق بوون. سالار ڕووخسارێکی هێمن پیاوێکی لەسەرخۆ ، ڕەوشت جوان ، یاری بە عەشقی نیشتیمان و خۆشەویستی ژیان ئەکرد هەموو جوانیەکانی نیشتیمانی لە هەگبەی عشقی نابوو ، بۆنی پونگەو ڕەشەڕیحانەو هەستی نیشتیمانی لێ ئەهات ، پێکەنین و خۆشەویستی لە سێبەری ئەتکا ، کاکە سالار لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٨ بوو ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کرد بوو بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە ، خاوەنی چەندین کاری ناو شار بووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو دیوار نوسین و خۆپیشاندانەکانی ناو شار و تا دوا جار لەساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردوستانەوەو لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر بووە پێشمەرگەو بەشداری چەندین شەڕی قورس و سوکی ناوچەکە بووەو نموونەی ئازایەتی و قارەمانێتی بووە ،تا دواجار لە قوڵە پوشێن و سپیلکی ناوچەی سورداش لە ١٨ لەسەر ١٩ مانگی هەشتی ١٩٨٧ چووە کاروانی نەمرانەوە بێ گۆڕو ناو نیشان لەگەڵ هەر یەک لە کریم بەگ و کامەرانی حەبێ و حەسەن چاوڕەش و ساڵح چاوشین و ، لە قوڵێکی ترەوە فەرەچ ناسراو بە پێشرەو و ئازاد عەرەب یادیان بەخێر

**تۆ عەشقی کچێک بووی**
**سێوەکەی دڵێ خۆت لا دانا**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**دڵێکی هەناری مرواریم بۆ هێنا**
**تۆ عەشقی کیژێک بوویت**
**خوێنت کرد بەخەنەی دەست و پێی**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**ڕۆحێکی پڕ جوانی و**
**دڵێکی پڕ عەشقم**
**لەرێگەی دا دانا**
**دڵێکی پڕ گڕاو**
**شووشەیەک عەتری سوور**
**بۆ نازی شۆڕەبی و**
**بۆ مەمکی نێرگزو**
**بۆ بنباڵی کۆترە باریکەی ژێر باڵ سوور**
**تۆ عەشقی کیژێک بووی**
**باوەشت پڕ مەمک و**
**پڕ زوڵف و**
**هەناسەت پڕ بۆنی ژنانە**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**لەشەوی دەیجورا**
**دوو چاوم دووربینەو**
**باوەشم تفەنگەو**
**هەناسەم دوکەڵ و باروتە**
**تۆ عەشقی کچێک بوویت**
**شەوگارتان پڕ ماچ و**
**جێگەتان پڕ ئاهی**

**تێکەڵ بوون**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**باغەڵم پڕ ئەسپێ و**
**بەچرای مانگەوە**
**پاسەوانی ئەگرم**
**لەزووڵفی شۆڕەبیم**
**تۆ عەشقی ژنێک بووی**
**چوار کۆرپەو**
**ماڵێکی ڕوناکی پڕ خەندە**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**بێ گۆڕو ناونیشان**
**تا کوژرام**
**لەسەری ڕاودەنرام**
**تۆ عەشق و ....من عاشق**
**تۆ زیندوو ....من مردوو**
**تۆ بۆ کچ ،.....من بۆ گەل**
**تۆ وێنەت لەکۆگای ماڵێکدا**
**من لە شاخی قەندیل**
**بیرتان بی**
**خوێناوی هەمیشە لەبەرۆیشتووی جەستەم**
**فرمێسکی گراوی**
**دایکانی بەردەرگای جاوەڕێی کۆچەکەم**
**بیرتان بێ**
**کاتێ شەو پەرەندەی**
**لەباڵای ستوون و گڵۆپی شار گەرا**
**کە باخچە**
**پەپوولەی لەدەنگدان هەڵبژارد**
**کە قریووەی گەورە کچ**
**لەچیژوان**
**بۆنی نازو نوزو**
**وورده ماجی لیهات**
**بیرتان بێ**
**ئەو کاتەی**





**کازێوە بەبێ ترسی ئەڵخام**
**لەباڵای شاخەوە**
**بۆ ناو شار دێتە خوار**
**یا کە مانگ لەکانی بنارا**
**بەبێ ترس...بەرووتی**
**بەپاو پوزی سپی سفتەوە**
**جێژوانی شەوانەی گەرم ئەکات**
**بیرتان بێ**
**شووشە عەتری سووری**
**دڵەکەم**
**بیرتان بێ**
**پێڵاوی دراو و**
**شەرواڵی چڵکن و**
**رووخساری بێ ڕەنگ و**
**کەشکۆڵی بێ نان و**
**دەم و لێوی تینووو ،،،کەف گرتووم**
**بیرتان بێ**
**هەمیشە لاتانم**
**من هاوڕێی خەبات و**
**هەنگاوی ناو ژینگەو**
**پڕ ترس و مینتانم**
**بیرتان بێ**
**هەمیشە لاتانم**
**لەقرچەی ،،،هاوێنکی گەرما**
**دەست و بێڵی رەنج و**
**سەوزایی باختانم**
**لەگەرماو .. لەسەرما**
**لەجوار وەرزی ساڵا**
**بەجێتان ناهێڵم**
**.....................**

ڕزگارە سوور ..ساڵی ٢٠٠٣ بۆ کاکە سالاری برا بچوک و گۆر
وونم یادی بە خیر

# بەسەرکردنەوەی تێکۆشەران

**سەرکەوتی جیهاز**



سەفینی مەلاقەرە کێ یە؟

سەفین ئەگەرچی چیایەکی جوانی دەڤەری هەولێرە، بەڵام کاتێ "مەلا قەرەی" پێوە دەلکێ، ئەوی وێنای پیاوێک لە زەینت گەڵاڵە دەبێت، لەوەتەی ئەو شارە رۆڵەی خەباتگێری ناردۆتە شاخ ، هەرگیز بەقەد سەفینی مەلاقەرە سەری بەرز نەکردووە!

سەفین لە خاکی خاکی تر و لە ئازا ئازا تر و لەورە باڵاترە ! ئەو ئەگەر چی بە فیزیکیش ماوە، لە راستیدا شەهیدێکی زیندوە!

سەفین لە ریزی ئەو پێشمەرگە دێرینە زیندووانەیە کە پێت شەرم نیە لە جوامێریان بدوێی ! ئەو دەمەی فەرماندەی تیپی ٨٧ ی قەرەچووغ بوو، راوی ئەمنە بەعسیەکانی دەکرد، کۆلانی گەرەکێکی ئەو هەولێرە نەمابوو جێی دڵنیایی پیاوانی رژێم بێت و دەستی سەفینی پێ نەگات !

سەفـینی مەلاقەرە، ناوی تەواوی ( مەناف نادر قادر ) لە دایک بووی١٩٥٦ لە گوندی مەلاقەرە، کە سەر بە ناوچەی" کندیناوەیە" هاو سنوورە لەگەڵ عەرەب نشینانی پارێزگای "موسڵ" دەکەویتە باشوری رۆژاوای هەولێر و ٦٠ کم لێی دوورە کە دەکاتە دواسنوری باشوری کوردستان ئەژێر عەرەبستان دەست پێ دەکات.

خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی ملاقەرە تەواو کردوە، ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر ئامادەیی کشتوکاڵی لە کەڵەک (خەبات) تەواو کردوە. لەگەل دەست پێکردنەوەی شەری کوردو عێراق لە ١٩٧٤ چۆتە رێزی شۆرش بەلام لەبەر ئەوەی منداڵ بووە نەکراوە بە پ.م وە تاوەکو ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردوە ، بەلام نە پارتی بووە و نە یەکێتی قوتابیان ! هەرچەندە برایەکی سەرلق و دوو برای تری پێشمەرگە بوون.

دوای ئاشبەتال چۆتە ئێر ان ، کە هاتۆتەوە و هەر هەمان ساڵ خوێندنی تەواو کردوە و بە چاودێری کشتوکا ڵی لە لقی سەلاحەددین( مسیف) دامەزراوە.

لە هاوینی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، وەک شانەیەکی چالاک لە ناوچەی مخمور دەست بەکار بووە، لە ١٩٧٧ لە ئەمنی مخمور دەستگیر کراوە لە سەر ئەو پەیوەندیە.

لەسەر داوای ناوەندی کۆمەلە لە ١٢/ ئەیلول /١٩٨٠ لەگەڵ شەهیدی نەمر سابیر رسوڵ دوو هەڤالی تر چوونەتە شاخ و بوون بە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨).

سەرەتا کاری رێکخستنی دەکرد، دواتر پێویستی کردوە ببێتە فەرماندەی کەرت و دواتر جێگری سەرتیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر.

لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر فەرمایشتی کاک نەوشیروان تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ دروست کراو سەفین بوو بە فەرماندەی ئەم تیپە

لە ١٩٨٧ گوێزراوەتەوە بۆ تیپی ٩١ ی سەفین. دوای شەرەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کراوەتەوە ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە راستەوخۆ کاک نەوشیروان سەرپەرشتی دەکردن، ئەم فەرماندەییە لە ٩ هەڤال پێک هاتبوو هاوکاری کاک نەوشێروان بوون لە نەخشەدانانی راپەرین و جێبەجێ کردنیشی

لە کۆنگرەی ٢ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و بەرپرسیاریتی مەڵبەندی ٨ ی راپەرینی پێ سپێردرا. دواتر لە مەکتەبی رێکخستن دەست بەکار بوو، سەفین یەکێک بوو لەو کارەکتەرە بەهێزانەی باڵێ ریفۆرم لە هەولێر، کە کاک نەوشیروان پلانی بۆ دانابوو بۆ گۆرانکاری لە ناو خودی یەکیتی، کاتێ لە هەڵبژاردنەکان باڵی ریفۆرم شکەستی هێنا، کاتێک کاک نەوشیروان وازی لە یەکێتی هێنا و کۆمپانیای وشەی دامەزراند، ئەویش وازی لە یەکێتی هێنا، لەگەل دروست کردنی بزووتنەوەی گۆران، یەکەم کەس دەبیت پشتگیری خۆی بۆ

رادەگەیەنێت، دەبێتە بەرپرسی یەکەمی شاری هەولێر. لە هەڵبژاردنی ٢٥ حەوتی ساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەکە دەکات.

ماوەیەک باژێروانی هەولێر و دواجار کەرکوک و ئێستا ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەکەیە.

لەماوەی ژیانی سیاسی ئەو پۆستانەی وەرگرتووە :

بەرپرسی مەڵبەندی هەشتی ڕانیە

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان / یەکەم خول

بەرپرسی ئاسایشی هەولێر

ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان

هەمیشە لەبەرەی خەڵک بوو، ئەو ئێستاش لەگەڕەکێکی میللی شاری هەولیر دەژیێ و خانوەکەی لە هی جیرانەکانی باشتر نیە! کوڕەکانی خوێندنیان تەواو کردوە وەک کوڕی خەڵک لە هۆڵەندا دامەزراون، ئەگەر پارەی سۆشیالی ولاتی هۆڵەندا نەبا پارەی نەبوو نەشتەرگەریەکەی بکات ! هیوای تەمەنێکی پڕ بەختەوەری بۆ دەخوازین

هێزێک دبێتە بازوی نەتەوەیەک ، سەرکردەیەک دەبێتە سەفینێک هەمو هەڵۆکانی قەڵا لەسەر شانی ئەم دەنیشنەوە ، سەفین کە دێ شەقامەکانی قەڵای لە پشتە ، منارە دەبێتە مەتەرێزی ، هەولێر لە قۆناغی داگیرکاریەوە دەباتە قۆناغی بەرخودانێکی هەمیشەیی.

سەفینی مەلا قەرە لە ناو جەرگەی شاری هەولێر سەرکردایەتی لێدانی هێزێکی ئەمنی تـەواری دەکـات ، وەک قۆناغێکی بەرخودان ، کە ڕۆژانە مەفرەزەی خاڵی پشکنینی لە ناکاویان دادەنا لە گەرەکی ڕووناکی شاری هەولێر کە (فلکەی زراعە) ناودێرە، سەفین مەلاقەرە ١٦٠ پێشمەرگە دادەبەزێنێتە ناو شاری هەولێر لە شێوەی حەرف L چەندین کەمین بۆ هێزی دوژمن دادەنێ جگە لەو هێزەی بەسەرپەرشتی خۆی بۆ لێدانی ئەمنە تەواریەکان هەڵبژاردبوون، لەگەڵ یەکەم RBG شۆفەرلێتی یەکەم گڕ دەگرێ دوا بەدوای ئەوانی تر، لەو گورزی ناو شارە ٢٨ ئەمنی تەواری کوژرا.

لەو کاتە جیهازی مدیر ئەمن دەچێتە سەر تەرەدودی جیهازەکەی کاک سەفین یەکێک لە بریندارەکانیان قسە لەگەڵ مدیر ئەمن دەکات دەڵێ سەیدی ناویرم بەرز قسە بکەم موخەربیەکان هێشتا لێرەن،

کاک سەفین دیتە سەر خەت و بە مدیر ئەمن دەڵێ کوا ئێوە لە کوێن ئێمە لەوێین چاوڕێی ئێوەین ئەدی ئێوە (صنادید قرن العشرین ) نین بۆ بە هاواری پیاوەکانتان نایەن وا کەلاکیان لە سەر شەقام کەوتووە؟ ،لێرەوە هێزە داگیرکەرەکان دەزانن کوڕانی خاک و نیشتمان و دایک چۆن دەبنە فریاد ڕەس.

کاک سەفین دەڵێ تا پێش بەرەبەیان مانەوە جاوەڕێیان بووین یەک هێزی دوژمن جورئەتی نەکرد بۆ لامان بێت بە ئا ڕەزووی خۆمان ڕۆیشتین و شارمان جێ هێشت.

سەفینی مەلا قەرە ئەو سەرکردەیە بو کە بە بونیادنەری ڕۆژی ئازادی هەولێر وێنا دەکرێ و بوە سمبولی هەولێریان وەک بازوی شۆڕش و خوێن.



# جوڵە سیاسیەکانی ناوچەکە ببینە، جوانتر لە دۆزی کورد دەگەی

**مەهدی کاوانی**

دروست کردنی حلفێکی ناتۆ بۆ ڕەژهەلاتی ناوەڕاست ، ڕاستە لەمێژە قسەو باسی پێوە کراوە ، بەڵام ئێستاکە زۆر بە چڕی کەوتۆتە ناو باس و خواسەکان.

ئەوەی ئێستا کە باسی لێوە دەکرێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەست درێژیەکانی ئێر ان و پێشێلکاریەکانی تورکیایە . دەشڵێن دەبێ ئیسرایلیش دەناو ناتۆی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دابێ . دیارە وەک باسی لێوە دەکرێ وەک بگۆترێ دەکرێ ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە دەکاتە ناوچەکانی ناگۆرنۆ کەرەباخ و ئەرمینیاو ئێتریش و هەروەها بۆ کیشوەری ئەفریقیاش درێژ بێتەوە ، بێنە ناویەوە.

هەر لێرەوە ئەگەر وردبینی بۆ بکرێ وەک بگۆترێ مادامەکینێ حلفەکە لە دژی ئێران و تورکیاوە بێت ، کەواتە هیچ زیانی بۆکورد لێ ناکەوێتەوە.

ڕەنگە جۆرە حلفی وەها بۆ دوور مەودا هەر تەنیا لە دژی ئێر ان و تورکیای لێ نەکەوێتەوە بەلکو دانانی ڕادەیەکیش بێت لە دژی تەمەدوی ڕووسی و چینی لە ناوچەکە . وەک دەلێن با ئەو حلفە نوێیە ولاتانی ناتۆی تیا نەبێ بەڵام لە دوورەوە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم و ئەورویا بە پلەی دووەم چاودێریان بە سەر حلفەکەوە دەبێت . نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئەگەر ئیسرایل لە ناو حلفەکەدابێ ، لە ڕووی بەرەنگار بوونەوە هێزێکی تر دەدا پێی.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ڕاگەیاندنێکی ئەمەریکی و ناتۆدا گۆترا ، هێزەکانی ناتۆ لە عیراق لە ٥٠٠ نەفەرەوە بۆ ٥٠٠٠ هەزار نەفەر زیاد دەکەین و کشانەوەشمان لە ئەفگانستان پابەند نابین بە زەمەنەوە بەلکو زیاتر پابەند دەکەین تا بزانین وتووێژی ئەمەریکی و حکومەتی ئەفگانی لە گەڵ تالیبان بەرەو کوێ دەڕوا واتە زیاتر کار لە سەر بەرجەستەو بە کردار کردنەکانیان دەکەین.

بە بۆچوونی خۆم ئەو زیاد کردنە سەربازیەی ناتۆ لە عیراق لە ٥٠٠ نەفەرەوە بۆ پێنج هەزار ، ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ڕادە دابنرێ بۆ هەردوو حکومەتی ئێرانی و تورکی کە نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تەڕاتێنی لەخاکی عیراق و کوردستانەوە بکەن و چەند ڕۆژێکیش پێش ئێستا لە ڕاگەیاندراوێکی یەکیەتی ئەورووپا کە دەبێ هێزەکانی




تورکی لەخاکی سوریا بکشێنەوە ، هەمدیسان دەکاتە وەخۆ کەوتنەوەی ئەمەریکاو ئەورووپا کە ئێ مە ئەو ناوچانەبۆ داگیر کاریەکانی ئێران و تورکیاو تەمەدوی ڕووسی جێ ناهێڵین.

ڕاستە بەڕێوەبەرایەتی نوێی جۆ بایدن زۆرترین وێسگەکانی خۆی بۆ ئەوە بەگەر خستووە کە هەرچی زووە ڕێکەوتن نامەی ٥+١ ی نەتەوە یەککرتووەکان ، کارا بکرێتەوە ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەمەریکا پلانی B نەبێت بۆ ئێران لە مەڕ زیاتر دەستدرێژیەکانی لە ولاتانی ناوچەکەو پیتاندنی زیاتری یۆرانیوم بۆ گەیشتن بە چەکی نەوەوی . سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە مەڕ ڕووبەڕووبوونەوە لە سەر چەکی نەوەوی ئێران و ڕووسیا چین دەیەوێ بە تێکەڵکردنی لە گەڵ ئەورپاو ناتۆ و بگرە لە ناو خودی ئەمەریکاش بە پێکەوەی دیموکراتەکان و کۆماریەکان ، نەخشە ڕێگای سیاسی بۆدابنێ.

زیاد کردنی هێزی ناتۆ لە عیراق چۆنی لێک دەیتەوە لەو مانایەت زیاتر ناداتە دەست کە ئەمەریکا بیەوێت سنورێک بۆ دەتدەخولاتی ئێرانی و تورکی دانێت لە عیراق و کوردستانەوە و پێیەوە بۆ کورد سودمەند دەبێت.

هاوکاری زیاتریشی بۆ ڕۆژئا وای کوردستان کە هەلبەتە وا دەبێ ، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە لە لایەکەوە ڕێگە بگرێ لە هەلکشانەکانی ڕووسی و لە لایەکی تریشەوە سنوور دانان دەبێ بۆ زیاد کردنی نفوزی تورکی و ئێرانی.

ئەم ئاماژانەی سەرەوە کورتە مەودوا نین و هاوپێچیشن لە گەڵی و وەهاش نیشان دەدرێ هێلێک بکێشرێ لە گەڵ ئەوانەی لە گەڵمانن و ئەوانەی نەیارو دوژمنن.

**لە زەمەن وەرگیراوە**

# هەڵەبجە؛ سیمبوڵی قوربانیدانی گەلێک




**سبەی**

ئەمڕۆ (33) ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تێدەپەڕێت، بەڵام دوای ئەو ماوەیە و (30) ساڵ لە حکومڕانی کوردیی و زیاتر لە شەش ساڵ لە بەپارێزگابونی هەڵەبجە، خەڵکەکەی چاوەڕوانی خزمەت و گەشەپێدانی زیاترن، رەخنەی ئەوەش دەگرن کە دەسەڵاتی کوردی چەند ساڵی رابردودا لە ئاست بەرپرسیارێتی ئەو کارەساتەدا نەبوە کە بەسەر شارەکە و خەڵکەکەیدا هاتوە.

**جوگرافیای هەڵەبجە**

شاری هەڵەبجە وەک ناوەندی پارێزگاکە، (75) کیلۆمەتر لە باشوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە دورە و روبەرەکەی (1599) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، بە چیاکانی هەورامان و شنروێ و بالامبۆ دەورە دراوە و بەدرێژایی (75) کیلۆمەتر هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا. دەشتی شارەزور کە یەکێکە لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەناسرێت، بەشێکی گەورە لە روبەری ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە کە پێدەشتەکە لە رۆژئاوای هەڵەبجەوە دەست پێدەکات و لە رۆژهەڵاتی ناحیەی سورداش کۆتایی دێت.

**ئەو رۆژەی شارێک خنکێنرا**

لە رۆژی (1988/3/16) هەڵەبجە لەلایەن رژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا و پێنج هەزار هاوڵاتی شارەکە شەهید بون، هاوکات دانیشتوانی شارەکە بۆ دەربازبون لە کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی رویان لە وڵاتی ئێران کرد و شارەکە لەژێر کاریگەریی چەکی کیمیایی و بۆمباران کرندا بوە وێرانە. هەزاران هاوڵاتی هەڵەبجە بریندداربون و بەشێکی زۆریان بەهۆی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستدا و ئێستاش سەدان قوربانی بەدەست ئازار و کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاییەوە دەناڵێنن.

**کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی**

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، لە ساڵیادی تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، توێژینەوەیەکی وردی لەسەر کاریگەریی و لێکەوتەوەکانی بۆمبارانکردنی ئەو شارە بە چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی بەعسەوە بڵاوکردەوە، توێژینەوەکە بەگشتی تیشکی خستوەتە کارەساتی کۆمەڵکوژی (16)ی ئازاری (1988)ی

هەڵەبجەو کیمیابارانی ئەو شارە لەلایەن رژێمی پێشوی عێراق و شەهیدکردنی زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی ئەو شارە.

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەیخستوەتەڕو؛ هەندێک ناوچە لەناو شاری هەڵەبجەدا بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، کەس پەی بەدۆزینەوەیان نابات، هەندێک منداڵی هەڵەبجەیی ونبو، لەم ساڵانای دواییدا خێزانەکانیان دۆزیەوە و دەیان خێزانی دیکەش چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵە ونبوەکانیانن.



**قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە**

لە بەشێکی توێژینەوەکەدا ئاماری شەهیدو بریندار و بێسەروشوێنەکانی تاوانی کۆمەڵکوژییەکە خراوەتەڕو پشتبەشتن بە داتا و ئاماری دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی، بڵاوی کردوەتەوە کە (1664) وارسی شەهیدانی کیمیاباران لەو بەڕیوەبەرایەتییە موچە وەردەگرن ژمارەیەکی زۆریش هەن کە لە هەولێرو دهۆک و هەڵەبجە موچە وەردەگرن . بەڵام بەهۆی هەندێک گرفتی تەکنیکی و سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە ژمارەی دروست و راستی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە نازانرێت . تەنها ئەوەندە هەیە ژمارەیەکی ڕاگەیەنراو هەیەکە بە (پێنج هەزار ) شەهید خەمڵێنراوە .

سەبارەت بە ژمارەی برینداران و بەرکەوتیش، لە توێژینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕو کە ناتوانرێت ئامارێکی دروست لە سەر ئەوان وەربگیرێت، بەهۆی پەرش و بڵاوییانەوە و دابەش بونیان بەسەر هێزە سیاسییە جیاوازەکاندا، ئەوەی لە دەزگای شەهیدان و ئەنفال کراوانی سلێمانی وەرگیراوە (380) کەسن، بەهۆی ئەوەی کە تائێستاش لێیان شەهید دەبێت، بریندارو بەرکەوتوی تر زیاد دەکات، بەهۆی گەڕانەوەیان لەدەرەوەی وڵات.

**فرۆشیارانی چەکی کیمیایی**

لە توێژینەوەکەدا بڵاوکراوەتەوە (196) کۆمپانیای جۆراوجۆر لە (19) وڵاتی جیهانەوە کەرەستە چەکیی کیمیاییان بەعێراق فرۆشتوە، لەکۆی ئەو وڵاتانە تەنها یەک وڵاتی عەرەبی تێدایە، ئەویش میسرە واتە (18) وڵاتیان ئەوروپین و لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانن.

**منداڵانی ونبو**

بەهۆی هێرشی کیمیاییەوە سەدان منداڵ لە خێزانەکانیان دابڕان، لە چەند ساڵی رابردو لە ئەنجامی هەوڵە تاکە کەسییەکاندا ژمارەیەک لەو منداڵانە گەڕانەوە نیشتیمان و بە خانەوادەی راستەقینەیان شادبونەوە کە دواترینیان خەلیل ساڵحە و دوای (31) ساڵ، بە دیداری کەسوکاری شاد بوەوە.

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە ئاماری هاوڵاتیانی بێ سەروشوێن و ونبوی کارەساتەکە بڵاوی کردەوە : هەمو ئەو خێزانانەی کە منداڵیان ونبوە چاوەڕێین منداڵێکی هەڵەبجەیین دەربکەوێت و بدۆزرێتەوە، کە لە ئێستادا تەمەنیان لەنێوان (30) بۆ (40) ساڵدایە، لە ئێستاشدا بەپێی ئەو ژمارە سەرەتاییەی کە لە بەردەستدایە ژمارەی ونبوەکان بریتین لە (174) کەس، کە لەلایەن (70) خێزانی هەڵەبجەوە مامەڵەی بێسەروشوێن بونیان بۆکراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەیان.

کامە ران مستە فا، بەڕێوەبە ری بەڕێوەبەرایە تی شە هیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە، بە (سبەی) راگەیاند : تائێستا ژمارە ی ئە و منداڵانە ی ونبون و کە سوکاریان سە ردانی بەڕێوەبەرایەتییەکە یان کردوە بۆ سۆراغکردنیان، (174) منداڵ تۆمارکراوە ، بەدڵنیاییە وە ژمارەکەی لەوە زیاترە، بەڵام لە ساڵی (1991)ـە وە تە نها توانراوە (11) منداڵیان بدۆزرێنەوە.

**دوای بە پارێزگا بون**

رۆژی (2015/2/5) لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجە، بە سەرۆکایەتیی د.یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (دو)ی نائاسایی ساڵی دوە می خولی چوارە می پەرلەمان بە ڕێوەچو کە تێیدا یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە پەسەند کرا، ئەوەش هەڵەبجەییەکانی خۆشحاڵ کرد، بەڵام دوای تێپەڕبونی ئەو چەند ساڵە بە گوزەر کردن بە بازاڕ و شەقام و گەڕەکەکانی شارەکەدا هەست بەوە دەکرێت کە پێنج ساڵی بەپارێزگابون سیمای شارەکەی بەرەو پێش نەبردوە.

**هەڵەبجە تەنها بەناو بە پارێزگا کراوە**

له ساڵیادی (33) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ئەنجومەنی قەزای هەڵەبجەی بزوتنەوەی گۆڕان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات وەک میراتگری رژێمی پێشو داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات و قەرەبوی زیانلێکەوتوان و ئا زار و مەینەتییەکانی هاوڵاتیانی ئەم شارە بکاتەوە تەواوی ئەو رێکارانە جێبەجێ بکات بۆ دانانن بە پارێزگا بونی هەڵەبجەدا.

ئەنجومەنی قەزای هەڵەبجە، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات چیتر دەستی دەستی بە دانیشتوانی ئەو شارە نەکات و بە بەڵێنی بێ بنەما خەڵک فریونەدات، ئەوەی لەسی ساڵی دەسەڵاتی خۆماڵی بۆ ئەم شارە کراوە نە لە ئاست ئەو قوربانییە گەورەیە و نە دڵخوازی خەڵکەکەیەتی لەڕوی خزمەتوزاریەوە و لە روی مەعنەویشەوە بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە جگە لە دانانی پارێزگار و جێگرێک و بینای خێروازێک هیچی تر نییە.

ئاماژەی بەوەشکردوە؛ پارێزگاش بەوە نابێتە پارێزگا، بەڵکو پێویستی بە دامودەزگایە وەک هەمو پارێزگاکانی تر بۆ راپەڕاندنی کارەکانی نەوەک ئەوەی ئێستا بەداخەوە هاوڵاتیان خۆزگە بە قەزاکەی جاران ئەخوازن لەکاتێکدا ئەوە تەنها چەند بڕیارێکی پێویستە.

**دانیشتنێکی تایبەت بە هەڵەبجە**

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە (2021/3/16) پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام بدرێت و بەرنامەی کارەکە بریتییە لە (خستنەڕوی کێشە و گرفتەکانی پارێزگـای هەڵەبجە بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (66) لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان).

**هەمو رۆژێک بۆ هەڵەبجە**

سەرۆکی نوسینگەی هەڵەبجەی پەرلەمانی کوردستان بە پ ێویستی دەزانێت، واز لەوە بهێنرێت لە ساڵێکدا تەنیا رۆژێک تەرخان بکرێت بۆ یادکردنەوەی هەڵەبجە و باقیی رۆژەکانی ساڵ ئەو دۆزە بە فەرامۆشی بسپێرین، هەڵەبجە پێویستی بەوەیە تەواوی رۆژەکانی ساڵ کاری بۆ بکرێت.

شاخەوان رەئوف بەگ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و سەرۆک ی نوسینگەی پەرلەمان لە پارێزگاکە، لە ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، رادەگەیەنێت: هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیەکی گەورە و گرنگە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی زیاتریان پێ بگات، بۆ ئەوەی کەمێک لە ناسۆری لەدەستدانی ئا زیزانی ئەو کارەساتە هەڵگر ین، دەبێ دەیان خزمەتگوزاریی پێشکەش بەم پارێزگا خۆشەویستە بکرێت.



**پێویستییەکانی هەڵەبجە**

شاخەوان رەئوف بەگ بەپێویستی دەزانێت، چەندین پرۆژەی گرنگ بۆ هەڵەبجە بکرێت، لە گرنگترینیان:

1ـ پەلە بکرێت لە تەواوکردن و دەستبەکاربونی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە بـۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە هەم لەڕوی سیاسییەوە هەم لەڕوی ئیدارییەوە بە ئەرکی خۆیان هەستن و نوێنەرایەتیی هەڵەبجە بکەن.

2ـ دروستکردن و پڕکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و پۆستە ئیدارییەکان بۆ راییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیانی سنوری پارێزگاکە.

3ـ بەستن و تەواو کردنی پر دی رێگای (تەوەقوت ) کە هەڵەبجە بەشارەزورەوە ئەبەستێتەوە.

4ـ بەستنی پردی(تەنگی سەید محەمەد ) کە پارێزگای هەڵەبجە ئەبەستێتەوە بەمەرزەکانی (پەروێزخان و پشتە ) و بەستنەوەی قەزای دەربەندیخان و گەرمیان و ناوچەی شەمێران و تاوگۆزی و لاوران بە سنوری پارێزگای هەڵەبجەوە دەبێتە هۆی کرانەوەیەکی تەواو لە روی بازرگانی و گەشتیارییەوە.

5ـ کردنەوەی مەرزی (سازان) کە ئەویش گرنگیی خۆی هەیە و تەوژمێکی بازرگانی دەداتە هەڵەبجە.

6ـ سنوری پارێزگای هەڵەبجە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگە کە زیـاتر لە(110000) سەدو دەهەزار دۆنم زەویی کـشتوکاڵی و

(12000) دوانزە هەزار دۆنم باخی هەناری تێدایە، پێویستی بە شوێنی هەڵگرتن و ساردکەرەوە دەبێت بۆ هەنار، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێویستیی ناوخۆیی پێ دابین بکرێت پاشان هەناردەکردن و دۆزینەوەی بازاڕ بۆی لە دەرەوەی وڵات.

7ـ هاندان و پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە سەرمایەگوزاری بکەن.

8ـ دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری (جۆگە- خەزانی گلدانەوەی ئا و- کۆنکرێت کردنی جۆگەی ئا ودێری (30کم ) پاشان نۆژەنکردنەوەی کارێزەکان.

9ـ دروستکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان.

10ـ کۆنکرێت و قی رتاوکردنی کۆڵانەکانی ناوشار و قەزاو ناحیەکان.

11ـ دروستکردنی کارگەیەکی پاککردنی گەنم لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە.

12ـ دروستکردنی رێگای هاتوچۆی گوندەکانی سنوری پارێزگاکە.

13ـ گرنگی دان بە ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە.

**چی بکرێت؟**

لە کۆتایی توێژینەوەکەی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بە ناونیشانی (هەڵەبجە؛ کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی ) ژمارەیەک راسپاردە خراوەتەڕوە لەوانە؛ دیراسەکردنی کاریگەریی ئەو مادانە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لەکاتی روودانی ئەو جۆرە مەترسیەدا، بتوانرێت کاریگەریەکا نی کەم بکرێنەوە و چارە سەری بەپەلەی زیان لێکەوتوان بکرێت.

هەروەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەومادانە لەسەر ژینگەی ئەو ناوچانەی بۆمباران کراوان، لەگەڵ لێپرسینەوەو دادگای کردنی ئەوانەی ئەو چەکەیان بەکارهێناوە، یان یارمەتی دەستکەوتنی ئەو جۆرە چەکانە دەدەن، یان ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکەن.

یەکێکی دیکە لە راسپاردەکان لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی زانستی ورد، وەک سەرژمێری وردی قوربانیان بریندارەکان و دانانی لیژنەیەکی پسپۆڕ، بۆ وەرگرتنی سەرژمێری تەواوی شەهیدان و بەدواداچونی شوێن بزرەکان و دیاریردنی گۆڕە بە ک ۆمەڵەکان و هەڵدانەوەی ئەو ژێرزەمینانەی بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، بەشێوەیەکی زانستی وگەڕان بەدوای ئەو بۆمبانەی لەکاتی بۆمبارانە کەدا نەتەقیون و تا ئێستا مەترسین بۆسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ناوچەکە ئایا لەڕوی تەندروستیەوە کاریگەری ماوە لەسەر ناوچەکە، یان نا، چونکە گەر کاریگەری مابێت دەبێت ڕێنمای تەندروستی دەربکرێت بۆ خۆپاراستنی هاونیشتمانیان وفریاکەوتنی ئەو بەرکەوتوانەی کەتا ئێستا ماون و ناوبەناو لێیان شەهید دەبێت.

لە کۆتایی راسپاردەکاندا داوای ئاشکراکردنی ناوی ئەو تاوانبارانەی کە بونەتە هۆکاری ئەو کارەساتە و دادگای کردنی سەرجەم ئەنجام دەرانی و کارکردن بۆ بەزیندوهێشتنەوەی ئەو مەرگە ساتە لەمێژودا، بەدروست کردنی چەندین مۆزەخانەی پیشکەوتو زانستی لەشاری هەڵەبجە.

---

**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**
**نامرێ ناو و نیشانتان**
**ئێوە بوونە رەهبەرێ مە**
**بوونە پشت و سەنگەرێ مە**
**بۆ ژیان و بۆ سەرێ مە**
**تاجی بەرزیتان لەسەرنا**
**دوژمنی گەلتان وە دەر نا**
**تا شەهید خوێنی نەڕێژێ**
**تاکو گەل تاڵی نەچێژێ**
**داری ئازادی شین نابێ**
**باخی ژینمان ڕەنگین نابێ**
**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**

**مامۆستا محەمەد تۆفیق(ووردی)**



# دادگای فیدراڵی، چۆن بۆ کورد باشە؟

**هاورێ تۆفیق**

لە مێژووی دەوڵەتی عێراقا هەر لە یەکەم دەستوری سەردەمی پاشایەتی لە(١٩٢٥)وە بە گوێرەی ماددەی (٨١ )قانونی بنەڕەتی ئەو سەردەمە دادگای دەستوری هەبوە، ئەو وەختە پێی وتراوە (دادگای باڵا ) لە نۆ ئەندام پێکهاتوە، چوار لە ئەندامانی لە دادگای تەمیزەوە هێنراون و چوارەکەی تری لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان هەڵبژێردراون و سەرۆکەکەی خودی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیان بوە. لەو سەردەمەیا، بە پەرلەمانی عێراقیی وتراوە ئەنجومەتی میللەتی عێراق (مجلس الامە) کە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتوە ، یەکەمیان ئەنجومەنی نوێنەران بوەو ژمارەیان ٨٨ ئەندام بوە، لەلایەن میللەتەوە بەدەنگدان هەڵبژێردراون، دووەمیان پێی وتراوە ئەنجومەنی ئەعیان کە لەلایەن مەلیکەوە بەبێ هەڵبژاردنی گەل ، ڕاستەوخۆ مەلیکی وڵات خۆی دایناون و لە کەسانی ناوداری ڕۆشنبیر و ئا ینیی و سەرۆکی خێڵەکان پێکهاتوە. یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕەشید عالی گەیلانی بوەو ئەنجومەنی ئەعیانیش یوسف سویدی سەرۆکی بوە.

بەپێی ئەو ڕاستیە مێژووییانەی باسمانکرد ئاشکرایە کە یەکەم دادگای باڵا لە مێژووی عێراقا کە دروستکراوە بەتەنها لە دادوەران پێکنەهاتوە، بەڵکو تێکەڵاو بوە لە دادوەران و ئەندامانی ئەنجومونی ئەعیان و هەریەکەیان پیشەی جیاواز لە دادوەرییان هەبوە . دواتر بەپێی دەستوری کاتی ١٩٦٨ ی بەعسییەکان قانونی ژمارە ١٥٩ لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ دادگای دەستوری دەرکردوەو پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ هەمواریان کردۆتەوە، بەگوێرەی ئەو قانونە دادگای دەستوری بەهەمان شێوەی سەردەمەی پاشایەتی و دادگای فیدراڵی ئێستا لەرووی ژمارەوە هەر لە (٩)نۆ ئەندام پێکهاتون، ئەندامانی تێکەڵاو بوە لە دادوەر و ژمارەیەک فەرمانبەری باڵای دەوڵەت ، بەمشێوەیە؛

١.سەرۆکی دادگای تەمیز، سەرۆک.

٢ . سەرۆکی چاودێری دارایی، ئەندام.

٣. سەرۆکی تەدوینی قانونی، ئەندام.

٤. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.

٥. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.

٦. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.

٧. ڕاگیری کۆلێژی ماف، ئەندام.

٨. سەرۆکی فەرمانگەی پشکنینی وەزارەتی ناوخۆ ، ئەندام.

٩.بەڕێوەبەری گشتی بودجەی گشتی ئەندام.

پاشان لە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە٢٠٠٣ ، بە پشتبەستن بە قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ، قانونی دادگای فیدراڵی ژمارە٣٠ ساڵی٢٠٠٥یان دەرکرد، بەپێی ئەو قانونە دادگاکە هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوتر ژمارەی ئەندامانی هەر بە ٩ نۆ ئەندام مایەوە. بەڵام جیاواز لە مێژووی دادگای فیدراڵی هەر ٩ نۆ ئەندامەکەی جگە لە دادوەران کەسی تری تیانەبوو .

> **"ئەم قانونە کۆڵەکەو پایەکی گرنگی باڵەخانەی سیستەمی دەستوریی و سیاسی وڵاتە، پەیوەندی بە هەموو خەڵکەوە هەیە، ئەبوایە پەرلەمان کراوەتر لەسەر ئەم قانونە گفتوگۆی بکردایە"**

لە ئێستایا پەرلەمانی عێراق سەرقاڵی پەسەندکردنی قانونی تازەی دادگای فیدراڵییە لەبەر ڕۆشنایی دەستوری پەسەندکراوی عێراق بۆ ئەوەی قانونەکە دەربکا . وەکو زانراوە ژمارەیەک ماددەی قانونەکە دەنگی لەسەر دراوە ، لەگەڵیشیدا ژمارەیەکی تر لە ماددەی قانونەکە، کە بە جەوهەرو دڵی دادگاکە دائەنرێ، هەتاوەکو ئێستا پەسەندنەکراون و گفتوگۆکانیش بەردەوامن.

بەرلەهەموو شتێک هەقی وابوو سەرۆکا یەتی پەرلەمان و هەموو ئەندامان مەسەلەی دادگای فیدراڵیان لەناو هۆڵی پەرلەمانا قەتیس نەکردایە، ، دەیان کۆرو سیمیناری لەدەرەوەی پەرلەمان لەسەر بکرایە، زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆژنامەوانان و دادوەران قسەیانبکرایە .

بەشێوەیەکی گشتی چۆن دادگاکە دروست بکرێ ؟ بە چ شێوەیەک ئەم دادگایە بۆ کورد باش ئەبێ؟ ئەمە خودی پرسیارە جەوهەرییەکەیە، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەم راو و پێشنیارانە ئەخەینەڕوو؛

یەکەم؛ پێکهاتەی دادگاکە هەر وەکو ئێستا لەدادوەران بێ باشترە، بەڵام بەو پێیەی لە ماددەی ٩٢ بڕگەی دووەم لە دەستوری عێراقا

هاتوە (کە دادگای فیدراڵی پێک دێ لە ژمارەیەک لە دادوەران و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و فوقەهای قانون .بە قانون کاری دادگاکەو ژمارەیان دیاری ئەکرێ، شێوازی هەڵبژاردنیان رێکدەخرێ) لەم بارەیا، مەسەلەی ژمارەو پێکهاتەکەی بۆ کورد زۆر گرنگ نابێ.

باشتریش وایە کورد لەسەر ئەو پێشنیارە جێگیر بێ کە شارەزایانی ئیسلامی و یاسا ناسان لە دادگاکەدا ببن بە ئەندام بەڵام بە سیفەتی راوێژکاریی و لەمەسە غەیرە ئیسلامییەکان بۆیان نەبێ دەنگ بدەن،بەڵکو تەنها مەشورەت پێشکەش بکەن .

دووەم: ئەگەر ئەو رایەی، ئەڵێ (با ژمارەی ئەندامانی دادگاکە ۱۳ سیانزە کەس بێ)سەرکەوتوو بوو . ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەر خۆی ژمارە۱۳ ژمارەیەکی شومە! بەڵام ئەمەیان باسێکی ترە، لەم بارەیا ئەکرێ ، کورد پێشنیاری بونی ژنان لە ئەندامێتی دادگاکە بکا ، هەم وەکو پابەندییەکی دەستوریی و لەگەڵیشیدا جۆرە هاوسەنگییەک بۆ ژیانی مەدەنی ناو دادگاکە ئەگێرێتەوە، وا پێویست ئەکا، دوو ژن بکرێن بە ئەندام. بەرگێکی شارستانی بە باڵای دادگاکەیا ئەکاو لە هەمان کات زۆر گرنگیشە بۆ چەسپاندنی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان .


سێیەم:شێوازی دەنگدانی ئەندامانی دادگاکە بۆ بریاردەرکردن، لە هەموو بابەتێکی تری دادگاکە گرنگترە، هەر ئەو برگەیەشە بۆتە گرێکوێرەی دەرنەکردنی قانونەکە . بۆ کورد واباشە شێوازی دەنگدان بۆ بریار دەرکردن، بکرێ بە سێ جۆرەوە؛

١ :ئەو بابەتانەی کارگێرین و تانەی دادگا کارگێرییەکانن هاوشێوەی ئێستا ،بە زۆرینە دەنگ بریار بدرێ.

٢ :ئەو بابەتانەی تایبەتن بە کێشەی هەرێمەکان و تەفسیری دەستوریی و ماددەی١٤٠ بە تێکرای دەنگ بێ (الاجماع ) بریار بدرێ،ئەگەر ئەمەش نەسەلمێنرا ،پەیرەوی دوو لەسەر سێ بکرێ.

٣ :ئەو بابەتانەی تایبەتن بە کێشەکانی دابەشکردنی داهات و نەوت و گاز پێویستە بە تێکرای دەنگ بێ (الاجماع ) برپار بدرێ،ئەگەر ئەمەش نەسەلمێنرا، پەیرەوی دوو لەسەر سێ بکرێ.

**شێوازی دەنگدانی ئەندامانی دادگاکە بۆ بریاردەرکردن، لە هەموو بابەتێکی تری دادگاکە گرنگترە، هەر ئەوەش گرێکوێرەی دەرنەکردنی قانونەکە بوو**



# لەیاخسەمەرەوە بۆ تاران

یادگار حەکیم ٢٣-١-٢٠١٣










**پێشمەرگەکانی سکرتاریەتی مام جەلال / هێزی دژەفرۆکە ـ ١٩٨٧**

ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ ڕژێمی بەعسی فاشی دەستی کرد بە شەری قرکردنی کوردو ناوی لێ نا ( ألأنفال ) کەناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزە!. بە ئاگرو ئاسن وکیمیاباران . بەربووە گیانی کوردانی شاروشارۆچکەوگوندەکانی کوردستان . نزیکەی ٤٥٠٠ گوندی خاپوور کردو١٨٢ هەزار خەڵکی کوردی لە گەنج ومناڵ وئافرەت وپیرو پەککەوتەی ئەنفال کرد وزیاد لە ١٥ هەزار خەڵکی بێتاوانی کوردستانی بە چەکی کیمیایی قەتلوعام کرد . کە جەرگبڕینتریان شاری هەڵەبجەبوو کەزیاترلە ١٠ هەزار کەس بونە قوربانی وئێستاش بۆتە سونبولی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

کاتێک جەنگی بەرەیی دەستی پێکرد من لەگەڵ هاوسەنگەرەکانم لە سکرتارییەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووین لە یاخسەمەر. گوندێکی جوان وسەر سەوز بوو . سکرتاریەتیش نزیکی کانی موراد بوو. ماڵی بەرێز مام جەلالمان کرد بە مەقەری

خۆمان . بوین بە ٢ دەستە دەستەیەکیان دیمترۆف و چەکو تەقمەنیان گواستەوە بۆ شاناخسێ وپێش ئەوە ڕۆیشتن . ئێمەش ماینەوە بۆ بەرگری لەو ئابلوقەسەربازییەی ڕژێمی سەددام . کە ووردە وردە ناوچەکەمانی بەرتەسک دەکردەوە . ئەوهاوسەنگەرانەی کەپێکەوە ماینەوە : بەندە، ئا واتی عومەری کاکی، شێخ مەحەمەد ، هیوا، هاشم کۆیی بەرپرسی کەرتەکەمان بوو ، نەبەز وا بزانم خەلکی گەرمیان بوو، چەند هاوخەباتێکی تر کە بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە . دەبابەی دوژمن لەمێرگەپان وشەدەڵە بوو سەر شاخی نسێی بەرامبەرشاخی پیرەمەگرون . ڕۆژانێکی بەفرو رەهێڵەبوو . دۆشکەمان بردە سەر شاخ و کیسەخەومان لەگەل خۆمان برد، چادرە رزێوێکیشمان پێبو هەڵماندا تا لە ژێریاپشوو بدەین . بەڵام دەبوایە لەبەربەفرو رەهێڵەوزریان ئێ مە ئەومان بگرتایە تا نەپچڕێ ونەکەوێ بەسەرمانا!! ناوبەناو بەنۆرە یەکێک یان دوان دائەبەزینە ماڵی مام جەلال ئەو خواردنانەی کە لێی مابوو، دەمانبردە سەرشاخ ودەمان خوارد. کە خۆشترینیان لای من پەنیری کوردی بوو! چەند شەوو رۆژێک لەوێ ماینەوەو بەرگریمان کرد . پاشان بڕیاری کشانەوەمان بۆ هات . ئەوە بوو دۆشکەمان پێچایەوەو هاتینە خوارەوە و هیچمان نەهێشت کە دەستی دوژمن بکەوێت . هەموویمان سوتان وخۆمان گەیاندەوە بەبەشێکی هێزی پێشمەرگە لە گوندی چالاوە . پێم وابێت ئەو هێزە کاک ملازم عومەر سەرکردایەتی دەکرد. لەرێگەماندا بە سەر شاخی پشت گوندی چالاوە سەرکەوتین‌هەریەکەمان جگە لە چەک وتاقم وکۆڵەپشتی خۆمان. دۆشکەکەو هەندێک شتومەکی سکرتاریەتمان پێ بو کە دابەشکرابوو بەسەر پێشمەرگەکاندا من خۆم شەش مەخزەن وکلاشنکۆف وکۆڵە پشتیەکەم ودەمانچە کەم بەخۆمەوە بەستبوو، سەنوقێک فیشەکی دۆشکەشم بەدەستەوەبوو . لەگەڵ ئەمەشدا هێسترێکمان بارکردبوو بە نۆرە ڕامان دەکێشاو بەشاخەکەدا سەرمان دەخست. کاتێ نۆرەی من هات هێسترەکە نەدەرۆیشت وشارەزاییەکی ئەوتۆشم نەبوو کە لەکاتی وادا چۆن دەبێت لەگەڵ هێستردا رێ بکەیت؟!!. منیش زۆر سەخڵەت بوم، پێشم جوان نەبوو بڵێم من لە ڕێکردنی هێستر شارەزانیم و هەقم نیە بەسەرەوە!! چونکە هەموو هاوخەباتە ئازیزەکانم لەگەڵ پیرەهێسترا



بەنۆرەی خۆیان رێیان کردبوو! ناو بەناو فڕۆکە جەنگییەکانی دوژمنیش بەسەرمانەوە دەسوڕانەوە.ڕێگا هەمووی بەفر بوو تولەرێکانی کە پێدا دەرۆیشتین بەستبووی. لە ڕێگا هەندێک هێستری تر رەق ببونەوە لەناو بەفردا چەقی بوون. ئەم هێستەرەی ئێمەش کە بارمان کردبوو ماندوو ، برسی بوو نەدەرۆیشت. سەوزایی نەبوو. کە نەقیزەشت لێ ئەدا بەلەسە دەبوو هههە. هەندێک جاریش لەناو بەفردا ئەچەقی و رامدەکێشا تا دەرم دەهێنا. لەتە نانێکم لە باخەڵدا هەڵگرتبوو. نەمدەزانی خۆم بیخۆم ؟کە برسی بوم یان بیدەم بە هێسترەکە تا باش رێ بکات؟. باری هێسترەکەش هەندێک شتی سکرتارییەتی بەسەرەوە بوو. ئەشترسام ئەو لەتە نانەی بدەمێ ودیسان هەر ڕێ نەکات وبەجێی بێلم وپلشانیش شەرمەزاربم چونکە پێم وابێت بەڵگەنامەو شریتی ڤیدیۆو ڤیدیۆش بەسەر پشتی هێسترەکەوە بوو!!. بەهەرحاڵ نیوەی لەتە نانەکەم راگرت لەبەر دەمیدا وەک سەگی هار پەلاماری داو خواردی!! چاوی لەلەتەکەی منیش بوو کە بەدەستمەوە مابوو دەمویست بیخۆم . لەتەکەی تریشم داپێی ئینجا کەمێک کەوتە جوڵە وکە رامکێشاو قەڵەمبازێکی دا هەردوو دەستی دا بە پاژنەی پێمداو برینداری کرد بەڵام چونکە بەڵگەوشتو مەکی پێشمەرگایەتی بەسەرەوەبوو خۆم راگرت و تورەبونەکەی خۆم خواردەوە. دەبوایە گرنگی پێ بدەم ، لەناخیشەوە دڵی خۆم دەدایەوەو بەخۆم دەوت منی شڕیی لەژیانما لەگەڵ هێسترا ڕێم نەکردوە بەس نیە تا ئێرەم هێناوە؟!!. بەڵام لە دڵەوەخۆزگەم بەوە دەخواست کە یەک مانگ لەوسەرماو رەهێڵەی سەر شاخی نسێ بمامایەتەوە. نەک توشی ئەم هێسترە ماندوە برسیەو گرنگەش بومایە؟! هەرچۆنێک بوو خل بوینەوە بەودیوا رێگەکە ئاسانتر بوو. زۆر ماندوو بووم. ئینجا هاوارم کرد بۆ هاوسەنگەرەکانی کە لە پێشخۆمەوە دەرۆیشتن. کە بێن یارمەتیم بدەن . کاک خەباتی ئەحمەدی دادی بەهاناموە هات وگەر هەڵە نەبم ئاواتی عومەری کاکی هات یان یەکێکی تربوو هێسترەکەی لێوەرگرتم. وابزانم پاشان بەرەو سیرەمێرگ و لەوێشەوە بە چەمی سەفرەوزەرووندا پەرینەوە گەیشتینە شاناخسێ بۆ لای هاورێ وهاوسەنگەرەکانمان. هەر کەگەیشتینە شاناخسێ ئێوارەی نەورۆزی ١٩٨٨ بوو. چوین پشوو بدەین لەناو چادری سکرتاریەت کە پێشتر هاوسەنگەرەکانمان هەڵیان دابوو دەنگی

فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی سەددام هات و تەماشام کرد باڵۆنی بچوکی سپی هەڵدەدات زانیم کە نیازیان خراپە و کیمیایمان تێدەگرێت چونکە پێشتر لەخزمەتی سەربازیدا ئەو شارەزاییەم هەبوو . هەر کە چومەوە ناو چادرەکە دانیشم لەپڕ زرمەی لێ هەستاندین وچادرەکەمان هەڵتەکاو ئەوناوە بوو بە تەپوتۆز. ئێمە قیناعی کیمیایمان پێ بوو. لە دەموچاوم گرتو رامانکرد بۆ بەرزاییەکان. لەوێ لەناو قوتوی دەرمانەکانی کە تایبەت بوو بە چەکی کیمییای دەرزی ئەترۆپینم لەرانم دا کە دژی عامیلی ئەعساب بوو پاش بۆردومانەکیمیاییەکەی رژێمی بەعس کە کپ بۆوەو ناچار هاتینەوە خوارەوە بۆ شتومەک وکۆڵەپشتیەکانمان . ئەو ناوە هەمووی بۆنی سێوی بۆگەنی لێ دەهات. دەرکەوت کە خەردەلیش بەکار هاتوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی تلۆقی گەورە لە سەر پێست. بە داخەوە لەم بۆردومانەدا زۆربە مان بریندار بووین وە ئەوەی لە یادم بێت . لەوێدا دکتۆر هادی خەڵکی کەرکوک ، مامۆستا حەمە رەئوف. شێخ عەزیز شەهید بوون. ماینەوە تا شەو ئێترهەستم کرد وردە وردە چاوم کز دەبێت ودادەخرێت ئاوی پیا دێتە خوارەوە . هەستم ئەکرد کە هەناوم دێتە ناو قورگمەوەو هیلنجو رشانەوەم دێت وهەناسەم توند بووەو پێستی گیانم دەسوتێتەوە ئێتر وای لێهات قیناعی کیمیاییی کاریگەری نەماو بەتەواوی بریندار بوم هەستیشم ئەکرد چاویشم بەرەو کوێر بوون دەچێت. هەر چۆنێک بێت خۆمان گەیاند بە بنکەیەکی تەندروستی ئێرانی وەک سەنگەرێکی ژێر ئەرز وابوو لەو ناوچەیە. هەندێک تیماری سەرەتایی کراین بۆ بەیانی بە ئازارەوە بەرەو بانەو لەوێشەوەلە هەڤاڵەکانم جیامیانکردەوەو بەرەوە بیمارستانی ئیمام خومەینی بۆ تەبریز رەوانەیان کردم.

لەو بیمارستانە نزیکەی زیاد لە هەفتەیەک لەتاوی ئازارێکی زۆرو تەنگە نەفەسیەکی بێ وێنە. بەمانای خەو خەوم لێنەئەکەوت چاوم کوێر ببوو نەدەکرایەوە. لەژێر ئۆکسجیندا بوم. هەموو رۆژێک بە دەرمانێکی تایبەت دەیانشتم. پێستی لەشم سوتا بوو.. پاشان لە تەورێزەوەبە فرۆکە رەوانەی بیمارستانی تورفەیان کردم لە تاران. لە تەبریز بەشرە تورکمانیەک قسەم دەکرد لەگەڵ پەرستارو دکتۆرەکاندا. بەلام لەتاران نەمدەزانی بەفارسی قسەبکەم زۆر ناخۆش بوو. بردمیانە ژورێک تا رۆژێک کەس نەهات بەلاما زۆر نارەحەت بوم لەبەر خۆمەوە لەتاو ئازار بە کوردی هاوارم ئەکرد و جنێوم ئەدا. سودی نەبوو. ناوبەناویش شوتی ئینزار لێی دەداو موشەکی دورهاوێژی عیراقیش دەیدا بەتاراندا. هەموو گیانم ئەچوزایەوەو چاوم داخرابوو بەردەمی خۆم وەک تارمایی دەبینی. دەستم گرت بەدیوارەوەو لە ژورەکەم بەدەرکەوتم ووردە وردە پێ ئەچوو دالانێکی درێژ بێت رێم تێدا کرد بەپاڵ دیوارەوە دەرگای ژورێکی ترم کردەوە وەک تارمایی خەڵکم تێدا دەبینی هەر لە خۆمەوە ووتم ئەوە کوردن؟ . ئەوەندەم زانی هاشمی فەرماندەی کەرتەکەمان کە پێکەوە بوین لە یاخسەمەروەک ئەوەی لەسەر جێگەکەی بەدەنگ بێت بە دیالێکتی هەولێری ووتی عاجی ئەوە تۆی؟! من لە پێشمەرگایەتی ناوم حاجی یادگار بوو. بەدەنگ کاکە هاشمم ناسیەوە نەک بەچاو! ئیتر کەمێک ئاهی خۆشی بەدڵما



هات . هێنامیە لای خۆیان. لە ژورێک لەگەڵ کاک حەداد کە پێم وابێ لە کەرتی سجن پێشمەرگە بوودایان نام. ئەویش پێستی سوتابوو. شرە فارسیەکی دەزانی. بە ئازارەوە دڵی یەکمان ئەدایەوە. کەئازارم ئەبوو هاوارم ئەکرد پەرستارەکە ئەهات بە فارسی ئەی وت( چی می خای) یانی چیت دەوێت؟ پێش ئەوەی من وەلام بدەمەوە حەدداد ئەی ووت( ئاب هەویج میخاد)! یانی عەسیری گێزەری دەوێت. چونکە خۆی حەزی لە ئاوی گێزەر بوو!!. منیش دەموت مەڵحەمی پێستم بۆ بێنە پێستم دەسوتێتەوە خانم. حەددایش بەفارسی بۆی تەرجومە ئەکردم . ئەمە کورتەیەکی سەفەری خۆراگری وبەرخۆدانی زەمەنی پێشمەرگایەتیمانە. کە یاخسەمەر، دۆڵی جافایاتی ، دۆڵی شێخ مەحەمەد، سیرەمێرگ ، سەفرەوزەرون، شاناخسێ بانە، تەورێز ئینجا تاران وێستگەکانی بوون.

# بۆ بیرخستنەوە

## دەوڵەتی کوردی و هەزار پرسیاری بێ وەڵام؟؟

باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە سودان تیم کارنی لە ٢٣ ی ٣ ی ٢٠١١ ئاشکرای کرد کە هیچ بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی داوای سەربەخۆیی کوردستانیان نەکردووەتا ئەمریکا پشتیوانی لێ بکات وە هۆکاری سەربەخۆیی باشوری سودانیش دەگێرێتەوە بۆ ئیرادەی بەرزی هاوڵاتیان و داوای بەرپرسەکان. تیم کارنی باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە سودان دەڵێت هەندێک تاکی کورد بە دوای فۆرمێک لە دەوڵەتی سەربەخۆوەن بەڵام هیچ دەسەڵاتدارێکی کوردی ئەو داوایەی نەکردووەوە هەر دەوڵەتێک کە کەمینەی کوردی تیا بێت جیابونەوەو سەربەخۆبونیان ناوێت.






گوڵی نێرگز، یەکێکە لەو گوڵانەی کە جوانی و بۆن و پەیامێکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە کوردستان لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و سەوزبونی دەشتودەر ئەم گوڵە دەردەکەوێت.
ئەم گوڵە، جگە لەو شێوەیەی کە زۆر ناسرا و بینراوە نزیکەی (50) جۆری دیکەی هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر ناسراوە پەڕێکی سپییە کە تاجێکی زەردی لەناوەڕادایە و بۆنێکی تایبەتی هەیە.
جگە لەم رەنگانە، گوڵە نێرگز بە پرتەقاڵ و پەمەیش دەڕوێت و زیارت لە لە ناوچە سارد و شاخاوییەکان توانای دەرکەوتن و ژیانی هەیە.
مێژونوسان و روەکناسان، لەبارەی ئەم گوڵەوە باس لەوە دەکەن کە مێژوەکەی بۆ (160) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و مێژویەکی دورودرێژی هەیە.
جگە لە جوانی و بۆنی خۆشی، نێرگز چەندین سودیشی هەیە وەک هێورکردنەوە و بەهێزکردنی مێشک و نەهێشتنی کۆڵنج و رەقبونی ماسولکەکان و دابەزاندنی گەرمی لەش و بەکارهێنانی لە دروستکردنی بۆندا. **لە سبەی وەرگیراوە**

# نەورۆز

ئەم ڕۆژی، ســـــاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی، کۆنی کوردە و بە خۆشــی وبە هاتە وە
چەندساڵ گوڵی هیوایی ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنــــی لاوە کان بوو، گــوڵی ئالی نە وبەهار
ئەو ڕە نگە ســــوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کــورد
مــژدەی بە یانی بۆ گـــــە لی دوور و نزیک ئە برد
نەورۆز بوو، ئاگــرێکی وە های خستــە جەرگەوە
لاوان بە ئە شق، ئە چـــوون بە رەو پیری مــە رگەوە
ئەوا ڕۆژ هـــە ڵات، لە بە ندەنی بە رزی وڵاتـــە وە
خوێنی شــە هیدە ڕە نگی شە فەق شە وق ئە داتەوە
تا ئێســـــتا، ڕووی نــــە داوە لە تاریخی میللە تان
قەڵغـــــنی گوولە سنگی کچان بێ لە هە ڵـمەتا
پێی ناوێ، بۆشــە هیدی وە تەن، شیــوە ن و گرین
نـــامرن ئــەوانـــە وا لـــــە دڵی میللەتا ئەژین
**پیرەمێرد**

## دەشتی نێرگز

**تۆی کانی ڕوونی باخی ئەوینم**
**سەرنجت ئاهێک ئەدا بە ژینم**
**هەر تۆی نیگاری دەشتی نێرگزم**
**کزەی ئێوارەی مەستی پاییزم**

**هۆنراوەی ئەحمەد محەمەد**

## یادنامە YADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژو یی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی یەکان بلاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: " سەرکەوت محەمەد فەتا ح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەما ن، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ٢٤ی نیسانی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.24, April 2021

## بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال

یادنامە



ئەنفاڵ ئەو کارەساتە گەورەیە بو کە ناکرێ وەک دۆسیەی نەتەوەک تەنها وەک چەمکی قوربانی ببینرێت یان لە ئاستی عێراق و وڵاتانی ناوچە ، بەڵکو دۆسیەی ئەنفاڵ وەک جینوسایدکردنی (کە دەتوانین بڵێن تەنها مرۆیی نەبوە بەڵکو ژینگەیی و ئابوریش بوە) دەبێت وەک جینۆسایدکردنی مرۆیی و ژینگەیی ببرێتە ئاستی جیهان و تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی ، لەم ڕووەوە بە پێ ی پیودانگە جیهانیەکان بۆ تاوان دەبێت بچێتە سەر مێزی نەتەوە یەکگرتوەکان و بە فەرمی بە تاوانی دەرهەق بە مرۆڤایەتی بناسرێت .

بۆ ئەم بەجینۆساید ناساندنەی دۆسیەی ئەنفال دەبێت لایەنی بەرپرس و حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی پسپۆر ڕابسپێرێ تا بتوانێت ئەم دۆسیەیە لە بازنەی یادکردنەوە و قوربانیدانەوە گەورەتر بکات بۆ بە جیهانی کردنی جینۆسایدی نەتەوەیەکی بی بەرگری و تاوانەکان ، لەم چوارچێوەیەدا بازنەکەی گەورەتر بکرێت و لە لۆکاڵی دەربچێ و بچێتە ناو دۆسیە و ڕەفەی دۆسیەکانی تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی.




ئەمڕۆ ١٢٣ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان، کە یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخان و جەلادەت بەدرخان لە قاهیرەی میسر چاپ کرا.

دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وەک خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دادەنرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢، ٣١ ژمارەی لە چەند شوێنێکی جیاواز لێ دەرکرا، هاوکات پەرلەمانی کوردستانیش لە دوایین کۆبوونەوەیدا بەرەسمی ٢٢ی نیسانی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ناساند.

ئەنجوم یامولکی.. ل ٤

مفاوەزاتی بەری کوردستانی ـ بەعس ١٩٩١.. ل ٧

چەند سەرنجێك سەبارەت بە نەخشەی کوردستان .. ل ١٠

قازی محەمەد لە یادەوەری
سەرکەوتن و شکستی ئێمەدا.. ل ١٨

بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
(محەمەد ساڵح ڕۆستەم زادە).. ل ٢٢

# ئەحمەد ئاڵتان، نووسەری گەورەی تورک لە ٢٠٢١/٤/١٥ ئازادکرا

## نامە کاریگەرەکەیت بینیوە لەزیندانەوە نوسیبووی؟



برا و خۆشکەکانم. کوردەکان. من تورکێکم.

من لەسەر دین، کلتور و دابونەریتی ئەم وڵاتە گەورە بووم.

لە ئامێزی ئەم خاکەدا لە دایک بووم، لە خاکی ئەنادوڵ و میزۆپۆتامیادا گەورە بووم.

بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، بەرهەمەکانی جیهان، وەک بەرهەمی فەرەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزیم بۆ سەر زمانەکەم وەرگەڕاند.

من نووسەرێکم کە بەرهەمەکانم لە لایەن ڕۆشنبیر، کەسایەتی، مافپەروەر، سیاسەتمەدار و نووسەرەکان و گرووپە جیاوازەکانەوە دەخوێندرێتەوە.

ئەردۆگان منی دەستگیر کردووە. منی زیندانی کردووە.

سزای هەتا هەتایی بەسەر مندا سەپاندووە. بە خەیاڵمدا نایەت.

تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ نەترساوم.

گەر بزانم دەشمرم، لە ئەردۆگان ناترسم.

ئەردۆگان... دیکتاتۆرێک خاوەنی چی بێت، ئەویش خاوەنی هەمان شتە. خاوەنی مێشکێکی هەژارە.

ئەو بە پارە و ترساندنەوە، هەموو لێبووکەکانی دەوروبەری کڕیوە.

بە ئەردۆگان ناوێرم بەڵام.. ئەردۆگان ناتوانێت بۆچوون و هزری من بکڕێت.

لە تورکیادا دوو پیاو و ژنێک هەن، کە مێشکیان بە پارە ناکڕدرێت.

یەکەمیان، سەلاحەدین دەمیرتاش دووەم، من، سێیەمیش، فیگەن یوکسەکداغە.

بەزەییم بە ئەردۆگاندا دێتەوە. خاوەن مێشکێکی هەژار و دیکتاتۆرێکی سەرکوتکەرە. وادەزانێت گەر من لە ژوورەوە بەند بکات. دەمترسێنێت!

وادەزانێت دەتوانێت بێدەنگم بکات. مێژووی جیهان یادی کەسانی وەک ویلیام شکسپیر بە بەرهەمەکانیانەوە دەکاتەوە.

ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت، لە سەردەمی ویلیام شکسپیر کێ پاشا بوو؟، ڕەنگە کەس بیری نەمابێت.

ڕۆژێک دێت کەس نازانێت ئەردۆگان کێ بووە و کەس نایناسێت.

مرۆڤەکان چۆن یادی شکسپیرەکان دەکەنەوە، ئاوا یادی منیش دەکەنەوە. بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر، لە کادی کۆی، چووم بۆ دوکانێکی بەرگ دوورین.

دانیشتم، ویستم ژمارەیەک پانتۆڵ بەدوورین بدەم.

بەرگ درووکە درێژی منی دەپێوا.

لەو کاتەدا سێ گەنج هاتنە ژوورەوە.

دانەیەکیان خەڵکی ڕیزە، دانەیەک خەڵکی ئامەد و دانەیەکیان خەڵکی دەرسیم بوو.

تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ شازدەساڵ دەبوو. لە سێ شاری جیاوازدا، لە دایک ببوون. لە هەمان یانەی وەرزشیدا یارییان دەکرد.

بەرگ درووکە بەدەم وەرگرتنی درێژی من، بەسەر پێوە، قسەی لەگەڵ گەنجەکاندا دەکرد. کاتێک ئیشی بە من تەواو بوو، بە گەنجەکانی گوت، فەرموون چیتان دەوێت.

گەنجەکان داوای جلێکی وەک ئینتەر میلانی ئیتاڵییان کرد، بۆ خولی تۆپی پێ. داوای ڕەنگی زەرد و سوور و سەوزیان کرد.

بەرگ درووکە بەسەریاندا هاواری کرد وتی، بۆ ئێوە تیرۆریستن.

وتی، زوو ون بن، ئەگینا پۆلیس بانگ دەکەم.

منداڵەکان چوون و بەرگ درووکە جوێنی بە دایکیان دا.

من شەرمم کرد. نەمدەزانی سەیری کوێ بکەم.

کەچی ئەو شەرمی نەکرد، سەیری منی کرد و وتی، ئەحمەد بەگ تۆخوا هەقم نییە؟ وتم هەقی چی؟ باسی چی دەکەی؟

وتی ڕەنگی سەوز و سوور و زەرد، لە وڵاتەکەمان قەدەغەیە.
وتم بۆچی؟ وتی ئەمانە ڕەنگی کوردن.
ئەو ڕەنگانە نیشانەی جوداخوازین. پرتە و بۆڵەم لەگەڵی نەکرد.
بە جوانی وتم: جارێکی دی نایەمەوە بۆ لات.
چوومە دەرەوە و جارێکی دی نەچوومەوە بۆ ئەوێ.
بەڵام ڕەفتاری ئەو بەرگ درووەم لەگەڵ ئەو گەنجانە لەبیرنەچووە.
من تورکم، بەڵام ئەو ڕۆژە تورک بوون، بوو بە شەرمێک بۆ من.
کوردەکان لە ترسی ئەوەی، وەک تیرۆریست نەبیندرێن.
لە ترسی ئەوەی وەک خائـین لەقەڵەم نەدرێن
دەڵێن، من خەڵکی وانم. من خەڵکی سیڤەرەک، خەڵکی بینگۆلم، خەڵکی قارسم. من لە دوورەوە هاتووم، خەڵکی هەکاریم، من خەڵکی مێردینم. دەڵێن من خەڵکی ئـورفام.
ناوێرن بڵێن من کوردم. دەڵێن من دیاربەکریم.
باسی کورد بوونی خۆیان ناکەن. لەگەڵ ئەوەش کە کوردن.
بەڵام لە تورکیا برای کوردم هەن. من خاوەنی دۆستی گیان بە گیانی کوردم. برای کوردی موسوڵمانم هەیە.
لەم وڵاتەدا دۆستی کوردی شۆڕشگێڕ و چەپم هەیە. ئـێمە برای کوردمان هەیە، کە لە هەمان مزگەوتدا بەیەکەوە نوێژ دەکەین.
لە هەمان شوێندا خۆپیشاندان دەکەین. لەیەک شوێندا کار دەکەین.
بەیەکەوە ئارەق دەخۆینەوە. بەیەکەوە زەماوەند دەکەین و هەڵدەپەڕین. بەیەکەوە چا دەخۆینەوە و باسی ئەملا و ئەولا دەکەین.
ئایا دەزانین هەشتا لە سەدی کورد، لایەنگری هەدەپەن؟
ئەوانەی کە ئـێوە هەموو کاتێک بە بێ شەرمی دەڵێن کوردە پەکەکەیی و تیرۆرسیتەکان، لە کاتێکدا کە تیرۆریست نین، بەڵام چەکیان هەڵگرتووە. ئـێوە وەک تورکێک دژیان دەوەستنەوە.
هەر لەبەرئەوەی، تەنیا کوردن، کردەوەی نەژادپەرستی لە دژیان دەکەن. ئەوان کوردی هەدەپەیین. ئەوان برای ئـێمەن.
ئەوان ئەو برایەی ئـێمەن، کە بە کلتوری خۆیان ئەم وڵاتە دەوڵەمەند دەکەن.
بە گۆرانیەکانیان دڵخۆشمان دەکەن.
بە خواردنەکانیان تێرمان دەکەن.
بە زمانەکەیان لە زەماوەندەکانماندا گۆرانی دەڵێن.
لە شەوە خۆشەکاندا دڵخۆشی دەهێننە ماڵەکانمان.
ئەوان برای بەم شێوەیەی ئـێمەن. من وەک تورکێک.

بەهۆی ئەو زوڵمەی کە لە کوردەکانی دەکەین، شەرم لەخۆم دەکەمەوە، کە تورکم. لە دەرسیم لە سەرەتای دروستکردنی کۆماری تورکیا، ئەوان ڕەت دەکرێنەوە. هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردەکانمان دا.
گاڵتەمان بە دابونەریتیان کرد. گاڵتەمان بە شێوەی ئەوان کرد.
لە زینداری دیاربەکر، ئەوانمان ئەشکەنجەدا.
گوندەکانی ئەوانمان بوردومان کرد.
موسا عەنتەرەکانیان، وەدات ئایدنەکانیان و موراد بولدانەکانیانتان کوشت. یەلماز گونای و ئەحمەد کایاتان لە وڵات وەدەرنا.
حەفتا و پێنج ساڵ ناوی کوردیتان، لە منداڵی کورد قەدەغە کرد.
گوێگرتن لە موزیکی کوردیتان تا ساڵی دوو هەزار قەدەغە کرد.
بە دەیان کەس، کە قاتیلەکانیان دەوڵەتە، وەک ئەوەی قاتیل نادیار بن، کوژران.
لە ڕوبۆسکی بە فڕۆکەی F16 ، سی و پێنج کوردتان کوشت.
نوێنەری خەڵکتان دەستگیرکرد.
لە بری وان، قەیومتان لە شارەوانیەکانیان دامەزراند.
دەمیرتاش و یوکسەکداغی سەرۆکی سیاسیتان زیندانی کرد.
ئەو کوردانە برای ئـێمەن. مێژوو بەرامبەر ئەو کردەوانەی، کە لە بەرامبەر کورد ئەنجامتان دا، شەرم دەکاتەوە.
بەڵام ئـێمە بەرامبەر کردەوەکانمان شەرممان نەکرد.
ئـێمە چیمان لەم کوردانە دەوێت؟ ئەوان برای ئـێمەن.
لەگەڵ ڕێزمدا
نووسینەکەم لە ناو زینداندا ئەحمەد ئاڵتان

**لە ئـینگلیزیەوە سوهاد عەبدوڵڵا**



# "ئەنجوم یامولکی"

## ئەو ژنەی بۆ یەکەمین جار لە تورکیا کۆمەڵەی ژنانی کوردی دامەزراند خەڵکی سلێمانی بوو..



**ئامادەکردنی: داناز عەبدولڕەحمان**

لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژنان لە پرسی نەتەوەیی و کۆمەلایەتیدا ڕۆڵی گرنگ و سەنگیان بینیوە و لە ناو کەسانی گرنگ لە مێژوودا جێگەیان گرتووە.

یەکێک لەو ژنە کوردانەی کە مێژو ناتوانێت لەیادی بکات خاتوو ئەنجوم یامولکییە کە چالاکوانی مافەکانی ژنانە و لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بە شێوازێکی مۆدێرن لە ساڵی1919 لە ئیستەنبوول بە سەرۆکایەتی ئەنجوم یامولکی "کۆمەڵەی ژنانی کورد"ی دامەزراندوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەدا کردوە.نوسەرە تورکەکان دەڵێن یامولکی هێمایە لە مێژووی کورد.بۆیە یامولکی یەکەم کەسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە باسی ماف و ئازادییەکانی ژنان بکات . ئەو کۆمەڵگای ژنانی کوردی دامەزراند ڕۆڵی ئەنجوم یامولکی لە مێژووی کورددا گرنگە.

خاتوو ئەنجوم "ئەسما خان"

یامولکی ساڵی 1895 لە شاری سلێمانی لەگەڕەکی سابونکەران لەدایکبووە، کچی مستەفا یامولکی پاشا بووە، پاشای باوکی زۆر هاوکار و ئاریکاری بووە بۆیە هەمیشە پاڵپشتی بوو بۆ داواکردنی مافی ژنانی نەتەوەیی گەلی کورد..

خاتوو ئەنجوم کچە ناوەنجی (مستەفا یامولکی)یە و باوکی هەمیشە دەبێتە پاڵپشت و یاریدەدەری لە زۆربەی کار و چالاکییەکانیدا کۆمەک و یارمەتیدەری دەبێت..

لە ساڵی ١٩١٩ز کاتێک (کۆمەڵەی ژنانی کورد)لە ئەستەنبوڵ دادەمەزرێت.

ئەنجوم یامولکی دەبێت بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و کاریگەرییەکی تەواوی لەبرەودانی کۆمەڵە و دەستەبەرکردنی مافی ژناندا هەبووە لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵەکە بەرەوپێش دەچێت.

شتێک لەم ژنەدا زۆر سەرەنجڕاکێش بووە لەگەڵ ئەوەی زمانزانێکی باش بووە لەکاتی وتاردان و قسەکردندا زۆر ئازایەنە لێدوانی داوە بۆیە وتاربێژێکی کەم وێنە و ئافرەتێکی بەویقار و زرنگ بوو بۆیە بوو بە ناوێکی دیار و ناسراو،خەڵکی لەبەر هۆشیاری و زیرەکی و ئازایەتی خۆشیان دەویست..

ئەنجوم یامولکی یەکێک لەو ژنانە بوو کە لە مەیدانی سولتان حەمید قسەی کرد و ڕایگەیاند

"پێویستە ژنانی کورد بۆ زیهنیەتی مۆدێرن کار بکەن و هەموو ژنان بە بێ جیاوازی رەگەز، زمان و ئایین خاوەنداری لەو تێکۆشانە بکەن "

ئەو هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری دا هەتا ئافرەتان بتوانن بخوێنن و ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان بەرز تر بکەنەوە لە پێناو هۆشیارکردنەوەی کچ و ژنانی کوردا مۆمی ڕۆشنایی داگیرساند هەتا ژنانی کوردیش وەک سەرجەم وڵاتانی دونیا لە ماراسیۆنی پێشکەوتن و کرانەوەدا بن..

لە دوای دروستبوونی کۆماری تورکیا،کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیا، پەراگەندە و ئاوارەی ئەوروپا ئەبێت، لە تاراوگە لە وڵاتی فەرەنسا دەژیت و دواجار لە غوربەتا و لە ساڵی١٩٧٠ز لە پاریس گیان دەسپێرێ و لە بەغداد بەخاک دەسپێردرێ.

تێبینی /ئەنجوم کچی سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد مستەفا پاشا یامولکییە کە وەزیری مەعاریف (پەروەردە) لە حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید

لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٨٦٦ لە سلێمانی لەدایک بووە.

کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە دوای مانگی ئەیلوولی ١٩٢٢دا گەڕایەوە سلێمانی و بووە پاشای کوردستان، لە ١٠-١٠-١٩٢٢دا کابینەی دووەمی فەرمانڕەواکەی دامەزراند، مستەفا پاشای کردە وەزیری مەعاریف و ئەویش خزمەتێکی زۆری خوێندەواریی کرد لە کوردستان و گەلێک قوتابخانەی تازەی کردەوە. ڕۆژنامەکەیشی کردە زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و ناونرا ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٦ دا کۆچی دوایی کرد.

# ئەگەری گۆڕانکاری خێراو ڕێککەوتنی ئێرانو چین بەرەو کوێ؟



**سەرکەوتی جیهازو بەختیار شارەزوری**

ڕێککەوتنی نێوان چین و ئەمریکا دوای پێنج ساڵ گفتوگۆ کردن لە ٢٥ /٢٠٢١/٣ مانگدا زۆر گۆڕانکاری گەورە دروستدەکات، بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر جیهانو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێدەهێڵێ، ئەم ڕێککەوتنە درێژکراوەی هەمان پلانی چینە بۆ تەواوکردنی ڕێگەی ئاوریشمی بەسیاسەتێکی نەرمی ئابوری، کە هێواش هێواش هەژمونی ئەمریکا دەخاتە مەترسیەوەو تا ئەو ئاستەی وردە وردە بلۆک بەندی لەسەرەتایدا دروستبوە، بۆ ئەم مەبەستە ئیدارەی نوێی بایدن دەیەوێ هاوپەیمانەکانی چینو ڕوسیا کەمبکاتەوە بەهەمان قەیدی مێژویی ناتۆ کە بەرامبەر وارشۆ کردی، بەڵام ئەمجارە لەزۆر وڵات ئەمریکیەکان لەقەیدکردنی چین لەڕێگەی هاوپەیمانەکانیەوە فەشەل دێنێت، هەردوو کوریا بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام دەبینین کۆریای باکور دوای سەردانی ترەمپ ڕێککەوتنەکانیان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، لەلایەکی ترەوە میانمار کە چین کار لەسەر پشتوانی کودەتای سەربازی دەکات دیسانەوە ئەمریکیەکان فەشەلیان هێنا لەپشتیوانی (سان)، لەهەموشیان گرنگ تر ئێرانە کە ئەگەر ئێران لەچین دابڕن ئەوا سەرەکی ترین ڕێگەی جێبەجێ کردنی (یەک پشتێنو یەک ڕێگا)ی چینی دەگرن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا ڕێککەوتنی نێوان عەرەبو ئیسرائیل بەگرنگ دەزانێ، دوای پێنج ساڵ لەگفتوگۆ ٢٥ مانگ ئێرانو چین لەسەر (هاوپەیمانی ستراتیژی ) ڕێککەوتن.

لەبەرامبەردا ئەگەرچی ئەمریکا توانی تا ئاستێک هەژمونی ئێرانی لەلوبنانو سوریاو عێراقو یەمەن کەمبکاتەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێران دەبێتەوە بەو پردەی کە چینی بەسەردا تێپەڕێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، بۆ ئەم مەبەستەش بەرەیەکی بەهێزی وەک چینو ڕوسیا لەسەرەتای گەمەکەدان بۆ ئەوەی لەئەمریکای ببەنەوە.

ئەم گەمەی ڕوسەکانو چینیەکان لەوێوە دەستپێدەکلت لەدوو وڵاتی بەهێزی وەک ئێرانو تورکیا بەتەواوی لەئەمریکا دابڕنو بیکەنە هاوپەیمانی خۆیان، تورکیا لەهاوپەیمانی کۆنی ئەمریکایە ئێستا بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ناتۆدا تەواو نزیکبوەتەوە لەڕوسیا کە لەڕێککەوتنی ئەستانە ٢٠١٩ بەدیارکەوتو لەکڕینی سیستەمی بەرگری S-400 سەرەتاکانی دەرکەوتو لەڕێککەوتنیان لەسوریا تائاستێک جێبەجێکرا، ئەم ململانێیانە لەپاکستانەوە تا وڵاتانی دەریای قەزوین دەبێتە سەرەتای ململانێیەکی قورس بەرامبەر ئەمریکا.

لەبەرامبەردا ئەمریکا دەیەوێت بەهێزی نەرم ڕوبەڕوی ئەم پلانانە بێتەوە هەر لەڕێککەوتنی ئەتۆمی لەبەرامبەر ئێراندا تا هاتنی پاپا بۆ نەجەفـو کارکردن لەسەر حوسیەکانو یەمەنو لیبیاو وڵاتانی تر، بۆ هەردوو وڵات تورکیاو ئێران گەمارۆی ئابوریو شەڕی بەهای دراو کارتێکی تری بەهێزی ئەمریکیەکانەو ئەمریکا دەیەوێت لەڕێگەی پێداچونەوە بەڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران دوربخاتەوە لەبەرەی دژو لەڕێگەی کۆنگرەی ژینگەپارێزیەوەو مافەکانی مرۆڤەوە گوشار بۆ وڵاتانی هاوپەیمانی چین دروستبکات، ئیدارەی بایدن بەهێزی نەرم دەیەوێ کار لەسەر ئامادەکاری بکات بۆ دوای ڕێککەوتنی ئێرانو چین.

ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنەی ئێرانو چین (هاوپەیمانی ستراتیژی) ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام دیارە (کە چۆن دەبێت) وەک سەرەتای ڕێگای ئاوریشمی، بەڵام لەسەرەتادا مامەڵەی بیست ملیار دۆلار لەخۆدەگرێو کۆمەڵێک پرۆژە جێبەجێدەکرێو چەند بنەکەیەکی سەربازی چینی دێنە ئێرانەوە، کە بۆ ئەم ڕێککەوتنە عەلی لاریجانی سەرپەرشتیدەکات، لەناوخۆی ئێراندا دوو بەرە دروستبوە کە بەرەیەکیان پێیانوایە ئەمە داگیرکاری چینە بۆ ئێرانو

پێویستە ئێران لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێتو بەرەیەکیان کە زیاتر لەناوەندی دەستەڵاتدان تەواو لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنەن.

لێرەوە دوای ٢٥ مانگ قۆناغێکی تر لە ململانێی نەرم و سارد دەکەوێتە نێوان چین و روس لەلایەک و ئەمریکا لەلایەک ، بەتایبەت کە چین دوای سەردانی وەزیری خاریجی چین بۆ سعودیە وتورکیا و دوای ئێرانیش بۆ ئیمارات و بەحرەین سەردانەکانی درێژ دەکاتەوە کە هەموی لە چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی ڕێگای ئاوریشمیدایە.

لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان وەک هەمو جارەکانی تر دابەش بوە بەسەر ئەم بلۆک بەندیەدا ، ئەو دویو دێگەڵە و ئەمدیو دێگەڵە ، کە دواجار دەبێت کورد خوێندنەوەی هەبێتو ماڵی کوردی یەکبخرێت بۆ ئەوەی بزانرێت کورد دەکەوێتە کوێی ئەم نەخشە تازەیەی ململانێوەو چی بکاتو چۆن سیاسەت بکات لەڕێگەی پەیوەندیەکانیانەوە، چونکە لەهەردولا هەلێکی زێڕینی بۆ دروستبوە دەتوانێت سود لەهەردو جەمسەرەکە وەربگرێت، بەرەی چینی نایەوێ لەدۆخی ئەمڕۆی عێراقی شپرزەدا (کە ئێستا عێراق بوە بەخەتی یەکلاکەرەوەی بەشێکی ئەم ململانێیە)و نایەوێت هەرێم تێکبچێو بەرەی ئەمریکیش بەپێگەی ستراتیژی خۆی دەزانی وەک جوگرافیاو جیوپۆلەتیکی شەڕو ململانێکان.




**دەوەن مارف**

تا نیوەی کتێبەکەم خوێندەوە، چاوم لەسەر پاڵەوانی چیرۆکەکە بوو. لەسەر سووچی کۆڵانێکدا، بە ئەسپایی خۆی نیشاندام و چاوێکی لێ داگرتم! ترسام! دەبێت ئەم کەسە غەریبە کێ بێت؟ وا چاو قایمانە لێم دەڕوانێت. چاوەکانم نووقاندو گورج کردمنەوە. بینیم لەبەر دەممدا، قنجوقیت وەستاوە.

-پاڵەوان: تۆ من دەناسیت؟

-کچ: نەخێر! ناشزانم کێیت!

-پاڵەوان: ئەی بۆچی لە یەکەمین لاپەڕەوە چاوەکانت لەسەر منە؟ بۆچی؟

-کچ: من! چاوم لەسەر تۆ بووە؟ لە کوێ؟ کەی؟

-پاڵەوان: دیارە دەتەوێت لە بیر خۆتی ببەیتەوە؟ ئەی ئەوە نییە کۆڵان کۆڵان بە دوای مندا دێیت، بێ ئەوەی ورتەیەکت لێوە بێت؟ بە ڕاست تۆ مرۆڤیت؟ بڕوا بە چاوەکانی خۆم ناکەم !

-کچ: بۆچی بڕوا ناکەیت؟ مرۆڤم و لەبەر دەمتدا وەستاوم. ئێ ئێستا چیت دەوێت؟

-پاڵەوان: هیچم ناوێت! بەس ئایا مرۆڤەکانی ئێرە دەخوێننەوە؟ چۆن زاتیان کردووە دەست بۆ کتێب ببەن؟

-کچ: بۆچی زاتمان نییە؟ ئەی نابینیت لە نیوەی کتێبەکەدام. هاکا تا دووایین لاپەڕە بەبێ وچان چیرۆکەکەم تەواو کرد !

پاڵەوان: دەزانی چی؟ من زۆر ماندووم. دەمەوێت وەک تۆ سەرخەوێک بشکێنم !

کچ- سەرخەو بشکێنیت؟

-پاڵەوان: بۆ تۆیش ماندوویت؟ ئەی ئەوە نییە خەریکی کتێب خوێندنەوەیت؟ دەزانی چی؟

-کچ: چی؟

-پاڵەوان: من بە دەست خۆم نییە کە دەخەوم؟ چونکە هەر کە خوێنەرێک کتێبەکەی گرت بەدەستییەوە، ئێدی کاکی نووسەر لەگەڵ خۆیدا ئەوبا؟

-کچ: من بەدەست خۆمەو کەی خەوم هات دەخەوم؟

-پاڵەوان: من دڵنیام بەدەست خۆت نییە! دەزانی بۆچی؟ چونکە ئەگەر کتێبەکە لەسەر ڕووخسارت لاببەیت، بێ سێو دوو بەخەبەر دێیت! ئێستا تێ گەیشتی کە خەونی من و تۆ بەدەست نووسەرەکەیە نەک خۆمان!

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس1991

وەرگیراوە لە Sbeiy.com

**نەوشیروان مستەفا ـ بەشی یەکەم**

**یەکەم بەهاری ئازادی کورد**

لە نەورۆزی1991 دا ئەمان توانی بڵێین: ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوی کوردا نزیکەی سەرانسەری سەرزەمینی کوردستانی عیراق لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراق رزگاری بوە و، کورد لە رێگەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیەوە دەستی گرتوە بە سەر نیشتمانەکەی خۆی دا.

بەهاری ئازادی کورد زۆری نەخایاند، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە وەرگەڕا بە گەورەترین شکستی جەنگی و، گەورەترین کۆچی بە کۆمەڵی کورد و، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار مەینەتیی کورد توانی بەزەیی بەشێ لە رای گشتی جیهانی پێشکەوتو بە دەس بهێنێ.

فەرهەنگی کڕوزانەوە بۆ "بەدەسهێنانی بەزەیی بەرامبەر" بەشێکە لە کەسایەتی کورد. رەنگە بێدەوڵەتی و ژێردەستەیی درێژخایەنی دەسەڵاتی بێگانە لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگەدا کاریگەر بوبێ. تاکی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافەکانی، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە خاوەن هەق دابنێ و داکۆکی رەوا لە خواستەکانی بکا، هەوڵ ئەدا لە رێی ئەوەوە کە گوناحە، نەگبەتە، بەدبەختە، لێقەوماوە، لاواز و زۆرلێکراوە، بە پاڕانەوە و لاڵانەوە و نوزانەوە هەستی بەزەیی لە بەرامبەرەکەی دا ببزوێنێ و، خواستەکەی پێ بسەلمێنێ. ئەوە لە کەسایەتی بە کۆمەڵی کوردیش دا، لەوانە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، رەنگی داوەتەوە.

کۆچی بە کۆمەڵ چەندین روداوی تری بە دوای خۆی دا هێنا:

**-گفتوگۆی کورد – بەعس.**

-بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی پەناگای ئەمین بۆ کورد لە بەشێکی کوردستان دا.

-کێشانەوەی داوودەزگای حکومەتی، حیزبی، ئەمنی و جەنگیی... دەسەڵاتی بەعس لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وەکو خۆیان ناویان لێ نابو.



ئەم روداوانە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بون لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردا.

**رۆژانەی راپەڕین**

5ی ئازار خەڵکی رانیە و ئۆردوگاکانی دەوروبەری راپەڕین و دەسەڵاتی بەعسییان روخاند.

7ی ئازار خەڵکی شاری سلێمانی راپەڕین و دەسەڵاتی بەعسییان روخاند.

11ی ئازار خەڵکی شاری هەولێر راپەڕین و دەسەڵاتی بەعسییان روخاند.

12ی ئازار شاری دهۆک راپەڕی و دەسەڵاتی بەعسییان روخاند.

13ی ئازار

کاک مەسعود بارەگای لە میوانخانەیەکی حکومەتیی لە مەسیفی سەلاحەدین دانا. هەروەها منیش بارەگاکەی خۆمم لە میوانخانەیەکی حکومەتیی تری مەسیف دا دانا.

14ی ئازار: کۆنفرەنسی رۆژنامەوانی

مام جەلال لە سوریاوە زیاتر لە 20 رۆژنامەوانی دەزگای جۆراوجۆری راگەیاندنی جیهانی نارد بۆ کوردستان. لە شەقڵاوە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان بۆ سازکرا. کاک مەسعود قسەی بۆ کردن و وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە. منیش لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوم. لە ناو ئەوانەدا هەندێ رۆژنامەوانی ناوداریان تێدا بو، کە رۆڵی

گرنگیان بینی لە سازدانی رای گشتی ئەمەریکی و جیهانی دا بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد. رۆژنامەوانەکان کەوتنە گەڕان بە کوردستان دا. هەر لەو رۆژانەدا لە تورکیاوە هەندێ رۆژنامەوانی بریتانی دەربازی کوردستان بوبون، بەلام سەریان تیا چو، چارەنوسیان بە نەزانراوی مایەوە.

## پەیامی سەدام حسێن بۆ سەرانی کورد

لە گەرمەی راپەرین دا، لە کاتیک دا، دەسەلاتی بەعس لە زۆری شار و شاروچکەکانی کوردستان روخێنرا بو، هەمو رەبیە و موعەسکەرەکانی جەیشی عیراقی، کە لوتکەی گرد و چیاکانی کوردستانیان پیس و ناشیرین کرد بو، وە هەمو داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لە ناو شارەکان دا، کە نیشانەی داگیرکراوی کوردستان بون، وێران کرا بو. دەیان هەزار ئەفسەر و سەربازی جەیشی ئیحتیلالی بەعس خۆیان بە دەستەوە دابو، بەرەلا کرا بون و لە ناو شارەکان دا بە ئازادی ئەسورانەوە. سەدام پەیامێکی نوسراوی بۆ هەردو سەرکردە: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نارد. لەو کاتەدا تەنیا شاری کەرکوک مابو بکەوێتە دەس بەرەی کوردستانی.

پەیامەکە بە ئیمزای سکرتێری سەرۆکی کۆمار نێردرا بو، تێکەلاو بو لە:

-گلەیی چونکە کاتی هەلبژاردنی جولانەوەکە هاوزەمان بوە لە گەل جولانی شیعە.

-لە هەڕەشە چونکە بونەتە هاوپەیمانی شیعە و هاوکارییان کردون لە کاتێکا کە ئەو توانیوێتی جولانەوەکەیان بە تەواوی دابمرکێنێتەوە و شارە شیعەنشینەکانی گرتۆتەوە، ئەتوانێ شارەکانی کوردستانیش بگرێتەوە.

-لە پێشنیار بۆ گفتوگۆ بۆ لە یەک گەیشتن.

ئەم پەیامەیان بە دو رێگای جیاواز و بۆ دو ولاتی جیاواز و لە رێگەی دو کەسی جیاوازەوە، بەلام بە هەمان ناوەرۆک و رستە و رێزمان، بۆ تالەبانی و بارزانی نارد بو.

کۆپیەکی پەیامەکەیان ئاراستەی تالەبانی کرد بو. تالەبانی لەو کاتەدا لە شام بو. کۆپیەکە نێردرا بو بۆ بەرزان تکریتی (ئەبو محەمەد) دایکبرای سەدام حسێن لە جنێڤ (لە سویسرا) تا رەوانەی بکا بۆ تالەبانی.

بەرزان تکریتی و سەرچل قەزاز ئاشنایەتییان هەبو. بەرزان تەلەفۆنی بۆ سەرچل قەزاز کرد بو کە بۆ کارێکی گرنگ و پەلە بگاتە لای. ئەویش دەسبەجێ بە فرۆکە ئەچێ بۆ لای.

بەرزان پەیامەکەی بە نوسراوی ئەداتێ و، خۆیشی نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ هانی ئەدا ئەو هەلە مێژوییە بقۆزنەوە و، بە زار هەندێ راسپاردەشی لە زمانی سەدامەوە پێ ئەلێ: کە سەرۆک ئامادەی گفتوگۆیە، ئەگەر وەفدێ بنێرن بۆ جنێڤ خۆی سەرۆکایەتی گفتوگۆکە ئەکا. ئەگەر بینێرن بۆ عەمان تاریق عەزیز ئەنێرن. ئەگەر لە سەلاحەدین بێ سەعدون حەمادی ئەنێرن. ئەگەر لە بەغداد بێ سەدام خۆی سەرۆکایەتی ئەکات. هەروەها وت بوی: ئەوان گفتوگۆ لە گەل یەکلا ناکەن، ئەبێ هەردو سەرکردە: تالەبانی و بارزانی و هەردوحیزب: یەکێتی و پارتی پێکەوە بن.

سەرچل پەیامەکەی گەیاند بوە د فوئاد مەعسوم لە لەندەن، لەو کاتەدا د فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق رەحیم هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون و لە لەندەن بون، محەمەد تۆفیق پەیامەکە هەلئەگرێ و ئەڕواتە شام تەسلیمی مام جەلالی ئەکات.

پاش چەند مانگێ لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی بەرە، لە سەر پێشنیاری کاک عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق، بارزانی و تالەبانی پیک هات بون کە مەسعود بارزانی بەرپرسی کاروباری بەرە بێ لە کوردستان و جەلال تالەبانی بەرپرسی کلووباری بەرە بێ لە دەرەوەی ولات. هەردوکیان پێکەوە سەرۆکایەتی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بکەن.

مام جەلال، رەزامەندی دەربڕی بو بۆ گفتوگۆ و، بە نوسین بە دو نامەی جیاواز وەلامی نامەکەی بەرزان و نامەکەی سەدامی دابوەوە و، ئاگاداری محەمەد تۆفیقی کرد بو دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ لەندەن ئەم و د.فوئاد نوێنەرایەتی یەکێتی بکەن و هوشیار زێباری و موحسین دزەیی، کە یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و دوەمیان نوێنەری شەخسی بارزانی بو، کە ئەوانیش هەر لە لەندەن بون، نوێنەرایەتی پارتی بکەن و، لە گەل بەرزان تکریتی گفتوگۆ بە راگرتنی شەڕ دەس پێ بکەن.

د فوئاد و محەمەد تۆفیق بۆ ئەو مەبەستە قسە لە گەل وشیار زێباری و موحسین دزەیی ئەکەن. ئەوان ئەلێن عیراق لە روخان دایە ئێمە گفتوگۆی لە گەل ناکەین. لەو کاتەدا هەردوکیان دەعوەت کرا بون بۆ



مانگی 12 ی 1988 کاک نەوشیروان و پولێک پێشمەرگە

سعودیە. سەردانەکەی سعودیەیان بە لاوە گرنگتر بوبو لە چون بۆ جنێڤ و شەڕاگرتن و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی عێراق.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە رێگەی بارزانی برایەوە بێ بەر دەرچو.

کۆپیەکی تری هەمان پەیام ئاراستەی مەسعود بارزانی کرا بو.

حاجی عوبێدی حاجی مەجیدی سەرسور لە 1974 دا سەرلقی پێشمەرگە بو. ئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ کاک مەسعود هەبو. ئەویان دۆزی بوەوە نامەکەی پێدا رەوانە بکەن.

حاجی عوبێد، پیاوێکی کوردپەروەری دڵسۆز بو. گومان لە نیازی بەعس ئەکا و، ئەکەوێتە دڵەڕاوکێ کە نەوەکو نامەکە بۆ نانەوەی فیتنە و تێکدانی نێوان یەکێتی و پارتی بێ. کە ئەگاتە پردێ بە دوای بارەگای یەکێتی دا ئەگەڕێ و، ئەچێتە لای مەلا فەرمان کە بەرپرسی ئەو بنکەیە بو. مەلا فەرمان و حاجی عوبێد هەردوکیان ساڵەیی بون. باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و داوا ئەکا نامەکە بخوێنێتەوە و ناوەرۆکەکەی بنوسێ و بینێرێ بۆ من بۆ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بم. مەلا فەرمان دەسبەجێ وێنەیەکی لە بەر نوسی بوەوە هەمان رۆژ بە دەستی بۆی ناردم. لە گەڵ کۆسرەت و حەسەن کوێستانی خوێندمانەوە. دوای تاووتوێ کردنی ناوەرۆکەکەی و، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و عێراق، بە تایبەتی کە راپەڕینی شیعە لە شارەکانی خواروی عێراق تێک شکێنرا بو. پێمان وا بو راگرتنی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی جەیش لەو شوێنانەدا کە بوبونە سنوری

هەردولامان و دەس پێکردنی گفتوگۆ بە قازانجی کوردە. هەڵوێستی کورد لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بو، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سەدام و بەعس لەوپەڕی خراپی دا بو.

ئێوارەکەی لە سەلاحەدین لە بلرەگاکەی خۆمان بوم و کاک مەسعود لە شەقڵاوە بو بروسکەی بۆ کردم کە بۆ کارێکی زۆر گرنگ یەکتر ببینین دەسبەجێ چوم بۆ لای بەڵام بە هیچ جۆرێ وام پیشان نەدا من هیچ ئاگاریەکم لەو بارەیەوە هەیە.

کاک مەسعود میوانی عوسمان میرانی خۆشناو بو لە شەقڵاوە. داوای لەماڵخوێ کرد ژورێکمان بۆ کۆبونەوە بۆ ئامادە بکەن. چوینە ژورەکەوە جگە لە خۆی و من، فەرەنسۆ حەریری، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی... لە گەڵ بون. کاک مەسعود دەستی کرد بە قسە وتی: " ئەمڕۆ حاجی عوبێد لە حکومەتەوە ئەم کاغەزەی هێناوە" کاغەزەکەی دامێ بیخوێنمەوە. منیش بە وردی خوێندمەوە. ئینجا لێی پرسیم: "رەئیت چیە؟" دوای ئەوەی بۆچونەکانی خۆمانم بۆ رون کردەوە، وتم: " پێم باشە بە ئیجابی وەڵامی بنوسینەوە". ئەوانی تریش هەمان رەئیان هەبو. خۆیشی رەئی وەکو ئێمە بو. خۆی نامەیەکی کورتی نوسی ئامادەیی بەرەی کوردستانی دەربڕی بۆ راگرتنی شەڕ و گفتوگۆ. هەر ئەو شەوە بڕیار درا وەفدێ پێک بهێنین دو لە سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح و دو لە سەرکردایەتی پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی، هەر کات پێویستی کرد بینێرین بۆ گفتوگۆ. وەڵامەکە بۆ سەدام نێردرایەوە. وەکو دوایی بیستمان نامەکە نەگەیشتبوە جیگەی خۆی چونکە لە رێگەی گەڕانەوەی دا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی حاجی عوبێدی دابو، سەرنشینەکانی لە تاو گیانی خۆیان هەڵات بون. نامەکەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتا بو.

وەکو دوایی دەرکەوت هەڵوێستی بارزانی و سەرانی پارتی لە کوردستان جیاواز بوە لە هی هاورێکانی لەندەنیان، پێ ئەچو ئاگایان لە یەکتری نەبوبێ.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە کوردستانیش بێ بەر بو.

# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

**بەشی یەکەم**

**ئامادەکردن: سدیق ساڵح**

ئامانجمان لە دانانی نەخشەی کوردستان بۆ کۆمەڵانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی کوردستان، هێنانەوەی وەسفێکی روونکەرەوەی ئەو جێورێیەیە کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراس تدا هەیەتی. مەبەست لە وشەی "کوردستان"، کۆی ئەو وڵاتانەیە کە زۆرینەیەکی کوردیان لە دێرزەمانەوە تێدا دادەنیشن . رەنگە ئەو زانیارییانە کە کران بە بنچینەی ئەم باسە، پێویستیان بە چەردەیەک وردەکاری و روونی هەبێ، بەڵام -گومان لەوەدانییە- کە دابەشبوونی جوگرافیایی کوردان مشتومڕ و مەزەندەکارییەکی وای لێ دەکەونەوە، کەمترن لەو قسەوقسەڵۆک و فیشاڵانە کە سەبارەت بە ژمارەی خەملێندراویان دەگوترێن، چونکە ئەو قسەوقسەڵۆک و فیشاڵانە بەپێی جیاوازیی ئامانجی نیشتیمانی و ئارەزووی سیاسی دەگۆڕێن . بەم پێیە ژمارەی خەملێندراو دەکەوێتە نێوان سێ - نۆ ملیۆن. بەرامبەر بەم هەلومەرج و هۆکارە بەرچاوخراوانە، پێمان وایە بایەخ و باری ڕاستەقینەی کێشەی کورد بە ڕوونی و ئاشکرا دەکەوێتە بەرچاوی هەمووان. ئەگەر نەخشەیەکی هەمەلایەنە دابنرێ بۆ ئەو هەرێمانە کە کوردانی شانبەشانی وڵاتانی دراوسێ تێدا نیشت هجێن. سەیرنییە کە ئەم بەراوردە پتر لە هێنانەوەی ژمارەگەلی ناڕاستی جێی گومان، کە لە سەرژمێریی ڕەسمیی بڕواپێنەکراودا دەیبینین، کەڵکمان پێ بگەیێنێ. ئێمە، بەبێ پشتبەستن بە سەرچاوەی متمانەپێکراو، خۆمان لاداوە لە جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی کورد لە هەر ناوچەیەکدا.

ئەو سوود و خەسڵەتە چاکە لەپێشانە کە لەم نەخشەیە چاوەڕوان‌دەکرێن، ئەوەن کە دەرەتانی ڕەخنەی وردی زانستی دەرەخسێنن. ئەمە هانی‌داین بە بایەخێکی تەواوەوە دایبنێین و بە پێوانە وێنەی بکێشین و ئاماژە بە ناوی شوێنانی پڕ لە دانیشتووانی کوردی ناوچە هاوسنوورەکان بدەین و ناوی ناوچەکانی وا ئێستە بە لای ئێمەوە زانراون، وەلابنێین؛ بە شێوەیەک کە ئەگەر پاشتر یەکێک لەم ناوچانە بە تەواوی بناسینەوە، بتوانین بەبێ ئەرک و ماندوێتی پێیدابچینەوە و ڕاستی‌بکەینەوە. بەڵگەی پێناوێ کە دانانی نەخشەی



کوردستان کارێکی لەدەستدەرچووی هەر وا ئاسان نییە، بەڵکوو ئەرکێکی قورسە، جۆرەها کۆسپ و سەرئێشە بەری پێ دەگرن، چونکە کوردستان کە چەندین ناوچەی سەخت و تووشی تێدان، بێگومان - لایەنی کەم- لە ڕووێ زانستییەوە بە شوێنێکی پێنەزانراوی گۆی زەوی دەژمێردرێ. هۆی ئەوە تەنیا ئەو ئاستەنگە سروشتییانە نییە کە ناهێڵن مرۆڤ بە ئاسانی بیگاتێ، کە ئاستەنگێکن بە کەم ناگیرێن، بەڵکوو ئەو تەگەرانەیە کە حکوومەتی دەوڵەتانی زاڵی سەر ئەو ناوچانە دەیانخەنە بەردەم هاتوچۆکەران و کەسانی سۆراخکەر و ئارەزوومەندی دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی و پەردەلادان لەسەر ڕاستیەکانی ناو ئەم وڵاتە.

گەلی کورد توخمێکە، تێهەڵکێشی گەلانی ئەو دەوڵەتانە نابێ کە سەرکردەکانی ڕوویان لە نەژادپەرستییەکی پاراو بە گیانی نیشتیمانیی سەرکێشە و جۆرێکە لە نەژادپەرستییەکی تازە، دەرکەوت ئەوە لە بارێدا نییە جێگەی پێوەندییە کۆنە مەعنەوییەکان بگرێتەو ە، کە لەسەر بنچینەی هاوکاریی دینی بنیات نرابوون. بەم پێیە ئەمڕۆ دەبینین تورکیا بوونی کورد پشت گوێدەخا و نکوولی لە زمانە نەتەوەییەکەی دەکا کە زمانێکی کت ومت ئارییە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە بە توندی و بەردەوام ڕووی کردووەتە بەدیهێنانی بیرۆکەی یەکێتیی تۆرانی. لەوانەیشە هەر یەکە لە سووریا و عیراق کە

چوونەتە ژێر چەتری کۆمەڵەی عەرەبی، هەمان تەون بدەن لە دار . هەرچی فارسیشە، لە سەردەمانێکی کۆنەوە تا ئێستە خۆی دابڕیوە لە گەلی کورد، کە بە درێژاییی چەندین نەوە ڕەنگی لەمپەری جوێکەرەوەی ناجێگیری نێوان دوو جیهانی لەسەر سەروەری ململانێکردووی ڕشتووە؛ ئەوانیش مەملەکەتی سوننەمەزەبی سوڵتانی عوسمانی و دەوڵەتی ئالاهەڵگری شیعەمەزەبیی پادشایانی فارسن.

ئەرکی بەدەست هێنانی زانیاریی وردی زانستی سەبارەت بە کوردستان و کورد، هەر بە کارێکی ئەستەم دەمێنێتەوە، مادامێکی ئەو وڵاتانە ناچنە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت یا دەوڵەتە ڕێکخراوانە کە بایەخێکی تەواو بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی خاوێنی بێ مەرام و بێلایەن دەدەن.

هێندەی بزانین، هەر یەک نەخشە هەیە بە تایبەتی کێشراوە بۆ ناوهێنانی نیشتمانی کوردان و نیشاندانی دابەشبوونیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستدا، ئەویش ئەو نەخشەیەیە کە پایەبڵند محەمەدئەمین زەکیبەگ، وەزیری پێشووی کورد و ئەندامی ئێستەی ئەنجومەنی پیرانی عیراق خستوویەتیەپاڵ دانراوە گرانبەهاکەی بە زمانی کوردی سەبارەت بە کورد و کوردستان و ناوی‌ناوە"خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان "*؛ ئەو نەخشەیە یەکەمین نەخشەی ناوازەی جوگرافیاییە لە بواری خۆی دا و سەرنجی کەسانیتری ڕاکێشاوە بۆ کەم وکورتییەکی گرنگی لایەنێک لە لایەنەکانی مەسەلەی کورد و لەبەر ئەوەیش دایناوە تا ئەو کەلێنەی پێ پڕبکاتەوە . هەروەها ڕێگەی بۆ توێژەرەوەکان کردووەتەوە و کاری دانانی نەخشەی زیاتر وردەکار و لێکۆڵراوەی ئاسان کردووە. هیوامانە بەم کارە کە ئەمڕۆ پێشکەشی جەماوەری دەکەین، ئەم نەخشە نوێیەمان بەشدارییەک بکا و ڕووناکییەکی تازە بخاتە سەر کێشەی کورد. پشتمان هەر بە خودایە.

ئەم نەخشەیە لەناو کۆکراوەی ڕۆشنبیری ڕەفیق حیلمی بەگدایە، لە ڕووبەرگی پێشەوە و چوار لاپەڕە پێکهاتووە؛ یەکەم لاپەڕە هەمان زانیاریی سەر ڕووبەرگی پێشەوەیە، سێ لاپەڕەکەی تر ئەو بابەتە عەرەبییەی سەرەوەیە کە لێرە کراوەتە کوردی . ڕووبەرگی پاشەوەی کەوتووە و دیارنییە . وا لەسەری نووسراوە کە ١٣٦٦ک/١٩٤٧ز لە چاپخانەی سەعادەت تەنیشتی پارێزگای میسر [واتە قاهیرە] (مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر ) لەچاپدراوە. نەخشەکە خۆی ئەمە لە کارتی ناساندنەکەی دا نووسراوە : " نەخشەی کوردستان و کۆمەڵە کوردییە دابڕاوەکان (كردستان والجماعات الكردية المنعزلة)؛ سنووری نەژادیی کوردستان، سەروبەر بە ناوچە ڕەنگکراوەکە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام لە هەر شوێنێک دا ناوچەکە بەرتەسکتربووبێ، وردتر دیاری کراوە. ناوچە ڕەنگکراوەکانی تر - کەمووزۆر- ناوەندەکان و بایەخی کۆمەڵە کوردییە دابڕاوەکان دەردەخەن".

ئەم نەخشەیە کە پێوانەکەی (١١٩,٠٩×٧٢,٣٦سم)ە و پەرەپێدراوی نەخشەکەی محە مەدئەمین زەکی بەگە، کە ساڵی ١٩٣١ لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ) بڵاویکردووەتەوە، دەقاودەق هەمان ئەو دانە ئینگلیزی و فەرەنسەیییەی نەخشەکەی قاهیرەیە، کە ساڵی ١٩٤٧ بڵاکراوەتەوە و ناوچەکانی کرمانج، زازا، بابان، لوڕستان و بەختیاریی لەسەر دیاریکراون و بە هەمان پێوانەی ١:٤٠٠٠٠٠٠یش دروست کراوە. هەمان ئەو دەقی نووسینانەیش کە سەبارەت بە نەخشەکە لە دەقە ئینگلیزییەکەوە هەن، لەم دەقە عەرەبییەیش دا هەن .[1] ئەوەندە هەیە ئەمەی بەردەست ساڵی کێشان و ئامادەکردنی لە دەزگایەکی تایبەتی ڕووپێویدا کە بە (مصلحة المساحة ١٩٤٦ (٤٦/٣٨١) ناسراوە، وەک دانە فەرەنسەیییەکە، ١٩٤٦ە. بەڵام ئەویان لە چاپخانەی نوێی ئەلیاس (مطبعة الیاس الحدیثة ) و ئەمیان لە چاپخانەی سەعادەت لەچاپدراوە. تۆ بڵێی ئەمە چاپێکیتری هەمان ساڵی بێ، یا نەخشە عەرەبییەکە بەجیا و سەربەخۆ بە دەقە عەرەبییەکەوە لەچاپدراوە؟!

دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەو کتێبەی دا سەبارەت بە نەخشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئەم نەخشەیەی - پشت بە کۆمەڵێک ڕاستی- بە "نەخشەی دایک" لەقەڵەمداوە. هێشتا بە شێوەیەکی بنەبڕ نەزانراوە چ کەس یا لایەنێک ئەم نەخشەیەی دروستکردووە؛

* ئەم کتێبە وەرگێڕانێکی عەرەبیی بە قەڵەمی ئوستاد محەمەد عەلی عەونی بۆ پەیدابوو، ساڵی ١٩٣٩ لە قاهیرە بە ناوی (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان منذ أقدم العصور حتى الآن )ەوە لەچاپدرا. [مەبەست بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەیە، کە ساڵی ١٩٣١ بە ناوی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان: لە قەدیمەوە تا ئیمڕۆ)وە بڵاوبووەتەوە.]

[1] پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان : لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، سوداد ڕەسوڵ کردویە بە کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٠٤-١٠٨.




دەگوترێ کۆمەڵەیەکی نەناسراوی کوردی، یا حیزبی دیموکراتیی نیشتیمانیی کوردی، یان کامەران بەدرخان ئامادەکەریەتی.٢ سەرەڕای ئەوە، بیر بۆ ئەوەیش دەچێ کە خودابەخشیو محەمەد عەلی عەونی خاوەندی بێ و لە ئەنجامی وەرگێڕانی "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"کەی محەمەدئەمین زەکیبەگەوە، کە هەر خۆیشی -وەک نووسیویە- نیازی نووسینی مێژوویەکی هاوشێوەی هەبووە، درێژەی بە کەڵکەڵەی پێشتری خۆی دابێ و ویستبێتی لەم ڕێیەوە ناتەواوییەکانی نەخشەکەی ئەو زاتە پڕبکاتەوە.

**کێشەی کورد**

**(سێ بیرخەرەوە)**

**سی. جەی. ئەدمۆندز**

**بیرخەرەوەی یەکەم**

١. ڕاستییەکی جێگەی داخە کە هەموو کارێکی ڕەسمی «بە زۆری» ددانپێدانانی تێدابێ بە قەوارەی کورداندا لە عیراق، بخرێتە شێوەی بەیاننامە یا بەڵگەنامە یا ئەو مەرجە کە پشتیوانیی جیلکردنەوەی کوردان لە زۆرینەی عەرەب دەکا

٢. زۆربەی ئەم کارە ڕەسمی یانە دەهێنرێنە بەردەست، بەڵام من بەبێ پێداچوونەوەی تۆمارەکان، ئەمانەی لای خوارەوەم بە بیردا دێن

یەکەم: ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز چەرچەڵ، کاتێک ساڵی ١٩٢١ وەزیری موستەعمەرەکان بوو، کە تێیاندا هاتووە

کوردان، دژ بە ئیرادەی خۆیان، ناچارناکرێن بچنەپاڵ دەوڵەتی عیراق

دووەم: ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی بریتانیا و عیراق، کە کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بەم مانایە ی لای خوارەوە دەرچووە:

حکوومەتانی خاوەنشکۆی بریتانیا و عیراق ددان بە مافی کوردانی دانیشتووی عیراق دا دەنێن، حکوومەتێکی کوردی لەناو سنووری عیراقدا دابمەزرێنن و بە هیوان کوردانی جیاجیا «لە کاتێکی نزیک دا» لەناو خۆیاندا لەسەر شێوەی ئەم حکوومەتە کە ئارەزوویانە وناوچەکان و ئەو سنوورە کە بۆی درێژببێتەوە، ڕێکبکەون و نێردراوی بەرپرس بنێرن بۆ بەغدا، بۆ گفت وگۆکردن سەبارەت بە پێوەندیی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ حکوومەتانی خاوەندشکۆی بریتانیا و عیراق

سێیەم: برووسکەی (بە عەرەبی و تورکی ) نێردراوی عەبدولموحسینبەگ سەعدوونی سەرۆکوەزیرانی عیراق بۆ موتەسەڕیف و خەڵکی کەرکووک، بۆ ئەوەی بەشداریبکەن لە هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ١٩٢٣دا، ئ بەم شێوەیە نێوەنۆیانبدا ڕازیببن بێنەپاڵ دەوڵەتی عیراق، کە تا ئەو دەمە لێیتەکیبوونەوە(؟). ئەمە دەقەکەیەتی:

---

هەمان سەرچاوە، ل١١٢-١١٣.

ێ - تکایە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ئاگاداربکەنەوە، کە پێشنیازەکانیان قبووڵکراون و حکوومەت قایلە وەزیفەکان تەنها بداتە خەڵکی خۆجێیی و زمانی خۆجێییش بە زمانی ڕەسمی دادەنرێ

ب. ... دەتوانن بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ڕابگەیێنن و بە شێوەیەکی ڕەسمی بەڵێنی سەرجەمی ئەم مەرجانەیان پێبدەن.

چوارەم: مەرجی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێردراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوە بوو، کە دەبێ بۆچوونی ڕاگەیێنراوی کوردان بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان ڕەچاوبکرێ ودادپەروەری بەرقەراربکرێ و پێخوێندن لە قوتانخانەکان دا بڵاوبکرێتەوە و دەبێ کوردیش لە سەرتاسەری ئەم ناوچانەدازمانی ڕەسمی بێ.

پێنجەم: پەیامی سەرۆکوەزیران لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا، کە تێهەڵکێشی بیرخەرەوەی بریت انیا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە وئەمە دەقەکەیەتی:

«پێویستە لەسەرمان مافەکانی کوردان بدەین و فەرمانبەرانیان لەناو خۆیان هەڵبژێردرێن و زمانیان زمانی ڕەسمی بێ و منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان پێیان بخوێندرێ. ئەرکی سەرشانمانە مافەکانی خۆیانیان بدەینێ»

٣. هەندێ لەم مەرجانە، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، گونجاونەبوو، ئەگەر ئەم گفت و بەڵێنانە هەر بەپارچەکاغەز یا درۆودەلەسەی بەمەبەست دانەنرێن وبیانەوێ لەم ڕێگەیەوە بەسەر کێشەیەکی کاتیدا زاڵببن، دەبێ ئێستە بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە سەرنجیان بدرێتێ. مخابن کە دەسەڵاتدارانی جیاجیای بریتانیا و عیراق هەوڵیانداوە، بە پشت گوێخستنی بەڵێنەکان، خۆ لەم دۆخ و کێشەیە دەربازبکەن . لە ئەنجامی ئەوەیشدا، نیشتمانپەروەرانی کورد بە سەرسەختییەکی زیاترەوە پابەندی ئەو مافە بەدەستهێنراوانەیان بوون، کە - وەک سەرەتا گوتم- دەکێشێتەوە بۆ پشتیوانیی جیابوونەوەی کورد لە زۆربەی عەرەب

٤. من ناڵێم وەزارەتی مەعاریف لە هەر دائیرەیەکی تر گوناهبارترە، بەڵام چەند نموونەیەکمان نیشاندەدا، کە بەڵگەی کورتبینییە لە کاری خۆی دا و هەر ورووژاندنی هەستی کوردیی تێدایە لەو مەسەلانەیش

ئـ هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵکی سلێمانی کە زمانی عەرەبی، وەک هۆیەکی پێ خوێندن، لەباتیی کوردی، لە قوتابخانەی دواناوەندی دا بەکاربهێنن، ب . ڕێنەدان بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە هەولێرئەگەر خەڵکەکە ڕازی نەبن زمانی عەرەبی وەک هۆیەکی پێخوێندن بەکاربهێنن، ج دواجار هەوڵدان بۆ گۆڕینی زمانی پێخوێندن لە هەردوو پۆلی پێنجەم و شەشەمدا لە هەولێر، لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، د . بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانەی کچانی هەولێر، هـ . دواخستنێکی نەگونجاوی بڕیاردان لەسەر کتێبە کوردییەکانی دراونەتە وەزارەت و دانەمەزراندنی ئەو خەڵکانە کە هەموو کاتێکیان بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەوە بەسەردەبەن و گەلێک شتیتریش.

لێرەدا دەبێ نموونەیەکی ڕاستەقینەی مایەی پێکەنین بە درێژی بهێنمەوە: دانەری کتێبی ئەلفبای کوردی بۆ پۆلەکانی سەرەتایی، کە بەڕێوەبردن [ی مەعاریف] قبووڵیکرد، تازە چاپێکی دووەمی دەرکردووە. شاراوەنییە کە زمانی کوردی، سەرباری هەردوو حەرفی ئاسایی (ر) و (ل)، دوو حەرفیتری هەیە کە لەوانەوە وەرگیراوە، بە نوختەیەک ی دانراوی ژێر (ر) و سەر (ل) جوێدەکرێتەوە. لەبەرئەوەی پیتەکەیش لە بەغدا هەبوو، دانەر داوای لە بەڕێوەبەری مەعاریف کرد، ڕێی بدا ئەم دوو پیتە بەکاربهێنێ . بەڵام ڕێنەدانی -بێگومان- بووە هۆی دڕایەتیی پێخوێندنی کوردی و زیانێکی زۆری پێ گەیاند. لە ڕاستیدا ئەستەمە بیهێنینە بەرچاومان کە دانانی دوو نوختە، یا تەنانەت پەنجا نوختە، دەوڵەتی عیراق دەشێوێنێ!! سەرنجبدەن، زۆربەی نموونەکانی دەیانهێنمەوە، پێوەندییان بە هەولێرەوە هەیە و ئەنجامی جوێکردنەوەی هەولێرن لە هەردوو لیوای کەرکووکوسلێمانیی دەستەخوشکی، بەو مەبەستە کە بخرێنە ژێر ئیدارەی بەڕێوەبەری مەعاریفی مووسڵ، کە توندڕەو و بۆچوونەکانی دژی کوردن ئەمە دەستکاری و پێشێلکردنی دەقی بەڵێنەکانە.

٥. هەرچەندە بە زۆری نموونەیتری هاوشێوەی ئەمە لە هەموو دائیرەیەکیتردا هەیە، بەڵام ئەوەی کە باسمانکردووە، بەسە باروودۆخەکە بە تەواوی خراپ و گەندەڵە، چونکە -لە لایەکەوە- ئیدارە ئەم بەڵێنانەی بە شێوەیەکی ترسناک ئاڵۆزکردووە، جاروبار سوورە لەسەر پشتگوێخستنیان، لە کاتێکدا کەسانێکی لە ڕووی سیاسییەوە نابەرپرس ئازادن فێڵ و دەهۆی خۆیان جێبەجێبکەن؛ -لە لایەکیترەوە- کوردان پێیان وایە هەموو پێشێلکردنێکی بەڵێنەکانیازێکی مەبەستدای تێدایە تا بێ بەشبکرێن لەو تاقە "ماف"ەی خۆیان و ئەوانیش بە پێداگرتنێکی زیاترەوە پابەندیانن. هەستی بێزارییەکی گشتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا هەیە و هەر یەکێک ئازاری پێ بگا، دەموودەست دەبرێتەوە بۆ هەبوونی نیازی بەرنامەبۆدانراوی زوڵمکردن لە کورد

٦. ئەم دۆخە زۆر ترسناکە و سەرۆکخێڵان بێزارن کە پێش پەلهاوێشتنی ئیدارەی ڕاستەوخۆ، بەرەبەرە دەسەڵاتی دەربەگییان لەدەست دەدەن و لەو بەرەنگارییەی هەر دەسەڵاتێکدا، باشترین بەرگ نیشتمانپەروەریی کوردییە خۆی لەژێردا حەشاربدەن ئەگەر کێشەیەکی ترسناک بکەوێتە نێوان دەوڵەتی عیراق و هەر یەکێک لە دراوسێکانی، ئەمڕۆ ناتوانێ پشت بە دڵسۆزیی خەڵکی کورببەستێ

٧. تاکە چارەسەر، بەجێ هێنانی سیاسەتێکی عەمەلییە، لەوانە:

ئـ بەشداریپێکردنی کوردان وەکوو کورد لەناو دەزگا ناوەندییەکانی دەوڵەت دا (لەبریی تەنیا دان نان بە قەوارەکەیاندا، ئەویش -وەک دۆخ ەکە حاڵی حازر وایە- لە خۆشەویستیی ناوچە کوردنشینەکان نا)، بە نیازی بەدەستهێنانی هاووڵاتیبوونی هاوبەشیان، لەباتیی جیابوونەوەیان؛

ب. ڕێکخستنی بارودۆخی لیواکان بە شێوەیەک کە دەرفەت نەدرێ، نە بە کاری هیچ کەسێکی نابەرپرس، نە بە گومانکردن لە حکوومەتی ناوەندی، کە گوایە ئارەزوویەتی مافەکانی کورد کەم بکاتەوە

٨. پشتبەستوو بە برگەی (ئـ)، گرنگترین کار تایبەتە بە ئاڵای عیراق، چونکە ئاڵای عیراق لە کاتی ئێستا دا ڕەمزی عەرەبە. دەبێ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و سەرۆکان لە لیواکان بانگ بکرێن، پێشنیا زی ڕەمزێکی کوردی بکەن، تا بخرێتە ناو پێکهاتەی ئاڵا . ڕێوشوێنە ئاسانەکانی تریش، کە ئێستە پێویستن، ئەمانەن:

٢- ئیدارەخانەیەک بۆ وەرگێران پێویستە ئیدارەخانەیەکی وەرگێران بۆ زمانی کوردی لە پایتەخت دا دابمەزرێنرێ، هەموو کاتی خۆی تەرخانبکا بۆ کاری وەرگێرانی قانوونەکان و کتێبەکانی قوتابخانە و وەرگێرانی گەلێکیان کاتێک بڵاودەبنەوە.. هتد.

٣- پوول: کوردان بە هەق یا ناهەق لافیئەوە لێدەدەن کە سەلاحەدین بە ئەسڵ کوردە و لەو مەزنەپیاوانەیە کە مێژوو باسیکردوون لەبەرئەوە دەکرێ وێنەی پاڵەوانە بەناوبانگەکەیان لەسەر جۆرە پوولێکی عیراقی ووێنەی کوردێکیش بە بەرگی نەتەوەییەوە لەسەر جۆرێکی بنەخشێندرێ نەک وێنەی وشتر کە لەسەر پوولی چوارعانەیینەخشێندراوە

4- دەکرێ خاوەندشکۆ بایەخدانی تایبەتی خۆی بە کورد بەوە ڕابگەیێنێ کە سریەیەکی کورد لە پاسەوانی شاهانەدا بەکاربێنێ، بەرگێکی ڕەسمی بپۆشێ، لە بەرگی میللی بچێ و جێگەیەکی دانیشتی هاوینەی لە چیاکانا دابینبکا. ئەم دوو مەسەلەیە کە پێشتر پێشنیازکران، بەهایەکی گەورەیان دەبێ بۆ ناساندنی کەسی خاوەندشکۆ خۆی بەو سیاسەتە ئازادەی وا لێرە ئاماژەمان پێدا، بەڵام دیارە لەم سیاسەتە بەدەر، هیچ سوودێکتریان نابێ

٩. پێش باسکردنی خاڵی (ب)ی برگەی حەوتەم، باشتر وایە -بە ڕاستی- بزانین مەبەست لە لیوا کوردییەکان چییە؟

١٠. هەرە ئاڵۆزترین بەڵێنەکانی ئێستە بەڵێنی کەرکووکە، چونکە لەوانیتر زیاتر دەرەتانی بەرتەسکە. هەرچەندە تای ترازووی ژمارەی تورک لە شارەکەدا و بە تایبەت لە چینەکانی سەرەوەدا، قورستربوو، خولیای زۆربەی دانیشتووانی لیواکە، تەنانەت لە کاتی بەڵێنپێدانیشدا، کوردی بووە. ئەوەتی بەڵێندراوە، چەند ناوچەیەکی فراوانی کوردی لە سلێمانییەوە دراوەتە کەرکووک، بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن ئێستە تەنانەت لە شاری کەرکووک خۆی دا هەستێک لە ئارادایە، حەز بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکا، ل ەبریی تورکی، بەو پێیە کە زمانی لیوایە . پێویستە کەرکووک هانبدرێ بە شارێکی کوردی دابنرێ. ئەوسا کەرکووکییەکان مافیان دەبێ لە هەر لیوایەکی کوردیدا ببنە فەرمانبەر و هەر کوردێکیش لە وەزیفەیەکی کەرکووکدا دابمەزرێنرێ

١١. هەرچی ناوچە کوردنشینەکانی مووسڵیشن، کێشەیەکی قورسیان تێدایە و هەر لە ڕووی بەڕێوەبردن خۆیەوە، گەلێک هۆ هەن پشتیوانی لە پێشنیا زی دامەزراندنی لیوای دهۆک دەکەن فراوانیی مووسڵ دووئەوەندەی فراوانیی هەر لیوایەکیترە و بێ گومان هێندەی گەورەییی فەلەستینە . موتەسەڕیفی مووسڵیش ناتوانێ چاودێرییەکی تەواوی هەموو ناوچە چیانشینەکان بکا و کاتێک ڕێگەلە دهۆکەوە بۆ ئامێدی و لە ئامێدییەوە بۆ بلێ لێدەدرێ، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە وا باشترە لیوایەکی تازە دابمەزرێنرێ، قەزاکانی زاخۆ، دهۆک، ئامێدی و زێبار (نەک ئاکرێ ) بگرێتە خۆی و لە ڕووی سیاسیشەوە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ناوچە کوردییەکانی مووسڵ لە ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئەو بەیاننامانەیش کە بەدوایداهاتن، دەرنەهێنراون و پرینگانەوە لە قبووڵکردنی داوای دامەزراندنی لیوای دهۆک، ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی سەرکەوتووی ئەو سیاسەتە ئازادە کە وا نیازە بگیرێتەبەر.

بە پێچەوانەیئەم پێشنیازەوە، دەشێ بگوترێ دامەزراندنی لیوایەکی ئاوا لەم کاتەدا، ڕەنگە دژی ئارەزووی حکوومەتی تورکیا بێ و کوردیش تا ئێست ە زمانی نامەنووسینی نێوان خەڵکەکە نەبووە(لە کاتێکدا زمانی گشتیی بادینانی"کرمانجی"

لە بناغەوە جیاوازە لە سۆرانی"گۆرانی"، کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە زمانی زانستیی کوردی ). ئەو قەزایانەیش، ئەگەرچی زۆربەیان کوردین، هێشتا خەڵکانێکی غەیرەکوریان تێدان گرنگترینیان ئاسووریەکانن.

لەبەرئەوە دەردەکەوێ ئەم حاڵ وبارە پاساوی جێبەجێکردنی تەنیا بەشێکی ئەم بەڵێنانە هەر لەم کاتەی ئێستەدا دەداتەوە، وەک دامەزراندنی ژمارەیەکی بەجێی فەرمانبەرانی کورد و دامەزراندنی مامۆستایانی کورد لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دا، ئەو شوێنانە نەبێ کە زۆرینەیەکی کوردیان تێدانییە و هەر ئارەزوویەکی نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بەم پلانە، دەشێ رەتبکرێتەوە و وا روونبکرێتەوە کە پێکهێنانی دەستبەجێی لیواکە –لە رووی بەڕێوەبردنەوە– بە هۆی خراپیی رێگ ەکانی گەیاندنەوە، راست نابێ، بەڵام حکوومەت بەتەمایە رێگای بەرەو بلێ لە ماوەی سێ ساڵدا تەواوبکا و مەسەلەکەیش بە کراوەیی بهێڵێتەوە

١٢. لەبەرئەوەی ئێمە لیوا کوردییەکانمان وا ناساند کە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی دەگرێتەوە و لەم کاتەدا دهۆکی تێدانەبێ، دەبێ مەسەلەی زمان بە دانانی قانوونێک بەپێی ماددەی ١٧یەمی قانوونی بنچینەیی رێک بخرێ، پێشنیازبکرێ کوردی، زمانی رەسمی بێ لە پێوەندییە رەسمییەکانی ناو هەرسێ لیوا ونێوانیاندا.

١٣. دەبێ ئەم سێ لیوایە، لە رووی ئیدارەی مەعاریفەوە، پێکەوە لێک بدرێن و بخرێنە ژێر ئیدارەی بەڕێوەبەرێکی شارەزای زمانی کوردی کە دەسەڵاتی هەبێ و بڕەپارەیەکی لەدەستدابێ بۆ دانانی کتێبەکانی قوتابخانە

١٤. ئەگەر ئەم رێ وشوێنانە بگیرێنەبەر کە پێشنیازیاندەکەین بۆ بە رەسمی دردان نان بە قەوارەی کوردیدا بە مۆرکێکی کوردییەوە و دانانی هەرچییەک بویستێ بۆ قانوونی ئاڵا و قانوونی زمان و دامەزراندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە کوردییەکانیش– کە ئەنجامێکی پێویستی ئەم کارەیە ، ئەوسا ئەو جووڵانەوەیە کە بەڕێوەبردنێکی جیا و سەربەخۆی د ەوێ، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە دەوری نامێنێتەوە وام بە بیردا دێ، ئەگەر کوردمان بەم شێوەیە دڵنیاکردەوە، دەتوانین بە ئاسانی وایان لێبکەین رازیببن دەستکاریی ئەو مەرجە بکەن کە رێگری لە هەبوونی بەڕێوەبردنێکی لەباری دامەزراو دەکا و دەڵێ: دەبێ سەرجەمی فەرمانبەرانهەر کورد بن؛ تا بگۆڕدرێ بە یەکێکی تر کە پێوانەی وەزیفەداری، شارەزاییی راستەقینە بێ لە زمانی نەتەوەییدا، یا مەرجەکە وا پێویست بکا سکاڵا لە تێکەڵکردنی نزیکەی ١٠٪ی فەرمانبەرانی غەیرەکورد نەکرێ، ئەگەر کاروباری بەڕێوەبردن ئەوە بخوازێ

١٥. لە کۆتاییدا، بە خۆدا رادەپەرموم بۆچوونی خۆم بخەمەڕوو کە پشتبەستووە بە هەم پێوەندییەکی تەواو بە هەموو چینەکانی گەلی کوردەوە و هەم خولیا و خەیاڵی کوردان لە ماوەی حەوت ساڵی رابوردوودا و هەم هێندێ ئەزموونی پێش ئەو ماوەیەیشم لەگەڵیان و بڵێم : ئێمە بە مامەڵەکردنێکی دۆستانەی کوردان بەو شێوە پێشنیازکراوە، دەتوانین کورد بکەینە توخمێکی زۆر سەقامگیرتری دەوڵەتی عیراق. بەڵام خۆ دانە دەم ئەم تەوژمەی ئێستە، پڕاوپڕی مەترسییە

١٤ی مایسی ١٩٢٩

**(ماویەتی)**



# کورد میترایی/میسرایی بووە؟

**نووسینی سۆران حەمەڕەش**

جاران باو باوی زەردەشتی بوونی کورد بوو، ئێستا ماوەیەکە باسی میترایی بوونی دەکرێت. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر میترایی بوونی کورد نووسراون، کێشەیەکی سەرەکیان هەیە. هێشتا پێناسەیەکی ڕوونیان بۆ ئاینی میترایی لەلا گەڵاڵە نەبووە، سەرەڕای ئەوە ئەوان لەلایەن خۆیانەوە بڕیاریان داوە کە کورد میترایی بێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەڕۆن وێنەیەک، شوێنێک، ناوێک یان هەر کۆبوونەوەیەکی کوردی دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە پاڵپشت لە بۆچوونەکەیان بکەن. واتە ئەو کەسانە پێشتر بڕیاریان داوە کە کورد میترایيە و بە مێشکێکی کراوەوە چاوەڕوانی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ناکەن. جا هەر کە بڕیارت دا، ئیتر پێویستت بە لێکۆڵینەوە نیە. گەر گایەک لە ڕێورەسمێکی کوردستاندا سەرببڕێت یان نیگارێک لەلالش ببینرێت، دەتوانین بیبەینەوە بۆ میترایی. نەمبینیوە کە کەسێک پێش ئەوەی کە بڵێت کورد میترایيە پێمان بڵێت کە میترایی چیە.

لە ڕاستیدا بەڵگەنامەم لەبەردەستدایە کە یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا میترا نزیکی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر لە کوردستان ناوی هاتووە و دەیان تێکستم هەیە بە زمانی کوردی کە تەمەنیان نزیکەی دوو هەزار و شەش سەد ساڵە و ناوی میترایان هێناوە و هەموو کوردێکی ئەمڕۆ لێی تێدەگات. هەروەها ناوی چەندین هۆزی کوردیم هەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە بەشێک لە پێکهاتەی ناوەکەیان میترا بووە و دەیان لێکۆڵینەوەی جیهانیشم لەبەردەستدایە لەسەر ئەو ئاینە، سەرەڕای ئەوە ناتوانم هێشتا دەرئەنجام بدەم.

ئەبێت ئێمە دانبەوادا بنێین کە لە ئاینی کوردی تێنەگەیشتووین. هۆکاری تێنەگەیشتنمان لە ئاینی کوردی دوو هۆکاری سەرەکیە. یەکەمیان ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی زۆر دێرینە و لە ناوچەیەکدایە کە سەدان ئاین و ڕێچکەی ئاینی و هەزاران بەڵگەنامەی ئاینی دێرینی تێدایە کە هێشتا ئاشنای زۆرینەیان نین. دووەم ئەوەیە کە زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان، بە گشتی توانای



لێکۆڵینەوەی زانستی جدیان لەسەر کورد نیە بە تایبەت لە بواری ئاییندا. ڕاستە ئێمە پێشتر دەزگای ئەکادیمی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کوردیمان نەبووە بەڵام خۆ ئەوە سی ساڵە چەندین دەزگامان هەیە کە دەبوو لێکۆڵینەوەی زانستیان بکردایە ونەیانکردووە.

بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت لەسەر ئاینی کوردی تا ڕادەیەک دەرئەنجامێکی قەناعەتپێکەراوی چنگ بکەوێت، بەلایانی کەمەوە دەبێت هەندێک لەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە:

خودا هوری و هیتی و لوڤی و سۆمەری و گوتی و میدی و هوریەکان کامەن و ئایین لای ئەوان مانای چی بووە؟

ئاینی سراسیەکان پەیوەندی بە ئاینە کوردیەکانەوە هەبووە؟

بۆ کوردە کریستیانەکان لەسەر مەزهەبی یەعقوبی و موسوڵمانەکان لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون؟

زەردەشت تا چەند مێژوویی بووە و کێ بووە و ئاینەکەی چۆن بڵاوبووەتەوە؟

بۆ کڵێسا لە سەدەی یەکەمی زاینیەوە کتێبی تایبەتی دژی مانی و بەردەیسان و مارسیۆن دەکردووە کە هەموویان خەڵکی کوردستان یان نزیک کوردستان بوون؟

بۆ زۆربەی کریستیانە کوردەکان لە پلەی باڵادا لەلایەن کڵێسای ڕۆمەوە بە هێرەسی (هەرتەقە/لایاو لە دین) تۆمەتبارکراون.

ئاینی مانی بۆ سەری هەڵدا و کاریگەری لەسەر ئاینە کوردیەکان چۆن بووە؟

پێغەمبەر مانی بۆ لە ناوچەی کرماشانەوە چووە بۆ هەولێر و لەوێوە بۆ جەزیرە و بۆتان. ئەوە تا چەند پەیوەندی بە قەڵەمڕەوی حوکمڕانە کوردەکانی ئەو سەردەمەوە هەبووە ؟

مەزداک و ئاینەکەی کاریگەریان لەسەر ئاینە کوردیەکان چی بووە؟

بۆ لە سەدەی چوارەمی زاینیدا پاشای هەولێر، مار قەرداخ، دژی ئاینی زەردەشتی وەستا و بوو بە کریستیان؟

ێێزیدی و کاکەییەکان لە پێش ێیسلامدا هەلومەرجیان چۆن بووە؟

بۆ لەسەدەی دەیەمی زاینیدا هەندێک لە کوردە کرمانجەکان و دەوڵەتەکانی باکوری کوردستان مەیلی شیعەگەریان پێوە دیارە و نزیک بوون لە فاتمیەکانەوە؟

بۆ بنەماڵەی پاشایانی حوکمرانی هەولێر لە سەدەی یەکەمی زاییندا چوونە سەر ئاینی جوو، تەنانەت خۆشیان خەتەنە کرد؟

بۆ دوو رێچکە مەزنە سۆفیگەریەکەی سەردەمی ێیسلام سورەوەردی و قادری، کوردی بوون؟

کێ رێچکەی سۆفیگەری نەقشبەندی هێنایە کوردستان، مەولانا خالد یان پێش ئەو هێنرابووە کوردستان؟ ئەی بۆ لە کوردستاندا وا بڵاوبووەوە؟

کە موسوڵمانان گەیشتنە کوردستان، ئاینی کوردەکان چی بوو؟

کاریگەری دەوڵەتی حەسنەوی و هەیاری (عەنازی) لەسەر ئاینی یارسان و پێچەوانەکەی چۆن بووە؟

سەلاحەدین ئاینی بەکارهێنا بۆ فراوانبووی دەسەڵاتی یان پێچەوانەکەی راستە؟ تا چەند عەرەب رۆڵی لە ناو دەوڵەتەکەی سەلاحەدیندا هەبووە و سەلاحەدین بۆ هێندە بایەخی بە مەزهەبی شافعی داوە؟

سەلاحەدین و بنەماڵەکەی بۆ لە رووی فەرهەنگیەوە هێندە لەژێر کاریگەری گۆرانی بێژ و شاعیرانی هەولێردا بوون؟

ئاین لای هەورامی و سۆرانیەکان لەگەڵ بڵاوبووەنەوەی ێیسلامدا بەرەو کوێ چوو؟

بۆ زۆربەی کلامە یارسانیەکان بە زمانی هەورامین و هی ێیزیدیەکان کرمانجین؟

دروزەکان کێن و پەیوەندی ئاینەکەیان بە ئاینە کوردیەکانی ترەوە چی بووە؟

دیارە من نامەوێت خوێنەر بێ هیوا بکەم بەڵام ئەو هەموو بۆشاییە لە تێگەیشتنمان بۆ خۆمانمان هەیە. جا لەو هەموو بۆشاییەدا چۆن دەتوانین بریار لەسەر ئاینی کوردی بدەین؟ ئەگەر بریاریش بدەین، بە دڵنیایی بریارێکی هەژارانە دەبێت و بەو شێوەیە دەبێت کە ئەمرۆ تێیدان و هەرکەسە و دێت و ئاینێک دەکاتە کوردی. دیارە ئەرکی خوێنەر نیە ئەو بۆشاییە پربکاتەوە، بەڵکو ئەوە ئەرکی زانکۆکانە کە هەڵبستن بەو کارە و پێی هەڵنەستاون.

من نامەوێت هەموو ئەو کارانەی کە دەزگا ئەکادیمیەکان کردوویانە رەت بکەمەوە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە لە ئاستێکی زۆر هەژارداین. دەنا چۆن دەبێت لە دوای شەرەفخانەوە هیچ مێژوونوسێکی کورد کە لەسەر بنەچەی کورد قسەی کردبێت، نەیتوانیبێت ئەمین زەکی تێپەرێنێت کە بەمەرجێک ئەو لە سیەکاندا دەستیکردووە بە نووسینی مێژووی کورد .

ئەمرۆ تاقە کاری ئەکادیمی باش کە لەلایەن کوردەوە لەسەر ئاینی کوردی کرابێت، کتێبەکەی میرداد ێێزەدیە لە ژێر ناونیشانی The Kurds.میرداد باوکی کوردێکی کرماشانیە و دایکی بەلجیکیە. ئەو یەکەم کەس بوو کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی قسەی لەسەر پەیوەندی نێوان ئاینی عەلەوی و ێیزدی و یارسان کردووە .

ێێمە پێویستمان بە تێگەیشتنە نەک دەرئەنجام . ئەمرۆ دەرئەنجام زۆر دەدەین و هەوڵی لێکۆڵینەوە نادەین. ێێمە وەک کەسێک کە لە رووبارێکی خوڕدا هەوڵ بدات هەر چڵە دارێک بکەوێتە بەردەستی خۆی پێوە هەڵبواسێت، هەر شتێکی سادە ببینین خۆمانی پێوە هەڵدەواسین و قسەکردنمان لەسەر ئاینی کوردی بەو جۆرەیە .

جا ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا کورد میترایییە؟ بەڵێ میترا لە ناو کورد دا رەگێکی دێرینی هەیە بەڵام دانانی کورد بە میترایی بۆچوونێکی زۆر هەژار و سادە و نائەکادیمیە و سوود بە تێگەیشتنمان لە خۆمان ناگەیەنێت. ئاینی کوردی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بەبۆچوونی وا سادە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لەبری ئەوەی کە کورد بکەینە میترایی باشترە لە خودای میترا و ئاینەکە و رۆڵی لە کوردستان و جیهاندا تێبگەین بە ئامانجی تێگەیشتنێکی قوڵ لە ئاین و فەرهەنگی کوردی.

**تێبینی**

-هەندێک باس لەسەر میترا لە کتێبە نوێکەمدا دانراوە و چاوەڕوان مەکەن لە کۆمێنتدا بەشداری قسەکردن بکەم لەسەر ئاینەکان. ئەو بابەتە زۆر ئاڵۆزە و لە کۆمێنتدا یەکلایی ناکرێتەوە.

# قازی محەمەد لە یادەوری (سەرکەوتن و شکستی) ئێمەدا

دکتۆر بورهان یاسین

---

## کورد و دوانەی مێژوو و سیاسەت قسەیەک لە یادی ١٠ی خاکەلێوەدا

لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا، لە ٣١/٣/١٩٤٧ ، کە بە ١٠ی خاکەلێوە ناسراوە، لە مەدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان و سەیفی قازی و سەدری قازی دلێرەقانە لە سێدارە دران .

لە سێدارەدانی پێشەوا لەو رۆژەدا لە هەمان ئەو گۆرەپانی چوارچرایەی کە تیایدا کۆماری کوردستانی لە ساڵی پێشتردا (رێک لە ٢٢/١/١٩٤٦) لە لایەن پێشەواوە راگەیاندرابوو، زیاتر لە پەیامێکی لەخۆ دەگرت. بە پێی زۆربەی خوێندنەوەکان بریاری لە سێدارەدان لە لایەن شای ئێران وە هێزی چەکداری ئێرانەوە یەکلا کرایەوە، لەگەڵ بوونی هەندێ وردەکاری مێژوویی دیکە کە دەکرێ لە پەیوەستێکی دیکەدا باسکردنیان گرنگ بێت. یەکێک لەو وردەکاریانە کە زۆر جار وەک پرسیار دەوروژێنرێت هەڵوێستی ئەمریکیەکانە لە بریاری لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوەڵەکانی. لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین کە لە بەڵگەنامە و تۆمارە دیپلۆماسییەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا لە هیچ کوێیەک بەرچاو ناکەوێ کە ئەمریکیەکان پشتگیر بووبن بۆ ئەم بریارە، بەڵکو لە راپۆرتێکی یەکلاکەرەوە لە قونسلیەی ئەمریکی لە تەبریز کە لە ١٩ی ئەپریلی ١٩٤٧ نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتن رێک ئەوها هاتوە ئەمانە، واتە قازییەکان "گوناهیان هەر چی دەبێت، ئەمانە سەرکردەی رێزلێگیراوی گەلەکەیان بوون "From Sutton to the State Department, April 19, 1947, DSDF, 891. National Archives)لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی ئەمریکییەکان، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، وە لە ئاستی جیا جیادا، لە پشتگیریکردن لە ئێران بۆ تێکشکاندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان راستییەکی حاشاهەڵنەگرە *.

دەکرێ ئەم رووداوە لە دوو دیدی زۆر جیاوازەوە باس بکەین و تێگەیشتنی بۆ بکەین:

١ (لە دیدی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە:

هەڵبژاردنی چوارچرا بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، واتە کۆتاییهێنان بە ژیانی پێشەوا و دوو قازیەکی دیکە، بەڵکو مەبەست لێی لەگۆرنانی خودی کۆماری کوردستان و خەونی سەربەخۆیی بوو، ئەو خەونەی خۆی لە راگەیاندنی کۆماردا، هەر لەو گۆرەپانی چوارچرایەدا، دەربرییوو؛

٢ (لە دیدێکی کوردستانییەوە :

لە مێژوو و خەبات و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەردەوام دوو شێوازی رووداو جێگای تایبەتی خۆیان لە "یادەوەری بەکۆمەڵی " (collective memory)ی نەتەوەکاندا دەکەنەوە: ئەم دوو شێوە رووداوەش یەکێکیان چرکەساتی سەرکەوتنە، یا تەنانەت هەستکردن بە سەرکەوتن (سەرکەوتنی تەسەورکراو(imagined victory – ، وە ئەوەی دیکەشیان چرکەساتی نسکۆ و شکستە .

زۆر بە کورتی و بە چری: چیرۆکی کۆماری کوردستان، وە بە دیاریکراوی ئەو بەسەرهاتانەی لە گۆرەپانی چوارچرا خۆیان بەیان کردووە، ئەو چیرۆکەیە کە هەردوو شێواز لە رووداو، واتە چرکەساتی گەش و سەرکەوتن لە لایەک، وە پێچەوانەکەی واتە چرکەساتی نسکۆ و شکست لە لایەکی دیکەوە، لە هەمان تابلۆدا کۆدەکاتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان سەرکەوتن و نسکۆ جیاوازییەکی زۆر و تەنانەت دژایەتییەکی گەورە هەیە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ هەردووکیان بۆ یادەوەری بە کۆمەڵی هەر نەتەوەیەک وەک یەک گرنگن: هەردووکیان بە تەنیشت یەکەوە وە لە تێکهەڵکێشێکی ئاڵۆزدا، بە تایبەتی لە ئاگایی کۆمەڵایەتیدا، شوێنی خۆیان لەو یادەوەریە بە کۆمەڵەدا دەکەنەوە. . . ئاخر دەکرێ لە جەدەلی بەکاربردنی راست و دروستیی ئەم یادەوەرییە بە کۆمەڵە، لە قولایی "تێگەیشتنێکی پڕ لە ئاگایی و بەخۆداچوونەوەیەکی راستگۆیانە" لە نسکۆ و شکستدا، تۆی هەڵسانەوە و سەرکەوتن بچێنیت! جگە لە یادەوەری بە کۆمەڵ، مێژووش ئەو گێرانەوەیە کە دواجار لە پرۆسەی نەتەوەسازی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا حزورێکی گرنگ و بەهێزی هەیە.



بەبێ ئەوەی هەوڵمان دابێ لێرەدا لە ڕێشکالیی تیکهەڵکێشی دوو چەمکی مێژوو و یادەوەری بە کۆمەڵ نزیک ببینەوە، کەچی گرنگە لە هەمان کاتدا ئەوە بڵێین کە مێژوو و یادەوەری بە کۆمەڵ دوو کەرەسەی یەکجار گرنگن. هەڵبەتە لە تەک زۆر کەرەسەی دیکەوە، لە کار و خەباتی سازدانی ئاگایی نەتەوە، وە دواجار لە هەوڵ و کۆششی ئەو نەتەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەی دوێنێ سیاسەت بوو ئەمڕۆ مێژووە و ئەوەشی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی دەبێ مێژووە. لەم ئاوێتە بوونە فکرییەی مێژوو و سیاسەت، ڕێتر ئەو ئەنجامگیریەمان دەست دەکەوێت کە بەڵێ ناسیۆنالیزم (وەک ئایدیۆلۆژیا، جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی، نەخشەڕێگا و پرۆگرامی سیاسی) وە چیرۆکی نەتەوە لە هەرسێ ڕەهەندەکانی کات (واتە دوێنێ، ئەمڕۆ، و سبەینێ) بە توندی بەیەکەوە گرێ دەدرێن. کە واتە بە پێی ئەم بۆچوونە، بەسەرهاتی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی ڕووداوگەلێک نین کە لە دوێنێدا جێمابن، بەڵکو ئەم ڕووداوانە (لە خاڵە گەشەکانیادا، هەر وەک چۆن لە شکست و نسکۆیاندا) لە پرۆسەیەکی ئاگایی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردا حزوریان هەیە و لە سبەینێشدا ئەو حزوورەیان هەر بەردەوام دەبێت، تەنانەت بەردەوامیدان بە حزوریان لە سبەینێی نەوەکانی داهاتودا مەسەلەیکی یەکجار گرنگە .

واتە لێرەوە دەکرێ، بە واتایەکی دیکە، بڵێین چیرۆکی کۆماری کوردستان وە لەسێدارەدانی پێشەوا لە ١٩٤٧/٣/٣١، هەردوو خاڵی گەش و سەرکەوتن. یا هەر نەبێ خاڵی دەستکردن بە سەرکەوتن لە لایەک، وە شکست و نسکۆ لە لایەکی دیکەوە لەخۆ دەگرێ: ئەم چیرۆکە هەڵگری دوو دانە حاڵەتە، بەڵام لە یەک دانە شوناس و یەک دانە چیرۆکدا: شوناسی کوردبوون و چیرۆک و بەسەرهاتی کورد!

بەم واتایە، وێڕای داخکێشان بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا و دوو قازیەکی دیکە، ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە هەر وا بە ئاسانی لێنەگەرێین ئەو بۆنەیە بەسەرماندا تێپەڕێت و بەم واتایەش ڕێستەیەکی شایستە و جدی و پڕ لە ئاگایی لە ڕووی ئەم ڕووداوەدا بکەین: لە لایەکەوە، بەرز نرخاندنی خاڵی گەشی سەرکەوتن کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و ئەزموونی کورتی ئەم کۆمارەیە؛ لە لایەکی تریشەوە بەردەوام هەوڵدان بۆ سارێژکردنی زامەکانی مێژوو و تێپەڕاندنی فاکتەر و هۆکارەکانی زام و شکستەکان. بەر لە هەر شتێکیش ئەم زام و هۆکارانەی شکست لە ناخی خۆمان و لە ناواخن و قوڵایی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، زۆر بە تایبەتیش ڕەهەندی ئاگاییەوە .باس و خواسی کۆماری کوردستان، ڕووداوە پەیوەندیدارەکان بە چیرۆکی ئەو کۆمارەوە و بە تایبەتیش کۆتاییە تراژیدیاوییەکەی، بەردەوام دەمانخاتە بەردەم ئەرکی

پێداچوونەوەی ئەم مێژووە: ئاخر (بە لەبەرچاو گرتنی بەردەوامی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاگایی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری لە پێدراو و گۆڕاوە مێژووییەکان) بەردەوام مێژوو پێویستی بە جۆرێک لە "ئەپدێیتی" بەردەوامە، جا دەکرێ ئەم ئەپدێیتە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و بە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان بێت و لە خزمەت ئامانجی ئایدیۆلۆژییدا بێت، یا لە چوارچێوەی زانستی و بە ئامرازە زانستییەکان بێت لە خزمەت پرس و ئامانجە زانستییەکاندا!

بەم واتەیەش، پێویستە ئێمەی کورد، جا لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە یا لە هەر بەشێکی کوردستان دەبین بابین، سەردانێکی یادەوەری بە کۆمەڵی خۆمان و ئەو مێژووە بکەینەوە و ئەم پرسیارە بکەین: ئایا پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان و بەسەرهات و کۆتاییەکەی لەو یادەوەرییەدا چەندە و چۆنە. ئایا چۆن دەکرێ ئێمە بە هەمان گرنگییەوە لە دوانەی خاڵی گەش و سەرکەوتن لە لایەک و شکست و نسکۆی کۆماری کوردستان بگەین، جگە لەوەش چۆن دەکرێ ئەم دوانەیە لە یەکبونێکی توکمەدا جێگای خۆی لەو ئاگاییەدا بکاتەوە، بە شێوەیەک کە ئەم ئاگاییە روو لە داهاتوو بتوانێ لە هەمان کاتتدا ببێ بەو ئامراز و پێگەو خاڵەی لێوەدەرچوونە کە ناسیۆنالیزمی پێویستیەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە تیایەتی، بەرەوە دواڕۆژ و ئاسۆیێکی گەشتر و پرشنگدارتر .


دەرەنجام: ئەو گەڕانەوە و سەردانەمان لە یادەوەری بە کۆمەڵ تەنها شتێک نییە بۆ ئەوەی بزانین ئاگایی خۆمان روو لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان چەندە و چۆنە وە بە تایبەتی لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بەڵکو ئەو سەردانەمان لە یادەوەری بەکۆمەڵ لە پێناو زۆر زیاترە: یادەوەری بە کۆمەڵ دەکرێ ئامرازێکی گرنگ بێت لە رەهەندە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستاندا: ئامرازێک بێت بۆ جۆش و خرۆشدان و مۆبیلیزاکردن، ئامرازێکیش بێت لە رێکخستنی ئەوەی پێی دەگوترێ "فەزای نەتەوەیی، یا فەزای نیشتمانی." ئاخر یادەوەری بە کۆمەڵ دەتوانێ دواجار جێگایەکی گرنگ لە هێز و توانستی "مەعنەوی" هەر گەلێک پێک بهێنێ و سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو هێزە مەعنەوییە بێت: هێزێک کە دەکرێ بە "هێزی نەرم" ناوزەدی بکەین، کە لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەتەوەیەکدا دەکرێ "هێزی نەرم" هاوتای سەرچاوە مادییەکانی هێز بێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا زۆریش گرنگتر بێت!

______________________

*شایانی گوتنە کە د. عبدالرحمن قاسملو، لە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ نووسەری ئەم وتارەدا لە ستۆکهۆڵم ماوەیەکی کەم بەر لە تیرۆرکردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆچوونێک هەبووە کە گوایە ئەمریکییەکان رۆڵی خراپیان بووە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و بەلای ئەوەوە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.



# نامەیەکی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ مامۆستای کوڕەکەی



ئەبێ منداڵەکەم درکی ئەوە بکات تێکڕای مرۆڤەکان ڕاستگۆ و هاوڕێ نین، بەڵام پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر چەوتکارێکیشدا مرۆڤێکی باش هەیە.

پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر سیاسەتوانێکی خۆویستیشدا، سەرکردەیەکی جوامێر هەیە.

پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر دوژمنێکدا دۆستێکیش هەیە.

دەزانم کاتتان لێ دەگرم، بەڵام با وا فێر بێت بە ڕەنج و کۆششی خۆی دۆلارێك پەیدا بکات باشترە لەوەی پێنج دۆلار لەسەر زەوی بدۆزێتەوە.

فێری بکەن چێژ لە سەرکەوتن بکات و پەندیش لە شکست وەربگرێت. دووری بخەنەوە لە حەسارەت و گرنگی و کاریگەری پێکەنینی فێر بکەن.

گەر دەتوانن ئاشنای بکەن بە بەهاکانی کتێب لە ژیاندا.

پێی بڵێن قووڵ بێتەوە کاتێك کە باڵندەکان دەفڕن و باڵ لێك دەدەن.


با لە دڵی ئاسمان ورد بێتەوە، ورد بێتەوە لە گوڵەکانی دەرونی باخچەکان.



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## محەمەد ساڵح ڕۆستەمزادە (نامۆ)

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید



لەدایک بووی : ١٩٦٤/٥/١٩

شوێنی لە دایک بوون : ئێران- بۆکان

شوێنی کار : هەولێر – زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری

لە ١٩٩٤- بکالۆریۆسی هونەر( وێنەکێشان ) لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تاران – بەشی شێوەکاری.

لە ٢٠٠٢- ماستێری وێنە کێشان بە پلەی نایاب لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی ئازادی تاران.

**پیشانگاکان:**

- پێشانگای سەرشەقام ، هاوبەش – بۆکان-١٩٩٥/٥/١٥
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتوروهونەری بۆکان - ١٩٩٥/٧/١٢
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتور و هونەری بۆکان – ١٩٩٦/١١/٢٥
- پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی بۆکان ، بۆکان-١٩٩٧/٣/١٢
- پێشانگای تایبەت ، نوسینگەی ئەندازیاری چاوباز، بۆکان – ١٩٩٧/٩/٢٩
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتورو هونەری بۆکان- ١٩٩٨/١١/٢٣
- پێشانگای تایبەت ، گالڕی ئێیرشاد، سنە- ١٩٩٨/٣/١٦
- پێشانگای تایبەت کاریکاتێرو کارتۆن ، گالێری ئێیرشاد، سنە- ١٩٩٩/٧/١٣
- پێشانگای تایبەت، بۆکان- ١٩٩٩/١١/٤
- پێشانگای تایبەتی شێوەکاری، گالێری ئێیرشاد، سنە- ٢٠٠٠/٤/٢٣
- پێشانگای تایبەت، (X-plastic)گالێری بەنەفشە، تاران -٢٨/ ٤/ ٢٠٠١
- پێشانگای هاوبەشی کارتۆن ، هۆلی عەلیزادە-بۆکان- ٢٠٠٢/٨/٣١
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر و کارتۆن، سەنتەری موکریان ، سەقز-٢٠٠٢/١١/٢
- پێشانگای تایبەت، (X-plastic)هۆڵی عەلیزادە، بۆکان- ٢٠٠٣/٣/٣٠
- پێشانگای تایبەتی ، کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە ، بۆکن- ٢٠٠٣/٨/٥
- پێشانگای هاوبەش کاریکاتێرهۆڵی عەلیزادە ، بۆکان – ٢٠٠٣/١٠/٨
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، گالێری مۆزەخانە، سلێمانی- ٢٠٠٦/٦/١٧
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، گالێری مێدیا، سەنتەری زناک- هەولێر-٢٠٠7/11/13
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، کەمپی پەنابەرانی مەخموور- ٢٠٠٨/٤/٢٢
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٨/٥/١١
- پێشانگای هاوبەش، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠٠٩/١/١
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠10/4/20

- پێشانگای هاوبەشی پۆرترێت، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠١١/٥/١٨
- پێشانگای هاوبەش ، گالەری شانەدەر، هەولێر٢٠١١
- پێشانگای هاوبەش ، گالێری دهۆک- ٢٠١١
- پرۆژەی ئینستلێشن (سەهۆڵ و خۆشەویستی) کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٧
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،( لە هەمبەر سینەمایەکی داخراودا) هەولێر-٢٠٠٨
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،(من پەنابەرم)هۆڵی میدیای هەولێر – ٢٠٠٩
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،(پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین)هەولێر-٢٠٠٩
- بەشداری لە فێستیڤالی هونەری لەندەن- بریتانیا بە ڤیدیۆی پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین ،٢٠١٠
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (خێوەتێک لە وشە)پارکی شانەدەر-هەولێر-٢٠١٠
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (نەفت و خوێن) گالێری مێرگ.هەولێر-٢٠١٣
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، هۆڵی هونەری شێوەکاری-میدیا، هەولێر-٢٠١٣/١٢/٢٣
- پێشانگای هاوبەش دەگەڵ هونەرمەندی فەرەنسی کلێر ئارتور، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠١٥/٣/١٧
- پێشانگای هاوبەشی مامۆستایانی کۆلێژی هونەر، هەولێر-٢٠١٥/٤/١٦
- پێشانگای هاوبەش لە خولی١٣-ی گالەری دهۆک- دهۆک- ٩-٢٠١٦/٣/١٠

چالاکی:

- ئەندامی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان ، هەولێر
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ، هەولێر
- پتر لە ٢٠ سیمیناری هونەری هونەرییم بووە

**کتێبی چاپکراو:**

- کتێبی کاریکاتێر (وە...یێستاش مرۆڤ)، دەزگای تاو-٢٠٠٩
- کتێبی هونەر و تێکنۆلۆژی، دەزگای مۆکریان-٢٠١٢

**کتێبی ئامادەی چاپ**

- شانۆ لە یۆنان و رۆما –لە فارسیەوە بۆ کوردی
- کۆمپۆزیسیۆن (دارشتن) – لە فارسیەوە بۆ کوردی
















# چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد

**پەیسەر**

دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور بە روسیا ڕێککەوتن، قازی محەمەد بەرپرسانی کۆمار و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و هەندێک لە پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر خەریکی هەڵسەنگاندنی دواین گۆڕانکارییەکان بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کۆماری کوردستانیش هاوشێوەی کۆماری ئازەربایجان لە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بکەوێتە دانوستانەوە، قازی محەمەدیش ئەم ئەنجامەی پێ باش بوو و سەبارەت بەمە وتبووی:

" ئێمەی کورد هەرگیز خوازیاری شەڕ نەبووین، بەڵام هەمیشە داگیرکەران شەڕیان بە سەردا سەپاندووین. ئێستا کە کاربەدەستانی تاران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کێشەکە لە ڕێی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، ئێمە نەک هەر ڕازین بەڵکوو سپاسیشیان دەکەین، ئێمە نوێنەرانی خۆمان دەنێرینە تاران، تاکە داخوازی ئێمە خودموختاریی ( ئۆتۆنۆمی)یە بۆ کوردستان، ئەگەر حکومەتی تاران مافەکانی ئێمەی پەسەند کرد، ئەوا ئێمەش ڕازین. تورکەکانی تەورێز لە ئێمە بەهێزتر بوون و هێزی سەربازیشیان زیاتر بوو، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوانی ناچار کرد کە بەر لە ئێمە لەگەڵ تاران بکەونە دانوستانەوە. ئەگەر ئێمەی کورد وەک ئەوان نەکەین و درێژە بە شەڕ بدەین، نەک هەر کەس پشتگیریمان ناکات، بەڵکوو دۆستەکانیشمان لێ دەبنە دوژمن".

شاندی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد هاوکات لەگەڵ شاندی ئازەربایجان گەیشتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستانی تاران کەوتنە دانووستانەوە، کاربەدەستانی تاران زۆر زیرەکانە ڕەفتاریان دەکرد، قازی محەمەد بەمەی زانیبوو، بەڵام چاری ناچار بوو و نەیدەتوانی دژایەتی ویستی سۆڤییەت بکات، ڕووسەکان لەگەڵ ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لە ئێران ڕێک کەوتبوون و لە بەرانبەردا بەڵێنی پێدانی نەوتی باکووریان لە قەوام وەرگرتبوو و هەندێک بەڵێنی درۆشیان بە نوێنەرانی کورد و تورک دابوو.

هەرچەندە بە وتەی عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری لە کتێبی " یاداشتەکانمدا" قازی محەمەد پێیوابوو کە ڕووسەکان لەگەل سەرۆک وەزیران ناگەنە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا تێدەگەن هەڵەیان کردووە و دەگەڕێنەوە لای کۆماری کوردستان، بەڵام ئەحمەد قەوام لەگەڵ ڕووسەکان ڕێککەوتن و لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەشدا لە ئەیلوولی ١٩٤٦ یەکێتی سۆڤییەت هێزەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە و لە ڕاگەیەنراوێکدا بەمجۆرەماڵئاواییان کرد:

" برایانی بەڕێزی کورد و تورک، وەک ئێوەش دەزانن ڕووسیا هەردەم پشتیوانی گەلانی زوڵم لێکراو و چەوساوەی جیهان بووە و دەبێت، ئێمە هاتینە ئازەربایجان و کوردستان و لە هیچ بوارێکدا درێخیمان لە خەڵکی ئەم ناوچانە نەکرد و یارمەتیمان دان، ئێستاش بەرژەوەندی ئێران و ڕووسیا لەوەدایە کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران ببەینە دەرەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی سپاسی ئێوە بکەین."

دوای ئەم ڕووداوە سوپای ئێران لە تارانەوە کەوتەڕێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئازەربایجان، کۆماری ئازەربایجان لە حکومەتی کوردستان بەهێزتر بوو و پێشبینی نەدەکرا سوپای ئێران بە ئاسانی بتوانێت بە سەر ئازەربایجاندا زاڵ ببێت، هێزەکانی ئازەربایجان لە بەرامبەر هێزەکانی تاران خۆڕاگرییان دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە بۆ تەورێز، لە دەوروبەری تەورێزیش هەندێک شەڕ کرا، بەڵام دواجار سوپای ئێران توانی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ تەورێز کۆنترۆڵ بکات و حکومەتی ئازەربایجان بڕوخێنێت.

مامۆستا هێمنی شاعیر سەبارەت بەم ڕووداوە نووسیویەتی: " سوپای ئازەربایجان بە چەک و چۆڵ و فەرماندەی بەرجەستەوە بە خێرایی تەسلیم بوون، کاربەدەستانی سوپای ئازاربایجان ڕایانکرد و کەسایەتییە ناودارەکانی تەورێز لەگەڵ خەڵک چوون بە پێشوازی سوپای ئێرانەوە."

هەواڵی کەوتنی ئازەربایجان ڕۆژی دواتر گەیشتە مەهاباد و دۆخی مهاباد شڵەژا، کاربەدەستانی کۆمار لە ماڵی قازی محەمەد کۆبوونەوە و ئەنجومەنی جەنگیان دروست کرد و بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تارانیان دا، بەڵام ڕۆژێک دواتر بڕیارەکە گۆڕا، ئەندامانی حیزب و کۆماری کوردستان پێیان وابوو لە کاتێکدا هێزەکانی




کۆماری ئازەربایجان بەو هەموو چەک و چۆڵەوە نەیانتوانیوە بەرەنگاری سوپای تاران ببنەوە، ئەی چۆن کۆماری کوردستان بتوانێت بە هێز و چەکوچۆڵی زۆر کەمترەوە بەرەنگاری سوپا ببێتەوە؟ کەس لەم شەڕەدا پشتگیری لە کورد ناکات .

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات داوایان لە قازی محەمەد کرد لە مهاباد بڕوات و ڕوو بکاتە عێراق یان رووسیا و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام قازی ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و وتی: " ئەگەر من لە مهاباد بچمە دەرەوە، حکومەتی تاران تا دوا ڕادە ڕق و قینی خۆی بەسەر خەڵکی کوردا دەڕژێنێت"...

دوابەدوای ئەمە قازی محەمەد فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی لە دژی سوپای ئێران دەرکرد، دەقی فەرمانەکە بەم شێوەیەبوو:

"برایانی بەڕێز پاش ڕێز و سڵاو پێتان ڕادەگەیەنین سوپای ئێران گەیشتووەتە تەورێز و حکومەتەکەی پیشەوەری بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ ڕووخاوە. ئێمەش پاش شرۆڤەکردنی دۆخەکە بڕیارمان دا شەڕ نەکەین و پێشوازی لە سوپای ئێران بکەین، تکاتان لێ دەکەم ئەوەی کە عێراقییە با بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئێرانییەکانیش با خۆیان ڕادەستی نزیکترین بنکەی هێزەکانی ئێران بکەن."

دۆخی مهاباد بە تەواوی ئاڵۆزبوو، ڕق و تورەیی شاری داگرتبوو، خەڵک لە ماڵەکانیاندا خەریکی شاردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانیان بوون، نووسراوە کوردییەکانیان دەشاردەوە و وێنەکانی ستالینیان دەدڕاند، مەلا مستەفا بارزانی ١٦ی کانوونی یەکەم چووە ماڵی قازی محەمەد و داوای لێکرد پێکەوە مهاباد جێ بهێڵن، بەڵام قازی وتبووی هەرگیز شار جێ ناهێڵێت .

قازی چەند جارێک قسەی بۆ خەڵک کرد و دۆخەکەی بۆ شرۆڤە کردن و هەموو جارێکیش جەختی لەوە کردەوە کە " من دەزانم و دەڵێم ئێرەش وەک تەورێزی بەسەر دێت و تووشی نەهامەتی و کوشت و کوشتار و تاڵان دەبێت. لەوانەیە من بگرن و ئێعدامم بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شەرەف و کەرامەتی خەڵک پارێزراو بێت من شار چۆڵ ناکەم و خۆم فیدای خەڵکەکەم دەکەم."

ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم سوپای ئێران لە ڕێی بۆکانەوە گەیشتە مهاباد، قازی محەمەد و حاجی بابە شێخ و وەزیر جەنگ و بەشێکی بەرپرسانی کۆمار چوونە پێشوازیان، بەمجۆرە سوپای ئێران دوای یازدە مانگ لە دامەزراندنی کۆمار، مەهابادی داگیر کردەوە و کۆتایی بە کۆماری کوردستان هێنا، قازی محەمەد و هەندێک لە بەرپرسانی کۆمار دەستگیرکران، سەدری قازی کە ئەوکات لە تاران بوو هەر لەوێ دەستبەسەر کرا و هێنرایەوە بۆ مهاباد.

ڕۆژێک بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەمریکا لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای ئێران لە زیندان سەردانی قازی محەمەد دەکەن، بەرپرسە ئەمریکییەکە بە قازی دەڵێت ئەگەر کێشەی کورد بە پێی سیاسەتی ئەمریکا دابڕێژیتەوە و لە ناو خەڵکی کوردا بانگەشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بکەیت، ئەوا لە مردن ڕزگارت دەکەین، بەڵام قازی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: " من ناتوانم خەیانەت لە میللەتەکەم بکەم، لەو ڕێگەی گرتوومەتە بەر پاشگەز نابمەوە."

**دادگایی کردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی**

لەگەڵ ڕووخانی کۆمار، قازی و هاوڕێیانی خرانە بەندیخانەوە، و ڕووداوی دادگایی کردنی قازییەکان بووە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی دادگا نوێیەکانی ئێران، دادگای سەرەتایی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارستەبار و بە بەشداری سەرهەنگ فیووزی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک تاوان درابووە پاڵ قازی محەمەد لەوانە: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەبەرکردنی بەرگی ژەنەراڵی، گۆڕینی ئاڵای ئێران و سڕینەوەی شێر و خۆرەکەی ناو ئاڵاکە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی سوپا، کۆبوونەوە لەگەڵ

بێگانە، سەردانکردنی باکۆ، بەڵێنی پێدانی نەوت بە وڵاتانی دیکە، بەڵگەکانی دادگاش تەنیا بریتیبوون لە هەندێک هەواڵ و راپۆرتی ناو رۆژنامەکان.

قازی محەمەد هەر لە سەرەتاوە شەرعییەتی دادگای خستبووە ژێر پرسیارەوە و وتبووی دادگایەکی سەربازی بۆی نییە ئەوان دادگایی بکات، بەڵام هیچ گرنگیان بە رەخنەکانی قازی محەمەد نەدا، چونکە بەپێی هەندێک سەرچاوە بریاری پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سی پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر قازییەکاندا، تەنانەت رێگەیان نەدا قازی محەمەد و هاورێکانی پارێزەریان هەبێت. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا دادگا سزای سێدارەی بە سەر قازییەکاندا سەپاند.

رۆژی ٢٨ی مارس دادگای پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتایی و بە بەشداری سەرهەنگ نکوزاد و سەروان سۆڵجوو و سەروان نەبەوی بەرێوەچوو و هەمان تاوانەکانی پێشوو خرایەوە پاڵیان.

بە پێی راپۆرتێکی کەیومەرس ساڵح، پەیامنێری گۆڤاری مانگانەی ئەرتەش کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو و دواتر وەک راپۆرتێک رەوتی دادگایی کردنەکەی بڵاو کردووەتەوە؛ قازی محەمەد لە بەرانبەر سەرجەم ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵی، چەندین کاتژمێر زۆر بوێرانە بەرگری لە خۆی و هاورێیانی کرد و وتبووی: " گیانی من، وڵاتی من و نەتەوەی من کوردە، چۆنتان پێخۆشە لەگەڵم رەفتار بکەن، بەڵام میللەتەکەم ئازار مەدەن". لە بەرگریکردنەکەیدا هەوڵێکی زۆری دابوو کە خۆی هەموو تاوانەکە لە ئەستۆ بگرێت و هاورێکانی رزگار بکات.

چیرۆکی ئەفسانەیی دادگایی کردنی قازی محەمەد هەرچەند کورت بوو، بەڵام لە مێژوودا کەم وێنە بوو، ناوەرۆکی دادگاییکردنەکە لە ئەرشیفی سوپای ئێراندا بە شاراوەیی مایەوە، تەنیا هەندێک زانیاری سنووردار و سانسۆرکراو بڵاو دەکرایەوە، سەرچاوەیەکی دزەکردنی دەنگوباسی دادگاکە سەروان شەریفی بوو کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو.

رۆژێک ئەم ئەفسەرە دەچێتە ماڵی قازییەکان و بە دڵتەنگییەوە باسی قازی دەکات و دەڵێت: " بەراستی حەیف بۆ ئەم پیاوە، حەیف بۆ ئەم کەسایەتییە گەورەیە، دوێنێ لە دادگا بە بێ هیچ نووسراوەیەک چوار سەعاتی رەبەق بەرگری لە خۆی کرد و ئەندامانی دادگای تووشی سەرسوورمان کرد، ئەو زیاتر لە ئەندامانی دادگا شارەزای یاساکانی ئێرانی بوو و سەبارەت بە دۆخی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش لە هەمووان شارەزاتر بوو، لە راستیدا قازی محەمەد دادگاکەی دادگایی کرد."

نەجەفقولی پوسیان، مێژوونووسی ئێرانی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی رووسیا نووسیویەتی: " قازی محەمەد لەکاتی بەرگریکردن لە خۆی و هاورێکانیدا بە توندی رەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەتی تاران گرت و وتی تاوانباری سەرەکی کاربەدەستانی رژێمن نەک ئێمە، ئەوە ئێوەن کە وڵاتی ئێمەتان داگیر کردووە، لە بری ئەوەی ئێوە دادگایی بکرێن، کەچی هاتوون لە ماڵی خۆماندا دادگاییمان دەکەن، سەرپاکی ئەم رووداوانە دەرەنجامی زوڵمی کاربەدەستانی داگیرکەری حکومەتە، ئەگەر ئێوە میللەتی کورد بە خائین دەزانن، ئەوا وازبێنن لە کوردستان، ئەگەر پێشتان وایە کورد وڵاتپارێزن، لێیانگەرێن با خۆیان کاروباری خۆیان بەرێوە بەن."

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان قازی محەمەد لە رەوتی دادگایی کردنەکەیدا، بە بوێری و ئازایەتییەوە بەرگری لە خۆی کردووە، ئەمەش بەرپرسانی ئێرانی نیگەران کردبوو، لە ئەنجامدا دادگای سەربازی لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧دا سزای لەسێدارەدانی بەسەریاندا سەپاند و بەرپرسانی سوپا چەند کاتژمێرێک دواتر بریارەکەیان جێبەجێ کرد.

قازییەکان لە زینداندا چاوەرێی بریاری دادگا بوون و ئاگادارنەبوون شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی مارس کۆتا شەوی ژیانیان دەبێت و کاتێک خەڵکی شار دەخەون لە مەیدانی چوارچرا هەر ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا راگەیەنرا لەسێدارە دەدرێن. هێشتا مەرەکەبی بریارەکە وشک نەبووەوە کە کەسێک خۆی بە ژووری زینداندا کرد و وتی خۆتان ئامادە کەن بریارە بتانبەن بۆ تاران، ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، یەکتریان لە ئامێز گرت و بارانی ماچیان بە سەر یەکدا باراند.

قازی محەمەد خۆی ئامادە کرد، سواری ئۆتۆمبیلێکی ئەمریکی پر لە چەک و تەقەمەنی بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاران بکەوێتەرێ، بەرەو مەیدانی چوارچرا رۆیشت، لەوێ بەڵام قازییان دابەزاند و بردیانە ژوورێکەوە. لەو کاتەدابوو کە قازی محەمەد تێگەیشت درۆیان لەگەڵ کردوون.

مەلا سدیق ناوێک لە پشت مێزێک دانیشتبوو و قورئانێکی لەبەردەستدا بوو، بەرپرسی تەندروستی واتا سەرهەنگ نکوزاد بریاری دادگای خوێندەوە و وتی هەر ئێستا بریارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەر داواکاری و وەسیەتێکت هەیە بیڵێ، قازی وەسیەتی کرد و مەلا سەدیق دەینووسیەوە، هەندێک لە سامانەکەی بۆ دروستکردنی کتێبخانە، نەخۆشخانە و مزگەوت تەرخان کرد، ئامۆژگاری کوردانی کرد بۆ ژیانی بێبایەخی ئەم دونیایە خۆیان بە دوژمن مەفرۆشن... وتی لەگەڵ نەتەوەکەم پەیمانم بەستووە لە ناویاندا بژیم و لە پێناویاندا بمرم، هەرگیز ئامادە نیم ئەم پەیمانە بشکێنم...

ئەگەر لە ڕێی ئازادیی میللەتەکەمدا بکوژرێم... ئەوا شانازی بە وەها مەرگێکەوە دەکەم... من لە مێژە خۆم بۆ ئەم رۆژە ئامادە کردووە... لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەیدا وتی: سەرەرای ئەو هێز و دەرفەتەی لە بەردەستم بوو، شەڕ و کوشتارم بە باش نەزانی، ئامانجی من ئەوە بوو کە مهاباد وێران نەکرێت و میللەتەکەم تووشی نەهامەتی نەبێت، هەر بۆیە وام بە باش زانی شەڕ نەکەین و باشتر ئەوە بوو کە شار چۆڵ نەکەم و لەجیاتی ئەوەی خەڵک سزا بدرێن من هەمووی لە ئەستۆ دەگرم و خۆم فیدای میللەتەکەم دەکەم...

دوای تەواوبوونی وەسیەتەکەی داوای کرد بهێڵن نوێژ بکات، دوو سەعات خەریکی دۆعا و نزا بوو. حاکمی سەربازی پەلەی بوو زووتر سزاکە جێبەجێ بکرێت، کاتژمێر ٣ی نیوەشەو بوو لە دەرگای پشتەوە بردیانە دەرەوە، کاتێک چاوی بە سێدارە کەوت وتی: " سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهە، باشتر وایە تیربارانم بکەن". بەڵام داواکارییەکەیان قبوڵ نەکرد.

بەمجۆرە لە کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لەسێدارەدرا، کاتژمێرێک دواتر سەیفی قازیش هەر بەم شێوەیە لە سێدارە دا، دەڵێن کاتێک سەیفی قازی جەنازەی قازی محەمەدی بە سەر پەتی سێدارەوە بینی، هێرشی کردە سەر جەلادەکان و هاواری دەکرد: " بژی پێشەوا، بژی سەربەخۆیی و ئازادی گەلی کورد و کوردستان"، لە دوای سەیفی قازی، سەدری قازیش هەر بەم شێوەیە لەسێدارە درا. بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن خەڵکی شار لە مەیدانی چوارچرا جەنازەی قازییەکان بە پەتی سێدارەوە بینی ، خەم و پەژارە شاری داپۆشی، مامۆستا هێمنی شاعیر بەمجۆرە ڕووداوەکە دەگێرێتەوە: " ئەو ڕووداوە تاڵ و خەمناکە، دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەفی هێنایە


دڵی من، ژان و ئازارێک کە قەت خۆش نەبووەوە و تا مردن ئەم ئازارەم دەر لەگەڵە."

دکتۆر قاسملوو سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەمەد دەڵێت: " قازی محەمەد گوڵێک بوو لە بیاباندا ڕووابوو، لە میللەتەکەی دوور نەکەوتەوە، بە قوڵی درکی بە ئازار و مەینەتی و کوێرەوەری و هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەی کردبوو، لە دەربرین و بەرجەستەکردنی ئەو ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بێ هۆ نەبوو کە لای خەڵکی کورد ئەوەندە جێی ڕێز و خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا نازناوی "پێشەوا"یان بە قازی محەمەد بەخشیبوو."



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## شەهیدی سەرکردە کاک عبدالرزاق



**ئامادەکردنی: مەلا شاخی**

ئەگەرچی هەڤاڵ عەبدالرزاق لەنێوخزمانی خۆمان لە گوندەکانی )یۆمەرگومەت)و(مەرزیخە)ی ناوچەی (شێخ بزێنی (تەمەنی منالی ولاوی بەسەربردبوو، بەلاَم لەوسەردەمەدا یەکترمان نەدەناسی ..یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٣ لەکەرکوک یەکترمان ناسی .هەر هەمان ساڵ لەرێگای ئەوەوە لە (ئوتێل ئاشتی (لە پاڵ بانکی رافیدەین کەدەکەوتە بەرانبەر) چایخانەی مجیدیە( رێبازی (کۆمەڵە)م ناسی.

کاک عەبدولرەزاق لەکاری رێخراوەیی و پێشمەرگایەتی دا نموونەی دڵسۆزی و ئازایەتی و جوامێری بوو لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا هەمیشە وەک سەرکردەو فەرماندەجێی ئومێدی کەرکوکیەکان و هەولێرییەکان و هەموو دڵسۆزانی(ی.ن.ک)بوو.

لە رۆژی ٢٨-٣-١٩٩١ لە-(باجوان)ی رۆژئاوای کەرکوک لە بەرگرییەکی قارەمانانەدا گەیشتە کاروانی شەهیدان روحی شاد

*ژیاننامەی شەهید ـ عبدالله محمد عمر ناسراوبە (عبدالرزاق (

ـ ساڵی 1948لەگوندی(یۆمرگومەت( ناحیەی(سێگردکان)لە دایک بووە .

ـ سەرەتا لەگوندی (مەرزیخە (لەلای باوکی (قورئان و ئەحمەدی)دەخوێنێ ..

دواتر دەچێتە (هەولێر)و لە قوتابخانەی ئاینی دەست بە خوێندن دەکات، ـ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات..

-ساڵی 1967 بۆدرێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری کەرکوک ـ قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات ..بەلاَم شانبەشانی خوێندن بۆ دابینکردنی بژێوی لەناو(فندق سلام)کە دەکەوتە تەنیشت بانکی رافیدین .چایخەنەیەک دادەنێت ..لێرەوە دەست بەکاری سیاسی دەکاتەوە.

ئەوهاورێیانەی هاتووچۆیان دەکردو بە بیروباوڕی (کۆمەڵە) ئاشنابوون بریتی بوون لە:

)عەلی بچکۆل‌فەریدون عبدالقادر، ناسیحە سوورمەلاشاخی(... جگە لەم هەڤالاَنە سەرەوە بەهۆی نزیکی لەگەڵ شەهید )مامۆستاقادرمەلاعومەر گومبەتی (کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبوو.

ـ شەهید عبدالرزاق لەسەرەتای لاویتییەوە پەیوەندی کردبووبە(پارتی)یەوە وەیەکێک بوو بوو لە لایەنگرانی باڵی (م.س .(

-ساڵی 1974 پەیوەندی کردبوو بە شۆڕشی ئەیلوول و - دەبێتەپێشمەرگە.. لە گەریان و شارەزوور..

-دوای نسکۆی1975 دەگەڕێتەوە کەرکوک و هەولێر .بە نهێنی درێژە دەدا بەکاری سیاسی لەناو(کۆمەڵە)دا.

-ساڵی1976لەگەڵ(شوکیەخان (هاوسەرگیری دەکات و خێزان پێکەوە دەنێ ..ـ دەست بە کار وکاسبی دەکات.

-ماڵەکەی دەبێتە مەکۆی کاری نهێنی بۆ) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (

-ساڵی 1977 بەهۆی ئاشکرابوونی چەند هەڤاڵێکی دوای(اعتراف)کردن لەسەری لە شارۆچکەی مەخموور دەسگیر دەکرێ، نۆمانگ بێ سەرشوێن دەبێت .پاشان هەواڵی دەزانن کە

لە(هێ ئەی خاصە)ی کەرکوکە ..دوای ئەوەی چەند هەڤاڵێکی لەسێدارە دەدرێن، بەهۆی خۆڕاگرییەوە لەژێر ئازاروئەشکەنجە و ..هیچ نەدرکاندنی.. ماوەی(10) ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوەو ڕەوانەی (ابوغریب)ی دەکەن.

لەکۆتایی ساڵی1979 بەهۆی لێبووردنی گشتی یەوە ئازاد دەکرێت .

ـ دوای گەڕانەوەی بۆ(هەولێر (بێ گوێدانە چاودێریکردنی لەلایەن سیخوڕەکانی ڕژێمەوە، ژیرانە درێژە دەداتەوە بە کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتی بەشێک لەرێکخستنەکانی هەولێر دەکات.

ـ شەهید لەساڵی1984 لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە دەچێتە شاخ و دەکرێتە بەرپرسی )ڕێکخراوی 2 ی هەولێر (

کە بارەگاکەی لە گوندی(توتمێ)ی خۆشناوەتی بوو..

ـ ساڵی1988 لەدوای ئەنفالەکان لەکاتی پاشەکشێکردنی(ە.پ.ک( بۆ سەرسنوورەکانی ئێران،، بەخێزانەوە لەشاری (مەهاباد( دەگیرسێنەوە..

لەکاتی شەهید بوونی خێزان ومناڵەکانی هەر لەوێ مابوون و ( 20) ڕۆژ دوای شەهید بوونی هەواڵیان زانی بوو..

-شەهید چوار جگەرگۆشەی بۆ نیشتمان بەجێهێشتووە : )هەڵمەت،تارا،تۆڵە،ئالان(

-بەداخەوە لە ڕۆژی 28\3\1991لە گوندی(باجوان( لەنزیک کۆمپانیای نەوتی کەرکوک شەهید کرا..

-پاش گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێم لە نیسانی1991 تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی(دارەتوو)ی هەولێر ..هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی






شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

شێرکۆ بێکەس

# ساڵیادی شەهید مەلا ئاراس

# 11 – 4 – 1987




**ئامادەکردنی: مەلا شاخی**

شەهید( مەلائاراس (شـــۆڕەســــوارەکەی کرکوک و گەرمیان و شوان و شێخ بزێنی و ساڵەیی...شەهید (مەلائاراس (لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی کوردپەروەر ودڵسۆزی گەل وخاک و نیشتیمان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕێبازی خوێندنگەکەی مـام بوو ـ لەگوندی (تولْکی (لە ناوچەی شێخ بزێنی چاوی بەژیان هەڵهێنابوو ، یەکێک بوو لەفەرماندە هەرە ئازاوچاونەترسەکانی شۆڕشی نوێ، ـ لەناو جەماوەریش پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، دەم بەخەندەو ڕووخۆش بوو، شۆڕەسـوارەکەی گەرمیان بوو، فەرماندەیەکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ و قسەخۆش بوو ، لەقسەو گوتاردا نەرم ونیان وئارام بوو ، ئەگەرچی شەهید(مەلائاراس (لەقوتابخانە نەیخوێندبوو .. لەحوجرەی فەقیەتی خوێندبووی بەڵام هێندە هزر وبیر تیژ و هۆشمەند وبەسەلیقە بوو، شەهید پیرەو پرۆگرام و ڕێباز وبیرو باوەڕی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی لەناخدابوو ..بۆیە مرۆڤدۆست بوو ڕێزی لەهەموو مرۆڤێک دەگرت .جگە لـە دیکتاتۆر وزۆردار و خائین وخۆفرۆشان ..خۆشەویستی ئەو بۆ خەلک و شۆڕش و کوردایەتی وهەژاران ..خۆشەویستیەکی جیاوازو خۆنەویستانەبوو،

لەســەر دەستی ئەو کۆمەڵێک فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان و ئازاو دڵسۆز پێگەیشتن ، بەشێکی زۆریان گەیشتە کاروانی نەمران و شەهیدبوون، بەشێکی تریان ئێستا کلەرو فەرماندەی پێشکەوتووی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ن و هەمان ڕێبازی هەڤاڵانی شەهیدەکانیان درێژە پێ دەدەن .

ـ تیپی (21) ی کرکوک یەکێک لە تیپە هەرە ئازاکانی ئەوێ ڕۆژێ بوو، بەسەدان چالاکی و نەبەردی ئەنجام داوەهیچ لوتکەو شاخێ ، پێدەشتێ،گوندو شارێ نەمابوو چالاکی تیادا نەنجام نەدات و خوێنی پێ نەبەخشێ ، دەیان فەرماندەی شەهیدو سەدان پێشمەرگەی شەهید.. گەواهی ئەوێ ڕۆژێن . یەکێک لەو تیپانەبوو کە زۆرترین فەرماندەی شەهید بوون.

ژیاننامەی شەهید

ـ ناوی تەواو : حەمەزیاد مغریب

ـ ناسراو بە : مەلائاراس

ـ ساڵی لەدایک بوون(1960/7/1

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی تولْکی شێخ بزێنی سەربەناحیەی شوان.

ـ ئاستی خوێندن : لەحوجرە فەقیەتی خوێندبووی

ـ باری خێزان : خێزاندار بوو.

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: (1977(

ـ لایەنی سیاسی : یەکێتی نیشتمانی کوردستان )کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: (1979(

ـ ئۆرگان: ناوچەی سەرکردایەتی . ـ لەساڵی (1982)کرا بەفەرماندەی کەرتی(1)ی ساڵەیی. هەمان ساڵ بە فەرماندەی کەرتی(4)ی خاڵخاڵان .

ـ لەساڵی(1983)لەبەرئازایەتی.. بووبەجێگری فەرماندی تیپی( 86)ی دەشتی هەولێر.

ـ لەساڵی 1984 بوو بە فەرماندەی تیپی(99)ی بتوێن. لەکۆتایی هەمان ساڵ بووبە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی 3 ی هەولێر.

ـ لەساڵی 1985)بوو بە فەرماندەی تیپی(21)ی کرکوک.

ـ هەر ئەوساڵە لەپاڵ ئەوە بۆ ماوەیەک سەرپەرشتیاری تیپی25 ی خاڵخاڵان یش بوو.

ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی دا بەشداری ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە :

شەڕەکانی(مۆردخواردەی سەروو و شیوەسور و گۆپتەپە و ئۆپەراسیۆنەکانی هێری پشتیوانی لەکوردستانی رۆژ هەڵات ساڵی 1982 و دابان وەهەلاج و قەیوان ماوەت و لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک و مەعمەل قیرەکەی چەمچەماڵ و شەڕی گردەسۆر و شەری بێتواتە........هتد

ـ شەهید مەلا ئاراس (13)جاران بریندارببوو .

بەپێی راپۆرتی پزیشکی (355)وردە ساچمە لەجەستەی دا بوو.

ـ زۆر بەداخەوە لەساڵی( 11/4/1987 ) لە کاتژمێر 4ی عەسر لەگوندی مەرزیخەی ناوچەی شێخ بزێنی بەموشەکێکی فرۆکەی پیلاتۆز شەهید بوو.

ـ بۆ مێژوو شەهید )مەلا ئاراس )یەکێک بوو لەو فەرماندە چاونەترسانەی هەرگیزحسابی بۆدوژمن نەدەکرد، کەسایتیەکی بەسەنگ و

کۆمەلایەتیەکی فراوانی هەبوو، لەگەل پێشمەرگەو جەماوەردا .

هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی رووحی شـــادبێ.

## داستانی رزگاری

**شیعری/شاخی**

**بۆ/شەهیدی نەمر حەمەزیاد مەغریب (مەلا ئاراس)**

**رێچکە بە ستن!...**

**یەک یەک،دوو دوو.**

**رێگا ببرن دەی کاکە زوو،**

**کەرت کەرت ،تیپ تیپ...**

**بەرێ کەوتین.**

**لەسەد..ئاسۆگە سەرکەوتین.**

**لە( دابان)ەوە دەرکەوتین.**

**هەنگاو هەنگاوکە وتینە رێ.**

**بۆتۆماری داستانی نوێ.**

**تا مزگێنی بگەیەنین ،**

**بە گوێچکەی خەڵکی شارو دێ.**

**لەو کاروانی سەروەری یە...**

**کە خێڵمان چوو بەرەو کوێستان.**

**چاومان گێڕاهەتا ژیلوان .**

**دیار نەبووی؟.!!**

**کەرێبواری،**

**دەهاتەسەری لەخواری.**

**رێمان دەگرت بۆ پرسیاری....**

**وەلامەکان..**

**بەئاشکراو بەنهێنی**

**هەرئەوەبوون ،**

**کە تۆ کەنەفتی برینی.**

**بروسکەی ئاسمان وزەوی**

**بەرێ کران:**

**هاورێ ...لەخواری نەمێنی.!**

**لە شارباژێڕ تا قەرەچوخ**

**لە شێروانە وە تا کاروخ.**

**کات وشوێنی دیاری کراو**

**چاوەرێ بوون.**

**شەوهات، رۆژهات..**

**تۆ نەهاتی ،**

**هەرخۆت مابووی**

**لە(شێخ بزێنی ).**

* * *

**مێژوو لەخاکی(بابان)دا**

**داستانی وای نەنووسیوە.**

**شاری هەڵمەت وقوربانی....**

**قەت ..نەبەردی وای نەدیووە.**

**هەر ئەوشەوە**

**لە(ئەزمەڕ)ەوە تا(گوڵێ...)،**

**بەردی ....داری.**

**بۆسەندنەوەی خوێنی شەهید..**

**لەگەڵ پێشمەرگە بەشدار بوون،**

**لەمەیدانی فیداکاری.**

بەڵام سەد داخ ومخابن ...
کەلێنی ئێوە هەر دیار بوو،
لەنێو داستانی رزگاری ٠
ئای لەو شەوە...
لەسەر(دووبرا).(
لەو کەڵکەدا(مام برایم )
شەهیدکرا٠
دەنگێ وتی:
چۆن چۆن ئاراس بەجێ ماوە؟٠
بۆبەیانی ،
کاتێ تەتەرگەیشتەجێ
لەنامەیەک داهاتبوو:
لە( شەوگێڕ) ی شەهیداندا
لەپاڵ(هەمزە)و(مەلاجەوهەر)
دوا سەنگەرت بۆلێدراوە٠
دەپێم بڵێ،
کەی ئێستاوەرزی کۆچت بوو،
بۆ٠٠نامەی ماڵئاواییت نەنارد؟٠
بۆ بێ پرس بەجێت هێشتین ؟؟
کێ شک دەبەم ،
خۆکەسیی کەم نایەتەیاد٠
تۆ ڕۆیشتی...
سەفەرت خێر
ئەی هاوڕێ ی لەدڵاشیرین ٠
من دڵنیام٠٠
خۆ جاری تر ناتبینمەوە،
مەگەر لەخەودا بتبینم٠
بەڵێن دەدەم ٠٠لەپاش مەرگت٠
دۆستانت فەرامۆش نەکەم٠
گڕی بروات خامۆش نەکەم٠
لەجیاتی تۆ٠٠
تێرچاودەبرمە نێوچاوی،
(ابنارا)و کاکە(ئاراسن)٠
با هەژارانی گەلەکەم دەڵێم،
پۆستەری تۆ و مامەڕیشە....
بەبرژانگی چاوەکانما هەڵبواسن٠
هەردوو دیوی مەدالیاکەم ،
دوو وێنەی ئێوەی لێ دەدەم ،
تا گەورەو بچووک بیبینن،
دوو ( گیڤارا ) ی کورد بزاسن٠
ئەوا ئێستا لە پشتی(هەناران)ەوە٠
لەداوێنی(قزلەر)اەوە
لەژێررەحمەتی کیمیاوی و
بەدیارغەمی یارانەوە٠
روو دەکەمە زەحمەتکێشان:....
دەست لەنێو دەست ،
دەراپەڕن٠!...
دوژمنانمان ٠٠وڕن،کاسن٠
ئەگەر ئێوە یەککگرتوو بن،
بۆدرکی چاوی ناحەزان...
هەمووتان(ریشە)و(ئاراس )
نیسانی1987
هەناران
*



## چراکەی کەرکوک

شیعری/شاخی

لەهەوارێکی خاڵی دا
تۆ چرا قوتیلەیەک بوویت
کەداگیرسای....
لە(حوجرە)یەک جێت نەبووەوە
بوویت بەتیشک
بۆ کەرکوک و باباگوڕگوڕ
لە سنووری کۆمیتەیەک
ئارام نەبووی
لەسەر قەڵا ئۆقرەت نەگرت
چوویت لە(مامەندە)...

بوویت بە گڕ.

*

بەبیرم دێ ئێوارانێ
باسی(مەغریب)ێکت دەکرد
ئەو چیرۆکە..
(سوڵتان)ێک بۆی باسکردبوی.
شوانێ شەکەت
فەرەنجی یەکەی ڕادەخات و
لەنێوانی گورگەچاڵ و
ئاگرەکەدا..
ڕانەمەرەکەی مۆڵ دەدا
هەر ئەوشەوە..
پێ پەتی یەک
داماڵدراولە ڕەوشت و
لە ویژدان ومەردایەتی.
دوژمنێکی کوردایەتی.
بەبێ خشکە دێتەسەری
کۆترۆکەی گیانی دەفڕێنێ
بەرەو ئاسمانی سەرووەری
هەرئەو شەوە
ڕوحی دەبێ بەهەڵۆیەک
لە ترۆپکی گردۆلکەیەک
بەردێک دەکات
بەشاهیدی بیرەوەری.
گوڵێک لەماڵی(ئەسیری)
خونچەی تەمەنی دەژاکێ..
مەگەر(سێکانیان)بزانن
چۆن هەڵوەری.

*

ئاخر بۆیە ئۆقرەت نەگرت
گیا لەسەربنجی خۆی دەروێ
گوتم مەڕۆ..
دەڕۆی بۆ کوێ؟.
گوتت : دەڕۆم..



دەڕۆم ، دەڕۆم
دەچمە ترۆپکی بەرخۆدان.
دەبمە گیڤاری سەرهەڵدان.
دیسان گریام
گوتم : مەڕۆ..
مەڕۆ ، مەڕۆ.
وا بەپەلە پەیدانابن
جامەن و پشتێنی گەورەو
بەرگی خاکی.
گوتم مەڕۆ
مەڕۆ ، مەڕۆ
بیرت نایە؟
دایکت لەجیاتی لای لایە
دەیلاواندی بە باوکەڕۆ.
تۆش ڕۆیشتی..
ئاوڕێکت لێ دامەوە
بەدەم ڕێوە.
گوتت : سەرێکەو هێناوەمە
توخوا...مەڵێ بگەڕێوە.
لە گوێمدا دەزرینگێتەوە
هەتا ئێستا.
تۆسوێندت خوارد
بەقورئان و بەئەڤێستا.
بەکەرکوک و ئاگرەسوورە
گوتت : گەردنم ئازاکە،
یاکوردستان ڕزگار دەکەم
یا دیسان جەرگی ئەودایکە
دەدەمەوە لەو تەندوورە.

*

ئێوارانێک..
قەڵاو کەرکوک چاویان لێ بوو
(کرێکار)ێک،کەوتە شانت
بە(چاڵاو)دا تێی پەڕاندی
چەمی ڕەزان...

لەئامێزی (دەرەنار)دا
سەرخەوێکی پێ شکاندی
ئیتر ناوی (زیادە) نەما
ناوت بوو بە(مەلائاراس)
ئیتر بوویت بەرێبواری
ئەوکاروانەی سەرقافڵەچی
پیرە هەڵۆکەی قەندیل بوو.
هزرت ڕێبازی (ئارام)و
چرای بیری چەوساوەکان
ڕێ نیشاندەرو دەلیل بوو.
لەوساکەوە...
تۆ هەڤاڵی بارگران بووی.
تۆ نوێنەر و جێی ئومێدی
ڕەنجدەران بووی.
تۆش عاشقە دڵسۆزەکەی
جوتیاران بووی.
بێزار نابوویت
لەقەڵەم وکتێب و
لەفیشەک و...
لە(ڕێبازی نوێ)و(کۆمەڵە)
هەمووجارێ..
کەدەهاتیتە خوارەوە،
پێم دەگوتی:
هێدی..هێدی هەنگاوبنێ
ئەم هەورازە گەلێ سەختە
دەیان سواری گلاندووە
تۆش هەنگاو مەنێ بەپەلە.
*
تۆ کەدەهاتیتەخوارەوە
لە بارانیش بەخوڕتر بووی.
لەژیلەمۆ گەرم تر و
لە ڕەشەبا بەگوڕ تربووی.
ئەشکەوت نەما
تۆ حەسیری تیا ڕانەخەی
(شاخ کونادار ..)
لانەی شێر بوو.
(ئەشکەوت جبرایل...)
پەناگەی تۆی دلێربوو.
*
ئێستاش خاڵخاڵان
خاڵخاڵە...
نێو ڕەزەکانی مۆردخوادە
سوورە چنارێک ڕواوە.
گشت نەورۆزێ(عەلی ساڵح)
سروودی شۆڕش دەخوێنێ،
ئاوازەکەی تۆ داتناوە.
(هەڤاڵی بارگرانم
هەڤاڵی شۆڕشڤانم
هەڤاڵی شۆڕشڤانم).
ئەم سروودە..
هەر چرکەیەک کەدەیبیسم
ئیتر تاسە دەمباتەوە
گشت برینەکانی ئێوەم
بیر دێتەوە.
زامی روحم دەکولێتەوە.
١١ ـ ٤ ـ ٢٠١٨
سلێمانی



# رووسوورەکانی مێژوو


رزگارە سوور



بەلاشانی سلێمانیەوە بۆ ناو هەور هەڵچوو بوو پیرەمەگرون ناڵێم ،بەبەژنی سلێمانیدا هەڵزنا بوو بۆ ئاسمان گۆیژەو ئەزمەر ناڵێم ،هەناسەی شنەشنی شار بوو داربەڕووەکانی بنارو پشتی دەباشان ناڵێم ، لەهەموو نیوەشەوێکی دەیجورا ڕووناکی تووڵەرێکانی نیشتیمان بوو مانگی چواردەو تابان ناڵێم ، باسی پیاوێکی باڵابەرزی جامانە قنجی سمێڵ ڕەشی دەست بە پەلەپیتکەی تفەنگ و ئەگەر لەسەنگەریشدا بوایە ڕیش تاشراو و پاک و کەشخەو دەم بە پێکەنین ودڵ پڕ عەشق و بەورێک لەورەبوو، من باسی کاک جەلالێک ئەکەم /جەلالی حسەکەلۆش ئەو مرۆڤەی خوڵقا بوو بۆ جوانی و عەشقی خاک وخەباتی ڕێگای کوردوستان و،ئاگای لە هەناسە بەهەناسەی نیشتیمان و خورپە بەخورپەی خاک و دڵەڕاوکێ و ژان و زامی بست بەبست و یەک بەیەک بوو ، لەهەرکوێ یەکی ئەم خاکە زامدارە زریکەیەک بهاتایە ئەم ژان ئەیگرت ،لەهەر بستە ئاسمانێکداتروسکەیەک تریفەیەک هەڵبهاتایە ئەم شاگەشکە خۆشی



ئەبوو ، ئەو مرۆڤە عاشقە ئەو تێکۆشەرە مەزنە کاک جەلال حاجی حسین قەساب ناسراو بەجەلالی حسەکەلۆش لەهەوڵی دامرکانەوەی شەڕی ناوخۆدا بوو لەنێوان یەکێتی و پارتیدا کە ئاخریەکەی گیانی پاکی کردە قوربانی ، ئاگاداریان کرد



تیا دەچیت واز بێنە ، لەوەڵامدا ووتی بۆ ئاشتی و تەبایی گەلەکەم گیانم قوربانی یە ، بەڵێ گیانی بووە قوربانی ، ئەوە تێکۆشەرە لەدوایی ڕاپەڕین مام جەلال و کاک نەوشیروان پێ یان ووتبوو حیامەیەت بۆ دادەنێین ، ئەو لەوەڵامدا ووتبووی حمایە لەکێ ، من هەموو تەمەن حیمایەی ئەو خەڵکە بووم ئێستا ئەوان هی منن ، حیمایەم بۆ چی یە، کاکە جەلال لەدایک بووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٦ ، لە ١٦ ساڵی تەمەنەوە پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە و ساڵی ١٩٦٥ بووە بە پێشمەرگە کادرێکی سیاسی و سەربازی دیاری ناو بزووتنەوەی کورد بووە ، پێشمەرگەی شارو شاخ بووە ، کادرێکی بەتوانای کاژیک بووە ساڵی ١٩٧٥ ڕۆڵی هەبووە لەدامەزراندنی پاسۆک /پارتی سۆسیالیستی کورد/ دوایی ئاشبەتاڵ ١٩٧٦ یەکەم مەفرەزەی پاسۆکی لەشاخ ڕاگەیاندووە تاوەکو سەرەتای هەشتاکان ڕووی لەسوریا کردووەو دوایش چۆتە ووڵاتی سوید و بووە بە پەنابەر ، تا لە ١٩٩٥/٠٥/٠٣ لەنێوانگیری شەڕی ناوخۆدا لەسلێمانی بەدەستێکی نادیاری چەپەڵ گەشمردە بوو زۆر بەداخەوە یادی بەخێرو ڕەوانی پاکی شاد

# لەیادی داستانە مەزنەکەی ڕزگاری

**سەرکەوتی جیهاز**

داستانی رزگاری یەکێکە لەداستانە مێژووییەکانی گەلەکەمان، لەمانگی٤ـ١٩٨٧ پێشمەرگە خۆراگرو گیان لەسەردەستەکانی گەلەکەمان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی بێ شومارو دڕندەی ڕژێم.

ڕژێمی فاشی بە عس پێش چەند مانگێک بەر لەهێرشەکە پیلانی گلاوی خۆی دارشتبوو بەو نیازەی هێرش بکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرجەم گوندو لادێکان وێران بکات و کورد لەناوبەرێت، بەلام پێشمەرگە قارەمانەکانی یە کێتی نیشتمانی کوردستان لەچەندین قۆڵەوە سەنگەری بەرگرییان لێداو هێزەکەی دوژمنیان شکاند

داستانی رزگاری بە بەشداری زیاتر لە ١٥٠٠ پێشمەرگەو بە دوو قۆناغ جێبەجێکرا. قۆناغی یەکەم کە بۆ چەواشەکردنی دوژمن بوو لەشەوی ١٣ــ٤ــ١٩٨٧دا جێبەجێکرا، بەوەی لوتکەکانی قوڵەسەوزو قوڵەسپی و قوڵەپوشین لەچیای پیرەمەگرون ئازادکران. قۆناغی دووەمیش لەشەوی ١٤ــ٤ــ١٩٨٧دا بۆ چوار میحوەر دابەشکرابوو:

١ــ یەکەم- چیای گۆجار، چیای حەسەن بەگ، کەلکەی قامیش و قوتەی زەرون .

٢ــ دووەم- چەمی پیرەئەلیاس، گوندی بالخ، دامێنی حەسەن بەگ، دەشتی کارێزەو پاشان شارۆچکەی کارێزە .

٣ــ سێیەم- چیای دووتوی، چیای کوێرەنگ، شاخەسوور، قەیوان.

٤ــ چوارەم- چیای پشتی خەمزە، چیای ئەزمەڕو گۆیژە.

لەئەنجامی ئەم نەبەردییەدا هە شت مقەرفەوج، چوار مقەرسریەو ١١٧ رەبیەی جۆراوجۆر گیران و زیاتر لە ٣٠٠٠ سەربازو جاش و جەیش شەعـبی و لیوای تایبەت کوژران. لەبەرامبەریشدا داستانەکە بەخوێنی پاکی ٢٤ شەهید تۆمارکرا

چۆنێتی دە ست پێکردنی داستانە کە:

ئە م داستانە لە چە ند قولێکە وە دە ستی پێ کرد

قۆڵی یە کە م :

تیپە کانی هە ردوو مە ڵبە ندی 1 و 2 بە هاو بە شی ئە م زنجیرە شاخانە یان پاک کردە وە:

١ -تیپە کانی ٥٩ ی حە مرین و ٥٧ ی سە گرمە و ٥٥ ی قە رە داغ و ٥٣ ی شێروانە و ٥١ ی گە رمیان و بە شێکی تیپی مە ڵبە ندی یە ک ١ هە روە ها تیپە کانی ٤٣ ی ئاسوس و ٤٤ ی چە کوچ و ٢١ ی کە رکوک و ٦٥ ی بڵفە ت و ٢٣ ی سورداش بو سە ر ئە م زنجیرە شاخانە دانران: ـ خە جە لە رزوک ـ چیای کوڕە نگ ــ شاخە سوورــ کە ورە کە ڵکی قە یوان ـ دووبرا ــ ئە زمر.

لە م چالاکی یە دا ٤٤ رە بایە و ٢ مقە ر سریە و ١ یە ک مقە ر فە وج دە ستی بە سە را گیرا و ٥٠ سە ربازو جاش بە دیل گیران و دە یان پارچە چە کی هە مە جور دە ستکە وت بوو.

قۆڵی دووە م-:

مەڵبە ندی ٣ بە هاوبە شی لەگەڵ مە ڵبە ندی ٢ دوو, ئە م زنجیرە شاخانە ی پاک کردە وە : بە رزای یە کانی گوندی ولاغ لو ,گوندی بالخ ,کارێزە ی کۆن,دۆڵی پیر ئە لیاس. تیپە کانی ٧٨ی کاروخ,٨٦ ی دە شتی هە ولێر,٨٣ی هە وری,١٩ی کورە ک,١٢ی سوران و بە شێکی تیبی مە ڵبە ندی سی ٣,تیپە کانی ٤٧ی پیرە مە گرون,٢٥ی خاڵخاڵان,تیپی پارێزگاری.

لە م هە ڵمە تە دا ٢٤ رە بایە,مقە ر فە و جە کانی ٦٢,٣٣,١٠,٣٢ و لە گە ڵ ٣ مقە ر سریە دە ستی بە سە را گیرا و ٦٧ سە ربازو جاشیش بە دیل کیران و دە یان پارچە چە کی هە مە جۆر و جیهازی بیتە ل و کە لو بە لێکی زۆری مۆڵگە کان کە وتە دە ست پێشمە رگە و چە ندین ئۆتۆمبیلی سەربازی دوژمن سوتێنران.

قۆڵی سی یە م:

بە سە رپە رشتی دە زگای پێشمەرگایە تی و تیپە کانی مە ڵبە ندی ٣و مەڵبەندی ٢ و تیپە کانی ٩٣ی کۆیە,٩٩ی بیتوێن,٩١ی سە فین,٨٧ی قە رە چووغ,٦٣ی جوتیاران,٦٥ی بڵفە ت,٦٨ی مامە ندە. ئە م زنجیرە چیایانە یان پاک کردە وە: چیای گۆجارزینۆی سپی,دۆڵی گە لاڵەشاخی تە وراسە.

لە م چالاکی یە دا ١٣ رە بایە و یە ک ١ مقە ر فە وج دە ستی بە سە را گیرا و ١٤ سە ربازو جاشیش بە دیل گیران و دە یان پارچە چە ک و جیهازی بی تە ل و کە لو پە ل دە ست کە وت بوون.

قۆڵی چوارە م:

مە ڵبە ندی دوو,تیپی ٣١ ی سلیمانی,مە ڵبە ندی یە ک تیپی ١٥ی هە ورامان,لە م چالاکی یە دا بە شدار بوون و ٥ پێنج رە بایە ی



سەر شاخی گۆیژه یان پاک کرده وه,دوژمن ده یان کوژراو و بریندارى هه بوو له م قوڵه شه وه له گه ڵ برێک ده سکه وت.

قۆڵی پێنجه م:

تیپی ٣٧ی شاربازێر له هه ڵمه تێکدا بۆ سه ر ره بایه کانی شاخی گوڵێ ودۆڵی گمۆ‌توانیان ده ست به سه ر زوربه ی ره بایه کاندا بگرن و له ئه نجامدا ٣٠ جاش و سه رباز به دیل گیران و موده ره عه یه کیش سوتێنرا له گه ڵ کۆمه ڵێک ده سکه وت.

ده سکه وته کانی هێزی پێشمه رگه بریتی بوون له:

٣٠٠ کلاشینکوف ــ٣٠ ئارپیجی ــ ٤ ئارپی که ی ــ ٦ بیکه ی سی ــ ٤ قه ناس ــ ٣ دوشکه ــ١٥ دکتاریوف ــ ٢٤جیهاز ــ٧ هاوه نی ٦٠ ملم و که لو پەلێکی زۆری سه ربازی

ئه م داستانه مه زنه ته نها له ماوه ی ٣ کاتژمێر تۆمار کرا.

تێبینی پێشمه رگه کاک محه مه د سنگری له بیر هینانه وه ی ئه م داستانه ئاماری کوژراوه کانی دوژمن به ٧٩٧ کوژراو بریندار ئاماژه دەکات


قوربانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بریتی بوون له ٢٤ شەهیدی ڤارەمان که له ١١ شه هید له و٢٤ پێشمەرگه قاره مانانه که بریتین له شێخ جه میل و ١٠ پێشمەرگەی قاره مانی دیکه دوای ئابلۆقه دانیان له لایه ن هێزه کانی رژێم و به پاڵپشتی حه وت ٧ کۆپتەری جه نگی له گوندی ئاڵه سیاو له ته واو بوونی فیشه ک به دیلی له لایه ن ه‌ێزه کانی دوژمنه وه ده ستگیر ئه کرێن و پاشان نامه ردا شەهید ئەکرێن هەزاران سڵاولەگیانی پاکیان .

بۆ یادی شەهید وەستا عەتا ئەم چەند دێرەم نوسیوە .

شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە

کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

شێرکۆ بێکەس




بۆیادی شەهید وەستا عەتاو هاوڕێکانی لە داستانی ڕزگاری مێژوی میللەتان لە ئاستی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و خەبلتی چەکداری بە خوێن و شەهید دەپێورێ ، ئەم دوانەن مێژوی نەتەوەک دەبەنە ئاستی پیرۆزی و قوربانیدان ، ئەوانەی لە دوێنێی شۆڕشدا شەهید بون هەر ئەوانن دەبنە مەدالیای ملمان لە ئەمڕۆدا ، شەهید وەک ئەسترە لە شەوەزەنگدا ، وەک هیوا لە پێدەشتی ژیاندا وەک سەوزایی بۆ کوردستان ، جێی شانازین و منیش وەک بینەرێکی پڕ لە بیرەوەری هاوڕێ شەهیدەکانم بەردەوام یادەوەری خوێن و شەهید دەبێتە بەشێک لە شانازیم.

سڵاو لە ڕۆحی پاکی هاوڕێ ی ڕۆژە سەختەکانی خەباتم وەستا عەتا جێگری کەرت لە تیپی ٤٧ پیرەمەگروون کە ٣٤ ساڵ لە مەو پێش لە داستانی ڕزگاری دا لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی تردا شەهید بوو.لەو بیرەوەریە تاڵەدا و چەند ووشەیەک و گفتۆگۆیەک پێش شەهید بوونی وەک خۆی ئەگێرمەوە .شەوی ١٣/١٤-٤-١٩٨٧ یەکێتی خۆی ئامادە کردبوو بۆ داستانی رزگاری .هەموو هێزەکانی لە ئامادە باشیدا بوو سەعاتی سفر دیاری کرا بوو، تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ئەو شەوە لە گوندی مالومە بوو منیش وەک عەدەد جیهاز لە گەل ئەو تیپ و هێزەدا بووم.ئەوەی بەرئەو هێزەی ێێمە کەوتبوو بۆ رزگار کردن لە دۆڵی جافایەتی لە گاپیلۆن و باڵخ و چەمی پیر ئەلیاس ... و هەتا کارێزە .نامەوێت لێرەدا بچمە ووردەکاری داستانی رزگاری و هێزەکان و بەرپرسەکان و.... ئەگەر تەمەن باقی بوو لە کاتێکی تردا بە دورودرێژی ئەی خەمە خزمەتان، من تەنها باسی ئەوشەوەی خۆمان ئەکەم لە مالوومە.پێشترو لە پێشمەرگایەتیشدا زۆر شتم بیستبوو لە سەر حەماسەتی پێشمەرگە کە بە چ زەوقێکەوە بەرەو پیری مەرگ ئەرۆن بە تایبەتی کە خۆیان بۆ چالاکی ئامادە ئەکرد وەیان بۆ تۆڵە سەندنەوەی هاورێ شەهیدەکانمان.بەڵام هەرگیز وەک ئەوشەوەی مالوومەم نەدیبوو زوربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە مزگەوتەکەی مالوومەو دەورو بەری بوون زەوق و خۆشی یەک لە رویان دیار بوو زۆر جیاواز بوو .سەرەتا دوو دوو سێ سێ هەر چرپە چرپ وقسەکردن بوو ئەم چالاکی یەی ئەم شەو ئەبێ چی بێ وچۆن بێ هەر یەکەو قسەیەکی ئەکرد نە یان ئەزانی بە تەواوی چی یەو جار جار سەیرێکی منیان ئەکردو ئەیان ووت سەرکەوت تۆعەدەد جیهازی شتێک ئەزانیت پێمان بلێ منیش زۆر بە سادەیی ئەم ووت چالاکی ئەم شەو جیاوازە زۆر گەورەیە .ئەوانیش بە پێکەنینەوە ئەیان ووت ێێمەش ئەوە ئەزانین قابیلە ئەم هێزە گەورەیە بۆچی ئامادەکراوە...پاش کەمێک لەم گفت و گۆیانە لە بەردەم تەختایی یەکەی مزگەوت بوو بە هەڵپەرکێ و گۆرانی هەروەک ئەوەی

شتێکیان زانیبێت تادەهات ئاهەنگەکە خۆشترو فراوانتر ئەبوو هاوڕێ ی پێشمەرگایەتیم کاک حاجی کەریم[بەداخەوە ئەویش ئەو شەوە بە ئەڵغام قاچێکی پەری]گۆرانی هەی مەنێ مەنێ ی ...... ئەوت هەموو پێشمەرگەکانیش هەڵ ئەپەرین ڕەنگە گێرانەوەو باسکردنی ئەو شەوە لای زۆر کەس سادە بێت بەڵام لای من زۆر مانای گەورەو پیرۆزی خۆی هەیە ئەم بینی ئەمانە ئێستا بەرەو شەر ئەچن ڕەنگە لێ مان شەهید بێ یان بریندار خۆشیان ئەیانزانی، یەکسەر ئەوەم بیرکەوتەوە ئای ئازادی سەربەستی چەند خۆشەویستی ئای خاک چەند پیرۆزی وا ڕۆڵەکانت بە شایی و گۆرانی یەوە مەرگی خۆیانت پێش کەش ئەکەن لەم بیرکردنەوانەدا بووم شەهید وەستا عەتا هات بۆلام و قۆڵی کردە قۆڵم و کەمێک دووری خستمەوە ووتی سەرکەوت تۆ هەموو شتێک ئەزانیت سوێندی دام شتێکی پێ بڵێم منیش دڵیم نەشکاند ووتم وەستا پێشتر شوێنی دانیشتن و ئێسراحەتمان چاخانەکەی پیر ئەلیاس بوو ئەم جارە ئەی بەینە سەری ئەزمەر باوەشێکی پیاکردم و ماچێکی کردم دوای ئەمە گەراینەوە لای پێشمەرگەکان زۆری نەخایەند بەرێ کەوتین بەرەو شوێنی مەبەستشەوە زەنگ بوو پێشمەرگە ڕیزی بەستبوو بە دوای یەکدا بە بێ دەنگی هەنگاومان ئەنا تا ئەهات نزیک ئەبوینەوە لە شوێنی دیاری کراومانلە پڕ بێ دەنگی شکاو شەرو تەقە لە هەموولایەکەوە دەستی پێ کرد ڕژێمی داگیرکەری بەعس هەموو ئەوشوێنانەی بەئەڵغام چاندبوو تەنانەت ناو ئاوو چەمەکانیش بە داخەوە ئەو شەوە چەندین هاوڕێمان شەهیدو بریندار بوونەوە چەندین ڕوداوی ناخۆش ڕویدا لە دەمی هاوڕێی پێشمەرگایەتیم کاک عومەر گێڕایەوە ووتی چەند پێشمەرگەیەک بووین خوار جادەی گاپیلۆن بە ئاراستەی باڵخ لە پڕ پێشمەرگەیەک هاواری کرد بۆستن لە شوێنی خۆتان پێم ناوە بە ئەڵغامێکدا هەوڵ بدەن بە شوێن پێکانتان بگەڕێنە دواوە منیش خۆم هەڵئەیەم با ئێوە بریندار نەبن دوای گفتوگۆیەکی کورت وایان کرد ئەوان خۆیان دا بە عەرزاو ئەمیش خۆی هەڵدا بەداخەوە کەوت بەسەر ئەڵغامێکی ترداو هەر لەوێ شەهید بووەوە چەندین ڕوداوی دڵتەزێنهەر ئەو شەوە وەستا عەتاش بۆ یەکجاری بەجێ ی هێشتین و برینێکی قوڵی خستە نێو دڵمانەوەو چوە کاروانی

شەهیدانەوە هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید وەستا عەتاو هاوڕێ کانی و هەمووشەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان .

تێبینی* پێشمەرگە لە کاتی خۆیدا هەموو شوێنەکانی بۆی دیاری کرابوو ڕزگاری کرد و ناوچەیەکی جوگرافی گرنگی ئازاد کرد .

* چەمی پیرئەلیاس کەوتۆتە نزیک گوندی باڵخ خوار گاپیلۆن .




**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**
**نامرێ ناو و نیشتان**
**ئێوە بوونە ڕەهبەرێ مە**
**بوونە پشت و سەنگەرێ مە**
**تاجی بەرزیتان لەسەر نا**
**دوژمنی گەلتان وەدەر نا**
**تا شەهید خوێنی نەڕێژێ**
**تاکو گەل تاڵی نەچێژێ**
**داری ئازادی شین نابێ**
**باخی ژینمان ڕەنگین نابێ**

# له پەندەکانی مامۆستا پیرەمێرد



منداڵ لەسەرخۆ پێدەگرێ و دەڕوا
بەرسیلە بە سەبر ئەبێ بە حەڵوا

باخی چوارباخی ئەحمەد پاشام دی
ئێستا خەویکە بۆم نایێتەدی

چوارجڵدەتەئریخی ئەمینزەکی بەگ
نامرێ و ناڕووخێ بە زۆری فەلەک

حاجی بەگیش بووبەوەسیلەی خێر
ئەو ئاوە جوانەی ئەیخۆینەوە تێر

ئیتر بزانین لەمەودوا کام پیاو
ئاساری خێرمان بۆ دێنێتە ناو

گوم بوو ژیان و پەندی پێشینان
هۆمان کەوتبوە چیرۆکی ژنان

ئێستا هەردووکیان کەوتنە مەیدان
سا، چی ئەنوێنێ ئاوێنەی دەوران

کە تۆ نوشستیت لە کەس نەهانی
تامی لێبوردن ئەوسا دەزانی

گەردشی جیهان زوو زوو ئەگۆڕێ
یەکێ دێتەوە و یەکێ ئەتۆرێ

ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕێ
سەودای مەبعووسی ئەچێتە گۆڕێ

برا، برای خۆی لای بێگانەیە
فرزەند لە باوک بە بەهانەیە

هەموویش ئەیزانن یەکێتی چاکە
دووکەس یەک کەوێ سێ‌کەس غەمناکە

کەهەموو ئاشت بن بۆ تۆ چاکترە
هەر ڕۆژە خوانی لایەیک حازرە

ئەوی بە"فریو" ئەگاتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتە دایە

کاسبی چونکە دەعیەی تیا نییە
هیچ مەئموورێکی پێ‌ڕەزا نییە

من وا مەعاشی تەقاویتیەکەم
ئەمبا بەڕێوە بێ‌زیاد و بێ کەم

هەوای "بۆنژۆر" و نەشئەی تەمەننا
خستوومیە گێژی تەقە و تەقەللا

زەیستان لەسەرکاسە سوێند ئەخوا
کەچی چلەی چوو عوزری‌تر نەشوا

ئای بۆ ئەوانەی لەتەماع پاکن
لە ناحساب و حساب بێ‌باکن



YADNAME **یادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژو یی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەممەد فەتا ح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

**Email :sarkawt_47@hotmail.com**
**Viber& WhatsApp: +31615852703**

YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسـینەوەی ڕوی ڕاسـتی رووداو و یادنامەکانە، بە مەبەسـتی سـود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سـەروتار، هەر بابەت و نوسـین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سـەرپەرشـتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.25,June 2021

هەڵبژاردن و ئاشتی کۆمەڵایەتی.
عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنێکی گرنگدان ، سەرەڕای ئەوەی کورد دەبێت ناکۆکیەکانیان و ململانێکانیان تەواو هێواش و نەرم بکەنەوە دەبێت بە یەک هەڵوێستی کار بۆ پێگەی کورد بکرێت تا قورسایی زیاتری هەبێت لە ناوەندا ، چونکە بەریەککەوتنی وڵاتانی ناوچە و جیهان لە ناوەندا دەبێت و بەشێکی گرنگی مافەکانی کورد لە بەغدادا دەبێت ، واتا دەبێت لە هەرێمەوە کۆنترۆڵی ئاشتی و پێکەوە ژیانی خەڵکی عێراق بکرێت تا مافەکانی کورد زیاتر بە پێی دەستور بەهێزتر بێ.
لە هەرێمیش ئەوە دەزانین کە بەردەوام هەرێم کەوتوەتە سەر هێڵێکی سیاسی پڕ جوڵەوە ئەمەش پێویستی بە ئاشتی کۆمەڵایەتی قوڵ هەیە
تا بتوانێت مانەوەی خۆی بەهێز تر بکات.
ئەم هەڵبژاردنە دەبێت خەتی سور دابنرێت لە نێوان لیست و کاندید و حیزبەکاندا و نەهێڵرێت کەس ئەم خەتە سورە ببڕێت ،با ململانێ هەبێ و کاری ڕیکلام هەبێ بەڵام نەک لەسەر ئەژماری تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەڵکو لەسەر کاری باشتر و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهێز کردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی.
یادنامە



مزگەوتی گەورەی سلێمانی دروستکەری ئیبراهیم پاشای بابان بووە کە دروستکەری شاری سلێمانی بووە گەورەترین و بەناوبانگترین مزگەوتی سلێمانی بووە، یەکەم مامۆستای ئەم مزگەوتە شێخ مارفی نۆدێ بووە، پاش کاک ئەحمەدی شێخ سەید غەوسە و شێخ محێدینی سەید غەوسە خەتیبی بوو، لە زەمانی کاک ئەحمەد دا حاجی مەلا عەزیزی دێلێژەیی کراوە بە واعیز، لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا شوێنی کلپەسەندنی جۆشی نیشتمان پەروەریی بووە، تەرمی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر لەوێ نێژراون. یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینی تیا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابان لەوێیە. یەکەم منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی سولتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی، لە ساڵی ١٩٩٨دا لەسەر ئەرکی هەڤاڵ مام جەلال مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر تەعمیر کرا و قوببەیەکی جوان و قەشەنگی بۆ دروستکرا. ویکیپیدیا




ئەنفال و ئامار... ل2
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل6
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل7
لە دووڕیانی سەربازی وپێشمەرگایەتیدا... ل8
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل9 بەشی دووەم
دوا فیشەک و گۆڕە ونەکە.. ... ل12
چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان ... ل (15)
ماتماتیکی دەق لای ئازاد مارف ... ل19

# ئەنفال و ئامار

" بەعس لەمانگی دەی ساڵی ١٩٨٧دا، واتە لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا ئامارێکی گەورەی دانیشتوان ئەنجامئەدات. ئەم ئامارە هەر

مەبەستێکی سیاسی یان مەدەنی یان ئابوری لەپشتەوەبوبێت، لەوە کەمناکاتەوە کە ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی

ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفالدا. ئەم ئامارە هێڵێکی ڕاستەوخۆ دەکێشێت لەنێوان ئەوانەی بەعس بە هاوڵاتیان دادەنێت لەبەرامبەر ئەوانەدا

کە بەعس نەک تەنها هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونیان لێدەسێنێتەوە، بەڵکو وەک ناپاک و نادۆست و دوژمنیش پێناسیاندەکات. ئەوانەی لەم

ئامارەدا بەشدارنابن نەک دەکرێنە کەسانی بێماف، بەڵکو مامەڵەی خائینیان لەگەڵدا دەکرێ و سزای مردنیان بۆدردەکرێت. بەپێی

بڕیارێکی مەجلیسی قیادەی سەورە کە لە مانگی ئابی هەمانساڵدا دەرچووبوو. ئەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی حکومەتدا نەبوون، واتە

ئەوانەی کە سەرژمێریی دانیشتوان نەیدەگرتنەوە، داوایانلێکرابوو بگەرێنەوە ریزی نیشتیمانی و ژێر دەسەڵاتی بەعس.

بەعس تەنها

ئەوانەی بە هاوڵاتی دەزانی کە دەیتوانی کۆنترۆڵ و چاودێری و دیسپلینیان بکات. لەنێوان ئەو بڕیارە لە مانگی ئابدا و لەنێوان ئامارەکەدا

دوو مانگ هەیە، بەعس ماوەی ئەو دوو مانگەی دانابوو بۆئەوەی هەموو ئەوانەی ناکەونە ژێر دەسەڵاتی بەعسەوە بە ناعێراقی و

ناهاوڵاتی و تەنانەت نائینسان ناوبنێت و ماف بەخۆیبدات بەناوی سەروەری نەتەوەیی و پاراستنی ئاسایشی عێراق و پاراستنی وڵاتەوە

بیانکوژێت.

ئەو ناوچانەی کە حکومەت نەیتوانی بیانخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە بە "ناوچە قەدەدغەکراوەکان"، مناطق محرمة، ناونران و ئەوانەش

لەویدا دەژیان لە دیدی بەعسدا ئینسانی حەرام بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە عێراقەوە نەمابوو، هەموو مافێکی ئینسانبوونیان لەدەستدابوو.

واتە ئەوانە بووبوونە مرۆڤی قەدەغە، کەسانێک دەوڵەت کەی بیویستایە و چۆن بیویستایە دەیتوانێت بیانکوژێت. ئەگەر بکرێت چەمکێک

لە فەیلەسوفی ئیتالی ئاگامبنەوە بخوازین دەکرێت بڵێین بەعس هەموو ئەوانەی کە دەکەوتنە ناو ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە گۆڕی بۆ

" هۆمۆساکەر ". لای ئاگامبن هۆمۆساکەر ئەو کەسانەن کە لە ڕۆمای کۆندا دەژیان، بەڵام هیچ مافێکیان نەبووە، هەرکەسێک حەزی

لێبوایە یان بیویستایە دەیتوانی بیانکوژێت بەبێئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدابکرێت. ئەرکی سەرەکی ئەو ئامارەی بەعس لەو

ڕۆژگارەدا دروستیکرد بریتیبوو لە دروستکردنی ئەو ئینسانانەی وەک هۆمۆساکەر پرۆژەی کوشتن و لەناوبردنێکی بێ لێپرسینەوەبن."

پەرەگرافێکی تر لە نووسینێک بە ناونیشانی "ئەنفال وەک جینۆساید، ئەنفال وەک برینێکی نەتەوەیی"، ئەم باسە لە کۆنفرانسێکدا لە هەولێر

لەسەر تاوانەکانی ئەنفالدا، لە ساڵی ٢٠٠٨دا، پێشکەشکرا.

مەریوان قانع



## سەرا، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ..مێژوویەکی نەنووسراوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی

ئەگەر لە ڕووە مێژووییەکەیەوە لە (سەرا) بڕوانین، دەبینین کە مێژووی ئەم شوێنە پەیوەستە بە مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانییەوە و لە کۆنیشدا شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی شارەکە بووە.

(سەرا) کە مەیدانێکی فراوانی شاری سلێمانییە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، شەش شەقامی سەرەکیی دێتە سەر کە ئەوانیش شەقامەکانی (مەولەوی، کاوە، سابونکەران، گۆران، بێکەس و پیرەمێرد)ـن، ئەمەو زۆرێك لە بازاڕە گەورە و ئەو شوێنە پێویستانەی کە ڕۆژانە هاووڵاتیان ڕێیبیان تێی دەکەوێت، دەکەونە نزیك ئەم شوێنەوە.

لە کۆنیشدا (سەرا) شوێنی بایەخی هاووڵاتیان و دەستەڵاتدارانی شارەکە بووە و زۆرێك لە فەرمانگە حکوومییەکانی تێدا بووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە یەکەم حکوومەتی کوردی لە (سەرا)ـوە ڕاگەیەندراوە.

مێژوونوس و شارەزا لە بواری بەڵگەنامەدا مامۆستا (ڕەفیق ساڵح)، لە بارەی مێژووی (سەرا)ـوە، دەڵێت: "مێژووی سەرای سلێمانی، بۆ سەردەمی بابانەکان دەگەڕێتەوە و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە شیعرێکی بەناووبانگیدا ئاماژەی بە سەرا داوە، کە دەڵێت:
لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو، نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو، لەبەر دەرکی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید، مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو."
هاوکات (م. ڕەفیق) باس لەوەیش دەکات کە لە (سەرا)ی سلێمانی لە (1918/11/17)دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا (مێجەر نوئێل) مەندوبی سامی بەریتانیایی لە بەغداد جاڕی بەمەلیکبوونی (شێخ مەحموودی حەفید)ی دا وەکوو یەکەم مەلیکی کوردستان، کە ئەمە ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا.

لە بارەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیشەوە لە (سەرا)دا، ئەو مێژوونووسە دەڵێت: "لە 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930دا، بۆ یەکەم جار وەکوو داهێنانێکی نوێی خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانیدا، خۆپیشاندان دژی ئینگلیز لە بەردەرکی سەرادا ساز کرا، کە ئەم ڕووداوە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناسراوە، چونکە شەهید و بریندارى لێ کەوتەوە. هەروەها بە درێژایی لکاندنی ئەم پارچەیەی کوردستان بە عێراقەوە و سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، (سەرا) شوێنی کۆبوونەوەی هاووڵاتیان و مەیدانی هەموو خۆپیشاندانەکان بووە.

هەر لەمەڕ خۆپێشاندانەکانی بەردەرکی سەرا، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە (بێکەس)ـی شاعیر شیعری (27 ساڵە) دژ بە (ئەدمۆنس) حامکی ئینگلیز دەخوێنێتەوە، کە لەو کاتەدا خۆپێشاندەران وەکوو شۆڕشێکی سپی دژی ئینگلیز باسیان دەکرد.

هاوکات نووسەر و وەرگێڕ (عەبدولکەریم عوزێری)، لە بارەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی 1930ـیەوە، دەڵێت: "لە 6 ئەیلوولی 1930ـدا، خۆپێشاندانێکی گەورە لە نێوان گەنجانی ئەم شارە و دەستەڵاتدا ڕووی دا، کە تێیدا یەکێك لە ڕێکخەرانی خۆپێشاندانەکە بە ناوی (عەولە سیس)ـەوە، کوژرا.

هەروەها ئەو شتەی کە تا ئێستا باس نەکراوە، ئەو کەسەی بە (ڕەشاش) لە یەکێك لە پەنجەرەکانی بینای (سەرا)ـوە تەقەی لە هاووڵاتیانی خۆپێشاندەر کرد، لە لایەن پیاوێکی سەر بە عەشیرەتی (سمایل عوزێری) بە ناوی (حەمە تاڵیب)ـەوە بە خەنجەر کوژرا.

(عوزێری)، باسی لەوەیش کرد کە لە ساڵی 1956ـدا، کاتێك تەرمی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموود حەفید) گەڕایەوە سلێمانی، لە (سەرا)ـدا پێکدادان لە نێوان هاوخەمانی مەلیکی کوردستان و دەستەڵاتدا ڕووی دا و خێزانی هونەرمەند (ڕەشۆڵ) لە بەردەرکی سەرادا شەهید کرا.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، سەرا وەکوو ناوەندی سلێمانی پێگەیەکی گرنگی هەبووە، بۆیە چەندان فەرمانگەی حکوومی برایە بینای سەراوە کە تا ئێستایش بیناکە هەر ماوە و لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند ساڵێك بینای قایمقامییەت بووە.

(ڕەفیق ساڵح)، بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە و، و باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی بابانەکاندا، (سەرا) بارەگای میری بووە. هەروەها لە سەردەمی حکوومەتی (شێخ مەحموود)ـدا بارەگای حکوومەت بووە و چەندان ڕێککەوتنامەی سیاسی و ئیداریی تێدا مۆر کراوە.

(عوزێری)، دەڵێت کە لە شەستەکاندا (جەلال تاڵەبانی) کە سەرۆکی شاندی کوردی بوو، بۆ یەکەم گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عێراق پاش گەڕانەوەیان لە بەغداد لە (سەرا) کۆبوونەوەی بە هاووڵاتیانی سلێمانی کرد و، گوتی کە دەستکەوتەکەمان حوکمی لامەرکەزییە، کە ناوەڕۆکەکەی ئۆتۆنۆمییە، ئەمەیش بۆ هاووڵاتیانی شاری سلێمانی هەواڵێکی گرنگ بوو.

لە بارەی بایەخی لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی شاری سلێمانییشدا، (عوزێری) باس لەوە دەکات کە لەگەڵ بوونی ئەو فەرمانگە حکوومیانەی لە (سەرا) و دەوروبەریدا هەبوون، هاوکات چەندان قوتابخانەی تێدا بووە و یەکێك لە قوتابخانە کۆنەکانی، قوتابخانەی (فەیسەڵییە) بووە، کە هەر لە نزیك سەرا بوو. هەروەها قوتابخانەی (کەشتیی نوح) کە هەر لە سەراوە نزیك بوو کە یەکەم قوتابخانەی ئەهلی بوو لە شاری سلێمانی کە لە لایەن ماموستا (نەجمەددین مەلا)ـوە بە ڕێوە دەبرا.

لە ئێستادا، بڕیارە باڵاخانەی (سەرا) نۆژەن بکرێتەوە و لە لایەن پارێزگاری سلێمانییەوە بودجەی نۆژەنکردنەوەی بۆ تەرخان کراوە و بڕیارە بکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە شاری سلێمانی.

بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی (کەمال ڕەشید ڕەحیم)، لەم بارەیەوە گوتی: "بینای (سەرا) نۆژەن دەکەینەوە و بڕیارە بکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە هاووڵاتیانی شاری سلێمانی."
گوتیشی کە سەرا، چونکە لە کۆندا شوێنی بزاوتی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئیداریی ئەم شارە بووە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانی بە گرنگییەوە سەرپەرشتیاری نۆژەنکردنەوەی سەرا دەکات و چاودێریی جێبەجێکردنەکەیشی دەکەن.

ئەگەرچی لە ئێستادا (سەرا) بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە ئەو (سەرا)ـیەی لە ئێستادا ناوی (مەیدانی ئازادی)ـی لێ نراوە، مێژوویەکی نەنووسراوی هاووڵاتیانی شاری سلێمانیی لە خۆگرتووە، مێژوویەك کە سیمبولی زیندوێتیی سلێمانییە.

**وەرگیراوە**



## شەهیدە سەربەرزەکان....(ڕەنج سەنگاوی)

شەهیدە سەربەرزەکانی نیشتیمانم
ئاواتەخواز... نیم بێنەوە
من ئەزانم برینە خوێنینەکانی سەر جەستەتان
دیسانەوە ئەکولێنەوە
ناڵێم خوێنتان بەهەدەر چوو
هەرگیز ناڵێم خەونی پیرۆزتان بەسەرچوو
ئەو ئاڵایەی کە هەڵتان کرد ئێستاکە ئەشەکێتەوە
بەڵام لەژێر ئەم ئاڵاشا، نیشتیمان هەر ئەتلێتەوە

ئەگەر هاتوو بیری هاوڕێکانتان کردو و
ئێوارانێ گەڕانەوە
مەگەڕێن بۆ بارەگای سەرکردایەتی
کۆڕی خەبات ئێستاکە کۆڕی مەستانە
مەگەڕ بڕۆن بۆ یانەی کۆمەڵایەتی

ئێوە بۆنی خەباتتان لێدێ و
بەڵام زۆر لە هاوڕێکانتان بۆنی ئارەقی ئۆزۆی یۆنانی
ئەمان چاوانیان هەڵنایە لەبەر مەستی و
تۆش بۆ ئایندەی دوور ئەڕوانی
دڵو گیانم شەهیدانم
تخوا نەچن، هیچ کەس ناتاناسێتەوە
کێ لەبەر ڕووناکی کزی سەر مێز
ڕووخسارتانی بیردێتەوە

شەهیدانم توخوا نەچن
ئێوە کوڕی شەوی بەفرو ناوشاخان و بەر بارانن
نەبا نەتانکەنە ژووری
چون ئەتەکیەت نازانن.



## دەڵێن چی سەرێک لە ( بانە و سنەو شەقڵاوە و قورشاغلوو و باشقەڵا و حەسەکە و قامیشلوو و ئەمریکا  بدەین ) ؟

نووسینی هەندێک کەس دەبینم بڕواتان بێ هێڵنجم دێتێ . هەندێک نووسەر یان تێ ناگەن , یان نایانەوێ تێ بگەن ، یان هەر لێ نازانن . بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاو ڕوونی بدەم بە بەڕێزتان دەڵێم : بۆ ناوی شوێن ( شار , گوند , وڵات ) لە زمانی عەرەبی دەستوورێک هەیە دەڵێ : ئەگەر شوێنێک بە ( ئەلف ) یان  بە تێی خڕ (التاء المربوطة ) کۆتایی هاتبوو , ئەگەر ( ی) نسبەی چووە سەر دەبێ ( ئەلفە)کە یان تێی خڕەکە لابەین ئینجا ( ی ) نسبەکەی بۆ زیاد کەین . بۆ نموونە ( ئەمریکا) دەبێتە ( ئەمریکی) و (ئەوروپا) دەبێتە ( ئەورپی ) , هەروەها ( كوفة) دەبێتە ( كوفی ) و (بصرة ) دەبێتە ( بصری ) . پێم وایە تا ئێستا مەبەستەکەم ڕوون و ئاشکرایە . بۆیە عەرەبەکان بە خەڵک یان دەوڵەتانی ئەفریقا ( نەک ئەفریقیا وەک هەندێک نووسەری کورد چاو لە عەرەبەکان دەکەن و ئەوانیش دەڵێن ئەفریقیا ) دەڵێن (ئەفریقی ) و بەخەڵکی هۆڵەندە دەڵێن (هۆڵەندی)و خەڵکی ( ئۆغەندە ) دەکەن بە ( ئۆغەندی ) . بەڵام ئێمەی کوردیش , خوا نەیبڕێ لەم ڕووە دەستوور و یاسای خۆمان هەیە , بەڵام زۆربەی نووسەران لەسەر دەستوورە عەرەبییەکە دەڕۆن و دەستوورە کوردییەکە یان لەبیر کردووە یان پشت گوێیان خستووە , یان هەر نایانەوێ بیزانن . کوردییەکە زۆر ئاسان و ڕوونە .


١ــ ئەگەر ناوی شوێنێک بە ( ئەلف) کۆتایی هاتبوو وەک ( چوارتا , سەرقەڵا , باشقەڵا , سەوڵاوا )ئەوا بێ سێ و دوو و دوودڵی بڕگەی ( یی) بە دوایەکەیەوە دەنووسێنین بێ ئەوەی هیچ پیتێک لابەین و دەبن بە ( چوارتایی , سەرقەڵایی , باشقەڵایی , سەوڵاوایی )

٢ ــ ئەگەر ناوی شوێنێک بە بزوێن ( ە) کۆتایی هاتبوو ئەویش وەک ئەوەی پێشوو بڕگەی ( یی ) بۆ زیاد دەکرێ بێ ئەوەی دەسکاریی وشەکە بکەین . بۆ نموونە ( هەنارە , بێتواتە , سوارەتووکە , ڕانیە , هەڵەبجە )  دەبن بە ( هەنارەیی , بێتواتەیی , سوارە تووکەیی , ڕانیەیی , هەڵەبجەیی ) .



٣ــ ئەگەر ناوی شوێنێک بە ( و) کۆتایی هاتبوو ئەویش هەر بڕگەی (یی) بۆ زیاد دەکرێ . بۆ نموونە بە خەڵکی ( قورشاغلوو , قامیشلوو ) دەڵێین ( قورشاغلوویی و قامیشلوویی ) .
٤ــ ئەگەر ناوی شوێنێک بە (ۆ) کۆتایی هاتبوو وەک ( زاخۆ ) , (دۆڵپەمۆ ناوی گوندێکە لە شارباژێڕ )  دەڵێێن ( زاخۆیی , دۆڵپەمۆیی ) . بۆ زاخۆ هەندێک کەس دەڵێن زاخۆلی و پێم وایە ئەم شێوە ناوە تورکییە نەک کوردی .
٥ـ ــ ئەو شوێنانەی بە (ێ) کۆتاییان هاتووە وەک ( قەڵادزێ , پردێ ) کە ( یی) نسبەیان وەرگرت , دەبێ بڵێین ( قەڵادزێیی و پردێیی) بەڵام بۆ سووک گوتن لەسەر زار خەڵکی دەڵێن ( قەڵادزەیی و پردەیی ) و ئەمەشیان لەسەر زار خۆشترە ,کەچی بۆ لادێ دەڵێین ( لادێیی و ناڵێین لادەیی) .
٦ــ گەورەترین غەدر لە بەرزنجە کراوە . بەپێی ئەو دەستوورەی باسم کرد  دەبێ بڵێێن ( بەرزنجەیی ) و ئێستا ئەگەر تۆ لە کەسێکی خەڵکی بەرزنجە بپرسیت  کاکە تۆ کوێندەریت , دەڵێ ( بەرزنجەیی ) , بەڵام ئەو ( البرزنجی ) یە عەرەبەکان وایان گوتووە و بەم شێوەیە بەسەر خەڵکی بەرزنجەدا براوە و کوردەکەش  هەروەک عەرەبەکەی بەکاردێنێ . لێرە شتێکە هاتەوە بیر سەبارەت بە (بەرزنجە) . لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو برادەرێک گوتی : خزمێکمان لە بەغدا لە نەخۆشخانە بوو . ڕۆژێکیان ( فۆاد عارف ) هات بۆ سەردانی . دکتۆرێکی لێ بوو لە تەلەفزیۆن بەرنامەی منداڵی ناکامی هەبوو ئەوانەی دەیانخەنە ژێر شووشە و مامەڵەیەکی تایبەتییان لەگەڵدا دەکەن . گوتی فۆاد عارف لێی پرسی ناوت چییە , ئەویش ناوەکەی خۆی پێ گوت و نازناوەکەی (البرزنجی ) بوو . فۆاد عارف لێی پرسی کوردی ؟ دکتۆرەکە گوتی نەخێر . فۆاد عارف یەکسەر پێی گوت ( لازم أنت مو إبن أبوك ) . دکتۆرەکە سوور هەڵگەڕا و هیچ قسەیەکی بۆ نەکرا و ڕۆیشت  . هەر لەم ڕووەوە برادەرێک نازناوی ( البحركی ) بە ناوەکەی خۆیەوە نووساندبوو . هەوڵم دا و تەلەفۆنم لەگەڵ کرد و پێم گوت برا تۆ کوێندەریت ؟ گوتی : بەحرکەییم . گوتم باشە بۆ نانووسی بەحرکەیی و دەڵێی (البحركی ) , خۆ تۆ عەرەب نیت . بەقسەی کردم و دوای کەمێک سەیرم کرد گۆڕیویەتی بە ( بەحرکەیی ) .
وەکو دەبینن کوردییەکە زۆرئاسانە و هیوام وایە کوردیزانە دووزەردێنەکان چیدی نەنووسن ( ئەوروپی و ئەمریکی و ئەفریقی ) . من جارێکیان لە ڕۆژنامەی ئاسۆ شتێکی کورتم لەم ڕووەوە نووسی و گوتبووم : ( ئەوروپا , ئەمریکا , چوارتا , سەرقەڵا ) هەر چوار ناوەکە بە ( ئەلف ) کۆتاییان هاتووە , بۆ دەڵێین چوارتایی , سەرقەڵایی , بۆ نەڵێین ئەمریکایی و ئەوروپایی) . ئاواتەخوازم توانیبێتم پەیامێک بگەیەنم وسوودی هەبێ بۆ نووسەران و حەزیش دەکەم هەر بەڕێزێک دید و بۆچوونی زیاتری هەیە نووسینەکەی من دەوڵەمەندتر کات زۆر سوپاسی دەکەم چونکە من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم ... ئیدی خواتان لەگەڵ خۆشەویستانم .

**عەبدول کەریم شێخانی**



# لەیادی ٣٧ ساڵەی مانگرتنەکەی خوێندکارانی زانکۆی موسڵ

لە 3-5-1984 لەناو زانکۆی موسڵ بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لەسەر ڕەفزکردنەوەی جەیش الشعبي،بۆیە وەک سەروەیەکی مێژووی خوێندکارانی کوردستان بەباشم زانی هاوڕێیان وخوێنەرانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاشناییان زیاتر بێت بەو مێژووە شکۆمەندیەی ئەو توێژە شۆڕشگێڕەی کە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا راپەڕین داینەمۆی شۆڕشی گەلەکەمان بوو .

خوێندکاران ئەو توێژە رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەن کە لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆرشی کوردستان لە باشوور رۆلێکی بەرچاویان هەبووە و, بەتایبەتی لەدوای ساڵی 1975, زۆرترو بەرچاوتر و هۆشیارانەتر هاتنە مەیدان , دەتوانین بڵێین ئەگەر شۆرشی ئەیلول جوتیاران کۆڵەکەی شۆڕش بوونە, ئەوا لەشۆڕشی نوێ ئەمجارە خوێندکاران کۆڵەکە و جولێنەر بوون, وەك خۆپیشاندانی ساڵی 1982 لە ڕانیەو قەڵادزە و سلێمانی و کۆیەو هەولێرو کەرکوك و هەڵەبجە...... شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان.

لە بەهاری ساڵی 1984 دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی عێراقی بڕیاری دەرکردنی هەموو ئەو خوێندکارە کوردانەی زانکۆی سەلاحەدینی لەهەولێردا کە نەچوون بۆ مەشقی (سوپای میللی , واتە تدریب جیش الشعبی) بۆ پشتگیری خوێندکارە دەرکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین, ئێوارەی 5/6 – 5-1984 ئێمە کە لەکۆلیجی کشتوکاڵ بووین لە شارۆچکەی حەمام عەلیل لەڕێگای ڕێکخستنە خوێندکاریەکانەوە ئاگادارکراینەوە کە بۆ بەیانی بچینە ناو زانکۆی موسڵ مانگرتن ئەنجام بدەین و داوای گەڕاندنەوەی خوێندارە دەرکراوەکانی سەلاحەدین بکەین, ئەوەبوو بەوشەوە دوای ڕاگۆڕینەوە لەنێوان چەند کەسێکمان کەسەرپەرشتی خوێندکارانی کۆلیجی خۆمان دەکرد بڕیاردرا بەشداربین و زۆربەی ئەندام و لایەنگران ئاگادارکرانەوە کە دەبێ بە تاك و بە گروپ پێش دەوام بەیانیەکەی لە ناو زانکۆ لەلای رئاسەی جامعەی موسڵ ئامادەبین, ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو هەموو رێکخستنە خوێندکارو قوتابیە کوردستانیەکان لەگەڵ هەبوونی ناکۆکی حزبیش بەلاَم هەموو بڕیاری بەشداربوونیان دا, من ئەوکاتە لە قۆناغی چوارەمی کۆلیجی کشتوکاڵ بووم تەنها یەك مانگمان مابوو تخرج بکەین, ئەوشەوە پێش ڕۆژهەڵات لە کۆلیج دەرچووین و هەر 3-4 کەسێك پێکەوە رۆیشتین دەوری سەعات 8 ی بەیانی هەموو کۆبووینەوە کە ژمارەیەکی زۆری خۆێندکار لەگشت کۆلیج و پەیمانگاکان هاتبوون کەهەموو لایەنەکانی تێدا بوو. لە بیرمە لەبەردەم پەڕتووکخانەی زانکۆی موسڵ بوو کە زیاد لە 2500 خوێندکار دەبوو بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام بووین هەر لەبەیانییەوە تاکو کۆتایی دەوام لەیەك جێگا کۆدەبووینەوە دوایی پەرتەمان لێدەکرد,پیاوانی ئەمن و بەعسیەکان بەدەورمان دا دەسوڕانەوەو زانیارییان کۆدەکردەوە, ئێمە وەك خوێندکارانی کشتوکاڵ شەو لەناو زانکۆ دەماینەوە 2-3 کەس پێکەوە دەگەڕاین, شەو لەبەشە ناوخۆییەکانی کۆلیجەکانی ناوزانکۆ لای هاوڕێکانمان خۆمان دەشاردەوە, شەوانە دەزگا ئەمنییەکان بەدوامان دەگەڕان هەر خوێندکارێك کە هی قسمی داخلیەکە نەبوایە دەیانگرت و ئیهانەیان دەکرد یان بەزۆر دەیان ناردەوە کۆلیجی خۆیان, ئەوکارە لە رۆژانی 6-7-8 /1984/5 بەردەوام بوو, سەعات 10ی بەیانی رۆژی 8-5 سەرۆکایەتی زانکۆ داوای دانیشتنی کرد لە گەڵ نوێنەرانی خوێندکاران , ئێمەش لە هەر کۆلیج و پەیمانگایەك 2 نوێنەری دەسنیشانکرد, نوێنەرەکان کەچوون 4 داواکاری سەرەکیان دا بە سەرۆکایەتی زانکۆ :

1- گەڕاندنەوەی خوێندکارە دەرکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر

2- سوپای میللی بۆ خوێندکاران نابێت بەزۆرە ملێ بێت .

3- گەرەنتی دان بەوەی هیچ خوێندکارێکی مانگرتوو لێپرسینەوەی لەسەر ماەم مانگرتنە لەگەڵ نەکرێت .

4- گوتنەوەی وانە ڕۆیشتووەکان و کردنەوەی ئیمتیحان بە خوێندکارانی مانگرتوو کە لەوچەند رۆژەدا ئەنجامدراوە .

لە دوا قسە سەرۆکایەتی زانکۆی موسڵ جگە لە خاڵی یەکەم هەرسێ خاڵەکەی تری قبوڵکرد و گوتی من پەیمانتان پێدەدەم خاڵی 2,3,4 تان بۆ جێبەجێ بکەم, بەڵام خاڵی یەکەم گەڕاندنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە دەستەڵاتی من دا نیە و دەبێ وەزارەتی خوێندنی بالاَ بڕیاری گەڕاندنەوەیان بدات. گوتی بڕۆنەوە کۆلیجەکانی خۆتان ئەگینا بۆ بەیانی هەرکەسێك لەناو زانکۆ مانگرتن ئەنجام بدات , ئەوە دەبابە و عەسکەر دێت و حەرەمی جامعە دەشکێنی و دەتانگرن و دەتانکوژن, پاش هاتنەوەی نوێنەرانی خوێندکاران بۆ ناو جەماوەر هەرکۆلیجەو دەستی بەکۆبوونەوەی خۆی کرد لە دوای مشتومڕێکی زۆر لە نێو خوێندکاران بڕیاردرا بچینەوە کۆلیجەکانمان کەلوپەلی خۆمان بهێنینەوەو بچینەوە شارەکانی خۆمان لەوێ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین و بەغداو جەماوەریش بێنینە پشت خۆمان و دەست بە مانگرتن و نارەزایی بەردەوام بکەین, ئێمە وەك قوتابیانی کۆلیجی کشتوکاڵ دووپاسێ گەورەمان گرت کە کۆنە پاسەکانی موسڵ بوو لای هەولێر پێمان دەگوت (پەست) هاتینەوە حەمام عەلیل , لە دەرگای کۆلیج جەماعەتی ئەمنی کولیە وەستابوون, یەکەمجار نەیانهێشت بچینەوە ناو کولیج دوایی گوتیان هەویەمان پێبدەن بەناونووسین دەهێڵین بچنە ژوور, ئێمەش رازیبووین ناومان نوسراو چوینەوە ناو کۆلیج و بەشە ناوخۆییەکانمان, لەکاتی ناونووسین لەبیرمە زابت ئەمنی کولیە ناوی (سامی بارودی) بوو لەکاتی ناونووسینم منی بینی گوتی ها عباس (انت ما قلت لی انا ما ادخل بسیاسە هس شنهو) ئەمنیش بەعەرەبیە شڕو سەقەتەکەی خۆم پێم گوت ,( هذا مو سیاسە حزبي هذا شی مهنی طابع لطلبە علی مود جیش شعبی, ما ارید اشارك بجیش شعبی), ئەو سامی بارودیە چەند جارێك تەشقەڵە و هەڕەشەی لێدەکردم کە ببم بە بەعسی , منیش هەمووجار پێم دەگوت من رقم لە سیاسەتە بەس دەمەوێت بخوێنم, چونکە ئەو رابردووی من و خێزانەکەمی دەزانی کە بەعسی نین , کتابی ئەمنیش لە دیبەگە بۆیان چوبوو, زۆر چاودێری دەکردم دەیویست بەڵگەم لێبگرێت.

ئیتر دوای ئەو قسانە وازی لێهێنام, بەس دیاربوو هیچ فەرمانێکی گرتن و لێدانی ئێمەیان پێنەبوو, پاش ئەوەی چوینە ناوبەشە ناوخۆییەکانمان جانتاکانمان هێناوە, دیسان ناویان نووسینەوە و سواری هەمان پاسە پەستە کۆنەکە بووین و هاتینەوە موسڵ لە ڕێگا سروودی نیشتیمانی کوردستانی و گۆرانی کوردیمان بەچەپڵە ڕێزانەوە دەگوت, لەگەراجی شیمالی ناو موسڵ دابەزین هەر کۆمەڵەو بۆ شاری خۆمان هاتینەوە, لە بیرمە بە کۆستەرێکی 21 نەفەری هاتینەوە بەرەو هەولێر لە سەیتەرەی یەکەم کە دەرچووین لە موسل لە نزیك گۆکجەلیل دیسان هەموویان هێنناینە خوارەوە هەویەیان لێوەرگرتین و ناوی هەموومانیان نووسی, ئنجا بواریان دا بڕۆین, بۆ ئێوارە گەیشتینەوە ناو هەولێر, کەلە هەولێر دابەزین پەرتبووین بڕیارماندا بۆ بەیانی عەسر یەکتر ببینینەوە.

بڕیارەکە ئەوەبوو لە هەر شارەو مانگرتن بکەین لە 12-5 لە سلێمانی نارەزایی دەستی پێکرد و دوایی ببووە خوپیشاندان چەند کەسێك شەهید ببوون لەو پەرچەکردارەش بەیارمەتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کە ئەوکات لە مفاوەزات بوو لەگەڵ حکومەت) هێرشکرا سەر بارەگای جیش شعبی چەند کەسێك لە پیاوانی حکومەت کوژران, ئەو دەنگۆی کوژران و شەهیدبوون و تەقەکردنە و بەشداربوونی پێشمەرگە, لە هەولێر دەنگی داوە بۆ رۆژی 13-5 بەیانی کاتژمێر 10 لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە تەنیشت بینایەی پارێزگا (کەئێستا شوێنەکە کراوە بەپارکی تەنیشت پارێزگا) کۆمەڵێکی زۆر لە خوێنکارو قوتابیانی کۆلیجەکان و هەتا ئامادەییەکانیش وەك نارەزایی دانیشتین لە ناو باغچەیەکی فریزی بوو , بەس هەر چارەکە سەعاتێکی نەبرد پیاوانی پۆلیس و ئەمن بە کێبل و قامچی بەربوونە ناومان لێیاندایین و راویان نایین ئێمەش هەندێ بەردمان تێدەگرتن و هوتافمان دا, بەلاَم دوایی ناچاربووین بۆ ئەوەی نەگیرێین بلاَوەمان لێکرد بە ناو کۆلاَنەکان.

ئیتر دوای چارەکەسەعاتێك لەکن باتا هەندێ برادەر یەکترمان بینیەوە هەوڵماندا خۆپیشاندان بکەین, بەلاَم دیاربوو هەموو یەك رانەبوون, ناچار وازمان هێنا.

ئیتر هەریەکەو چووینەوە ماڵ تاکو 17-5 -1984 شێخ جەعفەری پارێزگای ئەوکاتی سلێمانی، خوێندکارانی سلێمانی کۆکردبۆوە پەیمانی پێدابوون کە حکومەت هەموو داواکانیان جێبەجێ دەکات بڕۆنەوە زانکۆکانتان، کاتێ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین هاتبوونەوە هەولێر پێیان گوتبوون کەس وەرناگرینەوە بە کتابی رەسمی ئێوە فەسڵکراون ، بەلاَم خوێندکارانی زانکۆی موسڵ هەریەکەو چۆوە دەوامی خۆی تاقیکردنەوەکانیشمان پێکراوە. من خۆم تاخیر چوومەوە موسڵ پاش ئەوەی چەند هاوڕێیەك هاتنە لام و داوایان لێکردم بگەڕێمەوە هەموو قوتابیان هاتوونەتەوە دەوام و تەنها ئێوە 3 کەس ماون منیش کەچوومەوە حەمام عەلیل دیتم دووهاوڕێی ترم نەهاتوونەوە، لەگەڵ هاوڕێیەك چووینە کەرکوك لەوێش چووینە بەغداو ئنجا خانەقین ئەودوو هاوڕێیەشمان هێناوە کۆلیج کاتێ گەڕامەوە 4 امتحانی کۆتایی ساڵم لێڕۆیشتبوو، ناچار هاوین لەخولی دووەم امتحانم داوە. لەوچەند ڕۆژەی تاقیکردنەوە زۆر دەترساین حکومەت بمانگرێت، هەمیشە لەگەڵ یەك بەکۆمەڵ دەبووین و ئاگاداری یەکبووین.

لە کۆتاییدا سلاَو بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە دەنێرم کەبەشداربوون بەتایبەتی سلاَوی وەفاداری بۆ ئەو هاوڕێیانەی شەهیدبوونە یان ئێستا لەژیان نەماون هاوڕێیان (نەهرەدین عەولاَ، شەهید مام تەها حاجی رۆستەم , تحسین قادر ...) یادیان بەخێربێت، ئەو هاوڕێیانەی لەکۆلیجی کشتوکاڵ خەڵکی هەولێر بوون و من لەبیرم بن کەبەشداربوون و لەژیان ماون، بەڕێزان نەوشاد محمد قادر، طاهر عزیز ، صباح محمود ، کاوە محمد ڕەشید، نجات ابراهیم یعقوب، عبدالواحد حسێن....


عەباس نادر




## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی نیشتیمان کڵاوڕۆژنەی خەبات ....جەلال حاجی جەمیل ناسراو بەهاوڕێ خەبات ، هاوڕێ خەبات لاوێکی خوێن گەرمی دڵ پڕ لەخۆشەویستی و عەشقی نیشتیمان ، هەر لەسەرەتای لاوێتی ئەوین و هەوای نیشتیمان ئەبێتە خولیای ،لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی ئەکات بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە لەچوارتا زۆر جوست و چالاکانە بەشداری خەبات دەکات ، لەناو شاردا و ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لەساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگەو ، پیاوێکی تێکۆشەرو لەزۆربەی ناوچەکانی نیشتیمان پێشمەرگایەتی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان و قەندیل و دۆڵی جافایەتی و شارباژێری تەخت و سەخت و ئالان و سیوەیل ، بەشداری زۆر لەشەڕەکانی ئەو ناوچانە بووە ، خەبات وەکو بەفراوی قەندیل بەعەشقی خاکی نیشتیمانا داچۆڕابوو ،ببووە هەناسەی خاک و سۆزی نیشتیمان ، بەگەردنی هەموو گمۆیەکەوە ملوانکەی شوین پێ یەکی هەنگاو بوو، لە هەموو پێدەشتێکدا سەوزایی خاک و جۆلانەی پەلکەزێرینەی گریاو بوو ، بۆ هەموو زامێک هەتوان و لەهەموو نیووە شەوێکدا تریفەو ،بۆ هەموو تریفەیەک خەرمانەو بۆ هەموو خەرمانەیەک پاسەوانی ناز بوو ، پێ یەکی لە گەرمە سێرو هەنگاوێکی لەناو بەفراو ، هەناسەیەکی یاخی ناو ئەشکەوتێکی نیشتیمان بوو ، هاوڕێ خەبات سەرەتای پێشمەرگایەتی لەدەزگاکانی سەرکردایەتی و دواجاریش لەتیپی ٣٣ ، تا ڕاپەڕین درێژەیی بەخەبات داو ،دوای ڕاپەڕینیش بێ ووچان لەخزمەتی نیشتیمان و گەل و خاک و خۆڵی نیشتیماندا بوو ، بەڵام زۆر بەداخەوە شەڕی خۆکوژی و برا کوژی کردیە خۆراک کاکە خەبات دواجار لە ١٩٩٤/٠٣/٢٠ بەدەستی تاوان و بێویژدانی گەشمردە کرا لەناوچەی پێنجوێن ، ڕەوانی پاکی هاوڕێ خەبات شاد و یادو یادەوەری بەخێر ، سەری ڕێزو نەوازش لەئاست گەورەیی نەمراندا دادەگرم ،یادتان بەخێر

/ڕزگارەسوور








## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## عەلی جۆلا

1940 -لە هەڵەبجە لەدایکبووە.
1966 -ئەکادیمیای بەرزی هونەر لەبەغداد و بە پلەی نایاب تەواوکردووە.
1963 -یەکەمین پێشانگای تایبەتی گرافیك لە هۆڵی ناوەندی کچان لەسەرکارێز- سلێمانی کردۆتەوە.



1968 -دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
1969 -سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی سورکێو.
1970 -چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی .
1971 -پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی سورکێو.
1971 -شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی ناوەندی کچان لەسەرکارێز.




1972 -حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری سۆڤیەتی لە بەغداو لە سلێمانی.
1976 -هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هەولێرو سلێمانی.
2003 -نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهەولێرو دهۆك و سلێمانی.




2005 -دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی-هەولێر-دهۆك
2010-یانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1966-2011-بەشداری زیاتر لە (40) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە .




2013- دوانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری زاموا.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرو ویژەی کوردی بووە لەساڵی 1969 و تائەمرۆ ئەندامە.
-ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە.
-بەشداربووە لەدامەزراندنی کۆلیجی هونەر لە زانکۆی سلێمانی.




**ئامادەکردنی بەختیار سەعید**

## لە دووریانی سەربازی وپێشمەرگایەتیدا...

**یادگار حەکیم**

هەر تێکۆشەرێکی شار یان پێشمەرگەیەکی شاخ یان هەر یەکێک لە جەماوەری ستەمدیدەی گەلی کورد لەباشووری کوردستان، بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی١٩٧٦ ئاشنا بوبێت ویەکێتی نیشتمانی کوردستانی ناسیبێت ولەرێیەوە خەباتی کردبێت بۆ گەل ونیشتمان. ئەوا دەزانێت کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە رەوان شاد نەوشیروان موستەفا سکرتێری بوو ، چ کۆڵەکەو وپایەیەك بوو لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا؟. هەر کەسێکی ناو یەکێتیش ئەو گوتەیەی رەوان شاد مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بیرکەوێتەوە کە بە رەنجدەرانی بیروبازووی ناو دەبرد، تێدەگەیی کە ئەم رێکخراوە پێشرەوەی ناو یەکێتی چ پێگەیەکی قورس و بەنرخی هەیە لای بەرێزی. بۆیە رۆحی خەباتی ژێرزەمینی لەشاردالەدژی رژێمی بەعسی فاشیستی رەگەزپەرست. زۆر پیرۆز بوو وەچاوشارکێ وبەلارێ بردنی سیاسی بەهێزی پێویست بوو! بەتایبەتی لەناو سوپای عیراقی بەعسدا ، کەبچوکترین گومانی کوردایەتی وپەیوەندی بە پێشمەرگەوە،بێ سێ ودوو پەتی سێدارەی بۆ هەڵدەخرا. بۆیە دەبوایە لە هەڵسوکەوتی سیاسیت زۆر بەئاگا بویتایە.


سەربازی هێزی ئاسمانی دژە فرۆکە بوم لە پایەگایەکی هێزی ئاسمانی عیراق لە سێکانیانی نزیک شاری کەرکوك ، گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان ورژێمی سەددام دەستی پێکردبوو. من ماوەیەک بوو بەهۆی رەشبگیری و هەلومەرجی رێکخراوەیی دابڕابووم لە رێکخستن. لە سورداش هەراو بەزمی کوردی و بەهارێکی سیاسی تەمومژاوی بوو. لیژنەکانی تەنسیق دروستکرابوون. فرسەتم هێنا لەم بارودۆخەدا پەیوەندی بکەمەوە بەرێکخستن. چوم بۆلای ئامری وەحدەکەم نەقیبێکی رقنی عەرەبی موسڵاوی بووبەناوی( داوود حسین). داوای ٣ رۆژ ئیجازەم لێکرد نەیدامێ ولە بری ئیجازە سزای دام و ووتی تۆ دەبێت ٣ رۆژ خەفەر بیت!! زۆری لێکردبوم ببم بەعسی رەتم کردبۆوە، رقی لێم بوو. لەنائیب زابتێکی شیعەی خەڵکی بەغدا کە نێوانمان خۆش بوو بیستمەوە کە جێی گومانم ،ئەو رۆژەی دەگەرێمەوە بۆ ماڵەوە لە( باب ألنظام) ی سەربازگا دەردەچوم مەوقیف لەسەرم ئەوەبوو ( راح صدیق أبو لحیە) کە مۆڵەتم تەواو دەبوو دەگەڕامەوە بۆ سەربازگا دەیانوت ( أجە صدیق أبولحیە) مەبەستیان شەهیدی نەمر مامە ڕیشە بوو. کە زۆر حسابیان لێ دەبرد. لەکاتێکدا من مامە ریشەم هەر نەدیبوو! تەنها ناووقارەمانێتی و داستانەکانیم بیستبوو. پاش چەند رۆژێك نۆرەی ئیجازەی خۆم بوو. ئیتر نەقیبی موسڵاوی عەرەبی دڵ پڕ لەقین بیانوی نەبو. ئەو ماوەیەش زۆر مولتەزیم بوم ٤ رۆژ ئیجازەی خۆم وەرگرت. یەکسەر چوم بۆ سلێمانی بۆلای بەختیاری زربرای فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی ئەوکاتە، کە ماوەیەک لە دەربەندیخان هاورێ و سەربازبووین و یەکمان دەناسی. پێکەوە چوین بۆ سێروان وئاوەژێ وکانی توو. لەوێ بەرێکەوت شەهید مامۆستا قادری مەلا عومەری گومەتیم بینی کە دانیشتوی گەرەکی خۆمان بوو، خزمایەتیەکیشمان هەبوو.
بەخەیاڵیشما نەدەهات ئەو قارەمانەی زیندان لەوێ ببینم.
بەخۆشحاڵیەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئەو مامۆستا تێکۆشەرە خۆراگرە لە شار بۆ دروستکردمەوە. یەکەم جارم بوو ئەو شوێنانە ببینم. زۆر خۆش ودڵگیر بوو ژیانی رۆژانەی پێشمەرگەی بارەگاکانی یەکێتی ئەوێ وهەلسوکەوتی برایانەو شۆڕشگێڕانەیان لەگەڵ یەکتری ،کەوەك چیرۆکێکی بەرگری نەتەوەیی لەرێکخستن بیستبوم ، بە فیلمێکی بینراوی ڕاستی هاتە بەرچاوم. بۆ نیوەرۆش لەهەیوانەکەی ماڵی کاک فەرەیدون خواردنێکی نیوەڕۆی خۆشی دەستی پاکیزەخانی هاوسەریمان خوارد لەگەڵ کاک سالاری برای بەختیار. ئەم دیمەنەی پێشمەرگە ئامادەی کردم کە ئەگەرنەگیرێم یان نەمرم رۆژێک بێت منیش بەیەکجاری ماڵئاوایی لەدایکم وبراوخوشکەکانم وژیانی شاربکەم وبەیەکجاری بێمەوە بۆ شاخ ،وەک پێشمەرگە،چەکی کوردایەتی بکەمە شان.
لە( کانی تو) چاوم بەپیاوێکی ئارام وئاغرو دەم بەخەندە کەوت پێش ئەوەی دەستی لەگەڵ لێ بدەمەوە ،بەختیار بەئەسپایی پێی ووتم. ئەوە کاک ئازاد هەورامیە. من ئەم زانی کە کاک ئازاد کوڕی گەڕەکە بەشکڵ لەیادم چوبو ئەویش منی وەکو یادگارنەئەناسیەوە وەکو خانەوادە و هەندێک لەبراکانمی ئە ناسی. خۆم لێ ئاشکرا نەکرد کە کێم؟! کەمێک قسەمان کردو ئەویش لەمن سۆراخی زۆر نەکرد. گەرامەوە بۆ سەربازی وبەردەوامیم بە رێکخستنی ناو شار دا، مامۆستا قادر کە بەرپرسی رێکخراوەییم بووساڵی ١٩٨٦ لەلایەن دەزگا سیخوریەکانی کەرکوکەوە دەستگیرکرا لەگەڵ مامۆستایان رەئوفی یابەومامۆستا شێرزاد جەباری کەلەپاشانا بەداخەوە لە سێدارە دران. بە دەستگیرکردنی مامۆستا قادر ترسم لێ نێشت بەڵام لەلایەکی کەوە دڵنیا بوم کە مامۆستا قادر ناوم ناهێنێ لەژێر ئەشکەنجەدا لەگەڵ ئەوەشا خۆم یەکلا کردبۆوە بۆ دەرچون و بەجێ هێشتنی پایەگای سەربازی و روکردنە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی و رزگاربون لەدڵەڕاوکێی گرتن بەزویی . هەلێکم بۆ هاتە پێش وسەربازگام جێ هێشت . چووم بۆ سلێمانی لەماڵی بەختیار نزیکەی ٢ هەفتە ئیختیفا بووم ڕژێم دەزگای سیخوڕیەکان و جەیشی شەعبی بەناو کۆڵانەکانی سلێمانی بڵاوکردبۆوە. هەندێک شەو دەچونە سەر سەربانی ماڵان لەترسی هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ ناو شار بۆ ئەوەی لەسەربانەکانەوە کەمین دابنێن وەختێکی هەستیار بوو بەختیار ناوبەناو دەیبردم بۆ ماڵێکی نزیکیان. بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە لەوێ مەلیحەخانی دایکیم بینی. لەهەوڵی دەربازکردنم بوون بۆ ناو هێزی پێشمەرگە. پاش چەند رۆژێک بەختیار ووتی بابچین ژنێک هاتوە بۆماڵی ئەو ناسیاوەم بزانین چیمان بۆ دەکات؟ کە چوین تەماشام کرد، (باجی مەقبوڵ)ی دایکی حمەعەلی مەقەری کاک نەوشیروان بوو. هەزار رەحمەتی لێ بێت وگۆڕی پڕ نوور بێت، پێشتر دەمناسی و خزمایەتیەکیش بەیەکەوە گرێی دابوین ، باجی مەقبوڵ کەمنی بینی حەپەسا. باوەشی پیاکردم وماچی کردم. وای پیشان دا کەهیچی پێناکرێت بۆ دەربازبونم ورۆیشت ومنیش چومەوە ماڵی بەختیاری هاورێم. ئەمن وجەیشی شەعبیش ئەگەڕێن بەکۆڵانەکانا. بەڵام نیازی ئەو خانمە ئازاوبەئەمەکە وانەبوو! بەڵکوو دوایی دەرکەوت کە لەرێی زاواکەی خوالێخۆشبوو مەلا رەئوف کاری خۆی کردوە. پاش چەندرۆژێک پیاوێکی بەتەمەن هاتە ئەوماڵەی کە رەحمەتی باجی مەقبوڵم لێ بینی. لاندرۆڤەرێکی سەوزی پێبوو. منیش خۆم ئامادە کرد بە ئیجازەیەکی سەربازی تەزویرو شاڵێکی جوانی خورماییم لەبەرکردو بەجانتایەکی بچوکەوە پێکەوە بەسەیتەرەکەی تاسلوجەیا رەتی کردم . باش بوو گومانیان نەکرد وتا گوندی یالانقۆز بردمی لەوێ پێموترابوو کەبچمە ماڵی، پێم وابێت حاجی هدایەت بوو. کە چومە ئەوێ وپێشوازیان لێکردم. بە دەم چاخواردنەوە. چەند پێشمەرگەیەک خۆیان کرد بەژوراو خۆم پێناساندن. شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.



یەکیان شەهید کەریم نالەباخی ناسراو بەکەریم سەرتیژ بوو کە یەکەم پێشمەرگە بوو ناسیم وپاشان بەدەربەندەکەی زێوێ گەیاندمیە گوندی زێوێی دامێنی شاخی پیرەمەگرون کەمەقەری تیپی ٢٣ سورداشی لێ بوو. لەوێ چومە ماڵی کاک بەکری برای حەمەعەلی و بۆ دووەم جار باجی مەقبوڵم دییەوە! کە پێموابێت بۆ دڵنیابوون لەگەیشتنم پێش من چوو بوو بۆ زێوێ . پاشان پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەبەرگەڵوو لەهاوینی ساڵی ١٩٨٦ ، ماوەیەك لەوێ خەریکی نەخشەکێشانی سەربازی سنوری تیپەکانی پێشمەرگە بوم. پاشانیش لە هێزی دژەفرۆکەی سکرتاریەتی بەرێز مام جەلال درێژەم بەخەباتدا. لەوکاتانە جارێکیان لەناوەندی کۆمەڵە ، لەمەقەری کاک نەوشیروان چاوم بە شەهید ئازاد هەورامی کەوتەوە یادی بەخێر خۆم پێناساندو خۆشحاڵ بوو کە بومە بە پێشمەرگە و ووتم بیرتە( ساڵی ١٩٨٤ لە کانی توو ووتت من فیشەکێکم لە رێویە کێویەک خۆشتر دەوێ بۆیە راوی ناکەم؟!) ووتی راست دەکەیت ئێستا شێوەتم هاتەوە بەرچاو. لەگەڵیدا بە چەند برادەرێکی کوڕی گەڕەکی وەکو کرمانج(قەرە) و هیواچاوشینیش شاد بومەوە. یادی رۆحیانەتی رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدرانی کوردستان بەخێر. سڵاو لەگۆڕت باجی مەقبوڵی شێرە ژن . سڵاو لەگیانی پاکی شەهید ئازادو شەهید مامۆستا قادرو گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.



# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)



## نەوشیروان مستەفا

### بەشی دووەم

پێش ئەوەی لە قاسمە رەش و زەڵێ دابەزین، ئەو کاتەی خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ راپەڕین، پێمان وابو ئازادکردنی کەرکوک لە ئازاد کردنی هەمو شارەکانی تری کوردستان گرنگتر بەڵام سەختتر ئەبێ. لە بەر ئەوە پلانی گەمارۆدان و هێرشی سێلاییمان بۆ دانابو. دامان نابو دوای ئازاد کردنی گەرمیان، سلێمانی، هەولێر، گەورەترین هێزی لە سەر کۆ بکەینەوە و، لە هەر سێ لاوە بەرەو ناوشار پەلاماری بدەین.

دوای ئازاد کردنی هەولێر، لە پێش ئەویش سلێمانی ئازاد کرابو، ئەبو پلانی رزگارکردنی کەرکوک جێبەجێ بکرێ.

هێزەکانی سلێمانی لە قەرەهەنجیر کۆکرابونەوە.

هێزەکانی هەولێر لە ئاڵتون کۆپری - کەڵوڕ کۆ کرابونەوە.

هێزەکانی گەرمیان لە شەڕی «موجاهیدینی خەڵق» ی ئێرانیەوە گلا بون.

سەرکردایەتی (میحوەری) کەرکوک چەند جارێ هەوڵی پەلاماردانی دا بو .نەیان توانی بو هیچ سەرکەوتنێکی کاریگەر بە دەس بهێنن. هەندێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە دودڵ بون و بە خۆیان دا رانەئەپەرمو، بە قسەی خۆیان «ئۆباڵی مێژویی» ئەم هێرشە هەڵبگرن داوایان لێ کردم کە خۆم یان کاک مەسعود ئەو ئۆباڵە هەڵبگرین.

شەوی 19 ی ئازار لە گەڵ کاک مەسعود لە پردێ کۆبوینەوە و، ئیشوکارمان دابەش کرد. ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی کەرکوک بە من سپێردرا و، کاک مەسعود ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی موسڵی گرتە ئەستۆی خۆی.

لە گەڵ کاک کۆسرەت، کەوتمە سازدان و کۆکردنەوەی هێزەکان. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی قەرەهەنجیرم کرد لە گەڵ فەرماندەکانی لای رۆژهەڵاتی کەرکوک کۆبوینەوە. ئەوانە هەندێکیان پێشمەرگە و هەندێکیان موستەشاری فەوجە خەفیفەکان و هەندێکیان ئامیر بەفرەزە بون. بۆ یەکەم جار تەحسین شاوەیسم لەوێ بینی. ئیشوکارمان بە سەردا دابەش کردن.

ئێوارەی نەورۆز لە رۆژئاوای کەرکوکەوە (پردێ) و لە رۆژهەڵاتەوە (قەرەهەنجیر) پەلاماری شاری کەرکوک درا و، شەوی پێشو هێزە کەرکوکیەکان دزەیان کرد بو چوبونە ناو گەڕەکە کوردەکانەوە.

بۆ شەو هێزەکان لە هەمو لاوە هێرشیان کرد و رژانە ناو شارەوە تا رۆژی دوایی کە نەورۆز بو ناو کەرکوکیان پاک کردەوە. تەنیا ئەو لایەی بە هێزەکانی گەرمیان، کفری و کەلار و دوز، سپێردرا بو بە هۆی شەڕی «موجاهیدینەوە» نەیتوانی هیچ بەشداریەک لە جێبەجێ کردنی پلانەکەدا بکا، بۆیە «موعەسکەر خالید» وەکو خەنجەرێکی کوشندە لە کەلەکەی کەرکوک دا مایەوە.

شەوی 20 - 21 ی 3 ی 1991 بە تەواوی دەس گیرا بە سەر ناو شاری کەرکوک دا.

لە ناوشاری کەرکوکەوە لە سەر بۆنیتی ئۆتوموبیلەکەمان هەواڵێکی کورتم وەکو مژدە نوسی و بە بێتەل دامان بە رادیۆی «دەنگی گەلی کوردستان» بڵاوی بکاتەوە.

**24ی ئازار :**

**پەیامێکی تری سەدام**

عیراق هێزێکی گەورەی لە فیرقەکانی حەرەس جمهوری کۆ کرد بووەوە لە گەڵ 300 تانک بەرەو کوردستان بەڕێ خرا بون. سەدام حسێن د موکەڕەم تاڵەبانی لە گەڵ ئەم هێزە نارد بو، رای سپارد بو کە قسە لە گەڵ کاک مەسعود و مام جەلال بکا بۆ گفتوگۆ. پێیان وت بو: «ئەگەر تا 4 رۆژی تر وەڵامی ئیجابی نەهێنیتەوە ئەوا بەو رێگایەدا نەگەڕێتەوە چونکە ئەوان هێرش ئەکەن بۆ گرتنەوەی کەرکوک و کوردستان» موکەڕەم لە «فەتحە» لە هێزەکەی عیراق جیا ببووەوە و ئەوان بەرەو دوبز جوڵا بون بیکەن بە بنکەی هێرشی پێچەوانە بۆ سەر کوردستان و، ئەمیش هات بو بۆ سلێمانی. لە سلێمانی فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاحی دی بو. راسپاردەکانی پێ وت بون ئەوان ئاگاداریان کرد بو کە «بەرەی کوردستانی» موافیقە لە سەر گفتوگۆ لە بەر ئەوە هەرچی زوتر بگەڕێتەوە باشترە. بەڵام موکەڕەم وت بوی: «سەدام داوای لێ کردوە بارزانی و تاڵەبانی ببینێ و، لە دەمی خۆیانەوە قسەکان ببیستێ».موکەڕەم هات بو بۆ هەولێر شەو ئاگاداریان کردم بۆ بینینی. لە سەلاحەدینەوە بە رێ کەوتم بۆ هەولێر لە ماڵی محەمەد مەعسومی برای د فوئاد مەعسوم دابەزی بو. هەمان قسەکانی سلێمانی دوبارە کردەوە. منیش هەمان قسەم کرد و وتم: «مام جەلال هێشتا لە سوریایە لە بەر ئەوە ناتوانی بیگەیتێ چاکتر وایە بگەڕێیتەوە رەزامەندی مام جەلال و کاک مەسعود و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان پێ رابگەیەنی» ئەو هەر سور بو لە سەر ئەوەی مام جەلال گەیشتۆتە زاخۆ و هەر ئەبێ بیبینێ.

بۆ رۆژی دوایی د موکەڕەم، مەسعود بارزانی و کەریم ئەحمەدی بینی بو و، لە گەڵ محەمەد مەعسوم بۆ بینینی مام جەلال بە رێگای بەردەرەش ویستبویان بچن بۆ زاخۆ بەڵام بە هۆی هێرشی جەیشی عیراقیەوە نەیان توانی بو تێ بپەڕن و، گەڕابونەوە. 4 رۆژەکە تێپەڕی. هێرشەکە دەستی پێ کرد. ناوبژیەکەی موکەڕەم بە هیچ نەگەیشت.

**26ی ئازار :**

**گەڕانەوەی مام جەلال**

مام جەلال لە سوریاوە گەیشت بوە زاخۆ. پێشوازیەکی جەماوەریی گەورەی لێ کرا بو. لە گەڵ خۆی جەبار فەرمان و هەندێ لە کادرەکانی یەکێتی لە ئەوروپا هێنابووەوە. چەند رۆژێ لە بادینان مایەوە.

28ی ئازار :
هێرشی جەیشی عیراق بۆ سەر کوردستان

چەند فیرقەیەکی حەرەسی جمهوری لە چەند لاوە پەلاماری کەرکوکیان دا. چەند وردەشەڕ روی دا بو، بەڵام پێشمەرگە و چەکدارەکان بە جێیان هێشت بو. لە هەمو لایەکەوە راکردن دەستی پێ کرد بو. کورد و تورکمان کەرکوکیان بە جێ ئەهێشت و بەرەو سلێمانی و هەولێر ئەرۆیشتن .ئەم کۆچە وەکو لافاو روی لە هەر شار و ناوچەیەک ئەکرد خەڵکی ئەویش ئەکەوتنە راکردن لە گەڵی و هەتا ئەهات کۆچەکە فراوانتر ئەبو.
لە رۆژانی راپەڕین دا سەدان هەزار پارچە چەک، سوک و ناونجی و قورس، کەوت بوە دەس خەڵک و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی. لە هەمو گەڕەک و کۆڵان و، لە هەمو قوتابخانە و دائیرەیەک دا، بارەگایەکی چەکدار دانرا بو. من خۆم یەکێک بوم لەوانەی ئەم دیاردەیەم بە لاوە شتێکی باش بو لەو باوەڕەوە کە ئەو بارەگا چەکدارانە لە کاتی هێرشی پێچەوانەی جەیشی عیراقی دا ئەبنە سەنگەری سەختی بەرگری کردنی ژیان و مردن و، ئەوە ئەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ستراتیجی جەنگیی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد: ستراتیجی پێکەوە گرێدانی شەڕی ناوشار و شەڕی ناوشاخ.
بەڵام هەڵاتنی خێرای پێشمەرگە و چەکدارەکانی کورد، کە تێکەڵاو بون لە هی هەمو ناوچەکانی کوردستانی عیراق، لە بەردەم سەربازی عیراقی دا ئەم باوەڕەی کرد بە داڵغەیەکی پوچ. ئەگەر لە سەر ستراتیجی ترین و دەوڵەمەندترین شاری کوردستان ئەوەندە بەرگری بکەن، ئەبێ لە سەر شوێنێکی نەناسراو چەندە شەڕ بکەن.

30ی ئازار: داگیرکردنەوەی هەولێر

حەرەس جمهوری لە پردێ و دوبزەوە هێرشیان هێنایە سەر هەولێر و گرتیانەوە. بارەگاکانی کاک مەسعود و من لە سەلاحەدین بو گوللەتۆپی جەیش ئەگەیشتە سەلاحەدین. لە بەر ئەوە گوێزامانەوە شەقڵاوە.
مام جەلال گەیشتە شەقڵاوە. تا ئەو کاتە، وەکو چەند مانگێ پێش راپەڕین بەڵێنم پێ دابو، سەرپەرشتی کاروبارەکانی یەکێتیم ئەکرد و، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە نزیک کاک مەسعود بوم. کە مام جەلال گەڕایەوە ئیتر من ئەرکم تەواو بو. هەرەسی راپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک دەستی پێ کرد بو. هێزەکانی بەعس کەرکوک و هەولێریان داگیر کردبووەوە. مام جەلال و کاک مەسعود و من کۆبونەوەیەکی کورتمان کرد. ئەوان پاراستنی کوردستانیان لە بەینی هەردوکیان دا دابەش کرد .کاک مەسعود کاروباری هەولێر و دهۆک و مام جەلال کاروباری سلێمانی و کەرکوکی گرتە ئەستۆ. ئیتر بڵاوەمان لێ کرد من ئازاد بوم. بارزانی چو بۆ ساردادو لە رەواندز تاڵەبانی بۆ سلێمانی. منیش چوم بۆ دوکان.

2ی نیسان :
لە کوێوە هاتبوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ

هێرشی جەیشی عیراق لە کەرکوکەوە دەستی پێ کرد بۆ سەر سلێمانی و بۆ سەر دوکان.
مام جەلال لە سلێمانیەوە چو بوە کارێزە (چوارتا). کارێزە وێران بو . ئاوەدانی تێدا نەبو. چوبونە کەلاوەی بارەگایەکی جەیش. لە بەر نەبونی نوا شەوان لە ناو ئۆتۆمۆبیل دا نوست بون.
دوکانم بە جێ هێشت چومە رانیە. خەڵکی رانیە و ئەوەش کە روی کرد بوە رانیە لە چۆڵکردن و راکردن دا بون. لە رانیەوە چومەوە بارەگاکانی خۆمان لە زەڵێ.

لە کوێوە هات بوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ .دەیان هەزار کەس لە تەختایی بەردەم کاولەکانی گوندی سونێ و تەختاییەکانی شێنێ و زەڵێ چادرەشڕیان هەڵدا بو، بە هەزاران ئۆتۆمۆبیلی جۆراوجۆری حکومەتی و تایبەتی لە دەشتاییەکان دا راگیرا بون بۆ نوستن و خۆپاراستن لە باران بە کاریان ئەهێنا. هەزاران کەس ریزیان بەست بو لە دەروازەی سنوریی قاسمەڕەش بۆ ئەوەی ئاوای دیوی ئێران ببن. ئەم دیمەنە نمونەیەک بو بۆ بارودۆخی ژیانی زۆرایەتی خەڵکی کوردستانی عیراق لە سەرانسەری ناوچە سنوریەکانی ئێران و تورکیادا .وەکو دوایی فەریق روکن سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات لە بەغداد بۆی باس کردم بە پێی خەمڵاندنی ئەوان ژمارەی ئاوارەکان بەرەوژوری 2 ملیۆن بو.
بەهاری 1991 وەرزێکی نائاسایی تەڕ بو. رەهێڵەی باران خۆشی نەئەکردەوە. نوا و خۆراک دو کێشەی گەورە بون. جەیشی عیراقی بەردەوام بو لە پەلاماری ئاسمانی و زەمینی دا. روداوەکان زۆر بە خێرایی ئەهاتن. سەرکردایەتی کورد، بە سەرانی هەمو حیزبەکانی بەرەی کوردستانیەوە، فریای لێکدانەوە و پلانی بەرامبەر نەئەکەوتن .راپەڕین لە سەرکەوتنێکی گەورەوە بو بە کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە. سەدان هەزار کەس شار و ئۆردوگاکانیان چۆڵ کرد و لە بەر ئەوەی دێهات هەموی وێران بو نان و نوا دەس نەئەکەوت رویان کردە سنورەکانی ئێران و تورکیا.
رۆژنامەوانەکان هێشتا لە کوردستان بون شایەتی تێشکانی راپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک بون. بە چەشنێک هەواڵەکانیان لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە، بڵاو ئەکردەوە بەزەیی رای گشتی جیهانی بە جۆرێ بزواند گوشار بۆ حکومەتەکانیان ببەن فریای کورد بکەون. لە ناو ئەو رۆژنامەوانانەدا کە رۆڵی گرنگیان لەم بارەیەوە بینی: جۆناسان رانداڵ لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و چارلس گلاس لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی و جیم مۆیەر پەیامنێری بی بی سی.
رێکخراوی «پزیشکانی بێ سنور» کە چەند کەسێکیان هاتبونە کوردستان، ئەوانیش رۆڵێکی کاریگەریان هەبو بۆ ناساندنی مەینەتیی ئاوارەکان بە دنیا.
کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی خۆپیشاندانیان ساز کرد و لە هەندێ جێ پەلاماری سەفارەتی عیراقیان دا و داگیریان کرد.

5ی نیسان :
پارادۆکس هاتوچۆی مەکۆکی دارا

مام جەلال نامەیەکی نوسی بو بۆ سەدام، پەیامەکەی خۆی و نامەی بەرزان تکریتی برای بیر هێنا بوەوە بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ. لە نامەکەی دا ئامادەیی دەربڕی بو بۆ راگرتنی شەڕ و ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ.
نامەکەی دابو بە دارای تۆفیق ئاغا بیبات بۆ سەرکردایەتی عیراق. دارا یەکێ بو لە ئەفسەرانی ئیستیخباراتی عەسکەریی عیراق. کاتێ هاتە ریزی پێشمەرگایەتیەوە گەیشتبوە پلەی موقەدەم. ژمارەیەکی زۆری لە ئەفسەرانی جەیشی عیراق ئەناسی.
دارا لە رێگەی ئەزمرەوە چو بو بۆ سلێمانی لە رێگەی ئیستیخباراتەوە پێوەندی لە گەڵ کرد بون. ئاگاداری کرد بون کە نامەیەکی گرنگی تاڵەبانی پێیە بۆ سەرکۆمار. دەزگای ئیستیخبارات هەمان رۆژ گەیاندبویانە بەغداد. لە بەغداد گەیاندبویانە عەمید عەبد حەمود سکرتێری تایبەتی سەدام. عەبد داوای لێ کرد بو نامەکەی بداتێ بیبات بۆ سەدام. دارا وت بوی مام جەلال پێی وتوم تەسلیمی دەستی خۆی بکەم .دارایان برد بو بۆ شوێنی حەسانەوە. سەعات 2 ی دوای نیوەشەو چوبون بە دوی دا و برد بویان بۆ لای سەدام لە بارەگای جیهازی موخابەرات .نامەکەی مام جەلالی دابویە و سەدام خوێند بویەوە. دارا داوای وەڵامی لێ کرد بو. سەدام وت بوی: «پێی بڵێ جگە لە جیابونەوە هەمو شتێ قابیلی باس کردنە.«

بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش

ئەو رۆژەی مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ سەدام نوسی بو داوای دەسپێکردنی گفتوگۆی لێ کرد بو، هەر لەو رۆژەدا ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە 688 (1991) ی بۆ پاراستنی کورد دەرکرد کە لە مێژوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا ئەوە یەکەم جار بو بڕیارێکی لەو بابەتە دەربکات چونکە بە شکاندنی سەروەری و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دائەنرا.

سەرکردایەتی کورد لە ژێر قورسایی هەرەسی راپەڕین و کۆچی ملیۆنی گەلەکەی دا لەو رۆژەدا وەها شپرزە بوبو گرنگی ئەم بڕیارەی نەزانی و، لە دەرەوەش دەزگایەکی دیپلۆماسی ئەوتۆی نەبو نرخی ئەم بڕیارە بزانێ و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لێ ئاگادار بکا و، دوراییەکانی بۆ رون بکاتەوە. لە کاتی دروستکردنی بەرەی کوردستانی دا بڕیار درا بو نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لە وڵاتانی دنیا یەک بخرێ بۆ ئەوەی ببێتە ناوکی دەزگایەکی دیپلۆماسی. بەڵام ئەم بڕیارە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. من، لەو کاتەدا کە لە هەمویان کەمتر باری کەوتوی روداوەکانم لە سەرشان بو زۆرتر هەلی گوێگرتنم هەبو لە رادیۆ و ئەمتوانی سۆراخی هەواڵەکان بکەم، تا درەنگ دەقی ئەم بڕیارەم نەدی بو و، نەمئەزانی ناوەرۆکەکەی چیە و چۆنە و کورد چۆن ئەتوانێ بە کاری بهێنێ .

لافاوی بەردەوامی هەڵاتوانی کورد بەرەو سنورە دەوڵەتیەکانی ئێران و تورکیا و، چونی سەدان هەزار کەس بۆ ناو خاکی ئەو دو وڵاتە و گیرخواردنی سەدان هەزاری تر لە سەر سنورەکان بوبونە کێشەی راسەقینەی مرۆڤایەتی بۆ تورکیا و ئێران کە هاوسنوری کوردستان بون و، ئەترسان بگۆڕێ بۆ کێشەی سیاسی و سەرەنجام بۆ مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی‌یان. لێشاوی پەنابەران ئەوەندە زۆر و ئەوەندە کتوپڕ و خێرا بو، لە توانای ئەو دو دەوڵەتەدا نەبو بە ئاسانی چارەیان بکا و، پێویستیەکانیان لە خزمەتی داڵدەدان و خۆراک و تەندروسی دابین بکەن.

تۆرگۆت ئۆزال، چەند جارێ هەڕەشەی کرد کە ئەگەر کۆمەڵگای ناودەوڵەتی چارەی ئەو کێشەیە نەکا، تورکیا خۆی چارەی ئەکا بە قوڵایی چەند کیلۆمەتر هێز ئەهێنێتە ناوچە سنوریەکانەوە ئاوارەکان لە ناو خاکی عیراق دا نیشتەجێ ئەکا.

نوێنەری تورکیا لای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە 2 ی نیسان دا و نوێنەری ئێران لە 3 و 4 ی نیسان دا و نوێنەری فەرەنسە لە 4 ی نیسان دا نامەیان ئاراستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە، سەرنجیان راکێشاوە بۆ ئەو کارەساتە مرۆڤایەتیە.

لە 5 ی نیسانی 1991 دا ئەنجومەنی ئاسایش بە لە بەر چاو گرتنی تێبینیەکانی لەو نامانەدا نوسرابون پرۆژەی بڕیارێکی پەسەند کرد کە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئامادەیان کرد بو، بە ناوی بڕیاری ژمارە 988 (1991) ەوە چوە مێژوی رێکخراوەکەوە. بڕیاری 688 (1991) ی رۆژی 5 ی نیسان/ ئەپریلی 1991

ئەنجومەنی ئاسایش

بە لە بەر چاو گرتنی ئەرکەکانی و ئۆباڵەکانی

بە پێ‌ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی

نیشانە بە بەندەکانی بڕگەی 7 ی مادەی 2 ی پەیمانەکە

سەخت نیگەرانە لە سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی عیراق لە زۆر شوێنی عیراق دا، کە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دایە و، بۆتە هۆی لێشاوی گەورەی پەنابەران بەرەو وە بۆ ناو سنورە ناودەوڵەتیەکان و بەزاندنی سنور، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی ئەکا،

بە قوڵی نارەحەتە لەو ئازارە زۆرەی خەڵک لەوێ توشی بون، بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەرانی تورکیا و فەرەنسا بۆ نەتەوە یەکرتوەکان لە رۆژانی 2 ی ئەپریلی 1991 و 4 ی ئەپریلی 1991 دا، هەروەها بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە رۆژانی 2 و 4 ی نیسان/ ئەپریلی 1991،

پابەندیی هەمو دەوڵەتانی ئەندام دوپات ئەکاتەوە بەرامبەر سەروەری و، یەکێتی ئەرزیی و، سەربەخۆیی سیاسی عیراق و هەمو دەوڵەتانی ناوچەکە

بە لە بەر چاو گرتنی راپۆرتی سکرتێری گشتی لە 20 ی مارتی 1991 دا

.1سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە زۆر شوێنی عیراق، لەوانە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دا، کە ئەنجامەکانی هەڕەشە ئەکا لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، تاوانبار ئەکا.

.2داوا لە عیراق ئەکا دەسبەجێ وەکو بەشداریەک لە رەواندنەوەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ناوچەکەدا کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنێ و هیوا دەربڕێ لە هەمان بواردا گفتوگۆیەکی کراوە بکرێ بۆ دابینکردنی رێز لێ گیرانی مافی مرۆڤیی و سیاسی هەمو هاووڵاتی‌یانی عیراق.

.3پێدا ئەگرێ لە سەر ئەوەی عیراق دەسبەجێ رێگە بدا بە گەیشتنی رێکخراوی مرۆڤایەتی ناودەوڵەتی بۆ هەمو ئەوانەی پێویستی‌یان بە یارمەتی هەیە لە هەمو شوێنێکی عیراق دا کارئاسانی بۆ کارەکانیان بکا

.4داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا تەقەلای مرۆڤپەروەرانە درێژە پێ بدا لە عیراق، دەسبەجێ ئەگەر پێویستی کرد دەستەیەکی تر بنێرێ بۆ ناوچەکە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێ لە سەر مەینەتی دانیشتوانی مەدەنی عیراق بە تایبەتی دانیشتوانی کورد، کە توشی هەمو جۆرە شێوەیەکی سەرکوتکردن بون لە لایەن دەسەڵاتی عیراقەوە.

.5داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا بە هەمو ئەو داهاتەی لە بەردەستی دایە لەوانە داهاتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی پێوەندیدار، بە خێرایی پێویستیە ئیستاییەکانی پەنابەران و دانیشتوانی عیراقی ئاوارە دابین بکا.

.6بانگ لە هەمو دەوڵەتانی ئەندام و هەمو رێکخراوە مرۆڤیەکان ئەکا کە بەشداری بکەن لەم هەوڵی فریاکەوتنی مرۆڤە.

.7داوا لە عیراق ئەکا هاوکاری سکرتێری گشتی بکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانە

.8بڕیارە ئەم پرسە لە بەر چاو بمێنێ.

)بۆ خوێندنەوەی ئەو بڕیارە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی سەردانی ئەم ئەدرەسانە بکەن:

http://www.fas.org/news/un/iraq/sres/sres0688.htm

http://www.moqawama.org/__print.php?filename

لە دانیشتنی 2982 دا بە زۆرایەتی 10 دەنگ بەرامبەر 3 دەنگ (زیمبابۆی و کوبا و یەمەن) و بێدەنگی 2 ئەندام (چین و هیند) بڕیار درا.

7ی نیسان :

مام جەلال لە ماوەت

مام جەلال لە کارێزەوە گواستبویەوە بۆ ماوەت. ماوەت وێرانە بو .ئاوەدانی تێدا نەبو. دارا لە بەغداد گەڕا بوەوە بۆ ماوەت. جەیشی عیراق بەردەوام بو لە سەر هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر کاروانی کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکان. گۆیا فەرمانی راگرتنی شەڕیان پێ نەگەیشت بو. رۆژ بە رۆژ ژیانی ئاوارەکان خراپتر ئەبو. رۆژانە سەدان منداڵ و پیر ئەمردن و لە کەناری رێگاکان ئەیانشاردنەوە. مام جەلال هەمان رۆژ دارای ناردۆتەوە بۆ سۆراخی کێشەی ئاگربڕ و رێکخستنی چونی وەفدی یەکێتی و پارتی بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە. دارایان لە سلێمانیەوە برد بوە کەرکوک. لە کەرکوکەوە لە گەڵ بەغداد پێوەندی‌یان بۆ دروست کرد بو.

گەورەترین خەمی سەرکردایەتی کورد و دەستەی نوێنەرایەتی: راگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی خەڵك بو بۆ سەر جێگەورێگەی خۆیان. کورد لە مەترسی ئەوەدا بو ببێتە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتمان.

9ی نیسان

دارا لە کەرکوکەوە گەڕا بوەوە ماوەت. وت بوی: «حکومەت بڕیاری داوە شەڕ رابگرێ. داوا ئەکەن دەستەی نوێنەرایەتی بچێ بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە.«

مام جەلال ئاگاداری کاک مەسعودی کرد بو کە نوێنەرەکانی خۆیان ئامادە بکەن و ئاگاداری فەرەیدون و عومەر فەتاحی کرد بو کە لە گەڵ دارای تۆفیق ئاغا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ئەو مەبەستە

# دوا فیشەک و گۆڕە ونەکە..

تکایە بفەرمون ئەم دیمەنە ،دڵتەزێنانە ،بخوێننەوە ، بزانن ، ئەم تراژیدیایە ،لە مەرگەساتی کام فیلمی دنیادا ، بەم شێوەیە ، روویان داوە .....؟

دەوڵەتی عێراق ، هەزاران روداوی پڕ لەتراژیدیای ، لەم نیشتمانەدا بەرپا کردووە، هەر مەرگەساتێکیان رۆمانێکە ...سیناریۆی فیلمێکە تۆمار نەکراوە
کام خانەوادە، ئەندامێک، یاچەند ئەندامێکیان لەسێ دارە نەدراوە ، یا شوێن بزر نەکراوە،
یا لە سەنگەری رووبەڕووبونەوەی بەرگری لە خاک ، دواهەناسەی نەسپاردووە.

مام ڕەزا ئەحمەد قادر، یەکێکە لە تێکۆشەرە ماندوو ە ، نموونییەکان ، چەند ساڵێکە ، بەدەم ئازارونەخۆشییەوە، بیر لە یادەوەرییە کاڵ و تاڵەکانی ئەوساو ....زەمەنی چەق بەستوی ئێستا دەکەتاوە . :
( لە زەمەنی ئێستا ی پڕلە ودرۆ و فێڵ و سیناریۆ و بێ وەفایی ئەم دەسەڵاتدارانە تێ ناگات )...............؟

هیچ نازانم ......
مام رەزا لە 1958ەوە ، پەیوەندی کردووە بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە،
چەندان کاری پڕ لەزەحمەت وپڕ لە مەترسی ڕاپەڕاندووە.

لە1975ەوە لە رێگای ئیبراهیم ئەحمەدی وێنەگرەوە ، لەگەڕەکی شۆڕش ،پەیوەندی کردووە بەکۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە.

تاریک ولێڵی بەیانی (1986/11/17) مەفرەزەیەک ئەمنی سلێمانی،لەناکاو خۆیان دەکەن بەماڵی مام ڕەزادا، کون وقوژبنی ماڵەکە دەپشکنن، بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن، هیچیان چنگ ناکەوێت، دەگەڕێنەوە، ئاکۆی کوڕی بەخێرایی ، خۆی دەگەیەنێتە کارگەی جگەرەی سلێمانی، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەمنەکانی پێ بگەیەنێ،
هەر ئەو کاتە ئەمنەکانیش د ەگەنە ئەوێ، دەزانن ، ئاکۆ بۆچی هاتووە، زۆر بەتوندی دەکەونە ئەشکەنجەدانی،

مام ڕەزا لە کارگە دەسگیر دەکەن و پرسیاری(سامی جەمال)یان لێکرد بوو،وتبوی نایناسم، بەشەق وزلە دایان گرتەوە، پێیان وتبوو:

ئەی (ڕۆستەم، ڕێژین، ڕۆسۆ، ڕەنج، ڕەنجدەر،...) لەکوێن؟
وتبوی نازانم، وتبویان :-ئێستا ئێمە پێت دەڵێین.

ئەمنەکان هەردوو دەست وچاوەکانی مام ڕەزایان بەست، گواستیانەوە بۆ شارەوانی،
لەوێ پەڕۆکەی سەر چاوەکانیان کردەوە، لەو کاتەدا کاک شێخ فەتاح یان هێنا، دواتر کاک کاوە بەکر مەحمودیان دەسگیر کرد،
پاشان هەموویان گواستەوە بۆ ئەمنی سلێمانی،

هەر کە گەیشتنە ناو گۆڕەپانەکەی ئەمن ......ئەمنەکان بەشەق وزلە و کێبل مام ڕەزایان داگرتەوە، زانیاریان لەسەر پۆلی شەهید عەلی لەکەرتی شەهید شیهاب هەبوو،
وتیان: ئێمە زانیاری تەواومان لەسەر پۆلەکەتان لایە،

-ڕەزا ئەحمەد ، لێپرسراوی 14مخەرێبی، دەمانەوێ لەسەر زاری خۆت ، زانیارییەکان ببیستین.مام ڕەزا نکۆڵی لەو زانیارییانە کرد،

مام ڕەزا ئاماژەی بەوەکرد :
کە ئەمنەکان ئەوانیان ڕوو بەڕووکردمەوە، ئازارو ئەشکەنجەکانم لەبیر چووەوە،

بەلامەوە سەیربوو، چۆن ئەو هەموو زانیارییانە وردانەیان چنگ کەوتووە.
لەو کاتەدا(س و ج) وتی: ئەو نوسراوەی لامان بوو گیراوە، تۆش وەک ئێمە بەرگەی ئەشکەنجە ناگری،ڕاستیەکان وەک ئێمە بڵێ.
-من هیچ نازانم، ئەوانەی کەئێوە دەیڵێن هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نی یە،

هەر چوار ئەمنەکە(سەلام، فارس، حەسون وسالم) بەکێبل وشەق وزلە مام ڕەزایان دایاگرتەوە، لەهۆش خۆی چوو، کاتێ بەئاگا هاتەوە، هەروازیان لێ نەدەهێنا
وتیان: هەموو زانیارییەکانمان لایە، دەزانین، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کۆبونەوەتان کردووە،

لەو کاتەدا(ج)یان هێنایە بەردەمی وتیان: ئەمیش هەمان زانیاری(س)ی پێ وتوین، دەمانەوێ تۆش وەک(س)و(ج) ، قسەکانتان وەک یەک بێت، تۆش قسەکانی خۆتمان پێ بڵێ.
هەر نکۆڵی کرد..
سەلام هەڵچوو وتی:
- ئێستا بۆم هەڵواسن.
گەیاندیانە ژورێکی بچوک، خستیانە سەر مێزێک، ڕووتیان کردە وە،

هەردوو دەستیان لەدواوە کەلەپچە کرد ، لەدواوە بەقولاپێکدا هەڵیان واسی ، مێزەکەیان لەژێر قاچی لابرد، وای دەزانی لەسێدارەی دەدەن،

بەهەڵواسراوی کارەبایان لەئەندامە ناسکەکانی جەستەی دەدا، بەکێبل دایان گرتەوە، لەهۆش خۆی چووو ، کاتێ بەئاگا هاتەوە ، جلی لەبەردا نەمابوو، دەستی برد بۆجلەکانی، ملازم فارس یەک شەقی لەدەستی دا وتی:
-چاوەکانت پڕن لەنهێنی .....بەلام نایدرکێنی .
وتی :
- ئەوەی ئەوان دەیڵێن هەمووی درۆی هەڵبە ستراوە، پەیوەندیم بەهیچەوە نی یە، تەنیا فەرمانبەرێکی کارگەی جگەرەم.
پاشان گەیاندیانە ، ژوورێکی ئینفرادی ، 4 ڕۆژ لەوێ بوو ، بەدەم ئازارەوە،زەمەنەکانی تەنیایی بەڕێ کرد، زیاتر بڕوای بەخۆی بوو کەتا دوا هەناسە یەک وشە نەدرکێنێ.

هەڵوێستەکانی زیندان
دواتر گواستیانەوە بۆ ژوورێک .......47 زیندانی تێدابوو ، دوو سەتل لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوون، بۆ میزو پیسایی، یەک پەنجەرەی بچوکی داخراو، سەراپا ژوورەکە پڕ بوو لەبۆنی پیس و.....دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، هەناسەیان تەنگ دەبوو، دواتر لەگەڵ ژوورەکەدا ڕاهاتن، بێ خۆراکی وئەشکەنجە، جەستەی بێ هێز کردبوین.

ئەحمەد حەمەعەلی ئابلاخی ، یەکێک بوو لەو زیندانیە خاوەن هەڵوێستە خۆڕاگرانەی

دەنگی زۆر خۆش بوو، بەیانیان بە شیعرو سروودە بەرگرییەکانی زیندانییەکانی لەخەو هەڵ دەستاند ، بە روە خۆشە پڕ لە تەح ەداکانی ، خەم وئازارەکانی دەڕەواندیەوە، ورەی زیاتری پێ دەبەخشین،

جەلال عەلی عەبدوڵڵا ئەندازیاری کشتوکالی بوو، ئەو کاتانەی جەلادەکان بۆ ژووری ئەشکەنجەیان دەبرد بەجەللادەکانی دەوت :
-کەی ئێوەش وەک ئێمە ، بەرەو ڕووی ئەم فاشیستانە دەوەستنەوە.

زەمەنەکانی شەوو ڕۆژی زیندان تەواو نەدەبوو، لەبۆنەکاندا ئاهەنگیان دەگێرا،

ئەمنەکان توشی هێستریا دەبوون، بەکێبڵ دایان دەگرتنەوە.
شەوی 20 / 3 / 1987، 20 زیندانییان دوو دوو کەلەپچە کرد، مام ڕەزاو ئەکرەمی وەستا گورونیان پێکەوە کەلەپچە کرد، لە زیندانی سلێمانییەوە گواستیانینەوە بۆ زیندانی( فەزیلییە) لەبەغداد، لە 22 / 3 / 1987 هەموویانیان ، لەهۆڵێکەوە گواستەوە بۆ هۆڵێکی تر.

مام ڕەزا دەڵێ:

- لەو کاتەدا دوو د شداشە لەبەر ،لەگەل ئەفەندییەکدا لەبەر دەرگای زیندانەکە وەستابوون،هەردووکیان بەرەو لای من هاتن،لەناکاو یەکێکیان بۆکسێکی لەبەرکەلەکەم دا
وتی: - انتم کوردی مشرک.
لەمەوە تێگەشتم کەعەرەب نی یە .....بە هەڵە تێیان گەیاندووە، ئەفەندیەکەش هەر سەیری دەکردین، پێم وت:
-ئێمە مسوڵمانین، نوێژ دەکەین، قورئان دەخوێنین.

وتی:
-دەتوانی قورئان بخوێنی

وتم: بەڵێ

دوای تاوێک بەقورئانێکەوە گەڕایەوە، من بەڕێکەوت قورئانەکەم کردەوە،

سورەتی یاسین بوو، یەکسەر لەبەر سورەتەکەم بە جوانی بۆ خوێندەوە،

دەستی خستە سەر سەرم ، ویستی ماچم بکات، وتی:

-ئێوەش مسوڵمانن ب.
بەدەست ئیشارەتم بۆ کرد.

-تۆ خەڵکی کوێیت؟
وتی: -پاکستانیم

من بەدەست وئیشارەت .....تێم گەیاند، (ئێمە لێرە دەسگیر دەکرێین،زیندان و ئەشکەنجەو ئیعدام دەکرێین).

محکمە الثورە

بەیانی 23 / 3 /1987، ئێمە 6 زیندانی پێکەوە......گەیەنراینە (محکمە الثورە)

لەوێ بواری هیچ جۆرە وەڵامێکیان نەدەداین، بۆمان نەبوو یەک وشە بڵێین،

تەنیا سەرۆکی دادگا وتی: -ئێوە تێکدەرن.
بەمادەی(157) بەپێی دەستوری یاسای ڕژێمی عێراق،گوایە ئێمە دەستمان تێکەڵ کردووە لەگەل بێگانەدا، بۆگۆڕانکاری وروخاندنی ڕژێم.دوای ماوەیەک سەرۆکی دادگا ئێمەی کردە دەرەوە، دواجار دەقی حوکمەکەی بۆ خوێندینەوە.

1. کاوە بەکر مەحمود بەمادەی 157 حوکمی ئیعدام
2. جەبار غەفور سەعید بەمادەی 157 حوکمی ئیعدام
3. ڕەزا ئەحمەد قادر بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەیتایی
4. فەتاح ئەمین عەزیز( شێخ فەتاح) بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەتایی
5. یاسین محەمەد رەمەزان بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەتایی
6. جەزا ئیبراهیم ساڵح بەمادەی 157حوکمی هەتا هەتایی

دواتر هەرچواریان برد بۆ بەشی حوکمی تایبەتی لەئەبو غرێب(50) زیندان، [بۆ 6ڕۆژ لە مجەمیدەدا مانەوە،
ئێمەش لە 1987/3/29دا بەسەر جەمالۆنەکان دا دابەش کران،
ما م ڕەزا لە جەمالۆنی(2)دا دانرا، دوای چەند ڕۆژێک ، داوای خوێنیان لەزیندانییەکان کرد، مام ڕەزا خوێنی نەبەخشی، زۆریان لێدا، بەبەردەوامی لەژێر چاودێری دابوو.
لە1988/9/15 بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا،

کە گەڕایەوە خانوەکەیان لەلایەن جاشەکانەوە گیرابوو، خانەوادەکەی لەگەڕەکی بەختیاری داخۆیان حەشاردابوو.

خەوەکەی ئاسۆ
مام رەزا دەڵێ:
- ئەو دەمانەی لە ئەبو غرێب زیندانی بووم، دکتۆر ئاسۆی کوڕم ، لەئەنفالەکاندا لەسنوری تیپی 23ی سورداش دا مابۆوە، شەهید کرابوو، هاوسەرم و منداڵەکان سەردانیان لە ئەبوغرێب دەکردم، بەڵام جلە ڕەشەکەیان لەبەغداد دەگۆڕی، بۆ ئەوەی لەزیندان بەو تراژیدیا یە نەزانم.
دکتۆر ئاسۆ جگەر گۆشەو هاوڕێی خۆشەویستم بوو،لەئەبو غرێب داوام ، لەکاک شێخ حەسەن کردبوو، جوتێ کڵاشی بۆ بدورێ، ئەویش هەر دەیگوت پەلە مەکە تەواوی دەکەم، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیربوو، هەموو جارەکان ...چاوەکانی شێخ حەسەن ...پڕ دەبوو لەفرمێسک، ئەو دەیزانی دکتۆر ئاسۆ شەهید کراوەو ......منیش تازە بەتەمام کڵاشی بۆ بدورم.

لە سەعات12ی نیوەڕۆیەکی تەموز بوو ، لەگەڵ دکتۆر علامەکی بانکی خوێن دا لەبەندنیخانە نوستبووم، لەخەوەکەم دا دکتۆر ئاسۆ هات بۆلام،دەستم کردە ملی، بەلامەوە سەیر بوو جەستەی سارد ساردبوو، وتم :
-کوڕم بۆ وا لەشت ئەوەندە ساردە.
وتی:- باوکە دەمێکە من مردووم.
بەدەم گریانەوە، لەخەو ڕاپەڕیم.
دکتۆرەکە وتی:
-ئەبو ئاکۆ بۆچی وادەگریت؟ ،
خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش دایە پڕمەی گریان، ژیر نەدەبووەوە، هیچیشی پێ نەوتم، ئەمە گومانێکی قوڵی لا دروست کردم،

چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ئازاد بکرێین، زیندانییەک ناوی قاسم بوو خەڵکی شارۆچکەی دوکان بوو وتی:
-کوڕە پێشمەرگەکەت، شەهید کراوە.
یەکسەر لەهۆش خۆم چووم.
مامۆستا عەلی مەحمود چۆخماخی بە میهرەبانییەوە،
دڵنەوایی کردم، هـــــــەموو بیر و هۆشم لای ئاسۆ بوو.
دکتۆر ئاسۆ سنورەکەی چۆڵ نەکردوە.
دادە فاتمی دایکی شەهید دکتۆر ئاسۆ وتی: جەمال فەرەج پێشمەرگە بوو

لەگە ڵ ئاسۆی کوڕم دا وتی:

-لەئەنفالەکاندا، شەڕێکی سەختی نابەرامبەر بەرپابوو، لە18 / 3 / 1988 دا هێزی پێشمەرگە بەرەو سنورەکان کشانەوە، سوپای عێراق ، گوندەکانی خاپورو سوتماک کرد،

خەلکەکەی شوین بزر کرد، دکتۆر ئاسۆ بریاریدا وەک پارتیزانێک لەسنورەکەدا بمێنێتەوە، پێم وت:

-دکتۆر گیان کەس لەناوچەکەدا نەماوە، سوپاو جاش سەراپا گەلە جاش ، هەموو سنورەکەمانیان کۆنترۆڵ کردووە، بەبەردەوامی کێومال دەکەن، بائێمەش لێرە بڕۆین، ڕووبکەینە سنوور، بەقسەی نەکردم، ئەو لەگەل چەند پارتیزانێکی تردا مانەوە،

من ودوو کەسی تر ڕوومان کردە سنور،






دواتر مام ڕەزا بەقوڕگێکی پڕ لەگریانەوە، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی هەڵڕشت وئاماژەی بەوە کرد.
- دەمێک بوو بەدوای یەکێکا عەوداڵ بووم، ئارامگاونەکە بێ ناونیشانەکەی ، دکتۆر ئاسۆم نیشان بدات، دوای ڕاپەڕینەکە شەهید ئەحمەد جوتیارم ناسی، ئەویش وەک من تامەزرۆ بوو، پێکەوە ، سەردانی گۆڕەکەی بکەین، پێکەوە ڕوومان کردە گوندی قۆجەبڵاخ،

لەوێ شەهید جوتیار وتی:
-ئێوارەی 3 / 5 / 1988 فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق ، گۆپتەپەو عەسکەریان کیمیا باران کرد، .شەوی 4-5 / 5 /1988، برسێتی تینی بۆ هێناین، دکتۆر ئاسۆو پارتیزانێک بۆدابین کردنی خواردن...ڕوویان کردە ناو گوندی قۆجەبڵاخ، لەناکاو بوو بەدەسڕێژێکی چڕوپڕ،

کەس نە ی دە پەرژایە سەرکەس، چوار دەورمان سوپای عێراق وگەلەجاش بوو، دواتر هاوڕێکەی دکتۆر ئاسۆ ،بەخێرایی گەڕایەوە بۆلامان وتی:

-دکتۆر ئاسۆ بریندار کراوە.

ئێمەش ڕوومان کردە شوێنەکەی، کاتێ گەیشتینە سەری دەمانچەکەی لەناو دەستی دابوو،

دوا فیشەکی دەمانچەکەی نابوو بە ناوچەوانی خۆیەوە ، دەسڕێژێک ڕانێکی بێژابوو، دەمانچەو کلاشنکۆفەکەیمان هەڵگرتەوەو لەوێ بەجێمان هێشت، دوای 15 ڕۆژ ، لەگەل پارتیزانێکی تردا، ڕوومان کردە ئەو شوێنە، تەرمەکەمان بەخێرایی خستە چاڵێکەوە، گڵمان بەسەر چاڵەکەدا ڕووخاند، بۆ ئەوەی شوێنەکەمان لێ تێک نەچێ،تایەیەکمان لەسەر چاڵەکە دانا.
مام ڕەزا دەڵێ:

-هەر کەگەیشتینە ئەوێ، شەهید ئەحمەد جوتیار شوێنەکەی لێ تێکچوو، پیاوێکی بەتەمەنی گوندەکە وتی:
-گەر بۆ ئارامگا بێ نازەکەی دکتۆر ئاسۆ دەگەڕێن،وا لەوچاڵەدا، هەر کەپوش وپەلاشەکەم لابردن تۆزێک گڵەکەم لادا، پارچەیەک لەپشتێنەکەی دەرکەوت.
پێم وت:
-(ڕۆڵە بەوەفاکەی کوردستان..... ئەم شەهید بوونەت پیرۆز بێت، گڵەکەم زیاتر لابرد، قەمسەڵەکەی دەرکەوت، گیرفانەکانی پڕ بوو لەدەرزی ودەرمان، تەنیا (7) پەنجایی پێ بوو،
هەر ئەو جلانەی لەبەردابوو،کە لە ساڵی (1985) دا بەدیاری بۆم بردبوو،. جوتێک پێڵاوی لاستیکی لەپێ دابوو،ئێسک وپروسکەکەیمان خستە کفنێکەوە .
خوشکەکەی وتی:
-کاکە ئاسۆ، کات درەنگە، باپێکەوە بگەڕێینەوە، بۆماڵەوە، ئاکۆو پێشمەرگەو جەماوەر، سلێمانیان ئازاد کردووە، ئەمشەو سەردانی ژوورەکەت بکە،
سەیرێکی کتێبەکانت بکەرەوە، بەیانییەکەی پێکەوە . دەچین بۆ سەر ئارامگاکەی ئاکۆ .لە گردی شێخ محێدین، لەوێ دەست بکەنە ملی یەکتری،
ئەو دەمێکە ئەو بەدوای تۆدا دەگەڕێ.

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

# چەند سەرنجێک سەبارەت
# بە نەخشەی کوردستان

**بەشی دووەم**

**ئامادەکردنی صدیق صالّح**



**١٦ .بیرخەرەوەی ڕۆژی ١٢ی مایسی ساڵی ١٩٢٩م بە هێندێ خۆئامادەکردنەوە بە ئەنقەست نووسی و ئەوەندەی بکرێ -بە تایبەتی- بەدوای بنچینە ئەسڵییەکاندا گەڕام، بەڵام چەند ڕوویەکیتری کێشەی کورد هەن، گەرەکە بە ئازادییەکی فراوان، یا لەوە زیاتر کە لەو بیرخەرەوەیەدا ویستراوە، وردتر لێی بکۆڵینەوە.**

**١٧ .دیمەنی بەرنامەی ئەو بەغداییبانە کە نازانن لە دەرەوە چی دەگوزەرێ :**

**تێڕوانینی پیاوی سیاسی، یا بەرنامەی کابرای بەغدایی دانیشتووی ماڵی خۆی، ئەوەیە کە کێشەیەکی کوردی نییە، لەبەرئەوە هیچی نییە بیکا، دەرکردنی فەرمان نەبێ بۆ دەسەڵاتدارانی دەرەوە، کە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ لەناوبردنی هەر بزاوتێک لەباریدابێ هەستی کوردی بخاتەڕوو. ڕەنگە شیاوبێ وەڵامی ئەم بیرۆکەیە بە بیرهێنانەوەی چیرۆکی ئەو پیرێژنە بدەینەوە کە سەروبەندی جەنگ ]ی یەکەمی جیهانی[، کاتێک لێی پرسرا: ئەگەر تاقمێکی سپای ئەڵمانیا ببینێ لە بەر دیواری ماڵەکەیدا مۆڵیخواردووە، چی دەکا؟ لە وەڵامدا گوتی: بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کوێخای گوند دەکەم، تا بێت و پەلبەستیانبکا (؟). ئەم پۆلە لە فەرمانبەران، بێگومان، چاو لە هەموو بەڵێن و پەیمانێک دەپۆشێ.**

**١٨ .ئەوەی وەک ڕوویەکی ستراتیج لافی پێوە لێدەدرێ :**

**هێندێ پیاوی بیرمەند، لەوانیتر پتر، بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆ کێشەی کورد دەچن:**

**¬«دەبێ عیراق بڕوانێتە پێشکەوتنی سیاسیی پاشەڕۆژی بەرەو ڕۆژاوا و باشوور. لەبەرئەوەی چەند گەلێکی گەورەی کورد لە باکووری عیراق، لە تورکیا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەن، کوردانی عیراق هەمیشە هەوڵدەدەن لەگەڵ هاووڵاتییانی دەرەوەی سنووری عیراق کە پێوەندیی نزیکایەتی و خزمایەتییان هەیە، یەکبگرن. عیراق، درەنگ بێ یا زوو، هیچ ڕێگەیەکیتری لە بەردەمدا نییە، هەر لەدەستیاندەدا. لەبەرئەوە ئەوانە پێیان وایە دەبێ خۆ لەم زیانە ڕزگاربکەن، ئەویش بە عەرەباندنی ناوچە کوردنشینەکانی دەشتاییەکان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پوختەی عەرەبیی عیراقی لە عیراق. ئەوانە زۆر بایەخ بە ڕووداوەکانی ناوچە شاخاوییەکان نادەن. ئەوەی ڕاستیبێ، ئەوانە ئامادەن ڕازیبن سیاسەتێکی تەواو ئازاد لەوێ جێبەجێببێ، تا ئەوەندەی دەکرێ خەڵکەکە بکەنە مرۆڤگەلێکی بێوەی و سەلامەت¬»¬¬.**

**ئەم جۆرە بۆچوونە ڕوویەکی دەرکەوتووی ستراتیجە و ئەم سیاسەتەیش ڕەتکراوەیە، چونکە ئەو بەڵێن و پەیمانانە لەبەرچاوناگرێ کە بە کوردان دراون. ئەوەیش کە »¬¬کوردانی دەرەوەی ئەو هێڵەی سنوور کە عەرەبی پسپۆڕی ستراتیج دەستنیشانیدەکەن، پێویستناکا، لەبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتێکی پوختەی عەرەبیی عیراقی کە لە پاشەڕۆژدا پێکدەهێنرێ، دانیشتووانی ئەودیوی بکرێنە عەرەب.¬« وێڕای ئەوە، ئەمە وەک خۆی شایانی لێوردبوونەوەیە، لەبەرئەوە لەم سێ بڕگەیەی لای خوارەوەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین:**

**.19سەلامەتیی سەربازی: ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ- تۆ دەتوانی پارێزگاریی دەشتاییەکان بکەی، بەبێ ئەوەی بچیتە ناو قووڵاییەکی زۆری چیاکان، بیرۆکەیەکە عەقڵ قبووڵیناکا. ئەم بیرۆکەیە سەبارەت بە دەشتاییی عیراق ڕاستە، کە بەشی زۆری هێڵی ئاسن و ڕێگای گشتیی لە بەغداوە بۆ مووسڵ پێدا درێژبووەتەوە، بە قەراغەکانیدا یا لە نزیکیەوە ڕەتدەبن و نەوتەڵانەکانیشی تێدان، یا لە نزیکی چیاکانەوەن یان تەواو لە خواروویانەوەن. دوایین ئەفسەر کە پۆستی سەرکردایەتیی گشتیی سپاکانی بریتانیای لە عیراق وەرگرت، بیریکردەوە، ئەگەر لە هەولێر و کەرکووک دابنیشێ، دەتوانێ پارێزگاریی ڕێگای گشتی بکا. بەڵام نەهامەتییەکە ڕوویدا، چونکە چاودێریی خواوەندانە سەرکردایەتیی گواستەوە بۆ سەرکردەی گشتیی داماوی هێزی ئاسمانی، کە کارە سەربازییەکانیی پەلپێهاوێشت بۆ ناو چیاکان و ڕەواندز و سلێمانیشی داگیرکردن. ئەوە بوو سلێمانی چۆڵکرا، بەڵام دیسان ئاسایش لە کەرکووک تێکچووەوە. بۆیە بە ناچاری دووبارە داگیرکرایەوە و کە پێنجوێن داگیرکرا، ئەمجا ئاشتی بەرقەراربووەوە. ئاشکرایە، بۆ ئەوەی دەشتاییەکانی عیراق بە شێوەیەکی پەسەند بپارێزرێن، دەبێ سنوور لە کوردستانی جنووبیدا -کەموزۆر- هەر لە دۆخی ئێستەیدا بێ (بیشتوانرێ هێندێ دەستکاریی بچووک بکرێ، لەوە زیاتر نا). ڕەنگڕشتنی سنوورەکانی باکوور بە یەک یا دوو زنجیرەچیا، نابێتە هۆی ئەوە کە زیانێکی زۆری پێبگەیێنێ.**

**٢٠ .کوردانی نیشتەجێی ئەو دیوی سنوور**

**ئەو پێشبینییە کلۆڵانەیەیش کە پێی وایە عیراق هەر دەبێ کورد لەدەستبدا، بەجێنییە، لە کاتێکدا پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی هەموو پەڕاگەندەی کوردان بگرێتە خۆی، ئەگەر کارێکی وا کردەنی بێ (هەرچەندە تێکڕای هۆکارەکان بەرەنگاری کارێکی لەم شێوەیە دەبنەوە)، هەر دەبێ دوابەدوای خرۆشانێکی جیهانی بێ کە هەموو سەدساڵێك یا زیاتر جارێک ڕوودەدا.**

کوردانی تورکیا و ئێران بێزارن و کوردان قەوارەیەکی کوردیی تا ڕادەیەک بە ڕەسمی ددانپێدانراویان نییە، لە عیراقدا نەبێ و هیچ هیوایەکی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی کوردیش لە عیراقدا نەبێ، لە گۆڕێدا نییە. لەبەر ئەم حاڵوبارانە، کوردانی تورکیا و ئێران وەک نیشتمانی مەعنەویی خۆیان دەڕواننە کوردستانی عیراق، نەک بە پێچەوانەوە. بەم پێیە عیراق بەرەیەکی گرانبەهای دەبێ، دەتوانێ زەبرەکانی ئەو دیوی سنوورەکانی دەرەوەی خۆی دەربڕا.

٣١[. عەرەباندنی کوردانی دانیشتووی دەشتاییەکان


ئەنجامی پێبەپێی هەستی نیشتمانی، هەوڵی ڕزگاری و یەکخستن irredentism بە هەر شێوەیەک بێ؛ واتە تێکۆشان بۆ فراوانکردنی نیشتمان، بە خستنەپاڵیەکی هەموو ئەو خاک و خەڵکانە کە تایبەت بە خوێن یا پێوەندیی پێیانەوە هەیە. کارێکی هیچوپووچانەیە ڕایبگەیێنین دەتوانرێ هێڵێکی دەستکرد لە نێوان میللەتێکدا بکێشرێ کە هەست بە قەوارەی خۆی دەکا و -لە لایەکەوە- ددان بەو میللەتەدا بنرێ و وەک خەڵکانێکی بێوەی بهێڵرێنەوە و -لە لایەکیترەوە- هەوڵبدرێ لەناوببرێن. ئەو دەمە دەبینین ئەوانەی کە دەکەونە لایەکی هێڵەکەوە، نارازیدەبن تا برا زۆرلێکراوەکانیان هەمان ددانپێدانان بەدەستدێنن. لە هەمان کاتدا، ئەو خەڵکە زۆرلێکراوە خۆیان، هەرچەندە بەرەو ئەوە نەچووبن هەستی نەتەوەییان بجووڵێ، بێزاردەبن لەم دۆخەی خۆیان و چەندین نموونەمان بۆ ئەوە هەیە لە عیراق. داوای دامەزراندنی لیوای دهۆک، ئەگەرچی حاڵی حازر بە زۆری باوەڕێکە، بەڵام دەشێ لە بەرەوە ڕەزامەندیی خەڵکەکە خۆیان بەدەستبێنێ. ئەو بڵاوکراوە ئاگرینە نهێنییانە کە ئەم دواییە لە هەولێر دەرچوون، ئاماژەیانکردووە بۆ هەوڵی نەهێشتنی پێخوێندنی کوردی لەو شارە. لەبەرئەوە هەر سیاسەتێک بە ڕاشکاوی ددان بە سنووری ڕاستەقینەی ئێستەی ناوچە کوردییەکاندا نەنێ و هەوڵنەدا بۆ بەدەستهێنانی متمانە و دڵسۆزیی هەمووان، ژێرکەوتنی بەنسیبدەبێ. هەر ئەوەندەمان سەبارەت بە بیرۆکەی باسکراوی ناوبراو بە »ستراتیج¬« پێ بەسە.


٢٢ .ژێری و ناچاری

شتێک لەبارەی پشتیوانیی بەڵێن و پەیمانەکان و لایەنە مەعنەوییەکانی کێشەکەوە باسکرا. ناشێ نکوولی لەوە بکەین کە سیاسەتی پێڕەوکراوی تا ئێستە، سیاسەتی باسکراوی ناو بڕگەی هەژدەیەمی ئەم بیرخەرەوەیە بووە، لەبەرئەوە کوردانی ناڕازی ئەو کارانە کە کردوویانن، -بە داخەوە- پشتیان تێدا بە بەهانەیەکی بەهێز بەستووە کە ئیددیعای پێشێلکردنی بەڵێن و پەیمانەکانە. جێگەی خۆشبەختییە کە سیاسەتی هەرە ژیرانە و هەرە ناچاری، لە ڕووی سیاسییەوە، هەمان ئەو سیاسەتە بێ کە بەڵێن و پەیمانەکان دەیخوازن .

٢٣ .کوردان بە خەسڵەتی کوردییان

بابەتی بڕگەی پێشووی بیرخەرەوەی ڕۆژی ١٢ی مایسم، سەرلەبەری بەستە بە دەستەواژەی »کوردان بە خەسڵەتی کوردییان«¬. گرنگ ئەوەیە »ددانانی ڕەسمی بە کورددا«¬، لەگەڵ ¬»دامەزراندنی کورد لە وەزیفە ڕەسمییەکاندا«¬ تێکەڵنەکەین، چونکە ئەم دوو مەسەلەیە بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن.




م . جميل بندی روژ بیانی


ئەنجامی چەوتی ئەم چەواشەکارییەیش لەو بیرخەرەوەیەدا دەبینین کە بریتانیا ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلانی کردووە و مەبەستی لە ناوهێنانی ژمارەی حەماڵانی کورد تێیدا، کارمەندانی هێڵی ئاسن بووە، وەک هەوڵدانێک بۆ سەلماندنی ئەوە کە مەرجە دانراوەکانی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕەچاوکراون. مەسەلەکەیش لە ڕاستی‌دا مایەی پێکەنینە، چونکە زۆربەی ئەو کوردانە لە خێڵی ئێرانیی کەڵهوڕ و هیی‌تر، یا دانیشتووی نزیکی خانەقینن و هەرگیز خەڵکی ئەو ناوچە تایبەتە نین و بەو پێیە خراونەتە کار کە باشترین چینی حەماڵەکانن، نەک وەک کورد. هەروەها خستنەکاری ئەو کەسانە کە لە نەژادی کوردن لە بەغدا و تەنانەت هەبوونی نوێنەرانی سلێمانی یا هەولێر لە ئەنجومەنی نەتەوە (مجلس الأمة)دا، دداننان نییە بە قەوارەی کوردان‌دا بە سیفەتە کوردییەکەی، بەو مانایە کە مەبەستمە. باشترین شێوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەوەیە ئەگەر قەوارەی خەڵکی سلیمانی و هەولێر هەمووی عەرەب بووایە، دەبوو ئەندامی ئەنجومەنەکانی پیران (ئەعیان) و پەرلەمان لەم دوو ناوچەیە هەبوونایە لە پەرلەمانی عیراق‌دا و ئەوسا ڕەمزی کوردی لە ئاڵادا و قانوونی زمان و دامەزراندنی هەم بەڕێوەبەری پێ‌خوێندنی کوردی و هەم لیژنەیەکی وەرگێڕانی کوردی و هیچ ڕێ‌وشوێنێکی‌تری باسکراویش پێویست نەدەبوون، بەڵکوو وەک ئەو کارانە دەبوون کە دداننانی ڕەسمییان بە قەوارەی کورددا تێدادەبوو. چوونە پەرلەمانی نوێنەرانی سلێمانی، لەبەرئەوە نەبووە کە خەڵکی سلێمانی کوردن، بەڵکە لەبەرئەوە بووە کە سلێمانی بەشێکە لە بەشەکانی شانشینی عیراق، بۆیە ئەم کارە دداننان نییە بە قەوارەی کورددا بەو سیفەتە کە کوردییە.

٢٤ .ڕاستی شێواندن

بەم بۆنەیەوە دەتوانین سەرنج بۆ تێڕوانینێکی‌تر ڕابکێشین کە بەڵگەی بیرێکی شێواوە. هەمان بیرخەرەوەی ئاماژەبۆکراوی بریتانیا لە برگەی پێشوودا، تێیدا هاتووە کە نوێنەری سیاسیی حکوومەتی عیراق لە لەندەن ڕاست بە ئەسڵ کوردە. باپیر یا باپیرەگەورەی جەعفەرپاشا، لە دێی کوردنشینی 'عەسکەر'ەوە هاتووە، لەبەرئەوە کوردبوونی جەعفەرپاشا زیاترە لەوەی کە من جەرمەنی بم، بە هۆی ئەوەوە کە یەکێک لە هەشت باپیرەکەم لە ئەڵمانیاوە هاتبێ. جەعفەرپاشا -لە ڕاستی‌دا- بە دین و پەروەردە و هەست عەرەبە و ئەو پلەیە کە پێی‌گەیشتووە، قەرزاری تۆماری خزمەتی چاکی بەجێ‌هێنراویەتی لە ڕاپەڕینی عەرەب‌دا. جا هەر ئەوەندە بڵێین: ئەو کوردە، نابێ هیچ یەکێک بخەڵەتێنێ، بەڵام ڕەنگە ڕێمان‌نەدا بە ڕوونی بیر لە خۆمان بکەینەوە. ئەوەی کە لەبارەی جەعفەرپاشاوە دەگوترێ، دەرهەق بە صەبیح‌بەگ [نەشئەت]یش دەوترێتەوە، کە زۆر تووڕەبوو لە بیرخەرەوەی ناوبراودا بە کورد وەسفکرابوو.

٢٥ .ئاڵای عیراق


لە یەکەم بیرخەرەوەمدا پێشنیازمکرد داوا لە کوردان بکرێ ڕەمزێکی کوردی هەڵبژێرن، تا بخرێتە سەر ئاڵای عیراق. پێم وایە جارێک پێشنیازکرا بەیاننامەیەک بڵاوبکرێتەوە، تێیدا هاتبێ: هەردوو ئەستێرەی ئێستەی ناو ئاڵای عیراق نیشانەن بۆ کورد و عەرەب.



. بەڵام ئەم بەیاننامەیە هەرگیز سوودی تێدانییە، چونکە هەموو یەکێک دەزانێ ئاڵاکە لە شێوەی ئاڵاکەی پایەبەرز مەلیک حسێن*دایە و ئەو جۆرەها ژمارەی ئەستێرانەیش کە تێیدا دانراون، مەبەست لێیان نیشانەی چەندەها دەوڵەتی عەرەبییە. لەبەرئەوە دەبێ ڕەمزی تازە لە لایەن کوردان خۆیانەوە هەڵبژێردرێ و بخرێتە سەر ئاڵای عیراق، تا هەستی کورد ڕابکێشرێ.

٢٦ .لەمپەری نەتەوەیی لە دامەزراندنی فەرمانبەران‌دا

کورد، لەبەر لایەنە نەتەوەیییەکەی، لێی قەدەغەکراونییە لە هەر جێگەیەکی عیراق‌دا دابمەزرێ، ئەگەر لێوەشاوەییی پێویستی هەبێ، شایستەی دامەزراندنە. بە پێچەوانەوە، عەرەب لەبەر حاڵ‌وباری ئێستە لێی قەدەغەکراوە لە ناوچە کوردنشینەکان دابمەزرێ. ئەم پلانە بەو پێیە کە پلانێکی ئارەزوومەندانەیە، تەواو هاومەبەستی سادەترینی هەموو بنەمایەکی ژیرانەی چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەو کەمایەتییانەیە کە هەستیان بە خۆیان کردووە، لە لایەن زۆرینەوە. لەبەرئەوەی تۆمارێکی ڕەسمیشە، دەکێشێتەوە بۆ پشتیوانیی دووبەرەکی و تێکدانی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت و یەکسانیی تێکڕای عیراقییەکان و مادامێکی کەمایەتی دوچاری ئەو هەوڵانە دەبێ کە دەیانەوێ لەناویبەن، ناچارییە. ئەگەر کەمینە دەستەبەرکرا کە ڕووبەڕووی ئەم هەوڵانە ناکرێتەوە، ئەوسا ئەو لەمپەرە نەتەوەیییە ناوبراوە پێویست‌نابێ و لێهاتوویی و توانایی دەبنە پێوانەی دامەزراندن. لەبەرئەوەی بە ڕاستی زانینی زمان وەک لە قانوون‌دا نووسراوە، مەسەلەیەکی پێویستی دامەزراندنە لە ناوچەی کوردنشین، ئەو یەکەم دەستوورە کە لە برگەی چواردەیەمدا پێشنیازمکردبوو بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن، ئەو مەبەستەیش بەدەستەوەدەدا کە یەکسانیی تیۆری لە ڕووی بوار ڕەخساندنەوە بۆ دامەزراندنی سەرجەمی عیراقییەکان دەیخوازێ.





٢٧ .وردەکاری هەمەجۆر

پێش ئەوەی دووەم بیرخەرەوەم کۆتایی پێبهێنم، لەوانەیە ڕێمبدرێ لە یەک یا دوو مەسەلە بدوێم کە دەکەونە ناو چوارچێوەی بەڕێوەبردنی تایبەتمەند .

)ئ( نەگونجانی قانوونەکان: بیرۆکەی دامەزراندنی پشکنێرێکی گشتی، کە لە نووسراوی نوێنەرەکاندا هەیە، پێم وایە بەڵگەی هەستێکی بێبناغە نییە، ئەویش ئەوەیە کە بنچینەی قانووندانان و بەڕێوەبردن لە دەستی کەسانێکدایە تەنیا ئاشنای بارودۆخی باشووری شانشینەکەن. ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتیوانی لە جیاوازیی نێوان ویلایەتی مووسڵ و هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە دەکا و پێی وایە ]ئەو ویلایەتە[ وەک ناوچەیەکی قۆناغی گواستنەوەی نێوان عیراقی ئەسڵی و ئەنەدۆڵ وایە. بۆیە شتی شایانی لێوردبوونەوە ئەوەیە، ئاخۆ پێویست بە شێوە و ڕێگەیەک ناکرێ لە بەغدا بۆ وردکردنەوەی ئیددیعای کەسانێک کە دەڵێن هێندێ قانوون و فەرمان بە تەواوی بۆ باکوور لەبارنین و دەشێ بۆ هێنانەبەرچاو باسی مەسەلەی مافی بڕیاردان بکرێ، چونکە تورکان کارێکیانکرد قانوون هەر تا باشووری عیراق نەگرێتەوە و ئیدارەی ئێستەی عیراقیش درێژەی بە پەکخستنی حوکمی قانوون لە سەرتاسەری عیراقدا داوە.

)ب( قوتابخانەکان: ئەمین زەکیبەگ کە لە هەرە ناوەندگرترین و وریاترین نوێنەرانی کوردە، ساڵێک لەمەوبەر بیرخەرەوەیەکی نووسی، کەمیی لەڕادەبەدەری قوتابخانەی لە ناوچەی باکووردا تێدا ڕوونکردەوە و ڕایسپاردووە بەڕێوەبەرێکی پێخوێندنی کوردی دابمەزرێنرێ، بەڵام ئاوڕ لە بیرخەرەوەکەی نەدرایەوە. کوردانی ناوەندگر سوورن لەسەر مەسەلەی پێخوێندن و پێم وایە کارێکی بەئینسافانەیە سەبارەت بەم مەسەلەیە، دەستبەجێ داواکەیان بەجێبهێنرێ.

)ح( ئیدارەی ئاودێری بودجەیەکی ساڵانەی هەیە، خەرجییەکانی دەگاتە ٣٣ لەک ڕووپێ. ڕەنگە قەوارەی ئەم ئیدارەیە لیواکانی باکووریش بگرێتەوە. هەرچەندە ئێمە نکوولیناکەین لەوە کە دەبێ باشوور زۆربەی بەرهەمەکانی پێبگا، بەڵام دەکرێ -لانی کەم- یەک پرۆژە لەسەر هەردوو زێ ]زێی گەورە و بچووک[ ڕاپەڕێنرێ.

)د( فەرامۆشکردنی پیشەسازیی تووتن، بووە مایەی نارەزایی و ئەم دواییە لیژنەیەک کۆبووەوە، نوێنەری دائیرە -لەم ڕووەوە- تایبەتمەندەکان ئەندامینی. دواجار ئەم لیژنەیە -پاش گفتوگۆکردن- هێندێ لەو پێشنیازانەی خستە بەردەست کە دەبێ بە خێرایی بخرێنە تۆماری کارەوە.

٢٨ .ئەم خاڵانە چەند نموونەیەکی ئەو بێزارییەن کە دەکرێ بە ئاسانی چارەسەربن. دەبێ بناغەی هەموو شتێک بیرفراوانی و مامەڵەی دۆستانە بێ.

٢٦ی مایسی ١٩٢٩

**ماویەتی ....**

## ماتماتیکی دەق لای ئازاد مارف .

بەختیار نامیق

وەزیفەی شیعر گەڕانە بەدوای دنیایەکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە لە ناو زماندا ، ئەمەش لەسەر ئاستەکانی دال و مەدلول و فۆرم و هارمۆنیەت و وێنە و تێکشکاندنی وێنەکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان ، لە ڕوی دیدەوە ڕەهەندەکانی ستاتیکی وەربگیرێ و کار لەسەر دوبارە دارشتنەوەی دنیا بە خەیاڵی شاعیر ڕەسم بکرێ ، ئێا لێرەوە بەدەر لەم کۆمەڵە چەمکە شیعر وەک هەر دەقێک یان تەنێکی تر دۆخی فیزیایی و کیمیایی و ماتماتیکی خۆی هەیە ، کاتێک دەتوانین بە دەقێک بڵێین دەقی زیندو کە هەڵگری فرە تەفسیر و فرە ڕەهەند بێت ، قسەی ئێمە لێرەدا کارکردنە لەسەر دۆزینەوەی بواری ماتماتیکی دەق ، ئەگەر ماتماتیک شیعرێک بێت بۆ دنیاو کەون و تەفسیری کەون بکات ئەوا بۆ خۆی شیعریش هەمان دۆخی ماتماتیکی هەیە ، یان با بڵێین ماتماتیک تەنها ژمارە و پێوانەی بیرکاریانە نیە و بگرە ئەمە بەشێکی بچوکە لە ماتماتیک ، ماتماتیک لە دەقدا گەڕانە بەدواوی تەفسیر کردنی ئەنترۆلۆجیای مرۆڤ وەک حاڵەتی سایکۆلۆجی و دنیا وەک وجود ، دوا جار ماتمتیکی دەق لەوێوە دەست پێ دەکات کە خاوەن دەق بەر دنیا دەکەوێ و دەیەوێ لە هاوکێشەیەکی تردا لە زماندا و لە سیاقی دەقێکدا دنیا دابڕێژێتەوە وەک لایەنی ئەبستمالۆجی epistemology.

ئەگەر ماتماتیک زمانی سروشت و گەردون بێت ئەوا لای ئازاد ماتماتیکێک هاوکێشەیەک بەرهەمدێنێ کە فیزیای زمان تا ئاستی ون بون و دروست بونەوە دەچێ ، ئازاد توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە بەرهەمهێنی ئەو هاوکێشەیەی ماتماتیکە بێت کە تەفسیری سروشت و کەون دەکات لە ڕێگەی ئەنترۆلۆجیەوە لێرەوە دەچینە ناو دەقەکەوە :

شیعری (ڕەنگی هەڵمی ووشە)

من پێکی تریفەی خەیاڵ و پرشنگی خەونی ئاڵ و

پروشەی هاتنی تۆم نۆشیووە

ئیدی چۆن ناتوانم

ووشە لە کلوی بەفر و دێر لە هەناسەی هەور و

شیعر لە خۆر نشینی زستان بسێنمەوە

من مەیلی رووخسار و سێبەری مۆری پێکەنین و

لایلایەی سۆز لێچۆڕیوی تۆم پۆشیووە

ئیتر چۆن ناتوانم

لە نیازم تال تاڵی خۆزگەم بچنم و لە ناخم ئۆخەی بڕنم و

لە شەرمم نم نمی بارینی خۆم بنوسمەوە

Anthropology.

من دەنگی ئەشک و ڕەنگی هەنسک و

بۆنی گریانی تۆم لە خانەی بووونما چاپکردووە

ئاخر چۆن نارژێم گەر نەتوانم

لە وەهم فریشتە و لە بێدەنگیم تاڤگەی قسە و

لە عەشقم نووری خودا بهێنمە سەر شانم

من دەستم بەر نازی چاوەڕوانی و تەمەنم بەر لەرینەوەی گوڵی خەندە و دڵم بەر گڕی شکۆی تۆ کەوتووە

چۆن دەبێ نەتوانم

لە تارماییم هەڵاڵەی سەر ویژدان و لە نهێنیم گەوهەری گومان و

لە ڕوانین موچڕکەی ڕامانی تۆ نەڕژێنمە نێو گیانم

من ڕۆحم شکۆفەی ئاوازی سەوز و دەروونم ساماڵی شین و

بیناییم چرۆی پڕ سەدای گەنجێتی تۆی گرتووە

هەر دەبێ بتوانم

لە تەنیاییم تیشکی بەخت و لە شکستیم زێڕی سەخت و

لە غەریبیم کڵۆی شیرینی ئۆخەی لە ژیانم بئاڵێنم

من لە لێوی ئارەزووی پڕ زام و لە هەڵمی پەمەیی ئومێد و

لە نیگای نەرم و شلی تۆم چێشتووە

ئیتر چۆن ناتوانم

لە چرای کوژاوەی شەودا پۆلێ ووتە و

لە هزری چێشتەنگاوا پڕ پارووەیەک تامی ڕستە و

لە تەماشای نیوەڕۆدا چیرۆکێ دانەگیرسێنم
من شوێن پێی گەورە سەبر و بۆنی شیرینی تەکبیر و

موفەڕکی پیرۆزی پەیامی تۆم لە خولیاما هەڵگرتووە

ئیدی مەحاڵە نەتوانم

لە سەر بەردی ڕەقی زەمەن ڕەمزی خۆشبەختی و

خاڵی ووردی سەر باڵی باد و

چەپکە وەفای دەستی دایکم نەڕوێنم

من پێشوازی پڕ لە چپەی نەرم و دواین نیگای ماڵئاوای و

شنەی سەمای هەستی تۆم بۆ شیعری خۆم ڕاخستووە

خەونم ئەڕوخێ نەتوانم

ئاخ لە ئازاری برین و خەم لە دەمی عومری سپی و

فرمێسک لە سەر گۆنای هیجرت نەتۆرێنم .

---

ئاستی گشتی دەق :

حەم دەقە وەرچەرخانێکی قوڵە لە سیاقی دەقدا ، چونکە هێندە قسە کردنە لەگەڵ شیعر ، هێندە قسەکردن نیە بۆ ئێمە ، ئازاد تەنها شیعر مانای بونیەتی ، واتا شیعر بۆ ئێمەی خوێنەری بون و غیاب نانوسێ هێندە بۆ شیعر دەنوسێ ، ئازاد زمانە هەقیقیەکەی ئەوە نیە قسەی لەگەڵ ئێمە پێدەکات بەڵکو ئەو زمانەی قسەی لەگەڵ ئێمە پێ دەکات ڕۆتینە و زمانی ئادەمی و هەقیقی لای ئازاد ئەو زمانەیە کە قسەی لەگەڵ شیعر پێ دەکات ، ئازادی شیعر نانوسێتەوە پێچەوانەکەی تەواوە شیعر ئازاد دەنوسێتەوە ، شیعر ماڵی بونی ئازادە ، هەر بۆیە دەتوانێ دەقی فرە ڕەهەند و قوڵی هەبێت ، بە مانایەکی تر ئازاد لە دنیایەکی غایب و چۆڵدا تەنها خۆی و شیعر وجودن ئیتر هەمو بونەکانی تر عەبەسن ، پەیوەندییەکانی تری ئازاد بە دنیاوە پەیوەندیەکی ڕۆتینە.

دەقێک زمان و وێنە و دال و مەدلول لە هەر ڕەهەندێکەوە بخوێنرێتەوە تەفسیرێکی ماتماتیکیانەی قوڵت دەداتێ کە هاوکێشەی بەریەککەوتنی مرۆڤ و دژەکان لە تێکشاندنێکی فیزیاییەوە دەگۆڕێ بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەیەک لە ماڵی زماندا ، لای ئازاد دنیا و کلتور و ڕێساکان ناتوانن ئەو ئازادیە فەراهەم بکەن کە مرۆڤ بتوانێت شیعریانە بژیت ، بۆیە دەیەوێت ڕەسمێکی تر بۆ ژیان بنەخشێنێ .

- وێناندن :

یەکێ لە بنەماکانی شیعر دەربرینە بە وێنە تا ئەو ئاستەی وێنەکان زمانێکی تایبەت بە شیعرەکە وەردەگرێ ، خۆ ئەگەر وێناندن و تێکشکاندن تەنها یەک جار بێت ئەوا لە دیتەڵا ئەگەر وێنەکە شیعریەتی قوڵ بێت دەکرێت بە چەند جارێک تێکشاندن یان وێناندن مانای قوڵتری وێنە ببەخشێتە واتاکەی بۆ نمونە ئەگەر (خەیاڵ ) بە تەنها وەربگرین دەکرێت وێنەیەکی تر ببەخشێتە خەیاڵ ، بەڵام لای ئازاد بە سێ پەیژەی وێنە کار لەسەر هەمو وشەکان دەکان لە یەکەمدا( خەیاڵ ) بەڕوتی زمان خۆی و لە دووەمدا (تریفەی خەیاڵ) تریفە دەخاتە پاڵ خەیاڵ و لە سێ یەمدا ( پێکی تریفەی خەیاڵ ) ئەم سێ جار وێناندنە بیرکردنەوەت دەباتە شوێنێک کە پێشتر منی خوێنەر لە وێنەکانی زماندا نەمبینیوە ، بەو واتایەی دنیایەکی ترمان بۆ دەکێشێ ، ئازاد هەر بەم شێوەیە بە بەستنەوەی کردارەکان پێکەوە لە پەیژەیەکی سیانی وێنەیدا ڕۆ دەچێ و بە کارکردن لەسەر مانای قوڵ ، لە هەمو دێڕێکدا بە سیانی وێنەیی هێناویەتی (پرشنگی خەونی ئاڵ) (پروشەی هاتنی تۆ)( ووشە لە کلوی بەفر)( دێڕ لە هەناسەی هەور)( شیعر لە خۆر نشینی زستان)( نەرم و شلی تۆ)

- مـــانـــا :

لەسەر ئاستی بەستنەوەی بکەر بە کردار و ماناکانەوە لە کۆتایی هەمو پەیژەکانی وێنەوە بەستنەوە ماناکان و دەرکەوتنی مخاتەبەکردنی بەرامبەر بە ڕێکخستنی قافیەیەکی لیریکیانەوە گرێ دەدا ، (زستان بسێنمەوە) تا کۆتایی کۆپلەی دووەم (خۆم بنوسمەوە) تا کۆتایی قفڵی دەقەکە ، کە لە ئاستی ڕێزماندا پێمان دەڵی کە من بتوانم ئەمانە بکەم وەک بکەر چۆن ناتوانم بتنوسمەوە کە هەمو ئاستی بەهێزی شیعریەت و مانا دەبەخشێت کە دەتوانێ تەفسرێکی جیاوازتر لە دیدە شیعرەیەکان بکات و دەشتوانێ ئەمانە بکات کە بونە لە زماندا و ڕێک کردنەوەی دنیایە بە مانای بونی قوڵ ، (چیرۆکی دانەگیرسێنم )( سەر گۆنای هیجرت نەتۆرێ) ، لە ماناد ئەو پێ ی وایە گەر بتوانێ هەمو ئەم دنیا جوانە لە هزریدا هەبێت ئەگەر نەتوانێ ئەو خەیاڵانە لە سیاقی دەقێکدا دابڕێژێ ئەوا هەمو شت کۆتایی دێ :

ئیدی مەحاڵە نەتوانم

لە سەر بەردی ڕەقی زەمەن ڕەمزی خۆشبەختی و

خاڵی ووردی سەر باڵی باد و

چەپکە وەفای دەستی دایکم نەروێنم

ماتماتیکی دەق :

بەدەر لە ڕوانێکی ماتماتیکیانە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە ژیان وکەونەوە ، ئەگەر ماتماتیک وەک ژمارە و پێوانە وەر بگرین ئەوا هیچ شتێک بەدەر نیە لە ماتماتیک ، لەم ڕوانگەیەوە ماتماتیکی دەق لەم دەقەدا کاری لەسەر دوو شێوە پێوانەیی سێ تێکشکاندن کردوە ، واتا دو ئاستی سێ تێکشکاندن ، بە نمونە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەسەر ئاستی وێنە ش وێنەوەی ڕیالسیتی بەرهەم دەهێنێ (پێکی تریفەی خەیاڵ) لە ناوەڕستیشدا بە نمونە (هەڵمی پەمەیی ئومێد) لە کۆتایشدا (سەر گۆنای هیجر) کە بێ کەم و زیاد ماتریالی خەبەرەکانی هەمو بە سیانی هێناوەتە خوارەوە لە وێناندنی بکەردا دایناوە ، لەگەڵ سێ ماندا بۆ بکەرەکان واتا وێنەی خەبەری سیانی و وێنای کۆتای کردار سیانی کە دەکاتە (دوو فێڵد و دوو بەسێ ستێپ )

کە ئەمش وا دەکات کە تەکنیکێکی بەرز ببخەشێت بە دەق و هارمۆنیەکی تەواو مۆزکی شیعر بەرجەستە بکات .

- کۆتایی .

ئازاد وەک نەوەی هەور دەیەوێ تەفسری بارانمان بۆ بکات ، وەک گەردیلەی هەوا دەیەوێ شەماڵمان بۆ بهێنێتە قسە و بچیتە ناو هەناسەی شیعرەوە ، دەیەوێ مانگ دابگرێ بیدات لەیەخەی شەوە تاریکەکانی ژیانمان ، دەیەوێ تێمان بگەیەنێ کە خنکاندنی کانی چەند بە ئازارە کوشتنی سەوزایی لەبەردەم باخچەدا چەند قورسە ، دەیەوێ زەمەنمان لە ڕوە تەقلیدیکە بۆ دەربهێنی و بیبەخشێتە ساتە ونبوەکانمان.



YADNAMEیادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA

# یادنامە


ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.


ژمارەی ٢٦ی تەموزی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.26,July 2021


بۆ یادی دامەزراندنی ١٢ ساڵەی بزوتنەوەی گۆڕان.

یادی ١٢ ساڵەی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان ، یادێکە تەنها لە چوارچێوەی حیزبێکدا کۆنابێتەوە ، بەڵکو یادی قۆناغێکی ترە لە گواستنەوەی هەرێم بۆ قۆناغی خەباتی مەدەنی کە لەگەڵ خۆیدا بەرهەمهێنی داواکارییە پێویستیەکان بوە ، وەک سەروەری یاسا و بە نیشتمانی کردنی هێزی چەکدار و بە مەرجەع کردنی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی ، ئەگەر قۆناغەکانی تر پۆلین بکەین لە پەنجا ساڵی ڕابردودا ( شۆڕشی بارزانی ، ئاشبەتاڵ ، شۆڕشی نوێ ، گفتوگۆ ، هەڵەبجە و ئەنفال ، ڕاپەڕین ، کۆڕەو ، ڕوخاندنی بەعس ، شەڕی ناوخۆ ، دروست بونی حکومەتی یەکگرتو ، شەڕی داعش ، قۆناغی گۆڕان ) هەمو قۆناغەکان بە شکست و هەڵسانەوەوە بەرهەمەکەی دەکەوێتە بەردەم حوکمی قۆناغێکی نوێ کە قۆناغی گۆڕانە ، واتا گواستنەوە لە دابەشکاری و قەیرانە قوڵەکانەوە بۆ قۆناغی بە نیشتمانی کردنی گشتی پێویستی قۆناغەکەیە .

وێڕای پیرۆزبایی لە دامەزراندنی حیزبێکی مەدەنی ، وەک یادنامە داوا لە هەمو حیزب و ڕێکخراوەکان دەکەین لەبەردەم ئەگەری ڕوداوەکانی ناوچەدا کار بۆ یەکگرتویی ناوماڵی کورد بکرێ و کار بۆ بەمەدەنی بونی خەبات و بەنیشتمانی کردنی دامەزراوەکان بکرێت.

پیرۆز بێت یادی ١٢ ساڵەی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان.

**یادنامە**

بابە بۆچی، ئەسپەکەی شێخ ..؟

لە بناردا کەوت و گلاو،

نەبوو بە ( با )و بە ( برووسکە )و ..

سەرنەکەوتە سەر ترۆپکی ..

پاشەڕۆژ و شاخی هەتاو ..؟!.

- کوڕم، ئینگلیز .. داوی ئینگلیز !!

ئینگلیز خستی .. ئینگلیز گرتی ..

ئینگلیز ..کوشتی ..!!.

ئەی بابە بۆ چرای ئاڵای،

ناو بەفرانباری مەهاباد،

لە تەمەنێکی زۆر کورتدا ..

کورتتر لە خەونی پەپوولە ..

پرشنگەکانی هەڵوەری و ..

دڵی وەستا ..؟!.

- کوڕم، فووی رووس ..

فووی ( ستالین ) و ( سەڵتەنە ) و

گۆڕینەوەی خوێنی کوردستان، بە نەوت و

مەزاتە گەورەکەی دنیا ..!!

- ئەی بابە ئەم ( مانگە )ی ئێستا ..

کێ ئەیکوژێ.. ؟!!

- کوڕم ..کورد خۆی ..!!

هەر خۆی و خۆی، کەسی تر نا.

ئەمجارەیان، خۆی ئەیکوژێ ..

خۆی ئەیکوژێ، خۆی و هەر خۆی ..!!!.

( شێرکۆ بێکەس )





مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٢

بەسەرکردنەوەی شەهیدان... ل٤

سێ بەسەرهات... ل٥

چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان... ل٦

ساڵرۆژی گەشمردە بوونی کاکە دارا... ل١٠

#گێڕانەوە... ل١٢

دووهەڵوێستی جوانی دوو کەسایەتی جیهانی وەک نموونە: مستەفا میسری... ل١٣

جیهان لەبەردەم شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکاندا... ل١٤

زەمانی خان بداغ ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە... ل١٥

رق... ل١٦

کاترینا میکلیورین... ل١٧

خوایە سلێمانی بپارێزە... ل١٨

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا سایتی: (سبەی)

بەشی سێیەم

11 ی نیسان: وەفدی کورد بۆ بەغداد


دەستەی نوێنەرایەتی پێک هێنرا بو لە یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح و، لە پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی. وەفدی 4 قۆڵی هاوڕێ لە گەڵ دارا بە ڕێ کەوت بون بۆ بەغداد. دەستەی نوێنەرایەتی بە تەنیا عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها یاسین رەمەزان جێگری سەرۆکی کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، جەنەراڵ مەحمود شوکر شاهین سەرۆکی جیهازی موخابەراتیان بینی بو. خەمی یەکەمی دەستەی نوێنەرایەتی راگرتنی شەڕ، واتە راگرتنی هێرشی ئاسمانی هالیکۆپتەر و هێرشی زەمینی جەیشی عیراقی بو، بۆ ئەوەی سنورێ دابنێن بۆ کۆچی کارەساتباری بە کۆمەڵی خەڵک.

کاربەدەستان وت بویان: "ئامادەن بۆ راگرتنی شەڕ. ئامادەن بۆ دەسپێکردنی مفاوەزات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئامادەییان دەربڕی بو کە جگە لە جیابونەوە هەمو ڕێگەچارەیەکی تر بۆ کێشەی کورد، تەنانەت چارەی فیدرالی، باس بکەن." داوایان کرد بو کە مام جەلال و مەسعود هەردوکیان، یاخود یەکێکیان، بچێ بۆ بەغداد.

15 ی نیسان: گەڕانەوەی وەفد

لە دوایی دا وەکو دەستەی نوێنەرایەتی لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا گێڕایانەوە لە بەغداد. عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی سالح، تەها جەزراوی یان دی بو. بەلام بە ڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاند بون کە ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەستەیە ناکەن، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود ئەکەن، لە بەر ئەوە ئەوان هەردوکیان یان هیچ نەبێ یەکێکیان ئەبێ بێن بۆ بەغداد. هاتنی ئەوان کارەکە زۆر ئاسان ئەکا و بە دانیشتنێک یان دو دانیشتن لە گەڵ سەرۆک خۆی هەمو گیروگرفتەکان چارە ئەکرێن و، ڕێککەوتن ئیمزا ئەکرێ. هەروەها وت بویان هەمو شت، جگە لە جیابونەوە، قابیلی باس و لیدوانە تەنانەت چارەی فیدراڵی بۆ کێشەی کورد.

هەروەها داوایان کرد بو بە گەڕانەوەی وەفدەکە مام جەلال و کاک مەسعود هەردوکیان یا یەکێکیان بچنە بەغداد. ئەمان وت بویان ئەوە جەژن بە ڕێگاوەیە بیخەنە دوای جەژن، ئەوان وتبویان ئێمە پیاوی تێکۆشەرین جەژنانیش کار ئەکەین و، کاروبارەکانمان بە هۆی جەژنەوە دواناخەین و، ئەمەش کارێکی پیرۆزە با لە جەژن دا تەواوی بکەین، ئەمان دیسان باسی ڕاگرتنی شەڕیان لەگەڵ کرد بون، ئەوانیش بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕیان پێ دابون.



دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە خۆشبینیەکی زۆرەوە بە کۆمەڵ گەڕابونەوە. لە پێش دا چوبونە سارداو بۆ لای کاک مەسعود و قسەکانیان بۆ گێڕا بووەوە، سەرانی رژێم بە چاکیان زانی بو کە یا ئەو، واتە کاک مەسعود، یاخود مام جەلال بۆ گفتوگۆ و تەواو کردنی بچنە بەغداد.

کاک مەسعود دوای بیر لێ کردنەوە و وەرگرتنی ڕەئی سەرکردایەتی حیزبەکەی. پێشنیارەکەیان پەسەند ئەکا، بەڵام پێشنیار ئەکا لەبەر چەند هۆیەک جاری یەکەم ئەو نەچێ، بەڵکو جاری یەکەم مام جەلال بچێ، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەویش بچێ. کاک مەسعود ڕەئی خۆی بە نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ و، بە هەمان دەستەی چوار کەسی دا بۆی ئەنێرێ.

دەستەی نوێنەرایەتی بە کۆمەڵ و بە نامەکەی کاک مەسعودەوە ئەچن بۆ ماوەت بۆ لای مام جەلال. قسەکانی کاربەدەستانی بەغدادیان بۆ ئەگێڕنەوە، نامەکەی کاک مەسعودیشی ئەدەنێ.

چونی مام جەلال بۆ بەغداد لە ناو دەوروبەرەکەی دا لە ماوەت مشتومڕی دروست کرد بو. خاتو هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری مام جەلال، زۆر بە توندی چو بو بە گژ ئەم پێشنیارەدا. هەروەها هەندێ لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبونەوە. ئەمانە هەندێکیان بە راستی لە ترسی گیانی مام جەلال و هەندێکیان بۆ چاپلوسی ئەم هەڵوێستەیان نواند بو، نەک لەبەر هۆی سیاسی. مامجەلالیش خۆی پێی باش نابێ، بە تەلەفۆنی سەتەلایت هەوڵ ئەدەن ڕەئی بەریتانیا و فەرنسا و ئەمریکا بزانن. ئەم وڵاتانە سەرەتای گفتوگۆیان پی خراپ نابێ، بەڵام هەمویان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن، کە ناتوانرێ بڕوا بە سەدام حسێن بکرێ.

لەو کاتەدا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی تەنیا عومەری حاجی عەبدوڵا (ملازم عومەر) و جەبار فەرمان و عومەر فەتاح و فەرەیدون عەبدولقادر لە نزیک مام جەلال بون. ئەندامانی تری سەرکردایەتی دابەش بوبون بە سەر ناوچەکان دا. سەرەنجام پاش بێنەوبەرەیەکی زۆر مام جەلال دێتە سەر ئەو باوەڕەی بۆ گفتوگۆ بچێت بۆ بەغداد. هەر ئەو ڕۆژە مام جەلال بە بروسکە داوای لێ کردم، لەو کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا کە ڕۆژی دوایی ئەبو لە ڕانیە بکرێ، پێش چونی خۆی بۆ بەغدا، ئامادە بم، لەو کاتەدا بە هۆی دوری ڕێگاوە نەمئەتوانی لە ڕانیە ئامادە بم، لە بەر ئەوە پێشنیارم کرد یەک ڕۆژی تر کۆبونەوەکە دوابخات بۆ ئەوەی منیش بتوانم بەشداربم. کۆبونەوەکەیان ڕۆژێکی تر دواخست، بەڵام شوێنەکەیان گۆڕی بە شەقڵاوە. بەڕاستی ئەگەر چونی مام جەلال بۆ بەغدا لە مەسەلەکەدا نەبوایە، کە "موجازەفە" یەکی ئازایانەی شەخسی و سیاسی بو لە لایەن مام جەلالەوە، لەوانە بو وەکو بڕیارم دا بو کەنارەگیر بم خۆم لە هیچ هەڵنەقورتێنم و لە هیچ کۆبونەوەیەک دا بەشدار نەبم.

من ئەو ماوەیە لە زەڵێ حەسابومەوە. جێگە و ڕێگەم وەکو دو ساڵی رابردو بو. هیچ مەسئولیەتێکم لە ئەستۆدا نەبو. گوشاری هیچ کەس و لایەن و کۆمەڵێکم لە سەر نەبو. کێشەی نوا و خۆراکم نەبو. بە باشی گوێدێری هەواڵەکانی دنیا و، چاودێری ڕوداوەکانی کوردستان بوم. تەنیا ڕێگەی پەیوەندیمان بێتەل بو. لە دوای ئەوەی لە شەقڵاوە بێتەلەکانم بە موخابیر و سەیارەکانەوە تەسلیمی مام جەلال کرد بو هیچ پێوەندیەکم لە گەڵ مام جەلال و کاک مەسعود نەمابو. هیچ کاریگەریەکیشم لە سەر ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژانە نەبو. دوای گەڕانەوەم بۆ زەڵێ بە چەند ڕۆژێ ئینجا دەزگایەکی تری بێتەل و پاتریمان پەیدا کرد و توانیمان پێوەندی لە گەڵ ناوچەکانی تر دابمەزرێنینەوە. ئەوسا زانیم کە مام جەلال خەریکی سازدانی زەمینەی مفاوەزەیە.

ئەمەم بۆیە نوسی چونکە ئەو کاتەی من لە بەغداد بوم بۆ بەشداری لە خولی دوەمی گفتوگۆدا هەندێ سەرچاوەی هەواڵ وایان بڵاو کرد بووەوە گوایە من زۆرم لە مام جەلال کردوە بچێ بۆ مفاوەزە کە ئەمە نمونەیەکیانە:

ڕۆژنامەی "صوت الكويت" کە کوێتیەکان دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە ئەوروپا دەریان ئەکرد و، لە چاو تازەیی دا ڕۆژنامەیەکی بەربڵاو و ناسراو بو بە تایبەتی لە ناو موعارەزەی عیراقی دا چونکە لێدوان و هەواڵی لە سەر عیراق بڵاو ئەکردەوە. هەندێ لە کۆنەشیوعیەکانی عیراق لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان ئەکرد. لە ژمارەی 1991/5/27 وتارێکی بە ناونیشانی "صدام يستعجل التوقيع والقيادة الكردية حائرة" بڵاو کردبووەوە لە بەشێکی دا نوسی بوی: "وتنقل شخصيات كردية عن الطالباني قوله لتفسير اسباب اندفاعه فى الذهاب الى بغداد، ان نوشيروان مصطفى نائبه فى زعامة الإتحاد الوطنى الكردستانى، كان يضغط عليه بقوة من اجل المفاوضات وان القيادة الكردية وقعت ضحية المبالغة التى عرض فيها الوفد الكردي الأول الذي زار بغداد فى منتصف مارس (اذار) الماضي، استعدادات بغداد لتلبية الحقوق الكردية..."

لەو کاتەدا زۆری لایەنەکانی موعارەزەی عیراقی، بە شیعە و سونەوە، بە دینی و قەومی و شیوعیەوە، دژی مفاوەزە بون و، پێیان وا بو سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی گەورەی کردوە نەئەبو ئەو کارە لە پشت ئەوانەوە بکا، ئەترسان ڕێکەوتنی کورد - بەعس هیوای موعارەزە بە روخانی ڕژێمی بەعس نەهێڵێ. زانیاریەکەی "صوت الكويت" ڕاست نەبو. بۆ پاساودانی سەفەرەکەی مام جەلال داتاشرا بو. وەکو دوایی چومە بنجوبناوانی نوسەرەکەی عەدنان حسێن و سەرچاوەکەی کادرێکی یەکێتیێ بو لەوانەی کە تازە لە ئەوروپاوە بۆ سەردان هاتبونەوە.

19 ی نیسان: کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی

پێش نیوەڕۆکەی بە ڕانیەدا چوم بۆ شەقڵاوە، کۆسرەت و حەسەن کوێستانی لەوێ بون، هیچ ئامادەییەکیان نەکرد بو بۆ پێشوازی و میوانداری. وتیان کەس ئێمەی ئاگادار نەکردوە. عەقید وەلید نایف بەڕێوەبەری شوعبەی 3 ی ئیستیخباراتی عەسکەری لە بەغداوە چو بو بە دوای مام جەلال دا لە سەر ڕێگای ئەزمڕ چاوەڕوانی کرد بو. مامجەلال لە گەڵ کاروانەکەی وەلیدا یەکیان گرت بووەو و، بە ڕێگای سلێمانی- دوکان - خەلەکان - هیزۆپ هاتە شەقڵاوە. وەلید لە هیزۆپەوە گەڕابووەوە چو بو بۆ مەسیفی سەلاحەدین. لەوێ چاوەڕێ بو دوای کۆبونەوەکەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی مام جەلال و دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ ئەو بچن بۆ بەغداد. شێردڵ حەویزی و چەتۆ حەوێزی لە هیزۆپ پێشوازی مامجەلالیان کرد، پێکەوە گەیشتنە شەقڵاوە.

ئەو کۆبونەوەیە ئەبو لە رانیە یا لە شەقڵاوە بێ کاک مەسعود خست بویە دیواخانەکەی حسێن ئاغای سورچی کە لە گوندی کەڵەکین بو. سورچی عەشیرەتێکە چەند هەزار ماڵێکن لە بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زێی گەورە لە قەزاکانی سۆران و ئاکرێ نیشتەجێن. سەرۆکایەتیەکی یەکگرتویان نەبو. ئەوانەی ڕۆژهەڵات حسێن ئاغا و عومەر ئاغای برای و محەمەدی قادر ئاغا و، ئەوانەی بەری ڕۆژئاوا ماڵی شێخەکان سەرۆکایەتی‌یان ئەکردن. سورچی لە هەمو شۆڕشەکانی کوردا چەکدار و هاوکاری حکومەتەکانی عیراق بون، بە دەگمەن پێشمەرگەیان هەبوە. بەر لە ڕاپەڕین چەندین "فەوجی خەفیفە" یان هەبو. حسێن ئاغا و عومەر ئاغا و زەیدی کوڕی و فەیسەڵ حاجی و محەمەدی قادر ئاغا و فارسی کوڕی موستەشار بون. لە بەر ئەوە بەعس هەندێ لە گوندەکانی ئەمانی نەڕوخاند بو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا بێلایەن ڕاوەستا بون، شەڕی پێشمەرگە و خەڵکیان نەکرد بو.

ئەمە کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بو، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی حیزبەکان بەشدار بون لەوانە:
لە یەکێتی: مامجەلال، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵا، عومەر فەتاح، کۆسرەت رەسول، حەسەن کوێستانی، نازم عومەر و، من.
لە پارتی: مەسعود بارزانی، نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی، د. جەرجیس حەسەن، یونس ڕۆژبەیانی.
لە سۆشیالیست: رەسول مامەند، سەعد عەبدوڵا، سەیدکاکە.
لە پارتی گەل: سامی عەبدوڕەحمان و، بروسکی نوری شاوەیس.
لە زەحمەتکێشان: قادر عەزیز.

لە حیزبی شیوعی عیراق کەس لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبو چونکە نەدۆزرا بونەوە تا ئاگادار بکرێن. لە پێش دا دەستەی نوێنەرایەتی باسی سەردانەکەی بەغدایان گێڕایەوە، هەڵسەنگاندن و بۆچونەکانی خۆیان وت. زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە لە باشی و بە کەڵکی گفتوگۆ دوان، بە تایبەتی لەو هەلومەرجەدا، هەمویان ڕەئی خۆیان بە سەربەستی دەربڕی. کەس نەبو دژی گفتوگۆ و ڕێککەوتن بێ. هەرەسی خەڵک و، نەبونی توانای بەرەنگاری جەیش و، کۆچی بە کۆمەڵ و، بێ هیوایی لە ئێران و سوریا و، باوەڕ نەبون بە ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی بە ئاشکرا لە سیمای هەموان دا بەدی ئەکرا، جۆرێ لە نائومێدی خەمگین باڵی بە سەر هەموان دا کێشا بو.

مام جەلال سەبارەت بە چونی خۆی بۆ بەغدا داوای کرد کە هەمو ئەوانەی لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەن ئەبێ کاغەزێکی بۆ ئیمزا بکەن کە ئەوان ئەینێرن و داوای کرد کە نێچیروان بارزانی لە پ د ک و، رەسول مامەند لە ح س ک و، سامی لە پ د گ ک، لەگەڵی بچن بۆ بەغداد. داواکانی مام جەلال قبول کرا، کاک مەسعود بڕیارەکەی بە خەتی خۆی نوسی و، هەمو دەسەڵاتێکی درایە بۆ ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ڕێکەوتنەکە و، هەمومان ئیمزامان کرد و، کاغەزەکە، وەکو بەڵگەیەکی مێژویی، درا بە مام جەلال خۆی.

لە پەراوێزی ئەم کۆبونەوەیەدا سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی لاوەکی کرد. لەم کۆبونەوەیەدا مامجەلال باسی کرد کەوا ئەمجارەش ئەومان کردۆتە بلدۆزەری پاککردنەوەی ڕێگای گفتوگۆ. باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتو نەبێ، چ کارێکی خراپ ئەکاتە سەر پاشەڕۆژی سیاسی خۆی و، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتانی دۆست. باسی ئەوە کرا لەگەڵ کاربەدەستان باسی چی بکرێ و، داوکانی کورد چی بێ.

لە زۆری باس و بابەتەکان دا من خۆمم تێ هەڵئەقورتان ڕەئی خۆمم دەر ئەبڕی. بە تایبەتی لە دو مەسەلەی گرنگ دا بێ شەرموشکۆ ڕەئی خۆمم پێ وت:
لە میانەی قسەکانی دا گومانی دەربڕی کە لەوانەیە بەعسیەکان ئەمجارەیان دەرمانخواردی بکەن و، ژەهری بدەنێ. گومانەکەی لە جێگای خۆی دا بو. بەعسیەکان هەمو جۆرە تاوان و نامەردیەکیان لێ ئەوەشایەوە. لەمەش دا خۆمم پێ نەگیرا وتم هەق نیە تۆ قسەی وا بکەی، چونکە بە قسەی ئێمە هەزاران کەس لە پێناوی کوردا خۆیان داوە بەکوشت، گیانی ئێمەش لە هی ئەوان زیاتر نیە، لێرە بمریت یا لە بەغدا، بە ژەهر یا بە گوللە، لە پیناوی کوردایە. بەڵام ئەبێ هەمو ترسی ئەوەمان هەبێ کارێ نەکەین ئەو پشتیوانیە دنیاییە بۆ کورد خەریکە پەیدا ئەبێ، لە دەس بدەین. من ئەو قسەیەم بە هیچ نیازێکی خراپ نەکرد. بەڵام هەندێ کەس ئەم قسەیەیان بە خراپ لێک دابوەوە، ترش و خوێ یان پێوە کرد بو. لە زۆر جێگە گێڕابویانەوە.

لە گفتوگۆیەکی دوقۆڵی دا بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ پێش ئەوەی بڕوا بۆ بەغداد، سەبارەت بە کۆنفرەنس و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ڕەئی خۆمم بە ڕاشکاوی پێ وت کە لەو کاتەدا لە بەغدا شتێکی باش نیە، بە تایبەتی ئەگەر نەگەیشتن بە ڕێکەوتنی تەواو، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆی لێ لابدا باشترە. چونکە سەرانی بەعس شارەزای هونەری "ابتزاز" ن پیاو ئەخەنە گۆشەیەکەوە ناچار بێ هەندێ قسە بکا بە قازانجی ئەوان، سودی بۆ کێشەکەی خۆمان نیە.

پوختەی بۆچونەکانمان ئەوە بو: کە ئەگەر مفاوەزە هیچ ئەنجامێکیشی نەبێ ئەوا سودێکی گەورەی ئەبێ "مۆڵەتێکی زەمانی" مان ئەداتێ، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێ، دو کار بکەین: یەکەم، گەلەکەمان کە ئاوارە بوبو بگەڕێتەوە سەر ماڵ و نیشتمانی خۆی.
دوەم، هێزەکانمان، ڕێکخراوەکانی پێشمەرگە و رایەڵەی ڕێکخستنە سیاسیەکانی حیزب... کە هەموی هەڵوەشا بون، سەرلەنوێ ڕێک بخەینەوە.

## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان


### نەمر گەشمردە نەورۆز نەسرەدین محەمەد حسین
### ناسراو بە نەوەی سەموون







ئاخر ئەو لەپێش پێشمەرگایەتی و خەباتی نیشتیمانی دا ، قورگی پڕ بوو لەهاواری گەرم و نەرمە سەموون ،سەموون فرۆش بوو، منداڵی پیاوێکی کرێکارو ڕەنجدەر بوو ، لەکۆڵانەکانی مەڵکەندی برایم پاشادا لەناو خەم و ڕەنجی خەڵک و
ڕەنجدەراندا گەورە ببوو هەتا بووە پێشمەرگەش قەفی پشتێنەکەی بۆنی
سەموونی گەرمی لێدەهات ، هاوارو دەنگی خەباتی تێکەڵ بوو بەتەنورو نانی گەرم و شنەو کەروێشکەی گوڵەگەنم و عەشقی کێڵگە ، کاکە نەورۆز ،لەساڵی ١٩٦١/٠٧/٠١ لەشاری سلێمانی لەماڵێکی قوڕینەی کرێکارو ڕەنجدەردا هاتۆتە دنیاوە سەرەتای خوێندنی لەهەمان شارو گەڕەک خوێندووە ،بەڵام تەواوی نەکردووە ،ئاخر هەر لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو کەخولیای پێشمەرگایەتی و خەباتی ناوشاری پێشمەرگانەی لە خولیا بوو ، شاخ و ناو شاری کرد بووە ڕێگای کانی ، تا لەساڵی ١٩٧٩ گیرا ماوەیەکی درێژ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوو ، بەڵام پاش عافواتەکەی سەدام کە بووە سەرۆک کۆمار بەر بوو لەهەمان ساڵدا، ساڵی ١٩٨١ ڕوویکردە شاخ و بووە پێشمەرگە لەتیپی ٣٣ ی سلێمانی پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و ئازاو پیاوێکی قارەمان لە شەڕی شاخ و شاردا ، بۆ زۆر کاری پێشمەرگانە ، دەنێردرایە ناوشارو سەرکەوتوانە فەرمانەکانی بەئەنجام دەگەیاند ، تا لەساڵی ١٩٨٤/١٢/٢٤ لەگەرەکی دارۆغا لەشاری سلێمانی دەسگیر کراو لە زیندانەکانی سلێمانی کەرکوکی ئەشکەنجەیەکی زۆر درا ، زۆر قارەمانانە ڕووبەڕووی جەلادەکانی بووەوە ، تا لە ١٩٨٥/٠٩/٠١ لە ئەبوغرێب لەسێدارە درا ،ڕەوانی پاکی شاد یادی بەخێر ڕەوانی پاکی شاد/ڕزگارەسوور





# سێ بەسەرهات

ئامادەکردنی عوسمان عومەر

ئەوەی لە خوا لیخۆشبوو سولتان قابوس بن سعید دا بەدی دەکرا،پرۆتۆکۆلی تایبەت بەخۆی هەبوو،هەرگیز نەدەچوە فرۆکەخانە بۆ پێشوازی کەسایەتیەکانی هیچ وولاتێ،هەرگیز ئەو پرۆتۆکۆلەی نەدەشکاند تەنها کاتێ لەهەشتاکانی سەدەی رابوردوو چو بۆ پێشوازی سەرۆکی هیند شانکار دیال شارما کەبوە جێی سەرنجی دەسەڵاتدارانی حوکمڕانیەکەی کە بینییان بەپلیکانەکانی فرۆکەدا سەرکەوت ودەستی لەملی سەرۆک کرد پێش ئەوەی لەجێی خۆی رابێ،پێکەوە دەست لەناو دەست لەپلیکانەکانی فرۆکەکە دابەزین تا گەیشتنە نزیک ئۆتۆمبیلە تایبەتەکەی،ئاماژەی بۆشۆفێرە تایبەتەکەی کرد کە دوور کەوێتەوە خۆی دەرگای پێشەوەی بۆ سەرۆک کردەوە ولەشوێنی شۆفێر دانیشت ودەستی بەهاژوتنی ئۆتۆمبیلەی کرد تاگەیشتنە کۆشکی سەڵتەنەت...

دواتر لەکۆنگرەی رۆژنامەوانی رۆژنامە نوسان لێیان پرسی هۆکارەکەی چی بوو؟

لەوەڵام گوتی من بۆیە نەچوم بۆ فرۆکەخانە تا پێشوازی بەرێز شارما بکەم وەک سەرۆک بەڵکو بۆیە چوم چونکەکاتێ لەبۆنای هیند دەمخوێند بەرێز شارما مامۆستام بووە کەفێری کردم چۆن بژیم چۆن هەلس وکەوت بکەم کەچۆن بەرەنگاری کێشەو قەیرانەکان ببمەوە...هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەوانەم دا کەفیری کردم کاتێ دەسەڵاتم گرتە دەست...ئەو رێزگرتنەی بوە مایەی سەرنج راکیشان وسەرسوڕمانم وهیچی لەو رێزگرتنەی سەرۆکی رووسیا فلادیمێر پۆتین کەمتر نییە...

کاتێ سەرۆکی روسیا مامۆستا بەساڵاچوەکەی بەدی کرد لەناو کۆمەڵی خەڵک کەبۆ پێشوازی وەستا بون ئەویش پرۆتۆکۆلی شکاند لەناو سەرسوڕمانی پاسەوان وپاوەرانی چوە لای مامۆستاکەی ودەستی ماچکرد ودەستیان لەملی یەکترکرد مامۆستاکە بەگریانەوە دەستی گرت وهاوشانی یەکتر دەرۆیشتن ئامادەبوانیش بە ڕەزامەندی وخۆشیەوە لێیاندەیانڕوانی وەک شاژنێ...

دەگێرنەوە رۆژێک مامۆستاکەی مەئمون دارکاری دەکات بێ هۆ،لێی پرسی بۆچی لێتدام مامۆستاکە گوتی بێدەنگ بە، هەرجارێ لێی دەپرسیەوە هەر دەیگوت بێدەنگ بە.

دوای ٢٠ ساڵ کە مەئمون بوە خەلیفە بیری کەوتەوەو ناردی بەشوێن ئەو مامۆستا یەدا،کەگەیشتە لای لێی پرسی بۆچی دارکاریت دەکردم کاتێ مێرمندال بوم؟

مامۆستا بیرت نەچۆتەوە دوای ئەو هەموو ساڵە... قەسەم بەخوا بیرم نەچۆتە...

بەپێکەنینەوە مامۆستاکە پێی گوت تا بزانی زۆرلیکراو شتی بیرناچێتەوە... وئامۆژگاریشی کرد وپێی گوت:

ستەم وزۆرداری لەهیچ کەسێ مەکە چونکە ستەم وزۆرداری گڕوبڵێسەیەکە هەرگیز لەدڵی ستەمدیدە ناکوژێتەوە کەچەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەربێ..ئەوە رێزگرتنی مامۆستایانە نەک وەک دەسەڵاتە خۆماڵیەکەمان بەڵتەچی بنێرێ بە شەق وکلکە دەمانچە سەروچاوی مامۆستا بشکێنێ چییە لەخۆپێشاندانێکی هێمانە داوای مافی خۆی کردوە هۆکاریش زۆرداری وخۆسەپاندن وئەوانەی ناردبویان نەخویندەوارو خۆیان بێ رێزن...



سەردەمانی خۆشم مامۆستا بوم نەوەی سەردەمی ئێمە وا ڕاهینراو فێرکرابوین رێز لەمامۆستایانمان بگرین کەپێشترلە خوێندنگا وانەیان پێ گوتبوین...

بێ موجامەلەو ماستاوکردن کە هەندێکمان فێری نەبوین لەماوەی خەباتی ئەو چەند ساڵەم لەگەڵ جەنابی مام، هەرجارێ مامۆستا کەریم ئەحمەد هاتبێ بۆ سەردانی زۆر بەپێ دەچو بەپیریەوەو سەری بۆ نەوی دەکرد کەسەری بۆ هیچ کەسێ نەوی نەکردبوو دەستیشی لەسەر سنگ بۆ دادەنا وهەمیشە دەیفەرمو:


قُم لِلمُعَلِّمِ وَفِهِ التَبجيلا
كادَ المُعَلِّمُ أن يَكونَ رَسولا

سڵاو لەروح وگیانی پاکی ئەو هاورێ مامۆستایانەم کە لەژیان دەرچون سڵاوخۆشەویستیم بۆ ئەوانەی لە ژیان ماون...بۆیە لەکۆتایی دەڵێم رێز لەوانە بگرن کە رۆژێ شتێکیان فێرکردوی ونەوەکانتان فێری رێز لەمامۆستاکانیان بگرن رەنگیش بێ تێبینیم لەسەر زۆر شتی هەندێ هەبێ ...

تێبینی

* لەچەند سەرچاوەیەکی پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەرچەم کردوە

*هاورێی ئەزیزم کاک کوردۆ رەحمان بەزمانی عەرەبی لەوالی خۆی بڵاوی کردۆتەوە.





# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

## بەشی سێیەم

ئامادەکردنی صدیق صاڵح

٢٩ .نەخشەی نەتەوەیی

باشترین نەخشە ئەم بیرخەرەوەیەمان بۆ بخاتە بەرچاو، نەخشەی ژمارە ٤، ٥، ٦ و ٧ی پاشکۆی ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانە، کە لە ١٩٢٥دا دەرچووە. نەخشەی ژمارە ٦ی ناو ئەم سێ نەخشە تایبەتمەندەی نەژادی نەتەوەکان، کە لیژنەکە خۆی دایناوە، ڕاستترینیانە و بە شێوەیەکی وا زانستی ڕێکخراوە، دابەشبوونی نەتەوەکان و چڕیی دانیشتووان دەخاتەڕوو. نەخشەی ژمارە ٥ کە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیا لە ١٩١٠دا بڵاویکردووەتەوە، بیرۆکەیەک سەبارەت بەو هێڵە کە -کەموزۆر- عەرەب و کورد لێک جیادەکاتەوە، نیشاندەدا، باشترە لەوەی کە نەخشەی ژمارە ٤ی دانراوی ساڵی ١٩٢٤ی حکوومەتی بریتانیا بەرچاویدەخا، کە پانتایییەکی خەتخەتکراوی شێواویشی تێدایە، هیچ ڕاستییەکی سەر ئەرز نانوێنێ. هەرچی نەخشەی ژمارە ٧یشە، کلیلێکی بەکەڵکە بۆ یەکە ئیدارییەکان و خوێندەوار لەو سەرئێشەیە ڕزگاردەکا کە ناوی یەکەکان بخاتە سەر نەخشەی ژمارە ٦.

٣٠ .دابەشبوونی کەرکووک و هەولێر

تێگەیشتووم ئێستە بە گشتی ملدراوە بەو ڕاستییە کە بەلاداخستنی کێشەی کورد، بەو شێوەیەی وا لە بیرخەرەوەکانی پێشوومدا ڕامسپاردووە و دەکرێ جێبەجێبێ، ناچارییەکی بێچەندوچۆنە، بەڵام گیروگرفتەکە مەسەلەی ناساندنی ناوچەی کوردنشینە. هێندێ کەس ئەو بیرۆکەیەیان پێپەسندە کە دەڵێ، هێڵێکی دەستکرد بکێشرێ، هەردوو لیوای کەرکووک و هەولێر بکاتە دوو بەش. وا دیارە دەبێ هێڵی ناوبراو بە چەشنێک بکێشرێ کە ئەوسەری دووورگەیەکی عەرەبی یا تورکمانیی لە دەریای کوردیدا لێ بخرێتە سەر لایەنی عەرەبی. هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە -یەکەم- لە پابەندبوونێکی شێنەیی بەو »¬¬¬بیرۆکەی ستراتیج«¬ەوە پەیدابوو، کە لە لە برگەی نۆزدەیەمدا باسمانکردووە. دووەم- ئەو کاریگەرییە سەرلێشێوێنەیە کە نەخشەکانی ساڵی ١٩٢٥ی بریتانیا (ژمارە ٤)، بەو پانتاییە خەتدارەیشەوە، هێنایانەگۆڕێ. دابەشکردن، لە هەردوو ڕووی بەڕێوەبردن و سیاسییەوە، بیرۆکەیەکی لە بناغەوە ناڕاستە .

٣١ .پەڵپگرتنی سیاسی و کارگێڕی لەم دابەشکردنە

هەر هەوڵێک بۆ وێنەکێشانی هێڵێکی وەها، دەبێتە سۆنگەی هەم وروژاندنی ناکۆکیی نەتەوەیی لە نێوان کورد و عەرەبدا و هەم بەرزکردنەوەی ئەو داوایانە کە تەگەرە دەنێنە بەر درێژکردنەوەی بنەمای کارەکە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لە قەزای خانەقین، یا بەرەو باکووری ڕۆژاوا لە بەشەکانی لیوای مووسڵ، وەک شێخان و عەشائیری سەبعە، کە نیازنییە بخرێنە سەر لیوای دهۆک، کە ڕێیتێدەچێ دابمەزرێنرێ و ئەم شێواندنەیش تاکە ئەنجامی دەرکەوتووی هەر هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی یەکەی نوێی بەڕێوەبردن، بە چاوپۆشین لە هاوئاهەنگیی سروشتیی ناو وڵات. دەبێ بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی ڕێکوپێکیش پشتئەستوور بێ بە چەندین ناوەندی -لە ڕووی جوگرافییەوە- ڕێکخراو و هەر پێشێلکردنێکی ئەم ڕێسایەیش دەبێتە هۆی بێهێزکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەت لە هەمان شوێندا کە دەبێ تێیدا بەهێزبێ. حکوومەتیش، ئەگەر لە چارەسەری کێشەی کورددا، بەرەنگاری قوتکردنەوەی یەکەی کارگێڕیی خەیاڵی بووەوە، جێوڕێیەکی قایمی دەبێ و وا دەمێنێتەوە .



٣٢ .ناساندنی ناوچە کوردنشینەکان

ئەمانەی پێشوو وا دەخوازن، حکوومەت بە ڕوونی ناوچەی کوردنشین -بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن- دەستنیشانبکا و لیواکانی ئێستەی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک بگرێتەوە و لەوانەیە پاشان بتوانرێ ئەم ناوچەیە فراوانبکرێ و لیوای سەربەخۆی دهۆکیش بگرێتەوە، چونکە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن. بارودۆخی سلێمانی مشتومڕ قبووڵناکا، بەڵام لیواکانیتر پێویستیان بە هێندێ لێتوێژینەوەیە .

٣٣ .ئاماری نەتەوەییی هەولێر

دوو کۆمەڵە ئامارمان لایە :

أ. مەزەندەکاریی ساڵی ١٩٢١، کە لە بیرخەرەوەی بریتانیادا سەبارەت بە کێشەی مووسڵ بەرزکراوەتەوە بۆ لیژنەی کۆمەڵە ]ی نەتەوەکان[ و وێنەکەی لە لاپەڕە ٣٣ی دەقی ئینگلیزی و لاپەڕە ٣٦ی دەقی عەرەبیی ڕاپۆرتی لیژنەکەدایە.

ب. مەزەندەیەک، دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردن لە هەولێر ساڵی ١٩٢٩ کردوویانە، پشتی بە لیستی گوندەکان و ئاماری وەرگیراوی دانیشتووان بەستووە. ئەم ئامارانە، بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

| | أ: ١٩٢١ | ب: ١٩٢٩ |
|---|---|---|
| کورد | ٧٧٠٠٠ | ٨٧٤٢٩ |
| تورکمان | ١٠٠٠٠ | ٩٦٤٤ |
| عەرەب | ٥١٠٠ | ٤١٤٨ |
| مەسیحی و جوو | ٨٩٠٠ | ٥٣٧٦ |
| کۆ | ١٠٦٠٠٠ | ١٠٦٥٩٧ |

ژمارەی باسکراوی تورکمان لە (ئـ)دا، بە ڕوونی بیرۆکەی زیادەڕۆییتێداکراوی سەبارەت بە ژمارەیان لە هەولێر و کەرکووک نیشاندەدا، کە دەسەڵاتدارانی سیاسیی بریتانیا سەرەتا قبووڵیانکردووە و بەبێ گومانیش ئەو ڕاستییە بە لاڕێیدا بردوون کە زۆربەی پیاوماقووڵان تورکمان بوون. نەخشە کۆنەکانی باسی نەژادی میللەتەکانیش دەکەن، پشتبەستوون بە قسەی گەڕۆکە کۆنەکان بە درێژیی ڕێگای گشتی و دیارە ئەم کەسانەیان [تورکمان] -بە تەبیعەتی حاڵ- هاتوونەڕێ. تەنانەت ئەو ژمارەیەی کە بەرامبەر بە (ب)ی ئێستە دانراوە، ڕەنگە پێوەینرابێ، لە کاتێکدا ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٤، دەریخستووە ژمارەی تورکمان هەر نزیکەی ٣٠٠٠ کەسێکە. لەم ڕووەوە، گرنگ ئەوەیە سەرنجبدەین لەو بیرخەرەوە ڕەسمییەی بریتانیادا کە بەرزکراوەتەوە بۆ کۆمەڵە ]ی نەتەوەکان[، بە کردەوە ددان بە بوونی هەزار تورکماندا نراوە لە سلێمانی، کەچی ڕاستی ئەوەیە کە تورکمانێک لەوێ نییە. تێکەڵوپێکەڵییەکی لەم چەشنە سەبارەت بە لیوای کەرکووکیش ڕوویداوە، لە کاتێکدا شاری کەرکووک بە خەمساردییەوە وا وەسفدەکرا کە دانیشتووانی هەموویان تورکمانن، هەرچەندە ئاماری دانیشتووان ڕوونیدەکاتەوە ١٣٧٣٣ تورکمان و ٥٦٢٣ کوردی تێدان و ژمارەی کوردیش لە شارۆچکەی کفری -کەموزۆر- بە ڕێژەی ٣ بۆ ١ لە ژمارەی تورکمان زیاترە.

٣٤ .چی لە ئامارەکانی هەولێر تێدەگەین؟

ئەم ئامارانە و نەخشەی ژمارە ٦ی تایبەت بە نەژادی میللەتان (بەشە سوورەکەی کە تورکەکان دەنوێنێ، بەرامبەر بە مەزەندەکاریی ساڵی ١٩٢١ە، کە زیادەڕۆییی تێدا کراوە و نیشانیدەدا ژمارەیان ١٥٠٠٠ کەسە)، دەریدەخەن کە لیوای هەولێر، خەریکە وەک لیوای سلێمانی هەمووی بێتە کورد. بەڵام عەرەب، تەنیا لەوپەڕی بەشی ڕۆژاوای ناحیەی گوێر و لە گەڕەکێکی بچووکی ناوشاری هەولێر هەن. هەرچی تورکمانیشن، بە زۆری لە قەڵای هەولێردا قەتیسن و ئەو جێوڕێیە نابەرامبەرە لەگەڵ ژمارەیان، خەڵک پێی وایە بە نەمانی دەرەبەگایەتی زۆربەی نەماوە. لەبەرئەوە دەرفەتی هیچ جیاکردنەوەیەکی پشتبەستوو بە ڕێژەی ژمارەی میللەتان، لەوێ لە گۆڕێدا نییە و تەوەرێکی عەرەبیش شکنابێ بتوانین بیکەینە بناغەی هەوڵی عەرەباندن.

٣٥ .ئامارە نەتەوەیییەکانی کەرکووک

ئێستە کەشفێکی تا ڕادەیەک ڕێکوپێکمان لە بارەی کەرکووکەوە هەیە، پشتی بە سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٨ی دانیشتووان بەستووە و ئەم کەشفانەیش ڕوونیدەکەنەوە، کە ژمارەی کورد ٧٧٥٩٧، تورکمان ٢٨٧٤١، عەرەب ٧٨٦٣ و جوو و مەسیحی ٣٧٠٠ کەسە، بەڵام ئەوەندەی بەستە بە ناحیەکانی قەرەتەپە (خێڵاتی قورەوی ]کورەوی[) و مەڵحە (خێڵاتی جبوور) و شبێچە (خێڵاتی عوبێد)، کە زۆریان عەرەبیان تێدا نیشتەجێن، ئەم ژمارانەی لای خوارەوە کە ئێمە بە حیسابی هەموو پێنج کەسێک، ماڵێک پێکدەهێنێ، بەدەستمانهێناون، زیاددەکرێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە ئاماری دانیشتووانەکاندا هەیە. واتە: کورد ٧٨٥، عەرەب ١٦١١٠، تورکمان ٩٤٥، جوو ١٨یە. بەو پێیە، ژمارەکانی -لە ڕووی تیۆرییەوە- لە بەردەستماندان، بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

| | ج. ١٩٢١ | د. ١٩٢٨ |
|---|---|---|
| کورد | ٦٥٠٠٠ | ٧٨٣٨٤ |
| تورکمان | ٣٥٠٠٠ | ٢٩٦٨٧ |
| عەرەب | ١٠٠٠٠ | ٢٣٩٧٥ |
| مەسیحی و جوو | ٢٠٠٠ | ٣٧١٨ |
| کۆ | ١١٢٠٠٠ | ١٣٥٧٦٤ |

**تێبینی: قەرەسێوکە، چەمچەماڵ و سەنگاو، ساڵی ١٩٢١ نەلکێندرابوون بە کەرکووکەوە و ٢٠٠٠٠ کورد خرایە سەر ژمارەی ئەسڵییان کە ٥٤٥٠٠ە.**

٣٦ .چی لە ئامارەکانی کەرکووک تێدەگەین؟

کوردان، ئەگەرچی زۆربەیەکی ئاشکرا لە کەرکووک پێکدێنن، بەڵام چەند برێکی نەژادی عەرەب و تورکمان لەوێ هەن، کارێکیانکردووە چارەسەری ئەم لیوایە، بە ڕوونی لە چارەسەری لیوای هەولێر جیاوازبێ. ڕەنگە بتوانین دووبارە ئەو کەرتە سەرومڕ کوردییە کە ژمارەی خۆ لە -کەموزۆر- ٣٩٩٥٠ کەس دەدا و لە قەڵاسێوکە، چەمچەماڵ و سەنگاو پێکهاتووە، ببەستینەوە بە لیوای سلیمانی (کە لە بنەڕەتدا هەر بەوێوە بەسترابووەوە)، بەبێ ئەوەی پەککەوتنێکی گەورەی کارگێڕی ڕووبدا. لەوانەیشە بشێ هێڵێکی نەتەوەیی بکێشین، بگاتە ئەوسەری باشووری ڕۆژاوا، بە درێژاییی بناری چیاکان، بە شێوەیەکی تەریبی ڕێگەکە و کەرتێکی بە تەواوی کوردی لێبگوازینەوە، کە پێکهاتووە لە شوان و بەشێکی قەرەحەسەن و گل و نیوەی باکووری کفری (کە ئێستە ناحیەی سەربەخۆی شێروانە پێکدێنێ) و ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە نزیکەی ٢٢٠٠٠ کەس و ١٥٠٠٠ کەسی خێڵاتی کۆچەری جافیش لە زستاندا. ئەوسا لیوای کەرکووک دەبێتە لیوایەکی بەرتەسک، تێکەڵەیەکی کورد و عەرەب و تورکمانی بە شێوەیەکی -کەموزۆر- یەکسان تێدادەبێ. بەڵام گواستنەوەی ئەم کەرتەی دووەم -لە ڕووی کارگێڕییەوە- هەر لە بنەڕەتەوە دروستنابێ، چونکە دەبێ لە کەرکووک و کفرییەوە چاودێریبکرێ و ناتوانرێ لە سلێمانییەوە ئەوە بکرێ. سەرباری ئەوە، نەوتەڵانەکانی تێدان، یا بە تەواوی دراوسێیانن و مەترسیدارە هەر بێدەسەڵاتییەکی کارگێڕیش لە شوێنێکدا کە ئەم کانگا گرنگەی سامانی عیراقی تێدابێ، تقبوولبکرێ.

٣٧ .عەرەبی کەرکووک

بەشی زۆری عەرەبی کەرکووک، لە خێڵاتی ئەم دواییەی نیشتەجێی دەوروبەری باشووری ڕۆژاوای لیوا پێكهاتووە، واتە لە ٥٠٠٠ جبووری و خێڵیتر لەسەر ڕووباری زێی بچووک (ناحیەی مەڵحە) و ٦٠٠٠ عوبێدی لە چیای حەمرین (ناحیەی شبێچە). ژمارەیەک عەرەبی نیشتەجێی شایانی باسکردنیش لە بەشی باشووری ناحیەی قەرەتەپە هەیە، بریتییە لە ٥٠٠٠ کەسی خێڵاتی قورەوی و هیتر. ئەم عەرەبانە بە ڕادەیەک دوورەدەستن، نابێ لە ڕووی سیاسییەوە گوێیانبدرێتێ و کارناکەنە سەر بیروڕای لیواکە. لیوای کەرکووکیش وەک لیوای هەولێر، کەسانێکی بەرز و ماقووڵی عەرەبی تێدانییە، کوڕی شاربێ، تا لە هەوڵی عەرەباندنی لیواکەدا پشتی پێ-ببەسترێ.

٣٨ .تورکمان لە کەرکووک


تورکمان، بەپێی هەردوو کۆمەڵە ئامارەکان کە لە سەرەوە باسمان‌کردن، کەمینەیەکی ئاشکرا پێک‌دێنن، بەڵام بایەخێکی نابەرامبەریان لەگەڵ ژمارەیان هەبوو، لەبەرئەوەی هەم لە شاری کەرکووک زۆرینە بوون و هەم زۆری بنەماڵە پێشکەوتووەکان، یا تورکمان بوون، یا (ئەگەر بە ئەسڵ کورد بوونایە) بە تێکەڵبوونیان بەو نەژادە باڵادەستە، بووبوونە تورک. بەم شێوەیە، ئەم کەمینە ئەریستۆکراتییە توانیی لەناو ئەو گفت و بەڵێنانەدا کە بە کەرکووک دران، ئەو گفتە بەدەستبهێنێ کە دەڵێ: زمانی لیوا کوردی نەبێ، کە زمانی زۆرینەیە، بەڵکوو تورکی بێ.

٣٩ .عەرەباندنی تورکمان

ئەوی بە شێوەیەکی سەرپێیی بڕوانێتە مەسەلەکان، دەڵێ: بێ‌گومان لەبەرئەوەی کەمینەیەکی بچووک، بەڵام گرنگمان، لێرە هەیە، نە کوردە و نە عەرەبە و ڕێی‌تێ‌دەچێ قووت‌بدرێ، چونکە سەر بە نەژادە باڵادەستەکەیە و تەنانەت ئەو پێوەندییە ئاسایی و باوەیش کە بەستوویەتەوە بە نەژادە ئەسڵییەکەیەوە، لەدەست‌دەدا، چونکە تورک پێڕەوی نموونەی داوودەزگای کۆمەڵایەتیی ئەورووپای کردووە و پیتی لاتینی بەکاردێنێ؛ ئەو ڕێگە دیارە کە دەبێ بگیرێتەبەر، عەرەباندنیەتی، تا بچێتەپاڵ زۆرینەی عێراقی. بنەچەی خۆجێیی تورکمان، لەوە دەچێ بە تەواوی کوردی بێ و ئەوانە تێکەڵی دانیشتووانی شار و گوندە کوردنشینەکان بوون و تێکەڵ بە خێڵاتی عەرەب نەبوون و زۆریان گەورەدەبن و بە دوو زمان قسەدەکەن و ئەو زمانی دووەمە کە پێی‌دەدوێن، زمانی زۆرینەی کوردە. زۆربەی فەرمانبەرانی وەزیفەداری خۆجێیی لە لیواکە، تورکمان یا کوردی دانیشتووی شارە. بە دەگمەن یەکێکیان تێدایە بتوانێ بە ڕاستی بە عەرەبی بنووسێ. هێندەی بنەماڵەی پیاوماقووڵانی تورکمان لەوێ هەن، ئەوەندەیش بنەماڵەی کورد هەن، وەک ئەوان دەستیان دەڕوا. لە کەرکووک، یەعقووبی‌زادە و قیردارزادە و نەفتچی‌زادە هەن، تورکمانن و تاڵەبانی و بنەماڵەی کوردی سەید ئەحمەدی خانەقایش هەن و هیچ بنەماڵەیەکی ناسراوی عەرەبیش نییە. بۆیە دەشێ هەر ئارەزوویەکی داماڵینیان لە خولیای تورکخوازی، پێ‌بەپێ بە شێوە وا بکەوێتەوە کە دەکرێنە کورد. ئەگەر دەدان بە ڕاستیی ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەی بڕگەی ١٩دا بنێین (دیمەنی ستراتیج) و قەناعەتمان‌هێنا کە پێکهاتەی نەژادیی لیوای هەولێری نێوان مووسڵ و ڕێ‌نادا عەرەباندن لەوێ هەبێ، ئەوسا هۆیەکی بێ‌هێز لەئارادادەبێ، تا ناچارمان‌بکا بەرەنگاری ئەو ئارەزووە سروشتییە باسکراوە ببینەوە.

٤٠ .پاشەڕۆژی کەرکووک

ئەم هۆیانە بوون کە وایان لێ‌کردم ئەو پێشنیازەی ناو بیرخەرەوەی یەکەمم (بڕگەی ١٠) پێشکەش‌بکەم و بە پێویستی بزانم هانی کەرکووک بدرێ بە لیوایەکی کوردی لەقەڵەم‌بدرێ. من پێشنیازناکەم نەژادی تورکمان بە ڕادەیەکی زیاتر لەو پێشنیازەی کە دەیەوێ بکرێتە عەرەب، ناچاربکرێ بە زۆر و بە نابەدڵی کوردی قبووڵ‌بکا. دەبێ لەم ڕووەوە ڕاوێژ بە سەرانی بیروڕای ناو کەرکووک بکرێ و بۆیان ڕوون‌بکەینەوە، وەزیفەدان تەنیا بە فەرمانبەرانی ڕۆڵەی ئەم لیوایە، چ سەرئێشەیەکی ترسناکی بۆ بەڕێوەبردن لێ‌دەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی هەم جوغزی ئەم قەتیسکردنی وەزیفەیە بەرتەسکە و هەم زمانێکی سێیەمی ڕەسمی کە تورکییە، هێڵراوەتەوە (کە زمانی کەمینەی لیواکەیە و لە ناوچەکانی‌تری عیراقدا ڕوو لە نەمانە). دەبێ بانگیان‌بکەین ڕازی‌بن عەرەبی و کوردی لە پێوەندیی ڕەسمی‌دا بەکاربێنن و لە بنەڕەتەوە قایل‌بن فەرمانبەرانی دەرەوە کە زمانی ناوچەکە دەزانن، لەوێ دابمەزرێنرێن.



هەر هەوڵێکیش بۆ پرۆپاگەندە بڵاوکردنەوە، بە هەر شێوەیەک بێ، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ڕواڵەتیی زمانی عەرەبی یا کوردی، بە هەڵە دەکەوێتەوە و هەر دەبێتە هۆی ڕوودانی پشێوی لە پاشەڕۆژدا. کەواتە دەبێ مەسەلەکە بەوپەڕی نیازپاکی و بە باوەڕێکی پێداگرانەوە تەگبیرێکی وەهای بۆ بکرێ، کە هەردووکیان (کوردی و عەرەبی) لە ڕوانگەی حکوومەتی ناوەندییەوە وەکوویەک گونجاون، بە مەرجێک پێچەوانەی ڕای گشتی نەبێ. ئەگەر ڕای کەرکووک پابەندبوونی بە زمانی تورکییەوە سەرسەختانە بوو، وا دیارە تاکە چارەسەر دووبارە لکاندنی چەمچەماڵ و سەنگاوە بە لیوای سلیمانی‌یەوە و ئەو قانوونی زمانەیش کە پێشنیازکراوە دەربکرێ، تەنیا سلێمانی و هەولێر (و لە پاشەڕۆژیش‌دا دهۆک) بگرێتەوە. ئەگەر کەرکووک بڕیاری دا بە کوردی دابنرێ، ئەو دەمە بێ‌گومان دەتوانرێ ناحیەی قەرەتەپە بخرێتە سەر لیوای دیالە، بەڵام شتی وا ڕاناسپێرم، لەبەر ئەو هۆیانە کە لە بڕگەی پێشووی ٣١ و بڕگەی ئەوەبەدوای ٤١دا ڕوونم‌کردوونەوە، وەک چۆن هیچ پێویست بە کارێکی وەها ناکا، ئەویش وەک لە سەرنجەکانم‌دا سەبارەت بە پێ‌خوێندن (لە بڕگەی ٤٣دا) دەکەێتەڕوو .

٤١ .دهۆک

تێگەیشتووم کە زۆر هەن حەزدەکەن ڕازیبن یەکەیەکی کارگێڕیی کوردی لە ناوچەکانی باکووری مووسڵ دابمەزرێنرێ و منیش وای بۆ دەچم کە دەبێ لیوایەکی کوردی لە باکوور دابمەزرێ، بەڵام پێم وایە ڕەنگە بە تەواوی کاتی ئەوە نەهاتبێ (بڕوانە: بڕگەی دوازدەیەمی یەکەم بیرخەرەوەم). ئەگەر گریمان دواجار بە پێویست زانرا لیوایەکی ئەوتۆ پێکبهێنرێ و بسەپێندرێ، دەبێ حکوومەت لە دروستکردنیدا پشت بە بنەما ڕاستەکانی بەڕێوەبردن ببەستێ و لە قەزاکانی زاخۆ، دهۆک و زێبارا قەتیسیبکا و نەهێڵێ یەکەیتری لای باشوور و بگرە '¬¬ئاکرێ¬'یش بخرێتە پاڵی، کە دانیشتووانی هەموویان یا زۆربەیان کوردن، مادامێکی ناتوانرێ، لە مووسڵەوە نەبێ، ئەم یەکانە بە شێوەیەکی قبووڵکراو بەڕێوەببرێن. هێشتنەوەی قەرەتەپە و ناوچەی خێڵاتی جبوور و عوبێد لە لیوای کەرکووک، سەرەتایەکە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم بڕیارە هەر لەسەر بنچینەی بنەماگەلێکی دروستی بەڕێوەبردن بنیاتنراوە .


٤٢ .پێخوێندنی سەرەتایی

ئاماژەکانم سەبارەت بەو زمانە کە لەم بیرخەرەوەیەدا هاتووە (بڕگەی ٢٩-٤٣)، تایبەتن بە زمانی پێوەندیی ڕەسمیی تەنها ناو لیوا. زمانی پێخوێندن ناکرێ بە تەواوی سەر بە دابەشکردنە کارگێڕییەکان بێ، بەڵام ئەو زمانە کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا پێی دەخوێنرێ، دەبێ بە ڕواڵەت زمانی باوکانی زۆرینەی ئەو منداڵانە بێ کە لێی دەخوێنن. بەم شێوەیە، زمانی پێخوێندن لە قوتابخانەی شبێچەی ناوچەی خێڵاتی عوبێد یا گوندێکی خێڵاتی قوڕویی سەر بە قەرەتەپە، بێگومان عەرەبی دەبێ. وەک چۆن زمانی پێخوێندن لە قوتابخانەی ئاکرێ، کوردی دەبێ، چونکە خەڵکەکە سەرجەمی کوردە، ئەگەر قەزای ئاکرێش لەبەر هۆی بەڕێوەبردن لە لیوا کوردییەکە دەربهێنرێ، چونکە خەڵکەکە هەموویان کوردن. وەک پێشتر باسمکرد، تورکمانی کەرکووک گەورەدەبن و بە دووزمان دەئاخێون. ئەگەر خەڵکەکە ئارەزووبکەن، دەکرێ تورکی لە پێخوێندنی سەرەتاییدا بگۆڕنەوە بە کوردی. هەرچۆنێک بێ، ئەو قوتابخانە کوردییە کە پێش دووساڵ لەناو کەرکووک خۆی داخرا، بەو پێیە کە بەشێکی هەڵمەتی دژی زمانی کوردی بوو، دەبێ سەرلەنوێ لەپاڵ قوتابخانەی تورکیدا بکرێتەوە، تا داوای گەڕەکە کوردییە گرنگەکانی ناوشار بەجێبێنین.

٤٣ .پێخوێندنی دواناوەندی

ئەم بابەتە لە پێشتر ئاڵۆزترە، لێرەدا بە پێویستی نازانین درێژەبدەین نە بە بۆچوونەکانی پشتیوان و بەرهەڵستی بەکارهێنانی زمانی کوردی و نە بەو تەگەرە و قورسییانەیش کە هەن، ئەوەندە بەسە دوو بنەمای کۆکەرەوە دابنێین:

ئـ ئینساف لەوەدانییە مێردمنداڵێک ڕابسپێردرێ بچێتە سەر خوێندنی چەند بابەتێکی تازە بە زمانێکی نامۆ نووسراو، وەک ئێستە لە هەولێر و کەرکووک وەهایە.



ب. بە باشی زانینی عەرەبی، مەسەلەیەکی پێویستی هەموو عێراقییەکی خوێندەوارە و پێم وایە دەبێ چارەسەری کێشەکە بەم شێوەیە بێ کە ڕوونبکرێتەوە: دەبێ گێچەڵ بە زمانی پێخوێندنی سەرەتایی نەکرێ، کە -وەک گوتم- پێویستە ئەو زمانە بێ کەوا منداڵ لە منداڵییەوە پێی دەدوێ. لەبەرئەوەی قوتابخانەی دواناوەندی لێی دەخوازرێ پێویستیی تێکڕای لیوا جێبەجێبکا، دەبێ -یەکەم- زمانی ئەسڵیی پێخوێندن زمانی زۆربە بێ، واتە زمانی ڕەسمیی لیوا. بەڵام دەبێ گۆڕینی زمانی کوردی بە عەرەبی، بەرە بەرە لە پۆلی یەکەمەوە دەستپێبکا، لە هێندێ بابەتدا، یا لە چەند سەعاتێکدا، بخوێندرێ، وەک ئەوەی لە پۆلی یەکەمدا چوار سەعات لە هەفتەیەکدا و لە پۆلی دووەمدا هەشت سەعات بێ و بەم چەشنە؛ یان -بۆ نموونە- حیساب کە دەرسێکی ئاشنای باوە، لە پۆلی یەکەمەوە بە عەرەبی بخوێنرێ و لە بەرەوە بابەتیتر لە پۆلە بەرزەکاندا زیادبکرێ. پشکنێری گشتیی مەعاریف بنەما ڕوونکراوەکانی لای سەرەوەی بە ڕاست داناون و پێیان ڕازیبووە. پێم وایە دەکرێ تەنانەت خەڵکی دەمارگیری سلێمانیش ڕابکێشرێ، تا بەم شێوازە ڕازیبن، ئەویش ئەگەر دڵنیابکرێنەوە کە هیچ فێت و پیلانێکی فێڵاویی تێدانییە .

ئیمزا: سی. جەی. ئەدمۆندز

لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٢٩دا

## ساڵرۆژی گەشمردە بوونی کاکە دارای سەعدی بەگ بەخێر ، پێشمەرگەو کادری بەتواناو تێکۆشەری گەلەکەمان ، ئەو پێشمەرگەیەی دوای بێ هیوا بوون چوار دەور گیرانی و بەزامداری بەدوا فیشەک خۆی کوشت ،/ڕزگارەسوور ،زانیاریەکە لەکاکە داناى براى وەگیراوە بەسوپاسەوە

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''



..............................١/٧/٩٨٢ (کانی گۆران)

ڕۆحت شاد دارا گیان

ساڵی ١٩٧٦خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بوو . لەکەرتی ( شەهید جمالە ڕەش )دەچێتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان . لە ڕێگەی خەدمائیلیێک کە لەبەرژەوەندی بەعس سیخوڕییان بەسەرەوە دەکات ،هەموو زانیاری جموجۆڵ و نهێنیەکانیان دەبرێتە ئەمنی سلێمانی و بەو هۆیەوە چەند ئەندامێکی ڕێکخستن لەناویاندا دارا بەدەستی ملازم موحسین و جەلادەکانی لە ساڵی 1978 دەستگیردەکرێن .

دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە ئەمنی سلێمانی ، ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک دەکرێت و بە 6 ساڵ زیندانی حکوم دەدرێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانەکانی ئەبوغرێب . لەگەڵ هاتنی سەددام حسێن ی دیکتاتۆر بۆ سەر کورسی سەرۆک کۆماری عێراق ،لێبوردنی گشتیی بۆ هەموو زیندانیە سیاسیەکان دەردەکرێت و ئەویش لەگەڵ هاوڕێ زیندانیکراوەکانیدا ساڵی 1979 ئازاد دەکرێت .

دوای ئازادبوون هەر لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکانی بەعسدا دەمێنێتەوە و گوشاری بۆ دەهێنن ببێتە بەعسی، داراش جگە لەوەی ئەو داواکارییە ڕەتدەکاتەوە ، دەزانێت بواری مانەوە لە ناوشار و کارکردنی لەناو ڕێکخستندا ئاسان نیە ، بڕیار دەدات ببێتە پێشمەرگە .دوای هەرێمەکان ،تیپەکان دروستدەکرێن ، ئەمیش دەچێتە یەکێک لە کەرتەکانی 47 ی پیرەمەگروون و لە ماوەیەکی کورتدا وەک کادێرێکی لێهاتوو و خۆشەویستی ناو هاوڕێکانی و خەڵکی گوندنشینی سنوورەکە دەناسرێت . بۆ ئێمەش کە لەناو شاردا مابوینەوە ، بەهۆی ئەوەی ڕژێم زانیارییان دەستکەوتبوو کە دارا بوەتە پێشمەرگە ، لە پەرچەکرداردا لە خانوەحکومیەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانی دەرکراین و چوینەوە ماڵی باپیرم لە کانێسکان .

ڕووداوی شەهیدبوونی دارا :

ڕۆژی چوارشەممەی 30. 06 ی ساڵی 1982 خۆمان کۆکردەوە بەنیازی سەردانی دارا ، بۆ یەکەم جار هەمووومان پێکەوە ( دایکم ، باوکم ،سروە ،بەهرە، توانا و من ) لەگەڵ دایەحەپسەی نەنکمان و ڕۆشنای کچی مامە مەهدی لە سلێمانیەوە بە ئۆتۆمبیلێکی کرێ بەڕێ کەوتین بەرەو گوندی توەسپی ناوچەی دۆڵەڕووت .

گەرمایەکی تاقەت پڕوکێن بوو ، بۆ حەوانەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی دارا لەژێر درەختەکانی باخی ماڵی کاک عەلی خزممان دانیشتبووین و بوە دەمەو عەسر لەگەڵ ئازاد باپیر ی هاوڕێیدا پەیدابوون .

تاوەکو درەنگانی شەو قسە و باسی هەمەلایەن ، هەواڵ پرسینی گشتی و کەسوکار ، خەوتین بەو نیازەی بەیانی کاتمان زیاتر دەبێت و پێکەوە ئەو ماوەیەی دارا لێمان نزیکە بە خۆشی بەسەری دەبەین ....

(بەرەبەیانی پێنج شەممەی 01.07.1982 )

کازێوەیە ، هەموو خەوتووین، هێشتا هەتاو و تینی گەرمای ئەو ڕۆژەی مانگی تەمووز (ڕەمەزان بوو ) تەنگی پێ هەڵنەچنیوین ، لەوبەری گوندەوە ژنێک هاوار ئەکات : دارا دارا ڕاکەن جاش هات !!!

دارا و ئازاد ،کە تەنها دوو دەمانچەیان پێبوو، لە خەو ڕادەچڵەکن و لە چەند چرکەساتێکدا خۆیان کۆدەکەنەوە و ڕووەو توولەڕێگەکەی سەرووی گوندی توەسپی ،کە ڕووتەن بوو بەپەلە لە گوند دەرچوون . هێشتا بە تەواوی لە ئەندازەی بینین دەرنەچوو بوون، دارا وەک ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ئێمە بکات ، ئاوڕێکی دایەوە و لایاندا بە دەستی چەپدا و لە پشتی تەپۆڵکەیەکەوە ئیتر لە چاو وون بوون ..
بە ئاسماندا چەند کۆپتەرێک نزم نزم دێن و دەچن ، لە چەندین لاوە دەنگی تەقە و دەستڕێژی چەکە جۆراوجۆرەکانە .

کەمتر لە یەک کاتژمێری خایاند ،دەنگی تەقەکان بەو 5 فیشەکانە کۆتاییان پێهات کە لەکاتی شەڕدا بۆ مەبەستی نیشاندانی سەرکەوتن بەکاردەهێنرێن ( تەقەی خۆشی ).

کۆمەڵێک جاش و ئەفسەر لەیەکێک لە ماڵەکانی ئەو بەری گوندی توەسپی دا بۆ نانخواردنی بەیانی دابەشبوون ، لەسەر ڕێگەی خۆڵە سەرەکیەی خوار گوندیش چەند سەیارەیەکی جاشەکان ڕیزیان بەستبوو ...ئێمەش هەمووومان دەترسین ،دڵتەنگ و ڕووخسار زەردهەڵگەڕاو چونکە هیچ هەواڵێک نازانین ، کاک عەلی بەرەو ئەو ماڵە ڕۆشت کە پیاوەکانی ڕژێم لێی دامەزرابوون و پاش ماوەیەکی کورت هاتەوە ..

پەشۆکاو و نائارام دەهات و دەچوو بێ ئەوەی یەک ووشە باس بکات . منیش ئەو کات کە تەمەنم 15 ساڵ بوو هەستم بە ئەنجامێکی دڵتەزێن کرد ، بە پاڕانەوە داوام لە کاک عەلی کرد پێکەوە بەو ئاڕاستەیەدا بۆ سۆراخی هەواڵی دارا و ئازاد بڕۆین کە ڕوویان تێکرد ،تا بزانین چارەنوسیان لەو شەڕەدا چی بەسەرهاتوە ..

سەرەتا وەک ئەوەی هەواڵی شەهیدبونەکەی بزانێت و نەیەوێت لە زاری ئەوەوە پێمان بگات خۆی لەو داوایەم دزیەوە ، هەرچۆنێک بوو قەناعەتم پێکرد و ئەوێکی شارەزا یەکسەر بەرەو گوندی کانی گۆڕان دوای خۆی خستم ، بە درێژایی ڕێگەکە کە زیاتر لە نیو کاتژمێر دەبوو ، کاک عەلی تەنانەت یەک ووشەش قسەی لەگەڵ نەکردم ، وەک ئەوەی لە ئازارێکی قوڵ و جەرگبڕدا بێت و بیەوێت بەتەنها خۆی لە حەسرەتدا بەدەستیانەوە بتلێتەوە .

نزیکی گوندی کانی گۆران بوینەوە ، لەسەر یاڵێکی کەناری گوندەکە چەندین گەنج و منداڵ لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کە گۆچانێکی بەدەستەوە بوو بە بازنەیی وەستابوون . گەیشتینە لایان ، ئای خودایە من چیم دی ؟

خوێنێکی گەش هێشتا نەمەیی بوو ، ژمارەیەکی زۆر قەوانی فیشەکی کلاشینکۆف و چەند قەوانێکی دەمانچە ، پیاوە پیرەکە ووتی : ئەمە خوێنی شەهید دارایە و لێرەدا شەهید بووە ، ئەو نامەردانەش ( مەبەستی لە جاشەکان بوو ) بە شەهیدبوونیش وازیان لێ نەهێناوە و دەستڕێژی گوللەیان ناوە بە جەستەیەوە .

باوەشم کرد بە خوێن و فیشەکدا ، بە گریان و هاوار هاوار لەگەڵ کاک عەلی دا ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر بەرەو گوندی توەسپی ، بەرەو ئەو گوندەی ماڵەوەمان ، خەڵکی گوندەکە چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش ئەکەن ،

هەموویان پێکەوە لەسەر بانێژی ماڵەکەی کاک عەلی لە تەنیشت یەکەوە وەستاون ،پێش ئەوەی بگەینە لایان ، دایکم هاواری کرد : دانا هەواڵێکی دارا ؟؟؟ دارا شەهید بوو ....

دوێنێی بە دڵخۆشی سەردانی دارا و پێکەوە تاوەکو نیوەشەو قسە و باس و پێکەنین ، بۆ ڕۆژی دوایی لە ناکاو بووبوە کۆست و بە بەرد لەخۆدان و قژڕنینەوە ،بوە بۆ هەتاهەتایە مانەوەی بە تراژیدیایەکی هەرگیز لەبیرنەکراوی زۆر ئازاراوی ...

بەو حاڵە نائاساییە سواری سەیارەیەکی پشت بەتاڵ بووین و لەگەڵ باوکم لە دواوە دانیشتین ، من یەکەم جارم بوو باوکم ببینم کە بگری ، ئەگریا و دوای ئەوەی بە لەپی دەست فرمێسکەکانی دەسڕی ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا و بە داگیرسانی جگەرەیەکی تر هەوڵی ئەدا خۆی هێور بکاتەوە...

گەیشتینەوە کانێسکان ، لە ڕێگەی موختاری گەڕەکەوە ئاگادارکراینەوە بەعس ڕێگە نادات پرسەی بۆ دابنێین ، بە نهێنی پرسەی پیاوان و بە ئاشکرا پرسەی ژنانمان بۆ دانا . بەڵام سەرباری ئەوەی دڵنیابووم لە شەهیدبوونی دارا ،هێشتا کەس بڕوای نەدەکرد ئەو مرۆڤە گەورەیەی خێزان ، ئەو پێشمەرگەیەی پێش چەند کاتژمێرێک لەناوماندا بوو و دەستلەملانی بووین لە ناکاو بەتەمەنی تەنها 23 ساڵیەوە کۆتایی بە ژیانی هاتبێت .

لەگەڵ باجی ڕوناک ی هاوسەری مامە حمە هۆشیارم چووین بۆ نەخۆشخانەی تەواری و بەسەر دیوارەکەدا خۆم گەیاندە مەیتخانەکە ، لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە ژوورەوە تەنها جێگەیەکی کاشیکراوی مردووشتن بە بەتاڵی دەبینرا ،بە دەوری ئەو ژوورەدا سوڕامەوە تا گەیشتمە بەردەمی دەرگا سەرەکیەکەی ، لەسەر زەویەکە جلێکی کوردی رەنگ خاکی خوێناوی دانرابوو ، کۆمکردنەوە و بەسەر دیواری مەیتخانەکەدا بازم دایە دەرەوە و بەپەلە لەگەڵ باجی ڕوناکدا کە چاوەڕێی دەکردم تەکسیەکمان گرت و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ...

بەڵێ جلەخوێناویەکان هی دارا بوو ، لەدیوی ناوەوەی قاچی شەڕواڵەکەیدا ئەو کاتەی لەسلێمانی بەر لە ماوەیەکی کورت بۆمان بە کردن دابوو ، لەگەڵ چەند دەستەجلێکی کوردی هاوڕێ پێشمەرگەکانیدا بۆمان ناردبوون و بۆ ناسینەوەی ئێمە ناوی کاوە مان لەسەری نوسیبوو ، ناوەخنی پشتوێنەکەشی ئەو پشتوێنە گوڵگوڵیەی شەهید بەختیاری عەبە ڕەش (02.07.1980 ) بوو کە زۆر هاوڕێی پێشمەرگایەتی بوون و وەک ئەمەکداری و بەڵێنێک کە بەیەکیان دابوو لای خۆی پاراستبووی .

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ شەهید کمال ی موهەندیس ی پورزام بۆ زیاتر دڵنیابوون چوین بۆ گردی شەهیدان و چاومان بە شێخ صادق کەوت کە گۆڕهەڵکەن و مردوو شۆری ئەوێ بوو ، ناوبراو کاتی خۆی دراوسێمان بوو لەگەڕەکی خانوەکانی کارگەی جگەرە و کوڕێکی هەبوو بە ناوی کەمال ،کە هاوڕێی گەڕەکی دارا بوو .وێنەیەکی دارامان لەگەڵ خۆمان بردبوو و پرسیارمان لێکرد ئایا ئەمڕۆ کەسی لەم شێوەیەی ناشتوە؟

یەکسەر دەستی کرد بەگریان و وتی وەرن لەگەڵم ، بردینیە سەر گۆڕێکی تازە داپۆشراو و وتی : ئەمە گۆڕی دارای جوانەمەرگە ، دڵنیابن خۆم تەرمەکەیەم شتوە ، شارەوانی هێناویەتی و خۆشم ناشتومە ، بەدەم گریانەوە وتی : بەڵام تکاتان لێدەکەم گۆڕەکەی هەڵمەدەنەوە ، چونکە ئەوەندەی فیشەک پێوەیە باشترە دەستکاری نەکەن ...

دارا لەو ڕووداوەدا تەنها 13 فیشەکی دەمانچەی پێدەبێت و دوای ئەوەی یەکێک لە براکانی عومەرەبچکۆل ی سەرۆک جاش بە ناوی صدیق بریندار دەکات ، بە دوا فیشەک بۆئەوەی بە زیندووی دەست ئەو دڕندانە نەکەوێت ،خۆی خۆی شەهید دەکات و لەسەر ڕێبازی ( کەم بژی و کەڵ بژی ) دەچێتە کاروانی نەمرانەوە ..

مامۆستا (حمەساڵح دیلان) ئەفەرموێ

ئەی نازەنین ، ئەم وڵاتە شیرینە
ئەم شاخانە ئەم دیمەنە ڕەنگینە
جاری جاران مەڵبەندی جوامێری بوو
پڕ لە فڕکەو پڕ بازرەقەی شێری بوو
کەچی ئێستا هەموو شتێ گۆڕاوە
ڕەش و سپی لەجێی یەک دانراوە
گوڵ بۆ ئاگر خونچە بۆ ناوتوون خانە
دڕك و داڵیان هێناوەتە ئێنجانە





# #گێڕانەوە

بەباشم زانی ئەو بەسەرهاتەی شاری خۆمان هەولێری خۆشەویست لەبەر دەست دانێم لۆ خێندنەوەی چونکە وانەکی لێ وەردەگرین بەسوپاسەوە لە لاپەڕەی دکتۆر Waria Omar Amin م وەرگرتیە بەڕێزی خاوەنیەتی :

.

.

ڕەشبگیریی (کەرگیرانی) ساڵی١٩٦٣ ، یێکێکە لەو ڕووداوە هەرە سەیرانەی کە مایەی ئەوپەڕی سەرسوڕمان و پێکەنین و گاڵتەجارییە .ڕووداوی وا هەرگیزا و هەرگیز لە مێژووی هیچ میللەتێکدا ڕووی نەداوە و هەرگیز ڕوو ناداتەوە و دەبێ بچێتە کتێبی گنیسەوە.

گومانم لەوەدا نییە کە هەموو هەولێرییە تەمەندارەکان ئەمەیان لەبیرە.

هیوادارم هەج بیرەوەرییەکیان لەم بارەیەوە لایە تۆماری کەن تا جیهان و نەوەکانی دوا ڕۆژ بزانن ئێمەی کورد چیمان دیوە و چیمان بەسەرا هاتووە.

لەو ڕۆژەدا هەرچی کەری ناو شاری هەولێر و گوند و لادێی دەور و بەریەتی هەموو گیران و خرانە ناو حەوشە گەورەکەی بەندیخانەکەی هەولێر کە کەوتبووە پشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی ئەوسا (بەرامبەر پارێزگای ئێستا) ، بەو توومەتەی کە بەهۆیانەوە ئازووقە بۆ پێشمەرگەکان دەبرێ و کاروباری شۆڕشیان پێ ئەنجام دەدرێ.

لە شاری هەولێر ژیان وەستا.. توور و سڵق و کەرەوز و تەرەپیاز و ماست و پەنیر کە بە پشتی کەر لە باغچە و لادێیەکانەوە بۆ شار دەهێنران لە بازاڕدا نەمان... ئاشەکان کە باراشیان بۆ بە پشتی کەر دەچوو هەموو وەستان ... دەنگی نەوتفرۆش و دار فرۆش لەگەرەکەکانا نەما...ناڵبەند و کورتاندروو و کافرۆش و کۆڵهەڵگرەکان بازاڕیان مرد.

مەیدانی کەر داخرا و کەرفرۆشەکان پەکیان کەوت و خۆیان شاردەوە.

نزیکەی هەزار کەر بەندکران. خاوەنەکانیان ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر دەرگای بەندیخانەکە بە هەندێ کا و جۆوە لە ڕریز دەوەستان نۆرەیان بێ بچن مواجەهەی کەرەکانیان بکەن و ئاو و خواردنیان بۆ بەرن...کاوجۆفرۆش ، وەک میوە فرۆشەکانی بەردەم نەخۆشخانەکان ، بە فەردە کاوجۆیان هێنابووە نزیک بەندیخانەکە.

کەرەکان ئەم گرتنەیان یەکجار پێ خۆش بوو... ڕزگاریان بووبوو لە بار هەڵگرتن و عارەبانە ڕاکێشان و نەقیزە و دارکاری و بێ بەزەیی منداڵان... لەهەموو ژیان و مێژوویاندا هەرگیز خۆشی و شادیی وایان بە خۆوە نەدیبوو و ئەوەندە نەحەسابوونەوە..بازدانیان بەسەر یەکا و لووشکە و قەپگرتن و زەرەزەر عەرەعەر و زەڕینیان لە ناو حەوشەی بەندیخانەکەدا شانۆیێک و سیمفۆنیایێک بوو بۆخۆی ، زۆر شتیان دەردەبڕی و دەگێڕایەوە.

ئەوسا ئێمە دەستەیێک هاوڕێ بووین لە قۆناغی ناوەندیدا ، دوای دەرچوونمان لە قوتابخانە دەچووینە بەردەم سەرا لەناو خاوەن کەرەکانا دەخولاینەوە گوێمان دەدایە قسەکانیان و خەمەکانیان. بیرمە مەحموود زامدار کە تازە موچڕکی کەریزم بە دەمارەکانیا دەگەڕا دڵی گەلێ لە کەرەکان خۆشتربوو.لەوانەشە هەر ئەو ڕۆژە و ئەو ڕووداوەبوو عیشقی کەری لەدڵا چەسپاند.



قسە و باس و خواس و خەم و پێکەنین و پێخەنی خەڵکەکە ئەوسا بوو بەدونیای کەر و بەزمی کەرگیران و گەلێ شتی سەیر ڕوویدا و باس کرا .

ڕۆژێ دوو قوتابی لە پۆلەکەمانا نەهاتبوون.. کە مامۆستا ناویانی خوێندەوە یەکێ لە هاوڕێکانی وتی ( مامۆستا ئەوانە دراوسێمانن ... کەریان گیراوە چوونەتە مواجهه).

کابرایێک کەرەکەی خۆی لە ژوورێکی ماڵەکەیا دەشارێتەوە...

شەو دەزەڕێ و لێی ئاشکرا دەبێ ... خۆی و کەرەکەی ڕاپێچی بەندیخانە دەکەن.پاشان کەرەکەیان بەردا و خۆی تا ئێستا شوونبزرە.

عەزیز ناوێک کەرەکەی خۆی دەرباز دەکا و لە ناو زوورگەکانا دەیشارێتەوە...دوای ئەمە بە (عەزە کەرفیرار) ناوی دەرکرد.

دوای حەفتەیێک جاڕدرا کە هەر کەرگیراوێ عەریزەیێک بنووسێ تیایا بەڵێن بدا کە کەرەکەی بۆ کاری نایاسایی بەکار ناهێنێ ، کەرەکەی ئازاد دەکرێ. خوا دەرگایێکی واڵای لەسەر گازی پشت بۆ عەرزوحاڵچییەکان کردەوە. وێنە گرەکان کەوتنە گازاندە و دەیانوت حەقی وایە وێنەی کەرەکانیش بە عەریزەکانەوە بلکێنرێ.

بە دەیان کەرگیراو دەوری عەرزوحاڵچییەکان دابوو و وەک زەردەواڵە بەسەریانا نیشتبوون .کەرگیراوێ نەختێ پیر و بێ تاقەت دەبێ چەند دەکا ناتوانێ خۆی بگەیێنێتە عەرزوحاڵچی... داوا لە یەکێ دەکا یارمەتیی بدات و عەریزەکەی بۆ بنووسێ..ئەویش دیارە کابرایێکی فشەکەر بووە ، ئەمەی بۆ دەنووسێ:

(بەرێز موتەسەریفی هەولێر ... ئەوە شەش ڕۆژە کەرەکەم گیراوە .
من لە جیاتی ئەو سوێندتان بۆ دەخۆم و شایەتیی بۆ دەدەم کە ئەم کەرەی من هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ لایێکەوە نییە و بێ خەتایە و هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە .. تا بڵێی هیمن و ئیشکەر و لەسەرەخۆیە.. هەرگیز لووشکەی لە کەس نەداوە و قەپی لەکەس نەگرتووە.سەرچاوەی رزقی مناڵەکانمە ... داوا لە بەڕێزتان ئەکەم ڕەحمێکی پێ بکەن و ئازادی کەن).

یەکسەر کابرا دەگیرێ و کەرەکەی بیر دەچێتەوە.

ڕۆژی دوایی بوو و دوای ئەوەی زۆربەی کەرگیراوەکان بەڵێننامەی خۆیان پێشکەش کرد ، بڕیاری لێبووردنی گشتی درا . کات دوای نیوەڕۆ بوو ، دەروازەی بەندیخانەکەیان کردەوە و کەرەکانیان بەرەڵا کرد. ئەو سەدەها کەرە پێکەوە بەڕاکردن و خزینە پاڵ یەک و لووشکە لێدان و هەڵبەزین و دابەزینەوە بەبەردەم چاپخانەکەی مامۆستا گیو و دوکانەکەی مەجید پەقڵاوەچییەوە بەرەو ناوبازار کەوتنە ڕێ. سەروسیمایان خۆشی و سەرکەتن و سەربەرزی و شانازییان لێ دەباری . خاوەنەکانیان بەناویانا بەربوون ، هەریەکە لەمبەر بۆ ئەوبەر ڕایەدەکرد لە کەرەکەی خۆی دەگەڕا و هەرکە دەیدۆزییەوە دەستی لە ملی دەکرد و هی وا هەبوو ماچیشی دەکرد و فرمێسکی بۆ هەڵدەڕشت و دەیوت کەفارەتییە ئینشاڵڵا.

دوکاندار و خەڵکەکە لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەدا وەستابوون سەیری ئەو کۆرەڕەوەیان دەکرد ، بە پێکەنین و گاڵتە لە گەڵ یەکترا دەدوان. هەندێ گەنج لەبەردەم دوکانۆکەکەی مام حەیدەری پینەدۆز وەستابوون بەو پەڕی ڕیزەوە دەستی خۆیان بەرز ، بە سڵاو و ڕیزەوە دەشەکاندەوە و وەک قارەمان پێشوازییان لێ دەکردن.


کەرەکانیش... ئەوەی خاوەنەکەی دۆزییەوە، ئەوە لێی خوڕی و بردییەوە..ئەوانی تر لەناو سووچ و کۆڵانەکانی ناو بازاڕدا بڵاو بوونەوە و لەناو خەڵکەکە توانەوە.

با ئەو ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژ و جەژنی کەران و هەموو ساڵ ئەم ڕۆژە یادبکرێتەوە و کەرنەڤاڵی بۆ سازبدرێ

.

ئەم وتارەی ( وریا عومەر ئەمین )لە ڕۆژنامەی (بەدرخان ژ ١٢٣ ی ٨ ـ ٨ ـ ٢٠٠٩) دا بلاکراوەتەوە. .

# دووهەڵوێستی جوانی دوو کەسایەتی جیهانی وەک نموونە: مستەفا میسری






1-کوندۆلیزاڕایسی بەرەچەڵەک کامیرۆنی کە لەنێوان ساڵەکانی (2005-2009)وەزیری دەرەوەی ئەمریکابوو،لەدوای تەواو بوونی کارەکەی و ئەو ڕۆژەی کە وەزارەتی ڕادەستکردەوە ملوانکەیەکی گرانبەهای لەملدابوو ، پێش ئەوەی بیناى وەزارەت بەجێبهێڵێ دەستی برد بۆ گەردنی خۆی و ملوانکەکەی لێکردەوەو خستیە سەر مێزێک ، کەلێیان پرسی ئەوە چیە؟ووتی لەسەردانێکمدا بۆلای پاشای سعودیە ئەم ملوانکەیەی بە دیاری پێبەخشیوم ! ووتیان بەڵام ئەوە دیاریەکی تایبەتە بەخۆت، ووتی نەخێر من بەنوێنەرایەتی وولاتەکەم چوم بۆ ئەو وولاتە، ئەگەر من وەزیرێکی ئەمریکی نەبومایە نەئەگەیشتمە لای پاشای سعودیەو ئەویش ئەو دیاریە بەنرخەی پێنەئەبەخشیم ، کەواتە ئەبێت ئەمە بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت !.......

2-میخائیل گۆرباتشۆف ی دواسەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەلەسەر دەستی ئەمدا ئەو وولاتە هەڵوەشایەوەو ژمارەیەکی زۆر لە گەلان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و بوون بەوولاتێکی سەربەخۆ ،لە بیرەوەریەکانی خۆیدائەڵێت:کاتێک پڕۆژەکەی خۆم بەناوی(پرۆسترۆیکا-تێڕوانینێکی نوێ) لەچوار چێوەی کتێبێکدا بەچاپ گەیاندو هەرزۆر زوو لەجیهاندا دەنگی دایەوە ، بەشێوەیەک پێنج ملیۆن دانەی لە (106) وولات و بە(80) زمانی جیاواز لێ فرۆشرا کە کۆی پارەکەی کردیە بەنزیکی سێ ملیۆن دۆلارو یەک ملیۆن ڕۆبڵی ڕووسی، دواى لێدەرکردنی تێچوەکانی کتێبەکە ودانی باج ئەوی مایەوە هەموویم بەخشی بەسندوقی یارمەتی بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ئەرمەنستان و تاجیکستان،کەسوودێکی زۆری لێوەر گیرا،وەهەروەها پاداشتی مادی خەڵاتی نۆبڵ وخەڵاتی فیۆجی کەوەرمگرت بەگشتی نزیک بەیەک ملیۆن دۆلار دەبوو بەخشیم بە کەرتی تەندروستی و بەدیاریکراوی بۆئەو نەخۆشخانەیەی کە هەڵئەستا بە چارەسەر کردنی قوربانیانی بەرکەوتوانی کارەساتی چێرنۆبیل، وەبۆزانیاری بەڕێزتان میخائیل گۆرباتشۆف کەسێکی دەوڵەمەن نەبوو کوڕی کابرایەکی جووتیاربوو لەگوندێکی هەرێمی ئێستارۆپۆل لەناوچەی باکوری ڕۆژ هەڵاتی قەوقاز ،بەڵام بەخەبات و هەوڵی خۆی هەمووقۆناغەکانی حیزبی حکومی بەلێهاتوویی بڕیوە.

به سوپاسەوە لە کاک سالار قەرەداغیم وەرگرتوە.



# جیهان لەبەردەم شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکاندا



بەختیار نامیق و سەرکەوتی جیهاز

ئەگەر قۆناغەکانی ململانێ و شەڕەکانی جیهان بە چەند قۆناغێک پۆلێن بکەین ، ئەوا دوای هەردو شەڕی جیهانی و شەڕەکانی تر و شەڕی سارد جیهان کەوتوەتە بەردەم کۆمەڵێ شەڕی ترەوە کە دەکاتە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای سەربازی شەڕی ناوکی و بایۆلۆجی کە دەتوانین بڵێین ململانێکان و شەڕە وردەکان و نمایشە سەربازییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە جیهان لەبەردەم سێ هۆکاری شەڕی زۆر پێشکەتو وێرانکەردان ، ئەوانیش شەڕی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکانە ، لە پەنای ئەمانەدا بونی چەکی ئەتۆمی کە بە پلەی سەرەکی دێت یەکێکە لەو ململانێیانەی کە وڵاتان هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن وفۆکسی سەرەکی لەسەر دەست گەشتنە بە چەکی ناوەکی ، ئەگەرچی ئەم چەکە تا ئاستێک ڕێککەوتنێکی جیهانی لەسەرە نەهێڵن هەندێ وڵات جگە لە بواری پزیشکی دەستیان بگات بە چەکی ئەتۆمی بەڵام لە پەنای ئەمەدا دەست گەشتن بە هۆکارەکانی شەڕی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکان تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی جیهانی لەسەر نیە کە بتوانرێ وەک ڕێنماییەکان و بەرگرتنەکانی چەکی ناوەکی ڕێ لەم چەکانە بگیرێت ، ئەمە دەکاتە ئەوەی لەبەردەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنی درۆنەکان و شەڕی سایبەر و ئەگەری زیاتری شەڕی بایۆلۆجی جیهان بە دۆخێکی ترسناکدا تێدەپەڕێ ، کە دەکرێت هەمو وڵاتانی دنیا لەسەر مێزی گفتوگۆ و ترسی هاوبەش کۆبکاتەوە.

لێرەوە دەتوانین یەک بە یەک قسەی سەرەتایی لەسەر بکەین :

شەڕی بایۆلۆجی :

ئەگەر چی ئەم جۆرە شەڕەماڵوێرانکەر دەبێت بۆ ئەو وڵاتەی کە هەڵدەسێت پێ ی خۆشی دەگرێتەوە ، بەڵام جیهان لەبەردەم هەڵکشانی ململانێ و بەرکەوتنی بەرژەوەندیەکاندا بەدەر نیە لەم ترسە ، یەکەم شەڕی بایۆلۆجی مەغۆلەکان پێ ی هەڵسان کاتێک سەربازەکانیان توشی تاعون بون لاشەکانیان فڕێ دایە ناو شاری دوژمنەکانیان و لەوێوە بە هۆی مشکی سەر لاشەکان تاعون بڵاو بویەوە و هەمو جیهانی گرتەوە و ناسرا بە تاعونی ڕەش ، لە ئێستادا جیهان بە ترسەوە چاودێری شەڕی بایۆلۆجی دەکات بە تایبەت ململانێ ی نێوان چین و ئەمریکا لە دوای بڵاو بونەوەی سارس و کۆرۆنا ، ئەگەر چی چین و ئەمریکا یەکتر تاوانبار دەکەن بەڵام هێشتا جیهان دوای کۆرۆنا بەدەر نیە لە هەڕەشەی جۆرەکانی تری شەڕی بایۆلۆجی بەتایبەت ئەگەر گروپە ئیرهابیەکان دەستیان بگاتە ڤایرۆسەکان و بڵاوبونەوەیان ، وەک ئەوەی ئەیمیەن زەواهیری لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ چەند ملێون دۆلارێکت پێ بێت دەتوانی لە بازاڕی ڕەشی ئاسیا ڤایرۆسی بایۆلۆجیت دەست بکەوێ ، ئەم بازاڕی ڕەشانە کە بە جۆرێک زل هێزەکانی بە قاچاخ تێدایە ئەگەری هەڕەشەی گەورەن لە داهاتوی جیهان ،لێرەوە ململانێکانی چین و ئەمریکا و ئەگەری شەڕی بایۆلۆجی ئامادەیە کە لە کۆڤید ١٩ دەدا یەکتریان تاوانبار دەکرد ئەگەری ئەوەی هەیە جارێکی تر جیهان توشی نەخۆشیەکی تری وەک تاعونی ڕەش بکاتەوە ، بۆیە بونی سیستەمێکی تەندروست لەهەر وڵاتێکدا بونی بەرگریە بەرامبەر بە ئەگەری شەری بایۆلۆجی و بڵاوبونەوەی ڤایرۆس.

شەڕی سایبەر :

شەڕی سایبەر کە بەشەڕی نێوان کۆمپیتەرەکان ناسراوە یەکێکە لەو شەڕانی کە لە ئێستادا بوە بە ئەولەویەتی ململانێی نێوان ئەمریکا و چین و ڕوسیا ، ئەم هاککەرانە لە ڕێی ئەنتەرنێت و کۆدەکانەوە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و کۆنترۆڵی بەرامبەریان دەکەن بە شێوەیەک دەتوانن سیستەمی بانکی و تەکنەلۆجیا پێشکەوتوەکانی وڵاتانی بەرامبەر بوەستێنن یان کۆنترۆڵی بکەن ، لە ئێستادا شەڕی سایبەر لە ئەولەویەتی شەڕی ئەمریکایە بەرامبەر نەیارەکانی وەک چین و ڕوسیا و ئێران ، تا ئەو ئاستەی سوپای سایبەریان دامەزراندوە کە کار لەسەر درۆنەکان و کۆدەکان دەکات ، ئەمریکا لە زاری بایدنەوە ڕوبەڕوبونەوەی شەڕی سایبەری ڕاگەیاند ، ئەوەی پێشتر بە جەنگی ئەستێرەکان ناوزەند دەکرا تا ئاستێک سەرەتاکانی دەرکەوتوە ئەویش لەبەر ئەوەی سایبەرپێویستی بە تێچوی زۆر نیە تەنها شەڕی نێوان کۆمپیترەکانە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەوەی پێویستی پێیەتی تەنها عەقڵە و ئەزمون و دۆزینەوەی دەروازەکانی کۆدی بەرامبەرە ، چی تر ئەم شەڕە لە شەڕی وشکانی و دەریایی و ئاسمانیەوە دەگواسترێتەوە بۆ شەڕی ئاسمانە بەرزاکان بە شەر نەوەی پێنجەم دادەنرێت ، سایبەر زۆربەی بوارەکانی شەڕ و ململانێ دەگرێتەوە لە ئێستادا تورکیا و ئێران دو دەوڵەتن خاوەنی سوپای سایبەرن و پەرەی پێ دەدەن ، خۆ ئەگەر کوردیش کاری لەسەر بکات ئەوا دەتوانێ لە داهاتودا بچێتە ناو شەڕی سایبەرەوە بەتایبەت لە ئێستادا عێراق خەریکی بونیاد نانی سوپای سایبەرە .

شەڕی درۆنەکان :

وردە وردە لە بونی سوپایەک کە قەبارەی گەورەی کلاسیکی هەبێت دەگۆڕدرێت بۆ سوپای پشکەوتوی تەکنەلۆجیای سەربازی لەگەڵ بونی شەڕی سایبەر و شەڕی درۆنەکان ، بوەتە سەرەکی ترین تەکنەلۆجیا و وڵاتە زل هێزەکان زۆر بەخێرایی کار بۆ دروستکردنی درۆن لە بچوکترینەوە بۆ گەورەترین دەکەن ، شەڕی ئێستا و ئەم بیست ساڵەی پێشتریش ناسرا بو بە شەڕی درۆنەکان کە ئەمریکا لە شەڕی ئەفغاستاندا بەکاری هێنا و دواترینیان تورکیایە لە لیبیا و قەرەباخ بەکاری هێنا ، لێرەوە شەڕی درۆنەکان ئێستا بوە بە سەرەکی ترین هەواڵی هێرش و ململانێکان ، لە ڕوی بەرهەمهێنانی درۆنەکانەوە وڵاتە گەورەکان لە هوڵی فرۆشتنی ئەم درۆنانە بە هەمو جۆرەکانیەوە بە وڵاتاکانی تری دنیا ، کە بوە بە سەرباسی میدیا جیهانیەکان ، هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لە بەردەم شەڕی درۆنەکاندایە و دەبێت هەرێم ببێتە خاوەن درۆن و سیستەمی بەرگری تەکنەلۆجیای پێشکەوتو بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆنەکان ، بەڵام تا ئێستا نەک ناتوانێ ببێتە خاوەن درۆنەکان بەڵکو وەک پاشکۆی وڵاتانی ناوچەش لە هیچ هێرشێکی درۆن ناپارێزرێ و بگرە بوە بە شوێنی بەریەککەوتنی درۆنەکانی وڵاتانی دژ بە یەک لەم ناوچانەدا ، ئەگەری ترسی زیاتری هەیە بە تایبەت کە درۆن بکەوێتە دەستی گروپە ئیرهابیەکانەوە .

جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمو شوێنێکی ئەم دنیایە لەئەگەری بونی هەر یەک لە شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکان بەدەر نابێت ، جا کەوتوەتە سەر دامەزراوەیی و بونی سوپایەکی تەکنەلۆجی و تەندروستیەکی بەهێزی خۆپارێزی بۆ مانەوە و بەردەوامی دانی خۆی لەبەرامبەر ئەم شەڕانەدا ، بە گشتی جیهان لەبەردەم جۆرێکی ترە لە پێشکەوتن و جۆری شەڕی ماڵویرانکەر کە ڕەسمی بیرۆکەی دەوڵەت و کۆمەڵگاش دەگۆڕێ.

# زەمانی خان بداغ ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە

دوای مردنی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە ئیدارەی وولاتەکەی
بۆ ( خان بداغ ی ) کوری مایەوە .
خان بداغ لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشت .
وەکو نوسراوە مێژوییەکان باس ئەکەن .
خان بداغ لەرێکو پێکیو ئازایی و بەغیرەتیدا هەروەها
لە خوڵق بەرزی و زانیاری و عەدالەت پەرستن و زمان شیرینیدا لەباوکی
کەمتر نەبو .
خان بداغ لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوو کە لەجێ ی باکی
دانیشت .
لەحوکم کردن و بەڕێوە بردنی کاروباری وولاتدا ڕاوێژی
بەدایکی ئەکردو گوێ ی لە قسەکانی ئەگرت ، وەکو باوکی
بگرە بەزیادەوە ئیدارەیەکی باشی وڵاتەکەت ئەکرد ،لەبەر ئەوە هەتا ئەهات
وڵاتەکە بەرەو گەشە کردن ئەڕۆیشت .
بێگومان پێشکەوتن وگەشە کردنو هەروەها خۆشیو
کامەرانی هەمو وڵاتو گەلێک لەسەر جۆری بەڕێوە بردنی
ئیدارەی کاربەدەستەکانو حاکمەکانی وەستاوە .
واتە هەرچەندە ئەو ئیدارەیە چاوی لەخزمەت گوزار میلەتەوە بێت ئەو میلەتە
کامەران ترو پێشکەوتو تر ئەبێت، بەپێچەوانەشەوە ، ئەو سەردارانە
هەرچەند بەلای
زۆرداریو دەست درێژیو چەوسانەوەی میلەتا داشکێنن
ئەوە ئەو وولات و میلەتە ئەدەنە دواوەو
بەناخی زەویدا ئەچن .
ئەمە یاسایەکە کەسروشت بۆ ئادەمیزادی داناوەو لێ چونە دەرەوەی بۆ نیە .
جالەبەر ئەوە خان بداغ لەسەر ڕێوشوێنی باوکی ڕۆیشت وولاتو میلەتەکە
بەرەو گەشە کردنو پێشکەوتن ئەڕۆیشت .
لەبەر ئەمە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی عەشایەری کوردی دەوروپشت بەئارەزوی
خۆیان ئەهاتنە ژێر سایەیەوە عەشایەری ( ئاکۆ ) و ( بڵباس ) ( ئالان
) و ( ماوەت ) هاتنە ژێر دەسەڵاتیەوە بەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ
سنوری وڵاتە کەیو نفوذی خۆی پەرەی ئەسەند .
ناوچەی ماوەت ئەوسا تابیعی شاری ( بانە ) بوو
حاکمەکەی بانەش خان ئیسماعیل سوڵتان ناوێک بوو
پیاوێکی ئێجگار دڵڕەق و خوێن ڕێژو زۆردار بوە ، کورەکەشی کە (
ئەسکەندەر ) بەگی ناو بوە لەوزەمانەدا
حاکمی ماوەت بوە .
هەرلەوێش مردوە و نێژراوە .
جا ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە حسین ناظم ئەفەندی کەبەو
ناوچەیەدا ئەگەڕێ لەسەر کێلی گۆڕەکەی
ئەسکەندەر بەگ نوسراوێک ئەخوێنێتەوە ، ئەونوسراوە هانی ئەدا بکەوێتە
گەڕانو پشکنین هەتا لە ئەنجامدا وەسیقەیەکی مێژوو یی ئەدۆزێتەوە
کەلەسەدەی یانزە هەمی کۆچیدا نوسراوەتەوە .
لەو وەثیقەیەدا چەند ڕوداوێکی مێژوی ی گرنگی تیدا بووە
ئەو وەثیقەیە بەفارسی نوسراوەتەوە ، وە ماناکەی بەکوردی ئەمە ئەگەێن
١ .
کە گوایە حەزرەتی عبدالای کوری حەزرەتی عومەر بەشیری ئازایەتی ئەو
ئاینی ئیسلامەتی لەم وڵاتەدا بڵاو بۆتەوە .
لەم وەختەدا ناوچەی( دەشتەتاڵ ) لەژێر دەستی ( قەهقون ) ناوی کافر
دا بوە .
ئەم دەشتە تاڵە لەسەروت ڕۆژ هەڵاتی سلەیمانی و لەحدودی قەزای شاربازێردا
بوو بەلام ئێستە لەحدودی ئێرانەو تابع بەبانەیە.
حەزرەتی عبداللە ئەم ( قەهقونە ) ی کوشت ، بەڵام کوڕی ئەم قەهقونە
هاتە سەر ئاینی ئیسلام و حەزرەتی
عبداللە ش ناوی عەلی لێناو لەجێی باوکی بەحاکمی داینا .





ئامادە کردنی
فوئاد مەحمود بابان کوری عبدلله
بابان
کوری ئەحمەدی میرزا حسەین
بەگ
کوری ئەحمەد بەگ ( ئەحمەد
پەخشە )
کوری مەحمود بەگی عەزیز بەگی
بابان
ناسراو بە عەزیز بەگی پیرمەسور
( پالەوانی شەڕی پیر مەسور )

فوئاد مەحمود بابان

سلەیمانی تووی مەلیک

٢٠١٨/٧/٢٨

ئەمانە لەبەر ئەوەی زۆر هەول و تەقەلایان بۆ ئاینی ئیسلام
داوە و یارمەتیان داون .
ناوی ( خەیارالدین ) یان لێناون و پشتاو پشت بۆیان
ماوەتەوە ، هەتا زەمانی خان ئیسماعیل سولتان لەو
وەثیقەیەدا کەباس کرا تەصدیقی حاکمێتیان کراوە .
لەزەمانی خان اسماعیل سوڵتان دا ئەم خانە ئەسکەندەر
بەگی کوری کرد بەحاکمی ماوەت ، ئەویش لەم حاکمیەتە
مایەوە هەتا زەمانی پەیدا بونی خان بداغ کوری فەقێ
ئەحمەدی دارشمانە ، ئەوسا خان بداغ ماوەتی لەژێر چنگ
دەرهێناو خستیە ژێر دەسەڵاتو فەرمانی خۆیەوە .
خان بداغ زستان لە دارشمانە دائەنیشتو ئێستەش
لەڕۆژهەڵاتی قەڵادزێوە جێگایەک هەیە بەناوی خان بداغ
وەیە .
بەڵام بەهارانو هاوینانی لە ماوەت ئەبردەسەر .
نیازیش لەم کردەوەیەی تەنها ئاو و هەوا گۆڕینو
خۆشەویستی سروشت نەبو ، بەلکو نیازی لەمە ئەوەش بو
ئاگای لە حاڵو دۆخی میلەتەکەی بێت لەهەمو سوچێکی
وولاتەکەی دا ، ئەیویست لەهەمویان نزیک بیتو چاوی لێیان
بێتو بەخزمەت کردنیان ڕێزو خۆشەویستی و ڕێز گرتنیان
بۆ خۆی ڕاکێشێ .
بەلام بۆئەوەی نفوذی خۆی زیاد بکات قەلەم ڕەوی
وولاتەکەی فراوان بکات بە ئێجگاری گواستیەوە بۆ ماوەت
ئەوێ ی کرد بە پایتەختی خۆی ، لەگەڵیشیا ناوچەی
سیتەکو
چەند ناچەیەکی تری خستەسەر وولاتەکەی خۆی ، ئەمە
لەساڵی ( ١٠٧٥ ) کۆچیدا بوو .
بێگومان هەرچاوی لەوەبو سنوری ولاتەکەی فراوان بکات
بەوەی ناچەی نزیکی تری بخاتە سەر ، بەڵام حوکم ڕەوایی
لەمە پتر درێژەی نەکێشا زۆری نەبرد کۆچی دوایی کردو
حوکمی بۆ میر سولەیمانی برای بەجێ هێشت .

سەرچاوە مێژوی حوکمدارانی بابان
لەقەڵاچوالان تا دروست کردنی شاری سولەیمانی
١٠٨٠--١١٩٩ کۆچی--١٦٦٩--١٧٨٤--زاینی
نوسینی تۆفیق قەفتان

## رق

بۆ شاعیری عەرەبی عێراقی ( سعدی یوسف )*

ئەی شاعیرەکە....
دروشمەکانت ...سەوزو سوورن
زەردن...ئاڵن
بەڵام..وەک نارنجۆکی بەعسیان
پڕ لە مەترسین

ئەی شاعیرەکە...
شیعرەکانی تۆ ...وەک دیواری
دەرەوەی ئەمن
وەک باخچەکەی دائیرەی ئەمن
جوانن...دڵگیرن
بەڵام ناوەوەی
هەر ئەمن ئاسا
پڕ لە قولاب و ...ئوتوو ...کێبڵ
پڕ لە زنجیرن

خۆ تۆ بەعسی نیت
تۆ هاوبیرەکەی
حەسەن مەجید نیت
ئەوەندە قینت لە کوردستانە
ئەوەندە قینت لە پێشمەرگەو
گوڵ و ...ئینسانە

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

*سەعدی یوسف، شاعیرێکی ناسراوی عەرەبی عێراقی ،خەڵکی شاری بەسرەیە ،لە شیعرێکی دا ،سوکایەتی بە کوردستان دەکات ،بە (قردستان )وڵاتی مەیمون ناوی دەبات. ، ئەو شیعرەی لە ئاژانسی هەواڵی باسنیوزدا بڵاو کردەوەوە.
قوبادی جەلیزادەی شاعیری دیارو خاوەن ئەزمونی تایبەتمەندی، ڕێچکەی نوێ ی شیعری کوردی ، هەنگاوی نوێ و داهێنانی لەو بوارەدا ناوە ، لە بارەی شیعرەکەی سعدی یوسف ،بە شیعر دانانی،کە تێی دا( کوردی بە نەوەی مەیمون دەزانێ) ، جەلیزادە لە لێدوانێکی دا بۆ ئاژانسی (باسنیوز)،ئاماژەی بەوەکرد:
سەعدی یوسف وەک ڕووناکبیرێکی عێراقی و عەرەبی، لە تەمەنی دوورو درێژی خۆی دا ، چەپ بوو ، شەری ئەو شەری چینی زەحمەت کێش بوو،دژی چینی برژوا و خاوەن کارو خاوەن زەوی وەدەربەگ ، پێم سەیرە ،لەوپەڕی چەپەوە ،بگوێزرێتەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاسترەوە شۆڤێنیەت،ئەو نوسینەی کە دیارە شیعر نییە، یەکەم هەڵوێستی شۆڤێنانەی نی یە ،سەبارەت بە ئەزمونە دیموکراتییەکەی کوردستان ، پێشتریش پەلاماری کوردی داوە .
ئەو کاتەی وەزیرێکی کورد ،پۆستی وەزارەتی روناکبیری حکومەتی عێراقی فیدراڵی وەردەگرێ،کاتێک سەرۆک کۆمارێکی کورد، سەردانی وڵاتی سعودیە دەکات ،هەمان هەڵوێستی شۆڤێنانە ی دەربڕیوە .
شەری سەعدی یوسف ،شەڕی سونەیەکی شۆڤێنی عەرەبە، لە گەڵ کوردو لە گەڵ شیعەیەکی عەرەب ، من پێم وایە: خرف بوون وای لە سەعدی یوسف کردوو، لەوپەڕی چەپەوە، بگوێزرێتەوە بۆ ئەو پەڕی عەرەبێکی سونی شۆڤێنی .
جەلیزادە لە بارەی ئەو شیعرەی سەعدی یوسف ،کە لەپۆلی 9ی ناوەندی لە کوردستان دەخوێنرێت ،وتی :
سەعدی رابردوو ئێستاو داهاتوی خۆی ناشرین کرد، لەمەوداوا منداڵانی کورد ،بەوە ڕازی نابن ، لە بەرنامەی خوێندن دا ، شیعرەکەی لە بەر بکەن / کوردۆ شابان ،باسنیوز ،کلتوورو هونەر ،21 / 11 / 2014.




## سەرسوڕهێنەرترین پەیوەندی لە جیهاندا...

وەلام دانەوەی هەندێک پرسیار،بەڕاستی ئەستەمە!

بۆ نموونە:
نێوان ئەم دوو وێنەیە،واتە کوردستان و ئوسترالیا دوازدە هەزار و چوارسەد کیلۆمەترە، چۆن ئەم هێمایە لەم دوو شوێنە بوونی هەیە؟

وێنەی دەستەڕاست لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە،کەسێکی (Aboriginal Australians) ئوسترالی ڕەسەنە کە جەستەی خۆی بە ڕەنگ و چەند هێماییێکی ئاینی ڕەسەنی خۆیان نەخشاندووە.یەکێک لە هێما هەرە پیرۆزەکان بە گەورەیی لەسەر سینگی نەخشاندووە.

وێنەی دەستە چەپ،کێڵێکی شوێنەواری گردی مرازان ( گوپەکلی تەپە-Gӧbekli Tepe ) یە لە باکوری کوردستان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە...
نێوان ئەم دوو وێنەیە،واتە کوردستان و ئوسترالیا دوازدە هەزار و چوارسەد کیلۆمەترە، چۆن ئەم هێمایە لەم دوو شوێنە بوونی هەیە؟

ئوسترالیە ڕەسەنەکان پەنجا هەزار ساڵ بەر لە ئێستا چوونەتە ئوسترالیا و تا چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا،هیچ پەیوەندییێکیان لەگەڵ قارەکانی دیکەدا نەماوە.

ئایا ئوسترالیە ڕەسەنەکان پێش پەنجا هەزار ساڵ لە کوردستانەوە چونەتە ئوسترالیا،یان شارستانیەتی دایک ئەوەندە پێشکەوتوو بوە کە لە ڕێگای دەریاوە هاوشێوەی ئێستا جیهانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە و بە ئاسانی مرۆڤ توانیویەتی لە میزۆپۆتامیا بچێت بۆ ئوسترالیا و قارەکانی دیکە؟؟؟

بە سوپاسەوە لە (شوێنەواری کورد) وەرگیراوە.



# کاترینا میکلیورین

ئەو شۆخەی کە بڕیاری داکچێنی خۆی بفرۆشێ لە زیادکردنێکی ئاشکرا لە ڕێگای نێتەوە،

لەساڵی (٢٠١١)دا (١٣) منداڵ لە ناوچەی ( سانت کرینا) لە بەڕازیل بەهۆی نەبوونی و هەژاری و نەخۆشی گیانیان لە دەستدا، جگە لەوە پەتای نە خۆشی و هەژاری لە ناو سەدان خێزاندا بڵاو ببۆوە ،کە مەترسی کارەساتێکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرا، بۆ ماوەی ساڵێک کاترینا هەوڵێکی زۆری دا لە دەرگای هەموو ڕێکخراوە جیهانیە خێر خوازەکانی دا بۆ یارمەتیدانی ئەو ناوچەیە بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ سوود بوون.

بۆیە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٢) کاترینا بڕیاری دا کە کچێنی خۆی بفرۆشێ لە زیادکردنێکی ئاشکرا لە ڕێگای نێتەوە ، بۆئەوەی ئەو پارەیەی کە دەستی دەکەوێ بۆ باشکردنی حاڵی هاوشاریانی بە کاربهێنێ.

دوای دوو هەفتە نزیکەی(٨٩٠) ئادی بۆ هات لەلایەن زۆربەی دەوڵە مەندەکانی جیهانەوە، کەلە ناویاندا ملیۆنێرێکی عەرەب (١٥) ملیۆن دۆلاری دەدا بۆ ئەو کارە،کە ئەمە وای لە کاترینا کرد تووشی شۆک بێ

بە تایبەتی کە بە چاوی خۆی دەبیدی کە حاڵ و گوزەرانی ئەو هەزاران ئاوارەو بێ ڕێگاو بێ جێگایە چۆنە کە لە دوای بەهاری عەرەبی توشی ئەو خەڵکە بووە.

بۆیە بڕیاری دا کە پۆستەکەی لە نێت بسڕێتەوەو نامەیەک بۆ ئەو ملیۆ نێرە عەرەبە بنێرێ کە بریتی بوو لە،

ئەگەر ئێوە بۆ ماوەی یەک سعات لەبری ئەوەی بیر لەکاری سێکسی بکەنەوە بیر لەو هەزاران ئاوارەو بێ دەرەتانانە بکەنەوە کە لەناو خۆتاندا هەیە ئەوە یەک هەژارو بێ وار لە ناوتاندا نەدەما،

کاترینا دوای ئەو ڕوداوە ناوبانگیەکی جیهانی پەیداکرد هەم لەبەر جوانیەکەی هەم لەبەر مرۆڤایەتیە بێ سنورەکەی، کە ئەمە وای کرد کە کە ناڵێکی ڕاگەیاندنی تی ڤی گرێبەستێکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مۆر بکەن لەبری ئەوە ئەم کۆمپانییە بری تێچوی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو شوێنە (سانت کرینا)دابین بکات لە هەموو ڕویەکەوە.

بۆیە پێویستە بڵێین کە شەرەف لە ژێری و ناخ و زەمیرو مرۆڤایەتی و دڵدایە ،نەک لە کۆئەندامی جووت بوون.

وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە لە عەرەبییەوە



## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

**هونەرمەند (ئاری بابان)**

- ساڵی (1953) لە کەرکوك لەدایك بووە.

- ساڵی (1976) کۆلێجی ئاداب بەشی زانستی کتێبخانەکانی تەواو کردووە.

- یەکەمین پێشانگای لە ساڵی (1972) لەگەڵ هونەرمەندان (گارا-ئەیوب شەریف) لەهۆڵی ئیمام قاسم لەکەرکوك کردووەتەوە.


- یانزە پێشانگای تایبەتی خۆی هەبووە.

_ زیاتر لەسەد پێشانگای هاوبەشی کردووەتەوە لەکوردستان و دەرەوەی وڵات کردۆتەوە وەك لەندەن‌و فینلەنداو ئەڵمانیاو هۆڵەندا چەند ولاتێکی تر.

..لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد 2020-12-26-


















# خوایه سلێمانی بپارێزه

## 2021/6/8 1:34:00 PM 80 هاوار شێخ ڕەوف

هەمومان ئەزانین سلێمانی بە هۆکاری کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و کێشەی نێوان هاوسەرۆکەکان ، سەردەمانێکی هەستیار و ناسک و نا ئارام بەڕێ ئەکات .

ڕوودانی کارەسات و کێشەی گەورە و خوانەخواست ڕووبەڕووبونەوەی چەکداریش ، ئەگەرێکە ئەگەرچی دڵخواز و هیوای هیچ کەسێکی بە ویژدان نیە ، بەڵام ئەگەرێکەو لە هەر ساتێکدا شایەنی ڕوودان و تەقینەوەیە .

سلێمانی ڕۆژگار و قۆناغی لەم شێوەیەی جاری تریش بینیوە و بەڕێ کردوە ، بەڵام زۆر جار بەزەیی خوای گەورە و  حیلم و لێبوردەیی جەمسەرەکانی کێشەکە و دڵسۆزی خەڵکەکەی بونەتە بەربەست و ڕێگری ڕوونەدانی خوێن ڕشتن ..

مامۆستا عەلائەدینی سوجادی زانا و ئەدیب و مێژوونوس لە ڕشتەی مرواری (  ڕشتەی مرواری ، یەک تا هەشت ، لاپەڕە  ٦٥٥ تا ٦٥٧ ) ، بە سەرهاتێک ئەگێڕێتەوە کە لەم سەر و بەندە حەزم کرد پوختەکەی بۆ ئێوەی هاوڕێیانی فەیسبوک بگێڕمەوە ..

یەکێک لە پیاوە ئازا و بە جەرگ و هەڵکەوتوەکانی هەمەوەن ناوی خلە پەزە ئەبێت ، جارێک لە ناو کۆڕ و مەجلیسی خزم و خۆیشی خۆی ئەڵێت ، ئەبێت سەری حەمە پاشای جاف ببرم و بەو ڕیشەزلەیەوە هەڵیواسم بە ژێر سکی ئەسپەکەمەوە .

ئەم قسەیە دەما و دەم ئەگاتەوە بە حەمە پاشا ، ئەویش بە یاوەری لەشکرێکی زۆری جاف ، کاتێک هەواری خلە پەزە و دەست ودایرەی لە هۆرێن و شێخان ئەبێت ، شەوێک لەپڕ ئەدات بە سەریاندا و لە پاش شەڕێک خلە پەزە ئەکوژێت و سەری لە لەشی ئەکاتەوە و  باروت ئەکاتە ناو لاشەکەی و ئەیتەقێنێتەوە و سەری هەڵەواسێت بە ژێر سکی ئەسپەکەیدا و ئەگەڕێتەوە بۆ هەواری خۆی ..

ساڵانێکی دواتر کە کوڕی خلەپەزە  ( مەحمود خدر ) لپرسراوی سەرا و پۆلیسی سلێمانی ئەبێت ، تەبلیغ ئەچێت بۆ مەحمود پاشای کوڕی حەمە پاشای جاف کە بچێت موڕاجەعەتی سلێمانی بکات . مەحمود پاشایش لەشکرێکی گەورە ی سێ سەد کەسی کۆ ئەکاتەوە و ڕوە و سلێمانی بە پیر تەبلیغەکەوە ئەکەوێتە ڕێ . لە ڕێگا لە ناو لەشکر  ، هەواڵی ئەوە ئەزانرێت کە شێخ مەحمودی مەلیک ( کە پێی وابوە مەحمود پاشا ڕۆڵی خراپی گێڕاوە لە نەفی کردنەکەی شێخ سەعیدی حەفید ی باوکی و پاشان تیاچونی و کارەساتەکەی موسڵ ) نیازی تۆڵە کردنەوە و کوشتنی مەحمو پاشای هەیە ،  وردە وردە لەشکر لە کەمی و خۆدزینەوە ئەدات و کە ئەگەنە سلێمانی تەنها حەفتا کەسی لە گەڵدا ئەمێنێتەوە .
مەحمود پاشا پاش ئیسراحەتێک لە ماڵی ئەوڕەحمان ئاغا ، بە خۆی و لە ناوەڕاستی چەکدارە دەست لە سەر پەلەپیتکەکانی ڕو ئەکەنە سەرا ، شێخیش بە خۆی لە شکری ڕوە و سەرا ئەیەوێت بێت ، مەحمود خدری کوڕی خلە پەزەش ، دوژمنی سەر سەختی مەحموپاشا ، خوێنی عەشایەری ئەخرۆشێت و ئەڵێت عەشرەت پشت لە عەشرەت ناکات ، لە جیاتی حەز و ویستی تۆڵەکردنەوە  ، پۆلیسەکانی لە سەربانی سەررا دا ئەمەزرێنێت  ، لە شکری مەحمو پاشایش چواردەوری سەرا  ، شێخ مەحمودیش بە خۆی و لەشکری ڕوە وسەرا .

لەوکاتەی مەحموخدر و مەحمو پاشا لە ژورەوەن دوو بە دوو ، مەحمود خدر ئەیەوێت شعور و هەستی مەحمو پاشا بریناركات و لێی ئەپرسێت :

- ئەرێ مەححمودپاشا ، ئەو ساڵەی باوکت کوژرا تۆ ، تۆ تەمەنت چەند ساڵانبوو ؟

پاشایش کە پیاوێکی زۆر ئازا و جوامێر بوە، وەڵامی ئەداتەوە :
کە باوکم کوژرا سی و دوو ساڵان بووم ، بەڵام کە باوکم باوکتی کوشت بیست ساڵم تەمەن بوو .

لە دەرەوەی سەرایش خەڵک و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵان ، ئەکەونە خۆ ولە پێناوی هەڵنەسانی گۆمی خوێن و کارەسات ، ئەچنە سەر ڕێگای شێخ مەحمود و قورعانی لێ هەڵەبڕن ، کە بیکات بە خاتری قورعان و ئەوان ، واز لە تۆڵە  سەندنەوە بێنێت و نەهێڵێت گۆمی خوێن هەڵسێت .

شێخ مەحمودیش ئەیکات بە خاتری قورعان و خەڵکەکە و واز لە بابەتی تۆڵە سەندن ئەهێنێت و ئیتر ئەو ئاگرە هەر لەویا خەفە ئەبێت و ئەکوژێتەوە  ..



یادنامهYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٧ی ئابی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.27,August 2021

## مێژوی بابان

( دوای ئەوەی ئەحمەد پاشای بابان ) لەشەڕی کۆیەدا شکستی هێنا هەر ئەوشەوە پێش ئەوەی ( نجیب پاشا ) والی عوسمانلی بگاتە سلەیمانی خۆی گەیاندە سلەیمانی و خزمو کەسو کاری و نزیکەی (١٠٠٠ ) کەس بون لەکەسو کارو چەکدارانی خۆیان گەیاندە ئێران کاتێ ( نجیب پاشا )

هات بەرەو سلەیمانی عبدوڵا پاشای برای ئەحمەد پاشای کردە ( متصریفی سلەیمانی )

واتە ( سلەیمانی ) لە پایتەختی ئیمارەتی بابانەوە بوە ( لیوا )وە ئەمەش چەند بەڵگەو نوسراوێکە بەمۆرو پولی عبدوڵا پاشای بابانەوەو وەهەندێ ئەڵێن بوە ( قایم قامیەت ) وەحوکمی عبدوڵا پاشا چوارساڵی بەخۆشی بردە سەر لەسلەیمانی ئەم گۆڕانکاریە لام وابێت ١٨٤٧/٧/١٦ زاینی بوە دوایی ئەوە ساڵی ١٨٥١ زاینی ئەویشیان لا برد وەکۆتایی بەدەسەلاتی بابان هێنرا بەداخەوە

فواد محمود بابان
سلەیمانی شێخانی مزگەوتی گەورە
٢٠٢١/٨/١٣





## کێشە ناوحۆییەکان و ئاسایشی نیشتیمانی

یادنامە


هەمومان دەزانین دوای مەرگی سەرکردەکان ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبردن و کورسی دەستەڵات دروست دەبێ ، وەک قۆناغێک بۆ خۆگرتنی دەستەڵات و تێپەڕاندنی قۆناغی کودەتای ناو کۆشک ، هەرچیەک بێت و دنیا بینیمان بۆ ڕوداوەکانی نێوان ئامۆزاکان کێشەی ناو کۆشک هەرچیەک بێت دەبێت پیرۆزییەکان نەشێوێنین و ئەوەی پێی دەوترێ هێڵی سور کە ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەییە نەبڕین و دنیا لەو دەنکە شقارتەوە نەبینین کە پێمان وابێ لە نزیک خەرمانەکەی خۆمان دەتوانین گڕ بەربدەینە خەرمانی بەرامبەرەکەمانەوە ، کە دواجار خەرمانی نەتەوە و نیشتمان و مێژومان گڕتێبەردەدەین ، ئاگادار بین هەڵەکانی مێژو دوبارە نەکەینەو و هێڵی سوری بەرژەوەندی باڵای ئاسایشی نەتەوەی و نیشیمانیمان بپارێزین تا ئەو کەشتیە سەلامەت بێت کە هەمومان لە ناویداین .

مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس( (1991) ... ل٢
چۆن کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت؟ ... ل١٤
ئەفغانستانی ئێستا و عێراقی دوای ئەمریکا ... ل١٧
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٩
چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان ... ل٤
ڕووداو دیجیتاڵ ... ل١٥
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ل١٧
بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران ... ل٢١
ئایا بزوتنەوەی تاڵیبان گۆڕاوە ... ل١٦
کتێبی(Women Warrior) دەنوسرێت و کوردیش تێدا بەشدارە ل١٩

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا
سایتی: (سبەی)

بەشی چوارەم



خولی یەکەمی مفاوەزە (20 - 1991/4/28)

دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس پێک هات بو:
لە یەکێتی: جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، عومەر فەتاح، عومەر عەبدوڵا (ملازم عومەر) و دارای تۆفیق ئاغا وەکو ئەفسەری پەیوەندی.
لە پارتی: نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری.
لە سۆشیالیست: رەسول مامەند.
لە پارتی گەل: محەمەد مەحمود عەبدورەحمان (سامی).
لە کۆڕێ وە بەرێ کەوتن بۆ بەغداد.

ئەم دەستەیە چەند جارێ لەگەڵ عیزەت دوری، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل، تاریق عەزیز.. بە جیا و بە کۆمەڵ کۆبوبونەوە. هەروەها لەگەڵ سەدام حسێن دانیشت بون. بەڵام ئەو کاتە بەرە هیچ پرۆژەیەکی ئامادە نەکرد بو، بۆ دیاری کردنی خواستەکانی گەلی کورد تا قسەی لە سەر بکەن و بچنە وردەکاریەکانیەوە. بە گشتی باسی بابەتی جۆراوجۆریان کرد بو بە تایبەتی:
چارەسەری کێشەی کورد لە سەر بنچینەی بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970.
ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان.
جیاکردنەوەی حیزبی بەعس لە دەسەڵاتی دەوڵەت.
ڕێگەدان بە فرە حیزبایەتی و فرە ڕۆژنامەیی.
هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.

عیزەت دوری لە قسەکانی دا وای دەرخست بو، کە ئەوان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ئەوەندە بە پەلە نەبون وەکو بە دەستەی نوێنەرایەتی پێشویان وت بو. لەو ماوەیەدا بەعس خۆی توند کرد بووەوە. راپەڕینی شیعەی بە تەواوی سەرکوت کرد بو. سەرلەنوێ دەستی گرت بووەوە بە سەر هەمو ناوچە ئاڵۆزاوەکانی عێراق دا. لە روسیاش هەندێ روداوی سیاسی بە قازانجی سەدام گۆڕا بو. عیزەت دوری بە مام جەلالی وت بو کە گفتوگۆکە پێویستی بە چەندین کۆبونەوەی درێژ و، خولی جیا جیا و، گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی هەیە بۆ پرسوڕا لە گەڵ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.
خولی یەکەمی گفتوگۆ هەرایەکی گەورەی لە دنیادا خولقاند. لەو کاتەدا لێشاوی ڕاکردنی بە کۆمەڵی دانیشتوانی کوردستانی عێراق و قەرەباڵغی ئاوارەکان لە سنورەکانی تورکیا و ئێران هێشتا نەنیشت بووەوە. یەکتر بینینی لە ناکاو و کتوپڕی سەدام حسێن و مامجەلال لەو ڕۆژانەدا و، ماچوموچی دۆستانە و، پیشاندانی لە تەلەفزیۆنی بەغدادا، لە دەزگاکانی راگەیاندنی دنیادا زۆر بە خراپی دەنگی دایەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گەڵ پیشاندانی کارەساتی ئاوارەکان دا دیمەنی یەکتر ماچکردنی سەدام حسێن و مامجەلالیان پیشان ئەدایەوە. ئێرانیش لەو ڕووەوە درێخی نەکرد هەمو سەری سەعاتێ دیمەنەکەی دوبارە ئەکردەوە.

یەکتر بینین و تەوقە و یەکتر ماچ کردن لە نێوان نوێنەرانی دو لایەنی دوژمن بە یەک، کە ناکۆکیەکی خوێناوی دورودرێژیان لە بەینا بوبێ، ئەگەر لە لای کورد و عەرەبی عێراق شتێکی ئاسایی بوبێ، ئەوا لە مفاوەزە بە ناوبانگەکانی جیهان دا، لەوانە مفاوەزاتی ڤیەتنامیەکان و فەرەنسیەکان، جەزائیریەکان و فەرەنسیەکان، تازترینیان ئیرلەندیەکان و ئینگلیزەکان و عیراقیەکان و ئەمەریکیەکان لە خەیمەی سەفوان... دیمەنی لەو بابەتە ئاسایی نەبوە. بەهەرحاڵ، لە ناو خەڵکی کوردستانی عێراق دا ئەم ڕوداوە نارەزاییەکی ئەوتۆی نەخولقاند، بەڵکو هەمو لێقەوماوانی کوردستان لە خوا ئەپاڕانەوە، گفتوگۆ سەرکەوتو بێت و، بە سەربەرزی بگەڕێنەوە ناو شار و ماڵی خۆیان و، هەمو ئەوانەی لە ناو خاکی کوردستان دا مابونەوەو چەکیان هەبو، "تەقەی خۆشی" یان کرد.

مامجەلال لە بەغدا کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانی بەست. لە وەڵامی پرسیاری یەکێ لە رۆژنامەوانەکان دا وتی: "گەرەنتی ناودەوڵەتی‌مان ناوێ، سەدام خۆی گەرەنتیە..." دەنگدانەوەی ئەم قسەیە لە ناو خەڵک دا باش نەبو.

سەرەتای خۆڕێکخستنەوە

لەو ماوەیەدا کە مام جەلال و وەفدەکە لە بەغداد بون لەگەڵ کاک کۆسرەت (ئوتێلی توریستی شەقڵاوە) مان کرد بە بارەگا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هەلمان قۆستەوە چەند هەزار پێشمەرگەمان لە شوێنی جیاجیا کۆکردەوە و ڕێکخستەوە. هەر لە نزیک خۆمان 4 هێزی گەورەمان کۆ کردەوە. رەفعەت عەبدوڵا (ڕێباز) و، مەناف نادر قادر (سەفینی مەلا قەرە) و، محەمەد عەباس عەبدوڵا (شاخەوان) و، بەکر مستەفامان دانا بە فەرماندەیان. ئاگاداری بەرپرسی شوێنەکانی تریشم کرد هەمان کار بکەن. ئەوانیش لە ڕانیە، پشدەر، شارباژێڕ، شارەزور، بەمۆ، هەمان کاریان کرد. کاک فەرەیدون تازە ژنی دوەمی هێنا بو، ئەیویست ماوەیەک بۆ خۆی بە سەربەستی بژی، بەڵام لەبەر ناخۆشی و ئاڵۆزی هەلومەرجی کوردستان مابووەوە، ئەم ئاشتیەی بە هەل زانی ، بێ ئەوەی روبەڕو خۆم ببینێ، نامەیەکی بۆ ناردم، لە نامەکەدا خواحافیزی لێ کرد بوم بە بۆنەی وازهێنانی لە سەرکردایەتی ی ن ک و، نوسی بوی کە ئیتر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی ئەبێ.

مادام میتران لە کوردستان
هەر لەم ماوەیەدا مادام دانیال میتران، هاوسەری سەرۆکی فەرەنسی فرنسوا میتران و سەرۆکی ڕێکخراوی "فرانس لیبرتی"، پاش سەردانی ئوردوگای ئاوارەکانی کورد لە ئێران، هات بۆ حاجی ئۆمەران. داوای بینینی سەرکردەکانی ی ن ک و پ د ک ی کرد بو، لەگەڵ کاک مەسعود من بە نوێنەرایەتی ی ن ک چوم بۆ بینینی. بەلایەوە مەبەست بو بزانێ، گفتوگۆ بە ڕەزامەندی هەموان بوە یا مامجەلال بە تەنیا بڕیاری داوە. کاک مەسعود بۆی باس کرد کە مامجەلال لە بەغدا نوێنەری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیە و، بە بڕیاری هەموان گفتوگۆ کراوە. سەردانەکەی مادام میتران کورت بو. ئێرانیەکان بە کۆپتەر هێنابویان بە هەمان کۆپتەر بردیانەوە.
لە گەڵ مادام میتران ژنێکی ئەمەریکی هات بو ویستی چەند ڕۆژێ بمێنێتەوە بۆ گەڕان بە ناو کەلاوەی شار و گوندە روخێنراوەکان دا. لە گەڵ خۆم هێنام بۆ شەقڵاوە و گەشتەکەمان بۆ ڕێک خست و گێرامانەوە بۆ ئێران. ئەم ژنە سۆزان مایسەلەس (Meiselas) بو. دوای ئەم سەردانەی چەند جارێکی تر هات بۆ کوردستان. کتێبێکی وێنەداری نوسی بە ناوی "کوردستان لە سێبەری مێژودا" کە یەکێکە لە باشترینی ئەو کتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی لە سەر مێژوی کورد نوسراون.

خاچی سور بارەگا لە کوردستان دائەنێ
نوێنەری ڕێکخراوی "خاچی سوری ناودەوڵەتی" هاتە شەقڵاوە بۆ پرسورا سەبارەت بە دیاریکردنی جێگەی عەمار و دانانی ڕێوشوێنی دابەشکردنی یارمەتی بە سەر ئاوارەکان دا. لە ڕێگەی عێراق و بە موافەقەتی حکومەتی عێراق هات بو. خاچی سور بارەگای لە کوردستان دانا و کەوتە چالاکی.
28 ی نیسان: گەڕانەوەی مام جەلال
مام جەلال ئاگاداری کردین کە لە ڕێگەی مەسیفەوە ئەگەڕێنەوە. بۆ ڕۆژی پێشوازی ئێمە بە هەڵە لە بروسکەیەکی ئەوان تێ گەیشت بوین، وامانزانی نوێنەری حکومەتیان لە گەڵ دێ، لە بەر ئەوە وەکو نیشانەی خۆڕێکخستنەوە و پیشاندانی هێز، بە درێژایی ڕێگای کۆڕێ - شەقڵاوە لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە پێشمەرگەمان ڕیز کرد. کاک کۆسرەت کردی بە نوکتە، وتی: "با هەندێ لەو هێزە کەم بکەینەوە، ئەگەر مامجەلال ئەم هێزە زۆرە ببینێ لە گفتوگۆ پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێ هێرش ببەن بۆ بەغدا!"
دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی مام جەلال لە بەغدا گەڕایەوە.

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ب ک
بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی خولی یەکەمی گفتوگۆ و، دانانی ڕێوشوێنی خولی دوەم لە شەقڵاوە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەستی پێ کرایەوە. لەم کۆبونەوانەدا نوینەری حیزبی شیوعی عیراق بەشدار بون. بەعس نەیئەویست حیزبی شیوعی بەشداری گفتوگۆی بەرە - بەعس ببێ. پێیان وا بو حیزبی شیوعی حیزبێکی کوردستانی نیە بەڵکو حیزبێکی عیراقیە و، کێشەی ئەو لە گەڵ کێشەی گشتی عیراق دا باس بکرێ نەک لە ناو کێشەی کوردا. لەم کۆبونەوانەدا: سەرۆک و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ خولی دوەمی گفتوگۆ دیاری کرا، هەروەها کۆمیتەیەک پێک هێنرا بۆ نوسینی خواستەکانی کورد. ئەم کۆمیتەیە 3 پرۆژەیان ئامادە کرد دەربارەی قانونی حوکمی زاتی و، ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانی لە عیراق دا.

سەرکردایەتی بەرە هەمو قورسایی خۆی خست بوە سەر مفاوەزە لە گەڵ بەعس، گرنگی بە جوڵانی دیپلۆماسی نەدا بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەش لە جێبەجێ کردنی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش دا. پرۆسەکە بە جیا لە بەرەی کوردستانی ئەڕۆیشت. کەس هیوای بە ئەمەریکا و باوەڕی بە قسەی کاربەدەستەکانیان نەمابو، بە تایبەتی کە سەرۆک بوش (باوک) لە یەکێ لە وتارەکانی دا وتی: "ئامادە نیم یەک سەربازی ئەمەریکی بنێرم بۆ زەلکاوی عێراق" و لە وتارێکی تریش وت بوی: "ئەرکی ئەمەریکا رزگارکردنی کوێت بوە نەک روخاندنی سەدام..."

سەردانی دیمۆکرات
لە گەڵ مامجەلال و عومەری حاجی عەبدوڵا چوین بۆ سەردانی د.سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکرات لە بناری قەندیل. شەو لە لایان ماینەوە. جگە لە هۆی سیاسی و وەرگرتنی ڕەئی دیمۆکرات، ترسمان هەبو مام جەلال دەرمانخوارد کرا بێ. ئەمانویست دڵنیا بین لەوەی مام جەلال بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە چونکە دوای گەڕانەوەی لە بەغداد نەخۆش کەوت. هەندێ پزیشکی فەرەنسی، کە سەر بە ڕێکخراوی "پزیشکانی بێ سنور" بون لای دیمۆکرات نەخۆشخانەیەکیان هەبو. لە گەڵ د.شەرەفکەندی بە تێروتەسەلی باسی گفتوگۆ کرا. د.شەرەفکەندی ڕەئی وابو:
- مادام مامجەلال گفتوگۆی دەست پێ کردوە، ئەگەر سەر بگرێ یان سەر نەگرێ، هەر خۆی سەرکردایەتی بکا تا بە ئەنجام ئەگا و، بە هیچ جۆرێ نەیداتە دەست کەسی تر.
- پێی باش نەبو من تێکەڵاوی گفتوگۆ ببم، لای وابو دوای چونی مامجەلال بۆ بەغداد من بۆ پەیوەندی سیاسی بهێڵرێمەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەخنانەی ناحەزەکانی گفتوگۆ لە مامجەلالی ئەگرن، بیانویان نەبێ لە منی بگرن. کردی بە نوکتە بە مامجەلالی وت: "خۆ ئەگەر بەعسیەکان ژەهریان دابێ بە تۆ، باشتر وایە ئەم نەنێرن بۆ ئەوەی ژەهریش نەدەن بەم".
شەرەفکەندی بیروڕاکانی خۆی وەکو سیاسیەکی شارەزا و دڵسۆزی کورد دەرئەبڕی.

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ی ن ک
چەند ڕۆژێ بە کۆمەڵ لە ڕانیە و دەشتی بیتوێن ماینەوە، لەو ماوەیەدا کۆبونەوەیەکمان کرد بە فەرماندەی پێشمەرگەکان بۆ ڕێکخستنەوەیان لە یەکەی تازەدا. هەروەها سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی کرد بۆ هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی. من وەکو پێشو نە بەشداری هەڵبژاردنەکە بوم، نە قبوڵم کرد هەڵم بژێرن.

ئازادکردنی ئەفسەرەکان
لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕینەوە زیاتر لە 150 ئەفسەری عێراقی لە ڕانیە گیرا بون، لە وانە دوانیان بە ڕوتبەی لیواء روکن، چەند کەسێکیان بە ڕوتبەی عەمید و ئەوانی تر لە روتبەی عەقیدەوە تیابو تا مولازم. من گلم دابونەوە. لە پێش دا بەسەر ماڵان دا لە ڕانیە دابەشمان کردبون. لە کاتی ڕاکردنی بە کۆمەڵی خەڵک دا گوێزابومانەوە بۆ زەڵێ. مام جەلال، لەم سەردانەی دا بۆ ڕانیە، نیوەی ئەمانەی ئازاد کرد و، نیوەکەی تریشی دانا کە کاک مەسعود لە کاتی چونی دا بۆ بەغدا بەریان بدا. ئازاد کردنی ئەمانە بێ ئەوەی حکومەت هێشتا گیراوەکانی کوردی ئازاد کردبێ، ڕەخنە و بۆڵەی زۆری لە ناو برادەرەکان دا دروست کرد.

# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

## بەشی چوارەم

ئامادەکردنی صدیق صاڵح

٤٤ .سەرنجی کۆتایی

بیستم ڕەخنە لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی بیرخەوەوەکەم گیراوە، ئەوەی تێدایە کە من چیم گوتووە، پێڕەویی پلانێکی لایەنگری کوردانم کردووە. بەڵام من لەم مەسەلەیەدا دەمەوێ خۆم لە ڕاستیدا چۆنم، وا بناسرێم. پێیشم وایە هەمموو یەکێک مل بەوە دەدا کە پێشنیازەکانم زۆر ناوەندگرن و هەر شتێکی کەمیان سەبارەت بە ڕێکخستنی بارودۆخی ئێستە تێدایە، بۆیە چاوەڕوانیی تەنانەت ناوەندگرەکانی کوردیش بەدی‌ناهێنن. بەڵام لە کاتێکدا ئەم بیرخەرەوەیە دراوەتە ئەو مەقامانە کە یا بە ڕاستی نازانن کێشەی کورد چییە، یان لە بەجێ‌هێنانی سیاسەتێکی ئازاد دەرهەق بە کورد دەپرینگێنەوە؛ باسەکە -دیارە- دەستی‌بردووە بۆ هۆیە ڕوونکراوەکانی هەر دەردێک. پرینگانەوەکانیان پشتیان نەبەستووە بە بنچینەیەکی ڕاست، یا مەترسییەک. بەڵام ئەگەر بیرخەوەرەکەم ئاڕاستەی توندڕەوانی کورد یا نائیبە ئیمزاکردووەکانی مەزبەتەی دوایی بکرایە، ئەو دەمە دەهاتە سەر باسی -بەبێ‌گومان- ڕوونکردنەوەی ئەوە کە داواکەیان نابەجێیە و داواکانیان لە ڕاسپاردەکانی من زیاترن.

سەرچاوە: ناوەندی نیشتمانیی بەڵگەنامە (المركز الوطني للوثائق)، بەغدا، زنجیرەی گشتی ١١٣٢-وع، ژمارەی فایل د/٧، بابەتی فایل: کێشەکانی کورد، ١٩٢٩-١٩٢٩.

وێنەی وەرگێڕدراوی عەرەبیی ئەم سێ بەڵگەنامەیە، بە سپاسەوە، لە بەڕێز دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی وەرگیراوە. ئەویش پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس وێنەی بەڵگەنامەکانی لەو ناوەندە، کە ئێستە ناوەکەی گۆڕاوە بە خانەی نیشتیمانیی کتێب و بەڵگەنامە (دار الكتب والوثائق الوطنية)، وەرگرتووە. بەڵگەنامەی یەکەم، پێنج و دووەم، شەش و سێیەم، هەشت لاپەڕەیە و ساڵی ١٩٢٩ بەرودوا لە ١٤ی مایس، ٢٦ی مایس و ١٦ی حوزەیراندا نووسراون. وەرگێڕانە عەرەبییەکە کە نازانرێ کێ کردوویە، وێنەیەکی ناڕوونی لێ‌گیراوەتەوە و لێرەولەوێ لە وێنەگرتنەوەدا کاڵ دەرچووە، یا نارۆشنە و مەبەست بە تەواوی بەدەستەوەنادا. سەرباری ئەوە، لەبەر بایەخی مێژوویی، پێویستمان بینی بیکەینە کوردی.

ئەو دەمە ئەدمۆندز (١٨٨٩-١٩٧٩) بە وەزیفە کونسڵی بریتانیا بووە لە عیراق، بە حوکمی ساڵانێک کارکردنی لە بواری مەسەلەی کورددا، ئاگادار و شارەزای کێشەکە بووە و ئەم سێ بیرخەرەوەیە بەشێکی ئەو چەندەها ڕاپۆرتانەیە کە بە درێژیی ماوەی خزمەتەکەی لە عیراق نووسیویە و لای لە کێشەیەکی گرنگی ئەو دەمە کردووەتەوە، کە ئەویش زمانی کوردی و پێ‌خوێندنی کوردی لە قوتابخانان و سنووری ناوچە کوردنشینەکانە. پێ‌بەپێ چەند پێشنیازێکی بەجێی بۆ دڵدانەوە و قایلکردنی کورد خستووەتە بەرچاو.



. بەڵگەنامەکە بۆ خۆی، لە لایەکی‌ترەوە پەردە لە ڕووی هەڵوێستی ژێربەژێر و ئاشکرانەکراوی کاربەدەستێکی دیاری ئینگلیز لە عیراق دەرهەق بە کورد لادەدا، کە لە مێژووی سیاسیی کورد و ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیش‌دا، بە کەسێکی -تا ڕادەیەک- ناحەز و دوژمن بە کورد و مافەکانی ناسراوە. لە کاتێکدا ئەو -لە ڕوویەکەوە- لێی ناگیرێ، چونکە کورد نەبووە و کاربەدەستی حکوومەتی وڵاتەکەی خۆی بووە و خزمەتی بەرژەوەندەکانیی کردووە .

**

کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی

مێژووەکەی محەمەدئەمین زەکی‌بەگ

## وێنەی ذمارة 1

وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه بتاریخ: ٤/٦ ماه ١٣١٦

اداره دفتر وزارتی نمره: ٥١٠٤

کابینەء ریاست وزراء

وزارت مالیه

هیئت وزراء در جلسهء ٣١ خردادماه ١٣١٦ نظر به پیشنهاد شماره ١٦/٣/٣٦-٣٦٢٥/٥٧١ وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه تصویب نمودند که مبلغ پنجاه هزار ریال از اعتبار دولت برای تألیف و انتشار سه جلد کتاب تاریخ و نژاد و ملیت کردها که بتوسط آقایان مردوخ کردستانی و رشید یاسمی و پروفسور مینورسکی (حق پروفسور مینورسکی در حدود دویست لیره باسعار خارجی خواهد بود) انجام میشود دوساله نصف آن در امسال ١٣١٦ و نصف دیگر در سال ١٣١٧ پرداخت گردد هر مبلغ که لازم است به لیره پرداخت شود باید در حدود هزینه ارزی وزارت معارف باشد.

تصویبنامه در دفتر ریاست وزراست.

رئیس الوزراء

رونوشت ابلاغ تصویبنامه فوق برای اطلاع وزارت معارف و اوقاف ارسال میشود.

رئیس دفتر ریاست وزراء

رونوشت برای اطلاع و اقدام باداره انطباعات ارسال میشود.

١٦/٤/٨\١٣٤٦١ کفیل دفتر وزارتی

تاریخ ١٦/٤/١٠ ٤٢٨٦

کوردییەکەی:

وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان

ئیدارەخانە: نووسینگەی وەزارەتی

ڕۆژ: ١٣١٦/٤/٦ [١٩٣٧/٦/٢٧]

ژمارە: ٥١٠٤

کابینەی سەرۆکایەتیی وەزیران

وەزارەتی دارایی

ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ٣١ی خوردادی ١٣١٦ی‌دا، بەپێی پێشنیازی ژمارە ٣٦٢٥/٥٧١-١٦/٣/٢٦ [١٩٣٧/٦/١٦]ی وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان، دەوڵەت بڕیاری دا بڕی پەنجاهەزار ڕیاڵ بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی سێ بەرگی کتێبی مێژوو و نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان، کە بەڕێزان مەردۆخ کوردستانی و ڕەشید یاسەمی و پرۆفیسۆر مینۆرسکی (مافی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە ڕادەی دووسەد لیرەدا بە نرخی دەرەکی دەبێ) ئەنجامی‌دەدەن، تەرخان‌بکا بە دوو ساڵ، نیوەی لەم‌ساڵدا ١٣١٦ [١٩٣٧] و نیوەکەی‌تری ساڵی ١٣١٧ [١٩٣٨] دابین‌بکرێ. هەر بڕەپارەیەک پێویست‌بێ بە لیرە دابین‌بێ، دەبی لە سنووری خەرجیی بە پارەی بیانیی وەزارەتی مەعاریفدا بێ.

بڕیارنامە لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی وەزیراندایە.

سەرۆک‌وەزیران

ڕوونووسی ڕاگەیاندنی بڕیارنامەی سەرەوە، بۆ ئاگاداریی وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف دەنێردرێ.

سەرۆکی نووسینگەی سەرۆکایەتیی وەزیران

ڕوونووس بۆ ئاگاداریی ئیدارەخانەی چاپەمەنی دەنێردرێ

١٦/٤/٨\١٤٤٦١[١٩٣٧/٦/٢٩]

١٦/٤/١٠[١٩٣٧/٦/٢٧] ٤٢٨٦

سەرپەرشتی نووسینگەی وەزارەتی

وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه بتاریخ: ٤/٢٦ ماه سنه ١٣١٦

ضمیمه: ٢ ورق

اداره کل انطباعات نمره: ٤٦٢٥/٥٧١

هیئت وزراء

محرمانه

بطوریکه استحضار دارند اخیرا راجع به نژاد و ملیت کردها که ایرانی خالص هستند بلکه از ساکنین سائر قطعات ایران ایرانی‌تر هستند، پارەی گفتوگوهای بیجا پیش‌آمده‌است، وزارت معارف از دو سه سال باینطرف متوجه این قسمت بوده.

همانطور که وده و بنوبه خود برای استحکام روح ملیت ایرانی در کردها بوسیله تأسیسات جدید معارفی اقداماتی کرده و توسعه قابل توجهی در تشکیلات معارفی آن سامان داده‌است که گزارش آن بضمیمه تقدیم میشود.

همانطور که قبلا در هیئت وزراء مذاکره شده مناسب است برای جلوگیری از اغتشاش اذهان اقدامات دیگری نیز بعمل آید و کتب و رسالاتی بامدارک و اسناد راجع به تاریخ کردها و اثبات ایرانیت آنها و اینکه از عناصر ایرانی قدیم و جزء لاینفک این کشور هستند منتشر گردد- وزارت معارف با بررسی‌های لازم آقایان مردوخ- آیة الله کردستانی مقیم سنندج که مرد فاضل و دانشمندی است، رشید یاسمی استاد تاریخ در دانشگاه و پروفسور مینورسکی مستشرق معروف و استاد آموزشگاه السنه شرقیه در لندن را برای انجام اینمنظور در نظر گرفته، برای تامین هزینه اینکار پیشنهاد میشود که مبلغ پنجاه هزار ریال (٥٠٠٠٠) از اعتبار دولت برای تالیف و انتشار سه جلد کتاب راجع به نژاد و ملیت کردها تخصیص داده شود که سهم پروفسور مینورسکی در حدود دویست لیره خواهد بود که هرچه زودتر شروع بتالیف کتابهای لازم بنماید.

وزیر معارف و اوقاف

)در پرونده ٤٥\٩ قرارداد در موضوع تالیف کتاب تاریخ کردها بآقایان رشید یاسمی محمد مردوخ- مینورسکی منعقد شده‌است

کوردییەکەی:

وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان

ئیدارەخانەی گشتیی چاپەمەنی

ڕۆژ: ١٣١٦/٤/٢٦ [١٩٣٧/٧/١٧]

ژمارە: ٤٦٢٥/٥٧١

بەگەڵخراو: دوو پەڕە


ئەنجومەنی وەزیران

بە جۆرێک کە ئاگادارن، ئەم دواییانە هێندێ قسەی بێ‌جێ سەبارەت بە نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان هاتووەتە ئاراوە، وەزارەتی پەروەردە دووسێ ساڵە لەم ڕووەوە ئاگای لەم لایەنە بووە و بە نۆرەی خۆی بۆ پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتیی ئێرانی لە کورداندا، لە ڕێگەی دامەزراوەی تازەی پەروەردەییەوە دەستپێشخەریی نوواندووە و فراوانکردنێکی شایانی سەرنجی لە داوودەزگای پەروەردەیی‌دا بەدی‌هێناوە، کە باسی ئەوە بە بەگەڵخراو پێشکەش‌کراوە.

به هەمان شێوە کە پێشتر لە ئەنجومەنی وەزیران وتووێژی لەبارەوە کراوە، گونجاوە هەنگاویتر بۆ بەرگرتن لە تێکدانی زەین و بیر بخرێتە کار و کتێب و نامیلکە بە بەڵگەنامە و دەستاوێژەوە سەبارەت بە مێژووی کوردان و سەلماندنی ئێرانیبوونیان و ئەوە کە لە خەڵکانی دێرینە و بەشێکی نەپچڕاوەی ئەم وڵاتەن، بڵاوبێتەوە؛ وەزارەتی پەروەردە بە لێکۆڵینەوە پێویستەکانی بەڕێزان مەردۆخ- ئایەتوڵا کوردستانیی دانیشتووی سنە کە مرۆڤێکی هێژا و زانایە، ڕەشید یاسەمیی ئوستادی مێژوو لە زانکۆ و پرۆفیسۆر مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو و ئوستادی ئامۆژگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن، ئەنجامدانی ئەم تێڕوانینەی ڕەچاوکردووە. بۆ مسۆگەرکردنی خەرجیی ئەم کارە، پێشنیازدەکرێ بڕی پەنجاهەزار ڕیاڵ (٥٠٠٠٠) لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی سێ بەرگی کتێب سەبارەت بە مێژوو و نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان تەرخانبکرێ (پشکی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە سنووری دووسەد لیرەدا دەبێ)، کە هەرچی زووتره دەست بە دانانی ئەو کتێبە پێویستانە بکەن.

وەزیری پەروەردە و ئەوقاف

لە دۆسیێ ٤٥\٩دا بڕیار لە بابەتی دانانی کتێبی مێژووی کوردان لە لایەن بەڕێزان ڕەشید یاسەمی- محەممەد مەردۆخ- مینۆرسکییەوە دراوە



اداره نگارش

وزارت فرهنگ

ریاست دفتر مخصوص شاهنشاهی

سال گذشته در هیئت وزیران مذاکره شد چون راجع به نژاد و ملیت کردها که ایرانی خالص هستند پاره‌ای گفتوگوهای ناشایسته پیش آمده مناسب است برای جلوگیری از اغتشاش اذهان علاوه به آنکه برای استحکام روح ملیت ایرانی در کردها بوسیله تأسیسات جدید فرهنگی اقدام شده اقدامات دیگری نیز بعمل آید از جمله کتاب و رساله‌هائی بامدارک و اسناد راجع باین موضوع و اینکه کردها از عناصر خالص ایرانی قدیم و جزء لاینفک این کشور هستند تالیف و نشر گردد و بر طبق تصویب هیئت وزیران آقایان رشید یاسمی استاد دانشگاه تهران- مردوخ کردستانی- استاد مینورسکی خاورشناس معروف و استاد آموزشگاه زبانهای شرقی در لندن مامور شدند که کتابهای لازم را تالیف نمایند اینک آقایان رشید یاسمی و مردوخ کار خودرا بپایان رسانیده و کتابهائی را که لازم بوده‌است تالیف و تسلیم وزارت فرهنگ نموده‌اند چون البته مقصود از تالیف کتابها این بوده است که چاپ و منتشر شود. متمنی است مراتب را بعرض پیشگاه مبارک اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسانده اوامر مبارک را راجع بچاپ کتابهای مزبور باین وزارت ابلاغ فرمایند.

در پایان معروض میدارد استاد مینورسکی نیز مشغول است هنوز کار خودرا بپایان نرسانده‌است. کفیل وزارت فرهنگ

فعلا نگاهدارید

[١٧/١٢/١ ١٩٣٩/٢/٢٠]

آقای امیر خمازی حسب الامر فعلا نگاهدارید بعداز دو هفته یادآوری کنید که مجددا برسد ١٧/١٢/١

کوردییەکەی:

ئیدارەخانەی نووسین

وەزارەتی ڕۆشنبیری

سەرۆکایەتیی نووسینگەی تایبەتی شاهانە

ساڵی ڕابوردوو وتووێژ لە ئەنجومەنی وەزیران کرا، لەبەرئەوەی هێندێ قسەی ناشایستە هاتە ئاراوە سەبارەت بە نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان کە ئێرانیی ڕەسەنن، گونجاوە بۆ بەرگرتن لە تێکدانی بیر و زەین، سەرباری ئەوەی کە دەستپێشخەریکرا بۆ پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتیی ئێرانی لە کورداندا لە ڕێگەی دامەزراوەی تازەی ڕۆشنبیرییەوە، هەنگاویتریش پێبەپێ بنرێ، لەوانە: چەند کتێب و نامیلکەیەک بە بەڵگەنامە و دەستاوێژەوە لە بارەی ئەم بابەتەوە و ئەوە کە کوردان لە توخمە ڕەسەنەکانی ئێرانی کۆن و بەشێکی نەپچڕاوەی ئەم وڵاتەن، دابنرێ و بڵاوبێتەوە و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێزان ڕەشید یاسەمیی ئوستادی زانکۆی تاران- مەردۆخ کوردستانی- ئوستاد مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو و ئوستادی ئامۆژگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن، ڕاسپێردران کتێبی پێویست دابنێن. ئەوەتا بەڕێزان ڕەشید یاسەمی و مەردۆخ کاری خۆیان بە تەواوبوون گەیاندووە و ئەو کتێبانە کە پێویستبوون، دایانناوە و ڕادەستی وەزارەتی ڕۆشنبیرییان کردووە. لەبەرئەوەی مەبەست لە دانانی کتێبەکان ئەوەبوو چاپ و بڵاو ببنەوە، ئاوات دەخوازرێ مەسەلەکە بگەیێنرێتە پێشگای پایەبەرزی پیرۆزی شاهانە، فەرمانی پیرۆز سەبارەت بە چاپی کتێبە ناوبراوەکان بەم وەزارەتە بفەرموون.

لە کۆتاییدا دەخرێتە بەرچاو کە ئوستاد مینۆرسکیش خەریکە، بەڵام هێشتا کاری خۆی تەواونەکردووە.

سەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێز ئەمیر خەمازی بەپێی فەرمانەکە ڕاست وریابن، پاش دوو هەفتە بیهێنییەوە بیر کە سەرلەنوێ بگا ١٢١٧/١٢/١

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی شاهنشاهیی ئێران -بە ڕاستی و وردی- بۆ قسەکردن بووە سەبارەت بە کتێبی "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"ی دانراوی بەهەشتی محەمەدئەمین زەکیبەگ، کە بەرگی یەکەمی لە ١٩٣١دا بڵاوبووەتەوە (خودابەخشیو محەمەدعەلی عەونی ساڵی ١٩٣٩ وەرگێڕدراوی عەرەبیی بەرگی یەکەمی -خلاصة تاريخ الكرد وكردستان- و ١٩٤٨یش هیی بەرگی دووەمی -تاريخ الدول والإمارات الكردية-ی، کە ١٩٣٩ چاپە کوردییەکەی دەرچووە، بڵاوکردووەتەوە). ئەم کتێبە، مێژووی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی وەک یەک نەتەوە و کوردستانیشی وەک یەک نیشتیمان تێدا نووسراوە و لەو سەرەتایەی دامەزرانی دەوڵەتی نوێی عیراقدا، بەڵگەیەکی هەرە گرنگی شانازیپێوەکردنی کورد خۆی و ئامرازێکی بەهێزی بێدەنگکردنی نەیارانی کوردیش بووە، کە بە فڕوفیشاڵ وایان نواندووە کورد مێژووی نییە و بێئەسڵوفەسڵە! ئەم کتێبە، لەو ڕووەوە کە کاربەدەستێکی ناوبەدەرەوە و گەورەی کوردی عیراقیش نووسیویە، وەک دەردەکەوێ، یەکجار کاریگەر بووە و وڵاتانی دراوسێی عیراقی وروژاندووە؛ ئەوەتا ئێران -بەپێی ئەو بەڵگەنامانە- کەوتووەتەخۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تێزە نوێیەی مێژووی سەربەخۆی کورد و بەستنەوەی بە مێژووی دێرینی ئێرانەوە، بۆ سەلماندنی ئاریبوون و ئێرانیبوونی کورد. ڕاست وەها دەرچوو:

ئایەتوڵا محەمەد مەردۆخی سنەیی (١٨٨٠-١٩٧٥) کتێبە ڕاسپێردراوەکەیی بە ناوی "تاريخ كرد و كردستان و توابع" دانا، کە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣ز) بە دوو بەرگ لە چاپخانەی ئەرتەش لەچاپدرا و بڵاوبووەوە (ئەم کتێبە پاشتر محەمەد فیدا کردوویە بە کوردی و "یانەی سەرکەوتنی کوردان" ١٩٥٨ بە دوو بەرگ لە چاپخانەی نەجاحی بەغدا لەچاپیدا و بڵاویکردەوە .)

ئوستاد غوڵامڕەزا ڕەشید یاسەمی (١٨٩٦-١٩٥١) -وەک لەم بەڵگەنامەیەیشدا دەردەکەوێ- هەمان ساڵ (١٩٣٩) لە دانانی کتێبی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" بووەتەوە و پاشتر بڵاوکراوەتەوە (ئەم کتێبەیش قانع و کەریم زەند پێکەوە بە دەستکارییەوە بە ناوی "مێژووی نەژاد و پەیوەستگی کورد"ەوە کردوویانە بە کوردی، ١٩٦٥ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی لەچاپدراوە). ڕەشید یاسەمی، وەک خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا نووسیویە: ئەو کتێبەی بە داوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێران داناوە، "تا یەکێتیی میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی ئێران، هەروەها یەکێتیی مێژوویان و هاوکاریی کورد لە ژیانی ئێراندا نیشانبدرێ." بەوپێیە کوردی بە "خزمەتکار و پارێزەری تاجی ئێران" ژماردووە. خودابەخشیو قەناتی کوردۆ هەر زوو لە مەرامی پشت نووسینی ئەو کتێبە حاڵیبووە و ساڵی ١٩٥٤ لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی "شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازیی فارسدا"وە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتن و خستنەڕووی ئامانجە ڕاستەقینەکانی نووسینی ئەو کتێبەی لە کتێبی "نامەی زانایانی زانکۆی لێنینگراد"دا بڵاوکردووەتەوە .

ساغنەبووەوە مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٧٧) چ کتێبێکی بۆ ئەم مەبەستە و بە داواکاریی حکوومەتی ئێران داناوە. کتێبی "الأكراد: ملاحظات وانطباعات"ی، کە کراوەتە عەرەبی، ساڵی ١٩١٥ بڵاوبووەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بەم ڕۆژگارەی دواییەوە نییە. چاوگێڕانێکی خێرا بە لیستی بەرهەمەکانیدا، دەریدەخا کتێبێکی لەو شێوەیەی دانەناوە. ئەوەندە زانراوە، کە دواجار لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە "هۆزەکانی ڕۆژاوای ئێران" (١٩٤٥) لوڕی بە بەشێکی کورد نەژماردووە و لە بابەتی "گۆران"یدا (١٩٤٣) گومانی هەبووە لەوەی وا شێوەزمانی گۆرانی کوردی بێ و بردوویەتیەوە سەر بەشی ناوەندیتری ئێران. ئەم دوو نووسینە لە دوو کاتی جیاوازدا بڵاوبووەتەوە و هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوەنییە بیسەلمێنێ لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژە ناوبراوەی دەوڵەتی شاهنشاهیی ئێراندا نووسراوە!

نامە بۆ ماجید مستەفا

## وێنەی ذمارة 2

وەرگێڕانە کوردییەکەی:

ئازیزم ماجیدبەگ

لە بۆچوونم دەپرسن سەبارەت بە چۆنایەتیی چاککردنی بەڕێوەبردن لە باکوور و پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب، بە هۆی خراپیی باری ئابووری و ڕۆشنبیری و کارگێڕییەوە، کە لە ڕاستیدا ئەنجامی ئەوەیە حکوومەتانی بەرودوا ئەم بوارانەیان لە باکوور پشتگوێخستووە. وێڕای ئەوەی کە فەرمانگەکانی دەوڵەت پڕن لە دەرچووانی قوتابخانە بەرزکانی خۆجێیی یا ئەوانە کە بە نێردراونەتە دەرەوەی عیراق، پێم وایە لە بەختی ڕەشی گەلی کورد، بەدووی پیاوانی سپادا دەگەڕێن، تا وەک چارەسەرێکی کاتی جڵەوی بەڕێوەبردنیان پێبسپێرن، پاش ئەوەی نەتانتوانی یەکێکی خاوەندی ئەم خەسڵەتە لەناو ئەم توێژە گەورەیەدا بدۆزنەوە، لە کاتێکدا -کەموزۆر- هەموو پیاوانی سەردەمی پێشووی خۆی لەدەست دا، چونکە یەکلەدوایەک دەستیان لە خزمەتی حکوومەت هەڵگرت و ئەویش پێی نەکرا بە سۆنگەی ئەو سیاسەتە چەوتەوە، قەرەبووی ئەم کەموکووڕییەی پیاوان بکاتەوە .

من لای خۆمەوە، کە نوێنەری ئەنجومەن[ی نوێنەران] بووم، یا لە پێوەندییە شەخسییەکانی خۆمدا بە هێندێ کاربەدەستەوە، هەر کاتێک هەلم بۆ ڕەخسابێ، دڵسۆزانە ئەوپەڕی هەوڵمداوە قەناعەتیان پێبکەم کە ئەم ڕەفتارە گەمژانەیە. بەڵام -بە داخەوە- لەبریی ئەوەی گوێم لێبگیرێ و ئامۆژگارییەکەم لێ قبووڵبکەن، تاوانی پووچی بێبناغەم درایەپاڵ. وا دیارە حکوومەتی ئێستە پەییپێبردووە کە ئەو حاڵوبارە نەخوازراوانە تا چ ڕادەیەک ئەنجامی خراپیان دەبێ و دەیەوێ ڕێگەیەکی تازە بگرێتەبەر بە ئامانجی ڕازیکردن و بەختەوەریی ڕۆڵەکانی باکوور. بەڵام ئەگەر بیەوێ بنکەکانی ئەم چاکسازییە بە پینەوپەڕۆکردن،



واتە لە چوارچێوەی سیستەم و قانوونەکانی ئێستەدا، بنیاتبنێ، هیچم نییە بیڵێم، چونکە باوەڕم بە سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە نییە، هەرچەندە باوەڕم بە نیازپاکیی پیاوانی ئێستەی حکوومەت هەیە. بەڵام ئەوانە لە حوکمدا ... نین، ڕێی تێدەچێ سیاسەتی نەرمینوواندن لەگەڵ کورد بەسەریاندا زاڵببووبێ، مادامێکی بیر و زەینی باو هەر بیر و زەینی ئێستەی ئەو پیاوانەیە کە تا دوێنێی نزیک جڵەوی مەعاریفیان بەدەستەوەبوو. بەڵام ئەگەر حکوومەت بە ڕاستی دەرکی پێکردووە ناچارە پێڕەویی ئەم سیاسەتە نوێیە بکا و ئامانجیەتی گەلی کورد قایلبکا و بە دڵپاکی، نەک ڕکەبەرایەتی، پێوەندییەکانی خۆشەویستی و برایەتی لەگەڵ گەلی عەرەب بەهێزبکا، پێویستە -تا بکرێ- پایەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر بنچینەی دیاریکردنی پێوەندییەکانی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و ئابووری و ئاوەدانیی نێوان هەردوو ناوچەکە بنیاتبنێ، بەبێ ئەوەی زیان بە یەکبوون یا دابڕان لە تەختی پاشایەتی بگەیێنێ. بەڵام ئازادیی ئەم کاروبارانەی بۆ ڕۆڵەکانی بەجێهێشت. دەبێ ئاواتەخوازی بۆ عەرەبایەتی پاڵەوانێتی بێ، لە هەمان کاتدا شانازیکردن بە نەتەوەی کورد و خۆپێوەنوواندنی، تاوانێکی نەبەخشراو بێ، سزاکەی وەدەرنان لە قوتابخانە یا دوورخستنەوە و دادگاکان بێ. پایەکانی ئاشنایەتی و یەکبوون بەم چەشنە جیاوازییانە لەسەر بنچینەیەکی پتەو دانامەزرێ. ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیرانتان ویست بکەوێتە سەر باری قبووڵکردنی چاکسازیی ڕاستەقینە، کە ئێمە ئارەزوومانە و بەپێی دیاریکردنی پێوەندییەکان بنیاتنراوە، دەکرێ پاشتر وردەکارییەکانی بە ڕاوێژپێکردنی کەسانی خاوەند بیروڕا دیاریبکرێن.

تکامە دڵنیابن کە من بەرژەوەندی عیراق دەخەمە سەرووی هەموو بنەمایەکی ڕەچاوکراویتر. مێژوو چەوتیی بۆچوونی ئەوانە دەسەلمێنێ کە بەرژەوەندی عەرەب لە بەکۆیلەکردنماندا دەبینن .

هیوامە هەمیشە و بەردەوام هاوڕێی دڵسۆزتان بم.



ئەم نامەیە بە ئامێری چاپی دەستی نووسراوە بۆ ماجید مستەفا، کاتێک لە وەزارەتی هەشتەمی نووری سەعید (١٩٤٣/١٢/٢٥-١٩٤٤/٦/٣)دا کراوە بە وەزیری بێوەزارەت بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لە سەردەمێکدا کە جووڵانەوەی بارزان لەئارادابووە. ئەو دەمە کەوتووەتە پێوەندی بە ڕۆشنبیران و سەرانی کوردەوە و پرس و ڕاوێژی پێکردوون، چی لەوبارەیەوە بکرێ؛ یەکێک لەوانە ڕەفیق حیلمی بووە، کە بۆچوونەکانی خۆیی لە نامەیەکی درێژدا تۆمارکردووە. فوئاد عارفیش گێڕاویەتیەوە کە ماجید مستەفای خاڵی نامەی لەو بارەیەوە بۆ ژمارەیەک نائیب و سەرۆکخێڵ و ڕۆشنبیر و لەوانە بۆ ڕەفیق حیلمی ناردووە.

وێناچێ ئەم نامەیە هیی ڕەفیق حیلمی بێ، هەرچەندە نامەکە لەناو کۆکراوە ڕۆشنبیرییەکەی ئەو زاتەدایە، چونکە نامەنووس لە بڕگەیێکدا ئاماژەی پێداوە سەردەمێک ئەندامی "مەجلیس،" واتە ئەنجومەنی نوێنەران (المجلس النیابي)ی ڕۆژگاری حوکمی پاشایەتی بووە. لەبەرئەوە ڕەنگە یەکێک لە ئەندامە چالاکیە کوردەکانی پەرلەمانی پێش خولی ئەو سەروەختە بێ، واتە پێش خولی دەیەم (١٩٤٣/١٠/٩-١٩٤٤/٥/٣١). بەو پێیە کە لیستی ئەندامە کوردەکانی هەر ٩ نۆ خولەکەی پێشوو وردەکەینەوە، لەنێو ئەوانەدا هەر -بە تایبەتی- ئەمین زەکیبەگ و مەعرووف جیاووک و عەلی کەمالبەگ شکدەبرێ دەستی نووسینیان هەبووبێ و کاری وەهایان لێوەشابێتەوە. مادام ئاماژەی پێداوە کە هەر ئەندامی پەرلەمان بووە و لەوە نەدوواوە وەزیفەی بەرزی حکوومەتیشی هەبووبێ (وەک محەمەدئەمین زەکیبەگ هەم ئەندامی پەرلەمان و هەم وەزیریش بووە) و لەو ڕێگەیەیشەوە هەوڵی بۆ مەسەلەی کورد دابێ؛ لەبەرئەوە پتر گومان‌دەکرێ یا مەعرووف جیاووک یان عەلی کەمالبەگ بێ، کە پێداچوونەوەیەکی نووسینە بڵاوکراوەکانی ئەمیان و بیرەوەرییەکانی ئەویان، نیشانیدەدا هەردووکیان ئەندامی چالاکی پەرلەمان و کوردێکی بەردەوام وریا و چوست و لەسەر کورد هەڵدەری بواری خزمەتی کوردەواری بوون .

**

نووسینێکی بڵاونەکراوەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

## وێنەی ژمارە 3 و 4

مامۆستا ڕەفیق حیلمیبەگ ٩٥٧/١/٥

ڕۆژباش.. هەر بژین.

م. جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ئەم بەباڵابڕینەتان پێشکەشئەکا، کە دەربارەی کتێبەکەی مامۆستا تەوفیق وەهبیبەگ نووسیوە، کە چاوێکی پیا بخشێنن، چونکە حەلێ چاپبکرێ، زۆر کەس دەمکوتمان ئەکەن. با بزانێ کە چۆنە. ئیتر هەر بژی.

بەهەشتی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣-٢٧\٢٨/٣/٢٠٠١) دەمی نووسینی ئەم بابەتە، لەبەر چالاکیی سیاسیی، دوورخرابووەوە بۆ شاری بەسرە و ساڵێک و نیوی لێمایەوە. کتێبی "قواعد اللغة الكردية"یش دانراوێکی زانستیی زانای گەورە، تۆفیق وەهبیبەگ (١٨٩١-١٩٨٤)ە، ساڵی ١٩٥٦ بەندی یەکەم و بەندی دووەمی بەشی یەکەمیی بە عەرەبی لە چاپخانەی بەیانی بەیرووت لەچاپداوە، پێشتریش دەقی کوردیی ئەم کتێبە (جزمی یەکەم) 1929 لە چاپخانەی (دار الطباعة الحديثة)ی بەغدا لەچاپداوە و بڵاوبووەتەوە. جێگەی باسە، هەرچەندە کاتی خۆی وەزارەتی مەعاریف لە ١٩٢٣دا بە ڕەسمی دانانی دەستووری زمانی کوردیی پێسپاردووە، بەڵام کە ئامادەیکردووە، نەیهێشتووە ببێتە کتێبی پێخوێندنی قوتابخانە. کتێبەکەی تۆفیق وەهبی، بە هەردوو دەقە کوردی و عەرەبییەکەیەوە، دەسکەوتێکی گەورەی زانستی و خوێندەواری بووە و ئەو بەندوباوەی نەیارانی کوردی -بەتایبەت لەو سەوبەندەدادا- پێهەڵوەشێندراوەتەوە، کە "کوردی زمانی نووسین و خوێندنەوە و وەرگێڕان نییە" و لە ڕێگەیەوە هەوڵدراوە نەبێتە زمانی پێخوێندن و نووسین لە قوتابخانەکان و ئیدارەخانەکاندا و بەرهەڵستییەکی توند کراوە. ئەم زاتەیش توانیی لەو دەمەوە، بە خەباتێکی بەردەوامی شارستانی و بە پشوودرێژی، بنەماکانی دەستووری ئەم زمانە بە وردی و ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی زانستانە دابڕێژێ و کارێکبکا کاریگەریی تا ئێستەیش بمێنێتەوە.

کوردی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کەمترین دەقی پێنووسرابوو؛ هەم دەستوورێکی نووسراو، هەم شێوەنووسین (ئیملا)ێکی سەربەخۆی ڕوون و بێکێشەی نەبوو، بەوپێیە کە دەبوو دەستکاریی بەشێکی پیتە عەرەبی (لە ڕاستیدا ئارامی)یەکان بکرێ، بۆ نیشاندانی پیتە کوردییە جیاوازەکان. بەڵام کاربەدەستانی بواری مەعاریفی حکوومەتی پاشایەتیی عیراق، تەگەرەی زۆریان هێناوەتە ڕێگەی ئەم کارە، بە بەهانەی ئەوە کە پیتەکانی عەرەبی پیتی قورئانن، نابێ و کوفرە دەستکاریبکرێن! ئەم کێشەیە بە تەقەلای کۆڵنەدەرانەی کەسانی وەک تۆفیق وەهبیبەگ و محەمەدئەمین زەکیبەگ و .. سەرەنجام بە بارێکدا خرا و بەرەوپێش برا. خوێندنەوەی بەشی: کێشەی نووسینی زمانی کوردی (قضية كتابة اللغة الكردية)ی بیرەوەرییەکانی ساتع حوسەریی بەڕێوەبەری گشتیی مەعاریفی عیراق، دیوێکی پێنەزانراوی ئەم کێشەیە بە ڕوونی لە زمانی ساتع حوسەری خۆیەوە دەخاتە بەرچاو، لەوبارەیەوە کە چەند هەوڵیداوە کۆسپ بنێتە ڕێگەی سەرکەوتنی پرۆژەی هێنانەگۆڕ و بەکارهێنانی شێوە پیتی پێویست و نوێ و خوێندنی کوردی بەگشتی.

حوسەری کە نەتەوەخوازێکی توندڕۆی عەرەبی بە ئەسڵ سووریایی بوو، پێشتر لە دەوڵەت عوسمانیدا و ئەو سەردەمە لە عیراق و ئەوەبەدوایش لە سووریا ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ کارکردن لە بواری پەروەردەدا، بەوپێیە کە بە گرنگترین مەیدانی زانی بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێ و بنیاتنانی کۆمەڵ. بەو شێوەیە -دوایینجار- کارێکی یەکجار دیاری کردە سەر جووڵانەوەی عەرەبخوازیی ئەم دوو وڵاتە و شوێنەوارێکی خراپی لەپاش خۆی بەجێهێشت .

ددیارییەکانی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری

## وێنەی ژمارە 5 و 6

ئەم بەرهەمە -وەک خودابەخشیو مامۆستا حەمەبۆر مستەفا گێڕایەوە- شەش ژمارە بووە و هەر هەمووی بەرهەمی دانراوی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکارییە، کاتی خۆی لە کتێبخانەی نیشتمانیی میسر بووە لە قاهیرە. ئەو توانیویە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیدایبکا و بیهێنێتەوە بۆ عیراق. سێ یا چوار ژمارەی، کە موسڵیح جەلالیی بەڕێوەبەری گشتیی "دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی" لە بەغدا بە ئەمانەت لێی وەرگرتووە، بەسەریدا مردووە و لای ئەو فەوتاوە. هەر ئەم دووەی ماوە: "دیارییێت دوویێ ژبۆ خورتێت کوردان" و "دیارییێت سییێ ژبۆ بچوکێت کوردان". پاشتر ئەم بەرهەمە لەگەڵ کۆمەڵە کۆکراوەکەی مامۆستادا فرۆشرا بە بەڕێز خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەویش لە کتێبخانەی تەلەفزیۆنی کوردسات داینا. ئەم ساڵانەی دوایی هەر ئەو خوشکە بەڕێزە -بە سپاس و پێزانینەوە- سەرجەمی ئەو کۆکراوەیەی پێشکەشی کتێبخانەکەی "بنکەی ژین"ی کرد .

دیاریی دووەم، لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە: "کاغەذێ دوویێ من چاپکر. ژ طەرەفێ برایان خەباتەک بێتە حەسێبێ، ئەز دلشادمە. ١٥ی طەباغێ ٢٣٦=١٥ی ئاغستۆسێ ٣٣٦". واتە: نووسراوی دووەمم لەچاپ دا. من دڵشادم لە لایەن برایانەوە بە خەباتێک بژمێردرێ، ١٩٢٠/٨/١٥. دیاریی سێیەم لێی نووسراوە: ٢٠ی چریبا بەرێ ١٣٣٦=٢٠ی تشرینی ثانیی ١٣٣٦، ١٩٢٠/١١/٢٠. ژمارەکانیتریش، یەکەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم، هەر دەبێ لە هەمان ساڵدا بڵاوبووبنەوە.

ئەم دانراوە سەبارەتە بە ڕێزمانی کوردی و بۆ ئاسانکاری، لە شێوەی خشتەدا بە نموونەوە هێناویەتیەوە، تا لەم ڕێیەوە بنچینەکانی ڕێزمانی کوردی بە تورکیی عوسمانی فێری منداڵان و لاوانی کورد بکا. کارێکی وەها لەو ڕۆژەی پاش بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانیدا و لەو هەلومەرجە تا ڕادەیەک ئازادەدا، پێویست و ناچاری بووە، بۆ برەوپێدانی کوردی وەک بنەمایەکی سەرەکیی بوونی نەتەوەی کورد .

عەبدوڕەحیم کوڕی محەممەد پەرتۆ کوڕی ڕەحمی هەکاری (~١٨٩٠-١٩٥٨)، کە خوێندنی بەرزی لە زانکۆی ئیلاهییاتی ئەستەموول تەواوکردووە، بەرهەمیتری بڵاوکراوەی هەن: گازییا وەلات، ئەستەموول، ١٩١٩؛ عەقیدا کوردان (علم الحال)، ئەستەموول، ١٩١٩؛ کۆمەڵێک شیعر و نووسین لە گۆڤارەکانی: ژین، کوردستان، ..دا .

## وێنەی ژمارە 7 هەتا 15

]

**ڕاپۆرت سەبارەت بە**

**خوێندن لە قوتابخانەی کوردیدا**

**بۆ سەعادەتی موتەصەڕیفی سولەیمانی تەقدیم**

**دائیر بە تەدریسات لە مەداریسی کوردییەدا، ١٩٣٠/٦/١٠**


لەسەر ئەمرێکی شیفاهی کە ڕۆژی دووشەممەی موصادیفی ٩٣٠/٦/٩ لە مەقامدا فەرمووبووتان، بەندە هەروەکوو لە ئەثنای موذاکەرەدا عەرضمکردبوون، لە بابەت تەدریساتی مەکتەبە کوردییەکانەوە موطالەعات و مولاحەظاتێک کە بە باشم زانیبوو، بەر وەجهی ئاتی تەحریرەن عەرض و تەئییدی ئەکەمەوە:

١ .موساعەدەیێک کە حکوومەتی فەخیمەی عیراق لە خصووص ئیستیعمالی لوغەتی مەحەللییەوە بە مەکتەبەکانی کوردیی بەخشیوە، جیددەن شایستەی تەقدیر و تەشەکورە. دەماغە موتەفەکیرەکانی کورد، عەظەمەتی ئەم موساعەدەیان ئیدراک و لەبەرئەوە حوسنی نییەتی حکوومەتیان بە جیددی تەبجیل کردووە. بینائەن عەلەیهی، لە بابەت گۆڕینی تەدریسی بەعضێ دەرس لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەیا ئینگلیزی، مولاحەظاتی عاجزانەم لە ژێرەوە عەرض و لە عەینی زەماندا ڕجاتان لێئەکەم کە ئیعتیماد بە حوسنی نییەت و صەمیمییەتم بفەرموون:

لەبەر نەزاکەتی مەسئەلە، بە هەموو صوورەتێک لە عەواطیف تەجەڕود و بە کەماڵی سەربەستی بەیانی موطالەعەکردنم بە وەظیفەیێکی موقەدەس و ویجدانی تەلەقیکرد. لەژێر تەئثیراتی موختەلیفەدا، نیدای دەروونی و ویجدانیی خۆم لە گەرووما حەپسکردن و خنکاندن بە ئیهانەت عەددەکەم، چونکە لەژێر پەردەی خەوف و ڕیادا حەقایق لە حکوومەت کەتم و ئیخفا کردن، بە ئیغفالێکی مورائییانە دەزانم.

کوردەکان بە عموومییەت و کوردی ئەم لیوایە بیلئەخەص مەربووطییەتێکی ناموتەناهی و گەورەیان بە زبانی میللیی خۆیانەوە هەیە. ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ڕابیطەیە زیاتر کەسبی قووەت و صەمیمییەت ئەکا. بینائەن عەلەیهی، لە مەکتەبە کوردەکاندا لە بابەت لوغەتی تەدریساتەوە جوزئی کوللی هەر تەشەبوثاتێک بکرێت، لە تەئثیرێکی مەنفی زیاتر مونەزەهـ نابێ. ئینجا لەبەر ئەم جیهەتە، لە پێش ئەوەی کە صرف لە نوقطەی تەدریسەوە بەیانی موطالەعە بکەم، ئەحواڵی ڕووحییەی کوردەکان و نوبذەیێک لە وەقایعی جارییەتان عەرضئەکەم:

مەستوور و غیرمەستوور هیچ فەردێکی کورد نییە کە بە چوار چاو تەرەقوبی ئەحواڵ و سەیری مەعاریف نەبێ. مەکتەبەکانی کورد لە موراقەبە و تەفتیشی مەعاریف زیاتر، لەژێر موراقەبەی دائیمیی عەلاقەدارانی کوردە. لە بابەت لوغەتی تەدریسەوە کە کوردییە، موستەنەد بە هەر غایەیەک ئەبێ بێ، ئەدنا مولاحەظەیەک دەرمیانکردن، بە جینایەتێکی گەورە عەدئەکرێت. هەموو کوردێک تەدریساتی کوردی بە مەسئەلەیەکی حەیاتی عەدئەکات. تەشەبوثاتێک کە بۆ قبووڵکردنی عەرەبی وەیا تەدریسی دەرس وەیا بەعضێ درووس بە عەرەبی بکرێت، هەرچەندە موستەنەد بە حوسنی نییەت ئەبێ بێ، سووئی تەئویلی موحەققەقە. وە بەمەیش ئیکتیفابکرێت، ئەهەمییەتی نییە. فەقەط ئەوەی کە مووجیبی ئەندێشە بێ، ئەفکاری عموومییەیە. ئەم ئەفکارە وەکوو سەیلێکی ئانیی خرۆشان و لە طەریقی جەرەیانیدا، چاک و خراپ هەرچی سەددەیەکی تووشبێ، پەرێشانیئەکا. بۆ ئەمە دەلیلێکی قەطعی عەرضئەکەم:



لە سەنەی تەدریسییەی ٩٢٧-١٩٢٨دا، وەزیری مەعاریفی سابیق، مەعالی ئەمین زەکیبەگ، کە بیلطەبع بە حسیبەی تاممە کە کوردێکی فاضل و عالمە، ئەبێ خێرخواهێکی حەقیقیی کورد و مودریکی مەنافیعی کوردایەتی بێ، دێتە سولەیمانی و لەگەڵ هەیئەتی تەدریسییە و گەلێک لە مونەووەرانی سولەیمانی تەماس و بە حوسنی نییەتی خێرخواهی، وەطەنپەروەریی خۆی تەئمینیانئەکا و بەم نەوعە بەعضێ خێرخواهیتریش ئەکا بە طەرەفداری خۆی و موستەنەد بە وجوودی ئەم طەرەفدارانە و حوسنی نییەتی خۆی، لە حضووری موتەصەڕیفی سابیق سەعادەتی ئەحمەد ئەفەندیدا، لە بابەت نەبوونی موعەللیم بۆ بەعضێ لە دەرسەکانی ثانەوی و لەم ڕووەوە لەبەر مەجبوورییەتی تەئەخوری کرانەوەی صونفی دووەمی ثانەوی، ئیظهاری تەئەسوف و لە زەمانی وەزارەتی خۆیدا بۆ کردنەوەی ئەم صونفە بە هەموو نەوعێک ئارەزووی خدمەت و فیداکاریی خۆی بەیانئەکا و ئەڵێت: حاڵی حاضر بۆ کردنەوەی ئەم صونفە یەک چارە هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی کە موعەللیمی کورد دەسناکەوێت بۆ دەرسەکانی طەبیعییات، بیلمەجبوورییە موعەللیمێکی عەرەبی جەلببکا و بۆ ئیمکانی تەدریسی عەرەبێکیش بۆ تەدریسی ئەم عیلمە بە عەرەبی قبووڵبکرێت. لەسەر ئەم موطالەعە مەعقوولە،

، بە جارێک سولەیمانی هەڵسا و دانیشت. ئەم کەلیمە قصەیە ئەفکاری عموومییەی وەکوو دەریاییێکی عەظیم هێنایە هەیەجان و تەلاطوم. لەگەڵ تەقدیر و تەبجیلی ئەهالی دەرحەق بە شەخصییەتی موحتەرەمەی ئەمین زەکیبەگ و ئیعتیمادی تام بە عیلم و فەضیلەتی و لە عەینی زەمان‌دا لەگەڵ تەئثیری طەبیعیی مەوقیع و وەظیفەی، بە ئەنواعی صوورەت ئیتتیهام و تەنقیدیان کرد. لە هەموو لایەکەوە هەدەفی سنگ تەعریض و تەجاوز بوو. حەتتا وەکوو بیستوومە؛ ئەگەر لە بەیانی موطالەعەکەی مەعنەن ڕجووع و بۆ تەبرییەی طەرەفدارەکانی هەوڵی‌نەدایە، وەلەو خۆیشی مەصوون بمایەتەوە، ئەقەللەن موڕەوویجەکانی فیکری کە بەعضێک بوون (لە موعەللیمین!)، لە تەحقیراتی ماددییە مەحفووظ نەمانەوە. ئینجا وەکوو عەرضم‌کردبوون، بەندە (لەگەڵ ئیحتیمالی ئەوەی کە سووئی تەئویل بکرێت و بۆ شەخصم ضەرەریشی هەبێ) دیسانەوە بە ناوی مەنفەعەتی عموومییەوە (کە بیلطەبع مەنفەعەتی حکوومەتیش ئیحتیوائەکا)، حەقیقەت بە کەماڵی وضووح عەرض و تەئمینتان ئەکەم کە حاڵی حاضر لە ئەفکاردا ذەڕەیەک تەحەوول و تەبەددول حاصڵ‌نەبووە و حەتتا بەڵکوو لە جیهەتی تەمەسوک بەم نوقطەیەوە تەعەصوبیان لە جاران گەلێک زیاترە. لەم چەندانەیە لە خصووص بەیاناتی حکوومەتی فەخیمەی (سەعیدییە) و بۆ ئیستیعمالی لوغەتی کوردی لە مەنطیقەی شیمالییەدا، ئیحساساتێک کە ئەفکاری عموومییەی کورد دەرحەق بە فەخامەتی ڕەئیس‌وزەرا ئیظهاری‌کرد، دەلیلێکی گەورەیە بۆ وجوودی ئەو تەعەصوبە.

غەیرەز ئەمانە، میثالێکی بچووکی‌ترتان عەرض‌بکەم: جەنابی حەمید دەبوونی‌بەگ کە موفەتیشی مەعاریفی مەداریسی کوردییە بوو و بەندە تا لە حەیاتی مەکتەبەوە زۆر چاک شارەزای حسسییات و ئەخلاقی مەقبوولەی بووم، لەگەڵ هەموو حوسنی نییەت و خێرخواهییەک کە دەرحەق بە مەکتەبەکانی کوردیی پەروەردە و لە ڕەغمی هەموو تەئمینات و تەضییقاتێک کە بەندە لە لای گەنجەکانی کورد ئەمکرد، لە ساڵی تەدریسییەی پاردا کە موصادیفی ٩٢٨-٩٢٩ بوو، لەسەر مەسئەلەیەکی فەوقەلعادە بەسیط، جەرەیانێکی واسیع و بێ‌مەعنای لە حەق‌دا حاصڵ‌بوو؛ گۆیا موومائیلەیهی لێرە سەعیی بۆ ئەمە کردووە کە لوغەتی عەرەبی بۆ تەدریسات قبووڵ‌بکرێت. حاڵ وایە کە ئەمە قەطعییەن بێ‌ئەساسە. فەقەط وەتەری حەساسی کوردەکان بە سروەی نەسیمیش ئیهتیزاز و صەوتێکی ڕەننانی لێ پەیائەبێ. مەسئەلە عیبارەتە لەمە: ئەو ذاتە لە ئەثنای تەفتیش‌دا دەچێتە صونفی پێنجەمەوە، لە دەرسی عەرەبی‌دا قوتابییەکانی ضەعیف دەبینێ. عەلەلئوصووڵ ئەمە بە مودیر ئەڵێت و تەوصییەی ئەکات کە لەم خصووصەوە موعەللیمی عەرەبی ئیقاظ و بۆ تەلافیی مافات جەلبی وەقتی بکات. حەتتا ئەم جیهەتە لە دەفتەری زیارەتی مەدرسەدا مەذکوور و تا حاڵ مەوجوودە. لەگەڵ ئەمەیش‌دا بە دەرەجەیەک قووەت بە جەرەیانەکە درابوو، کە ئەو موعەللیمانەی بە حەسەبی وەظیفەپەروەرییەوە مەحەببەت و حورمەتی موفەتیشی موومائیلەیهییان جەلب‌کردبوو، لە عەینی تەییار مەصوون نەبوون و بە ئەنواعی صوورەت ئیتتیهام و لەکەدار کران.

ئینجا لەبەر ئەم مەسمووعات و مەشهووداتە و لەبەر قەناعەتی قەطعییەی خۆم کە لە نەتیجەی تەجرەبە و تەدقیقێکی زۆر بۆم حاصڵ‌بووە، طەریقێکی وا شک‌نابەم کە بۆ قبووڵی ئەم نوقطەیە تەئثیرێکی مەعقوول لەسەر ئەفکاری عموومییە ئیجرابکا. کە وابوو، ئەگەر مولاحەظەی ئەفکاری عموومییە مەشرووطە و لەسەر ئەم فیکرە ئیصرار مەجبووری نییە، بۆ تەئییدی موددەعاکەم تەوەسول بە تەجرەبەیەکی تر بەبێ لزووم ئەزانم. مەعەمافیهی بەندە بە هەموو عوریانییەوە حەقیقەتەکەم خستە بەرچاوی سەعادەتتان. فەقەط بیلطەبع ئێوە وقووفی عیلمی و حەقی مەحەللیتان زیاترە و بە هەموو نەوعێک صاحێبی کەلیمەی خۆتانن.

٢ .مولاحەظات و موطالەعەیەک کە لە نوقطەی تەدریسەوە هەمە، ئەمەیە:

ئەوەڵەن: مەکاتیب، وەیا بە تەعبیری حاضری مەداریس، ئەنواعی هەیە؛ فەقەط بە صوورەتی عموومییە ئەنواع و ئەشکالی ئەم مەدرەسانە لەژێر دوو ناوی عموومییەدا جەمعئەکرێنەوە: (١) مەداریسی ڕەسمییە، (٢) مەداریسی غەیرڕەسمییە، وەیا ئەهلییە.

مەداریسی ڕەسمییە لە هەموو لایەکی دونیا -تەقریبەن- عەینی مەنهەج تەعقیب‌دەکا. وە -تەقریبەن- لە هەموو مەملەکەتیش ئینقیسامئەکا بە چوار دەرەجەوە، کە ئەوانەیش -بە ئیصطیلاحی عیراقیی خۆمان- ئەووەلی، ئیبتیدائی، ثانەوی و مەداریسی عالییەیە. وە لەم دەرەجاتی موختەلیفەی مەداریسە، هیچیان مەکتەبی لیسان نییە، وەیا غایەیەکی وا تەعقیب‌ناکات. ئوسولئەساسی غایەیشی دەرەجەکەی ئەووەڵی ئەم مەدرەسانە، موکافەحەی ئوممییەتی؛ لە دەرەجەیەک‌دا کە موجتەمەع بیگرێتە خۆی، تەهذیب و تەثقیفی ئەفرادی میللەتە. یەعنی هەدەفی یەگانەی ئەم مەدرەسانە، ئەوەیە کە ئەفرادی ئوممەت بە مەبادیی علووم و فنوونێک کە لە حەیاتی ئیجتیماعییە و یەومییەدا لازم و ضەرووریییە، تەجهیز و تەسلیح بکا. وە بۆ تەطبیقی ئەم غایەیە هیچ وەقتێک لیسان بە واسیطە ئیتیخاذنەکراوە، چونکە -ئەساسەن- ئەوانەی کە بەم نەوعە ئیحضارئەکرێن، حەقی دخوولی ئەوساطی ڕاقییەیان نییە. تەوسیعی ئەو دائیرەیە موتەوەقیفە بە ئارەزوو و ئیرادەی خۆیانەوە. ئینجا لەبەرئەمە کە لێرەدا هەدەفێکی عموومی تەعقیب‌ئەکرێت، غایەی ئەساسی هەروەکوو لە علووم‌دا تەعلیم و تەدریسی مەبادی و ضەروورییاتە، لە لیسانیش‌دا نوقطەی نەظەر موتەوەجیهە بە تەعەللومێکی بەسیط و ئیبتیدائییەوە. یەعنی طەڵەبەیەکی ثانەوی و بیلخاصە موتەوەسیطە، کە تەنها موکەللەفە بە فێربوونی مەبادیی علووم، بیلطەبع بە لیسانی مادەرزادی تەحصیل‌بکا، زیاتر تەقەڕوبی هەدەف ئەکا و چاکتر موستەفیدئەبێ. ئینجا ئەو طەڵەبەیە کە بە مەبادیی علووم و ئەلسینەی ضەروورییە تەجهیز و تەسلیح ئەکرێت، بە نەظەر ضەروورەت و ئیجاباتی زەمانەوە، هەروەکوو بۆ تەوسیعی مەعلووماتی عیلمییە و فەننییە ئیستیعدادێکی پەیاکردووە، بیلطەبع بۆ تەعەللومی ئەو لیسانەی کە مەبادییەکەی لە مەدرەسەدا تەحصیل‌کردووە، قابلییەتێکی زیاتر و عەظیمتری هەیە، چونکە تەعەللومی لیسان، وە بیلخاصە لیسانێک کە لە دەوائیری ڕەسمییەی حکوومەت و ئەکثەرییەتی عەظیمەی مەملەکەت‌دا موستەعمەل و موتەداوەل بێ، لە خاریجی موحیطی مەدرەسەدا زیاتر مومکینە. ئەمێنێتەوە سەر ئەوانەی کە ئارەزووی ئیکمالی تەحصیل ئەکەن. ئەو نەوعانە بیلطەبع لە ئەذکیای قوتابی، وەیا لە ئەغنیای مەملەکەتن. بینائەن عەلەیهی، بۆ تەئمینی غایە و مەقصەدی خۆیان، بە صوورەتی خصووصییە سەعی و تەوسیعی لیسان کردنیان موشکیل نییە.

کە وابوو، لزووم و ضەروورەتی لیسان مەسئەلەی ئەساسی تەشکیل‌ناکات، بەڵکوو بە نیسبەت غایە و هەدەفی مەداریسەوە عیبارەتە لە مەسئەلەیەکی ثانەوییە.

. وە لەبەر ئەم نوقطە موهیممە کە ئەو مەدرەسانەی لەم ٣ دەرەجەیەدایە و مەڕبووطە بە مەعاریفی ڕەسمییەی حکووماتەوە، لە هیچ مەملەکەتێکی ڕووی ئەرض بە لیسانێکی غەیرمەحەللی تەدریساتی تیا نەکراوە، وە دەرەجەی ئیصابەتی حکوومەتەکانیش لەمەدا وەکوو ڕۆژ ئاشکرایە، چونکە لەو مەدرەسە ئەهلی وەیا ئەجنەبییانەی کە لە دەرەجەی ئیبتیدائی وەیا ثانەویدا عەد و لە شارە موختەلیفەکانی تورکیا، سووریە، عیراق و ئەنحای سائیرەی شەرقدا کراوەتەوە، لەبەرئەمەی کە تەدریسات بە لیسانێکی فرانسزی وەیا ئینگلیزییە، سەوییەی قوتابییەکان هیچ وەقتێک نەگەیشتووەتە سەوییەی قوتابیانی ئەو مەدرەسە ڕەسمییانە کە لە دەرەجەی خۆیان‌دایە.

کە حەقیقەت عیبارەت بێ لەمە، بە چ ئیعتیبارێک لە مەداریسی موتەوەسیطە و حەتتا کوردی‌دا تەنەووعی ئەلسینە کە صرف واسیطەی تەعەللومە، جائیز دەبینرێت؟ وەیا لەبەر چ نەوعە قابلییەتێکی فەوقەلعادەی کورد ئەم تەجرەبە عەظیم و موهیممە لە مەداریسی کوردە فەقیرەکان‌دا ئیجرائەکرێت؟ لە مەکتەبێکی موتەوەسیطەدا کە غایەی نەشری مەبادیی علوومە؛ بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی تەدریسات بە موافیق زانین، "من غیر حد"، دەلالەت لە بەصیرەت ناکات. مەعەمافیهی وەکوو کە مەعاریفی هەموو مەملەکەتێکی خوا لە مەداریسی ڕەسمییەی قیسمی ئەووەڵدا [غەیرەز مەداریسی عالییە]، لیسانی قەومی وەیا مەحەللییان بیلاسەبەب قبووڵ و تەنسیب نەکردووە. بەندەیش لێرەدا مەحاذیر و موشکیلاتێک کە لە حاڵی قبووڵکردنی ئەلسینەی موختەلیفەدا ڕووئەدا، کەم‌وزۆر بەیان‌بکەم:

١ -قوتابی لە ڕۆژێک‌دا ٣ سێ نەوع زبان کە دوونی زبانی بێگانە بێ، لائەقەل چوارپێنج نەوع علووم و فنوون کە جاهیلی هەموویەتی، بخوێنێ، چۆن تێی‌ئەگا، وەیا چۆن بۆی ضەبط و ئیحضار ئەکرێت؟

٢ -ئەمە بە جەهدێکی فەوقەلبەشەر بۆ بەعضێ لە ئەذکیای قوتابیان مومکین بێ، وەباڵی ئەوانەی کە لەم ذەکا و قابلییەتی فەوقەلعادەیە نەصیبدار نەبن، بە ملی کێ؟

٣ -ئەگەر تەدریسی دەرسێک وەیا چەند دەرسێک بە لیسانێکی ئەجنەبی ئینتیظامی تەدریسات خەلەلدار ناکات، موقابیل بە تەشەبوثاتی تەجریبییەی وەزارەتی مەعاریف کە لە خصووص تەدریسی کیمیاوە بە ئینگلیزی لە مەدرەسەی ثانەویی مەرکەزیی بەغداد کرابوو، ئەو هەموو تەلاش و هەیەجانی موڕاجەعات و ئیعتیصابەی قوتابیان و حەتتا عەلاقەدارانی سائیرە لەبەر چی بوو؟

-لە ثانەویی مەکەزی کە لە جیهەتی موکەمەلییەت و ئینتیظام، مودەریسین و ئەساتیذە، وەسائیط و لەوازیمی تەدریسییە، ئیعتینا و ئەهەممییەتی مەعاریفەوە، یەکەمینی مەدرەسەی عیراقە، لە ئیعتیباری صونفی ٣ سێیەمی ثانەوییەوە تەدریس تەنها دەرسێک بە ئینگلیزی، ئەمەندە ئەندێشە و تەلاشی قوتابیان جەلب‌بکا، لەگەڵ ئەنواعی نەواقیص و ئیحتیاجاتەوە لە مەداریسی کوردییەدا، لە صنووفی ئیبتیدائییەوە بە صوورەتی تەدریجی و تەصاعودی دەرسەکان بکرێ بە عەرەبی و بە ئینگلیزی، بە چ وەجهێک حوسنی قبوولی ئەمەل ئەکرێت؟

٥ -ئەم طەرزی تەدریسە کە تەنها مونحەصیرە بە مەداریسی کوردییەوە و صرف بۆ تەقوییەی عەرەبیی قوتابییەکان تەنسیب‌ئەکرێت، ئەو فائیدەی کە تیا موتەصەوویرە لە موقابیلی ئەضراری ماددییە و مەعنەوییەیەک‌دا کە لە هیچ ئەربابی ویجدانێکەوە مەخفی نییە، عەجەبا وەکوو نیسبەتی ئەرض لەگەڵ ڕۆژدا ئەبێ، یا نەء؟

٦ -بیلفەرض ئەم ئیقتیراحە غەریبە قبووڵ‌کرا و دوچاری هیچ نەوعە موقاوەمەتێکتیش نەبوو، عەجەبا بۆ مەدرەسەیەک وەیا مەدرەسەونیویێکی کوردی، موافیقی مەنهەجی مەعاریف بە ٣ سێ لیسان کتێب ئیحضار و تەئلیف کردن قابیلە، یا نەء؟ وە ئایا کام ئەربابی حەمییەت و ئینصاف بەم لیسانە موختەلیفانە ساڵی چوارپێنج کتێب تەئلیف و لە هەر یەکە پێنج ئیلا شەش نوسخە تەنها موقابیل بە هەشت‌نۆ ڕووپیە ئیهدای مەکتەبەکانی کورد ئەکا؟

٧ -ئەمانە هەمووی مەصاریف و فیداکاریی جیددییە و موتەقابیلەی حکوومەت و میللەتیش -بە فەرضێکی مەحاڵ- تەئمین‌کرا، عەجەبا صعووبەتێک کە قوتابیی کورد لە تەعەللوم، ئیحضار و ئیمتیحان‌دا دوچاری‌ئەبێ، لە قوتابییەکانی کە لە صونفی ڕەفیقی خۆیان بن، دوایان‌ئەخا، یا نەء؟ وە ئەگەر دواکەوتنیان موحەقەقە، لە ئیمتیحاناتی عاممەدا لەگەڵ قوتابیانی ئەمثالیان موتەوازییەن نەڕۆیشتن و سقووطیان لەسەر سومعەی مەدرەسە، هەیئەتی تەعلیمییە، نەفسی قوتابییەکان و حەتتا لەسەر ئەفکاری عوومییە، تەئثیرێکی چۆن دەبەخشێ؟

مولاحەظات و موطالەعاتێک لە نوقطەی سیاسەتەوە واریدە:

١ -ئەووەڵەن لە مەداریسا قانوونەن لوغەتی تەدریس، لوغەتی ئەکثەرییەتی ئەهالییە. کە وابوو، لوغەتی تەدریس لە مەنطیقەی شیمالی‌دا عیبارەتە لە کوردی. ئەم حەقە بە قەراری عوصبەتولئومەمیش موئەییەدە. مەعەمافیهی ئەگەر ئیجاب و ضەروورەت حاصڵ‌ببێ و تەبدیلی لوغەتی تەدریس پێویست‌بێ، ئیحتیاج بە قەراری مەجلیسی وزەرا طەبیعییە. ئەگەر بۆ تەدریسی دەرسێک وەیا چەند دەرس، دیسانەوە ئیحتیاج بەم قەرارە هەبێ، یا ئەمە لەپاش ئیستیشارە لەگەڵ عەلاقەدارانی حەقیقییە تەئەمول و ئینجا ئەخرێتە ژێر قەرارەوە؛ وەیا بەبێ ئیصداری قەرارێکی وا، ڕاستەوڕاست لە طەرەف مەعاریفەوە تەطبیق‌ئەکرێت، کە وا ئەزانم شیققی دووەمی مومکین نییە. کە وابوو، ئەگەر مەجلیسی وزەرا بەبێ ئیستیفتای عەلاقەداران، لەبەر لزوومی تەطبیقی ئەم طەرزە تەدریسە، ئیصداری قەرار بکا، بیلطەبع ئەم نەوعە بەیانی موطالەعاتە هەمووی زائیدە. بیلعەکس ئەگەر لزووم بە ئیستیفتا ببینێ و ئەفکاری عەلاقەداران بۆ تەرویجی غایەکە ئیحضاربکا، لەجیاتیی ئەوەی کە بە واسیطەی ئەلسینەی موتەنەوویعەوە تەشویش و ئیخلال لە تەدریسات بکا، ئەگەر ڕاستەوڕاست تەحصیلی مەنطیقەی کوردییەش -من أول الی آخره- بکا بە عەرەبی، موصیبتر و مەعقوولترە، چونکە -ئەقەللەن- ئەو وەقتە لەبەر یەک‌نەسەقیی تەدریسات و لەبەر ئیمکانی ئیجادی موعەللیمین و وەسائیطی تەدریسییە، سەوییەی مەکتەبەکانی لە ظەرفی یەک‌دوو ساڵ‌دا موحەقەق ئەگاتە دەرەجەی مەکتەبەکانی سائیرەی عیراق.

٢ -هەر مەحذوورێکی سیاسی لەم طەرزی حەرەکەتەدا بە خەیاڵی ئەولیای ئومووردا بێت، لازمە بزانرێت کە بە نەوعی تەشەبوثەکە قەطعییەن ڕەفع‌ناکرێت.


یەعنی طەرزی دووەم لە نەظەر بەندەیش و لە نەظەر هەموو ئەربابی عیلم و بەصیرەتدا ئەهوەنتر و ئەوفەقترە. کە وابوو، بە فکری ئەمەی کە طەرزی ئەووەڵ (تەماس لەگەڵ زولفی یار ناکا)، تەشەبوث بە تەنەووعی لوغەتی تەدریس و بە صەریحی لە مەکتەبدا نموونەیەکی (تبلبل السنة) ئیحداثکردن، قەطعییەن و قەطعییەن موصادیفی حوسنی تەلەقی نابێت .

ئینجا ئومێدی قەویم ئەمەیە کە مەعرووضاتی سالیفەم عەطفی حوسنی نییەت بکرێت، تاوەکوو دەفعەیەکی تر کە ئەگەر شایەد تەنەزولەن سوئالێکمان لێپرسرا، لە خەوفی حکوومەت کەتمی حەقایق نەکەین و بە لیسانی کیذب و ڕیا دیسانەوە نەفسی حکوومەت ئیغفالنەکەین. ئیتر ئیحتیراماتی فایقەم و بۆ شەخصی موحتەرەمتان تەمەننای سەعادەت و مووەفەقییەتم قبووڵ بفەرموون.



ئەم ڕاپۆرتە ناوی ڕاپۆرتنووسی بەسەرەوە نییە، بەڵام بە دەستخەتەکەیدا و بەوەدا کە لەنێو کۆکراوەکەی ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠/٨/٤)دایە، دەبێ هەر ئەو زاتە نووسیبێتی. بە شێوەی نووسینیدا دیارە، دەبێ ڕەشنووس بێ، دراوەتە تۆفیق وەهبی کە لە ماوەی نێوان (١٩٣٠/٤/٣٠-١٩٣٠/٨/٢٢)دا موتەسەڕیفی سلێمانی بووە. بە دامەزران و دەستبەکاربوونی لەم لیوایە، بە حوکمی لەئارادابوونی جووڵانەوەیەکی بەهێزی سیاسی و خۆنوواندنی لە شێوەی جیاجیای ئاشتییانەدا، ڕەنگێکی کوردی بە بەری هەموو چالاکییەکی سیاسی و خوێندەواریدا کرا. دیارە لە موتەسەڕیف ڕابینراوە هەوڵی چارەسەری زۆری کێشە و گیروگرفتەکان بدا، لەبەرئەوە ڕۆشنبیران و مامۆستایان بە بەرنامە و پرۆژەی چاکسازییەوە ڕوویان لێناوە هاوکاریان بێ و ئەم دەرگای خێر و هیوایەیان هەر وا لێ کراوەبێ. ڕەفیق حیلمی، کە مامۆستایەکی شارەزا و چالاک و بوێری سەردەمەکە بووە، وەک دەبینرێ، پرۆژەیەکی تەواوی چاککردنی کاروباری خوێندنی کوردی و قوتابخانەکانی زۆر بە وردی خستووەتە بەردەست .

سلێمانی، ئەو دەمە تا پۆلی دووەمی ناوەندیی تێدا خوێندراوە و قوتابیان ناچاربوون بۆ تەواوکردنی پۆلەکانیتری خوێندن بچنە دەرەوەی شار و بەتایبەت کەرکووک و کەمتر بەغدا. کێشە لە زمانی پێخوێندنی ئەو پۆلانەدا بووە، کە قوتابیان بەگشتی نەیانویستووە جگە لە کوردی، بە زمانێکیتر بخوێنن. ئەوەیش بەشبەخۆی کەموکورتی و گیروگرفتی هەبوون، وەک نەبوونی مامۆستای پێگەیێندراوی دەرسەکان و کتێبی خوێندنیان بە کوردی. حکوومەت لەو لایەنەوە نەک هەر کەمتەرخەمبووە و پێشوەخت مشووری نەخواردووە پێویستییەکانی کارێکی وا دابینبکا، بەڵکوو بە هۆی هێندێ کاربەدەستی ناحەزی ناو مەعاریفی عیراقەوە، ڕێی لە جێگیربوونی ئەم مافە ڕەوایەی قوتابیانی کورد گرتووە؛ لە کاتێکدا بەپێی ڕاسپاردە بڕیارلێدراوەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی)، دەبوو زمانی پێخوێندن و بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکاندا -بێچەندوچۆن- کوردی بێ!



# چۆن کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت؟

ئا: کارۆ کاوە
ماڵپەڕی زەمەن

کودەتا سەربازییەکان، بەشێکی دانەبڕاون لە مێژووی نوێی ناوچەکەمان، لێرەدا بە کورتی ڕوونی دەکەمەوە، کەچۆن لەناوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەر و سەرباز، کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت دەکەن.

بەرچاوڕوونییەکی خێرا:

-کودەتای سەربازی، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە کودەتاچی نیە، بەڵکو پێویستی بەژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەفسەران هەیە کە فەرماندەیی چەند سەد سەربازێک دەکەن.

-لەزۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، پۆست و پلەکانی دەوڵەت ڕەمزین نەوەک واقعی، بۆ نموونە پۆستی سەرۆکوەزیران، لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم پۆستێکی ڕەمزی بێدەسەڵاتە و وەکو کارمەندێک لەژێر فەرمانی سەرۆک/مەلیک، کاردەکات، بە ئامانجگرتنی ئەم خاوەن ئەم پۆستە ڕەمزیانە لەکاتی کودەتاکەدا، تووشی هەڵەی کوشندە و ستراتیژیت دەکات.

-حکومەتی شاراوە، لەکەسانی شاراوەی خاوەن دەسەڵات و نزیک لە سەرۆک پێکدێن، ئەم کەسانە مەترسی جدین لەسەر کودەتاکە، بۆیە پێویستە لەکاتی کودەتاکەدا دەستگیربکرێن.

-پایتەخت، زۆر جار پایتەختی وڵات تەنها مەرکەزێکی ڕەمزیە، نەوەک فعلی، کۆنترۆڵکردنی ئەم جۆرە پایتەختانە مانای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات ناگەیەنێ، دەبێت کۆنترۆڵی پایتەختی فعلی وڵات بکرێت.

-کودەتا لەکاتی ئەنجامدانی پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەری نیە، چونکە زەرەری پێدەگەیەنێت لەوەی کە فکر و ئیتجای سیاسی کودەتاکە دەردەخات، بەمەش دەتوانرێت وەکو کارتێک لە لایەن نەیارانی سیاسی کودەتاکەوە لەدژی کودەتاچییەکان بەکاربێت، پاڵپشتی جەماوەری لەپاش سەرکەوتنی کودەتا ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت.

-لە وڵاتانی دیکتاتۆری، کودەتا زۆر ئاسانترە لەچاو وڵاتانی دیموکراتی، چونکە لەوەی یەکەمدا دەسەڵات و هێز لە مەرکەزدا چڕکراوەتەوە، بەڵام لە دووهەمدا، دەسەڵات و هێز بەسەر چەندین سێکتەر و لایەنی پەیوەست دابەشکراوە، بەمەش ئەگەری سەرکەوتنی کودەتا زۆر کەمدەکاتەوە.

-لەوڵاتانی مەرکەزی کودەتا ئاسانترە وەک لەوڵاتانی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی.

-ڕێکەوتنی نهێنی کودەتاچییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و دراوسێکانیان و لێکتێگەیشتنی پێشوەختە.

-نەبوون یاخود لاوازی دەسەڵاتی دەستووری لە وڵاتدا.




کودەتا لەنێوان ئەفسەرە پلە بچووک و گەورەکان:

بەپێی زۆرینەی توێژینەوەکان، ئەفسەرە پلە بچووکەکان، کودەتادەکەن لەبەر هۆکاری گۆڕانکاری،شۆڕش،ئایدۆلۆجیا.
بەڵام گەورە ئەفسەرەکان کودەتادەکەن لەبەر هۆکاری تایبەتی، بەرژەوەندی.

ئەم جیاوازیەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

١-ئەفسەرە پلە بچووکەکان جارێ نەتواونەتەوە لەناو دامەزراوەکانی حوکمدا، زۆر سوودیان لە پلە و پێگەکانی خۆیان نەدیووە، بەپێچەوانەوەی ئەفسەرە پلە گەورەکان.

٢-زۆرینەی جار ئەفسەرە پلە بچووکەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، بەشێوەیەکی زۆرباش فێرکراون و خاوەن هزرێکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتین لەچاو ئەفسەرە پلە گەورەکان.

٣-هۆکاری تەمەن، ئەفسەرە پلە بچووکەکان خوێن گەرمتر و خاوەن وزەی زیاتر لەچاو ئەفسەرە پلە گەورەکان.

جۆرەکانی کودەتای سەربازی:
١- کودەتایەکی تەواو سەربازی
٢-کودەتایەکی (سەربازی_سیاسی)

پۆلەکانی ئەفسەرە کودەتاچییەکان:

١-ئەو ئەفسەرانەی کە خاوەن توانا و لێهاتووین لە سەرکردایەتیدا، هەروەها خاوەن کاریگەرین بەسەر یەکە و سەربازەکانیانەوە.

٢-سەربازە تەکنیکیەکان کە خاوەن شارەزای زۆر لە تەکنیکی فڕۆکەوانی و زرێپۆش و گەیاندن....هتد.

سێ هۆکاری کاریگەر کە دەتوانی ئەفسەرەکان ڕابکێشێتە ناو ڕیزی کودەتاچیەکانەوە:

١-دیدگای سیاسی
٢-دیدگای کۆمەڵایەتی
٣-تێڕوانینی لەسەر فەرماندە و دەسەڵاتدارانی وڵات.

پلانی کودەتا بۆ دەستگیرکردنی فەرماندە باڵاکانی وڵات:

کودەتاچییەکان دەبێت پلەبەندی فەرمی و واقعی حوکمڕانی و دەسەڵات لێکدی جیابکەنەوە، ناکرێت تۆ هەموو هێزی کودەتاکە بۆ دەستگیرکردنی فەرماندەی سوپا و ئەرکان تەرخان بکەیت، لەکاتێدا فەرماندەی ڕاستەقینەی سوپا سەرۆکی وڵات-بێت.

پێویست ناکات سەرەتا هەموو سەرکردە و دەسەڵاتدارانی وڵات دەستگیربکەن، چونکە کودەتاچییەکان کات و توانای زۆریان لەبەردەمدانیە، ئەوەی پێویستە لەسەریان سەرۆک/مەلیک، و کەسانی نێو حکومەتی شاراوە و خاوەن پۆستە سیادییەکان دەستگیربکەن، ئەوانی دیکە لەپاش سەرکەوتنی کودەتا دەستگیربکرێن.

لەگەڵ کەسایەتیە کاریگەر و کارزمییەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، کە خاوەن پێگەی بەهێز و کاریگەرن و دەتوانن ببنە مەترسی بۆسەر کودەتاکە، ئەم جۆرە کەسانە ڕەنگە سەرۆکی حزبێکی سیاسی یاخود پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و دینی بێت، کە خاوەن هێز میلیشیای خۆیان بن، پێویستە زوو ئەم کەسانە دەستگیربکرێن، چونکە مار بەبێ سەر هیچی پێناکرێت.

کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی پەیوەندی لە وڵاتدا:

بەبێ ڕاگەیاندن و ڕاگرتنی هۆکارەکانی پەیوەندی، کودەتا سەرکەوتوونابێت، پێویستە زوو کودەتاچییەکان پەیوەندی نێوان سەرانی دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکان ببرن، سەرانی کودەتا دەشبێ ئەوە بزانن، کەهەندێ لە دەزگا و کەسایەتیەکانی وڵات، هۆکاری دیکەی پەیوەندییان هەیە لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە.

داخستنی پایتەخت:

دەبێت هەموو ئەو کەسانە دەستگیربکرێن کە سەلاحیەتی بانگهێشتی یەکەکانی سوپایان هەیە لەدەرەوەی پایتەخت و بۆناو پایتەخت.

داخستنی دەروازە سەرەکییەکانی پایتەخت و کۆنترۆڵکردنی فرۆکەخانەی پایتەخت، داخستنی فرۆکەخانە زۆر ئاسانە، ئەوەی پێویستە بکرێت، جێگیرکردنی چەند یەکەیەکی سوپایە لە شوێنە ستراتیژییەکانی فرۆکەخانە لەگەڵ ڕاگرتنی چەند سەیارەیەکی سوپا لەسەر ڕێرەوە سەرەکییەکانی فرۆکەخانە و تەقاندنی چەند فیشەکێکی ئاگادارکردنەوە بە ئاسماندا.

کۆنترۆڵکردنی بارەگا فەرمییەکانی دەوڵەت:

کودەتای سەربازی سەرکەوتوو پەیوەستە بە نمایشی سەرکەوتنەکەی، ئەوەش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بارەگا فەرمییە گرنگەکانی دەوڵەتە، وەکو بارەگای سەرۆکایەتی، وەزارەتە سیادیەکان، سەرۆکایەتی ئەرکان، سەرۆکایەتی پۆلیس و ئەمن، بارەگای ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنی ڕەسمی دەوڵەت، لەگەڵ بارەگا ڕەمزییە گرنگەکان وەکو بارەگای حزبی دەسەڵاتدار، بۆ ئەم مەبەستەش کودەتاچییەکان پێویستیان بە هێزی پاڵپشتی زرێپۆش دەبێت بۆ شکاندنی بەربەستە پۆڵاینەکانی ئەم بارەگایانە.

گرنگی کات و خێرایی لە کودەتادا:

لەکاتی کودەتادا، چارەسەری ناوەندی بوونی نیە، دەبێت هەموو هێزەکەت بەکاربێنی، یان سەرکەوتوودەبێت یان دەکوژرێیت، کودەتا وەکو جەنگ نیە بەشێک لە هێزەکەت بوەستێنی وەکو تاکتیک و ستراتیژی جەنگ، چونکە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە.



## ڕووداو دیجیتاڵ

لە شاری برێنزا لە مۆنتینێگرۆ. ئەمانە کێبڕکێ لەسەر ئەوە دەکەن کە کێ دەبێتە تەمەڵترین کەسی جیهان. ئەوەی لە هەمووان زیاتر بە ڕاکشاوی بمێنێتەوە نازناوی تەمەڵترین کەسی جیهان دەباتەوە و 350 دۆلار وەردەگرێت.

میلۆس بلاگۆجێڤیچ، ڕێکخەری "ئۆڵمپیادی تەمەڵی" دەڵێت، "کێبڕکێکە سەرنجڕاکێشە. کێبڕکێیەکی دەروونیشە. بەو ڕادەیە ئاسان نییە کە بیری لێدەکەیتەوە. ژمارەیەکی زۆری ئەو بەشداربووانەی کە ساڵانی ڕابردوو نازناوەکەیان بردەوە یاریزانەکانی ماراسۆن بوون، ئەوان گوتیان ڕاکشانەکە لە ڕاکردن لە ماراسۆندا قورسترە."

بەشداربووەکان لە کەشێکی ئارامدا هەوڵدەدەن هێندەی بتوانن بخەون. هەندێکیان بۆ خۆشی و هەندێکی دیکەشیان بۆ بردنەوە تێیدا بەشداربوون.

نیکۆلا، بەشداربووی "ئۆڵمپیادی تەمەڵی"یە و دەڵێت، "من بەشداریمکرد بۆ ئەوەی بزانم کێبڕکێکە چییە و چۆنە. من خۆم زیاتر حەزم لەوەیە لە ماڵەوە ڕاکشێم. بڕوا ناکەم نازناوەکە ببەمەوە، بەڵام هاتم و بەشداربم بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێ ببینم."

ئەمە دەیەم ساڵە ئۆڵمپیادی تەمەڵی لە مۆنتینێگرۆ بەڕێوەدەچێت. بە گوێرەی ڕێکخەری کێبڕکێکە، لەنێو ئەفسانە و نوکتەکاندا، دانیشتووانی ئەم وڵاتە ئەوروپییە بە تەمەڵ ناودەبرێن بۆیە بڕیاریانداوە سوود لەو بیرۆکەیە وەربگرن و بیکەنە کێبڕکێ.




## زەمەن_خالیدی حوسەینی

من کچە ئامۆزایەکم هەیە لە شاری حیرات لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان. ئێمە لە ساڵانی حەفتاکان بەیەکەوە گەورە بووین. من بیرمە کە بە دیار گۆرانی و دراماکانەوە هەڵدەپەڕین. ئیتر من بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ ئەو ئامۆزایەم نەبینیەوە. بیرمە ئەو خانمێکی چاو سەوزی گەنجی ڕووخۆش بوو، هەمیشە پێکەنینی لەسەر لێوان بوو. من دوێنێ لە ئەمریکاوە تەلەفۆنم بۆ کرد. ئەو بەدەنگێکی ترساو وەڵامی دامەوە. ئەو پێی وتم کە هەموو نەوە و منداڵەکانی بەرەو کابول هەڵاتوون، کە لانی کەم لە ئێستادا پارێزراوترە. ئێستا ئامۆزاکەم لە حیرات لەگەڵ کوڕەکەی لەژێر ئاڵای تاڵیباندایە.من هەستم بە دڵشکان کرد، کە ناتوانم یارمەتی بدەم. بۆیە ئێستا زۆر دڵم لای ئامۆزاکەمە. هەروەها من نیگەرانم بۆ ملیۆنان ئەفغانی ئاوارە کە لە وڵات هەڵهاتوون و پرسیار لەسەر ژیان و چارەنوسیان هەیە. ئەوان بۆ کوێ هەڵدێن؟ چیان بەسەر دێ؟ کەس لە خۆی دڵنیا نیە. بەڵام من تەواو نیگەرانی خوشکانی ئەفغانستانم. ژنان و کچان زیاتر لە هەر گروپێکی تر باجی ئەو دۆخە نالەبارە دەدەن. چەندین وێنەی دوا دەسەڵاتی تاڵیبانمان لەبەردەستە کە لە ئەفغانستان چیان کردووە: لێدان لە شوێنی گشتی، دەستبرین، کوشتن لە گۆڕەپانی یاری، لەناوبردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەربەری و بێهەست، کە لە مێژوودا بێ وێنە بووە. بەڵام بۆ من ئەو وێنەیە زۆر کاریگەرە کە لە ساڵی نەوەتەکان تاڵیبانەکان بەردیان بەدەستەوەیە و ژنێکی نیقابپۆش بەردباران دەکەن. تاڵیبان بە شێوەیەکی سیستەماتیککراو ژنان تیرۆر دەکەن. دژ بە هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز، ئازادی کار، مافی خوێندن، مافی لەبەرکردنی ئاڵتون و جل و بەرگ، پێکەنین لە شوێنی گشتی، تەنانەت دژ بە دەرکەوتنی دەم و چاوی ژن دەوەستنەوە. ئایا بۆ ئامۆزاکەم و کچەکەی هەمان شت ڕوودەداتەوە؟ ئەو هەموو هەوڵە ئازایانەی کە ژنانی ئەفغانستان لەماوەی بیست ساڵدا بەدەستیان هێنا لە ئازادی تاکەکەس و کەرامەت و مافی خود بێ ئەنجام بوو؟ ئایا دووبارە ژنانی ئەفغانستان دەخرێنەوە گونجی ماڵەکانیان؟

ئایا ژنانی وڵاتەکەم لەسەر شەقامەکان لێیان دەدرێت؟ جارێکی تر ژنانی وڵاتی من ڕێگە نادرێ خۆیان کار بکەن؟ ئایا جارێکی تر قوتابخانەکان خاڵی دەبن لە کچان؟ ئایا ئیدی ڕوخساری مێینە لە تەلەفزیۆنەکانی ئەفغانستانەوە دەرناکەوێ و لە ڕادیۆکانەوە گوێبیستی دەنگی مێینە نابین؟ ئایا جارێکی تر نیوەی دانیشتوانی ئەفغانستان بێبەش دەبن لە ماف و بەشداریکردن؟هەندێک دەڵێن لەوانەیە تاڵیبان گۆڕابن.بەڕاستی ئەمە وایە؟ لە چەند ڕۆژ و هەفتە و مانگی ئایندەدا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست دەکەوێت.

ئەمەش ئومێدێکی بچوکە من هەمبێت، گومانی تیا نیە کە هەمیشە بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ لەئارادایە. لە ڕاستیدا، ئەو وێنانەی کە لە شاری حیراتەوە بڵاوکرایەوە ئەوە پیشاندەدا کە سەربازانی تاڵیبان بەدەم و چاوی ڕەش و داپۆشراووەوە ئەو هیوا بێنرخە بڵاو دەکەنەوە کە ڕەنگە ئەو وێنانە هی ساڵی 1997 بن.بۆیە ئەگەر بزوتنەوەی تاڵیبان نەگۆڕابن، هیچ شتێک لە کردەوەی نائینسانی و بەربەریانە و ئازاردانی خەڵک نایانوەستێنێ ، ئەی باشە دەبێ چی بکرێ؟ ئەگەر تاڵیبان نەگۆڕابوو دەبێ کچان و ژنانی ئەوێ چیان بەسەر بێ؟ لەکوێوە یارمەتیان دەدرێت و کێ فریایان دەکەوێ؟ بەڕاستی من وڵامەکەی نازانم. من لەمڕۆدا هیچ نازانم. ئەمڕۆ من نیگەرانم و تەواو. من بەتەواوی دڵم شکاوە. من ئەمڕۆ پرسە دەگێرم بۆ لەدەستدانی هیوا و ئاواتی خەڵکی ئەفغانستان.ئیدی ئەمریکایە و بڕیارەکەی دەرکردووە، ئەوەش کابوسێکە بۆ زۆرێک لە ئەفغانیەکان، لەوانە خۆم. بەچاوی خۆمان ترس دەبینین.تا ئێستاش وەک بێومێدێک شتەکان دەبینین، نابێ و ناکرێ جیهان ئەفغانستان لەبیر بکات. نابێت جیهان دەستبەرداری خەڵکی ئەفغانستان بێت کە زیاتر لە چل ساڵە عەوداڵی ئاشتین. پێویستە جیهان بەهاوکاری خەڵکی ئەفغانستان بە ئەرکی خۆیان هەستن لانی کەم بۆ ژنان و کچانی ئەو وڵاتە هەوڵ و تەقەلای خۆیان بدەن و فشار بخەنە سەر تالیبان بۆ پاراستنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ئەمەش لە کاتێدا وا پێدەچێ ئەو بزوتنەوەیە سەرتاسەری وڵات کۆنترۆڵ بکات. پێویستە جیهان ئەوەی لەتوانایاندایە بیکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ملیۆنەها ژنی ئەفغانی بۆئەوە لەدایک نەبوون کە لەپشت دەرگا داخراوەکان و پەردەدادراوەکانەوە ژیان بەسەر بەرن. ئافرەتانی ئەفغانستان نمونەی ئازایەتی و خۆڕاگرین و ئامۆزاکەم نمونەی دەروشاوەی ژنی ئەفغانیە. ژنانی وەک ئامۆزاکەم ئیلهامیان بەمن بەخشی. ئەوە ئەوپەڕی شورەیی و سەرشۆڕیە کە جارێکی تر ئازار بدرێن، ئەمەش دوای ئەوەی کە چەندین ساڵە لە دەرەوەی دەسەڵاتی تاڵیبان بۆ دنیایەکی باشتر هەوڵیان داوە و کۆششیان کردووە.ژنان و گەلی ئەفغانستان بەگشتی شایستەی باشتر لەم ژیانەن.

تێبینی کۆتایی: لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەم دۆخە نالەبارە بەردەوام خەڵکی ئەفغانستان ئاوارە دەبن و خەڵکی بێماڵ و حاڵ زیاتر دەبن. تەنها لەمساڵدا زیاتر لە سێسەد هەزار کەس لە ئەفغانستان ماڵ و حاڵیان جێهێشتووەو ئاوارەی وڵاتان بوون. ئەوان ئێستا پێویستیان بە خواردن و پەناگە و فریاگوزاری خێرا هەیە. تکایە ڕەچاوی پشتیوانی ڕێکخراوەکان بکەن لەوانە UNHCR و ئەوانی تریش کە کاریان پاراستن و بەتەنگەوەهاتنی ئاوارەکانە.

............

خالیدی حوسەینی ڕۆماننوسی گەورەی ئەفغانیە و بە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی "کۆلارەفڕێن" ناسراوە.

............

و. لە ئینگلیزیەوە: عەزیز ڕەئووف

# ئەفغانستانی ئێستا و عێراقی دوای ئەمریکا

هەر ڕوداوێک لە ئاسیا و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای خەزەر ڕو بدات ئەتوانین وێنای بکەین بە کۆتایی شەپۆلی دەریای ڕوداوەکە و ئێمە شەپۆلە بچوکە کۆتاییەکان دەبینین ، شەپۆلە گەورەکە لە ناوەوە و لە نهێنی و بەرژەوەندی وڵاتانی باڵا ڕو دەدا بە پێی ململانێ و بەریەککەوتن و ڕێککەوتنی بەرژەوەندیە باڵاکان ، هەر کات توانیمان لە جوڵەی هێڵی کێرڤی بەرژەوەندی و ململانێی نێوان هێزە گەورەکان تێبگەین ئەوا دەتوانین پشتی ڕوداوەکان و ئاراستەیان بخوێنینەوە و بزانین شەپۆلە گەورەکە چۆن دێت و لە کوێ یا کۆتای دێت.

ئەوەی لە ئەفغانستان ڕویدا گۆڕینی حکومێکی شیوعی بە ئیسلامی و پاشان تالیبان و ئەلقاعیدە و کارئەکتەرە سیاسی و سەربازییەکان لە ئەحمەد شا؟مەسعودەوە تا مەلا برادەر و ئوسامە و تا دەگاتە کارزای و ئەوانی تر ، هەمویان ڕوداوەکان و هێزی دەرەکی هێناونی و هەر سوڕانی بەرژەوەندی لایبردون ، ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوی دا و زۆرێک پێیان وایە ئەمریکا لە چوارچێوەیەکی بچوکدا شکستی هێناوە ئەوانەن لەبەردەم گوتارەکان و شاشەکاندا حکوم دەدەن ، ئەمریکا لە چوارچێوە بچوکەکەدا کە ئەفغانستانە شکستی نەهێناوە بەڵکو لە چوارچێوە گەورەکە و پۆرتاڵە سەرەکیەکەدا شکستی هێناوە و چوارچێوە بچوکەکەی ئەفغانستان وەک کارت و چەکێ و گۆڕینی پلانی شەڕ بۆ شکستەکانی بەکار دێنێ ، ئەوەی ڕویدا هیچ هەقی بەسەر چەمکی لۆکاڵیەوە نیە ، بەڵکو شەڕی ئەمریکایە لەبەرامبەر هەژمونی چین و ڕوسیا و وەک کارت و مینێک تاڵیبانی بەکار هێناوە لە ژوری کۆنترۆڵی دەوحەوە ، ئیتر ئەوەی دەوترێ ئیرادەی ناوخۆیی ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتە دژەکاندا نەیەتەوە هەمو گەلیش ڕاپەڕێ هیچ ڕونادا ، چونکە ئەفغانستان بە تایبەت وڵاتی زلهێزی ناوچەیی نیە ، ئەگەر ئاراستەکان بگۆڕێن ئەوا f16 یەکی بەسە ڕاویانێنەوە بۆ تۆرابۆرا .

وێناندنی شوێنێک یان وڵاتێک بە وڵاتێکی تر ئەبێت بەرژەوەندی و ململانێ و جەنگ لە ڕوی ئابوری و سەربازی و سیاسی و دەوڵەتداریەوە بخوێنینەوە ئەو کات لێکچواندن بکەین ، عێراق لەژێر هەژمونی ئێرانیدایە و ڕەسمی هەژمونی ئێرانی لە وڵاتان ڕونە ، نە دەهێڵێت سەقامگیری تێک بچێت و نە دەهێڵێت دەوڵەتی تۆکمەیان هەبێت و نە دەهێڵت سوپای خۆی هەبێت و دابەشی دەکات بەسەر چەند گروپێکی دژبەیەکی ساردی سەر بەخۆی ، واتا سەر بە تاران ، لە بەرامبەر عێراق تورکیا بە گڵوپی سەوزی دودیوەوە هەمان یاری دەکا لە سوریا ، بۆیە عێراق زۆر جیاوازترە لە ئەفغانستان و ئەوەش حکومی سیاسی و ئابوری و سەربازیە کە دەبێت بە سازان لە نێوان ئەمریکا و تورکیا و ئێراندا حکومی هەردو وڵاتی سوریا و عێراق بکرێت ، لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان خاڵی کۆکەرەوەی بەرژەوندی وڵاتانی دژ بە یەکە بۆیە دوای ئەمریکا هیچ شتێک بۆ کوردستان و عێراق نابێ ، ئەگەر چی تالیبان لە هەمو شوێن ڕێکخستن و شانەی چەکداری نوستوی هەیە وەک نەوەکانی سەلاحەدین لە کوردستان ، بەڵام لەبەرامبەردا داعش هەیە ناهێڵێت سنوری تورکی بە سازان لەگەڵ ئێران ببڕێ ، هەمو ئەم ڕێککەوتنانەی دژەکان لە عێراق و هەرێمدا قازانجی دوسەرەی دژەکانە بەتایبەت بەرەی ئەمریکی و چینی ، بەڵام لە گشتدا تاک جەمسەری و هەژمونی ئەمریکی کۆتای دێ و هەژمونی بەرژەوەندی گرێدراوی دوو سەرەی چینی و ئەمریکی جێگەی دەگرێتەوە.

دەکرێ بڵێین ئەفغانستانی ئێستا لەبەردەم کۆمەڵێک ئەگەردایە ، لەت بون و دابەش بون بەسەر هێزە ناوچەیی و جیهانیەکاندا ، زاڵ بونی بەرەی چینی و ڕوسی و ئێرانی بەسەر تاڵیباندا ، ئەگەری هەڵگەڕانەوە بەرامبەر ڕێککەوتنی دەوحە و ....هتد

عێراقی دوای ئەمریکا دیسانەوە لەبەردەم کۆمەڵێک ئەگەردایە دوای هەڵبژاردن ڕێککەوتنی نهێنی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر دۆسیەی عێراق ، زیادبونی هەژمونی ئێرانی بە پاراستنی بەرژەوەندی ڕوسی و تورکی ... هتد ، دوا جار هەژمونی دەستەڵاتگەرایی تاکی ئەمریکی لەم ناوچانە کۆتایی دێت و قۆناغێکی تر دەست پێ دەکات .



سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق

## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

هونەرمەندێک بێدەنگ کەم دەرکەوتوولەبەرنامەوراگەیاندنەکانەوەبەڵام پڕلەهونەری ڕەسەنی بەرزو پڕخۆشەویستی بۆنواندن وتێکستی گۆرانی هونەرمەندێک کەم دوو بەڵام هەموورۆژێ بەزمانی شیعربۆخوێنەران وگوێگرانی ئەدوێ هەموورۆژێ گوێمان لەوگۆرانیانەئەبێ کەلەتێکستی ئەم هونەرمەندەبەڕێزەن،بەپێی نزیکم لەهونەرمەندی خۆشەویست وبەڕێز ئەوپێی وایەپێویستەهونەرەکەیان ئەدەبەکەخۆی قسەبکات بۆیەزۆربەکەمی ئەبینێرێت کەچاوپێکەوتن یان قسەلەسەرکارەکانی بکات کاری هونەری خۆی بەتایبەت تێکست نووسین ئەنجام ئەدات بەپێی ئەوگۆرانی بێژەیان ئاوازدانەرەبەڕێزەی داوای لێ ئەکات،دەربارەی شانۆش ئەوپێی وایەقۆناغێکی لەبارنیەلەهیچ ڕوویەکەوەبۆشانۆنامەیەک یان کارێکی درامی کەلەئاست خۆشەویستی بینەری ئەمڕۆدابێت،ئەوهونەرمەندەش:



محمدسعید ئیبراهیم ناسراوبەحەمەسعیدئیبراهیم
لەسلێمانی ساڵی 1952
لەبازارە بچکۆلە لەدایکبووە کوڕی ئیبراهیم حەزینە
کەیەکێکەلەهونەرمەندەکۆنەکانی شاری سلێمانی ...
یەکەم دامەزراندنی
لەئۆرزدی باکی سلێمانی بوو
ساڵی 1973دوایی لەساڵی١٩٧٥ گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری لەهەولێر.
بەشداری کاری نواندنی زۆری کردووە
لە تیپە هونەرییەکانی هە ولێر..لەچەندین شانۆو درامادابەشداری کردووە...

لەوانە
شانۆگەری محمد و سێوێ..1981
وەلی دێوانە1981
خەج وسیامەند1985
مۆڵەت..1981
بەهرەو خۆر 1997
لەژێر تارای سورمە چنا 2002

لەم درامایانەشدابەشداربووە
میوانی ناوەخت 1983
تاپۆهەقی چیە..1984
مۆرانە..1985
مەمی ئالان2002
ئارەزوو2007
دوا بڕیاری یعقوب2009
دانیشتوانی علیاوا...2011

تێکستی گۆرانی زۆری نووسیووە بۆ گۆانیبێژەکان
لەوانە
ایوب علی
جەلال سعید
هانی
پە یوەند جاف
چۆپی فەتاح
تارا ڕەسوول
عە زیز وەیسی
باخان
هێمن حسێن
ماریاهەورامی
سەنابەرزنجی
لەیلافەریقی
ڕۆمی هەرکی وتەهاقادر
گۆران نووری
هەڤاڵ ئیبراهیم
زۆری تریش

لەئێستادا نیشتەجێی شاری هە ولێرە
چوار منداڵی هە یە
دووکوڕو دوو کچ
ئەمەش دوونمونەلەشیعرەکانی هونەرمەندی خۆشەویست

بۆیادی تۆسلێمانی







نازانم بۆکەپڕ ئەبم
لەخەم ودەرد
گریانێکی قووڵ دام ئەگرێ
بەهیچ شتێک ژێر نابمەوە
بەس کەناوی( سلێمانی) دێتەبەرگوێم
هەست ئەکەم باوەشی دایکمە
زوودەست بەجێ
لەخۆشیاوەک مناڵ
ژیرئەبمەوە.

بایەقووش

ئەم ماڵەپڕ بوو
لەراز ونیاز
لەدەنگی سەداو
مۆسیقاو وئاواز
پڕبوو لەجوانی
لەخۆشەویستی
لەهەستی ناسک
واتای سەربەستی
ماڵێک بووپڕبوو
لەشەوق وجوانی
لەهەڵپەی عیشق و
نووری یەزدانی
لەلایەک نوێژو
ئیتاعەی خوابوو
لەلایەک هەستی
مۆسیقای تیابوو
ئێستابێ سەداو
بێدەنگ وکپە
بێ هەست وخوست و
دەروونی پڕکڵپە
ئێستابایەقووش
لەجێی مۆسیقا
دەنگی مردنێ
ئەدابەگوێم دا
بۆجوانی ماڵم
هەرەسی هێنا
خەتمی کام کەلام
بەم حاڵەی هێنا
دەی بەنەعلەت بێ
پەتای نەخوازراو
نەسێبەرێ بووی
نەگەرمی هەتاو.

# کتێبی(Women Warrior) دەنوسرێت و کوردیش تێدا بەشدارە

کتێبی 'ژنە پاڵەوانەکان' ، مێژووی ئەو دەستە ژنە دەنوسێتەوە لە جیهاندا کە دەگمەن بوون و پاڵەوانی ژن و گەلەکەیان بوون لە مێژووی دوور و نزیکدا، چەشنی پاڵەوانە ئەفسانەییە یۆنانیە دێرینەکان لە مێژووی هەرە دێریندا جەنگیوون. ئەو کتێبە بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا دەنوسرێت و بڵاودەکرێتەوە لە لایەن خاتوو' ڤیکتۆریا پریستن' کە بەتەمەنترین ژنە جەنگاوەری ناو سوپای بەریتانیایە.

د.ساماڵ مانیی بەشدارە وەکو ژنی کورد لە کتێبی 'ژنە پاڵەوانەکان'دا.

د. ساماڵ مانیی دەڵێت: گەرچی هەموو کاتەکانم تەرخان کردوە بۆ فەلسەفە بە زمانی کوردی، بەڵام لەوە بە ئاگام کە ئەو بەشە لە مێژووی ژیانم بە تەنها موڵکی من نیە، بەڵکوو بەشێکی گرنگە لە مێژووی ژن بەگشتی و مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ژنی کورد بە تایبەتی؛ چ بەجیا و چ پێکەوە.
بەشداریم لەو کتێبە مێژوویە گرنگەدا پەسەند کردوە و میوانداری تایبەت و دیدارم لەگەڵ کرا و نوسراوەتەوە لە لایەن بەتەمەنترین ژنە جەنگاوەری سوپای بەریتانیا کە نوسەری کتێبەکەیە. ئەوەی کە گرنگە بیڵێم ئەوەیە ئەو یەکدوو پەڕانەی پێشتر لە بیرەوەریەکانمدا لە لایەن میدیای کوردی بڵاوکراونەتەوە وەکو: وێستگا، ئاوێنە ، زەمەن، سپی میدیا، زۆریتر لە میدیا کوردیە ئازیزەکان، بەشێکی گرنگ و زۆرینەن لە بەشداریم لەو کتێبەدا وتیایدا بڵاودەکرێنەوە.

بەڵام نامەوێت تێڕوانینی خاتوو ڤیکتۆریا پریستن نوسەری کتێبەکە لە بری خۆی باسبکەم، بەڵکوو ئەوە دەسپێرم بە میدیای کوردی دیداری لەگەڵ بکات سەبارەت بەو پرۆژە نوسینەی کە کورد تیا بەشدارە. هەروەهاش میدیای کوردی دەتوانێت وتە لە بەڕێز کاکە کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا وەربگرێت کە ڕێکخەری گەیاندنی وێنای ژنی کوردە لەو کتێبە مێژوویە گرنگەدا.

وێنەی د. ساماڵ مانیی و نوسەری کتێبەکە خاتوو ڤیکتۆریا پریستن




## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان نەمر ئازاد حەسەن هەمزە ناسراو بەئازادی کوێخا حەسەن ،،ئازاد کانیلەیەکی مەنگ پڕ لەووردە سرتەو عەشقی خاک و نیشتیمان ، لەشەماڵ نەرمترو لە نمە ناسک تر ،گیاو گەڵاو گۆڵی ئەم خاکەی کەروێشکە ئەکرد ، هەناسەیەکی فێنکی بەر هەتاو و ،پشکۆیەکی داخی ناو پڕووشە بوو ، لەهەموو بەرەبەیانێک کازێوە چن و ،دەمی ئێوارانیش زەردەپەڕی بۆ کاکۆڵی نیوەشەوێکی عاشقی جوانی نیشتیمان ئەبرد ، ئازاد هاژەیەک بوو لەخۆشەویستی نیشتیمان گەلی عەشقی قەد وشکی نەکرد ، لەگەرمترین وەرزا هەر هاژەی خۆشەویستی ئەهات ،بەدەم هەموو هەورێکەوە نمەیەک بوو بۆ سەوزایی و ژیان لەگەڵ هەتاوا هەمیشە لەکۆچی کێڵگەدا بوو ، پریاسکەکەی ئەتگوت تێشووی خاکە هەمیشە پڕ بووە لەگەنم و نانی گەرم و عەشقی کێڵگەو ، سێبەری کەپرۆکەی دڵتەڕی پڕ لەشڵپەی دۆ ،کاکە ئازاد ساڵی ١٩٥٥ لەگوێزیلێی ناوچەی ماوەت لەدایک بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی خوێندووە ، هەمیشە دەستی ڕەنج و عەشقی باخ و کێڵگەو سەوزایی جوانی یەکانی نیشتیمان بووە . لە شۆڕشی نوێدا هەر لە سەرەتایی دروست بوونەوەی پێشمەرگەو هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دا پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە ، لەساڵی ١٩٧٨ کە گوندەکان ڕادەگوێزرێن ئەمانیش ڕادەگوێزرێن بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی قەڵاچۆلان ، بەڵام ئەم لەبەر هەڵسوکەوتو جوڵەو کارەکانی ،هەر زوودەخرێتە ژێر چاوەدێری بەعسی یەکانەوە،دام و دەزگا جاسوسی یەکانەوە بۆیە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بەشۆڕشەوەو ڕوو لەشاخ دەنێت و دەبێتە پێشمەرگە ، دەچێتە دەزگاکانی سەرکردایەتی ونازەنگ/ ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە ،دوایی دەچێتە تیپی ٣٧ ی شارباژێر ، هەر سەرەتا لەبەر وورایی و گورج و گۆڵی هەڵوێستی جوانی پێشمەرگانەی دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەو ، دوایش جێگری کەرت ، سێ جار بریندار بووە ، بەشداری لە زۆری شەرەکانی ئەو ناوچەیەدا کردووە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری لەشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان کردووە ، لەبۆسەکانی سەرجادەی قەڵاچۆلان ماوەت و سەرسیرو چوارتا کەناروێ لە هەموویدا ڕۆڵی بەرپرسو ئازایانەی گێڕاوە هەمیشە شوێن دەستی دیار بووە تا لەبەرواری ١٠ لەسەر ١١ ی مانگی ٧ ساڵی ١٩٨٥ لەهەڵکوتانە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن ڕەبایە / لەگەڵ هاوڕێ یەکی تردا بەناوی کاکە جەمال گەشمردە بوون یادیان بەخێر ڕەوانی پاکیان شاد .

ڕزگارەسوور





# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## ئامادەکردنی بەختیار سەعید


**مستەفا شێرزاد فەیزوڵا بەگی موکری**

- 1941 لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە.
- 1968 لە دایرەی کەلتوور و هونەر دادەمەزرێت ـ پاشی چەند ساڵێک کار لەوێ دەچێتە دایرەی توتن.


ـ خوێندنی لە تەورێز بووە و پاشان لە خاڵیەوە ( فەیزوڵا خان ناهید ) وێنە کێشان لە سەر بابەتی خۆماڵی و کەڵتووری فێر دەبێت.




ـ ١٩٨٠ دێنەوە بۆکان و هەر لەوێ فێرگەی هونەری دادەمەزرێنێت، بەردەوام لە فێرگەکەیدا تەمەنە جیاوازەکان لەهەردوو رەگەز فێری نیگارکێشان دەکات.


- تا ئێستا خاوەنی چەندین پیشانگەی تایبەت و هاوبەشە.











# بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران









تێکۆشەرێک و ڕۆشنبیرێک و ماندوو نەناسێکی ڕێ ی خەباتی کوردایەتی بەختیاری مەلا عزەت

ئەو پیاوێکی بێ دەنگی سپی ، کت و مت وەک بەفر سپی و بێ دەنگ ، بەختیار پیاوێک ڕۆژانە لە شەقامەکانی شاردا خۆی و ڕۆژنامەیەک دێت و دەچێت ، ڕێک وەک مێژو بە دەربەندەکانی خۆیدا ، ئەو پیاوێک هەگبەی پڕ لە خەبات و بەرخودان ڕێک وەک خەونی نیشتیمان ، بەختیاری مەلا عزەت پیاوێک هەمو تەمەنی و وێستگەکانی ژیانی پێشمەرگانە دەژی بە بێ دەنگی ، ئەو پیاوێک لە ناو ڕەش بونی سەراپای جومگەکانی بەرهەمی خەباتدا سپی سپی دەچێتەوە ، پیاوێکی سادەی شیرین ، پڕ لە ڕێز و حورمەت ، ئەو پێشمەرگە و خەباتگێڕ و ڕۆشنبیر هەرگیز خەباتی نەکردوەتە منەتێک بۆ فرۆشتن ، یەکێک لەو نمونە جوانانەی کە دەیبینیت خەبات و پێشمەرگایەتی و شاری سلێمانیت زیاتر خۆش دەوێت.

بەختیار مەلا عێزەت لە ساڵی1953 لەدایک بووە ،سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٥ لەیەکیتیێ قوتابیانی کوردستان دەست پیدەکات،دەبێتە لێپرسراوی (ی ق ک ) لە قوتابخانەی ئامادەی ئێواران ،دواترلە ناو پارتی دەبێتە ئەندامی ڕێکخراو،لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ حەفتاو چوار لەسلیمانی دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی نهێنی لەگەڵ تێکۆشەران ساماڵ جەلال وئەندازیار محەمەد فەتحولا و فاتمە کەریم خۆشکی کاک عەلی لای کاک قادری حاجی عەلی و شیرینی مەلا عەلی کە ئەو لیژنەی ناوچەیە شەهید جەباری حاجی ڕەشیدو ماموستا سەلامی مەلا عبدول رەحمان دروستیان کرد دواتر چۆتە شاخ هەتا هەرس لە گەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ ئەمیش لە ناو شارەوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردوە بە کومەڵەوە، بە ڕاسپاردەی شەهید جەمال تایەرو لە ڕێ ی کاک سەلیم (دلێر ئەحمەد شوکری)لە ٢١ی ٤ی ١٩٨١ بووە بە پێشمەرگە لەهە ریمی چوار لای کاک جە مالی عەلی باپیر ئەوکات کاک جەبار فە رمان ڕابەر سیاسی بوو ،دواتر چووە بۆناو زەنگ لە مقەڕی ئەبوشەهاب، پاشان لەگەڵ شیخ ئەحمەد عەسکەری و کامەرانی ڕەحیمی عەلاف بە پشنیاری کاک عومەر شێخ موس پرسگایەکی نوێیان دروستکرد،پاشان بەهیمەتی کاک بورهان قانع دارولنەشریان دروست کرد ، هاوینی ساڵی ١٩٨٢ چۆتە سەرکردایەتی لە وەرتێ لای د. کەمال خۆشناو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ناوزەنگ و دواتر بۆ شارباژێر لای شۆڕش ئیسماعیل،دەستی بە کاری ریکخستن کردووە لەگەل ماموستا جوامێرو توفیقە رەشێ پینجوینی،

کەشارباژیر شەڕی تێ کەوت بەشێکی زۆری مەڵبەند چووە بەری قەرەداغ وئیتر لە ڕێکخراوی چوار کاری سەرپەشتیاری ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی بارەگاکەی پێسپێردرا کە کاک عومەرفەتاح بەرپرسی ڕێکخراوی چوار بوو ،پاشان لەگەل ماموستا کاکە ڕەش ئەرکی ڕێکخستنی مقەڕەکانی مەڵبەندی دەبرد بە ڕێوە،دواتر نەقڵ کرا بە ڕابەر سیاسی بۆ تیپی تایبەت کە عەدنانی حەمەی مینا سەر تیپ بوو ، هاوکات سەرپەرشتی ڕێکخستنی کومەڵەی دەکرد چونکە لێپرسراوی ریکخستنی نەبوو ،دواتر بوە بە لێپسراوی ڕێکخستنی کومەڵە لەتیپی حەڤدەی زمناکۆ کە جەمیل هەورامی سەرتیپی بووە وە کاک حەمەرەزا ڕابەری سیاسی بوو، پاشان لە سەر بڕیاری مام جەلال لە قەڵا چوالان دەکرێتە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی و دواتر دەبێتە کارگێڕی مەکتەبی شەهیدان کە سە عدون فەیلی لێپسراوی بو پاشان کارگیری مەکتەبی مافی مروڤ لای شەهید شاخەوان عەباس، ئەندامی دووکۆنگرەو پلینۆم وکۆنفراسەکان بووە، پاشان پشتیوانی لە کاک نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆڕان کرد،ئێستاش نیگەرانە لە هەموو حزبەکان ئەڵێت ئەوەی ئێمە خەباتمان بۆ کرد بەرهەمەکەی ئەوە نە بوو ئەوەشی لێی دەترساین بە داخەوە ڕوی دا، بەختیاری مەلا عزەت ناوێکی دیار و خەباتێکی پاک و خێزانێکی ڕۆشنبیر تا ئاستی جوانی بەرزی باڵای شۆڕش جوان و پاک .

تەمەن درێژی بۆ کاک بەختیار و نمونەکانی وەک ئەو.

سەرکەوتی جیهاز

٢ی ٩ی ٢٠٢١

## عەبدوڵا پەشێو

پێش ئەوەی بێمە بەردەمت
کام بیری جوان خورپەدارە
کام دێر هەڵبەست زۆر بە کارە
شانەی دەکەم وەک پەرچەمت
لە ماوەی چاو قوچانێکدا
هەزار و یەک خەونی شیرین
دەمکەن بە مەم ، دەتکەن بە زین
لە خەیاڵما

.پایز بەهاری لێ دەتکێ
درەختی رووت
گەڵای سەوزی پێوە دەلکێ
بەڵام،سەد ئاخ، ئەی دەروون پاک
کاتێ بانگم دەکەی بە کاک
کاک وەکو مار
...بەرەو گوێچکەم گینگڵ دەکا
کە دێمە گۆ
خۆی لە زمانم لول دەدا
...هێدی... هێدی
قووتم دەدا
کفنی زەردی نا ئومێدی

** ** **


...من لە ذڵتام
...لە دەروونتام
...لە گلێنەی چاوی روونتام
!شەرم مەکە
بە ناوی رووت
ناوم بێنە پڕ بە گەرووت
با لە یەکتری ئاشکرا بین
تاکەی لە ناو ئاگرا بین؟
...نە تۆ خوشکەی، نە من کاکم
خۆشەویستی دەروونپاکم

پەشێو

## عەبدوڵا پەشێو

- ژینی پێش تۆم لە یاد نیە

ژینی پێش تۆم لە یاد نیە
من نەبوون بووم
کە تۆم ناسی زمانم گرت
چاوم پشکوت
سەر پێ کەوتم دارە دارە
چۆن باوەڕ کەم بەوەی دەڵێ
لە دایک بوون هەر یەک جارە



یادنامەYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢١ — بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ — No.28,September 2021

## یادنامە وەک مینبەری بانگەوازی چون بەرەودەنگدان.

ئەگەر چی لە هەرێم و لە عێراقدا بە هۆی زۆری دروشم و کەمی پڕۆژەوە و بە هۆی زۆری بەڵێن و کەمی جێبەجێ کردنەوە خەڵک و دەنگدەر متمانەیان کەم بە پرۆسەی هەڵبژارد و دەنگدان ماوە ، وە دیسان بە هۆی دەست تێوەردانە دەرەکیەکانەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەر زۆر کەم باوەڕی بەوە هەیە بتوانێ بە دەنگی شتێک لە ڕەسمی حکومڕانی بگۆڕێ و دەستاودەست کردن و گۆڕینی دەم و چاو زۆر کەمە ، هەمو ئەمانە پێکەوە دەنگدەری بردوەتە لێواری بێ باوەڕی بە سندوقەکانی دەنگدان .
سەرەڕای هەمو ئەمانە هێشتا شا ڕێگەی گۆڕانکاری دەنگدان و سندوقی دەنگدانە ، چون بۆ دەنگدان سەرەڕای بێ هیوایەکان چونە بۆ بەردەم ئاڵنگاریەکان ، چون بۆ دەنگدان لانی کەم ڕاگرتنی دۆخەکەیە و ناهێڵێ خراپتر بێ ، چون بۆ دەنگدان بەردەوامی دانە بە وازنەهێنان لە هیوا .
یادنامە وەک مینبەرێک و سەکۆیەک داوا و تکاتان لێدەکات بچن بۆ دەنگدان و بێ هیوا مەبن لە شارێگاکەی خۆتان ، داواتان لێدەکا بەردەوام بن لە داواکاریەکانتان لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ، گەلی عێراق و کوردستان چەندین ساڵە هەمو ڕێگاکانی بەکار هێنا هەر لە خەباتی چەکداریەوە تا پادشایی و تا کودەتای سەربازی جگە لە خوێن و ماڵکاولی و بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر و گەندەڵ هیچی تری بەرهەم نەهێنا ، وەک یادنامە داوامان وایە بچن بۆ دەنگدان و دەنگ بدەن بە دڵخوازی خۆتان تا بیسەلمێنن کە بێ هیوا نەبوین لە سندوقی دەنگدان.



لیژنەیەکی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان رایدەگەیەنێت: گروپەکانی سەر بەتورکیا لە عەفرین و سەرێکانی چەندین تاوانی ئەشکەنجەدانیان بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کورد ئەنجامداوە.

لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سوریا لە 24ەمین راپۆرتی خۆیدا رایگەیاندوە: گروپە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا لە ناوچەکانی عەفرین و سەرێکانی لە رۆژئاوای کوردستان لە رفاندن، ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی بۆ سەر هاوڵاتیانی کورد بەردەوامن.

کارێن ئەبو زەید، سەرۆکی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سوریا ئاماژەی بەوەداوە سوپای سوریا لە ناوچەکەدا بە شێوەی نایاسایی بەردەوامبوە لە بێبەشکردنی کورد لە ئازادیەکان.

ئەمە لەکاتێکدایە هەفتەی رابردو، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە تورکیا کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە لە زیادبونی تاوانەکانی کوشتن، رفاندن و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامان لە ناوچەکانی عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی بکا.

لە KNN وەرگیراوە




شەری بەردەکری سەرا شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ... ل٢
یادێک بۆ سەعید قەزار ... ل٣
حەپسە خانی نەقیب ... ل٤
وەسیەتی قانع بۆ وریای کوڕی ... ل٥
چەرچڵ و ئینونو بەکر شوانی ... ل٦
هەموو کوردێ پێویستە: ... ل٨
هۆ خاوەن دەسەڵات ... ل٩
6ی ئەیلوولی 1930 ... ل١٠
هەرێمی کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیا! ... ل١٤
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٥
بیرەوەری پێشمەرگە ... ل١٦
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی ... ل٢٠

# شـــەڕی بەردەکری ســـــەرا
# شەشی ئەیلولی ١٩٣٠

ئەمڕۆ یادی ٩١ ساڵەی شانازییەکی تری سلێمانی و بەردەرکی سەرایە .... ڕۆژێکی خوێناویی و مێژوویییە لە ڕۆژمێژی سلێمانی دا ...


ڕۆژێك پڕ لە کارەسات و مەرگ و قارەمانێتیی و بەرخودانی خەڵکی سلێمانی ، لەپێناو بەدیهێنانی خواست و مافە ڕەواکانی گەلی کوردا ،،، بەرخودانێك کە بەیەکەمین ڕاپەڕینی مێژووی کورد دادەنرێت ، کە بەشێوەیەکی شارستانیی و ڕێکخراو کرا و خەڵك بە داوا و خواستەوە ڕاپەڕیی ، کە دەرئەنجامی خەمساردیی ئینگلیز لە پەیمانەکانی و بەردەوام بوونی ڕژێمی عێراق لە پێشێلکاریی مافی کورد و دانانی کۆمەڵێ کاندید و نوێنەری کارتۆنیی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان ...
...

وەك شایەتحاڵی ناو ڕوداو و ڕۆژگارەکە باسی لێوە دەکەن ..*
لە ئێوارەی دوێنێی ڕاپەڕینەکە ، واتا ڕۆژی ٥ی ئەیلوول [ فایەق بێکەس و ڕەشۆڵ و ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵێکی تر لە تێکۆشەرانی شارەکە ] خەڵکی نزیك و ناسیاوی شارەکەیان لە پێشهات و ڕوودان و هاندانی ئەو ڕاپەڕینە ئاگادار کردۆتەوە و خەڵکیان لە دژی خەمساردیی ئینگلیز و حکومەت هاندەدا و داوایان لە خەڵك دەکرد کە نەچن بۆ دەنگدانە کە چونکە ئەوانەی بەغا نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد ناکەن ... کە لەو ڕۆژگارەدا [ تۆفیق وەهبی بەگ ] موتەسڕفی سلێمانی بوو ، لەسەرەتای ڕووداوەکەوە ئاگادار بووە و بە پلان و ڕێکخراوی ئەو ڕووداوەکە سەریهەڵدا ، هەر بۆیە لەدوای ئاشکرابوونی سزا درا و لە پلەی موتەسڕفیی دوور خرایەوە و لابرا ...

شەهیدەکانی ئەو ڕۆژە (عەولە سیس ، عەلە گون سووتاوی چایچی، سەعید حەمەی ئامێ، عەزیزی مامە حەمە، حەمە چاوشین، عەلی سیوجگەر، ئەحمەد نێوێك و هەلۆ بەگ، حەمە قالەی ئەشغال، محەی خولە درێژ، حەسەنی دەروێش، ئەحە ڕەشی حەسەنی دەروێش، مستەفا بەگی فەتاح بە) ، ..

هەر ئەم ڕاپەڕین و کوشتارەش کە بەرامبەر سلێمانی کرا بووە هۆی دروست بوون و هاتنەکایەی شەڕی ئاوباریکی مێژوویی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر کە بۆ بەرپەرچدانەوای ئەو تاوانە لە ڕۆژی ٥/٤/١٩٣١ بەرپابوو ...

* ئەم وێنەیەی لەگەڵ بابەتەکە پۆستکراوە ، هەرچەنە بە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ئاژمارکراوە ، بەڵام من گومانم هەیە ئەو ڕۆژە بێت ، چونکە وەك لەسەر زاری شایەتحاڵەکانەوە باس دەکرێ ، ئەو ڕۆژە سامناك و شپرزەیی و ڕاکەڕاکێکی بێشومار بوو، لەبەر دەرکی سەرا لاشەی کوژراو و بریندار لەو ناوە کەوتبوو ، خەڵك لەترسی ڕەشاش و گوللەکان خۆیان دەشاردەوە ،،،




[[ئەمە ئەگەربەرلە ڕوودان و تەقینەوەکەی ئەو ڕۆژە نەبێت]]
ئەو ڕۆژە عەسکەرییەی حکومەت داباریبووە شارەکە و بەتایبەت بەردەرکی سەرا ،، ناشێت هەمان ڕۆژ بێت ، بەتایبەت شایەتحاڵان دەڵێن دوای کارەساتەکە خەڵك هەمووی خۆی ئەشاردەوە و زۆرێکیش بۆ هانا بردن چوون بۆلای شێخ مەحمودی نەمر کە لەو کاتەدا لە سلێمانی نەبوو ...
بۆیە پێناچێت ئەم وێنەیە هەمان ڕۆژ بێت و خەڵك توانیبێتی ئاوا بە ئاسایی لەو شوێنەدا بن ..

زۆزك_خەفاف

# یادێک بۆ سەعید قەزار




ئەو پیاوە کوردەی (پارێزگار-موتەسریف)ی موسڵ بوو.
سەعید قەزاز لەساڵی ١٩١٧ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە،بە بڕوانامەی ئامادەیی وەک (پشکنیار-مفتش) لە ناوخۆ پلە بەپلە پێشکەوت تاگەیشتە ئاستی پارێزگارو لەساڵی ١٩٤٨ کرایە موتەسەریفی لیوای موسڵ.دەسەلاتی هەر لەزاخۆ تاکو نزیک کرکوک بوو.

سەعید قەزاز و سزادانی بەڵتەچی یەک

سەعید قزار پیاوێکی بەهیمەت وتوند بوو لە دەسەڵات...ساڵی ١٩٥٠ دیاردەی وەرگرتنی سەرانە تەشەنەی سەندبوو لەموسڵ کەچەند کەسێکی نەگریس وشەڕانی یەکێ لەوانە ناوی فازیل حەبیە بوو بەودا دیاربوو هێڵێکی شکاوی وچەند پەڵەیەک بەلاچاویەوە هەبوو،دەسەڵاتێکی نادیاریان هەبوو کە خاوەن دوکان وبازرگانەکان وخەڵکیان پێ دەترساند، فازیل حەبیە کەدەیویست سەرانە وەرگرێ دەچوە لای ئەوانە ودەیگوت (مکسّر علی راسو کحوف گوێ بەهیچ نادەم هەموو سەرم تەقەڵ وزامە) بەردەوام سەرخۆش بەوشێوەیە سەرانەی وەردەگرت... بنکەی پۆلیسی دەواسە چەند پولیس وئەفسەری هەبوو ئەوکات وسەردەمە بەپۆلیسی ناوخۆیان دەگوت واشەر... ئەو سەرانەیە لەلایەن ئەو تاقمە بەڵتەجیەوە زیادی کردبوو گەیشتبوە ٣ ڕۆژ لەهەفتەیەک دا. ئەمەش وای لەبازرگان وخاوەن دوکان وخەڵکەکە کرد کە باز بەسەر بنکەی پۆلیس وبەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بدەن وخۆیان بگەیەننە لای موتەسریف واتە سەعید قەزاز. دوای گوێ گرتن لەسکاڵای خەڵکەکە،دوای کۆتایی دەوام سەردانی بنکەی پۆلیسی دەواسەی کرد و داوای لەئەفسەری بنکەکە کرد کەهەرئێستا دەبێ بچی فازل حەبیەم بۆ بهێنیتە ئێرە لەماڵەوە هێنایان تاخۆی لێکولینەوەی لەگەڵ بکات پرسیارێک وکۆتا پرسیاریش بوو پێی گووت تۆ سەرانە وەردەگری ومن موتەسریفی موسڵ بم؟
فازیل حەبیە لە وەڵام گوتی من خەڵکی بادوشم وهاتووم لێرە کاربکەم پێلاوەکانت ماچ دەکەم بەڵێ وەرمگرتوە!!
سەعید قەزاز زۆر تووڕەبوو بەپۆلیسەکانی گوت بۆم هەڵواسن تا فەلاقەی کەم و حەیزەرانی گرتە دەست وخۆی دەستی کرد بەفەلاقە کردنی کابرا وەک مشک لەبەردەستی هەڵدەلەرزی پێی دەگوت یاغریب کون ادیب .. یاغریب کون ادیب .. واتە ئەی بێگانە بەئەدەب واتە خۆت چاککە.بەحەیزەرانەکە هێندەی پیاکیشابوو جلەکانی بەری دڕان وعەیب وعاری بەدەرکەوت، دوای کەمێ حەسانەوە بەئەفسەرەکەی گوت سواری مسلحەکەی بکەن بڕۆن بیگێڕن ئەوە مافی ئاڵای عیراقە بەبەردەم دوکان وناو بازارو خەڵک وئاگاداریەکی بڵاو کردەوە کێ سکاڵای هەیە بابێت ومافی بۆ وەردەگرینەوە..کرا بەپەند بۆ ئەوانەی وەک ئەو...
کەهەواڵەکە بڵاو بۆوە هاوڕێ بەڵتەجیەکانی ڕوویان لە نۆرینگەیەک کرد لەباب جدید بەناوی ڕعد محمد ڕیزیان بەستبو تا ئەو خاڵ وکوتاویانەی سەر دەست قولییان لێکەنەوە وبەمەش دیاردەی سەرانەو بەزۆر وەرگرتنی پارە لەموسڵ دا نەما.
محمد سەعید قەزازی خوالێخۆش بوو کۆتا وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی بوو لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٥٩ دوای دادگاییەکانی مەهداوی بڕیاری لەسێدارە درانی بۆ دەچوو
پێش جێبەجێ کردنی بڕیاری لەسێدارە دانەکە هاوژینەکەی پێی ڕاگەیاند دەچم بۆ لای سەران وئەفسەرانی کۆدیتاکە تا جێ بەجێی نەکەن بەیەک ڕستە وەڵام بچی بۆلایان تەڵاقت دەدەم...لەکۆتا دادگایی وڕۆژی لەسێدارە دانی ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە پەتی سێدارە نامترسێنێ کاتێ لەملی دەکەم چونکە ئەوانە دەبینم کەمافی ژیانیان نییە لەژێر پێیەکانم دان..
چەند ساڵێ بەر لەئێستا لەشاری سلێمانی وەک یادێک بۆ ئەو پیاوە بەهیمەت ودلسۆزە پەیکەرێکی بۆ دانرا.

**وەرگێڕانی عوسمان عومەر**




# حەپسە خانی نەقیب

ئەو ژنەی دەنگی شارێکی گەیاندە کۆمەڵەی گەلان ...
لە سەروبەندی ڕووداوەکانی بەردەرکی سەرا ڕێکەوتی 06-1930-09
حەپسە خان نامەیەک ئاراستەی ( مەندوبی سامی ) بەریتانی ئەکات کە پڕە لە ئازایەتی و چاو نەترسی لە شوینی هێزەوە موخاتەبەی گەورەترین داگیرئەکات کە لەو کاتەدا نیوەی جیاهانی داگیر کردبوو بەبێ سڵکردنەوە و بێ دوو دڵی کە خۆی ناگۆڕێتەوە بە شاژنی بەریتانیا لە سەرەتای بروسکەکەدا نووسیوێتی( لە نەقیب زادە حەفسەوە بۆ شکۆدار مەندوبی بەریتانی ) ئەم جۆرە لە موخاتەبە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ئەم ژنە ئازایە چ هێزێکی گەورەی هەبووە کە توانیویتێ بەم شێوازە قسەبکات دژی بە داگیرکەری بەریتانی، بروسکەکە بە ئاشکرا دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی تاوان باردەکات بە درندەیەتی و بەربەی بەرامبەر بە خۆپێشاندەرانی سیڤیل و خەڵکی شارەکە .

گەر بە وردی سەرنجی بروسکەکە بدەین هۆکاری سەرکی دروست بوونی ڕووداوی بەردەکی سەرا بۆ هەڵبژاردنی ( نوێنەرانی شاری سولەیمانیە بۆ پەرلەمانی عیراق ) بووە کە داگیرکەری بەریتانی ویستویەتی ساختەکاری بکاتلە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکەکە و کەسانی سەربە دەسەڵاتی مەلەکی دابنێ،
بەڵام خەڵکی سولەیمانی بەم ساختەکاریەن ڕازینابن و خۆپێشاندان بەرپائەکەن.
دەقی بروسکەکەی حەپسە خانی نەقیب ...

لە نەقیب زادە حەفصەوە بۆ شکۆدار مەندوبی بەریتانی ,
ڕۆژی حەوتی ئەیلوولی 1930 لە سولەیمانیەوە
هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی درندانە ی بێزراوی ئەوتۆ ڕادەپەڕێنرێت کە هیچ گەلێکی جیهان لە ڕۆژگاری بەربەرییەکاندا لە وێنەیان نەبینیووە .
کام یاسا ڕێگە دەدات گەلێك لە کاتی هەڵبژاردندا تیرۆر بکرێت .کێ لە ئێوە یاسا پارێز و کێش لە ئێوە یاسا دەخاتە ژێرپێوە ؟ کام یاسا ڕێگەی داوە چەك دژی جەماوەر لەکاتی هەڵبژاردندا بەکار بهێنرێت ؟ئێمرۆ شاری سلێمانی گەێێندراوەتە دۆخێکی دژواری بەربەریی ئەوتۆوە کەبۆی هەیە سەرتاپای مێژووی هەرکەسێکی بەرپرس لەکەدار بکات .
لیژنەکەتان ( لیژنەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان - ک.م. ) کەوتە وتوویژ لە گەڵ کەسانێکدا کە هیچ سەنگیکیان لەم وولآتەدا نیە . جەماوەر کاتێك بەمەیان زانی بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان کۆ بوونەوە, ئەمەیش بێگومان مافی یاسایی خۆیانە .کاتێك ئەوان (واتە پیاوانی میری - ک.م. ) دیبیان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە دژیان پەنایان بردە بەر سەربازو ڕەشاش و دەسرێژیان لێکردن ,شەست حەفتا یەکیان لێ کوشتن و بریندار کرد.کام یاسا ڕێگەی ڕەفتارێکی وەها دەدات ؟
ئەی چۆن ئەوانەی وایان کرد دەتوانن پاکانە بۆ کارەکەیان بکەن ؟ئێمەی کورد بێزاری خۆمان بەرانبەربوم کارە درانددانەیە دەدەبرین و هەتا خوێنی کوردایەتی لە دەمارەکانماندا بجمێت هەرباسی دەکەین و دەکەین , ئێوە یاساپارێزن ئەگەر وابێت کێن ئەوانەی یاسایان پێ شێل کرد؟




هێزە چەکدارەکانی ( میری - ک.م. ) بەوەوە نەوەستان کە بە جەماوەرەکەیان کرد , بەڵکو ڕژانە ناو ماڵەکەی منیشەوە و کەوتنە پشکنین و ڕووی چەکەکانیان کردبووە سنگی ئافرەتەکان .ئەم پشکنینە بوو هۆی فەوتان و تاڵانکردنی شتوومەکە بەنرخەکانم .من داوای مافە ڕەواکانی خۆم لە سەرجەمی ئەو کەسانە دەکەم کەیاسایان پێشێل کردو ڕێزی ماڵەکەمیان نەگرت .دوای ئەم هێرشە جانەوەرییە هێزە چەکدارەکان کەوتنە گرتنی پیاوە ناسراوەکانمان , ئەوانەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕەوانەی بەغدا کران .
تکا لە شکۆدارتان دەکەم ئەم بروسکەیەم ( وەرگێڕنە سەرزوبانی ئینگلیزی - ک.م. ) و وێنەی پێشکەشی ( کۆمەڵەی گەلان) لە جنێف بکەن.

تێبینی :- فۆتۆی حەپسەخانی نەقیب بۆ یەکەم جار لە ئەرشیفی نووسەر ( غفور ڕشید داراغا )وە بڵا ئەکەمەوە.
کۆمەڵەی گەلان = نەتەوەیەگرتووەکان
سەرچاوە - لاپەڕە ( 193 , 194 , 195 ) لە کتێبی
کورد و کوردستان لە بەڵگە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا - کەمال مەزهەر بەرگی یەکەم 2009 چاپی دووەم, پوختە کراو, ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە , شەهلا تاهیر حەیدەری
تێبینی ئەم بابەتە لە فەیسبوک وەرگیراوە وەک خۆی بڵاوم کردەوە لە گەڵ ڕێزو سوپاسم.

# وەسیەتی قانع بۆ وریای کوڕی

وریا سەد ئامان ، دایم وریابە .
بۆ هەموو کەسێ چەشنی برابە .
نەشێخ ، نە سۆفی ، نە مامۆسابە ؛
ئارەق بڕێژە و ، ڕوو لە هیوابە ..

ڕۆڵە هەرکەسێ نانی خەڵکی خوارد ؛
وەکیلی سواڵێ بۆ سەر خەڵقی نارد ؛
بۆ ڕۆن ، بۆ شەکر ، بۆ پارە ، بۆ ئارد ؛
یاخوا بمێنێ بە هەناسەی سارد !

چەن خۆشە کورم ئارەق بڕژێنی !
لە دەشت و دەرا ، غیرەت بنوێنی ؛
نانی سەپانی خۆت بە دەس بێنی ،
ڕیشەی تەمبەڵی لە بن دەربێنی ..

چاکی و پیاوەتی بەر مەدە لە دەس ،
بۆ هاشە و هووشە ، گوێ مەدە بە کەس ؛
وەنیە تۆ کەوب بی ، ئەم دنیا قەفەس ؛
بڕۆ هەر لایێ ، کە ئارەزووت هەس !

ڕۆڵە پیاوێکی تەواو پیاو بیت ،
لە ناو مێژووا خاوەنی ناو بیت ،
بۆ گەل و هۆزت ، دەروون سووتاو بیت ؛
نەک وەکوو یارۆ شێتی دراو بیت !!

نە بەرتیل خۆر بە ، نە دوعا نووس بە ؛
نە نۆکەر ئاغا ، بۆ نانە خووس بە ؛
نە شێتی کچان ، نە شەیدای لووس بە ؛
دوژمن بە گیانی دەستەی جاسووس بە !

ڕۆڵە بە دایم ڕوو کەرە خووا ،
هەرچی گا کێڵای ، نابێ گا بیخوا !
نیوەی دەست ڕەنجت هەر بۆ بێ نەوا ؛
خۆت ڕیسوا مەکە ، بۆ کراس و کەوا !!

هێندە بخوێنە ، کە خوێندەوار بی ؛
لە ناو کۆمەڵدا زرنگ و ، هوشیار بی ؛
بە ناوی چاکە تۆزێ دیار بی ،
چ لە لادێ بی ، یاخۆ لە شار بی !

ڕۆڵە هەرکاتێ کە وا من مردم ؛
لە ناو گۆڕخانە تەسلیمت کردم ؛
مەڕوانە بۆ ئەوە ڕەنجە من بردم ؛
مەڵێ من تورکم ، وەکوو تۆ کوردم !

ڕۆڵە سەد دەخیل مەلایی مەکە !
ئیشی چاو شۆڕی و ، ڕیسوایی مەکە !
درۆ و ، دەلاسەی خۆڕایی مەکە !
خۆت بە محکوومی ئاوایی مەکە !

ڕۆڵە هەرکەسێ کە هوشیار نەبێ ،
بۆ گەل و هۆزی خزمەتکار نەبێ ،
ئەگەر برات بێ ، لەلات یار نەبێ ؛
دڵت بۆ ئێشی بریندار نەبێ !

ڕۆڵە نۆکەری بۆ ئاغا مەکە ؛
کڕنووش بۆ خانم ، بۆ کوێخا مەکە ؛
لە شێخ و سۆفی مەرحەبا مەکە ؛
بە درۆ و چاوڕاو، نان پەیدا مەکە !!

ڕۆڵە تەماعکار مەگرە بە برا،
خۆت بسووتێنە و ، ببە بە چرا ،
بۆ سوودی هۆزت دەس کە بە هەرا ،
درۆ و دەلەسەی ناپیاو دەرخرا !

ڕۆڵە عیسایی یاخۆ مووسایی ؛
مەچۆ بە گژیا ، هەر بە خۆڕایی !
هەتا ئەتوانی بە دڵ نەوایی ؛
بیهێنە سەر ڕێ ، ڕێگەی برایی !

چۆن ڕۆژێ ئەبێ کە بە کارت بێ ؛
بۆ باری شانت ، کە خەم خوارت بێ ؛
لە خەمخواردنا ئەویش یارت بێ ؛
وەک برای پشتی هەر هوشیارت بێ !

ڕۆڵە من دایم نامێنم بۆ تۆ !
هۆشت بەخۆ بێ ، نەبی ڕەنجەڕۆ !
بە هۆشەی زۆردار ، مەبە دەسخەڕۆ !
لەسەر خو و ڕەوشت پیاوانە برۆ !

ڕۆڵە من زەمان یارمەتی نەدام ؛
هەلێ هەڵنەکەوت ، بگەم بە مەرام ؛
دایم گەردن کەچ ، کڕنووشی سەلام ؛
لارەمل بەردەم ، ئاغا و مام کوێخام !!

(شاعیری چەوساوەکان مامۆستا قانع)





# کاتێك چەرچڵ داوای کرد شیعرێکی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕن


## چەرچڵ و ئینۆنو
## بەکر شوانی

کتێبی "بیرەوەرییەکانم"ی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی کورد موسا عەنتەر (١٩٢٠-١٩٩٢) لێوانلێوە لە ڕووداوی مێژوویی و سەربووردەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کوردەکانی سەدەی بیستەم و هەندێك کەسایەتیی تورك و بیانی کە پەیوەندیان بە کورد و دۆزەکەیەوە هەبووە. یەکێك لەو ڕووداوانە بەسەرهاتی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ونستن چەرچڵ و سەرۆك کۆماری تورکیا عیسمەت ئینۆنوەوە*.

موسا عەنتەر ساڵی ١٩٥٦ لە بەیئۆغلوی ئیستانبوڵ ڕێستۆرانت/کانتینێکی گەورە و بەناوبانگی دەبێت و هەر خۆیشی بەڕێوەی دەبات. ڕۆژێك تەماشا دەکات وا دوو پیاوی بەتەمەن بەرەو ڕێستۆرانتەکەی ئەم دێن. ئەمیش لە دوورەوە هەردووکیان دەناسێتەوە؛ یەکێکیان پرۆفیسۆر تاهیر تانەرە کە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ مامۆستای موسا عەنتەر بووە و ئەویتریشیان وەزیری پێشووتری دەرەوە نوعمان مەنەمەنجیئۆغلووە.**

ئەم جووتە هەفتەی چەند جارێك دێن بۆ لای موسا عەنتەر و ئەمیش خزمەتێکی جوانیان دەکات. دوای ئەوەی ڕایەڵەی متمانە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ڕۆژێك مەنەمەنجیئۆغلو ئەم بەسەرهاتە بۆ موسا عەنتەر دەگێڕێتەوە:

هاوینی ساڵی ١٩٤٣ و لە گەرمی شەڕی دووەمی جیهاندا سەرۆکی ئەمریکا ڕۆزڤێلت و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ، ئینۆنوو و منیان بانگهێشت کرد بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی قایلمان بکەن ئێمەش بچینە شەڕەوە. ئینۆنوو دڵی پێوە نەبوو تورکیا لە شەڕدا بەشدار بێت. ئەو داوای دەکرد هاوپەمانان سوپای تورك پڕ چەك بکەن و ئەوسا داوای شەڕی لێ بکەن. بەڵام نە چەرچڵ و نە ڕۆزڤێلت باوەڕیان بە تورك نەبوو، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو دوای پڕ چەککردنمان بچینە پاڵ ئەڵمانیا. کاتێك زانیان ئینۆنوو مل نادات، هەردووکیان ویستیان بە پرسی کورد چاوترسێنمان بکەن. چەرچڵ ڕووی لە ئینۆنوو کرد و لەپڕ لێی پرسی: "پاشا، تۆ کوردی دەزانیت؟" ئینۆنوو سەری لێ شێوا و نەیزانی چی بڵێت. تاوێك چاوەڕێم کرد و ئەو هەر هیچی نەگوت. ئەمجار من هاتمە نێوانەوە و گوتم: "ئەکسیلێنس، ئێمە کوردی نازانین. لای ئێمە کوردی ئاخێو نییە و زمانیکی لەو جۆرەش بوونی نییە." توومەز چەرچڵ گرووپێك ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆری زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە یەکێك لەوانەی پرسی: "مستەر، وایە؟ زمانێك نییە بەناوی زمانی کوردی؟" کابرا دیار بوو پێشتر خۆی ئامادە کردبوو، یەکسەر هەستایە سەرپێ و گوتی: "چۆن شتی وا دەبێت گەورەم! زمانێکی کوردیی خاوەن ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەند هەیە. ئەگەر مەیلتان لێ بێت، دەتوانم شیعرێك لە دیوانی مەلایێ جزیری بخوێنمەوە." ئێمە تا ئەو کاتە ناوی ئەو شاعیرەمان نەبیستبوو. چەرچڵ گوتی: "بیخوێنەوە!" کابرا شیعرێکی خوێندەوە کە ئێمە لێی تێ نەگەیشتین، بەڵام زمانێك بوو نزیك لە فارسی و ئاهەنگ و میلۆدییەکی فرە نایابی هەبوو. کابرا گوتی ئەو شیعرە کوردییە. چەرچڵ گوتی: "ئەو شیعرەمان بۆ بنووسەوە!" کابرا شیعرەکەی لەسەر کاغەزێك نووسی. چەرچڵ گوتی: "وەری بگێڕە سەر ئینگلیزی!" ئەمجار داوای کرد وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەو فەرمانەیشی بەجێ هێندرا. دواجار دەستووری دا شیعرەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکیش. پاشان بە منی گوت: "مسیۆ، تۆش وەرە بڕوانە! با بزانین ئەم تێکستە لەم سێ زمانەدا ناچار بوو بۆ گوزارە لەخۆکردن چەند وشەی بیانی بەکار بهێنێت؟" دەقە فەرەنسییەکەی شیعرەکەی جزیری، جگە لە وشەی فەرەنسی، هیچ وشەیەکی تری بیانی تێدا نەبوو. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا سێ و چوار وشەی بەڕەچەڵەك لاتینی هەبوو. لە شیعرە کوردییەکەشدا چوار-پێنج وشەی عەرەبی هەبوو. بەڵام کاتێك هاتینە سەر دەقە تورکییەکە، جگە لە (در) و (ئیلە)، یەك وشەی تورکی تێدا نەمابوو. هەندێك لە وشەکانی دەقە تورکییەکە فارسی و بڕێکیان عەرەبی و ئەوانی تریشیان لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگیرابوون. چەرچڵ هەر چوار لاپەڕەکەی خستە پێش ئێمەیش و بە ئاماژەیەك کە واتای "شەرم لە خۆتان ناکەن!"ی دەگەیاند، گوتی: "فەرموون بەڕێزینە، دەوڵەمەندیی ئەو زمانی کوردییە ببینن کە زمانی زگماکی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی وڵاتەکەتانە و ئێوە نکۆڵی لە هەبوونی دەکەن!" من بە درێژایی سەردەمی مانەوەم لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا ڕۆژێکی ترم بیر ناکەوێتەوە هێندەی ئەو ڕۆژە تیایدا تەنگاو بووبم.




*عیسمەت ئینۆنوو (١٨٨٤-١٩٧٣): لە ١٩٢٣ تا ١٩٣٧ سەرۆك وەزیران و لە ١٩٣٨ تا ١٩٥٠ سەرۆك کۆماری تورکیا بوو.

**نوعمان مەنەمەنجیئۆغلو (١٨٩١-١٩٥٨): دیپلۆماتێکی ناسراوی تورك بوو، لە ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ وەزیری دەرەوە بوو.


وێنەکە: چەرچڵ و ئینۆنوو

# کورتەیەك دەربارەی هەندێك لایەنی شاراوەی ژیانی خولە پیزە

تێکۆشەر ناوی مەحمود محەمەد ئەمینە (خولە پیزە) وەك باس دەکرێت لە بنە ڕەتدا خەڵکی گوندی (چەمیاڵە) بووە لە سنووری شارباژێر نزیك گوندی نۆڕك و دەورو بەری وڵیاوا خێزانکی هەژارو دەست کورت بوون ژیانێکی کوللە مەرگیان بە سەر بردووەو بە کشت و کاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریك بوون بەو جۆرەش وازیان لێ نەهێناوە کە بە هۆی مردنی باوکیەوە ئەرکی

بەخێو کردنی خێزانەکەیانی لە ئەستۆدا بووە کاتێك مەفرەزەی پۆلیس لە چوارتاوە ئەچن بۆ گرتنی بە هۆی دوا کەوتنی خزمەتی سەربازیبۆ رژێمێك کە پەیوەنی بە کوردەوە نەبووە، خۆی ئەشارێتەوە لە ماڵەکەیان و دایکییشی کەناوی پیزەیە بە قورئانێکەوە ئەچێتە پێشوازی پۆلیسەکان و داوایان لێ دەکات واز لە خولەی کوڕی بهێنن و نەیگرن بە سەرباز چونکە کەسیان نیە بە خێویان بکات پۆلیسەکانیش زۆر بێ رێزی پێ دەکەن و پاڵی پێوە ئەنێن و قورئانەکەی لە دەست ئەپەرێت کاتێك خولە پیزە ئەوە بێ رێزیە ئەبینێت کە بەرامبەر بە دیکی و قورئانەکە کراوە خۆی پێ ناگیرێت بەو تفەنگە کۆنەی کە هەیان بووە کە ئەوسا زۆرتر تفەنگی (ماهێر)و(سێ تیر)و یانزە تیر) بووەو لە شوێنی خۆ حەشار دانەکەیەوە تەقە لە پۆلیسەکان دەکات و سەردەستەکەیان کە ئازاری دایکی دابوو بە ناوی (حەمە ئەمین بانی شاری) دەکوژرێت و ئەوانی تریشوەك کۆمەڵەی گزگل لە ترسا رادەکەن و خولە پیزەش قاچاغ دەبێت و ئەچێتە شاخ و هەمیشە کۆمەڵێك خەڵکی ئازای لەگەڵ بووە کەناو بەناو کەم و زیادیان کردووە حوکمەتی ئەوسای عێراقیش لە ساڵانی سیەکان و چلەکاندا هەمیشە بە هێزی سەربازی و پۆلیس و جاش کە پێیان ئەوترا(غیر نیزامی) لە هەوڵی لە ناوبردنیدا بوون بەڵام بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووی خۆی هەم پارێزگاری لە خۆی کردووە هەم دژایەتی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی کردووە کە بە هاوکاری یەکتر هەوڵی لە ناوبردنیان داوە و لە دەیان شەڕدا توانیویەتی خۆی دەرباز بکات، لە شەڕێکی سەختدا لە شاخی بەردەبەکۆزی نزیك سورکێو تایەری برای کەلەگەڵیدا بووە بریندار دەبێت و بە بریندار ئەیبەنە گوندی (چەمیاراو)ی ئێران نزیك گوندی (سیاگوێز) لە ناحیەی گەرمك لە ماڵێك دای ئەنێن و تەداوی دەکرێت بەڵام بە داخەوە لە لایەن خۆفرۆشێکەوە خەبەری لێ ئەدرێت و هێزێکی زۆری جاش و پۆلیس ئەچنە چەمیاراو و دەوری ماڵەکە دەگرن و پاش گەڕان بە برینداری دەست گیری دەکەن و ئێوارە درەنگ هێنرایە مەخفەری پۆلیسی گۆڵێ لەبەر درەنگی کات و لە ترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە نەبرایە پێنجوێن و لە مەخفەری گۆڵێ هێڵرایەوەو پۆلیسێکی زۆر ئێشکی مەخفەرەکەیان گرتبوو لەترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە لەلایەن خەڵکی (گۆڵێ)وە خواردن و جل وبەرگی زۆری بۆ برا بەڵام رێگە چارەو دەستەڵاتێك نەبوو بۆ ئازاد کردنی و بە داخەوە رۆژی دواتر برایە پێنجوێن و دواتر سلێمانی و دوای دادگایی کرانی لە لایەن دادوەرێکەوە بە ناوی(حاکم عبدالباقی)ناوێك لە بەر دەم سەرای سلێمانی فەرمانی کوشتنی جێ بە جێ کرا و لەو سنوورەدا تا ئێستاش وەك گۆرانی کارەساتی بریندار بوون و گرتنەکەی وەك کۆرانی ماوەو ئەوترێتەوە وەکو(تابووتی بۆ بکەن لە توڵی لاولاو..تایەری تێکەن بەرەو چەمیاراو) یان (ماشێنێك هاتووە شینی قەزوانی..تایەریان تێکرد بۆ سلێمانی)و لەم بابەتانە.

خولە پیزە نەی هێشت خوێنی تایەری برای بە فیرۆ بروات جگە لەوەی کە چەندین کەسی لە پیاوانی رژێم کوشت بڕیاری دا تۆڵە لەو حاکمەش بکاتەوە کە فەرمانی کوشتنی تایەری برای دەرکردبوو بۆیە لە کاتێکدا حاکم عبدالباقی بۆ دەوام لە سلێمانیەوە ئەهاتە پێنجوێن لە سەر پردەکەی ناڵبارێزی ئێستا بۆسەی بۆ دا ئەنێت کاتێك حاکم عبدالباقی دەگاتە ئەو شوێنە تەقەی لێ دەکات و لە تۆڵەی تایەری برای دا دەیکوژرێت دوای ئەوە ماوەیەکی تر بەردەوام بوو لە شاخەو شاخ و گوند بە گوندو رژێمی ئەوسای عێراقیش هەم هەوڵەکانی چڕتر کردبووەوە و هەم هێزەکانیشی زیاد کردبوو بە مەبەستی لە ناو بردنی تا سەرئەنجام لە شەڕێکی دەستەو یەخەی قارەمانەدا لە شاخی کەتوو ئەکوژرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت بەڵام تا ئێستا ناوی لەسەر زاران و لە ناو ناواندا هەر ماوە---- هەندێك کەس تا ئێستا خولە پیزە بە پیاو کوژ دائەنێن و بە چەتەو رێگری ئەزانن بەڵام خولە پیزە



South Kurdistan – Penjwin Xwla Pize, 1950s

خولە پیزە.. ناوچەی پێنجوێن باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٠کان



وەك سەدان خێزانی ئەو سەردە لەلایەن پساوانی ئەوسای رژێمی عێراقەوە ستەمیان لێ دەکرا ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کە ستەمی پێ قبوڵ نەکراو دژی ئەو رژێمە چووە شاخ و چەکی کردە شان بۆ پارستنی خۆی بەڵام پیاوانی رژێم شەو و رۆژ لەشاخ و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵەکاندا بە دوایەوە بوون بۆ کوشتنی ئەویش بۆ بەرگری لە گیانی خۆی ناچار بوو ئەوانە بکوژێت کە هەوڵی کوشتنیان دەدا هەرگیز دژی هەژاران و زوڵم لێکراوان نەبووە و نە جەنگاوە بەڵکو دژی زۆرداران و زاڵمان و خوێن مژان بووە تا ئەو رۆژەی کوژراوە.

# هەموو کوردێ پێویستە:

* چیرۆکی ئەم جەنگە خوێناوییەی نێوان توورکە مەگۆلەکان و گەلی (یەمەن) بخوێنێتەوە، تا بزانن، ڕۆڵەکانی گەلی (یەمەن)، چۆن داکۆکییان لە ئابڕووی خۆیان و بستەبستی خاکی نیشتمانەکەیان کردووە!

* گوێ لە ئەم ڤیدیۆیەش بگرن، تا بزانن، توورکە مەگۆلەکان، چۆن بۆ سەربازە داگیرکەرەکانیان دەگرین و دەلاوێننەوە!

جەنگی (مەزبەح)

نێوچەیەک لە (یەمەن) لە خۆراوای (سەنعا)وە هەیە، بە (مەزبەح - کوشتارگە) ناوی دەرکردووە. لەبەرئەوەی لە مێژوودا، گەورەترین جەنگ و کوشتاری تێدا کراوە. توورکە مەگۆلەکان، بە لەشکرێکی (7) هەزار جەنگاوەرەوە، لە خۆراواوە چواردەوری شاری (سەنعا)یان گرتووە و ویستوویانە، داگیریکەن. بەڵام لە ماوەی یەک هەفتەدا، هەموویان کوژراون و یەک سەربازیان نەگەڕاوەتەوە. ئیدی توورکەکان شێت و هار بوون، چونکە تێکشکانی وایان بە خۆیانەوە نەدیوە و پەلاماری هەر شوێنێکیان دابێ، وێرانیانکردووە و گرتوویانە.

دووەمین جار، (40) هەزار سەربازی دیکەیان ناردووە، دیسانەوە زۆربەی هەرە زۆریان کوژراون و تێکشکاون. لەبەرئەوە بۆ سێیەمین جار، (40) هەزار سەربازی دیکەیان ناردووە. واتە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بە هەمووی (87) هەزار سەربازیان ناردووە.

بە ئەم سوپا گەورەیەوە، هێرشێکی گەورەیان بەرەو (سەنعا) کردووە، جەنگێکی قورس لە نێوان سوپای توورک و تیرە و هۆزەکانی (یەمەن)دا بەرپابووە. لە ئەنجامدا توورکەکان توانیویانە، لە خۆراواوە تا قەراغ شاری (سەنعا) بڕۆن، نزیکەی (25) هەزار سەربازیشیان لەگەڵ بووە. بەڵام لە ئەو نێوچەیەدا، بەهێزترین و گەورەترین جەنگ لە مێژوودا، لە نێوان لەشکری داگیرکەری توورک و خێڵە نیشتمانپەروەرەکانی (یەمەن)دا ڕوویداوە. تەنیا لە یەکەمین ڕۆژدا، (12) هەزار سەربازی توورکیان کوشتووە و ئەوەی ماویشەتەوە، پاشەکشەیانکردووە و هەڵاتوون. واتە لە ئەو (87) هەزار سەربازە توورکە داگیرکەرە، تەنیا (5) هەزار سەربازیان لێ دەرچووە و بەرەو ئاخوورەکانی ئیمپراتۆریای (عوسمانیی) ملیان ناوە. لەبەرئەوە ئەو نێوچەیە لە مێژوودا، بە (مەزبەح - کوشتارگە) ناوی دەرکردووە!

سەیر ئەوەیە، لەشکری توورکەکان، ڕوویان لە هەر وڵاتێ کردبێ، یا دانیشتووانەکەی لە ترساندا، بێ جەنگ خۆیان بەدەسەوەداوە، چونکە نێوبانگیان بە ڕەشکوژیی و قڕکردنی دوژمنەکانیان دەرکردووە. یا گەر خۆیان بەدەسەوە نەدابێ و بەربەرەکانیانکردبێ، ئەوا توورکەکان لە جەنگەکەدا سەرکەوتوون و وڵاتەکەیان داگیرکردووە. ئینجا بەپێی یاسای ئایینی (ئیسلام)، جگە لە ڕەشەکوژییەکی گشتیی، سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان تاڵانکردووە، ژن و کچەکانیشیان بە (سەبایا) بردووە. بۆیە توورکەکان، هەر لە کۆنەوە تا ئێستەش، ساڵانە یادی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکەنەوە، بۆ سەربازە بێ گۆڕەکانیان دەگرین، سروودی نەتەوەییان بۆ دەهۆننەوە و بۆیان دەلاوێننەوە!

توورک و گەلانی دیکەی بندەس

توورکە مەگۆلە موسوڵمانە داگیرکەرەکان، ئێستەش دڵیان بۆ سەربازەکانی لەشکرە داگیرکەرەکەیان ژاندەکا، کاتێ (3) جار پەلاماری وڵاتی (یەمەن)یان داوە، تا دانیشتووانەکەی خەڵتانی خوێن کەن و وڵاتەکە داگیرکەن. بەڵام شێرەکورانی تیرە و هۆزەکانی (یەمەن)، ڕۆژی ڕووناکیان لێ کردوون بە شەوی تار، بە هەزاران لاشەیان پێ بەجێهێشتوون و بە ملی شکاو گەڕاونەتەوە. ئێستەش یادی ئەو سەربازە گومناو و گۆڕانە دەکەنەوە و بەسەریاندا هەڵدەدەن.

کەچی هەر ئەم توورکە مەگۆلانە، جگە لە ئەوەی ماوەی (728) ساڵ دەبێ، بەشێکی هەرە گەورەی باکووری (کوردستان)یان داگیرکردووە، بە هەزاران ژن و منداڵ و لاوی کوردیان کوشتووە، تازەش مرخیان لە باشوور و خۆراوای (کوردستان) خۆشکردووە، بۆئەوەی ناسنامەی گەلەکەی بسڕنەوە و زمانەکەی لەنێوبەرن، لە بۆتەی نەتەوەی توورکدا بیانتوێننەوە!

ئایا توورکە داگیرکەرەکان، کەی پەند لە مێژووی ڕەشەکوژیی گەلانی دیکەی وەک (ئەرمەن، کورد ...) وەردەگرن؟!! تا کەی دەس لە خوێنڕشتی کورد هەڵناگرن؟! بۆچی (عەفرین) و (جەرابلوس)یان داگیرکردووە و دانیشتووانەکانیشیان دەربەدەرکردووە؟! هەڵبەتە ئەوەتەی خوا توورکە مەگۆلەکانی دروستکردووە، هەروا بێبەزەیی، دڵرەق، بێویژدان، داگیرکەر و تاڵانکەر بوون، ئایینەکەش ڕێی بۆ خۆشکردوون و ڕێی ئەو ڕەشەکوژیی و تاڵانبڕۆیەی داون!

ئاخر ئەوەتەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەیە، داکۆکیی لە خاکی نیشتمانەکەی خۆیان دەکەن، بەڵام لەبەردەم دوژمنی داگیرکەردا، خۆیان بۆ نەگیراوە و هەڵاتوون، هەمووشتێکیشیان لە دەسداوە، بۆیە بە ئەم ڕۆژە ڕەشە گەیشتووین!


2 .9 .2019

تێبینی: ئەم جەنگە گەورە خوێناوییە، لە سەردەمی سوڵتان (سولەیمانی قانوونی)، ساڵی (1538 ز.) ڕوویداوە.

حسێن عزیز

تێبینی ئەم بابەتە ئەتوانیت بە ڤیدیۆش لە ئینتەرنێت(گوگڵ)ببینیت.

یادنامە





# هـــۆ خاوەن دەسەڵات

کۆتا نامەکەی سەیف ئیسلام کوڕی قەزافی
سەیف ئیسلام کوڕی زەعیم معمەر قەزافی دەگێرێتەوە، پێش ئەوەی دۆخی لیبیا تێك بچێت و، بەهاری عەرەبی بەگەرمی بگاتە لیبیا، دوو راوێژکاری بیانی خەڵکی روسیا ، ئاگاداری باوکمیان کردەوە، کە ئەمەریکا هەوڵ دەدات بەهاری عەرەبی بیگەیەنێتە ناو لیبیا ، بۆ ئەوەی ئێوە لەسەر تەخت و کورسی لاببات، جا داوادەکەین ، بەپەلە چەندین بڕیار دەربکە خۆش گوزەرانی و باشکردنی ژیانی خەڵکی و لێبوردنی گشتی و دوو مووچەی زیادە و هاوکاری ئەفسەرانی خانەنشینکراو، چەندین بڕیاری تر بدە، تا لەسەر کورسی بمێنیتەوە..
ووتی قەزافی گاڵتەی بە راویژکارە بیانی یەکان هاتوو، ووتی: من زەعیمم و ڕێبەری لیبیام کەس ناتوانێت ببێتە هەرەشە بۆ سەر کورسی یەکەم...
سەیف ئیسلام دەڵێت کاتێك ئەو قسانە بۆ باوکم کرا، من داچڵەکیم و ترسم لێ نیشت، بە باوکم گووت: ئەمرۆ خاوەنی 52 ملیار دۆلاری بە پارەی نەختینەو زێر، تکایە باوکە ئەو ڕاویژکارانە چی دەڵێن جێبەجێ بکە، ئەگەرنا کە خەڵکەکە هەستان و خۆپیشاندانیان کرد، روسیا و هیچ وڵاتێك ناتوانن رزگارت بکەن، تەنانەت عەشیرەتەکەشمان کە نزیکەی 500 هەزار کەس دەبن....
ووتی باوکم گاڵتەی پێ هات
کاتێك لەشاشەکانەوە بڵاو کرایەوە قەزافی منداڵێك دەستگیری کردووەو، بەدەست منداڵەکەوە دەگری و دەڵێت چیت بوێت بۆت دەکەم، بەس مەمکوژن....
تێگەیشتم دەستەڵات هەموو شتێك نیە، کاتێك میللەت تووڕە دەبێت، منداڵەکانی خۆشت فریات ناکەون...
قەزافی پاش خۆی 52 ملیار دۆلار نەختینەو زێڕی جێهیشت....
ئێستا لە لیبیا کەس ناوێریت بڵێت لە عەشیرەتی قەزافیم ..
ئەم مێژووەی قەزافی دەرسێکە بۆ
هەموو دەسەڵاتدارێک غەردرو کەموکوڕی هەبێت لە ئاست هاوڵاتیانی خۆیدا،
کورسی دەسەڵات بۆ هیچ کەسێک تاسەر نەبووە و ناشبێت،،،؟؟؟؟؟؟

**وەرگیراوە**







# 6ی ئە یلوولی 1930 ، یەکەم راپەڕینی شەپۆلی شەقامی شاری سلێمانی ..

91 سالٚ لەمەو بەر ، بۆ یەکەمین جار، یەکەمین راپەڕینی شەپۆلی خەڵکی شار ی سلێمانی ، لە هەموو چین و تویژینەوەکان ، ژن ،پیاو منداڵ ورۆشنبیر و کاسبکار و مامۆستا و خوێندکاربە گیانێکی پڕلە تەحەدای بەرگرییەوە ، لە بەردەرکی سلێمانی،بە یەک هەڵوێست دژ بە ئینگلیزەکان و ئەلقە لەگوێیەکانیان وەستانەوە و راپەڕین .

بەریتانیا بە پێی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو ، پێش ئەوەی عێراق بکەن بە ئەندامی (عصبە الامم)،ویستیان پەیمانێک لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆر بکەن ، بۆ کۆنترۆڵی بەردەوامی دەسەڵاتیان و مانەوەیان لە عێراق ، بۆ بەتاڵان بردنی نەوت بۆ بە گەڕ خستنی کۆمپانیا کانیان .

گەلی عێراق وحیزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران و کەسێتییە دیارەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا دژی ئەو پیلانە وەستانەوە ،بەریتانیا هەموو تواناى خۆی خستە گەر ،بۆ مۆرکردنی ئەو پلانە و کردی بە مەرجێکی بنەڕەتی ، بۆ وەگرتنی عێراق لە (عصبە الامم )، بەرنامەکەی سەپاند بەسەر سیاسەتمەداران و کاربەدە ستانی عێراق ، گە ر ئەوپەیمانە لە پەرلەمانی عێراق مۆر نەکرێ، عێراق ناخرێتە ناو (عصبە الامم )، لەوانەیە ولایەتی موسڵ ی لە سەر لاببرێت .

ئینگلیزەکان لە و بارودۆخە ئاڵۆزە و ململانیانەدا، توانیان مەبەستەکەی خۆیان بسەپێنن ، کاربەدەستە نەتەوە پەرستە عەرەبەکانیش ناچار بکەن ، بەرامبەر ئەو پەیمانە بێ دەنگ بن ، ئەو پەیمانە لە 30 / 6 / 1930نوێ کرایەوە ، بەڵام لە تۆمارە مۆرکراوە وقبوڵکراوەکەی عێراق دا ،لە (عصبە الامم ) ، بە هیچ شێوەیەک باسی مافە سەرەتاییەکانی کورد نەخرابوە روو ، ئەو سەردەمە زۆر لە نەتەوکانی دنیا ، لە ناو خاکی خۆیاندا ، بە مافی چارەنووسی خۆیان گەیشتن .


گەلی کورد بە هەموو چین و تویژەکانەوە ، بە یەک دەنگ وبە یەک هەڵوێست و رای گشتی ، بەرامبەر ئەو پەیمانە وەستانەوە ، بە بەرزکردنەوەی سکاڵا ویاداشت ،تەلگراف بۆ(عصبە الامم )و ناردنی نامە ی تایبەت بۆ مەندوبی سامی بەریتانیا .

لە پەیمانی 1930 ئینگلیزەکان ویستیان نوێنەری نوێ بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرن ، لەو سەردەمەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا ، یەکەم جار (منتخب ثانوی ) هەڵبژێرا، دواتر بە پێی ناوچەکان ، خەڵک لە ناوچەکان دا، (نائب ) یان هەڵدەبژارد .

شەپۆلی راپەڕینی شەقامی شاری سلێمانی دەیانزانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆئەوەیە، مۆری ئەو پەیمانە نوێ بکەنەوە ، کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا کراوە ، لە 6 ی ئەیلوولی 1930 ، راپەڕینێکی نەتەوەیی نوێ بوو، لە رووبەرووبونەوەیەکی راستەوخۆ، لە بەردەرکی سەرای شار ، سەراپا شەقام وکۆڵان و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی هەژاند ،ئەو راپەڕینە گشتی یەی شەقام ، بووە مایەی تێرامانێکی قوڵ و کاریگەر لە لای خەڵک ، بەجۆرێک دەنگی دایەوە ناونرا (رۆژە رەشەکەی ئەیلوولی خوێناوی ).

لە 28ی نیسانی 1930بڕیاردرا تۆفیق وەهبی بەگ لە (امر المدرسە العسکریە الملکییە دار التدریب )ەوە بکرێت بە متەسەریفی سلێمانی ، لە مانگی نیسان دا کرا بە متەسەریفی سلێمانی ،( ژیان) ستایشی زۆری ئەم کەڵە پیاوەی کرد ، لە 10ی مایس دا چووە سەرکارەکەی ، لەو کاتانەدا جم و جوڵ و نارەزای خەڵک بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و عێراق بەرپا بوو ، تۆفیق وەهبی بەگ هانی کوردەکانی دەدا ، بۆئەوەی بەردەوامبن لە سەر نارەزاییەکانیان دژ بە ئینگلیزو عێراق.

ئەو سەردەمە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بەرگری ورۆشنبیری وسیاسی کورد لە سلێمانی ، گەیشتبووە ئاستی رووبە رووبونەوە، حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان ، زانیان ئەو کەسەی ئەوان دایان ناوە بە متەسەریفی سلێمانی ، لە گەڵ نەخشەو بەرنامەکانی ئەوان دا نییە ، لە گەڵ هەڵوێستی گەلەکەی دایە ، تەواوکەری راو بۆچونی شەپۆلی شەقامە ، دوای 4 مانگ، تۆفیق وەهبی بەگ لە ئەیلوولی 1930 لەسەر کارەکەی لابرا ، گوێزرایەوە بۆ بەغداد، بەمەش شەپۆلی نارەزای شەقام سەری هەڵدا .



هەر ئەو کاتەش (ف .ت)، پیاوێکی خۆبەرە پێشەوە و ماستاوچی بوو ، دەمێک بوو هەڵپەی بۆ کورسی دەسەڵات دەکرد، ئینگلیزەکان ویستیان ئەو بکەن بە متەسەریفی سلێمانی ، بۆ ئەوەی دەنگی نارەزای شەپۆلی شەقامی شار کپ بکەن ، (گاوەن) موفەتیشی ئیدارەی سلێمانی بوو ، بە مۆڵەتی 6 مانگ سەفەری کردبوو ، (ئەلبان) وەکیلی (گاوەن) بوو ، هەموو دەسەڵاتێکی رەهای بەرێوەبردنی سیاسی و ئیداری وسەربازی شاری سلێمانی پێ سپێرابوو، ئەم گۆڕانکاری یە کت و پڕە ، بوو بە هۆی سەر هەڵدانی ئەو رووبەرووبونەوە گەورەیەی راپە ڕین ی شەقامی شار.

لە هەڵبژاردنەکەی ئەیلوولی 1930دا ،نوری سەعید کرا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق ، هەموو هەوڵ و تواناکانی بۆ پێشێل کردنی مافەکانی کورد بوو ، بە شێوەیەکی توندو تیژ، کەوتە بەربەرەکانی شەپۆلی نارەزایی شەقامی شار ، لە 5ی ئەیلوولی 1930 شەپۆلی شەقامی شاری سلێمانی لە بەردەرکی سەرا کۆبونەوە ، دەرگای قوتابخانەکان داخرا ، بێکەسی شاعیر ومامۆستا . قوتابیەکانی قوتابخانەکەی بە سروود ی شاریان زیاتر هەژاند ، ورەی پۆڵاینی جەماوەرەکەیان باڵاتر کرد ، بازاڕودوکانە کان کپ و بێدەنگ بوون ، دەنگی نارەزای خەلک بە جۆرێک سەرای شاری هەژاند ، خۆی لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینە ی خۆیان دا دەبینیەوە .شەپۆل شەپۆل خەڵک بەردەوام بوو لە خۆپیشا ندان و نارەزایی ، چەند دروشمێکیان بەرز کردەوە ؛

رەوابێ مەتالیبی کورد

بەرقەرار بێ عەدالەتی عوسبە ت لێومەم
.

سەعات 9ی بەیانی 1930 ،شەپۆلی خەڵکی شار ، لە خۆپیشاندانێکی گەورەو فراون دا ، بە یەک دەنگ ،دوایان لە دەسەڵاتداران کرد، بواریان بدەن ،خۆیان نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ، بەڵام ئەوان بەهیچ جۆرێک ئەو مافەیان پێ رەوا نەبینین ، ئینگلیزەکان بە پێ ی بەرنامەو نەخشەو پلانەی خۆیان، چەند کەسێکی بەکرێگیراو هەلپەرست یان دانابوو، بۆ نوێنەری شاری سلێمانی . هەر ئەو رۆژە هەیئەتی تەفتیش بۆ سەپەرشتیی هەڵبژاردنی (منتخب سانەوییەکان )یان ، (30) کەسێکیان لەسەرای سلێمانی کۆبونەوە بۆ هەڵبژاردنی نائیبەکان .

سەرانی (هەیئەی وطنیة) توندوتیژ نەبوون ، لە بەر ئەوە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکەدا نەکرد ، فایەق بێکەس شاعیرلە گەڵ قوتابییەکانی زانستی دا ، دوکانە کراوەکانیان داخست ، رۆڵی سەرەکی و دیاری لە هەژانی شەپۆلی شەقامی راپەڕین ی شاردا بینی ، دەنگی سروودی گرامەفۆنی چایخانەکان تێکەڵ بە هوتاف و شیعاراتی شەپۆلی شەقام دەبوو ، رێگای هاتو چۆی سەراو دەرەوەی سەرایان گرت،

پۆلیسەکان لە بەردەم رقی پیرۆزی جەماوەرە کەدا دۆش دامان ، نەیان دەتوانی بڵاوەیان پێ بکەن ، لە سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ بەردە فرکە بەرپا بوو، لەو کاتەدا میستەر ئەلبان وەکیلی موفەتیشی ئیداری ،داوای لە عەلی رەزا بەگ ی فەرماندەی سوپای عێراق لە حامیەی سلێمانی کرد ، سریە یەک سەربازیان بۆ بنێرێ، ئەو سریەیەش نەیتوانی بەرگری بکات ، دواتر داوای فەوجێک سەربازی کرد ، سەربازەکان خۆیان گەیاندە حەوشەی سەراو سەربان و شوێنە بەرزەکان لێی دامەزران .

مەترەلۆزەکانیانەوە رووبەرووی شەپۆلی خۆپیشاندەرکان کردەووتەقەیان لێ کرد ن ، بەپێی بەیانی رەسمی( 60) کەس شەهید کرا ،( 98 ) کەس دەسگیر کرا، (1) پۆلیس و (10) سەربازی سوپای عێراق کوژرا،( 13)سەرباز یش بریندار کرا ، ئەمەش ناوی هەندێ لە شەهیدەکانە : (حەمەی قالە ئاغال ، ئەحە رەش، حەسەن دەروێش، عەولە سسیس ، شەلە گون سووتاو، محەی خولە درێژ ، مستەفا بەگی فەتاح بەگ ، سەعەی حەمەی ئامێ، هەڵۆ بەگ ، حەمە چاوشین ، عەلی سی وجگەر ، عەزیزی مامە حەمە ).

ئەم کەسانەشیان دەسگیر کرد (فایەق بێکەس ، عەزمی بەگی بابان ، رەشۆڵ عەبدوڵڵا، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا ، شیخ قادری برای شیخ مەحمود ، میرزا تۆفیق ، رەمزی ئەفەندی ، عیززەت بەگی عوسمان بەگی پاشا ، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا ، محەمەد سالح بەگ ، مەجید ئەفەندی کانێسکان ، فایەق بەگی بابان ، شێخ محەمەدی گوڵانی ).



لە 7 / 9 / 1930 ، رۆژێک دوای راپەڕینەکە ،ئینگلیزەکان ئەم بەیانەیان دەرکرد :

بەیانی رەسمی ژمارە (40)

((بە بۆنەی هەڵبژاردنی هەیئەی تەفتیشەوە لە لیوای سلێمانی وکۆبوونەوەی هەیئەی هەڵبژێراو ،ئەمڕۆ لە مەرکەزی حکومەت ، مقاطیعنی انتخاب لە بەردەمی شوێنی کۆبوونەوەکەدا موزاهەرەیان کرد ، بەو هۆیەوە پێکدادان ڕووی دا ، هەندێ لە پۆلیس و سەبازو خەڵک ئەنگێوران ، پاش چەند دەقیقەیەک، ئاسایش گەڕایەوە ، ئەوانەی بوون بە هۆی ئەم رووداوە ، گیران، لێکۆڵینەوە بەردەوامە)).

راپەڕینی سەرای سلێمانی لە شیعیری شاعیرەکان دا :

حەمدی :

رەبی مووی لێ بێ زمانی ،پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

بێکەس لە بەندیخانەدا:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم وشێوەم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت ،پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زکرو فکری تۆ غافڵ نەبووم ،وا تێ نەگەی
حەبس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردووتەوە

گۆران

بڵێن بە بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتیکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا
گەر خوای گەورە بەخشیی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ رۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە

پیرەمێرد:

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا کە بەخوێنی لاوان ئاو درا
بنە خزمەت عەرشی عێراقی بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردەو تاری سووربەرن بۆ ئەمیر بڵێن پاش کوشتارهێشتا تۆی دڵگیر
دەک خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا ئێمە خاکی غەم دەکەین بە سەرا
ئێوەش ئەو عەرشی بە خوین گوڵرەنگە سوجدەی بۆ دەبەن هیچ ناڵێن نەنگە
کورد نەمردوە خەیاڵتان خاوە بەراتی نەجات بە خوین نووسراوە

رای گشتی شەقامی شار

راپەڕینی شەشی ئەیلول ، بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی شەقامی شار بوو ، لە ناوجەرگەی شاردا سەری هەڵدا ، بەسەرپەرشتی دەستەک لە رووناکبیرانی کورد ،لە سەراپا چین و توێژەکانی شار ، بە یەک دەنگ و یەک ریزو یەک هەڵوێستی رای گشتی ، یەکیان گرت ، حکومەتی بەریتانیا و عێراق هەستیان بە مەترسی گەورەی ئەویەک ریزی و رای گشتییەی شەقامی شار کرد ، لەو راپەڕینە مەدەنیەدا ، کۆمەڵگای کوردستان نوقمی بۆتەی دەربەگایەتی و نەخوێندەواری ببوو ، بژێوی و دەرامەتی ژیانی هاوڵاتیان قورس و دژوار بوو ، ئا لەو سەردەمەدا سلێمانی مەڵبەندی خوێندەواری و ئەدەب و رۆشنبیریی و هونەر و بزوتنەوەی خەباتی میللی نەتەوەیی بوو.

لە 11/10 / 1930 دا ،رۆژنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سۆڤیەتی لە بارەی ئەو راپەڕینەوە ، ئە م نوسینەی تۆمار کردبوو:

( هەرچەندە ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق ،ژمارەیەکی زۆریان لە کوردەکانی سلێمانی کوشت ،بۆ ئەوەی دەنگیان کپ بکەن ،بەڵام بەو تراژیدیایە، خە ڵکیان فێری راپەڕین کرد )

راپەڕینی شەپۆلی شەقامی سەرا، بوو بە وانەیەکی نوێ ، بۆ سەراپا ڕاپەڕینەکانی تری ئەم شارەوهەموو ناوچە جیاجیا کانی کوردستان .
گۆڕانکارییە نوێییە کانی راپەڕین
* شەپۆلی شەقامی شار، لە بری ئەوەی پەنا بەرنە بەر چەک وشۆڕشی چەکداری ، پەنایان بردە بەر کاری سیاسی،وەک ( مانگرتن ، خۆپیشاندان ، نووسین ، بەیان نامە ،مەزبەتە ، دیالۆگ ).
*لە بری هەڵبژاردنی سەرەک خێڵ و دەرەبەگ وشێخ ،ئەمجارەیان رۆشنبیران و نووسەران و سیاساتمەداران رۆڵی گرنگ و دیاریان لە ناو گۆڕانکارییەکان دا نا .
*لە بری پەنا بردنە بەر شاخ و دۆڵ و نشێو و گوندو شوێنە چەپەلەکانی سەر سنوورەکان ، شەپۆلی راپەڕیوی خەڵک لە ناو جەرگەی شاردا ، لە بەردەرکی سەرا ، لەسەرشەقام و کۆڵان و گەڕەکەکان ی شار راستەوخۆ ، رووبەروو ی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق بونەوە.
راپەرینی 6ی ئەیلوولی شەقامی سەرای سلێمانی ، گەوەترین هەڵوێستی نوێ و گۆڕانکاریی نوێ بوو ، لە زەمەنێکی دیاری کراوی مێژووی دا سەری هەڵدا ، هەژانێکی گەورەی شەقامی شار بوو ، هێمای پڕلە شکۆ بوو بۆ سەراوشارەکەی ، هەرچەندە شەپۆلی شەقام بە زەبری هیز و مەترلۆز کپ کرا ، بەڵام ئەو راستەی بۆ دوژمنان خستە روو ، دەنگ و هەڵوێستی ناڕازی جەماوەر بە زەبری هیزو چەک و توندو تیژیی کپ ناکرێ.
عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوکان :
1-نەوشیروان مستەفا ، کوردستانی عێراق :سەردەمی قەڵەم و موراجەعات لە (1921- 1931)
2- محەمەد رەسول هاوار ،شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان ، ب 2.
3-جەمال بابان ، سلێمانی شارە گەشاوەکەم.
4-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ، شەشی رەشی ئەیلوول و یەکەمین جەماوەری شار ، کوردستانی نوێ ،ژ: 2553.
5-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ،راپەڕینی سەرای سلێمانی ، شەشی ئەلوولی سوور کرد ،کوردستانی نوێ، ژ: 1941



## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ،نەمر گەشمردە دڵشاد تۆفیق بەنگینە ،هەناسەی بۆنی نێرگزو ،عارەقی ناوچەوانی عەشقی هەتاو و،پوزەوانەی ئامێزی ڕێگاو ،سەرتاپاشی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و هەناسەو سۆزی نیشتیمان بوو، لەئاسک تیژ ڕەوترو ،لەپڵنگ بەهەڵمەت ترو لەشێر بەغیرەت ترو ،هەڵۆیانە چیایی و یاخی بوو ،جارجاریش بازێکی گەرەمەسێر بوو ، کاکە دڵشاد لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٥ سلێمانی /گەڕەکی سەرکارێز ،قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ،هەر لەسلێمانی تەواو کردبوو ،ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردوستانەوەو ،زۆر چالاکانەو بە بڕواوە کاری بۆ کردووەو ،نمونەی خەبات تێکۆشەر بووە هەربۆیە ساڵی ١٩٧٨ کاتێ خوێندکاری کۆلێژی کارگێری و ئابوری بووە لەبەغداد ،دەزگا ئەمنیە بەعسی یەکان فشاریان خستۆتە سەرخۆی و هاوڕێ کانی هەندێکیان ئاشکرا بوون و گیراون و ئەم دەرباز بووە ،گەڕاوەتەوە سلێمانی و ماوەیەک بەنهێنی لەسلێمانی و چوارتا ماوەتەوە ،دوایش لەناوچەی دۆڵەڕووت و دۆڵی جافایەتی بووتە پێشمەرگەو کادرێکی زۆر بەتواناو دڵسۆزو خەباتگێر بووە ، لەناوچەکەدا زنجیرە کۆبوونەوەو چالاکی ڕێکخستووە بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەی جەماوەر لە هەڵوێستەکان و کاری پێشمەرگانەی ئەو کاتە و مێژوو شۆڕشگێڕانەی کورد ،لەسنووری هەرێمی چوار و ناوچە جیاوازەکانی دۆڵی جافایەتی و ...هتد ،لەساڵی ١٩٧٩ بووە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنوسی نەمسایی کابلان کە ئەو کات خۆی گەیاندبووە کوردوستان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕیپۆرتاژ و ووتارو دەربارەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد ،چەند ڕۆژێکیش بەنهێنی چووبونە ناو شاری سلێمانی و کاری باشی یان ئەنجام دا ،دڵشاد بەنگینە لێبڕاوانە لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی باش زانیووە ، کاری وەرگێران و ڕونکردنەوەو شارەزایی ناساندنی شوێن و ڕووداوەکان بووە بۆی ، سەرئەنجامیش ئەرکەکان بوونە کۆمەڵێ ووتارو ڕیپۆرتاژو ڕونکردنەوەو باسی خەباتی گەلی کوردو لە ،ڕاگوێزانی دێهاتەکان سوتاندنی ماڵ و باخ و رەزو خاکی نیشتیمان و ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی نەمسادا پەخش کران ، کەکورد لەو ڕۆژگارەدا زۆر پێویستی بەوە بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە کاکە دڵشاد لە ڕێکەوتی ١٥/ئەیلولی ١٩٨١ لەشارستێن ناوچەی مەرگە لەشەڕی نەخوازراوی کوردا /براکوژی/چووە کاروانی نەمرانەوە ،دوا هەناسەی پڕ عەشق و جوانی خۆشەویستی نیشتیمانی کردە پەلکەزێرنەی ملی پیرەمەگرون و ئاسۆس ، ئەو ئیستاش هەر هەنگاوی مەسافەی شەوەو لەهیچ توولە ڕێگایەک هەڵنادێرێ چرای دەستی شەوی تاری نیشتیمانەو بەبەر تریفەیەکی نیوەشەوی نیشتیمانەوە گۆرانیەکی ئارامی ڕەنجدەران و نیشتیمانە ،هەزار یادی بەخێر لەو ماوەیەی خەباتی دا بەشداری هەموو چالاکی یەکانی ئەو ناوچەیەی کردووەو ،کادرێکی زۆر لێهاتوو گورج و گۆڵ و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بووە یادو یادەوەری بەخێر /ڕزگارەسوور







# مردنی بۆتەفلیقە گەورەترین دوژمنی کورد


مەسعود عەبدولخالق له کاتی مۆر کردنی ڕێکەوتنامەی جزائیری 1975 له نێوان سەدام وشای ئێران ئەو بۆتەفلیقەیە وەزیری دەرەوەی جزائیر بوو ، ڕۆلی هەرە بنچینەیی بینی و بوە هۆی داڕووخانی شۆڕشی ئەیلول بێخاوەن بوونی کورد ، ئەوە لەکاتێك بوو :لەکاتی شۆڕشی جزائر کورد یارمەتی زۆری داون ،تەنها شیخ امجد زەهاوی له کوردستان 200000دیناری عیراقی بۆ کۆکردنەوە له ڕێی بانگەوازی مامۆستایانی ئاینی ، ئەوە با وانەو پەند بێت بۆ ئیسلامیەکانی ئیستاش هەلنەخەلەتێنەوە جارێکی تر بە عاتیفە.




بۆ عەلمانیەکان و سیاسەتمەدارانی ئیستا : زۆر گرنگە پەند وەربگرن بۆ ئیستاو داهاتووی هەرێم ، سەدام حسین له 1973/12/1 له چاوپێکەوتنی بە وەفدی کوردی دەلێت ئەوەندە بە ئێران مەخوڕن و وامان لێمەکەن لەگەل ئێران ڕێکبکەوین کورد زیانی هەرە گەورەی بەر کەوی، د محمود عوسمانیش له کتێبی ( الحزب الدیموقراگی الکوردستانی -اللجنە التحچیریە -تقیم مسیرە الپورە الکردیە وانهیارها )ئەوەی دووپات کردۆتەوە.


دەلێت: سەدام حسین لەسالی 1973 داوای لەبارزانی کرد(مسعود)بنیری بۆبەغدا بەلام بارزانی رازی نەبوو ئەوبنێری ،ئەندامیکی تری (م س)ی نارد،لەوێ سەدام پێی دەلێ بەبارزانی بلێ وامان لینەکا ناچارمان بکات تەنازول بۆ شای ئیران لە کەنداوی عرب بکەین و شاش یارمەتی لەوان ببڕێت،د محمود دەلێت ئەو ئەندام (م س)ئەو پەیامەی نەگایاندبوو تا دوای شکستی شۆڕش ئینجا بۆ ئێمەی ئاشکرا کرد،ناوی ئەو ئەندامە ناهێنێ بەلام دەلێت تا ئیستاش لە (م س)پارتیە، دوای بەدواچوونمان بۆ ناوی ئەو سەرکردەیە لە ل316ی کتیبی(مسعودبارزانی -بارزانی وبزوتنەوەی کورد)ناوەکەمان بۆدەرکەوت خوالیخۆش بوو (محمدمحمودعبدالرحمن-سامی) بووە، وادیارە سەرکردایەتی کوردبەو ئەندازەیە ئاگادارو شارەزای نێودەولەتیان نەبوە ،بۆیە کەوتنە نێو بۆسەکە و ڕێکەوتنی جزائیر لەسەر پشتی ئەوان مۆر کرا ، بە پێی هەمان هەلسەنگاندنەکەی (د محمودعوسمان لەهەمان کتێب) لە: ئەوا بارزانی گەورە واتیگەیشتبوو کە شای ئیران ناتوانێ پشتی شۆرش بەربدا بەهۆی ئەمریکاوە ، ئەوەبوو لەدوای یەك سال لە شەڕی 1974 ئەو ڕێکەوتنە دەکرێت وپشتی بەردەدرێت .

زۆر لایەنی سیاسەتی ئیستای سەرکردایەتی کورد وادەبینم دووبارە دەبێتەوە لە کشانەوەی ئەمریکاو لە پشت بەستنیان بە تورکیا و زۆر لای تر ، دەترسم هەمان ئەنجامی 1975 بێت ،بۆیە با دەرس وپەند بێت .






# هەرێمی کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیا!



ئاریز عەبدوڵا کێشەی هەر گەورەی هەرێمی کوردستان جیۆپۆلەتیکە، واتا هەڵکەوتەی جوگرافی و هەژموونی سیاسی وڵاتانی دەوروبەر بەسەریەوە. هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دەستووری و دانپیاندراوە، بەڵام هەندێ لە وڵاتانی تر، روونتر ئەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان داگیرکردوە بەرێژەی جیاجیا ئەم هەرێمە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. هەر ئەو هۆکارەشە وا ئەکات هەر کاتێک حکومەتی عێراق رووبەرووی گرفتی سیاسی، سەربازی یان ئەمنی ببێتەوە دەوڵەتانی دەرو دراوسێ دەکەونە هەوڵ و تەقەلا بۆ زیادکردنی هەژموونی سیاسی و عەسکەری خۆیان بەسەر عێراق بەگشتی و کوردستانیش بە تایبەتی، نەبادا هەرێم دەرفەرت بۆ جیابوونەوە یان فراوانکردنی سنورەکانی بقۆزێتەوە.

ئێمە لە ستراتیژ و مەرامی ئەو دەوڵەتانە تێدەگەین، بێگومان ئەوانیش لە ئێمە، بەڵام دواجار ئەوان مافە رەواکانی ئێمە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەبینن.

هەرێمی کوردستان نەک هەر ناچارە، بەڵکو ئەرکی سەرشانیەتی ئەو واقیعە ببینێ و بەشێوەیەکی گونجاویش لەگەڵ ئەوان بەدوای بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا بگەرێ، تا لانی کەم هەموو سەرەداوەکان نەپچرێن و پەیوەندی و دیالۆگیش بەردەوام بن. مخابن سیاسەتی رەسمی هەرێم لەو بارەیەوە پر لە ناروونی و هەڵەی گەورە گەورەیە، چونکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە نەک هەر لە روانگەیەکی نیشتیمانیی فراوان و ستراتیژێکی روون نین، بەڵکو مەترسیشن بۆ ئاییندە.

ئەگەر ئێمە جگە لە عێراق باسی هەرسێ دەوڵەتە دراوسێکەی تر بکەین دەبینین:

- سوریا بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانی سەرقاڵی خۆیەتی و لە هاژ و هوژ بەولاوە هیچ کاریگەریەکی نییە.

- تورکیا بە زەبری هێز و بە پاساوی پەکەکە بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستانی داگیرکردوە و هێشتاش بەرە و پێشەوە دێ و بەو رێگایەش دەیەوێ هەژموونی سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق زیاد بکا.

- ئێران چاوی لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام هەرگیز چاو لەسەر نەجەف و کەربەلا و هەڵناگرێ و دەستبەرداری هەژموونەکەشی نابێ.

هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا ئەگەر سەبارەت بە هەرێمی کوردستان خاڵی هاوبەشیشیان هەبێ ئەوا تا رادەیەک تاکتیک و ستراتیژیان جیاوازە. لەبەرچاو گرتنی جیاوازیەکان گرنگە، چونکە لەو روانگەیەوە هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. کاتێک ئێمە دەڵێین تاکتیک و مامەڵەی ئێران و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان جیان دەتوانین چەند نمونەیەکی زەق لەو بارەوە نیشان بدەین:

یەکەم: یەکەمین وڵات قونسلیەی خۆی لە هەرێمی کورستان کردەوە ئێران بوو، بەڵام سەرەرایی ئەو هەموو پەیوەندییە سیاسی و بازرگانیانەی نێوان هەولێر و ئەنقەرا هێشتا تورکیا ئامادە نییە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم وەکو تاران و واشنتن لە ئەنقەراش بکرێتەوە.

دووەم: تورکیا ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەڵام هەمیشە لە دژی خواستەکانی کورد لە هەموو دونیا دەجولێتەوە، بەڵام ئێران دژی ئەمریکایە و لە زۆر وێستگەشدا فشاری کردۆتە سەر هاوپەیمانە شیعیەکانی لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێککەوتن لەگەڵ هەرێم.

سێیەم: هەرچەندە زۆر لە مێژە حزب و هێزە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستانن، بەڵام تا ئەم دواییانە جگە لە کردەوەی سیخوریی لەلایەن ئێرانەوە بەهێز پەلامار نەدراون.

ئایا بۆچی ئێستا بارودۆخ گۆرا، ئێران بە ئاشکرا و نوێژی نیورۆ بە پاساوی راوەدونانی هێزە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵات ناوچە سنورییەکان تۆپباران دەکات؟
ئایا هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا رێککەوتون لەسەر بەر تەسککردنەوە و بێ هێزکردنی هەرێمی کوردستان یان هۆکاری تر هەیە؟

ئەزمون سەلماندویەتی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان هەموو کات ئامادەن لە دژی خواستەکانی کورد بەپێچەوانەی ناکۆکیەکانیان رێکبکەون، بەڵام توبڵێی ئێمەش بێ هەڵە بین؟

بە هۆکاری پەلکێشی سوپای تورکیا بەرەو قوڵایی هەرێم و سنورەکانی ئێران هەر ئێمە نا، بەڵکو ئێرانیشی نیگەران کردوە، چونکە تا دێ ئێران لە لایەن تورکیاوە ئابلۆقە دەدرێ، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو داگیرکەرییەی پێ باشیش نەبێ، ئەوا هەمان پاساوەکانی تورکیای بۆ دەهێنێتەوە!


ئێستا لەناو دامودەزگا و ناوەندە سیاسی و راگەیاندنەکانی ئێران و تورکیاش چەند پرسیارێک دەورووژێندرێن: ئایا ئەو بارودۆخە بەرەو کوێ دەچێ؟

دەپرسرێ بۆچی هەرێم یان لانیکەم بەشێکی هەرێم هاوکاری تورکیایە لە دژی پەکەکە، بەڵام لە هەمان کات و شوێندا پشتیوانی هێزە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵات دەکرێ؟

دیارە لێرەدا مەبەستم رەخنەگرتن لە هاوکاریکردنی هەر هێزێکی رزگاریخوازی کوردستان نییە، بەڵام لای منیش پرسیارێکی گەورە هەیە ئایا ئەو تاکتیکانە بەشێکن لە ستراتیژی نیشتیمانی و چەندیش خزمەت بە کێشەی رەوای نەتەوەیی کورد دەکەن؟

دوا قسەم ئەوەیە پێویستە هەرێم رەچاوی ئەوە بکا، کە ئێمە ئێستا بەشێکین لە دەوڵەتی عێراق، لە حکومەتەکەشی بەشدارین، بۆیە دەبێ سود لە توانا و جومگەکانی ئەو دەوڵەتە وەربگرین و سیاسەتێک پەیرەو بکرێ، کە سەروەریی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوە و سەروەریی دەوڵەتی عێراق بپارێزێ، نەک (گورگان خوارد)ی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی بکرێین.

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان.



بیۆگرافیای حەنیف مەحۆ
-ساڵی 1956 لە قنیترە لەدایك بووە.
-1981 سەنتەری هونەری شێوەکاری لە دیمەشق تەواو کردووە.
-1986 کۆلیژی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.
-2003-2013 مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆتە مامۆستا.
-2007-2009 بۆتە مامۆستای هونەری شێوەکاری لە حەلەب.
- 2004-2007 سەرپەرشتی 5 چالاکی وێنەکێشانی منداڵانی کردووە.
-2011 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.
-2012 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە عەفرین کردۆتەوە.
-1987-2021 لەچەندین پیشانگەی هاوبەشدا بەشداریکردووە لە وڵاتەکانی (سوریا، تورکیا، ئەڵمانیا، دانیمارك، فەرەنسا، سوید، هەرێمی کوردستان).
ئامادەکردنی بەختیار سەعید















# بیرەوەری پێشمەرگە ڕێبین شەمامکی

## ئەو مێژووەی کەس نەبوو بیگێڕێتەوە!

لە ئێوارەیەکی ساردی تەم و مژدا، بڕیاری کشانەوە لە دەنگۆوە بووە ڕاستی. گەیشتینە گۆمە زەڵ، هێزەکەی ئێمە دوا ڕەتڵ بوو لەگەڵ هێزەکەی سەفینی مەلاقەرە لە ناوچەی سەرکردایەتی، کە تا بەرواری ١٩ لەسەر ٢٠ ی ٣ ی ١٩٨٨ لەوێ مابووینەوە.
لە بەرەی شەڕی دوو دەروازەدا دامەزرا بووین، ئێمە لە بەرزاییەکانی پشتی خوڕخوڕە و سەفینی مەلاقەرەش لە قۆپکی سپی، تا لە پرۆسەی کشانەوەدا، دووژمن هەست نەکات و بێ زیان بەڕێوە بچێت.
سەفین دەڵێ پێش ئەوەی هێزەکە لە چیا بکشێنمەوە، ئەو هێزەی بەرانبەریمان لێ گرتبوو، بە چوار Bkc دوو RPJ تارو مارمانکردن ئینجا لە چیا هاتینە خوارەوە.

زۆربەی بەرپرسەکان ئەوانەی بە هەلی کۆپتەر، ئاو دیوی ئێران نەببوون، بە سواری ئێستر بەڕێ کەوتبوون!
مولازم عومەر و کۆسرەت رەسوڵ، دوا سەرکردە بوون، لەگەڵ ئێمە کشانەوە.
ئەوانیش بە ئێستر ڕۆیشتن و ئێمەش پیادەڕۆ بە ڕێگایەکی سەختدا ملی ڕێمان گرت.

چۆڵکردنی سەرکردایەتی، یەکەم شکەستی یەکیتی بوو لە شۆڕشی نوێ. چونکە لە هێرشەکانی ڕژێم، بۆ ژێر قەڵەمرەوی پێشمەرگە، زۆر جار بارەگای مەڵبەندەکان، بۆ ماوەیەک دەگیران و جارێکی دی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە وەردەگیرانەوە.
ئەوە لە شەڕی پارتیزانی ڕوداوێکی ئاسایی بوو، ئەگەر دووبارەش ببایەوە.
بەڵام بۆ گرتنی سەرکردایەتی ئەو جارەیان، ڕژێم تاکتیکێکی تری بۆ شەڕ لە دژی پێشمەرگە پەیڕەوکرد، واتە پلانی ستراتیژی ڕژێم، سەرەتا گرتنی سەرکردایەتی بوو وەک ئامانج،
بە هێزی دوو فەیلەقی سەر بازی بە جۆرەها چەکی پێشکەوتوو، بە چەکی کیمیاویشەوە!
بۆیە راستەوخۆ لە هەشت قۆڵەوە پەلاماری سەرکردایەتی دا:
١- لە قۆڵی " لووتەقەل" توکڵی" لە نێوان گوندەکانی "سێدەر" و "شارستێن"
٢- لە قۆڵی "قەیوانەوە" بۆ "ناحیەی گاپیلۆن"
٣- لە قۆڵی "مەرگەش " پەلاماری "گەورەقەڵای" دا
٤- لە "دۆڵە ڕووتەوە" پەلاماری "قزلەری دا"
٥- لە "کۆتەڵ و تابین " پەلاماری ناحیەی "سورداشی"دا
٦- لە جادەی "دووکان سلێمانی" پەلاماری "قەمچوغەو "سەرمۆردی" دا
٧لە دووکانەوە پەلاماری "گوندی قەڵەمپاشای" دا
٨ - لە چیای "قەرەسردەوە " پەلاماری گوندی "دۆڵمازەڵەی" دوای ئەوەی سەرکردایەتیش گیرا، هێشتا مەڵبەندی یەک و سێ پێشمەرگە و بارەگای مابوو، بەڵام لەسەرو بەندی هێرشی سەرکردایەتیشدا، سنووری مەڵبەندی یەک و سێ بە قونە شەڕ خەریک کردبوو وەک تاکتیک، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانیان لە بەر هێرشەکانی سەر خۆیان نە پرژێنە شەڕی سەرکردایەتی! چونکە ئەگەر سەرەتا مەڵبەندەکانی بگرتبا، هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری سەرکردایەتی هەڵدەکشان و دەبوونە قەڵغانێکی بەهێز، ئەو دەم ئەرکی گرتنی سەرکردایەتی مەحاڵیش نەبا، قورستر دەبوو! ئەگەر پەنای بۆ چەکی کیمیاوی و ئەنفال نەبردبا!



یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لە سەرەتای ١٩٨٧ تا چۆڵکردنی سەرکردایەتی لە نەورۆزی ١٩٨٨، باشترین گەشەی کرد بوو، چ لە رووی ژمارە، کە گەنجێکی زۆر ببوونە پێشمەرگە، لە ئەنجامی تێکچوونی گوندەکان، چ لەسەر ئاستی چالاکی و فرەوانکردنی ناوچەی ئازاد کراودا، رووبەرێکی زۆری کەوتبووە ژێر دەست.

تا وەشاندنی گورزی کوشەندە لە گرتن و بەردانی کۆمەڵێک شارو شارۆچکە بە کۆشکی سەدامیشەوە لە سەری رەش!

هەموو ئەمانە پاش ئەوە هات، کە شەڕی براکوژی دوو ساڵ بوو بەرۆکی کوردی بەردابوو، هەما هەنگی دەوڵەتی ئێرانیش چووبووە ئاستێکی باڵاوە.

بۆیە لە دەستدانی سەرکردایەتی شکستێکی قورس بوو، چ بۆ ئێران کە دەروازەیەکی تری شەڕی بە مل دادەهات، کە تا ئەوکات ئێمە پاراستبوومان، چ بۆ جەماوەری کوردستان، کە ئومێدێکی گەورەیان لەسەر یەکێتی هەڵچنی بوو.

بەلام ئەوەی هاوکێشەکەی لنگاو قوچ کردەوە، چەکی کیمیاوی و زیندەکوژی ئەنفال و تەسلیم بوونی ئێران بوو بە ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر عێراق، تا کارگەیشتە ڕاگرتنی شەڕ و خواردنەوەی پیاڵە ژەهرەکە!

کیمیا، بووە ئەو چەکەی ئیدی ڕژێم پەی بە خاڵی لاوازی ئێمەی برد و لە رووی دەولیشەوە بۆی چووە سەر. ئەنفالیش چی ئاوەدانی و ژیانی ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی هەبوو، تەڕ و وشکی بەیەکەوە دەسووتاند!

جگە لە نانەوەی شەڕی دەروونی لە نێوان جەماوەر و پێشمەرگە، پێی گوتن ئێوە لێرە نەبن ئەوانیش ناتوانن لێرە بژین! بۆیە ژیانی پێشمەرگە بە هۆی ئێوە وە یەکسانە بە ئەنفالی هەمووتان.

لە هەردوو باریشدا خەڵکی بێچارە و بێ دەرەتان، هیچ بژاردەیەکیان لە دەستی خۆیان نەبوو!

ئەوەی فریا کەوت، چارەنووسی خۆی بە پێشمەرگەوە گرێداو ئەوەی نەڕۆیشت گیرا.

بۆیە لە یەکەم ڕۆژی هێرشی ئەنفالی یەکدا

خەڵکەکە وەک ئەوەی خۆی بە تاوانبار بزانێ هەمیشە بۆ دواوە هەڵدەکشا، ژیانی سەختی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی پێ باشتر بوو، تاوەکو باوەشی ڕژێم.

( لێرە دەتانگەڕێنمەوە سەرەتای هێرشەکە بۆ راستکردنەوەی بەرواری ئەنفال، لەو دەروازەیە، کە ١٨ ی ٢ دەستی پێکردوە، تائێستا بەروارەکە بە ٢٢ ی ٢ رۆیشتەوە)

ئەو رۆژەی خەڵکی " گوندی سیدەر" رەویان کرد، دوای ئەو رۆژە هات، کاتێ لە "قەرە سرد" سەربازێکی هەڵاتووی "کوردی فەیلی" بە چەکێکی Rbk، خۆی رادەستی ئێمە کرد لە گوندی سێدەر، ئەو رۆژە ١٤ ی ٢ بوو سالی ١٩٨٨ بوو.
سەربازە هەڵاتووەکە پرسی: ئێوە بەتەمای چین؟
گوتمان بۆ؟
گوتی: هێزێکی زۆری رژێم نیازی هێرشیان هەیە بۆ ئەو دەڤەرە،
"عوسمان سێدەری" جێگری کەرتی سێی "تیپی ٤٣ ی ئاسۆس" بوو، بە ئێمەی گوت بۆ نەچین لەو هێزە بدەین؟
"عوسمان یاخیانی" دەڵێ بەندەو هەڤاڵانم هەر یەک لە "عوسمان سێدەری" و شەهیدان "خەسرەو سێدەری" و "عمر قەرانگوێی" لەسێدەرەوە بەرێکەوتین بۆ "گۆمە گەورە"، کە دەکەوێتە نێوان چیای "قەرە سردو" "قوتەی میر وەتمان" ئەویش هەر لە پشتی گوندی "کوێرە کانیەو" بەسەر "سێدەر" دا دەیڕوانی.

سەربازانی مۆڵگەکە، لە "گۆمە گەورە" ئاویان دەبرد!
هەر چوارمان لە دۆڵەکەرا بە هەورازە شاخێکی رکدا سەرکەوتین، لە هەندێ شوێن بە پشتێن یەکترمان سەر دەخست، سەرکەوتنی شاخ، بە بزنە رێدا، لە ژێر مەترسی لوغم و کەمیندا وەک یاری کردنە بە مەرگ لەکێلگەیەکی پڕ لە میندا !

سەرکێشی کردنی پێشمەرگە بە مەرگی خۆیان، بۆ تۆمارکردنی نەبەردیەک و بەو جەربەزییە، زۆر جار شەهید دەبوون و تەرمەکەشیان نە دەهاتەوە!
عوسمان یاخیانی دەڵێ: گەیشتینە نزیک رەبایەکە، ئەوان بە خەیاڵیان دا نەدەهات، لەو ئاڕاستەیە بۆیان بڕۆین، بێ خەم بوون، لە جوولەی خۆیان، لێدان لە هێزێکی گەورەی وا بە چوار پێشمەرگە ئاسان نەبوو، سەرەتا لە دووری رەبایەکە کەمینێکمان بۆ سەربازەکان دانایەوە، نێوانی مۆڵگەی سەربازەکان و گۆمی گەورە مەسافەیەک بوو، دوو سەرباز کەوتنە کەمینی ئێمە و تیاچوون! دوای تەقەکان شوێنمان ئاشکرابوو، دراینە بەر هاون و گوللە،
هێشتا نەگەڕابووینەوە سێدەر، رژێمی بەعس گوندی سێدەریشی دایە بەر تۆپان.
تۆپبارانە چڕەکە وای کرد خەڵکەکە بکەوتە کۆکردنەوەی خۆی و گوندەکە جێ بێلێن! ئێمە ویستمان پێش لە هێزەکە بگرین و پلانی هێرشەکە تێک بدەین، کەچی تۆپباران بە چڕی دەستی پێکرد.

بۆ بەیانی کەرتەکەی ئێمە بە کەرتێکی" ٢١ کەرکوک" جێگۆڕ کراین و هاتنە شوێنمان.
ئێمە چووینە "گوندی دۆڵەبی" خەڵک لە دێ نەما بوون، هەندێ ماڵ لە بناری شاخەکان لە ژێر کەپرو کونە شاخدا چاوشارکێیان لەگەل مەرگ دەکرد، لەوێش فرۆکەی رژێم تۆپبارانی گوندی کرد.
دوو هاوڵاتی شەهید بوون، بە ناوی (تەها حاجی سعید ) و(جمال حاجی سعید)
" تەها" ئەو گەنجە بوو، ئێوارە ژنی مارە کردبوو، بۆ بەیانی باوکی چوو بوونە شار جلی بووکینی هەڵبگرن، کاتێ هاتنەوە بە سەر مەرگی زاوا دا کەوتن! ئیدی شاییان لێ بوو بە شین! ئەو رۆژە ١٨ ی دوو بوو، کە دەکاتە یەکەم هیرشی ئەنفال.

شەوی١٩ لەسەر ٢٠ کەشەوی دووەمی هێرشی ئەنفال بوو، لە " دۆڵەبیەوە" گواسترانیەوە بۆ " گوندی شارستێن" و یەکسەر پەلاماری " لوتەقەلمان" دا پێشمەرگەی قارەمان " محمد قۆمەرغانی" شەهید بوو، " عوسمان سێدەریش" کە جێگری کەرتی٣ بوو، بریندارببوو، هەر لەسەر "لوتەقەل" شەهیدێکی " تیپی ٧٨ ی کارووخی" لێ جێمابوو، کە لە یەکەم شەوی ئەنفالدا شەهید ببوو.
بەشێکی کەرتەکەمان هەمان شەو واتە دووەم شەوی ئەنفال لە "توکڵی دۆمان" ماینەوە بۆبەرگری لە " گوندی شارستێن"
لە عەسری٢٠ی ٢ بەهاوکاری " تیپی٢١ کرکوک" و بەسەرپەرشتی "عوسمان شارستێنی" فەرماندەی تیپی٤٣ ی ئاسۆس لە "توکڵی گەورەوە" جارێکی تر هێرشمان کردەوە بۆ لووتەقەل" بەشێکی زۆرمان لێ ئازادکردەوە.
هەر لە ڕۆژانی٢١و٢٢و٢٣و٢٤ی٢ کەرتەکەمان بەسەرپەرشتی "زاهیر سێدەری" لەبەرەی پێشەوەی بەرگری لە توکڵی دۆمان" و "لووتەقەل" ماینەوە.
ئێمە بە نۆرە ١٢ کاتژمێر لەسەر شاخ دەبووین و دواتر " تیپی٧٨ ی کاروخ" دەهاتنە جێگای ئێمە.
لە ڕۆژی ٢٥ی٢ بەهۆی نابەرامبەری هێزوو تۆف و بەفر و بارانەوە "گوندی شارستێنمان لەدەست دا!

ئەو شەوەی نۆرەی پشوومان بوو، لە ناو گوندی شارستێن، بەیانی لەگەڵ تەقەی جاش و جەیشی رژێم بە خەبەر هاتین، ئەوان هاتبوونە ناو گوندی و ئێمەش بێ ئاگاو بێ خەم لێی خەوتبووین! کاتێ بە پەلە پڕوزی لە دێ دەرچووین هەواڵمان بۆ هات پێشمەرگەیەکی تیپی ٧٨ ی کارۆخ بە برینداری لای مەکتەبەکە بەجێماوە بە ناوی "محمد"، گەڕاینەوە بۆ لای و عومەر قەرنگوێی کردیە کۆڵی خۆی و بە زەبری تەقە لە دێ بە ناو گوللەدا دەرچووین! ئەگەر خوا یەکێ نە کوژێ نامرێ، بریندارەکە لەسەر کۆڵی عومەر گوللەیەکی تری بەرکەوت بەڵام هەر ما!

ئێمە دوا رەتڵین و دەڕۆین رێگا پڕ لە بەفر بوو، ئەو چەند رۆژەی بەفر باری بوو، خەڵکی ئەو دەڤەرە لە تاو ئەنفالێ ملیان بە ڕیگایەکی هات و نەهات نابوو، تا چاو بڕی دەکرد هەر بەتانی و کەل و پەلی جێماو بوو، هەر تەرمی عەسکەر و هەر کارو بزنی ئەو خەڵکە بوو لەو سەفەری مەرگە تابلۆیەکی تراژیدی وێنا دەکرد! هەر وێنەیەک بە ئەندازەی خۆی ویژدانی دەهەژاند!

ئەحمەد چوار بەردە، کە لەرەتڵی پێش ئێمەوە بەرێکەوتبوون، دەڵێ: پیاوێک لەرێدا بە خۆی و ژن و دوو منالەو هەڵخلیسکا بوون و رمابوونە ناو دۆڵە بەفرێکەوە، تا پێشمەرگەکان فریای کەوتبوون، ژن و منالەکان مردبوون و خۆشی هەردوو قاچی رەش ببوون! لێم پرسی تۆ بەتەنیا خلیسکای؟ بەهەردوو دەستی لەسەری خۆی دەداو دەیگوت منداڵەکانم رۆ ژنە جوانەکەم رۆ! ئەو نەیدەتوانی بڕوات، هەر چۆنێک بوو، گەیاندمانە شوێن ئەو پاسانەی بۆ گواستنەوەی ئێمە هاتبوون.
(دیمەنە سەختەکانی ئەو چەند رۆژە، لە درامایەکی چەند ئەلقەیی دەچوو، بۆ تەواو کردنی چیرۆکی میللەتێکی نەگبەت، بەڵام دیمەنەکان هەر بەردەوامیان هەیە و دوا ئەڵقەی نابینین)
تەحسین پێشمەرگەی دێرین، دەڵێ:
کە هاتین بۆ کانی توو، کەسی لێ نەمابوو، جگە لە پێشمەرگە و تاک و تەرای خەڵکی گوندی، شەو و رۆژێک بوو هیچمان نەخوارد بوو، لە ناو گوند ئاوەدانی نەمابوو، هەندێ دوکانی چینکۆی لێ بوو، پێشمەرگە شکاندبوویان، هەندێ کێک و شەربەتی نادرم بەرکەوت، هەر چۆنێک بوو، تۆزێ بڕیمان شکا.

لە مەسئوولەکان نزیک بووم، دەیانگوت هەوارە بەرزە رژێمی هاتۆتێ و رەنگە کەمینیشیان هەبێ! ئەگەر بەوێدا بڕۆین رەنگە خەسارەمان زۆر بێت! دواجار بڕیاریان دا بە پشتی کوڕ کوڕدا سەرکەوین، هێشتا سەدا دەی هەورازی کوڕ کوڕمان نەبڕی بوو، گەیشتینە حەشاماتێک لە خەڵکی مەدەنی ئەو ناوە دەگەڕانەوە. هەمووی هیلاک و بێ دەرەتان، بە ئێمەیان گوت ڕێگا نیە مەڕۆن، زیاتر لە ٥٠ تا ٦٠ پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنی کەوتوونەتە ژێر رەنووی بەفرەوە.

تەحسین دەڵێ: لە ناویاندا دیمەنێکم دیت، ئێستاش لە بەرچاومە و لە بیرم ناچێتەوە..

دیتم ژنێکی گەنج مناڵیکی لە کۆڵ شەتەک دابوو، یەکێ تری لە باوەش بوو، بە پێی پەتی بەسەر بەفردا رێی دەکرد! خۆی و منالەکانی لەسەرمان روومەتیان سوور هەڵگەڕابوون، لەوە دەچوو زۆر گریابێت و ئیدی فرمێسکیشی پێ نەما بێت بۆ رشتن!

(مەشهەدەکان زۆر لێک دەچن! رەنگە بە نووسین بە سێ دێڕ تەواو بێت، بەڵام لە گۆشەی کامیرایەکی سینەمادا چ پەیامێک هەڵدەگرێ و چ ئازاریک دەگوازێتەوە؟ تۆ بڵێی ببێتە چ کەرەسەیەکی بە کەڵک بۆ فیلمی سینەمایی؟

چونکە کەس چیرۆکی ئەو ژنە نازانێ! دیوی ناوەوەی ژیانی نابینێ! ئەوەی دیتمان بەشێکی رووداوەکە یە ئەوی دی قرتاوە! دەشێ کۆی رووداوەکە ئاوابێ: ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی و دوو منداڵەکە، لە دەستی ئەنفال و کیمیا رەویان کردبێ وەک ئەو خەڵکە، مێردەکەی لە پێشەوە رەچەی بەفری بۆ شکاندوون، لە پڕێکدا نغرۆی چاڵە بەفرێک بووە و ئیدی لەوان دابڕابێ! ژنەش زۆر هاواری کردبێ بەڵام کەس نەیتوانیبێ هیچی بۆ بکات و بە ناچاری وەک ئەو خەڵکە گەڕاوەتەوە و کەسیش چیرۆکەکەی نازانێ!

تەحسین دەڵێ: کە لە کوڕ کوڕا گەڕاینەوە، جێگر کەرتێکمان لە ناو بەفرا تواناى نەما بڕوات، هەزار جوونی بە سەلاح شینەدا چەک و تاخمەکەشی لەوێ فڕێ دابوو، ئەو پێشمەرگەیە لەرەتڵ دابڕا و ئێستاش نازانین لە ناو بەفرا چی بەسەر هات؟ بەلام دەڵێ هێشتا لە گوندی کانی توو بە رێ نەکەوتبووین، ئەو پێشمەرگەیە زۆر بە ناهەق دوو سەربازی عیراقی دایە بەر گوللە ئەوەندی سەربازەکان لێی پاڕانەوە سوودی نەبوو، ئەو دەڵێ خوای ئەوان بوو، چونکە سەربازەکان دیل بوون، ئەو دووانە چونکە بریندار بوون، لە کاتی گواستنەوەی دیلەکان جێ مابوون!

کە گەڕاینەوە "کانی تو" سەلاح شینە و رەسوڵ ناوێک سەرپەرشتی هێزەکەیان دەکرد، بڕیار درا روو لە هەوارە بەرزە بکەین، ئەگەر هێزی رژێمیشی تیابێ لێیان بدرێ تا رێگا و دەرچەیەک بکرێتەوە بۆ ئەو خەڵک و پێشمەرگانەی لێرە گیریان خواردوە.

کە گەیشتینە سەر هەوارە بەرزە، دیتمان هێزی پێشمەرگەی لێیە، سەر چیاکە دوو ژووری لێ بوو، پێشمەرگەکان ناوسێری( ناوساجی) زۆریان کرد بوو، سەرو دانەیەکیان پێ داین، بە رووی یەک قۆزی تامی هەبوو.(تەحسین وا دەڵێ)

کاتێ گەیشتینە گوندی خوڕ خوڕە

سەیر دەکەین دوو پێشمەرگەمان دیار نەماون!

گوتیان کێ بچێ سۆراغیان بکات؟

پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی ئارام، گەڕایەوە گوندی کانی توو، هێشتا هێزەکانی رژێم نە هاتبوونە ناو دێ، تاک تاک پێشمەرگەی لێ مابوو،

ئارام دەڵی کاتێ لە ئاوەدانی ماڵێکدا بانگم کرد ئیدریس!




ئیدریس دەڵێ چاوم کردەوە خوایە من بۆ لێرەم؟ گوتیان چوار سعاتە تۆ بێ ئاگای لە ناو بەفردا هەڵمان گرتیەوە. ئینجا بیرم هاتەوە کە نەمتوانی بڕۆم هیلاک بووم، کەوتم، ئیدی نەمزانی چیم بەسەر هات؟

لەگەڵ دەنگی ئارام دەرپەڕیم نەمزانی کامیان پێڵاوی منە! پێڵاوێکی باشم کردە پێم و لەگەڵ ئارام کەوتمە رێ.

بەڵام ئەو وێنە زیندووانەی لە زەینی زۆران ما و نەسڕایەوە ئەو ئێسترە بوو کە هەر چوار پەلی لە بەفرا شەتڵ ببوو، هێشتا زیندوو بوو تەسلیمی مەرگ نەدەبوو، زۆر رەشەوڵاخمان دیت لە سەرمان رەق ببوونەوە! وێنەی هیچیان وەک ئەو ئێسترە کاریگەری لە زەینمان جێنەهێشتبوو، داخوا چەند رۆژ یان چەند سعات بوو، ئەو دیمەنە نمایش بوو، تا تەقەللای زیاتری دابوو، زیاتر بە ناخی بەفردا رۆچوو بوو! ئەو بەزمانی جەستە تکای لە هەمووان کرد چاوکانی فرمێسکی تیا قەتیس مابوو، بەڵام کەس نەیتوانی ببێتە فریاد رەسی! ئەو شەڕی مان و نەمانی لە پێناوی ژیانی دەکرد، برسێتیش بڕستی لێ بڕی بوو، لە برسانا دوو لای کورتانەکەشی خواردبوو! دواجار کۆڵی دابوو، چیتر دەمی نە دەگەیشتە کورتانە کە و ئیدی پێخۆریش نەما! بەفریش قاچەکانی کردبووە چلوورە! ئێسترەکە لە چاویدا داوای گوللەی بەزەیی(طلقة الرحمة) لە ئێمە دەکرد، ئێمەش هیچمان پێنەبوو بۆی! لە حاڵی سەختی خۆمان تەنیا لە زەینمان ، وەک هەر دیمەنیکی تر تۆمارمان کرد و جێمان هێشت!

ئەوانەی بە چاوێکی سادە دیتبوویان، هێشتا لە بیریان مایەو دەیگێڕنەوە، ئەدی ئەوەی لە تێڕامانێکی قوڵدا تێی رامابن؟ ئاخر ئەو گەلە نەگبەتەی ئێمە نە دوو دێر مێژووی دروستی هەیە بۆ خوێندن، نە دوو بەلگە و دیکۆمێنتیش بۆ سەلماندن! بۆیە ئەو مێژووە لێڵەی هەیە! ئەگەر ئەو چەند وێنەی رۆژنامە نووسانی بیانی نەبا لە کیمیا بارانی هەڵبجە، ئەو سەدایەشی نەدەبوو! حکومەتی عیراقی وەک حاشای لێ کرد و خستیە ملی ئێران، دەبوو تا دنیا ماوە بڵێین سەدام کیمیای لێ داوین!

لە بیرمە وابزانم لیژنەیەکی لێکۆلینەوەی چەکە قەدەغەکراوەکانی دەولی هاتبوونە عێراق بۆ ئەو پرسە، لەگەل "عەدنان خەیروڵا" دانیشتبوون، کە ئەوکات وەزیری بەرگری عێراق بوو، یەکەم قسەی عەدنان بە شۆخیەکەوە گوتی دەبینم کەستان قیناعتان نەبەستووە؟ بە واتا بوختان بە عێراق کراوە گازی کیمیای لە هەڵەبجە دابێ

بۆیە ئەو پەیامەی دەتەوێ بیگەیەنی زۆر جار وێنەیەکی تراژیدیایی بەسە بۆ ئەوەی داستانێکی پێ بگێڕیتەوە.

خۆ شۆڕش دەزگایەکی ئیعلامی باشی هەبوو، بەلام ئەڕشیفی خاڵیە دوو وێنەشی تیا شک نابەی ئەو رۆژە سەختەی پێ گوزارش بکات!

با بگەڕێنەوە سەر کشانەوەکە:

بە دۆڵی شێ محەمەددا دەڕۆین، بەفر بەستویەتی، هەر بەتانی تاوس بوو بەدرێژایی کیلۆمەترێک راخرا بوو، بۆ سواری و پیادە ڕۆکان تا لەسەری هەڵنەخلیسکێن، چونکە دوای بەفر بارینێکی زۆر، شەختە بەندی کردبوو.
ئەگەر چی شۆڕش مشووری ئەو ریگایەی خوارد بوو،
پێش ئەو شەڕە، دروست تر لە مانگی یەک، لە سەر داواکاری سەرکردایەتی لە ئەگەری شەڕێکی وا دابوون بۆیە ژمارەیەک خەڵکی ئەو گوندانە بە پارەی شۆڕش، بەدرێژایی ئەو زستانە خەریکی پاککردنەوەی رێگاکە بوون .
لە ناو بەفر دا کۆڵانێکی پیادە رۆییان دروست کردبوو، لە هەندێ شوێن سێ مەتر بەرزتر بوو، وڵاخێک بە بارەوە ئەیتوانی بە ناویدا رەت ببێ، ئەگەر ئەو رێگایە نەبا کارەساتەکان گەورەتر دەبوون، ئەودەم چارەنووسی پێشمەرگە ئەگەر لە ژێر کیمیاو ئەنفالیشدا دەربازی ببایە! بێ شک لە ناو بەفردا رەق دەبۆوە.

ئێمە دەڕۆین و هەورازی زینی "کونە سە" مان دێتە پێش، "کونەسە" ئەشکەوتێکی گەورە بوو وەک دەڵێن هەمیشە لەزستانان گەرم بووەو بۆتە مۆڵگەی سەگان و لە هاوینیشدا چونکە فێنک بووە، دیسان سەگەکان لەوێ مۆڵ دەبوون.

هەورازی کووڕ دەبڕین، لە لێژ بوونەوەدا لەبەر هیلاکی و برسیتی لاشەی خۆمان لێ دەبێتە بەڵا و لە دوومان نایێ ! وردە وردە غل دەبینەوە کۆنترۆڵی خۆمان لەدەست دەدەین و لەسەر بەفرا خشۆک دەبین ، پۆتینەکەم لە ژێر خۆمدا نوشتاندۆتەوەو چەکەکەم لەملم حەمایل کردوەو بە خشکەیی شۆڕ دەبمەوە، رۆح لە جەستە بێزارە و خۆم تەسلیمی قەدەر دەکەم و دەڵێم چی نەبووە با ببێ ئەوە هەر من نیم ئەو بڕیارە دەدەم.
زۆربەمان وا لەسەر بەفرا دەخشین، لە هیکڕا بنە دار بەڕوویەک دێتە پێشم و لا رێ دەبم و بە پێشمەرگەیەکی ترم دا دەدا تا بنی چیاکە غلۆر دەبمەوە، راست دەبمەوە، هەست لە خۆم رادەگرم هیچم لێ نەهاتووە، لا جانگێکم تۆزێ روشاوە لە سەرمان خوێنیشی لێ نایێ!

سەرم بەرز دەکەمەوە، سبەینەیەکی زووە دنیا سپی سپی دەچێتەوە تەنیا خاڵە بۆرو رەشەکان ئێمەین، وەک جۆرە مەخلوقێکی عەنتیکە و نامۆ، دەقی ئەو سروستە دەشێوێنین!چڵکن تا ئەو شوێنەی قێزت لێی دەبێتەوە! لە خۆم دەپرسم ئەگەر پێشمەرگە نەباین، بەو سبەینەیە لە جیاتی بەفر شێلان، خۆ سفرەیەکی سادەش با هەر نانی گەرممان بە ماستی مەڕ نەبا بە هی مانگا دەخوارد، شیری گەرمیش نەبا خۆ چایەکی گەرم هەبوو، خۆ یەکێ هەبوو نازمان هەڵگرێ؟

(زگم بە تەنیای خۆمان دەسووتا! غەریبیماڵەوە دەکەم، هی گوندە خاپوور کراوەکەم، خزم و دۆست خەڵکی گوند، یادگاریە تاڵ و شیرنەکان پێش برکێیانە لەسەر کامیان راوەستم! ئەو سبەینە یە دەمباتەوە سبەینەیەکی هاوینی گوندی، کە بە ریز لە سەر سەکۆی حەوشە خەوتووین، دەبێ بڕۆین بۆ سەر شینایی، باوکم بانگمان دەکات (درنگە کوڕم هەستن،) ئێمە جولەیکی بۆ دەکەین بێ ئەوەی سەر بەرز بکەینەوە، دەڵێین(بابە هێشتا زووە) قەدەرێ تر دەخەوین، دیسان گازمان دەکاتەوە. هێشتا خۆمان مات دەکەین، چونکە دەزانین هێشتا قۆناغی کششەی مریشکەکانیش ماوە! ( باوکم کاتێ دڵی نایێ لێفەمان لەسەر لاببات یان وەک هەندێ باوک بمانداتە بەر لەقان، دەچێت کۆڵیتی مریشکەکان دەکاتەوە، مریشکەکان بەردەبنە حەوشە و ئیدی کششە کششی باوکم دەست پێ دەکات، سەرەتا دوو سێ جار بە نەرمی، دوا جار قایم تر، ئێمە هێشتا خۆمان مات کردوە، داخوا چ کاتێ لنگە نەعلەکان دەگرێتە مریشکەکان، ئەو کات لەترسی ئەوەی نەعلەیەکمان پێ بکەوێ هەڵدەستین! گۆڕت پڕ نوور بابە چەند ئێمەت خۆش دەویست؟ )




یەک بەدوای یەک پێشمەرگەکان غلۆر دەبنەوە، بەردەبنەوە، دەتگوت میهرەجانی خلیسکانی سەر بەفرە، کەسیش هیچی لێ نایێ، سنوور هێشتا کوردستانەو هێزی سەربازی ئێرانی داگیری کردبوو، لە دۆڵی شینکایەتی گوندەکانی سەفرە گەڵالە بەرزاییەکانی ئەو شوێنانە خاڵی سەربازی و پاسداری لێ بوون، مەسافەیەکی تر رۆیشتین خۆمان لە دۆڵێکدا دیتەوە، چادری سەربازی لێ بوو، بەلام سەربازێکی لێ نەبوو، دەنگێک لە بەرزاییەکانی سەرمان هاواری کرد (اغا نرو شیمیا است)
ئێمە موو دەکەین لە برسان، گوێ بە قسەیان نادەین، دەچینە ژوورەوە. خورماو سێوی سوری لێ بوو، من و حەمەساڵح و ئەنۆو مەحمود لە ناو چادرەکەین، نازانم کێی تریش، دەڵێمە برادەران راوەستن، بەقسەی پاسدارەکان کیمیا لێرەشی داوە، بۆیە با هەمووومان نەمرین، من سێوەکە دەخۆم ئەگەر هیچم لێ نەهات ئێوەش بیخۆن! سێوێک بە پشدێنەکەم پاک دەکەمەوە و دەیدەمە بەر قەپاڵان، تامی ئەو سێوەم بیر دێنیتەوە کاتی خۆی کە قوتابی ناوەندی کۆماری بووم ، هەموو رۆژێ دوای بەر بوونمان لە مەکتەب، لەسەر عەرەبانەکەی روکنی (تەواری لای نەقلیات شیمال) نیو دەرهەمم بە سێوێکی لوبنانی دەدا و تا دەگەیشتمە وێستگەی پاسەکان تەواوم دەکرد.
سێوەکەم تەواو نەکرد، ئەوانیش خۆیان پێ ناگیرێ، ئەنۆ قەپی لە سێو دەگرت و دەیگوت (رێبین پێمان رادەبوێری لۆ ئەمە لە برسان سەبرمان هەیە هەتا بزانین ئەتوو دەمری یان نا)
چاومان بە خورما رەشەکە دەکەوێ وەک کوردەی دۆ نەدی، کیمیامان لە بیر نامێنێ، دەخۆین تا مڕ دەبین! دەکەوینەوە رێ، تا دەگەینە شاناخسی زۆری ماوە! بۆیە
ماویەتی...
تێبینی: ( هەموو ئەو مێژووەی ئێستا و لە رابردوو خوێندووتانەوە، زۆربەیان بریتین لەو مەشهەدی تراژیدیانەی کە لە زیهنی ئێمە ماون و لە بیرمان ناچنەوە! ٣٣ ساڵ ئاخر زۆرە ئێستاش من کە پێشمەرگە دیرینەکان دەدوێنم هەرکەسەو دیمەنێکی کاریگەری لە رووداوەکان لە بیر ماوە زۆر برسی بوون زۆر سەرما بوون، بریندار بوون و زۆر شتی تر، بۆیە هاتووم تیلم تیلم مەشهەدەکان دەگەینەمەوە یەک بۆ ئەوەی بتوانم روداوەکە بنووسمەوە، بەڵام وێنەیەکی زۆرتر لای ئەوانە ماوە کە ئەو کات بەتەمەن زۆر گەنج بوون)
لەو بەشە زۆر سوپاسی ئەو پێشمەرگەی دێرینانە دەکەم کە هاوکارم بوون
عوسمان حاجی محمودی یاخیانی
ئەحمەد چوار بەرد
تەحسین هەولێری

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا
سایتی: (سبەی)

## بەشی پێنجەم

خولی دووەمی مفاوەزە(17/6/1991 - 7/5)
دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ خولی دووەمی مفاوەزە پێک هات بو:
لە پارتی: مەسعود بارزانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، ئازاد بەرواری، د ڕۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق، د. جەرجیس حەسەن، چەند کەسێکی تر بۆ کاروباری بێتەل و سکرتاریەت.
لە سۆشیالیست: ڕەسول مامەند، سەعد عەبدوڵا.
لە پارتی گەل: محەمەد مەحمود عەبدوڕەحمان (سامی).
لە یەکێتی: عەبدوڵا ڕەسول عەلی (کۆسرەت) و من و دارای تۆفیق ئاغا.
وەفدەکەمان بە هەمان شێوەی وەفدی پێشو لە کۆڕێ بەرەو سەلاحەدین و لەوێوە بۆ بەغداد. لە بەغداد لە ئوتێلی ڕەشید دایان بەزاندین.
ئێمە لەگەڵ خۆمان 3 پرۆژەمان برد بو کە پێشتر کۆمیتەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی ئامادەیان کرد بو .
پرۆژەکان بریتی بون لە:
1.قانونی حوکمی زاتی
2.ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان (تطبیع الاوضاع فی کردستان)
3.یەکێتیی نیشتمانی (الوحدە الوطنیە)
پرۆژەکان بە پەلە ئامادە کرابون و بە پەلە چاپ کرابون.
7ی مایس: یەکەم کۆبونەوە
بەعس بۆ ئەوەی لە ئێمە تێ بگەن، بە بیانوی ئەوەی ئێمە هەمومان عێراقین و برای یەکترین شوێنی ئەندامانی وەفدیان لە سەر مێزی گفتوگۆ دیاری نەئەکرد. لەبەر ئەوەی لەو جۆرە شوێنانە کورد پاڵ بە یەکەوە ئەنێن، بۆ ئەوەی شتی وامان لێ ڕو نەدات بەر لەوەی بچین بۆ کۆبونەوە بۆ دانانی ڕێوشوێنی دانیشتن و هەڵسان، من پێشنیارم کرد بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکان دا توشی بە یەکدا کەوتن و سەر لێ شێوان نەبین، لە سەرمێزی گفتوگۆ بەمجۆرە بەڕیز دابنیشین: مەسعود، سامی، من، ڕەسول، ئینجا ئەوانی ترمان بە ڕیز دانا.
لایەنی بەعسی: عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی ساڵح، عەلی حەسەن مەجید، فەریق روکن سابیر عەبدولعەزیز دوری تازە کرا بو بە بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، لیوا روکن وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری، سەباح یاسین، وەلید نایف.
لایەنی کوردی: مەسعود بارزانی، سامی، من، ڕەسول مامەند، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، کۆسرەت، سەعد عەبدوڵا، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، د جەرجیس، دارا تۆفیق.
لەم کۆبونەوەیەدا هەردولا پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو یەکتربینینە و هیوایان خواست بگەنە ڕێککەوتن. کۆبونەوەکە بۆ یەکترناسین و "موجامەلە" بو.
8ی مایس: دوەم کۆبونەوە
لایەنی بەعس: عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها جەزراوی جێگری سەرۆک کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ،



حسێن کامل وەزیری دیفاع، سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، سەباح یاسین نەقیبی ڕۆژنامەنوسان و بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی عیزەت دوری، وەفیق سامەرائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری.
لایەنی کورد گروپی پێشو.
کۆبونەوەکە عیزەت دوری دەستی پێ کرد. سەبارەت بە پرۆژەکانی بەرە وتی:
"بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕێ نەکراو بو، خۆزگەمان ئەخواست وا نەبوایە، هەم لە دەربڕین و هەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکان دا....
هەردولا ئەوەندە یەکتریمان دیوە بیروڕای یەکتری ئەزانین... لە سەرەتای حەفتاکان دا بیروڕامان تێکەڵ و پێکەڵ بو، بەڵام ئێستە هەمو بوینەتە پسپۆڕ لەم مەسەلە ئازاراوییەدا...
"ئێوە چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەن ئێمە بڕوخێنن، ئێمە نەڕوخاین ماوین... ئێمەش چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەین لە ناوتان بەرین، ئەوەتا لەناو نەچون ماون..
هەردولامان ماوین کەواتە باشتر وایە ڕێک بکەوین...
"ئێمە لە 1974 وەە حوکمی زاتیمان داوە، حوکمێکی زاتی تازە دانانێین، هەر چۆنێ بێ ئێمە شانازی پێوە ئەکەین و لەوەوە دەس پێ ئەکەین .ئەو قانونەی ئێوە بۆ حوکمی زاتی پێشنیارتان کردوە سیادەی عیراق کەل ئەکا...
ئینجا بە خۆهەڵکێشانەوە وتی: "ئێوە ئێمە ئەناسن چ جۆرە پیاوێکین، ئەگەر پێویستی کرد دەس ئەدەینە تفەنگ و شەڕی ئەمەریکا ئەکەین"...
زۆر قسەی تری کرد. لە قسەکانی دا وای دەرخست کە ئێمە نەئەبو باسی مافەکانی گەلی عیراق بکەین چونکە ئێمە کوردین، بەڵکو بۆمان هەیە باسی مافەکانی خۆمان بکەین. سەیر ئەوە بو لە چەند کۆبونەوەیەکی تردا کە باسی مافەکانی کوردمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە بۆ هەر باسی کورد ئەکەن، مەگەر ئێوە عێراقی نین؟ کە باسی مافەکانی خەڵکی عیراقمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە کوردن هەقتان بە سەر عێراقەوە چیە بۆ باسی خۆتان ناکەن؟

دوای ئەو تاریق عەزیز قسەی کرد وتی: "جەوهەری قسەکانی هەردولا یەکە... لەبەر ئەوە دەس بکەین بە لایەنی عەمەلی، خاڵەکانی ناکۆکی‌یان لە سەرە ئەوەندەی لێ ئەدوێین تا ئەگەین بە لەیەک گەیشتن"... پێشنیاری کرد ببینە 3 تیپی کار، یەکێکی سەرکردایەتی دوانی لایەنی نەزەری و لایەنی عەمەلی باسەکان.
دوای ئەویش تەها جەزراوی هەندێ قسەی کرد.
حسێن کامل، بن ئامۆزا و زاوای سەدام حسێن و، وەزیری جەنگ، پرۆژەکانی بەرەی بە دەستەوە بو. وای پیشان دا کە پێشتر نەی دیوەو تازە ئەیان خوێنێتەوە. لە پرۆژەکان ورد ئەبوەوە بە گاڵتەپێکردنێکی ڕقاویەوە سەیری ڕیزەکەی ئێمەی ئەکرد. نازانم دابەشکردنی دەور بو لە ناو خۆیان دا یا ڕوداوەکە ئاسایی بو، ئیزنی قسەکردنی لە عیزەت دوری وەرگرت. وتی: "گەورەم! لە بەرئەوەی من کارم هەیە ناتوانم تا کۆتایی دانیشتنەکە لێرە بم، تکایە ڕێگەم بدەن سەرنجەکانی خۆم دەربڕم"!
عیزەت دوری ڕێگای دا قسە بکا. حسێن لە ناو قسەکانی دا وتی: "بە بینینی ئەو وەرەقانە توشی نائومێدیەکی زۆر بوم، ئەوانەی ئەم وەرەقانەیان هێناوە نایانەوێ ڕێک بکەون.. کێ ئەم گیروگرفتەی دروست کردوە؟ کورد نەک دەوڵەت. کێ چەکی هەڵگرت سەرباز و پۆلیسی کوشت ...ئەوەی زەرەری لەگەلی کوردمان داوە هەر ئەوان بون... ئەوان هاوکاری‌یان لە گەڵ ئێران کرد، هاوکاری‌یان لە گەڵ ئیسرائیل کرد، ئیستاش ئەوان پشت ئەستورن بە ئەمریکا وا ئەکەن، بەڵام ئەمریکا تا کەی ئەمێنێتەوە؟ ساڵێ دو ساڵ یا زیاتر، سەرەنجام هەر ئەڕوا ئەوسا ئەوان چی ئەکەن؟..." حسێن کامیل لەم شەکرانە زۆری شکاند، وەکو دوایی دەرکەوت بۆیە وەها تەنگاو و تورە بوە، هێزەکانی ئەمەریکا لەو یەکدو ڕۆژەدا هات بونە زاخۆ سوکایەتیەکی زۆریان بە جەیشی عیراقی کرد بو بە زەلیلی لەوێ ڕاویان نابون و لە دهۆک و ئامێدی و چەند جێگایەکی تریش تەنگیان پێ هەڵچنی بون. قسەکانی تەواو کرد، چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، هەڵسا ڕۆیشت.
کاک مەسعود لەسەر کاغەزێ بۆ منی نوسی: "قسەکانی ڕەدێکی بە شیدەتی ئەوێ" منیش بۆم نوسی: "ئیستا ڕەدێکی ئەدەمەوە علی اد المقام"، کاک سامی کە لە بەینی هەردوکمان دا دانیشتبو. کاغەزەکان بە بەردەمی ئەودا ئەڕۆیشت. بە منی وت ئەمە یەکەم کۆبونەوەمانە با تێک نەچێ، ڕێگە بدەن بە من وەڵامی بدەمەوە. ئیزنی لە کاک مەسعود وەرگرت .سامی وەڵامی دایەوە. لام وایە کەس لە ئەندامانی وەفدی کوردی وەڵامەکانی بە دڵ نەبو، بەڵام بۆ پارێزگاری یەکێتی وەفدەکەمان و، نیشاندانی یەکگرتوییمان لە بەرامبەر نوێنەرایەتی بەعس کەسی تر بە دەنگ نەهات. بەم بۆنەیەوە شیعرێکی (مەحوی) م بیر کەوتەوە کە ئەڵێ:
"قەزا بێ دەستەڵاتت کا، چیە غەیری ڕەزا چارە؟
لە بەردەستی جەلابا ڕێویەکە شێری پەل بەستە"
حسێن کامیل، لە سەرەتادا مفەوەزی شورتە بوە دوایی بە جۆریکی نائاسایی خرا بوە کولیەی عەسکەری و، بێ ئەوەی بە ڕێگای ئاسایی پیشکەوتنی سپایی‌دا بڕوا، سەدام حسێن پلەی "فەریق روکن" ی پێ بەخشی بو بۆ ئەوەی پلەکەی ئەم لە هی هەمو ئەفسەرانی تری جەیشی عیراقی بەرزتر بێ. هەمو ئەفسەرە کۆنەکان بێ دودڵی و ڕامان، سەریان بۆ شۆڕ کرد و، سڵاوی سەربازی‌یان بۆ ئەکرد و، پێیان ئەوت "سیدی" کە ئەمە خۆی جۆرێک بو لە شکاندنی شەرەفی عەسکەری ئەفسەرانی جەیشی عیراقی .پێشتر بە بەخشینی روتبەی "موهیب روکن" بە خۆی و، بەرزکردنەوەی روتبەی عەسکەری عەدنان خەیروڵای خاڵۆزای و ژنبرای و دانانی بە نائیبی قائیدی عام و وەزیری جەنگ دەستیان پی کرد بو .

کاتی دەسپێکردنی مفاوەزە حسێن کامیل (بن ئامۆزا و زاوای سەدام) وەزیری دیفاع و، عەلی حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) وزیری ناوخۆ و، وەتبان (دایکبرای سەدام) موحافیزی تکریت و، سەبعاوی (دایکبرای سەدام) مودیری ئەمنی عام و، هاشم حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) موحافیزی کەرکوک بون.
وەفدی حکومەت بە ریز بە دوای یەک دا قسەیان کرد. عیزەت دوری، تەها جەزراوی، عەلی حەسەن مەجید، تاریق عەزیز. ئەیان ویست کاریگەریی هێرشەکانی حسێن کامیل لە سەر ئێمە کەم بکەنەوە و، گرژیی ناو کۆبونەوەکە خاو بکەنەوە.
گفتوگۆ، تەنانەت کات بەسەربردن، لە گەڵ کاربەدەستی بەعسی شتێکی بێ ئەندازە ناخۆشە. بەعسی وا پەروەردەکراون، کە هەمو کەس و هەمو لایەن و هەمو دنیا بە دوژمن دائەنێن، پێیان وایە پیلانیان لی ئەگێرن، ئەیانەوێ لە ناویان ببەن. لەبەر ئەوە هەمیشە جلی شەڕیان لەبەردایە، خۆیان بە سەرقاڵ و مەشغول دائەنێن. بیری بەعس لە سەر ئینقیلاب، ئیغتیال، ئیبتیزاز، دامەزراوە.
تاریق عەزیز پێشنیارەکەی خۆی دوبارە کردەوە کە دابەش بین بۆ 3 لیژنە یاوەکو ئەو ئەیوت بۆ 3 فەریقی عەمەل:
.1کۆمیتەیەکیان بۆ سەرکردایەتی. لەوەش مەبەستی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەردولای مفاوەزە بو کە ئەگەر لە دو کۆمیتەکەی تردا بۆیان چارەسەر نەکرێ.
.2کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی نەزەری دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی. لەوەش مەبەستی گفتوگۆ بو لە سەر پرۆژەی یەکەم و دوەمی بەرە دەربارەی" :الوحده الوطنیه"، و "قانون الحکم الذاتی".
.3کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی عەمەلی حوکمی زاتی. لەوەش مەبەستی پرۆژەی "تطبیع الاوضاع فی کردستان" بو.
کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەبو لە سەرۆکی هەردو نوێنەرایەتی واتە لە عیزەت دوری و مەسعود بارزانی پێک بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر کۆمیتە لاوەکیەکان لە مشتومڕەکانیان دا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ناکۆکیەکە، بخریتە بەردەم ئەوان، ئەوان تاووتوێ بکەن هەر بڕیارێکیان دا کۆمیتە لاوەکیەکە پابەندی بێت.
کۆمیتەکانی تریش پێک هێنران.
کۆمیتەی لایەنی نەزەری دیمۆکراسی و حوکمی زاتی، پێک هێنرا:
لە لایەنی حکومەت: تاریق عەزیز، ماوەیەک وەزیری ئیعلام و، ماوەیەک وەزیری کاروباری دەرەوە و، لەو کاتەدا جێگری سەرۆکی وەزیران، کە سەدام خۆی بو. د مونزیر شاوی مامۆستای قانونی دەستوری و ماوەی چەندەها ساڵ وەزیری عەدل بو، بەرپرس بو لە ڕێکخستنەوە نیزامی قەزایی و ئامادەکردنی دەیان پرۆژە و ڕەشنوسی قانونی گرنگی عیراقی، د یوسف شەریف، ئەویش مامۆستای قانون و ڕاوێژکاری وەزارەتی عەدل بو.
لە لایەنی کوردی: سامی عەبدوڕەحمان، ڕۆژ شاوەیس، کۆسرەت ڕەسول.
کۆمیتەی لایەنی عەمەلی
لە لایەنی حکومەتی: سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ، فەریق روکن سابیر دوری پێشتر چەند ساڵێ بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری و، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات بو.
لە لایەنی کوردی: ڕەسول مامەند، جەوهەر نامیق و من.
سەرۆکی لایەنی کوردی لە کۆمیتەی نەزەری سامی و هی عەمەلی من بوم.

*

کۆمیتە لاوەکیەکان کەوتنە کۆبونەوە و کارکردن.
کۆبونەوەکانی ئێمە هەموی لە ژورەکەی عەلی حەسەن مەجید لە وزارەتی ناوخۆ ئەکرا. هەندێ جار سەعدی مەهدی ساڵح و، جاروبار فەریق روکن سابیر دوری بەشدار ئەبون. تەنیا یەک کۆبونەوە لە گەڵ سەعدی مەهدی ساڵح لە بارەگای "مکتب تنظیم بغداد" کرا، ئەویش سەعدی وەرەقەی ئەو "التزامات" ەی تەسلیم کردین کە ئەبو بەرەی کوردستانی بەرامبەر بەعس بە جێی بهێنێ.
کۆبونەوەکانی کۆمیتەی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی لە مەکتەبەکەی تاریق عەزیز ئەکرا. بۆ هەندێ لەو کۆبونەوانە، بە تایبەتی باسی کەرکوک و سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی منیش ئەچوم.

*

پرس بە شارەزا
بۆ دەسکاری قانونی حوکمی زاتی پێویستی‌مان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتی‌مان بدا. پرسم بە چەند کەسێ کرد بو. پێ‌یان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە فایەق هوشیارە. فایەق هوشیار لە چلەکانی سەدەی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. ئەوسا یەکێ بوبو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و، یەکێ لە نوسەرە رۆشنیرەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و، ماوەیەکی زۆر پارێزەری و حاکمی کرد بو و دواتر بەرێوەبەری گشتی تاپۆی عیراق و ئەندامی مەحکەمەی تەمیز بو.
دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد دۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. پرۆژەکەی خۆمان ئامادەمان کرد بو، لە گەڵ خۆمان بردبومان بۆ بەغداد دامان بەو دەسکاری بکات. جاری تریش کاری وەهامان پێ سپارد بو. پاش دو رۆژ کارەکەی بە تەواو کراوی بۆ هێنایەنەوە .هەروەها وتی: "من ئامادەم لە وەفدەکەی خۆتان دا دام بنێن بۆ دیفاع لە گۆڕینەکانی ناو قانونەکە، ئەگەر رێککەوتن ئەوە باشە ئەگەر رێکیش نەکەوتن من کابرایەکی پیرم چەند ساڵێکی کەمم ماوە چیم بە سەر بێ بە لامەوە گرنگ نیە".
بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.
بۆ ئاساییکردنەوە هەلومەرجی کەرکوک و دانانی چارەی عەمەلی کە قابیلی جێبەجێ کردن بێ پێویستمان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتی‌مان بدا. پرسم بە چەند کەسێ کرد بو. پێ‌یان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە د موکەڕەم تاڵەبانی‌یە.
د موکەڕەم لە چلەکانی قەرنی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. ئەوسا یەکێ بو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و، دواتر چو بوە ریزی حیزبی شیوعیەوە. لە سەر ئەوە گیرا بو ساڵانێکی درێژ لە زیندانی سەردەمی مەلەکی دا بو. دوای رێکەوتنی حیزبی شیوعی و بەعس ئەم بو بە وەزیری ئاودێری لە عیراق و، دوای تێکچونی پێوەندی شیوعی - بەعسی ئەم لە بەغداد بە بێلایەنی مابووەوە. سەدام رێزێکی تایبەتی لێ ئەگرت و، چەند جارێ بۆ ناوبژی لە گەڵ کورد رای سپارد بو. د موکەڕەم شارەزاییەکی زۆری لە سەر کەرکوک و ناوچە ئەنفال کراوەکان هەبو.
دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد دۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. داوامان لێ کرد پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکا، لە سەر ئاساییکردنەوەی کەرکوک. پرۆژەیەکی بۆ نوسین، من لە کۆمیتەکەی خۆمان دا، کردم بە بنچینەی گفتوگۆ لە گەڵ لایەنی بەعس و، بە نوسراوی پێشکەشمان کرد. د موکەڕەم ئامادە بو لە وەفدەکەمان دا بەشدار بێ و دیفاع لەو پرۆژەیە بکات.

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.
کەڵکی زۆرمان لە هەردوکیان وەرگرت.
پرۆژەی بەرەی کوردستانی بۆ حکومەتی عێراق

*الوحدة الوطنية
تعرضت منطقة كردستان خلال العقود الثلاثة المنصرمة الى ظروف صعبة و معقدة للغاية معروفة لدى الجميع الأمر الذي عرض البلاد الى مخاطر و عطل طاقات كبيرة و أضعف روح المسؤلية لدى قسم من المواطنين و جعل الأحوال الأستثنائية تتغلب على الحالة الطبيعية و وضع المواطن في موضع مشكوك في أمره إذاء السلطة و قد إنعكس كل ذلك سلبيا على الوحدة الوطنية.
إن إعادةاللحمة الى الوحدة الوطنية هدف منشود من قبل الجميع و غيابها يعيق تقدم الشعب و البلاد و لا ينجو أي طرف من أضرارها مما يتطلب العلاج الجذري و السريع على الأسس التالية:
(1تتوطد الوحدة الوطنية بمعالجة الأسباب التي أعاقتها و ثملتها و بتعزيز الأخوة العربية الكوردية.
(2تعزيز الوحدة الوطنية يستند على رفع الغبن التريخي الذي لحق بالشعب الكوردي و الأقليات القومية و بتحقيق الحقوق المشروعة و سيادة العدالة و تكافؤ الفرص و المساوات بين الجميع.
(3سيادة القانون و النظام مطلوبة و ينبغي الألتزام بها من قبل الجميع و لا يمكن تحقيق ذلك بالأعتماد حلى القسر و القوة.
(4ينبغي أن تتعاون الحركة الكوردية (جك) الى أقصى الحدود مع السلطة على صيانة حدود و أمن العراق في منطقة كوردستان.
(5تساهم قيادة الحركة الكوردية (جك) بصورة فاعلة في منع مظاهر التسلح غير القانوني في منطقة كوردستان و في صيانة و تعزيز الوحدة الوطنيةالعراقية.

*

*

وەفدی حکومەت لەوەڵامی پرۆژەی(الوحدة الوطنية) پێشنیارەکانی بەرەی کوردستانی سەبارەت بەژیانی دیموکراسی} ئەم پرۆژەیەیان دا بەنوێنەرایەتی کورد:

حول الوحدة الوطنية و الديمقراطية في العراق
أولا: اننا نرى إن الكثير مما ذكر في الورقة المعنونة { الوحدة الوطنية} غير وارد و يتناقض مع الحقائق و روح الحوار لذلك نرى.. غض النظر عنها و الإكتفاء بورقة مشتركة حول موضوع الديمقراطية.
ثانيا: أما بشأن مسألة الديمقراطية في العراق فقد جرت مناقشة أولية و عامة بين فريق عمل مشترك من الجانبين و يمكن أن نضع الأسس التالية:
(1إن الظروف الذاتية و الموضوعية في البلاد تحتم الدخول في مرحلة جديدة هي مرحلة } المشروعية الدستورية} و قد سبق للسيد الرئيس صدام حسين أن أعلن في خطابة في 16/3عن تصميم على المباشرة في هذه المرحلة خلال الفترة المقبلة وأكد بإن هذا التصميم حاسم و لا رجعة فيه.
(2من السمات الأساسية للمرحلة المقبلة التعددية الحزبية في إطار الوحدة الوطنية و المسؤلين الوطنية، و يقتصي ذلك السماح بتأسيس الأحزاب ذات النهج الوطني البناء و وفق قانون جديد ينظم مسألة تأسيس الأحزاب و ممارستها لنشاطها السياسي.
(3إن المجتمع الديمقراطي يقوم على أساس الدستور و القانون والمؤسسات و التعددية الحزبية و حرية الصحافة و الرأي و كل الحريات التي يقرها ميثاق حقوق الأنسان وفقا للقانون و من منطلق القيم و التقاليد الوطنية و الدينية الراسخة في المجتمع العراقي و بإتجاه صيانتها..

إن مشروع الدستور الذي نشر في عام 1991 و حديث السيد الرئيس صدام حسين في مجلس الوزراء بتأريخ 1991/3/28 قد أكد على مبداء {فصل سلطة الحزب عن الدولة}.

(5إن مشاركة الأحزاب السياسية في الوزارة فكرة مقبولة من حيث المبداء و ستعالج وفقا للأتفاق الذي يجري مع الجبهة الكوردستانية فيما يخص مشاركتها في الوزارة كما سيعالج مع الأحزاب الأخرى التي ستنشاء طبقا للبرنامج السياسي الذي يتفق عليه أو كنتيجة من نتائج الأنتخابات للمجلس الوطني الذي سينشاء بعد المصادقة على الدستور.

(6إن مجلس قيادة الثورة الذى تحمل مسؤلية قيادة البلاد هو الذي يتحمل مسؤلية إقتراح مشروع دستور جديد للبلاد و سيطرح الدستور للمناقشة الوطنية العامة مجددا و سيقر بإستفتاء شعبي.

من الطبيعى أن يحدد تشكيل مجلس الوزراء في ضوء النتائج التي تتمخض عن انتخابات المجلس الوطني.. مع ثبات مبداء مشاركة الاكراد من شعبنا وفق الاسس التي يتم الأتفاق عليها.

بسم الله الرحمن الرحيم

وقل اعملوا فسيرى الله عملكم و رسوله والمؤمنون

صدق الله العظيم

تطبيع الاوضاع في منطقة الحكم الذاتي

لقد ادرك حزب البعث العربي الاشتراكي عبر مؤتمراته القطرية معاناة العراق بشكل عام ومنطقة الحكم الذاتي بشكل خاص واقر في مؤتمره القطري السابع الذي انعقد في اواخر عام 1968 و مطلع عام 1969 ان مسألة المطامح القومية للكرد في العراق تقع في مقدمة المسائل التي تواجه حركة الثورة العربية ورسم طريق الحل لها امام الثورة والسلطة الثورية.

وحيث ان منطقة الحكم الذاتي عانت من حالة عدم الاستقرار جراء النشاط الدولي والاقليمي المعادي مما جعلها تشكل تهديدا للامن الوطني.

وانطلاقا من تأكيدات السيد الرئيس صدام حسين حفظه الله ورعاه المهندس التأريخي لبيان 11 اذار 1970 على انهاء هذه الحالة وخلق حياة طبيعية من الاستقرار والطمأنينة والأمن والأمان في المنطقة.

ومن اجل بناء العراق الموحد وتقدمه وازدهاره وعزة شعبه.

وادراكا من قيادة الحزب والثورة والاحزاب الوطنية في الجبهة الكردستانية لتعزيز وحدة العراق والنهوض به على المستوى الوطني والقومي.

ومن اجل ان تتفتح على ايدي جميع الشرفاء الخيرين من مناضلي الحزب والجبهة الكردستانية صفحة جديدة مشرقة فقد تم بعون الله تعالى الاتفاق على مايلي:

-1يعفى عفوا عاما شاملا عن الكرد المدنيين والعسكريين ورجال قوى الامن الداخلي المحكومين والهاربين والموقوفين والمحجوزين وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن الجرائم السياسية ويطلق سراحهم ويشمل هذا العفو العقوبات الاصلية والتبعية ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتلغى قرارات المصادرة بحقهم وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

-2أ- يعفى عفوا عاما عن الكرد وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن جرائم الهروب والغياب والتغيب المنصوص عليها في قانون العقوبات العسكري ذي الرقم 13 لسنة 1940 وقانون معاقبة مرتكبي جرائم الهروب خارج البلاد اثناء الخدمة العسكرية ذي الرقم 28 لسنة 1972 المعدل وجرائم التخلف والمخالفة المنصوص عليها في قانون الخدمة العسكرية ذي الرقم 65 لسنة 1969 المعدل.

ب- يعمل في (أ) من هذا البند لمدة ثلاثة اشهر من تاريخ صدوره.

-3تلتزم الجبهة الكردستانية التزاما تاما بتنفيذ برنامج وطني مركزي يضعه حزب البعث العربي الاشتراكي والجبهة الكردستانية يهدف الى بث الوعي الوطني الصحيح وتعزيز الاخوة العربية االكردية وتوطيد الوحدة الوطنية وحماية مسيرة الثورة ومكتسباتها بقيادة السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله وتعميق روح الانضباط والالتزام واحترام القوانين والانظمة والتعليمات التي تصدرها الدولة واجهزتها المختلفة من اجل تطور العراق وتحقيق حياة آمنة ومستقرة للمواطنين.

-4تعلن الجبهة الكردستانية عن وقوفها جنبا الى جنب مع حزب البعث العربي الاشتراكي لمواجهة التشكيلات السياسية المصطنعة في المنطقة المؤتمرة بأوامر الاجنبي وبما يحقق أمن العراق الوطني والستراتيجي.

-5اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال ومنتسبي القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي المفصولين والمنهاة خدماتهم والمحالين على التقاعد لاسباب سياسية الى الخدمة واعتبار مدة تغيبهم او فصلهم خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد بالنسبة لرواتبهم وليس على اساس المنصب الوظيفي.

-6اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال المنقولين من دوائرهم الى دوائر اخرى او الى محافظات اخرى لاسباب سياسية الى الخدمة في مناطقهم الاصلية، وفق حاجة الدوائر (وضمان حقوق ورواتب الذين يفيضون على ذلك) من خلال تنسيببهم للعمل في دوائر اخرى وحسب حاجتها.

-7اعادة الطلبة الكرد المفصولين والمطرودين لاسباب سياسية الى مدارسهم ومعاهدهم وجامعاتهم وتخصيص منح دراسية للمحتاجين منهم حسب القواعد المرعية وعدم احتساب سنوات غيابهم سنوات رسوب.

-8قبول الطلبة الكرد في جميع المدارس والمعاهد والدور التربوية والعلمية والجامعات المدنية منها والعسكرية وكذلك البعثات العلمية والزمالات والاجازات الدراسية والمنح داخل العراق وخارجه بدون استثناء او تمايز وحسب الكفاءة ووفق القواعد والامر النافذة.

-9يعفى عفوا عاما من البارزانيين و اطلاق السراح المحكومين والموقوفين والمحجوزين منهم وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

-10اعادة السكان المرحلين من المدن والقرى الكردية الى مناطق اخرى داخل منطقة الحكم الذاتي او خارجها الى مدنهم وقراهم واماكنهم الاصلية حسب رغبتهم ووفق جدول زمني يتفق عليه وتعويضهم ويعمل على تطوير مناطقهم وذلك بايصال جميع الخدمات اليها لكي تصبح حسب قابليتها، والامكانات الطبيعية والزراعية المتوفرة فيها مراكز متطورة للزراعة وتربية الحيوانات والدواجن والصناعات الخفيفة ومناطق السياحة والاصطياف وكذلك لدعم الامن والدفاع الوطني الى جانب الاسهام في تطوير وتقدم اقتصاد عموم العراق مع مراعاة التجميع الريفي العصري والجانب الامني والاستراتيجي.

-11تتوقف اذاعات الجبهة الكردستانية عن العمل واالبث ساعة اعلان هذا الاتفاق وتسلم هذه الاذاعات الى الدولة خلال مدة اسبوعين.

-12العمل على فتح جامعة في محافظة السليمانية.
-13تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا او اعدموا من منتسبي الجبهة الكردستانية في الظروف الاستثنائية السابقة وكذلك صرف رواتب للمعوقين والمفقودين منهم وتأمين السكن المناسب لهم وفق تشريع خاص يصدر لهذا الغرض.
-14اعادة المؤسسات والمشاريع التي اوقف العمل بها بسبب ظروف المنطقة الى وضعها الطبيعي.
-15وضع خطة سريعة للنهوض بالمنطقة واعادة بنائها ورفع ما أصابها من التخلف كما جاء في بيان (11 اذار 1970).
-16الغاء جميع القوانين والقرارات والتعليمات الاستثنائية بعد زوال ظروفها والتي تقيد حرية المواطنين او تحول دون تقدم المنطقة وبعد اتفاق الطرفين.
-17حل كافة التشكيلات والميليشيات المسلحة التابعة للجبهة الكردستانية خلال مدة....
-18تسلم جميع الاسلحة الثقيلة العائدة الى الجبهة الكردستانية الى السلطات المركزية خلال مدة شهر من تاريخ اعلان هذا الاتفاق، اما بقية الاسلحة المتوسطة والخفيفة فتسلم خلال مدة شهرين من التأريخ المذكور عدا الاسلحة المتفق عليها التي ستجاز بصورة رسمية.
-19عدم قيام الجبهة الكردستانية باجراء اي تعاون او اتصال مع الدول في المنطقة وخارجها الا من خلال موافقة دولة العراق، اما الاتصال بالاحزاب غير العراقية فيتم من خلال الجبهة وميثاقها.
-20العمل على اعادة العرب الذين اسكنوا بصورة غير طبيعية اثناء الظروف الاستثنائية على حساب الاخرين في منطقة الحكم الذاتي.
-21اطلاق سراح الكرد الفيليين من العراقيين والسماح للمرحلين منهم داخل المنطقة والموجودين منهم خارج العراق بالعودة الى القطر خلال مدة سنتين والسكن بالمنطقة وحسب رغبتهم.
-22تطبيق قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي المشمولة بقانون رقم (90) لسنة 1975 تطبيقا يضمن مصلحة الفلاحين ويخدم الاقتصاد الوطني واعفاء المرحلين منهم مما ترتب عليهم من ضرائب جراء ترحيلهم وعدم استغلالهم أراضيهم.
-23ان العراق كان ولا يزال يعاني من تهديدات خطيرة لأمنه الوطني والستراتيجي وفي مقدمتها التهديد الصهيوني الامريكي الامبريالي والنظام القائم في ايران وبعض الانظمة الاخرى في المنطقة ولما كان من المتفق عليه ان يساهم ممثلو الجبهة الكردستانية في الحكم وفي صنع القرار العراقي ومن أجل أن تكون المواجهة الوطنية لهذه التهديدات بالمستوى المطلوب فان الجبهة تلتزم بالخطط والاجراءات التي تتخذها دولة العراق لتحقيق هذا الهدف الوطني النبيل سواء كان ذلك بصيغة القتال العسكري او النضال السياسي الوطني كما انها تلتزم بتعميق الوعي الجماهيري باتجاه حب العراق والاستعداد للتضحية والدفاع عنه حتى الاستشهاد ضد كل اعدائه... والله الموفق .



(ئێوارەی پاییز)

ئێوارەیەو
گڤەی (با)دێ..
هەور ئاسمانی گرتووە
ئێوارەیەو
داری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..
گەڵا سەرچۆپی گرتووە

ئێوارەیەو
منی تەنیا لەناو کۆمەڵێ تارمایی ڕێبوارانا..
لەسەرمانا.. ئەلەرزم و
هەنگاو ئەنێم بەژێر باڵی ڕەهێڵەو شەستەبارانا

ئێوارەیەو
منی بێ باڵتۆ.. بێ چەتر..
دەربەستی تۆف و سەما نیم
ئێوارەیەو
کەس بۆ خەمی من ناسووتێ..
ئای لەو ڕۆژە ڕەشانەی دیم!

ئێوارەیەو
خۆشەویستی و ترسی پاییز..
هەموو گیانمی گرتۆتەوە
ئێوارەیەو
پاییز لەدڵی تەزیوما..
ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە..

ئێوارەیەو
زۆر حەز ئەکەم لەجێی بارانا..
گەڵای زەرد بەسەرما داکا

ئێواریەو
باوەش ئەکەم بەگەڵای مردووی پاییزا..
ئەو پاییزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو ون ناکا

ئێوارەیەو
تاوێکی تر گۆرەکەی ئەگرمە باوەش
لێی ئەپرسم.. ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ؟

ئاخۆ سڵ ناکا لەگرمەی هەورو لەلوورەی بارەش؟

"ژەنەراڵی پاییز"

Sbeiy.com Sbeiy.com © 2021

YADNAMEیادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەرە کوردیەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیش لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.29,October 2021

## هەڵبژاردنی عێراق چی پێ وتین.؟؟

یادنامە

گەر هەڵبژارن بنەمایەک بێت بۆ بەشداری تاک لە پرۆسەی حکومداریدا ، ئەوا ئەم هەڵبژاردنەی عێراق پێی وتین بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان خەڵک و دەستەڵاتدا ، پێی وتین ئەو تاکەی کە دەمانەوێ هەڵبژاردن و حکومی سندوقەکانی دەنگدان بکاتە بەشێک لە بەشداری خۆی ئەوا تاک متمانەی بە هیچ جۆرە دروشمێک و هیچ جۆرە دەموچاوێکی سیاسی و دەوڵەتداری نەماوە ، هەڵبژاردنی عێراق پێی وتین لە دوو سەد ساڵی ڕابردودا بە پاشایەتی و جمهوری و ئەفسەرانی کودەتا چیەکانیشەوە هێندەی ئێستا تاکی عێراقی لێی نائومێد نەبوە ، هەڵبژاردنی عێراق و خۆپیشاندانەکانی تشرین پێمان دەڵێ کە حوکمی گۆڕینی مۆدێلێکی تر بە ڕێوەیە ، مۆدێلێک کە عێراق ڕزگار بکات لە دەستی وڵاتانی دەرەکی و هەژمونگەرانی دەرەکی.

لە کوردستان هەڵبژاردن بەدەر لە ئەنجامەکانی و ڕێژەی کورسیەکانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داتایەکی بەرهەمهێنا کە پێمان دەڵێ ئەگەر پرۆسەی چاکسازی گشتی پەلەی لێنەکرێ و کار بۆ داواکانی شەقام و خەڵک نەکرێ کە خزمەتگوزاریەکانە ئەوا هەڵبژاردنی داهاتو هیچ ئەرزشێکی نابێ ، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین هەرێم لە نێوان دو ڕێگادایە و ڕێگای سێیەم نیە ، ئەویش هەڵبژاردنی ڕێگای یەکەمە کە بەدەمەوە چونی داواکاریە گشتیەکانە ، خۆ ئەگەر ئەمە نەکرێ ئەوا ڕێگای دوەممان هەڵبژاردوە و دەستەڵات بە گشتی دەکەوێتە بەردم دوو بەرداشەوە ، بەرداشی نەبونی هێزی ناوەکی و بەرداشی دوژمنی دەرەکی ، دواجار لای خەڵکی لە ئێستەوە ڕونە و دەنگدەر کە زمانی بە شیری گەرم سوتا بێ فو لە ماستاویش دەکا.




### سلێمانی

لە بیرم دێ سولەیمانی کە داروملکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپیی سەرا، سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر، ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و، نەققارە، تــا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جرید بازی، لە دەشتی کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیی بەغدایی تەخسیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت دەوێ، باوکی سلەیمان بوو(١)
عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
(سەلاحەددین) کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
عومومی شەهر باران و سەلاتینی فەرەنگستان
لە ڕوعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی عەراسان بوو(٢)
قوببووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو
کە (عەبدوڵڵا)ە پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
(ڕەزا) ئەو وەختەی عومری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو

شێخ ڕەزای تاڵەبانی



ڕووسیا .. تورکیا ئەکەین بەچوار پارچەوە ... ل٢
بۆچی ستالین لە کورد تورە بوو؟... ل٣
کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر کورد ... ل٥
ڕێکەوتننامەی لۆزان ودەزگای هەواڵگری تورکیا ... ل٦
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٨
تۆپخانەی شۆرش ... ل١١
ئەردۆگان هەڕەشەی سەربازی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات ... ل١٣
کاریزما و سیاسەت مەلەفی تایبەت ... ل١٥
نەخشەی کوردستان و میرنشینەکان ... ل١٧
سوپای عێراق ... ل١٨
نوری کەریم ... ل٢٠









## ڕووسیا .. تورکیا ئەکەین بەچوار پارچەوە ..

نوێ ترین هەواڵ ..

شەڕی نێوان ئێمەو تورکیا چەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت...
ئەو تورکانەی کەدوای جەنگەکە ئەمێنن ئەگێڕینەوە بۆ خاکی باب و باپیرانیان لەمەنگۆلیا ..و ئەبێت لەوێ هەوڵی ئەوە بدەن سولتانێک دەست نیشان بکەن..
کوردەکان لەتورکیا کیانێکیان بۆ دروست دەکەین و خاکە زەوتکراوەکەیان بۆ دەگێڕینینەوە....
تورکیا وایزانی فڕۆکە جەنگیەکەش مقەڕەکانی پ ک ک یە لەقەندیل..

ئەم هەواڵە لەعربی و ڕووسیاوە کوردۆ سوید وەریگێڕاوە..

ووتەکانی پوتین و چەکە ترسناکەکانی ڕووس ئەردۆگانیان خستە پاڕانەوە..
ڕووسیا ووتەکانی و پاڕانەوەکەی قبوڵ نیە و بەهەموو جۆرە چەکێک لەدەریاچای قەزوینەوە بەسارۆخی هەمەجۆر و لەاسمانەوە بەفڕۆکە لەو چەکدارو میلیشیایەنە دەدات کەسەر بەتورکیان و ترس و لەرز لەسەر دابەش بوونی ترکیاش هاتۆتە ناو باسانەوە...

شەڕی پیادە و سەربازی لەگەڵ تورک ناکەین بەڵکو بەبۆمبی لۆجستی و ئەتۆمی تورکیا وێران ئەکەین و شەڕەکەمان لەچەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت..
خەبیری سەربازی سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیای ئێستا الیکسندر بریماکۆڤ..
سەبارەت بەلێدوانەکانی تورکیا و اردۆگان ڕایگایاند کە گەر فڕۆکەی تورکیا بەسەر خاکی سوریادا بفڕێت بەدڵنیایەوە ئەیانخەینە خوارەوە و گەر شەڕیش هەڵبگیرسێت ئەوە ئەو شەڕە لەبەرژەوەندی ڕووسیا نابێت گەر لەچەند سەعات و ڕۆژێک زیاتر بخایەنێت بۆیە پێویستە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ ئەبێت ڕووسیا بەلێدانێکی خێرا لەماوەیەکی کەمدا بەهەستاندنی هەزاران ڤڕۆکە و بەکارهێنانی سارۆخی لۆجستی هەموو ڤڕۆکەخانە و سەربازگەکانی تورکیا وێران بکەن ..
لەو حاڵەتەشدا دڵنیاین کەحلفی ناتۆ بێدەنگ نابن بەس کاردانەوەی سەربازیان نابێت و ئەو توانایەیان نیە بەرانگاری شەڕێکی ئەتۆمی بنەوە لەگەڵ ڕووسیادا ..
ئەمەریکا گەر بیەوێت هاریکاری سەربازی تورکیا بکات ئەوە بەبەکارهێنانی ئەتۆمی ئەبێت و لەوە دڵنیاین کە ئەمەریکا نەک سارۆخێکی ئەتۆمی لەبەر خاتری تورکیا دژ بەڕووسیا بەکار ناهێنێ بەڵکوو ئامادەی ئەوەش نیە سەربازێک فیشەکێکی دژی سەربازانی ڕووس بتەقێنێت..

لەهەمان کاتدا الیکسندر سەبارەت بەکوردو ئەرمەن و علویەکان لەتورکیا ڕایگەیاند ..
کەئەوان وادەکەن کوردەکان دەست بگرنەوە بەسەر ناوچەکانیاندا و کیانێکی سەربەخۆ لەوێ دروست بکەن هەروەها ئەرمەنەکان خاکە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە و علویەکانیش بەهەمان شێوە ..

سایتی ڕووسیای ئیمرۆ و پراڤدا و تلفزیونی ڕووسیان تیڤی وەرگیراوە

# بۆچی ستالین لە کورد تورە بوو؟

بۆچی ساڵی 1929 کۆتایی بەکۆماری کوردستانی سور لەناگۆڕنی کەرابغ هێنا، کە لینین لە ساڵی 1923 دروستی کردبوو؟

بۆچی لە زستانێکی بەستەڵەکدا و لەبیابانەکانی کازاخستان و ئۆزباکستان و قیرغیستان و تورکمانستان، بەزۆرەملێ کۆچی پێکردن و پەرتوبڵاوی کردن؟

لەدوای ڕێککەوتننامەی سایکس- بیکۆی نهێنی، کە بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕوسیای قەیسەری بەشدارییان تێدا کرد بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، کوردستان کرایە 5 پارچە و هەر پارچەیەکیش بە دەوڵەتێکەوە لکێندرا، سوریا، عێراق، تورکیا، ئێران (کە لە ساڵی 1514 وە بەشی ڕۆژهەڵاتی لە بندەستدا بوو).

لە ساڵی 1917 شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا لەسەر دەستی لینین هەڵگیرسا، کە ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆی ئاشکراکرد، بەمەش ڕوسیا زۆرینەی بەشی خۆی لە کوردستانی باکوور لەدەستدا و بەشەکەشی خرایەسەر تورکیا، بەشێکی کەم لەبندەستی یەکێتی سۆڤیەتدا مایەوە، کە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕقی ڕێککەوتننامەی لۆزان، ئۆتۆنۆمی بەو بەشە بچووکەی کوردستان (کوردستانی سور) بەخشی‌و غۆسین غاجییێف (حسین عاجییف) بە سەرۆکی ئەو بەشەی کوردستان هەڵبژێردرا، کە پایتەختەکەی (لاتجین) بوو، شارەکانی کیلباجان و کۆبتلی و زانغلان و جیلابسکی لە خۆ گرتبوو.

کوردەکان بە دڵخۆشی و سەماکردنەوە پێشوازییان لەدامەزراندنی کوردستانی سور کرد، بەڵام لە دوای کۆچی دوای لینین و هاتنەسەرکاری ستالین، فەرمانڕەوا تورکەکان تەماحی نەوتییان خستە بەردەم ستالین، بۆیە ستالین وردە وردە بۆی داشکاندن، تا ئەو کاتەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا، بۆیە ئەتاتورک خۆی هاویشتە باوەشی ستالین و داواشی لێکرد کوردستانی سور لەناوبەرێت، چونکە کوردەکانی تورکیا بەپشتیئەستوری کوردستانی سور شەڕێکی بێهودەیان دژ بەتورکەکان دەستپێکردووە و ئامانجیشیان سەربەخۆیی کوردستانە.

ستالین بەدەم داواکەیانەوە هات، بەڵام بە چەند مەرجێك، کە لە جوغزی بیرۆکەی شیوعیەتدا دەخولانەوە.

ئەوکات ستالین لە کوردەکان تورە بوو، لە پاساوێك دەگەڕا بۆ لەناوبردنی کۆمارەکەیان، یەکێتی سۆڤیەت لە دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕش ئاگریداغ- یش بەشدرا بوو، کە بە ڕابەرایەتی نورەدین پاشا هەڵگیرسا، لە ساڵی 1930 بە ڕێککەوتننامەیەکی سێقۆڵی نێوان (یەکێتی سۆڤیەت و ئێران و تورکیا) لەناویان برد.

حکومەتە شیوعییەکەی سۆڤیەت بەڵێنی دا بە یەکجاری کوردستانی سور لەناوبەرێت، لە هەمان ساڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی ئاگریداغ، کۆتایی بە کۆماری کوردستانی سور هێنا و بەسەر دەوڵەتەکانی یەکێتی سۆڤێتی وەك ئۆکرانیا و مۆڵداڤیا و قرقیزیا و ئۆزباکستان و تاجیکستان و تورکمانستان و کازاخستان پەرشوبڵاوی کردن.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی و بە دیاریکراوی لە ساڵی 1944 دا، دووبارە سۆڤیەتییەکان بەزۆرەملێ کوردەکانیان کۆچپێکرد بۆ جۆرجیا و ئەرمینیا و بیابانی کازاخستان و ئۆزباکستان و قیرقیزستان و تورکمانستان، ئەمجارەیان بە پاساوی (ێاری) بوونی کوردەکان ئەوەیان کرد، کە هەمان نەژادی ئەڵمانەکانە، سەرباری ئەوەی چەندەها گەنجی کورد لە بەرەکانی شەڕی دژ بە نازییەکان شەڕیان دەکرد.

لە هەمان کاتیشدا تورکەکان هاوپەیمانی نازییەکان بوون، بۆیە هێشتا ڕوون نییە بۆچی ستالین لە کوردەکان تورە بوو و بە زۆرەملێ و لە زستانێکی سارددا، کۆچپێیکردن، کوردەکان دەڵێن: ئەو کۆچکردنەیان بیرناچێتەوە کە چەندەها لە ڕۆڵەکانیان لە فارگۆنی شەمەنەفەرەکاندا لێ مردن و ئێستاش نازانن گۆڕەکانیان لە کوێن تا تاجەگوڵینەیەکیان لەسەر دابنێن.

نادر کریموڤیچی - ئەکادیمیست دەڵێت: یەکەم کۆچکردن لە ساڵی 1937 دەستی پێکرد، لەگەڵ ئاژەڵان خستیانیینە ناو فارگۆنی شەمەنەفەرە، ئاوهەوا زۆر سارد بوو، منداڵان لە برسان لاکەیان دەهات، کەسێك نەبوو هاریکارمان بێت، شەمەنەفەرەکە بۆ ماوەی 20 ڕۆژ بەڕێوەبوو، منداڵ و پیرو پەککەوتووەکانیشمان لەگەڵ بوون، لە وێستگەی شەمەنەفەرەکان دەمانناشتن، چونکە هیچمان پێ نەبوو زەوی پێ هەڵکەنین، ناچار لاشەکانمان دەخستنە ژێر بەفرەوە. کاتێك گەیشتینە کازاخستان چەند خێمەیەکیان پێدایْن، کە بەهاریش هات دەستمان کرد بە دروستکردنی خانووی قوڕین و تیایدا نیشتەجێ بووین.

دەزگای هەواڵگری سۆڤێت ناوی کەی - جی - بی بوو، شەو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دوو ئەندامیان هاتنە لامان، وتیان کێ تەمەنی 20 ساڵە پێمان بڵێت تا لە دەزگاکانی دەوڵەت دایمەزرێنین، هەندێکیان وتیان کە تەمەنیان 20 ساڵە، هەبوو تەمەنی لەوەش کەمتر بوو وتی: 20 ساڵم تا کاری دەستکەوێت، بردیانن و تا ئەمڕۆش لەگەڵ بێت نەگەڕانەوە، برایەکم و مامم و زۆر لە خزمەکانم لەو پێرە بوون، کە بردیانن، کە یەکێتی سۆڤێت هەرەسیهێنا، لە ئەرشیفدا بە دوای چارەنووسی ئەواندا گەڕاین، پێیانوتین لە شاری شکیمنت لە باشووری کازاخستان نێژراون، ئێستا لەو شوێنە مۆزەخانەیەکیان دروست کردووە، سوێند بەخوا ستالین و سەدام هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، هەردووکیان بە کۆمەڵ کوردەکانیان زیندەبەچاڵ کردن، ئەو وتی شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ کردین.

محەمەد سلو باییێف نووسیوویەتی: (کنیار بدر بیك) کە دەرچووی کۆلێژی لینینگراد بوو، چەند نامەیەکی بۆ سەرکردە شیوعییەکان نووسی و داوای لێکردن کوردستانی سور زیندوو بکەنەوە، سەرکردایەتی شیوعییەکان ئەو نامانەیان فەرامۆش کردن، دواتر کنیار بەدر بیك بە خۆیی و خێزانەکەیەوە کۆچی کرد بۆ تورکیا.

باییێف دەشڵێت: من بەڕێوەبەری لقێیك کشتوکاڵی ناوچەی (ماسیس) ی ئەرمینیا بووم، لە ساڵی 1969 منیان بۆ پۆستێیك باڵا بەربژێر کرد، چونکە زمانی ڕوسی و ئەرمەنی و ئازەربایجانی و کوردیم دەزانی، بەرپرسە حیزبییەکەی ناوچەکە پێیوتم: من شایستەی ئەو پۆستەم، بەڵام چونکە ئازەربایجانی یان ئەرمەنی نیت و کوردی، ڕێگەت پێنادرێت ئەو پۆستە باڵایە بگریەدەست.

هەروەها دەڵێت: ڕووم کردە چیاکان و بە گریانەوە بۆ چەند کاتژمێرێك دەستم کرد بە هاوارکردن، شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین.

زاهیر عەفدی سادیکۆڤ ئەوەش دەڵێت: نامەوێت ئەو شتانەم بیربێتەوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم کە لە ساڵی 1980 لە مۆسکۆ ئۆڵمپیاد سازکرا ، بڕیارماندا بچین بۆ تەماشاکردنی یارییەکانی ئۆڵمپیاد ، چوار ڕۆژ پێش گەشتکردنمان، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە کۆیکردینەوە و وتی نامەوێت کەستان بێزار بکەم، بەڵام هەتانە ناتوانێت ئامادەی ئەو یاریانە بێت، ئەو نووسراوێکی لە باخەڵ دەرهێنا و وتی ئەمە بریاری مۆسکۆیە کە: پێش هەفتەیەك لە دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵمپاتی مۆسکۆ، ڕێگە نادرێت کوردەکان و قرباتەکان (دۆمەکان) بچنە ناو شاری مۆسکۆوە، وتی من لە شوێنی خۆم ووشك بووم، چونکە ئێمەیان بە قرباتەکان چوواند ، لە کاتێکدا من جێگری بەڕێوەبەری گشتی بووم.

سادیکۆڤ بەردەوام بێت و دەڵێت: من چوومەوە نووسینگەکەم و بۆ چەند کاتژمێرێك گریام، بەڵام چارەیەك نەبوو، ئەمە چارەنووسمان بوو کە لە هەر شوێنێك بین ستەملێکراو بین.

عەزیز زیاد بەدرخان عالییێڤ دەڵێت کە لە ساڵی 1944 باوکم لە بەرەی جەنگی دژی نازییەکان بوو، حکومەتە شیوعییەکەی ستالینیش خێزانەکەمیان بە زۆرەملێ بۆ ناوەڕاستی ئاسیا دوورخستبۆوە، ستالین ئاوا دژایەتی دەکردین، ئێوە خۆتان وێنای بکەن کە باوك لە بەرەی جەنگ بێت و بەرگری لە حکومەتەکەی ستالین بکات، خێزانەکەشی لە زێید باوباپیرانی خۆیان دەرکرابن.

زۆرینەی کوردەکانی کازاخستان و قرقیزیا، لە بنەچەدا لە چیاکانی قەفقاس و ئەرمینیا و کوردستانی سورەوە هاتبوون کە شیوعییە ستالینییەکان بە زۆرەملێ دوویان خستبوونەوە لە و ناوچەکانی تراز و گوندەوارەکەی و شمکینت و گوندەوارەکەی، ئەلماتا و گوندەوارەکەی و کسکیلین و ئیسك و زریا و فاستوکە و جانا ترمز و کمسمولسکایا و عەشقی بولاك و تولکی کورغانی و شوێنی دیکەی کازاخستان نیشتەجێیان کردبوون.

دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمانە بوونە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەر یەکەیان سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی پەیرەو دەکرد. کازاخستان لە ڕووی ڕووبەرەوە حەوتەمین دەوڵەتی جیهانە، 16 ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە لە 120 نەتەوەی جیاواز.

لە ساڵی 1992 سەندیکاکان لە کازاخستان دامەزران، سەندیکای کوردیش بە ناونیشانی (یەکبوون) لە ساڵی 1993 دامەزرا، عەزیز زیاد بەدرخان عەلییێڤ یەکەم سەرۆکی سەندیکاکە بوو تا ساڵی 1995 و ئەویش دامەزرێنەری بوو، ئینجا هەریەك لە بەدر موسا(1995-1997)، پرۆفیسۆر کنیار ئیبراهیم میزاییێڤ (1997)، ئەکادیمك نادیر کریموڤیچ نادیرۆڤ (1997-2003)، کنیار ئیبراهیم میزاییێڤ لە 2003 وە بۆ ئەمڕۆ.

سەندیکاکە چەند لقێکی هەبوو کە تایبەت بوون بە فۆلکلۆر و مۆسیقا و کەلتور و هەڵپەڕکێ، لە چەندەها چالاکیدا پلەی باڵایان بەدەست دێنا، بەشی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیش کرایەوە و مامۆستاکانی چەندەها خەڵاتی فەخرییان بەدەستهێنا، پەرتووکی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی لاتینی چاپکران، ئێستا کوردەکانی ئەوێ ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن و لە بۆنە و جەژنەکانی کازاخستاندا بەشداری دەکەن، ڕۆژنامەیەکیان هەیە بە ناوی (ژینا کورد) و گۆڤاری (نوبار) دەردەکەن، لەسەر ئەنتەرنێت پێگەییان نییە و پەیامنێری تایبەت بە خۆیان نییە.

**هۆزە کوردییەکانی کازاخستان**

هۆزی بروکە کە دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکەم (بشکە) کە زۆرینەیان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵان وەك ئەکادیمیك نادر کریموڤیچ کە زانایەکی گەورەی بواری نەوتە و زۆر خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە وەك خەڵاتی ناپلیۆن، هەروەها حرمەت و کەسانی دیکەش. دووەم (قرکە) کە زۆرینەیان نەخوێندەوارن و کەسانی دیاریان لێ هەڵنەکەوتووە و پێشیان دەڵێن کوردەکانی قەوقاز. هەروەها هۆزی دیکەش وەك جەلالیە، مرتفە، میلیە، ئێزدییەکان.

زۆرینەیان دەڵێن کە داب و نەریتی کوردییان بیرنەچۆتەوە، زۆرینەی ژنەکانیان نەخوێندەوارن و تەنها کەمینەیەکیان خوێندنیان تەواو کردووە، ئەوان لە تەمەنێکی بچوکدا شوو دەکەن، بۆیە خوێندن تەواو ناکەن.

جلوبەرگی ژنە کوردەکانی کازاخستان دوو جۆرە: گەنجەکان کە جلوبەرگی شارستانی لەبەر دەکەن، پیرەکان سەرپۆشی لەسەر دەکەن کە بە زیو ڕوپۆشکراوە وەك کوردەکانی سوریا بە تایبەتیش ناوچەی کۆبانێ کە هەمان جلوبەرگ لەبەر دەکەن.


کوردەکانی کازاخستان زوو هاوسەرگیری دەکەن؛ لە تەمەنی 18 یان 20 ساڵیدا، زۆرنەی هاوسەرگیرییەکان بە ڕەزامەندی باوانە و بە زۆری ژن و ژنخوازی لە نێوان خزم و کەس و کاردایە، لە سەردەمی شیوعییەکانیشدا ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییە قەدەغە بوو.

کوردەکانی کازاخستان ژمارەیان 100 هەزار کەسە، کوڕیان خۆشتر دەوێت لە کچ، لە بوارەکانی بازرگانی و تەندەر هی دیکەش کار دەکەن وەك مامۆستایی و شوانەکارەیی،چەندەها ئەدیب و شاعیریان هەیە وەك حەسەن حاجی سلێمان کە شاعیر و نووسەر و سەرنووسی ڕۆژنامەی (ژینا کورد)ە، هەروەها مەجید سلێمان کە شاعیرە و خاوەن هۆنراوەی (وڵاتی مە کوردستانە، جێی مەسکەنێ مە کوردانە). کنیاز ئیبراهیم نووسەرە، نادر کریموڤیچ نادیرۆڤ نووسەری پەرتووکی (ئێمەی کوردی کازاخستان) ە. عەلی عەبدوارەحمان کە نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیرە و چەندەها دانراوی هەن. ئەوان خاوەنی سەندیکای دۆستایەتی (کوردستان-کازاخستان) ین.

**نووسین: دکتۆر محەمەد ئەحمەد برازی (کە نیشتەجێی کازاخستانە)**

**وەرگێڕان: لوقمان حاجی قادر**

**وێنەی مامۆستایەك مێژووی کورد فێری کوردانی ڕوسیا دەکات ساڵی 1928**



# کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر کورد

## محمد بەڕانەتی _ کوردستان _ هەتاو



خاکی کوردان یەکێك بوو لەقوربانیانی ئەم جەنگە لە ساڵی ( 1914-1918 )، وە لەگەڵ ئەوەش دا کوردەکان زۆر بەدڵسۆزی بەشداری جەنگیان کرد و وڵاتەکەیان بووە گۆڕەپانی جەنگ و شوێنی پێك دادانی لایەنە بەشەڕ هاتووەکان بەتایبەتیش لەبەرەکانی ڕۆژهەڵات دا چونکە یەکەم تەقەی جەنگ کەکرا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو .چونکەکوردەکان شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکرد لەبەرەکانی جەنگ بەتایبەتیش لەبەرەی ڕۆژهەڵات دژی سوپای ڕوسیا کەدەیویست لەسنورەکانی وان و ئەرزەڕۆم و سیواس بێتە ناو خاکی تورکیا بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی زۆری کۆکردەوە لەکوردستان بەتایبەتیش سوپای ( 9 و 10 ) لەئەرزەڕۆم و سیواس لەکوردەکان پێك دەهات،دوای کۆتایی هاتنی جەنگ کورد نەبووە خاوەنی مولك و خاکی خۆی،چونکە کوردەکان لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگیان کرد،دەوڵەتی عوسمانیش دۆڕاوی جەنگ بوو، لێرەدا کۆلۆنیالزمەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دەوڵەتی عوسمانیان دابەش کرد لەوانەش کوردستان کەپارچە پارچە و دابەش کرا .

لازاریـفدەڵێ ئارشاك سافراستیان چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کەگوایە لەساڵانی ( 1911 تا 1923 ) تایبەت بەکاریگەریەکانی جەنگ لەسەر ژمارەی دانیشتووان سەبارەت بەکەمەنەتەوەکان لە 25% کەمی کردووە، وە تورکیش لە 25% زیادی کردووە،بێگومان کوردیش یەکێك بووە لەو نەتەوانەی کەپشکی شێری بەرکەوتووە سەبارەت بە لەدەست دانی دانیشتوان و قوربانیانی جەنگ ) .

وەلەهەمان کات دا ڤاسیل نیکتین دەڵێ : (زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی کورد بەشێوەیەکی سروشتی ئەو زەرەرە پڕناکاتەوە کە کوردەکان لەدەستیان داوە لەساڵانی جەنگ ) .


لازاریـف دەڵێ : (یەکەم تۆپ کە تەقێندراوە لە ڕۆژهەڵات بەر کورد کەوتووە ) .

واتا ناوچەکوردیەکان بوونەتە گۆڕەپانی شەڕ و چەندین گوند و دێهات وێران کراون، وێرای بوونی بارودۆخی خراپی ئابووری و سیاسی و سەپاندنی باج و سەرانەی بەزۆرەملێ، لەهەمان کاتیشدا هەرچی ناوچەی کشتوکاڵی و دانەوێڵە هەبوو هەمووی سوتێنرا .

جگە لەوەش ڕوسەکان بە یارمەتی ئەرمەنەکان توانیان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشڕەوی بکەن و کوشتارێکی زۆریان لەکوردەکان کرد و تاڵانی ناوچە کوردیەکانیان کرد بەتایبەتی لەساڵانی جەنگ لەساڵی ( 1915 ) کاتێك سوپای ڕوس سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر سوپای عوسمانی،هاتە ناوچەی خوێ و لەوێشەوە بەرەو ناوچەکانی تەبریز و ئازەربایجان هەتا گەیشتە ناوچەکانی ڕواندوز .

لێرەدا مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی سوپای ڕوسەکان لە ئەرمەنەکان پێك هاتبوون کەهاتوونەتە کوردستان چەندین کاری تێك دەرانەو وێرانکاری و کوشتنیان ئەنجام داوە،هەتا باس لەوەدەکرێت کاری بەد ڕەوشتی و خراپەیان بەرامبەر بەئافرەتانی کورد کردووە،وەباس لەوەش دەکرێت کەچەندین کەسیان لە خەرەندی ڕواندوز فڕێ داوەتە خوارەوە ........بۆیە لەناوچەکانی تری کوردستان فەتوا دراوە بۆئەوەی شەڕبکەن دژی ڕوس بەتایبەتیش لەشاری هەولێر دوو فەتوا دراوە بۆ شەڕکردن دژی ڕوس و ئەرمەن لەئەنجامی ئەو خراپەکاریانەی کە لە ڕواندوز کردوویانە .

**هەتاو میدیا**



# ڕێکەوتننامەی لۆزان ودەزگای هەواڵگری تورکیا

د. کامەران مەنتك

2021\10\17



## بەشی یەکەم

یەکێك لەکێشەکانی بەناو رۆشنبیر وسیاسەتمەدار میدیاکان ئەوەیە، زانیاریەکانیان دەستی دووە وتاقەتی ئەوەیان نیە بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە بنەڕەتیەکان و زانیاریەکان وەك ئەوەی هەیە وەربگرن، بوونی چەندین تۆری کۆمەڵایەتی ومیدیایی ئەلیکترۆنیش بۆتە سەرچاوەیەکی لەبار بۆ بلاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست وبەشیوەیەك بوارێکی گەورەی بۆ کاری هەواڵگری رەخساندووە، دەزگا هەواڵگرییەکانی ناوچەکە بەگشتی وهەواڵگری تورکیا بە تایبەتی سوودیان لەو لایەنە وەرگرتووە ولەخزمەتی سیاسەتی وڵاتەکەیاندا بەکاریدەهێنن.

یەکێك لەو دمگۆ وبانگەشە ناڕاستانەی بلاودەکرێتەوە، کە میدیاکان، لەوانە میدیا عەرەبی و کوردیەکانیش نەزانانە کەوتوونەتە ژێر هەژموونی ئەو شەپۆلەی هەواڵگری تورکیا، مەسەلەی هاتنی ساڵی 2023 وبەکۆتا هاتنی ڕێکەوتننامەی لۆزانە، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە هەواڵگری تورکیا لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت، ڕێگا بۆ هێرشێکی گەورە خۆش بکات، یاخود لەرووی دەروونیەوە خەڵکی هەرێم بۆ داگیرکاریەکی لەم شێوەیە ئامادە بکات.

ئەوەی جێگای سەرسامیە نەك میدیاکان، بەڵکو زۆر لە بەناو سیاسەتمەدارە کورد وعەرەبەکانیش لە شیکردنەوەکانیاندا، وەك ئەوەی هەنگوینیان لەدار دۆزیبێتەوە وپێشبینیەکی سیاسیانە بکەن، ئەو دمگۆیانە دەجوونەوە ودوپاتی دەکەنەوە، بە بیئەوەی یەکێك ئەو ئەرکە بچووکەی خستبێتە سەر شانی خۆی وسەیرێکی ڕێکەوتننامەی لۆزانی کردبێت، کە وەرگێڕانە عەرەبیەکەی تەنیا 65 لاپەڕەیە ولەوانەیە بە چەند کاتژمێرێکی کەم بخوێنرێتەوە!

بۆئەوەی بەشێوەیەکی یاسای وەڵامی ئەو دمگۆ وشەڕە هەواڵگریە بدەینەوە، سەرەتا دەبێت بپرسین ئایا ساڵی (2023) ڕێکەوتننامەی لۆزان بەکۆتا دێت؟ دەربارەی مەسەلەی بەکۆتاهاتنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، لەهەندێك ڕێکەوتننامە لەدیباجەی سەرەتایدا باس لە ماوەی بەکۆتاهاتنی ڕێکەوتننامەکە دەکرێت، یاخود لایەنەکانی ڕێککەوتنامەکە لەسەر ماوەیەك ڕێکدەوکەن بۆئەوەی ڕێکەوتننامەکە بەکۆتا بێت، یاخود ئەو ئەرکەی ڕێکەوتننامە لەپێناوی دەبەسترێت تەواو دەبێت، یا دوای ئەوە ڕێکەوتننامەیەکی تر دەبەسترێت وئەو ڕێکەوتننامەیە ڕەتدەکاتەوە، یاخود هەمواری دەکاتەوە، یاخود هەر دوو لایەن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕێکەوتننامەکە ڕەتدەکەنەوە، هەندێکجار ڕێکەوتننامەکە ڕەتدەکرێتەوە یاخود کاری پیناکرێت، لەبەرئەوەی توانای جێبەجێکردنی نیە، یاخود لایەنێك لە ڕێکەوتننامەکە دەکشێتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕێکەوتنامەی لۆزان بکەین، لەمادەی 143 دا باس لە کاتی کارپێکردنی ڕێککەوتننامەکە کراوە، بەڵام باس لە بەکۆتاهاتنی نەکراوە! بەڵام لەبەرئەوەی ڕێکەوتننامەی لۆزان هەموو ئەو ئامانجەی هێنایە دی، کە بۆی دانرابوو، دەتوانین بڵێین ئەو ریکەوتننامەیە لەمێژە بەکۆتا هاتووە. هەرچەندە هیچ لایەنێك لە لایەنەکان تاوەکو ئێستا لە ریکەوتننامەکە نەکشاوەتەوە، تورکیا، کە بەهۆی ئەو بانگەشانەوە ئاماژە بۆ ئەو کشانەوەیە دەکات وباس لەوە دەکات، ساڵی (2023) ئەو ڕێکەوتننامەیە تەواو دەبێت، واتە تاکلایەنە دەکشێتەوە، ئەو بانگەشەیەی تورکیا پرسیارێك دەوروژێنێت، ئایا تورکیا ئەو توانایەی هەیە رووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ببێتەوە؟ بێگومان نەخێر! پاشان دەبێت ئەو راستیە بزانین، کەوا ڕێکەوتننامەی لۆزان رەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراو بوو لە هاوسەنگی هێزی جیهانی ووەك دۆڕاوێکی شەڕ بەسەر تورکیا سەپێنراوە، تاوەکو گۆڕانێکی گەورە لەهاوسەنگی هێزی جیهانیدا روونەدات، ناتوانێت هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێت، چونکە ئەو گۆڕانانەی ئێستا لە هاوسەنگی هێزو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەگوزەرێت، هیچی لەبەرژەوەندی هاتنە دی ئەو خەونەی تورکیا نیە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ بەگوێرەی کۆنگرەی لۆزان، کە بەم شێوەیە دەهۆڵی بۆ دەکوتن، لەساڵی (1923) دا یەکلایی نەبۆتەوە!

ئەگەر سەیری دەقی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکەین، کە لەپێنج بەرگ (الجزء) پێکهاتووە و143 مادە لەخۆوە دەگرێت، لە بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، لەو بەندانەی تایبەتە بەخاکەوە، لەمادەی سێیەمییدا باسی ئەو زەویانە دەکات، کە لەدەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە تا دەگاتە سنوورەکانی ئێران، واتە سنوورەکانی هەردوو ولاتی سوریا وئێراق دەگرێتە خۆ، بەواتایەکی تر رۆژئاوا وباشووری کوردستان لەخۆوە دەگرێت، پەیوەست بە سنوورەکانی سوریا، دیاریکردنی ئەو سنوورە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سنوورەی، کە لەمادەی 8 ڕێکەوتننامەی فەرەنسی -تورکی لە20 ئۆکتۆبەری 1921 دەست نیشان کراوە، هەرچی دیاریکردنی سنووری ئێراقە، لەو مادەیەدا هاتووە:" سنوورەکانی نێوان تورکیاو ئێراق بەگوێرەی ڕێکارێکی دۆستانە لەنێوان تورکیاو بەریتانیا لە ماوەی 9 مانگدا دەکێشرێت، ئەگەر هاتوو هەردوو حکومەت لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ناکۆکیەکە رەوانەی کۆمەڵەی گەلان دەکرێت، هەردوو حکومەتی تورکی وبەریتانی بەڵێن دەدەن، تا ئەو کاتەی دەگەنە بریارێك بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی سنوور، هیچ جوولەیەکی سەربازی، یاخود هیچ کردارێکی تر ئەنجام نەدەن، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو دۆخەی ئێستا ، کە چارەنووسی کۆتایی دەوەستێتە سەر ئەو بریارە، بگۆڕێت"

دیارە تورکیا وبەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزان نەگەیشتنە ئەنجام، دواتر دوولایەنە ولەدەرەوەی کۆنگرەکە هەوڵیاندا کێشەکە چارەسەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1924، لەکۆنگرەی قوستەنتینیە نەگەیشتنە ئەنجام ودواتر مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ درایە کۆمەڵەی گەلان، لە کۆتاییەکانی 1925، ئەو مەسەلەیە، کە بە مەسەلەی دیاریکردنی سنووری تورکیا ئێراق دەناسرێت، یەکلایی کرایەوە ودواتر لەساڵی 1926 ڕێکەوتننامەی تورکی - ئێراقی - بەریتانی گرێدرا، کە مەبەستی یەکەمی ئەو ریکەوتننامەیە لێدان وسەرکوتکردنی مەسەلەی کوردی بوو!.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێت مەسەلەی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا، واتە لکاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بەئێراق نزیکەی 3 ساڵ دوای کۆنگرەی لۆزان بوو.

لەوەش سەیر تر، نەك ئەو هەرەشەی تورکیا، بەڵکو هەر بەگوێرەی خودی مادەی 27 ڕێکەوتننامەی لۆزان، ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا بۆ ناو خاکی هەریم لەئێستا کاریکی نایاسایيە پێچەوانەی ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەیە، لەبەرئەوەی وەك لەو مادەیەدا هاتووە:"نابێت حکومەت یاخود دەسەڵاتی تورکیا هیچ دەسەڵاتێکی قەزایی لەمەسەلە سیاسی وئیداری وتەشریعیەکان بە هەر هۆیەك بێت، بەسەر هاوڵاتی ئەو هەرێمانە پیادە بکات، کە دەکەونە ژێر سەروەری یا پاسەوانی ئەو دەوڵەتانەی ئەو ڕێکەوتنامەیان ئیمزا کردووە، یاخود لەتورکیا جیابوونەتەوە ودەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا". جێگای سەرنجە تورکیا هەر بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو خودی ئەو مادانەشی پێشێل کردووە، کە پەیوەستە بە مافی کەمینەکان و م38- تاوەکو 44 بۆ تەرخانکراوە، بەتایبەتیش مادەی 38، کە دەڵێت:" حکومەتی تورکیا بەڵین دەدات، کە ژیانی سیاسی بۆ دانیشتوانی تورکیا بە تەواوی زامن بکات، بە بێئەوەی بەهۆی شوێنی لەدایك بوون یاخود ڕەگەزو یاخود زمان وئاین و ئەتنیك، جیاکاری بکات! بەگوێرەی ئەو مادەیە، هەموو دانیشتوانی تورکیا مافی ئەوەیان هەیە بەئازادی، هەر بیرو باوەڕێك یاخود ئاینێك، یا هەر بیروباوەڕێکی تر، کە ڕێزگرتن لێی دژی سیستەمی گشتی وئاکاری باش نەبێت، پیادە بکەن، جا ئەگەر ئەو پیادەکردنە لەشوێنیکی گشتی یاخود تایبەتی بێت"!

ئێمە هەموومان دەزانین لە دوای کۆنگرەی لۆزانەوە تورکیا بەشێوەیەکی چەند دڕندانە و ڕەگەزپەرستانە هەوڵی سڕینەوەی زمان وکەلتوور وتەنانەت نەتەوەی کوردیشی داوە!کە ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی دەقی ئەو مادەیەی ڕێکەوتننامەی لۆزانە!

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە تورکیا لەساڵی 2023 نەك هەر ناتوانێت پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات، بەڵکو ناچار دەکرێت، لەو ناوچانەش بکشێتەوە، کە ئێستا داگیری کردووە، لەبەرئەوەی دواڕۆژی ئەو ناوچەیە لەبەردەم دوو ئەگەر دایە، یا دەوڵەتی ئێراق بەهێز دەکرێتەوە وقۆناغی شەڕی ساردی نوێ وەك شەڕی ساردی کۆن، مافەکانی کورد پێشێل دەکات ودەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز لەئێراق دادەمەزرێت، کە ئەو کاتە تورکیا نەدەتوانێت، نەهیچ بیانگەیەکی مانەوەی دەمێنێت، یاخود ئەو حالەتەی ئێستا هەیە سەقامگیر دەبێت وهاوسەنگی هێزی جیهانی وسیستەمی نوێی جیهانی، واتە سیستەمی دوای قۆناغی تاکجەمسەری، بەشێوەیەك ئەو ناوچەیە دادەڕێژێتەوە لەبەرژەوەندی کورد دا دەبێت، ئەو کاتە تورکیا هەمدیس ناچار دەکرێت لەو ناوچەیە نەمێنێت، لە هەموو حالەتەکاندا، خەونی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریایەکی عوسمانی نوێ، کە بنەما بێت لەسەر ئاین ورەگەزپەرستی، خەونی حوشترە ولە دنیای ئەمڕۆدا هەرگیز نایەتە دی!.




# عەبدوڵا کەریم مەحمود

دەوڵەتی تورکیا، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە، داگیر کەر بووە، دوای 96ساڵ بەسەر ڕێکەوتن نامەی کۆنگری لۆزان، لە 24 / 7 / 1923 لە شاری لۆزانی سویسرا ساز کرا، پەیمان نامەی لۆزان لە نێوان ( بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلۆنیا ، تورکیا ) بەسترا.

بۆ پیاچونەوەی ئەو خاڵانەی کە لە بەرژەوەندی کوردا بوو، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا، دوای تێک شکاندنی دەولەتی عوسمانی، لەبەر بەرژەوەندی دابەشکردنی وڵایەتی موسڵ ، بەریتانیای عوزما، دەوڵەتی تورکیا بە نهێنی ڕێکەوتن مافی چارەنوسی کورد ونیشتمانەکەی بسڕنەوە، بە جۆرێک ناوی کوردی یان، لەو کۆنگرەیەدا بەهیچ جۆرێک نەبرد، لەو سەردەمەوە کورد لە نیشتمانەکەیدا جیۆساید دەکرێت تا ئێستا.

دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورانەی هێزەکانی سوپای دیموکرات (هەسەدە ) ، لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە شەڕی بەرگری و ڕووبە ڕووبونەوەی داعش و لایەنەکانی سەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ،وەک بەتواناترین هێز کە ئەفسانەی نوێ ی سەردەمی جیهانگیری یان، بە خوێنی 11هەزار لە شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە تۆمار کرد ، لە بری پیزانین و ڕیز و وەفا بۆ هێزەکانی سوپای دیموکرات، دەوڵەتی تورکیاو ڕژێمی بەشار ئەسەد گەورەترین دژایەتی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیان کرد.

ئەمەریکاو ڕوسیا وڵاتانی ئەوروپا و بەریتانیا پشتیان کردە هێزەکانی سوپای دیموکرات وبە بڕیاری ترامپ هێزەکانی ئەمەریکا لە سوریا کشانەوە، ئەمەش جۆرە ڕەوای دان و بواردان بوو،بە هەموو پاڵپشتێکی مادی و مەعنەویی و میدیاوە، بە سوپای پیادە و هێزی ئاسمانی تورکیا هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات لە ڕۆژئاوای کوردستان.

ڕەجەب تەیب ئەردوغان بە خەیاڵی خۆی بە نیازە ،جینۆسایدی کورد بکات و نیشتمانەکەی بسڕێتەوە ،دەست بەسەر بیرە نەوتەکان و سەرچاوەی کانزایی ڕۆژئاوای کوردستان دا بگرێت ،بۆ ئەوەی ژاێرخانە ئابوریە تێک شکاوەی بە خوێنی کوردو.. نەوتی کوردستان ببوژێنێتەوە.



# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا
سایتی: (سبەی)

## بەشی شەشەم

### هێرشی رۆژنامەوانی


لەو رۆژانەدا رۆژنامە رەسمیەکانی "الثورە" ی زمانی حیزبی بەعس و "الجمهوریە" ی زمانی وەزارەتی ئیعلام، چەند وتارێکی ناشیرینیان لە سەر راپەڕین، بە تایبەتی لە سەر راپەڕینی خەڵکی کوردستان، بڵاو کردەوە. هەموی جنێو بو بە ئێمە. راپەڕینیان بە "صفحە الغدر و الخیانە" و ئێمەشیان بە "القادمون من الخارج" ناو ئەبرد. لە ناو ئەو نوسینانەدا 4 سەروتاری رۆژنامەی "الثورە" و وتارێکی "ضیاء حەسەن" لە هەمویان قێزەونتر بون. 4 سەروتارەکەی سەورە وەکو دوایی پرسیم سەدام خۆی نوسی بونی و، ضیاء حەسەن لە وتارەکەی دا گەلێ زانیاری لە سەر جوڵانی هێزەکانی هاندەری راپەڕین لە جنوب و کوردستان بڵا کردبووەوە، کە رۆژنامەنوسێکی عێراقی نەی ئەتوانی بیزانێ. دیار بو ئاگادارییەکانی لە شوێنی رەسمی بەرزەوە پێ درا بو، گلەییمان لێ کردن لە سەر ئەو وتارانەی لە کاتێک دا بڵاوی ئەکەنەوە کە ئێمە هاتوین بۆ مفاوەزە. لیواروکن وەفیق سامەرائی، بەرێوەبەری گشتی ئیستیخباراتی عەسکەری، گلەییەکانی بە تەلەفۆن، لە بەر چاوی خۆمان، گەیاندە عەقید عەبد حەمود بۆ ئەوەی بیگەیەنێ بە سەدام حسێن. بەڵام ئەو جۆرە نوسینانە لە رۆژەکانی داهاتوش دا لە رۆژنامەکان دا درێژەیان پێ درا. سەرەڕای ئەمەش بە زنجیرە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی کوژراوەکانیان لە کوردستان .لە رۆژی کوژرانی هەندێکیان دا ئەیان نوسی: لە "صفحە الغدر و الخیانە "شەهید بوە، لە هەندێکی تریان دا "فی الدفاع عن الوطن" و هەندێ جۆری تر. دیار بو لە یەک شوێنەوە ئەنوسران و، یەک کەس بۆ دوا جار چاوی پێدا ئەگێڕایەوە تا هەموی وەک یەک لێ بکا، چونکە کوژراوەکانی جنوب هەمویان وەکو یەک، لە هەمو رۆژنامەکان دا، ژیاننامەیان بڵاو ئەکرایەوە.

### شەقامەکانی بەغداد

چەند جارێ، هاوڕێ لە گەڵ مورافیقەکان، چوم بۆ گەڕان و پیاسە بۆ شوێنی جۆراوجۆری بەغدا. لە زۆر شوێن لافیتەی رەشی پرسەم ئەبینی بە دیوارەکانەوە بو، هی کوژراوەکانی راپەڕین. زۆریان لە سەریان نوسرا بو: "استشهد اثناء الواجب المقدس فی شمال الوطن". کە ئەو لافیتانەم ئەدی تاوانەکانی دەزگاکانی (ئەمن) و (ئیستیخبارات) و (مونەزەمە) و ... ئەنفال و، گیران و کوژرانی هاوڕێ و کەسوکار و خەڵکی بێ تاوانی کوردستانم بیر ئەکەوتەوە. کوژراوەکان زۆریان سەر بەو دەزگا سەرکوتکەرانە بون. من جلی پێشمەرگەم لە بەردا بو کە ئەیانبینیم خێسەیان لێ ئەکردم. بەغداد ئەتوت خۆڵی مردوی بە سەردا کراوە.

### پێرفویم و کورتان

زەوقی هونەری سەرانی بەعس لە نزمترین پلەدا بو، چونکە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی دواکەوتوی ناخۆشی وەکو گوندی عۆجە و شاری تکریت گەورە بون. لە تکریت کە گەورەترین شاری ناوچەکە و، گرنگترین ناوەندی رۆشنبیری و سیاسی‌یان بو، دوکانی فرۆشتنی پێشکەوتوترین بۆنی دنیا بە تەنیشت دوکانی فرۆشتنی دواکەوتوترین کورتانی کەرەوە بو. خۆشترین رابواردنی شەوانەیان گۆرانی تیپەکەی حەمدیە ساڵح و مۆسیقای دومبوکچیەکانی و، رەقسی ژنانی کاولی بو. زۆر شەو ئەم بەزمەیان بۆ وەفدەکەی ئێمە ساز ئەکرد.



لە سەرەتاوە عەلی حەسەن مەجید پێشنیاری کرد (لوجانی تەنسیق) لە هەمو موحافەزەکان دابنرێ و، لە بەغداش لوجنەی تەنسیقی مەرکەزی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی رۆژانە رو ئەدەن .کاک مەسعود پێشنیارەکەی ڕەت کردەوە و، بە هیچ جۆرێ قوبوڵی نەکرد .پێی وابو ئەوە رێک کەوتن دوا ئەخات و، ئێمەش بۆ رێککەوتن هاتوین، نەک بۆ دروستکردنی لوجانی تەنسیق. پێشنیارەکەی عەلی حەسەن مەجید شتێکی عەمەلی بو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆژانەی خەڵک.

*

١١ی نیسان: دیدەنی سەدام حسێن

بردینیان بۆ بارەگای ئیستیخباراتی عەسکەری. لە ژورەکەی ئەبو نەووار (وەفیق سامەڕائی) بەرێوەبەری گشتی، دانیشت بوین سەیری تەلەڤزیۆن مان ئەکرد، یەکێ هات پێی راگەیاندین کە پاش ماوەیەکی تر ئەچین بۆ بینینی سەرۆک.

بە دو مارسیدس رۆیشتین، کاک مەسعود و، سامی و، رەسول و، من بوین. منیان هەمیشە لە گەڵ کاک مەسعود سوار ئەکرد. پێشتر زۆریان باس ئەکرد لە سەر پشکنین و لێپرسینی ئەوانەی ئەچن بۆ لای سەدام. کە ئێمەیان برد بۆ بینینی هێشتا بۆ کارکردن نەچوبونەوە ناو (القصر الجمهوری) لە شوێنێکی تر چاوەڕوانی ئێمە بو، ئێمەیان نە پشکنی بەڵام هەمو رارەوەکان تەلەڤزیۆنی چاودێری‌یان تێدا بو. بێ ئەوەی داوامان لێ بکەن خۆمان، لە پێش هەمومان دا کاک مەسعود، هەرچی لە گیرفانەکامان دا بو وەک قەڵەم و پارە... دەرمان هێنا و، تەسلیمی کابرای ژوری چاوەڕوانیمان کرد. بێ ڕاگیران یەکسەر بردیانین بۆ ئەو ژورەی سەدام چاوەڕێ ئەکردین. کە گەیشتینە ژوری سکرتێر پاش تەوقە و چاکوچۆنی لە گەڵ عەقید ئەرشەد یاسین (زاوای سەدام، مێردی خوشکی بو) کە بەرپرسی حیمایەکانی بو، یەک یەک لە گەڵ هەمومان رەسمی گرت .ئینجا ڕێی چونە ژوری بۆ کردینەوە.

سەدام ڕاوەستا بو، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین،

عەقید عەبد حەمود، ، لە ژورەکەدا بون. عەبدولجەبار موحسین ڕۆژنامەوان و نوسەری بەلاغە عەسکەریەکانی "یا حوم اتبع لو جرینا" ی قیادەی عامی قواتی موسەلەحەی عیراق بو لە سەردەمی شەڕی ئێران و شەڕی کوەیت دا. ژورەکە لە ئۆفیس نەئەچو، چونکە مێزی لێ نەبو، تا سەدام لەسەری دابنیشێ و ئێمەش لە بەردەمی دا. کورسی لە بن دیوارەکان دا بە ڕیز دانرا بو، بە قەد ژمارەی دانیشتووەکان کەمێ زیاتر. سەدام کەسی ماچ نەکرد، بە ریز لە گەڵ کاک مەسعود، سامی، من، رەسول، تەوقەیەکی رەسمی، وەکو نەناسیاوی، کرد. نازانم، لەو کاتەدا، هەرای ماچوموچی خۆی و مام جەلالی بیست بووەوە، لەبەر ئەوە کەسمانی ماچ نەکرد، یا دۆستایەتی دێرینەی بنەماڵەی تاڵەبانی و تکریتیەکان و دوژمنایەتی دێرینەی بارزانی و تکریتیەکانی حساب کرد، وەڵامی ئەمە لای سەدام خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئێمەیشی ماچ بکردایە ئێمەش ماچمان ئەکردەوە، کەچی ماچ نەکرنی یەکتری سەدام و کاک مەسعود و ماچکردنی یەکتری سەدام و مام جەلال هەریەکە و بە جۆرێکی لێک ئەدایەوە.

سەدام پێش ئەوەی قسەکانی دەس پێ بکا، بە کابرای وێنەگری تەلەفزیۆن و، کابرایەکی تر موسەجیلەیەکی بچوکی دانا بو، وت بچنە دەرەوە، ئەوانەی لە ژورەوە مانەوە: سەدام حسێن، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین، عەبد حەمود، مەسعود بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، رەسول مامەند و، من بوین. سەدام وای دەرخست پەردە لە بەینمان دا نەماوە بۆ قسە کردن بێ (حەسیب و رەقیب) ئەتوانین قسە بکەین.

سەدام هەندێ بیرەوەری لە سەر بارزانی (باوک) گێڕایەوە.

کاک مەسعود جوابی دایەوە.

ئینجا سەدام قسەکانی کرد، وتی: "ئەگەر لە شەڕی ئێران دا ئێوەم لە گەڵ بوایە، شەڕەکە پێویستی بە 8 ساڵ نەئەبو، بەڵکە بە 8 ڕۆژ بە لاما ئەخست.

"شەڕی کوێت ئەگەر ئێوەم لە گەڵ بوایە ئەنجامەکەی هەرگیز وا نە ئەبو.

"ئێمە زۆرمان ئازاری یەکتری داوە.

"من حەزم ئەکرد، خەڵکی عیراق یەک نەتەوە یەک دین یەک مەزهەب بونایە، بەڵام خوای گەورە (سبحانە و تعالی) وای دروست کردین باشترە پێکەوە بژین".

دانیشتەکەمان کەمتر لە سەعاتێکی خایاند. لە خواحافیزی دا بە گەرمی لە گەڵ کاک مەسعود یەکتریان ماچ کرد. لە گەڵ ئێمە هەر تەوقەی کرد.

پێم وا بو قسەکانی سەدام نیشانەی قورسایی کورد و گرنگی بون لە عیراق دا. بەڵام کە لە گەڕانەوەمان دا بۆ چەند کەسێکم گێڕایەوە، یەکێکیان ڕۆژنامەنوسێکی ئەوروپی بو، ئەو وتی ئەمە هەڕەشەیەکی ژێرزارەکیە، هۆی شکستەکانی خۆی بە ئێوە ئەزانێ.

*

18ی مایس: کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی

ئەمجارەش من پێم وابو کە باشترە خۆمان لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی بوێرین. کاک مەسعود سور بو لە سەر بەستنی سەدام داوای لێ کرد بو . بردینیان بۆ وەزارەتی"ثقافە و اعلام". وەزیر پێشوازی کردین. وەزیری "ثقافە و اعلام" حامید یوسف حەمادی بو. لە هۆڵی وەزارەت لە بەغدا بارزانی، سامی، رەسول و، من، ئامادە بوین. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوان و هەواڵنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا لەوێ بون. پێشتر بە بیروڕای هەمومان شتێکمان بۆ کاک مەسعود ئامادە کرد بو بیخوێنێتەوە سەبارەت بە خاڵە سەرەکیەکانی گفتوگۆ، ئەوەی خوێندەوە، وەڵامی پرسیارەکان هەندێکی خۆی ئەی دانەوە و، هەندێکی بەرەو ڕوی ئێمە ئەکردەوە* .

لەم کۆنفرەنسەدا قسەیەکی تیا نەکرا بۆ مەسەلەی کورد خراپ بێ .بەڵام ڕۆژێکی تر گۆڤاری"الف با" ی بەغدادی دیمانەیەکی لە گەڵ کاک مەسعود کرد بو، گۆڤارەکە بڵاوی کردبووەوە، کاک مەسعود "ضمان" ی دەولی ناوێ، چونکە قسەکانی سەرۆک بە "ضمان" دائەنێ. ئەم قسەیەی کردبێ یان نەیکردبێ، خراپیی قسەکردن لە گەڵ ڕۆژنامەنوس و کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی لە شوێنێکی وەکو بەغدا لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دا لەم جۆرە "ابتزاز" انەدایە.

*

دیوار گوێی هەیە

ئێمە لە ژورەکانی خۆمان دا کۆبونەوەمان ئەکرد، بە تایبەتی من سویتێکیان بۆ دانابوم، لەوێ هەندێ کەسم ئەبینی و، هەمو جۆرە قسەیەکمان ئەکرد. دیار بو "لاقطە" یان لە ژورەکان دا دانا بو. ڕۆژێک لە باخەکەی فندق الرشیدا پیاسەم ئەکرد. یەکێ لە مورافیقەکانمان هاتە نزیکمەوە بە ئەسپایی وتی: "استاذ الحیطان الها اذان." واتە دیوارەکان گوێیان هەیە، تێگەیشتم ئیتر لە ژورەکانی خۆمان دا ئەوەندە قسەی بێ حساب نەکەین.

هەر لەو ڕۆژانەدا وەفیق سامەڕائی لە ناو تیپەکەی حکومەت دا دیار نەما. زۆر جار ئەو هاتوچۆی پێ ئەکردین و لە بارەگای ئیستیخبارات دەعوەتی خواردنی ئەکردین. هەمو جار کە ئەمانپرسی لە کوێیە؟ ئەیان وت بە "مهمە" ڕۆیشتوە. دوایی دەرکەوت لە سۆنگەی ئەم گوێچکانەوە لە ئیستیخبارات دەرکرا بو گوێزابویانەوە بۆ وەزیفەیەکی مەدەنی کەمبایەخ.

ورگ درین

لەو ڕۆژانەدا بیستمان کە سەدام گروپێ لە گەورەئەفسەرانی جەیشی عیراقی کوشتوە لەوانە باریق عەبدوڵا حاجی حینتە. باریق یەکێ بو لە دڕندە تاوانبارەکانی جەنگی کوردستان و، لە گرتنی کوەیت دا قائید فەیلەق بو. ئەیانوت سەدام گومانی ئینقیلابی لێ کرد بو، بەست بوی بە دارێکەوە بە دەستی خۆی بە قەمە ورگی دڕی بو.

*

سەدرەدین ئاغا خان، نوێنەری کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، کە سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، هات بو بۆ بەغداد. کاربەدەستانی عیراقی دی بو. داوای بینینی وەفدەکەی ئێمەی کرد بو. لە یەکێ لە هۆڵەکانی ئوتێل رەشید لە گەڵی دانیشتین. ئەیویست بزانێ رەوتی گفتوگۆ چۆن ئەڕوا و، چارەنوسی ئاوارەکان بە چی ئەگا.

*

ئەو ماوەیەی لە فندق الرشید بوین، دۆست و ناسیاو ئەیان توانی هاتوچۆمان بکەن و، زۆر نیوەڕۆ من لە لۆبی ئوتێلەکە دائەنیشتم ئەوانەم ئەبینی کە مەبەستم بو چ بۆ پرسوڕا و زانینی بیروڕای خەڵک لە سەر گفتوگۆ و چ بۆ هەواڵی دنیا. ژمارەیەک ڕۆژنامەوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیش لەوێ نیشتەجێ کرا بون. پاش چەند ڕۆژێ لە فندق الرشیدەوە بە بیانوی "ئەمنی" یەوە گوێزایانینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سەرۆکایەتی لە "جادریە" لەوێ هەریەکەمان خانویەکیان بۆ تەرخان کردین و دایان بڕین لە دنیا .

2ی حوزەیران: سەردانی سجنی ئەبو غرێب


بە لامەوە زۆر گرنگ بو چارەنوسی هەندێ لە گیراوەکان بزانم بە تایبەتی جەباری حاجی رەشید و هاورێکانی کە ماوەیەکی زۆر بو دەنگیان نەبو، گومانمان هەبو کوژرابن، بەڵام بەعس باسی نە ئەکرد. لە هەمان کات دا ئەمویست جۆرێ لە دڵنیایی و ئومێدی ئازادیان پێ بدەم. پرسم کرد ئاخۆ ئەتوانم سەردانی گیراوەکان بکەم، پرسیان بە سەدام کرد بو، وەڵامیان دامەوە کە ئەتوانم. داوای بینینی جەباری حاجی رەشیدم کرد، عەقید وەلید نایف پاش چەند رۆژێ وەڵامی دامەوە کە هەمو زیندانەکانی عیراق گەڕاون، گیراوێکیان بەو ناوە لە ناودا نیە. ئینجا داوای بینینی فەرەیدون دارتاش و مستەفای سەید قادرم کرد. هەردوکیان لە "سجنی ئەبو غرێب" بون. وەڵامیان دامەوە مستەفای سەید قادر لە ناو گیراوەکانی ئەوان دا نیە، بەلام فەرەیدون دارتاش هەیە و هەر کات بمەوێ ئەتوانم بچم بۆ سەردانی. هەواڵەکەیان راست بو مستەفا بە ناوێکی ترەوە گیرا بو، نەیان ئەناسی.

رائید تەها ناموس (ئەبو یاسین)، یەکێ لە مورافیقەکانمان، لە گەڵ دارای توفیق ئاغا و من چوین بۆ ئەبو غرێب. لە ژوری بەڕێوەبەری زیندان دانیشتین. فەرەیدونیان هێنا بۆ ئەوێ دیمان، شوێنێکی وا نەبو بە تەنیا بیدوێنم، منیش داوای شتی وام نەکرد، پیشتر کە پێیان وت بو فلان ئەیەوێ بێت بۆ بینینت، وت بوی من نایناسم، دڵخۆشیم دایەوە، هەندێ هەواڵی گفتوگۆم بۆ باس کرد، ئومێدەوارم کرد کە بەو نزیکانە ئەو و گیراوەکانی تر هەمو ئازاد ئەبن. دوایی هەم مستەفا و هەم فەرەیدون سەر و نامەیان بۆ نوسیم دەربارەی هەلومەرجی ناخۆشی زیندان.

Sbeiy.com Sbeiy.com © 2021

ئەی شەهیدان
هۆنراوە : محمد تۆفیق وردی

ئەی شەهیدان
ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان
ئێوە بوونە ڕەهبەری ئێمە
بوونە پشت و سەنگەری ئێمە
ئەی شەهیدان ..... ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان
تاجی بەرزیتان لە سەرنا
دوژمنی گەلتان وە دەرنا
ئەی شەهیدان .... ئەی شەهیدان نامرێ ناونیشانتان
تا شەهید خوێنی نەڕێژێ
تاکو گەل تاڵی نەچێژێ
ئەی شەهیدان . ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشنتان
داری ئازادی شین نابێ
باخی ژینمان ڕەنگین نابێ
ئەی شەهیدان ....ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان




## بەسەرکردنەوەی شەهیان

ڕووسوورەکانی مێژو کلاورۆژنەی نیشتیمان ؛پیاوێک پڕ لەمیهرەبانی و سۆز، لەتورەبونیشدا لەدوای چەند ساتێک پێدەکەنی پەنجەکانی بۆنی نۆتەی مۆسیقایان لێ دەهات نەک پەلەپیتکەی تفەنگ ،ئەگەر لەووڵاتێکی شەڕەنگێزو باروتاویدا نەژیابایە،قەد نەئەبووە هاوڕێی چەک و فیشەک و دۆستی تەقە،ئەگەر ژێردەستەیی خاک و چەوسانەوەی نیشتیمان نەبوایە ،قەد تفەنگی خۆش نەئەویست ،ئەبوو بە شاعیرێکی دڵ ناسکی پڕ سۆزو خۆشەویستی؛یان باخەوانێکی بۆن عەتراوی ،یا مۆسیقارێکی کارامە بوایە بۆ جوانی و عەترو بۆ ئاوازێ عەودالً،نەک ڕێگای پڕ گرو سوتان و پشکۆ و سەختی ژیان ،مرۆڤێک بەگەردنی ئارامی باخەوە خۆشەویستی بەتەوێڵی شاخەوە ،پێکەنینی بەبەیانیانی باخ و چەمدا ئەڕشت ،خۆشەویستی ئەکردەناو جانتای شانی پەپولەوە ،لەهەنگی زیاتر ئاوازی بۆ باخ پێ بوو،ئەو فەرهادە قوڵنگ بەشانەکەی ڕێگای عەشقی تاقستانی نیشتیمان بوو،ئەو ڕۆژێکی داگیرساوی هەرچوار وەرزەو هەموو ڕۆژێکی خاک و ووڵات بوو ،بەفراوی خلیسکاوی کێوی گمۆو بن بنکۆڵەی گوڵەکێوییە ریشە یاخیەکانی شاخ بوو، نەمر گەشمردە فەرهاد سەعید مام برایم ناسراو بە فەرهادی سەعەی بەرید ،لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٦ ی سلێمانی ،دەرچوی ئامادەیی پیشەسازی و ،فەرمانبەر لە بەرێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی /مولاحز فەنی/ ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردوستانەوە لێپرسراوی پۆل بووە لەکەرتی شەهید ئارام لەرێکخراوی ناو شاری سلێمانی لە ١٩٨٠/٠٧/٠٢ لەگەرەکی حاجیاوا لەکارەساتێکی دڵتەزێندا لەکاتی هاتنە ناوشاری سلێمانی لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی پێشمەرگە و چەند ڕێکخستنێکی ناو شار بە ئێختیفا لەماڵێکدا دەبن بەهۆی جاسوسێکەوە ئاشکرا دەبن و ملازم محسین و هێزێکی زۆر دێنەسەریان ،زۆر بەداخەوە هەریەک لە فەرهاد سەعیدو ساڵح ئەحمەدو سێ برای تر بەناوی ووشیارو بەختیارو ڕەوف عەبدوڵا گەشمردە دەبن و ئەوانی تر بەدیل دەگیرێن ،درود بۆ گیانی پاکی نەمران یادیان بەخێر /ڕزگارەسوور







# تۆپخانەی شۆرش

له شۆرشی نوێی گەلەکەمان پاش هەرەس بارودۆخەکان ئەوەندە دژوارو سەخت بوون ،نەک هەر هاوەن بەلکو چەکی تەقلیدیش کەم بوو ,هەرئەوەش بوو وایکرد ڕوو لەهەکاری بکرێ بۆئەوەی ئەوچەکانەی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەخشی بویان بە ی ن ک هەولبدرێ بگەیەنرێتەوە ناو خاکی کوردستان تا بەرەنگاری بەرنامەی ڕاگواستنی گوندەکان بوەستێنرێ و پێشمەرگە بێ چەکەکان چەکدار بکرێن و خەلکی گوندەکانیش بەرگری لە خاک و ئاو و رەزو باخ و ناوچەکانیان پێ بکرێ.

تۆپخانەی شۆرش سەرەتا خاوەنی چەند هاونێک بوو بەلام زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرا بەهۆی نەبونی شارەزایی تەواو لەسەر بەکار هێنانی جۆرەکانی هاوەن و کەمی گولەی هاوەنی پێویست. سالی ١٩٨٣ کاتێ ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی هێزێکی کردوە لەناوچەی رەزگەو مارەدوو بون هێزەکانی عیراق لەڕەبایەکانی بەرقەڵشیو هاوەن بارانیان دەکەن, هاورێییەکی عەدەد بێتەل بێتەل لەگەڵ هێزەکە بووە وەک بۆی باسکردم خۆی بریندار بووەو بێتەلە راکالەکەشی پارچەی بەرکەوتوە. هێزەکەش هاونێکی ٨٢ ملم و چەند گولەیەکیان پێ دەبێ بۆئەوەی بەرپەچی هاوەن بارانەکەی دوژمن بدەنەوە هاوەنەکە دادەمەزرێن و ئامادەی دەکەن و رووی دەکەنە ڕەبایەکان بی ڕەصەد و هیچ شتێ تا هاوەن بارانیان بکەن, یەکێ لەگولەکان دەکەنە دەمی هاوەنەکەوە ئەوەی سەیر دەبێ گولەکە هی ٨١ملمە کاتی گولە دەردەپەڕێ بەرەو ئاسمان فڕە فڕ دەکەوێتەوە ناو هێزەکەی خۆمان بەلام خۆشبەختانە زیانی لێ ناکەوێتەوە....تۆپخانەی شۆرش دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان لەگەل ئێران و دوای چالاکی لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک ئەو کاتیوشاو تۆپە ١٢٠ ملم و ٨٢ ملمەکان هەموی یەکیتی خاوەنی بوو تەنها لەو چالاکیە شارەزای ئیرانی و هەندێ لە ئەفسەرانی خۆمان بەکاریان دەهێنا دواتر خولی راهێنان لەسەر تۆپ وجۆرەکانی وبەکارهێنانی بەشێوەی زانستی سەربازي و ناردنی پێشمەرگە بۆ خولی سەربازی لە ئێران ،تۆپخانەی شۆرش گەشەی سەند وله زۆر چالاکی و هێرشەکانی پێشمەرگە رۆلی خۆیان دەبینی لە تۆپباران کردنی هێزەکانی دوژمن .

مامۆستا سەیف الدین ئەوەی بۆ باس کردم کە یەکێک لەئەندامانی حیزبی شیوعی کە چاوی پێکەوتوە پێی ڕاگەیاندوە بەرێزت دەرچوی چ خولێکی هاوەناتی لە سوپای عیراق لەوەلام دا گوتویەتی من تەنها ١٧ رۆژ لەبەرگەلو سەرگەلو خولی راهێنانم دیوە کابرای حشع سەرسام بووە کەوا چۆن بەووردی ئامانجەکانیان پێکاوە لەکاتی تەحەشودی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردن و شلەژاندویانن وپەکی هێرشەکە خراوە بەهۆی کوژرانی فەرماندەی کردە سەربازیەکە, گوتویەتی ئێمە خەلکی خۆمان ناردووە بۆ خولی راهێنانی تۆپ و هاوەنات لە بلغاریاو وولاتانی دیکە کەچی تا ئیستا بەو شێوەیەی ئیوە نین سەیر بووە بەلایەوە ....



نوسین و ئامادەکردنی
عوسمان عومەر
١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



# ستالین وخرۆشۆف

نیکیتا خرۆشۆف دەڵێت:

جارێکیان جۆزیف ستالین پەیوەندی پێوە کردم داوای لێکردم بەپەلە سەردانی بکەم وپێی ڕاگەیاندم کەپیلانێکی گەورە لەئارادایە ....بۆیە خۆم وچەند وەزیریک چوین بۆلای...

ستالین پێی گوتم هاورێ نیکیتا ئێمە کارگەیەکی تایە دروستکردنمان هەیە کۆمپانیای ئەمەریکی بەدیاری پێی بەخشیوین وچەندساڵێکە تایەی ئۆتۆمبیل بەکوالیتی باش بەرهەم دێنێ،ئەوەی بەلامەوە بۆتە جێگەی سەرسوڕمان لەماوەی شەش مانگی ڕابوردو، ئەو کارگەیە ئەو تایانەی بەرهەمی دێنێ دوای چەند کیلۆمەتر دوای بەستنی دەتەقێ وکەسیش هۆکار نازانێ ودەمەوێ بەپەلە سەردانی ئەوکارگەیە بکەیت وبزانیت هۆکارەکەی چییە؟

گەیشتمە کارگەو دەستبەجێ لێکۆڵینەوەکانم دەست پێکرد،یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام تابلۆی قارەمانان بوو لەسەرەتای چونە ژوورەوەبوو

لەسەر ئەو تابلۆیە وێنەی باشترین کرێکارو و ئیداری وئەوانەی چالاک دڵسۆزبون لەکارکردن دا هەڵدەواسرا لەماوەی مانگێک.

لیکۆلینەوەکانم ڕاستەوخۆ لەکارگێڕیەوە دەست پێکرد تا ئاستی کرێکارێکی ئاسایی کەسیان هۆکارەکەیان نەدەزانی بۆیە بڕیارم دا لەکارگەکە بمێنمەوەو لەوێ بخەوم تا ئەو مەتەڵە چییە؟بەیانی زوو ڕابوم وچومە سەر یەکەم هێڵی بەرهەمهێنان وچاودێری یەکەم تایەم کرد لە خاڵێ سەرەتاوە تا دەرچونی لەکارگە،تێبینیم کرد هەموو شتێ بەئاسایی ڕۆیشتوەو دروستە توشی شۆک بوم کاتێ پێیان ڕاگەیاندم تایەکە دوای چەند کیلۆمەترێ دیسان تەقی....

ئەمجارەیان هەمو ئەندازیارو کرێکار و ئیداریەکانم کۆکردەوە پەیوەندیم بەئەندازیارە ئەمریکیەکانەوە کرد،هەر نەگەیشتینە ئەنجام،دەستمکرد بەشیکردنەوەی کەرەستەی سەرەتایی کەبەکاردەهێنرێ لەدروستکردنی ئەو تایەیە،شیکردنەوەو ووردبینیەکان دەریانخست کە کوالیتی زۆرباشە،کەواتەهەرگیز هۆکار نیین بۆتەقینی تایە...ئایا ئەوتایەیە بێهۆکار دەتەقێ؟



دیسان هەستم بەبێهیوایی وناتەوانی کرد...دیسان سەرنجی تابلۆی قارەمانانی کارگەکەم کردەوە... سەیرم کرد وێنەی ئەندازیارێ لەسەری سەرەوەیە،ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کە ماوەی شەش مانگە هەر ئەو قارەمانی یەکەمە واتە لەوکاتەوە ئەو تایانە دەستیان کردوە بەتەقین بێ هۆ...خەو لەچاوم نەکەوت ...بانگی ئەو ئەندازیارەم کرد بۆ ئۆفیسەکەم وبەپەلە کەوتمە لێکۆڵینەوە لەگەڵی...پێمگوت هاوڕێ تکایە پێم بڵێ چۆنە تۆ شەش مانگە بەقارەمانی بەرهەمهێنان ماویتەوە؟

گوتی توانیومە ملیۆنان ڕۆبڵ بۆ کارگەو بۆ دەوڵەت پاشەکەوت بکەم...

چۆن ئەوەت ئەنجامداوە؟

زور بەسادەیی گوتی

ئەوتەلانەی لەدروستکردنی تایە بەکاردەهێنرێ کەمم کردۆتەوە بۆیە توانیومانە ڕۆژانە سەدان تەن کانزا پاشەکەوت بکەین.

هەستم بەخۆشیەک کرد چونکە توانیم ئەو مەتەڵە بدۆزمەوە...خۆم پێنەگیرا تەلەفۆنم بۆستالین کردو شتەکانم بۆ ڕونکردەوە...دوای دەقەیە لەبێدەنگی گوتی ئەو گەمژەیەت لەکوێ خستە گۆڕەوە؟

بەڕاستی هاوڕێ ئیعدامم نەکردوە بەڵام دەینێرم بۆ سیبریا چونکە گەر لەسیدارەی بدەین خەڵک دەڵێن سەیرکە قارەمانێکی بەرهەمهێنانیان لەسیدارە دا لەوەناگەن....

لەڕاستی دا

گرنگ ئەوە نییە گەندەڵی و دزی بکەی بۆئەوەی ئازارمان پێبگەیەنی وبدەیت هێندە بەسە گەمژە بی....خۆشمان گەمژەکان دەخەینە پلەوپۆستی گرنگ وهەرخۆشمان گەورەیان دەکەین وپاداشتیان دەکەین وبەمەش وڵات دادەڕمێ وبەرەو ڕوخان دەڕوات بەبەر چاوی هەموانەوە ...

لەکۆتاییدا دەڵێم ئێمە سەیری کام وێنەو تابلۆی کامیان بکەین..؟وێنەکان زۆرن لەسەرتابلۆی قارەمانیەتی... کێ ڕەوانەی سیبریان بکات یا دەریای قوڵی بێبن کەڕۆیشتن نەگەڕێنەوەو کەس حەسرەتیان بۆ هەڵناکێشێ،تا ئەو وێنانە لەسەر تابلۆکان بن چۆن وڵات پێش دەکەوێ؟ چۆن گەل قەیران ومەینەتی لێدەبڕێ.

وەرگێڕانی

عوسمان عومەر

٢٤ی ئابی ٢٠٢٠



## فەیلەسوفی جیهانی نوام چۆمسکی ( Noam Chomskys) ئامۆژکاری کورد دەکات

هەموو خەڵکی کوردستان دەبێت ئەم ئامۆژگارییانەی فەیلەسوفی گەورە و بەناوبانگی ئەمریکی نوام چۆمسکی بخوێنێتەوە کە دەڵێت"

لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هیچ کەسێك دۆست نییە، هەموو کەسێك بیر لەبەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. دەبێت ئێوەش بەپێی ئەم یاسایە خۆتان بەرێوەببەن. ئێوە دەزانن کە ناحەزتان زۆرن، کاتێك دەرفەتێکتان دیت بیقۆزنەوە، بەڵام نەکەونە نێو خەیاڵەوە. بەدروستی هەڵیبسەنگێنن. کێشەی 100 ساڵەی کورد هەر ئەمەیە: هەموو کاتێك چاوەڕێی هێزێکی دیکە دەکەن. بەداخەوە ئەمە شتێکی باش نییە."

- "ئومێدتان بە شاخەکانتان هەبێت. جگە لە چیاکان هیچ هێزێکی دیکەتان نییە".

- "خۆتان لەژێر داگیرکاری ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا رزگار بکەن. هەر کاتێك دەرفەتێك بۆ ئێوە رەخسا سەربەخۆیی خۆتان رابگەیێنن. بۆ نموونە، گرتنی کەرکووك کارێکی زۆرباش بوو. دژایەتی ئەمریکا مەکەن و بزانن تورکیاش ئەکتەرێکی گەورەیە."

- "نەك تەنیا کورد، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەژێر فشار و زوڵمدان دەبێت بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا بگەرێن و دەرفەتەکان باش هەڵسەنگێنن. بەڵام وا هزر نەکەن کە ئەمریکا یان هێزێکی دیکە خێرتان پێبکات، نەکەونە نێو خەیاڵەوە، بەشێوەیەکی دروست سەیریان بکەن."

- "هێشتا رۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە. ئەوانەی وا دەڵێن راست ناکەن، ئەمە قسەی هزر لاوازەکانە. سەیری رۆژهەڵاتی ناوەراست بکەن. ئەو هەموو دەوڵەتانە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دامەزرێنراون. بۆ نموونە عێراق بۆ ئەوەی پترۆڵ نەکەوێتە دەستی تورکیا، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکرا. دەتوانی بڵێی عێراق لە بەسرا هیچ بەندەرێکی نەبوو، هێنایان کوێتیان دروستکرد. هەمان شت لە سووریا، ئوردن و فەلەستینیش روویدا، داگیرکارەکان هەندێك سنووری دروستکراویان بۆ دانان. ئێستا هەموو ئەوانە پارچەپارچە دەبن. مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە، سەرلەنوێ دروستدەکرێنەوە".

- "هزری کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لەدەست مەدەن. چونکە ئەو سنوورە دەستکردانەی کە داگیرکاران دروستیان کردوون نامێنن و کەس نازانێت چی رووددەدات. دەبێت کوردی سووریا، عێراق، تورکیا و ئێران یەکبگرن. نابێت شەڕی نێوخۆیی بکرێت و دەست لەسەربەخۆیی بەرنەدەن".

- "زۆر حەز دەکەم بچمە کوردستانی ئازاد. پێشتریش هەوڵمداوە. ساڵی رابردوو بەنیازبووم بچم، بەڵام رێکنەکەوت".

- "دەبێت کورد گرنگی بەزمانی خۆیان بدەن. چونکە ئەگەر کورد زمانی خۆیان لەدەست بدەن، ئەوا مێژوو، رۆشنبیری، ئەدەبیات و رۆحی خۆیان ون دەکەن."

وەرگێڕان بەدەسکاریەوە بۆ زیاتر مانابەخشین بەبابەتەکە ئەڵمانی بۆ کوردی سۆرانی

وەرگیراوە



## ڕەزا شوان

# ئەردۆگان هەڕەشەی سەربازی لە رۆژئاوای کوردستان دەکات.



ئەردۆگانی رەگەزپەرست و دیکتاتۆری سەرکۆماری تورکیای زیندانستان. دواى ئەوەى کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و سەقەتەکانی و قورخکردن و تاکرەوی لە دەسەڵاەت و لە بڕیارەکانی تورکیادا، لە هەموو فایلەکاندا، لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیایدا تووشی شکستی سیاسی و سەربازی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کردووە. ژێرخانی ئابووری تورکیاش تادێت زیاتر و زیاتر دادەتەپێت و لیرەی تورکییش بەرامبەر بە دۆلار زۆر بێ نرخ بووە. رێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ تورکیا زۆر زۆر کەمبۆتەوە.

رێژەی بێکاری لە سەدا پیست و پێنجی تێپەڕاندووە. زۆربەی خەڵکی تورکیا لە ژێر هێڵی هەژاری و برسێتیدا دەژین. ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و مافی دەربڕین و ئازادی رۆژنامەوانی و میدیا لە تورکیادا بوونیان نییە. تورکیا لە بواری ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە لیستی رەش دایە. تورکیا لە پێشبەندی ئەو وڵاتانە دایە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی دەکات، بە داپڵۆسین و سەرکوتکردن و کوشتن و گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردن و بێسەروشوێنکردن وەڵامی داوا رەواکانی خەڵکی داوەتەوە و دەداتەوە.

ئەردۆگان نکووڵی لە بوونی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات. لە کاتێکدا، زیاتر لە سەد ساڵە تورکیا بە دەم چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردەوە دەناڵێنێ. نکووڵی لە بوونی ( 25 ) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان دەکات. نەک هەر دان بە هیچ مافێکی سادەی کورد دا نانێت. بەڵکو تا سەر ئێساق رقی لە کوردە و دژایەتی نەتەوەی کورد دەکات لە هەر شوێنێکدا بێت. کورد بووە بە شێرپەنجەی سەر دڵی و لێی نابێتەوە.

بێگومان ئەردۆگانی دروستکەر و هاوپەیمانی داعشی تیرۆریستە. دواى ئەوەى لە سوریا و لیبیادا شکستی هێنا. نەشی توانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا ئاسایی بکاتەوە. چونکە دەوڵەتانی عەرەبی خەریکە لە دووڕووی و لە نیاز گەڵاوی ئەردۆگان تێبگەن، ئەوەش دەزانن کە ئەردۆگان سەرۆکی "اخوان الشیاطین"ە و لەگەڵ گورگدا گوشت دەخوات و لەگەڵ مەڕیشدا شین ەکات.

ئەردۆگان دواى ئەوەى کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا "جۆ بایدن" ەوە، ڕووی پێ نەدا و پێشوازیی لێ نەکرد و نە ویستی چاوی پێبکەوێت. سەرۆکی رووسیاش "فلادیمێر پۆتین" لە کۆبوونەوەی "سوتشی" لە رووسیا. بە روویەکی ساردەوە پێشوازی لێکرد. چونکە باش لە دووڕوویی و نیازگڵاویی ئەردۆگان تێگەیشتووە.

لایەکی کەشەوە، لە لایەن پەرلەمانی ئەورۆپییەوە، چەند جارێک سەرزەنشت و پرۆتیستۆ کرا، لە بەرامبەر پێشیلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادی را و رۆژنامەگەری و ئازاد نەکردنی سەلاحەدین دێمیرتاش و عوسمان کاڤالا. جەختیشیان لەوە کردەوە، کە بەم پاشەڵ خوێناوی و پیسییەوە، مەحاڵە کە تورکیا ببێت بە ئەندامی یەکێتی دەوڵەتانی ئەوروپا.

دەوڵەتانی ئەوروپا چەند جارێک ئەوەشیان دووبارە کردەوە، کە ئەردۆگان بازارگانی بە پەنابەرانی سوریاوە دەکات. بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم کێشەیەی قۆستۆتەوە نەک لە رووی بەزەیی و مرۆڤایەتییەوە. تائێستا چەند ملیار دۆلاری لە یەکێتی دەوڵەتانی ئەوروپا وەرگرتووە.

لە گەڕان بە دواى نەوت و گازیشدا لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، لە دەرەوەی سنووری ئاوی تورکیادا، لەمەش شکستی هێنا و سەریان پێ شۆرکرد.

لە ناوخۆی تورکیاشدا، رۆژ لە دواى رۆژ، لایەنگرانی پارتەکەی ئەردۆگان، پارتی ناداد و ناگەشەکردن لە پاشەکشێدایە، زیاتریش دزی و گەندەڵییەکانیان ئاشکرا دەبن. تەنیا پاڵپشتی حیزبە نەتەوەپەرستەکەی باخچەلی رەگەزپەرستە. کە تەنیا بۆ دژایەتی گەلی کورد بوونە بە هاوپەیمانی ئەردوگان. خەڵکی بێزاربووش لە زیادبوون دان. بە پێچەوانەوەشەوە، حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا، زیاتر بەهێزبوونە و زیاتر رووبەڕووی گەندەڵییەکان و تەخشان و پەخشانکردنی ئەردۆگان بە پارەی مییللەتەوە بوونە. کە بۆتە هۆکاری سەرکی دابڕانی تورکیا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داروخانی ئابووری و بێ نرخبوونی بەهای لیرەی تورکی و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراک و شتومەکە پێویستییەکان، بڵاوبوونەوەی گرانی و هەژاری وبێکاری لە تورکیادا.

ئەرۆگانی گیلەپیاو، دەیەوێت، سەرنجی خەڵکی بە لایەکی تردا بەرێت و هەموو یەم قەیرانانە لە بیری خەڵکی تورکیا بباتەوە. ئەمەش بە لای خەڵکی تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، شتێکی نامۆ و تازە نییە. هەر کاتێک ئەردۆگان شکستی هێنابێت. هەرەشەی لە کورد کردووە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی کوردستان ئەنجامداوە.

ئێستاش ئەردۆگانی خوێنڕێژ و نامەرد کە بە رقی کورد ئاوسە، نیازی گڵاوی ئەوەیە کۆمەڵکوژییەکی تازە لە دژی گەلی بێتاوانمان لە رۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا.

زۆر بێ شەرمانە، هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکەین و هێرش دەکەینە سەر رۆژئاوای کوردستان. دوا بە دواى خۆشیدا، مەولوود چاوشی وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریشیان خەلووسی ئاکار، هەمان هەڕەشیان دووبارە کردەوە. کە بە هەمان ئایدۆلۆژیای بۆگەن و رەگەزپەرستی و رق لە کورد پەروەردە کراون.

بۆ ئەم مەبەستە و نیازە گڵاوەیان، ئەردۆگانی ناپیاو، جگە لەوەی کە لەشکرێکی گەورەی دڕندەی بە تانگ و تۆپ و زرێپۆش و فرۆکەی جەنگی و درۆن، ئامادە کردووە. هەروەها جاشە ئیسلامییە بەکرێگیراوەکانییشی لە بەرەی نوسرە و داعش لە سوریا. خستۆتە ئامادە باشی و چەکی نوێی بۆ ناردوون، تا لەگەڵ سوپای تورکیادا، پێکەوە هێرش بکەنە سەر رۆژئاوای کوردستان.

ئەردۆگانی سیکۆپاتی، وەک هێرشەکانی پێشووتری بە جاشەکانی و لەشکرە ئامادەکراوەکەی وتووە: سەر بۆ ئێمە و تاڵانی و دزی بۆ ئێوە. دەستیش لە منداڵی ناو لانکیشیان مەپارێزن. دەیەوێت سیاسەتی "زەوی سووتماک" لە رۆژئاوای کوردستان دا ئەنجام بدات.

دەیەوێت بەم تاوانە نامەردییە تازانەی لایەنگرتن و دەنگەکانی رەگەزپەرستەکانی تورکیا بەدەستبهێنێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە تورکیادا. واتە ئامانجێکی سیاسی و هەڵبژاردنی لە پشتەوەیە.

مەبەستم ئەوە نییە کە ترس بخەمە دڵی رۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستان. ئەوان باش لەم هەڕەشە و نیازگڵاوی و نامەردییانەی ئەردۆگانی خوێنڕێژ تێگەیشتوون. هەموو خراپی و و تاوانێکی قێزەوەنیان لێدەوەشێتەوە. کۆمەڵکوژی دێرسیم و ئاگری و دۆڵی زیلان و چەندین شوێنی ترمان لە باکووری کوردستاندا، لە بیرمان نەچۆتەوە و لە بیرمان ناچێتەوە. رۆژیش نییە کە لە شاری "عەفرین"ی داگیرکراودا، چەندین تاوانی کوشتن و رفاندن و پەلاماردن و بێسەر و شوێنکردنی لاوانی کوردمان نەکەن ئەم بێرەوشتانە هەموو تاوان و بێرەوشتییەکیان لێدەوەشێتەوە.

گەر ئەردۆگانی دکتاتۆری لەخۆبایی، کەرایەتییەکی وابکات، با باش بزانێت بە ئاسانی بۆی ناچێتە سەر و باجێکی زۆری ئەم سەرەکێشی و بێ ئەقڵییەی دەداتەوە. خۆیان باش ئەوە دەزانن، کە مەحاڵە و هەرگیز ناتوانن بە زەبر و بە هێز و لەشکرکێشی و بە کۆمەڵکوژی، چۆک بە گەلی قارەمان و خۆڕاگر و کۆڵنەدەری کوردمان دابدەن.
رۆژئاوای کوردستان. رۆژئاوای هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەرە. هەموومان رۆژئاڤاین و چارەنووسمان یەکە. هەر کوردێک هەڵوێستی نەبێت، هاشا کورد و کوردستانی نییە.
خوشک و برایانی دڵسۆز و کورد و کوردستان پەروەر، پێویستە هەڵوێستمان هەبێت. ئەوەی لە توانمان دایە و پێمان بکرێت درێغی نەکەین. ئەرکی نەتەوەیی و رەوشتی هەموومانە، کە ئامادەبین بە هەر شێوازێک بێت، بۆ رووبەڕووبوونەوە و بەرنگاری هەر هێرشی تورکیای داگیرکەر و رەگەزپەرست بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان.
ئەی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان. نیازتان وابوو، کە شەڕکەری کورد بۆ غەزە بنێرن و لە دژی ئیسرائیل شەڕبکەن. گەر کەمێک هەست و هاوبەستەبوون و غیرەتان هەیە. شەڕکەرتان بۆ رۆژئاوای کوردستان بنێرن. با شەڕی لە دژی تورکیا بکەن. ئەگەر ئیسرائیل بە داگیرکەری فەلەستین دەزان - ئەگەرچی خاکی ئیسرائیل خۆیەتی - تورکیاش داگیرکەری کوردستانە. کوردستان خاکی کوردە و تورکیا بە کوشتن و وێرانکردن داگیری کردووە. دەزانن و لەبیرتانە، کە مەلا ئەردۆگانییە رەگەزپەرستە بەکرێگیراوکان، لە کاتی داگیرکردنی شاری عەفرین دا، لە وتارەکانی نوێژی هەینی مزگەوتەکانی ئیستەنبول و ئەنکەرەدا، فەتوای ئەوەیان دا. گەر مار و دووپشکتان بینی مەیکوژن، بەڵام گەر کوردتان بینی بیکوژن. ئەی نەشتان بینی کە سەرۆکی رێکخراوی حەماسی ئیسلامی فەلەستینی "خالید مەشعەل" بە بۆنەی داگیرکردنی شاری عەفرینەوە پیرۆزبایی لە خوێنرێژ ئەردۆگان کرد و شاباشی کرد؟
ئەی بیرتان نایات، کە بەعسییە عەرەبە شۆڤێنییەکان، کە نەوەکانی خەلیفەکان و خالید بن وەلید و قەقاع سەعدن، چۆن پەلاماری کوردستانیان دا. کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفالیان لە کورد کرد هەر لەبەر ئەوەی کە کوردین. کام دەوڵەتی ئیسلامی و عەرەبی کەمترین بڕوا لەسەر کورد هاتنە قسە و لۆمەی سەدامیان کرد؟. بەس بە خرافاتی بێ بنەما مێشکی سڤیل و خۆشبڕوای خەڵکی کورد بشۆنەوە. ئێوە پێش ئەوەی ئیسلام بن کوردن. گەر هەڵویستی نەتەوەییتان نەبێت.. ئەوسا قسەیەکی ترمان دەبێت.
خۆشک و برایانی کوردمان. هەموومان دەزانین کە نیازی گڵاوی تورکیا لە هێرشکردنە سەر رۆژئاوای کوردستان چییە. هەمووهان کوردین و کوردستان نیشتمانی پیرۆزمانە، لە ئەوپەڕی باکووریەوە تا ئەوپەڕی باشووری، لە ئەوپەڕی رۆژهەڵاتیەوە تا ئەوپەڕی رۆژئاوای، خاکی پیرۆزی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بژی. با هەمووهان یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەک هەڵویستبین، ئەرکی پێویستی ئەستۆمان بەدی بهێنین. ئەگینا شەرمەزاری گەلەکەمان و مێژوومان دەبین.
درود بۆ رۆحی شاعیری نەمر و نەتەوەیی کوردمان "فایق بێکەس" کە دەڵێت:
قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە
ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی رابگرێ




لە ساڵی '١٩٦٠' لە نەخۆشخانەی عەباسیە تایبەت بە"الأمراض العقلية"لە میسر لە ئیهمالی پاسەوانەکانی نەخۆشخانەکە نزیکەی "٢٤٣ "شێت ڕایان کرد بەرەو شەقامی عەباسیە.
چاوەڕوان ئەکرا کێشەیەکی گەورە بخوڵقێ، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانە بانگی دکتۆرێکی کرد بە ناوی "د. جمال ابو العزم"داوای کرد خێرا چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.
ئەم دکتۆرە بەناوبانگە خێرا ئامادەباشی دەربڕی و پێی وتن کە نەخشەیەکم هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، داوای لە بەڕێوەبەر و هەندێک لە پزیشک و فەرمانبەرەکانی نەخۆشخانە کرد وتی من لە پێشەوە ئەبم و ئێوەش پشتم بگرن و یەک لە دوای یەک بە شێوەی شەمەندەفەر "قیتارانێ ئەکەین"وە ئەچینە ناو شەقامەکە و هاوار ئەکەین "تووت...تووووت...تووووت".
ئەو بەرنامەی د. جەمال داینابوو و پێشبینی کرد ڕێک وا دەرچوو هەموو شێتە هەڵهاتووەکان کەوتنە دوای قیتارەکە و دەستیان بە پشتی یەک گرت تا بردیانەوە ناو نەخۆشخانەکەوە هێنیانەوە ناو نەخۆشخانەکەو کێشەکە چارەسەر کرا، بەڕێوەبەری کارگێڕیەکە زۆر دڵخۆشبوو بەم سەرکەوتنەی دکتۆر و دەستخۆشی لێ کرد.
ئێوارە بە کێشەیەکیان زانی ئەویش ئەوەبوو کە کاتێک دەستیان کرد بە سەرژمێری شێتەکان تەماشایان کرد "٦١٢ "کەسن لە کاتێکدا ژمارەی هەڵهاتووەکان "٢٤٣ "کەس بوون..!!!!
.............
ئێستا لەسۆشیال میدیای کوردی یەک توت بکەیت هەزاران کەس بەکویرانە بەدواتا دەست بە توتە توت ئەکەن.
لە فەیسبوک وەرگیراوە





# کاریزما و سیاسەت
# مەلەفی تایبەت

شارپرس:

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لە ماوەی پێشوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئەڵمانیا کراو دەرئەنجامەکەشی مایەی سەرنج و تێرامان بوو، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار. یەکەم: ئەم هەڵبژاردنە ماناى کۆتایی هێنان بوو بە حوکمی 16 ساڵەی پارتی دیموکراتی مەسیحی کۆنەپارێز و هاوپەیمانەکەی، هەرچەندە بە تەنهاش حوکمیان نەکردووە بەڵکو لەماوەی ئەو 16 ساڵەدا زۆرجار لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان بوون. دووەمیان ئەم هەڵبژاردنە بەبێ ئەنگیلا مێرکل بەڕێوەچوو، چونکە بڕیاریدا کە بۆ چوارەمین جار خۆی هەڵنەبژێرێتەوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، هەڵوێستی گەلی ئەڵمانیا بوو بەرامبەر بە پارتەکەی مێرکل، هەر لەپاش نەمانی ئەم سەرکردەیە، ئەم پارتە متمانەی بەشێکی زۆری گەلی ئەڵمانیای لەدەستدا.
ئەم رووداوە کلیلی پرسیاری گرنگی دایە دەستمەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا تاچەندە کاریزما رۆڵی لە سیاسەتی ئەمرۆماندا هەیە؟ بۆچی گەلی ئەڵمانیا سەرەتا بە ترس و گومانەوە پێشوازیی لە مێرکل کرد، کەچی ئێستا بۆی نیگەرانن؟ تاچەندە کاریزما رۆڵی لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییی و خۆرهەڵاتیدا هەیە؟
هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا چەند سەرنج و تێبینییەکی خۆم لەمبارەیەوە بنووسم، کە لەوانەیە بتوانێت وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بداتەوە.

ماکس ڤیبەر و کاریزما

ماکس ڤیبەر لە ساڵی 1864 لە دایکبووە و لە ساڵی 1920 کۆچی دوایی کردووە، ئەو فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی ناسراوی ئەڵمانیا و جیهانە و بە یەکێکیش لە باوکە مەزنەکانی بواری «کۆمەڵناسیی مۆدێرن» دادەنرێت و خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فیکری گرنگە لە پێش هەمووشیانەوە» ئەخلاقی پرۆتستانتیی و رۆحی سەرمایەداری « کە لە ساڵی 1905 دا نووسیویەتی، جگە لە کۆمەڵێک کتێبی تر، کە هەتا ئەمرۆش جیهان پێیان سەرسامە. یەکێکیش لەو کتێبانەی « Politik als Beruf سیاسەت وەکو پیشە» کە لە ساڵی 1919 دا نووسیویەتی واتە ساڵێک پێش مردنی، لەم کتێبەدا بە وردی باسی تێڕوانینی سیاسی خۆی کردووە هەروەها باسی کەسی سیاسی کردووە، لە هەمووشی گرنگتر باسی چەمکی «کاریزما»ی کردووە و گرنگی ئەم چەمکە لە ژیانی سیاسیدا دەرخستووە.

کاریزما

Charisma کاریزما لە وشەیەکی کۆنی یۆنانییەوە هاتووە ماناى «نیعمەتێکی خودایی» دەگەیەنێت کە خودا دەیبەخشێتە کەسێک. پاشتر ئەم وشەیە لە رێگەی ماکس ڤیبەرەوە هاتە ناو فەرهەنگی سیاسیەوە. بەپێی تێڕوانینی ماکس ڤیبەر بێت کاریزما ماناى بوونی ماگنێتێکی بەهێز لەلایەن کەسێکەوە کە وا دەکات خەڵکانی تر دوای بۆچوونە سیاسیی و فکرییەکانی بکەون و تەواوی ئیرادەی خۆیان بخەنە ژێر رکێفی کەسێکەوە کە خاوەنی کاریزما بێت. ئەمەش لەناو بزاوتە ئایینی و سیاسییەکاندا زۆر گرنگە، هەروەها رۆڵێکی بەرچاویشی هەیە لە قۆناغە گرنگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی لە کاتی شۆڕش و راپەرینە جەماوەرییەکاندا. لای ماکس ڤیبەر دوو کەسایەتی خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوون. یەکەمیان « حەزرەتی مەسیح»، ئەوی تریشیان ناپۆلیۆن پۆناپارتی فەرەنسا. یەکەمیان لە بواری ئایینیدا شۆڕشێکی گەورەی جیهانی کردووە. ئەوی دووەمیشیان لە رووی سیاسییەوە، گۆڕانکاریی گەورەی لە فەرەنسا و جیهاندا کردووە.
بە هەرحاڵ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمرۆش، کۆمەڵێک کەسایەتی جیهانی رۆڵی گەورەیان هەبووە لە رووداوە گرنگەکانی ژیانی سیاسی مرۆڤایەتیدا، جا رۆڵەکە خراپ بووبێت لە نموونەی « هیتلەر و ستالین»، یان باش بووبێت لە نموونەی « گاندیی و ماندێلا».

بەگشتی دەتوانم بڵێم کاریزما لەم سەدەیەدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی سیاسی هەموو جیهاندا، بەتایبەتی لەناو گەلانی جیهانی سێهەمدا.
لە خۆرئاوادا بەتایبەتی لە ئەمریکا بە حوکمی بوونی دامودەزگای بەهێزی دەوڵەت و سیستمێکی تۆکمەی دیموکراتی، تارادەیەک کاریزما ئەو رۆڵەی نەبووە لە ژیانی سیاسیدا، چونکە لێرە هەموو چوار ساڵ جارێک، هەڵبژاردن دەکرێت و سەرۆکیش تەنها یەک جار بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە، واتە سەرۆکێک بۆ ماوەی چەندین ساڵ نامێنێتەوە تا کاریگەریی گەورە بەسەر حزب و کۆمەڵگەدا دروست بکات. هەروەها حزب و میدیاش، پسپۆڕن لە دروستکردنی سەرکردەدا.
بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەوروپادا هێشتا کاریزما لە ژیانی سیاسیدا رۆڵی هەیە. ئەوەش لەبەر جیاوازیی سیستمی دیموکراتی، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپادا، سەرۆک بۆی هەیە چەندین جار خۆی هەڵبژێرێتەوە، دیارە جگە لە فەرەنسا کە سەرۆک تەنها یەکجار بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە.
ئێمە وادەزانین کە کاریزما تەنها لە خۆرهەڵات و جیهانی سێهەمدا رۆڵی گەورەی هەیە لە ژیانی سیاسیدا، بەڵام لە راستیدا لە ئەوروپاشدا کاریزما رۆڵی گەورەی هەیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا.

کاریزما و سیاسەت لە ئەڵمانیا

وا بۆ ماوەی 70 ساڵ دەچێت کە لە ئەڵمانیادا سیستمێکی تۆکمەی دیموکراسی هەیە و دووبارە رێگە نەدراوتەوە کە سیستمێکی دیکتاتۆری هاوشێوەی نازی دروست بێتەوە، بەڵام کاتێک سەیری ژیانی سیاسی ئەڵمانیا دەکەیت، هەمیشە خاوەنی جۆرە سەرکردەیەک بووە کە دەتوانین بڵێین سیمایەکی کاریزمایی گەورەیان هەبووە.
ئەمەش لە هەردوو پارتە سیاسییە تەقلیدییەکاندا دیارە کە ئەوانیش «پارتی دیموکراتی مەسیح و پارتی سۆشیال دیموکرات» لە سەدەی پێشوودا خاوەنی سەرکردەی وەکو کۆنردار ئادناوەر، هیلمۆت کۆڵ، کە سەربە پارتی مەسیحی دیموکرات بوون. هەروەها ڤیلی براند و کارل شمیت لە پارتی سۆشیال دیموکرات.
لەپاش نەمانی هیلمۆت کۆڵ و شکستی لە هەڵبژاردنی 1998 دا لەبەرامبەر گێرهارد شرۆدەردا ، پارتی دیموکراتی مەسیحی رووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بۆوە، چونکە هیلمۆت کۆڵ خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوو لەناو پارتەکەدا، ئەمەش حزبەکەی رووبەڕووی کێشەی سەرکردایەتی کردەوە،

لەناو ئەم حزبەدا کۆمەڵێک کوتلە هەبوون هەریەکەیان خۆی دانابوو ببێتە جێگرەوەی کۆل، بۆ یەکەمجار ڤۆلفگانگ شۆیبلە  بۆ ماوەی دوو ساڵ  بووە سەرۆکی پارتەکە، بەڵام دواجار لە ساڵی 1999 بەهۆی ئاشکرابوونی دۆسێی گەندەڵی هاوکارییکردنی دارایی حزبەکە، دەستی لەکارکێشایەوە. ئەمەش هێندەی تر کێشەی سەرکردایەتی لەناو حزبەکەدا دروستکرد، دواجار جۆرە رێکەوتنێکیان کرد کە لاوازترین کەسایەتی بۆ سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێرن کە ئەویش ئەنگێلا مێرکل بوو.

ئەنگێلا مێرکل

ئەنگێلا مێرکل چەند خاڵێکی لاوازی هەبوو. یەکەمیان: ژن بوو، چونکە راستە کۆمەڵی ئەڵمانی کۆمەڵێکی مۆدێرنە و ماوەی چەندین ساڵیش بوو، کە ژن بەشداریی کاری ژیانی سیاسەتی کردبوو، بەڵام هێشتا پیاوان زاڵبوون بەسەر سیاسەتدا. دووەم خاڵی لاوازی سەربە مەزهەبی  پرۆتستانت بوو، لە تەواوی مێژووی پارتی مەسیحی دیموکراتیشدا ئەوانەی بوونەتە سەرۆکی ئەم پارتە کاتۆلیک بوون. سێهەمین خاڵیی لاوازی مێرکل خەڵکی ئەڵمانیای خۆرهەڵات بوو، کە هەتا ئەمڕۆش جۆرە هەستیارییەک لە نێوان هەردوو کەرتی ئەڵمانیادا هەیە.
هەر ئەمەش وایکرد کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2002 دا سەرکردایەتی پارتەکە هیچ باوەڕی بە مێرکل نەبوو کە بیکەنە کاندیدی پارتەکە بۆ راوێژکاری ئەڵمانیا، چونکە دەترسان لەبەرامبەر شرۆدەردا بیدۆڕێنێت، هەربۆیە چوون ئەدمۆن شتۆیبلەیان هێنا کە سەرۆکی پارتی مەسیحی کۆمەڵایەتیی و سەرۆکی ویلایەتی بایەرن بوو، ئەم پارتە ماوەی 50 ساڵە هاوپەیمانی پارتی مەسیحی دیموکراتە و زیاتر بە پارتی هەرێمی «بایەرن» دەناسرێت. هەرچەندە لەو هەڵبژاردنەشدا هەر شرۆدەر بردییەوە، چونکە توانی زۆر بەباشی کێشەی جەنگی داگیرکردنی عیراق بەکاربهێنێت.
بەهەرحاڵ کاتێک مێرکل ساڵی 2005 بەوپەڕی دوودڵییەوە پارتی مەسیحی دیموکرات بەشداریی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد، بەڵام هێندە شرۆدەر لەلای خەڵکی ناشیرین بوو، لەڕقی ئەو دەنگیان بە مێرکل و پارتەکەی دا. ئەمەش خێری پێوە بوو بۆ ئەڵمانیا، چونکە هەلی ئەوەی رەخساندا کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەڵمانیادا ژنێک ببێتە راوێژکار.
مێرکل لە ماوەی حوکمڕانیدا بۆ تەواوی گەلی ئەڵمانیا دەرکەوت، کە ژنێکە توانایەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت گەلی ئەڵمانیا زیاتر بەرەو پێشەوەبەرێت و لە کۆمەڵێک تەنگەژەی گەورەی سیاسی و ئابووریی جیهانی و ناوخۆیی بیپارێزێت.  هەرچەندە ئەمیش لە رەخنە و خاڵی لاواز بەدەر نییە.
بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە، هەرچەندە ئەڵمانیا خاوەنی سیستمێکی دیموکراسییە و گەلێکی هۆشیاریشە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کاریزما رۆڵی لە سیاسەت و بیرکردنەوەی خەڵکیدا نییە، ئەوەتا بینیمان هەر لەپاش نەمانی مێرکل لە سیاسەتدا، گەلی ئەڵمانیا ئامادە نەبوو، دووبارە دەنگ بداتەوە بە پارتەکەی مێرکل، ئەم بێ متمانەییەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، راستە خەڵکی ئەڵمانیا حەزی بە گۆڕینی ڤیگەری سیاسییە، هەروەها لە سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات مەسیحی بێزارن، بەڵام دووبارە نەمانی مێرکل رۆڵی سەرەکی هەبوو لەم بڕیارەی گەلی ئەڵمانیادا.

دەرئەنجام

نەک تەنها لەم رووداوە سیاسییە بەڵکو کاتێک سەیری مێژووی سیاسی خۆرئاوا و خۆرهەڵات دەکەین، دەبینین هێشتا کاریزما رۆڵی بەرچاوی لەناو سیاسەتدا هەیە. راستە کاریزما لایەنی باشی هەیە لە کۆکردنەوەی خەڵکی و کاری دەستەجەمعی و خێراکردنی جووڵانەوەی سیاسی، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، هەمیشە بوونی کاریزما مەترسییەکی گەورە بووە بۆ سەر ژیانی ئازادیی و دیموکراسی، چونکە کاریزما دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کەسایەتی ستەمکار و دیکتاتۆر، هەروەها خەڵکیش بەرەو نەفامیی و جەهلی سیاسی دەبات، کە ئەمەش وڵاتانی جیهان بەرەو  جەنگ و شکستی گەورە دەبات، چونکە ئەگەر گەل هەموو دەسەڵات و ئیرادەی خۆی رادەستی کەسێک کرد، ئەوا زۆر ئاسانە خەڵکی بەرەو نەهامەتی بەرێت و حوکمێکی دیکتاتۆری و ستەمکار دروست بێت.
هەربۆیە دەبینین کاتێک سەرکردەیەکی کاریزمی نامێنێت، ئەو جووڵانەوەیە یان حزبە سیاسییە تەنانەت دەوڵەتەکەش، رووبەڕووی کێشەی گەورەی سیاسیی دەبێتەوە و کەس ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە و بەردەوامی بە ژیانی سیاسی بدات.
هەربۆیە هیچ کاتێک لەگەڵ بوونی کەسانی کاریزمیدا نیم و لەو باوەڕەدام چەندە سوودی هەیە، دە هێندە زیانی هەیە بۆ ژیانی سیاسی، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتدا.

## پنتاگۆن: جەنگی تەکنەلۆژیامان بەرامبەر بەچین دۆڕاندوە مەلەفی تایبەت شارپرێس:

بەرپرسی پێشوی سۆفتوێری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئاشکرایکرد، وڵاتەکەی بەکرداری جەنگی تەکنەلۆژیای بەرامبەر بەچین دۆڕاندوە، دەشڵێت:"لەماوەی 15 بۆ 20 ساڵی داهاتوو بەیەکجاریی توانای ڕکابەریکردنی چینیان لەدەستدەچێت".

بەگوێرەی ڕۆژنامەی "فاینانشاڵ تایمز"ی ئەمریکی، نیکۆلاس چایلان کە ماوەی دوو هەفتەیە پۆستەکەی جێهێشتوە ڕایگەیاندوە، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بەخاوی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژیی لەسوپای ئەمریکا دەستی لەپۆستەکەی کێشاوەتەوە، جەختیشیکردۆتەوە کە نەیتوانیوە بەرامبەر بەو کەمتەرخەمییە بەرگە بگرێت.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە باسی لەوەکردوە، شکستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەڵامدانەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانی چینو وڵاتانی تر، ئایندەی نەوەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی لەماوەی 15 بۆ  20 ساڵی داهاتوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەیەکجارەکی توانای ڕکابەرییکردنی چینی لەبواری تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرددا نامێنێت.

چایلان کە ماوەی سێ ساڵ لەپنتاگۆن کاریکردوە وتویەتی:"پەککین بەرەو ئەوە دەڕوات هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی لەبواری زیرەکی دەستکردو فیرکردنی میکانیکیو توانا ئەلیکترۆنییەکانییەوە".

بەوتەی بەرپرسەکەی پێشووی پنتاگۆن، "بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا لەدروستکردنی فڕۆکەی نەوەی پێنجەمو تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح بۆ بەرهەمهێنانی فڕۆکەی وەک F-35 گرنگترە".

لێدوانەکانی چایلان دوای ئەوەدێت، لەمساڵدا لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی کۆنگرێسی ئەمریکا هۆشداریدا لەوەی مەترسیی هەیە لەماوەی دەیەی داهاتودا چین بتوانێت لەبواری تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرد پێش ویلایەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێتەوە.



و: ئاکۆ ئاڵی

## نەخشەی کوردستان و میرنشینەکان لەساڵی 1835 دا پێنج شەممە، 23/5/2013

پێنوسەکان...
ئەم نەخشەیە، سنووری تەواوی میرنشینەکانی کورد، لەکوردستاندا و لەساڵی 1835 دا دیاری دەکات و لەگەڵیدا، پایەتەختی میرنشینەکانیش تێیدا بەڕوونی دیارە و لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، بەو شێوەیەی کەهەبووە،
هێڵکاریی بۆ کراوە. نەخشەکە، تاکە سەرچاوەیەك نییە لەو بووارەدا، بەڵام ڕاسترین سەرچاوەی
نەخشەیی مێژوویییە کە سنووری کوردستان و میرنشینەکانی نیشانداوە، کە کورد، لەوپەڕی بەربڵاوی و دابەشبووندا، نەیانتوانیوە یەك بگرن. بەڵام ئەوە دەردەخات کە کورد، خاوەنی دەستەڵات و هەرێمی سەربەخۆی خۆی بووە و بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئێرانی و عوسمانیدا دابەش بوون. لێ ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوێستەلەسەر کردنە، کوردەکان، لەو دەمەشدا، زۆرێك لەناوچە کوردستانی و کوردنشینەکانیان لەژێر دەسەڵاتدا نەبووە.

ناوی میرنشینەکان و پایەتەختەکانیان:
میرنشینی بابان: پایەتەختەکەی سلێمانییە میرنشینی بازید: پایەتەختەکەی بازیدە
میرنشینی بۆختی: پایەتەختەکەی جزیرە میرنشینی جەلالی: پایەتەختەکەی جەلالییە
میرنشینی دڵمەکان: پایەتەختەکەی سەلماسە میرنشینی دۆژك: پایەتەختەکەی خۆزاتە
میرنشینی ئەردەڵان: پایەتەختەکەی سنەیە میرنشینی هەکاری: پایەتەختەکەی بێشەبابە
میرنشینی میلان: پایەتەختەکەی وێرانشارە میرنشینی سۆران: پایەتەختەکەی ڕەواندزە
میرنشینی تەحسێنێ: پایەتەختەکەی خالیدی-ڕێزوان




## پێشمەرگە

پێشمەرگە وشەیەکی کوردییە بۆ شەڕکەرە کوردەکان کە هەندێک بە شەڕکەرانی ئازادی ناویان دەبەن. وشەکە بە مانای «ئەوانەی کە مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێک خستووە لە پێناو پاراستنی نیشتیمان» دێت و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە نزیکەیی لەو کاتەوە هەیە کە جوڵانەوەی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا دەستی پێکردووە، ئەمەش دوا بەدوای ڕووخانی هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و قاجار بوو کە ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەستیاندا بوو.

وشەی پێشمەرگە
مێژوووناسی کورد کەریم زەند دەڵێت:لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد لیژنەیەک دانرا بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوێک بۆ هێزی کوردیی، لیژنەکە بریتی لە هەژار موکریانی، هێمن موکریانی، محەممەد تۆفیق وردی و کەریم زەند بوو. ئەم لیژنەیە لە دانیشتنێکی تایبەتدا، گەلێک ناویان تاوتوێ کردووە.لیژنەکە هەر لە مشتومڕدا بوون کە لە ناکاو خزمەتگوزارێک کە لەوێ بووە و بەردەستیی دەکردن و ناوی میرزای ڕەشیدی بوو گوتی: ئاغایان دەبینم ئێوە کاژێرێکی تەواو خەریکن کە ناوێکی شیاو بدۆزنەوە، لە کاتێکدا ئێمە ناوی پێشمەرگەمان هەیە، لەمێژە بەکاربراوە.لیژنەکە ناوەکەیان بە شادومانییەوە وەرگرت و ناوی پێشمەرگەیان پێشکەشی پێشەوای مەزن کرد، ئەویش زۆر لای پەسەند بوو و ناوی پێشمەرگە بە فەرمی ناسرا
ویکیپیدیا



# سوپای عێراق لەشوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان سەربازگە دەکاتەوە



34 کەسایەتی‌و ڕێکخراوی بواری جینۆساید لەنامەیەکدا کە ئاراستەی حکومەتی عێراقیان کردوە هاتنەدەنگ‌و ناڕەزایی نیشاندەدەن لەبەرامبەر بڕیارێکی سوپای عێراق بۆ دانانەوەی سەربازگە لەسەربازگەی گوندی تۆپزاوای کەرکوك، جەختیشدەکەنەوە، "ئەو شوێنە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی کورد بووە پێویست بوو بکرێتە مۆنۆمێنت".

شاڵاوەکانی ئەنفال لەهەرێمی کوردستان بەهەشت قۆناغی جیاواز ئەنجامدران، وەکو شایەتحاڵان‌و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەبواری جینۆساید باسیدەکەن، سەرجەم ئەو هاوڵاتیانەی هەرێم کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن، براونەتە سەربازگەی تۆپزاوا لەوێ ژن‌و پیرو منداڵ لەیەك جودا کراونەتەوەو دواتریش ڕژێمی بەعس ڕەوانەی نوگرەسەلمانی کردون.

بەگوێرەی ڕاگەیەنراوێکی 34 کەسایەتی‌و ڕێکخراوی بواری جینۆساید، ناڕەزاییان نیشانداوە بۆ دوبارە دانانەوەی سەربازگە لەگوندی تۆپزاوای کەرکوك، لەو ڕووەشەوە دەڵێن:"پێویستە هەمومان هەوڵبدەین (سەربازگەی تۆپزاوا) شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان، ئۆشفیتزی ئەنفالکراوان بکرێتە مۆنۆمێنت نەک سەربازگە".

باس لەوەشدەکەن، "ماوەیەکە سوپای عێراق، سەرقاڵی دانانەوەی سەربازگەیە لەگوندی تۆپزاوا لەسنوری پارێزگای کەرکوك، لەهەمان سەربازگەی (تۆپزاوا)ی پێشوو، کە دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد لەپرۆسەی ئەنفالدا تێدا کۆکرایەوەو پاشان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵکران".

جەختدەکاتەوە، "سەربازگەی تۆبزاوە، هێمای دڕندەیی ڕژێمی بەعسی فاشیست بوە، هەر شوێن‌و جێگەیەکی ئەو سەربازگەیە، چیرۆکێکی تراژیدیای ئەنفال‌و بەڵگەی ئەو تاوانە دڕندەیەیە کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدرا دەگێڕێتەوە".

لەبەشێکی تری نامەکەدا هاتوە، "ئەم هەوڵەی سوپای عێراق، پێشێلکارییەکی زەقی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەدۆسیەی ئەنفالە کە تێیدا بڕیاری قەرەبوکردنەوەی مەعنەوی قوربانیانی دەرکردوەو پاراستنی ئەو سەربازگەیەش لەچوارچێوەی ئەو قەرەبوە مەعنەوییەدا دێت، کە یادەوەرییەکانی تاوانەکەی هەڵگرتوەو دەبوایە هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوانی تێدا دروستبکرابایە".

ئەوەش ئاماژەی پێکراوە، "ئەگەرچی لەڕابردودا سەدان جار داوای بەمۆزەخانەکردنی ئەو سەربازگەیە کراوە، وەك مۆزەخانەیەکی قوربانیانی ئەنفال، وەلی مەخابن نە دەسەڵاتی عێراق‌و نە حکومەتی هەرێم، بەتەنگ ئەم داواکارییەوە نەهاتونە، ئێمە لەڕێکخراوەکانی بواری جینۆسایدو ئەو کەسایەتیانەی لەم بوارە کاردەکەن، وێڕای سەرکۆنەکردنی هەوڵەکانی سوپای عێراق، داوای ڕاگرتنی ئەو هەوڵە دەکەین بۆ دوبارە بەسەربازگەکردنی شوێنی ئەنفالکردنی گەلی کوردستان کە وەک پەڵەیەکی ڕەشی مێژوی دیکتاتۆری بەعسە بۆ لەبیرنەکردن‌و دوبارەنەبونەوەو پاراستنی شوێنەکە وەک مۆنۆمێنت‌و بەبیرهێنانەوەی تاوانەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو لە(سەربازگەی تۆپزاوا)".

نیگەرانی خۆیشیان نیشانداوە لەبێدەنگی حکومەتی هەرێم نوسیویانە، "هاوکات بێدەنگی حکومەتی هەرێم‌و پارت‌و لایەنە سیاسیە کوردییەکان لەمەڕ ئەو بابەتە سەرکۆنە دەکەین‌و داوادەکەین شوێنی ئەنفالکراوان بپارێزرێت‌و گرنگی پێبدرێت بۆ بەزیندویی هێشتنەوەی یادەوەری ئازیزانمان نەك دوبارە بکرێتە سەربازگە کە دەبێتە هۆی کولاندنەوەی برینەکانی قوربانیان‌و هێمایەکە بۆ بەردەوامبونی ئەنفال".

لەکۆتاییدا جەختدەکەنەوە، "دوبارە دانانەوەی سەربازگە لەتۆپزاوا پێشێلکارییە بەرامبەر بەمافی کەسوکاری قوربانیان‌و پێشێلکردنی زەقی قەرەبوکردنەوەی مەعنەوییەو بەرپرسیارێتی یاسایی‌و مێژوویی‌و ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، چونکە کەیسی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بڕیاری جینۆسایدی وەرگرتوە".

ش.هـ

ناوی ڕێکخراوو کەسایەتیەکان:

1- ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید-KWG

2-ڕێکخراوی گەشە پێدانی مافی مرۆڤ

3-عارف قوربانی لێکۆلەر لە بواری ئەنفال

4-ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

5-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك کوردستان

6-ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال

7-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی -koncicc -

8-ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری -ojc

9-ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

10-ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ

11-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك

12-ڕێکخراوی باران بۆ پرسی ئەنفال

13-ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان و جینۆسایدکراوان

14-تۆڕی ئایکان کوردستان - ikn

15-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان -oawmd -

16-هێمن حەسیب چالاکوانی بواری جینۆساید

17-عادیل حاجی محەمەد ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی داکۆکی لە ئەنفالکراوان 18-کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال

19-ڕێکخراوی جیهانێکی بێ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی

20-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

21-کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

22-حیکمەت فایەق عارف چالاکوانی بواری جینۆسایدو چەکی کیمیاوی و کۆکوژ

23-ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی نووسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید

24-دکتۆر فاتیح سەنگاوی نووسەرو توێژەر لەبواری پرسی ئەنفال

25-شوان محەمەد ئەندامی پەرلەمانی عێراق

26-عەدالەت عومەر نووسەرو لێکۆڵەری بواری جینۆساید

27-ئیدریس عەبدولا نووسەرو توێژەری بواری ئەنفال

28-عەلی بەندی نووسەرو لێکۆڵەری بواری ئەنفال

29-ڕێکخراوی پارێزەران و راوێژی یاسایی و پرسی مافی مرۆڤ

30- شێخ سدیق نووسەر لە بواری جینۆسایدو ئەنفال

31- ڕێکخراوی کار بۆ ئەنفال

32-دیمەن محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید

33-عەلی مەحمود محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید

34- مەلا شاخی ... نووسەر لە بواری جینۆساید

لە شارپرێس وەرگیراوە

# لە یادی ٣٤ ساڵەی شەهیدانی دوڕیانەکەی سەرچنار .

لەگەڵ نوسینی هەر وشەیەك ، دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوم بەر دیدەم لێڵ دەکەن و دەستی لەرزۆکم لەبەردەم گەورەیی و خۆشەویستی ئێوەدا توانای نوسینیان نامێنێت و هیچ کام ئەندامەکانی جەستەم توانای ئەوەیان نامێنێت وەکو پێویست کار بکەن ، تاکو بتوانن پێناسەی گەورەیی ئێوەی قارەمان بکەن و خۆشەویستی خۆیان پێشکەش بەم یادە پیرۆزەتان بکەن.

سیوچوار ساڵ (٣٤ ) لەمەوبەر و لەرۆژی 1987/10/24 دڕندەکانی بەعس لە دەروازەی شاری سلێمانیدا کە دەکاتە دوڕیانەکەی سەرچنار پێنج قارەمانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بە بەرچاوی خەڵکەوە گولە بارانکرد کە بریتی بوون لە شەهیدان ( بەرهەم، جەلال، تاریق، کەمال، عەلی )

دڕندەکانی بەعس تەنیا بەشەهیدکردنی ئەو پێنج قارەمانانەوە نەوەستان ، بەڵکو لە نیوەشەوێکی درەنگاندا هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکانیان و ئەوەی بەردەستیان کەوت لەئەندامانی خێزانەکانیان ، دەستگیریانکردن . لەئەنجامدا زۆربەی ئەندامانی خێزانی ئەم پێنج نەمرە کەوتنە بەردەست دڕندەکانی بەعس و بێسەروشوێن کران.


لەو سەردەمەدا لە هەموکاتێك زیاتر ڕژێمی بەعسی تینوو بەخوێنی تێکۆشەرانی کورد و گەلی کورد بوو ، لەدوای شەهیدکردنی ئەو پێنج قارەمانە و دەستگیرکردنی کەسوکارەکانیشیان ، هەڵسان بەڕوخاندنی خانووەکانیان و دەستبەسەردا گرتن و تالانکردنی تەواویی ماڵ و کەلوپەلەکانیان و تەنانەت لە کاتی گرتنی ئەندامانی خێزانەکانیشدا بە ئافرەتاکانیان گوتبو : چیتان هەیە ئاڵتون و شتی پێداویستی تایبەتیتان بیهێنن لەگەل خۆتان بۆ ئەوەی لەماڵەوە نەبێت ، دیارە مەبەستیان بوبو تالانی کەل و پەلە تایبەتیەکانیشیان بکەن .

لەوکاتەوەی کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەستگیرکران کەس نەیدەزانی چیان لێ بەسەرهاتووە چارەنوسیان نادیار بوو ، بەڵام لەدوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 کە بەڵگەنامەکانی ئەمنی سلێمانی کەوتە دەست خەڵك و پێشمەرگە ، لەنێو بەڵگەنامەکاندا ئاشکرا بوو کە بەبڕیاریی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ( عەلی کیمیایی ) خێزانی هەریەك لەشەهیدان ( بەرهەم، جەلال، کەمال ) لەزیندانی ئەمنی عامەی بەغدا شەهید کرابون ، بەپێی کتابەکانی ئەمنی عامە ، ئەم سێ خێزانە تێکۆشەرە بە شێوازێکی لەسەرخۆ ملیان قرتێنرا بوو .
خێزانەکەی ئێمەش کەدوای گولەبارنکردنی بەرهەمی برام دەستگیرکران ، بریتی بون دایکم و مهابادی خوشکم و ئازادی برام ، شەهیدکران و تا ئێستاش بێ گۆڕ و بێ ناونیشانن .

ئێمەی خانەوادەکانی هەموو شەهیدەکان ساڵانێکی زۆر لەچاوەڕوانی هاتنەوەیاندا ئازارمان چەشت ، دواتریش لەزانینی شەهیدکردنیاندا برین و ئازارەکانمان بەسوێتر بوونەوە .

لەم یادە پڕ لە شکۆیەدا بە چاوێی پڕ لە فرمێسکاویەوە بە ڕۆحی نەمری دایکم و ئازاد و مهابادی خونچە نەکراوەی خێر لە خۆنە دیوی خوشکە بچۆلەکەم دەڵێم ، بەقوربانی گۆڕی نادیارتان بم لە ئێوە سیو چوار ساڵە (٣٤) لەهێلانەی دڵماندا هەڵفڕیون ، جێگەتان، گڵکۆتان و تەنانەت ئازارەکانیشتان نادیارن و نازانین چۆن سەبوریمان بێت .

خۆزگە وەك هەموو ئەو خۆشەویستانەی کاتێك بەرەو دوا مەزارگە ئازیزانیان بەڕێیان دەکەن ،






ئێمەش بۆخۆمان ئێوەی خۆشەویست و ئازیزانمان بەڕێ بکردبایە و تێرتێر بۆنی گەردنی قرتێنراو پرچی ئاڵۆسکاوی بێنازتانمان بکردبایەو بۆ دواجاریش بەدەستی لەرزۆکمان تەرمی پیرۆزتانمان بخستبایەتە سەر شانی شەتەک بومان و ئەوسا دڵمان سوکنایی پیادا دەهات و دوا ماڵئاوایمان لێتان بکرد بایە ، ئەوکات پێدەچوو کەمێك سەبوریمان بهاتایە.

سیو چوار ساڵە ماڵئاوایتان لێکردوین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەتانین ، هەرگیز بڕوا ناکەین هیچ پەتێك هیچ جەلادێك دەستی چوبێتە گەردنی پیرۆزتان و کۆتایی بەژیانتان هێنابێت .

دایەگیان ، لەگەڵ هەموو قاقایەکی پێکەنینیشماندا ، لەنێو گەروماندا تۆپەڵ تۆپەڵ فرمێسکی غەم تێکەڵ بەخۆشیەکانمان دەبێت .


خۆزگە ئێستا لەدرزێکەوە دەتبینیم ، کەچۆن جەستەم دەلەرزێت و چۆن چاوەکانم فرمێسکیان لێدەبارێ ، هەرچەندە بیر دەکەمەوە ، ئەوەی بۆتانی دەنوسم دڵنیام شایستەی گەورەیی و خۆشەویستی ئێوەی ئازیز خێر لە خۆ نەدیو نیە تاوەکو ناخی سوتاوەمانی پێ دابمرکێنینەوە .

دایە گیان ئازاد گیان مهابادە خوشکە پچکۆلانەکەم بڕوا بکەن دوای دڵنیابونیشمان لەوەی ئەوتاوانبارانە ، ئەو دڕندانە ئەو خوێنمژانە کە دەستیان چوەتە گیانی پاك و بێگەرتان ، ئێمە هەروا دەزانین سەفەرێکی دوورتان کردوەو چاوەڕوانین بگەڕێنەوە بۆناومان ، زۆرجاریش زۆر لەخۆمان دەکەین کە سوێند بەگلکۆتان بخۆێن .

بۆیە هەتا ئەو ڕۆژەی ئێمەش چاو لێك دەنێین ، چاوەڕوانی ئەوەین ئێوەش بگەڕێنەوە ناومان و جەستەی ماندومان لە نێوباوەشی گەرمتاندا بحەسێتەوە .

ئارام قزلەری
٢٠٢١-١٠-٢٣
ستۆکهۆڵم

# نوری کەریم: سەرانی کورد، دۆستی شیخ و شۆڕشەکەی بون؟



ماموستا عەلائەدین سەججادی لە لاپەڕە751ی شاکارەکەی رشتەی مرواریدا لەمەڕ دووا رۆژەکانی ژیانی مەلیکی کوردستانی باشوور، نهێنییەک دەدرکێنێت من بەشبەحاڵی خۆم لەهیچ سەرچاوەیکی خۆماڵی یا بێگانەدا نەمدیوە (ساڵی 1956 رۆژی 10 / 8 ی ئەو ساڵە بوو، من لە مزگەوتە شڕەکەم بووم لە بەغدا، دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، دەورەی مزگەوتەکە پڕبوو لە خەڵک، ئەوەندەم زانی شێخ مەحموودی حەفید بە پێ پیلکەکانا سەرکەوت و سەری کرد بە ژوورەکەی منا. ئەو شێخ مەحموودە کە وەختی خۆی ئەت وت شێرە، لاواز و باریک بوبوو، هەر ئەو نەخۆشییەی بوو کە لەو ساڵەدا بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد. هەر من و ئەو بووین لەژوورەکەدا، حەوشەو دەوری مزگەوت پڕبوبوو لە خەڵک، چونکە شێخ مەحموود هاتۆتە ئەوێ و ئەیانەوی چاویان پێ بکەوێ. وردە وردە دەستی کرد بە قسەکردن و بە دەردەدڵ کردن، فرمێسک بەسەرگۆناکانیا هاتە خوارەوەو وتی: زابتەکان و زۆرتر لەوانەی کە لەگەڵمابوون هەموویان خیانەتیان لەگەڵ کردم، فرمێسکیش بەسەر گۆنایا هەر دێتەخوارەوە، لەگەرمەی ئەو قسەکردنەیا، ئەوەندەم زانی لەگەڵ ئەو بی هێزیەشیا هەستاو ناوچەوانی ماچ کردم و وتی: رۆڵە هومێدم بەکەس نەماوە بە تۆ نەبێ. وتم: یا شێخ! ئەوە چی ئەفەرمووی؟ من چیم، چ کەسم، چ پشت و عەشرەتێکم هەیە؟ وتی: رۆڵە تۆ قەڵەمت بەدەستەوەیە، قەڵەم لەشیر بە بڕشت ترە، ئەمەی وت و هەستا، وتم: یاشێخ! وەختی نوێژ هاتووە، نوێژ ناکەی لێرە؟ وتی:بەرێ وەڵڵاَ. ئیتر چووینە خوارەوە نوێژمان کرد و ئەو رۆیشت. بەڵام لەبەر زۆری خەڵک کەبۆ چاوپێکەوتنی شێخ مەحموو هاتبوون، زۆر بەزەحمەت دەربازبوو).

ماموستا سەججادی لە لاپەڕە 765 یشدا لەزمان (جەمال عارف!)ەوە رووداوێکی ناوازەو سەرسورهێنەر دەگێڕێتەوە: (جەمال عارف بۆی گێرامەوەو وتی: ساڵی 1932 لە سولەیمانی بەناوی مەولوودییەوە کۆبوونەوەیەک لەمزگەوتی گەورەدا کراو هەندی قسە و باسی نهێنی لەگەڵ چەند کەسێکا کرا. شێخ مەحموود کاغەزێکی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هەندێ لەسەرۆک عەشرەتەکانی وڵاتی بادینان نووسی کە ئەوان لەو وڵاتەو شێخیش لەوڵاتی ئەم لا، قۆڵ بکەن بەقۆڵی یەکاو بەهەموویانەوە بچن بەگژ حوکومەتی ئەو وەختەدا (رژێمی پاشایەتی عێراق . ن . ک .) بۆ وەرگرتنی حەقی کورد. وتی: ئەم کاغەزە درا بەمن کە بچم بیگەیەنم و وەڵام بێنمەوە. وتی: رۆیشتم بەبێ دەنگی و چاوم بە گەلێ لەو رەئیس عەشرەتانە کەوت و کاغەزم دانێ. ماجد مستەفا ئەو وەختە قائمقام بوو لە ئامێدی، بەناوی هاوڵاتی و زابتی و دۆستایەتییەوە بووم بە میوانی ئەو. پێی وتم جەمال چۆن هاتووی بۆ ئەم وڵاتە؟ وتم بۆ گەڕان و بۆ دیدەنی تۆ. یەک دوو رۆژی تری پێچوو دیسان لێی پرسیمەوە... منیش هەر بەوجۆرە وەڵامم دایەوەو مانەوەشم ئەوە چەند رۆژە لەوێ بۆ ئەوە بوو کەرەئیس عەشرەتەکان هەموو پێیان وتم ئێمە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەداین، پاش چەند رۆژێک وەرەو جوابی کاغەزەکەشت ئەدەینەوە، بیبەوە بۆ شێخ مەحموود. وتی ئەوەندەم زانی ماجد دەستی برد یەکە یەکە ئەو کاغەزانەی کە من هێنابووم بۆ سەرۆکی عەشرەتەکان و زۆر بە نهێنیش ئیشەکەم گرتبوو، دەریهێناو خستییە بەردەستم، هەروا لە شوێنەکەی خۆم وشک بووم. بەشوێن ئەوەدا دەستی برد کاغەزێکی تری دەرهێنا کە لە لایەن" موتەسڕفی " موسڵەوە نێرراوەتە سەر ئەو، کە بمگرێ و بەباڵبەستی بمنێری بۆ موسڵ و لەوێوە بمنێرن بۆ بەغدا. کە ئەمەم دی هەر بەجارێ وشک بووم، لەترسی گرتنەکە نەبوو، لەوە بوو کە من ئەم ئیشەم زۆر بە نهێنی گرتووە، کەچی بەمجۆرە بڵاوبۆتەوە. ماجد پێی وتم: جەمال ئەگەر تۆ راست ئەکەی وەرە ئەوا ئێستە من پیاوی حوکومەتم. لەم دەقیقەیە زیاتر نییە تفەنگ ئەکەمە شانم، ئەوا ئارارات دیارە پێکەوە ئەچین و ئەدەینە شاخ، چیمان پێ بکرێ ئەیکەین، خەڵکی تریش لەوێ هەیە لەگەڵ ئەوان دەست ئەکەین بە ئیش کردن. تۆ هاتوویت بۆ لای ئەمانە؟

ئەمانە هەموو درۆ ئەکەن، لەژێرەوە لەگەڵ حوکومەتن. یەکەیەکە ئەو کاغەزە نهێنییانە کەتۆ هێناوتە، هەموویان هێناوە بۆ من، بەوەشەوە نەوەستان خەبەری ئەم هاتنەتیان گەیاندۆتە موتەسڕفی موسڵ، ئەویش بەفەرمانێکی رەسمی کردوویەتە سەر من کە بتگرم و بەباڵبەستەیی بتنێرم. ئەمەیە حاڵی ئەم سەرۆکانە. بەبێ چرپە بەو شوێنەدا کە هاتوویت، هەر بەو شوێنەدا بگەڕێوەو خەبەرەکە بەرەوە بۆ شێخ. منیش ناتگرم ئەگەرسەریشم تێدا چووە. هەندێ پارەی دامێ، خۆی لەگەڵم هات تا قەراخی شارەکە بەبێ ئەوە پۆلیس بزانێ رەوانەی کردم، خستمیە سەر لاڕێگەیەک و وتی لێرەوە بڕۆ. تا لەسنووری ئامێدی دەرچووم هەر بە لاڕێگاو بەترسەوە ئەهاتم. بەوجۆرە گەیشتمەوە وڵاتی سلێمانی و چوومە وە بۆلای شێخ و کارەساتەکەم تێگەیاند).

**ڕۆژنامەی وتاری کورد**

# چارەنووسی باپیرانمان لە( سەفەر بەلەك) بۆ نادیارە تاوەکو ئێستا ؟

سەفەر بەلەك
لەسلێمانی و کوردستان و عێراقدا
ڕوداو مەرگەساتی باپیرانمان پێش (١٠٦) ساڵ بەنادیاری بۆ ماوەتەوە تاوەکو ئێستا
بۆ کەس نهێنی ئەم ڕوداوەی ئاشکرا نەکردووە

ناوەکەی بە تورکی ( سفر برلك وار سلاح باش لە أولانلر)
بەزمانی عەرەبی ( نفیر عام)
بەزمانی کوردی ( ڕەش بگیر)
نووسینی ; ئامانجی ماموستا عمر


مێژووی فەرمانەکەو ڕاگەیاندنی ;
ئەم فەرمانە لەرۆژی ٣/٨/١٩١٤ لەلایەن سوڵتانی عوسمانی ( محمد رەشاد ) دەرچوو بەپێی سەرچاوەکان تاوەکو موالیدی ( ١٨٦٩) پەیوەست بووە کەلەساڵی ١٩١٤ تەمەنی (٤٥) ساڵ بووە
وەفەرمانەکەش هەموو نێرینەیەکی گرتۆتەوە لەو تەمەنانە کەلە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی بوون بێ جیاوازی لەموسڵمان و مەسیحی و جولەکەو تورکمان. و ئاشوری و ئاینەکانی تر
بەڵام لێبوردەیەك هەبووە بۆ ئاینەکانی تر بێجگە لە موسڵمان ئەوانەی کەتەمەنیان لە نێوان (١٥-٤٥ ) ساڵ بووە لە ئاینی ئیسلام نەبوون دەتوانن بەشدار نەبن بەمەرجێك کە (٣٠) لیرەی ئاڵتوون بدەن بەدەوڵەتی عوسمانی
ڕاگەیاندنی (سەفەر بەلەك)
دوکتۆر (علی وەردی دەڵێت ) بەرەبەیانی ڕۆژی ٣/٨/١٩١٤ تەپڵ لێدەرەکانی سوپای عوسمانی بەدەنگی بەرز تەپڵەکانیان لەشاری بەغداد لێ ئەدا جیاواز لەجارەکانی تر خەڵکیان بەخەبەر هێناو ئاگاداریان کردن لەسەر دیواری (قشڵە ) و ( سەرا ) قاوەخانەو شوێنە گشتیەکان نوسراویان هەڵدەواسی وەلێ نوسرابوو
( سفر برلك وار عسكر اولانر سلاح باشنە )
وێنەیەکیش لەنوسراوەکە هەبوو کە دوو تفەنگ بوو یەکتریان بڕی بوو لەشێوەی (X) وەلە ژێری ئەم نوسراوە بوو
وەدەڵێت دوای (٣) مانگ تورکیا چووە جەنگ دژی (ڕووس)
بەڵام لەیادەوەرییەکانی نوسەر ( محمد رؤوف السعودي البغدادی )
چارەنووسی ئەو کورد و عەرەب وخەڵکانی تر لە مەسیحی و جولەکە دیاری کردووە
سەرەتا دەڵێت ;
لەساڵی ١٩١٤ جەنگی جیهانی دەستی پێکرد (دەوڵەتی عوسمانی ) هاوپەیمانی ( ئەڵمانیا ) بوو ،وە ئەو جەنگاوەرانەی لەناوچەکانی (عێراق) کۆکرابونەوە ژمارەیان (٢٠٠٠٠) بیست هەزار بوو لە بڕیاری سەفەر بەلەك (نفیر عام) وە نێردران بۆ ( باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ) لای بەرزاییەکانی شاخی (قەفقاس) دژی سوپاسی (ڕووس) شەڕیان دەکرد نزیك لەناوچە کوردیەکان بەڵام بەفرێکی زۆر باری وەکەش و هەوا زۆر سارد بوو بەفر زۆربەی چادرگەکانی سەربازگەی تورکی داپۆشی وە زۆربەی خەڵکی ئێمە لەو سەربازگەیە بوون بەشێکیان لەسەرماو نەخۆشی و برسێتی (ڕەق ) بونەوە و مردن
وەهەندێکیان هەڵهاتن کەدەکەوتنە دەست سوپای ڕووس دەستگیر دەکران و چارەنووسیان نەزانرا وە بەدەگمەن ئەو هەڵهاتووانە ڕزگاریان دەبوو .
دوای ئەو بەفرە زۆرەو ئەو سەرمایە هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی جوڵاو بەرەو (دەریاچەی وان ) بەڵام دەریاچەکە یەك پارچە (سەهۆڵ ) بوو !




بەڵام ئەفسەری عوسمانی بڕیاری دا کە سوپاکە بەسەر سەهۆڵی سەر دەریاچەی (وان) بپەڕنەوە وە سوپاکە پێك هاتبوو لە سەرباز و ئەسپ و چەکە کانیان وەسوپا جوڵا کەزۆربەی عێراقی بوون بەڵام لەناوەڕاستی دەریاچەکە سەهۆڵە کە شکا بەرگەی ئەو هەموو کێشەی نەگرت کەلەسەری بوو زۆربەی زۆری لەناو ئاوی بەستووی وان (خنکان) وەبەرگەی ئەو ئاوە ساردەیان نەگرت خۆیان ڕزگار بکەن کەئەو دەریاچەیە بووە (گۆڕستانی ) عێراقی و تورکەکان وەبەشێکی کەم کەلەدواوە ڕۆشتوون ڕزگاریان بووە
وەبەپێی بۆچونی ئەم نوسەرە لەو (٢٠٠٠٠) هەزار عێراقیە لەکورد و عەرەب و مەسیحی و جولەکە ڕزگار بووان ژمارەیان لە نێوان (١٠٠) بۆ (٢٠٠) کەس زیاتر نابێت
بۆیە لای هەموو نەتەوەکانی عێراق کارەساتی (سەفەر بەلەك) بەڕۆژی تاریك و ڕەشی سەردەمی خۆی و ئێستاش ناودەبرێت کەلەهەموو گەڕەك و ماڵێکی عێراق و کوردستان تەعزێ بووە هەمیشە لە چاوەڕوانی براو باوکیان بوون بەڵام لەدوری وڵات بەم جۆرە مردوون
سەفەر بەلەك هەر لەعێراق نەبووە بگرە زۆربەی وڵاتانی ژێر دەستی عوسمانی گرتۆتەوە لەزۆر وڵات زۆر خراپتر بووە کاربەدەستانی عوسمانی لەوانە وڵاتی لوبنان و سعودیە کەتاوەکو ئێستا سەدان کتێب و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر دەکەن ،بەڵام بەداخەوە لەکوردستان تاوەکو ئێستا باسی ئەم مەرگەساتە نەکراوە کەس گرنگی بەمێژوو چارەنووسی باپیر و باپیرە گەورەمان نەداوە
تەنانەت لەوڵاتێکی وەك (لوبنان ) هێندە کارەساتەکە گەورەیە هونەرمەندی گەورە (فەیرۆز ) لە فلیمی ( سفر برلك) خۆی ڕۆڵ دەبینی باسی برسێتی و چەوسانەوەی ئەو سەردەمە و باسی ئافرەتی لوبنانی دەکات لە پێناو ژەمێك خواردن بۆ منداڵەکانی دەبێت بە سۆزانی و مێردەکانیشیان لە سەفەر بەلەکن
ئەم باسە دەکرێت زیاتر گرنگی پێی بدەین
لەکۆتایدا ڕۆحی باپیرانمان و عێراقیەکان لەهەرنەتەوەیەکی تری عێراقی شاد بێت وەمەنزەڵیان لە دەریاچەی (وان ) شاخی قەفقاس هەمیشە ڕوناك بێت
نووسینی ئامانجی ماموستا عمر
سلێمانی ٢٦/١٢/٢٠٢٠
سەرچاوە ; د.علی وردی
محمد رووف السعودی البغدادی
تێبینی ; مافی بڵاوکردنەوە بەرێگای شەیر دەبێت
هەندێك سەرچاوە ئاماژە بە ساڵی ١٩١٣ دەدەن کەبڕیاری سەفەر بەلەك لە عێراق دەرچوو بێت بەڵام دوکتۆر علی وەردی دەڵێت ١٩١٤ بووە
ڤیدۆیەك هەیە لەسەر ڕۆژگارەکانی سەفەر بەلەك بەزمانی عەرەبی کراوە بە فلیم و ڕاپۆرتی وێنەیی کێ ویستی بۆی دەنێرم
**نوسینی ئامانج ماموستا عوسمان**

# شێرکۆ بێکەس (1940 - 2013)

وەختێ ڕووبارێک بەند ئەکرێ
ڕووبارەکانی تر لە جووڵە و ڕۆیشتن ناکەون و
سەرچاوە هەر هاژەیەتی
کە لووتکەی شاخێک ئەگیرێت
سەد لووتکەی تر سەر هەڵەبرن
درەختێکمان پێوەند ئەکەن
لە گشت لاوە
دارستان و بێشەڵانمان ڕائەپەڕن
کە هەڵۆیەک زنجیر ئەکەن
سەدان هەڵۆمان باڵ ئەگرن
ئەوان ئۆجەلانـیان فڕاند
بەڵام هەرگیز بەربەرییەکان بۆیان ناکرێ
لەناو گیانی ملیۆناندا، خۆشەویستی ئۆجەلان و
عەشقی خاک و کوردایەتی و تیشکی ئازادی بفڕێنن
چۆن ئەتوانن شاخ بفڕێنن
مانگی شەهیدان بفڕێنن
شار بفڕێنن
خۆر بفڕێنن
سروودەکانمان بفڕێنن
چۆن ئەتوانن سلەیمانی و دیاربەکر بەنج بکەن و
چۆن ئەتوانن ئاگری نەورۆز پێوەند کەن و
بە چی چاوی ڕەشەبامان ئەبەستنەوە
چۆن زریان و شەپۆلەکان کۆت ئەکەن و
چۆن ئەتوانن زەریاچەی وان بگوێزنەوە
بە چی کەلەپچەی باوەڕ و هەقمان ئەکەن
لەگەڵتانم
لەم شەوەدا و لەناوتاندا ئەنگوستی شیعرم هەڵ ئەکەم
ئەگەر هیچیشم پێ نەکرێ، خۆ من خەونی پەپوولەیەک
لەبەر شەوقی پەنجەکانما ئەهێنمە دی




یادنامەYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.30,November 2021

## خۆپیشاندان و ماف


یادنامە

لە ئێستادا حکومڕانی کوردی لەبەردەم نەوەیەک و دیدێکی تر و دنیایەکی تردایە ، نەوەی پێنجەم ئەو نەوەیەن کە جیاواز لە نەوەکانی تر ناتوانرێ هیچ شتێکیان لێ بشاردرێتەوە ، بە هۆی هۆیەکانی گەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کرانەوەی جیهانیەوە ئاگاداری هەمو شتێکن ، کاتێک نەوەیەک دەخەیتە بەردەم دنیایەک کە پڕە لە نابەرابەری و پڕە لە جیاوازی گەورە ئیتر ئەم نەوەیە خۆی بۆ خۆی ڕابەرایەتی بەرهەم دێنێ و بە گڕ دنیاکەی دوێنێدا دەچێتەوە ، کاتێک دەستەڵاتی کوردی ناتوانێ دادگەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکا ، کاتێک شۆڕشێک بەرهەمی تەنها بۆ شۆڕشگێڕەکان و چواردەوری دەبێت ، ئەوا دەبێتە هۆی تەقینەوەی ئەم نەوەیە و هەمو سنورەکان دەبەزێنن ، خەتی سور و پیرۆزێ لەلایان هیچ مانایەکی نامێنێ .
دەستەڵاتی کوردی دەبێ تێبگا چی تر بەم مۆدێلە پڕ گەندەڵی و پشتبەستن بە وڵاتانی دەرەکی ناتوانێ تەمەنیان درێژ بکاتەوە ، ئەم نامانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر چاکسازی نەکرێ و ڕێگای گۆڕانکاری بەرە و دامەزراوەیی بون نەگرنە بەر ئەوا ئەوەشی هەیە تێک دەچێ و زۆر لەوەی هەیە خراپتر ڕو دەدا ، هەمو ئەم نەوەیە قاچاخچێتی سەر مەرزەکان و عقوداتی نەوتی و کۆمپانیا و زەوی داگیرکردن و دنیایەک شتی تر دەزانێ ، بە ماف و هەقی خۆی دەزانێ لە ڕێی خۆپیشاندانەوە داوای مافەکانی بکات ، خۆ ئەگەر لەمە زیاتر درێژە بکێشێ و وەڵامی کرداری نەبێت دور نیە بەرە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بچێت و خوێن و چەکی تێبکەوێ.




## مزگەوتی گەورەی سلێمانی


یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینی تیا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابان لەوێیە. یەکەم منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی،




تابلۆی داگیرکاری مەنگۆلەکان ... ل٣
مێژوی ڕاپەڕینی خوێندکاران لێرەو لەوێ ... ل٤
دوو پەرەگراف دەربارەی نیشتیمان ... ل٥
پشکۆ ئەمین ... ل٦
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٨
بێ سەرو شوێن کردنی دڵشاد مەریوانی ... ل١٠
بیرەوەری: هەنگاوێك لەپێناو نیشتیمان ... ل١١
لە کوێ سەی علی ئەسغەر شێخ محمودی بینی ... ل١٣
شێخ مەحموودی حەفید ...ل١٥
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٨
بۆیەکەم جار ئوتومبێل چۆن هاتە سلێمانی ... ل٢١
ڕەچەڵەک و ڕەوشتی توورک بناسە ... ل٢٦






ئێرە سلێمانی دڵە ، کات دەمە و بارانی گیانە
لەگەڵ خەمێک پیاسە ئەکەم،
ئەو باسی خۆیم بۆ ئەکات چۆن لە ئەیلولی حوزنەوە
بوو بەو خەمەی ماڵ بە ماڵی دەرگەزێن و
باخ بە باخی پیرمەسوور و
بەرد بە بەردی دیوارەکانی مەڵکەندی و
چرا بە چرای شەوانی سەرشەقام و
ڕۆح بە ڕۆحی توی مەلیکی کەڵەگەت و
دڵ بە دڵی ماڵە شینەکانی سەرچیمەنی گیان ئەگەڕێت ..
منیش خۆم ئەخەمە ڕستەیەکی شەرمنەوە ،
من پێی ئەڵێم ؛
ڕۆژانێک کە تەمەنم ئەبێتە پەنجا
ئیتر پەنجەرەی شیعر دائەخەم ،
هەر لە خۆمەوە وەسێت ئەکەم
ئەگەر مردم
لە " مهاباد " لە ئاوی بن "ئەشکەوتی سەهۆڵان"
بمنێژن
لە خۆمەوە وەک منداڵێکی عەجول
بە سەر قەڵاندۆشکانی گوناهەوە
دەست ئەخەمە هێلانەی پەڕەسێلکەکانەوە
هێلکە بچوکەکانیان ئەکێشم بە بەردی عەدەمدا
بە دەست خۆم نابێت لە خوار مزگەوتی "شێخەلی "
توشم ئەبێ بە توشی شیعرێکی تازەی
" شێخ ئەنوەر " و
شیعرەکە خۆیم بۆ ئەخوێنێتەوە و
باس لە دڵڕەقیی دیوارێک ئەکات
لە خستنە خوارەوەی چرایەکدا ..!
بەدەست خۆم نابێت
لە داروغا لافیتەیەکی ڕەش لە خۆمەوە ئەپێچم
لەسەری ئەنوسم ؛
دڵگرانین بە کۆچی ناوادەی ئاوێک
کە بەناوی خوازراوی " م . باران " وەوە
هەموو جارێ بێرەدا بەلای زەردەپەڕدا ئاوا ئەبوو ..
بەدست خۆم نابێت ، زەمانە کارێک ئەکات
بگەڕێمەوە لای ئەو ماڵە کۆنەی
بە منداڵیی نیشتمانم تێدا جێهێشت
ئەو نیشتمانەی پڕ بوو لە جانەوەر و دەعبا
کەچی من هێشتان گوڵی گریانم بۆ ئەگرت
لەبەرچاوم نەئەکەوت
ئەو هەمووو کراسی عەزابەم بۆ ئەو دڕی
ئەو هەمووو جۆگەی کتێب و
کانیی ئەو هەمووو دەستنوسە گرانبەهایانەم
بۆ چاوە کاڵەکانی ئەو هەڵبەست !
من دوور بووم و ئەو نزیک
من قەسیدەیەکی درەنگ و
ئەو منداڵێکی بەیانیی
دارە دارەی بە شیعرێکی خوداوەند ئەکرد ..
ئەو ئێوارەی هەموو زامێک ئەهاتە لای دڵی من و
لە بەستەیەکی وەک ئەوەی ئاگرێکی بێمەیل ئەیلێ و
هەورێکی ناشاد بە خۆی و بارانەوە بۆی ئەبنە کۆرس
بە دەم ئەو سۆزە تەڕەوە سەری منی ئەدایەوە
دەست پایزە شەرمنەکەی باخی گشتی

**جەمال غەمبار**

# تابلۆی داگیرکاری مەنگۆلەکان لەهەولێر بەرامبەر قەڵای هەولێر لەسەدەی پازدەمی زایین




## مێژوو دەستکاری

مێژووی قەلای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووریکان و هەزاران ساڵ پێش زایین، ئەم قەڵایە لەلایەن جوولەکەکان و ئاشووریکان بنیات نراوە تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، ڕووبەرەکەی (١٠٢ هەزارو ١٩٠) م٢ ـیە و لە ناوەڕاستی شاری هەولێر هەوڵکەوتووە، ٤١٥م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی ٢٦م و ٢٥سم لە ئاستی ڕووی شاری هەولێر بەرزترە کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠م. هەندێک بیروڕا هەیە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمپراتۆڕی ڕۆمانیا (کراکلا) لە کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن بە هەولێردا ڕۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆڕستانی پاشا فۆرسییەکان بووە ڕووخاندوویەتی و ئێسکوپروسکی مردووەکانی دەرهێناوە. ئەم قەڵایە دێرینە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ڕێکخراوەی یوونێسکۆوە بە یەکێک لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهان دەستنیشانکراوە کە پێویستە وەک کەلتوورێکی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوەبکرێت.[٢]

زۆر بیر و بۆچوون سەبارەت بەم گردۆلکەیە هەیە کە ناوەڕاستی دەشتایەکی پانوبەرین دەگرێت، هەندێک ئەم گردە بە دەستکرد و تورەگە ڕێژ دەزانن کەلەلایەن ئاشورییەکانەوە بە زۆرەملێ بە دیلەکانی جەنگ دروستکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دووژمنەکان.[٣]




کە چی زانای ئەمریکی (ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تا ئێستا خەڵکیان تێدا دەژی کەچی خۆی لەسەر گوندو شاری کۆن درو ستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، ئەوەی لەسەر تەپۆلکەی ئەم گردە دێرینە بڕوات شوێنەواری چەندین شارستانی کۆن دەبینێت کە بریتیە لە گردێک کە حەفت شارستانی لە خۆوە دەگرێت، سەرەتای دروستبوونی سۆمەری بووە و دواتر چاخەکانی (بابلی، فارسی، یۆنانی، پارسی، ساسانی، ئیسلامی) بینوە، واتا شارەکە ماوە بەڵام خەڵکەکەی دانیشتوی گۆڕاون واتا ئەمشوێنە لە ئاکامی چەندین شارستانیەتی پێش خۆیەتی و هەر جارێک بەهۆی هەر کارەساتێک تێکچووە، دواتر خەڵکەکەی لەسەر شارستانیەتە کۆنەکەی یەکێکی نوێیان دروستکردووە.[٤]
بەڵام قەڵای هەولێر تەنیا گردۆلکە نییە لە دەشتی هەولێر و بەدەیەها گردۆلکەی هاوشێوە لەم دەشتە پان و بەرینە سەر دەردەخەن و باشترین بەڵگەش گردی (قالینج ئاغا) یە کە چەند کیلۆمەترێک لە قەڵا دوورەو نزیکەی ٧ مەتر لە شەقامی بەردەمی بەرزترە و بەپێی ئەو پشکنینەی لە ساڵی ١٩٦٥ بۆی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەم گردۆلکەیە لە هەزارەکانی(٥٠٠٠-٤٠٠٠)پ. ز، ئاوەدان بووە (لە چاخی حەلەف عوبید و وەرکا) و لە هەزارەی سێیەم ژیانی لەسەر بڕاوتەوە. هەروەها لەکاتی پشکنین بینرا لە ٧ چین پێک دێت (هەر چینێک گوزارشت لە شارستانیەتییێک دەکات و بەدەیەها کەلوپەل و پارچەی گڵێنەو پەیکەری گیانلەبەر و سەرکەتەشی گڵێنە و جل و بەرگی جۆراو تێدا دۆزراوەتەوە کە هەمووی گەواهی ئەوەیە ئەم گردۆلکانە هەبوونە، بەڵام مرۆڤ زۆر ژیرانە بەکاری هێناون و توانیوویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.[٥]



تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە، بەڵام لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ پ. ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری (شۆلکی) بە ناوی (ئوربیلیم- urbilum) هاتووە.[٦]
بەڵام بەر لەوە و چاخی ئەکەدی(٣٣٥٠-٢١٥٠) پ. ز و لەسەردەمی یەکەم پاشایان (سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکوور بۆ تەمێی کردنی گوتییەکان فراوانکردنی ئیپمراتۆریەتەکەی بە هەولێردا ڕۆیشتووەو باس لە هەولێر کراوە.[٧]

ئیتر لەم مێژووەوە بە دواوەو لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە کە دەڵێین هەولێر واتا (قەڵا) چونکە تا ساڵی ١١٩٠ ز کاتی سوڵتان موزەفەرەدین دەبێتە فەرمانڕەوایی هەولێر و لەماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایەتی هەولێر زۆر دەگەشێتەوەو لەم ماوەیەدا بەشی خوارووی هەولێر (دەرەوەی قەڵا) دروست دەبێت (بەپێی نەخشەیەکی ساڵی ١٢٣٣ز (واتا دوایی ساڵێک لە کۆچی دوایی سوڵتان) لە خوارووی قەڵا دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت و بازاڕی قەیسەری و بەشێکی گەڕەکی خانەقا هەبوو و ئەم هەمووەش بە شوورەیەکی درێژ دەورە دراوە کە سێ دەرگای هەبووە، ئەوکات رووبەری ٣ کیلۆمەتر دووجا بووە و زۆربەی گەشەسەندنەکەی بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژاوا بووە، و ئەم سێ دەرگایەش بەو ئاراستەیە بوونە.

**لە ویکیپیدیا وەرگیراوە**



# مێژوی ڕاپەڕینی خوێندکاران لێرەو لەوێ!

## سەلاح ڕەشید

ڕاپەڕینی خوێندکاران‌و لاوان لەقۆناغو کاتو شوێنی جیاوازدا لەمەسەلانەدا، چەندەهاجار دوپاتبونەتەوە، ڕاپەڕینی ساڵی شەستەکان لەپێناوی یەکسانی مافی هاوڵاتیبون‌و دژ بەچەوسانەوەی ڕەشپێستەکان‌و دژ بەسیاسەتی ڕەگەزپەرستی لەئەمەریکاو ئەوجا دژ بەشەڕی ئەمەریکا لەڤێتنام. لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەم ڕاپەڕین‌و خۆپیشاندانانە زۆر وڵاتانی تری گرتەوە، لەوانە لەسەرەتای 1960وە لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لەمایسی 1968 لەفەرەنساو ئینجا بۆ هۆڵەندا، ئینگلتەرا، یابان، ئیتاڵیاو مەکسیکو پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای جاران‌و پۆڵۆنیا.

ئەم ڕاپەڕینانە تەنها خۆی لەداخوازی خوێندکاریدا نەدەبینیەوە، بەڵکو ناوەڕۆکێکی سیاسیشی هەبوو کە دژ بەشەڕی ڤێتنام‌و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی‌و پێشێلکاریی مافی مرۆڤو یەکسانی ژن‌و پیاو بوو.

دینەمۆی ئەم ڕاپەڕینانە خوێندکاران‌و لاوان بون، زۆربەیان لەزانکۆکانەوە سەریهەڵدا کە جگە لەداخوازیە سیاسیەکان، داوای گۆڕینی ڕیشەیی لەسیستەمی زانکۆو خوێندن‌و شێوەی خوێندن‌و دابینکردنی زەمینەی لەباری خوێندن بوو بۆ هەموان.

ئەم خۆپیشاندانانە، هاندەرێک بون بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کرێکاران لەفەرەنسا، هوڵنداو ئیتاڵیاش، هەروەها ڕوداوە سیاسیو ئابوریە گرنگەکانی ئەوکاتانە لەجیهاندا، کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گەشەکردن‌و بەرەوپێشچونی بزوتنەوەی خوێندکاران‌و هێنانی خوێنی تازەو گەرم بەلەشی بزوتنەوەکەدا، لەوانە شۆڕشی کوبای کانونی دوهەمی 1959و شەڕی دژواری ڤێتنام (1955 ـ 1975)و دروستکردنی دیواری بەرلین لە1961و کوشتنی بینۆ ئۆنەزۆر کە لە2ی حوزەیرانی 1967 لەئەنجامی خۆپیشاندان لەبەرلینی ڕۆژئاوا دژ بەهاتنی شای ئێران بۆ ئەوشارە، ئەم ڕوداوانەو ڕوداوی هاوشێوەی تر، هەموی وەک بەنزین وابون بەسەر ئاگردا بکرێ‌و ئەو خۆپیشاندانانە لەزۆربەی زانکۆکانی ئەوروپاو بەتایبەتی لەفەرەنسا (پاریس)و ئەڵمانیا (بەرلین) هەنگاو بەهەنگاو گەورەو گەشەدەکردو دەسەڵاتداران ناچاربون کە مل بۆ زۆر لەداخوازیەکانیان شلبکەن.

ئەو ڕاپەڕینانەی کە لەئەوروپا لەدوای خۆپیشاندانەکان ڕویاندا کە بەشۆڕشی ئیکۆلۆگی ناوبرا، داوای یەکخستنی وزەی ئەتۆمیان دەکردو ئەم بزوتنەوەیە کاریگەریکردەسەر دامەزراندنی کۆمەڵێک هێزی سیاسی چەپ، لەوانە (بزوتنەوەی سەوز) لەزۆر وڵاتی ئەروپا، تاگەیشتە ئەوەی کە لەهەندێ وڵات بۆ نمونە (ئەڵمانیا) ئەو هێزە نوێیە کە لەئەنجامی خەباتی مەدەنی‌و خوێندکاری هاتبوە کایەوە، لەهەڵبژاردنەکاند بیباتەوەو لەهەندێ حکومەتی ناوچەکان یان مەرکەز بەشداربون‌و پۆستی زۆر باڵایان بەرکەوێتو یەکێک لەڕابەرە خوێندکارەکانی ساڵی شەستەکان (یۆشکا فیشەر) لە(1998 ـ 2005) ببێت بەجێگری سەرۆک وەزیران‌و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فیدراڵ.

ئەو ریفۆرمەی ئێستا لەزانکۆکانی ئەڵمانیاو فەرەنساو ئەوروپا هەیە، بەرهەمی ئەو ساڵانەیە کە بێوچان خەباتی مەدەنیان کردوە.. لەهەندێ وڵاتی ئەوروپاو بەتایبەتی ئەڵمانیا، تائێستا خوێندن لەزانکۆ بەخۆڕاییە، هەمو خوێندکارێک کە باری ئابوری گونجاونەبێت، مافی هەیە داوای یارمەتی خوێندن بکات لەحکومەت، ئەم یارمەتیە لەشێوەی قەرزدایەو کاتێ خوێندکارەکە دوای چەند ساڵێک کاری دەستدەکەوێتو داهاتەکەی باشو گونجاو دەبێت، ئەتوانێت مانگانە بەشێکی بداتەوە بەحکومەت، ئەگەر موچەکەی کەمبێت، ئەو هیچ ناداتەوە، ئەگەریش پارەی هەبێتو بتوانێت هەمو بەیەکەوە بدات، ئەوا لەنیوەی قەرزەکەی خۆشدەبن.

خۆپیشاندانی خوێندکاران‌و لاوان لەگۆڕەپانی تیامین لەپەکینی پایتەختی چین لە4ی حوزەیرانی 1989، ڕاپەڕینێکی ئازایانەی کەموێنە بوو لەو وڵاتەدا کە بوە هۆی کوشتن‌و لەناوبردنی زیاتر لە2600 هاوڵاتی لەچەند ناوچەیەکی چین، ئامانجی ئەم ڕاپەڕینە ئەوەبوو کە ئەو گۆڕانە سیاسیانە لەوڵاتانی کۆمۆنیستی جارانی وەک یەکێتی سۆڤێت، پۆڵۆنیاو هەنگاریا ڕویانداو، ڕووبکاتە چین‌و ئەمانیش دەستبکەن بەڕیفۆرم، بەڵام دەسەڵاتداران بەئاگرو ئاسن وەڵامیاندانەوە.

مێژوی خۆپیشاندانی خوێندکاران‌و لاوان زۆرو بەرفراوانە، کەم وڵات هەیە کە جوڵانەوەو پرۆتێستی گەنجان‌و خوێندکارانی تێدا ڕونەدابێت..

بێگومان کوردستان بەدەرنییە لەم یاسایە، کە لاوان‌و خوێندکاران خەباتیانکردووەو ئەیکەن بۆ باشترکردنی سیستەمی خوێندن‌و ژیان‌و دابینکردنی فەزایەکی گونجاوی یەکسان بۆ وەرگرتن لەزانکۆکان‌و دوایش دابینکردنی فرسەتی کار..

خۆپێشاندانی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستان لەساڵەکانی (1976، 1982و 1984) دژ بەڕژێمو بە بەعەسیکردنی سیستەمی خوێندن‌و ئەوجا دژ بەو چەوسانەوە نەتەوایەتیەی کە بەرامبەر بەگەلی کورد پەیڕەوی دەکرد، واتا داخوازی پیشەیی بەناوەڕۆکێکی سیاسی.. ئەمە لەکاتێکدا کە نەک خۆپیشاندان بەفیشەکو گرتن وەڵامئەدرایەوە، بەڵکو هیچ فەزایەکی ئازادی لەئاسمانی کوردستاندا بەدی نەئەکرا.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایە کە خوێندکاران لەوکاتو ساتەدا، ئازایانەو جوامێرانە بەگژ دامودەزگای بەعسدا چونەتەوەو داوای سادەترین مافی خۆیانیان کردوە، چۆن دەبێت خوێندکاری ئەمڕۆ سڵبکاتەوە لەخۆپیشاندان وەک ساڵەکانی حەفتاو هەشتاکان ترسیان لەپۆلیس‌و دەزگای دژە تیرۆر حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حزبە کوردیەکان هەبێت؟؟

چەند خۆپیشاندانی خوێندکارانی سەردەمی بەعس ڕەوا بوە، بەهەمانشێوە ئەم خۆپیشاندانی ئەم سەردەمەش ڕەوایە.. ئەم خۆپیشاندانانە، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدانێکە بۆ ریفۆرم لەزانکۆکان‌و چاککردنی بژێوی ژیانیان‌و برینەوەی دەرماڵەیەکو چاککردنی بەشە ناوخۆیەکان‌و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان تێیداو ئەوجا داوایەکە بۆ چاوخشانەوەیەک بەپارەکردنی خوێندن لەزانکۆکان دروستکردنی ئەم هەموو زانکۆ تایبەتە کە ژمارەیان لەزانکۆی حکومی زۆر زیاترە کە بۆتە بەهۆی دروستکردنی دوو توێژ لەخوێندکارو ئەوجا دوجۆر لەدەرچوو لەزانکۆو دوجۆر لەدامەزراندن دوای خوێندن.

هەروەها خوێندکاران داوای دورخستنەوەی دەستی حزب لەکاروباری زانکۆو گەڕانەوەی هەیبەتی زانست دەکەن بۆ زانکۆو ئەوجا چاودێریی مامۆستایە لەوەرگرتنی پلەو پایەی زانستی تێدا.. ئەم داخوازیانە هەموی لەپێناوی دوارۆژێکی ڕوناکە بۆ زانکۆو پێگەیاندنی خوێندکارێکی پڕ لەزانستو مەعریفە..

مێژوی خۆپیشاندانەکانی هەمو وڵاتان نیشانیدا کە خواستو داوای ڕەوا، هیچ کاتێکو لەهیچ شوێنێک بەشەقو گازی فرمێسکرێژو ریزە گولە چارەسەرناکرێتو کۆتایی نایەت، کەمێ ئەوەستێت، پشو ئەدا، جارێکی تر بەتەوژم‌و تینێکی ترەوە دەستپێدەکاتەوەو سەرهەڵئەداتەوە تا ئامانجە ڕەواکانیان نەهێنەدی.

داخوازی خۆپیشاندەران، سەرەڕای ڕەوایی، لەناوەرۆکدا داخوازی هەموو میللەتە لەپێناوی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلەکەمان، دوارۆژی ڕوناک تەنها بەخوێندن دێتەدی‌و سەرکەوتنی خوێندکار بەستراوە بەدابینکردنی پێویستیەکانی خوێندنەوە.

خوێندکاری سەرکەوتوو، هیچ کاتێک لەجەوی بێ دەرامەتی‌و نەگونجاوو دڵەڕاوکێدا سەرکەوتوو نابێت، هەر کاتێك دوارۆژی خوێندکار تاریک بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دوو ڕۆژی گەل‌و نیشتیمانیش ڕوناک نابێت.

گرنگو پێویستە هەر هەمومان پشتگیریی داخوازیەکانی خوێنکاران بین، لەو ڕوانگەیەوە کە ئایندەی گەشی گەلەکەمان لەبەشێکی زۆری لەداخوازیەکانی ئەواندا خۆی ئەبینێتەوە.

با دەسەڵاتداران کوردستان هەوڵنەدەن کە ئەم خۆپیشاندانانە بەهێزو ترس دابمرکێنەوەو بەزۆر کپی بکەنەوە، چونکە بەدڵنییاوە سبەینێ نا دوسبەی بەشێوەی ترو لەکاتو ساتی تردا سەرهەڵئەداتەوە.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

**لە شارپرێس وەرگیراوە**

## دوو پەرەگراف دەربارەی نیشتیمان و خۆشەویستیی نیشتیمان

### مەریوان وریا قانع

**یەکەم: ساڵی ٢٠٠٢**

"خەڵك نیشتیمانیان تەنها لەبەر ئەوە خۆشناوێت چونكە بە ڕێكەوت لەوێدا لەدایكبوون و دەژین، گۆڕستانی باو و باپیر و دۆست و شەهیدەكانیان لەوێدایە، ڕەنگە هەم دۆست و دۆست و هاوڕێكانیان و هەم خۆشیان هەر لەوێدا بمرن. مرۆڤ نیشتیمانی خۆشدەوێت چونكە نیشتیمان وەك مرۆڤێكی خاوەن ماف و خاوەن بەها مامەڵەی دەكات، ئەگەری بوونێكی پڕ كەرامەتی دەخاتە بەردەم، مژدەی بەختەوەریی زیاتری پێدەبەخشێت، بەڵێنی ئەوەی ئەداتێ كە ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانەی دوای خۆی جوانتر و ئینسانیتر و مانادارتربێت.
هەڵاتنی بە كۆمەڵی خەڵكی ئێمە لە نیشتیمان، بەتایبەتی هەڵاتنی نەوە نوێكان، بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لە نیشتیمانی خەڵكانی دیكەدا، بەهەر نرخێك بووە تا بە مەرگیش دەگات، هێمایەكی ئاشكرایە كە مانا كۆنەكانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریی لە كوردستانی ئەم دە ساڵەی دواییدا گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە. چیدی گۆڕی باپیران و گۆڕستانی شەهیدان و گۆڕی هاوڕێ و دۆستان و مەزاری سەركردە بەناهەق كوژراوەكان بە تەنها خەڵك بە نیشتیمانەوە نابەستنەوە، نیشتیمان دەبێت شتی دی و مانای تر و چاوەڕوانی دیكە بە خەڵك ببەخشێت تا وا لە مرۆڤ بكەن ببێتە بوونەوەرێكی نیشتیماندۆست و بەرپرسیار."

پەرەگرافێک لە چاوپێکەوتنێکی من لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی لە بەهاری ٢٠٠٢ دا سەبارەت بە مەسەلەی "خۆشەویستیی نیشتیمان".

**دووهەم: ساڵی ٢٠١٥**

نیشتیمان وەک "موڵکی شەخسیی"، مرۆڤ وەک "ئاژەڵێکی بێنرخ"

"کەم ناوچەی دونیا هەیە بە ئەندازەی ئەم ناوچەیەی ئێمە زیندانی تۆقێنەری تێدابێت، زیندانەکانی ئەم ناوچەیە تەنها دەزگایەک نین لەناو ڕستێک دەزگای تری حوکمڕانیدا، بەڵکو دەزگای ژمارە یەک و سەرەکیی ڕژێمە سیاسییەکانی ناوچەکەیە. زیندان ئاکاری سەرەکی ئەو ڕژێمە سیاسییانەمان نیشانئەدات کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لەم ناوچەیەدا دروستبوون. ڕژێمێک نەک تەنها دەوڵەت و دەزگاکانی حوکمڕانی، نەک تەنها خودی نیشتیمان خۆی بە موڵکی تایبەتی خۆی دەزانێت، بەڵکو لەسەر مۆدێلی خاوەن کۆیلەکانی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی، خۆی بە خاوەنی ئینسانەکانیش دەزانێت و پێیوایە بڕیاری ژیان و مردن، بەدبەختیی و بەختەوەریی، بوون و نەبوونی ئەو مرۆڤانە، لەدەستی ئەودایە. ئەم شێوازە لەدەسەڵات جگە لە وێنەی کۆیلەیەکی هاوچەرخ، یان ئاژەڵێکی بێنرخ و بێماف، وێنەیەکی تری بۆ ئینسانی ئەم ناوچەیە نییە."

لە کتێبی دڵڕەقیی و بێماڵیی ەوە کە ساڵی ٢٠١٥ لە ناوەندی ئەندێشە بڵاوکرایەوە.



## کێ دەبێت وڵات جێبهێڵێت!

### د. کامەران مەنتك

### 2021\11\8

ئەو ئامارانەی دەربارەی شەپۆڵی ئەم دواییەی کۆچی گەنجانی کورد لەباشووری کوردستان باس دەکرێت، ئامارێکی مەترسیدارن، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەییە پێدەچێت هاندان وبێهیواکردنی گەنجان بۆئەوەی وڵات جێبهێڵن بەپلان بێت و ئەو وڵاتە لەهەموو تواناو خوێنێکی گەنج، کە بنەمای بونیاتنان وئاوەدانکردنەوەی وڵاتە خاڵی بکرێت، باوەڕناکەم هیچ دەسەلاتیك هەبیت لەدنیا ئەو هەموو گەنجە لە ولاتەکەی کۆچ بکات، ئەو مێش میوانی نەبێت!
هەموو هۆکارەکانی ئەو کۆچکردنە لەگەڕان بەدوای ئازادی ونانداا کۆکراوەتەوە، کەچی ئەو مرۆڤانەی لە دروستکردن وبونیاتنانی ولاتەکەیان رادەکەن، هەرگیز ناتوانن ئازاد بن، لەبەرئەوەی مرۆڤی ئازاد، لەدەست کۆمەڵێك خەڵکی وڵات فرۆش ودزو گەندەڵ راناکات، بەڵکو رووبەڕوویان دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەو کۆچە شەڕێکی دەروونیە بۆ بێهیواکردن ورووخاندنی گەنجانی کورد ئەنجام دەدرێت، شایەنی سەرنجدانە بەرامبەر ئەو کۆچە، کۆچێکی پێچەوانە هەیە وبەلێشاو گەنجی نەتەوەکانی تر دەهێنرێنە کوردستان، کە ئەمە بەئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێت، کە پرۆسەیەکی ترسناکی گۆڕینی دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، بەداخەوە دەسەڵاتی کوردیش پشکی شێری لەو کارە نا نیششتمانیە بەردەکەوێت، ئەو بێدەنگیەی بەشێوەیەك لەشێوەکان واتای ئەوەیە، هانی گەنجانی تووڕە دەدات بۆئەوەی ولات جێبهێڵن وبەرامبەر ئەوەش دەروازەی کوردستان بەرامبەر خەڵکانی تر واڵادەکات، بۆئەوەی ئەو کەلێنەی پێ پڕبکەنەوە وهەمیشە گوێڕایەڵ وئەلقە لەگوێی ئەو بن، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا، پێویستە ئەو گەنجانەی وڵات جێدەهێڵن وبەدوای بەهەشتێکدا دەگەڕێن، کە هەرگیز پێی ناگەن، لە خۆیان بپرسن، ئایا راستە وڵاتەکەیان بۆچەند وڵات فرۆش ودزو جەردەیەك بەجێبهێلن بۆئەوەی زیاتر هەتکی نیشتمانەکەیان بکەن؟! دەکرێت میللەتێك لەبەر دەست چەند کەسێك رابکات، کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن!؟ ئایا لەجیاتی کۆچکردن ووڵات جێهێششتن باشتر نیە وڵاتەکەی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە رێگا نەدەن ولاتەکەیان چیتر هەڕاج بکرێت! ئەوەی دەبێت ئەو وڵاتە جێبهێڵێت ئەوانەن، کە وڵاتیان ریسوا کردووە، نەك ئەو گەنجانەی، کە ئومێدی دوارۆژی ئەو میللەتەن!



# پشکۆ ئەمین: رۆژی رووخانی دیوارە ناو زڕاوەکەی ئەڵمانیاو بەرلین

وتاری کورد



09- 11- 1989 رۆژێکی گرنگ و مێژووی ناو مێژووی ئەڵمانیا و ئەوروپایە!

پاش ئەوەی کە ئەڵمانیا لەجەنگی جیهانی دووهەمدا دۆراو وڵاتەکەیان لە لایەن هاوپەیمانان و براوەکانی جەنگەوە داگیرکرا، بەشی رۆژئاوای بەبەشێک لەبەرلینەوە کەوتە ژێردەستی روسەکان، بەشی رۆژئاوای کەوتە دەست ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا.
ئەڵمانیان رۆژ هەڵات واتە بەشەکەی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت، خۆی جیاکردوە، لەساڵ 1949دا دەسەڵات و حوکمەتێکی کۆمۆنستی بەهاوکاری و لەژێر سایەو هاوکاری سۆڤیەتدا بەناوی وڵاتی ئەڵمانیای دیموکراسی تیدا دروستکرد، سنوری خۆی جیاکردەوە.
لە نێوان ساڵانی 1949 تا 1961 زیاتر لە 2.7 ملیۆن کەس لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و بەرلینی رۆژهەڵاتەوە لەتاو بێکاری و برسیتی لە ژێر دەستی ئەو حوکمەتەدا پەنایان بردە بەر ئەڵمانیای سەرمایەداری، بۆیە بۆ رێگرتن لەم راکردنەو رێگەنەدان پێی لە رۆژی 1961/8/13دا بەیانی زووەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیای دیموکراتی Walter Ulbricht ڤالتر ئۆلبریشت رایگەیاند، لەمرۆوە رێگەنادرێت کە هات و چۆ لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکرێت، هەر ئەو رۆژە شەقامەکان گیران تەلی دڕکاوی دانرا، پۆلیس و کۆماندۆی روسی سەر شاقام و ناوەراستی شەقامەکەنیان گرت، سەگی هاریان هێنایە سەرسنورەکە، تا هەرچی بجوڵێتەوە بیگرێت و پارچە پارچەی کات.
پاش چەند هەفتەیەک تەلی دڕکاوی گۆرا بە دیواری کۆنکرێتی پان و بەرزو قایم، کامیرای چاودێری و قولەی نزیک لەیەک و ئەلغامی ئەرزی لێدانرا، هەرچ خانوویەک لەنزیک سنورە دەسکردەکەدا بوو کرایە مەلبەندی پۆلیس و هێزی پاسەوان و چاودێری سەرسنوور، خاوەنەکانی دەرکران و دوورخرانەوە لەخانوەکانی خۆیان، لەئێوارەی هەمان رۆژدا قەدەغەی هاتوچۆ لە بەرلینی رۆژهەڵات هەر سەرلەئێوارە راگەیەنرا. بەمە رێگە گیرا لەنێوان دایک و براو خوشک و کەس و کاری شارێک و ولاتێک کە یەکتربببینەوە، ئەم رێگە گرتنە زیاتر لەخەڵکانی ناو ئەڵمانیای دیموکراسی DDR بوو.
لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا پاریزگاری بەرلینی رۆژئاوا ڤیلی براند دژ بەم کارە نامرۆڤانەیە هاتەدەنگ و داوای هەڵوەشاندنەوەی کردو وتی: ئەمە تاوانە دابەشکەرانی ئەڵمانیا دەیکەن دژی نەتەوەی ئەلمان و خاکی ئەلمانیا.
لە رۆژی 25 ئۆکتۆبەری 1961 سەربازو دەبابەی دوو هێزە نەوەیەکەی جیهان، ئەمریکا و سۆڤیەت لە شەقامی فریدریش شتراسەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات، لە خاڵی ( CheckpointCharlie ) بۆ ماوەی 16کاتژمێر بەرامبەر یەک وەستان و خەریک بوو پێکدابدەن. پاریزەرانی سنوریی ئەڵمانیای دیموکراتیش لەوکاتەدا خەریک بوون نوێنەرەکانی هاوپەیمانان دەستگیربکەن، پاش رۆژێک سەرۆکی ئەمریکا جۆن ئیف کەنەدی بەرێگەیەکی دبلۆماسیانە جارەسەری کێشەکەی لە گەل خۆرۆشۆڤدا کرد و بەمە هێزەکان کشانەوە، دیوار یان سنووری دەستکردی نێوان شاری بەرلین 43،1 کم بوو، ئەوسنورەش کە خاکی ئەڵمانیای دووکەرت کردبوو 111،9کم درێژ بوو، شاری بەرلینی پایتەختی کردبووە دوو شار، دوو وڵات. بەرلینی رۆژهەڵات و بەرلینی رۆژئاوا ئەو دیوارو سنورە نارەواو نابەجێیە هەر بەوەشەوە نەوەستابوو کە بەرلینی پایتەختی لەتکردبوو، بەڵکوو خاکی ئەڵمانیاشی کردبووە دوو بەش و دوو وڵات، ئەڵمانیای رۆژ هەڵات و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.
ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات داگیرکراو لەلایەن رووسەوە و سەر بەشورەوی و ئەندامی پەیمانی وارشۆ بوو. ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، داگیرکراو لەلایەن ئەمریکاو ئینگلیزو فەرەنساوە و سەر بە بەرەی سەرمایەداری و ئەندامی پەیمانی ئەتڵەسی ناتۆ بوو. لەهەمووی ناشیرینترو ڤێزەونتر ئەو دیوارو سنورە دەسکردە ناو زڕاوە بوو کە لە8/13 /1961دا لە لایەن ئەڵمانیای دیموکراسیەوە( DDR) بە پاڵپشتی رووسەکان دروستکرا بوو.
دەسەڵاتی بەناو کۆمۆنستی دیوارو سنوری دەسکردی بەسەدان جۆر لە قەڵاو قولەی سەربازی و سەگ و رەشاشی ئۆتۆماتیکی و دیواری بەرزی کۆنکرێت و بەتەلی دڕکاوی وحەرەس و سەربازیی روسی و ئەڵغام و هەزاران جاسوس و پاریزگاریان لێدەکرد، تا خەڵکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لە بەهەشتیی بەناو کۆمۆنستیەوە رانەکات بۆ زیندانی ئەڵمانیای سەرمایەداریی، وەک خۆیان دەیانوت.

کۆمۆنستەکان بە هەموو شێوەیک و هۆیەک رێگەیان گرتبوو لە خەڵکی رۆژهەڵات تا نەگەنە ئەودیو دیوار، خەڵکەکەش خەویان بەو دیو دیوارەوە دەبینی. لە1961 وە تا 1988 زیاتر لە100000کەس رایانکردە ئەڵمانیای رۆژئاوا، نزیکەی 600 کەس کە زوربەیان کوری گەنج بوون لەسەر سنوری دەسکرد، لەکاتی راکردندا بە ئەڵغام و فیشەکی رەشاش کوژران، تەرمەکانیان لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا بێناو بێنیشان نیژران تەنها لەسەر سنوری دیوارەکەی بەرلیندا 140 کەس کوژراوە!
ئەڵمانەکان هەر لە هەوڵی خۆرزگار کردندابوون کۆڵیان نەدا، دەنگی خۆ رزگارکردن و کوشتنی ئەوانەی کە دەیان ویست خۆیان بگەیەنینە ئەم دیوی دیوار دەبیستراو زۆر رێگەیان بۆ هەڵاتن تاقی دەکردەوە، تا ئەو ساتەی دەنگی کرانەوەو دیموکراسیەت لەلایەن گۆرباچۆفەوە بیستراو دەنگی دایەوە، هەر پاش ئەو دەنگە زوڵاڵ و شازە، راکردنی ئەڵمانەکانی خۆرهەڵات و خۆ کردن بەکونسڵخانەکانی ئەڵمانیای رۆژئاواو کونسڵخانەی وڵاتانیتردا دەستی پێکردە، چەندین رۆژ خۆپیشاندەرانی ملیۆنی بەشەو بەرۆژ لەسەر شەقامەکان و لە گۆڕەپانەکاندان، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک لایبزیگ و بەرلین و گۆرەپانی ئەلیکسەندەر پلاتز بەردەوام بوو، هاواری ملیۆنان خۆپیشاندەر ترس و خەوی لە چاوی دەسەلاتەکە و حیزبە سەرەکیەکەی کۆمۆنست تۆراند،
دەسەڵاتی رۆژئاوا هەولی هێورکردنەوەی خۆپیشاندەرانیدەدا، بەلام تادەهات کلپەی دەسەند و هەر خەلکی رۆژهەڵات بوو خۆیان دەگەیاندە کونسڵخانەو سەفارتخانەی ولاتانیتر، حوکمەتی رۆژئاواش هەوڵێ بە هاناوە چوونیان و پشتگیری دەکردنی خۆپیشاندەران بوو.
حیزب و دەوڵەتە دیموکراتیەکەی رۆژهەڵات ناتوانین ترسیان لێنیشتوەو ناتوانین دژیان بوەستنەوە، خۆپیشاندەر زوو زوو روەو دیوارەکە دەڕۆن و داوای کردنەوەی دەرگای دیواردەکەن.
گۆرباشۆڤ سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت بروای بە ئازادی و کرانەوەو دیومکراسیەت هەیە، گۆرینێکی سەیری بەدوای خۆیداهێنا، سەردەمەکەی گۆڕی، سۆڤیەت باس لە دیموکراسیەت و کرانەوە دەکات، پشتگیری رژێمە دیکتاتۆرەکان ناکات، باس لە ئازادی و مافی میلەتان دەکات.

ئەم سەردەمە وەک سەردەمی رۆژە رەشە مێژووییەکەی 17 یونی 1953 نیە، کە خۆپیشاندانی کریکارانی ئەڵمانیای رۆژهەلاتی تیدا رەش بکوژ کران،کە کریکارانی هەژار لە دژی بنیات نانی سۆسیالیزم و تەقەشوف لە رۆژانی 15و16و 17 دا لە 700 شارو گوندی کارگەو کارخانەکاندا کرا، هەژاران رۆشتنە سەرشەقام و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارەیان دەکرد و داوای هەڵبژاردنی ئازادانەو یەکگرتنەوەی ئەلمانیاو ئازادکردنی زیندانیان ولابردنی Ulbrichts ئۆلبرشتی بنیاتنەری دیواریان دەکرد، لە سێهەم رۆژی خۆپیشاندندا واتەلە 17مانگدا، دەبابەی34 Typ T-سۆڤیەتی هێنرایە سەرشەقام و سوپای سۆڤیەتی وپۆلیس و (شتازی )ئەمن و پۆلیسی گەل رژێنرانە ناوشەقامەکانی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی( DDR) بەلیدان و کوشتنی خۆپیشنادەر، خۆپیشاندان سەر کووتکرا، زیاتر لە 50 کەس کووژرا، 15000 کەس دەستگیرکران و سزا دران بەتاوانی هەلگیرساندنی جەنگ، خۆپیشاندانێکی ئاشتی خوازانە، کە زۆر بەهیمنی لەبەرخراپی باری ئابوری سیاسەتی سەرکوتکەرانە، هاتنە سەرشەقام وداوای نان و ئازادی و دیموکراسیان دەکرد، پۆلیس و سەربازی رووسی بە دەبابە کەوتنەگیانیان، قەدەغەی هات و چۆو کۆبونەوەیان راگەیاند. ئەوە ئەوسا بوو ،ئێستا خەڵکەکە ئیتر ناترسێت لە پۆلیس و دەسەڵاتە سەرکوتکەرە کە،خۆپیشاندەران لە شارەکانی رۆژ هەڵاتدا گوێی دنیای دیموکراتخوازیان،بۆ لای خۆیان راکێشا،هاواریان لەگۆرباشۆڤ دەکرد بەهیتافی (گۆربی گۆربی هاوکارمان بەو رزگارمان کە ) ،وایان لە گۆرباشۆف کرد بە دەنگ هاواریانەوە پچێت،

چەندین رۆژە،ملێۆنان کەس دەرژێنە سەر شەقامەکان وخۆپیشاندان دەکەن ، هاواروبانگی ئازادی دیموکراسی یەکگرتنەوە دەکەن ،

رۆژانە لە هەندێک وڵاتی ناو بلۆکی کۆمنستیدا ئەڵمانەکان رادەکەنە ناو باڵوێزخانەی وڵاتانی رۆژئاوای وداوای پەناهیندەی و رێگە پێدان دەکەن تابچن بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا ،

گۆرباچۆڤ هاتە ئەڵمانیا رۆژهەلات و لەگەڵ هۆنیکەری سەرۆکی ئەڵمانیا و سکرتیری حیزبی کۆمۆنستی ئەڵمانیدا کۆبووەوە یەکیان ماچکرد،ئەم ماچەی گۆرباچۆڤ وهۆنیکەر بووە سمبولێک لە سمبولەکانی روخاندنی دیوار،

ماچەکەی هۆنیکەرو گۆرباشۆڤ،بووە بەناو بانگترین ماچ لەدنیادا،

پاش هاتنەکەی گۆرباشۆڤ ، هۆنیکەر رایگەیاند کە دیوارەکە تا سەد ساڵیتر دەمینێت ،بەڵام هەفتەی نەخایاند ،هۆنیکەر خۆی ناچار کرا، وڵات جێبهێڵێت وبەرەو شیلی هەڵهات و شارو وڵاتی بەجیهێشت ،

پاش رۆشتنی هۆنیکەر ئیگۆن کرێنز Egon Krenz هەڵبژێرراو بووە سکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنست ،کرێنز هەوڵی هێور کردنەوەی وڵاتەکەیدا،بۆ ئەمە بریاری دەرکرد بە پێدانی پەساپۆرتی بۆ داواکارانی چوونە دەرەوە،

لەدروست بوونی ئەڵمانیای دیموکراتەوە،تاکۆتای پێهاتنی هەرچ شتێک و هەرچ هەنگاوێک کەنراوەو کە دەکرا بەبێ پرس و را بەبراگەورە، واتە سۆڤیەت نەکراوە،ئەم بریارەش هەر لەسەر داواکاری گۆرباشۆڤ بووە، ، خۆپیشاندەران بە سیاسەتی گوڵەوە رووەو پۆلیسەکان دەرۆن و گوڵیان پێشکەش دەکەن, لەشارەکانی ئەڵمانیای کۆمۆنستیدا، هاواری (ئێمە یەک نەتەوەین، نا بۆ سنوری دەسکرد بەرزدەبێتەوە )، دەسەڵات لاواز بووە داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێدەکات،بۆنمونە ،خۆپیشاندەران داوای پەساپۆرتیان دەکرد بۆ سەفەر بۆ ئەڵمانیای سەرمایەداری، دەسەڵات رازیبووەو دەیانداتێ، پێش خۆپیشاندان ئەم داواکاریە رێگە پێنەدراو بوو، بە زیندانی کردن و کوشتن وەڵام دەدرایەوە.

بە پێدانی پەساپۆرت، بناغەی دیوارو دەسەڵاتی ئەڵمانیای بەناو دیموکرات تێک و پێک شکا.

هەردوای ئەم بریارە بەماوەیەکی زۆرکەم بریارەکە گۆراو بریاردرا هەر کەس بیەوێت بروات بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە بازگەکانی سنوری ئەڵمانیاوە دەتوانێت بەبێ پەساپۆرت برواتە ئەودیو، ئەم هەواڵە بەخێرای بڵاوبووەو بە ملیۆنان کەس رژانە سەر سنوور، لە بازگەکاندا و لە سەرەدا وەستان بۆ هاتنەدەروە، پۆلیسی سنورەکان هەواڵەکەیان پێنەگیشت بوو، لەکاتژمیر یانزەی شەودا دەرگای دیوارکرایەوە، بەمە سنوور تێک و پێک شکینرا نەماو، بووە بەشیک لەمێژوو.

خەڵکی دیوی رۆژئاواش بەچەکووش بەربووبونە دیوار و دەیانویست کوونی بکەن وەک پشتگیریەک بۆ نەتەوەو براو کەس و کارەکانیان لەو دیووەوە، کانزلەری ئەڵمانیا هیلمەت کۆل کە بەکانزلەری یەکگرتنەوەی ئەلمانیا دەناسریت، سوپاسی گۆرباشۆڤی کرد.

ئەڵمانیا یەکیگرتەوەو سنوری نیوان یەک نەتەوەو یەک نیشتیمان لە گۆرِنراو گۆری گووم بوو،گەرچی هێشتا جیاوازی ماوە لەنێوان ئەم دیوو ئەودیودا، بەتایبەتی لەرووی ئابوریەوە.

ئەمرۆ ئەڵمانەکان پاش29 ساڵ لە روخاندنی دیواری بەدناو، یادی رۆژی رووخاندنی وەک جەژنێکی گەورە و پیرۆز دەکەنەوە. دەڵێن روخانی دیوار، روخانی پارچە پارچە بوونی دنیابوو، بەسەر دوو بەرەدا، بەرەی رۆژهەڵات و بەرەی رۆژئاوا بەرەی وارشۆ و ناتۆ، شەری سارد لێرەوە بەرەو کۆتای رۆشت و نەما.


دەبا ئێمەی کوردیش دەرسێک لەوانەوە فێربین و هاواری یەک نەتەوەو یەک خاک و یەک چارەنوس بەرزکەینەوە لە پێناو نەهێشتنی سنوری دەستکردی کوردستان و یەکخستنەوەی خاکی پیرۆز.

یەک مستی ئاسنین بدەین بەروە قایمە بێشەرمەکەی داگیرکەرانی هەر چوار پارچەی نیشتیمانەکەماندا. تاکەی کۆیلەی قبوڵکەین، تاکەی دابەشکاری خاک و نەتەوە و داگیرکاری چەوساندنەوە قبوڵکەین و رازیبین.

تاکەی پەرستنی سنوری دەسکردی ئیستیعمار و داخستنی بە رووی رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا.

تاکەی خۆ بەئیرانی و ئیراقی و تورکی و سوری زانین و کوشتن و تەسلیم کردنەوەی رۆڵە بەشەرەفەکانی کورد بەداگیرکەران!





# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا
سایتی: (سبەی)

بەشی حەوتەم

**پرسی کورد**

**ئەگاتە ئاستی ناودەوڵەتی**

ئەو ماوەیەی کە نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لە بەغداد خەریکی گفتوگۆ بون لەگەڵ سەرانی رژێم و بەعس، گۆڕانی گەورە لە پرسی کوردا هات بوە کایەکەوە:

لە سەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچە، هاشمی رەفسنجانی (ئێران) و تورگۆت ئۆزال (تورکیا) و حافز ئەسەد (سوریا) سەرقاڵی گفتوگۆ و هاتوچۆ و راوێژ بون بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ کارەساتی ئاوارەکان.

لە سەر ئاستی جیهان، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەیمس بەیکەر بە فرۆکە بە سەر ئاوارەکانی سنوری تورکیادا گەڕا بو، کە هەلومەرجی تراجیدی سەدان هەزار ئاوارەی دی بو، لە ئاسمانەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش (باوک) قسەی کرد بو کە ئەبێ شتێ بکەن بۆ فریاکەوتنیان.

فرانسوا میتران (سەرۆکی فەرەنسی) و جۆن مەیجەر (سەرووەزیرانی بەریتانیا) و جۆرج بوش (سەرۆکی ئەمەریکی) کەوتبونە راوێژ و گفتوگۆی تەلەفۆنی و، وەزیرانی دەرەوە: رۆلان دۆما (فەرەنسا)، دۆگلاس هێرد (بەریتانیا)، جەیمس بەیکەر (ئەمریکا)، لە وتوێژدا بون بۆ دانانی رێگەچارە. سەرەنجام بڕیاری 688 ی رۆژی 5 ی مایسی 1991ی لێ بەرهەم هات بو.

**پرۆڤاید کۆمفۆرت**

هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەمەریکا، ئینگلیز، فەرەنسە، بە جدی هاتبونە ناو مەسەلەکەوە. کەوتبونە جێبەجێ کردنی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش. لە لایەکەوە هێزیان نارد بو بۆ کوردستان «پەناگای ئارام» دروست بکەن بۆ «دابینکردنی ئاسودەیی operation provide comfort» کورد لە دەستدرێژی جەیشی عیراق بپارێزێ، ئەم هێزە لە زاخۆوە هات بون و، وەکو هەژدیها لە دیوی کوردستانی عیراقەوە بە درێژایی سنوری تورکیا کشا بون تا گەیشتبونە ناوچەی بارزان و، لە سەروی خەتی 36 وەوە «ناوچەی نەفڕین «no-fly zone»یان راگەیاند بو. چاودێریی ئاسمانی کوردستانیان ئەکرد بۆ ئەوەی عیراق نەتوانێ چەکی ئاسمانی بەکار بهێنێ. کۆلن پاول، سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سپای ئەمریکی لە رۆژانی 30 -31 دا سەردانی هێزەکانی کرد بو لە زاخۆ و سەرسەنگ.


لە لایەکی ترەوە نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، رێکخراوە خێریە ناودەوڵەتیەکان، لەوانە خاچی سور، کەوتبونە چالاکی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوارەکان لە خۆراک و دەرمان و نوا (خێوەت و کابینە) و، گێڕانەوەیان بۆ سەر جێگە و رێگەی خۆیان.

*

هەر لەو ماوەیەدا بێرنارد کوشنەر، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مرۆڤایەتی لە حکومەتی فەرەنسادا، لە دیوی تورکیا بە ناو ئاوارەکانی کوردا گەڕا بو، بە پێ لە دەروازەی خابور - ئیبراهیم خەلیل دەربازی کوردستانی عیراق بوبو. فەرەنسە یەکێ بو لەو وڵاتانەی بڕیاری 688 ی سەپاند بو.

**هەرا لە دهۆک و سلێمانی**

سەرانی بەعس، بە تایبەتی سەدام، لە شکانی خۆیان بەرامبەر هێزی هاوپەیمانیی 30 دەوڵەتی و، لە راپەڕینی خەڵکی عیراق و هۆکانی و ئەنجامەکانی،



هیچ دەرسێکیان وەرنەگرت بو. دوای گرتنەوەی شارەکانی کوردستان، بە هەمان شێوەی پێش راپەڕین رەفتاریان ئەکرد . عەبدولوەهاب ئەتروشی‌یان بە پارێزگاری دهۆک و مونزیر نەقشبەندی‌یان بە پارێزگاری هەولێر و نەجمەدین نەقشبەندی‌یان بە پارێزگاری سلێمانی دانا بو. ئەمانە هەر سێکیان کورد بون بەڵام کوردی خۆیان بون لە بەر ئەوە لە ناو کورد و هێزە سیاسیەکانی دا نفوز و کاریگەرییان نەبو، سەرەڕای ئەمانە هاشم حەسەنی برای عەلی حەسەن مەجیدیان دانا بو بە پارێزگاری کەرکوک، لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و شێواوەدا ئەمانە نەیان ئەتوانی ئاسایش بگێڕنەوە شارەکانی کوردستان و ژیان ئاسایی بکەنەوە، بە تایبەتی کە بەعس هەمو دەزگا سەرکوتکەرەکانی :جەیش، ئەمن، موخابەرات، حیزبی بەعس... یان سەرلەنوێ هێنابووەوە کوردستان. خۆیان بە سەرکەوتو و کوردیان بە شکاو دائەنا.

هێزی هاوپەیمانان هات بونە زاخۆ لە دهۆک نزیک بوبونەوە. بەعس بە هیوا بو گفتوگۆ هۆیەکی گرنگ بێ بۆ کشانەوەی بە پەلەی هێزەکانی بێگانە لە زاخۆ. خەڵک ئەیان ویست هێزی هاوپەیمانەکان بێن و دەسەڵاتی بەعس لە هەمو کوردستان دەربکەن. تازە خەڵک گەڕابونەوە سەر جێگا و رێگای خۆیان و، هێشتا هەندێک نەگەڕابونەوە. لە ئامێدی خەڵک هەڵیان کوتابوە سەر داوودەزگا ئەمنی و بەعسی و، وێنەی سەدامیان لە ژێر پێ نا بو، کاربەدەستەکانی حکومەتیان دەرکرد بو، لە دهۆکیش خەریک بو هەمان ڕوداو دوبارە ببێتەوە، لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش دا عەلی حەسەن مەجید بەرەی کوردستانی دانا بە هاندەری ئەو ڕوداوە بۆ ئەوەی هێزی هاوپەیمانەکان لە باتی ئەوەی بڕۆن بێنە ناو دهۆکەوە. داوای کرد کە کۆبونەوەکان ڕابگرین تا ئەو کێشەیە لابەلا ئەکرێ و، داوای کرد چەند کەسێ لە ئێمە بچن بۆ دهۆک بۆ رێگرتن لە خەڵک کە پەلاماری داوودەزگاکانی بەعس نەدەن. بڕیار درا لە پ د ک جەرجیس و، لە ی ن ک کۆسرەت و، لە ح س ک سەعد و، لە پ د گ ک سامی سەردانێکی خێرا بکەن و، بە زویی بگەڕێنەوە بەغدا. لە دهۆک فازیل میرانی بەرپرسی پارتی و شەوکەتی حاجی مشیر بەرپرسی یەکێتی بو. لە بەرپرسانی یەکێتی محەمەد تۆفیقیش هەر لە دهۆک بو. لە ڕاستی دا هەمومان حەزمان ئەکرد خەڵک داوودەزگای بەعس لە دهۆک دەربکەن و، هێزی هاوپەیمانان بێنە ناو دهۆکەوە، بەڵام ناردنی ئەوانە دیسانەوە جۆرێ بو لە (ابتزاز)، مەبەستی ئێمە ئەوە بو گفتوگۆ کۆسپی تێ نەکەوێ.

هەر لەو ماوەیەدا لە سلێمانی هەرایەکی گەورە قەوما، شەو لە یەکێ لە (نادی) یەکانی بەغدا میوانی تاریق عەزیز بوین، عەقید وەلید نایف هات بە دوی من دا بۆ ئەوەی بە بێتەل قسە لەگەڵ مام جەلال بکەم هەوڵی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی بدا، لە سلێمانی زیلێکی عەسکەری چەند هاوڵاتیەکی شێلا بو، خەڵک کە ئەوەیان دی بو، پەلاماری ئەوان و، چەند بنکەیەکی جەیشیان دا بو لە ناو شاردا. بە سەدان ئەفسەر و سەربازیان بە بارمتە گرت بو، لە مزگەوتی گەورە کۆیان کردبونەوە.

سەرکردایەتی بەعس ئەیان زانی لە کوردستان زۆر لاواز بون. ئەوەی بە زیاتر لە 20 ساڵ بۆ دەس بەسەراگرتنی کوردستان کردبویان، ڕاپەڕین هەڵی تەکاند بو، ئەترسان تورەبونی خەڵک دیسانەوە داوودەزگاکانیان ڕابماڵێ، بە تایبەتی لەو کاتەدا هەلومەرجی سیاسی دنیا بەرامبەر بە کورد، لە چاو ڕۆژانی ڕاپەڕین دا، زۆر گۆڕا بو.

کۆنسێرتی سمپل تروث

لە کاتێک دا ئێمە لە بەغداد خەریکی مشتومڕ بوین لەگەڵ نوێنەرانی بەعس بە تایبەتی لە گەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) و ئەبو زیاد (تاریق عەزیز) ئێوارەی یەکشەمە ڕۆژی 13 ی مایس لە «هۆڵی ویمبلی» لە لەندەن بە ئامادەبونی ئەمیرە دایانا هاوسەری چارلس جێنشینی شای بەریتانیا و نزیکەی 11 هەزار بەشدار، یەکێ لە گەورەترین ئاهەنگەکانی گۆرانی بە ناوی (simple truth) بۆ ناساندنی کورد بە دنیا ڕێکخرا بو. داهاتەکەی بۆ لێقەوماوانی کوردستان تەرخان کرا بو. ژمارەیەک لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی دنیا تیا بەشدار بون، ئاهەنگەکە لە هەمان کات دا ڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی جیا جیای وڵاتانی جیهانەوە پەخش ئەکرا، کە دەیان ملیۆن کەس لە کاتی ئاهەنگەکەدا سەیریان کرد بو.

*

لە کوردستانی جنوبی دا، لە مێژوی نوێی کوردا، ئەمە جاری سێیەم بو پرسی کورد بەرز بێتەوە بۆ ئاستی ناودەوڵەتی.

جاری یەکەم - لە کاتی هاتنی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی گەلان (1925) بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی تورکی - ئینگلیزی لە سەر چارەنوسی ولایەتی موسڵ، لە ڕۆژگارێکا کە شێخ مەحمود داوای سەربەخۆیی کوردستانی ئەکرد.

جاری دوەم - لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراق دا، کاتێ عیراق ئەیویست پەیمانێکی نوێ لە گەڵ ئینگلیز ببەستێ و ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (1930 - 1931). لە ڕۆژگاری شەشی ڕەش ئەیلول و شۆڕشی شێخ مەحمودا.

جاری سێیەم - ئەمەیان کە دوای شکانی ڕاپەڕین وەکو کورد خۆی ناوی نا بو «کۆڕەو» و، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بە وشەی تەوراتیی (exodus) باس ئەکرا. ئەمجارەیان کورد لە چاو هەمو جارەکانی تردا هەلێکی لەبارتری بۆ هەڵکەوت بو، مەسەلەکەی بە زیندویەتی بهێڵێتەوە لە سەر شانۆی ناودەوڵەتی. عیراق ئەیویست ئەم هەلە لە دەس کورد بدا.

سی ئێن ئێن چیە؟

ڕۆژێکیان پاش کۆبونەوەیەکی پڕ مشتومڕ لەگەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) لە بینای وەزارەتی ناوخۆ گەڕامەوە ئوتێل. لە ڕاڕەوی ئەو نهۆمەی سویتەکەی منی تێدا بو چەند کەسێ بە کامێرای تەلەفزیۆنەوە ڕاوەستا بون. یەکێکی کەتەیان لەگەڵ بو لێ‌ی پرسیم» :دەنگوباسی گفتوگۆکانی ئەمڕۆتان چیە؟» منیش پرسیم: «ئێوە کێن؟» وتیان» :ئێمە تیمێکی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێنین» وتم: «سی ئێن ئێن چیە؟» کابرا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: « هاتوی بۆ مفاوەزات و نازانی سی ئێن ئێن چیە؟» ئەو کاتەی چوبوم بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە 22 مانگ بو لە قاسمەڕەش و نۆکان و زەڵێ و شێنێ دەرنەچوبوم دو جار نەبێ هەر جارەی بۆ دو ڕۆژ بۆ کۆبونەوە جارێکیان لە تاران و جارێکی تر لە کرماشان .تەنیا هۆی پێوەندی مان لەگەڵ دنیا نامەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شارەکان و، دەزگای بێتەل و تەلەفزیۆنێ بو، کە هەندێ لە بەرنامەکانی ئێران و عیراقی وەرئەگرت، ئەویش لە بەر سەختی شوێنەکەی بە ڕونی وەرنەئەگیرا.

*

لێرەدا ئەبێ دان بە ڕاستیەکی تاڵ دا بنێم: ئێمە نەشارەزا بوین لە هونەر و لە زانستی «دانوسەندن» و لە هونەر و زانستی «گێڕانی ناکۆکی» و «بەڕێوەبردنی ململانێ» دا. نەمانتوانی و نەمانزانی بڕیاری 688 و، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو کوردستان و، گوشاری ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی بۆ سەر سەدام حسێن و ڕژێمی بەعس بە قازانجی کورد بە کار بهێنین. ئێمە خۆمان سەردەمێ قوتابی و سەردەمێ مامۆستای »فەرهەنگی کرۆزانەوە» بوین. ئەوساش ئێمە خۆمان پێ لاواز و ئەوانمان پێ بەهێز بو. لە باتی ئەوەی ئێمە «ئیبتیزاز» ی ئەوان بکەین ئەوان »ئیبتیزاز» ی ئێمەیان ئەکرد. ئێمەش نوێنەرایەتی یەک حکومەت یان یەک حیزبمان نەئەکرد. ئێمە نوێنەرایەتی 4 حیزب مان ئەکرد، کە ماوەیەکی درێژ لە ناو خۆیان دا ناکۆک بون و، شەڕی یەکتریان کرد بو .دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەمان نەبو، حیزبی بێ یا بەرەیی، بێلایەن بێ یان لایەندار، کوردی بێ یا بیانی، ئامۆژگاریمان بکا و بیروبۆچونمان بداتێ چی بکەین و چی نەکەین.

*





# بێ سەرو شوین کردنی ....دڵشاد مەریوانی

سەعات 5 ی ئێوارەی 12 / 2/ 1989 بەفر دەباری ، شار خامۆش بوو ، دڵشاد مەریوانی لە ماڵەوە چووە دەرەوە ، رووی کردە یانەی فەرمانبەران ،سەعات 7 ی ئێوارە چەند ئەمنێک ،روو دەکەنە سەر مێزەکەی و دەڵێن :
-ماموستا چەند سەعاتێک کارمان پێتە ، وەرە لە گەڵمانا ، دوایی بگەڕێرەوە
سەعات 8 و 45 دەقیقە هەمزە ی عەلی دەدەی هاوڕێ وزاوای رووی کردە ماڵەوە
بە شیرین ی هاوسەری دڵشادی وت :
-ئەمن دڵشادیان دەسگیر کرد.
بۆ بەیانیەکەی کەس و کارەکەی روویان دەکردە هەر زیندانێک ، دەیان وت :
-لای ئێمە نییە .
دوای 8 مانگ ، لە بێ سۆراغی دڵشاد ،کەسو کاری بیستیان : تەنیا رۆژانی 3 شەمان
ئەمنەکان ، لە پرسگە کەیان وەڵامی خەڵک دەدەنەوە .

دڵشاد مەریوانی پێشبینی دەسگیرکردنی کردبوو
بە شیرین -ی وتبوو :
( دەزانم دەسگیر دەکرێم ...بەڵام شیرین قەد روو نەکەیتە ئەو شوێنانەوە و هەواڵم بپرسی ، دەزانم فایلەکەم لای بەعس زۆر گەورەیە ،گەر بمگرن ، جارێکی تر، نایەمە دەرێ)

سێ شەمەیەکیان شیرین و دایکی دڵشاد روویان کردە پرسگەی ئەمن ی سلێمانی ،ئەمنێک ناو نیشان وزانیاریان لێوەرگرتن ، پیی وتن :
-سێ شەمەی داهاتوو وەرنەوە بۆ وەڵامەکەی .
دوای هەفتەکە ، تەنیا دایکی چوو بوو بۆسۆراخی
پیان وت:
- کوڕەکەتمان کوشتووە

دایکی دڵشاد بە جەرگی براوگریانەوە ئەو هەوڵە گەیاند بە خانەوادەکەیان ، شیرین توشی هیستریا بوو ،لەگەڵ خوشکێکی دڵشاد دا رووی کردە دائیرەی ئەمنی سلێمانی
پڕ بە گەرووی هاواری بەسەر ئەمنی پرسگە کە دا کرد :
-لەبەرچی هاوسەرەکەمتان کوشتووە ، چی کردووە ؟
ئهمنێک پێی وت بوو :
-وەڵامی تۆ نادەینەوە پیاوێک بنێرە
لەو کاتەدا براکانی دڵشاد لەوێ نەبوون ،تەنیا برایەکی لەوێ بوو، ئەویش فیرار بوو نەیتوانی بچێت ، زاوەیەکیان چوو بۆ سۆراغی، دوای مانگێک هاتوو چۆی ئەمن ی سلێمانی
دوا جار شەهادەی وەفات نامەکەیان پێ دابوو ..وتیان :
(دڵشاد کۆمەڵە وتێک دەربووە ، .قەدەغەیە پرسەشی بۆ دابنێن


شیرین خان ئاماژەی بەوەکرد :
-دڵشاد مەریوانی زۆر هەست ناسک بوو، تراژیدیای ئەنفال وژەهرбارانی هەڵەبجە وبێ سەروشوین کردنی هاوڕێ ی برام بێ سنوور کاریگەری لە ناخ وهۆشی دا دروست کردبوو،
تووشی بارو دۆخێکی پڕلە وەڕسی و بێزاری و ..رەش بینی ببوو
هیچ هیوایەکی بە ژیان نەمابوو ، لەناخی دا.، هەستی بە هەرەسێکی زۆر دەکرد
دوای شەهید بوونی ، بەرێوەبەری ئەمنی سلێمانی بە ناسیاوێکی وتبوو :
-بۆیە دڵشاد مەریوانیمان زیندان کرد ،بۆ ئەوەی هەموو نووسەران و ئەدیبانی کوردی پێ چاو ترسێن بکەین ، تا لە کۆڕو کۆبونەوەکان دا لە دژمان قسە نەکەن ،


بەڵام پارێزگاری سلێمانی چاودێری وردی لەسەر دڵشاد مەریوانی دانا بوو ،چەندان راپۆرتی لەسەر تۆمار کرا ، راپۆرتەکانی گەیاندبووە ، دەست عەلی حەسەن مەجید .
ئەویش بڕیاریدا بووئیعدامی بکە ن .


عەبدوڵڵا کەریم مەحمود
سەرچاوە : عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : رەشەبای ژەهرو ئەنفال ..بەرگی دووەم ..ل 122-113

+ دوای راپەڕین چەندان پەڵگە نامەیەک دەست جەماوەرو پێشمەرگە کەوت ، لە بەڵگەنامەی 24 / 8 / 1989 ، لیستێک ناو لە لایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سلێمانی یەوە تۆمار کراوە، ناوی 87 زیندانی تیایە . کە لە 13 / 3 / 1989 ئیعدام کراون ،یەکێ لەو ناوانە (دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح مەریونی) یە ، لە بەرامبەر ناوەکەی دا
ئەم چەند وشەیە تۆمار :
( ئەم تاوانبارە ماموستای زمانی کوردی بووە لە ناوەندی شۆڕشی کوڕان ، وانەی کوردی دەوتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی پیتی لاتینی ،بەهۆی بیرو باوەڕە جیا خوازییەوە .یەکێک بووە لە رۆشنبیرانی کۆمەڵەی تێکدەران ).

**نوسینی عەبدوڵا کەریم مەحمود**







وتحتوي قائمة اخرى، مؤرخة ٢٤/٨/١٩٨٩ وموقعة من قبل مدير امن محافظة السليمانية على اسماء ٨٧ سجينا وتواريخ تنفيذ احكام الاعدام بحقهم حيث اتهم العديد منهم بارتكاب جرائم حقيقة لم يسبق لهم مجرد التفكير في ارتكابها. واتهم اخرون بانتمائهم لحركات انفصالية. يدعى احد هولاء دلشاد محمد امين فتاح مريوان، والذي اعدم في ١٣/٣/١٩٨٩، وقد دون في الحقل المقابل لاسمه مايلي: «ان هذا المجرم كان مدرسا للغة الكردية في متوسطة شورش للبنين وكان يدرس اللغة الكردية مستخدما الحروف اللاتينية بسبب معتقداته الشوفينية والانفصالية وقد كان من مثقفي احدى جماعات المخربين»

# بیرەوەری: هەنگاوێك لەپێناو نیشتیمان

## ئێمە ئاوا بەدڵ سۆزی و خۆنەویستی کردمان و کەسوکارمان لەژێر ڕەحمەتی زوڵم و زۆری بەعس دابوون

بێستون فەتاح

**بەشی یەکەم**

دوای ئەوەی ئەنفالەکان و پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کورستان گیرسانەوەمان لەسەر سنوورەکان,ئەوانەی خێزانداربوون بەرەو شارەکانی سەرسنوور و بۆ دابین کردنی جیگەو ڕێگە بۆ ژن و منداڵەکانیان وەک شارەکانی بانە مەریوان خانێ و مهاباد و سەردەشت و سەقز بەزۆری ئەوگوند نشینانەی کە کەوتبونە دۆڵی جافایەتی و دۆڵە ڕووت و بەری مەرگە لەشار و ئۆردوگاکانی دەوری بۆکان و ڕەوانسەر زۆر جێگەی تر گیرسانەوە ژیانێکی کولە مەرگی و مەمرەومەژی یان دەست پێکرد.

پێشمەرگەوسەرکردایەتی

دوایی ئەنفال و چونە دیوی ئیران وگیرسانەوە لەسەر سنورەکان ,دوای خۆڕێک خستنەوەی هیزی پێشمەرگەی کوردستان دابەش بوون بەسەر چەند جیگەیەک ئیمە وەک پێشمەرگە کانی مەڵبەندی دوو لەسنوری بانەو لەگوندی بلەکێ بارەگای مەلبەندو تیپەکانی سەربەمەلبەندی دوو تەنها تیپی ٣٧ شارباژێڕ لە چیوەرۆ جیگیربوون و دواتر بوو بەبارەگای بەتالیۆنی شەش .

مەڵبەندی یەک لەسنورەکانی مەریوان ,مەڵبەندی سێ لە خانەو بادیناوێ ,سەرکردایەتی لە قاسمەڕەش دەزگای ئیعلام لەسەقز .

دوای گۆرانکارییە جیهانیەکان و ناوچەیی و ملهوڕی حکومەتی عیراق بەرەو ملهوریتر بڕوات و گۆڕانی گەورەبەدی دەکرا بۆیە سەرکردایەتی باشتر بیریان لەوەکردەوە لەسەر بەرنامەی تازەوە هێزی پێشمەرگە ڕێک بکەنەوە ، بڕیاری کاری نوێ و ئەرکو فرمانی تازەو شێوەی خەباتی داهاتوو. پارتیزانی دەستی پێکرد.

کاک نەوشیروان,ئەوسەرکردەیەی لەشەرەکانی سەرکردایەتی و ئەنفال و پاشەکشە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی گرتە ئەستۆبەچەند کۆبونەوەیەک.

کۆبونەوەی بلەکێ

دوابریاری چارەنووس ساز زۆرێک لەفەرماندەکانی ئەوکات وکاک ملازم عومەر وکاک کۆسرەت و چەند فەرماندەیەکی مەکتەب عەسکەری وکۆچ کردوو کاک قادری حاجی عەلی وەک بەرپرسی مەلبەند بەشداری ئەوکۆبونەوە فروان بوون کە بەئامادەبوونی. فەرماندەی تیپ وکەرت ومەفرەزەو هەموو ئەوپشمەرگانەی مابوونەوە لە بلەکێ و بڕیارێکی میژووی ٠ دوای دوورۆژ کۆبوونەوەو ڕاویژکردن بڕیار درا شیوەی خەبات و خۆڕێک خستنەوەی هیزەکەدراو کرا بەسێ بەش ٠ مەکتەبی سیاسی و دارای و دەزگا گرنگەکانی لەقاسمەڕەش نیشتەجێ بوون.

یەکەم بەتالیۆن

هیزی دووهەم پارتیزانەکان

هیزی سێهەم ئەوهیزی لەوخیزاندارانەی لەئۆردوگاکان بوون هەرزوو یەکێتی هیزەکەی کۆکردوە.

دیارە زۆرن ئەوانەی بەشداری شۆڕشیان کردوە لەزۆر زروفی جیاواز و هەوراز و نشێوو من نامەوێ هەرگیز لەخەبات و قوربانیدانی هیچ کەسێك کەم بکەمەوە بەڵام بەگوێرەی تەمەنی خۆم و سەردەم و ئەوکاتەی خۆم تێیدا پێشمەرگەبووم ئەنفالی یەک و ئەنفالی بادینان لەچەندین چالاکی و ئەرکی پێشمەرگانەم بەشداریم کردوە زۆر نەهامەتی و هەورازو نشێوو داستان و تێکشانم کردوە بەدڵنیایی منیش کەم یان زۆر ئەرکی سەرشانی خۆمم بەجێگەیاندوە و ووەك هەرکەسێکی تر ئەتوانم کەمێك دڵ خۆش و زۆریش ئاسودەم توانیومە لەقوناغی ڕزگاری نیشیمانی بەشداربم تاترۆپکی سەرکەوتن و بۆچرکەیەك دانەبڕوام ڕوحی هاوڕێ شەهیدەکانمان ئاسودەبێت و گۆڕیان پڕلەنووربێت تەمەن درێژی بۆ شەهیدانی زیندوو.

هەنگاوێک بەرەوشارباژێڕ



ئیمە بارەگامان لە بلەکێ بوو مەفەرزەیەك بووین ڕەحمەتی کاکە عەبەڕەقی فەرماندە, وەستاعەبدول, سەلاح لیواعشرین,جەزاپوشێنی ,سۆران عومەر,شەهید کاوە کەولۆسی,خالید هەولێری وڕزگاری کەریم باقی .

ئەرکی ئیمە بەردەوام لەهاتن و چووندابووین بەرەوسلیمانی و شارباژێڕ ,ڕاستەوخۆ پەیوەندیمان بە کاك نەوشیروانەوە بوو, زۆربەی کارەکانی ناوەندی و ڕێکخستنی شارو مەفرەزەکانی شارباژێڕ و تا هاتن و چوونی مەفرەزەکانی گەرمیان ,هەرچەندە کاك دلاوەری حاجی عوسمان ئەویش هەڵۆئاسا هەمیشە لەوڕێگەیەبوو بۆ میژوو ,هەندێ پیاوی تێکۆشەر ئەوڕێگەیان گرتبوە بەر ئەوەی دەمەوێت باسیکەم ئەرکی و فرمانی خۆمان و مەفرەزەکەمان بوو٠

چەندرۆژێك بوو مەفرەزەکەی کاك جەمال حاجی مامەندی هاتبونە بلەکێ ئەرکیان ئەوەبوو بەرەو شارباژێڕ برۆن و بنکەی دایمی دانێن ئەرکی گەیاندن و دەلیلی ئەوان بەئیمە سپیردرابوو. کاکە عەبە لەقاسمەرەش وە بروسکەیەکی کردو,فەرمانی کرد کە ئیمە هاوکاریان بکەین سێ پێشمەرگە دیاری کران لەوانە ڕەحمەتی جەزا پوشێنی سەلاح لیواعشرین وبیستوون واتە خۆم.

جەزا پوشێنی کەیەکێک بوو لە کۆڵەکە ئەساسی یەکانی مەفرەزەکەمان بەحوکمی شارەزایی و ووریایی جەزا پوشێنی هەموو ئەرکە قورس و گران مەترسیدارەکان زۆر ئاسان دەکرد بۆمان ئەو لەو تێکۆشەرانەبوو وەمیژووی پێشمەرگە یەک ئەتوانی بەسەدان لاپەرە لەسەر قارەمانی. ئەو جوامیرە بنوسی .

پێشمەرگە قارەمانەکان مەفرەزەکەی کاک جەمال حاجی مامەندی بریتی بوون لەم پۆلە هەڵۆیە ,فەرماندەی مەفرەزە جەمال حاجی مامەندی,وەستا جەبار ,یاسین مستەفا کە ڕۆژی ٦_١١_١٩٩٠ شەهید بوو,شێخ ستار باساکی,نەوزاد کەریم ,هیرش محێدین ,محمەد مەجید ناسراو بەحەمە شوکێی هەمان ساڵ بەهۆی مینەوە قاچێکی لەدەست داوە ئیستا کەم ئەندامی سەنگەرە ,ئەمانە ئەوپێشمەرگانە بوون ,عەلی باڵخێی کێیە؟پیاوێکی باڵا مامناوەند و قژلوول و دەم بەخەندەو چاووگەش وڕەشتاڵە بوو. ئەتوانم بڵێم نوسینەوەی میژووی یەکێتی بەبێ ناوهینانی عەلی باڵخێی پڕەلەناهەقی و کەم کوڕی. چۆن سەرەتای شۆڕش باس لە قارەمانێتی پیشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەکرێت نوسینەوەی میژوو خەباتی پارتی زانی دەکرێت سەردەمی پارتی زانی و ڕەتڵەکانی شارباژێڕ بەبێ عەلی باڵخێی پڕە لەناهەقی هەرکەس. ئەومیژووە بنوسێتەوە هەرکەسێک عەلی باڵخێی. لەنزیکەوە ناسیبێ. دەزانی. جوامیری و ئازایەتی ئەو لە لوتکەدابوو. یەکێک لەپیاوە ئازاکان وەسفی ئەوپیاوە بەنوسین و گیرانەوە پاداشت ناکرێ

.

ئاخر ئەرکی عەلی باڵخیی و عومەر حەسەن دووکەس بوون زۆر زۆر قورس بوو بەردەوام. بەووڵاخ وزەخیرە تەقەمەنییان دەگواستەوە بۆ شاربژێر. بۆیە ئەرکی ئەوان دەهیندەی پارتیزانەکان ژیانیان لە خەتەردابوو. جیاوازی نیوان ئیمەوو ئەوان زۆربوو ئیمە سەڵتبووین. بەراستی هیچ مەسئولیەییێکی خیزان و منداڵ مان نەبوو.
ئەوەی عەلی باڵخێی ئەوان دەیان کردکەم ووینەبوو ماڵ و منداڵیان لەئۆردووگا بوو لەوسەردەمە جاری واهەبوە بە دوومانگ نەڕۆیشتۆتەوە بۆ لای ماڵوو منداڵی بۆیە ئەوان شایەنی خەڵاتی گەورەی ڕێز لینانن بوون توانیان. ئازووقەی ئەم هیزانە دابین بکەن ,مەفرەزە کانی,

کامیل نووری وسەرکەوتی کوبە و مەفرەزەی جەمال حاجی مامەندی دووسی مەفرەزەی بەتالیۆنی حەوت سێ مانگ پێش ڕاپەرین بۆیە گەورەیی و جوامێری عەلی باڵخێیی شایەنی خەڵاتی نیشتیمانی یە مەفرەزەکەی ئیمەش هەمیشە لەڕێگەبوین دوای ئەوەی فرمان کرا دەبێت خۆمان حازرکەین هەریەک لەئیمە کۆڵەپشتمان حازرکرد و هەرکەس بە گویرەی توانای خۆی لانی کەم نان و خواردنی پێنج ڕۆژ هەلگرێ و تاقم و تفەنگ چەند دەتوانی من بۆخۆم. کلاشینکۆف و مەخزەنێکی ٧٥ فیشەک و شەش مەخزەن قەدوو و نانی ٧ ڕۆژم هەلگرت بەلایەنی کەم ئەوەی بەکەلکت دەهات بۆ ئەوسەفەرە خواردن و فیشەک بوو .هەردوو هاوڕێ کانم بەهەمان شیوە خۆمان حازرکرد وو چاوەڕێ ی ئەوەبوەین بریاری کۆتایی بدەین ئاخر ئاسان نەبوو. دەبوو ئیمە ئیرانی یەکانمان ئاگادار کردایە ئەوان شەوانە کەمینیان هەبوو.
بلەکێ گو ندێکی ئاوەدان و دڵگیری سەرسنوور بوو ڕاستەوخۆ پشتی بەبناری شاخی سورکیوەوە بوو, ئەوەش سنوری نیوان ئیران و عیراق بوو بەدڵنیایی ئیمە کات و ساتمان پێویست بوو. بۆئەوەی لەگەڵ بۆسەی پاسدارەکان نەکەوینە شەرەوە بۆئەمنیەتی و سەلامەتی گیانی خۆمان دەبوو بپرسین و پاسدارەکان ئاگادار کەین لەو ڕۆیشتنە بۆ ئەم کارە دووپیاوی دڵسۆز و بەحورمەت و تێکۆشەر دەست نیشان کرابوون. ئەوانیش بەریزان. و هاوڕێ ی خۆشەویست کاک خالیدی جیهازو مام ئەنوەر,ئەوان کاری عیلاقاتیان دەکرد لەنیوان پیشمەرگە و قەرارگا بۆ ئەوکارە بنکەیەکیان لە بلکەێ هەبوو دوای رەزامەندی و کات و ڕۆژ. وەک باسم کرد بۆسەلامەتی خۆمان هەرچەندە ئەوان ووتبوویان خۆمان بەسەیارە تا دوابنکەی خۆمان دەتان گویزینەوە بەڵام ئیمە ئەوەمان قبووڵ نەبوو بە پێ لەمقەرەوە بەرێ کەوتین لەگەڵ مەفرەزەکەی کاک جەمال حاجی مامەندی لەشەوی ١٢لەسەر١٣_٩_١٩٩٠ بەرێ کەوتین بەرەو شارباژێر کۆتایی بەشی یەکەم چاوەڕێی بەشی تربن




هۆڵندا بیستون فەتاح
وێنەی یەکەم
کاک نەوشیروان. ئاوات قارەمانی
شەهیدی زیندوو عەلی باڵخێی
ووێنەی دووهەم
ڕەحمەتی جەزا پوشێنی
بێستون فەتاح

# (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ)

## بیرەوەرییەک، کە دەبێت لەگەڵیدا بڕۆین و فێری ناسینی یۆنانستان ببین

**نووسینی: نیکۆس کازانتزاکیس**
**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداخی**

هەموو جارەکان کە خەم دامدەگرێت، پەنا وەبەر یادەوەریی ڕۆژانی منالێیم دەبەم! کرو بێدەنگ دادەنیشم و خۆم دەدەمە دەست سەفەری یادەوەریی، خەیاڵم ئەمبات و منیش هیچ توانایەکم لەدەست وپێی خەیاڵ بەهێزتر نییە، ناچار بەدووی دەکەوم و ئەویش خوا هەڵناگرێ، وەک کورێکی خۆی، هێور هێور بەسەر فەرشی خەیاڵەوە بۆ بەرزترین شوێن ئەمبات و دوای لەچاو ترووکانێکدا، دەمهێنێتەوە بۆ ناو هۆشی خۆم. کە چاوانم دەکەمەوە بێ سێ و دوو دەست دەدەمە کتێبی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) باوک و دایک و باپیرانی (کازانتزاکیس)م لێ دەبێت بە هی خۆم! جارجاریش سەرم بەرز دەکەمەوەو بە نیگایەک لە وێنەی (باوک و دایک)م دەنۆڕم. لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵدەدەمەوە، لەگەڵ دلاوەر و کازانتزاکیس،دا دەڕۆم بۆ کریتا، ئەو شوێنەی کە وشە و ڕستەی یۆنانستانی هێنایە زیهنمەوە. چاوم لەسەر دێڕەکان دێت و دەچێت، هەتاکو ماندوو دەبم و چاوم هێزی بینینی کەم دەبێتەوە، کتێبەکە دەیخوێنمەوە، ئیدی کتێبەکە لەباوەشم دەنێم و وەک پەرتۆکێکی پیرۆز ماچێکی دەکەم و بە هێواشی لە شوێنەکەی خۆی دایدەنێمەوە.! پەرتۆکی ڕاپۆرت بۆ گریکۆ، یەکێکە لەو پەرتۆکانە کە بۆ ئەبەد لەیادم ناچێت و بەردەوام لەبەر چاوانمدایە. هێندە زمانی کوردییەکەی جوانە، خوێنەر هەست دەکات، شوێن بەشوێنی ئەو ناوچانە بگەڕێ، کە دلاوەر قەرەداغی لەنێو زمانی ئەم وەرگێڕانەدا بەکاری هێناون، دلاوەر، جارێک ماسیی گرەو لە زمانیان تێدەگات. جارێک جوتیارێکی یۆنانستانەو لە سیحری وشەو دەستەواژەی جوتیاران تێدەگات، جارێک شۆڕشگێڕیکی یۆنانییەو زمانی ئاشتی و پێکەوە ژیانیان فێر دەکات، جارێک دەبێتە مامۆستای قوتابخانە و منالان لە ترسی بومەلەرزە هێور دەکاتەوە. زمانی ئەم پەرتۆکە لە زووربەی ئەوانی دیی دەوڵەمەندتر و کوردانەترە. بۆ نموونە: (بیر لە سالانی خوێندنم لە ئەسینا دەکەمەوەو دڵم گەرەکیەتی هەپروون بە هەپروون ببێت. دەمنۆڕی وهیچم نەدەبینی. تەمێکی چڕ لە فەنتاسیا، مۆڕاڵ و ڕووکەشیی دونیای لێ حەشاردابووم و نەمدەتوانی هێچ ببینم. جحێلی تاڵە، تاڵ و خۆ گەورەبینە بەبێ ئەوەی حاڵی ببێت. کە دەکەوێتە سەر ئەوەی حاڵی بیت، ئیدی جحێلی تێپەڕیوە. ئەو فەیلەسوفە چینییە کێ بوو کە بە پیریی و چاوانی فرمێسکاوی و سەر و ڕیشی سپییەوە لەدایک بوو؟ ل ١٨٦ ) دەست خۆشی بۆ هاوڕێێ ئازیزم دلاوەر قەرەداخی، کە سیحری زمانی وەرگێڕانی بۆ جوانکردنی زمانی کوردیی، لەناو ئەم کتێبە دانسقەیەدا بەکار هێناوە.



# لە کوێ سەی علی ئەسغەر شێخ محمودی بینی
# بۆچی سەی علی ئەسغەر لە کەرکووک دەستگیر ئەکرێت ...




بیۆگرافی هونەرمەندان بەشیکی گرنگی مێژووە , بۆ تێگەیشتن لە کۆی فەرهەنگ , کولتوری و رۆشنبیری کۆمەڵگە ئەم بەشە لە ئەرشیف و دیکۆمینتی مێژووی ئێمەدا زۆر دەگمەنە وە گرنگی ئەوتۆی نەداوتە ئەم بابەتە ئەوەی کەهەیە لە رێگەی زارەکیەوە گێردراوەتەوە یان وەک ( سەرگوزشتەیەی خۆش ) لە نێو یادەوەری کۆمەڵگەدا ماوەتەوە. مێژوو زاکیرەی کۆمەڵگەیە بەبێ دیکۆمێنت کردنی مێژوو کۆمەڵگە بێ زاکیرە ئەمێنێتەوە لێرەوە گرنگیدان بە ژیانی تایبەتی و گشتی کەسە دیارەکانی ناو کولتوری ئێمە بە کارێکی پێویست ئەزانم بۆ تێگەیشتن لە کار و بەرهەمە هونەریەکانی ئەو کەسانەی کە لە مێژوودا کاری جددییان کردوە شوێن دەستیان هەبووە لە پیشخستنی پەروەوەی فەرهەنگی کولتوری و هونەری ئێمە دا .

هەڵدانەوەی بیۆگرافی هونەرمەندان لە رووی هەڵویست و چۆنێتی ژیانیان لە بچوکترین وردەکاری ژیانیانەوە تادەگاتە بەرهەمە هونەریەکانیان ئەو پەیوەندیە گرنگە دەرئەخات لە نیوان رابوورد , ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەدا . کە ئەتوانرێت لە رێگەی شیکاری و لێکدانەوەی سەردەمیانە رەهەندی نوێ ( بدۆزرێتەوە ) لە مێژوودا .

یەکێک لەو کارانەی کە نووسەر ( غفور رشید داراغا ) کردویەتی لە ئەرشیف و دیکۆمێنت کردنی مێژوو فەرهەنگی هونەری رۆشنبیریدا , گەران بەدوای بیوگرافی هونەرمەندەکان و کەسە دیارەکانی ناو مێژووی ئێمەدا بووە, هەوڵی داوە لە شێوەی باسکردنی ئەم وردەکاریانەوە وێنەیەکی شیاو وشایستە بە کەسایەتیەکان بدات وە گرنگی بە وردەکاریەکانی ژیانی کەسایەتیەکان لە رووی چۆنێتی ژیانی رۆژانەیان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە رووداوە کانی ئەو کاتەی کە تێدا ژیاون بخاتە روو , هەروەها ناساندنی شێوە و چۆنێتی خۆگۆرینان.

ئەم هەوڵدانە بۆ نووسینەوەی بیۆگرافی کەسایەتییانە لە نووسینەکانی ( غفور رشید داراغا )دا زۆر بە باشی دەرئەکەوێت نموونەش بۆ ئەم بابەتە نووسینێکی لەسەر هونەرمەند (سەی علی ئەسغەر )ە کە چۆن گەراوە بە دوای وردەکاریەکانی ژیانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کە لە گۆڤاری ( رۆژی نوێ ) لە ساڵی ( 1960 )دا بڵاوی کردۆتەوە و لە فەوتان رزگاری کردوە. زاموئا داراغا 2021/11/01

**سید علی اصغر کوردستانی**

**نووسینی : غفور رشید داراغا**

ناوبانگی بە ( سەی ئەسکەر ) بڵاو بۆتەوە, خەڵکی گوندی ( سەلوەتاوا )یە , کە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاری ( سنە )وە لە کوردستانی ئێران , ئەم گوندە بە قەیاسی نیو سەعات بە سواری دوور ئەبێت لە سنەوە.

سەی ئەسکەر لە ساڵی ( 1876 )ی زاینی لە گوندی ( سەلوەتاوا ) لە دایک بووە, لە بنەماڵەیەکی مام ناوەند کە خاوەنی ئەم گوندە بوون کە بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون , سەی ئەسکەر هەر لە منداڵیەوە بڵیسەی هونەرمەندی لە روویا دیار بووە , کاتی دەستی دایە گۆرانی ووتن لە ماوەیەکی کەمدا ئاوازە کوردیەکان زۆر بە باشی رەوان بکات و گەورەترین پلەی سەرکەوتنی تیا ببری کە هێشتا لە تەمەنی ( 16 ) ساڵیدا بوو, ئیجگار دەنگی خۆش بوو کە لەگەڵ هونەرە بەرزەکەیدا جووتی ئەکرد , بە تەواوی گوێگرانی سەرسام و حەیران ئەکرد, تیکرا تەزوو بە لەشیاندا ئەهات, تەلی عاتیفەیانی ئەبزوان , ئەو خەڵکەی ئەبردە دنیایەکی ئەوتووە کە هەر پربێ لە شادمانی و بەختیاری.

ناوبانگی ( سەی ئەسکەر ) وەک ئاگر و پووش بە هەموو لایەک و کەل و قوژبنێکی کوردستان دا بڵاو بووە لە هەموو کورێکی رابواردندا باس هەر باسی ئەو بوو , تەنانەت لە سلێمانی کاک ( رشید ) ناسراو بە ( رەشەخێل ) کە ئێستا ( حاجی رشید )ە ئەوکاتە لە سلێمانی چایخانەکەی ( سەعولی خەڵف کەریم )ی بەدەستەوە بوو , دوو کەسی راسپارد کە بچن بەدوویا بۆ شاری ( سنە ) بەڵکو بۆ چەند رۆژێک بێتە سلێمانی لە چایخانەکەیدا کۆر بگرێت و ئارەزووی خەڵکی سلێمانی بهێنێتە جی کە هەموو ناوبانگیان بیستبوو و تامەزرۆی دەنگە خۆشەکەی و هونەرە بەنرخەکەی بوون بەڵام بۆی رێ نەکەوت کە بێت .

سەی ئەسکەر لە سەر خواست و داوای کۆمپانیای ( بەیزافۆت ) رووی کردە شاری ( تاران ) کە دەنگ و هونەرەکەی تۆمار بکات, لەوێ هەڤدە قەوانی دەرکرد .

مقامە بەناوبانگەکانی ئەو دەورە کە زۆربەی بە فارسی ئەوتران هەمووی وەرگێرایە سەر کوردی و لە زۆریا شعرە بە سۆزەکانی بویژی بەناوبانگ ( تایەر بەگی جاف )ی بەکارهینا وەکو:-

1- همایون
2- حجاز
3- شور
4- بەیاتی تورک
5- دەشت
6- قەتاری سنە
7- خەمەنگین.

لەگەڵ ئەم مقامانەدا گەلێک بەستەی ئەو دەورەی تۆمارکرد وەکو:- ئای لەنجەیە, شەوەکەی سەرجو... هتد .

سید اصغر کوردستانی نەک تەنها کابرایەکی هونەرمند بووبێ و بەس بەڵکو نیشتمان پەروەرێکی کورد بوو هومموو هونەرەکەی و دنگە خۆشەکەی تەرخان کردبوو لە پێناوی ووریاکردنەوە و پێشخستنی گیانی نەتەوایەتی کود دا, لە پێناوی ئەوەدا هەر چەندە کوردستان لەت لەت کراوەە بەڵام گەلێکی نەمر تیا دانشتووە کە گەلی کوردە هەروا بزانە هاکا راپەری و جوڵایەوە و گشت لەتەکانی پێکەوە لکانەوە .

سەی ئەسکەر کورد پەروەر سەودای بینینی ( شێخ محمود ) پێشەوای شۆرشە مەزنەکەی کوردستانی کەوتە سەر, کە ئەو کاتە ساڵی ( 1936 ) لە شاری بەغدا دەست بەسەر بوو, لەبەر ئەوە لە رێگای ( قەسر شیرین )ەوە رووەو شاری بەغداد کەوتە رێ.

بە دینینی شێخی نەمر شاد بوو, چەند رۆژێک لەلای مایەوە ( شێخ مەحمود ) زۆری پێ خۆش بوو دڵی زۆر بە ( سەی ئەسکەر ) کرایەوە کەوا کابرایەکی هونەرمەندی کورد پەروەر لە کوردستانی ئێرانەوە بەستراو بێتە لای, دەرد و خەفەت و جەخاری گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ دەربخات, بە هۆی هونەر و دەنگە خۆشەکەیەوە .

سەرەرای ئەوە شێخی نەمر هەموو کاتێ حەزی کردووە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ بویژ و وێژەوان و هونەرمەندان دا.

سەی ئەسکەر پاش ئەوەی کە شاد بوو بە دیدەنی شێخ رووی کردە مەڵبەندە نازدارەکەی شێخ شاری ( سلێمانی ) کە گەیشتە کەرکووک لەوێ ژەندرمەکانی دەوری دوابرا و بە توڕەیەکەوە تێیان خوری کە خەڵکی کوێی؟

سەی ئەسکەریش ئەم پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو !!

چونکە ئەو کابرایەکی خەڵکی ئەم کوردستانەیە و لەو کوردستانەدا ئەم پرسیارەی لێ ئەکەن زۆر دڵگیر و زویر بوو وەڵامی ژەندرمەکەی بە توندی دایەوە لە بەر ئەوە ژندرمەکان لە ئۆتۆمبێلەکە دایان گرت و سەرەو خواریان کردوە بۆ کونی ( گرتووخانە )

نزیکەی دوو رۆژێکی تیامایەوە, لە پاشا ( حەپسە خانی نەقیب ) زانی خێرا ئاگاداری دۆستێکی کرد لە کەرکووک کە سەی ئەسکەر ڕزگار بکات .

توانرا کەواز بە ژەندرمەکە بهێنرێ لە شکاتەکەی سەی ئەسکەر بە بەندی ناردیانە شاری سلێمانی و شەو لە سەرا مایەوە , بەیانی لە ڕێگای پێنجوێنەوە رەوانەی ئێرانیان کردەوە.

سەی ئەسکەر پیاوێکی تابڵێی زۆر کەڵەگەت بوو , چوارشانە و گەنم رەنگ بوو, دەم و چاوی ئاوڵە کونجی کردبوو , بەڵام زۆر لێی نەکردبوو بە عەیبە .

زۆر دڵخواز بوو حەزی بە بەزم و ڕابواردن ئەکرد , بەڵام زۆر جار بە درەنگ ئەکەوتە ووتن پێش ئەوەی بکەوتایە ووتن , هەموو دانیشتوان خامۆش ئەبوون و چاویان ئەبریە سەی ئەسکەر, بەڵام کاتێک کە تێی ئەچریکان بە ئاوازە شیرینەکەی بە هونەرە بێ هاوتاکەی لە هەموو لایەکەوە خەڵک پۆل پۆل وەکو پەپولە شیدای چرابن لێی کۆئەبوونەوە .

سەی ئەسکەر یەکەم کوردێکە کە کەلەپوورێکی هونەری گۆرانی و مۆسیقا بۆ بەجێ هێشتوین ، هەرچەندە هونەرەکەی و دەنگە خۆشەکەی بەر لە *چارەکە سەدەیک تۆمار کراوە ، بەڵام ئێستاش کە لە ئیستگەکانەوە لێ ئەدرێت خەڵک بەڕێزێک و خۆشیەکەوە گوێی لێ ئەگرن .

سەی ئەسکەر کەواو سەڵتە لە سەریەوە عەبایەکی کوبایی سووری لە بەر ئەکرد ، جار جارە تەپلە و مشکی و هەندێ کڵاو و مشکی ئەبەست .

ئێستا لە ئیستگەی رادیوی کۆماری عێراقدا تەنها ( حەوت ) قەوانی هەیە , یانی ( دە ) قەوانی وونە ، رەنگە لە شاری سلێمانی یان شارەکانی تری کوردستان یان لە کۆمپانیای ( بەیزافۆن ) لقی تاران بە چنگ بکەوێ .

ئەمڕۆ پێویستی سەر شانی ئیستگەی ڕادیوی عێراق ، کۆمەڵی ئاوازی کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی و کۆیەیە ، کە هەوڵ بدەن گشت قەوانەکانی سەی ئەسکەر کۆبکەنەوە ، سەر لەنوێ تۆماری بکەنەوە و نۆتەکەی بنووسنەوە بتوانن چاپی بکەن .

ئەو هونەرمەندە ، ئەو کورد پەروەرە ، ئەو دەنگ یوسفیە لە تەمەنی ( 61 ) ساڵیدا ، لە ساڵی ( 1937 )ی زاینی کۆچی دوایی کرد ، لە گۆڕستانی ( تایلان ) لە گەرەکی چوارباخ لە شاری ( سنە ) نێژرا ، دەنگە خۆشەکەی و هونەرە هەڵکەوتووەکەی بردە تۆیی گڵەوە .

سەی ئەسکەر ( 3 ) سێ کوڕی هەیە بەناوی :- سەی ئەول محمد ، سەی ئەشرف و سەی ماشاءالله ، *ئێستا لە شاری ( سنە ) بە بازرگانیتی یەوە خەریکن .

زۆر سوپاسی کاک ( رەشۆڵ ) و کاک ( مجیدی قالەی حەمامچی ) ئەکەم کە لە نووسینی ئەم باسەدا یارمەتیان دام .

نووسەر غفور رشید داراغا ( 1923-1976 ) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە .

*لێرەدا بە پێی ئەو کاتەی نووسەر ئەم نووسینەی نووسیوە کاتەکەی داناوە .

*ئەم نووسینە لە گۆڤاری ( رۆژی نوێ ) ژمارە ( 9 ) کانونی یەکەم ساڵی ( 1960 ) گۆڤارێکی ئەدەبی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی . مانگی جارێک دەرئەچێ .

*گۆڤاری ( رۆژی نوێ ) بەرگی دووەم ( ژمارە 7-12 ) ئامادەکردنی سدیق سالح ، رەفیق سالح ، لە بڵاوکراوەکانی ( بنکەی ژین )

**ویکیپیدیا**

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

گوڵە کێویلەیەک بەبناری هەیبەت سوڵتانەوە کۆیە گوڵاو پڕژێن ئەکات ، هەناسەیەک بەپرۆشەی باخەکانی چنارۆکەوە، حاجی قادرانە عاشقە

هەڵۆیەک لە ئاسمانیش یاخی یە و لەهاواری مەلای گەرە دەچێ لەهیچ کوێ یەک ماڵی نابێ ،پەپوولەیەک بەس بۆ گوڵ و چرا ئەژێ ،هەنگاوی نیوەشەوی ناو ڕێگای سەختی خەبات و نەسرەوتوو هەرگیز هیلاک نەبوو ،هەمیشە گڕو سوتان و کۆشش بۆ خاک و نشتیمان لەگەڵ هەموو ئازارێکدا هەتوان بۆ هەموو تاریکی یەک چرا ،بۆ هەموو باخێک هەناسە ، بۆ هەموو لووتکەیەک سەنگەر لەپێدەشتا مەتەرێزو بۆ هەموو لێوێکی تینوو خەندەو بۆ هەموو ناحەقیەک قوربانی .

پیاوە جوانەکەی نیشتیمان و شارە خۆراگرەکەی کۆیە نەمر شەهریار ساڵح حەمید مفتی ساڵی ١٩٥٧ لەخێزانێکی نیشتیمانی و کوردپەروەر لەشارۆچکەی کۆیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە،

تا پۆلی شەشی ئامادەیی خوێندووەبەپلەیەکی باش و نایاب ،بەڵام لەبەر هەڵوێستی کوردایەتی ونیشتیمان پەروەرانەی تێکەڵاو کاری سیاسی بووەو ،زۆر چالاکانە بەشداری لەڕێکخستنەکانی ناو شار کردووەو ئاشکرا بووە لای دەزگا سیخوڕیەکان بۆیە ڕوی کردۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە و پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیووە تا بووەتە فەرماندەی کەرت لەتیپەکانی ٩٣ ی کۆیەو ٩٩ ی بیتوێن لەکاتی جیاوازدا،بەشداری و سەرپەرشتی دەیان و سەدان شەڕی قورس و سوکی کردووە وەکو داستانی قورەبەرازەو دۆڵی خەلەکان و گرتنی چەندین ڕەباەیەو ،،،هتد ناوچەکەو خەڵک و پێشمەرگە شاهیدی قارەمانی بوێری ئەدەن ،چەندین جار بریندار بووە ،

بەداخەوە لە ١٩٨٧/١١/٠٤لەشەڕێکی نابەرامبەردا لەدۆڵی خەلەکان ،هەرچەندە ئاگاداریان کردووە کە هێزێکی زۆر بەرێوەیەو هی شەڕ و بەرگری نی یە ،قائد فیرقەی چوارقورنە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات و بە تانک و زرێپۆش و کۆپتەر و چەندین چەکی قورسەوەن کەئەمان تەنها هەشت پێشمەرگە بوون ، بەڵام ئەم ئەڵێ ئێمە بۆ ڕاکردن لێرە نین دەبێ بجەنگین شێرانە سەنگەریان لێدەگرن و قارەمانانە دەجەنگن ،بەڵام زۆر بەداخەوە بریندار دەبێت و بەبێ هۆشی دەسگیری دەکەن تا لە دوایی لەفیرقەی چوارقورنە دوای لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر گەشمردەی دەکەن و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە یادو یادەوەری بەخێر ڕەوانی پاکی شاد /ڕزگارەسوور



ئەم ژیاننامەیە لە سایتی خاک تیڤی وەرگیراوە

# شێخ مەحموودی حەفید (1881 - 1956)

دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ-ە
ساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی لەو بنەماڵە ئاینیە بەناوبانگە لەدایکبووە، کە دوای هەرەسهێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست. شێخ مەحمود بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و ماموستایانی وەک (عەبدوڵڵا ئەفەندیو زێوەر) دەرسیان پێوتووە.

هێشتا منداڵ بووە کە لە خزمەتی باوکی دا سەردانی ئەستەنبوڵی کردووەو لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشوازی لێکردون.

ساڵی ١٩٠٨ بەپیلانی تاقمی ئیتیحادو تەرەقی لە شاری موسڵ شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای شەهیدکران، ئیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی شێخ مەحمود کە لەو کارەساتەدا زۆر بەزەحمەت رزگاری ببوو. شێخ مەحمودی حەفید وەک شەخسیەتێکی موسڵمان، ساڵی ١٩١٥ بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا دژ بەئینگلیز لە ناوچەکانی کوتو شوعەیبەو بەخۆیو چەند سەد سوارێکی کوردەوە بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواند.

ساڵی ١٩١٨ کاروباری شاری سلێمانی گرتەدەست و لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩ دا نەبەردێکی گەورەی لە دەربەندی بازیان دژی ئینگلیز تۆمارکرد، لەو شەڕەدا شێخ مەحمود بەبریندارى کەوتە دەست ئینگلیزو دواتر لە دادگایەکی کارتۆنی دا حوکمی لەسێدارەدانی درا، بەڵام لەژێر گوشاری رای گشتی دا و لەترسی بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورەی کورد، ئەو حوکمە گۆڕا بە (١٠) ساڵ زیندانی و شێخ مەحمودیان دوورخستەوە بۆ هیندستان.

ماوەی سێ ساڵی دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەی ئاڵۆزکرد، بۆیە ساڵی ١٩٢٢ رێیپێدرا بگەڕێتەوە کوردستان و هەر هەمان ساڵ شێخی نەمر لە سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراندو هەموو تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ پتەوکردنی ئەو حکومەتە، بەڵام سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەورە هێزەکانی دنیا دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بوون و ئینگلیز بەتەواوی پشتگیری لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق دەکردو لەشکرکێشییان دەکردە سەر کوردستان.

شێخ مەحمودی حەفید ماوەی چەند ساڵێک شەڕی پارتیزانی درێژە پێداو دواجار لەئاکامی گەلەکۆمەکێی هێزە ناوچەییەکان و هێزە گەورەکانی جیهان، شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٦ دەستی لە چالاکی سیاسی و عەسکەری هەڵگرت و لەگوندی پیران دانیشت، بەڵام کە راپەڕینەکەی خەڵکی شاری سلێمانی لە رۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ خەڵتانی خوێن کرا، شێخ مەحمود دەستیدایەوە چالاکی دژ بەهێزی ئینگلیزو هێزی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق و چەند نەبەردێکی تۆمارکرد، لەوانە شەڕی (ئاوباریک، شەڕی کەناروێ و شەڕی سورداش)، بەڵام پارسەنگی هێزە عەسکەری و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی کورددا نەبوون، بۆیە شێخ مەحمود لەساڵی ١٩٣١دا کەوتە دەست دوژمنانی کوردو بەدەستبەسەری لە بەغداو ناوچەکانی تری عێراق دا خرایە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٤١و لەکاتی هەراکەی رەشید عالی گەیلانی دا شێخ مەحمود گەڕایەوە کوردستان و لە گوندی داریکەلی نیشتەجێ بوو. دوا کاتی ژیانی لێ بەسەربرد هەتا کۆچی دوایی کرد.
ستیڤن لۆنگریك" لە پەرتووکەکەی "عێراق لە 1900 - 1950"دا لە بارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودەوە دەڵێ: دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە ڕەواندزی گرتەوە و ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەیشی سەر بە میرییەکی شێخ بوون و بە دەیان سەرۆك خێڵی کوردی کەوتنە پاڵی و کوردی بووە زمانی فەرمی میرییەکەی و فەرمانبەری لە کورد بەولاوە کەسی تر نەبوون ،



شێخ مەحمووود هەستی دەکرد بەریتانیا بە دڵ لەگەڵ کورد نییە و وردە وردە لە پەیمان و بەڵێنەکانی کە بە کوردی دابوون پاشگەز دەبێتەوە ، بۆیە لە ڕۆژی 21ی مایسی 1919دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ڕاگەیاند و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی و ناوچەکانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیل گرتن.

بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلیزەکان هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لە دەربەندی بازیان بە لەشکری خۆ بەختکاری شێخ مەحمووود گەیشتن ، بە چەکی نوێ لە کوردیان داو لە ئەنجامدا شێخی نەمر لە پەنا بەردە قارەمان بە بریندارى بەدیل گیراو بردرا بۆ بەغدا و دادگای سەربازی فەرمانی لەسێدارەدانی دا ، بەڵام دوایی بیریان لەوە کردەوە گەر شێخ مەحمووود بکوژرێ باری کوردستان پتر ئاڵۆز دەبێ و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتوون و هێرشی نەکردووەتە سەر سوپای بەریتانیا ، بەڵکو لە باری بەرگری لەخۆکردندا بووە ، بۆیە بڕیاریاندا فەرمانی سزاکەی سووك بکرێ و دوور خرێتەوە بۆ هیندستان.

لە پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمووود لە سلێمانی باری ئاسایشی کوردستان پتر تێکچوو ، بۆیە بەریتانیا بیری لە هێنانەوەی ئەو پاشایەی کوردستان کردەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو پەشێوییە ، وابوو ئینگلیزەکان لە دوای مانگی ئەیلوولی ساڵی 1922 دا شێخ مەحمووودیان هێناوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکراو ناوی نا پاشای کوردستان و لە مانگی تشرینی دووەمی 1922 دا میرییەکی نوێ ی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عێراق فەیسەڵی یەکەم دانیان پێدا هێنا.
بەڵام ئەم جارەش بەریتانیا لەگەڵ کورد سەر ڕاست نەبوو ، بە تایبەتی کە پەیمانی سیڤەر پووچەڵکرایەوە و لە شوێنی ئەو پەیمانی لۆزان لە 1923/7/24 دا لەگەڵ تورکیای کەمالی مۆرکرا ، دووبارە لە میرییەکەی شێخ مەحمووود دراوە و ماوەیەك پاشا مەحمووود چووە چیای سورداش و دوایی گەڕایەوە سلێمانی ، بەڵام لە ساڵی 1924 دا سوپای عێراق بە پشتگیری تانك و تۆپ و فڕۆکەی بەریتانیا سلێمانی داگیر کرد و ئەندامی بەریتانیا خودموختاریشی بۆ کورد ڕەوا نەبینی تەنیا ئەو مافەی دا بە کورد "کە فەرمانبەرەکانی کوردستان کورد بن یان کوردی زان بن و زمانی کوردی بکرێ بە زمانی فەرمی لە ناوچەکەدا" ئەمەیش بە نامەیەکی فەرمی بۆ شێخ مەحمووود نارد و تێیدا نووسی لەوە زیاتر چی دیکەتان پێ نادرێ.





دوا راپەڕینی شێخ مەحموود لە دژی میری عێراقی ژێر چاودێری بەریتانیا لە دوای شەڕەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەك لە خۆپیشاندەران بوو ، کە ئەوساکە لە دیوی کوردستانی ئێران لە (پیران) دادەنیشت ، کە هەواڵی ئەو راپەڕینەی میللەتی زانی ، هاتە دیوی پێنجوێن و ئەو ناوچەیەی ئازاد کرد و پیاوماقوڵی ئەو ناوەی کۆکردەوە و بە هەموویان لەسەر ڕاسپاردەی شێخی نەمر یادداشتێکی توندیان بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا نووسی و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدا نووسی ، کە بریتی بوون لە مانەی خوارەوە:

1.دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین و هیچ عەرەبێك نە سەرباز نە سیڤیل لەم شوێنەدا نەمێنێ.

2.ئەم ناوچەیە واتە "کوردستان" لەژێر چاودێری بەریتانیا دابێ تاکو کۆمەڵی ئەقوام (عصبە الامم) بڕیارێکی لەسەر دەدات.

3.بەرەڵلاکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی (شەڕی بەردەرکی سەرا) وە گیراون و دوورخراونەتەوە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان.

4.هەر ئەفسەر و فەرمانبەرێکی کورد لە وڵاتی عەرەبستاندا هەیە بنێردرێنەوە بۆ کوردستان.

لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەم یادداشتە ، دەستەیەك لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراق هاتنەدەر و چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخی نەمر لەوانە: "مەحموود جەودەت ، حەمید جەودەت ، کامیل حەسەن" هەروەها "ماجید مستەفا"ش خۆی ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لە پێناوی سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.

ئەم گەورە پیاوەی کورد جگەلەوەی کە جێپەنجەی بەسەر هەموو رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقەوە هەیە، شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی گەورەش بوو. خوێندەوارێکی بەسەلیقەو شاعیرێکی بەهرەداریش بوو. پێکهاتەو حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ مەحمود نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە بایەخیداوە بە خەڵکی رۆشنبیرو زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرو شاعیرو رۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان بەشۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردووە. لەخەباتی پارتیزانیش دا رۆڵی خوێندەوارو رۆشنبیری بەرز نرخاندووە، بۆیە چاپخانەکەی رۆژنامەی (بانگی حەق)ی لە ئەشکەوتی جاسەنە دا جێگیرکرد. بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە ئەو راستییە ئاشکرا دەبێت کە لەرووی ئیداری و عەسکەری و دیپلۆماسییەوە شێخ مەحمودی نەمر هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشاو ئەمیرانەی کە لە دەورو پشتی کوردستان دا پشتگیرییان لێکراوە. ئەم شەخسیەتە ناودارەی کورد رۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا کۆچیدوایی کرد. رێورەسمی پێشوازیکردن لە تەرمەکەی و بەخاکسپاردنی ئەو تەرمە پیرۆزە بوونە پریشکی هەڵگیرسانەوەی راپەرین و خۆپیشاندان لە کوردستان دا. کۆچیدوایی شێخ مەحمودی حەفید زیانێکی گەورەی بەبزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خەڵکی کوردستان گەیاند، بۆیە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد شیعرو بەرهەمییان بۆ نووسیوە.



2

**داواکاریەک بۆ لایەنە پەیوەندارەکان ، سەبارەت بە کەیسی کۆچبەران.**

بۆ / بەڕێزان لە:

* سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.
* پەرلەمانی کوردستان.
* حکومەتی هەرێمی کوردستان.
* سەرۆکایەتی کۆماری عێراق.
* ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
* حکومەتی عێراق.
* لایەنە پەیوەندارەکانی کۆچبەران و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و عێراق.
* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و هەرێمی کوردستانی فیدراڵ.

بەڕێزان .. داواتان لێدەکەین وەک هەستی بەرپرسیاریەتی و مافی هاوڵاتی و هاونیشتمانی بون بۆ کەیسی گێڕانەوەی کۆچبەرانی سنورەکانی بیلاڕوس ، هەر کۆچبەرێک بڕێک پارەی بۆ دابین بکرێ بە پێی دراسەی تێچوی هەر کۆچبەرێک و ئەو بڕە پارەیی خەرجیکردوە ، ئەمەش وەک قەرەبویەک بۆ هەر کۆچبەرێ ، پاشان هەوڵ بدرێ لە ڕێی لایەنە پەیوەندارەکانەوە هەلی کارو شوێنی نیشتەجێیان پێ بدرێت ، کە ئەم کەموکوڕیانە لە پەنای هۆکاری نەبونی سیستەم و نایەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هۆکاری کۆچی کۆچبەرانن.

وەک ( ڕێکخراوی ئانیا بۆ گەشەپێدانی توناکانی تاک ) پێمان وایە کارکردن لەسەر ئەم داواکاریانە و جێبەجێ کردنیان دەبێتە هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی توانای مرۆیی عێراق و هەرێم و سەرلەنوێ بەگەڕ خستنەوەیان.

ڕێکخراوی ئانیا بۆ گەشەپێدانی تواناکانی تاک

سلێمانی

ڕێکەوتی ١٧/١١/٢٠٢١

5

هاوپێچ ناوی نوسەر و شاعیر و کەسایەتی جیاواز و ڕێکخراوەکانتان بۆ دەنێرین کە پشتیوانی ئەم کەیسەن .

تکایە هاوڕێیان هەر ڕێکخروێک یاخود چالاک وانی مەدەنیە یان فەرمانبەرە لای خۆی شێری بکات ناوی خۆی بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە لای خۆیەوە سوپاستان دەکەین

١-بەیان ئیبراهیم

بەڕێوبەری ڕێکخراوی ئانیا

٢-ئەردەڵان شێخ فاتیح بەرزنجی،سەنتەری باشور بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

تۆڕی ڕێکخراوەکانی سلێمانی

ئەنجومەنی فشار

٣-جوتیار قادر کریم

نوسەرو شاعیر

٤-دلشاد بابان ڕێکخراوی ڕێگا بۆ گەشەپێدان

٥-ئەجات ڕۆستی ریکخراوی میدیا بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامە نوسان

٦-عبدلقادر سعید سەرچناری

نوسەرو شاعیر و ڕۆمانوس

٧-محمدرسول محمد

چالاکوانی مەدەنی

٨-میوان قەرەداغی /ڕێکخراوی برەودانی

گەنجان

٩-ڕێکخراویSYEO

١٠- ڕێکخراوی کیکۆ

6

١١- ڕێکخراوی شنەبای خاک

١٢- ساامان قادر

١٣- جزا محمد جێگری لقی سلێمانی یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان

١٤- گوڤەند ئەحمد.

ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی کورد بەریتانیا.

١٥- زانا قەرەداغی

.ڕێکخراوی دوستانی ئما

١٦-ڕێکخراویCSAD

١٧-نەسرین حسین سالح

ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی کورد بەریتانیا

١٨-ڕێکخراوی بەرەو هیواکانی کچان و ژنان /

امینە علی حمە صالح

١٩-ئاوات حسام الدین نوێنەری زەردشتیان لە وەزارەتی ئەوقاف

٢٠-ڕێکخراوی ئاشەڤان

٢١-ڕێکخراوی یەسنا

٢٢-سەنتەری کۆمەڵایەتی کۆیانی شاری سلێمانی

٢٣-کە وسە ر حسن نادر

کومە لە ی زامي کوردستان

٢٤-سەلام سعید مەولود نوسەرو شاعیر

٢٥-بەندی علی نوسەرو شاعیر

٢٦ -هاودەنگ سلێمانی چالاکوان و ئازادیخواز

٢٧-ڕازاو رەئوف فەرمانبەرلە کتێبخانەی گشتی

7

٢٨-تۆری ڕێکخراوەکانی سلێمانی

٢٩_ڕێکخراوی خۆری ئاشتی


٣٠-ڕێکخراوی قەرەداخ بۆ گەشەپێدان

٣١-هەنار مفتی نوسەرو شاعیر

٣٢-لاوک کونجرێنی نوسەرو ڕۆژنامە نوس

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ئالان فەتاح

-1977 شاری سلیمانی لەدایکبووە
-1997 پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلیمانی تەواو کردووە
-2003 کۆلیژی هونەری زانکۆی سلیمانی تەواوکردووە
-2007 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە
-بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوەو دەرەوەی کوردستان


ئالان فتاح

1977ولد في مدينة سليمانية
1997 تخرج في معهد فنون جميلة ( فرع رسم ) في سليمانية
2003 تخرج في كلية فنون جميلة في جامعة سليمانية

معارض شخصية


2007أول عرض شخصي في قاعة متحف وطني في مدينة سليمانية
2007معرض في كلية فنون جامعة سليمانية

اشتراك معارض

1993معرض ( نجوم سوداء ) بأعمال كرافيك في متحف وطني/سليمانية
2011معرض للمعلمين تشكيلين في قاعة (أمنة سووركة )/ سليمانية
2012معرض غاليرى زاموا / سليمانية
2012معرض ( ذكرى تأسيس مدينة سليمانية ) قاعة فن
2013معرض للفنانين أكراد / قاعة أمن سووركة














# لە سەرگورشتەکانی نوری سەعید

نوری سەعید سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابوردو،کوێ بیستی ئەوەبوو تورکیا دەیانەوێ کێشەی ویلایەتی موسڵ زیندوبکەنەوەو دەست لەکاروباری عیراق وەردەن ،ئەوکات سوپای عیراقیش هێندە بەهێز نەبوو تا ڕوبەڕوی سوپای تورک بێتەوە،نوری سەعید نەگەفی کردونە داوای هێزو هاوکاری لەبەریتانیەکان کرد،بەهێمنی بەدەستەودایەرەکەی ڕاگەیاند کەفرۆکەیەکی بۆئامادەکەن دەچێ بۆ ئیتالیاو چوو بۆ ئەوێ وتەنها کوپە قاوەیەکی خواردەوەو گەڕایەوە بەغد.


ئینگلیزەکانیش چاودێرییان دەکرد بزانن چی دەکات، ئەوکات وسەردەمە ئیتالیەکان بەرامبەر ئینگلیزەکان دەوەستانەوەو لەوەش دەترسان ئیتالیا دەست لەکاروباری عیراق وەربدات لەگەیشتنەوەی بۆ بەغدا ئینگلیزەکان لێیان پرسی بۆچی سەردانی ئیتالیات کرد لەوەڵام دا نوری سەعید پێی گوتن بیستبوم گوایە نەخشەو پەیماننامەکەی ویلایەتی موسڵ لای ئەوان هەیە...

ئینگلیزەکان بەنوری سەعیدیان ڕاگەیاند هەمو نەخشەو پەیماننامەکە لای ئێمەیە بۆیە واز لە ئیتالیەکان بێنە ئێمە چارەسەری تورکەکانت بۆدەکەین،بە کوپێ قاوە خۆی لەتورک ڕزگار کرد...بەڕاستی ڕێوی سیاسەت بوو....

ڕۆژانەکانی نوری سەعید

نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتی دەلاکێکی تایبەتی هەبوە، دەلاکە کوڕێکی هەبوو،هەرجارەی سەری تاشیوە کورەکە پێی گوتوە پیرۆز بێت وجاران وابوە ئاو دەکرا بەسەری ئەوەی سەری تاشیوە نوری سەعیدیش سەری دەشوات وکوڕە خاولی بەسەری دەدات وبۆی وشک دەکاتەوە وهەموو جارێ شاگردانەی خۆی وەردەگرێ...کورە گەورەدەبێ باوکی یەکێ لەوجارانە بەنوری سەعید دەڵێ پاشا بەلکو شتێکمان بۆبکەی کوڕەکەم ببێ بەئەفسەر لەسوپای عیراق دا...نوری سەعید پێدەکەنێ ودەڵێ کوڕەکەت فیربوە سەری خەڵک بشوات و ووشکی کاتەوەو شاگردانەی خۆی وەرگرێ گەرچوە ناوسوپاوە وبەرتیلیان پێدا یا شاگردانەیەکیان پێدا بەرامبەر کارێکی نابەجێ بێگومان دەیکات کەواتە کوڕەکەت شوینی سەرتاشخانەیە نەک ڕیزەکانی سوپا...

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
عوسمان عومەر





## گەمژەیی

نوسینی ئەنتوان تشیخۆف

دەڵێن ئەو ڕۆمان نوسە بەناوبانگەی ڕووس ئەم کورتە چیرۆکەو شاکارەی لەئەدەبی ڕووسی بۆ گەلانی وەک ئێمە نوسی بێ , چونکە لەگەڵ واقیعی ئەمرۆی وولاتەکەمان گونجاوە .

تیشخۆف دەڵێت:

دایەنێک هەبوو بەناوی یولیا ڤاسیلینا لەبری دایک و باوکان منالی بەخێو دەکرد لەماڵان دا وانەی پێدەگوتن.لەماڵێکی دەولەمەند وخانەدان کاری دەکرد.

یولیا دوومانگ بوو موچەی کارەکەی وەرنەگرتبوو....

خاوەن ماڵەکە ڕۆژێکیان بانگی کردە ژوورەکەی خۆی تا حەق و حسابی لەگەڵ بکات, یولیا هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە بۆ ئەوە و داواشی نەدەکرد...!

دانیشە یولیا دەزانم پێویستت بەپارەش هەیە بەلام بۆچی خۆت ئەو بویریەت نییە داوای بکەی؟

باشە ئیمە وا ڕێککەوتنمان کردووە کە مانگانە ٣٠ ڕۆبلت لەبری کارەکەت پێ بدەم .

یولیا لە ژێر لێوەوە نا قوربان بریاربوو ٤٠ ڕۆبڵ بێت ....نا لای خۆم تۆمارم کردووە.

خاوەن ماڵ بۆ ئەوانەی پێش تۆش هەر ٣٠ ڕۆبلم وەک کرێ دیاریکردووە...

زۆرباشە ماوەی دوومانگە لامان کار دەکەیت ...

یولیا بەشەرم و ژێر لێوەوە گوتی نا گەورەم دوو مانگ و ٥ ڕۆژە ... نا دوو مانگی تەواوە لای خۆم نوسیومە.. یولیا با قسەی تۆبێ گەورەم .

خاوەن ماڵ: مافی تۆ لای من ٦٠ ڕۆبڵە ٩ ڕۆژی لێ دادەشکێنین لەبری ڕۆژانی یەک شەممەکان چونکە تۆ لەو ڕۆژانەدا هیچ وانەیەکت پێ بە (کولیا)نەگوتووە تەنها بردوتە بۆ پیاسە , ٣ ڕۆژ جەژنیش هەیە... کولیای کورم ٤ ڕۆژناساغ بووە تەنها وانەت بەڤاریای کچم گوتوە ڕۆژێک بەهۆی دان ئێشەوە مۆلەتت لە هاوژینەکەم وەرگرتووە کە پشو بدەی بۆیە ١٩ ڕۆبڵت لێدەبڕم واتە ٤١ ڕۆبلت لای من ماوە ....

چاوەکانی یولیا سوور بونەوەو پربون لەفرمێسک و کۆکەیەکی دروستکراوی کرد و هەربێ دەنگ بوو. قسەی نەکرد.

خاوەن ماڵ:

لەجەژنی سەری ساڵ دا فنجانێک و ڤاپێکت شکاندووە ٢ ڕۆبلت لەسەر ئەوە لێ دەبڕم,هەرچەندە فنجانەکە لەو نرخە زۆرترە, بەهۆی بێ ئاگاییت لە کولیا چوتە سەردار و چاکەتەکەی دڕاوە, هەر بەهۆی بێ ئاگایی تۆوە خزمەتکارەکەشمان پێلاوێکی ڤاریای دزیوە بۆئەوەش ١٠ ڕۆبلت لێ دەبڕم, لەمانگی کانونی دووەمیش ١٠ ڕۆبلت بەدەستی لێ وەرگرتووم ...

یویلیا گەورەم دلنیابە هیچم لێ وەرنەگرتوی ....بەتوڕەیی نا ...نا لای خۆم نوسیومە یولیا باوابێ گەورەم.


چاوەکانی یولیا پر فرمێسک بوون واتە تەنها١٤ ڕۆبلت لای من ماوە ... ئەزیزم فەرموو ئەوە پارەکەت ...

یولیا پارەکەی بەشەرم وترسەوە هەلگرت و خستیە گیرفانی و گوتی سوپاس ...
 یولیا گەورەم ٣ رۆبلیشم لە هاوژینیش وەرگرتوە .ئەوەم نەنوسیوە واتە ١١ رۆبلت لای منە .
خاوەن مالْ زۆر پەست و تورە و هەرهاتوچووی بووی لە ژوورەکەدا ...
بەتورەیی لێی پرسی :
بۆچی سوپاسم دەکەی .... ؟بۆ پارەکە
خاوەن مالْ :
پێی گوت من مافی تۆم خواردووە، دزیم لێکردی ، درۆم لەگەل کردووی بۆچی سوپاسم دەکەی؟

یولیا لەهەندێ شوێن ئەوەشیان پێنەداوم ...
خاوەن مالْ من  گالْتەم لەگەل کردی ها ئەوە ٨٠ رۆبلەکەت بەلام بۆچی ئەوەندە بێ دەسەلات و دەستەوەستان بویت بەرامبەرم ئەوە مافی خۆت بووە بۆچی بێ دەنگ بووی؟ بۆچی بەو شێوەیە بێدەنگیت هەلبژارد ؟ ئایا تا ئەو رادەیە زارەترەک بووی؟ گەمژەیی تا ئەو رادەیە لەمافی خۆت بێدەنگ بیت؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ یێ ددان بێ لەژیان دا ؟

کاتێ لەمالْ چووە دەرەوە گوتی:
چەندە قێزەونە کە مرۆڤ هێندە بێ هێز و زەبون لاواز بێت لەم دونیایە ...
تیشخۆف بۆیە ئەم چیرۆکەی ناونا گەمژەیی چونکە واقیعی گەلانێک پێشان دەدات کەبەبەر چاوی خۆیانەوە دزییان لێدەکرێ لەلایەن حوکمرانەکانیان و وورتەش ناکەن و لەهەمان کاتیش دەست خۆشییان لیدەکەن و سوپاسیان دەکەن وچەپلەشیان بۆ لێدەدەن کە دەژین و ئەو چکە چکەیەیان پێدەدەن ...

**بەرچڤەکردن وئامادەکردنی**
**عوسمان عومەر**
**٢٤ی ئەیلولی ٢٠٢١**





## ڤۆدگا لەبری موچە

لەنەوەدەکان ولەکاتی قەیران دا لەیەکیتی سۆڤیەتی جاران مامۆستا رووسەکان لەبری موچەکانیان چەند قاپێ ڤۆدگایان پێ دەدرا واتە ڤۆدگا لەبری پارە ئەوە بەکارێکی لۆژیکی دادەنرێ کاتێ کەدراوەکەت بێ بەها دەبێ ونرخی دادەبەزێت.
لەگەلْ دارمانی یەکیتی سۆڤیەت وبەرزبونەوەی ئاستی هەلْئاوسان بەرۆبلْی خۆیان دەگوت پارەتەختەییەکە
لەسالْی ١٩٩٨دەسەلاتدارە رووسەکان لەیەکێ لەناوچەکانی سیبیریا ٨٠٠٠ مامۆستا هەریەکەیان ١٥ قاپ ڤۆدگایان لەبری سەرەتا پێشنیار کراوە  UPIموچەکانیان پێدرا، بەپێی راپۆرتی کلینکسی تەوالێت بێ بەلام دواتر رایان لەسەر ڤۆدگاکە گیرساوەتەوە چونکە تاکە شتێکە دەتوانرا بفرۆشرێ یا ئالْوگۆری پێبکرێ بەنان وخۆراکی دیکە.
پێشنیار بۆ حوکمەتی خۆشمان دەکەم لەبری موچە پاشکەوتکراوەکانمان هەریەکە بەپێی برێ پاشکەوت کراو لەئۆتۆمبیل ومولْک وشتی زیاد لەخۆیانمان پێ بدەن ئێمەش یا دەیگۆرینەوە بەنان وخواردەمەنی یا دەیفرۆشینەوە با ئەوەندە بەرویان دا نەدەینەوە بلْێین قەرزارن وئەوانیش درۆمان بۆبکەن.با تورکیاش لەئێستادا نرخی لیرەی هارەی کردوە وەک پێشنیارێ هەر خێزانێ چەند بوتلْێ لەوشیرەی سەرۆکیان لێی خواردۆتەوە پێبدات بەلْکو سەری ئێردۆغان ورژێمەکەی بخوات.

**عوسمان عومەر**



# بۆیەکەم جار ئوتومبێل چۆن هاتە سلێمانی

## گەراجی (موهەندیس خانە ) لەساڵی ١٩١٩ بۆ فێر بوونی شۆفێری و فیتەری کێ دروستی کرد

### بەشی یەکەم

نووسین و دارِشتنەوەی : ئامانجی مامۆستا عمر

پێش هاتنی ئوتومبێل بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩١٩حاڵی هاتوو چۆ گواستنەوە چۆن بوو

کەسە ناودار سەرۆك عەشرەت و دەوڵەمەندەکان وئەفسەرەکان ئەسپیان بەکار دەهێنا لەسلێمانی ولەشارەکانی عێراقیش هەمان شێوە بوو
بازرگان و پیشەوەرەکان هێستریان بەکار دەهێنا بۆ گواستنەوەی کاڵاکانیان و هاتوچۆ بەتایبەت بازرگانە کوردەکان کەرێگای شاخ و گردۆڵەیان لەبەردەم رێگایان بوو وە هێستریش بەوە ناسراوە کەتوانای لەئەسپ زیاترە بۆ هەڵگرتنی باری قورس لەهەمان کاتدا زۆر وریایە لەرێگای شاخدا
جوتیار و کەسی ئاسایی گوێ درێژیان بەکار دەهێنا بۆ گواستنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و گواستنەوەی دار و هاتوو چۆی خۆیان
لەهەمان کاتدا لەناو شارەکان  ئەسپ و عەرەبانە هەبوو  عەرەبانەی یەك ئەسپی و دوو ئەسپی بۆ گواستنەوەی کاڵا و هاتوو چۆ
هاتنی یەکەم ئوتومبێل بۆ شاری سلێمانی ساڵی ١٩١٩
کاتێك مێجەرسۆن حاکمی ئینگلیز دەبێت لەشاری سلێمانی بۆ یەکەم جار داوای دوو ئوتومبێل دەکات لە کارگێری سەربازی ئینگلیز لەشاری بەغداد لەهەمان کاتدا گەراجێکی کردەوە بۆ فێر بوونی شۆفێری و میکانیکی ئوتومبێل ئەم گەراجە دەکەوتە  بەرامبەر ماڵی  کەسی ناسراو ( محمد عبدالرحمن ئاغا )  کەخەڵکی سلێمانی بەم گەراجەی دەوت (موهەندیس خانە )
مێجەرسۆن داوای لەخەڵکی گەنج و کارامە کرد خۆیان ناو نووس بکەن بۆ فێر بوونی شۆفێری و میکانیك هەرکەسێکیش  بەشداری خولەکەی بکردایە مێجەرسۆن بری (٥٠) پەنجا روپیەی هەندی دەدایە وەك مووچە
هاتنی دوو ئوتومبێلەکە لەبەغداد بۆ سلێمانی :
ئەو دوو ئوتومبێلەی  مێجەرسۆن داوای کردبوو لەبەغداد کەوتنە رێ بەرەو سلێمانی کە هەردوو شۆفێرەکە بەرِەچەڵەك خەڵکی هندستان بوون  بەڵام ئوتومبێلی یەکەم لەتاسلوجە پەکی دەکەوێت  ئوتومبێلی دوهەمیش ناگاتە سلێمانی پەکی دەکەوێت  وەشۆفێرەکان زۆر هەوڵ دەدەن چاکی بکەن بۆیان چاك ناکرێت  ئەم کێشەیەش مێجەرسۆن زۆر تورە دەکات  هەردوو شۆفێرەکەش  سزا دەدات دەڵێت ئێوە لەیەکەم چالاکی شکستان هێنا بچنەوە بۆ بەغداد  وەداوای شۆفێرێکی بەتوانا دەکات
شۆفێرێك لەبەغداد کاری گواستنەوەی ئەفسەرێکی ئینگلیزە  لە (باب المعظم) بۆ (معسکر رەشید ) بەڵام  ئەم شۆفێرە کەهەندی یە خاوەنی دڵێکی زۆر باش دەبێت کاتێك ئەفسەرەکەی لەگەڵ نابێت منال و گەورەو پیر سواری ئوتومبێلەکەی دەکات  دەیان گوازێتەوە پیاسەیان پێی دەکات چەند جارێك عەریفە ئینگلیزە لێپرساوەکەی پێی دەڵێت ئەمە سەرپێچی یاسای سەربازی یە نابێت خەڵکی مەدەنی سوار کەیت
کاتێك داواکاری مێجەرسۆن دەگات عەریفەکە ئەم شۆفێرە بانگ دەکات دەڵێت تۆ خاوەنی دڵێکی باشیت بەڵام  تۆ گواستراویتەوە بۆ شارێکی دور بۆلای حاکمێکی تورە ئەمە بریاری گواستنەوەتە
کاتێك مێجەرسۆن لە دەوامی ئاسایی خۆی دەبێت گوێ لەدەنگی مەکینەی ئوتومبێلە رادەکات سەیر دەکات ئوتومبێلێك وەستاوە شۆفێرێکی هندی هێناوێتی دەڵێت چۆن ئەم ئوتومبێلەت چاك کردووە  ئەویش دەڵێت ئەو دوو ئوتومبێلەی لەتاسلوجە پەکیان کەوتبوو پارچەی دانەیەکیانم بەکار هێنا بۆ ئەوەی تر چاکم کردووە وەدڵنیاشت دەکەم ئەوەی تر چاك دەکەمەوە ،مێجەرسۆن زۆر خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت پێی دەڵێت تۆ کەسێکی زیرەکیت  ئەو شۆفێرە هندی یەی بۆ یەکەم جار ئوتومبێلی هێنا بۆ سلێمانی ناوی (کولکول جان مکورجی)بوو



ئێستا خانەوادەی مکورجی لە سلێمانی نەوەکانیان ماون هاورِێ ناسیاوی زۆرمانن  ماشاللە زۆر بوون خوای گەورە هەرشتی باشیان بەنسیب بکات مکورجی لەساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی دەکات لەگردی سەیوان دەنێژرێت رِۆحی شاد بێت
چاوەرێ بەشی دووهەم بن ژیانی مکورجی دوای مێجەرسۆن و مانەوەی لەسلێمانی کارکردن لەگەڵ شێخ مەحمود
نووسین و دارِشتنی ؛ ئامانج مەسرەف
2021/8/9
سەرچاوە:الکاردینا بلغە العربیە
العراق فی القرن
تأریخ إحتلال بریطانی




یەکەم سەیارە کە هاتە عێراق لە ساڵی ١٩٢٢



یەکەم سەیارە لە جیهاندا ١٨٨٥-١٨٨٦

# به بۆنەی "٢١" ەمین ساڵڕۆژی مەرگی هونەرمەندی گەورە ئەحمەد کایاوە



که سێ ڕۆژ لەمەوبەریش لە فەرەنسا لە لایەن هەندێ تورکی فاشیستەوە هێرش کراوەتە سەر گۆڕەکەی و کێلی گۆڕەکەیان شکاندووە.
نامەیەکی کراوەی ئەلیف شەفەق بۆ ئەحمەد کایا

"دیموکراسییەکی ماندوو"
ئازاد بەرزنجی کردوویە بە کوردی

تۆ منت نەدەناسی. نە لە یەک شاردا هاتبووینە دونیاوە و نە لە قوتابخانەیەکدا پێکەوە خوێندبوومان، نە بە یەک زمانیش یەکەمین لایلایە و حیکایەتەکانمان بیستبوو. خێزانەکەی ئێوە زۆر بوون، خوشک و برای زۆرت هەبوون، لە کاتێکدا من بەتەنها دایکێکی بێوەژن و داپیرەیەکم هەبوو. باوکی تۆ کرێکاری کارگەیەکی قوماش بوو، باوکی من مامۆستای زانکۆ بوو، گەرچی زۆرم نەدیبوو. تۆ لەگەڵ هەژاری و نەداریدا گەورە بوویت، بەڵام ئازارەکەی من جۆرێکی تر بوو؛ ئازارێکی پەنهان بوو. زمانەکەی تۆ قەدەغە بوو، لەکاتێکدا من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو وشە و پەیڤانەدا نەبوو کە بەکارم دەهێنان.
ساڵانێک بەسەر ڕووداوەکەی دوانزدەی سێپتەمبەردا تێپەڕیبوو. تانکەکان بەسەر خاکی ئەم نیشتمانەدا گوزەریان کردبوو. نەمدەزانی، نەماندەزانی ، لەودیو شیشە ئاسینەکانی زیندانەوە چی ڕوودەدات. چ بەڵایەکیان بەسەر نەیارە چەپ یا ڕاستەکاندا دەهێنا. ئەشکەنجەدانەکان چۆن ڕوویان دا، هاونیشتمانان هیچیان سەبارەت بەمە نەدەزانی. دراوسێکەمان، پوورە حیکمەت، دڵی خۆش بوو بەوەی هەراوزەنا لە کۆڵان و شەقامەکاندا نەمابوو و چالاکییە ئەنارشیستەکان کۆتاییان هاتبوو. هەر کە کەنعان ئاڤرەن لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت، ڕەزای بەقاڵ سڵاوی لێ کرد. من بە ماوەیەک دوای ئەوە، تورکیام جێهێشت، بە مەبەستی خوێندن چووم بۆ دەرەوەی تورکیا. هەندێ کەس پێیان وایە من زۆر درەنگ تۆم ناسی، بەڵام ئەگەر لە خۆم بپرسن، ئەوا دەڵێم ڕێک لە کاتی خۆیدا تۆم ناسی. خوێندکاری زانکۆ بووم، ڕۆژێکیان دەمەدەمی زەردەپەڕ بوو، بە ڕێکەوت گوێم بۆ گۆرانییەک شل کردبوو، سەرەتا بەلامەوە نامۆ نەبوو، ڕاستت بوێت، زۆر پیاوانە هاتە گوێم. بۆ منێک کە سەودای تایبەتمەندیی پیاوانەم لە ژناندا و هیی ژنانەم لە پیاواندا، تۆ دڵنیا بوویت لەوەی کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر هەق نییە. وەلێ من لە پەنای ئەو کەسانەدا زیاتر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد کە مێشکیان شپرزە بوو و نیگەران بوون.
تۆ باست لە قارەمان دەکرد، بەڵام من هەڵوەدای کۆمەڵگایەک بووم پێویستی بە قارەمان نەبێت، وەکو برتۆڵت برێشتیش دەڵێت:" هیچ بە هاوڕێ مەڵێ و مەبەرە هۆی شپرزەیی مێشکم" ئەوە حاڵەتێکی زبر و مەردانەی هەبوو لای من. ئەو جەختەی تۆ لەو دێڕەتدا "بەبێ چرینی سروود، مەرگ شایستەی ئێمە نییە" دەیکەیتەوە، منی لە تۆ دوور خستەوە. وەختێ دەتوت:" ئەی ئەڤینی ڕەسەنم"، لە وشەی ئەڤینەکە دەگەیشتم، بەڵام سەرم لە "ڕەسەن"ەکە دەرنەدەکرد. کێشەم لەگەڵ ئەو وەسفانەدا هەبوو کە بەکارت دەهێنان. لێ گوێم بۆ وشەکانت شل کرد، گوێم لە بانگەوازەکەت بوو، پاشان گوێم لە گۆرانییەکەت گرت، دوای ئەویش گۆرانییەکی تر و ... کاتێک چاوم هەڵهێنا، سەیرم کرد بە کونجکاوییەوە گوێ بۆ گۆرانییەکانت هەڵدەخەم.
کەمێک لە یەک جیاواز بووین، تۆ حەزت لە ڕاکی و پاستورمە بوو، لێ من زۆر حەزم لێیان نەبوو. ئەگەر خوانێک من و تۆی پێکەوە کۆبکردایەتەوە، لەوانە بوو گاڵتەت بە خۆراکەکانم بهاتایە، یان منت بە "کەبابنوو" یان "ئاشپەزێکی فەرەنگی"بزانیایە. منیش هەندێجار خۆشیم لە ڕەفتارت دەهات و ئیرەییم پێت دەبرد؛ بە تۆیەک کە هەمیشە لەسەر هەق بوویت.
وەلێ تۆ بە شێوەیەکی سەیر دڵ بەئازار بوویت و نەدەکرا ئەوە هەست پێ نەکرێ. لەژێر ئەو جلانەی بەرتەوە، مناڵێک خۆی حەشار دابوو. مرۆڤێک بوویت سەرشار لە خەم، بە دەرد و ژان ئاشنا بوویت، تۆ لە کەس نەدەچوویت. تۆ تاقانە بوویت و پیاو بوویت، سەرڕاست بوویت و قسەی دڵی خۆت دەکرد. لەو قسەیەتدا کە جارێکیان کردبووت:"نە دیاربەکر لە من تێگەیشت و نە تۆ، بەڵام من هەردووکتانم خۆش ویست" درکێک هەبوو کە چەقیبە ناو دڵم.
وێڕای هەموو ئەمانەش، کەچی هەر ژیانت خۆش دەویست، بە ویژدان بوویت، باوەڕت بە مرۆڤدۆستی هەبوو، ئەگەر دراوسێکەت برسی بووایە، نەتدەتوانی بە سکی تێرەوە سەر بخەیتە سەر سەرین. ئەگەر خوێن لە پەنجەی کەسێک بهاتایە، تۆ ئازارت پێ دەگەیشت. خۆت دەخستە ژێر باری کاری وەهاوە، کە پەیوەندیی بە تۆوە نەبوو. چونکە بەرگەی ستەم و ناعەدالەتیت نەدەگرت. هەر بۆیە هەرگیز لەگەڵ ئەو قسەیەدا تەبا نەبوویت، کە دەڵێت:"هەر کەسە هەقی بەسەر کاری خۆیەوە هەیە". ئاوازی دەنگت لە دڵمدا دەنیشت. ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو کە هەندێجار لەگەڵ قسەکانتدا نەبووم. تۆ "پیاوی باران و زریان" بوویت. تۆ هێندەی وتنی "من بۆ شەڕی دونیا دەچم" سەرچڵ بوویت. من لە تۆوە فێر بووم بڵێم "نووری چاوم".
ساڵانێک تێپەڕین. بۆ ساتێک لە تەلەڤزیۆندا دەنگی "هووها" و هەڵدانی چەقۆ و چەتاڵ و دروشم وتنەوە... چ شتێک ببووە هۆی ئەو هەموو نارەزایی و توندوتیژییە؟!
چی دەبوو گەر ڤیدیۆیەکت بە زمانی کوردی تۆمار بکردایە؟ دەتوت باهۆزێک هەڵیکردبوو، ئەقڵ کۆچی کردبوو. نۆرەی توندوتیژی بوو. تۆ بە خاکەکەی خۆتەوە وابەستە بوویت. گەرچی دەتوت:"شەو من دەناسێ، هەندێجار دەمێنمەوە و هەندێجار دەڕۆم". کەچی هەر مانەوەت هەڵبژارد. هەست دەکەم هەموو خوو و خدەکانت لایەنێکی مرۆییان هەبوو. هاوڕێیەتییەکانی جاران، سفرە ئاشناکان، هەستکردن بۆ بەردەوامی. دیارە مردن لە مەنفادا مایەی ئازار بووە بۆ دڵت. ئاخر بۆچی ئەو وڵاتەی کە تا ئەو ڕادەیە خۆشت ویست، هێندە ئازاری دایت؟! سەیر لەوەدایە کەس وەڵامی ئەم پرسیارە نازانێت.
ئێستا نازانم لەو سەرەوە چۆن ئێمە دەبینیت؟ بەڵام هەواڵەکانمان زۆر دڵخۆشکەر نین. تەنانەت لەو تۆزە دیمۆکراسییەش کە بەدەستمان هێنابوو، پاشەکشێمان کردووە، بە خێراییەکی زۆریش. ئەوەتانێ دووبارە ڕەوایەتی بە سزای لە سێدارەدان دراوەتەوە. تۆیەک وتبووت:"ئەی باڵندەکان، بەرەو زێدی من لە شەقەی باڵ بدەن، ئەوەتانێ لەسەر چیاکانم گوڵە ئەرخەوان شکۆفەیان کردووە". گوڵە ئەرخەوان نا، ئێستا هەرا و پێکدادانێکی سەیرە. دیمۆکراسییەکەمان بەرەوە نابووتی دەڕوات. بۆچی ناتوانین ببینە وڵاتێک، کە ژیان پیرۆز ڕابگرێت و تازە ناشتوانین ببین؟

***

ئەم نووسینەم لە ساڵرۆژی مەرگی هونەرمەندی گرانقەدر "ئەحمەد کایا"دا نووسی، کەسێک کە لە هیچ کەسێک نەدەچوو و لە دەستدانی مایەی کەسەرێکی گەورە بوو. ئەو مامۆستا هونەرمەندە وتبووی:"ئەوەی بۆ ئێمە مایەوە، چڵک و ژەنگ و تەپوتۆز بوو، هاوڕێکانمان تیاچوون، ترسی نەمان باڵی بەسەر بوونماندا کێشاوە". خۆزیا لەم وڵاتەدا، کورد و تورک، سوننە و شیعە، موحافەزەکار و سۆسیال دیمۆکرات، ژن و پیاو، بیانتوانیبایە لەوپەڕی ئارامی و ئاشتی و دیمۆکراسیدا، پێکەوە بژیبانایە.
پەنجا ساڵی تر، هیچکام لەم ناکۆکی و نەیارییانە مانای نامێنێت، بەڵام ئەو مرۆڤانەی تیاچوون، ئیتر بۆ هەرگیز ناگەڕێنەوە.

سەرچاوە:
فکر نکن تنهایی
الیف شافاک
ترجمە: صابر حسینی
انتشارات مروارید، چاپ اول ۲۰۱۹ ، تهران.

## بۆچی ڕوسەکان پشتگیریان لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران نەکرد؟!

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم دا (١٩١٤ - ١٩١٨) دەوڵەتی عوسمانی کە بە "پیاوە نەخۆشەکە" ناسرابوو، لە هەموو لایەکەوە دەوروەدرا و گەلانی بەڵکان و ڕوسیا و یۆنان و بەریتانیا هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی خاکی تورکیای ئەمرۆیان دەدا.

لە ئەنجامدا لە هەموو بەرەکاندا شەڕ لە نێوان سوپای عوسمانی و سوپای ئەو وڵاتانەدا ڕوویدا و سەردەمێکی نوێ لە تورکیا دەستیپێکرد. بەهۆی لاوازی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کاربەدەستانی دەوڵەت خۆیان لە سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی باکوری کوردستان نزیک کردەوە.

لە ناو سوپای عوسمانیدا بە سەدان ئەفسەری پلەبەرزی کورد هەبوون و زۆربەیان بە نهێنی ئەندامی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بوون. تورکەکان بەڵێنی زۆریان بە سەرکردە کوردەکان دا بۆ ئەوەی کورد و تورک بەیەکەوە ڕووبەڕووی هێزە دەرەکییەکان ببنەوە
لە ئەنجامدا وڵاتانی ناوچەکە بەپێی پرۆژەی بەریتانیا و زلهێزەکانی دیکەی جیهان ڕێککەوتن و سنوری دەوڵەتەکان دیاریکرا و کۆتایی بە ئیمپراتۆری دەوڵەتی عوسمانی هێنرا و لەبەرامبەردا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک کۆماری تورکیا دامەزرا.

هەرچەندە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا و پاراستنی دەستکەوتەکاندا هەبوو، بەڵام مستەفا کەمال و کاربەدەستانی دیکەی تورکیا بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد و لە دەستووری تورکیادا هیچ مافێک بۆ کورد دیارینەکرا.

دامەزراندنی دەوڵەت _ نەتەوە لە ناوچەکەدا و پەراوێزکەوتنی گەلی کورد بووەهۆی هۆشیاربوونەوەی کورد و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەی و بیری یەکگرتنی گەلی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

ساڵێک دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا و لە ساڵی ١٩٢٤دا شێخ سەعید لە ناوچەی پیرانی پارێزگای ئامەدی باکوری کوردستان دەستی بە خەباتی سەربەخۆییخوازانەی کوردستان کرد
بە هۆی نائۆمێدی لە بەڵێنەکانی ئەتاتورک، زۆربەی کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان چوونە پاڵ شێخ سەعیدی پیران و لە ماوەیەکی کەم و لە چەند مانگدا شۆڕش لە باکوری کوردستان تەشەنەی سەند.

دەوڵەتی تورکیا لە شارە تورکییەکانیش دەستی بە داخستنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان کرد. یەکێک لەو کۆمەڵانەش "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد" بوو.

ئەو کاتە " عەبدولقادر ئەفەندی " کوڕی " شێخ عوبەیدوڵای نەهری" سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو و ناوەندەکەی لە ئیستانبوڵ بوو. دەوڵەت ڕێگری کرد لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە. عەبدولقادر ئەفەندیش لەو کاتەدا بە نهێنی نامەیەک بۆ شێخ سەعیدی پیران دەنێرێت و تێیایدا دەڵێت،" لێرە دەوڵەت هیچ ڕێگایەکی بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە. وادیارە کۆمەڵەکە دادەخرێت. پێویستە جەنابت، کەسایەتییە کاریگەرەکان کۆبکەیتەوە و جێگرەوەیەک بۆ کۆمەڵەکە دروست بکەیت کە هەمان ئامانجی سیاسیی هەبێت".

دوای نامەکەی عەبدولقادر ئەفەندی، شێخ سەعید بە سەرۆکایەتی "خالید بەگی جبری و ئەندامێتی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت، شێخ و مەلای کورد و ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان کردبوو کۆمەڵەیەکی بە ناوی " گەلی کورد و دۆزی یاسایی" دامەزراند.

لە یەکەمین کۆبۆنەوەی کۆمەڵەکەدا لە گەڵ شێخ سەعیدی پیران، باس لە گرنگی پشتگیری وەڵاتێکی زلهێز بۆ شۆرشەکە کرا
حەسەن هوشیار، نوسەر و شۆڕشگێڕی کورد کە ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا هەبوو، لە نووسینێکیدا دەڵێت، لە کۆنەوەکەی شێخ سەعید و کۆمەڵەی " گەلی کورد و دۆزی یاسایی" دا، ژمارەیەک ئەندام داوایان کرد، بۆ پشتگیریکردن لە شۆرشەکە پەیوەندی بە فەرەنساوە بگرێت. هەندێکیشیان بەریتانیایان پێ باش بوو، بەڵام بە هۆی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان ڕوسیا و تورکیادا هەبوو و پێش کۆماری تورکیا شەڕێکی گەورە لەنێوانیاندا ڕوویدابوو، شێخ پێی باش بوو نامەیەک بۆ دەوڵەتی ڕوسیا بنێرن و داوای پشتگیریان لێ بکەن.
نامەکەی شێخ بۆ کاربەدەستانی روسیا و وەڵامەکەی
شێخ سەعید بە ئاگاداری ئەندامانی کۆمەڵەکە نامەیەک بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی ڕوسیا دەنێرێت و تێیدا دەڵێت،" بە هۆی ئەوەی ئێوە لە جوگرافیای کوردستان نزیکن، لە ولاتانی ئەوروپا زیاتر ئاگاداری مێژوو و پرسی گەلی کوردن. دەزانن کورد چەند شۆڕشی کردووە. ئێوە باش دەزانن، مەنگۆلەکان هاتوونەتە وڵاتی ئێمە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. دەیانەوێت ئێمەی کورد بە زۆر بکەن بە تورک. ڕێگە نادەن ئێمە بە زمانی دایکی خۆمان بخوێنین و بنووسین. لە هەموو مافێکی مرۆڤ بێبەشمان دەکەن. لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریش زیانمان پێ دەگەیەنن.

لە ئایدۆلۆژیای ئێوەدا یارمەتیدان و پشتگیریکردن لە گەلانی ژێردەست هەیە. ئێمەش ئێستا خەبات بۆ مافی خۆمان دەکەین و هیواداریین پشتگیری سیاسیمان بکەن.

دوای سڵاو و ڕێزێکی بێ پایان، ئێمە چاوەڕێی وەڵامی ئێوەین و چاوەڕێی کۆبوونەوەیەک دەکەین و ئێوە کات و شوێنەکەی دیاری بکەن".

وەڵامی ڕوسەکان

" ئێمە دەزانین ئێوە گەلێکی ئارین. بناغەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. لە سەردەمێکی کۆنەوە لە سەر ئەم جوگرافیایە دەژین. هەروەها دەزانین لە وڵاتەکەی خۆتاندا زوڵمتان لێ دەکرێ. هیچ کەسێک ناتوانێت هەبوونتان ڕەتبکاتەوە. بەڵام ناتوانین دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بکەین. ئێمە ئامادەی پشتگیری سیاسی نین. بەڵام کە ئێوە لە دژی دەوڵەتی تورکیا لە تێکۆشاندان، ئێمە یارمەتی دەوڵەتی تورکیا نادەین."

بۆچی ڕوسیا پشتگیری لە شێخ سەعید نەکرد؟

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و شەڕی نێوان عوسمانی و ڕوسەکان، هەر دوولا دەستیان بە دانووستان کردبوو و لە ساڵی ١٩٢٠ پەیمانێکیان ئیمزاکردبوو، بەڵام کوردەکان ئاگاداری ناوەڕۆکی پەیمانەکە نەبوون.
لە سنوری ئەرمینیا و باکوری کوردستان شەڕێکی گەورە لە نێوان چەکدارە ئەرمەنەکان بە پشتگیری ڕوسیا و تورکەکان لە ئارادابوو. بەڵام لە ٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ لە شاری گومروی ئەرمینیا شاندێکی تورکیا بە سەرۆکایەتی فەریق کازم قەرە بەکر پاشا فەرماندەی ڕۆژهەڵاتی سوپای تورک و شاندێکی ئەرمینیا بە سەرۆکایەتی موسیۆ ئەلکساندرۆ هاتیسیان سەرۆکی پێشووی ئەرمینیا کۆبوونەوە و پەیماننامەی ئاشتی " گومرە" یان کە لە ١٨ مادە پێکدەهات ئیمزاکرد.

لە پەیماننامەکەدا بە هەموو جۆرێک، دەستوەردان لە کاروباری یەکتریدا وەک پێشێلکردنی پەیماننامەکە هەژمار دەکرا و پێویست بوو هەردوو لایەن پابەندی ئەو سنوور و یاسایانە بن کە بۆیان دانرابوو، دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاش، پەیماننامەکە هەڵنەوەشێندرایەوە و وەک خۆی مایەوە.
.

( وەرگیراوە لەپەیسەر پرێس )




## شەڕی دمدم دەستکاری

تۆمارێکی مێژوویی پوخت لەسەر شەڕی دمدمی ١٦٠٩-١٦١٠ هەیە، کە لە نێوان سەفەوییەکان و کوردەکان ڕوویدا. شەڕەکە لە دەورووبەری قەڵایەک بە ناوی دمدم کرا لە ناوچەی برادۆستی نزیک دەریاچەی ئورمییە لە باکووری خۆراوای ئێران. بەهۆی شەڕەکەوە، قەڵاکە دارما بوو، بەڵام لە ١٦٠٩دا، لەلایەن میری برادۆست ئەمیرخانی لەپزێرینەوە نۆژەن کرایەوە. ئەمیرخانی لەپزێرین خواستی پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینەکەی هەبوو، و دەیویست ڕووبەڕووی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ببێتەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی. سەفەوییەکان نۆژەنکردنەوەی قەڵای دمدمیان وەک هەڕەشەیەک بینی بۆسەر دەوڵەتەکەیان، لەبەر ئەوە سەفەوییەکان بڕیاریاندا کە هێرشێکی خوێناوی بکەنە سەر میرنشینی برادۆست بە سەرکردایەتی حاتم بەگ. زۆرێک لە کوردەکان، بە تایبەت ئەوانەی نیشتەجێی پیرانشار و مەهاباد بوون، شان بە شانی میرنشینەکە شەڕیان کرد. شەڕەکە لە ١٦٠٩-١٦١٠ درێژەی کێشا، لە کۆتاییدا قەڵای دمدم گیرا و هەموو ئەوانەی پارێزگاریان لە قەڵاکە دەکرد کوژران. شا عەباس فرمانی کۆمەڵکوژیی برادۆست و موکریانییەکانی کرد، دوابەدوای ئەمە عوسمانییەکان دەستیان کرد بە پاکتاوکردن و دەرکردنی کوردەکان بۆ ناوچەی خۆراسان و دانانی هۆزی ئەفشار لەجێیان. لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا چیرۆک سەبارەت بە دمدم هەیە. یەکەم تۆماری وێژەیی ئەم ڕووداوە لەلایەن فەقێ تەیرانەوە نووسراوەتەوە.

وەرگیراوە لە ویکیپیدیا






## ئەمجارەیان نەگلەییم لە مێژووە و نە جوگرافیا

بە دەستی خۆم لە خاکی خۆم دەرکراوم
کە بە پێوە خەو ئەبینم؛ لەم ڕێگایە
حەرفی کوردیی یەخەم ئەگرێ و
دووژمن نایەتە بەرچاوم.
لە دڕکەزی هەڵاتم و وا ئێستاکەش
لە بەردەمی تەلەزیدا ڕاوەستاوم
مناڵەکەم  وەک کۆترێکی بێلانە
لە پشتمەوە هەڵکورماوە
خەیاڵێ یەخەی گرتووە و دۆشداماوە
لێم ئەپرسێ ئەرێ بابە؛ ئێرە ئەوپەڕی دنیایە!
خۆ مامۆستا وتی ئاوە
ئەی بۆ لێرە وا تەلەزی  دانراوە!
باشە بابە؛ ئەی ئەم داربەدەستانە کێن !
ئەی ئەم کاربەدەستانە کێن؟!
بۆچی لێرەش دیسان پاڵمان پێوە ئەنێن!
من هەر لە جێی خۆم وەستاوم
ئەڵێی مێخێکی چەقاوم
هێشتاش نازانم ڕاستیە یا خەوبینین!
ئێرەش هەرنووگرەسەلمانە؟
ئایە ئێرەش بیابانە!
خوایە ئەمە کام زمانە
خوایە چیە ئەم حەرفانە
نە عەینێ ئەبینم نە ضادێ ئەبیستم
نە غەینێ دێتە گوێم، خودایە من لە کوێم!
لەبەردەمما سەد حەجاجی سوورو سپی کەتەکەتەی فەروو لەبەر، کڵاو لەسەر
تەلەزی لە نێوانمان و
ئێمە لەمبەر ئەوان لەوبەر
دانەیەکیان  پەنجە بۆ من ڕائەکێشێ و هاوار ئەکا:  بۆچی هاتووی
بۆ لە نیشتیمان هەڵاتووی؟
تەواو سەرم لێ شێواوە! خۆ ئەمە لە حەجاج  ئەچێ!
ئەی بۆچی وا چاوی شینە!
ئەوە زمانی سەدامە
بۆچی ئەڵێی پیتەکانی ستالینە.
چی بلێم و چۆن پێی بڵێم
ئەم هەموو پیتە پەنگاوە چۆن بزانم
وا پیر بووم و من هەتا ئێستاش زمانم
نەگەشتووە بە قولە پێی خەمەکانم
چۆن پێی بڵێم
من خەڵکی ولاتی نەگبەتی و گریانم
من خەڵکی وڵاتی گەنمم و بێ نانم
من خەلکی وڵاتی خۆرم و
وا لێرە هیچم بۆ ناوترێ لەبەر چۆقەی دانم
من خەڵکی وڵاتی دوو زێم و تینوومە
من خەڵکی وڵاتی سفرەم و  برسیمە.
هیچ ناڵێم چی بڵێم
هەر کاتێ ئەگەمە چەک لە شان
من بێئوومێد ئەبم لە زمان
من چیم وت ؛ کاتێ لە دێگەڵە
کە کەپوومیان شکان.
هەر وتم ئەبەردانە تووڕەدن
ئاخر کەی ئێرەیە سنووری نیشتیمان
ئەو پرسی تۆ سەوزی ؟



ئەم پرسی تۆ زەردی ؟
کە من هیچم نەوت
پێی وتم دابەزە بەردی چی خۆت بەردی.
بەر لە جێی خۆیەتی و سەنگینەو
ئێمە توردراوین
ئێمە بێ جێ ماوین.
چی بڵێم  کێ لە کێ تێئەگات
ڕوومەتی خۆم نەبێ فرمێسک بە کێ ئەگات!
لەولامەوە زریکە دێت
دایکێکی خێر نەدیو
ڕەنگ پەڕیو
جەرگی بڵێسەی دێ و خۆی تەزیو
بە ناڵە و ڕۆڵە ڕۆیەوە
بەتانیەک ئەنێ بە سنگی خۆیەوە.
بێ ئەوەی دایکی پێی زانیبێت، نیوەشەو
گرووگاڵ بە بێدەنگ ڕۆشتووە
چاوە گەشەکانی ساواکەی بۆ ئەبەد نیشتووە
بۆ دایکی بەشی چەند باوەشێ ، خۆی بەجێهێشتووە.
ئێستا هەر لەو خەیاڵەدام
ئەم ساوایە چۆن لەدایکی بکەینەوە
چۆن بۆ گۆڕستانە گەورکەی نیشتیمانی ببەینەوە
ئەی ئەگەر لێرە بیچێنین:  چۆن ئەم خاکەی بۆ هەڵکەنین
بە مەچەک و چنگە کرێ
ئەم دایکە چۆن، بێ ئەو بکەوێتەوە ڕێ!
ئەم چاڵە نەوتەی دەروونی
لەم سنوورە تا چەند سەدەی تر ئەگرێ !
چاوم ڕەشکەو پێشکە ئەکات.
لەبەرچاوم عیسا دێت و خێرا زیندووی ئەکاتەوە و
بێ ئەوەی حەجاج  ببینێت لەگەڵ خۆی ئەیباتە ئەوبەر
مایکڵ ئەنجیلۆ دێتەوە و
چی پاسەوانی سنوورە هەموویان ئەکات بە بە پەیکەر.

**ڕەنج سەنگاوی**

# ڕەچەڵەک و ڕەوشتی توورک بناسە

## حسێن عەزیز

ئاشکرایە، هەموو جوگرافیای ئێستەی (تووركیا)، پێش (700) ساڵ لەمەوبەر، چۆن بووە و ئێستەش چۆن گۆڕاوە. لە ڕاستیدا ئەو وڵاتە، خاکی ڕەسەنی دانیشتووە ڕەسەنەکانی (گرێک، سریان - ئاشوور، کورد، ئەرمەن ...) بووە. تەنانەت (500) ساڵیش، شاری (قوستەنتینییە) پایتەختی دەوڵەتی (بێزەنتی گرێکی) بوو، ئیمپراتۆر (قوستەنتین)، ساڵی (333ز.) دایمەزراندووە و پایتەختی ئیمپراتۆریای (ڕۆمانیی خۆرهەڵات) بووە، تا ساڵی (1435)، توورکەکان داگیریانکردووە.

بە شێوەیەکی گشتیی، نزیکەی (1200) ساڵ، (قوستەنتینییە) پایتەختی ڕۆشنبیریی گرێکییەکان بوو. لە خۆراواوە، بە ڕووی تیرە درندەکانی باکووری (ئەورووپا)، لە خۆرهەڵاتیشەوە، دژی تیرەکانی تۆرانییە توورکەکان، وەک قەڵایەکی شارستانیی قایم وابوو.

(تووركیا)ی ئێستە، وەک زۆربەی میرنشین و دەوڵەتە ناشارستانییەکان، بە زەبری شمشێر دامەزراوە. بە هەموو ڕێگە توورکییە جیاوازەکانیان، ئەو گەلانەیان لەنێوبردووە. تا ئەم نزیکانەش، تێڵاتێبرین (ئەلخازوق) درووشمیان بوو. لە کۆی گشتیی (36) سوڵتانی توورکی عوسمانی، تەنیا هەر (3) سوڵتانیان، بە شێوەیەکی سرووشتیی مردوون. ئەوانی دیکە هەموویان کوژراون، خنکێنراون یا سووتێنراون.
شێوازی کارکردن و ڕەوشتی عوسمانییەکان بە شێوەیە بوو، هەر سوڵتانێ لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتایە، دوای ئەوەی چاوی برا و ئامۆزاکانی خۆیان دەردەهێنا، هەموویان دەخکاندن، بۆئەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات، بەربەرەکانی سوڵتان نەکەن. تەنانەت یەک سوڵتانی عوسمانیش، لە ئەم دەستوورە لای نەداوە! بێگومان زۆربەی براکانیشیان، هەموویان برای دایک و باوکییش نەبوون. واتە لە چەن دایکێکی جیاواز بوون. چونکە هەر سوڵتانێکی عوسمانیی، (4) ژنی هێناوە و بە سەدان کەنیزەکیشی هەبووە. شەوەکانی خۆی لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی ژن و کەنیزەکانیدا دابەشکردووە. لەبەرئەوە هەر ئافرەتێ، ماوەیەکی کورت نەبێ، نۆرەی نەهاتووە، تا سوڵتان لەگەڵی بنوێ، بۆیە هەموویان فریای ئەوە نەکەوتوون، سکیان پڕبێ و منداڵیان ببێ!

هەڵبەتە هەموو ژنەکانیش، لەگەڵ یەکدی لە ململانێدا بوون و بەربەرەکانی یەکدیان کردووە، تا دوای باوکیان، کوڕەکانیان لەسەر کورسی سوڵتان دانیشن. لەبەرئەوە هەمیشە دژی یەکدی بوون و هەر خەریکی ئەوە بوون، داو بۆ یەکدی بنێنەوە و چاڵ بۆ یەکدی هەڵکەنن.*

لەشکری ئینکیشاری

ئەم لەشکرە، لەشکری جەنگاوەرە کێویلە و درندەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، بە تەواویی، هەمان شێوەی لەشکری کەنیزەکی عوسمانی، لە شوێنی تایبەتیی ژنانی میر و سوڵتان (ئەلحرملک) بووە. واتە: لە گوندەکانی فەلەکانی دەوڵەتە نزیک و دراوسێکانیان، وەک (رووسیا، قۆقاز، خۆرهەڵاتی ئەورووپا)، پەلاماری گوندی فەلەکانیان داوە، هەموو گوندەکانیان سووتاندووە و بە تەواویی، تێکیانداوە و ڕوخاندوویانن، ئافرەتەکانیان فڕاندووە، هەموو دانیشتووانەکانیشیان لەنیوبردووە. تەنیا هەر کوڕ و کچە پچووکەکانیان نەکوشتووە و فڕاندوویانن. پاشان ئەو منداڵانەیان لە هۆردووگایەکی تایبەتدا پەروەردەکردووە. منداڵەکانیش جگە لە دەوڵەتی عوسمانی، بە هیچ شێوەیە نەیانزانیوە، دایک و باوک چییە. چونکە وایان فێرکردوون، دایک و باوکیان دەوڵەتی عوسمانییە!

لە ئەو هۆردووگە تایبەتانەدا، منداڵەکان ناو و ڕەچەڵەک و مرۆڤایەتی خۆیان بیرچووەتەوە. وەک لەشکرێکی جەنگاوەری مرۆکوژی درندەیان لێ هاتووە، لە لەشکری (ئەلزومبی) دەچوون و بە (ئینکشاری) ناسرابوون. بەڵام کچە چکۆلەکان، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (5-6) ساڵاندا بوو، لە چەن ژوورێکی تایبەت و لەنێو شوینی تایبە تی ژنانی میر و سوڵتانەکاندا، بە شێوەیەکی تایبەتی پەروەردەکران، بۆ ڕابواردن و جووتبوون ڕادەهێنران، دڵی سوڵتان و کوڕە زۆرەکانیانیان پێ ڕاودەکردن. کۆمەڵێ ئافرەتی سۆزانیی پسپۆڕیش، سەرپەرشتییانکردوون، ناویان (قەهرەمانات) بووە. کوڕی خەسینراویش هەبوون، لەگەڵ کەنیزەکەکاندا هەڵسوکەوتیاندەکرد، پێیان دەگوتن: (ئاغات).




کۆمێنت

ئەمە ئەو سوڵتانە توورکە خوێنڕێژ و داوێنپیسانە بوون، بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە، وڵاتانیان داگیردەکرد، خاکەکەیان بە خوێن و فرمێسکی خەڵکی بێ تاوان تەڕدەکرد. ئاخر ئەوان بە ئەو شێوەیە، کەڵکیان لە ئایینی ئیسلام وەرگرت، ئایینەکەش بوو بە خێر و خۆشیی و بە سەریاندا ڕژا. بەڵام کوردە کەرە نەزانەکان، لە ئەفسانەی ئاییندا نقوومبووبوون، پێش لەشکرەکانیان دەکەوتن، خۆیان بۆ بەکوشتدەدان، وڵاتانی گەلانی دوور و نزیکیان بۆ داگیردەکردن. بە کورتی توورکەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوون بە موسوڵمان و کەڵکێکی زۆریان، لە ئایینەکە وەرگرت، ئەوانیش سەر و ماڵی کوردیان وێرانکرد!

ئەمە ڕەوشت و موسوڵمانێتی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە کێویلە و سۆزانیخانەیە بوو، کە دیکتاتۆر و بێ ئابرووییەکی وەک (ئۆردووگان)، شانازیی پێوە دەکا و خۆی بە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی دەزانێ. بۆیە بە هەمان شێوەی باوباپیرانی، جگە لە گەلی توورک، هەموو گەلانی دیکەی نێو دەوڵەتی (تووركیا) دەچەوسێنێتەوە و بە هێواشیی، لەنێویاندەبا.

(ئۆردووگان)ی دیکتاتۆری خوێنڕێژ، هیچ شەرم ناکا، شانازیی بە ئەو دەوڵەتەوە دەکا، کە لە هەموو بوارەکانی ڕەوشت و بەهاکانی مرۆڤایەتیدا، مێژوویەکی ڕەشی هەیە. جگە لە ئەوەی ئەو دەوڵەتە، خاکەکەی لە گەلە ڕەسەنەکان داگیرکردووە، دانیشتووە ڕەسەنەکانی قەڵاچۆکردووە، لەشکرێکی داگیرکەری تاڵانچیی و دزیشی، لە کێویلە و مرۆکوژە درندەکانی سەرسنوور دامەزراندووە، گوندەکانیان وێرانکردوون، دایکانی کەنیزەک و کۆیلەکانی گان، منداڵانیان لە گوندە کاولکراوەکانەوە فڕاندووە، لەسەر دەسی ئافرەتە شارەزا و سۆزانیی و پیاوە پسپۆڕەکاندا، مەشقیان پێ کردوون، دەسەڵاتدار و سوڵتانە مرۆکوژەکان، ئەوانەی لەڕێی ڕەشەکوژیی باوک و براکانیانەوە، دەسیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، مێژوویەکی ڕەشی پۆخڵی مرۆکوژییان هەبوو، فێری تاڵانیی، فڕاندن، لاقەکردن، سەربڕین، خەساندن، چاوهەڵکۆڵین و سەرپەڕاندن کرابوون.

تێبینی:

* زنجیرە درامای توورکی " حەریم سوڵتان "، زۆر بە ڕوونیی و ڕاشکاویی، چیرۆکی ژنانەکانی سوڵتانی دەگێڕایەوە.

** ئەم دەقە گرنگە، جگە لە کۆمێنتەکە، لە وتارێکی عەرەبیی (ڕیم عەرنوق)ەوە وەرگیراوە و وەرگێڕراوە.


2021 .11 .22

# عەبدوڵا ئیبراهیمی
# من لەدایکبووی ١٩٤٧ی زایینی

لە شاری پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانم. لیسانسی ئابووریم لە زانستگای تاران لە زانکۆی ئەبووڕەیحانی بیروونی تەواو وەرگرتووە. هەر لەمنداڵییەوە حەزم لە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بوو. لەتەمەنی گەنجەتیمدا بەهاوژین و دووکوڕ و کچێکی منداڵەوە ئاوارەی دەستی شەڕ بووم. پاش ١٧/٥ ساڵ کار لەڕیزی کادر و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشدا، کەزانیم سیاسەت بەو واتایەی لە کوردستان بەڕێوەدەچێ ئیدی کاری من نییە، بەیەکجاری دەستم لێ هەڵگرت. ماوەیەکی درێژ لە بەشێکی خاکی خۆم، واتە باشووری کوردستان ژیام، کە لەوێش بە بێگانە دەناسرام و لە ئاسایشدا نەبووم، جا ناچار دەستی ماڵ و منداڵم گرت و ڕێگای هەندەران و دوورەوڵاتیم گرتەبەر و ئێستا لەتاراوگە دەژیم و پەیوەندیم بەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە.

لە ١٩٨٥ بە وەرگێران لە کوردییەوە بۆ فارسی دەستم بەکاری ئەدەبی کرد و کتێبی (شۆڕشی کورد لە ساڵی١٨٨٠، بەپێنووسیی دوکتۆر جەلیلی جەلیل، کە د. کاووس قەفتان بۆکوردی وەریگێڕابۆوە)م کردە فارسی، بەڵام بەداخەوە بۆم چاپ نەکرا. ساڵی ١٩٩٥ کتێبی (کرد و عجم - نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا بە نازناوی صالح محمد امین)م وەرگێڕاوە سەر فارسی. ئەو وەرگێڕانە منی خستە بیری دانانی فەرهەنگێکی فارسی بە کوردی. جارێک لەساڵی ٢٠٠٦ ئامادەم کرد و حەولی چاپکردنیم دا و لەگەڵ چاپخانەیەکیش لە کوردستان قسەم کرد، و تەنانەت نامەشم بە واژۆی بەرپرسی چاپخانەکە وەرگرت، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی پارەی تێچوونەکەی بۆ دابین بکەم، لەگەڵ دەزگای سەردەمیش قسەم کرد، بەڵێنیی چاپکردنەکەیان پێدام، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوەی هەڵسەنگاندنەکەیانم بەدڵ نەبوو، بڕیارم دا جارێ وازی لێ بێنم و خەریکی پێداچوونەوە و تەواوتر کردنی بم. سەرەنجام لەساڵی ٢٠١٢ لە دەزگای ئاراس لەگەڵ کتێبێکم بەناوی(لێکۆڵینەوەو ڕوون کردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد وکوردستان)، لە هەولێر لەچاپم دان. بەداخەوە چاپی یەکەمی کتێبە مێژووییەکە، بەدڵی من دەرنەچوو و بەڵێن بوو لەگەڵ کتێبی کوردو عەجەم چاپیش کرێتەوە کە بەداخەوە، بارودۆخی ئابووریی کوردستان تێکی دا.

فەرهەنگەکەم هێشتا ئەوە نەبوو کە دڵم بحەسێنێتەوە. سەرەتا کە دەستم پێکرد، هەر بەتەما بووم کارێکی ساکار و تەنیا بۆ یارمەتی دانی وەرگێڕان بکەم، بەڵام دوایە بڕیارم دا کارەکەم وا پەرە پێ بدەم کە لێکۆڵەرەوان و وەرگێڕانی دەقە کۆنەکانی فارسیش تارادەی گونجاو بتوانن کەلکی لێوەرگرن، من کە دەمبینی بۆ نموونە عەرەب چەندین وڵاتی سەربەخۆیان هەیە، خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانیشی هەرکام بەشێوەیەک دەدوێن، کە لێک تێگەیشتنیان ئاستەمە، بەهەموویان زمانێکی یەک گرتوویان هەیە کە پێیدەنووسن و پێی تێکدەگەن، فارس زاراوەی جۆراوجۆریان هەن، بۆنموونە ئیسفەهانییەک دە زاراوەی ڕەشتییەک ناگا، بەڵام بەهۆی زمانی یەکگرتووی فارسی کە لەقوتابخانان دەیخوێنن، بەهاسانی لێک تێدەگەن، بۆیە دوای چاپی یەکەم کەوتمە سەر ئەو باوەڕە کە ئەوکارەم بکەمە بەستێنێنێک بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی، جا هەر بەشێوە زاری سۆرانی ڕانەوەستام و دەستم کرد بەکۆکردنەوەی وشە لەهەموو کوردستان. هەر قامووس، گۆڤار، یا هەر سەرچاوەیەکم کەوتبا بەردەست وشەیەکم لێ بەفیڕۆ نەدەدا. شتێکی دیکەش ئەوە بوو کە لەو فەرهەنگە کوردییانەدا کە وەبەرچاوم کەوتوون، نەک هەر زۆرینەیان بەزاراوەی ناوچەیەکەوە نووساون، بەڵکوو هەر بەچەند مانایەکی کەمی وشەیەکیش کارەکەی خۆیان کۆتایی پێهێناوە، بەڵام من بەوەندە ڕازی نەبووم و هەموو ماناکانی وشەیەکم - ئەوەندەی وەدەستم کەوتوون - لەبەرانبەردا داناون. بۆیە کە تەماشای فەرهەنگی کاوە بکەی جار وایە لەبەرانبەر وشەیەکی فارسی پڕی زیاتر لە یەک لاپەڕەی A4 وشەی کوردی دەبینی. تائێستا ٢٧ ساڵە کار لەسەر ئەو فەرهەنگە دەکەم و ئێشتاش خەریکی پێدا چوونەوەم. هیوادارم ئەوکارەم ئامانجی سەرەکیی خۆی پێکابێ.



لەبەر نەبوونی دەرەتانی لەباری بڵاو کردنەوە بڕیارم دا ماڵپەڕێک لەسەر ئینتێرنێت بکەمەوە و بەرهەمەکانی پێنووسم لە فەرهەنگ و مێژووی کورد بخەمە خزمەتی گەلەکەم. ئەوەبوو بەیارمەتیی خۆبەخشانەی چەند برادەرێک ماڵپەڕی https://www.farhangumejuikawa.com/ م دامەزراند، و توانیم فەرهەنگەکەی بەشێوەی سەر هێڵ (online) لەسەر دانێم و لەگەڵ هەر دەستکارییەکیشدا داتاکەی نوێکەمەوە.

فەرهەنگەکە تائێستا گەیشتۆتە زیاتر لە٩٨٣٠٠ وشەودەستەواژەی فارسیو واتاکوردییەکانی. دوو فەرهەنگی گەورەو بەناوبانگیی فارسی (فرهنگ ٦ جلدی معین و فرهنگ دهخدا)م سەروبن کردوون و وشەم لێ پاشگوێ نەخستوون، زۆر وشەشی کوردیش هەبوون کە هاوتا فارسییەکەیانم وەدەست نەکەوتوون و بە دەستەواژەی کورتی فارسی مانام بۆ داناون، دەنا زمانەکەیان ئەوەندە دەوڵەمەند نییە کە ئەو هەموو وشەی هەبن. هەندێک جار بۆ مانای فارسییەکەش هاوسەنگە کوردییەکەم نەدیونەوە و ناچار بوومە بە دەستەواژەیەکی کورت واتای بۆ دانێم بەڵام ژمارەی دەستەواژە ناچارییە کانی کوردی تەنانەت ناگەنە نیوەی دەستەواژە فارسییەکان.

مەبەستی دیکەم ئەوە بوو کە وشەی هەموو زاراوەکانی کوردیی تێدا کۆکەمەوە هەر وەک فەرهەنگ نووسانی زمانەکانی دنیا کردوویانە. هەموو وزەی خۆمم دەکار کردووە تا بەکەرستەی گونجاوی بەردەستم و بەنەبوونی یارمەتی دەریشەوە ئەوکارە بکەم، بەڵام لەوبارەوە کەموکووڕیم زۆرن. هیوادارم بۆ تەواوتر کردنی وشەکان، بتوانم یارمەتی لە دڵسۆزانی زمانی کوردی وەرگرم. هێندێک دلسۆزیش هەرچەند ژمارەیان بەداخەوە کەمە، یارمەتییان داوم و بە دەست نیشان کردنی هەڵە یا پێشنیاری وشە یا واتایەک چ فارسی و چ کوردی کارەکەمیان بەرهەمدارتر کردووە.

هیوایەتێکی دیکەم ئەوە بووە کە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی، سەرەڕای خزمەت نەکران و بەربەست لەسەردانرانیشی، لەوبوارەدا بسەلمێنم، کە بەخۆشییەوە لەو مەبەستەمدا تارادەیەکی باش - سەرەڕای ناتەواوبوونی کارەکەم - چوومەتەپێش. لە تووێژێکم لەگەڵ ڕادیۆی فارسیی ئادیلاید دا، چەند ساڵ پێش ئێستا کوتم: ئێوە بەزمانەکەمان دەڵێن لەهجە! بەڵام ناتوانن یەک لاپەڕەی (A4) بنووسن کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابێ، بەڵام من ٤٠ لاپەڕەی ئاواتان بە کوردی بۆ دەنووسم، کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زمانەکەمان نەک هەر زاراوەیەکی زمانی ئێوە نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆی زۆر لەئی ئێوە دەوڵەمەند ترە!

لەپێشەکیی فەرهەنگەکەدا نووسیومە کە هەمووگەلانی دونیا وشە لە زمانی گەلانی دووروونیزیک وەردەگرن و زمانەکەیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، ئەوە سروشتییەو هیچ قسەیەکی تێدا نییە، بەڵام دەبێ تێ بکۆشین ئەو تێکەڵاوییە پاک و بەجێ و پوخت و پاراو بێ. پاک کردنەوەی فەرهەنگ لە وشەی بێگانە بەو واتایەنییە کە هەرچی وشەی باشی دەرەکیشە لێی دەراوێین، بەڵکوو دەبێ لەبێژینگیاندەین، دەبێ سەرەتی بدەین بەهاوواتا کوردییەکەیان، لەوانەی هەمانن و دەکار کردن و تێگەیشتنیان بۆ خەڵک لە ئی بێگانەکە هاسانترە، چونکە زۆرجار وشەکوردییەکەی خۆمان زۆرجوانترە لەو وشەی لەبێگانەمان وەرگرتووە، بەڵام بۆ ئەو وشانەی تازەن و بۆخۆمان نیمانن، وەرگرتنی وشەی لەباری دەرەکی نەک هەر زیانی نییە بەڵکوو زمانەکەشمان پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەکا. لەوبارەوە لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا بەوردی دواوم، لێرەدا تەنیا نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە: وشەی (عشق)ی عەرەبی خزیوەتە ناو زمانەکەمان، بەڵام زۆر جاران تەنانەت لەلایەن خوێندەوارانیشەوە بەهەڵە دەکار دەکرێ، هێندێک دەڵێن ئیشق، هێندێکیش عیشق. ئەودووانە وێک چوونێکیان هەیەوتەنانەت نەخوێندەوارانیش زۆردەیڵێن. بۆوێنە: ... ئیشق لەسەری داوە، یا عیشق لەسەری داوە! بەڵام هێندێک خوێندەوار بەشێوەیەکی نالەبارتر ئەو وشەی دەکاردەکەن. برادەرێکی زۆر خۆشەویستم لە هەڵبەستێکی زۆر جواندا وشەی (عەشق)ی بەکارهێنابوو، بۆم نووسی: براگیان، خۆ وشەی ئەڤین یا ئەوینی کوردی هەر هاوکێشی ئەو عەشقەیە کە تۆ نووسیوتە و ناحەزتریش نییە! وەڵامەکەی ئەوەبوو کە وشەی عەشق خەڵک بەکاری دێنێ و بەوە دەیەویست پاساوی داتەوە، من بێدەنگەم لێراکرد چونکە دەمزانی لەخۆ بایپبوونەکەی ناهێڵێ ئەوەم لێ بسەلمێنێ و نەمدەویست بەوە بیتۆرێنم. ئەوانەی لەکوردستاندا باسی خۆشەویستییان بیستبێ، دەزانن ئەو وشەیە بەشێوەگوتنی (عەشق) لەنێو خەڵکدا، بەتایبەتیش خەڵکی ڕۆژهەلاتی، باونییەو وەک لەسەرەوە باسم کرد بەشێوەی(عیشق)یا(ئیشق) دەکوترێ، ئەو وشە نامۆیە لە کوردستانی باشوور دەر کەوتووە کە بەداخەوە بازاڕی تێکدانی زمانی نەتەوەکەمان خۆیان کوتەنی هەر بۆتە (مۆدە)! لە وتووێژێکم لەگەڵ ڕادیۆی فارسیی ئادیلاید دا، چەند ساڵ پێش ئێستا کوتم: (ئێوە بەزمانەکەمان دەڵێن لەهجە! بەڵام ناتوانن یەک لاپەڕەی (A4) بنووسن کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابێ، بەڵام من ٤٠ لاپەڕەی ئەو ئەندازەتان بە کوردی بۆ دەنووسم، کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زمانەکەمان نەک هەر زاراوەیەکی زمانی ئێوە نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆی زۆر لەئی ئێوە دەوڵەمەند تریشە!

زۆرم لەودەرک و ئەودەرک دا، نامەم بۆدەستەڵاتدارانی کوردستانیش نووسی، کە دڵنیام پێشیان گەیشتووە، بەڵام لە پشتیوانیی ماڵی و کردەیی و واتایی لەهەموولایەک هیوابڕاو بووم، بۆیە ناچار بۆ گەیاندنی بەرهەمی کارم بە خوازیارانی، ماڵپەڕێک دانێم و بە پارەی کەمی سۆسیال و بێ هیچ داهاتێکی لاوەکی لەزاری ماڵ و منداڵم بگرمەوە، تا بتوانم درێژە بە کارەکەم بدەم. وەک پێشتر باسم کرد، کارەکەمم بەیاریدەی خۆبەخشی چەند برادەرێک وەڕێ خست، بەڵام خەرجی ئەدمین و بەڕێوەبەری کەوتە سەرشانم. بۆ نووسین و پێداچوونەوەی فەرهەنگ و بابەتەکانم، شەوو ڕۆژ کارم لەسەر کامپیوتێر دەکرد و ئەوکارە بێ پسانەوەش چەندین کامپیوتێری لێ لەکار خستم، پاراستنی هێمنیی کارەکەشم نەرمەواڵەی دەوێ، کە بۆ خۆی تێچوویەکی هەیە و ئەویش هەر لەسەر شانی خۆمە. تەنانەت داوام لە زانکۆی کوردستانیش کرد، کە فەرهەنگەکەم بە بێ هەزینە و تەنیا بۆ خزمەت، بە کتێبخانە و قوتابییان بناسێنن، بەڵام وەڵامێکم وەرنەگرتەوە.


ئەوەبوو کورتەیەک لە بەسەرهاتی من و فەرهەنگی فارسی بەکوردیی کاوە، بەوهیوایەی بتوانم بە کاری گەورەتر و پوختتر درێژە بەخزمەتی فەرهەنگ و زمانی گەلەکەمان بدەم.


**عەبدوڵا ئیبراهیمی**

٢٠٢١/١١/١٤

**سیدنی - ئوستەرالیا**



**YADNAMEیادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەرە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703

# یادنامە
YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

No.22, February 2021 بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ ژمارە ٢٢ی شوباتی ٢٠٢١


## با ئەو ڕۆژە ڕەشە بێ ئاماژە بۆکردن تێ نەپەڕێ

لەوەتی ئەم عیراقە بەو پینە و پەڕۆیەی ئیستیعماری بەریتانیا پێکیەوە ناوناوی لێ نرا دەوڵەتی عیراق، ئارامی بە خۆیەوە نەدیوە. چونکە پێکهاتەکاتەکانی پێکەوە گونجاو نەبوون. لەلایەک شیعەو سوننە کە هەرگیز دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و ئەوە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە شیروتیر لەیەک دەسوون و هەر حوکمێکی ئیسلامی هاتبێ سوننە باڵا دەست بووەو شیعەی هەڵپەرداوتووە و ئیستاشی لەگەڵدا بێ تەنانەت کە هەندێک جار پێکەوە دادەنیشن، بیر لەوە دەکەنەوە چۆن یەکتر لەناوبەرن. کە بەریتانیا و فەرەنسای براوەی جەنگ پەیماننامەی (سایکس ــ پیکۆ) یان جێ بەجێ کرد، ئینگلیز شتێکی بەناوی عیراق دروست کرد کە هەموو ناوچە عەرەبییەکانی دەگرتەوە و تا سنووری چیای حەمرین و بەشی زۆری شیعە مەزهەب بوون و ئەمەش فەیسەڵی مەلیکی نیگەران کردبوو، چونکە ئەو هەر لە بنەڕەتدا کە خەڵکی وڵاتی حیجازە لەگەڵ شیعە دڕدۆنگ بوو و کاتێکیش کە ویستی لە حەمرین تێپەڕێ، چەرچل هۆشدارییی دایە و پێی گوت: ئێمە ئیمپراتۆرییەتمان بۆ دروست نەکردووی، لە چیای حەمرینەوە وڵاتی کوردستانە. ئینگلیز حکوومەتی شێخ مەحمودی بە نابەدڵی دروست کرد و سەرەنجام بەو دەردەیان برد کە بردیان و بۆ نەگبەتی چەرچل لە وەزارەت نەما و یەکێکی دیکە جێی گرتەوە کە هیچ شارەزاییەکی نەبوو و بە هەوڵ و تەقەلای مستەر کۆکس و مسز بێل کوردستان بێ ڕەزامەندیی خۆی خرایە سەر ئەو عیراقە بە پینەو پەڕۆ دروست کراوە بۆ هاوسەنگیی پەیداکردن لە نێوان شیعە و سوننە بۆ ل٢

## ئازادی لە نێوان هێزی یاسا و سێبەری چەقۆدا

بە گشتی لە ژینگەی دەسەڵاتی کوردیدا لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئازادی نەبوەتە ئەو دروشمە سەرەکیەی کە شۆڕشگێڕەکانی شاخ وەک بەیداخ هەڵیان گرتبو، لە کاتێکدا دەستەڵاتەکانی هەرێم زادە و منداڵی شۆڕشی شاخەکان بو کە بەشێکی گرنگی گەشتن بو بە ئازادی ، ئا لێرەوە لە نێوان هێزی یاسا و سێبەری چەقۆکاندا دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئەگەر دادگا هەیە و یاسا لەسەروی هەموومانەوەیە و وە دادگاکان و یاسا نیشتمانیە و لەسەرو حیزبەکانەوەیە، دەبێت لە هاوڵاتیەکەوە و لە فەرمانبەرێکەوە تا باڵاترین پۆست ئەگەر سکاڵایەکیان هەبێت لە دادگا یەکلای بکەنەوە نەک پەنا بۆ هێزی چەقۆ ببرێت کە بەو مانایە دێت کە یاسا خاڵی دەکاتەوە لە بەهاکانی، واتا کە پشت بە چەقۆ بەسترا میکانیکیەن یاسا هێزی خۆی لە دەست دەدات، بە دیوێکی تردا کە دادگا لەژێر هەیمەنەی حیزبدا بو دیسان هەر هێزی سەربەخۆی خۆی لەدەست دەدا ، لە کورترین پێناسەدا دادگایەکی حیزبی و تۆڵەیەک لە سێبەری چەقۆدا هەردوکیان یاسا پوچەڵ دەکەنەوە و هێزی یاسا و حکومداری و دەوڵەتداری و بەهای نیشتمانی بون سفر دەکەنەوە.



**تێنەگەیشتنی سەرکردایەتی کورد لە نامەکەی تێلەرسۆن.... ل ٨**

**بەسەرکردنەوەی شەهیدان.. حەمە سورەبانی.. ل ٣**

**ژمارەیەک بەڵگە و دۆکۆمێنت لەسەر ڕاپەڕین. ل ١١**

**بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان، بەختیار سەعید.. ل ٤**

**عەبدولکەریم شێخانی**



واتە عیراق لەسەر سێکوچکەیەکی پێکەوە نەگونجاو دروست بوو شیعە و سوننە و کورد. کورد چەن جارێک راپەڕی و شۆڕشی کرد و بە ئەنجام نەگەیشت. حوکم زیاتر بەدەست سوننەکانەوە بوو و هەر دەتگوت درێژکراوەی حوکمی عوسمانییە. ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی بەسەردا هات و ناومان لێ نا شۆڕش. سەرەتا باش بوو، بەڵام نەتەوەپەرستە عەرەبە توندڕەوەکان هەر زوو دەستیان کرد بە چالاکی نواندن و ویستیان عیراق بەرەو کۆماری یەکگرتووی عەرەبدا بەرن کە لە یەکگرتنێکی قرچۆکی نێوان سوریاو مصر پێک هاتبوو. بەڵام هێزە دیموکراتخوازەکان و کوردیش دژی ئەو رەوت و بۆچوونە بوون. بەعسییەکان کە تەمەنیان ١١ ساڵ بوو، چالاکانییان دەنوند و دەیانویست عیراق بەرەو ڕیبازێکی نەتەوەپەرستیی دەمارگیر ببەن وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ ))ئەگەر سەرچۆپی درایە دەست سەگ، هەر بەرەو کولانە رایدەکێشێ )). گەلێک پیلانیان گێڕا، عبدالکریم قاسمیان لە ( راس القریة ) لە شەقامی رەشید بریندار کرد، تا لە رۆژی هەینیی رێککەوتی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆدەتایەکی خوێناوییان ساز کرد و هەر لەیەکەم سەعاتەوە کەوتنە کوشتنی هەموو ئەوانەی نەیاری بەعس بوون بە تایبەتی شیوعییەکان کە بە دڕندانەترین شێوە هەزارانیان لێ کوشتن و بەیانی ژمارە ١٣یان دەرکرد کە بە ئاشکرا داوای لەنێوبردنی شیوعییەکان دەکات. من ئەو رۆژە هەشت مانگ زیاتر بوو لە بەندیخانەی حیللە بەند کرابووم. دەورو بەری سەعات ٩ و چارەکێک میکرۆفۆنی بەشەکەی ئێمە کە بە رادیۆی بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانەوە بەسترابوووەوە، چەند خولەکێک بێ دەنگ بوو و لە پڕ گوتی: ( یا ابناء الکرخ و الاعظمیة )، نەتەوەپەرستە توندڕەوەکان لەو دووناوچەیە زۆر بڵاو بوون. ئیدی گوتی ئەوە شۆڕشی نەتەوەی عەرەب دەیستی پێ کرد دژی شعوبییەت و قاسمی دیکتاتۆر شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و هەموومان سست بووین، چونکە دەمانزانی حوکمی بەعس واتە کۆتایی هاتن بە ژیانی ئێمە. رۆژی ٩ی شوبات، عبدالکریم قاسم لە بینای ئیستگەی رادیۆ شەهید کرا. بەشەکەی ئێمە سێ ژووری بەلاوە بوو و هەر ژوورێک وێنەیەکی عبدالکریم قاسمی تێدا هەڵواسرابوو. هاتن وێنەکانیان لێ کردەوە. برادەرێکی خانەقینی ناوی مەحمود زەهاوی بوو کە چاوی بە وێنەکان کەوت گوتی: زیندە بەڵا و مردە بەڵا. زەهاوی زوو بەربوو. دوای چەند رۆژێک هاتەوە بۆ سەردانمان و گوتی ئێوەش بەم زووانە بەر دەبن، چونکە دانوستان لەنێوان حکوومەتی تازە و سەرکردایەتیی شۆڕش دەست پێ دەکات. چاوەڕێی بەربوون بووین، بەڵام دواکەوت و هەر بەر نەبووین. من ماوەیەک بوو جگەرەم تەرک کردبوو، لە دوای ٩ی حوزەیران دەستم بەجگەرەکێشان کردەوە کاتێک کە بەعس بە دڕندانەترین شێوە هێرشی دەست پێ کرد بۆ سەر کوردستان موقەدەم صالح مەهدی عەماشی وەزیری بەرگری  گوتی: سوپای عیراق سەیرانێکی نیشتمانی لە باکووری عیراق دەکات. بە گوێی خۆم گوێم لە بەشە کوردییەکەی رادیۆی قاهیرە بوو گوتی(( حکوومەتی تازەی عیراق چەند هەنگاوێکی سەر لێ شێواوانەی هاویشتووە دژی کوردەکان، بەڵام بەرپەرچیان دراوەتەوە و هەمووی حەفتەیەکی دیکە نابات حکوومەت دەڕووخێ )). بەعس ئەو قسانەی تۆمار کردبوو و نارەزایی بەرانبەر ئەوە دەربڕی، بەڵام ( محمد عبدالقادر حاتم وەزیری ئیرشادی مصری ) بە درۆی خستەوە و گوتی ئیستگە عەرەبییەکە چی بڵاو کردۆتەوە، کوردییەکەش هەر ئەوەی بڵاو کردۆتەوە و نەچووە ژێری. ماینەوە تا ( شەهید حسن سریع ) لە معسکر رەشید راپەڕینەکەی کرد کە بە داخێکی زۆرەوە سەر نەکەوت. لەو ماوەیەدا بە لێشاو دەسگیرکراویان دێنا بۆ بەندیخانەی حیللە. هەر لەو ماوەیەدا رووداوەکەی شەمەندەفەری مەرگ رووی دا کە ئەفسەرە گیراوەکانیان خزاندە ەنێو فارگۆنی باریی شەمەندەفەر بەو چلەی هاوینە بێ نان و بێ ئاو کە هەندێکیان لەتینوان و لە گەرمان شەهید بوون لە سەماوە خەڵکی ئەو شارە فریایان کەوتن. ماینەوە و هەر ئازاد نەکراین تا تەنانەت عبدالسلام عارفی سەرۆک کۆماری نەتەوەپەرست لێیان بێزار بوو و لە ١٨ی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە کۆدەتای بەسەر هاوپەیمانە بەعسییەکانیدا کرد و رووخاندنی. مامەوە تا دانوستانی ١٩٦٤ دەستی پێ کرد ئینجا لە دوای نزیکەی دوو ساڵ لە بەندیخانە ئازاد کرام. کۆدەتای ٨ی شوبات رۆژێکی رەش و تاریک و خوێناوییە لە مێژووی عیراق کە بە تەواوەتی هاوشێوەی رەفتارە دڕندانەییەکانی ئەڵمانە نازییەکانە، چونکە بەعسیش هاوشێوەی حزبی نازیی ئەڵمانیا دامەزرا.

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان



رووسوورەکانی مێژوو، کڵاورۆژنەی نیشتیمان، نەمر گەشمردە کاکە حەمە ڕەحمان ئەحمەد سورەبانی، ناسراو بە حەمە سورەبانی . هەنگاوە هیلاک نەبووەکەی هەوارازەکەی سورەبان ڕەوتی درێژی عارەقاوی سورکیو و کڵپەی ئاگردان و پشکۆی ناو ڕنوو کلووە بەفری گمۆ، حەمەیەک هەمیشە یاخی، هاورێی توولەڕێ و قرمەژن و، پاسەوانی هەمیشەیی تریفەی ڕژاوی نیشتیمان و هەناسەی بەفرو، پۆلوی ناو ئەشکەوتە تەزیووەکانی لوتکەو شەوانی تەنیایی لاوانەوەی ئازارەکانی دڵی شاخ، حەمە هەنگاوی هیلاک کردو هیلاک نەبوو، توولەڕێی بێزار کرد بەرەووت و بێزار نەبوو، چیایی فێری هەنگاوی یاخی بوون کردو کۆڵینەدا، حەمە حەمەیەک بوو، هەمیشە ئەشقی بەفرو پشکۆ و شاخ و باخ و ڕێگای دووری بێ وچان و بێ کۆڵدان بوو هەمیشەدەستلەملانی عەشقی جوانی کانی و مانگ بوو، حەمە کۆچانی دەستی سەخترین ڕێگاو گلێنەی بەرزترین لووتکەو، ئارامترین ئاوازی دڵی تریفەو پشکۆی دڵی یاخترین ئەشکەوت بوو، ئەو تێشووی پڕ بوو لەبۆنی پوونگەو مانگەشەوی تۆراو و، کازێوەی زامدارو ، ڕۆندکی گەرم و ئاوارە، ئەو سەرپۆشی سەری سورکێو و، جامانەی ملی گمۆو مشکی سەری داڵەهو بوو، کاکە حەمە لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٣ بوو لە گوندی سورەبانی ناوچەی سیوەیلی بناری سورکێو، بۆیەش هەموو تەمەنی سورکێوانە یاخی بوو کوێستانانە و هەڵۆیانە بەلووتکەو بەفرو پشکۆو سووتان ئاشنا بوو، بەژیانی جووتیاری و دێهاتانە دڵی پڕ بوو لە عەشقی بێڵ و دێراو و باخ و خرمەی گوێژوو سرتەی سمۆرە، کاکە حەمە لەسەرەتای دەستکردن بەڕاگوێزانی گوندەکان کە بەعسی فاشی سنوورەکانی نیشتیمانی ڕاگوێز کرد بۆ ناو ئۆردوگای زۆرەملێ لەساڵی ١٩٧٨ بۆ ساڵی ١٩٧٩، وازی لەقوتابخانە هێناو، ڕوویکردە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی چوو ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان ماوەیەک مایەوە بەڵا لەبەر منداڵی قبوڵیان نەکرد تا ببێتە پێشمەرگە، بەناچاری گەڕایەوە، بەڵام پەیوەندی بەشۆڕشەوە دروستکردو، زۆر چالاکانە ئیش و کاری ڕێکخستنەکانی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانی لەناو شارو ئۆردوگا زۆرەملێکەی کەناروێ دا ئەنجام دەدا تا دواجار ساڵی ١٩٨٢ بۆ جاری دووەم پویوەندی کرد بەشۆڕشەوە بووە پێشمەرگە، لەتیپەکانی ٣٧ی شارباژێرو ٣١ی سلێمانی و دواتریش بووە فەرماندەی کەرت لەتیپی پارێزگاری پێشمەرگەیەکی بەوورەو قارەمان و پیاوێکی دڵسۆزو بەهەڵوێست لەهەموو کات شوێنێک و زەمانێکدا تا دواجار لە 18 /1987/03/19 لە شارباژێڕی سەخت لەبناری گمۆ لەنزیکی گرتەزبێر کەوتو کەمینی جاشەوە و بۆ دواجار بەجێی هێشتین و عەشقی نێشتیمان و خۆشەویستی بۆ خەڵک لێیەجێما، بەڵام پێ دەچێت بەبۆنەی سەختی برینەکەی و بەجێ مانی خۆی خۆی کوشتبێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست جاش و دوژمن، شایەنی باسە کاکە حەمە چوارجار لەژیانی پێشمەرگایەتی دا زامدار بووە، ڕەوانی پاکی شاد یادی بەخێر .

ڕزگارەسوور

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید



-1937 لە رەواندوز لەدایک بووە

-1956 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە

-1967 بە پلەی ئیمتیاز بروانامەی ماستەری لە هونەری نیگارکێشان لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە

-1961-1967 سێ پیشانگەی لە روسیا کردۆتەوە

-1971 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەری هاودەمی نەتەوایەتی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1976 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی بەناوی رازی نیشتمان لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کورد لە شاری بەغدا کردۆتەوە

-1977 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە شاری هەولێر کردۆتەوە

-1979 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی هونەری نەتەوایەتی هاودەم لە بەغدا کردۆتەوە

-1981هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی الرواقی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1984 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی نەتەوایەتی هاودەم ی شاری بەغدا کردۆتەوە

-1989 دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (الرواق)ی شاری بەغدا کردۆتەوە.

-1993 پانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر کردۆتەوە.

-1998 دوایەنزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر کردۆتەوە.

-1999 سیانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردۆتەوە

-2001 چواردەهەمین پیشانگەی تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی نەتەوایەتی بەغداد کردۆتەوە.

-1956-2007 بەشداری سەدان پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.

-1982-2007 هەژدە کتێبی بەچاپ گەیاندووە.

-2001 خەڵاتی دەوڵەت بۆ داهێنانی هونەری پێبەخشراوە.

-2004 دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەردا لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.

- دامەزرێنەری کۆلێژی هونەری زانکۆی سەلاحەدین.


-2009/10/9 لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.




# هەندێ لە بەرهەمەکانی محەمەد عارف









# تەرمی ئارام یان دزی !




ئێوارەیەکی کانوونی یەکەم، بەیانییەکی مانگی کانوونی یەکەمی 1985، لە (گەڕەدێ)وە رووم کردە گاپیلۆن، بەفر سەراپای دۆڵی جافایەتی داگرتبوو، ئەو دەمانە گاپیلۆن و پێشمەرگەکانی لەبناری پیر ئەلیاسدا خەونیان بەوەرزێکی نوێوە دەبینی، بارەگای تیپی 47 ی پیرەمەگرون لەم گوندەدا بوو، ناو بەناو مەفرەزە و کەرتی تیپەکە، بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو، خۆیان دەکرد بەناو شاردا و چالاکییەکیان ئەنجامدەدا و دەگەڕانەوە، لەناو چایخانە نایلۆنەکاندا گوێیان لەسەرکەوتنەکانیان دەگرت. ئێوارەکەی سێبەری پیرئەلیاس بەسەر ئاواییەکەدا کشا، هەوایەکی ساردی کانوون تێکەل بە بەهەناسەی گەرمی ئەو پێشمەرگانە دەبوو کە لە ناو بەفرەکەدا پیاسەیان دەکرد، دواتر خۆیان دەخزانە ناو چایخانە نایلۆنەکانەوە بۆ ئەوەی گوێ لەهەواڵە پڕ لەحەماسە ئاگرینەکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بگرن، کەنازی هەموو خەونەکانی پێشمەرگەی هەڵدەگرت. هەر کە لە چایخانەکە نزیک دەبوومەوە، گوێم لەهۆ کاکی پێشمەرگە بوو، لەناکاو کاک فەرهاد سەنگاوی، هەواڵی پڕ لەتراژیدیای گولە بارانکردنی (ئارام، هیوا، سەردار)ی لەبەردەم ئامادەیی رۆشنبیردا راگەیاند. لەو کاتەدا ئازارێکی توند بەقەدتیژیی سەرماکە هورژمی بۆ کاسەی سەرم هێنا، دەرگا نایلۆنەکەم کردەوەو روومکردە گردەکەی خوار ئاوایی، بەتەنیا لەبەردەم چاوە رەشە هێمنەکانی (ئارام)دا وەستام، گریانێکی بێدەنگ ناخی هەژاندم، دواتر رووەو هەورازەکەی گەڕەدێ هەنگاوم نا، ئەژنۆکانم قورس بوو، کە ئاوڕمدایەوە، باڵای ئارام و هاوڕێکانیم لەسەرئاسنگەرانەوە بینی، بەرەو لوتکەی پیرەمەگرون هەڵدەکشان، تالەچاو ونبوون. هەر کەباڵی تاریکایی گوندەکەو سەراپا دۆڵی جافایەتی داگرت، تەنیا تروسکەی کزی چرای ئەو چەند ماڵەم دەبینی تێکەل بەقوڵایی شەوە زەنگەکەو ئاوێنەی سەرڕووی بەفرەکە دەبوو، ناوبەناو کزەی ساماڵی ئەو شەوە کپە، دیمەنی یادگارەکانی ئارامی دەگەیاندە کوخە بچکۆلەکەم، تا دواجار لەخەونێکی تردا ئارامیان لێ ونکردینباوک و دایک و خوشکەکانی دەست بەسەر کران ئارام محەمەد کەریم ئەندامی کارای رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، دەیزانی خۆی و هاورێکانی لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرە کۆلۆنیالییەکانەوە دەگیرێن، پێش ئەوەی خۆی دەرباز بکات، لەهەوڵی ئەوەدا بوو، ئەوانیش ئاگادار بکاتەوە. ئێوارەی 1985/11/20 روو دەکاتە ماڵی هیوا، هەر کە دەست بە زەنگەکەدا دەنێ(قوات خاسە) دەرگای لێدەکەنەوەو دەسگیری دەکەن، لەوێ سەردار و هیوا دەبینێ بە کەلەپچەکراوی..

دواتر هەرسێکیان راپێچی ئەودیوی دیوارە ئاسنینەکان دەکەن. تۆمەتی کوشتنی جەلادێکی تەعریب کراویان دەخەنە پاڵ. هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان لەسەر جەستەیان بەکارهێنا، بەڵام هیچیان نەدرکاند، دوای خۆیان هیچ کام لە

لە ڕێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی نەگیران. ئێوارەی 1985/11/22 خانەوادەی (ئارام و هێوا و سەردار) دەسگیر کران، شەش مانگ لە بەندیخانەی سەرەوەی سلێمانی بوون، دواتر بەدەست بەسەری ڕەوانەی (سەماوە) کران، پاشان کەلوپەلی ماڵەکەیان تالان کرا. ئەمرۆ سێ کەسیان گولە باران کرد کاک ئاواتی برای شەهید ئارام لەبارەی دەسگیر کردنی ئارام و تراژیدیاکەوە وتی: -نیوەرۆی 1985/12/17 بوو، لەبەردەم یانەی ئەندازیاران چەند شۆفلێک و ژمارەیەکی زۆر (قوات خاسە)م بینی، بەرەو سانەوی ڕۆشنبیر دەچوون، لەدڵی خۆمدا ووتم، ئێستا دەبێ ماڵی کام پێشمەرگە بەسەر یەکدا برِوخێنن؟ ئێوارەکەی گوێم لەژنێک بوو ووتی: -ئەمرۆ سێ کەسییان گولە باران کرد، کەوتمە گومانەوە، خۆم و هاوسەرەکەم سواری تەکسییەک بووین، وتم بمگەیەنە سانەوی ڕۆشنبیر)، -وتی: ناتوانم بگەمە ئەوێ، چونکە ئەو شوێنە بە قوات خاسە گیراوە، لەچەند کۆڵانێک لەولاترەوە دابەزیم، کە گەیشتینە بەردەم دەرگای سانەوییەکە، جۆگەڵەی خوێنم بینی قەتماغەی بەستبوو، خورپەیەک کەوتە دڵمەوە، بڵێی ئارام و هاورێکانی گولە باران کرابن، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم ڕووداوەکەم نەدیبوو، دڵنیا نەبووم، کەوتمە پرسیار کردن لەم و لەو، کەس دڵی نەدەهات ئەو هەواڵە جەرگبڕەم پێ بڵێت. دنیا تاریک داهات، لەدەرگای ماڵی ناسیاوێکمانم دا کە لەنزیک شوێنی ڕووداوەکەوە بوو. بەرێکەوت ئەو کچە دەرگای لێکردینەوە کە لەگەل ئارامدا لەیەک دائیرە بوون، منی ناسی، چونکە شێوەم لە ئارام دەچوو، گوێم لێبوو، بەدەنگێکی نزم بە هاوسەرەکەمی وت: - وەک ئارام تیاچوو، بۆ ئەمیش تیا بچێت.

حەشارگەی تەرمەکەی ئارامییان دۆزییەوە لە 1985/12/18 کاک ئاوات لەبەر دەرگای ماڵی باوکیدا وەستابوو،(دڵسۆز)خان گەیشتبووە لای و پێی وتبوو:- لێرە مەوەستە، بەخێرایی ئێرە بەجێ بهێڵە، بچۆ بۆ ماڵی کاک (نوری مەلا مەحمود)، کاک تەحسین قادر لەوێیە، هەر کە(ئاوات)ی بینی نەیتوانی نهێنییەکە بشارێتەوە، فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە، باوەشی بە کاک (ئاوات)دا کردوو وتی: (دەبێت هەوڵ بدەین تەرمەکە بدۆزینەوەو لە گردی شەهیدان بەخاکی بسپێرین). ئێوارەکەی چووینە لای ناسیاوێک کە لە شارەوانی فەرمانبەر بوو، بۆ ئەوەی جێگای حەشارگەی تەرمەکەمان نیشان بدات، ئەویش ئامادەیی خۆی نیشان دا، سەر لە بەیانی 1985/12/19 بەڵێنەکەی خۆی بەچاو هێناو پێکەوە چووینە گۆڕستانی گردی جۆگە، شوێنی تەرمەکەی نیشان دام، کاک ئاوات قەڵەم جافەکەی لەو شوێنەدا چەقاندو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. تەرمەکەیان لە گردی جۆگەوە گەیاندە گردی شەهیدان 1985/12/20 ئاواتی برای شەهید ئارام، بەهاوکاری هاورِێ و چەند خزمێکیان سەرقاڵی جێبەجێکردنی نەخشەی دزینی تەرمەکەی ئارام بوون، بۆ ئەم کارە بوون بە دوو بەشەوە. بەشێکیان بریتی بوون لە (نوری محەمەد ئەمین، محەمەد نوری محەمەد ئەمین، تەیب محەمەدو شەهید عەلی حسێن) چەند کەسێکی تر ڕوویان کردە گردی شەهیدان بۆ ئەوەی گۆڕێکی بۆ ئامادە بکەن. بەشەکەی تریان پێکهاتبوو لە (ئاوات محەمەد کەریم، تەحسین قادر، سەردار قادر) چەند کەسێکی تر چوونە گردی جۆگە بۆ ئەوەی تەرمەکەی دەربهێنن، ئەو ڕۆژە باران بەتاو دەباری خۆش کردنی بۆ نەبوو، دەستیان کرد بەهەڵدانەوەی حەشارگەکە. باران و قوڕ کارەکەی زیاتر لێ قورس کردن، چەند شان و قۆڵیان دەکوتا شوێن دەستیان دیار نەبوو، چونکە چاڵەکە بە حەفارە هەڵکەندرابوو، نزیکەی(3) مەتر قول بوو. نایلۆنێکیان دا بەسەر چاڵەکەدا بۆ ئەوەی پڕ نەبی لە ئاو، لەوکاتەدا خەڵکێکی زۆر تەرمی ژنێکیان خستبووە سەرشانیان ڕوویان کردە گۆڕستانەکە بۆ ئەوەی بەخاکی

بسپێرن، کە گەیشتنە ئەوێ زۆریان بەلاوە سەیر بوو، خەڵکێکی تر گۆڕ هەڵدەدەنەوەو سەرقاڵی دەرهێنانی تەرمن، کاک تەحسین ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش شانبەشانی ئەوان دەستیان کرد بە هەڵدانەوەی چاڵەکە، تەرمی ژنەکەیان لە نزیک چاڵەکە دانا. لەچوار دەوری شوێنەکەدا بازنەیان بەست، بۆ ئەوەی جاسوس و ئەمن بە نهێنی کارەکەیان نەزانن، خەڵکەکە بە پەرۆشەوە هاوکاری تەواویان کردن، دەستەی یەکەم ئارامگەکەیان لەوێ ئامادەکردبوو، هاتبوون بەدوای ئەماندا، کە لەدوورەوە قەرەباڵغییەکیان دی بوو، کەوتبوونە گومانەوە، سەریان لەو خەڵکە زۆرە سوڕمابوو کە لە دەوری ئەو چاڵەدا کۆببونەوە. کە ئارامی تیا حەشار درابوو، لەو دەوروبەرە، دوور بە دوور وەستابوون، تا دڵنیابوون ئەو خەڵکە خاوەن هەڵوێستە، بۆیە بەو شێوەیە وەستابوون تا دوژمن دەرک بە نهێنی کارەکەیان نەکات. تەرمەکەیان دەرهێنا شەهید ئارام هەر بەجل و بەرگە خوێناوییەکەی خۆیەوە بوو، هێندە سروشتی جوان بوو، شەهید عەلی حسێن تووشی شۆک بوو، وای زانی کاک ئارام زیندووەو نەمردووە. نایلۆنێکیان تێوە پێچا، ماڵە خاوەن پرسەکە پەتۆکەیان لە تەرمی مردووەکەی خۆیان کردەوە لەجەستەی ئارامیان پێچا، بە هێمنییەوە تەرمەکەیان بردە پاسەکەی شەهید عەلی حسێن بەرەو گردی سەیوان بەڕێیان کرد. لە شەقامی برایم پاشا قوات خاسە یەک بەیەک ئۆتۆمبیلەکانی ڕاگرت، دەیان پشکنی، دوای ناسنامەو بەڵگەنامەیان دەکرد، گەیشتنە بەردەمی ئەوان، پاسەکەیان ڕاگرت، باش بوو تەرمەکەیان نەبینی، گەیاندیانە گردی شەهیدان، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، تەرمەکەیان داگرت. کلێتەیەکی عەسکەری لەسەردابوو، لایان برد، هەر دوو دەست و قاچی و هەردوو چاوی و دەمی بەسترابوون، جل و بەرگەکەی خۆی لەبەردابوو، 13 دینار لە گیرفانێکیدا بوو،

گولەیەک سەر سنگی پێکابوو لە پشتیەوە دەرچووبوو، گولەیەکی تریش بەر گوێچکەی ڕاستی کەوتبوو، کفنیان تێوە پێچا و ئارامیان بە ئارامگای شەهیدان سپارد.

شەهید عەلی حسێن کامێرایەکی پێ بوو، چەند وێنەیەکی ئەو مەرگەساتەی گرت.

شەهید عەلی حسێن هاوڕێی شەهید ئارام و کاک تەحسین قادر بوو، لەکاتی ڕاپەریندا لە 8 / 3 / 1991دا لە هێرشێکدا بۆ سەر ئەمنە سوورەکە پێکراودوا هەناسەی سپارد.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوە: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، بەرگی دووەمی (ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال)




## یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان لە ئاداری 1991دا

بەختیار عومەر هورێوەیی ڕۆژی ٤ی ٣ی ١٩٩١ لە مینای ڕاپەڕینی خەڵکی ڕاگوێزراوی قەڵادزێ و سەنگەسەر و پشدەر لەئۆردوگای زۆرەملێی (خەبات) لە پارێزگای هەولێر شەهید بو....

درووود بۆ ڕوحی پاکی

# تێنەگەیشتنی سەرکردایەتی کورد نامەکەی تێلەرسۆن



(کاک مسعود لەکتێبەکەی چۆن باسی دەکا)

هەمو ڕەوشەنبیرانی کورد پێیان وابوو نامەکەی تیلەرسون دەرفەتێک بوو هات و ڕۆیشت، زێڕ لای زێرینگەر بەقەدرە، ئەنجومەنی ڕێفراندۆم لەو نامەیە نەگەیشتن، واپێدەچی تەرجومەش باش نەکرابێت، کاک مسعود لە (ل95 –کتێبی بۆ مێژوو) دەڵێت: داوام کردلەنامەکەدا دەستکاری ئەوە بکریت نوسرابوو (ئەوکاتی ڕێز لەریفراندۆمی دەگرین من پێم ووتن بیکەنە (پالپشتی ریفراندۆم دەکەین ونەیان کرد)، واپیدەچی لەنامەکە باش نەگەیشتبن .ئەگینا گرینتی وبنەمای واگەورە لەو نامە هاتبوو پیویستی بەو دەستکاریە نەدەکرد ,ئینجا لەنامەکە وانەهاتبوو کە ڕێزلە ریفراندۆمەکە دەگرین، نەخێر.. دیسان نەخێر، دەترسین وەرگێڕ ئەو کارەساتەی بەسەر سەرکردایەتی کورد هینا بیت، ئەگینا ئەوە ئینگلیزیەکەیتی: This is a rare opportunity that we respectfully ask you to accept as an alternative to .the currently scheduled referendum

ماناکەی: ئەمە فرسەتێکی دەگمەنە بەڕێزەوە داوات لێدەکەین قەبولی بکەیت وەک بەدیلی ڕێفراندۆم. ئینجا لەنامەکە واهاتوە: At the end of the process,of course, should the talks not reach a mutually acceptable conclusion or fall on account of lack of good faith in the part of Baghdad we would recognize the need for a referendum

دەڵێت لەکۆتای پرۆسەکەدا واتە دوای ساڵێک گفتوگۆکان نەگەن بەدەرئەنجامێکی قبولکراو یا نەبوونی نیەتی باش لەلایەن بەغدا ئەوا دان بە پێویستی ریفراندۆم دەنێین (ئەوە دەقەکەیەتی ئیتر (دان بە پێویستی ریفراندۆم دەنێین) چ لەوە بەهێزتر هەیە وجاریکی تر دووبارە نابیتەوە بۆ دەیان سالی تر. ئەو نوسینە بەبۆنەی دادگایی نەوتی داهاتوو واپێدەچی وەک چۆن دانا غاز ئەوهەمو پارەیەی لە هەرێم بردەوە دووبارە دۆڕاندنێکی گەورە بێتە پیش لەلایەکی تر... هەموی یەک سەرچاوەیە: نەشارەزاییەکی زۆرسادە.



مسعودعبدالخالق 2021/2/7


# چەند کورتە تێکستێکی شیعریی بڵاونەکراوەی (جەمال غەمبار)



کورتەیەک لە ژیانی:


- ساڵی 1962، لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە.
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا، لە زانکۆی بەغدا، کۆلێجی یاسا و رامیاریی- بەشی یاسا وەرگرتووە.
- ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ کاری پارێزەریی کردووە لە سلێمانی.
- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکەمین تەلەفزیۆنی کوردی لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕین.
کوردی و، دیوانێکی شیعریی بە زمانی عەرەبیی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.
- وێڕای نووسینی شیعر، چەندین لێکۆڵینەوەی لە بارەی شیعر، بابەتی فیکری، مافەکانی مرۆڤ و، منداڵان و ژنان و هەروەها بواری هونەری شانۆ، نووسیوە و تەرجەمەی زمانی کوردی کردووە.
- لە ساڵی 2002 ەوە لە وڵاتی ئوستراليا دەژی.
- ئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی فرەکلتووریی باشووری ئوسترالیایە.
- هەندێ لە تێکستە شیعرییەکانی، بۆ زمانەکانی ئینگلیزیی، فارسی و عەرەبی تەرجەمە کراون.




لە کوێوە دێیت ؟
«کۆرۆنا»
هەموو ڕێگەکانی داخست
ڕێگەی مانگیش !
دەڵێن ؛
«کۆرۆنا» یان بینیوە
مۆمی سەدساڵەی تەمەنی
لەسەر کێکی بەختەوەریی
ئەم سەدەیە هەڵکردووە !
تازە ، مەحاڵە سێوی گۆرانیی م
بگاتە باخچەی خەیاڵی تۆ !
«کۆرۆنا» وا دەڵێ !

جەمال غەمبار


عیشقی تۆم هەبا
دونیام بەشمشاڵ دەژەنی !
"کەوون" م فێرە شیعر دەکرد .
دەستی خودام هەبا ،
هەموو ڕەنگەکانم
دەکرد بە "سپی" !
وای
گەر عیشقی تۆ و
دەستی خودام هەبا !
جەمال غەمبار

شەوێک ، مانگ ون ببوو .
[مەولانا] لە [شەمس] ی پرسی :
تۆ دەتوانیت داگیرسێیت و
ببیتە دەلیلی ڕۆحم ؟
بنار و کێوەکانی دونیا
ڕۆشن کەین و بزانین مانگ
کەوتۆتە کامە خەرەندی عیشقەوە !

# قەرەقوش



لە بنەڕەتدا ووشەیەکی تورکی یە لە دوو ووشە پێک هاتوە .قەرە واتە ڕەش قووش.واتە هەڵۆ واتای قەرەقووش هەڵۆی ڕەش کە لە بنەڕەتدا ناوی   بهاءالدین خەڵکی کوردوستانی باکور بوە ئەندازیارو ئەفسەرێکی زۆر زانا و چاپوک بووە لە سوپای سەلاحەدینی ئەییوبی دا بووە زۆر جێگەی متمانەو بڕوای سەلاحەدین بووە لە هەر شەڕێکدا بەشداری کردبێت سەرکەوتو بووە و هیچ کات نە گەندەڵی قبوڵ کردوە و نە ڕێگەی داوە یەکەم کەسیش بووە کە فێرگەی سەربازی داناوە و چەندین قەڵاز لە وولاتی میسردا دروست کردووە بۆ مەشقی سەربازەکانی دوای نەمانی سەلاحەدین عبدالعزیزی کوڕی سەلاحەدین بووە جێگری باوکی لەسەر گەندەڵی و یاسا پێشێل کردن گرتی و زیندانی کردو خۆی بووە ڕابەری وڵات بە یەکێک لە ڕاست گۆترین و ئازا ترین سەربازەکانی سوپای سەلاحەدین ناسراوە بەڵام ئەویش وەک چەندین کەسی تر کەوتە بە هێرشی کۆلکە نوسەرو بوویژی دەربارو بۆ بە کەم سەیرکردنی گەورەپیاوانی کورد دوژمنانی نەتەوەی کورد بەو شێوە ناویان زڕاند. ئامادەکردنی: شێخ رزگار

## یەکێک لە سزادانەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

تاوانباران بە گوێرەی هەرسەردەمێک ژمارەیەکی توند سزایان بەسەردا سەپێندراوە بە درێژایی مێژوو. هەندێک سووک و هەندێک قورس ئەوەی جێگەی تێڕامان وسەرسوڕمانە جۆرێک سزا هەبوە پێیان گوتووە سزای.....( ماسکی شوورەیی)....

ئەوانەی پێشێلکارییان بکردایە ناچار دەکران  جۆرە ماسکە بپۆشن.لەسەدەی ١٧ و ١٨ زایینیدا لە ئەورووپا کرابووە یاسایەک بۆ ئەوەی تاوان باران جارێکی تر تاوان ئەنجام نەدەن ئە ماسکانە لە کانزای قورس دروست دەکران لە کاتی پۆشینیدا ئازارێکی زۆری هەبوو مەبەست لەو سزایە شکاندنی شکۆی تاوان باران بوو زیاتر بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرا کە بە تۆمەتی سیخوری کردن تاوان بار دەکرا خۆ گەر بهاتبایە ئەم سزایە بەسەر بەر پرسانی کورد بسەپێندرایە یەک بەر پرست نەدەدۆزییەوە بێ ماسک زۆر دەگمەن.

ئامادەکردنی: شێخ رزگار



# ژمارەیەک بەڵگە



نوسینی: سەرکەوتی جیهاز و خالید رەزا

پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان، لوتکەی فاشیەتی حیزبی بەعس و سەدام حسێن بو کە دەرهەق بە گەلی کوردستان و خاکەکەی کردی.لەو پرۆسە هەشت قۆناغیەدا، سوپای داگیرکەری بەعس توانی سەرکەوتنێکی سەربازی بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە گەورەترین هێزی بەرەنگاربونەوەی بەعس بو، بەدەست بهێنێ. لەدرێژەی تاوانەکانی بەعس دا کە بەهەمو پێوەرە نێودەوڵەتی و یاساو رێسا زەمینی و ئاسمانیەکان جینۆسایدی گەلی کورد بو جێبەجێی کرد، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەو زەبرو زەنگەدا، نەیتوانی ئیرادەی گەلی کوردستان و هێزە شۆرشگێرەکانی بشکێنێ و، سەریان پێ نەوی بکات.

ئێمە وەک دو پێشمەرگەو دو کاد رو دوان لە عەدەد جیهازەکانی سەردەمی ئەنفالەکان و دوای ئەنفالەکان و، سەردەمی پارتیزانی و خۆئامادەکردن بۆ راپەرین، کە هەم بەشداری راستەوخۆمان هەبوەو، هەم بە حوکمی کارەکانمان کە نزیکی ناوەندی بریار و، هەم بۆ خۆشمان رۆڵمان لە جێبەجێکردندا هەبوە، بەپێویستمانزانی ئەم چەند دێرە یاداشت بکەین کە بە بەروارد بە ئاگاداری و ئەو بەڵگانەی لەلامانە، کورد وتەنی مشتێکە لە خەروارێک. لەراستیدا ئەوەی هانیداین کە ئەم چەند دێرە لەئێستادا بڵاو بکەینەوە، هەستکردنمانە بەوەی کە بەداخەوە، هەندێک هێز و لایەن، بە ئاگاییەوە دەیانەوێت مێژوی راپەرین بە ئارەزوی خۆیان و بۆ مەبەستی تەسکی حیزبایەتی، بە بێگوێدانە راستیەکان بنوسنەوە. ئەڵبەت خەمی ئێمە خەمی شەخسی نیە، خەمی خۆ بەپاڵەوانکردن و، حیزب و سەرکردە تەقدیس کردن

# دۆکۆمێنت لەسەر راپەڕین

نییە، نادیدەگرتنی رۆڵی هیچ هێزو لایەن و حیزب و گروپێکی تر نییە، هێندەی کە مەبەستمانە مێژوەکە وەک خۆی تۆمار بکرێ... رەنگە خوێندنەوەی ئەم چەند دێرەی ئێمەش بۆ ئەو پێشمەرگە و رێکخستن و کەسانەش زۆر گرنگ نەبێ، کە خۆیان بە فعلی بەشدارو رۆڵیان لەو مێژوە پڕ لەسەروەرییەدا هەبوە، بەڵکە خەمی ئێمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە نەوەیەک لەدوای راپەرین هاتونەتە دونیاوەو، ئێستا جیلی نوێی نەتەوەکەمانن، لەو چەواشەکارییەدا، درۆی مێژویی یان، بەشەرتی راستی مێژویی پێ بفرۆشنەوە، یان بۆ ئەوانەی کە لەداهاتودا دەیانەوێ ئەم مێژوە دیراسبکەن، ئەو زانیاریە ناڕاستانە بکەنە سەرچاوەی توێژینەوەکانیان ... بۆیە بە ئەرکی خۆمانمان زانی ئەم سەرنجانە سەبارەت بە بەرنامەی راپەرین و، میکانیزمی جێبەجێکردنی راپەرین، رۆڵی سەرکردەو حیزبەکان لەم وەرچەرخانە مێژوییەدا، بۆ مێژو تۆمار بکەین.

وەک ئاماژەمان پێدا پرۆسەی ئەنفالەکان بەسەرکەوتنی سەربازی بەعسیەکان کۆتایی هات. لەو وەزعە پڕ لەشکست و تەمتومان و، ئایندە نادیارەدا، لە دوا قۆناغی ئەنفالی یەک دا، کە بە گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوەی کە سەدام حسین-ی دیکتاتۆر ناوی نابو (سەری مارەکە)، کۆتاییهات و، بەلاغی ژمارە یەکی بەناوی ئەنفال بڵاوکردەوە.

لەرۆژی (19) مارتی (1988) کە دەکاتە هەمان شەوی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر سنور، کاک نەوشیروان مستەفا کە ئەوکاتە فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و، سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و، جێگری مامجەلال تاڵەبانی بو، بەناوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، بەیاننامەیەکی نوسی و بڵاوکردەوە، کە بەدرێژی باسی شەری (25) شەو رۆژەی پێشمەرگە قارەمانەکان و ژمارەی شەهیدو بریندارەکان دەکات. باسی ژمارەی کوژراو بریندار و دیلی دوژمن و، ژمارەی فەیلەق و فیرقەو لیوا و فرۆکە و تۆپخانە و کیمیایی و جاشەکان دەکات. ئا لەو کارەسات و، شکان و بارە دەرونییە خراپەدا،

سەرکردەیەکی دوربین و خاوەن ئیرادە لەدوا دێرەکانی بەیاننامەکەدا بەم جۆرە بیردەکاتەوەو دەنوسێ "بەم بۆنەیەوە

ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەرچی دوژمن بەقیمەتێکی گران.. سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام دڵنیایان ئەکەین کە ئەم شەڕە نوقطەی وەرچەرخانێک ئەبێ لە جەنگی (27) ساڵەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دا بەقازانجی گەلەکەمان و، سەرەتای پاککردنەوەی یەکجارەکی خاکی کوردستان ئەبێ لەهێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعس کە ڕۆژی لەگۆڕنانی نزیک بۆتەوە... بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و بەدەستهێنانی مافی ئازادی چارەنوس بۆ گەلی کورد".

## خۆڕێکخستنەوە دوای ئەنفال!

لەدوای ئەنفال هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدێژایی سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵات، جێگیر بون. کارەساتی ئەنفال و ئەو شکانە سەربازی و، بارە دەرونییەی کە بەسەر هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتیەکەیدا هاتبو، پێویستی بە بیری تیژ و، سەرکردەی ئارام و دوربین هەبو... ئەو ڕۆژانە ئیتر بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قاسمەرەش بارگەو بنەی خست و، لەوێوە بەسەرپەرشتی کاک نەوشیروان مستەفا کۆبونەوەی چڕوپڕ بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێی دوای ئەنفال دەستپێیکرد. لەوێ لە چەند هەفتەیەکدا، کاک نەوشیروان مستەفا بە هاوکاری هاوڕێکانی دەستی بە نوسینی بەرنامەی خۆڕێکخستنەوە کرد و، پرۆژەیەکی تێروتەسەلی ئامادەکردو تیایدا پایەکانی ستراتیژی خەباتی سەرلەنوێ دارشتەوە. بەجۆرێک لەگەڵ هەلومەرجی نوێ بگونجێ. جاران کە ناوچەی ڕزگارکراومان بەدەستەوەبو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژانە لەشەڕو نەبەردی قارەمانەدابو، ناوچە ڕزگارکراوەکانی لەهێرش و پەلاماری بەعس دەپاراست، بۆیە کاروباری پێشمەرگایەتی لە ئەولەویەتی پایەکانی خەبات بو، بەداوی ئەودا ئینجا خەباتی سیاسی ڕێکخراوەیی و ئیعلامی و دیبلۆماسی.. دەهات. بەڵام کاتێک کە ناوچەی ڕزگارکراومان نەماو، جەیشی عێراقی هەمو ناوچەکانی داگیرکرد، ئیتر دەبو جیگۆڕکێ بە پایەکانی خەبات بکرێ، بۆیە سەرلەنوێ بەم جۆرە دارێژرایەوە:

١. کاری ریکخراوەیی و سیاسی.
٢. کاروباری ڕاگەیاندن
٣. کاروباری پیشمەرگەیی
٤. کاری دیبلۆماسی

ئەوەبو دەستکرا بە کارکردن بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستن لە ناوهێزەکان و، لەناو شارەکاندا. لە ناوشارەکانیش سەرکردایەتی ناوخۆ دروستکرا، تا لەکاتی پچڕانی پەیوەندی نێوان شارو شاخدا، خۆیان بتوانن سەرپەرشتی کاروباری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانەی ناوخۆ بکەن. لەو سەروبەندەدا سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) دروستکرا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بە چالاکی نەوعی شەڕ بخرێتە ناو ماڵی دوژمن لە هەمو شارەکانی عێراقدا. تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی شاخ دەستکاریکراو بەتالیۆنەکان دروستکران، ناوەندی مەشق کرایەوەو، دەست بەمەشقی پێشمەرگە کرا. ڕەتڵی پارتیزانەکان پێکهێنران و، بە مەفرەزەی بچوک نێردرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جێگیرکرا و دەستی بە پەخش کردەوە. بەشێک لەکادرەکان نێردرانە ئەوروپا بۆ کاروباری ڕێکخستن و کاری دپلۆماسی، ئەمکارانە بەردەوامبو هەتا ڕۆژی داگیرکردنی کوەیت.

## دروستکردنی بەرەی کوردستانی!

سەرەتای بانگەواز بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1983)، ئەو کاتەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەستی بە مفاوەزاتکرد، لە کۆبونەوە جەماوەرییە گەورەکەی سورداش دا، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بانگەوازی بۆ ئاشتبونەوەی هێزە کوردستانیەکان و، دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوی کوردستانیکرد. بەڵام هیچ لایەنێکی کوردستانی بەدەنگ بانگەوازەکەوە نەهاتن. هۆکاری بەدەنگەوە نەهاتنی هێزەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێنرایەوە کە هەستی بە بەهێزی پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرد، چ لەسەر ئاستی ناوچەی ڕزگارکراو، چ لەسەرئاستی ژمارەی هێزی پێشمەرگەو، چ لەسەر ئاستی پێگەی جەماوەری یەکێتی لەناو دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بۆیە پێی وابو لە بارێکی ناهاوسەنگی وادا، پێگەی ئەو لەبەرامبەر نەیارە مێژوییەکەیدا سەنگین نابێ، چونکە لەو کاتەدا بنکەو بارەگای سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی لە گوندی ڕاژان بو، گوندی ڕاژان دەکەوێتە (36) کیلۆمەتری ئوستانی ئورمیە، نزیک سنوری تورکیا.. ساڵی

(1986)یش لەدرێژەی هەوڵەکانی ئێراندا بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان یەکێتی و پارتی فشاری خستە سەر هەردولایان تا بگەنە رێکەوتن، ئەوەبو لە تارانی پایتەختی ئێران مام جەلال و کاک ئیدریس بارزانی، کۆبونەوەی لێک تێگەیشتنیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردو حیزب کرد. نەک وەک هەندێک کەس باسی دەکەن کە گوایە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بوە! ئەم لێک تیگەیشتنەش ئەگەر چی سەرەتایەکی باش بو بۆ لیکنزیک بونەوەی ئەم دو هیزەو بوە مایەی هاتنی وەفدیکی پارتی بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی. بەڵام چونکە لەوکاتەشدا سەنگ و قورسایی سەربازی و سیاسی و جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر وەک خۆی بو، بۆیە هیچ رێککەوتنێکی کۆنکرێتی لێ سەوز نەبو، هەتا دوای پرۆسەی ئەنفالەکان و، شکانی یەکێتی و کشانەوەی بۆ سەر سنور، دوای گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە، جاریکی تر مام جەلال سکرتێری یەکیتی بانگەوازی بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی کردو، هەوڵەکان چڕکرانەوە، ئەمجارەیان پارتی و بارزانی هاتنە ژێرباری دروستکردنی بەرەی کوردستانی و لە هاوینی (1988) و لەژێر شەقی زەمانەدا لەئێران دروستکردنی بەرەی کوردستانی راگەیەنرا، بەبێ ئەوەی خاوەنی لەشکرێکی یەکگرتو، سەرکردایەتیەکی سیاسی دامەزراوبێ، تەنها شتێ کە بەرەی کوردستانی هەیبو رۆژنامەیەک و، نوێنەرایەتی لایەنەکان بو ئەویش لە گوندی راژان بو، کە بارەگای سەرەکی کاک مەسعود بارزانی لێ بو! بەپێی رێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی کاک مەسعود بۆ سەرۆکایەتی بەرە لەناوەو، مام جەلالیش بۆ سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەدەرەوەی وڵات دیاریکران.

## داگیرکردنی کوەیت

داگیرکردنی کوەیت لە (2)ی ئابی ساڵی (1990)، لەلایەن سەدام حسین-ەوە، دەرفەتێکی زێرین بو بۆ کورد و هێزەکانی تا تۆڵەی خۆیان لەبەعس بکەنەوە. سیاسەتی سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەو کات و ساتەدا ئەوە بو، کە هیچ بەیاننامەو تەسریح و هاشوهوشێک نەکرێ نە بە ئیدانەکردن، نە بەپشتگیریکردن، بەڵکو خۆمان بێ دەنگ بکەین و ئێستا ئیتر کاتی فەرمان و کردار و خۆئامادەکردنە بۆ ئەگەرەکان. ئەگەر سەدام لەژێر زەختی دەولیدا کشایەوە، ئەگەر نە کشایەوەو لێی درا. بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرەی کوردستانی کە بارەگاکەی لە راژان بو لای کاک مەسعود بارزانی، بەیانێکی ئیدانەی دژ بە داگیرکردنی کوەیت دەرکرد. بۆیە یەکێتی دەستبەجێ نارەزایی دەربڕی و، نوێنەرەکەی خۆی کە کۆچکردو (جەبار فەرمان) بو لە بەرەی کوردستانی بۆ قاسمەرەش سەحبکردەوە، داوای لەبەرەی کوردستانی کرد کە ئەو بەیاننامەیە تەعبیر لەبیروڕای ئێمە ناکات بکێشرێتەوە.

یەکێتی دەبو لەسەر ئەگەرەکان بەرنامەی هەبێ. ئەمە سەرەتای دارشتنی پلانی راپەرین و دەستگرتن بەسەر شارو شارۆچکەکانە.


ئێمە شایەتی یەکەمین رۆژی داگیرکردنی کوەی- ین، کاتێک کە چوینەلای کاک نەوشیروان مستەفا، ئەو نەخشە سەربازییانەی کە لەکاتی هێرشەکانی ئەنفالدا گیرابون، لەژورەکەی خۆی دا رایخستبون خەریکی سەیرکردن و لێوردبونەوەی بو، بەپێی ئاگاداری ئێمە لەمرۆژەوە پلانی راپەرین هەمو مێشک و بیرکردنەوەی کاک نەوشیروان مستەفای داگیرکرد. کاک نەوشیروان بەهاوکاری و راوێژ لەگەڵ هاورێکانی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەشێک لەشارەزایانی سەربازی نەخشەی راپەرینی نوسی و ئامادەکرد. بەرنامەی راپەرین بەتەنها پلانی هەڵکوتانەسەر شارو شارۆچکەکان نەبو، بەڵکو ئەوەی کە تێکرای بەرنامەکەی خوێندبێتەوە یان بینیبێتی، راستەوخۆ ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە ئەو عەقڵەی لەپشت دارشتنی ئەو بەرنامەوەیە تێدەگات کە بیری لە هەمو کایەکان کردۆتەوە، لایەنی سەربازی، لایەنی ئامۆژگاری و لایەنی حکومڕانی و راگرتنی ئاسایش و پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و حوکمداری هەر هەموی تیایە.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەمان باشتر رون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین هەندێ نمونە یاداشت بکەین:

یەکەم: لە بابی دەستگرتن بەسەر شارۆچکەو ئۆردوگاکانی کوردستان و، ناوەندی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوک دا زۆر بە وردی رەچاوی سازدانی هێزەکانی پێشمەرگەو فەرمان وەرگرتن لە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەو قۆناغ بەندی جوڵان و پەلاماردان و جێگیربون تەکاندان بۆ ئامانجی داهاتو... هەر هەموی دیاریکراوە. لەبابی ئامۆژگاریە گشتیەکاندا


لە لقی (هەڵویست) دا دەسەڵاتی تەواوی داوە بە یەکەکانی هێزی پێشمەرگە کە هەڵوێست لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ئانیدا، بگۆڕن و خۆیان بگونجێنن!

بەوردی ئەرک و فەرمانی رەتڵەکانی پێشمەرگەو بەتالیۆنەکان و چۆنیتی ئیستیعابکردنی ژمارەی چەکداری نوێی تیا دیاریکراوە.


(١٠) چەند تیپێکی هێزی احتیاط
(١١) ... کادر و
(١٢) ... هێزەکانی
هێزی تایبەتی
ریش سپیانەی لەگەڵ هێزەکان بەری ئەکەون .
لایەنەکانی تر کە ئامادەن بو بەشداری

دوەم: بەپێی نەخشەیەکی سەربازی، هەمو کوردستان دابەشی (10) میحوەر کراوە هەر لە کفرییەوە تا بادینان، بۆ هەر میحوەرێک سەرپەرشتیاری محوەر، فەرماندەی محوەر، فەرماندەی مەیدانی و بەتالیۆنەکان تیپ و کەرت و دەستە، هەر هەموی بەناو ژمارە دیاریکراون، کەلوپەلی جیهاز و، لۆجستیک .. میکانیزمی هەماهەنگی قوڵ و میحوەرەکان لەگەڵ یەک نوسراوەو دیاریکراوە.


سێیەم: لە بابی ئامۆژگارییەکاندا کە لێی نوسراوە زۆر نهێنی و تایبەت بۆ فەرماندەکانە، لە (20) خاڵدا دیسان لەسەر دەستوری ئەکادیمیای سەربازی ئامادەکراوە و لەو دێڕی پێشەکیەکەیدا وەک فەرمانی سەربازی فەرماندەو پێشمەرگە ئیلزام ئەکا، کە ئامۆژگارییەکان وەک خۆی جێبەجێ بکەن، لەبەرامبەر هەر کەم تەرخەمیەکدا بەرپرسیاریان دەکات. خاڵی زۆر سەرنج راکێشی تیایە هەر لە رەگەزی خێراییەوە، بیگرە هەتا هەڵخەڵەتاندن و غافڵگیرکردنی دوژمن، هەر پێشمەرگەیەک دەبێ خواردەمەنی پێویست بەشی سێ رۆژی پێبێت، لەگەڵ هەمو پێویستیە جەنگیەکانی وەک چەک، فیشەک و نارنجۆک.. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەو پێشمەرگەوە ئاگادار دەکاتەوە لەوەی دەبێ لەگەڵ هاوڵاتیان نەرم و نیان بن، نابێ بەهیچ جۆرێک دەستدرێژی بکرێتە سەر هیچ کەس، هەر کەس بیکا سزا ئەدرێ. تۆڵەسەندنەوەی کۆن و، زیندوکردنەوەی دوژمنایەتی کۆن قەدەغەدەکات و سزای بۆ دانراوە.. داوا لە هێزی پێشمەرگە دەکا کە بەناوی بەرەی کوردستانیەوە قسە لەگەڵ جەماوەر بکرێ... فەرمان دەکا کە دەبێ هەمو دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان هەم بپارێزرێن و، هەم بەزویی فەرمانبەران بچنەوە سەرکارەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی، دابینکردنی ئاو و کارەبا و خوێندن و خەستەخانە... پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان، دابینکردنی ئاسایش بۆیان.. ئەمانەی ئاماژەمان پێداون وەک سەرەقەڵەمێکە لەو بەرنامە گشتگیرەی کە لەلایەن کاک نەوشیروان مستەفاوە بۆ راپەرینی ساڵی (1991) نوسراوەو، بە دەست و خەت و بەچاپکراویش لەئەرشیف دا پارێزراوە.. رەنگە پرسیاری ئێمەو ئێوەش بێ، ئایە ئەم شتانە هەموی وەک خۆی جێبەجێکراوە یان نا؟


ئاموژگاریەکان:

لەدوای نوسینی بەرنامەکەو، ئامادەکردنی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەو پلانە، کە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، لە قاسمە رەشەوە وەفدێکی یەکێتی دەنێردرێت بۆ لای کاک مەسعود بارزانی .. کاک مەسعود بارزانی وەڵامی کۆنکرێتی بۆ رازیبون، بڕوابون بەو بەرنامەیە، بەوەفدی یەکێتی نەدابوەوە، بۆیە پێویستی بەکات و هەوڵی تر هەبو لەگەڵی. یەکێتی و مام جەلال و بەشەخسیش کاک نەوشیروان مستەفا، هەوڵەکانیان چڕکردەوە.. روداو و گۆڕانکارییەکان بەخێرایی رویان ئەداو، بوار بۆ کوشتنی کات نەمابوەوە، بۆیە فشارەکانی یەکێتی و تەنانەت هەندێک لە بەرپرسانی ئێرانی بۆ بەشداری راستەوخۆی پارتی و کاک مەسعود چڕتر کرانەوە، مام جەلالیش لەدەرەوە زۆر تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە کاک مەسعود بارزانی بەشداری بکا، تا یەکێتی ریزەکانی گەل مسۆگەرتر ببێ و، کورد لەم دەرفەتە مێژوییەدا بە یەکگرتوی بەرامبەر رژێمی بەعس شەڕ بکات. بێگومان دارێژەری بەرنامەی راپەرینیش هەمان بیروبۆچونی هەبو، هەر بۆیە لەدارشتنی بەرنامەی راپەریندا لە خاڵی (15) ئامۆژگاریەکاندا بەدەق نوسیویەتی "بەناوی بەرەی کوردستانییەوە لەگەڵ جەماوەر قسەبکرێ"، هەروەها لە بەشی پلانی دەست بەسەراگرتنی شارو شارۆچکەکاندا، لەباسی هێزەکاندا خاڵی (12) دەنوسێ "هێزەکانی لایەنەکانی تر کە ئامادەن بۆ بەشداری".


کاک نەوشیروان مستەفا چونکە خۆی سەرپەرشتی هەمو ئامادەکارییەکانی بۆ جێ بەجێکردنی بەرنامەکە کردبو، لەهەر سەرکردەیەکی تر زیاتر قەلەقە و، وەک خۆی نوسیویەتی دەزانی عنصری سرعە (رەگەزی خێرایی) چ رۆڵێکی چارەنوسساز لە

لەحزەی حاسمدا دەگێڕێ، بۆیە لەچاوەڕوانی، وا کاک مەسعود (هات)ەکەی مام جەلال و، (نەهات)ە کەی کاک مەسعود بارزانی دا، ئۆقرە ناگرێ و، بەردەوام لە پەیوەندی دا دەبێ بەهۆی جیهازەکەی دیمەشق لەگەڵ مام جەلال و، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ کاک مەسعود، داوا دەکات کە دەبێ کاک مەسعود پەلەبکات لەهاتن بۆلایان، کاک نەوشیروان ناچار بو، فەرمان بە جوڵانی هێزەکە بدات بەرەو رانیە، خۆی چاوەڕوانی هاتنی بارزانی بکا.. سەرەنجام دوای چاوەڕوانیەکی چەند رۆژەو تەئخیرکردنی کاک نەوشیروان لە دابەزین بۆ رانیە، دوای ئەوەی کاک نەوشیروان چەند جارێک لە زەڵێ-وە دەگەڕێتەوە بۆ قاسمەرەش بەدوای کاک مەسعودا، ئەوەبو کاک مەسعود بارزانی بەخۆیی و حیمایەکانییەوە، وەک لە رۆژژمێری سەرکەوتی جیهازدا تۆمارکراوە و، لێرەدا وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە، رۆژی (6-3-1991) واتە رۆژێک دوای راپەرینی رانیەی دەروازەی راپەرین و، رۆژێک پێش زەماوەندەکەی سلێمانی، کاک مەسعود دەگاتە قاسمەڕەش.



چیرۆکی دواکەوتنی کاک نێچیرڤان بارزانیش هاوشێوەی کاک مەسعود بارزانی بو، بڕیار بو کاک نێچیرڤان بارزانیش لەوادەی دیاریکراو بگاتە چیوەرۆ کە خاڵی دەرچونی هێزەکانی میحوەری دوی سلێمانی بو، بەڵام هەر نەهات، لە (8-3-1998) نێچیرڤان بارزانی لە ئێرانەوە و لەرێی جیهازەکەی یەکێتیەوە بروسکەیەک دەنێرێ بۆ کاک ملازم عومەر، بروسکەکە لەرێی جیهازەکەی بەتالیۆنی (7) کە هەردو هاورێمان کاک خالید حسین و کاک تارق کە ئەوکاتە لە مزگەوتی عەلی کەمال بون لەگەڕەگی هەوارەبەرزەی نێچیر لە بروسکەکەیدا داوا دەکات ئەو رێگەنازانێ بەڵکە چاوساغی بکەن، یان مەفرەزەیەکی شارەزای بە پیرەوە بنێرن تا بگاتە سلێمانی. لە رۆژی (11-3-1991) چەند پاسێکی کۆستەریان بۆ دەنێرن بۆ باشماخ و لەرێی چوارتاوە هەمان رۆژ کاک نێچرڤان و قادر قادر و حیمایەکانی دەگەنە سلێمانی. رۆژی دواتر دەچێتە بارەگای بەرەی کوردستانی کە لە بینای سەقافەی جەماوەری بو، کاک عومەر فەتاح بەرپرسی بەرەی کوردستانی بو!

پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئەگەرچی لەژێر شەقی زەمانەدا دامەزرا، بەڵام توانی رۆڵی گەورە لە کۆکردنەوەی هێزەکانی کوردستان و، یەکێتی ریزەکانی گەلدا بۆ راپەڕین بگیرێ، بەڵام بەهۆی نەبونی سەرکردایەتیەکی یەککرتو، لەشکریکی یەککرتوی نیشتمانی نەیتوانی پارێزگاری لە سەرکەوتنەکانی راپەرین بکا و، لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا، گەورەترین سەرکەوتن گۆڕا بە شکستیکی گەورەو، بەعس توانی کۆنترۆڵی هەمو شارە گەورەکان بکاتەوە. ئێستاش پێویستیمان بەهەمان یەکێتی و یەکریزی و یەک ئیرادەیی هێزەکان هەیە، بەڵام بەداخەوە هێزە کوردستانیەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی پەندیان لەرابردو وەرنەگرت و، لەسەر هەڵەکانیان بەردەوامن و، نمونەیەکی ناشرینی حوکمڕانیان پێشکەش کردوین، ئەگەر بەخۆیاندا نەچنەوە، بەدوری نازانین نارەزایەتیەکان سەر بکێشن بۆ توندوتیژی گەورەو، خۆیان و میللەتەکەشمان توشی کارەساتی گەورەبکەن. بەرەو چەسپاندنی ئامانجەکانی راپەڕین کە خۆی لە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا و، حکومەتی هاوڵاتیدا دەبینێتەوە.



## داستانی گرتنی شارۆچکەی هیران و ١١ ڕۆژ هێرش وبەرەنگاری. ٦-٩-١٩٨٧

ڕەوەند گەرمیانی



بەم جۆرە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان بەسەرتەواوی شارۆچکەکەو گردەکانی دەوروبەریدا گرت ودوواتریش توانیان کۆنترۆڵی کەپکی شیلانەی چیای سەفین بکەن و هێزەکانی دوژمن بشکێنن و ڕاوبنێن وپاشان لە درێژەی هەڵمەتەکانیان دەستیان بەسەر لوتکەی گەروتەدا گرت کە هەڵکەوتێکی ستراتیجی هەیەو بەم جۆرە هێزی پێشمەرگە دەرفەتی بۆڕەخساو توانی هەتا نزیک شەقلاوە هێزەکانی ڕژێمی بەعس ڕاوبنێ.
دوای ئەم شکستانە هێزە بەزیوەکانی دوژمن کەوتنە خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی دژە هێرش بۆ گرتنەوەی هیران ودۆڵی سماقووڵی.

ئەو هێزانەی ڕژێم کە ئەنجامدانی ئەم هێرشانەیان پێ سپێردرابوو زۆر بەربڵاووگەورەبوون کە بریتی بوون لە:

١- هێزێکی زۆری گەورەی جاش

٢- فیرقەی ٤٥ ی سەربە فەیلەقی پێنج کە بە قوات طلحة ناسراوە

٣- لیوایەکی قوات خاسەی سەربەفەیلەقی٥

٤- کەتیبەی هەندەسەی لەشکر

٥- سێ کەتیبەی تۆبخانەی قورس

٦- کەتیبەیەکی موشەک

٧- سێ کەتیبەی تانک و زرێپۆش

بەم شێوەیە لە بەرواری ٦ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن لە چوارقۆڵەوە وبەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزیری بەرگری ئەوسای عێراق عدنان خێرالله ئەنجام درا وهێرش لەم قۆڵانەوەدەستی پێکرد

١- لەقۆڵی گۆمەتانەوە بەرەو زنجیرە چیاکانی بنە باوێ

٢- لەقۆڵی سەری ڕەش ـ دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو گوندەکانی سوسێ وسولاوک

٣- لەقۆڵی چیای سەفینەوە بەرەو کەپکی شیلانەو بەرزاییەکانی کەدەڕوانن بە سەر شارۆچکەی هیران

٤- لەقۆڵی شەقلاوەوە بەرەو شارۆچکەی هیران

هاوکات هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەهیران لە ئامادە باشی بو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە چاوەڕوانکراوەکانی هێزەکانی ڕژێم

ئەم هێزانە بریتی بوون لە :

١ـ تیپی ٨٣ ی هەورێ

٢ـ تیپی ٨٥ ی بەڕانەتی

٣ـ تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر

٤ـ تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ

٥ـ تیپی ١٩ ی کۆڕەک

٦- تیپی ١٢ ی سۆران
٧- تیپی ٧٨ ی کاروخ
٨- تیپی ٩٠ ی باواجی
٩- تیپی ٩١ ی سەفین
١٠- تیپی ٩٣ ی کۆیە
١١- تیپی ٩٩ ی بیتوێن

هەروەها بەتالیۆنی ٣١ ی ئازارو بەتالیۆنی ٥ ی حیزبی شیوعی عێراق وهێزی باواجی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان وچەنددەستەیەکی لیژنەی ناوچەی هیران وکۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەم شێوەیە شەڕ هەموو قۆڵەکانی گرتەوە و هێزەکانی دوژمن بەپاڵپشتی تانک وتۆپبارانی چڕ، دەستیان بەهێرشەکان کرد ،بەڵام بەرامبەر خۆڕاگری و ئازایەتی هێزی پێشمەرگە هیچ ئامانجێکیان نەهاتەدی و دووای شکستی هێرشەکان بەرەو دووا کشانەوە.

لە ڕۆژی ٧ ی ئەیلولدا واتە ڕۆژی دووەمی شەڕەکە دۆژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لەهەموو قۆڵەکانەوە زۆر بەچڕی تۆپباران کردەوەو پاشان هێرشی سەخت بۆسەر هەموو قۆڵەکان دەستپێێکرد ولەهەمان کاتدا فڕۆکە جەنگییەکانی قوەی جەوی عێراقی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بە بۆمبی هێشووی قەدەغەکراو زۆر بەخەستی بۆردومان کرد. بۆ شەوەکەی پێشمەرگەکانی هەریەک لە تیپی ٧٨ ی کاروخ و تیپی ١٩ ی کۆڕەک بۆ کەم کردنەوەی گوشاری هێزەکانی دوژمن لەسەر

شەڕگەی هیران لەناوچەی دەرگەڵە هێرشیان کردە سەر بارەگای فەوجێکی جاشەکان و٣ ڕەبییەی سەر بەهێزەکانی فەهد و٧ ڕەبییە لەدۆڵی خانەقا لەناوچەی نێوان لۆفەکانی چیای گۆجارڕوگردی میرسەلیم وتوانیان دەست بەسەر بارەگای فەوجەکەو هەر١٠ ڕەبییەکەدا بگرن ولەئەنجامدا ٧٥ جاشیان کوشت و٦ جاشی دیکەشیان بەدیل گرت. لە ڕۆژی سێ یەم واتە لە ٨ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن لەچوارچێوەی هێرشەکانیدا دەستیان بەهەندێک پێشڕەوی کرد بەئاراستەی گوندی زیارەت وتوانیان هەندێک بەرزایی بگرن. دوواتر دوژمن هەوڵی دا هەتا چیای بنەباوییان بگرێت بەڵام ڕوبەڕوی بەرەنگاری سەختی پێشمەرگەکان بووەو جارێکی ترتێکشکان و هیچیان بەهیچ نەکرد.

لە ٩ ی ئەیلولدا لیویەکی گاردی کۆماری بە پاڵپشتی جاشە خۆفرۆشەکان هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەکان لەهەمان قۆڵەوە بەڵام دیسان بەهۆی خۆڕاگری هەڵۆی چیاکان خراپ تێکشکان و پێشمەرگەکان ئاگری دۆزەخیان بۆداخستن وزیانێکی گەورەیان لێدان.

بەم جۆرەهێرش و پەلاماری دوژمن وبەرەنگاری وخۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان درێژەی کێشا بەبێ ئەوەی ئەوهێزانەی ڕژێم هیچ ئامانجێکی دیاریکراوبەدەست بهێنن.

لە ١٠ ی ئەیلولدا هێزەکانی گاردی کۆماری وچەندین لیوای کۆماندۆ وزیاترلە ١٠ فەوجی جاش جارێکی تر هێرشیان کردە سە ر سەنگەرەکانی

پێشمەرگە لە چیای بنەباوێ کە دەڕوانێتە سەر ڕێگای دێگەڵە ـ دەربەندی گۆمەسپان و پاش شەڕێکی قورس توانیان تا ئێوارە دەست بەسەر چەند بەرزاییەکدابگرن.

بۆشەوەکەی هێزی پێشمەرگە لەبنەباوێ کشایەوەو سەنگەری تازەی لەشوێنی لەبارتر لێدا.

لەڕۆژی ١٦ ی ئەیلولدا هێزەکانی دوژمن هێرشی بەربڵاوویان بەئاراستەی هەردوگوندی کرۆژو سماقوڵی دەستپێکرد.

لەبەرامبەردا پێشمەرگەجوامێرەکانی تیپی ٨٧ ی کاروخ و ٩٠ ی باواجی و ٩٩ ی بیتوێن و هێزی باواجی حیزبی سۆسیالیست بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوەو شەڕێکی دەستەو یەخەیان لەگەڵ کردن وتێکیانشکاندن و دوواتر پێشمەرگەکان دەستیان بەدژە هێرش کردوهێزەکەیان ڕاونا.


لەدرێژەی ئەم ڕاونانەی دوژمن هێزەکانی پێشمەرگە درێژەیان بە پێشرەوییەکانی خۆیان داو چیای بنەباوێیان جارێکی تر لەهێزەکانی دوژمن سەندەوەودوژمن ناچار ودووای ئەوەی زۆربەی هێزەکەی تەفروتونابووبەرەو پاش قوچانی وبە ئاراستەی هەولێرپاشەکشەی کرد.


لەم داستانە مەزنەدا هێزی پێشمەرگە دەستی بەسەر برێکی زۆر لە تەقەمەنی وخۆراک و وێڕای ٢ ئۆتۆمبیلی سەربازی لەجۆری زیل وبرێکی زۆر گولە تۆپ وموشەکی تانک وگولەی ئارپیجی دا گرت ولەهەمان کاتدالەمەیدانی شەڕدا بەدەیان لاشەی کوژراوی هێزەکانی دوژمن کەوتبوو.

بەم شێوەیە نەک دوژمن ئامانجەکانی خۆی نەپێکا بەڵکو هێزەکانی پێشمەرگە هەتا نزیک ڕێگەی هەولێر ـ کۆیە دوژمنیان ڕاو نا..

پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورەو مێژوویی تۆمار کرد.سڵاووڵە ئێوەی قارەمان.. لە ئێوەی خۆڕاگر..لە ئێوە ی کێوی بڕواو متمانە.


**دەستنوسی شیعرێکی نالی**





لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یا خۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من
ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا ڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا ڕەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا ڕەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من
مەجنونی دوو گیسویی چ لەیلایێکە ئاخۆ
یا وامیقی جادوویی چ عەزراییکە ئاخۆ
دێوانەیی ئاهویی چ سەحراییکە ئاخۆ
کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من

بێخودی شاعیر ناوی تەواوی (مەحمود)ی کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی موفتی گەورە حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە کە ناوبانگی بە(پیرحەسەن) دەرکردووە. لەساڵی ١٨٧٩ هاتوەتە دونیاوە، لای زانایانی ناوداری ئەو سەردەمەی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە. ساڵی 1900ی زاینی کراوە بەحاکمی هەڵەبجە، لەگەڵ مامۆستایان (ڕەفیق حیلمی) و (زێوەر)دا مامۆستایەتیی کردووە، بێئەوەی هیچ مانگانەیەک وەربگرێت، واتە بێبەرانبەر دەرسی بەمنداڵانی کوردستان وتووەو پەروەردەی کردوون، پێش کۆچی دوایی موفتی کاکی (مەلا عەبدولعەزیز)، چەند ساڵێکی لە هەڵەبجە بەسەر بردووە، لەدواییدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و تا مردنی لە جێگاکەی ئەودا موفتی بووە، ڕۆژی٢٥ی ٨ی ١٩٥٥ بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد ،بەراستی ئەم کەسایەتییانە بوون بە چرا و جوانی وروناکی بۆشارەکەو بۆ هەموو کوردستان کەبۆ هەتایێ پرشنگی روناکی دەبن وناکوژینەوە.یادی پیرۆزیان بەخێر.. **سەرچاوە، دیوانی بێخود**



(اللە اكبر) مەلا بانگدانە
تاریک و لێڵی بەری بەیانە
مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
زەردەلەترسی قاسپە قاسپی کەو
ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل
کزکزئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل
لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ
لەشوێنی ڕاوکەرتەقەی تفەنگ دێ
وابەتەواوی دنیا ڕووناکە
هەرسیحری ڕووتە سروشت ئێستاکە
لەدرەخت ئەدا شنەی بای سەحەر
جموجۆڵیەتی چەشنی سەودای سەر
لەسەر جۆگەی ئاش قازو مراوی
چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی!
بەڵام تا خوڵقی نەکاچێشتەنگاو
نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو!

## YADNAME یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

**Email :sarkawt_47@hotmail.com**
**Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234**

YADNAMA

# یادنامە

ڕامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیان دن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نیە.

ژمارە23ی ئازاری2021 بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.23, March 2021

## مانگی نەورۆز، مانگی بۆنە و کارەساتەکان

یادنامە



کورد بە درێژایی مێژو مانگی ٣ پڕە لە یادەوەری کارەسات و بۆنەکان ، ئەگەر ئەم یادەوەریانە خوێندنەوەی بۆ بکرێ ئەوا مێژوی دروشمەکانی مرۆ ڤایەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، بە دوای مانگی سێ ، مانگی ٤ درێژکراوە و تەواوکاری پلانەکانی مانگی٣ بوە ، هەر لە هەڵەبجە و کۆڕە و جینوساید ، کە هەمو ئەمانە درێژکراوەی پلانی دوژمنان بوە لە مێژودا بە تایبەت هەرەسی شۆڕشی کوردی ، دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا کورد لە ئێستادا توانیویەتی ئەم مەلەفانە بەرێتە ناوەندە جیهانیەکان و مافی مرۆڤ و مافی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان ، ئایا توانیویەتی ئەم مەلەفانە بکاتە دیکۆمێنتێکی کۆنکرێتی و بە جیهان بڵێ مافی مرۆڤ لەژێر ڕەحمی بەرژەوەندیە گەورەکانا جگە لە درۆیەک هیجی تر نیە، دوا جار با س کردن و گێڕانەوەی حکایەتی کارەساتەکان هیچ ناکات گەر خۆمان کاری لەسەر نەکەین ، مافی مرۆڤ لە بەرامبەر ئەم کارەساتانەدا هیچ نیە جگە لە درۆیەکی جیهانی ، وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ : مافی مرۆڤ درۆیەک بو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دەمی هەڵەوەڕی مێژو دەرچو بۆنەکان لە بەرامبەر ک ارەساتەکاندا ، بونەتە بەرخودانی خۆسەلمێنەری گەورەترین نەتوەی بێ دەوڵەتی دنیا ، نـەورۆز و ڕاپەڕین ئەو قۆناغە بو وەڵامی دنیای دایەوە ، کە بڵێ : ڕۆژی ئازادیـــە نــــەک زەبــــونیە ئەی منیش وەک گەلان مافم بۆ نیە بــۆچی تاوانە دیـــلی کــەس نەبم یا پلیـــــشاوەی ژێــر هــەرەس نەبم.

## ململانێی نێوان تورکیا و ئێران لەسەر موسڵ پەرەدەسێنێت




چاوتێبڕینی تورکیا بۆ سەر ناوچەی شەنگال لە عێراق، ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و تورکیای بردووەتە قۆناغێکی نوێوە.
دەستپێکردنی هەڵمەتی سەربازی بۆ وەدەرنانی چەکدارە کوردەکان لە ناوچە ی شە نگالی باکوری عێراق، بووە تەهۆی زیاتر تێکچونی پەیوەندیەکانی هەردوو وڵات لەسە ر ناوچە ی دەوڵەمەند بە نە وتی موسڵ، کە زۆرێک لە تورکەکان تا ئێستاش وەک میراتێکی دەوڵە تی عوسمانی لێی دەڕوانن..
سەرەتای ئەم هەفتەیە، لە زاری محمد جواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئێران نیگەرانە لە جموجوڵی سە ربازی تورکیا لە سوریا و عێراق و سیاسەتی تورکیاشی بەرامبەر بە بەغداد و دیمەشق بە هەڵە ناوبردوە، بە ڵام لە لێدوانێکدا بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی تورکیا، **بۆ ل ٢ و ٣ و 4**

**ئارام هێمای سرودی ڕەنجدەران.. ل**

**بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان (سەرووت سەوز).. ل**

**بەسەرکردنەوەی تێکۆشەر، سەفینی مەلا قەرە.. ل**

کاربەدەستێکی وە زارەتی دەرەوەی ئێر ان ئە وەی ڕەتکردە وە کە زەریف لێدوانی لە و جۆرە ی دابێت، هەرچەندە گرژی و جیاوازییەکانی ئەم دوو وڵاتە بە ڕوونی لە سە ر گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە دەبینرێت.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتدا هێزە سەربازییەکانی تورکیا مۆڵگە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان لە چیای گارە لە باکوری عێراق دەکردە ئامانج، لە هە مان کاتیشدا سێ لیوا لە یەکینە کانی حەشدی شەعبی کە ئێران پشتگیریان دەکات لە شەنگال جێگیرکران لە خۆرئا وای موسڵ بە درێژایی سنوری سوریا . یە کێک لە فەرماندە کانی حەشد ڕایگە یاند، جێگیرکردنی ئە وان لە وێ بۆ ڕێگریکردن بووە لە هەڕەشەی سەربازی تورکیا.

بوونی پەکەکە لە شەنگال تورکیای نیگەران کردووە، بەڵام حساباتی تورکیا تا موسڵ درێژ دە بێتە وە، ئێر انیش لای خۆیە وە بۆ ڕێگریکردن لە پێشڕە وی کردنی چە کدارانی داعش؛ ئە وەی ویستویەتی بە زیادەوە ئەنجامیداوە.

زۆرێک لە تورکەکان، بە تایبەت ڕاست ڕە وەکان تا ئێستاش موسڵ وەک (نیشتیمانی وونبوو) تەماشا دەکەن و دەڵێن: لە کاتی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەستمان چووە.

زۆرێک لە حکومەتە یە ک لە دوای یەکە کانی تورکیا بۆ ماوە ی چەندین ساڵ ئەم پرسەیان وروژاندووە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان، ئێستاش لە سایەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە )، تورکیا تە نها گومانی لای وڵاتانی عە رەبی دروست کردووە لەسە ر ئە و ڕێکەوتنامانەی کە بوون بەهۆی لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دیاریکردنی سنوری تورکیای ئێستا .

ئاکەپە نیازی وایە لە چوارچێوە ی کارگێڕی دە وڵە تی عوسمانیە وە سەیری موسڵ بکات، واتە ویلایەتی موسڵ کە ناوچە کانی موسڵ و کەرکوک و سلێمانی دەگرێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە باکوری عێراق کە ناوچەکانی سلێمانی و هە ولێر و دهۆک کە هە رێمی کوردستانیان پێکهێناوە، هە موو سە ر بە ویلایەتی موسوڵی عوسمانی بوون.

بڕواش وایە کە تورکیا هانی تورکمانەکانی کەرکوک و تەلەعفەریداوە کە هەماهەنگی لەگەڵ کوردا بکەن، ئەم جۆرە تێڕوانینانە هە رگیز لە ڕوی سیاسیەوە نەخراوەتەڕو، بەڵکو وەک گریمانەیە ک باسی لێوە کراوە، چونکە تورکیا شکستیهێناوە لە وەی ڕێگە لە سە رهەڵدانی کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆ و خۆسەر بگرێت و پاشانیش ویلایەتی موسڵیش دە بێت بە نیمچە سە ربەخۆ و دەبێت تورکیا چاوەڕێی دەرفەتێک بکات تا بیانخاتە سەر خۆی.

عوسمانییەکان لە ساڵی (1918) لەژێر دەستی بە ریتانیادا ویلایە تی موسڵیان دۆڕاند، چونکە ئیمپراتۆرییەتەکە یان توشی شکستێکی گەورەبوون لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.

لە بەیاننامە ی ساڵی (1920)ی دوای جە نگی ئا زادکردنی تورکیا هاتووە؛ موسڵ دەکەوێتە ناو چوارچێوە ی سنوری نێودە وڵەتیە وە، هەربۆیە لە کۆتاییدا تورکیا دەستبەرداری داواکردنی موسڵ بوو لە پەیماننامەی ساڵی (1926)، بەڵام ئەویش بەبێ بەرامبەرنەبوو، لەدوای ساڵی (1934)ـەوە لە (10%)ی داهاتی نەوتی موسڵ بۆ ماوەی (25) ساڵ دەچێتە گیرفانی تورکیاوە، ساڵی (1986) ئە و بەندە کۆتایی پێهات کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا تورغوت ئۆزاڵ لە ژێر فەرمانی سەدام حسێندا کۆتایی بە قەرزەکان هێنا.

کاتێک ساڵی (1991) ویلایەتە یە ککرتوەکانی ئە مریکا گورزی سەربازی لە عێراق وە شاند، ئۆ زاڵ پەرۆشی هە ڵمە تێک بوو بۆ زیندوکردنەوەی خە ونی ویلایە تی موسڵ، ئە میش هە مان خە ونی سەرۆک وەزیران عدنان مەندەرس هە بوو کاتێک ساڵی (1958) عێراق ویستی لەسەر یەککرتن هەبوو لەگەڵ ئوردن، مەندەرس چەند کاربەدەستێکی هەواڵگری نارد بۆ موسڵ و کە رکوک تا بۆچونیان تاقیبکاتەوەو واشنتۆنیش ڕەزامەندی بدات.

پاش پرۆسە ی داگیرکردنی عێراق ساڵی (2003) بە ڕابەرایە تی ئەمریکا، ئاکەپە هەوڵەکانی خستەگەڕ لە ڕێگای چە ند کە سایە تیەکی عێراقیەوە هەوڵیدا هەیمەنەی تورکیا لە عێراق فراوان بکات و دە ستی ئێر انیش لە عێراق لاواز بکات و پە یوەندی بازرگانی لە گە ڵ کوردستانی عێراق پتە و بکات و لە ڕێگە ی ئە سیل نوجە یفی پارێزگاری پێشوی موسڵ پەیوەندی لەگەڵ سونەکان بە هێز بکات و چەندین بۆند لەگە ڵ سە رکردە تورکمانە کانی عێراق بکات، بە ڵام هەرزوو هاوبەشەکانی لە عێراق سە لماندیان کە تورکیا هە وڵە کانی نەزۆکە و وەکو بڵقی سەر ئاوە.

پاڵپشتی ئەنکەرە بۆ سونە کانی عێراق ناوبانگی تورکیای لە ناو لایەنە کانی تری عێراق لە کە دار کرد، کاتێک دنە ی گروپە جیهادییەکانی دەدا بۆ لێدان لە تورکمان و مە سیحی و یە زیدی و کەمینەکانی تر لە ساڵی (2006)دا. کاتیک ساڵی (2014) خە ڵکی سیڤیل لە دەستی چەکدارانی داعش هە ڵدە هاتن، ئاکەپە داعشی بە گەنجانی تورە لە دژی سیاسەتی مەزهەبی شیعەی بەغدا ناو دەبرد.

بەڵام زۆری نەبرد کونسوڵخانە ی تورکیا لە موسڵ کە وتە دەست چەکدارە جیهادیە کان و (49) کەسیان لێگرتن لە ناویاندا سەرکونسوڵەکەیان بۆ ماوەی سێ مانگ بە بارمتە گرت.

هاوکات تورکمانەکانیش کە تورکیا بە هاوپە یمانی خۆی دە زانین پارچە پارچە بوون و تورکمانە شیعە کان پەیوەندی خۆیان لە گە ڵ عەرەبە شیعەکان پتەوکردوو پاڵیاندا بە ئێرانەوە.

لە گەمەی رزگارکردنی شاری موسڵدا، سوپای تورکیا لە کە مپی بەعشیقە لە نزیک موسڵ جیگیرک ران بۆ مە شقدان لە چەکدارانی حەشدی وەتەنی سەر بە نوجەیفی بە ئومێدی بەشداری کردنیان لە رزگارکردنی شارەکەدا، لە هەمان کاتیشدا تورکیا زۆر بە توندی دژی بەشداری کردنی چەکدارانی حەشدی شەعبی بوو.

ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا حەشدی شەعبیان بە ئیرهابییە شیعەکان وەسف دەکرد، رەجەب تەییب ئەردۆغانیش هەمیشە جە ختی لەسە ر ئەوە دەکردەوە کە تەنها عەرەبی سونە و تورکمان و کوردی سوننە لە موسڵدا بمێننەوە کاتێک شارە کە ئا زاد کرا، لە کۆتاییدا تورکیا لەمەشدا مایەپوچ بوو کە دەیویست بە بەکارهێنانی حەشدی وە تە نی هەیمەنەی خۆی لە موسڵدا بسەپێنێت.

لە ئێستادا تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە لە رێگەی ئەو قەوارە گشتیانەی کە خە ریکی کاری مرۆیین بگە ڕێتە وە موسڵ، بە ڵام هێشتا کونوسڵخانە کەی نە کردوەتەوە هەرچەندە باڵەخانەیە کی بە کرێ گرتوە و لێی نوسیوە (کونسوڵخانەی گشتی).

بەغدا رەزامەندی نیشانداوە بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ، هەرچەندە ئەو لایەنانەی دژی تورکیان پێداگری دەکەن لەسەر نەکردنەوەی.

فرۆکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هێرشەکانیا بۆ سە ر چەکدارانی داعش لە ساڵی (2016)دا کونسوڵخانەی پێشوی تورکیایان وێران کرد.

لەئێستادا تەنها ناوەندێکی پێدانی ڤیزای تورکیا لە موسڵدا هە یە ئەویش ئەنقەرە خۆی رەزامەندی پێداوە.

بە پێچەوانە وە ئێر ان توانیویە تی لە ڕێگە ی حەشدی شە عبی و هاوپەیمانەکانیەوە دەسەڵاتی زۆری بەسەر موسڵدا هەبێت کە لە دوای ئازادکردنی شارەکەوە لەوێ جێگیربون.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لەگە ڵ مەسیحیە کان و گروپە سوننە کان هەماهە نگن لەگە ڵ یەکینە کانی پاراستنی شە نگال کە گروپێکی یەزیدین و پە کەکە دروستی کردوون بۆ پاراستنی شە نگال.

سەرچاوەیەکی تورکمانی لە موسڵە وە بە ئە لمۆنیتە ری راگەیاندوە، تورکمانە شیعەکان و یەزیدیەکان و کەمینەکانی تری ناوچەکە، رۆڵی حەشدی شەعبی بەرز دەنرخێنن، ئەمەش وادەکات ئێران زیاتر بوون و کاریگەری خۆی بسەپێنێت و بە دوای پرۆژە ئابورییەکانی خۆیدا بڕوات لە شارەکە.

زۆرێک لە تورکیا پێیانوایە حەشدی شە عبی و هێزکانی پاراستنی شەنگال دەست و پێی پەکەکە و ئێرانن. هەولێر نیگەرانە لە وەی کە بەغدا و تاران بە ئەنقەست پەکەکەیان لە شە نگال جێگیرکردوە بۆ ئە وەی جارێکی تر پێشمە رگە نەگەڕێتە وە ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان .

لە ڕوانگەی ئێرانەوە، هێڵەکانی پشتیوانی ناوخۆیی بە های ڕێگای موسڵ – شەنگال بۆ سنوری عێراق و سوریا زیاد دەکات. لە ئێستا دەروازەی سنوری رەبیعە بۆ باکوری شەنگال کە داعش بەکاریدەهێنا بۆ پەرینەوە بۆ سوریا؛ لەلایەن هێزەکانی سەر بە حەشدی شە عبی و هێزە عێراقییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە ، لەبە ری سوریاشە وە هە ردوو ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی سوپای دیموکرات بە پاڵپشتی ئە مریکا کۆنترۆڵ کراون.

بە هەر حاڵ ئێستا ئێران جموجوڵێکی ئازادانەی لەسە ر سنور نیە ، هەرچۆنێک بێت کار بۆ داهاتوی دەکات.

دەروازەی ئەلقەییم لە شاری ئەنبار خاڵی ئێرانە بۆ چونە ناو سوریا، هەرچەندە گروپەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا جموجوڵیان هەیە ، بەڵام ئاسان و لە بلرنیە بۆیان، چونکە لە هەردولاوە کراوەیە بە روی سوننەکاندا.

تەرازوی هێز ئێستا لە موسڵ لە بەرژەوەندی ئێراندایە، بەڵام هێشتا لە نیوەی ئەو ڕێگایەدایە کە تورکیا لەسەری خزا، تورەیی سوننە کان لەگەڵ میلیشیا شیعەکان لە موسڵ بە ردەامی هەیە لەسە ر دەسە ڵات، ناکۆکی تایفی و گەندەڵی ڕێ لە بوژانەوەو بەرەو پێشچونی شارە کە دەگرێت .

تۆ بڵێی ئەنقەرە پەندی لە هەڵە کانی پێشوی وە رگرتبێت؟ تورە یی تورکمانە شیعە کان وەک خۆی ماوە تە وەو چارەسە ر نە بووە. لە کاتێکدا هەندێک لە سەرکردە سوننەکان کە تورکیا بە ئاسانی دەستی پێیان رادەگەیشت، ئێستا یان پاڵیانداوە بە ئێرانە وە یان ئێستا لەبەرەی سعودیە و ئیماراتن.

دەستێوەردانی ناو بەناوی ئەمریکا دەسەڵاتی ئێرانی سنوردار کردووە و تـــورکیـــاش دەستەوسـان وەستـاوە، ئەو چالاکیـە ماوبەشانەی

ئەمریکا و ئێران دەیکە ن هە موو جارێک لە بەرژەوەندی ئە مریکا ناشکێتەوە، بەپێی ڕێکەوتنامەی شەنگال کە ئە مریکا پشتگیری لێ دەکات و هەولێر و بەغداد ئیمزایان لەسەر کردوە، هێزەکانی فیدراڵی عێراق جێگای هێزە کانی حەشدی شە عبی و هێزەکانی پاراستنی شەنگال دەگرنەوە، بەڵام لەوکاتەوە هێزەکانی حەشدی شە عبی بونی خۆیان لە ناوچەکەدا سەلماندووەو دەسەڵاتی خۆیان پیشانداوە. لەوانەیە سوننەکانی موسڵ مەیلیان بەلای هاوکاری کردنی تورکیاوە هەبێت، بەڵام تورکیا پێویستی بە سیاسە تێکی گشتگیر هە یە تا بەربەستی شیعە تێپە ڕێنێت، تائێستا ئە وەی دەبینرێت شکستی سیاسەتی تورکیا پیشان دەدات.

**سەرچاوە: ئەلمۆنیتۆر**

**نوسینی: فەهیم تاستکین**

**وەرگێڕانی: دیجیتاڵ میدیای KNN)**

# کوردستان لە ساڵی ١٧٨١دا

دۆمینکۆ سەستینی لە ساڵی ١٨٧١دا لەسەر بنەمای گەشتێکی لە قوستەنتەنییەوە بۆ بەسرا نوسیویەتی

🔶 .دۆمینکۆ لە ١٧٨١، واتە ٢٤٠ ساڵ لەمەوبەر بە کوردستاندا تێپەڕی دۆمینکۆ گەشتەکەی بە دیجلە و فوراتدا کردووە و بە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستاندا تێپەڕیوە . کتێبەکەی نزیکەی ٣٣٠ لاپەرەیە و زیاتر لە ٩٠ جار باسی کوردی تێدایە. هەڵبەت باسەکان گێڕانەوەی سەرگوزشتەی گەشتەکەیەتی و لەرێی کتێبەکەوە دەتوانین لە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم ئاشنا بین.

🔶 کوردستان لەسەر نەخشەکە دایە دۆمینکۆ کتێبەکەی بەزمانی فەرەنسی نوسیوە و چەمکی "کوردستان "ی بەکار هێناوە کە هەم وەک چەمک و هەم وەک جوگرافیا هاوتای کوردستانی ئێستایە.


🔶 سەردەمی میرنشینەکان بوو بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە لەکاتێکدا نوسراوە کە هێشتا لە کوردستاندا سیستەمی میرنشینی هەبوو و واتە عوسمانی و قاجارەکانی حاکمی ڕاستەوخۆ ی کوردستان نەبوون. شێخ ڕەزا گوتەنی "سولەیمانی دارولمولکی بابان بوو."

🔶 بوونی کورد تا شارەکانی سیڤاس و تۆقات لە قوڵایی ئێستای تورکیا بووە بەگوێرەی کتێبەکە بوونی کورد لە شاری سیڤاسی تورکیاوە دەست پێدەکات. من سێ ساڵ لە ئەماسیای نزیک سیڤاس ژیاوم و بەداخەوە لە ئێستادا کورد ئاسارێکی وای لەو ناوچەیەدا نەماوە . هەرچەند بەشێکی بەرچاوی تورکەکانی ئەماسیا ئەو کوردانەبوون کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەوڵەتی تورک کۆچی زۆرەملێی پێکردن و لەناو تورکدا ئەسیمیلەی کردن.

🔶 سڕینەوەی نەتەوەیەک بە سڕینەوەی مێژووەکەی دەست پێدەکات گەورەترین گرفتی تاکی کورد ئەوەیە ئاشنا نییە بە خود، تاکێکی نامۆ بە خود تاکێکی کەسایەتی تێکشکاوە. ئاشنابوون بە مێژوو دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بە خود . ئاشنابوون بە خودیش سەرەتایەکە بۆ بونیادنانەوەی کەسایەتی تاکی کوردی .

ئەم نەخشەیە لە لاپەڕە ٣١١ی کتێبی Voyage de Constantinople à Bassora en 1781 ParleTigreetl'Euphrate ئومێد دەکەم کەسێک ئەم کتێبە وەرگێرێتە سەر زمانی کوردی.

**د.ئارام ڕەفعەت**




**بە دەستی خۆم نیە وەڵڵا لە دیوانی خودا کوردم**

**لەناو شێخ و بەگ و میر و مەلا و شاهـ و گەدا کوردم**

**تەماشای گەوهەری من کەی، دەزانی ئاشکرا کوردم**

**بە کوردی بووم و خوڵقاوم و هەتا ڕۆژی جەزا کوردم**

**قانع**

# ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال..

## ترازیدیای هەڵەبجە لە میدیاکانی جیهان دا

عه بدوڵڵا کەریم مەحمود

دوای کاتژمێر 11ی پاش نیوەڕۆی 3/16 1988 فڕۆکە جەنگییەکانی عێیراق شای هەڵەبجەو دەوروبەریان نوقمی هەوری ژەهری کیمیایی کرد ، هەزارەها کەس لە کۆڵان و شەقام و گەڕەک و ڕێگاو بانەکان وحەشارگە و ژێر زەمینەکان و قەرا غ شاردا خنکان .

ئەم تراژیدیاییە لە چاوی کامێرای فۆتۆو ڤیدۆی کەناڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و زۆر لە وڵاتانی تر خرایە روو.

ئەوەی مایەی تێرامان و پرسیارێکی بێ وەڵامە ، دادگای نێودەوڵەتی وڕێکخراوی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە چەندان هەواڵ وراپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژی رۆژنامە نوسیان لە سەر ئەم تراژیدیایە ی هەڵەبجە بە وێنەی فۆتۆگراف وکامیرای ڤیدیۆیەوە تۆمار کرد .

بەڵام بە هیچ جۆرێک رژێمی عێراق و سەدام نەخرانە نێو فشاری نێو دەوڵەتییەوە ، هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر بە سەدام ..نەنواند کە لە ئاستی قەبارەی تاوانە پڕلە مەرگەساتەکەدا بێت ، ا ئەو کاتەی کە عێراق پەلاماری کوێتی داو داگیری کرد ، ئەمجا وڵاتانی هاوپەیمان ئابلۆقەی ئابوریان خستە سەر عێراق و سوپای وڵاتانی هاوپەیمان ، سوپای عێراق یان

تێک شکاند و دەریان پەڕاند و پەرتەوازەیان کرد.

بە پێ ی ئەم هەواڵانەی خوارەوە کە لە کەناڵە جیا جیاکانی جیهان دا بڵاو کراونەوە .

هەموو ئەو رۆژنامە نوس و کامێرامانا نەی کە سەردانی مەیدانی هەڵەبجەیان کردووە توشی تێرامان بوون. هەریەکەیان بە دوای ئامازەیەکدا گەڕاون بۆ ئەوەی بتوانن بە چەند ووشەیەک ئەو دیمەنە سامناکانەی ترژیدیای مەرگی بەکۆمەڵی ئەو شارە تۆمار بکەن ... بە چاوی خۆیان و کامێراکانیان بینیان .

با لێرەوە بڕوانینە (مەرگەساتی هەڵەبجەو کامێرای رۆژنامە نوسان کە لە (رە شەبای ژەهر)دا بڵاو کراوەتەوە

+ بەریتانیا : ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەڵەبجە کوژراون ، ئەوانەی ئەو تاوانەیان کردووە عێراقییەکان بوون.

+ئیتاڵیا: ئاسەواری سەر جەستەی قوربانییەکان. ئەوە دەخەنە روو کە هاوڵاتیانی هەڵەبجە بە گازی (ئیپریت و سیانور) کوشتنندە گیانیان سپاردوە .

+ فەرەنسا: ئەو بریارە سەدام حسین ی سەرۆکی عێراق دەریکرد بۆ بۆردومان کردنی کوردەکان و وڵاتەکەی بە پێی پێوەرەی مافە نێو دەوڵە تییەکان بە تاوانی جەنگ دادەنرێت ،

بەغداد هیچ ریزێکی بۆ رێکەوتنەکانی جنیف دانەناوە.

+ ئەڵمانیا : لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ ، لە هیچ شوێنێکی دنیادا ئەم شێوە وەحشی گەرییە نەبینراوە چەکی کیمیایی بەکار بهێنرێت لە سەر ئەو بنەمایەی کە رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ئاشکرایان کردووە ،

هێزەکانی سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی (200) گوندی کوردستانیان خاپور کردووە .

+ بەلجیکا: ئەو قەسابخانە بەکۆمەڵەی لەلایەن عێراقەوە بە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بەرپا کرا ، دووبارە کردنەوەی ئەو پرۆسەیەیە کە نازییەکان لە ژوورە داخراوەکان دا ئەنجامیان دا، ئەو کۆمپانیانەی ئەو ژەهرە کیمیایە بەرهەم هێناوە هەر لە عێراق دا کار دەکەن.

+ سویسرا: عێراق لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە ئیدانەکرا ،

لە سەر بەکارهێنانی جەکی کیمیایی بەڵام ئەم ئیدانەیە نە بووە هۆی ئەوەی کە عێراق جارێکی تر ئەم جەکانە بەکار نەهێنێت .

+ هۆڵە ندە: عێراق جارێکی تر چەکی کیمیایی (خەردەل و دەمارو سیاندی) بەرامبەر بە خەڵکی بێ گوناە بەکار هێنا .

**سەرچاوەی ئەم بابەتە کتێبی**

**(رەشەبای ژەهرو ئەنفال)ە لە لاپەرە (84 –89)**



# ئارام هێمای سروودی ڕەنجدەران

عەبدوڵلا کەریم مەحمود



ئارام ..شۆڕە سواری پێشەنگی هێماو .. ڕەنج و ماندووبوونی بێ سنوور ..هێمای بیری نوێ ..کرداری نوێ ..هەڵوێستی نوێ..تێڕاونینی نوێ ..پێشمەرگەو سەرکردەی بێ پشت و پە نای .. بڵێسە ی هەڵگیرسانی شورشی نوێ ..دوور لە گیان و ڕۆحی نەرجسیە تی سە رکردە کلاسیکیە کانی ڕەوتی خە باتی ڕزگاری خوازی کورد..دوور لە عەقڵی مەزاجی هەڵپە ی پەلە پە لی شیرزە یی هەندێک لە سەرکردەکان کە بە تێڕوانینی میکافیلی بۆگەیشتن بە دەسە ڵات..پە نا بۆ دەیان درۆو.. فێڵی ڕەنگاو ڕەنگ و تەڵەکە دەبەن..هەمووخە بات و .. سیناریۆکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وخانەوادەو بنەماڵەکانیان دەخەنە گەڕ ..دەریایەک خوێنی شە هیدان بە هەدەر دەبەن.

کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنی یەوە ڕەوتی بیرو باوەڕی مارکسیزم – لینینزم بوو.بیرو باوەڕی ماوتسی تۆنگ بوو ..لەو سەردەمەدا بە جۆرێک لەژێر کاریگە ری بیرو باوە ڕی ماوتسی تۆنگ دا بوون ..ماوتسی تۆنگ-یان بە مارکس ولینین تەماشا دەکرد پیان دەوترا (ماوی).

ئارام -ی سەرکردە بە تێڕوانینی نوێوە ، یەکەم کەس بوو بە جورئەتە وە ئەو تێڕوانینەی ئاوا خستە ڕوو ، (کە ماوتسی تۆنگ ) نە دامەزرێنە ری فەلسەفە و تیوری مارکسیزمە و..نەداهێنەری تیوری تازەیە لە فەلسە فەی مارکسیزم ..

شاسوار بە ستراتیژێکی نوێوە ..دەیویست ڕەوتی ڕەنجدە رانی کوردستان لە زنجیرە هەڵە ی سە رکردە کوردەکانی مێژووی دوورو نزیک دوور بخاتە وە بۆ ئە وەی جارێکی تر نە بن بە پاشکۆی بەشێک لە داگیرکەرانی نیشتیمان..

ئەو دەیوست سنوورێک بۆ ئەو زنجیرە هەڵە مێژوویانە ی کورد لە جوغرافیای نیشتیمانە سەربڕاوەکەدا دابنێت .. بۆ ئە وەی شۆڕشی نوێ وەک ئەمارەتەکانی زوو نەبن بە پاشکۆی سیستەمی دەسە ڵاتی ئیسلامگە ری سونە ی دەوڵە تی عوسمانی و سیستە می دەسە ڵاتی ئیسلامگەری شیعەی فارسی دەوڵەتی سەفەوی.

ئەودەیویست ئاراستە ئەوپاشکۆیەتیەی ئەوسا ..لە ئێستا دا و لە ئایندەدا چەند بارە نەبنەوە .وەک ئێستا ی هەردوو حیزبە سە رەکی یەکەی کوردستان بە جۆرێکی تربەپێ ئەم سەردەمە ی ئێستا .. دوای ڕاپە ڕین و دوای گۆڕانکاریی 4/9 2003 ، نە مانی سیستە می دەسەڵاتی سەدام ، هەردوو حیزبەکە ..پاشکۆی ئێران و تورکیان.

سترانیژی بیری نوێ ی ئارام بە ئاراستەی شۆڕشی نوێ بەو جۆرە بوو ، کە سیستەمی عەقڵی خێڵەکی و ئاینی، لە ناو خە باتی ڕزگاری خوازی نوێ ی کوردا ڕۆڵی سە رەکی و سە رکردایەتی نە بێت ..بۆ ئەوەی جارێکی ترکورد ڕووبە ڕوی هەڵە ی سیاسی گە ورە و تێک شکان و هەرەس نەبنەوە.

ئارام بەتەنیا بێ پشت و پەنا ، دەیویست کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان ، دوور بێت لە مەزاجی عەقڵی داخراوی مە لایی و جە لالی و گرێ ئاڵۆزەکانی ..هەڵە گەورەکانی ئە و دووباڵە کە پڕ بوو لە توندو تیژی وململانێی شەخسی و شە ڕی خۆکوژی وسڕینە وەی یەکتری .. نەمانی ئە منی قە ومی لە کوردستان و دەرفە ت دان بە دوژمنانی کورد ، بۆ دروست کردنی لەشکرێک لە جاش و خا ئین و جاسوس.

ئارام لە ماوەیەکی تەمەنی کەم دا.. دوای هەرەس وەک پارتیزانێک لە ناو جەرگەی شار و لە پێشمەرگیەتی لە شاخ ، ڕەوتی شۆڕشی بە ئەزموونێکی نوێ و سترا تیژێکی نوێ ئاراستە دەکرد ..بۆ ئە وەی سەرەک خێڵ وپێشەوا ئاینییەکان ڕۆڵی سەرەکی نەبین ..بۆ ئە وەی کورد جارێکی تر ڕوو بە ڕووی تراژیدیایە کی ترنەبێتە وە ..سێبەروپاشکۆی هیچکام لە داگیر کەرانی کوردستان نەبن ..خاوە ن ئە منی قە ومی و خا وەنی وتاریی نەتە وەیی بین ..گەنجە بە هــەڵوێستەکان بــە بیری نــوێ وە ڕۆڵــی و تــوانــای خــۆیــان

ببینن ..سه رکردەی نەرجسی تۆتالیتار سه رهەڵنەدات، به عه قڵی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ رەوتی خەباتی رزگاری خوازی کورد رۆڵی خۆی ببینێ..شاسوارێکی هێمن و ئارام و ..خاکی ..له ناو ته م و مژی ئەو ململانێ دا بێ پشت و پەنا یه ، له جوغرافیایه کی دیاری کراوی سنووری بازیان و قەرداغ ..لەو هەڵومەرجه ئاڵۆزو دژوارانەی دوای هەرەس ، بوو به سروودی رێ ی خه بات، بوو به وێردی سەرزمانی خەڵکی گوندو شارو و پێشمەرگەو..سەراپای نیشتیمان.

شاسوار جەلال کەسایەتیەکی خاکی ..زیرەک ..راستگۆ..خاوەن بیر بۆچونێکی هزری وردو قوڵ..

له کاتی گفتۆگۆو لێدوان دا به هێمنی دەدواو گوێ ی له راوبۆچونی جیاوازی بەرامبەرەکەی دەگرت ، رێزی بۆچونه جیا جیاکانی کانی دەگرت ، بەبەڵگه وه قسه ی دەکرد ، یه کێک له تایبەتمەندییه کانی کەسایەتی بەهێزی ئارام.. شێوەی قەناعەت کردنی لۆژیکانەی بوو..به بەرامبەرەکەی.

.رۆژنامه نوسێکی خاوه ن هەڵوێست بوو ..نووسه رێکی وردو بەسەلیقه بوو..به راشکاوانه بێ سڵ کردنەوه راو بۆچونەکانی خۆی به جورئەتەوه دەخسته روو، له نوسینی ستونی رۆژنامەوانی دا.. به تەکنیکێکی رۆژانەمه وانی نوێ ، له بواره جیاجیاکان دا ..دەیان بابەتی به پێزی بڵاو کردوەتەوه ، بووه مایەی مشت و مڕ له لایه ن سیاسه ت مه داران و خوێنه رێ ئاسایی ، کاریگه رێ وای لەسه ر خوێنه رەکانی دروست کرد وه ، ناونیشانی ستونه کانی و ..نوسینەکانیان ..له بیر نەچێتەوه ، ئەمەش یەکێکه له نیشانه کانی سەرکەوتنی رۆژنامەوانی ، به پێچەوانەی ئەو ئێنشا نوسانه ی .. که هەموو رۆژێ لاپەرەی رۆژنامەکان داگیر دەکەن ،بەڵام نوسینه کانیان ..ئێنشایه کی ساردوسڕە ..هیچ کاریگەرییه کی لەسه ر خوێنه ر نییه..نوسینێکی مردووه.

شاسوار جه لال سەعید غەنی ناسراو به( ئارام ) له مانگی تشرینی دووەمی1947 له گه رەکی حاجی حان له سلێمانی له دایک بوه ئاستی بژێوی خانەوادەکه یان مام ناوەند بووه ..بنەماڵەکه یان دەگەڕێتەوه بۆسەر شێخانی بەرزنجه شاسوارو.. وەزیره خان هه ر له منداڵییه وه.. جگه له وەی خوشک و برا بوون . له باوەشی خێزانێکدا پەروەردەبوون.. وەک دوو هاورێ هۆگری یەک بوون .. پێکەوه یاری یان کر دوه و..کاتەکانیانی ژیانیان بەرێ کردوه.

له 20/9/ 1953 شاسوارجەلال له پۆلی یەکەمی قوتابخانه ی غازی سەرەتایی کوڕان بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن ، له ساڵی خوێندنی 1955-1956مەلیحەخانی خوشکی دەکرێت به مامۆستا له ماوه ت . شاسوار-یش له پۆلی سێیەم له قوتابخانەی غازی یەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی له ماوەت له گەڵ مەلیحه خانی خوشکی دا پێکه وه دەژین لەساڵی 1958 شاسوارجه لال دەبێت به هاورێ ی ئاوات عەبدول غەفور..

عەبدولغه فوری.باوکی ئا وات مه ئموری مەرکه زی ماوه ت بوو..تایبەتمەندی هێمنی و زیرەکی له رادەبەدەری شاسوار.. له ناو قوتابیانی قوتابخانه ی ماوه ت ..دەبێته مایه ی تێرامانی قوتابیان و..مامۆستاکانی.

وەزیره خانی خوشکی دووساڵ له شاسوار گەورەتر بوو.. له پۆلی پێنجه می سه رەتایی له قوتابخانه ی عێراقیه ی کچان بوو..گواستنەوەی شاسوارله سلێمانی یەوە بۆ ماوه ت .. دابڕان و.. دوورییەکەی شاسوارکاریگەری یه کی زۆر نامۆیی له ناخ و دەرونی وەزیرەخان دورست کردووە.هەمیشه وای هەست دەکرد .. بەشێک لەرۆحی ون کردووە..دوای ئەوە مەلیحه خان له قوتابخانه ی ماوه تی سەرەتایی یەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانه ی چوارتای سه رەتایی شاسوار-یش دەگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەی چوارتا.شاسوار لەساڵی خوێندنی1958-1959 له پۆلی شەشەمی سەرەتای له گەڵ فازیل —ی مەلامەحمود دەبن به هاورێ و زۆربه ی کاته کان له قوتابخانه و له چوارتا پێکەوە بوون.

ئەوساڵەشاسوار پۆلی شەشەمی له چوارتای تەواو کردوه له ساڵی 1959مەلیحەخانی خوشکی له دارلمعلمین وەردەگیرێت ، شاسواریش له گه ڵێ دا دەگەڕێته وه بۆ سلێمانی ، لەساڵی خوێندنی 1959-1960لەپۆلی یەکەمی ناوەندی له ئامادەیی سلێمانی دەخوێنێت ، له بەر ئەوەی ئاستی ژیری وتوانای له پلەیەکی باڵا بووه هەمووساڵێک به نمرەی بەرز.. قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەساڵی 1963-1964قۆناغی خوێندنی ئامادەیی به نمرەی باش تەواوکردووە.

ئارام پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی له گەڵ خاڵه شەهاب-ی شێخ نوری دا هەبوویه کتریان زۆر خۆش دەویست ..هاورێی نزیکی دارۆی شێخ نوری بوو. .. لەساڵی 1970. له سه رەتای دامەزراندنی (کۆمەڵه ی مارکسی لینینی کوردستان )، ئا رام له رێگه ی خاڵه شه هاب —ەوە له بەغداد بوو به کۆمەڵه ، وەک کادرێکی خاوه ن ئه زمون و.. خاوه ن مەعریفەیه کی زانستی قوڵ و به ربڵاو بوو رۆڵی دیاری له رێکخستنه کانی بەغداو .. سلێمانی و.. سه راپا نیشتمان و دەرەوە بینیووە.

دوای بە یانی رێکە وتن نامە ی 11-ی ئا زاری1970 نێوان مە لا مستە فاو.. سە دام حسین لە سالّی 1971بالّی مە لامستە فاو ..مەکتە بی سیاسی پارتی یە کیان گرتە وە،ئارام بووبە ئە ندامی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ،بەرپرسی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لقی بەغداد .. لە بەغداد.

.لە1972 لە بەرپرسی لقی لاوانی د یمکراتی کوردستان لقی بەغداد-ەوە، گوێزرایەوەبۆبەرپرسی بەشی روناکبیریی وراگەیاندنی سکرتارییەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ، لەسالّی1972جارێکی تر لە بەغداد —وە رووی کردە مۆسکۆ.بۆ ئە وی( سوارە ئە مین )ی ..برازایان بە یەکجاری لێ دانە برێت ،خاتوو ( لیدیا ئیڤاتۆڤنا ) ی خواست ..بوو بەهاوسەری.

ئارام پەیوەندییەکی زۆر بە هێزی لە گە ڵ حیلمی عە لی شە ریف دا هەبوو، لە سالّی 1972دا لە رۆژنامە ی ها وکاری وەک نووسە رو رۆژنامەنووس دامەزراوە، گۆشەیەکی هەفتانەی بە ناونیشانی (هە ر هەفتەی باسێک)، هەبوو، هەفتە ی جارێک ستنووێکی رۆژنامە وانی دەنوسی..جگە لەوەی دەیان بابەتی بەناوی (سوارەوە) وەەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و بلّاوی کردوەتەوە.

حیلمی عەلی شەریف یەکێک بوولە روناکبیرو سیاسە تمەدارە خاوە ن ئە زمونە بالّا بەهەلّویستە کانی کورد .. نووسە و.. توێژە رو ..رۆژنامەنوسێکی بە تواناوکارا بوو،بەرێوەبە رو سە ر نووسە ری هاوکاری بوو، ئەوسەردەمە هاوکاری رۆلّی گرنگ و بالّای هە بووبۆ بلّاوکردنەوەی بابەتی سیاسی و..خەباتی جیهان و..بەرهەمی ئەدەبی و..رەخنە،خە لّک بەپەرۆشە وە رۆژنامەکە یان دەکرِی .. دەیانخوێندەوە.

لە سەردەمی حیلمی عەلی شەریف دا ئە م نووسە رو رۆژنامە نوسە دیارە بەتوانایانە نوسین و بابەتی رۆژنەمەوانی و وەرگێران-یان لە رۆژنامەی هاوکاری دا بلّاو دەکردەوە

شاسوار جەلال (ئارام) فوئاد قەرەداغی فازیل مە لا مەحمودفە همی قەرەداغی سەربەست بامە رنی بەکرحسین ،عەبدولرە حمان حاجی سعید.. لەوسەردەمەدا ازۆر کتێب وگۆڤارە دەگمەنە کان لە دەرەوەدە ی عێراق —ەوە دەهاتنە ناوعێراق ، وەک کتێبە کانی (مارکس ..انجلس ..لینین ..ماوتیستۆنگ ..کیمڵ سونگ ..جیڤارا ..) لە و سەردەمـــەدا ( گۆڤاری — الهدف) کـە بـەرەی رزگاریـخـوازی فەلەستین.. دەریان دەکرد ..گۆڤاری (الصین الجدید )لە و گۆڤارانە بوون .

ئەوەی مایەی تێرامانە حیلمی عەلی شەریف وهاورێکانی لە 1968 - 1970لەرۆژنامەی النور لە بەغداد ، لە 1970-1974 لە رۆژنامە ی هاوکاری لە بەغداد رۆلّی دیاریان هەبوو

بۆ بنیات نان بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی کوردی مارکسی لینینی کوردستانی و، هەر لەو سەردەمەش دا رەوشیروان مستەفا ئەمین ..و شازاد سائیب و.. مەحمودی مەلا عیزەت و هاورێکانی ..لە گۆڤاری رزگاری لە سلێمانی دا رۆلّی سە رەکی و بنە رەتی یان بینی بۆ سەرهەلّدانی کۆمەلّە.

ئا رام لە سالّی1970-ەوە لە سە رەتای ئە و زەمەنە دژواریانە ی ئەزمونی سەرەەلّدانی.. کۆمەلّەی مارکسی لینینی کوردستان ..وەک گە نجێکی23سالّ خاوە ن مەعریفەیە کی قولّ و.. بە ربلّاو.. بە هەلّویستێکی بالّاوە..بە ئیرادەیەکی پۆلّاینەوە.. هەنگاوی نویّ نا ، تا بووبە و (ئارام)-ەی سەرکردەی رەنجدەران.



تراژیدیای مەرگی تەم و مژاویی ئەمین جەلال ، بە شیوەیەکی تایبەتی و.. گشتی کاری کردە سە ر هە موو ئە ندامانی خانە وادەو.. بنەماڵەو... خەڵکی شاری سلێمانی...سە راپا .نیشتمان .بە لاَم ئە م مەرگەساتە بەشێوە یەکی تایبە تی.سوێی ئا زارێکی زۆر توندبوو..بەناخی هێمن و بێ دەنگی پڕلە هەست و سۆزی.. ئارام دا شۆڕبووەوە.

دایک و باوکی ئە مین وەهە موو خانەوادەکە یان..تە واوی هیواو ئاواتێکیان ئەوە بوو (سوارە ئەمین) لە مۆسکۆ و یە کێتی سۆڤیە ت ون نەبێت .. لەگەل خاتوو( لیدیا ئیڤاتۆڤنا ) دایکی دا بگەڕێنەوە لە باوەشی سۆزی پڕلە میهربانی خانەوادەکەیان دا .. پەروەردەی بکە ن لە مانگی تەموزی1968 تە ها جە لال ـی برای ئە مین سە ردانی سوارەو لیدیا ئیڤاتۆڤنای لە مۆسکۆی کرد.

ئارام لە ساڵی1964-1965لە کۆلێژی ئەندازیاری.. زانکۆی بەغداد وەرگیرا ، لە بەر کزی چاوەکانی نە یتوانی لە و کۆلێژە بخوێنێت ، ئەوساڵە دەست بەرداری خوێندن بوو, لەساڵی 1965-1966 ئا رام لە کۆلێجی بازرگانی لە زانکۆی بەغداوەرگیرا,بە ردەوام بوولەسەرخوێندن. ، ساڵی1969 ئارام بە بۆنە ی کۆچی دوایی ئەمین-ی برایە وە سە ردانی مۆسکۆی کرد ، لە ساڵی 1969-1970 ئارام کۆلێجی بازرگانی بە پلەیەکی زۆر باش تە واو کرد .بڕوانامەی بکالۆریۆسی وەرگرت و .. لە بەغداد مایەوە.

ئا رام لە تەمە نی منداڵییە وە ، ببوو بە هاورێ ی رۆژنامە و کتێب..بە بەردەوامی سەرقاڵی خوێندنەوە بوو ، ئاستی رۆشنبیری زۆ باش بوولە قۆناغی ناوەندی و ئامادە یی دا لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و..لاوان و ..پارتی دا کاری کرد بوو.

لە ساڵی1964 کە باڵی مەکتەبی سیاسی لە باڵی مەلامستە فا لە پارتی جیابوونەوە ئەم سەر بەباڵی مەکتە بی سیاسی بوولەساڵی 1965کە خوێندکاری زانکۆ بوو لە بەغدادهە ڵبژێرا بە ئە ندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

شاسوارلە بە ر زیرەکی و ئاستی قوڵی رۆشنبیری لە چەندانکۆنفرانس وکۆنگرە ی رێکخراوەیی وحیزبی دا وەک ئەندام – بەشداری کردووە وەک کۆنگرەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان .. یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق..یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان..

لەو کۆنگرانە دا وەکو کادرێکی بە توانای خاوە ن فکری سیاسی خاوەن راو بۆچونی دیارو تایبەتمەندی خۆی بووەلە سە ر زۆرلە رووداو باسەکان راو بۆچونی لۆژیکانە ی خۆی هە بووە ..بە هیچ جۆرێک.. هیچ جۆرە سازشێکی نەکردوە ..بە و پە ری تواناوە بە زمانێکی دبلۆماسی یانەی بەهێزەوە..هەموو ئە و خاڵە ستراتیژانە ی کە پێویست بوو .. بە زمانێکی پاراو خستیویەتە روو

لە ساڵی1969 لە کۆنگرە ی سە راپا یە کێتی قوتابیانی عێراق دا بەشداری کرد لەسەر بەدی هێنانی خواست وماف و.. خەونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، لەناو هۆڵی کۆنگرەدا روو بە روو ی سە رانی حیزبی بەعس لەیەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق وەستایەوە.

لە گەڵ هاورێکانی دا لە نوێنەرانی قوتابیانی کوردستان ، لە کۆنگرە کشانەوە و.. هۆڵەکەیان بەجێهێشت

ئەمین جەلال) برا گەورەی ..شا سوار ( شەهید ئارام) بە بە ردەوامی کتێب ورۆژنامەی کرێوە وە.لە ماڵە وە کتێبخانەیە کی دانابوو.هە موو خوشک و براکانی کردبوو بە هاورێ ی نزیکی .. رۆژنامە و.. گۆڤارو.. کتێب .ئاستی هوشیاری هەموو ئەندامانی خانەوادەکە یانی بە خوێندنەوە بەرز کردبووەوە..ئارام لەو کتێبخانەیەوە زیاتر عاشقی رۆژنامەو..گۆڤارو .. کتێب بوو.

ئەمین جەلال لە ساڵی خوێندنی (1958-1959) بە نمرە ی زۆر بە رز قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات .بەرێوەربەرایەتی بەعسەی عێراق ناردی بۆ.. مۆسکۆ ـی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت بۆ خوێندن ، لەساڵی خوێندنی1959-1960لە کۆلێجی ئەندازیاری نەوت وەرگیرا, لەوێ دەبێت بە سە رۆکی لقی خوێندکارانی کورد لە مۆسکۆسە ر بە کۆمەڵەی خوێندکارانی ئەوروپا ، رۆڵی دیاری دەبێت بۆخزمە ت کردنی خە باتی رزگاری خوازی کورد ,زۆر بە پەرۆشەوە کارەکانی هە ڵسوراندوە.

ئەمین جەلال لە قۆناغی سێ یەمی ئەندازە ی نەوت بوو ..لەو کاتە دا خوێندکارێکی کورد ..راپۆرتێک دەدات بەسەفارەتی حکومەتی عیراق لە مۆسکۆ: ئەوە ئەمین جەلال تان بە بەعسە ناردوتانە بۆ ئێرەبۆ خوێندن..بەلاَم ئە و لێرە دژی ئەوە کار دەکات ..

.سەرۆکی لقی مۆسکۆی کۆمەڵە خوێندکارانی کوردە لە ئە ورووپا .. سەر بە پاخیبوانی کوردەو خزمەتی ئەوان دەکات).بەمەش سە فارەتی عێراق, ئەمین جەلالیان لە مافی بەعسەی خوێندنەکەی بێبە ری کرد ، ..پەساپۆرتەکەی لێ سەندەوە.

ئەو ساڵە ئەمین جەلال نەیتوانی بەردەوام بێت لـە خوێندن ..

دوادەکەوت.. بۆ ساڵی داهاتوو لەسەر زەماڵەی یەکێتی سۆڤیە ت..لە کۆلێجی رۆژنامەوانی لە زانکۆی مۆسکۆ لەسە ر.. حسابی یە کێتی سۆڤیەت بەردەوام دەبێ لە خوێندن ،ئەوساڵە بەبێ پەساپۆرت ئیش و..کارەکانی لقی کۆمەڵە ی خوێندکارانی ئە وروپا لە مۆسکۆ هەڵسوڕاند، لە بە ر ئە وەی پاساپۆرتی نە بوو.. بە نهێنی خۆی گەیاندبووە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، کە هەر ساڵەی لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا دەبەسترا.



ئەمین جەلال بەرێز خاتوو (لیدیا ئیڤاتۆڤنا) لە زانکۆی مۆسکۆ ناسی .. ئەوکاتە خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزی و.. خە ڵکی مۆسکۆ بوو.هەردووکیان .هۆ گری یە کتر بوون ..ئە مین .دەیخوازێت و.. دەبێت بە هاوسە ری .لە 1968/5/13- دا ئە مین جە لال.. لە کارەساتێکی تەم و مژاوی دا ..لە شوقە کەی کەوتە خوارە وە و دوا هەناسەی سپارد.

لە شەوی 14-1968/5/15 تەرمەکەی بە فڕۆکەی تایبەتی .لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی بەعساتی عێراق -ەوە هێنرایە وە بۆ فڕۆکە خانە ی بەغداد،

لەبەغدادە وە.. تەرمەکە ی بە رێو رەسمێکی شایستە گەیەنرایە وە سلێمانی . لە 1968/5/15 لە گردی سەیوان بە خاک سپێرا، لە 17 /1968/11 کوڕێکیان بوو ،خانەوادەکەیان لە خۆشەویستی (ئا رام ) ناویان نا شاسوار.

ئارام دوای ترژیدیای پیلانی جەزائیر لە 1975/3/6 ..یە کێک بوو لە و روناکبیرانە ی .. دژ بە هە رە س و ئاشبە تاڵ .کە نەخشە و بەرنامەو پلانی ..شاو سەدام لە رێکەوتن نامەی جەزائیر دانرا بۆ لە ناو بردنی شۆڕشی ئەیلوول.

ئارام برِوای بەوە نەبوو هێزی پێشمە رگە ی نیشتمان .. چەکە کانی شانیان داگرن و..میللی چەکە کانیان لە بە ردەم هێزەکانی سوپای عێراق نە وی بکە ن ..تەسلیم بە و هێزانە بکرێن ..جینۆساید ی کوردیان کرد.

لە مانگی ئەیلوولی 1975 ئە منی عامە ی عێراق لە بە غداد ..لە رووداوێکدا .. پەی بە سەرە داوی پەنهانی رێکخستنە نهێنی یە کانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان برد.

لە 1975/9/23 شەهاب شێخ نوری و ..جەعفە ر عەبدول واحیدو .. ئە نوە ر زۆراب و.. چەند سە رکردەیەک و.. کادری پێشکە وتوی ..کۆمەڵە ی رەنجدەرانی کوردستان.

روویان کردە.. ئێران بۆ ئەوەی لەێوە خۆیان بگەیەننە سوریا.

بەپێی رێکەوتن نامەکە ی جە زائیر ..لە شاری سە قز دەسگیرو .. زیندانی کران.

دواتر لە رێگای پێنجوێن -ە وە ..بەزیندانی تەسلیم بە ئە منی سلێمانی کرانە وەو..

..گوێزرانەوە بۆ ئەمنی عامە لە بەغداد.

لە 1976/7/11 دادگای سە ورەی عێراق حوکمی لە سێدارە دانی بەسەرخاڵە شەهاب و..

جەعفەرو ..ئەنوەر دا سەپاند ..هاوڕێکانی تریان چەند ساڵێک حەکم دران

لە 1976/11/21 خالە شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر لە سێدارە دران.

ئارام وەک سەرکردەیەکی خاوەن ئەزموون لە گەڵ هاوڕێکانی دا هەموو توانای خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان .لەو بارە ئاڵۆزە ..ترژیدیا سامناکە لە بچڕبچڕی و.. لێک ترازان بپارێزن ..رایەڵە ی رێکخستنە نهێنی یەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی و..کەرکوک و ..هە ولێر و.. خانە قین و.. بەغداد ی..بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە گرێ دایەوە.

چەندان نوسین و بە یانی بە پێی ئە و هە ل و مەرجە دژوارە بۆ رێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی رەنجدە رانی کوردستان و ..جەماوە ری کوردستان ..لە سەردیواری شەقام و.. کۆڵانی گەڕەک و.. شوێنە گشتییەکان بڵاو کردوە .بۆ ئە وەی بە ئیرادەیە کی پۆڵاینە وە روو بەرووی ئەو تێکشکانەکاتی یە ..پڕ لە نەهامەتییە ببنەوە.

لە 1975/11/15 لە ئەمنی عامەوە لە بەغداد بڕیاری دەسگیرکردنی ئارام -یان.دەرکرد.

.چەند ئە منێک روو دەکەنە ..بەرێوەبەرایە تی ئاوەدانکردنە وەی سلێمانی،بۆ دەسگیرکردنی

لە بەر ئەوەی ئارام لە وێ تەنسیب بوو ..بە هۆی زیرەکی شێخ سالاری برای ..ئارام دەسگیر نەکرا و ..دەرباز بوو.

لە بەر گرنگی و پاراستنی بەهای رێکخستنە نهێنییە کانی کۆمەڵە ی رەنجدەران

ئارام بە ئیختیفا لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی دا مایەوە ،بۆ ئە وەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە پتەو ترو بە هێزترو دارێژوتر بکات ، لە و ماوەیە دا بە ئیختیفا .. لە م ماڵانە دا مایە وە بە کردە وەو..بە هەڵسوکەوتە خاکی و نمونی یە باڵاکانی ببوو ..بە ئە ندامی ئە و هەمووخانەوادە بەرێزانە:

(هیواسائیب ..شێخ فەتحوڵڵا بەرزنجی ..وەستا ئەمینی حاجی عەزیز ..

دلێری سەید مەجید..مامۆستاعەزیز مەحمود..سەرداری موزەمید..

سوارە ئەحمەد عارف..شیخ عومەری نانەوا..سەلام عەبدوڵڵا ..

ئا وات قارەمانی ..ئە حمە د شانازی خە راجیانی ..شێخ عوسمانی باراوی ..

شێخ لەتیفی باراوی ..تەها باراوی .عومەر شیخ نوری قەرەداغی ..

ئەبوبەکر شێخ نوری قەرەداغی).

لە ساڵی 1976 ئارام وەک سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران.

وەک سە رکردەیەکی رۆژە دژوارە.. پرلە تەماوییە کان ...لە گە ڵ هاورێکانی دا توانی ریکخستنێکی پۆڵاین بۆ کۆمەڵە دارێژێن .هەموو زەمەنە تەماوییە پڕ لە مەترسییەکانی .. بە هێمنییە کەی خۆی .. بە شێوەیەکی لۆژیکانە بەرێ کرد.

چەندان کادری لە ناو شارو.. دەرەوەی شار ..بە رۆحی پێشمەگایەتی .لە بوارە جیاجیاکان خستە گە ر..بۆ پێشمە رگایەتی و.. رووبەرووبونەوەی.. ترس.. و ..گوماڵن و.. بێ هیوایی .. بۆ




رووبەرووبونەوەی هەرەس و ..ئاشبە تاڵ.. .بۆ رووبەرووبونە وەی ..رژێمی تۆتالیتاری عێراق .. بۆ رووبەرووبونە وەی ..بەعسی و.. ..جاسوس و .. ئە من و جە لادەکان..ئە و کادرەکانی بە شێوە ی دەستەو.. مەفرەزە لە ناوشارو.. دەرەوەی شار، بە شیوە یەکی نوێ وەک ئەندازیاری نوێ ی .. شۆڕشی نوێ ..شۆڕش-یان لە سە راپا نیشتمان دا بەرپاکرد..

**سەرچاوە:**

1-دیدارێک لە گە ڵ وەزیرەخان ی خوشکی شە هید ئا رام ی سەەرکردە لە سلێمانی.

2-نوسین و ئامادەکردنی محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵە یی،ئارام و بزوتنەوەی شۆڕشگێری کورد ،ب1،2007، چاپخانەی کارۆ.

3-ئیبراهیم جە لال /خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئە یلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن1961-1975

4- ئا وات قارەمانی ،رێگا باریکە کان ،رۆمانە یاداشت .2006- سلێمانی.

## پەندی پێشینان

- کە جام پڕ بوو لێی دەڕژێت
- سوار تا نەگلێت نابێت بە سوار
- بەردی بچوکیش سەر دەشکێنێت
- لە دەرگای هەر کەسێك بەیت، لە دەرگات ئەدەنەوە
- ئەوەی بەرز بفڕێت، نزم ئەنیشێتەوە
- کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە
- کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ
- ساڵی خۆش لە بەهارەکەیدا دیارە
- قسە لە شێت یا لە منداڵ
- بەرد لەجێی خۆی سەنگینە
- ئاش لە خەیاڵێك، ئاشەوان لە خەیاڵێك
- دار هەڵبڕە، سەگی دز دیارە
- بەقەد بەڕەکەی خۆت قاچ ڕاکێشە
- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە

## کوورتەچیرۆکی

# سەرەتاتکێیەک لەناو گۆڕێکەوە

سیروان عبداللە دارتاش



پاش ساڵانێکی دوور و د رێژ
بە ڕاکشاوی لە ناو گۆڕەکەیدا ،
خولیای ئەوە کەوتە سەریەوە
کە سەردانێکی دەرەوە بکات ،
بە چنگەکرێ کەوتە خۆڵی
چەند ساڵە کەڵەکەکراوی سەری
و تۆزکە تۆزکە بە کاوەخۆ هەڵیکۆڵی و سەری بردە دەرەوە ، لە نێو چەند ڕەگە دارێک سەری دەرکردوو بینی وا لە حەوشەیەکی گەورەی پڕ لە گوڵ و گوڵزاردایە ، فوارەی ئاوەکان بە ئاسماندا دەچوون وجۆرەها باڵندەی پەڕ ڕەنگینیش سەرقاڵ بوون لە نێو خۆیاندا جریوە جریویان بوو ، ئاسکە قاوەییە بەڵک سپیەکانیش لە شیشبەندی قەفەسەکانیانەوە سەریان دەکرد بە نێو شیشەکاندا ، وەک بڵێی حەسرەت و ئاواتێک بۆ ئا زاد بوونیان لە قەفەسەکان بخوازن . سەرەتا وایزانی کە ئەمە پاداشتی ئەو هەموو خێرو خێرات و ڕۆژو نوێژکردنەیە کە خودا پێیبەخشیەوە ، بەڵام کاتێک کەمێک زیاتر سەری پەلکێشکرد بۆ دەرەوە و گوێژەی بینی تێگەیشت هێشتا ئەو لە شارەکەی خۆیدایە ، ئەوەی بیرکەوتەوە کە هەموو جارێک بۆ بەرێکردن ی تەرمی خۆشەویستێکی و خوێندنەوەی فاتیحایەک ڕێی دەکەوتە ئەم گردە بەرزەی ناوەڕاستی شار و بەدەم ناشتنی تەرمی ئازیزانیەوە سەرنج و ڕوانینەکانی چەقیان دەبەست بە ناو تەلارو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا ، پاشان هەر لەوێوە کەمێک بە بەژنوباڵای کێوەکانی چواردەوری شاردا دەیڕوانی و خۆی دەکردە بەساقەو بە قوربانیان و لەبەر خۆیەوە بە ئەسپای دەیگووت ... ئا ی کە چەند شوێنێکی دڵگیرو خۆش و جوانە... پاشان دەکەوتە خەمێکی قوڵەوەو لە غەمی ئەوەدابوو کە ڕۆژێک بێت دەوڵەمەندە چاو چنۆکەکانی شار ئەم مەزارگایە تەخت بکەن و بیکەنە بەهەشتێکی ڕازاوە بۆ خۆیان لەناکاو گوێی لە هاوار هاوارێ بوو لە سەرنجەکانی پەڕی و کە ئاوڕی بۆ دواوەی خۆی دایەوە ، بینی چەند خزمەتکارێ جرتو فرتیانە هاوار دەکەن بۆ یەکتری و دەڵێن.. دەرگاکان بکەنەوە ئەوە سەرۆکە گەڕایەوە.. بە بینینی ئەم دیمەنە سەری خۆی دەکات بە ناو گۆڕەکەیدا و بە چنگەکرێکانی خۆی دادەپۆشێتەوە ، ڕووەو ئاسمان خۆی لێ درێژ دەکات و ڕادەکشێتەوە.





ناوی تەواوی ( زریاب حەسەن عەلی نافع ) لە ساڵی ٧٧٧ زایینی لە شاری موسڵ لە دایک بووە لە تەمەنێکی لاویدا دەچێتە بەغداد لەسەردەستی ( ئیبراهیم ئیسحاق موسڵی ) کە یەکێک بو وە لە ناودارترین ژەنیاری سەردەمی خۆی .کوردێکی یەهودی بووەو موسڵمان بووەو لای ئەو فێری ژەنینی ئا مێری عود وە گۆرانی گووتن دەبێ.بەرێکەوت هارونە ڕەشید داوا لە ئیسحاق دەکا کە کەسێکی تر بهێنە کۆشکەوە کە دەنگێکی خۆش و ناوازەی هەبێ مامۆستاکەی زریاب دەبا بۆ دیوەخانی هارونە ڕەشید لەگەڵ چرینی یەکەم ئاواز دەکەوێتە بەر دڵی هارونە ڕەشیدو دەبێتە جێگەی ڕێزی خەلیفە بەڵام بە هۆی حەسوودی مامۆستاکەیەوەو لەبەر جێگەوپێگەی خۆی تەنگ بە زریاب هەڵدەچنی تا دوا جار بڕیار دەداوپێیدەڵێ گەر بەغداد جێنەهێڵێ دەیکوژێ هویش بە ناچاری سەری خۆ ی هەڵدەگرێ و ڕوو لە ئەندەلووس دەکاو لەوێ دەچێتە دیوانی (عبدول ڕەحمان خەلیفەی دووەم ) دەبێتە جێگەی سەرنجی و ڕێزی زۆری لێدەنێ بە یارمەتی ئەو یەکەم ئامۆژگای ئا مێری عود و گۆرانی گووتن دەکاتەوەو هەر لەو کاتەدا ژێی ٥ هەمی عود زیاد دەکات وە یەکەم کەسیش بووە کە موشەحاتی ئەندەلوسی داناوە هەرچی عەرەب و ئەوروپا هەیە شانازی پێوە دەکەن و بە مووڵکی خۆیانی دەزانن تەنانەت لا ئیسپانیا پەیەکەری بۆ کراوەو جێگەی ڕێزی هەموو موزیک زانانی جیهانە بە داخەوە تەنیا کورد نەبێ هیچ هەوڵێک و هەنگاوێکی نەناوە بۆ گەڕاناوەی ناسنامەی ئە پیاوە مەزنەی کە ....جێگەی شانازی هەموو ژەنیارانی جیهانە.

**شێخ ڕزگار**

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان










## سەروەت سەوز

_1954 لەشاری سلێمانی لەدایک بووە . لەماوەی خوێندنی ناوەندیدا بەشداری چەندین پێشانگەی چالاکی قوتابخانەی کردووە.
_ساڵی1970 لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیراوە. لەوێ بەشی گرافیکی بەپلەی بەرز تەواو کردووە . پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتەئەورووپا و دیسان دەگەڕێتەوەکوردستان.
_یەکەمین پێشانگەی لەزانکۆی سلێمانی بەهاوبەشی ساڵی 1976 کردۆتەوە . دوای ئەوەچەندین پێشانگەی لەشارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغدا و شارەکانی دیکەی عیراق کردۆتەوە.
_1992 لەگەڵ هونەرمەند نامیق عەلی قادر پێشانگەیەکیان لەشاری پاریس کردەوە . _1993 لەسەر بانگهێشتنی فرانسوا میتەران پێشانگەیەکی هاوبەشی بووەلەگەڵ چەند هونەرمەندێکی کورد .
_هەروەها لەوڵاتانی دیکەی وەک بریتانیا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا پێشانگەی بووە. چەندین پێشانگەی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند سامان کەریم دارتاش بووە.
_لە نەوەدەکاندا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەڕێخراوی ماگ MAG دا کاری مین هەڵگرتنەوەی کردووە.
_دوایەمین پێشانگەی هاوبەشی 16-03-2004 بوو بۆ یادی ساڵڕۆ ژی شازدەی مانگی مارت. هەر لەو رۆژشدا ئۆتۆمۆبیلێک لێی دەدات و بەسەختی بریندار دەبێت . _لە28-03-2004 لەنەخۆشخانەی الجادریەی شاری بەغدا، سەعات پێنجی ئێوارەگیانی لەدەستدا.








**ئامادەکردنی: بەختیار سەعید**

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ئامادەکردنی: رزگارە سوور



رووسوورەکانی مێژوو، کلاورۆژنەی نیشتیمان ، سالاری عەلی حەمە بچکۆل سالارچوارتایی ، ئەو هەوربوو لەهەموو ئاسمانێکی نیشتیمانا دڵی پڕ بوو لەباران ،ئەو هەور بوو دڵی پڕ بوو لە پرووشە ،ئەو هەوور بوو دڵی پڕ بوو لە تریفە ، توولەڕێگاو ، ئەنگوستەچاو شارەزابوو ، کۆڵە پشتی پڕ بوو لە سووتانی خاک و خۆشەویستی خاک و نیشتیمان و هەگبەی پڕ بوو لە دووکەڵ و لە ئا زارو لەسووتانی نیشتیمانێکی گڕ گرتوو ، ئەو ماچێکی لەخاچدراوی خاک و ڕۆحی سەربڕاوی ڕێگای حەق و دەست و گۆچانی هەموو خۆشەویستی یەکی ڕێگای حەق بوون. سالار رووخسارێکی هێمن پیاوێکی لەسەرخۆ ، ڕەوشت جوان ، یاری بە عەشقی نیشتیمان و خۆشەویستی ژیان ئەکرد هەموو جوانیەکانی نیشتیمانی لە هەگبەی عشقی نابوو ، بۆنی پونگەو ڕەشەڕیحانەو هەستی نیشتیمانی لێ ئەهات ، پێکەنین و خۆشەویستی لە سێبەری ئەتکا ، کاکە سالار لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٨ بوو ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کرد بوو بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە ، خاوەنی چەندین کاری ناو شار بووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو دیوار نوسین و خۆپیشاندانەکانی ناو شار و تا دوا جار لەساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردوستانەوەو لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ ی شارباژێر بووە پێشمەرگەو بەشداری چەندین شەڕی قورس و سوکی ناوچەکە بووەو نموونەی ئازایەتی و قارەمانێتی بووە تا دواجار لە قوڵە پوشێن و سپیلکی ناوچەی سورداش لە ١٨ لەسەر ١٩ مانگی هەشتی ١٩٨٧ چووە کاروانی نەمرانەوە بێ گۆڕو ناو نیشان لەگەڵ هەر یەک لە کریم بەگ و کامەرانی حەبێ و حەسەن چاورەش و ساڵح چاوشین و ، لە قوڵێکی ترەوە فەرەچ ناسراو بە پێشرەو و ئازاد عەرەب یادیان بەخێر

**تۆ عەشقی کچێک بووی**
**سێوەکەی دڵێ خۆت لا دانا**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**دڵێکی هەناری مرواریم بۆ هێنا**
**تۆ عەشقی کیژێک بوویت**
**خوێنت کرد بەخەنەی دەست و پێی**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**رۆحێکی پڕ جوانی و**
**دڵێکی پڕ عەشقم**
**لەرێگەی دا دانا**
**دڵێکی پڕ گڕاو**
**شووشەیەک عەتری سوور**
**بۆ نازی شۆڕەبی و**
**بۆ مەمکی نێرگزو**
**بۆ بنباڵی کۆترە باریکەی ژێر باڵ سوور**
**تۆ عەشقی کیژێک بووی**
**باوەشت پڕ مەمک و**
**پڕ زوڵف و**
**هەناسەت پڕ بۆنی ژنانە**
**من عەشقی خاکێک بووم**
**لەشەوی دەیجورا**
**دوو چاوم دووربینەو**
**باوەشم تفەنگەو**
**هەناسەم دوکەڵ و باروتە**
**تۆ عەشقی کچێک بوویت**
**شەوگارتان پڕ ماچ و**
**جێگەتان پڕ ئاهی**

تێکەڵ بوون
من عەشقی خاکێک بووم
باغەڵم پڕ ئەسپێ و
بەچرای مانگەوە
پاسەوانی ئەگرم
لەزووڵفی شۆڕەبیم
تۆ عەشقی ژنێک بووی
چوار کۆرپەو
ماڵێکی ڕوناکی پڕ خەندە
من عەشقی خاکێک بووم
بێ گۆڕو ناونیشان
تا کوژرام
لەسەری ڕاودەنرام
تۆ عەشق و ....من عاشق
تۆ زیندوو ....من مردوو
تۆ بۆ کچ ،.....من بۆ گەل
تۆ وێنەت لەکۆگای ماڵێکدا
من لە شاخی قەندیل
بیرتان بی
خوێناوی هەمیشە لەبەرۆیشتووی جەستەم
فرمێسکی گراوی
دایکانی بەردەرگای جاوەڕێی کۆچەکەم
بیرتان بێ
کاتێ شەو پەرەندەی
لەباڵای ستوون و گڵۆپی شار گەرا
کە باخچە
پەپوولەی لەدەنگدان هەڵبژارد
کە قریووەی گەورە کچ
لەچێژوان
بۆنی نازو نوزو
وورده ماجی لێهات
بیرتان بێ
ئەو کاتەی





کازێوە بەبێ ترسی ئەڵخام
لەباڵای شاخەوە
بۆ ناو شار دێتە خوار
یا کە مانگ لەکانی بنارا
بەبێ ترس...بەرووتی
بەپاو پوزی سپی سفتەوە
جێژوانی شەوانەی گەرم ئەکات
بیرتان بێ
شووشە عەتری سووری
دڵەکەم
بیرتان بێ
پێڵاوی دڕاو و
شەرواڵی چڵکن و
رووخساری بێ ڕەنگ و
کەشکۆڵی بێ نان و
دەم و لێوی تینووو ،،،کەف گرتووم
بیرتان بێ
هەمیشە لاتانم
من هاوڕێی خەبات و
هەنگاوی ناو ژینگەو
پڕ ترس و مینتانم
بیرتان بێ
هەمیشە لاتانم
لەقرجەی ،،،هاوێنکی گەرما
دەست و بێڵی رەنج و
سەوزایی باختانم
لەگەرماو .. لەسەرما
لەجوار وەرزی ساڵا
بەجێتان ناهێڵم
.....................

ڕزگارە سوور ..ساڵی ٢٠٠٣ بۆ کاکە سالاری برا بچوک و گۆر
وونم یادی بە خیر

# بەسەرکردنەوەی تێکۆشەران

سەرکەوتی جیهاز



سەفینی مەلاقەرە کێ یە؟

سەفین ئەگەرچی چیایەکی جوانی دەڤەری هەولێرە، بەڵام کاتێ "مەلا قەرەی" پێوە دەلکێ، ئیدی وێنای پیاوێک لە زەینت گەڵاڵە دەبێت، لەوەتەی ئەو شارە رۆڵەی خەباتگێری ناردۆتە شاخ ، هەرگیز بەقەد سەفینی مەلاقەرە سەری بەرز نەکردووە!

سەفین لە خاکی خاکی تر و لە ئازا ئازا تر و لەورە باڵاترە ! ئەو ئەگەر چی بە فیزیکیش ماوە، لە راستیدا شەهیدێکی زیندوە!

سەفین لە ریزی ئەو پێشمەرگە دێرینە زیندووانەیە کە پێت شەرم نیە لە جوامێریان بدوێی ! ئەو دەمەی فەرماندەی تیپی ٨٧ ی قەرەچووغ بوو، راوی ئەمنە بەعسیەکانی دەکرد، کۆلانی گەرەکێکی ئەو هەولێرە نەمابوو جێی دڵنیایی پیاوانی رژێم بێت و دەستی سەفینی پێ نەگات !

سەفـینی مەلاقەرە، ناوی تەواوی ( مەناف نادر قادر ) لە دایک بووی١٩٥٦ لە گوندی مەلاقەرە، کە سەر بە ناوچەی" کندیناوەیە" هاو سنوورە لەگەڵ عەرەب نشینانی پارێزگای "موسڵ" دەکەویتە باشوری رۆژاوای هەولێر و ٦٠ کم لێی دوورە کە دەکاتە دواسنوری باشوری کوردستان ئیتر عەرەبستان دەست پێ دەکات.

خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی ملاقەرە تەواو کردوە، ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر ئامادەیی کشتوکاڵی لە کەڵەک (خەبات) تەواو کردوە. لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕی کوردو عێراق لە ١٩٧٤ چۆتە ریزی شۆرش بەلام لەبەر ئەوەی منداڵ بووە نەکراوە بە پ.م وە تاوەکو ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردوە ، بەلام نە پارتی بووە و نە یەکێتی قوتابیان ! هەرچەندە برایەکی سەرلق و دوو برای تری پێشمەرگە بوون.

دوای ئاشبەتال چۆتە ئێر ان ، کە هاتۆتەوە و هەر هەمان ساڵ خوێندنی تەواو کردوە و بە چاودێری کشتوکا ڵی لە لقی سەلاحەددین( مسیف) دامەزراوە.

لە هاوینی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان، وەک شانەیەکی چالاک لە ناوچەی مخمور دەست بەکار بووە، لە ١٩٧٧ لە ئەمنی مخمور دەستگیر کراوە لە سەر ئەو پەیوەندیە.

لەسەر داوای ناوەندی کۆمەلە لە ١٢/ ئەیلول /١٩٨٠ لەگەڵ شەهیدی نەمر سابیر رسوڵ دوو هەڤالی تر چوونەتە شاخ و بوون بە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨).

سەرەتا کاری رێکخستنی دەکرد، دواتر پێویستی کردوە ببێتە فەرماندەی کەرت و دواتر جێگری سەرتیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر.
لە ساڵی ١٩٨٥ لەسەر فەرمایشتی کاک نەوشیروان تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ دروست کراو سەفین بوو بە فەرماندەی ئەم تیپە
لە ١٩٨٧ گوێزراوەتەوە بۆ تیپی ٩١ ی سەفین، دوای شەڕەکانی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨ بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کراوەتەوە ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە راستەوخۆ کاک نەوشیروان سەرپەرشتی دەکردن، ئەم فەرماندەییە لە ٩ هەڤال پێک هاتبوو هاوکاری کاک نەوشێروان بوون لە نەخشەدانانی راپەرین و جێبەجێ کردنیشی
لە کۆنگرەی ٢ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و بەرپرسیاریتی مەڵبەندی ٨ ی راپەرینی پێ سپێردرا، دواتر لە مەکتەبی رێکخستن دەست بەکار بوو، سەفین یەکێک بوو لەو کارەکتەرە بەهێزانەی باڵی ریفۆرم لە هەولێر، کە کاک نەوشیروان پلانی بۆ دانابوو بۆ گۆڕانکاری لە ناو خودی یەکیتی، کاتێ لە هەڵبژاردنەکان باڵی ریفۆرم شکەستی هێنا، کاتێک کاک نەوشیروان وازی لە یەکێتی هێنا و کۆمپانیای وشەی دامەزراند، ئەویش وازی لە یەکێتی هێنا، لەگەل دروست کردنی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکەم کەس دەبیت پشتگیری خۆی بۆ

رادەگەیەنێت، دەبێتە بەرپرسی یەکەمی شاری هەولێر، لە هەلبژاردنی ٢٥ حەوتی ساڵی ٢٠٠٧ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەکە دەکات.

ماوەیەک باژێروانی هەولێر و دواجار کەرکوک و ئێستا ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەکەیە.

لەماوەی ژیانی سیاسی ئەو پۆستانەی وەرگرتووە :

بەرپرسی مەڵبەندی هەشتی ڕانیە

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان / یەکەم خول

بەرپرسی ئاسایشی هەولێر

ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان

هەمیشە لەبەرەی خەڵک بوو، ئەو ئێستاش لەگەرەکێکی میللی شاری هەولیر دەژیێ و خانوەکەی لە هی جیرانەکانی باشتر نیە! کورەکانی خوێندنیان تەواو کردوە وەک کوڕی خەڵک لە هۆلەندا دامەزراون، ئەگەر پارەی سۆشیالی ولاتی هۆڵەندا نەبا پارەی نەبوو نەشتەرگەریەکەی بکات ! هیوای تەمەنێکی پڕ بەختەوەری بۆ دەخوازین

هێزێک دبێتە بازوی نەتەوەیەک ، سەرکردەیەک دەبێتە سەفینێک هەمو هەڵۆکانی قەلا لەسەر شانی ئەم دەنیشنەوە ، سەفین کە دێ شەقامەکانی قەلای لە پشتە ، منارە دەبێتە مەتەرێزی ، هەولێر لە قۆناغی داگیرکاریەوە دەباتە قۆناغی بەرخودانێکی هەمیشەیی.

سەفینی مەلا قەرە لە ناو جەرگەی شاری هەولێر سەرکردایەتی لێدانی هێزێکی ئەمنی تـەواری دەکـات ، وەک قۆناغێکی بەرخودان ، کە ڕۆژانە مەفرەزەی خاڵی پشکنینی لە ناکاویان دادەنا لە گەرەکی رووناکی شاری هەولێر کە (فلکەی زراعە) ناودێرە، سەفین مەلاقەرە ١٦٠ پێشمەرگە دادەبەزێنێتە ناو شاری هەولێر لە شێوەی حەرف L چەندین کەمین بۆ هێزی دوژمن دادەنێ جگە لەو هێزەی بەسەرپەرشتی خۆی بۆ لێدانی ئەمنە تەواریەکان هەڵبیژاردبوون، لەگەڵ یەکەم RBG شۆفەرلێتی یەکەم گڕ دەگرێ دوا بەدوای ئەوانی تر، لەو گورزی ناو شارە ٢٨ ئەمنی تەواری کوژرا.

لەو کاتە جیهازی مدیر ئەمن دەچێتە سەر تەرەدودی جیهازەکەی کاک سەفین یەکێک لە بریندارەکانیان قسە لەگەڵ مدیر ئەمن دەکات دەلێ سەیدی ناویرم بەرز قسە بکەم موخەربیەکان هێشتا لێرەن،

کاک سەفین دیتە سەر خەت و بە مدیر ئەمن دەڵێ کوا ئێوە لە کوێن ئێوە لەوێین چاورێی ئێوەین ئەدی ئێوە (صناديد قرن العشرين ) نین بۆ بە هاواری پیاوەکانتان نایەن وا کەلاکیان لە سەر شەقام کەوتووە؟ ، لێرەوە هێزە داگیرکەرەکان دەزانن کوڕانی خاک و نیشتمان و دایک چۆن دەبنە فریاد ڕەس.

کاک سەفین دەلێ تا پێش بەرەبەیان ماینەوە جاوەرێیان بووین یەک هێزی دوژمن جورئەتی نەکرد بۆ لامان بیت بە ئا ڕەزووی خۆمان ڕۆیشتین و شارمان جێ هێشت.

سەفینی مەلا قەرە ئەو سەرکردەیە بو کە بە بونیادنەری ڕۆژی ئازادی هەولێر وێنا دەکرێ و بوە سمبولی هەولێریان وەک بازوی شۆڕش و خوێن.



# جوڵە سیاسیەکانی ناوچەکە ببینە، جوانتر لە دۆزی کورد دەگەی

**مەهدی کاوانی**

دروست کردنی حلفێکی ناتۆ بۆ ڕەژهەلاتی ناوەڕاست ، ڕاستە لەمێژە قسەو باسی پێوە کراوە ، بەڵام ئێستاکە زۆر بە چڕی کەوتۆتە ناو باس و خواسەکان.

ئەوەی ئێستا کە باسی لێوە دەکرێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەست درێژیەکانی ئێر ان و پێشێلکاریەکانی تورکیایە . دەشڵێن دەبێ ئیسرایلیش دەناو ناتۆی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دابێ . دیارە وەک باسی لێوە دەکرێ وەک بگۆترێ دەکرێ ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە دەکاتە ناوچەکانی ناگۆرنۆ کەرەباخ و ئەرمینیاو ئێتریش و هەروەها بۆ کیشوەری ئەفریقیاش درێژ بێتەوە ، بێنە ناویەوە.

هەر لێرەوە ئەگەر وردبینی بۆ بکرێ وەک بگۆترێ مادامەکینێ حلفەکە لە دژی ئێران و تورکیاوە بێت ، کەواتە هیچ زیانی بۆکورد لێ ناکەوێتەوە.

ڕەنگە جۆرە حلفی وەها بۆ دوور مەودا هەر تەنیا لە دژی ئێر ان و تورکیای لێ نەکەوێتەوە بەلکو دانانی ڕادەیەکیش بێت لە دژی تەمەدودی ڕووسی و چینی لە ناوچەکە . وەک دەڵێن با ئەو حلفە نوێیە ولاتانی ناتۆی تیا نەبێ بەڵام لە دوورەوە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم و ئەوروپا بە پلەی دووەم چاودێریان بە سەر حلفەکەوە دەبێت . نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ئەگەر ئیسرایل لە ناو حلفەکەدابێ ، لە ڕووی بەرەنگار بوونەوە هێزێکی تر دەدا پێی.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ڕاگەیاندنێکی ئەمەریکی و ناتۆدا گۆترا ، هێزەکانی ناتۆ لە عیراق لە ٥٠٠ نەفەرەوە بۆ ٥٠٠٠ هەزار نەفەر زیاد دەکەین و کشانەوەشمان لە ئەفگانستان پابەند نابین بە زەمەنەوە بەلکو زیاتر پابەند دەکەین تا بزانین وتووێژی ئەمەریکی و حکومەتی ئەفگانی لە گەڵ تالیبان بەرەو کوێ دەڕوا واتە زیاتر کار لە سەر بەرجەستەو بە کردار کردنەکانیان دەکەین.

بە بۆچوونی خۆم ئەو زیاد کردنە سەربازیەی ناتۆ لە عیراق لە ٥٠٠ نەفەرەوە بۆ پێنج هەزار ، ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ڕادە دابنرێ بۆ هەردوو حکومەتی ئێرانی و تورکی کە نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تەڕاتێنی لەخاکی عیراق و کوردستانەوە بکەن و چەند ڕۆژێکیش پیش ئێستا لە ڕاگەیاندراوێکی یەکیەتی ئەوروپا کە دەبێ هێزەکانی




تورکی لەخاکی سوریا بکشێنەوە ، هەمدیسان دەکاتە وەخۆ کەوتنەوەی ئەمەریکاو ئەوروپا کە ئێمە ئەو ناوچانەبۆ داگیر کاریەکانی ئێران و تورکیاو تەمەدودی رووسی جێ ناهێڵین.

ڕاستە بەڕێوەبەرایەتی نوێی جۆ بایدن زۆرترین وێسگەکانی خۆی بۆ ئەوە بەگەر خستووە کە هەرچی زووە ڕێکەوتن نامەی ٥+١ ی نەتەوە یەککگرتووەکان ، کارا بکرێتەوە ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەمەریکا پلانی B نەبێت بۆ ئێران لە مەڕ زیاتر دەستدرێژیەکانی لە ولاتانی ناوچەکەو پیتاندنی زیاتری یۆرانیوم بۆ گەیشتن بە چەکی نەوەوی . سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە مەڕ ڕووبەڕووبوونەوە لە سەر چەکی نەوەوی ئێران و ڕووسیا چین دەیەوێ بە تێکەڵکردنی لە گەڵ ئەوروپاو ناتۆ و بگرە لە ناو خودی ئەمەریکاش بە پێکەوەی دیموکراتەکان و کۆماریەکان ، نەخشە ڕێگای سیاسی بۆدابنێ.

زیاد کردنی هێزی ناتۆ لە عیراق چۆنی لێک دەیتەوە لەو مانایەت زیاتر ناداتە دەست کە ئەمەریکا بیەوێت سنورێک بۆ دەتدەخولاتی ئێرانی و تورکی دانێت لە عیراق و کوردستانەوە و پێیەوە بۆ کورد سودمەند دەبێت.

هاوکاری زیاتریشی بۆ ڕۆژئا وای کوردستان کە هەلبەتە وا دەبێ ، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە لە لایەکەوە ڕێگە بگری لە هەلکشانەکانی رووسی و لە لایەکی تریشەوە سنوور دانان دەبێ بۆ زیاد کردنی نفوزی تورکی و ئێرانی.

ئەم ئاماژانەی سەرەوە کورتە مەودوا نین و هاوپێچیشن لە گەڵی و وەهاش نیشان دەدرێ هێلێک بکێشرێ لە گەڵ ئەوانەی لە گەڵمانن و ئەوانەی نەیارو دوژمنن.

**لە زەمەن وەرگیراوە**

# هەڵەبجە؛ سیمبوڵی قوربانیدانی گەلێک




**سبەی**

ئەمڕۆ (33) ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە تێدەپەڕێت، بەڵام دوای ئەو ماوەیە و (30) ساڵ لە حکومڕانی کوردیی و زیاتر لە شەش ساڵ لە بەپارێزگابونی هەڵەبجە، خەڵکەکەی چاوەڕوانی خزمەت و گەشەپێدانی زیاترن، رەخنەی ئەوەش دەگرن کە دەسەڵاتی کوردی چەند ساڵی رابردودا لە ئاست بەرپرسیارێتی ئەو کارەساتەدا نەبوە کە بەسەر شارەکە و خەڵکەکەیدا هاتوە.

**جوگرافیای هەڵەبجە**

شاری هەڵەبجە وەک ناوەندی پارێزگاکە، (75) کیلۆمەتر لە باشوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە دورە و روبەرەکەی (1599) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، بە چیاکانی هەورامان و شنروێ و باڵامبۆ دەورە دراوە و بەدرێژایی (75) کیلۆمەتر هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا. دەشتی شارەزور کە یەکێکە لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەناسرێت، بەشێکی گەورە لە روبەری ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە کە پێدەشتەکە لە رۆژئاوای هەڵەبجەوە دەست پێدەکات و لە رۆژهەڵاتی ناحیەی سورداش کۆتایی دێت.

**ئەو رۆژەی شارێک خنکێنرا**

لە رۆژی (1988/3/16) هەڵەبجە لەلایەن رژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا و پێنج هەزار هاوڵاتی شارەکە شەهید بون، هاوکات دانیشتوانی شارەکە بۆ دەربازبون لە کاریگەرییەکانی چەکی کیمیایی رویان لە وڵاتی ئێران کرد و شارەکە لەژێر کاریگەریی چەکی کیمیایی و بۆمباران کرندا بوە وێرانە. هەزاران هاوڵاتی هەڵەبجە برینداربون و بەشیکی زۆریان بەهۆی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستدا و ئێستاش سەدان قوربانی بەدەست ئازار و کارییگەرییەکانی چەکی کیمیاییەوە دەناڵێنن.

**کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی**

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، لەساڵیادی تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، توێژینەوەیەکی وردی لەسەر کاریگەریی و لێکەوتەوەکانی بۆمبارانکردنی ئەو شارە بە چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی بەعسەوە بڵاوکردەوە، توێژینەوەکە بەگشتی تیشکی خستوەتە کارەساتی کۆمەڵکوژی (16)ی ئازاری (1988)ی

هەڵەبجەو کیمیابارانی ئەو شارە لەلایەن رژێمی پێشوی عێراق و شەهیدکردنی زیاتر لە پێنچ هەزار هاوڵاتی ئەو شارە.

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەیخستوەتەڕو؛ هەندێک ناوچە لەناو شاری هەڵەبجەدا بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، کەس پەی بەدۆزینەوەیان نابات، هەندێک منداڵی هەڵەبجەیی ونبو، لەم ساڵانای دوایدا خێزانەکانیان دۆزیەوە و دەیان خێزانی دیکەش چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵە ونبوەکانیانن.



## قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

لە بەشێکی توێژینەوەکەدا ئاماری شەهیدو بریندار و بێسەروشوێنەکانی تاوانی کۆمەڵکوژییەکە خراوەتەڕو پشتبەشتن بە داتا و ئاماری دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی، بڵاوی کردوەتەوە کە (1664) وارسی شەهیدانی کیمیاباران لەو بەڕیوەبەرایەتییە موچە وەردەگرن ژمارەیەکی زۆریش هەن کە لە هەولێرو دهۆک و هەڵەبجە موچە وەردەگرن . بەڵام بەهۆی هەندێک گرفتی تەکنیکی و سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە ژمارەی دروست و راستی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە نازانرێت . تەنها ئەوەندە هەیە ژمارەیەکی ڕاگەیەنراو هەیەکە بە (پێنج هەزار ) شەهید خەملێنراوە .

سەبارەت بە ژمارەی برینداران و بەرکەوتیش، لە توێژینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕو کە ناتوانرێت ئامارێکی دروست لە سەر ئەوان وەربگریت، بەهۆی پەرش و بڵاوییانەوە و دابەش بونیان بەسەر هێزە سیاسییە جیاوازەکاندا. ئەوەی لە دەزگای شەهیدان و ئەنفال کراوانی سلێمانی وەرگیراوە (380) کەسن، بەهۆی ئەوەی کە تائێستاش لێیان شەهید دەبێت، بریندارو بەرکەوتوی تر زیاد دەکات، بەهۆی گەرانەوەیان لەدەرەوەی وڵات.

## فرۆشیارانی چەکی کیمیایی

لە توێژینەوەکەدا بڵاوکراوەتەوە (196) کۆمپانیای جۆراوجۆر لە (19) وڵاتی جیهانەوە کەرەستە چەکیی کیمیاییان بەعێراق فرۆشتوە، لەکۆی ئەو وڵاتانە تەنها یەک وڵاتی عەرەبی تێدایە، ئەویش میسرە واتە (18) وڵاتیان ئەوروپین و لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانن.

## منداڵانی ونبو

بەهۆی هێرشی کیمیاییەوە سەدان منداڵ لە خێزانەکانیان دابڕان، لە چەند ساڵی رابردو لە ئەنجامی هەوڵە تاکە کەسییەکاندا ژمارەیەک لەو منداڵانە گەڕانەوە نیشتیمان و بە خانەوادەی راستەقینەیان شادبونەوە کە دواترینیان خەلیل ساڵحە و دوای (31) ساڵ، بە دیداری کەسوکاری شاد بوەوە.

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە ئاماری هاوڵاتیانی بێ سەروشوێن و ونبوی کارەساتەکە بڵاوی کردەوە :
هەمو ئەو خێزانانەی کە منداڵیان ونبوە چاوەڕێین منداڵێکی هەڵەبجەین دەربکەوێت و بدۆزرێتەوە، کە لە ئێستادا تەمەنیان لەنێوان (30) بۆ (40)ساڵدایە، لە ئێستاشدا بەپێی ئەو ژمارە سەرەتاییەی کە لە بەردەستدایە ژمارەی ونبوەکان بریتین لە (174) کەس، کە لەلایەن (70) خێزانی هەڵەبجەوە مامەڵەی بێسەروشوێن بونیان بۆکراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەیان.

کامە ران مستە فا، بەڕێوەبە ری بەڕێوەبەرایە تی شە هیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە، بە (سبەی) راگەیاند : تائێستا ژمارە ی ئە و منداڵانە ی ونبون و کە سوکاریان سە ردانی بەڕێوەبەرایەتییەکە یان کردوە بۆ سۆراغکردنیان، (174) منداڵ تۆمارکراوە ، بەدڵنیاییە وە ژمارەکەی لەوە زیاترە، بەڵام لە ساڵی (1991)ـە وە تە نها توانراوە (11) منداڵیان بدۆزرێنەوە.

## دوای بە پارێزگا بون

رۆژی (2015/2/5) لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجە، بە سەرۆکایەتیی د.یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (دو)ی نائاسایی ساڵی دوە می خولی چوارە می پەرلەمان بە ڕێوەچو کە تێیدا یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە پەسەند کرا، ئەوەش هەڵەبجەییەکانی خۆشحاڵ کرد، بەڵام دوای تێپەڕبونی ئەو چەند ساڵە بە گوزەر کردن بە بازاڕ و شەقام و گەڕەکەکانی شارەکەدا هەست بەوە دەکرێت کە پێنج ساڵی بەپارێزگابون سیمای شارەکەی بەرەو پێش نەبردوە.

**هەڵەبجە تەنها بەناو بە پارێزگا کراوە**

لە ساڵیادی (33) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ئەنجومەنی قەزای هەڵەبجەی بزوتنەوەی گۆڕان داوا لە حکومەتی عێراق دەکات وەک میراتگری رژێمی پێشو داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات و قەرەبوی زیانلێکەوتوان و ئا زار و مەینەتییەکانی هاوڵاتیانی ئەم شارە بکاتەوە تەواوی ئەو رێکارانە جێبەجێ بکات بۆ دانانن بە پارێزگا بونی هەڵەبجەدا.

ئەنجومەنی قەزای هەڵەبجە، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات چیتر دەستی دەستی بە دانیشتوانی ئەو شارە نەکات و بە بەڵێنی بێ بنەما خەڵک فریونەدات، ئەوەی لەسی ساڵی دەسەڵاتی خۆماڵی بۆ ئەم شارە کراوە نە لە ئاست ئەو قوربانییە گەورەیە و نە دڵخوازی خەڵکەکەیەتی لەڕوی خزمەتوزاریەوە و لە روی مەعنەویشەوە بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە جگە لە دانانی پارێزگار و جێگرێک و بینای خێروازێک هیچی تر نییە.

ئاماژەی بەوەشکردوە؛ پارێزگاش بەوە نابێتە پارێزگا، بەڵکو پێویستی بە دامودەزگایە وەک هەمو پارێزگاکانی تر بۆ راپەڕاندنی کارەکانی نەوەک ئەوەی ئێستا بەداخەوە هاوڵاتیان خۆزگە بە قەزاکەی جاران ئەخوازن لەکاتێکدا ئەوە تەنها چەند بڕیارێکی پێویستە.

**دانیشتنێکی تایبەت بە هەڵەبجە**

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە (2021/3/16) پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام بدرێت و بەرنامەی کارەکە بریتییە لە (ختسنەڕوی کێشە و گرفتەکانی پارێزگـای هەڵەبجە بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (66) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان).

**هەمو رۆژێک بۆ هەڵەبجە**

سەرۆکی نوسینگەی هەڵەبجەی پەرلەمانی کوردستان بە پ یویستی دەزانێت، واز لەوە بهێنرێت لە ساڵێکدا تەنیا رۆژێک تەرخان بکرێت بۆ یادکردنەوەی هەڵەبجە و باقیی رۆژەکانی ساڵ ئەو دۆزە بە فەرامۆشی بسپێرین. هەڵەبجە پێویستی بەوەیە تەواوی رۆژەکانی ساڵ کاری بۆ بکرێت.

شاخەوان رەئوف بەگ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و سەرۆک ی نوسینگەی پەرلەمان لە پارێزگاکە، لە ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، رادەگەیەنێت: هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیەکی گەورە و گرنگە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی زیاتریان پێ بگات، بۆ ئەوەی کەمێک لە ناسۆری لەدەستدانی ئا زیزانی ئەو کارەساتە هەڵگر ین، دەبێ دەیان خزمەتگوزاریی پێشکەش بەم پارێزگا خۆشەویستە بکرێت.



**پێویستییەکانی هەڵەبجە**

شاخەوان رەئوف بەگ بەپێویستی دەزانێت، چەندین پرۆژەی گرنگ بۆ هەڵەبجە بکرێت، لە گرنگترینیان:

1- پەلە بکرێت لە تەواوکردن و دەستبەکاربونی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە بـۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە هەم لەڕوی سیاسییەوە هەم لەڕوی ئیدارییەوە بە ئەرکی خۆیان هەستن و نوێنەرایەتیی هەڵەبجە بکەن.

2- دروستکردن و پڕکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و پۆستە ئیدارییەکان بۆ راییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیانی سنوری پارێزگاکە.

3- بەستن و تەواو کردنی پر دی رێگای (تەوەقوت ) کە هەڵەبجە بەشارەزورەوە ئەبەستێتەوە.

4- بەستنی پردی(تەنگی سەید محەمەد ) کە پارێزگای هەڵەبجە ئەبەستێتەوە بەمەرزەکانی (پەروێزخان و پشتە ) و بەستنەوەی قەزای دەربەندیخان و گەرمیان و ناوچەی شەمێران و تاوگۆزی و لاوران بە سنوری پارێزگای هەڵەبجەوە دەبێتە هۆی کرانەوەیەکی تەواو لە روی بازرگانی و گەشتیارییەوە.

5- کردنەوەی مەرزی (سازان) کە ئەویش گرنگیی خۆی هەیە و تەوژمێکی بازرگانی دەداتە هەڵەبجە.

6- سنوری پارێزگای هەڵەبجە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گرنگە کە زیـاتر لە(110000) سەدو دەهەزار دۆنم زەویی کـشتوکاڵی و

(12000) دوانزه هەزار دۆنم باخی هەناری تێدایە، پێویستی بە شوێنی هەڵگرتن و ساردکەرەوە دەبێت بۆ هەنار، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێویستیی ناوخۆیی پێ دابین بکرێت پاشان هەناردەکردن و دۆزینەوەی بازاڕ بۆی لە دەرەوەی وڵات.

7ـ هاندان و پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە سەرمایەگوزاری بکەن.

8ـ دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری (جۆگە- خەزانی گلدانەوەی ئا و- کۆنکرێت کردنی جۆگەی ئا ودێری (30کم ) پاشان نۆژەنکردنەوەی کارێزەکان.

9ـ دروستکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان.

10ـ کۆنکرێت و قی رتاوکردنی کۆڵانەکانی ناوشار و قەزاو ناحیەکان.

11ـ دروستکردنی کارگەیەکی پاککردنی گەنم لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە.

12ـ دروستکردنی رێگای هاتوچۆی گوندەکانی سنوری پارێزگاکە.

13ـ گرنگی دان بە ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە.

## چی بکرێت؟

لە کۆتایی توێژینەوەکەی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بە ناونیشانی (هەڵەبجە؛ کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیایی ) ژمارەیەک راسپاردە خراوەتەڕوە لەوانە؛ دیراسەکردنی کاریگەریی ئەو مادانە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لەکاتی روودانی ئەو جۆرە مەترسیەدا، بتوانرێت کاریگەریەکا نی کەم بکرێنەوە و چارە سەری بەپەلەی زیان لێکەوتوان بکرێت.

هەروەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەومادانە لەسەر ژینگەی ئەو ناوچانەی بۆمباران کراوان، لەگەڵ لێپرسینەوەو دادگای کردنی ئەوانەی ئەو چەکەیان بەکارهێناوە، یان یارمەتی دەستکەوتنی ئەو جۆرە چەکانە دەدەن، یان ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکەن.

یەکێکی دیکە لە راسپاردەکان لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی زانستی ورد، وەک سەرژمێری وردی قوربانیان بریندارەکان و دانانی لیژنەیەکی پسپۆڕ، بۆ وەرگرتنی سەرژمێری تەواوی شەهیدان و بەدواداچونی شوێن بزرەکان و دیاریردنی گۆڕە بە ک ۆمەڵەکان و هەڵدانەوەی ئەو ژێرزەمینانەی بونەتە گۆڕی بەکۆمەڵ، بەشێوەیەکی زانستی وگەڕان بەدوای ئەو بۆمبانەی لەکاتی بۆمبارانە کەدا نەتەقیون و تا ئێستا مەترسین بۆسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ناوچەکە ئایا لەڕوی تەندروستیەوە کاریگەری ماوە لەسەر ناوچەکە، یان نا، چونکە گەر کاریگەری مابێت دەبێت ڕێنمای تەندروستی دەربکرێت بۆ خۆپاراستنی هاونیشتمانیان وفریاکەوتنی ئەو بەرکەوتوانەی کەتا ئێستا ماون و ناوبەناو لێیان شەهید دەبێت.

لە کۆتایی راسپاردەکاندا داوای ئاشکراکردنی ناوی ئەو تاوانبارانەی کە بونەتە هۆکاری ئەو کارەساتە و دادگای کردنی سەرجەم ئەنجام دەرانی و کارکردن بۆ بەزیندوهێشتنەوەی ئەو مەرگە ساتە لەمێژودا، بەدروست کردنی چەندین مۆزەخانەی پیشکەوتو زانستی لەشاری هەڵەبجە.

---



**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**
**نامریٚ ناو و نیشانتان**
**ئێوە بوونە رەهبەریٚ مە**
**بوونە پشت و سەنگەریٚ مە**
**بۆ ژیان و بۆ سەریٚ مە**
**تاجی بەرزیتان لەسەرنا**
**دوژمنی گەلتان وە دەر نا**
**تا شەهید خوێنی نەڕێژیٚ**
**تاکو گەل تاڵی نەچێژیٚ**
**داری ئازادی شین نابیٚ**
**باخی ژینمان ڕەنگین نابیٚ**
**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**

**مامۆستا محەمەد تۆفیق(ووردی)**





# دادگای فیدراڵی، چۆن بۆ کورد باشه؟

هاوڕێ تۆفیق

له مێژووی دەوڵەتی عێراقا هەر له یەکەم دەستوری سەردەمی پاشایەتی له(١٩٢٥)وه به گوێرەی ماددەی (٨١ )قانونی بنەڕەتی ئەو سەردەمە دادگای دەستوری هەبوه، ئەو وەختە پێی وتراوه (دادگای باڵا ) له نۆ ئەندام پێکهاتوه، چوار له ئەندامانی له دادگای تەمیزەوه هێنراون و چوارەکەی تری له ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان هەڵبژێردراون و سەرۆکەکەی خودی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیان بوه. لەو سەردەمەیا، به پەرلەمانی عێراقیی وتراوه ئەنجومەتی میللەتی عێراق (مجلس الامه) که له دوو ئەنجومەن پێکهاتوه ، یەکەمیان ئەنجومەنی نوێنەران بوەو ژمارەیان ٨٨ ئەندام بوه، لەلایەن میللەتەوه بەدەنگدان هەڵبژێردراون، دووەمیان پێی وتراوه ئەنجومەنی ئەعیان که لەلایەن مەلیکەوه بەبێ هەڵبژاردنی گەل ، ڕاستەوخۆ مەلیکی وڵات خۆی دایناون و له کەسانی ناوداری ڕۆشنبیر و ئا ینیی و سەرۆکی خێڵەکان پێکهاتوه، یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، رەشید عالی گەیلانی بوەو ئەنجومەنی ئەعیانیش یوسف سویدی سەرۆکی بوه.

بەپێی ئەو راستییە مێژووییانەی باسمانکرد ئاشکرایه که یەکەم دادگای باڵا له مێژووی عێراقا که دروستکراوه بەتەنها له دادوەران پێکنەهاتوه، بەڵکو تێکەڵاو بوه له دادوەران و ئەندامانی ئەنجومونی ئەعیان و هەریەکەیان پیشەی جیاواز له دادوەرییان هەبوه . دواتر بەپێی دەستوری کاتی ١٩٦٨ ی بەعسییەکان قانونی ژماره ١٥٩ له ساڵی ١٩٦٨ بۆ دادگای دەستوری دەرکردوەو پاشان له ساڵی ١٩٦٩ هەمواریيان کردۆتەوه، بەگوێرەی ئەو قانونه دادگای دەستوری بەهەمان شێوەی سەردەمەی پاشایەتی و دادگای فیدراڵی ئێستا لەرووی ژمارەوه هەر له (٩)نۆ ئەندام پێکهاتون، ئەندامانی تێکەڵاو بوه له دادوەر و ژمارەیەک فەرمانبەری باڵای دەوڵەت ، بەمشێوەیه؛

١.سەرۆکی دادگای تەمیز، سەرۆک.
٢ . سەرۆکی چاودێری دارایی، ئەندام.
٣. سەرۆکی تەدوینی قانونی، ئەندام.
٤. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.
٥. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.
٦. دادوەرێکی هەمیشەیی تەمیز، ئەندام.
٧. ڕاگیری کۆلێژی ماف، ئەندام.
٨. سەرۆکی فەرمانگەی پشکنینی وەزارەتی ناوخۆ ، ئەندام.
٩.بەڕێوەبەری گشتی بودجەی گشتی ئەندام.

پاشان له دوای ڕوخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس له٢٠٠٣ ، به پشتبەستن به قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوه ، قانونی دادگای فیدراڵی ژماره٣٠ ساڵی٢٠٠٥یان دەرکرد، بەپێی ئەو قانونه دادگاکه هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوتر ژمارەی ئەندامانی هەر به ٩ نۆ ئەندام مایەوه. بەڵام جیاواز له مێژووی دادگای فیدراڵی هەر ٩ نۆ ئەندامەکەی جگه له دادوەران کەسی تری تیانەبوو .

**"ئەم قانونه کۆڵەکەو پایەکی گرنگی باڵەخانەی سیستەمی دەستوريی و سیاسی وڵاته، پەیوەندی به هەموو خەڵکەوه هەیه، ئەبوایه پەرلەمان کراوەتر لەسەر ئەم قانونه گفتوگۆی بکردایه"**

له ئێستایا پەرلەمانی عێراق سەرقاڵی پەسەندکردنی قانونی تازەی دادگای فیدراڵییه لەبەر ڕۆشنایی دەستوری پەسەندکراوی عێراق بۆ ئەوەی قانونەکه دەربکا . وەکو زانراوه ژمارەیەک ماددەی قانونەکه دەنگی لەسەر دراوه ، لەگەڵیشیدا ژمارەیەکی تر له ماددەی قانونەکه، که به جەوهەرو دڵی دادگاکه دائەنرێ، هەتاوەکو ئێستا پەسەندنەکراون و گفتوگۆکانیش بەردەوامن.

بەرلەهەموو شتێک هەقی وابوو سەرۆکا یەتی پەرلەمان و هەموو ئەندامان مەسەلەی دادگای فیدراڵیان لەناو هۆڵی پەرلەمانا قەتیس نەکردایه، ، دەیان کۆرو سیمیناری لەدەرەوەی پەرلەمان لەسەر بکرایه، زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆژنامەوانان و دادوەران قسەیانبکرایه .

بەشێوەیەکی گشتی چۆن دادگاکه دروست بکرێ ؟ به چ شێوەیەک ئەم دادگایه بۆ کورد باش ئەبێ؟ ئەمە خودی پرسیاره جەوهەرییەکەیه، بۆ وەڵامی ئەو پرسیاره ئەم راو و پێشنیارانه ئەخەینەڕوو؛

یەکەم؛ پێکهاتەی دادگاکه هەر وەکو ئێستا لەدادوەران ببێ باشتره، بەڵام بەو پێیەی له ماددەی ٩٢ برگەی دووەم له دەستوری عێراقا

هاتوه (که دادگای فیدراڵی پێک دێ له ژمارەیەک له دادوەران و شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و فوقەهای قانون .بە قانون کاری دادگاکەو ژمارەیان دیاری ئەکرێ، شێوازی هەڵبژاردنیان رێکدەخرێ) لەم بارەیا، مەسەلەی ژمارەو پێکهاتەکەی بۆ کورد زۆر گرنگ نابێ.

باشتریش وایە کورد لەسەر ئەو پێشنیارە جێگیر بێ کە شارەزایانی ئیسلامی و یاسا ناسان لە دادگاکەدا ببن بە ئەندام بەڵام بە سیفەتی راوێژکاریی و لەمەسە غەیرە ئیسلامییەکان بۆیان نەبێ دەنگ بدەن،بەڵکو تەنها مەشورەت پێشکەش بکەن .

دووەم: ئەگەر ئەو رایەی، ئەڵێ (با ژمارەی ئەندامانی دادگاکە ١٣ سیانزە کەس بێ)سەرکەوتوو بوو . ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەر خۆی ژمارە١٣ ژمارەیەکی شومە! بەڵام ئەمەیان باسێکی ترە، لەم بارەیا ئەکرێ ، کورد پێشنیاری بونی ژنان لە ئەندامێتی دادگاکە بکا ، هەم وەکو پابەندییەکی دەستوریی و لەگەڵیشیدا جۆرە هاوسەنگییەک بۆ ژیانی مەدەنی ناو دادگاکە ئەگێڕێتەوە، وا پێویست ئەکا، دوو ژن بکرێن بە ئەندام. بەرگێکی شارستانی بە باڵای دادگاکەیا ئەکاو لە هەمان کات زۆر گرنگیشە بۆ چەسپاندنی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان .

سێیەم:شێوازی دەنگدانی ئەندامانی دادگاکە بۆ بڕیاردەرکردن، لە هەموو بابەتێکی تری دادگاکە گرنگترە، هەر ئەو برگەیەشە بۆتە گرێکوێرەی دەرنەکردنی قانونەکە . بۆ کورد واباشە شێوازی دەنگدان بۆ بریار دەرکردن، بکرێ بە سێ جۆرەوە؛

١ :ئەو بابەتانەی کارگێرین و تانەی دادگا کارگێرییەکانن هاوشێوەی ئێستا ،بە زۆرینە دەنگ بریار بدرێ.

٢ :ئەو بابەتانەی تایبەتن بە کێشەی هەرێمەکان و تەفسیری دەستوریی و ماددەی١٤٠ بە تێکرای دەنگ بێ (الاجماع ) بریار بدرێ،ئەگەر ئەمەش نەسەلمێنرا ،پەیرەوی دوو لەسەر سێ بکرێ.

٣ :ئەو بابەتانەی تایبەتن بە کێشەکانی دابەشکردنی داهات و نەوت و گاز پێویستە بە تێکرای دەنگ بێ (الاجماع ) بریار بدرێ،ئەگەر ئەمەش نەسەلمێنرا، پەیرەوی دوو لەسەر سێ بکرێ.

**شێوازی دەنگدانی ئەندامانی دادگاکە بۆ بریاردەرکردن، لە هەموو بابەتێکی تری دادگاکە گرنگترە، هەر ئەوەش گرێکوێرەی دەرنەکردنی قانونەکە بوو**



# لەیاخسەمەرەوە بۆ تاران

یانگار حەکیم ٢٣-١-٢٠١٣







**پێشمەرگەکانی سکرتاریەتی مام جەلال / هێزی دژەفرۆکە ـ ١٩٨٧**

ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ ڕژێمی بەعسی فاشی دەستی کرد بە شەری قرکردنی کوردو ناوی لێ نا ( ألأنفال ) کەناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزە!. بە ئاگرو ئاسن وکیمیاباران . بەربووە گیانی کوردانی شاروشارۆچکەوگوندەکانی کوردستان . نزیکەی ٤٥٠٠ گوندی خاپوور کردو١٨٢ هەزار خەڵکی کوردی لە گەنج ومناڵ وئافرەت وپیرو پەککەوتەی ئەنفال کرد وزیاد لە ١٥ هەزار خەڵکی بێتاوانی کوردستانی بە چەکی کیمیایی قەتلوعام کرد . کە جەرگبڕینتریان شاری هەڵەبجەبوو کەزیاترلە ١٠ هەزار کەس بونە قوربانی وئێستاش بۆتە سونبولی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

کاتێک جەنگی بەرەیی دەستی پێکرد من لەگەڵ هاوسەنگەرەکانم لە سکرتارییەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووین لە یاخسەمەر. گوندێکی جوان وسەر سەوز بوو . سکرتاریەتیش نزیکی کانی موراد بوو.ماڵی بەرێز مام جەلالمان کرد بە مەقەری

خۆمان . بوین بە ٢ دەستە دەستەیەکیان دیمترۆف و چەکو تەقمەنیان گواستەوە بۆ شاناخسێ وپێش ئەمە رۆیشتن . ئێمەش ماینەوە بۆ بەرگری لەو ئابلوقەسەربازییەی رژێمی سەددام . کە وورده ورده ناوچەکەمانی بەرتەسک دەکردەوە . ئەوهاوسەنگەرانەی کەپێکەوە ماینەوە : بەندە، ئا واتی عومەری کاکی، شێخ مەحەمەد ، هیوا، هاشم کۆیی بەرپرسی کەرتەکەمان بوو ، نەبەز وا بزانم خەلکی گەرمیان بوو، چەند هاوخەباتێکی تر کە بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە . دەبابەی دوژمن لەمێرگەپان وشەدەڵە بوو سەر شاخی نسێی بەرامبەرشاخی پیرەمەگرون . رۆژانێکی بەفرو رەهێڵەبوو . دۆشکەمان بردە سەر شاخ و کیسەخەومان لەگەل خۆمان برد، چادرە رزێوێکیشمان پێبو هەڵماندا تا لە ژێریاپشوو بدەین . بەڵام دەبوایە لەبەربەفرو رەهێڵەوزریان ئێ مە ئەومان بگرتایە تا نەپچڕێ ونەکەوێ بەسەرمانا!! ناوبەناو بەنۆرە یەکێک یان دوان دائەبەزینە ماڵی مام جەلال ئەو خواردنانەی کە لێی مابوو، دەمانبردە سەرشاخ ودەمان خوارد. کە خۆشترینیان لای من پەنیری کوردی بوو! چەند شەوو رۆژێک لەوێ ماینەوەو بەرگریمان کرد . پاشان بڕیاری کشانەوەمان بۆ هات . ئەوە بوو دۆشکەمان پێچایەوەو هاتینە خوارەوە و هیچمان نەهێشت کە دەستی دوژمن بکەوێت . هەمویمان سوتان وخۆمان گەیاندەوە بەبەشێکی هێزی پێشمەرگە لە گوندی چالاوە . پێم وابێت ئەو هێزە کاک ملازم عومەر سەرکردایەتی دەکرد. لەرێگەماندا بە سەر شاخی پشت گوندی چالاوە سەرکەوتین.هەریەکەمان جگە لە چەک وتاقم وکوڵەپشتی خۆمان. دۆشکەکەو هەندێک شتومەکی سکرتاریەتمان پێ بو کە دابەشکرابوو بەسەر پێشمەرگەکانداـمن خۆم شەش مەخزەن وکلاشنکۆف وکوڵە پشتیەکەم ودەمانچە کەم بەخۆمەوە بەستبوو، سەنوقێک فیشەکی دۆشکەشم بەدەستەوەبوو . لەگەڵ ئەمەشدا هێسترێکمان بارکردبوو بە نۆرە رامان دەکێشاو بەشاخەکەدا سەرمان دەخست. کاتێ نۆرەی من هات هێسترەکە نەدەرۆیشت وشارەزاییەکی ئەوتۆشم نەبوو کە لەکاتی وادا چۆن دەبێت لەگەڵ هێستردا رێ بکەیت؟!!. منیش زۆر سەخڵەت بوم، پێشم جوان نەبوو بڵێم من لە رێکردنی هێستر شارەزانیم و هەقم نیە بەسەرەوە!! چونکە هەموو هاوخەباتە ئازیزەکانم لەگەڵ پیرەهێسترا



بەنۆرەی خۆیان ڕێیان کردبوو! ناو بەناو فرۆکە جەنگییەکانی دوژمنیش بەسەرمانەوە دەسوڕانەوە.ڕێگا هەمووی بەفر بوو تولەڕێکانی کە پێدا دەڕۆیشتین بەستبووی. لە ڕێگا هەندێک هێستری تر ڕەق ببونەوە لەناو بەفردا چەقی بوون. ئەم هێسترەی ئێمەش کە بارمان کردبوو ماندوو ، برسی بوو نەدەڕۆیشت. سەوزایی نەبوو. کە نەقیزەشت لێ ئەدا بەلەسە دەبوو هههه. هەندێک جاریش لەناو بەفردا ئەچەقی و رامدەکێشا تا دەرم دەهێنا. لەتە نانێکم لە باخەڵدا هەڵگرتبوو. نەمدەزانی خۆم بیخۆم ؟کە برسی بوم یان بیدەم بە هێسترەکە تا باش ڕێ بکات؟. باری هێسترەکەش هەندێک شتی سکرتارییەتی بەسەرەوە بوو. ئەشترسام ئەو لەتە نانەی بدەمێ ودیسان هەر ڕێ نەکات وبەجێی بێڵم وپێشانیش شەرمەزاربم چونکە پێم وابێت بەڵگەنامەو شریتی ڤیدیۆو ڤیدیۆش بەسەر پشتی هێسترەکەوە بوو!!. بەهەرحاڵ نیوەی لەتە نانەکەم ڕاگرت لەبەر دەمیدا وەک سەگی هار پەلاماری داو خواردی!! چاوی لەلەتەکەی منیش بوو کە بەدەستمەوە مابوو دەمویست بیخۆم . لەتەکەی تریشم داپێی ئینجا کەمێک کەوتە جوڵە وکە ڕامکێشاو قەڵەمبازێکی دا هەردوو دەستی دا بە پاژنەی پێمداو برینداری کرد بەڵام چونکە بەڵگەوشتو مەکی پێشمەرگایەتی بەسەرەوەبوو خۆم ڕاگرت و تورەبونەکەی خۆم خواردەوە. دەبوایە گرنگی پێ بدەم ، لەناخیشەوە دڵی خۆم دەدایەوەو بەخۆم دەوت منی شۆڕیی لەژیانما لەگەڵ هێسترا ڕێم نەکردوە بەس نیە تا ئێرەم هێناوە؟!!. بەڵام لە دڵەوەخۆزگەم بەوە دەخواست کە یەک مانگ لەوسەرماو ڕەهێڵەی سەر شاخی نسێ بمامایەتەوە. نەک توشی ئەم هێسترە ماندوە برسیەو گرنگەش بومایە؟! هەرچۆنێک بوو خل بوینەوە بەودیوا ڕێگەکە ئاسانتر بوو. زۆر ماندوو بووم. ئینجا هاوارم کرد بۆ هاوسەنگەرەکانی کە لە پێشخۆمەوە دەڕۆیشتن. کە بێن یارمەتیم بدەن . کاک خەباتی ئەحمەدی دادی بەهانامەوە هات وگەر هەڵە نەبم ئاواتی عومەری کاکی هات یان یەکێکی تربوو هێسترەکەی لێوەرگرتم. وابزانم پاشان بەرەو سیرەمێرگ و لەوێشەوە بە چەمی سەفرەوزەرووندا پەرینەوە گەیشتینە شاناخسێ بۆ لای هاورێ وهاوسەنگەرەکانمان. هەر کەگەیشتینە شاناخسێ ئێوارەی نەورۆزی ١٩٨٨ بوو. چوین پشوو بدەین لەناو چادری سکرتاریەت کە پێشتر هاوسەنگەرەکانمان هەڵیان دابوو دەنگی

فرۆکە جەنگییەکانی رژێمی سەددام هات و تەماشام کرد باڵۆنی بچوکی سپی هەڵدەدات زانیم کە نیازیان خراپە و کیمیایمان تێدەگرێت چونکە پێشتر لەخزمەتی سەربازیدا ئەو شارەزاییەم هەبوو . هەر کە چومەوە ناو چادرەکە دانیشم لەپڕ زرمەی لێ هەستاندین وچادرەکەمان هەڵتەکاو ئەوناوە بوو بە تەپوتۆز. ئەوە قیناعی کیمیایمان پێ بوو. لە دەموچاوم گرتو ڕامانکرد بۆ بەرزاییەکان. لەوێ لەناو قوتوی دەرمانەکانی کە تایبەت بوو بە چەکی کیمییای دەرزی ئەترۆپینم لەرانم دا کە دژی عامیلی ئەعساب بوو پاش بۆردومانەکیمیاییەکەی رژێمی بەعس کە کپ بۆوەو ناچار هاتینەوە خوارەوە بۆ شتومەک وکۆڵەپشتیەکانمان . ئەو ناوە هەمووی بۆنی سێوی بۆگەنی لێ دهات. دەرکەوت کە خەردەلیش بەکار هاتوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی تلۆقی گەورە لە سەر پێست. بە داخەوە لەم بۆردومانەدا زۆربە مان بریندار بووین وە ئەوەی لە یادم بێت . لەوێدا دکتۆر هادی خەڵکی کەرکوک ، مامۆستا حەمە رەئوف. شێخ عەزیز شەهید بوون. ماینەوە تا شەو ئێترهەستم کرد وردە وردە چاوم کز دەبێت ودادەخرێت ئاوی پیا دێتە خوارەوە . هەستم ئەکرد کە هەناوم دێتە ناو قورگمەوەو هێلنجو ڕشانەوەم دێت وهەناسەم توند بوەو پێستی گیانم دەسوتێتەوە ئێتر وای لێهات قیناعی کیمیایی کاریگەری نەماو بەتەواوی بریندار بوم هەستیشم ئەکرد چاویشم بەرەو کوێر بوون دەچێت. هەر چۆنێک بێت خۆمان گەیاند بە بنکەیەکی تەندروستی ئێرانی وەک سەنگەرێکی ژێر ئەرز وابوو لەو ناوچەیە. هەندێک تیماری سەرەتایی کراین بۆ بەیانی بە ئازارەوە بەرەو بانەو لەوێشەوەلە هەڤاڵەکانم جیامیانکردەوەو بەرەوە بیمارستانی ئیمام خومەینی بۆ تەبریز ڕەوانەیان کردم.

لەو بیمارستانە نزیکەی زیاد لە هەفتەیەک لەتاوی ئازارێکی زۆرو تەنگە نەفەسیەکی بێ وێنە. بەمانای خەو خەوم لێنەئەکەوت چاوم کوێر ببوو نەدەکرایەوە. لەژێر ئۆکسجیندا بوم. هەموو رۆژێک بە دەرمانێکی تایبەت دەیانشتم. پێستی لەشم سوتا بوو.. پاشان لە تەورێزەوەبە فرۆکە رەوانەی بیمارستانی تورفەیان کردم لە تاران. لە تەبریز بەشرە تورکمانیەک قسەم دەکرد لەگەڵ پەرستارو دکتۆرەکاندا. بەلام لەتاران نەمدەزانی بەفارسی قسەبکەم زۆر ناخۆش بوو. بردمیانە ژورێک تا رۆژێک کەس نەهات بەلاما زۆر نارەحەت بوم لەبەر خۆمەوە لەتاو ئازار بە کوردی هاوارم ئەکرد و جنێوم ئەدا. سودی نەبوو. ناوبەناویش شوتی ئێنزار لێی دەداو موشەکی دورهاوێژی عیراقیش دەیدا بەتاراندا. هەموو گیانم ئەچوزایەوەو چاوم داخرابوو بەردەمی خۆم وەک تارمایی دەبینی. دەستم گرت بەدیوارەوەو لە ژورەکەم بەدەرکەوتم ووردە وردە پێ ئەچوو دالانێکی درێژ بێت رێم تێدا کرد بەپال دیوارەوە دەرگای ژورێکی ترم کردەوە وەک تارمایی خەڵکم تێدا دەبینی هەر لە خۆمەوە ووتم ئەوە کوردن؟ . ئەوەندەم زانی هاشمی فەرماندەی کەرتەکەمان کە پێکەوە بوین لە یاخسەمەروەک ئەوەی لەسەر جێگەکەی بەدەنگ بێت بە دیالێکتی هەولێری ووتی عاجی ئەوە تۆی؟! من لە پێشمەرگایەتی ناوم حاجی یادگار بوو. بەدەنگ کاکە هاشمم ناسیەوە نەک بەچاو! ئیتر کەمێک ئاهی خۆشی بەدڵما



هات . هێنامیە لای خۆیان. لە ژورێک لەگەڵ کاک حەداد کە پێم وابێ لە کەرتی سجن پێشمەرگە بوودیان نام. ئەویش پێستی سوتابوو. شرە فارسیەکی دەزانی. بە ئازارەوە دڵی یەکمان ئەدایەوە. کەئازارم ئەبوو هاوارم ئەکرد پەرستارەکە ئەهات بە فارسی ئەی وت( چی می خای) یانی چیت دەوێت؟ پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە حەدداد ئەی ووت( ئاب هەویج میخاد)! یانی عەسیری گێزەری دەوێت. چونکە خۆی حەزی لە ئاوی گێزەر بوو!!. منیش دەموت مەڵحەمی پێستم بۆ بێنە پێستم دەسوتێتەوە خانم. حەددایش بەفارسی بۆی تەرجومە ئەکردم . ئەمە کورتەیەکی سەفەری خۆراگری وبەرخۆدانی زەمەنی پێشمەرگایەتیمانە. کە یاخسەمەر، دۆڵی جافایاتی ، دۆڵی شێخ مەحەمەد، سیرەمێرگ ، سەفرەوزەرون، شاناخسێ بانە، تەورێز ئینجا تاران وێستگەکانی بوون.

---

# بۆ بیرخستنەوە

## دەوڵەتی کوردی و هەزار پرسیاری بێ وەڵام؟؟




باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە سودان تیم کارنی لە ٢٣ ی ٣ ی ٢٠١١ ئاشکرای کرد کە هیچ بەرپرسێکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی داوای سەربەخۆیی کوردستانیان نەکردووەتا ئەمریکا پشتیوانی لێ بکات وە هۆکاری سەربەخۆیی باشوری سودانیش دەگێرێتەوە بۆ ئیرادەی بەرزی هاوڵاتیان و داوای بەرپرسەکان. تیم کارنی باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە سودان دەڵێت هەندێک تاکی کورد بە دوای فۆرمێک لە دەوڵەتی سەربەخۆوەن بەڵام هیچ دەسەڵاتدارێکی کوردی ئەو داوایەی نەکردووەوە هەر دەوڵەتێک کە کەمینەی کوردی تیا بێت جیابونەوەو سەربەخۆبونیان ناوێت.




گوڵی نێرگز، یەکێکە لەو گوڵانەی کە جوانی و بۆن و پەیامێکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە کوردستان لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و سەوزبونی دەشتودەر ئەم گوڵە دەردەکەوێت.

ئەم گوڵە، جگە لەو شێوەیەی کە زۆر ناسرا و بینراوە نزیکەی (50) جۆری دیکەی هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر ناسراوە پەڕێکی سپییە کە تاجێکی زەردی لەناوادایە و بۆنێکی تایبەتی هەیە.

جگە لەم رەنگانە، گوڵە نێرگز بە پرتەقاڵ و پەمەیش دەڕوێت و زیارت لە لە ناوچە سارد و شاخاوییەکان توانای دەرکەوتن و ژیانی هەیە.

مێژونوسان و روەکناسان، لەبارەی ئەم گوڵەوە باس لەوە دەکەن کە مێژوەکەی بۆ (160) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و مێژویەکی دورودرێژی هەیە.

جگە لە جوانی و بۆنی خۆشی، نێرگز چەندین سودیشی هەیە وەک هێورکردنەوە و بەهێزکردنی مێشک و نەهێشتنی کۆڵنج و رەقبونی ماسولکەکان و دابەزاندنی گەرمی لەش و بەکارهێنانی لە دروستکردنی بۆندا. **لە سبەی وەرگیراوە**

## نەورۆز

ئەم ڕۆژی، ســـــاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی، کۆنی کوردە و بە خۆشـی وبە هاتە وە
چەندساڵ گوڵی هیوایی ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنـــی لاوە کان بوو، گووڵی ئالی نە وبەهار
ئەو ڕە نگە ســووره بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مــژدەی بە یانی بۆ گـــــە لی دوور و نزیک ئە برد
نەورۆز بوو، ئاگـرێکی وە های خستـە جەرگەوە
لاوان بە ئە شق، ئە چــوون بە رەو پیری مـە رگەوە
ئەوا ڕۆژ هـــە ڵات، لە بە ندەنی بە رزی وڵاتـــە وە
خوێنی شـە هیدە ڕە نگی شە فەق شە وق ئە داتەوە
تا ئێســـــتا، ڕووی نــە داوە لە تاریخی میللە تان
قەڵغـــــنی گوولە سنگی کچان بێ لە هە ڵـمەتا
پێی ناوێ، بۆشـە هیدی وە تەن، شیــوە ن و گرین
نـــامرن ئەوانـــە وا لــــە دڵی میللەتا ئەژین
**پیرەمێرد**

## دەشتی نێرگز

**تۆی کانی ڕوونی باخی ئەوینم**
**سەرنجت ئاهێک ئەدا بە ژینم**
**هەر تۆی نیگاری دەشتی نێرگزم**
**کزەی ئێوارەی مەستی پاییزم**

**هۆنراوەی ئەحمەد محەمەد**

یادنامە YADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی
ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود
گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان،
بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و
هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم
بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

YADNAMA

# یادنامە

ژمارە ٢٤ی نیسانی ٢٠٢١ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.24, April 2021

## بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال

یادنامە



ئەنفال ئەو کارەساتە گەورەیە بو کە ناکرێ وەک دۆسیەی نەتەوەک تەنها وەک چەمکی قوربانی ببینرێت یان لە ئاستی عێراق و وڵاتانی ناوچە ، بەڵکو دۆسیەی ئەنفال وەک جینوسایدکردنی (کە دەتوانین بڵێن تەنها مرۆیی نەبوە بەڵکو ژینگەیی و ئابوریش بوە) دەبێت وەک جینۆسایدکردنی مرۆیی و ژینگەیی ببرێتە ئاستی جیهان و تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی ، لەم ڕووەوە بە پێ ی پیودانگە جیهانیەکان بۆ تاوان دەبێت بچێتە سەر مێزی نەتەوە یەککرتوەکان و بە فەرمی بە تاوانی دەرهەق بە مرۆڤایەتی بناسرێت .

بۆ ئەم بەجینۆساید ناساندنەی دۆسیەی ئەنفال دەبێت لایەنی بەرپرس و حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی پسپۆر ڕابسپێرێ تا بتوانێت ئەم دۆسیەیە لە بازنەی یادکردنەوە و قوربانیدانەوە گەورەتر بکات بۆ بە جیهانی کردنی جینۆسایدی نەتەوەیەکی بێ بەرگری و تاوانەکان ، لەم چوارچێوەیەدا بازنەکەی گەورەتر بکرێت و لە لۆکاڵی دەربچێ و بچێتە ناو دۆسیە و ڕەفەی دۆسیەکانی تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی.




ئەمڕۆ ١٢٣ ساڵ تێپەردەبێت بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان، کە یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد مدحەت بەدرخان و جەلادەت بەدرخان لە قاهیرەی میسر چاپ کرا.

دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وەک خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دادەنرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢، ٣١ ژمارەی لە چەند شوێنێکی جیاواز لێ دەرکرا، هاوکات پەرلەمانی کوردستانیش لە دوایین کۆبوونەوەیدا بەرەسمی ٢٢ی نیسانی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ناساند.

ئەنجوم یامولکی.. ل ٤

مفاوەزاتی بەری کوردستانی ـ بەعس ١٩٩١.. ل ٧

چەند سەرنجێك سەبارەت بە نەخشەی کوردستان .. ل ١٠

قازی محەمەد لە یادەوەری
سەرکەوتن و شکستی ئێمەدا.. ل ١٨

بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
(محەمەد ساڵح ڕۆستەم زادە).. ل ٢٢

# ئەحمەد ئاڵتان، نووسەری گەورەی تورک لە ٢٠٢١/٤/١٥ ئازادکرا

## نامە کاریگەرەکەیت بینیوە لەزیندانەوە نوسیبووی؟



برا و خۆشکەکانم. کوردەکان. من تورکێکم.

من لەسەر دین، کلتور و دابونەریتی ئەم وڵاتە گەورە بووم.

لە ئامێزی ئەم خاکەدا لە دایک بووم، لە خاکی ئەنادوڵ و میزۆپۆتامیادا گەورە بووم.

بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، بەرهەمەکانی جیهان، وەک بەرهەمی فەرەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزیم بۆ سەر زمانەکەم وەرگەڕاند.

من نووسەرێکم کە بەرهەمەکانم لە لایەن ڕۆشنبیر، کەسایەتی، مافپەروەر، سیاسەتمەدار و نووسەرەکان و گرووپە جیاوازەکانەوە دەخوێندرێتەوە.

ئەردۆگان منی دەستگیر کردووە. منی زیندانی کردووە.

سزای هەتا هەتایی بەسەر مندا سەپاندووە. بە خەیاڵمدا نایەت.

تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ نەترساوم.

گەر بزانم دەشمرم، لە ئەردۆگان ناترسم.

ئەردۆگان... دیکتاتۆرێک خاوەنی چی بێت، ئەویش خاوەنی هەمان شتە. خاوەنی مێشکێکی هەژارە.

ئەو بە پارە و ترساندنەوە، هەموو لێبووکەکانی دەوروبەری کڕیوە.

بە ئەردۆگان ناوێرم بەڵام.. ئەردۆگان ناتوانێت بۆچوون و هزری من بکڕێت.

لە تورکیادا دوو پیاو و ژنێک هەن، کە مێشکیان بە پارە ناکڕدرێت.

یەکەمیان، سەلاحەدین دەمیرتاش دووەم، من، سێیەمیش، فیگەن یوکسەکداغە.

بەزەییم بە ئەردۆگاندا دێتەوە. خاوەن مێشکێکی هەژار و دیکتاتۆرێکی سەرکوتکەرە. وادەزانێت گەر من لە ژوورەوە بەند بکات. دەمترسێنێت!

وادەزانێت دەتوانێت بێدەنگم بکات. مێژووی جیهان یادی کەسانی وەک ویلیام شکسپیر بە بەرهەمەکانیانەوە دەکاتەوە.

ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت، لە سەردەمی ویلیام شکسپیر کێ پاشا بوو؟، ڕەنگە کەس بیری نەمابێت.

ڕۆژێک دێت کەس نازانێت ئەردۆگان کێ بووە و کەس نایناسێت.

مرۆڤەکان چۆن یادی شکسپیرەکان دەکەنەوە، ئاوا یادی منیش دەکەنەوە. بیست و دوو ساڵ لەمەوبەر، لە کادی کۆی، چووم بۆ دوکانێکی بەرگ دوورین.

دانیشتم، ویستم ژمارەیەک پانتۆڵ بەدوورین بدەم.

بەرگ درووکە درێژی منی دەپێوا.

لەو کاتەدا سێ گەنج هاتنە ژوورەوە.

دانەیەکیان خەڵکی ڕیزە، دانەیەک خەڵکی ئامەد و دانەیەکیان خەڵکی دەرسیم بوو.

تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ شازدەساڵ دەبوو. لە سێ شاری جیاوازدا، لە دایک ببوون. لە هەمان یانەی وەرزشیدا یارییان دەکرد.

بەرگ درووکە بەدەم وەرگرتنی درێژی من، بەسەر پێوە، قسەی لەگەڵ گەنجەکاندا دەکرد. کاتێک ئیشی بە من تەواو بوو، بە گەنجەکانی گوت، فەرموون چیتان دەوێت.

گەنجەکان داوای جلێکی وەک ئینتەر میلانی ئیتاڵییان کرد، بۆ خولی تۆپی پێ. داوای ڕەنگی زەرد و سوور و سەوزیان کرد.

بەرگ درووکە بەسەریاندا هاواری کرد وتی، بۆ ئێوە تیرۆریستن.

وتی، زوو ون بن، ئەگینا پۆلیس بانگ دەکەم.

منداڵەکان چوون و بەرگ درووکە جوێنی بە دایکیان دا.

من شەرمم کرد. نەمدەزانی سەیری کوێ بکەم.

کەچی ئەو شەرمی نەکرد، سەیری منی کرد و وتی، ئەحمەد بەگ تۆخوا هەقم نییە؟ وتم هەقی چی؟ باسی چی دەکەی؟

وتی ڕەنگی سەوز و سوور و زەرد، لە وڵاتەکەمان قەدەغەیە.
وتم بۆچی؟ وتی ئەمانە ڕەنگی کوردن.
ئەو ڕەنگانە نیشانەی جوداخوازین. پرتە و بۆڵەم لەگەڵی نەکرد.
بە جوانی وتم: جارێکی دی نایەمەوە بۆ لات.
چوومە دەرەوە و جارێکی دی نەچوومەوە بۆ ئەوێ.
بەڵام ڕەفتاری ئەو بەرگ درووەم لەگەڵ ئەو گەنجانە لەبیرنەچووە.
من تورکم، بەڵام ئەو ڕۆژە تورک بوون، بوو بە شەرمێک بۆ من.
کوردەکان لە ترسی ئەوەی، وەک تیرۆریست نەبیندرێن.
لە ترسی ئەوەی وەک خائـین لەقەڵەم نەدرێن
دەڵێن، من خەڵکی وانم. من خەڵکی سیڤەرەک، خەڵکی بینگۆلم، خەڵکی قارسم. من لە دوورەوە هاتووم، خەڵکی هەکاریم، من خەڵکی مێردینم. دەڵێن من خەڵکی ئـورفام.
ناوێرن بڵێن من کوردم. دەڵێن من دیاربەکریم.
باسی کورد بوونی خۆیان ناکەن. لەگەڵ ئەوەش کە کوردن.
بەڵام لە تورکیا برای کوردم هەن. من خاوەنی دۆستی گیان بە گیانی کوردم. برای کوردی موسوڵمانم هەیە.
لەم وڵاتەدا دۆستی کوردی شۆڕشگێڕ و چەپم هەیە. ئـێمە برای کوردمان هەیە، کە لە هەمان مزگەوتدا بەیەکەوە نوێژ دەکەین.
لە هەمان شوێندا خۆپیشاندان دەکەین. لەیەک شوێندا کار دەکەین.
بەیەکەوە ئارەق دەخۆینەوە. بەیەکەوە زەماوەند دەکەین و هەڵدەپەڕین. بەیەکەوە چا دەخۆینەوە و باسی ئەملا و ئەولا دەکەین.
ئایا دەزانین هەشتا لە سەدی کورد، لایەنگری هەدەپەن؟
ئەوانەی کە ئـێوە هەموو کاتێک بە بێ شەرمی دەڵێن کوردە پەکەکەیی و تیرۆرسیتەکان، لە کاتێکدا کە تیرۆریست نین، بەڵام چەکیان هەڵگرتووە. ئـێوە وەک تورکێک دژیان دەوەستنەوە.
هەر لەبەرئەوەی، تەنیا کوردن، کردەوەی نەژادپەرستی لە دژیان دەکەن. ئەوان کوردی هەدەپەیین. ئەوان برای ئـێمەن.
ئەوان ئەو برایەی ئـێمەن، کە بە کلتوری خۆیان ئەم وڵاتە دەوڵەمەند دەکەن.
بە گۆرانیەکانیان دڵخۆشمان دەکەن.
بە خواردنەکانیان تێرمان دەکەن.
بە زمانەکەیان لە زەماوەندەکانماندا گۆرانی دەڵێن.
لە شەوە خۆشەکاندا دڵخۆشی دەهێننە ماڵەکانمان.
ئەوان برای بەم شێوەیەی ئـێمەن. من وەک تورکێک.

بەهۆی ئەو زوڵمەی کە لە کوردەکانی دەکەین، شەرم لەخۆم دەکەمەوە، کە تورکم. لە دەرسیم لە سەرەتای دروستکردنی کۆماری تورکیا، ئەوان ڕەت دەکرێنەوە. هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردەکانمان دا.
گاڵتەمان بە دابونەریتیان کرد. گاڵتەمان بە شێوەی ئەوان کرد.
لە زیندانی دیاربەکر، ئەوانمان ئەشکەنجەدا.
گوندەکانی ئەوانمان بوردومان کرد.
موسا عەنتەرەکانیان، وەدات ئایدنەکانیان و موراد بولدانەکانیانتان کوشت. یەلماز گونای و ئەحمەد کایاتان لە وڵات وەدەرنا.
حەفتا و پێنج ساڵ ناوی کوردیتان، لە منداڵی کورد قەدەغە کرد.
گوێگرتن لە موزیکی کوردیتان تا ساڵی دوو هەزار قەدەغە کرد.
بە دەیان کەس، کە قاتیلەکانیان دەوڵەتە، وەک ئەوەی قاتیل نادیار بن، کوژران.
لە ڕوبۆسکی بە فرۆکەی F16 ، سی و پێنج کوردتان کوشت.
نوێنەری خەڵکتان دەستگیرکرد.
لە بری وان، قەیومتان لە شارەوانیەکانیان دامەزراند.
دەمیرتاش و یوکسەکداغی سەرۆکی سیاسیتان زیندانی کرد.
ئەو کوردانە برای ئـێمەن. مێژوو بەرامبەر ئەو کردەوانەی، کە لە بەرامبەر کورد ئەنجامتان دا، شەرم دەکاتەوە.
بەڵام ئـێمە بەرامبەر کردەوەکانمان شەرممان نەکرد.
ئـێمە چیمان لەم کوردانە دەوێت؟ ئەوان برای ئـێمەن.
لەگەڵ ڕێزمدا
نووسینەکەم لە ناو زینداندا ئەحمەد ئاڵتان

**لە ئـینگلیزیەوە سوهاد عەبدوڵڵا**



# "ئەنجوم یامولکی"

## ئەو ژنەی بۆ یەکەمین جار لە تورکیا کۆمەڵەی ژنانی کوردی دامەزراند خەڵکی سلێمانی بوو..



**ئامادەکردنی: داناز عەبدولڕەحمان**

لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژنان لە پرسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی گرنگ و سەنگیان بینیوە و لە ناو کەسانی گرنگ لە مێژوودا جێگەیان گرتووە.

یەکێک لەو ژنە کوردانەی کە مێژو ناتوانێت لەیادی بکات خاتوو ئەنجوم یامولکییە کە چالاکوانی مافەکانی ژنانە و لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بە شیوازێکی مۆدێرن،لە ساڵی1919 لە ئِیستەنبووڵ بە سەرۆکایەتی ئەنجوم یامولکی "کۆمەڵەی ژنانی کورد"ی دامەزراندوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەدا کردوە.نوسەرە تورکەکان دەڵێن یامولکی هێمایە لە مێژووی کورد.بۆیە یامولکی یەکەم کەسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە باسی ماف و ئازادییەکانی ژنان بکات . ئەو کۆمەڵگای ژنانی کوردی دامەزراند ڕۆڵی ئەنجوم یامولکی لە مێژووی کورددا گرنگە.

خاتوو ئەنجوم "ئەسما خان"

یامولکی ساڵی1895 لە شاری سلێمانی لەگەڕەکی سابونکەران لەدایکبووە، کچی مستەفا یامولکی پاشا بووە، پاشای باوکی زۆر هاوکار و ئاریکاری بووە بۆیە هەمیشە پاڵپشتی بوو بۆ داواکردنی مافی ژنانی نەتەوەیی گەلی کورد..

خاتوو ئەنجوم کچە ناوەنجی (مستەفا یامولکی)یە و

باوکی هەمیشە دەبێتە پاڵپشت و یاریدەدەری،لە زۆربەی کار و چالاکییەکانیدا کۆمەک و یارمەتیدەری دەبێت..

لە ساڵی ١٩١٩ز کاتێک (کۆمەڵەی ژنانی کورد)لە ئەستەنبوڵ دادەمەزرێت.

ئەنجوم یامولکی،دەبێت بە سەرۆکی کۆمەڵەکە و کاریگەرییەکی تەواوی لەبرەودانی کۆمەڵە و دەستەبەرکردنی مافی ژناندا هەبووە،لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵەکە بەرەوپێش دەچێت.

شتێک لەم ژنەدا زۆر سەرەنجڕاکێش بووە لەگەڵ ئەوەی زمانزانێکی باش بووە،لەکاتی وتاردان و قسەکردندا زۆر ئازایەنە لێدوانی داوە،بۆیە وتاربێژێکی کەم وێنە و ئافرەتێکی بەویقار و زرنگ بوو،بۆیە بوو بە ناوێکی دیار و ناسراو،خەڵکی لەبەر هۆشیاری و زیرەکی و ئازایەتی خۆشیان دەویست..

ئەنجوم یامولکی یەکێک لەو ژنانە بوو کە لە مەیدانی سولتان حەمید قسەی کرد و ڕایگەیاند

"پێویستە ژنانی کورد بۆ زیهنیەتی مۆدێرن کار بکەن و هەموو ژنان بە بێ جیاوازی ڕەگەز، زمان و ئایین خاوەنداری لەو تێکۆشانە بکەن "

ئەو هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری دا هەتا ئافرەتان بتوانن بخوێنن و ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان بەرز تر بکەنەوە،لە پێناو هۆشیارکردنەوەی کچ و ژنانی کوردا مۆمی ڕۆشنایی داگیرساند هەتا ژنانی کوردیش وەک سەرجەم وڵاتانی دونیا لە ماراسیۆنی پێشکەوتن و کرانەوەدا بن..

لە دوای دروستبوونی کۆماری تورکیا،کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیا، پەڕاگەندە و ئاوارەی ئەوروپا ئەبێت، لە تاراوگە لە وڵاتی فەرەنسا دەژیت و دواجار لە غوربەتا و لە ساڵی١٩٧٠ز لە پاریس گیان دەسپێرێ و لە بەغداد بەخاک دەسپێردرێ.

تێبینی /ئەنجوم کچی سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد مستەفا پاشا یامولکییە کە وەزیری مەعاریف (پەروەردە) لە حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید

لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٨٦٦ لە سلێمانی لەدایک بووە.

کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە دوای مانگی ئەیلوولی ١٩٢٢دا گەڕایەوە سلێمانی و بووە پاشای کوردستان، لە ١٠-١٠-١٩٢٢دا کابینەی دووەمی فەرمانڕەواکەی دامەزراند، مستەفا پاشای کردە وەزیری مەعاریف و ئەویش خزمەتێکی زۆری خوێندەواریی کرد لە کوردستان و گەلێک قوتابخانەی تازەی کردەوە. ڕۆژنامەکەیشی کردە زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و ناونرا ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٦ دا کۆچی دوایی کرد.

# ئەگەری گۆڕانکاری خێراو ڕێککەوتنی ئێرانو چین بەرەو کوێ؟



**سەرکەوتی جیهازو بەختیار شارەزوری**

ڕێککەوتنی نێوان چین و ئەمریکا دوای پێنج ساڵ گفتوگۆ کردن لە ٢٥ /٣/ ٢٠٢١ مانگدا زۆر گۆڕانکاری گەورە دروستدەکات، بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر جیهانو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێدەهێڵێ، ئەم ڕێککەوتنە درێژکراوەی هەمان پلانی چینە بۆ تەواوکردنی ڕێگەی ئاوریشمی بەسیاسەتێکی نەرمی ئابوری، کە هێواش هێواش هەژمونی ئەمریکا دەخاتە مەترسیەوەو تا ئەو ئاستەی وردە وردە بلۆک بەندی لەسەرەتایدا دروستبوە، بۆ ئەم مەبەستە ئیدارەی نوێی بایدن دەیەوێ هاوپەیمانەکانی چینو ڕوسیا کەمبکاتەوە بەهەمان قەیدی مێژویی ناتۆ کە بەرامبەر وارشۆ کردی، بەڵام ئەمجارە لەزۆر وڵات ئەمریکیەکان لەقەیدکردنی چین لەڕێگەی هاوپەیمانەکانیەوە فەشەل دێنێت، هەردوو کوریا بۆ ئەمریکا گرنگە، بەڵام دەبینین کۆریای باکور دوای سەردانی ترەمپ ڕێککەوتنەکانیان بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، لەلایەکی ترەوە میانمار کە چین کار لەسەر پشتوانی کودەتای سەربازی دەکات دیسانەوە ئەمریکیەکان فەشەلیان هێنا لەپشتیوانی (سان)، لەهەموشیان گرنگ تر ئێرانە کە ئەگەر ئێران لەچین دابڕن ئەوا سەرەکی ترین ڕێگەی جێبەجێ کردنی (یەک پشتێنو یەک ڕێگا)ی چینی دەگرن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا ڕێککەوتنی نێوان عەرەبو ئیسرائیل بەگرنگ دەزانێ، دوای پێنج ساڵ لەگفتوگۆ ٢٥ مانگ ئێرانو چین لەسەر (هاوپەیمانی ستراتیژی ) ڕێککەوتن.

لەبەرامبەردا ئەگەرچی ئەمریکا توانی تا ئاستێک هەژمونی ئێرانی لەلوبنانو سوریاو عێراقو یەمەن کەمبکاتەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێران دەبێتەوە بەو پردەی کە چینی بەسەردا تێپەڕێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، بۆ ئەم مەبەستەش بەرەیەکی بەهێزی وەک چینو ڕوسیا لەسەرەتای گەمەکەدان بۆ ئەوەی لەئەمریکای بەینەوە.

ئەم گەمەی ڕوسەکانو چینیەکان لەوێوە دەستپێدەکلت لەدوو وڵاتی بەهێزی وەک ئێرانو تورکیا بەتەواوی لەئەمریکا دابڕنو بیکەنە هاوپەیمانی خۆیان، تورکیا لەهاوپەیمانی کۆنی ئەمریکایە ئێستا بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ناتۆدا تەواو نزیکبوەتەوە لەڕوسیا کە لەڕێککەوتنی ئەستانە ٢٠١٩ بەدیارکەوتو لەکرینی سیستەمی بەرگری S-400 سەرەتاکانی دەرکەوتو لەڕێککەوتنیان لەسوریا تائاستێک جێبەجێکرا، ئەم ململانێیانە لەپاکستانەوە تا وڵاتانی دەریای قەزوین دەبێتە سەرەتای ململانێیەکی قورس بەرامبەر ئەمریکا.

لەبەرامبەردا ئەمریکا دەیەوێت بەهێزی نەرم ڕوبەڕوی ئەم پلانانە بێتەوە هەر لەڕێککەوتنی ئەتۆمی لەبەرامبەر ئێراندا تا هاتنی پاپا بۆ نەجەفــو کارکردن لەسەر حوسیەکانو یەمەنو لیبیاو وڵاتانی تر، بۆ هەردوو وڵات تورکیاو ئێران گەمارۆی ئابوریو شەڕی بەهای دراو کارتێکی تری بەهێزی ئەمریکیەکانەو ئەمریکا دەیەوێت لەڕێگەی پێداچونەوە بەڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران دوربخاتەوە لەبەرەی دژو لەڕێگەی کۆنگرەی ژینگەپارێزیەوەو مافەکانی مرۆڤەوە گوشار بۆ وڵاتانی هاوپەیمانی چین دروستبکات، ئیدارەی بایدن بەهێزی نەرم دەیەوێ کار لەسەر ئامادەکاری بکات بۆ دوای ڕێککەوتنی ئێرانو چین.

ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنەی ئێرانو چین (هاوپەیمانی ستراتیژی) ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام دیارە (کە چۆن دەبێت) وەک سەرەتای ڕێگای ئاوریشمی، بەڵام لەسەرەتادا مامەڵەی بیست ملیار دۆلار لەخۆدەگریو کۆمەڵێک پرۆژە جێبەجێدەکرێو چەند بنەکەیەکی سەربازی چینی دێنە ئێرانەوە، کە بۆ ئەم ڕێککەوتنە عەلی لاریجانی سەرپەرشتیدەکات، لەناوخۆی ئێراندا دوو بەرە دروستبوە کە بەرەیەکیان پێیانوایە ئەمە داگیرکاری چینە بۆ ئێرانو

پێویستە ئێران لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێتو بەرەیەکیان کە زیاتر لەناوەندی دەستەڵاتدان تەواو لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنەن.

لێرەوە دوای ٢٥ مانگ قۆناغێکی تر لە ململانێی نەرم و سارد دەکەوێتە نێوان چین و روس لەلایەک و ئەمریکا لەلایەک ، بەتایبەت کە چین دوای سەردانی وەزیری خاریجی چین بۆ سعودیە وتورکیا و دوای ئێرانیش بۆ ئیمارات و بەحرەین سەردانەکانی درێژ دەکاتەوە کە هەموی لە چوارچێوەی پلانی جێبەجێکردنی ڕێگای ئاوریشمیدایە.

لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان وەک هەمو جارەکانی تر دابەش بوە بەسەر ئەم بلۆک بەندیەدا ، ئەو دویو دێگەڵە و ئەمدیو دێگەڵە ، کە دواجار دەبێت کورد خوێندنەوەی هەبێتو ماڵی کوردی یەکبخرێت بۆ ئەوەی بزانرێت کورد دەکەوێتە کوێی ئەم نەخشە تازەیەی ململانێوەو چی بکاتو چۆن سیاسەت بکات لەڕێگەی پەیوەندیەکانیانەوە، چونکە لەهەردولا هەلێکی زێڕینی بۆ دروستبوە دەتوانێت سود لەهەردو جەمسەرەکە وەربگرێت. بەرەی چینی نایەوێ لەدۆخی ئەمرۆی عێراقی شپرزەدا (کە ئێستا عێراق بوە بەخەتی یەکلاکەرەوەی بەشێکی ئەم ململانێیە)و نایەوێت هەرێم تێکبچێو بەرەی ئەمریکیش بەپێگەی ستراتیژی خۆی دەزانی وەک جوگرافیاو جیوپۆلەتیکی شەڕو ململانێکان.




**دەوەن مارف**

تا نیوەی کتێبەکەم خوێندەوە، چاوم لەسەر پاڵەوانی چیرۆکەکە بوو. لەسەر سووچی کۆڵانێکدا، بە ئەسپایی خۆی نیشاندام و چاوێکی لێ داگرتم! ترسام! دەبێت ئەم کەسە غەریبە کێ بێت؟ وا چاو قایمانە لێم دەڕوانێت. چاوەکانم نووقاندو گورج کردمنەوە. بینیم لەبەر دەممدا، قنجوقیت وەستاوە.

-پاڵەوان: تۆ من دەناسیت؟

-کچ: نەخێر! ناشزانم کێیت!

-پاڵەوان: ئەی بۆچی لە یەکەمین لاپەڕەوە چاوەکانت لەسەر منە؟ بۆچی؟

-کچ: من! چاوم لەسەر تۆ بووە؟ لە کوێ؟ کەی؟

-پاڵەوان: دیارە دەتەوێت لە بیر خۆتی ببەیتەوە؟ ئەی ئەوە نییە کۆڵان کۆڵان بە دوای مندا دێیت، بێ ئەوەی ورتەیەکت لێوە بێت؟ بە ڕاست تۆ مرۆڤیت؟ بڕوا بە چاوەکانی خۆم ناکەم !

-کچ: بۆچی بڕوا ناکەیت؟ مرۆڤم و لەبەر دەمتدا وەستاوم. ئێ ئێستا چیت دەوێت؟

-پاڵەوان: هیچم ناوێت! بەس ئایا مرۆڤەکانی ئێرە دەخوێننەوە؟ چۆن زاتیان کردووە دەست بۆ کتێب ببەن؟

-کچ: بۆچی زاتمان نییە؟ ئەی نابینیت لە نیوەی کتێبەکەدام. هاکا تا دووایین لاپەڕە بەبێ وچان چیرۆکەکەم تەواو کرد !

پاڵەوان: دەزانی چی؟ من زۆر ماندووم. دەمەوێت وەک تۆ سەرخەوێک بشکێنم !

کچ- سەرخەو بشکێنیت؟

-پاڵەوان: بۆ تۆیش ماندوویت؟ ئەی ئەوە نییە خەریکی کتێب خوێندنەوەیت؟ دەزانی چی؟

-کچ: چی؟

-پاڵەوان: من بە دەست خۆم نییە کە دەخەوم؟ چونکە هەر کە خوێنەرێک کتێبەکەی گرت بەدەستییەوە، ئێدی کاکی نووسەر لەگەڵ خۆیدا ئەوبا؟

-کچ: من بەدەست خۆمەو کەی خەوم هات دەخەوم؟

-پاڵەوان: من دڵنیام بەدەست خۆت نییە! دەزانی بۆچی؟ چونکە ئەگەر کتێبەکە لەسەر ڕووخسارت لاببەیت، بێ سێو دوو بەخەبەر دێیت! ئێستا تێ گەیشتی کە خەونی من و تۆ بەدەست نووسەرەکەیە نەک خۆمان!

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس1991

وەرگیراوە لە Sbeiy.com

**نەوشیروان مستەفا ـ بەشی یەکەم**

**یەکەم بەهاری ئازادی کورد**

لە نەورۆزی1991 دا ئەمان توانی بلّێین: ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوی کوردا نزیکەی سەرانسەری سەرزەمینی کوردستانی عیراق لە دەسەلآتی حکومەتی عیراق رزگاری بوە و، کورد لە رێگەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیەوە دەستی گرتوە بە سەر نیشتمانەکەی خۆی دا.

بەهاری ئازادی کورد زۆری نەخایاند، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە وەرگەڕا بە گەورەترین شکستی جەنگی و، گەورەترین کۆچی بە کۆمەلّی کورد و، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و، سەرەنجام بۆ یەکەمین جار مەینەتیی کورد توانی بەزەیی بەشێ لە رای گشتی جیهانی پێشکەوتو بە دەس بهێنێ.

فەرهەنگی کرۆزانەوە بۆ "بەدەسهێنانی بەزەیی بەرامبەر" بەشێکە لە کەسایەتی کورد. رەنگە بێدەولّەتی و ژێردەستەیی درێژخایەنی دەسەلآتی بێگانە لە دروستکردنی ئەم فەرهەنگەدا کاریگەر بوبێ. تاکی کورد بۆ بەدەسهێنانی مافەکانی، لە جیاتی ئەوەی خۆی بە خاوەن هەق دابنێ و داکۆکی رەوا لە خواستەکانی بکا، هەولّ ئەدا لە رێی ئەوەوە کە گوناحە، نەگبەتە، بەدبەختە، لێقەوماوە، لاواز و زۆرلێکراوە، بە پارانەوە و لآلآنەوە و نوزانەوە هەستی بەزەیی لە بەرامبەرەکەی دا ببزوێنێ و، خواستەکەی پێ بسەلمـێنێ. ئەوە لە کەسایەتی بە کۆمەلّی کوردیش دا، لەوانە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دا، رەنگی داوەتەوە.

کۆچی بە کۆمەلّ چەندین روداوی تری بە دوای خۆی دا هێنا:

**-گفتوگۆی کورد – بەعس.**

-بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامەزراندنی پەناگای ئەمین بۆ کورد لە بەشێکی کوردستان دا.

-کێشانەوەی داوودەزگای حکومەتی، حیزبی، ئەمنی و جەنگیی... دەسەلآتی بەعس لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وەکو خۆیان ناویان لێ نابو.



ئەم روداوانە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بون لە جولآنەوەی نەتەوەیی کوردا.

**رۆژانەی راپەڕین**

5ی ئازار خەلّکی رانیە و ئۆردوگاکانی دەوروبەری راپەڕین و دەسەلآتی بەعسییان روخاند.

7ی ئازار خەلّکی شاری سلێمانی راپەڕین و دەسەلآتی بەعسییان روخاند.

11ی ئازار خەلّکی شاری هەولێر راپەڕین و دەسەلآتی بەعسییان روخاند.

12ی ئازار شاری دهۆک راپەڕی و دەسەلآتی بەعسییان روخاند.

13ی ئازار

کاک مەسعود بارەگای لە میوانخانەیەکی حکومەتیی لە مەسیفی سەلاحەدین دانا. هەروەها منیش بارەگاکەی خۆمم لە میوانخانەیەکی حکومەتیی تری مەسیف دا دانا.

14ی ئازار: کۆنفرەنسی رۆژنامەوانی

مام جەلال لە سوریاوە زیاتر لە 20 رۆژنامەوانی دەزگای جۆراوجۆری راگەیاندنی جیهانی نارد بۆ کوردستان. لە شەقلّاوە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان بۆ سازکرا. کاک مەسعود قسەی بۆ کردن و وەلآمی پرسیارەکانی دانەوە. منیش لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوم. لە ناو ئەوانەدا هەندێ رۆژنامەوانی ناوداریان تێدا بو، کە رۆلّی

گرنگیان بینی لە سازدانی رای گشتی ئەمەریکی و جیهانی دا بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد. رۆژنامەوانەکان کەوتنە گەڕان بە کوردستان دا. هەر لەو رۆژانەدا لە تورکیاوە هەندێ رۆژنامەوانی بریتانی دەربازی کوردستان بوبون، بەڵام سەریان تیا چو، چارەنوسیان بە نەزانراوی مایەوە.

### پەیامی سەدام حسێن بۆ سەرانی کورد

لە گەرمەی راپەرین دا، لە کاتیک دا، دەسەڵاتی بەعس لە زۆری شار و شاروچکەکانی کوردستان روخێنرا بو، هەمو رەبیە و موعەسکەرەکانی جەیشی عیراقی، کە لوتکەی گرد و چیاکانی کوردستانیان پیس و ناشیرین کرد بو، وە هەمو داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لە ناو شارەکان دا، کە نیشانەی داگیرکراوی کوردستان بون، وێران کرا بو. دەیان هەزار ئەفسەر و سەربازی جەیشی ئیحتیلالی بەعس خۆیان بە دەستەوە دابو، بەرەڵا کرا بون و لە ناو شارەکان دا بە ئازادی ئەسوڕانەوە. سەدام پەیامێکی نوسراوی بۆ هەردو سەرکردە: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نارد. لەو کاتەدا تەنیا شاری کەرکوک مابو بکەوێتە دەس بەرەی کوردستانی.

پەیامەکە بە ئیمزای سکرتێری سەرۆکی کۆمار نێردرا بو، تێکەڵاو بو لە:

-گلەیی چونکە کاتی هەڵبژاردنی جولانەوەکە هاوزەمان بوە لە گەڵ جولانی شیعە.

-لە هەڕەشە چونکە بونەتە هاوپەیمانی شیعە و هاوکارییان کردون لە کاتێکا کە ئەو توانیوێتی جولانەوەکەیان بە تەواوی دابمرکێنێتەوە و شارە شیعەنشینەکانی گرتۆتەوە، ئەتوانێ شارەکانی کوردستانیش بگرێتەوە.

-لە پێشنیار بۆ گفتوگۆ بۆ لە یەک گەیشتن.

ئەم پەیامەیان بە دو رێگای جیاواز و بۆ دو وڵاتی جیاواز و لە رێگەی دو کەسی جیاوازەوە، بەڵام بە هەمان ناوەرۆک و رستە و رێزمان، بۆ تاڵەبانی و بارزانی نارد بو.

کۆپیەکی پەیامەکەیان ئاڕاستەی تاڵەبانی کرد بو. تاڵەبانی لەو کاتەدا لە شام بو. کۆپیەکە نێردرا بو بۆ بەرزان تکریتی (ئەبو محەمەد) دایکبرای سەدام حسێن لە جنێڤ (لە سویسرا) تا رەوانەی بکا بۆ تاڵەبانی.

بەرزان تکریتی و سەرچڵ قەزاز ئاشنایەتییان هەبو. بەرزان تەلەفۆنی بۆ سەرچڵ قەزاز کرد بو کە بۆ کارێکی گرنگ و پەلە بگاتە لای. ئەویش دەسبەجێ بە فرۆکە ئەچێ بۆ لای.

بەرزان پەیامەکەی بە نوسراوی ئەداتێ و، خۆیشی نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ هانی ئەدا ئەو هەلە مێژوییە بقۆزنەوە و، بە زار هەندێ راسپاردەشی لە زمانی سەدامەوە پێ ئەڵێ: کە سەرۆک ئامادەی گفتوگۆیە، ئەگەر وەفدێ بنێرن بۆ جنێڤ خۆی سەرۆکایەتی گفتوگۆکە ئەکا. ئەگەر بینێرن بۆ عەمان تاریق عەزیز ئەنێرن. ئەگەر لە سەلاحەدین بێ سەعدون حەمادی ئەنێرن. ئەگەر لە بەغداد بێ سەدام خۆی سەرۆکایەتی ئەکات. هەروەها وت بوی: ئەوان گفتوگۆ لە گەڵ یەکلا ناکەن، ئەبێ هەردو سەرکردە: تاڵەبانی و بارزانی و هەردوحیزب: یەکێتی و پارتی پێکەوە بن.

سەرچڵ پەیامەکەی گەیاند بوە د فوئاد مەعسوم لە لەندەن، لەو کاتەدا د فوئاد مەعسوم و محەمەد تۆفیق رەحیم هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون و لە لەندەن بون، محەمەد تۆفیق پەیامەکە هەڵئەگرێ و ئەڕواتە شام تەسلیمی مام جەلالی ئەکات.

پاش چەند مانگێ لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی بەرە، لە سەر پێشنیاری کاک عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزبی شیوعی عیراق، بارزانی و تاڵەبانی پیک هات بون کە مەسعود بارزانی بەرپرسی کاروباری بەرە بێ لە کوردستان و جەلال تاڵەبانی بەرپرسی کلووباری بەرە بێ لە دەرەوەی وڵات. هەردوکیان پێکەوە سەرۆکایەتی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بکەن.

مام جەلال، رەزامەندی دەربڕی بو بۆ گفتوگۆ و، بە نوسین بە دو نامەی جیاواز وەڵامی نامەکەی بەرزان و نامەکەی سەدامی دابوەوە و، ئاگاداری محەمەد تۆفیقی کرد بو دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ لەندەن ئەم و د.فوئاد نوێنەرایەتی یەکێتی بکەن و هوشیار زێباری و موحسین دزەیی، کە یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و دوەمیان نوێنەری شەخسی بارزانی بو، کە ئەوانیش هەر لە لەندەن بون، نوێنەرایەتی پارتی بکەن و، لە گەڵ بەرزان تکریتی گفتوگۆ بە راگرتنی شەڕ دەس پێ بکەن.

د فوئاد و محەمەد تۆفیق بۆ ئەو مەبەستە قسە لە گەڵ وشیار زێباری و موحسین دزەیی ئەکەن. ئەوان ئەڵێن عیراق لە روخان دایە ئێمە گفتوگۆی لە گەڵ ناکەین. لەو کاتەدا هەردوکیان دەعوەت کرا بون بۆ



مانگی 12 ی 1988 کاک نەوشیروان و بولێک پێشمەرگە

سعودیە. سەردانەکەی سعودیەیان بە لاوە گرنگتر بوبو لە چون بۆ جنێڤ و شەڕراگرتن و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی عیراق.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە ڕێگەی بارزانی برایەوە بێ بەر دەرچو.

کۆپیەکی تری هەمان پەیام ئاراستەی مەسعود بارزانی کرا بو.

حاجی عوبێدی حاجی مەجیدی سەرسور لە 1974 دا سەرلقی پێشمەرگە بو. ئاشنایەتی کۆنی لەگەڵ کاک مەسعود هەبو. ئەویان دۆزی بوەوە نامەکەی پێدا ڕەوانە بکەن.

حاجی عوبێد، پیاوێکی کوردپەروەری دڵسۆز بو. گومان لە نیازی بەعس ئەکا و، ئەکەوێتە دڵەڕاوکێ کە نەوەکو نامەکە بۆ نانەوەی فیتنە و تێکدانی نێوان یەکێتی و پارتی بێ. کە ئەگاتە پردێ بە دوای بارەگای یەکێتی دا ئەگەڕێ و، ئەچێتە لای مەلا فەرمان کە بەرپرسی ئەو بنکەیە بو. مەلا فەرمان و حاجی عوبێد هەردوکیان ساڵەیی بون. باسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و داوا ئەکا نامەکە بخوێنێتەوە و ناوەرۆکەکەی بنوسێ و بینێرێ بۆ من بۆ ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە بم. مەلا فەرمان دەسبەجێ وێنەیەکی لە بەر نوسی بوەوە هەمان ڕۆژ بە دەستی بۆی ناردم. لە گەڵ کۆسرەت و حەسەن کوێستانی خوێندمانەوە. دوای تاووتوێ کردنی ناوەرۆکەکەی و، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و عیراق، بە تایبەتی کە ڕاپەڕینی شیعە لە شارەکانی خواروی عیراق تێک شکێنرا بو. پێمان وا بو ڕاگرتنی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی جەیش لەو شوێنانەدا کە بوبونە سنوری

هەردولامان و دەس پێکردنی گفتوگۆ بە قازانجی کوردە. هەڵوێستی کورد لەو کاتەدا لەوپەڕی بەهێزی دا بو، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی سەدام و بەعس لەوپەڕی خراپی دا بو.

ئێوارەکەی لە سەلاحەدین لە بلرەگاکەی خۆمان بوم و کاک مەسعود لە شەقڵاوە بو بروسکەی بۆ کردم کە بۆ کارێکی زۆر گرنگ یەکتر ببینین دەسبەجێ چوم بۆ لای بەڵام بە هیچ جۆرێ وام پیشان نەدا من هیچ ئاگاریەکم لەو بارەیەوە هەیە.

کاک مەسعود میوانی عوسمان میرانی خۆشناو بو لە شەقڵاوە. داوای لە ماڵخۆێ کرد ژورێکمان بۆ کۆبونەوە بۆ ئامادە بکەن. چوینە ژورەکەوە جگە لە خۆی و من، فەرەنسۆ حەریری، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی... لە گەڵ بون. کاک مەسعود دەستی کرد بە قسە وتی: " ئەمڕۆ حاجی عوبێد لە حکومەتەوە ئەم کاغەزەی هێناوە" کاغەزەکەی دامێ بیخوێنمەوە. منیش بە وردی خوێندمەوە. ئینجا لێی پرسیم: "ڕەئیت چیە؟" دوای ئەوەی بۆچونەکانی خۆمانم بۆ ڕون کردەوە، وتم: "پێم باشە بە ئیجابی وەڵامی بنوسینەوە". ئەوانی تریش هەمان ڕەئیان هەبو. خۆیشی ڕەئی وەکو ئێمە بو. خۆی نامەیەکی کورتی نوسی ئامادەیی بەرەی کوردستانی دەربڕی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و گفتوگۆ. هەر ئەو شەوە بڕیار درا وەفدێ پێک بهێنین دو لە سەرکردایەتی یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح و دو لە سەرکردایەتی پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی، هەر کات پێویستی کرد بینێرین بۆ گفتوگۆ. وەڵامەکە بۆ سەدام نێردرایەوە. وەکو دوایی بیستمان نامەکە نەگەیشتبوە جیگەی خۆی چونکە لە ڕێگەی گەڕانەوەی دا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمۆبیلەکەی حاجی عوبێدی دابو، سەرنشینەکانی لە تاو گیانی خۆیان هەڵات بون. نامەکەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا سوتا بو.

وەکو دوایی دەرکەوت هەڵوێستی بارزانی و سەرانی پارتی لە کوردستان جیاواز بوە لە هی هاوڕێکانی لەندەنیان، پێ ئەچو ئاگایان لە یەکتری نەبوبێ.

بەمجۆرە دەسپێشکەریەکەی سەدام لە کوردستانیش بێ بەر بو.

# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

**بەشی یەکەم**

**ئامادەکردن: سدیق سالح**

ئامانجمان لە دانانی نەخشەی کوردستان بۆ کۆمەڵانی کوردی نیشتەجێی دەرەوەی کوردستان، هێنانەوەی وەسفێکی روونکەرەوەی ئەو جێ‌وڕێیەیە کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاس تدا هەیەتی. مەبەست لە وشەی "کوردستان"، کۆی ئەو وڵاتانەیە کە زۆرینەیەکی کوردیان لە دێرزەمانەوە تێدا دادەنیشن. ڕەنگە ئەو زانیارییانە کە کران بە بنچینەی ئەم باسە، پێویستیان بە چەردەیەک وردەکاری و روونی هەبێ، بەڵام -گومان لەوەدانییە- کە دابەشبوونی جوگرافیایی کوردان مشتومڕ و مەزەندەکارییەکی وای لێ دەکەونەوە، کەمترن لەو قسەوقسەڵۆک و فیشاڵانە کە سەبارت بە ژمارەی خەملێندراویان دەگوترێن، چونکە ئەو قسەوقسەڵۆک و فیشاڵانە بەپێی جیاوازیی ئامانجی نیشتیمانی و ئارەزووی سیاسی دەگۆڕێن. بەم پێیە ژمارەی خەملێندراو دەکەوێتە نێوان سێ - نۆ ملیۆن. بەرامبەر بەم هەلومەرج و هۆکارە بەرچاوخراوانە، پێمان وایە بایەخ و باری ڕاستەقینەی کێشەی کورد بە روونی و ئاشکرا دەکەوێتە بەرچاوی هەمووان.
ئەگەر نەخشەیەکی هەمەلایەنە دابنرێ بۆ ئەو هەرێمانە کە کوردانی شانبەشانی وڵاتانی دراوسێ تێدا نیشت هجێن. سەیرنییە کە ئەم بەراوردە پتر لە هێنانەوەی ژمارەگەلی ناڕاستی جێی گومان، کە لە سەرژمێریی ڕەسمیی بڕواپێ‌نەکراودا دەیبینین، کەڵکمان پێ بگەیێنێ. ئێمە، بەبێ پشت‌بەستن بە سەرچاوەی متمانەپێکراو، خۆمان لاداوە لە جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی کورد لە هەر ناوچەیەکدا.
ئەو سوود و خەسڵەتە چاکە لەپێشانە کە لەم نەخشەیە چاوەڕوان‌دەکرێن، ئەوەن کە دەرەتانی ڕەخنەی وردی زانستی دەرەخسێنن. ئەمە هانی‌داین بە بایەخێکی تەواوەوە دایبنێین و بە پێوانە وێنەی بکێشین و ئاماژە بە ناوی شوێنانی پڕ لە دانیشتووانی کوردی ناوچە هاوسنوورەکان بدەین و ناوی ناوچەکانی وا ئێستە بە لای ئێمەوە زانراون، وەلابنێین؛ بە شێوەیەک کە ئەگەر پاشتر یەکێک لەم ناوچانە بە تەواوی بناسینەوە، بتوانین بەبێ ئەرک و ماندوێتی پێیدابچینەوە و ڕاستی‌بکەینەوە. بەڵگەی پێ‌ناوێ کە دانانی نەخشەی



کوردستان کارێکی لەدەستدەرچووی هەر وا ئاسان نییە، بەڵکوو ئەرکێکی قورسە، جۆرەها کۆسپ و سەرئێشە بەری پێ دەگرن، چونکە کوردستان کە چەندین ناوچەی سەخت و تووشی تێدان، بێ‌گومان - لایەنی کەم- لە ڕووی زانستییەوە بە شوێنێکی پێ‌نەزانراوی گۆی زەوی دەژمێردرێ. هۆی ئەوە تەنیا ئەو ئاستەنگە سروشتییانە نییە کە ناهێڵن مرۆڤ بە ئاسانی بیگاتێ، کە ئاستەنگێکن بە کەم ناگیرێن، بەڵکوو ئەو تەگەرانەیە کە حکوومەتی دەوڵەتانی زاڵی سەر ئەو ناوچانە دەیانخەنە بەردەم هاتوچۆکەران و کەسانی سۆراخکەر و ئارەزوومەندی دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی و پەردەلادان لەسەر ڕاستییەکانی ناو ئەم وڵاتە.
گەلی کورد توخمێکە، تێهەڵکێشی گەلانی ئەو دەوڵەتانە نابێ کە سەرکردەکانی ڕوویان لە نەژادپەرستییەکی پاراو بە گیانی نیشتیمانیی سەرکێشە و جۆرێکە لە نەژادپەرستییەکی تازە، دەرکەوت ئەوە لە باری‌دا نییە جێگەی پێوەندییە کۆنە مەعنەوییەکان بگرێتەو ە، کە لەسەر بنچینەی هاوکاریی دینی بنیات نرابوون. بەم پێیە ئەمڕۆ دەبینین تورکیا بوونی کورد پشت گوێ‌دەخا و نکوولی لە زمانە نەتەوەییەکەی دەکا کە زمانێکی کت ومت ئارییە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە بە توندی و بەردەوام ڕووی کردووەتە بەدیهێنانی بیرۆکەی یەکێتیی تۆرانی. لەوانەیشە هەر یەکە لە سووریا و عیراق کە

چوونەتە ژێر چەتری کۆمەڵەی عەرەبی، هەمان تەون بدەن لە دار . هەرچی فارسیشە، لە سەردەمانێکی کۆنەوە تا ئێستە خۆی دابڕیوە لە گەلی کورد، کە بە درێژاییی چەندین نەوە ڕەنگی لەمپەری جوێکەرەوەی ناجێگیری نێوان دوو جیهانی لەس ەر سەروەری ململانێکردووی ڕشتووە؛ ئەوانیش مەملەکەتی سوننەمەزەبی سوڵتانی عوسمانی و دەوڵەتی ئالاهەڵگری شیعەمەزەبیی پادشایانی فارسن.

ئەرکی بەدەست هێنانی زانیاریی وردی زانستی سەبارەت بە کوردستان و کورد، هەر بە کارێکی ئەستەم دەمێنێتەوە، مادامێکی ئەو وڵاتانە ناچنە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت یا دەوڵەتە ڕێکخراوانە کە بایەخێکی تەواو بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی خاوێنی بێ مەرام و بێلایەن دەدەن.

هێندەی بزانین، هەر یەک نەخشە هەیە بە تایبەتی کێشراوە بۆ ناوهێنانی نیشتمانی کوردان و نیشاندانی دابەشبوونیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستدا، ئەویش ئەو نەخشەیەیە کە پایەبڵند محەمەدئەمین زەکیبەگ، وەزیری پێشووی کورد و ئەندامی ئێستەی ئەنجومەنی پیرانی عیراق خستوویەتیەپاڵ دانراوە گرانبەهاکەی بە زمانی کوردی سەبارەت بە کورد و کوردستان و ناوی‌ناوە"خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان "*؛ ئەو نەخشەیە یەکەمین نەخشەی ناوازەی جوگرافیاییە لە بواری خۆی دا و سەرنجی کەسانی‌تری ڕاکێشاوە بۆ کەم وکورتییەکی گرنگی لایەنێک لە لایەنەکانی مەسەلەی کورد و لەبەر ئەوەیش دایناوە تا ئەو کەلێنەی پێ پڕبکاتەوە . هەروەها ڕێگەی بۆ توێژەرەوەکان کردووەتەوە و کاری دانانی نەخشەی زیاتر وردەکار و لێکۆڵراوەی ئاسان کردووە. هیوامانە بەم کارە کە ئەمڕۆ پێشکەشی جەماوەری دەکەین، ئەم نەخشە نوێیەمان بەشدارییەک بکا و ڕووناکییەکی تازە بخاتە سەر کێشەی کورد. پشتمان هەر بە خودایە.

ئەم نەخشەیە لەناو کۆکراوەی ڕۆشنبیری ڕەفیق حیلمی بەگدایە، لە ڕووبەرگی پێشەوە و چوار لاپەڕە پێکهاتووە؛ یەکەم لاپەڕە هەمان

* ئەم کتێبە وەرگێڕانێکی عەرەبیی بە قەڵەمی ئوستاد محەمەد عەلی عەونی بۆ پەیدابوو، ساڵی ١٩٣٩ لە قاهیرە بە ناوی (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان منذ أقدم العصور حتى الآن )ەوە لەچاپدرا. [مەبەست بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەیە، کە ساڵی ١٩٣١ بە ناوی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان: لە قەدیمەوە تا ئیمڕۆ)وە بڵاوبووەتەوە.]

زانیاریی سەر ڕووبەرگی پێشەوەیە، سێ لاپەڕەکەی تر ئەو بابەتە عەرەبییەی سەرەوەیە کە لێرە کراوەتە کوردی . ڕووبەرگی پاشەوەی کەوتووە و دیارنییە . وا لەسەری نووسراوە کە ١٣٦٦ک/١٩٤٧ز لە چاپخانەی سەعادەت تەنیشتی پارێزگای میسر [واتە قاهیرە] (مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر ) لەچاپدراوە. نەخشەکە خۆی ئەمە لە کارتی ناساندنەکەی دا نووسراوە : " نەخشەی کوردستان و کۆمەڵە کوردییە دابڕاوەکان (كردستان والجماعات الكردية المنعزلة)؛ سنووری نەژادیی کوردستان، سەروبەر بە ناوچ ە ڕەنگکراوەکە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام لە هەر شوێنێک دا ناوچەکە بەرتەسکتربووبێ، وردتر دیاری کراوە. ناوچە ڕەنگکراوەکانی تر - کەموزۆر- ناوەندەکان و بایەخی کۆمەڵە کوردییە دابڕاوەکان دەردەخەن".

ئەم نەخشەیە کە پێوانەکەی (١١٩,٠٩×٧٢,٣٦سم)ە و پەرەپێدراوی نەخشەکەی محە مەدئەمین زەکی بەگە، کە ساڵی ١٩٣١ لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دا (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ) بڵاوی‌کردووەتەوە، دەقاودەق هەمان ئەو دانە ئینگلیزی و فەرەنسەییەی نەخشەکەی قاهیرەیە، کە ساڵی ١٩٤٧ بڵاکراوەتەوە و ناوچەکانی کرمانج، زازا، بابان، لوڕستان و بەختی اریی لەسەر دیاری‌کراون و بە هەمان پێوانەی ١\٤٠٠٠٠٠٠یش دروست کراوە.

هەمان ئەو دەقی نووسینانەیش کە سەبارەت بە نەخشەکە لە دەقە ئینگلیزییەکەوە هەن، لەم دەقە عەرەبییەیش دا هەن.١ ئەوەندە هەیە ئەمەی بەردەست ساڵی کێشان و ئامادەکردنی لە دەزگایەکی تایبەتی ڕووپێوی‌دا کە بە (مصلحة المساحة ١٩٤٦ (٤٦/٣٨١) ناسراوە، وەک دانە فەرەنسەییەکە، ١٩٤٦ە. بەڵام ئەویان لە چاپخانەی نوێی ئەلیاس (مطبعة الياس الحديثة ) و ئەمیان لە چاپخانەی سەعادەت لەچاپدراوە. تۆ بڵێی ئەمە چاپێکی‌تری هەمان ساڵی بێ، یا نەخشە عەرەبییەکە بەجیا و سەربەخۆ بە دەقە عەرەبییەکەوە لەچاپدراوە؟!

دکتۆر فوئاد حەمەخورشید لەو کتێبەی دا سەبارەت بە نەخشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئەم نەخشەیەی - پشت بە کۆمەڵێک ڕاستی- بە "نەخشەی دایک" لەقەڵەمداوە. هێشتا بە شێوەیەکی بنەبڕ نەزانراوە چ کەس یا لایەنێک ئەم نەخشەیەی دروستکردووە؛

١ پرۆفیسۆر دکتۆر فوئاد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان : لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، سوداد ڕەسوڵ کردویە بە کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٠٤-١٠٨.




دەگوترێ کۆمەڵەیەکی نەناسراوی کوردی، یا حیزبی دیموکراتیی نیشتیمانیی کوردی، یان کامەران بەدرخان ئامادەکەریەتی.٢ سەرەڕای ئەوە، بیر بۆ ئەوەیش دەچێ کە خودابەخشیو محەمەد عەلی عەونی خاوەندی بێ و لە ئەنجامی وەرگێڕانی "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"کەی محەمەدئەمین زەکیبەگەوە، کە هەر خۆیشی - وەک نووسیویە- نیازی نووسینی مێژوویەکی هاوشێوەی هەبووە، درێژەی بە کەڵکەڵەی پێشتری خۆی دابێ و ویستبێتی لەم ڕێیەوە ناتەواوییەکانی نەخشەکەی ئەو زاتە پڕبکاتەوە.

**کێشەی کورد**

**(سێ بیرخەرەوە)**

**سی. جەی. ئەدمۆندز**

**بیرخەرەوەی یەکەم**

١. ڕاستییەکی جێگەی داخە کە هەموو کارێکی ڕەسمی «بە زۆری» دانپێدانانی تێدابێ بە قەوارەی کوردان‌دا لە عیراق، بخرێتە شێوەی بەیاننامە یا بەڵگەنامە یا ئەو مەرجە کە پشتیوانیی جیلکردنەوەی کوردان لە زۆرینەی عەرەب دەکا

٢. زۆربەی ئەم کارە ڕەسمی‌یانە دەهێنرێنە بەردەست، بەڵام من بەبێ پێداچوونەوەی تۆمارەکان، ئەمانەی لای خوارەوەم بە بیردا دێن

یەکەم: ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز چەرچەڵ، کاتێک ساڵی ١٩٢١ وەزیری موستەعمەرەکان بوو، کە تێیاندا هاتووە

کوردان، دژ بە ئیرادەی خۆیان، ناچارناکرێن بچنەپاڵ دەوڵەتی عیراق

دووەم: ڕاگەیاندنی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی بریتانیا و عیراق، کە کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بەم مانایە ی لای خوارەوە دەرچووە:

حکوومەتانی خاوەنشکۆی بریتانیا و عیراق دان بە مافی کوردانی دانیشتووی عیراق دا دەنێن، حکوومەتێکی کوردی لەناو سنووری عیراقدا دابمەزرێنن و بە هیوان کوردانی جیاجیا «لە کاتێکی نزیک دا» لەناو خۆیاندا لەسەر شێوەی ئەم حکوومەتە کە ئارەزوویانە وناوچەکان و ئەو سنوورە کە بۆی درێژببێتەوە، ڕێکبکەون و نێردراوی بەرپرس بنێرن بۆ بەغدا، بۆ گفت وگۆکردن سەبارەت بە پێوەندیی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ حکوومەتانی خاوەندشکۆی بریتانیا و عیراق

سێیەم: برووسکەی (بە عەرەبی و تورکی) نێردراوی عەبدولموحسینبەگ سەعدوونی سەرۆکوەزیرانی عیراق بۆ موتەسەڕیف و خەڵکی کەرکووک، بۆ ئەوەی بەشداریبکەن لە هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ١٩٢٣دا، بەم شێوەیە نێوەنیویانبدا ڕازیببن بێنەپاڵ دەوڵەتی عیراق، کە تا ئەو دەمە لێیتەکیبوونەوە(؟). ئەمە دەقەکەیتی:

---

هەمان سەرچاوە، ل١١٢-١١٣.

ئ - تکایە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ئاگاداربکەنەوە، کە پێشنیازەکانیان قبووڵکراون و حکوومەت قایلە وەزیفەکان تەنها بداتە خەڵکی خۆجێیی و زمانی خۆجێییش بە زمانی ڕەسمی دادەنرێ

ب. ... دەتوانن بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ڕابگەیێنن و بە شێوەیەکی ڕەسمی بەڵێنی سەرجەمی ئەم مەرجانەیان پێبدەن.

چوارەم: مەرجی لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێردراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوە بوو، کە دەبێ بۆچوونی ڕاگەیەنراوی کوردان بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان ڕەچاوبکرێ ودادپەروەری بەرقەراربکرێ و پێخوێندن لە قوتانخانەکان دا بڵاوبکرێتەوە و دەبێ کوردیش لە سەرتاسەری ئەم ناوچانەدازمانی ڕەسمی بێ

پێنجەم: پەیامی سەرۆکوەزیران لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا، کە تێهەڵکێشی بیرخەرەوەی بریت انیا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە وئەمە دەقەکەیەتی:

«پێویستە لەسەرمان مافەکانی کوردان بدەین و فەرمانبەرانیان لەناو خۆیان هەڵبژێردرێن و زمانیان زمانی ڕەسمی بێ و منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان پێیان بخوێندرێ. ئەرکی سەرشانمانە مافەکانی خۆیانیان بدەینێ»

٣. هەندێ لەم مەرجانە، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، گونجاونەبوو. ئەگەر ئەم گفت و بەڵێنانە هەر بەپارچەکاغەز یا درۆودەلەسەی بەمەبەست دانەنرێن وبیانەوێ لەم ڕێگەیەوە بەسەر کێشەیەکی کاتیدا زاڵببن، دەبێ ئێستە بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە سەرنجیان بدرێتێ. مخابن کە دەسەڵاتدارانی جیاجیای بریتانیا و عیراق هەوڵیان داوە، بە پشت گوێخستنی بەڵێنەکان، خۆ لەم دۆخ و کێشەیە دەربازبکەن . لە ئەنجامی ئەوەیشدا، نیشتمانپەروەرانی کورد بە سەرسەختییەکی زیاترەوە پابەندی ئەو مافە بەدەستهێنراوانەیان بوون، کە - وەک سەرەتا گوتم- دەکێشێتەوە بۆ پشتیوانیی جیابوونەوەی کورد لە زۆربەی عەرەب

٤. من ناڵێم وەزارەتی مەعاریف لە هەر دائیرەیەکی تر گوناهبارترە، بەڵام چەند نموونەیەکمان نیشاندەدا، کە بەڵگەی کورتبینییە لە کاری خۆی دا و هەر ورووژاندنی هەستی کوردیی تێدایە لەو مەسەلانەیش:

ئـ هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵکی سلێمانی کە زمانی عەرەبی، وەک هۆیەکی پێ خوێندن، لەباتیی کوردی، لە قوتابخانەی دواناوەندی دا بەکاربهێنن، ب . ڕێنەدان بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی دواناوەندی لە هەولێرئەگەر خەڵکەکە ڕازی نەبن زمانی عەرەبی وەک هۆیەکی پێخوێندن بەکاربهێنن، ج. دواجار هەوڵدان بۆ گۆڕینی زمانی پێخوێندن لە هەردوو پۆلی پێنجەم و شەشەما لە هەولێر، لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، د . بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانەی کچانی هەولێر، هـ. دواخستنێکی نەگونجاوی بڕیاردان لەسەر کتێبە کوردییەکانی دراونەتە وەزارەت و دانەمەزراندنی ئەو خەڵکانە کە هەموو کاتێکیان بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەوە بەسەردەبەن و گەلێک شتێتریش.

لێرەدا دەبێ نموونەیەکی ڕاستەقینەی مایەی پێکەنین بە درێژی بهێنمەوە: دانەری کتێبی ئەلفبای کوردی بۆ پۆلەکانی سەرەتایی، کە بەڕێوەبردن [ی مەعاریف] قبووڵیکرد، تازە چاپێکی دووەمی دەرکردووە. شاراوەنییە کە زمانی کوردی، سەرباری هەردوو حەرفی ئاساییی (ر) و (ل)، دوو حەرفیتری هەیە کە لەوانەوە وەرگیراوە، بە نوختەیەک ی دانراوی ژێر (ر) و سەر (ل) جوێدەکرێنەوە. لەبەرئەوەی پیتەکەیش لە بەغدا هەبوو، دانەر داوای لە بەڕێوەبەری مەعاریف کرد، ڕێی بدا ئەم دوو پیتە بەکاربهێنێ . بەڵام ڕێنەدانی -بێگومان- بووە هۆی دژایەتیی پێخوێندنی کوردی و زیانێکی زۆری پێ گەیاند. لە ڕاستی دا ئەستەمە بیهێنینە بەرچاومان کە دانانی دوو نوختە، یا تەنانەت پەنجا نوختە، دەوڵەتی عیراق دەشێوێنێ!! سەرنجبدەن، زۆربەی نموونەکانی دەیانهێنمەوە، پێوەندییان بە هەولێرەوە هەیە و ئەنجامی جوێکردنەوەی هەولێرن لە هەردوو لیوای کەرکووکسلێمانیی دەستەخوشکی، بەو مەبەستە کە بخرێنە ژێر ئیدارەی بەڕێوەبەری مەعاریفی مووسڵ، کە توندڕەو و بۆچوونەکانی دژی کوردن ئەمە دەستکاری و پێشێلکردنی دەقی بەڵێنەکانە.

٥. هەرچەندە بە زۆری نموونەیتری هاوشێوەی ئەمە لە هەموو دائیرەیەکیتردا هەیە، بەڵام ئەوەی کە باسمانکردووە، بەسە. بارودۆخەکە بە تەواوی خراپ و گەندەڵە، چونکە -لە لایەکەوە- ئیدارە ئەم بەڵێنانەی بە شێوەیەکی ترسناک ئاڵۆزکردووە، جاروبار سوورە لەسەر پشتگوێخستنیان، لە کاتێکدا کەسانێکی لە ڕووی سیاسییەوە نابەرپرس ئازادن فێڵ و دەهۆی خۆیان جێبەجێبکەن؛ -لە لایەکیترەوە- کوردان پێیان وایە هەموو پێشێلکردنێکی بەڵێنەکانیازێکی مەبەستدای تێدایە تا بێ بەشبکرێن لەو تاقە "ماف"ەی خۆیان و ئەوانیش بە پێداگرتنێکی زیاترەوە پابەندیانن. هەستی بێزارییەکی گشتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا هەیە و هەر یەکێک ئازاری پێ بگا، دەموودەست دەبرێتەوە بۆ هەبوونی نیازی بەرنامەبۆدانراوی زوڵمکردن لە کورد

٦. ئەم دۆخە زۆر ترسناکە و سەرۆکێلان بێزارن کە پێش پەلهاوێشتنی ئیدارەی ڕاستەوخۆ، بەرەبەرە دەسەڵاتی دەرەبەگییان لەدەست دەدەن و لەو بەرەنگارییەی هەر دەسەڵاتێکدا، باشترین بەرگ نیشتمانپەروەریی کوردییە خۆی لەژێردا حەشاربدەن ئەگەر کێشەیەکی ترسناک بکەوێتە نێوان دەوڵەتی عیراق و هەر یەکێک لە دراوسێکانی، ئەمڕۆ ناتوانێ پشت بە دڵسۆزیی خەڵکی کوردببەستێ

٧. تاکە چارەسەر، بەجێ هێنانی سیاسەتێکی عەمەلییە، لەوانە:

ئـ. بەشدارییپێکردنی کوردان وەکوو کورد لەناو دەزگا ناوەندییەکانی دەوڵەت دا (لەبریی تەنیا دان نان بە قەوارەکەیاندا، ئەویش -وەک دۆخەکە حاڵی حازر وایە- لە خۆشەویستیی ناوچە کوردنشینەکان نا)، بە نیازی بەدەستهێنانی هاووڵاتیبوونی هاوبەشیان، لەباتیی جیابوونەوەیان؛

ب. ڕێکخستنی بارودۆخی لیواکان بە شێوەیەک کە دەرفەت نەدرێ، نە بە کاری هیچ کەسێکی نابەرپرس، نە بە گومانکردن لە حکوومەتی ناوەندی، کە گوایە ئارەزوویەتی مافەکانی کورد کەم بکاتەوە

٨. پشتبەستوو بە برگەی (ئـ)، گرنگترین کار تایبەتە بە ئاڵای عیراق، چونکە ئاڵای عیراق لە کاتی ئێستە دا ڕەمزی عەرەبە. دەبێ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و سەرۆکان لە لیواکان بانگ بکرێن، پێشنیا زی ڕەمزێکی کوردی بکەن، تا بخرێتە ناو پێکهاتەی ئاڵا . ڕێوشوێنە ئاسانەکانی تریش، کە ئێستە پێویستن، ئەمانەن:

٢- ئیدارەخانەیەک بۆ وەرگێران پێویستە ئیدارەخانەیەکی وەرگێران بۆ زمانی کوردی لە پایتەخت دا دابمەزرێنرێ، هەموو کاتی خۆی تەرخانبکا بۆ کاری وەرگێرانی قانوونەکان و کتێبەکانی قوتابخانە و وەرگێرانی گەلێکیان کاتێک بڵاودەبنەوە .. هتد.

٣- پوول: کوردان بە هەق یا ناهەق لافیئەوە لێدەدەن کە سەلاحەدین بە ئەسڵ کوردە و لەو مەزنەپیاوانەیە کە مێژوو باسیکردوون لەبەرئەوە دەکرێ وێنەی پاڵەوانە بەناوبانگەکەیان لەسەر جۆرە پوولێکی عیراقی ووێنەی کوردێکیش بە بەرگی نەتەوەییەوە لەسەر جۆرێکی بنەخشێندرێ نەک وێنەی وشتر کە لەسەر پوولی چوارعانەییەخشێندراوە

4- دەکرێ خاوەندشکۆ بایەخدانی تایبەتی خۆی بە کورد بەوە ڕابگەیێنێ کە سریەیەکی کورد لە پاسەوانی شاهانەدا بەکاربێنێ، بەرگێکی ڕەسمی بپۆشێ، لە بەرگی میللی بچێ و جێگەیەکی دانیشتی هاوینەی لە چیاکاندا دابینبکا. ئەم دوو مەسەلەیە کە پێشتر پێشنیازکران، بەهایەکی گەورەیان دەبێ بۆ ناساندنی کەسی خاوەندشکۆ خۆی بەو سیاسەتە ئازادەی وا لێرە ئاماژەمان پێدا، بەڵام دیارە لەم سیاسەتە بەدەر، هیچ سوودێکیتریان نابێ

٩. پێش باسکردنی خاڵی (ب)ی برگەی حەوتەم، باشتر وایە -بە ڕاستی- بزانین مەبەست لە لیوا کوردییەکان چییە؟

١٠. هەرە ئاڵۆزترین بەڵێنەکانی ئێستە بەڵێنی کەرکووکە، چونکە لەوانیتر زیاتر دەرەتانی بەرتەسکە. هەرچەندە تای ترازووی ژمارەی تورک لە شارەکەدا و بە تایبەت لە چینەکانی سەرەوەدا، قورسترببوو، خولیای زۆربەی دانیشتووانی لیواکە، تەنانەت لە کاتی بەڵێنپێدانیشدا، کوردی بووە. ئەوەتی بەڵێندراوە، چەند ناوچەیەکی فراوانی کوردی لە سلێمانییەوە دراوەتە کەرکووک، بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن ئێستە تەنانەت لە شاری کەرکووک خۆی دا هەستێک لە ئارادایە، حەز بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکا، ل ەبریی تورکی، بەو پێیە کە زمانی لیوایە . پێویستە کەرکووک هانبدرێ بە شارێکی کوردی دابنرێ. ئەوسا کەرکووکییەکان مافیان دەبێ لە هەر لیوایەکی کوردیدا ببنە فەرمانبەر و هەر کوردێکیش لە وەزیفەیەکی کەرکووکدا دابمەزرێنرێ

١١. هەرچی ناوچە کوردنشینەکانی مووسڵیشن، کێشەیەکی قورسیان تێدایە و هەر لە رووی بەڕێوەبردن خۆیەوە، گەلێک هۆ هەن پشتیوانی لە پێشنیا زی دامەزراندنی لیوای دهۆک دەکەن فراوانیی مووسڵ دووئەوەندەی فراوانیی هەر لیوایەکیترە و بێ گومان هێندەی گەورەیی فەلەستینە. موتەسەریفی مووسڵیش ناتوانێ چاودێرییەکی تەواوی هەموو ناوچە چیانشینەکان بکا و کاتێک ڕێگەلە دهۆکەوە بۆ ئامێدی و لە ئامێدییەوە بۆ بلێ لێدەدرێ، لە رووی بەڕێوەبردنەوە وا باشترە لیوایەکی تازە دابمەزرێنرێ، قەزاکانی زاخۆ، دهۆک، ئامێدی و زێبار (نەک ئاکرێ) بگرێتە خۆی و لە رووی سیاسیشەوە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ناوچە کوردییەکانی مووسڵ لە ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئەو بەیاننامانەیش کە بەدوایداهاتن، دەرنەهێنراون و پرینگانەوە لە قبوولکردنی داوای دامەزراندنی لیوای دهۆک، ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی سەرکەوتووی ئەو سیاسەتە ئازادە کە وا نیازە بگیرێتەبەر.

بە پێچەوانەی ئەم پێشنیازەوە، دەشێ بگوترێ دامەزراندنی لیوایەکی ئاوا لەم کاتەدا، ڕەنگە دژی ئارەزووی حکوومەتی تورکیا بێ و کوردیش تا ئێستە زمانی نامەنووسینی نێوان خەڵکەکە نەبووە(لە کاتێکدا زمانی گشتیی بادینانی"کرمانجی"

لە بناغەوە جیاوازە لە سۆرانی"گۆرانی"، کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە زمانی زانستیی کوردی ). ئەو قەزایانەیش، ئەگەرچی زۆربەیان کوردین، هێشتا خەڵکانێکی غەیرەکوریان تێدان گرنگترینیان ئاسووریەکانن.

لەبەرئەوە دەردەکەوێ ئەم حاڵ وبارە پاساوی جێبەجێکردنی تەنیا بەشێکی ئەم بەڵێنانە هەر لەم کاتەی ئێستەدا دەداتەوە، وەک دامەزراندنی ژمارەیەکی بەجێی فەرمانبەرانی کورد و دامەزراندنی مامۆستایانی کورد لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دا، ئەو شوێنانە نەبێ کە زۆرینەیەکی کوردیان تێدانییە و هەر ئارەزوویەکی نارەزایەتیدەربرین بەرامبەر بەم پلانە، دەشێ رەتبکرێتەوە و وا روونبکرێتەوە کە پێکهێنانی دەستبەجێی لیواکە –لە رووی بەڕێوەبردنەوە– بە هۆی خراپیی رێگ ەکانی گەیاندنەوە، راست نابێ، بەڵام حکوومەت بەتەمایە رێگای بەرەو بلێ لە ماوەی سێ ساڵدا تەواوبکا و مەسەلەکەیش بە کراوەیی بهێڵێتەوە

١٢. لەبەرئەوەی ئێمە لیوا کوردییەکانمان وا ناساند کە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی دەگرێتەوە و لەم کاتەدا دهۆکی تێدانەبێ، دەبێ مەسەلەی زمان بە دانانی قانوونێک بەپێی ماددەی ١٧یەمی قانوونی بنچینەیی رێک بخرێ، پێشنیازبکرێ کوردی، زمانی رەسمیی بێ لە پێوەندییە رەسمییەکانی ناو هەرسێ لیوا ونێوانیاندا.

١٣. دەبێ ئەم سێ لیوایە، لە رووی ئیدارەی مەعاریفەوە، پێکەوە لێک بدرێن و بخرێنە ژێر ئیدارەی بەڕێوەبەرێکی شارەزای زمانی کوردی کە دەسەڵاتی هەبێ و برەپارەیەکی لەدەستدابێ بۆ دانانی کتێبەکانی قوتابخانە

١٤. ئەگەر ئەم رێ وشوێنانە بگیرێنەبەر کە پێشنیازیاندەکەین بۆ بە رەسمی دان نان بە قەوارەی کوردیدا بە مۆرکێکی کوردییەوە و دانانی هەرچییەک بویستێ بۆ قانوونی ئاڵا و قانوونی زمان و دامەزراندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە کوردییەکانیش– کە ئەنجامێکی پێویستی ئەم کارەیە ، ئەوسا ئەو جووڵانەوەیە کە بەڕێوەبردنێکی جیا و سەربەخۆی د ەوێ، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە دەوری نامێنێتەوە وام بە بیردا دێ، ئەگەر کوردمان بەم شێوەیە دڵنیاکردەوە، دەتوانین بە ئاسانی وایان لێبکەین رازیببن دەستکاریی ئەو مەرجە بکەن کە رێگری لە هەبوونی بەڕێوەبردنێکی لەباری دامەزراو دەکا و دەڵێ: دەبێ سەرجەمی فەرمانبەرانهەر کورد بن؛ تا بگۆردرێ بە یەکێکی تر کە پێوانەی وەزیفەداری، شارەزاییی راستەقینە بێ لە زمانی نەتەوەییدا، یا مەرجەکە وا پێویست بکا سکاڵا لە تێکەڵکردنی نزیکەی ١٠٪ی فەرمانبەرانی غەیرەکورد نەکرێ، ئەگەر کاروباری بەڕێوەبردن ئەوە بخوازێ

١٥. لە کۆتاییدا، بە خۆدا رادەپەرمووم بۆچوونی خۆم بخەمەروو کە پشتبەستووە بە هەم پێوەندییەکی تەواو بە هەموو چینەکانی گەلی کوردەوە و هەم خولیا و خەیاڵی کوردان لە ماوەی حەوت ساڵی رابوردوودا و هەم هێندێ ئەزموونی پێش ئەو ماوەیەیشم لەگەڵیان و بڵێم : ئێمە بە مامەڵەکردنێکی دۆستانەی کوردان بەو شێوە پێشنیازکراوە، دەتوانین کورد بکەینە توخمێکی زۆر سەقامگیرتری دەوڵەتی عیراق. بەڵام خۆ دانە دەم ئەم تەوژمەی ئێستە، پڕاوپڕی مەترسییە

١٤ی مایسی ١٩٢٩

**(ماویەتی)**


القضية الكردية

# کورد میترایی/میسرایی بووە؟

**نووسینی سۆران حەمەڕەش**

جاران باو باوی زەردەشتی بوونی کورد بوو، ئێستا ماوەیەکە باسی میترایی بوونی دەکرێت. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر میترایی بوونی کورد نووسراون، کێشەیەکی سەرەکیان هەیە. هێشتا پێناسەیەکی روونیان بۆ ئاینی میترایی لەلا گەڵاڵە نەبووە، سەرەڕای ئەوە ئەوان لەلایەن خۆیانەوە بڕیاریان داوە کە کورد میترایی بێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئەڕۆن وێنەیەک، شوێنێک، ناوێک یان هەر کۆبوونەوەیەکی کوردی دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە پاڵپشت لە بۆچوونەکەیان بکەن. واتە ئەو کەسانە پێشتر بڕیاریان داوە کە کورد میترایییە و بە مێشکێکی کراوەوە چاوەڕوانی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ناکەن. جا هەر کە بڕیارت دا، ئیتر پێویستت بە لێکۆڵینەوە نیە. گەر گایەک لە ڕێوڕەسمێکی کوردستاندا سەربڕێت یان نیگارێک لەلالش ببینرێت، دەتوانین بیبەینەوە بۆ میترایی. نەمبینیوە کە کەسێک پێش ئەوەی کە بڵێت کورد میترایییە پێمان بڵێت کە میترایی چیە.

لە ڕاستیدا بەڵگەنامەم لەبەردەستدایە کە یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا میترا نزیکی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر لە کوردستان ناوی هاتووە و دەیان تێکستم هەیە بە زمانی کوردی کە تەمەنیان نزیکەی دوو هەزار و شەش سەد ساڵە و ناوی میترایان هێناوە و هەموو کوردێکی ئەمڕۆ لێی تێدەگات. هەروەها ناوی چەندین هۆزی کوردیم هەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە بەشێک لە پێکهاتەی ناوەکەیان میترا بووە و دەیان لێکۆڵینەوەی جیهانیشم لەبەردەستدایە لەسەر ئەو ئاینە، سەرەڕای ئەوە ناتوانم هێشتا دەرئەنجام بدەم.

ئەبێت ئێمە دانبەوادا بنێین کە لە ئاینی کوردی تێنەگەیشتووین. هۆکاری تێنەگەیشتنمان لە ئاینی کوردی دوو هۆکاری سەرەکیە. یەکەمیان ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی زۆر دێرینە و لە ناوچەیەکدایە کە سەدان ئاین و ڕێچکەی ئاینی و هەزاران بەڵگەنامەی ئاینی دێرینی تێدایە کە هێشتا ئاشنای زۆرینەیان نین. دووەم ئەوەیە کە زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستان، بە گشتی توانای



لێکۆڵینەوەی زانستی جدیان لەسەر کورد نیە بە تایبەت لە بواری ئاییندا. ڕاستە ئێمە پێشتر دەزگای ئەکادیمی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی کوردیمان نەبووە بەڵام خۆ ئەوە سی ساڵە چەندین دەزگامان هەیە کە دەبوو لێکۆڵینەوەی زانستیان بکردایە ونەیانکردووە.

بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت لەسەر ئاینی کوردی تا ڕادەیەک دەرئەنجامێکی قەناعەتپێکەراوی چنگ بکەوێت، بەلایانی کەمەوە دەبێت هەندێک لەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە:

خودا هوری و هیتی و لوڤی و سۆمەری و گوتی و میدی و هوریەکان کامەن و ئایین لای ئەوان مانای چی بووە؟

ئاینی سراسیەکان پەیوەندی بە ئاینە کوردیەکانەوە هەبووە؟

بۆ کوردە کریستیانەکان لەسەر مەزهەبی یەعقوبی و موسوڵمانەکان لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون؟

زەردەشت تا چەند مێژوویی بووە و کێ بووە و ئاینەکەی چۆن بڵاوبووەتەوە؟

بۆ کڵێسا لە سەدەی یەکەمی زاینیەوە کتێبی تایبەتی دژی مانی و بەردەیسان و مارسیۆن دەکردووە کە هەموویان خەڵکی کوردستان یان نزیک کوردستان بوون؟

بۆ زۆربەی کریستیانە کوردەکان لە پلەی باڵادا لەلایەن کڵێسای ڕۆمەوە بە هێرەسی (هەرتەقە/لایاو لە دین) تۆمەتبارکراون.

ئاینی مانی بۆ سەری هەڵدا و کاریگەری لەسەر ئاینە کوردیەکان چۆن بووە؟

پێغەمبەر مانی بۆ لە ناوچەی کرماشانەوە چووە بۆ هەولێر و لەوێوە بۆ جەزیرە و بۆتان. ئەوە تا چەند پەیوەندی بە قەڵەمڕەوی حوکمڕانە کوردەکانی ئەو سەردەمەوە هەبووە ؟

مەزداک و ئاینەکەی کاریگەریان لەسەر ئاینە کوردیەکان چی بووە؟

بۆ لە سەدەی چوارەمی زاینیدا پاشای هەولێر، مار قەرداخ، دژی ئاینی زەردەشتی وەستا و بوو بە کریستیان؟

ئێزیدی و کاکەییەکان لە پێش ئیسلامدا هەلومەرجیان چۆن بووە؟

بۆ لەسەدەی دەیەمی زاینیدا هەندێک لە کوردە کرمانجەکان و دەوڵەتەکانی باکوری کوردستان مەیلی شیعەگەریان پێوە دیارە و نزیک بوون لە فاتمیەکانەوە؟

بۆ بنەماڵەی پاشایانی حوکمرانی هەولێر لە سەدەی یەکەمی زایینەدا چوونە سەر ئاینی جوو، تەنانەت خۆشیان خەتەنە کرد؟

بۆ دوو ڕێچکە مەزنە سۆفیگەریەکەی سەردەمی ئیسلام سورەوەردی و قادری، کوردی بوون؟

کێ ڕێچکەی سۆفیگەری نەقشبەندی هێنایە کوردستان، مەولانا خالد یان پێش ئەو هێنرابووە کوردستان؟ ئەی بۆ لە کوردستاندا وا بڵاوبووەوە؟

کە موسوڵمانان گەیشتنە کوردستان، ئاینی کوردەکان چی بوو؟

کاریگەری دەوڵەتی حەسنەوی و هەیاری (عەنازی) لەسەر ئاینی یارسان و پێچەوانەکەی چۆن بووە؟

سەلاحەدین ئاینی بەکارهێنا بۆ فراوانبووی دەسەڵاتی یان پێچەوانەکەی ڕاستە؟ تا چەند عەرەب ڕۆڵی لە ناو دەوڵەتەکەی سەلاحەدیندا هەبووە و سەلاحەدین بۆ هێندە بایەخی بە مەزهەبی شافعی داوە؟

سەلاحەدین و بنەماڵەکەی بۆ لە ڕووی فەرهەنگیەوە هێندە لەژێر کاریگەری گۆرانی بێژ و شاعیرانی هەولێردا بوون؟

ئاین لای هەورامی و سۆرانیەکان لەگەڵ بڵاوبووەنەوەی ئیسلامدا بەرەو کوێ چوو؟

بۆ زۆربەی کلامە یارسانیەکان بە زمانی هەورامین و هی ئێزیدیەکان کرمانجین؟

دروزەکان کێن و پەیوەندی ئاینەکەیان بە ئاینە کوردیەکانی ترەوە چی بووە؟

دیارە من نامەوێت خوێنەر بێ هیوا بکەم بەڵام ئەو هەموو بۆشاییە لە تێگەیشتنمان بۆ خۆمانمان هەیە. جا لەو هەموو بۆشاییەدا چۆن دەتوانین بڕیار لەسەر ئاینی کوردی بدەین؟ ئەگەر بڕیاریش بدەین، بە دڵنیایی بڕیارێکی هەژارانە دەبێت و بەو شێوەیە دەبێت کە ئەمڕۆ تێیدان و هەرکەسە و دێت و ئاینێک دەکاتە کوردی. دیارە ئەرکی خوێنەر نیە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بەڵکو ئەوە ئەرکی زانکۆکانە کە هەڵبستن بەو کارە و پێی هەڵنەستاون.

من نامەوێت هەموو ئەو کارانەی کە دەزگا ئەکادیمیەکان کردوویانە ڕەت بکەمەوە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە لە ئاستێکی زۆر هەژارداین. دەنا چۆن دەبێت لە دوای شەرەفخانەوە هیچ مێژوونوسێکی کورد کە لەسەر بنەچەی کورد قسەی کردبێت، نەیتوانیبێت ئەمین زەکی تێپەڕێنێت کە بەمەرجێک ئەو لە سیەکاندا دەستیکردووە بە نووسینی مێژووی کورد .

ئەمڕۆ تاقە کاری ئەکادیمی باش کە لەلایەن کوردەوە لەسەر ئاینی کوردی کرابێت، کتێبەکەی میرداد ئێزەدیە لە ژێر ناونیشانی The Kurds.میرداد باوکی کوردێکی کرماشانیە و دایکی بەلجیکیە. ئەو یەکەم کەس بوو کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی قسەی لەسەر پەیوەندی نێوان ئاینی عەلەوی و ئێزدی و یارسان کردووە .

ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنە نەک دەرئەنجام . ئەمڕۆ دەرئەنجام زۆر دەدەین و هەوڵی لێکۆڵینەوە نادەین. ئێمە وەک کەسێک کە لە ڕووبارێکی خوڕدا هەوڵ بدات هەر چڵە دارێک بکەوێتە بەردەستی خۆی پێوە هەڵبواسێت، هەر شتێکی سادە ببینین خۆمانی پێوە هەڵدەواسین و قسەکردنمان لەسەر ئاینی کوردی بەو جۆرەیە .

جا ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا کورد میترایە؟ بەڵێ میترا لە ناو کورد دا ڕەگێکی دێرینی هەیە بەڵام دانانی کورد بە میترایی بۆچوونێکی زۆر هەژار و سادە و نائەکادیمیە و سوود بە تێگەیشتنمان لە خۆمان ناگەیەنێت. ئاینی کوردی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بەبۆچوونی وا سادە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لەبری ئەوەی کە کورد بکەینە میترایی باشترە لە خودای میترا و ئاینەکە و ڕۆڵی لە کوردستان و جیهاندا تێبگەین بە ئامانجی تێگەیشتنێکی قوڵ لە ئاین و فەرهەنگی کوردی.

**تێبینی**

-هەندێک باس لەسەر میترا لە کتێبە نوێکەمدا دانراوە و چاوەڕوان مەکەن لە کۆمێنتدا بەشداری قسەکردن بکەم لەسەر ئاینەکان. ئەو بابەتە زۆر ئاڵۆزە و لە کۆمێنتدا یەکلایی ناکرێتەوە.

# قازی محەمەد لە یادەوری (سەرکەوتن و شکستی) ئێمەدا

دکتۆر بورهان یاسین

------------------------------------

## کورد و دوانەی مێژوو و سیاسەت
## قسەیەک لە یادی ١٠ی خاکەلێوەدا

لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا، لە ٣١/٣/١٩٤٧ ، کە بە ١٠ی خاکەلێوە ناسراوە، لە مەدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان و سەیفی قازی و سەدری قازی دلێرەقانە لە سێدارە دران .

لە سێدارەدانی پێشەوا لەو رۆژەدا لە هەمان ئەو گۆرەپانی چوارچرایەی کە تیایدا کۆماری کوردستانی لە ساڵی پێشتردا (رێک لە ٢٢/١/١٩٤٦) لە لایەن پێشەواوە راگەیاندرابوو، زیاتر لە پەیامێکی لەخۆ دەگرت. بە پێی زۆربەی خوێندنەوەکان بڕیاری لە سێدارەدان لە لایەن شای ئێران وە هێزی چەکداری ئێرانەوە یەکلا کرایەوە، لەگەڵ بوونی هەندێ وردەکاری مێژوویی دیکە کە دەکرێ لە پەیوەستێکی دیکەدا باسکردنیان گرنگ بێت. یەکێک لەو وردەکاریانە کە زۆر جار وەک پرسیار دەوروژێنرێت هەڵوێستی ئەمریکیەکانە لە بڕیاری لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوەڵەکانی. لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین کە لە بەڵگەنامە و تۆمارە دیپلۆماسییەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا لە هیچ کوێیەک بەرچاو ناکەوێ کە ئەمریکیەکان پشتگیر بووبن بۆ ئەم بڕیارە، بەڵکو لە راپۆرتێکی یەکلاکەرەوە لە قونسلیەی ئەمریکی لە تەبریز کە لە ١٩ی ئەپریلی ١٩٤٧ نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتن رێک ئەوها هاتوە ئەمانە، واتە قازییەکان "گوناهیان هەر چی دەبێت، ئەمانە سەرکردەی رێزلێگیراوی گەلەکەیان بوون (From Sutton to the State Department, April 19, 1947, DSDF, 891. " لەگەڵNational Archives). ئەوەشدا رۆڵی ئەمریکییەکان، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، وە لە ئاستی جیا جیادا، لە پشتگیریکردن لە ئێران بۆ تێکشکاندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان راستییەکی حاشاهەڵنەگرە ٭.

دەکرێ ئەم رووداوە لە دوو دیدی زۆر جیاوازەوە باس بکەین و تێگەیشتنی بۆ بکەین:

١ (لە دیدی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە:

هەڵبژاردنی چوارچرا بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، واتە کۆتاییهێنان بە ژیانی پێشەوا و دوو قازیەکی دیکە، بەڵکو مەبەست لێی لەگۆرنانی خودی کۆماری کوردستان و خەونی سەربەخۆیی بوو، ئەو خەونەی خۆی لە راگەیاندنی کۆماردا، هەر لەو گۆرەپانی چوارچرایەدا، دەربڕییوو؛

٢ (لە دیدێکی کوردستانیەوە :

لە مێژوو و خەبات و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەردەوام دوو شێوازی رووداو جێگای تایبەتی خۆیان لە "یادەوەری بەکۆمەڵی " (collective memory)ی نەتەوەکاندا دەکەنەوە: ئەم دوو شێوە رووداوەش یەکێکیان چرکەساتی سەرکەوتنە، یا تەنانەت هەستکردن بە سەرکەوتن (سەرکەوتنی تەسەورکراو(imagined victory – ، وە ئەوەی دیکەشیان چرکەساتی نسکۆ و شکستە .

زۆر بە کورتی و بە چڕی: چیرۆکی کۆماری کوردستان، وە بە دیاریکراوی ئەو بەسەرهاتانەی لە گۆرەپانی چوارچرا خۆیان بەیان کردووە، ئەو چیرۆکەیە کە هەردوو شێواز لە رووداو، واتە چرکەساتی گەش و سەرکەوتن لە لایەک، وە پێچەوانەکەی واتە چرکەساتی نسکۆ و شکست لە لایەکی دیکەوە، لە هەمان تابلۆدا کۆدەکاتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان سەرکەوتن و نسکۆ جیاوازییەکی زۆر و تەنانەت دژایەتییەکی گەورە هەیە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ هەردووکیان بۆ یادەوەری بە کۆمەڵی هەر نەتەوەیەک وەک یەک گرنگن: هەردووکیان بە تەنیشت یەکەوە وە لە تێکهەڵکێشێکی ئاڵۆزدا، بە تایبەتی لە ئاگایی کۆمەڵایەتیدا، شوێنی خۆیان لەو یادەوەریە بە کۆمەڵەدا دەکەنەوە. . . ئاخر دەکرێ لە جەدەلی بەکاربردنی راست و دروستیی ئەم یادەوەرییە بە کۆمەڵە، لە قوڵایی "تێگەیشتنێکی پڕ لە ئاگایی و بەخۆداچوونەوەیەکی راستگۆیانە" لە نسکۆ و شکستدا، تۆی هەڵسانەوە و سەرکەوتن بچێنیت! جگە لە یادەوەری بە کۆمەڵ، مێژووش ئەو گێرانەوەیە کە دواجار لە پرۆسەی نەتەوەسازی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا حزورێکی گرنگ و بەهێزی هەیە.



بەبێ ئەوەی هەوڵمان دابێ لێرەدا لە ێشکالیی تیکهەڵکێشی دوو چەمکی مێژوو و یادەوەری بە کۆمەڵ نزیک ببینەوە، کەچی گرنگە لە هەمان کاتدا ئەوە بڵێین کە مێژوو و یادەوەری بە کۆمەڵ دوو کەرەسەی یەکجار گرنگن، هەڵبەتە لە تەک زۆر کەرەسەی دیکەوە، لە کار و خەباتی سازدانی ئاگایی نەتەوە، وە دواجار لە هەوڵ و کۆششی ئەو نەتەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەی دوێنێ سیاسەت بوو ئەمڕۆ مێژووە و ئەوەشی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی دەبێ مێژووە. لەم ئاوێتە بوونە فکریەی مێژوو و سیاسەت، ێیتر ئەو ئەنجامگیریەمان دەست دەکەوێت کە بەڵێ ناسیۆنالیزم (وەک ئایدیۆلۆژیا، جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی، نەخشەڕێگا و پرۆگرامی سیاسی) وە چیرۆکی نەتەوە لە هەرسێ رەهەندەکانی کات (واتە دوێنێ، ئەمڕۆ، و سبەینێ) بە توندی بەیەکەوە گرێ دەدرێن. کە واتە بە پێی ئەم بۆچوونە، بەسەرهاتی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی رووداوگەلێک نین کە لە دوێنێدا جێمابن، بەڵکو ئەم رووداوانە (لە خاڵە گەشەکانیادا، هەر وەک چۆن لە شکست و نسکۆیاندا) لە پرۆسەیەکی ئاگایی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردا حزوریان هەیە و لە سبەینێشدا ئەو حزوورەیان هەر بەردەوام دەبێت، تەنانەت بەردەوامیدان بە حزوریان لە سبەینێی نەوەکانی داهاتودا مەسەلەیکی یەکجار گرنگە .

واتە لێرەوە دەکرێ، بە واتایەکی دیکە، بڵێین چیرۆکی کۆماری کوردستان وە لەسێدارەدانی پێشەوا لە ١٩٤٧/٣/٣١، هەردوو خاڵی گەش و سەرکەوتن، یا هەر نەبێ خاڵی ەستکردن بە سەرکەوتن لە لایەک، وە شکست و نسکۆ لە لایەکی دیکەوە لەخۆ دەگرێ: ئەم چیرۆکە هەڵگری دوو دانە حاڵەتە، بەڵام لە یەک دانە شوناس و یەک دانە چیرۆکدا: شوناسی کوردبوون و چیرۆک و بەسەرهاتی کورد!

بەم واتایە، وێڕای داخکێشان بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا و دوو قازیەکی دیکە، ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە هەر وا بە ئاسانی لێنەگەڕێین ئەو بۆنەیە بەسەرماندا تێپەڕێت و بەم واتایەش ێیستەیەکی شایستە و جددی و پڕ لە ئاگایی لە رووی ئەم رووداوەدا بکەین: لە لایەکەوە، بەرز نرخاندنی خاڵی گەشی سەرکەوتن کە راگەیاندنی کۆماری کوردستان و ئەزموونی کورتی ئەم کۆمارەیە؛ لە لایەکی تریشەوە بەردەوام هەوڵدان بۆ سارێژکردنی زامەکانی مێژوو و تێپەڕاندنی فاکتەر و هۆکارەکانی زام و شکستەکان، بەر لە هەر شتێکیش ئەم زام و هۆکارانەی شکست لە ناخی خۆمان و لە ناواخن و قوڵایی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، زۆر بە تایبەتیش رەهەندی ئاگاییەوە .باس و خواسی کۆماری کوردستان، رووداوە پەیوەندیدارەکان بە چیرۆکی ئەو کۆمارەوە و بە تایبەتیش کۆتاییە تراژیدیاوییەکەی، بەردەوام دەمانخاتە بەردەم ئەرکی

پێداچوونەوەی ئەم مێژووە: ئاخر (بە لەبەرچاو گرتنی بەردەوامی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاگایی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری لە پێدراو و گۆڕاوە مێژووییەکان) بەردەوام مێژوو پێویستی بە جۆرێک لە "ئەپدێیتی" بەردەوامە، جا دەکرێ ئەم ئەپدێیتە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و بە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان بێت و لە خزمەت ئامانجی ئایدیۆلۆژییدا بێت، یا لە چوارچێوەی زانستی و بە ئامرازە زانستییەکان بێت لە خزمەت پرس و ئامانجە زانستییەکاندا!

بەم واتەیەش، پێویستە ێیمەی کورد، جا لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە یا لە هەر بەشێکی کوردستان دەبین بابین، سەردانێکی یادەوەری بە کۆمەڵی خۆمان و ئەو مێژووە بکەینەوە و ئەم پرسیارە بکەین: ئایا پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان و بەسەرهات و کۆتاییەکەی لەو یادەوەریەدا چەندە و چۆنە، ئایا چۆن دەکرێ ێیمە بە هەمان گرنگییەوە لە دوانەی خاڵی گەش و سەرکەوتن لە لایەک و شکست و نسکۆی کۆماری کوردستان بگەین، جگە لەوەش چۆن دەکرێ ئەم دوانەیە لە یەکبونێکی توکمەدا جێگای خۆی لەو ئاگاییەدا بکاتەوە، بە شێوەیەک کە ئەم ئاگاییە روو لە داهاتوو بتوانێ لە هەمان کاتتدا ببێ بەو ئامراز و پێگەو خاڵەی لێوەدەرچوونە کە ناسیۆنالیزمی پێویستیەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە تیایەتی، بەرەوە دوارۆژ و ئاسۆیێکی گەشتر و پرشنگدارتر .


دەرەنجام: ئەو گەڕانەوە و سەردانەمان لە یادەوەری بە کۆمەڵ تەنها شتێک نییە بۆ ئەوەی بزانین ئاگایی خۆمان روو لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان چەندە و چۆنە وە بە تایبەتی لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بەڵکو ئەو سەردانەمان لە یادەوەری بەکۆمەڵ لە پێناو زۆر زیاترە: یادەوەری بە کۆمەڵ دەکرێ ئامرازێکی گرنگ بێت لە رەهەندە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستاندا: ئامرازێک بێت بۆ جۆش و خرۆشدان و مۆبیلیزاکردن، ئامرازێکیش بێت لە رێکخستنی ئەوەی پێی دەگوترێ "فەزای نەتەوەیی، یا فەزای نیشتمانی." ئاخر یادەوەری بە کۆمەڵ دەتوانێ دواجار جێگایەکی گرنگ لە هێز و توانستی "مەعنەوی" هەر گەلێک پێک بهێنێ و سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو هێزە مەعنەوییە بێت: هێزێک کە دەکرێ بە "هێزی نەرم" ناوزەدی بکەین، کە لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەتەوەیەکدا دەکرێ "هێزی نەرم" هاوتای سەرچاوە مادییەکانی هێز بێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا زۆریش گرنگتر بێت!

______________________

*شایانی گوتنە کە د. عبدالرحمن قاسملو، لە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ نووسەری ئەم وتارەدا لە ستۆکهۆڵم ماوەیەکی کەم بەر لە تیرۆرکردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆچوونێک هەبووە کە گوایە ئەمریکییەکان رۆڵی خراپیان بووە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و بەلای ئەوەوە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.



# نامەیەکی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ مامۆستای کوڕەکەی



ئەبێ منداڵەکەم درکی ئەوە بکات تێکڕای مرۆڤەکان ڕاستگۆ و هاوڕێ نین، بەڵام پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر چەوتکارێکیشدا مرۆڤێکی باش هەیە.

پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر سیاسەتوانێکی خۆویستیشدا، سەرکردەیەکی جوامێر هەیە.

پێی بڵێن لە بەرامبەر هەر دوژمنێکدا دۆستێکیش هەیە.

دەزانم کاتتان لێ دەگرم، بەڵام با وا فێر بێت بە ڕەنج و کۆششی خۆی دۆلارێك پەیدا بکات باشترە لەوەی پێنج دۆلار لەسەر زەوی بدۆزێتەوە.

فێری بکەن چێژ لە سەرکەوتن بکات و پەندیش لە شکست وەربگرێت. دووری بخەنەوە لە حەسارەت و گرنگی و کاریگەری پێکەنینی فێر بکەن.

گەر دەتوانن ئاشنای بکەن بە بەهاکانی کتێب لە ژیاندا.

پێی بڵێن قووڵ بێتەوە کاتێك کە باڵندەکان دەفڕن و باڵ لێك دەدەن.


با لە دڵی ئاسمان ورد بێتەوە، ورد بێتەوە لە گوڵەکانی دەروونی باخچەکان.



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## محەمەد ساڵح ڕۆستەمزادە (نامۆ)

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید



لەدایک بووی : ١٩٦٤/٥/١٩

شوێنی لە دایک بوون : ئێران- بۆکان

شوێنی کار : هەولێر – زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری

لە ١٩٩٤- بکالۆریۆسی هونەر( وێنەکێشان ) لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاڼ تاران – بەشی شێوەکاری.

لە ٢٠٠٢- ماستێری وێنە کێشان بە پلەی نایاب لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی ئازادی تاران.

### پیشانگاکان:

- پێشانگای سەرشەقام ، هاوبەش – بۆکان-١٩٩٥/٥/١٥
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتوروهونەری بۆکان - ١٩٩٥/٧/١٢
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتور و هونەری بۆکان – ١٩٩٦/١١/٢٥
- پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی بۆکان ، بۆکان-١٩٩٧/٣/١٢
- پێشانگای تایبەت ، نوسینگەی ئەندازیاری چاوباز، بۆکان – ١٩٩٧/٩/٢٩
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتورو هونەری بۆکان- ١٩٩٨/١١/٢٣
- پێشانگای تایبەت ، گاڵری ێیرشاد، سنە- ١٩٩٨/٣/١٦
- پێشانگای تایبەت کاریکاتێرو کارتۆن ، گالێری ێیرشاد، سنە- ١٩٩٩/٧/١٣
- پێشانگای تایبەت، بۆکان- ١٩٩٩/١١/٤
- پێشانگای تایبەتی شێوەکاری، گالێری ێیرشاد، سنە- ٢٠٠٠/٤/٢٣
- پێشانگای تایبەت، (X-plastic)گالێری بەنەفشە، تاران -٢٨/ ٢٠٠١/٤
- پێشانگای هاوبەشی کارتۆن ، هۆلی عەلیزادە-بۆکان- ٢٠٠٢/٨/٣١
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر و کارتۆن، سەنتەری موکریان ، سەقز-٢٠٠٢/١١/٢
- پێشانگای تایبەت، (X-plastic)هۆڵی عەلیزادە، بۆکان- ٢٠٠٣/٣/٣٠
- پێشانگای تایبەتی ، کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە ، بۆکان- ٢٠٠٣/٨/٥
- پێشانگای هاوبەش کاریکاتێرهۆڵی عەلیزادە ، بۆکان – ٢٠٠٣/١٠/٨
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، گالێری مۆزەخانە، سلێمانی- ٢٠٠٦/٦/١٧
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، گالێری مێدیا، سەنتەری زناک- هەولێر-٢٠٠7/11/13
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، کەمپی پەنابەرانی مەخموور- ٢٠٠٨/٤/٢٢
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٨/٥/١١
- پێشانگای هاوبەش، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠٠٩/١/١
- پێشانگای تایبەت(X-plastic) ، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠10/4/20

- پێشانگای هاوبەشی پۆرترێت، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠١١/٥/١٨
- پێشانگای هاوبەش ، گالەری شانەدەر، هەولێر٢٠١١
- پێشانگای هاوبەش ، گالێری دهۆک- ٢٠١١
- پرۆژەی ئینستلێشن (سەهۆڵ و خۆشەویستی) کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٧
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت( لە هەمبەر سینەمایەکی داخراودا) هەولێر-٢٠٠٨
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت(من پەنابەرم)هۆڵی میدیای هەولێر – ٢٠٠٩
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت(پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین)هەولێر-٢٠٠٩
- بەشداری لە فێستیڤالی هونەری لەندەن- بریتانیا بە ڤیدیۆی پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین ٢٠١٠.
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (خێوەتێک لە وشە)پارکی شانەدەر- هەولێر-٢٠١٠
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (نەفت و خوێن) گالێری مێرگ هەولێر-٢٠١٣
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، هۆڵی هونەری شێوەکاری- میدیا، هەولێر-٢٠١٣/١٢/٢٣
- پێشانگای هاوبەش دەگەڵ هونەرمەندی فرەنسی کلێر ئارتور، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠١٥/٣/١٧
- پێشانگای هاوبەشی مامۆستایانی کۆلێژی هونەر، هەولێر- ٢٠١٥/٤/١٦
- پێشانگای هاوبەش لە خولی١٣-ی گالەری دهۆک- دهۆک- ٩- ٢٠١٦/٣/١٠

چالاکی:

- ئەندامی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان ، هەولێر
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ، هەولێر
- پتر لە ٢٠ سیمیناری هونەری هونەرییم بووە

**کتێبی چاپکراو:**

- کتێبی کاریکاتێر (وە...ئیستاش مرۆڤ)، دەزگای تاو-٢٠٠٩
- کتێبی هونەر و تێکنۆلۆژی، دەزگای مۆکریان-٢٠١٢

**کتێبی ئامادەی چاپ**

- شانۆ لە یۆنان و رۆما –لە فارسیەوە بۆ کوردی
- کۆمپۆزیسیۆن (دارشتن) – لە فارسیەوە بۆ کوردی
















# چیرۆکی دادگاییکردن و لەسێدارەدانی قازی محەمەد

**پەیسەر**

دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور بە روسیا رێککەوتن، قازی محەمەد بەرپرسانی کۆمار و سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و هەندێک لە پیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەتەکانی کۆکردەوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر خەریکی هەڵسەنگاندنی دواین گۆڕانکارییەکان بوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کۆماری کوردستانیش هاوشێوەی کۆماری ئازەربایجان لە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بکەوێتە دانوستانەوە، قازی محەمەدیش ئەم ئەنجامەی پێ باش بوو و سەبارەت بەمە وتبووی:

" ئێمەی کورد هەرگیز خوازیاری شەڕ نەبووین، بەڵام هەمیشە داگیرکەران شەڕیان بە سەردا سەپاندووین. ئێستا کە کاربەدەستانی تاران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کێشەکە لە رێی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، ئێمە نەک هەر رازین بەڵکوو سپاسیشیان دەکەین، ئێمە نوێنەرانی خۆمان دەنێرینە تاران، تاکە داخوازی ئێمە خودموختاریی ( ئۆتۆنۆمی)یە بۆ کوردستان، ئەگەر حکومەتی تاران مافەکانی ئێمەی پەسەند کرد، ئەوا ئێمەش رازین. تورکەکانی تەورێز لە ئێمە بەهێزتر بوون و هێزی سەربازیشیان زیاتر بوو، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوانی ناچار کرد کە بەر لە ئێمە لەگەڵ تاران بکەونە دانوستانەوە. ئەگەر ئێمەی کورد وەک ئەوان نەکەین و درێژە بە شەڕ بدەین، نەک هەر کەس پشتگیریمان ناکات، بەڵکوو دۆستەکانیشمان لێ دەبنە دوژمن".

شاندی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد هاوکات لەگەڵ شاندی ئازەربایجان گەیشتە تاران و لەگەڵ کاربەدەستانی تاران کەوتنە دانووستانەوە، کاربەدەستانی تاران زۆر زیرەکانە ڕەفتاریان دەکرد، قازی محەمەد بەمەی زانیبوو، بەڵام چاری ناچار بوو و نەیدەتوانی دژایەتی ویستی سۆڤییەت بکات، رووسەکان لەگەڵ ئەحمەد قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێران لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لە ئێران رێک کەوتبوون و لە بەرانبەردا بەڵێنی پێدانی نەوتی باکووریان لە قەوام وەرگرتبوو و هەندێک بەڵێنی درۆشیان بە نوێنەرانی کورد و تورک دابوو.

هەرچەندە بە وتەی عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری لە کتێبی " یاداشتەکانمدا" قازی محەمەد پێیوابوو کە رووسەکان لەگەڵ سەرۆک وەزیران ناگەنە هیچ ئەنجامێک و لە کۆتاییدا تێدەگەن هەڵەیان کردووە و دەگەڕێنەوە لای کۆماری کوردستان، بەڵام ئەحمەد قەوام لەگەڵ رووسەکان رێککەوتن و لە چوارچێوەی ئەم رێککەوتنەشدا لە ئەیلوولی ١٩٤٦ یەکێتی سۆڤییەت هێزەکانی خۆی لە ئێران کشاندەوە و لە راگەیەنراوێکدا بەمجۆرەماڵئاواییان کرد:

" برایانی بەرێزی کورد و تورک، وەک ئێوەش دەزانن رووسیا هەردەم پشتیوانی گەلانی زوڵم لێکراو و چەوساوەی جیهان بووە و دەبێت، ئێمە هاتینە ئازەربایجان و کوردستان و لە هیچ بوارێکدا درێخیمان لە خەڵکی ئەم ناوچانە نەکرد و یارمەتیمان دان، ئێستاش بەرژەوەندی ئێران و رووسیا لەوەدایە کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران بهێنینە دەرەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی سپاسی ئێوە بکەین."

دوای ئەم رووداوە سوپای ئێران لە تارانەوە کەوتەرێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئازەربایجان، کۆماری ئازەربایجان لە حکومەتی کوردستان بەهێزتر بوو و پێشبینی نەدەکرا سوپای ئێران بە ئاسانی بتوانێت بە سەر ئازەربایجاندا زاڵ ببێت، هێزەکانی ئازەربایجان لە بەرامبەر هێزەکانی تاران خۆڕاگرییان دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە بۆ تەورێز، لە دەوروبەری تەورێزیش هەندێک شەڕ کرا، بەڵام دواجار سوپای ئێران توانی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ تەورێز کۆنترۆڵ بکات و حکومەتی ئازەربایجان بڕوخێنێت.

مامۆستا هێمنی شاعیر سەبارەت بەم رووداوە نووسیویەتی: " سوپای ئازەربایجان بە چەک و چۆڵ و فەرماندەی بەرجەستەوە بە خێرایی تەسلیم بوون، کاربەدەستانی سوپای ئازاربایجان رایانکرد و کەسایەتییە ناودارەکانی تەورێز لەگەڵ خەڵک چوون بە پێشوازی سوپای ئێرانەوە."

هەواڵی کەوتنی ئازەربایجان رۆژی دواتر گەیشتە مەهاباد و دۆخی مهاباد شڵەژا، کاربەدەستانی کۆمار لە ماڵی قازی محەمەد کۆبوونەوە و ئەنجومەنی جەنگیان دروست کرد و بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی تارانیان دا، بەڵام رۆژێک دواتر بڕیارەکە گۆڕا، ئەندامانی حیزب و کۆماری کوردستان پێیان وابوو لە کاتێکدا هێزەکانی




کۆماری ئازەربایجان بەو هەموو چەک و چۆڵەوە نەیانتوانیوە بەرەنگاری سوپای تاران بینەوە، ئەی چۆن کۆماری کوردستان بتوانێت بە هێز و چەکوچۆڵی زۆر کەمترەوە بەرەنگاری سوپا ببێتەوە؟ کەس لەم شەڕەدا پشتگیری لە کورد ناکات .

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات داوایان لە قازی محەمەد کرد لە مهاباد بڕوات و ڕوو بکاتە عێراق یان ڕووسیا و خۆی ڕزگار بکات، بەڵام قازی ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و وتی: " ئەگەر من لە مهاباد بچمە دەرەوە، حکومەتی تاران تا دوا ڕادە ڕق و قینی خۆی بەسەر خەڵکی کوردا دەڕژێنێت"...

دوابەدوای ئەمە قازی محەمەد فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی لە دژی سوپای ئێران دەرکرد، دەقی فەرمانەکە بەم شێوەیەبوو:

"برایانی بەڕێز پاش ڕێز و سلاو پێتان ڕادەگەیەنین سوپای ئێران گەیشتووەتە تەورێز و حکومەتەکەی پیشەوەری بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ ڕووخاوە. ئێمەش پاش شرۆڤەکردنی دۆخەکە بڕیارمان دا شەڕ نەکەین و پێشوازی لە سوپای ئێران بکەین، تکاتان لێ دەکەم ئەوەی کە عێراقییە با بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئێرانییەکانیش با خۆیان ڕادەستی نزیکترین بنکەی هێزەکانی ئێران بکەن."

دۆخی مهاباد بە تەواوی ئاڵۆزبوو، ڕق و تورەیی شاری داگرتبوو، خەڵک لە ماڵەکانیاندا خەریکی شاردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانیان بوون، نووسراوە کوردییەکانیان دەشاردەوە و وێنەکانی ستالینیان دەدڕاند، مەلا مستەفا بارزانی ١٦ی کانوونی یەکەم چووە ماڵی قازی محەمەد و داوای لێکرد پێکەوە مهاباد جێ بهێڵن، بەڵام قازی وتبووی هەرگیز شار جێ ناهێڵێت .

قازی چەند جارێک قسەی بۆ خەڵک کرد و دۆخەکەی بۆ شرۆڤە کردن و هەموو جارێکیش جەختی لەوە کردەوە کە " من دەزانم و دەڵێم ئێرەش وەک تەورێزی بەسەر دێت و تووشی نەهامەتی و کوشت و کوشتار و تاڵان دەبێت. لەوانەیە من بگرن و ئێعدامم بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شەرەف و کەرامەتی خەڵک پارێزراو بێت من شار چۆڵ ناکەم و خۆم فیدای خەڵکەکەم دەکەم."

ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم سوپای ئێران لە ڕێی بۆکانەوە گەیشتە مهاباد، قازی محەمەد و حاجی بابە شێخ و وەزیر جەنگ و بەشێکی بەرپرسانی کۆمار چوونە پێشوازیان، بەمجۆرە سوپای ئێران دوای یازدە مانگ لە دامەزراندنی کۆمار، مەهابادی داگیر کردەوە و کۆتایی بە کۆماری کوردستان هێنا، قازی محەمەد و هەندێک لە بەرپرسانی کۆمار دەستگیرکران، سەدری قازی کە ئەوکات لە تاران بوو هەر لەوێ دەستبەسەر کرا و هێنرایەوە بۆ مهاباد.

ڕۆژێک بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەمریکا لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای ئێران لە زیندان سەردانی قازی محەمەد دەکەن، بەرپرسە ئەمریکییەکە بە قازی دەڵێت ئەگەر کێشەی کورد بە پێی سیاسەتی ئەمریکا دابڕێژیتەوە و لە ناو خەڵکی کوردا بانگەشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا بکەیت، ئەوا لە مردن ڕزگارت دەکەین، بەڵام قازی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: " من ناتوانم خەیانەت لە میللەتەکەم بکەم، لەو ڕێگەی گرتوومەتە بەر پاشگەز نابمەوە."

### دادگایی کردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی

لەگەڵ ڕووخانی کۆمار، قازی و هاوڕێیانی خرانە بەندیخانەوە، و ڕووداوی دادگایی کردنی قازییەکان بووە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی دادگا نوێیەکانی ئێران، دادگای سەرەتایی بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارستەبار و بە بەشداری سەرهەنگ فیووزی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک تاوان درابووە پاڵ قازی محەمەد لەوانە: دامەزراندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لەبەرکردنی بەرگی ژەنەراڵی، گۆڕینی ئاڵای ئێران و سڕینەوەی شێر و خۆرەکەی ناو ئاڵاکە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازانی سوپا، کۆبوونەوە لەگەڵ

بێگانە، سەردانکردنی باکۆ، بەڵێنی پێدانی نەوت بە وڵاتانی دیکە، بەڵگەکانی دادگاش تەنیا بریتیبوون لە هەندێک هەواڵ و راپۆرتی ناو ڕۆژنامەکان.

قازی محەمەد هەر لە سەرەتاوە شەرعییەتی دادگای خستبووە ژێر پرسیارەوە و وتبووی دادگایەکی سەربازی بۆی نییە ئەوان دادگایی بکات، بەڵام هیچ گرنگیان بە ڕەخنەکانی قازی محەمەد نەدا، چونکە بەپێی هەندێک سەرچاوە بڕیاری پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سێ پێشوەختە هەبوو بۆ سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر قازییەکاندا، تەنانەت ڕێگەیان نەدا قازی محەمەد و هاوڕێکانی پارێزەریان هەبێت. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا دادگا سزای سێدارەی بە سەر قازییەکاندا سەپاند.

ڕۆژی ٢٨ی مارس دادگای پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتایی و بە بەشداری سەرهەنگ نکوزاد و سەروان سۆڵحجوو و سەروان نەبەوی بەڕێوەچوو و هەمان تاوانەکانی پێشوو خرایەوە پاڵیان.

بە پێی ڕاپۆرتێکی کەیومەرس ساڵح، پەیامنێری گۆڤاری مانگانەی ئەرتەش کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو و دواتر وەک ڕاپۆرتێک ڕەوتی دادگایی کردنەکەی بڵاو کردووەتەوە؛ قازی محەمەد لە بەرانبەر سەرجەم ئەو تاوانانەی درابوونە پاڵی، چەندین کاتژمێر زۆر بوێرانە بەرگری لە خۆی و هاوڕێیانی کرد و وتبووی: " گیانی من، وڵاتی من و نەتەوەی من کوردە، چۆنتان پێخۆشە لەگەڵم ڕەفتار بکەن، بەڵام میللەتەکەم ئازار مەدەن". لە بەرگریکردنەکەیدا هەوڵێکی زۆری دابوو کە خۆی هەموو تاوانەکە لە ئەستۆ بگرێت و هاوڕێکانی ڕزگار بکات.

چیرۆکی ئەفسانەیی دادگایی کردنی قازی محەمەد هەرچەند کورت بوو، بەڵام لە مێژوودا کەم وێنە بوو، ناوەڕۆکی دادگاییکردنەکە لە ئەرشیفی سوپای ئێراندا بە شاراوەیی مایەوە، تەنیا هەندێک زانیاری سنووردار و سانسۆرکراو بڵاو دەکرایەوە، سەرچاوەیەکی دزەکردنی دەنگوباسی دادگاکە سەروان شەریفی بوو کە خۆی لە دانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوو.

ڕۆژێک ئەم ئەفسەرە دەچێتە ماڵی قازییەکان و بە دڵتەنگییەوە باسی قازی دەکات و دەڵێت: " بەڕاستی حەیف بۆ ئەم پیاوە، حەیف بۆ ئەم کەسایەتییە گەورەیە، دوێنێ لە دادگا بە بێ هیچ نووسراوەیەک چوار سەعاتی ڕەبەق بەرگری لە خۆی کرد و ئەندامانی دادگای تووشی سەرسووڕمان کرد، ئەو زیاتر لە ئەندامانی دادگا شارەزای یاساکانی ئێرانی بوو و سەبارەت بە دۆخی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش لە هەمووان شارەزاتر بوو، لە ڕاستیدا قازی محەمەد دادگاکەی دادگایی کرد."

نەجەفقولی پوسیان، مێژوونووسی ئێرانی بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی ڕووسیا نووسیویەتی: " قازی محەمەد لەکاتی بەرگریکردن لە خۆی و هاوڕێکانیدا بە توندی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەتی تاران گرت و وتی تاوانباری سەرەکی کاربەدەستانی ڕژێمن نەک ئێمە، ئەوە ئێوەن کە وڵاتی ئێمەتان داگیر کردووە، لە بری ئەوەی ئێوە دادگایی بکرێن، کەچی هاتوون لە ماڵی خۆماندا دادگاییمان دەکەن، سەرپاکی ئەم ڕووداوانە دەرەنجامی زوڵمی کاربەدەستانی داگیرکەری حکومەتە، ئەگەر ئێوە میللەتی کورد بە خائین دەزانن، ئەوا وازبێنن لە کوردستان، ئەگەر پێشتان وایە کورد وڵاتپارێزن، لێیانگەڕێن با خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەن."

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان قازی محەمەد لە ڕەوتی دادگایی کردنەکەیدا، بە بوێری و ئازایەتییەوە بەرگری لە خۆی کردووە، ئەمەش بەرپرسانی ئێرانی نیگەران کردبوو، لە ئەنجامدا دادگای سەربازی لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧دا سزای لەسێدارەدانی بەسەریاندا سەپاند و بەرپرسانی سوپا چەند کاتژمێرێک دواتر بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد.

قازییەکان لە زینداندا چاوەڕێی بڕیاری دادگا بوون و ئاگادارنەبوون شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی مارس کۆتا شەوی ژیانیان دەبێت و کاتێک خەڵکی شار دەخەون لە مەیدانی چوارچرا هەر ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا ڕاگەیەنرا لەسێدارە دەدرێن. هێشتا مەرکەبی بڕیارەکە وشک نەبیووەوە کە کەسێک خۆی بە ژووری زینداندا کرد و وتی خۆتان ئامادە کەن بڕیارە بتانبەن بۆ تاران، ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، یەکتریان لە ئامێز گرت و بارانی ماچیان بە سەر یەکدا باراند.

قازی محەمەد خۆی ئامادە کرد، سواری ئۆتۆمبیلێکی ئەمریکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاران بکەوێتەڕێ، بەرەو مەیدانی چوارچرا ڕۆیشت، لەوێ بەڵام قازییان دابەزاند و بردیانە ژوورێکەوە. لەو کاتەدابوو کە قازی محەمەد تێگەیشت درۆیان لەگەڵ کردوون.

مەلا سدیق ناوێک لە پشت مێزێک دانیشتبوو و قورئانێکی لەبەردەستدا بوو، بەرپرسی تەندروستی واتا سەرهەنگ نکوزاد بریاری دادگای خوێندەوە و وتی هەر ئێستا بریارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەر داواکاری و وەسیەتێکت هەیە بیڵێ، قازی وەسیەتی کرد و مەلا سەدیق دەینووسیەوە، هەندێک لە سامانەکەی بۆ دروستکردنی کتێبخانە، نەخۆشخانە و مزگەوت تەرخان کرد، ئامۆژگاری کوردانی کرد بۆ ژیانی بێبایەخی ئەم دونیایە خۆیان بە دوژمن مەفرۆشن... وتی لەگەڵ نەتەوەکەم پەیمانم بەستووە لە ناویاندا بژیم و لە پێناویاندا بمرم، هەرگیز ئامادە نیم ئەم پەیمانە بشکێنم...

ئەگەر لە رێی ئازادیی میللەتەکەمدا بکوژرێم... ئەوا شانازی بە وەها مەرگێکەوە دەکەم... من لە مێژە خۆم بۆ ئەم رۆژە ئامادە کردووە... لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەیدا وتی: سەرەرای ئەو هێز و دەرفەتەی لە بەردەستم بوو، شەڕ و کوشتارم بە باش نەزانی، ئامانجی من ئەوە بوو کە مهاباد وێران نەکرێت و میللەتەکەم تووشی نەهامەتی نەبێت، هەر بۆیە وام بە باش زانی شەڕ نەکەین و باشتر ئەوە بوو کە شار چۆڵ نەکەم و لەجیاتی ئەوەی خەڵک سزا بدرێن من هەمووی لە ئەستۆ دەگرم و خۆم فیدای میللەتەکەم دەکەم...

دوای تەواوبوونی وەسیەتەکەی داوای کرد بهێڵن نوێژ بکات، دوو سەعات خەریکی دۆعا و نزا بوو. حاکمی سەربازی پەلەی بوو زووتر سزاکە جێبەجێ بکرێت، کاتژمێر ٣ی نیوەشەو بوو لە دەرگای پشتەوە بردیانە دەرەوە، کاتێک چاوی بە سێدارە کەوت وتی: " سێدارە لە ئیسلامدا مەکروهە، باشتر وایە تیربارانم بکەن"، بەڵام داواکارییەکەیان قبوڵ نەکرد.


بەمجۆرە لە کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لەسێدارەدرا، کاتژمێرێک دواتر سەیفی قازیش هەر بەم شێوەیە لە سێدارە دا، دەڵێن کاتێک سەیفی قازی جەنازەی قازی محەمەدی بە سەر پەتی سێدارەوە بینی، هێرشی کردە سەر جەلادەکان و هاواری دەکرد: " بژی پێشەوا، بژی سەربەخۆیی و ئازادی گەلی کورد و کوردستان"، لە دوای سەیفی قازی، سەدری قازیش هەر بەم شێوەیە لەسێدارە درا. بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵاتن خەڵکی شار لە مەیدانی چوارچرا جەنازەی قازییەکان بە پەتی سێدارەوە بینی ، خەم و پەژارە شاری داپۆشی، مامۆستا هێمنی شاعیر بەمجۆرە رووداوەکە دەگێرێتەوە: " ئەو رووداوە تاڵ و خەمناکە، دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەفی هێنایە دڵی من، ژان و ئازارێک کە قەت خۆش نەبووەوە و تا مردن ئەم ئازارەم دەر لەگەڵە."

دکتۆر قاسملوو سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەمەد دەڵێت: " قازی محەمەد گوڵێک بوو لە بیاباندا ڕووابوو، لە میللەتەکەی دوور نەکەوتەوە، بە قوڵی درکی بە ئازار و مەینەتی و کوێرەوەری و هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەی کردبوو، لە دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەو ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بێ هۆ نەبوو کە لای خەڵکی کورد ئەوەندە جێی ڕێز و خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کوردا نازناوی "پێشەوا"یان بە قازی محەمەد بەخشیبوو."



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## شەهیدی سەرکردە کاک عبدالرزاق



**ئامادەکردنی: مەلا شاخی**

ئەگەرچی هەڤاڵ عەبدالرزاق لەنێوخزمانی خۆمان لە گوندەکانی )یۆمەرگومەت(و)مەرزیخە(ی ناوچەی )شێخ بزێنی )تەمەنی منالی ولاوی بەسەربردبوو، بەلام لەوسەردەمەدا یەکترمان نەدەناسی ..یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٣ لەکەرکوک یەکترمان ناسی .هەر هەمان ساڵ لەرێگای ئەوەوە لە )ئوتێل ئاشتی )لە پاڵ بانکی رافیدەین کەدەکەوتە بەرانبەر( چایخانەی مجیدیە( رێبازی )کۆمەڵە(م ناسی.

کاک عەبدولرەزاق لەکاری رێخراوەیی و پێشمەرگایەتی دا نموونەی دڵسۆزی و ئازایەتی و جوامێری بوو لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا

هەمیشە وەک سەرکردەو فەرماندەجێی ئومێدی کەرکوکیەکان و هەولێرییەکان و هەموو دڵسۆزانی(ی.ن.ک)بوو.

لە رۆژی ٢٨-٣-١٩٩١ لە-(باجوان)ی رۆژئاوای کەرکوک لە بەرگرییەکی قارەمانانەدا گەیشتە کاروانی شەهیدان روحی شاد

*ژیاننامەی شەهید ـ عبدالله محمد عمر ناسراوبە (عبدالرزاق (

ـ ساڵی 1948لەگوندی(یۆمرگومەت( ناحیەی(سێگردکان)لە دایک بووە .

ـ سەرەتا لەگوندی (مەرزیخە (لەلای باوکی (قورئان و ئەحمەدی)دەخوێنێ ..

دواتر دەچێتە (هەولێر)و لە قوتابخانەی ئاینی دەست بە خوێندن دەکات، ـ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات..

-ساڵی 1967 بۆدرێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری کەرکوک ـ قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات ..بەلام شانبەشانی خوێندن بۆ دابینکردنی بژێوی لەناو(فندق سلام)کە دەکەوتە تەنیشت بانکی رافیدین .چایخەنەیەک دادەنێت ..لێرەوە دەست بەکاری سیاسی دەکاتەوە.

ئەوهاورێیانەی هاتووچۆیان دەکردو بە بیروباوری (کۆمەڵە) ئاشنابوون بریتی بوون لە:

)عەلی بچکۆل‌فەریدون عبدالقادر، ناسیحە سوورمەلاشاخی(... جگە لەم هەڤالانە سەرەوە بەهۆی نزیکی لەگەل شەهید )مامۆستاقادرمەلاعومەر گومبەتی (کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبوو.

ـ شەهید عبدالرزاق لەسەرەتای لاویتییەوە پەیوەندی کردبووبە(پارتی)یەوە وەیەکێک بوو بوو لە لایەنگرانی باڵی (م.س .(

-ساڵی 1974 پەیوەندی کردبوو بە شۆرشی ئەیلوول و – دەبێتەپێشمەرگە.. لە گەریان و شارەزوور..

-دوای نسکۆی1975 دەگەرێتەوە کەرکوک و هەولێر .بە نهێنی درێژە دەدا بەکاری سیاسی لەناو(کۆمەڵە)دا.

-ساڵی 1976لەگەڵ(شوکریەخان (هاوسەرگیری دەکات و خێزان پێکەوە دەنێ ..ـ دەست بە کار وکاسبی دەکات.

-ماڵەکەی دەبێتە مەکۆی کاری نهێنی بۆ) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (

-ساڵی 1977 بەهۆی ئاشکرابوونی چەند هەڤاڵێکی دوای(اعتراف)کردن لەسەری لە شارۆچکەی مەخموور دەسگیر دەکرێ، نۆمانگ بێ سەرشوێن دەبێت .پاشان هەواڵی دەزانن کە

لە(هێەی خاصە)ی کەرکوکە ..دوای ئەوەی چەند هەڤاڵێکی لەسێدارە دەدرێن، بەهۆی خۆڕاگرییەوە لەژێر ئازاروئەشکەنجە و ..هیچ نەدرکاندنی.. ماوەی(10) ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوەو ڕەوانەی (ابوغریب)ی دەکەن.

لەکۆتایی ساڵی1979 بەهۆی لێبووردنی گشتی یەوە ئازاد دەکرێت .

ـ دوای گەڕانەوەی بۆ(هەولێر (بێ گوێدانە چاودێریکردنی لەلایەن سیخوڕەکانی ڕژێمەوە، ژیرانە درێژە دەداتەوە بە کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتی بەشێک لەڕێکخستنەکانی هەولێر دەکات.

ـ شەهید لەساڵی1984 لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە دەچێتە شاخ و دەکرێتە بەرپرسی )ڕێکخراوی 2 ی هەولێر (

کە بارەگاکەی لە گوندی(توتمێ)ی خۆشناوەتی بوو..

ـ ساڵی1988 لەدوای ئەنفالەکان لەکاتی پاشەکشێکردنی(ە.پ.ک( بۆ سەرسنوورەکانی یێران،، بەخێزانەوە لەشاری (مەهاباد( دەگیرسێنەوە..

لەکاتی شەهید بوونی خێزان ومناڵەکانی هەر لەوێ مابوون و ( 20) ڕۆژ دوای شەهید بوونی هەواڵیان زانی بوو..

-شەهید چوار جگەرگۆشەی بۆ نیشتمان بەجێهێشتووە : )هەڵمەت،تارا،تۆڵە،ئالان(

-بەداخەوە لە ڕۆژی 28\3\1991لە گوندی(باجوان( لەنزیک کۆمپانیای نەوتی کەرکوک شەهید کرا..

-پاش گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێم لە نیسانی1991 تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی(دارەتوو)ی هەولێر ..هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی






شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجە و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوە
کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

شێرکۆ بێکەس

# ساڵیادی شەهید مەلا ئاراس

## 11 – 4 – 1987




**ئامادەکردنی: مەلا شاخی**

شەهید( مەلائاراس (شــۆڕەســــوارەکەی کرکوک و گەرمیان و شوان و شێخ بزێنی و ساڵەیی...شەهید (مەلائاراس (لە خانەوادە و بنەماڵەیەکی کوردپەروەر ودڵسۆزی گەل وخاک و نیشتیمان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕێبازی خوێندنگەکەی مـام بوو ـ لەگوندی (تولکی (لە ناوچەی شێخ بزێنی چاوی بەژیان هەڵهێنابوو ، یەکێک بوو لەفەرماندە هەرە ئازاوچاونەترسەکانی شۆڕشی نوێ، ـ لەناو جەماوەریش پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، دەم بەخەندەو ڕووخۆش بوو، شۆڕەسـوارەکەی گەرمیان بوو، فەرماندەیەکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ و قسەخۆش بوو ، لەقسەو گوتاردا نەرم ونیان وئارام بوو ، ئەگەرچی شەهید(مەلائاراس (لەقوتابخانە نەیخوێندبوو .. لەحوجرەی فەقیەتی خوێندبووی بەڵام هێندە هزر وبیر تیژ و هۆشمەند وبەسەلیقە بوو، شەهید پیرەو پرۆگرام و ڕێباز وبیرو باوەڕی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی لەناخدابوو ..بۆیە مرۆڤدۆست بوو ڕێزی لەهەموو مرۆڤێک دەگرت .جگە لـە دیکتاتۆر وزۆردار و خائین وخۆفرۆشان ..خۆشەویستی ئەو بۆ خەلک و شۆڕش و کوردایەتی وهەژاران ..خۆشەویستیەکی جیاوازو خۆنەویستانەبوو،

لەسـەر دەستی ئەو کۆمەڵێک فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان و ئازاو دڵسۆز پێگەیشتن ، بەشێکی زۆریان گەیشتە کاروانی نەمران و شەهیدبوون، بەشێکی تریان ئێستا کلدرو فەرماندەی پێشکەوتووی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ن و هەمان ڕێبازی هەڤاڵانی شەهیدەکانیان درێژە پێ دەدەن .

ـ تیپی (21) ی کرکوک یەکێک لە تیپە هەرە ئازاکانی ئەوێ ڕۆژێ بوو، بەسەدان چالاکی و نەبەردی ئەنجام داوەهیچ لوتکەو شاخێ ، پێدەشتێ،گوندو شارێ نەمابوو چالاکی تیادا نەنجام نەدات و خوێنی پێ نەبەخشێ ، دەیان فەرماندەی شەهیدو سەدان پێشمەرگەی شەهید.. گەواهی ئەوێ ڕۆژێن . یەکێک لەو تیپانەبوو کە زۆرترین فەرماندەی شەهید بوون.

ژیاننامەی شەهید

ـ ناوی تەواو : حەمەزیاد مغریب

ـ ناسراو بە : مەلائاراس

ـ ساڵی لەدایک بوون(1960/7/1

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی تولکی شێخ بزێنی سەربەناحیەی شوان.

ـ ئاستی خوێندن : لەحوجرە فەقیەتی خوێندبووی

ـ باری خێزان : خێزاندار بوو.

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: (1977(

ـ لایەنی سیاسی : یەکێتی نیشتمانی کوردستان )کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: (1979(

ـ ئۆرگان: ناوچەی سەرکردایەتی . ـ لەساڵی (1982)کرا بەفەرماندەی کەرتی(1)ی ساڵەیی. هەمان ساڵ بە فەرماندەی کەرتی(4)ی خاڵخاڵان .

ـ لەساڵی(1983)لەبەرئازایەتی.. بووبەجێگری فەرماندی تیپی( 86)ی دەشتی هەولێر.

ـ لەساڵی 1984 بوو بە فەرماندەی تیپی(99)ی بتوێن. لەکۆتایی هەمان ساڵ بووبە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی 3 ی هەولێر.

ـ لەساڵی (1985)بوو بە فەرماندەی تیپی(21)ی کرکوک.

ـ هەر ئەوساڵە لەپاڵ ئەوە بۆ ماوەیەک سەرپەرشتیاری تیپی25 ی خاڵخاڵان یش بوو.

ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی دا بەشداری ژمارەیەکی زۆر شەڕو نەبەردی کردووە لەوانە :

شەڕەکانی(مۆردخواردەی سەروو و شیوەسور و گۆپتەپە و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پشتیوانی لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات ساڵی 1982 و دابان وهەلاج و قەیوان ماوەت و لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک و مەعمەل قیرەکەی چەمچەماڵ و شەڕی گردەسۆر و شەری بێتواتە........هتد

ـ شەهید مەلا ئاراس (13)جاران بریندار بوو .

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی (355)وردە ساچمە لەجەستەی دا بوو.

ـ زۆر بەداخەوە لەساڵی(11/4/1987 ) لە کاتژمێر 4ی عەسر لەگوندی مەرزیخەی ناوچەی شێخ بزێنی بەموشەکێکی فڕۆکەی پیلاتۆز شەهید بوو.

ـ بۆ مێژوو شەهید (مەلا ئاراس )یەکێک بوو لەو فەرماندە چاونەترسانەی هەرگیزحسابی بۆدوژمن نەدەکرد، کەسایتیەکی بەسەنگ و

کۆمەلایەتیەکی فراوانی هەبوو، لەگەل پێشمەرگەو جەماوەردا .

هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی بەرزەفڕی ڕووحی شـــادبێ.

## داستانی ڕزگاری

**شیعری/شاخی**

**بۆ/شەهیدی نەمر حەمەزیاد مەغریب (مەلا ئاراس)**

ڕێچکە بە ستن!...
یەک یەک،دوو دوو.
ڕێگا ببڕن دەی کاکە زوو،
کەرت کەرت ،تیپ تیپ...
بەرێ کەوتین.
لەسەد..ئاسۆگە سەرکەوتین.
لە( دابان)ەوە دەرکەوتین.
هەنگاو هەنگاوکە وتینە ڕێ.
بۆتۆماری داستانی نوێ.
تا مزگێنی بگەیەنین ،
بە گوێچکەی خەڵکی شارو دێ.
لەو کاروانی سەروەری یە...
کە خێڵمان چوو بەرەو کوێستان.
چاومان گێڕاهەتا ژیلوان .
دیار نەبووی؟!!.
کەرێبواری،
دەهاتەسەری لەخواری.
ڕێمان دەگرت بۆ پرسیاری....
وەلامەکان..
بەئاشکراو بەنهێنی
هەرئەوەبوون ،
کە تۆ کەنەفتی برینی.
بروسکەی ئاسمان وزەوی
بەرێ کران:
هاورێ ...لەخواری نەمێنی.!
لە شارباژێڕ تا قەرەچوخ
لە شێروانە وە تا کاروخ.
کات وشوێنی دیاری کراو
چاوەرێ بوون.
شەوهات، ڕۆژهات..
تۆ نەهاتی ،
هەرخۆت مابووی
لە(شێخ بزێنی ).

* * *

مێژوو لەخاکی(بابان)دا
داستانی وای نەنووسیوە.
شاری هەڵمەت وقوربانی....
قەت ..نەبەردی وای نەدیووە.
هەر ئەوشەوە
لە(ئەزمەڕ)ەوە تا(گۆڵێ...)،
بەردی ...داری.
بۆسەندنەوەی خوێنی شەهید..
لەگەڵ پێشمەرگە بەشدار بوون،
لەمەیدانی فیداکاری.

بەڵام سەد داخ ومخابن ...
کەلێنی ئێوە هەر دیار بوو،
لەنێو داستانی رزگاری ۰
ئای لەو شەوە...
لەسەر(دووبرا).
لەو کەڵکەدا(امام برایم )
شەهیدکرا.
دەنگێ وتی:
چۆن چۆن ئاراس بەجێ ماوە؟.
بۆبەیانی ،
کاتێ تەتەرگەیشتەجێ
لەنامەیەک داهاتبوو:
لە( شەوگێڕا ) ی شەهیداندا
لەپاڵ(هەمزە)و(مەلاجەوهەر)
دوا سەنگەرت بۆلێدراوە.
دەپێم بڵێ،
کەی ئێستاوەرزی کۆچت بوو،
بۆ..نامەی ماڵئاواییت نەنارد؟.
بۆ بێ پرس بەجێت هێشتین ؟؟
کێ شک دەبەم ،
خۆکەسیی کەم نایەتەیاد.
تۆ رۆیشتی...
سەفەرت خێر
ئەی هاوڕێ ی لەدڵاشیرین ۰
من دڵنیام..
خۆ جاری تر ناتبینمەوە،
مەگەر لەخەودا بتبینم.
بەڵێن دەدەم ..لەپاش مەرگت..
دۆستانت فەرامۆش نەکەم.
گڕی بڕوات خامۆش نەکەم.
لەجیاتی تۆ..
تێرچاودەبڕمە نێوچاوی،
(بنارا)و کاکە(ئاراسن).
با هەژارانی گەلەکەم دەڵێم ،



پۆستەری تۆ و مامەڕیشە....
بەبرژانگی چاوەکانما هەڵبواسن.
هەردوو دیوی مەدالیاکەم ،
دوو وێنەی ئێوەی لێ دەدەم ،
تا گەورەو بچووک بیبینن،
دوو ( گیڤارا ) ی کورد بناسن.
ئەوا ئێستا لە پشتی(هەناران)ەوە.
لەداوێنی(قزلەر)اەوە
لەژێررەحمەتی کیمیاوی و
بەدیارغەمی یارانەوە.
روو دەکەمە زەحمەتکێشان:...
دەست لەنێو دەست ،
دەراپەڕن.!...
دوژمنانمان ..ورن،کاسن.
ئەگەر ئێوە یەکگرتوو بن،
بۆدڕکی چاوی ناحەزان...
هەمووتان(ریشە)و(ئاراس )
نیسانی1987
هەناران
*

## چراکەی کەرکوک

شیعری/شاخی

لەهەوارێکی خاڵی دا
تۆ چرا قوتیلەیەک بوویت
کەداگیرسای....
لە(حوجرە)یەک جێت نەبووەوە
بوویت بەتیشک
بۆ کەرکوک و باباگوڕگوڕ
لە سنووری کۆمیتەیەک
ئارام نەبووی
لەسەر قەڵا ئۆقرەت نەگرت
چوویت لە(مامەندە...)

بوویت بە گڕ.

*

بەبیرم دێ ئێوارانێ
باسی(مەغریب)ێکت دەکرد
ئەو چیرۆکە..
(سوڵتان)ێک بۆی باسکردبوی.
شوانێ شەکەت
فەرەنجی یەکەی ڕادەخات و
لەنێوانی گورگەچاڵ و
ئاگرەکەدا..
ڕانەمەڕەکەی مۆڵ دەدا
هەر ئەوشەوە..
پێ پەتی یەک
داماڵدراولە ڕەوشت و
لە ویژدان ومەردایەتی.
دوژمنێکی کوردایەتی.
بەبێ خشکە دێتەسەری
کۆترۆکەی گیانی دەفڕێنێ
بەرەو ئاسمانی سەرووەری
هەرئەو شەوە
ڕوحی دەبێ بەهەڵۆیەک
لە ترۆپکی گردۆلکەیەک
بەردێک دەکات
بەشاهیدی بیرەوەری.
گوڵێک لەماڵی(ئەسیری)
خونچەی تەمەنی دەژاکێ..
مەگەر(سێکانیان)بزانن
چۆن هەڵوەری.

*

ئاخر بۆیە ئۆقرەت نەگرت
گیا لەسەربنجی خۆی دەڕوێ
گوتم مەڕۆ..
دەڕۆی بۆ کوێ.؟
گوتت : دەڕۆم..



دەڕۆم ، دەڕۆم
دەچمە ترۆپکی بەرخۆدان.
دەبمە گیڤاری سەرهەڵدان.
دیسان گریام
گوتم : مەڕۆ..
مەڕۆ ، مەڕۆ.
وا بەپەلە پەیدانابن
جامەن و پشتێنی گەورەو
بەرگی خاکی.
گوتم مەڕۆ
مەڕۆ ، مەڕۆ
بیرت نایە؟
دایکت لەجیاتی لای لایە
دەیلاواندی بە باوکەڕۆ.
تۆش ڕۆیشتی..
ئاوڕێکت لێ دامەوە
بەدەم ڕێوە.
گوتت : سەرێکەو هێناوەمە
توخوا...مەڵێ بگەڕێوە.
لە گوێمدا دەزرینگێتەوە
هەتا ئێستا.
تۆسوێندت خوارد
بەقورئان و بەئاڤێستا.
بەکەرکوک و ئاگرەسوورە
گوتت : گەردنم ئازاکە،
یاکوردستان ڕزگار دەکەم
یا دیسان جەرگی ئەودایکەم
دەدەمەوە لەو تەندوورە.

*

ئێوارانێک..
قەڵاو کەرکوک چاویان لێ بوو
(کرێکار)ێک،کەوتە شانت
بە(چاڵاو)دا تێی پەڕاندی
چەمی ڕەزان...

لەئامێزی (دەرەنار)دا
سەرخەوێکی پێ شکاندی
ئیتر ناوی (زیادە) نەما
ناوت بوو بە(مەلائاراس)
ئیتر بوویت بەڕێبواری
ئەوکاروانەی سەرقافڵەچی
پیرە هەڵۆکەی قەندیل بوو.
هزرت ڕێبازی (ئارام)و
چرای بیری چەوساوەکان
ڕێ نیشاندەرو دەلیل بوو.
لەوساکەوە...
تۆ هەڤاڵی بارگران بووی.
تۆ نوێنەر و جێی ئومێدی
ڕەنجدەران بووی.
تۆش عاشقە دڵسۆزەکەی
جوتیاران بووی.
بێزار نابوویت
لەقەڵەم وکتێب و
لەفیشەک و...
لە(ڕێبازی نوێ)و(کۆمەڵە)
هەمووجارێ..
کەدەهاتیتە خوارەوە،
پێم دەگوتی:
هێدی..هێدی هەنگاوبنێ
ئەم هەورازە گەلێ سەختە
دەیان سواری گلاندووە
تۆش هەنگاو مەنێ بەپەلە.
*
تۆ کەدەهاتیتەخوارەوە
لە بارانیش بەخوڕتر بووی.
لەژیلەمۆ گەرم تر و
لە ڕەشەبا بەگوڕ تربووی.
ئەشکەوت نەما
تۆ حەسیری تیا ڕانەخەی
(شاخ کونادار ..)
لانەی شێر بوو.
(ئەشکەوت جبرایل...)
پەناگەی تۆی دلێربوو.
*
ئێستاش خاڵخالان
خاڵخاڵە...
نێو ڕەزەکانی مۆردخوادە
سوورە چنارێک ڕواوە.
گشت نەورۆزێ(عەلی ساڵح)
سروودی شۆڕش دەخوێنێ،
ئاوازەکەی تۆ داتناوە.
(هەڤاڵی بارگرانم
هەڤاڵی شۆڕشڤانم
هەڤاڵی شۆڕشڤانم).
ئەم سروودە..
هەر چرکەیەک کەدەیبیسم
ئیتر تاسە دەمباتەوە
گشت برینەکانی ئێوەم
بیر دێتەوە.
زامی روحم دەکولێتەوە.
١١ ـ ٤ ـ ٢٠١٨
سلێمانی




# رووسوورەکانی مێژوو

رزگارە سوور



بەلاشانی سلێمانیەوە بۆ ناو هەور هەڵچوو بوو پیرەمەگرون ناڵێم بەبەژنی سلێمانیدا هەڵزنا بوو بۆ ئاسمان گۆیژەو ئەزمەر ناڵێم هەناسەی شنەشنی شار بوو داربەڕووەکانی بنارو پشتی دەباشان ناڵێم ، لەهەموو نیوەشەوێکی دەیجورا رووناکی تووڵەڕێکانی نیشتیمان بوو مانگی چواردەو تابان ناڵێم ، باسی پیاوێکی باڵابەرزی جامانە قنجی سمێڵ رەشی دەست بە پەلەپیتکەی تفەنگ و ئەگەر لەسەنگەریشدا بوایە ریش تاشراو و پاک و گەشخەو دەم بە پێکەنین ودڵ پڕ عەشق و بەورێک لەورەبوو. من باسی کاک جەلالێک ئەکەم /جەلالی حسەکەلۆش ئەو مرۆڤەی خوڵقا بوو بۆ جوانی و عەشقی خاک وخەباتی رێگای کوردوستان وئاگای لە هەناسە بەهەناسەی نیشتیمان و خورپە بەخورپەی خاک و دڵەڕاوکێ و ژان و زامی بست بەبست و یەک بەیەک بوو ، لەهەرکوێ یەکی ئەم خاکە زامدارە زریکەیەک بهاتایە ئەم ژان ئەیگرت لەهەر بستە ئاسمانێکداتروسکەیەک تریفەیەک هەڵبهاتایە ئەم شاگەشکە خۆشی ئەبوو ، ئەو مرۆڤە عاشقە ئەو تێکۆشەرە مەزنە کاک جەلال حاجی حسین قەساب ناسراو بەجەلالی حسەکەلۆش لەهەوڵی دامرکانەوەی شەڕی ناوخۆدا بوو لەنێوان یەکێتی و پارتیدا کە ئاخریەکەی گیانی پاکی کردە قوربانی ، ئاگاداریان کرد





تیا دەچیت واز بێنە ، لەوەڵامدا ووتی بۆ ئاشتی و تەبایی گەلەکەم گیانم قوربانی یە ، بەڵێ گیانی بووە قوربانی ، ئەوە تێکۆشەرە لەدوایی راپەڕین مام جەلال و کاک نەوشیروان پێ یان ووتبوو حیامەیەت بۆ دادەنێین ، ئەو لەوەڵامدا ووتبووی حمایە لەکێ ، من هەموو تەمەن حیمایەی ئەو خەڵکە بووم ئێستا ئەوان هی منن ، حیمایەم بۆ چی یە. کاکە جەلال لەدایک بووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٦ ، لە ١٦ ساڵی تەمەنەوە پەیوەندی کردووە بە شۆڕشەوە و ساڵی ١٩٦٥ بووە بە پێشمەرگە کادرێکی سیاسی و سەربازی دیاری ناو بزووتنەوەی کورد بووە ، پێشمەرگەی شارو شاخ بووە ، کادرێکی بەتوانای کاژیک بووە ساڵی ١٩٧٥ رۆڵی هەبووە لەدامەزراندنی پاسۆک /پارتی سۆسیالیستی کورد/ دوایی ئاشبەتاڵ ١٩٧٦ یەکەم مەفرەزەی پاسۆکی لەشاخ راگەیاندووە تاوەکو سەرەتای هەشتاکان رووی لەسوریا کردووەو دوایش چۆتە وولاتی سوید و بووە بە پەنابەر ، تا لە ١٩٩٥/٠٥/٠٣ لەنێوانگیری شەڕی ناوخۆدا لەسلێمانی بەدەستێکی نادیاری چەپەڵ گەشمردە بوو زۆر بەداخەوە یادی بەخێرو رەوانی پاکی شاد

# لەیادی داستانە مەزنەکەی ڕزگاری

**سەرکەوتی جیهاز**

داستانی رزگاری یەکێکە لەداستانە مێژووییەکانی گەلەکەمان، لەمانگی٤ـ١٩٨٧ پێشمەرگە خۆراگرو گیان لەسەردەستەکانی گەلەکەمان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی بێ شومارو درندەی رژێم.

ڕژێمی فاشی بەعس پێش چەند مانگێک بەر لەهێرشەکە پیلانی گلاوی خۆی دارشتبوو بەو نیازەی هێرش بکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرجەم گوندو لادێکان وێران بکات و کورد لەناوبەرێت، بەلام پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەچەندین قۆڵەوە سەنگەری بەرگرییان لێداو هێزەکەی دوژمنیان شکاند

داستانی رزگاری بە بەشداری زیاتر لە ١٥٠٠ پێشمەرگەو بە دوو قۆناغ جێبەجێکرا. قۆناغی یەکەم کە بۆ چەواشەکردنی دوژمن بوو لەشەوی ١٣ــ٤ــ١٩٨٧دا جێبەجێکرا، بەوەی لوتکەکانی قوڵەسەوزو قوڵەسپی و قوڵەپۆشین لەچیای پیرەمەگرون ئازادکران. قۆناغی دووەمیش لەشەوی ١٤ــ٤ــ١٩٨٧دا بۆ چوار میحوەر دابەشکرابوو:

١ــ یەکەم- چیای گۆجار، چیای حەسەن بەگ، کەڵکەی قامیش و قوتەی زەرون .

٢ــ دووەم- چەمی پیرەئەلیاس، گوندی باڵخ، دامێنی حەسەن بەگ، دەشتی کارێزەو پاشان شارۆچکەی کارێزە .

٣ــ سێیەم- چیای دووتوی، چیای کوێرەنگ، شاخەسوور، قەیوان.

٤ــ چوارەم- چیای پشتی خەمزە، چیای ئەزمەرو گۆیژە.

لەئەنجامی ئەم نەبەردییەدا هە شت مقەرفەوج، چوار مقەرسریەو ١١٧ رەبیەی جۆراوجۆر گیران و زیاتر لە ٣٠٠٠ سەربازو جاش و جەیش شەعـبی و لیوای تایبەت کوژران. لەبەرامبەریشدا داستانەکە بەخوێنی پاکی ٢٤ شەهید تۆمارکرا

چۆنێتی دە ست پێکردنی داستانە کە:

ئە م داستانە لە چە ند قوڵێکە وە دە ستی پێ کرد

قۆڵی یە کە م :

تیپە کانی هە ردوو مە ڵبە ندی 1 و 2 بە هاو بە شی ئە م زنجیرە شاخانە یان پاک کردە وە:

١ -تیپە کانی ٥٩ ی حە مرین و ٥٧ ی سە گرمە و ٥٥ ی قە رە داغ و ٥٣ ی شێروانە و ٥١ ی گە رمیان و بە شێکی تیپی مە ڵبە ندی یە ک ١ هە روە ها تیپە کانی ٤٣ ی ئاسوس و ٤٤ ی چە کوچ و ٢١ ی کە رکوک و ٦٥ ی بلفە ت و ٢٣ ی سورداش بو سە ر ئە م زنجیرە شاخانە دانران: ـ خە جە لە رزوک ـ چیای کۆرە نگ ــ شاخە سوورــ کە ورە کە لْکی قە یوان ـ دووبرا ــ ئە زمر.

لە م چالاکی یە دا ٤٤ رە بایە و ٢ مقە ر سریە و ١ یە ک مقە ر فە وج دە ستی بە سە را گیرا و ٥٠ سە ربازو جاش بە دیل گیران و دە یان پارچە چە کی هە مە جور دە ستکە وت بوو.

قۆڵی دووە م-:

مەڵبە ندی ٣ بە هاوبە شی لەگەڵ مە ڵبە ندی ٢ دوو, ئە م زنجیرە شاخانە ی پاک کردە وە : بە رزای یە کانی گوندی ولاغ لو ,گوندی بالخ ,کارێزە ی کۆن,دۆڵی پیر ئە لیاس. تیپە کانی ٧٨ی کاروخ,٨٦ ی دە شتی هە ولیر,٨٣ی هە وری,١٩ی کورە ک,١٢ی سوران و بە شێکی تیپی مە ڵبە ندی سی ٣,تیپە کانی ٤٧ی پیرە مە گرون,٢٥ی خاڵخالان,تیپی پارێزگاری.

لە م هە ڵمە تە دا ٢٤ رە بایە,مقە ر فە و جە کانی ٦٢,٣٣,١٠,٣٢ و لە گە ڵ ٣ مقە ر سریە دە ستی بە سە را گیرا و ٦٧ سە ربازو جاشیش بە دیل کیران و دە یان پارچە چە کی هە مە جۆر و جیهازی بیتە ل و کە لو بە لێکی زۆری مۆڵگە کان کە وتە دە ست پێشمە رگە و چە ندین یۆتۆمبیلی سەربازی دوژمن سوتێنران.

قۆڵی سی یە م:

بە سە رپە رشتی دە زگای پێشمەرگایە تی و تیپە کانی مە ڵبە ندی ٣و مەڵبەندی ٢ و تیپە کانی ٩٣ی کۆیە,٩٩ی بیتوێن,٩١ی سە فین,٨٧ی قە رە چووغ,٦٣ی جوتیاران,٦٥ی بلفە ت,٦٨ی مامە ندە, ئە م زنجیرە چیایانە یان پاک کردە وە: چیای گۆجارزینۆی سپی,دۆڵی گە لاڵە شاخی تە وراسە.

لە م چالاکی یە دا ١٣ رە بایە و یە ک ١ مقە ر فە وج دە ستی بە سە را گیرا و ١٤ سە ربازو جاشیش بە دیل گیران و دە یان پارچە چە ک و جیهازی بي تە ل و کە لو پە ل دە ست کە وت بوون.

قۆڵی چوارە م:

مە ڵبە ندی دوو,تیپی ٣١ ی سلیمانی,مە ڵبە ندی یە ک تیپی ١٥ی هە ورامان,لە م چالاکی یە دا بە شدار بوون و ٥ پێنج رە بایە ی



سەر شاخی گۆیژه یان پاک کرده وه,دوژمن ده یان کوژراو و بریندارى هه بوو له م قوڵه شه وه له گه ڵ برێک ده سکه وت.

قۆڵی پێنجه م:

تیپی ٣٧ی شارباژێر له هه ڵمه تێکدا بۆ سه ر ره بایه کانی شاخی گوڵێ ودۆڵی گمۆ,توانیان ده ست به سه ر زوربه ی ره بایه کاندا بگرن و له ئه نجامدا ٣٠ جاش و سه رباز به دیل گیران و موده ره عه یه کیش سوتێنرا له گه ڵ کۆمه ڵێک ده سکه وت.

ده سکه وته کانی هێزی پێشمه رگه بریتی بوون له:

٣٠٠ کلاشینکوف ــ٣٠ ئاربیجی ــ ٤ ئاربی که ی ــ ٦ بیکه ی سی ــ ٤ قه ناس ــ ٣ دوشکه ــ١٥ دکتاریوف ــ ٢٤جیهاز ــ٧ هاوه نی ٦٠ ملم و که لو په لێکی زۆری سه ربازی

ئه م داستانه مه زنه ته نها له ماوه ی ٣ کاتژمێر تۆمار کرا.

تێبینی پێشمه رگه کاک محه مه د سنگری له بیر هینانه وه ی ئه م داستانه ئاماری کوژراوه کانی دوژمن به ٧٩٧ کوژراو بریندار ئاماژه دەکات


قوربانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بریتی بوون له ٢٤ شەهیدی ڤارەمان که له ١١ شه هید له و٢٤ پێشمەرگه قاره مانانه که بریتین له شێخ جه میل و ١٠ پێشمەرگەی قاره مانی دیکه دوای ئابلۆقه دانیان له لایه ن هێزه کانی رژێم و به پاڵپشتی حه وت ٧ کۆپتەری جه نگی له گوندی ئاڵه سیاو له ته واو بوونی فیشه ک به دیلی له لایه ن هێزه کانی دوژمنه وه ده ستگیر ئه کرێن و پاشان نامه ردا شەهید ئەکرێن هەزاران سڵاولەگیانی پاکیان .

بۆ یادی شەهید وەستا عەتا ئەم چەند دێرەم نوسیوه .

شەهید نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر، وەکو درەخت
وەکو بەهار و گوڵەباخ
شەهید ئاوه
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجه و دەستە
ئازاری خاک ڕائەژەنێ
سۆمای چاوه

کام دوارۆژ دوورە ئەیبینێ
شەهید باڵای بە قەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی ئینسانە!

شێرکۆ بێکەس




بۆیادی شەهید وەستا عەتاو هاورێکانی لە داستانی ڕزگاری مێژوی میللەتان لە ئاستی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و خەبلتی چەکداری بە خوێن و شەهید دەپێورێ ، ئەم دوانەن مێژوی نەتەوەک دەبەنە ئاستی پیرۆزی و قوربانیدان ، ئەوانەی لە دوێنێی شۆڕشدا شەهید بون هەر ئەوانن دەبنە مەدالیای ملمان لە ئەمرۆدا ، شەهید وەک ئەستێرە لە شەوەزەنگدا ، وەک هیوا لە پێدەشتی

ژیاندا وەک سەوزایی بۆ کوردستان ، جێی شانازین و منیش وەک بینەرێکی پڕ لە بیرەوەری هاورێ شەهیدەکانم بەردەوام یادەوەری خوێن و شەهید دەبێتە بەشێک لە شانازیم.
سڵاو لە ڕۆحی پاکی هاورێ ی ڕۆژە سەختەکانی خەباتم وەستا عەتا جێگری کەرت لە تیپی ٤٧ پیرەمەگروون کە ٣٤ ساڵ لە مەو پێش لە داستانی ڕزگاری دا لە گەڵ چەند هاورێ یەکی تردا شەهید بوولەو بیرەوەریە تاڵەدا و چەند ووشەیەک و گفتۆگۆیەک پێش شەهید بوونی وەک خۆی ئەگێرمەوە شەوی ١٣/١٤-٤-١٩٨٧ یەکێتی خۆی ئامادە کردبوو بۆ داستانی ڕزگاری هەموو هێزەکانی لە ئامادە باشیدا بوو سەعاتی سفر دیاری کرا بوو، تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ئەو شەوە لە گوندی مالومە بوو منیش وەک عەدەد جیهاز لە گەل ئەو تیپ و هێزەدا بووم،ئەوەی بەرئەو هێزەی ێیمە کەوتبوو بۆ ڕزگار کردن لە دۆڵی جافایەتی لە گاپیلۆن و باڵخ و چەمی پیر ئەلیاس ... و هەتا کارێزە ،نامەوێت لێرەدا بچمە ووردەکاری داستانی ڕزگاری و هێزەکان و بەرپرسەکان و.... ئەگەر تەمەن باقی بوو لە کاتێکی تردا بە دورودرێژی ئەی خەمە خزمەتان، من تەنها باسی ئەوشەوەی خۆمان ئەکەم لە مالوومەپێشترو لە پێشمەرگایەتیشدا زۆر شتم بیستبوو لە سەر حەماسەتی پێشمەرگە کە بە چ زەوقێکەوە بەرەو پیری مەرگ ئەرۆن بە تایبەتی کە خۆیان بۆ چالاکی ئامادە ئەکرد وەیان بۆ تۆڵە سەندنەوەی هاورێ شەهیدەکانمان،بەڵام هەرگیز وەک ئەوشەوەی مالوومەم نەدیبوو زوربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە مزگەوتەکەی مالوومەو دەورو بەری بوون زەوق و خۆشی یەک لە رویان دیار بوو زۆر جیاواز بوو سەرەتا دوو دوو سێ سێ هەر چرپە چرپ وقسەکردن بوو ئەم چالاکی یەی ئەم شەو ئەبێ چی بێ وچۆن بێ هەر یەکەو قسەیەکی ئەکرد نە یان ئەزانی بە تەواوی چی یەو جار جار سەیرێکی منیان ئەکردو ئەیان ووت سەرکەوت تۆعەدەد جیهازی شتێک ئەزانیت پێمان بڵێ منیش زۆر بە سادەیی ئەم ووت چالاکی ئەم شەو جیاوازە زۆر گەورەیە ،ئەوانیش بە پێکەنینەوە ئەیان ووت ێیمەش ئەوە ئەزانین قابیلە ئەم هێزە گەورەیە بۆچی ئامادەکراوە...پاش کەمێک لەم گفت و گۆیانە لە بەردەم تەختایی یەکەی مزگەوت بوو بە هەڵپەرکێ و گۆرانی هەروەک ئەوەی

شتێکیان زانیبێت تادەهات ئاهەنگەکە خۆشترو فراوانتر ئەبوو هاورێ ی پێشمەرگایەتیم کاک حاجی کەریم[بەداخەوە ئەویش ئەو شەوە بە ئەلْغام قاچێکی پەری]گۆرانی هەی مەنێ مەنێ ی …… ئەوت هەموو پێشمەرگەکانیش هەڵ ئەپەرین ڕەنگە گێرانەوەو باسکردنی ئەو شەوە لای زۆر کەس سادە بێت بەڵام لای من زۆر مانای گەورەو پیرۆزی خۆی هەیە ئەم بینی ئەمانە ئێستا بەرەو شەر ئەچن ڕەنگە لێ مان شەهید بێ یان بریندار خۆشیان ئەیانزانی، یەکسەر ئەوەم بیرکەوتەوە ئای ئازادی سەربەستی چەند خۆشەویستی ئای خاک چەند پیرۆزی وا ڕۆڵەکانت بە شایی و گۆرانی یەوە مەرگی خۆیانت پێش کەش ئەکەن لەم بیرکردنەوانەدا بووم شەهید وەستا عەتا هات بۆلام و قۆڵی کردە قۆڵم و کەمێک دووری خستمەوە ووتی سەرکەوت تۆ هەموو شتێک ئەزانیت سوێندی دام شتێکی پێ بڵێم منیش دڵیم نەشکاند ووتم وەستا پێشتر شوێنی دانیشتن و ئێسراحەتمان چاخانەکەی پیر ئەلیاس بوو ئەم جارە ئەی بەینە سەری ئەزمەر باوەشێکی پیاکردم و ماچێکی کردم دوای ئەمە گەراینەوە لای پێشمەرگەکان زۆری نەخایەند بەرێ کەوتین بەرەو شوێنی مەبەستشەوە زەنگ بوو پێشمەرگە ڕیزی بەستبوو بە دوای یەکدا بە بێ دەنگی هەنگاومان ئەنا تا ئەهات نزیک ئەبوینەوە لە شوێنی دیاری کراومانلە پڕ بێ دەنگی شکاو شەرو تەقە لە هەمولایەکەوە دەستی پێ کرد ڕژێمی داگیرکەری بەعس هەموو ئەوشوێنانەی بەئەلْغام چاندبوو تەنانەت ناو ئاوو چەمەکانیش بە داخەوە ئەو شەوە چەندین هاورێمان شەهیدو بریندار بوونەوە چەندین ڕوداوی ناخۆش ڕویدا لە دەمی هاورێی پێشمەرگایەتیم کاک عومەر گێرایەوە ووتی چەند پێشمەرگەیەک بووین خوار جادەی گاپیلۆن بە ئاراستەی باڵخ لە پڕ پێشمەرگەیەک هاواری کرد بۆستن لە شوێنی خۆتان پێم ناوە بە ئەلْغامێکدا هەوڵ بدەن بە شوێن پێکانتان بگەڕێنە دواوە منیش خۆم هەڵئەیەم با ئێوە بریندار نەبن دوای گفتۆگۆیەکی کورت وایان کرد ئەوان خۆیان دا بە عەرزاو ئەمیش خۆی هەڵدا بەداخەوە کەوت بەسەر ئەلْغامێکی ترداو هەر لەوێ شەهید بووەئەمەو چەندین ڕوداوی دڵتەزێنهەر ئەو شەوە وەستا عەتاش بۆ یەکجاری بەجێ ی هێشتین و برینێکی قوڵی خستە نێو دڵمانەوەو چوە کاروانی

شەهیدانەوە هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید وەستا عەتاو هاورێ کانی و هەمووشەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان .

تێبینی* پێشمەرگە لە کاتی خۆیدا هەموو شوێنەکانی بۆی دیاری کرابوو ڕزگاری کرد و ناوچەیەکی جوگرافی گرنگی ئازاد کرد .

* چەمی پیرئەلیاس کەوتۆتە نزیک گوندی باڵخ خوار گاپیلۆن .




**ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان**
**نامرێ ناو و نیشتان**
**ئێوە بوونە ڕەهبەرێ مە**
**بوونە پشت و سەنگەرێ مە**
**تاجی بەرزیتان لەسەر نا**
**دوژمنی گەلتان وەدەر نا**
**تا شەهید خوێنی نەڕێژێ**
**تاکو گەل تاڵی نەچێژێ**
**داری ئازادی شین نابێ**
**باخی ژینمان ڕەنگین نابێ**

# لە پەندەکانی مامۆستا پیرەمێرد



مندالّ لەسەرخۆ پێدەگرێ و دەڕوا
بەرسیلە بە سەبر ئەبێ بە حەڵوا

باخی چوارباخی ئەحمەد پاشام دی
ئێستا خەویکە بۆم نایێتەدی

چوارجڵدتەئریخی ئەمینزەکی بەگ
نامرێ و ناڕووخێ بە زۆری فەلەک

حاجی بەگیش بووبەوەسیلەی خێر
ئەو ئاوە جوانەی ئەیخۆینەوە تێر

ئیتر بزانین لەمەودوا کام پیاو
ئاساری خێرمان بۆ دێنێتە ناو

گوم بوو ژیان و پەندی پێشینان
هۆمان کەوتبوە چیرۆکی ژنان

ئێستا هەردووکیان کەوتنە مەیدان
سا ، چی ئەنوێنێ ئاوێنەی دەوران

کە تۆ نوشستیت لە کەس نەهانی
تامی لێبوردن ئەوسا دەزانی

گەردشی جیهان زوو زوو ئەگۆڕێ
یەکێ دێتەوە و یەکێ ئەتۆرێ

ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕێ
سەودای مەبعووسی ئەچێتە گۆڕێ

برا ، برای خۆی لای بێگانەیە
فرزەند لە باوک بە بەهانەیە

هەموویش ئەیزانن یەکێتی چاکە
دووکەس یەک کەوێ سێکەس غەمناکە

کەهەموو ئاشت بن بۆ تۆ چاکترە
هەر ڕۆژە خوانی لایەیک حازرە

ئەوی بە"فریو" ئەگاتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتە دایە

کاسبی چونکە دەعیەی تیا نییە
هیچ مەئمووریکی پێڕەزا نییە

من وا مەعاشی تەقاویتیەکەم
ئەمبا بەڕێوە بێزیاد و بێ کەم

هەوای "بۆنژۆر" و نەشئەی تەمەننا
خستوومیە گێژی تەقە و تەقەللا

زەیستان لەسەرکاسە سوێند ئەخوا
کەچی چلەی چوو عوزری تر نەشوا

ئای بۆ ئەوانەی لەتەماع پاکن
لە ناحساب و حساب بێباکن



YADNAME یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژو یی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن : " سەرکەوت محەمەد فەتا ح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.25,June 2021

هەڵبژاردن و ئاشتی کۆمەڵایەتی.
عێراق و هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنێکی گرنگدان ، سەرەڕای ئەوەی کورد دەبێت ناکۆکیەکانیان و ململانێکانیان تەواو هێواش و نەرم بکەنەوە دەبێت بە یەک هەڵوێستی کار بۆ پێگەی کورد بکرێت تا قورسایی زیاتری هەبێت لە ناوەندا ، چونکە بەریەککەوتنی وڵاتانی ناوچە و جیهان لە ناوەندا دەبێت و بەشێکی گرنگی مافەکانی کورد لە بەغدادا دەبێت ، واتا دەبێت لە هەرێمەوە کۆنترۆڵی ئاشتی و پێکەوە ژیانی خەڵکی عێراق بکرێت تا مافەکانی کورد زیاتر بە پێی دەستور بەهێزتر بێ.
لە هەرێمیش ئەوە دەزانین کە بەردەوام هەرێم کەوتوەتە سەر هێڵێکی سیاسی پڕ جوڵەوە ئەمەش پێویستی بە ئاشتی کۆمەڵایەتی قوڵ هەیە
تا بتوانێت مانەوەی خۆی بەهێز تر بکات.
ئەم هەڵبژاردنە دەبێت خەتی سور دابنرێت لە نێوان لیست و کاندید و حیزبەکاندا و نەهێڵرێت کەس ئەم خەتە سورە ببڕێت ،با ململانێ هەبێ و کاری ڕیکلام هەبێ بەڵام نەک لەسەر ئەژماری تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەڵکو لەسەر کاری باشتر و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهێز کردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی.
یادنامە



مزگەوتی گەورەی سلێمانی دروستکەری ئیبراهیم پاشای بابان بووە کە دروستکەری شاری سلێمانی بووە گەورەترین و بەناوبانگترین مزگەوتی سلێمانی بووە، یەکەم مامۆستای ئەم مزگەوتە شێخ مارفی نۆدێ بووە، پاش کاک ئەحمەدی شێخ سەید غەوسە و شێخ محێدینی سەید غەوسە خەتیبی بوو، لە زەمانی کاک ئەحمەد دا حاجی مەلا عەزیزی دێلێژەیی کراوە بە واعیز، لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا شوێنی کڵپەسەندنی جۆشی نیشتمان پەروەریی بووە، تەرمی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر لەوێ نێژراون. یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینی تیا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابان لەوێیە. یەکەم منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی سولتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی، لە ساڵی ١٩٩٨دا لەسەر ئەرکی هەڤاڵ مام جەلال مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر تەعمیر کرا و قوببەیەکی جوان و قەشەنگی بۆ دروستکرا. ویکیپیدیا




ئەنفال و ئامار... ل2

بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل6

بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل7

لە دووڕیانی سەربازی وپێشمەرگایەتیدا... ل8

مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل9 بەشی دووەم

دوا فیشەک و گۆڕە ونەکە.. ... ل12

چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان ... ل (15)

ماتماتیکی دەق لای ئازاد مارف ... ل19

# ئەنفال و ئامار

" بەعس لەمانگی دەی ساڵی ١٩٨٧دا، واتە لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا ئامارێکی گەورەی دانیشتوان ئەنجامئەدات. ئەم ئامارە هەر

مەبەستێکی سیاسی یان مەدەنی یان ئابوریی لەپشتەوەبووبێت، لەوە کەمناکاتەوە کە ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی

ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفالدا. ئەم ئامارە هێڵێکی ڕاستەوخۆ دەکێشێت لەنێوان ئەوانەی بەعس بە هاوڵاتیان دادەنێت لەبەرامبەر ئەوانەدا

کە بەعس نەک تەنها هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونیان لێدەسێنێتەوە، بەڵکو وەک ناپاک و نادۆست و دوژمنیش پێناسیاندەکات. ئەوانەی لەم

ئامارەدا بەشدارنابن نەک دەکرێنە کەسانی بێماف، بەڵکو مامەڵەی خائینیان لەگەڵدا دەکرێ و سزای مردنیان بۆدردەکرێت. بەپێی

بڕیارێکی مەجلیسی قیادەی سەورە کە لە مانگی ئابی هەمانساڵدا دەرچووبوو. ئەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی حکومەتدا نەبوون، واتە

ئەوانەی کە سەرژمێریی دانیشتوان نەیدەگرتنەوە، داوایانلێکرابوو بگەڕێنەوە ریزی نیشتیمانی و ژێر دەسەڵاتی بەعس.

بەعس تەنها

ئەوانەی بە هاوڵاتی دەزانی کە دەیتوانی کۆنترۆڵ و چاودێری و دیسپلینیان بکات. لەنێوان ئەو بڕیارە لە مانگی ئابدا و لەنێوان ئامارەکەدا

دوو مانگ هەیە، بەعس ماوەی ئەو دوو مانگەی دانابوو بۆئەوەی هەموو ئەوانەی ناکەونە ژێر دەسەڵاتی بەعسەوە بە ناعێراقی و

ناهاوڵاتی و تەنانەت نائینسان ناوبنێت و ماف بەخۆیبدات بەناوی سەروەری نەتەوەیی و پاراستنی ئاسایشی عێراق و پاراستنی وڵاتەوە

بیانکوژێت.

ئەو ناوچانەی کە حکومەت نەیتوانی بیانخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە بە "ناوچە قەدەغەکراوەکان"، مناطق محرمة، ناونران و ئەوانەشی

لەوێدا دەژیان لە دیدی بەعسدا ئینسانی حەرام بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە عێراقەوە نەمابوو، هەموو مافێکی ئینسانبوونیان لەدەستدابوو.

واتە ئەوانە بووبوونە مرۆڤی قەدەغە، کەسانێک دەوڵەت کەی بیویستایە و چۆن بیویستایە دەیتوانێت بیانکوژێت. ئەگەر بکرێت چەمکێک

لە فەیلەسوفی ئیتالی ئاگامبنەوە بخوازین دەکرێت بڵێین بەعس هەموو ئەوانەی کە دەکەوتنە ناو ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە گۆڕی بۆ

" هۆمۆساکەر ". لای ئاگامبن هۆمۆساکەر ئەو کەسانەن کە لە ڕۆمای کۆندا دەژیان، بەڵام هیچ مافێکیان نەبووە، هەرکەسێک حەزی

لێبوایە یان بیویستایە دەیتوانی بیانکوژێت بەبێئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدابکرێت. ئەرکی سەرەکی ئەو ئامارەی بەعس لەو

ڕۆژگارەدا دروستیکرد بریتیبوو لە دروستکردنی ئەو ئینسانانەی وەک هۆمۆساکەر پرۆژەی کوشتن و لەناوبردنێکی بێ لێپرسینەوەبن."

پەرەگرافێکی تر لە نووسینێک بە ناونیشانی "ئەنفال وەک جینۆساید، ئەنفال وەک برینێکی نەتەوەیی"، ئەم باسە لە کۆنفرانسکێدا لە هەولێر

لەسەر تاوانەکانی ئەنفالدا، لە ساڵی ٢٠٠٨دا، پێشکەشکرا.

مەریوان قانع



# سەرا، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ..مێژوویەکی نەنووسراوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی

ئەگەر لە ڕووە مێژووییەکەیەوە لە (سەرا) بڕوانین، دەبینین کە مێژووی ئەم شوێنە پێوەستە بە مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانییەوە و لە کۆنیشدا شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی شارەکە بووە.

(سەرا) کە مەیدانێکی فراوانی شاری سلێمانییە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە، شەش شەقامی سەرەکیی دێتە سەر کە ئەوانیش شەقامەکانی (مەولەوی، کاوە، سابونکەران، گۆران، بێکەس و پیرەمێرد)ـن، ئەمەو زۆرێك لە بازاڕە گەورە و ئەو شوێنە پێویستانەی کە ڕۆژانە هاووڵاتیان ڕێییان تێی دەکەوێت، دەکەونە نزیك ئەم شوێنەوە.

لە کۆنیشدا (سەرا) شوێنی بایەخی هاووڵاتیان و دەستەڵاتدارانی شارەکە بووە و زۆرێك لە فەرمانگە حکوومییەکانی تێدا بووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە یەکەم حکوومەتی کوردی لە (سەرا)ـوە ڕاگەیەندراوە.

مێژوونوس و شارەزا لە بواری بەڵگەنامەدا مامۆستا (ڕەفیق ساڵح)، لە بارەی مێژووی (سەرا)ـوە، دەڵێت: "مێژووی سەرای سلێمانی، بۆ سەردەمی بابانەکان دەگەڕێتەوە و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە شیعرێکی بەناووبانگیدا ئاماژەی بە سەرا داوە، کە دەڵێت:
لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو، نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو، لەبەر دەرکی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید، مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو."
هاوکات (م. ڕەفیق) باس لەوەیش دەکات کە لە (سەرا)ـی سلێمانی لە (1918/11/17)ـدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا (مێجەر نوئێل) مەندوبی سامی بەریتانیایی لە بەغداد جاڕی بەمەلیکبوونی (شێخ مەحموودی حەفید)ـی دا وەکوو یەکەم مەلیکی کوردستان، کە ئەمە ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا.

لە بارەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیشەوە لە (سەرا)ـدا، ئەو مێژوونووسە دەڵێت: "لە 6ـی ئەیلوولی ساڵی 1930ـدا، بۆ یەکەم جار وەکوو داهێنانێکی نوێی خەباتی مەدەنی لە شاری سلێمانیدا، خۆپێشاندان دژی ئینگلیز لە بەردەرکی سەرادا ساز کرا، کە ئەم ڕووداوە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناسراوە، چونکە شەهید و بریندار لێ کەوتەوە. هەروەها بە درێژایی لکاندنی ئەم پارچەیەی کوردستان بە عێراقەوە و سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، (سەرا) شوێنی کۆبوونەوەی هاووڵاتیان و مەیدانی هەموو خۆپێشاندانەکان بووە.

هەر لەمەڕ خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە (بێکەس)ـی شاعیر شیعری (27 ساڵە) دژ بە (ئەدمۆنس) حامکی ئینگلیز دەخوێنێتەوە، کە لەو کاتەدا خۆپیشاندەران وەکوو شۆڕشێکی سپی دژی ئینگلیز باسیان دەکرد.

هاوکات نووسەر و وەرگێڕ (عەبدولکەریم عوزێری)، لە بارەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1930ـیەوە، دەڵێت: "لە 6 ئەیلوولی 1930دا، خۆپیشاندانێکی گەورە لە نێوان گەنجانی ئەم شارە و دەستەڵاتدا ڕووی دا، کە تێیدا یەکێك لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بە ناوی (عەولە سیس)ـەوە، کوژرا.

هەروەها ئەو شتەی کە تا ئێستا باس نەکراوە، ئەو کەسەی بە (ڕەشاش) لە یەکێك لە پەنجەرەکانی بینای (سەرا)وە تەقەی لە هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر کرد، لە لایەن پیاوێکی سەر بە عەشیرەتی (سمایل عوزێری) بە ناوی (حەمە تاڵیب)ـەوە بە خەنجەر کوژرا.

(عوزێری)، باسی لەوەیش کرد کە لە ساڵی 1956دا، کاتێك تەرمی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموود حەفید) گەڕایەوە سلێمانی، لە (سەرا)دا پێکدادان لە نێوان هاوخەمانی مەلیکی کوردستان و دەستەڵاتدا ڕووی دا و خێزانی هونەرمەند (ڕەشۆڵ) لە بەردەرکی سەرادا شەهید کرا.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، سەرا وەکوو ناوەندی سلێمانی پێگەیەکی گرنگی هەبووە، بۆیە چەندان فەرمانگەی حکوومی برایە بینای سەراوە کە تا ئێستایش بیناکە هەر ماوە و لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند ساڵێك بینای قایمقامییەت بووە.

(ڕەفیق ساڵح)، بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە و، و باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی بابانەکاندا، (سەرا) بارەگای میری بووە. هەروەها لە سەردەمی حکوومەتی (شێخ مەحموود)دا بارەگای حکوومەت بووە و چەندان ڕێککەوتنامەی سیاسی و ئیداریی تێدا مۆر کراوە.

(عوزێری)، دەڵێت کە لە شەستەکاندا (جەلال تاڵەبانی) کە سەرۆکی شاندی کوردی بوو، بۆ یەکەم گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عێراق پاش گەڕانەوەیان لە بەغداد لە (سەرا) کۆبوونەوەی بە هاووڵاتیانی سلێمانی کرد و، گوتی کە دەستکەوتەکەمان حوکمی لامەرکەزییە، کە ناوەڕۆکەکەی ئۆتۆنۆمییە، ئەمەیش بۆ هاووڵاتیانی شاری سلێمانی هەواڵێکی گرنگ بوو.

لە بارەی بایەخی لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی شاری سلێمانییشدا، (عوزێری) باس لەوە دەکات کە لەگەڵ بوونی ئەو فەرمانگە حکوومیانەی لە (سەرا) و دەوروبەریدا هەبوون، هاوکات چەندان قوتابخانەی تێدا بووە و یەکێك لە قوتابخانە کۆنەکانی، قوتابخانەی (فەیسەڵییە) بووە، کە هەر لە نزیك سەرا بوو. هەروەها قوتابخانەی (کەشتیی نوح) کە هەر لە سەراوە نزیك بوو کە یەکەم قوتابخانەی ئەهلی بوو لە شاری سلێمانی کە لە لایەن مامۆستا (نەجمەددین مەلا)وە بە ڕێوە دەبرا.

لە ئێستادا، بڕیارە باڵاخانەی (سەرا) نۆژەن بکرێتەوە و لە لایەن پارێزگاری سلێمانییەوە بودجەی نۆژەنکردنەوەی بۆ تەرخان کراوە و بڕیارە بکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە شاری سلێمانی.

بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی (کەمال ڕەشید ڕەحیم)، لەم بارەیەوە گوتی: "بینای (سەرا) نۆژەن دەکەینەوە و بڕیارە بکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە هاووڵاتیانی شاری سلێمانی."
گوتیشی کە سەرا، چونکە لە کۆندا شوێنی بزاوتی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئیداریی ئەم شارە بووە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانی بە گرنگییەوە سەرپەرشتیاری نۆژەنکردنەوەی سەرا دەکات و چاودێریی جێبەجێکردنەکەیشی دەکەن.

ئەگەرچی لە ئێستادا (سەرا) بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە ئەو (سەرا)یەی لە ئێستادا ناوی (مەیدانی ئازادی)ـی لێ نراوە، مێژوویەکی نەنووسراوی هاووڵاتیانی شاری سلێمانیی لە خۆگرتووە، مێژوویەك کە سیمبولی زیندوێتیی سلێمانییە.

**وەرگیراوە**



## شەهیدە سەربەرزەکان....(ڕەنج سەنگاوی)

شەهیدە سەربەرزەکانی نیشتیمانم
ئاواتەخواز... نیم بێنەوە
من ئەزانم برینە خوێنینەکانی سەر جەستەتان
دیسانەوە ئەکولێنەوە
ناڵێم خوێنتان بەهەدەر چوو
هەرگیز ناڵێم خەونی پیرۆزتان بەسەرچوو
ئەو ئاڵایەی کە هەڵتان کرد ئێستاکە ئەشەکێتەوە
بەڵام لەژێر ئەم ئاڵاشا، نیشتیمان هەر ئەتلێتەوە

ئەگەر هاتوو بیری هاوڕێکانتان کردو و
ئێوارانێ گەڕانەوە
مەگەڕێن بۆ بارەگای سەرکردایەتی
کۆڕی خەبات ئێستاکە کۆڕی مەستانە
مەگەڕ بڕۆن بۆ یانەی کۆمەڵایەتی

ئێوە بۆنی خەباتتان لێدێ و
بەڵام زۆر لە هاوڕێکانتان بۆنی ئارەقی ئۆزۆی یۆنانی
ئەمان چاوانیان هەڵنایە لەبەر مەستی و
تۆش بۆ ئایندەی دوور ئەڕوانی
دڵۆ گیانم شەهیدانم
تخوا نەچن، هیچ کەس ناتاناسێتەوە
کێ لەبەر ڕووناکی کزی سەر مێز
ڕووخسارتانی بیردێتەوە

شەهیدانم توخوا نەچن
ئێوە کوڕی شەوی بەفرو ناوشاخان و بەر بارانن
نەبا نەتانکەنە ژووری
چون ئەتەکیەت نازانن.



# دەڵێن چی سەرێک لە ( بانە و سنەو شەقڵاوە و قورشاغلوو و باشقەڵا و حەسەکە و قامیشلوو و ئەمریکا بدەین ) ؟

نووسینی هەندێک کەس دەبینم بڕواتان بێ هێڵنجم دێتێ . هەندێک نووسەر یان تێ ناگەن ، یان نایانەوێ تێ بگەن ، یان هەر لێ نازانن . بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاو ڕوونی بدەم بە بەڕێزتان دەڵێم : بۆ ناوی شوێن ( شار ، گوند ، وڵات ) لە زمانی عەرەبی دەستوورێک هەیە دەڵێ : ئەگەر شوێنێک بە ( ئەلف ) یان بە تێی خڕ (التاء المربوطة ) کۆتایی هاتبوو ، ئەگەر ( ی ) نسبەی چووە سەر دەبێ ( ئەلفە)کە یان تێی خڕەکە لابەین ئینجا ( ی ) نسبەکەی بۆ زیاد کەین . بۆ نموونە ( ئەمریکا) دەبێتە ( ئەمریکی) و (ئەوروپا) دەبێتە ( ئەوروپی ) ، هەروەها ( کوفة) دەبێتە ( کوفی ) و (بصرة ) دەبێتە ( بصری ) . پێم وایە تا ئێستا مەبەستەکەم ڕوون و ئاشکرایە . بۆیە عەرەبەکان بە خەڵک یان دەوڵەتانی ئەفریقا ( نەک ئەفریقیا وەک هەندێک نووسەری کورد چاو لە عەرەبەکان دەکەن و ئەوانیش دەڵێن ئەفریقیا ) دەڵێن (ئەفریقی ) و بەخەڵکی هۆڵەندە دەڵێن (هۆڵەندی)و خەڵکی ( ئۆغەندە ) دەکەن بە ( ئۆغەندی ) . بەڵام ئێمەی کوردیش ، خوا نەیبڕێ لەم ڕووە دەستوور و یاسای خۆمان هەیە ، بەڵام زۆربەی نووسەران لەسەر دەستووره عەرەبییەکە دەڕۆن و دەستووره کوردییەکە یان لەبیر کردووە یان پشت گوێیان خستووە ، یان هەر نایانەوێ بیزانن . کوردییەکە زۆر ئاسان و ڕوونە .

١ـ ئەگەر ناوی شوێنێک بە ( ئەلف) کۆتایی هاتبوو وەک ( چوارتا ، سەرقەڵا ، باشقەڵا ، سەوڵاوا )ئەوا بێ سێ و دوو و دوودڵی برگەی ( یی) بە دوایەکەیەوە دەنووسێنین بێ ئەوەی هیچ پیتێک لابەین و دەبن بە ( چوارتایی ، سەرقەڵایی ، باشقەڵایی ، سەوڵاوایی )

٢ ـ ئەگەر ناوی شوێنێک بە بزوێن ( ە) کۆتایی هاتبوو ئەویش وەک ئەوەی پێشوو برگەی ( یی ) بۆ زیاد دەکرێ بێ ئەوەی دەسکاریی وشەکە بکەین . بۆ نموونە ( هەنارە ، بێتواتە ، سوارەتووکە ، ڕانیە ، هەڵەبجە ) دەبن بە ( هەنارەیی ، بێتواتەیی ، سوارە تووکەیی ، ڕانیەیی ، هەڵەبجەیی ) .




٣ـ ئەگەر ناوی شوێنێک بە ( و) کۆتایی هاتبوو ئەویش هەر برگەی (یی) بۆ زیاد دەکرێ . بۆ نموونە بە خەڵکی ( قورشاغلوو ، قامیشلوو ) دەڵێین ( قورشاغلوویی و قامیشلوویی ) .


٤ـ ئەگەر ناوی شوێنێک بە (ۆ) کۆتایی هاتبوو وەک ( زاخۆ ) ، (دۆڵپەمۆ ناوی گوندێکە لە شارباژێڕ ) دەڵێین ( زاخۆیی ، دۆڵپەمۆیی ) . بۆ زاخۆ هەندێک کەس دەڵێن زاخۆلی و پێم وایە ئەم شێوە ناوە تورکییە نەک کوردی .

٥ـ ئەو شوێنانەی بە (ێ) کۆتاییان هاتووە وەک ( قەڵادزێ ، پردێ ) کە ( یی) نسبەیان وەرگرت ، دەبێ بڵێین ( قەڵادزێیی و پردێیی) بەڵام بۆ سووک گوتن لەسەر زار خەڵکی دەڵێن ( قەڵادزەیی و پردەیی ) و ئەمەشیان لەسەر زار خۆشترە ،کەچی بۆ لادێ دەڵێین ( لادێیی و ناڵێین لادەیی) .

٦ـ گەورەترین غەدر لە بەرزنجە کراوە . بەپێی ئەو دەستوورەی باسم کرد دەبێ بڵێین ( بەرزنجەیی ) و ئێستا ئەگەر تۆ لە کەسێکی خەڵکی بەرزنجە بپرسیت کاکە تۆ کوێندەریت ، دەڵێ ( بەرزنجەیی ) ، بەڵام ئەو ( البرزنجي ) یە عەرەبەکان وایان گوتووە و بەم شێوەیە بەسەر خەڵکی بەرزنجەدا براوە و کوردەکەش هەروەک عەرەبەکەی بەکاردێنێ . لێرە شتێکە هاتەوە بیر سەبارەت بە (بەرزنجە) . لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو برادەرێک گوتی : خزمێکمان لە بەغدا لە نەخۆشخانە بوو . ڕۆژێکیان ( فؤاد عارف ) هات بۆ سەردانی . دکتۆرێکی لێ بوو لە تەلەفزیۆن بەرنامەی منداڵی ناکامی هەبوو ئەوانەی دەیانخەنە ژێر شووشە و مامەڵەیەکی تایبەتییان لەگەڵدا دەکەن . گوتی فؤاد عارف لێی پرسی ناوت چییە ، ئەویش ناوەکەی خۆی پێ گوت و نازناوەکەی (البرزنجي ) بوو . فؤاد عارف لێی پرسی کوردی ؟ دکتۆرەکە گوتی نەخێر . فؤاد عارف یەکسەر پێی گوت ( لازم أنت مو إبن أبوك ) . دکتۆرەکە سوور هەڵگەڕا و هیچ قسەیەکی بۆ نەکرا و ڕۆیشت . هەر لەم ڕووەوە برادەرێک نازناوی ( البحرکي ) بە ناوەکەی خۆیەوە نووساندبوو . هەوڵم دا و تەلەفۆنم لەگەڵ کرد و پێم گوت برا تۆ کوێندەریت ؟ گوتی : بەحرکەییم . گوتم باشە بۆ نانووسی بەحرکەیی و دەڵێی (البحرکي ) ، خۆ تۆ عەرەب نیت . بەقسەی کردم و دوای کەمێک سەیرم کرد گۆڕیویەتی بە ( بەحرکەیی ) .

وەکو دەبینن کوردییەکە زۆرئاسانە و هیوام وایە کوردیزانە دووزەردێنەکان چیدی نەنووسن ( ئەوروپی و ئەمریکی و ئەفریقی ) . من جارێکیان لە ڕۆژنامەی ئاسۆ شتێکی کورتم لەم ڕووەوە نووسی و گوتبووم : ( ئەوروپا ، ئەمریکا ، چوارتا ، سەرقەڵا ) هەر چوار ناوەکە بە ( ئەلف ) کۆتاییان هاتووە ، بۆ دەڵێین چوارتایی ، سەرقەڵایی ، بۆ ناڵێین ئەمریکایی و ئەوروپایی) . ئاواتەخوازم توانیبێتم پەیامێک بگەیەنم وسوودی هەبێ بۆ نووسەران و حەزیش دەکەم هەر بەڕێزێک دید و بۆچوونی زیاتری هەیە نووسینەکەی من دەوڵەمەندتر کات زۆر سوپاسی دەکەم چونکە من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم ... ئیدی خواتان لەگەڵ خۆشەویستانم .

**عەبدول کەریم شێخانی**



## لەیادی ٣٧ ساڵەی مانگرتنەکەی خوێندکارانی زانکۆی موسڵ

لە 3-5-1984 لەناو زانکۆی موسڵ بۆ ماوەی 3 رۆژ لەسەر رەفزکردنەوەی جەیش الشعبي،بۆیە وەک سەروەیەکی مێژووی خوێندکارانی کوردستان بەباشم زانی هاورێیان وخوێنەرانی ناو تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاشناییان زیاتر بێت بەو مێژووە شکۆمەندیەی ئەو توێژە شۆڕشگێڕەی کە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا راپەڕین داینەمۆی شۆڕشی گەلەکەمان بوو .

خوێندکاران ئەو توێژە رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەن کە لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆرشی کوردستان لە باشوور رۆلێکی بەرچاویان هەبووە و, بەتایبەتی لەدوای ساڵی 1975, زۆرترو بەرچاوتر و هۆشیارانەتر هاتنە مەیدان , دەتوانین بڵێین ئەگەر شۆرشی ئەیلول جوتیاران کۆڵەکەی شۆڕش بوونە, ئەوا لەشۆڕشی نوێ ئەمجارە خوێندکاران کۆڵەکە و جولێنەر بوون, وەك خۆپیشاندانی ساڵی 1982 لە ڕانیەو قەڵادزە و سلێمانی و کۆیەو هەولێرو کەرکوك و هەڵەبجە...... شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان.

لە بەهاری ساڵی 1984 دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی عێراقی بڕیاری دەرکردنی هەموو ئەو خوێندکارە کوردانەی زانکۆی سەلاحەدینی لەهەولێردا کە نەچوون بۆ مەشقی (سوپای میللی , واتە تدریب جیش الشعبی) بۆ پشتگیری خوێندکارە دەرکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین, ئێوارەی 5/6 - 5-1984 ئێمە کە لەکۆلیجی کشتوکاڵ بووین لە شارۆچکەی حەمام عەلیل لەڕێگای ڕێکخستنە خوێندکاریەکانەوە ئاگادارکراینەوە کە بۆ بەیانی بچینە ناو زانکۆی موسڵ مانگرتن ئەنجام بدەین و داوای گەڕاندنەوەی خوێندارە دەرکراوەکانی سەلاحەدین بکەین, ئەوەبوو بەوشەوە دوای ڕاگۆڕینەوە لەنێوان چەند کەسێکمان کەسەرپەرشتی خوێندکارانی کۆلیجی خۆمان دەکرد بڕیاردرا بەشداربین و زۆربەی ئەندام و لایەنگران ئاگادارکرانەوە کە دەبێ بە تاك و بە گروپ پێش دەوام بەیانیەکەی لە ناو زانکۆ لەلای رئاسەی جامعەی موسڵ ئامادەبین, ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو هەموو رێکخستنە خوێندکارو قوتابیە کوردستانیەکان لەگەڵ هەبوونی ناکۆکی حزبیش بەلاَم هەموو بڕیاری بەشداربوونیان دا, من ئەوکاتە لە قۆناغی چوارەمی کۆلیجی کشتوکاڵ بووم تەنها یەك مانگمان مابوو تخرج بکەین, ئەوشەوە پێش ڕۆژهەڵات لە کۆلیج دەرچووین و هەر 3-4 کەسێك پێکەوە رۆیشتین دەوری سەعات 8 ی بەیانی هەموو کۆبووینەوە کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لەگشت کۆلیج و پەیمانگاکان هاتبوون کەهەموو لایەنەکانی تێدا بوو. لە بیرمە لەبەردەم پەڕتووکخانەی زانکۆی موسڵ بوو کە زیاد لە 2500 خوێندکار دەبوو بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام بووین هەر لەبەیانییەوە تاکو کۆتایی دەوام لەیەك جێگا کۆدەبووینەوە دوایی پەرتەمان لێدەکرد,پیاوانی ئەمن و بەعسیەکان بەدەورمان دا دەسوڕانەوەو زانیارییان کۆدەکردەوە, ئێمە وەك خوێندکارانی کشتوکاڵ شەو لەناو زانکۆ دەماینەوە 2-3 کەس پێکەوە دەگەڕاین, شەو لەبەشە ناوخۆییەکانی کۆلیجەکانی ناوزانکۆ لای هاوڕێکانمان خۆمان دەشاردەوە, شەوانە دەزگا ئەمنییەکان بەدوامان دەگەڕان هەر خوێندکارێك کە هی قسمی داخلیەکە نەبوایە دەیانگرت و ئیهانەیان دەکرد یان بەزۆر دەیان ناردەوە کۆلیجی خۆیان, ئەوکارە لە رۆژانی 6-7-8 /1984/5 بەردەوام بوو, سەعات 10ی بەیانی رۆژی 8-5 سەرۆکایەتی زانکۆ داوای دانیشتنی کرد لە گەڵ نوێنەرانی خوێندکاران , ئێمەش لە هەر کۆلیج و پەیمانگایەك 2 نوێنەری دەسنیشانکرد, نوێنەرەکان کەچوون 4 داواکاری سەرەکیان دا بە سەرۆکایەتی زانکۆ :

1- گەڕاندنەوەی خوێندکارە دەرکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
2- سوپای میللی بۆ خوێندکاران نابێت بەزۆرە ملێ بێت .
3- گەرەنتی دان بەوەی هیچ خوێندکارێکی مانگرتوو لێپرسینەوەی لەسەر ںاەم مانگرتنە لەگەڵ نەکرێت .
4- گوتنەوەی وانە رۆیشتووەکان و کردنەوەی ئیمتیحان بە خوێندکارانی مانگرتوو کە لەوچەند رۆژەدا ئەنجامدراوە .

لە دوا قسە سەرۆکایەتی زانکۆی موسڵ جگە لە خاڵی یەکەم هەرسێ خاڵەکەی تری قبوڵکرد و گوتی من پەیمانتان پێدەدەم خاڵی 2,3,4 تان بۆ جێبەجێ بکەم, بەڵام خاڵی یەکەم گەڕاندنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە دەستەڵاتی من دا نیە و دەبێ وەزارەتی خوێندنی بالاَ بڕیاری گەڕاندنەوەیان بدات. گوتی بڕۆنەوە کۆلیجەکانی خۆتان ئەگینا بۆ بەیانی هەرکەسێك لەناو زانکۆ مانگرتن ئەنجام بدات , ئەوە دەبابە و عەسکەر دێت و حەرەمی جامعە دەشکێنی و دەتانگرن و دەتانکوژن, پاش هاتنەوەی نوێنەرانی خوێندکاران بۆ ناو جەماوەر هەرکۆلیجەو دەستی بەکۆبوونەوەی خۆی کرد لە دوای مشتومڕێکی زۆر لە نێو خوێندکاران بڕیاردرا بچینەوە کۆلیجەکانمان کەلوپەلی خۆمان بهێنینەوەو بچینەوە شارەکانی خۆمان لەوێ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین و بەغداو جەماوەریش بێنینە پشت خۆمان و دەست بە مانگرتن و نارەزایی بەردەوام بکەین, ئێمە وەك قوتابیانی کۆلیجی کشتوکاڵ دووپاسێ گەورەمان گرت کە کۆنە پاسەکانی موسڵ بوو لای هەولێر پێمان دەگوت (پەست) هاتینەوە حەمام عەلیل , لە دەرگای کۆلیج جەماعەتی ئەمنی کولیە وەستابوون, یەکەمجار نەیانهێشت بچینەوە ناو کولیج دوایی گوتیان هەویەمان پێبدەن بەناونووسین دەهێڵین بچنە ژوور, ئێمەش رازیبووین ناومان نوسراو چوینەوە ناو کۆلیج و بەشە ناوخۆییەکانمان, لەکاتی ناونووسین لەبیرمە زابت ئەمنی کولیە ناوی (سامی بارودی) بوو لەکاتی ناونووسینم منی بینی گوتی ها عباس (انت ما قلت لی انا ما ادخل بسیاسە هس شنهو) ئەمنیش بەعەرەبیە شڕو سەقەتەکەی خۆم پێم گوت ,( هذا مو سیاسە حزبي هذا شی مهنی طابع لطلبە علی مود جیش شعبی, ما ارید اشارك بجیش شعبی), ئەو سامی بارودیە چەند جارێك تەشقەڵە و هەڕەشەی لێدەکردم کە ببم بە بەعسی , منیش هەمووجار پێم دەگوت من رقم لە سیاسەتە بەس دەمەوێت بخوێنم, چونکە ئەو رابردووی من و خێزانەکەمی دەزانی کە بەعسی نین , کتابی ئەمنیش لە دیبەگە بۆیان چوبوو, زۆر چاودێری دەکردم دەیویست بەڵگەم لێبگرێت.

ئیتر دوای ئەو قسانە وازی لێهێنام, بەس دیاربوو هیچ فەرمانێکی گرتن و لێدانی ئێمەیان پێنەبوو, پاش ئەوەی چوینە ناوبەشە ناوخۆییەکانمان جانتاکانمان هێناوە, دیسان ناویان نووسینەوە و سواری هەمان پاسە پەستە کۆنەکە بووین و هاتینەوە موسڵ لە ڕێگا سروودی نیشتیمانی کوردستانی و گۆرانی کوردیمان بەچەپڵە ڕێزانەوە دەگوت, لەگەراجی شیمالی ناو موسڵ دابەزین هەر کۆمەڵەو بۆ شاری خۆمان هاتینەوە, لە بیرمە بە کۆستەرێکی 21 نەفەری هاتینەوە بەرەو هەولێر لە سەیتەرەی یەکەم کە دەرچووین لە موسل لە نزیك گۆکجەلیل دیسان هەموویان هێنایانە خوارەوە هەویەیان لێوەرگرتین و ناوی هەمووومانیان نووسی, ئنجا بواریان دا برۆین, بۆ ئێوارە گەیشتینەوە ناو هەولێر, کەلە هەولێر دابەزین پەرتبووین بڕیارماندا بۆ بەیانی عەسر یەکتر ببینینەوە.

بڕیارەکە ئەوەبوو لە هەر شارەو مانگرتن بکەین لە 5-12 لە سلێمانی نارەزایی دەستی پێکرد و دوایی ببووە خوپیشاندان چەند کەسێك شەهید ببوون لەو پەرچەکردارەش بەیارمەتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کە ئەوکات لە مفاوەزات بوو لەگەڵ حکومەت) هێرشکرا سەر بارەگای جیش شعبی چەند کەسێك لە پیاوانی حکومەت کوژران, ئەو دەنگۆی کوژران و شەهیدبوون و تەقەکردنە و بەشداربوونی پێشمەرگە, لە هەولێر دەنگی داوە بۆ رۆژی 5-13 بەیانی کاتژمێر 10 لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە تەنیشت بینایەی پارێزگا (کەئێستا شوێنەکە کراوە بەپارکی تەنیشت پارێزگا) کۆمەڵێکی زۆر لە خوێنکارو قوتابیانی کۆلیجەکان و هەتا ئامادەییەکانیش وەك نارەزایی دانیشتین لە ناو باغچەیەکی فریزی بوو , بەس هەر چارەکە سەعاتێکی نەبرد پیاوانی پۆلیس و ئەمن بە کێبل و قامچی بەربوونە ناومان لێیانداین و راویان نا‌ین ئێمەش هەندێ بەردمان تێدەگرتن و هوتافمان دا, بەلاَم دوایی ناچاربووین بۆ ئەوەی نەگیرێین بلاَوەمان لێکرد بە ناو کۆڵاَنەکان.

ئیتر دوای چارەکەسەعاتێك لەکن باتا هەندێ برادەر یەکترمان بینیەوە هەوڵماندا خۆپیشاندان بکەین, بەلاَم دیاربوو هەموو یەك رانەبوون, ناچار وازمان هێنا.

ئیتر هەریەکەو چووینەوە ماڵ تاکو 17-5 -1984 شێخ جەعفەری پارێزگای ئەوکاتی سلێمانی، خوێندکارانی سلێمانی کۆکردبۆوە پەیمانی پێدابوون کە حکومەت هەموو داواکانیان جێبەجێ دەکات بڕۆنەوە زانکۆکانتان، کاتێ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین هاتبوونەوە هەولێر پێیان گوتبوون کەس وەرناگرینەوە بە کتابی ڕەسمی ئێوە فەسڵکراون ، بەڵام خوێندکارانی زانکۆی موسڵ هەریەکەو چۆوە دەوامی خۆی تاقیکردنەوەکانیشمان پێکراوە. من خۆم تاخیر چوومەوە موسڵ پاش ئەوەی چەند هاوڕێیەك هاتنە لام و داوایان لێکردم بگەڕێمەوە هەموو قوتابیان هاتوونەتەوە دەوام و تەنها ئێوە 3 کەس ماون منیش کەچوومەوە حەمام عەلیل دیتم دووهاوڕێی ترم نەهاتوونەوە، لەگەڵ هاوڕێیەك چووینە کەرکوك لەوێش چووینە بەغداو ئنجا خانەقین ئەودوو هاوڕێیەشمان هێناوە کۆلیج کاتێ گەڕامەوە 4 امتحانی کۆتایی ساڵم لێڕۆیشتبوو، ناچار هاوین لەخولی دووەم امتحانم داوە. لەوچەند ڕۆژەی تاقیکردنەوە زۆر دەترساین حکومەت بمانگرێت، هەمیشە لەگەڵ یەك بەکۆمەڵ دەبووین و ئاگاداری یەکبووین.

لە کۆتاییدا سلاَو بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانە دەنێرم کەبەشداربوون بەتایبەتی سلاَوی وەفاداری بۆ ئەو هاوڕێیانەی شەهیدبوونە یان ئێستا لەژیان نەماون هاوڕێیان (نەهرەدین عەولاَ، شەهید مام تەها حاجی رۆستەم ، تحسین قادر ...) یادیان بەخێربێت، ئەو هاوڕێیانەی لەکۆلیجی کشتوکاڵ خەڵکی هەولێر بوون و من لەبیرم بن کەبەشداربوون و لەژیان ماون، بەڕێزان نەوشاد محمد قادر، طاهر عزیز ، صباح محمود ، کاوە محمد ڕەشید، نجات ابراهیم یعقوب، عبدالواحد حسێن....


عەباس نادر



## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی نیشتیمان کڵاوڕۆژنەی خەبات ....جەلال حاجی جەمیل ناسراو بەهاوڕێ خەبات ، هاوڕێ خەبات لاوێکی خوێن گەرمی دڵ پڕ لەخۆشەویستی و عەشقی نیشتیمان ، هەر لەسەرەتای لاوێتی ئەوین و هەوای نیشتیمان ئەبێتە خولیای ،لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی ئەکات بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە لەچوارتا زۆر جوست و چالاکانە بەشداری خەبات دەکات ، لەناو شاردا و ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لەساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگەو ، پیاوێکی تێکۆشەرو لەزۆربەی ناوچەکانی نیشتیمان پێشمەرگایەتی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان و قەندیل و دۆڵی جافایەتی و شارباژێری تەخت و سەخت و ئالان و سیوەیل ، بەشداری زۆر لەشەڕەکانی ئەو ناوچانە بووە ، خەبات وەکو بەفراوی قەندیل بەعەشقی خاکی نیشتیمانا داچۆڕابوو ،ببووە هەناسەی خاک و سۆزی نیشتیمان ، بەگەردنی هەموو گمۆیەکەوە ملوانکەی شوین پێ یەکی هەنگاو بوو، لە هەموو پێدەشتێکدا سەوزایی خاک و جۆلانەی پەلکەزێرینەی گریاو بوو ، بۆ هەموو زامێک هەتوان و لەهەموو نیووە شەوێکدا تریفەو ،بۆ هەموو تریفەیەک خەرمانەو بۆ هەموو خەرمانەیەک پاسەوانی ناز بوو ، پێ یەکی لە گەرمە سێرو هەنگاوێکی لەناو بەفراو ، هەناسەیەکی یاخی ناو ئەشکەوتێکی نیشتیمان بوو ، هاوڕێ خەبات سەرەتای پێشمەرگایەتی لەدەزگاکانی سەرکردایەتی و دواجاریش لەتیپی ٣٣ ، تا ڕاپەڕین درێژەیی بەخەبات داو ،دوای ڕاپەڕینیش بێ ووچان لەخزمەتی نیشتیمان و گەل و خاک و خۆڵی نیشتیماندا بوو ، بەڵام زۆر بەداخەوە شەڕی خۆکوژی و برا کوژی کردیە خۆراک کاکە خەبات دواجار لە ١٩٩٤/٠٣/٢٠ بەدەستی تاوان و بێویژدانی گەشمردە کرا لەناوچەی پێنجوێن ، ڕەوانی پاکی هاوڕێ خەبات شاد و یادو یادەوەری بەخێر ، سەری ڕێزو نەوازش لەئاست گەورەیی نەمراندا دادەگرم ،یادتان بەخێر /ڕزگارەسوور








## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

### عەلی جۆڵا

1940 -لە هەڵەبجە لەدایکبووە.
1966 -ئەکادیمیای بەرزی هونەر لەبەغداد و بە پلەی نایاب تەواوکردووە.
1963 -یەکەمین پێشانگای تایبەتی گرافیك لە هۆڵی ناوەندی کچان لەسەرکارێز- سلێمانی کردۆتەوە.
1968 -دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی.
1969 -سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی سورکێو.
1970 -چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی .
1971 -پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی سورکێو.
1971 -شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی ناوەندی کچان لەسەرکارێز.
1972 -حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری سۆڤیەتی لە بەغداو لە سلێمانی.
1976 -هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی لە هەولێرو سلێمانی.
2003 -نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهەولێرو دهۆك و سلێمانی.
2005 -دەیەمین پیشانگەی تایبەتی لە سلێمانی-هەولێر-دهۆك
2010-یانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1966-2011-بەشداری زیاتر لە (40) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە .







2013- دوانزەهەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری زاموا.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرو ویژەی کوردی بووە لەساڵی 1969 و تائەمرۆ ئەندامە.
-ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە.
-بەشداربووە لەدامەزراندنی کۆلیجی هونەر لە زانکۆی سلێمانی.






ئامادەکردنی بەختیار سەعید

## لە دووریانی سەربازی وپێشمەرگایەتیدا...

یادگار حەکیم

هەر تێکۆشەرێکی شار یان پێشمەرگەیەکی شاخ یان هەر یەکێک لە جەماوەری ستەمدیدەی گەلی کورد لەباشووری کوردستان، بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی١٩٧٦ ئاشنا بوبێت ویەکێتی نیشتمانی کوردستانی ناسیبێت ولەڕێییەوە خەباتی کردبێت بۆ گەل ونیشتمان. ئەوا دەزانێت کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە رەوان شاد نەوشیروان موستەفا سکرتێری بوو ، چ کۆڵەکەو وپایەیەك بوو لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا؟. هەر کەسێکی ناو یەکێتیش ئەو گوتەیەی ڕەوان شاد مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بیرکەوێتەوە کە بە ڕەنجدەرانی بیروبازووی ناو دەبرد، تێدەگەیی کە ئەم رێکخراوە پێشرەوەی ناو یەکێتی چ پێگەیەکی قورس و بەنرخی هەیە لای بەرێزی. بۆیە ڕۆحی خەباتی ژێرزەمینی لەشاردالەدژی رژێمی بەعسی فاشیستی ڕەگەزپەرست. زۆر پیرۆز بوو وەچاوشارکێ وبەلاڕێ بردنی سیاسی بەهێزی پێویست بوو! بەتایبەتی لەناو سوپای عیراقی بەعسدا ، کەبچوکترین گومانی کوردایەتی وپەیوەندی بە پێشمەرگەوە،بێ سێ ودوو پەتی سێدارەی بۆ هەڵدەخرا. بۆیە دەبوایە لە هەڵسوکەوتی سیاسیت زۆر بەئاگا بویتایە.


سەربازی هێزی ئاسمانی دژە فڕۆکە بوم لە پایەگایەکی هێزی ئاسمانی عیراق لە سێکانیانی نزیک شاری کەرکوك ، گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان ورژێمی سەددام دەستی پێکردبوو. من ماوەیەک بوو بەهۆی ڕەشبگیری و هەلومەرجی ڕێکخراوەیی دابڕابووم لە ڕێکخستن. لە سورداش هەراو بەزمی کوردی و بەهارێکی سیاسی تەومژاوی بوو. لیژنەکانی تەنسیق دروستکرابوون. فرسەتم هێنا لەم بارودۆخەدا پەیوەندی بکەمەوە بەڕێکخستن. چوم بۆلای ئامری وەحدەکەم نەقیبێکی ڕقنی عەرەبی موسڵاوی بووبەناوی( داوود حسین). داوای ٣ رۆژ ئیجازەم لێکرد نەیدامێ ولە بری ئیجازە سزای دام و ووتی تۆ دەبێت ٣ رۆژ خەفەر بیت!! زۆری لێکردبوم ببم بەعسی ڕەتم کردبۆوە، ڕقی لێم بوو. لەنائیب زابتێکی شیعەی خەڵکی بەغدا کە نێوانمان خۆش بوو بیستمەوە کە جێی گومانم ،ئەو رۆژەی دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە لە( باب ألنظام) ی سەربازگا دەردەچوم مەوقیف لەسەرم ئەوەبوو ( راح صديق أبو لحيه) کە مۆڵەتم تەواو دەبوو دەگەڕامەوە بۆ سەربازگا دەیانوت ( أجه صديق أبولحيه) مەبەستیان شەهیدی نەمر مامە ڕیشە بوو. کە زۆر حسابیان لێ دەبرد. لەکاتێکدا من مامە ریشەم هەر نەدیبوو! تەنها ناووقارەمانێتی و داستانەکانیم بیستبوو. پاش چەند ڕۆژێك نۆرەی ئیجازەی خۆم بوو. ئیتر نەقیبی موسڵاوی عەرەبی دڵ پڕ لەقین بیانوی نەبو. ئەو ماوەیەش زۆر مولتەزیم بوم ٤ رۆژ ئیجازەی خۆم وەرگرت. یەکسەر چوم بۆ سلێمانی بۆلای بەختیاری زربرای فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی ئەوکاتە، کە ماوەیەک لە دەربەندیخان هاورێ و سەربازبووین و یەکمان دەناسی. پێکەوە چوین بۆ سێروان وئاوەژێ وکانی توو. لەوێ بەڕێکەوت شەهید مامۆستا قادری مەلا عومەری گومەتیم بینی کە دانیشتوی گەڕەکی خۆمان بوو، خزمایەتیەکیشمان هەبوو.
بەخەیاڵیشما نەدەهات ئەو قارەمانەی زیندان لەوێ ببینم.
بەخۆشحاڵیەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئەو مامۆستا تێکۆشەرە خۆراگرە لە شار بۆ دروستکردمەوە. یەکەم جارم بوو ئەو شوێنانە ببینم. زۆر خۆش ودڵگیر بوو ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگەی بارەگاکانی یەکێتی ئەوێ وهەلسوکەوتی برایانەو شۆڕشگێڕانەیان لەگەڵ یەکتری ،کەوەك چیرۆکێکی بەرگری نەتەوەیی لەڕێکخستن بیستبوم ، بە فیلمێکی بینراوی ڕاستی هاتە بەرچاوم. بۆ نیوەڕۆش لەهەیوانەکەی ماڵی کاک فەرەیدون خواردنێکی نیوەڕۆی خۆشی دەستی پاکیزەخانی هاوسەریمان خوارد لەگەڵ کاک سالاری برای بەختیار. ئەم دیمەنەی پێشمەرگە ئامادەی کردم کە ئەگەرنەگیرێم یان نەمرم رۆژێک بێت منیش بەیەکجاری ماڵئاوایی لەدایکم وبراوخوشکەکانم وژیانی شاربکەم وبەیەکجاری بێمەوە بۆ شاخ ،وەک پێشمەرگە،چەکی کوردایەتی بکەمە شان.
لە( کانی تو) چاوم بەپیاوێکی ئارام وئاغرو دەم بەخەندە کەوت پێش ئەوەی دەستی لەگەڵ لێ بدەمەوە ،بەختیار بەئەسپایی پێی ووتم. ئەوە کاک ئازاد هەورامیە. من ئەم زانی کە کاک ئازاد کوڕی گەڕەکە بەشکڵ لەیادم چوبو ئەویش منی وەکو یادگارنەئەناسیەوە وەکو خانەوادە و هەندێک لەبراکانمی ئە ناسی. خۆم لێ ئاشکرا نەکرد کە کێم؟! کەمێک قسەمان کردو ئەویش لەمن سۆراخی زۆر نەکرد. گەرامەوە بۆ سەربازی وبەردەوامیم بە ریکخستنی ناو شار دا، مامۆستا قادر کە بەرپرسی رێکخراوەییم بووساڵی ١٩٨٦ لەلایەن دەزگا سیخوریەکانی کەرکوکەوە دەستگیرکرا لەگەڵ مامۆستایان رەئوفی یابەومامۆستا شێرزاد جەباری کەلەپاشانا بەداخەوە لە سێدارە دران. بە دەستگیرکردنی مامۆستا قادر ترسم لێ نێشت بەڵام لەلایەکی کەوە دڵنیا بوم کە مامۆستا قادر ناوم ناهێنێ لەژێر ئەشکەنجەدا لەگەڵ ئەوەشا خۆم یەکلا کردبۆوە بۆ دەرچون و بەجێ هێشتنی پایەگای سەربازی و روکردنە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی و رزگاربون لەدڵەڕاوکێی گرتن بەزویی . هەلێکم بۆ هاتە پێش وسەربازگام جێ هێشت . چووم بۆ سلێمانی لەماڵی بەختیار نزیکەی ٢ هەفتە ئیختیفا بووم ڕژێم دەزگای سیخوڕیەکان و جەیشی شەعبی بەناو کۆلانەکانی سلێمانی بڵاوکردبۆوە. هەندێک شەو دەچونە سەر سەربانی ماڵان لەترسی هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە بۆ ناو شار بۆ ئەوەی لەسەربانەکانەوە کەمین دابنێن وەختێکی هەستیار بوو بەختیار ناوبەناو دەیبردم بۆ ماڵێکی نزیکیان. بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە لەوێ مەلیحەخانی دایکیم بینی. لەهەوڵی دەربازکردنم بوون بۆ ناو هێزی پێشمەرگە. پاش چەند رۆژێک بەختیار ووتی بابچین ژنێک هاتوە بۆماڵی ئەو ناسیاوەم بزانین چیمان بۆ دەکات؟ کە چوین تەماشام کرد، (باجی مەقبوڵ)ی دایکی حمەعەلی مەقەری کاک نەوشیروان بوو. هەزار رەحمەتی لێ بێت وگۆڕی پڕ نوور بێت، پێشتر دەمناسی و خزمایەتیەکیش بەیەکەوە گرێی دابوین ، باجی مەقبوڵ کەمنی بینی حەپەسا. باوەشی پیاکردم وماچی کردم. وای پیشان دا کەهیچی پێناکرێت بۆ دەربازبونم ورۆیشت ومنیش چومەوە ماڵی بەختیاری هاورێم. ئەمن وجەیشی شەعبیش ئەگەڕێن بەکۆڵانەکانا. بەڵام نیازی ئەو خانمە ئازاوبەئەمەکە وانەبوو! بەڵکوو دوایی دەرکەوت کە لەڕێی زاواکەی خوالێخۆشبوو مەلا ڕەئوف کاری خۆی کردوە. پاش چەندرۆژێک پیاوێکی بەتەمەن هاتە ئەوماڵەی کە رەحمەتی باجی مەقبوڵم لێ بینی.
لاندرۆڤەرێکی سەوزی پێبوو. منیش خۆم ئامادە کرد بە ئیجازەیەکی سەربازی تەزویرو شاڵێکی جوانی خورماییم لەبەرکردو بەجانتایەکی بچوکەوە پێکەوە بەسەیتەرەکەی تاسلوجەیا رەتی کردم . باش بوو گومانیان نەکرد وتا گوندی یالانقۆز بردمی لەوێ پێموترابوو کەبچمە ماڵی، پێم وابێت حاجی هدایەت بوو. کە چومە ئەوێ وپێشوازیان لێکردم. بە دەم چاخواردنەوە. چەند پێشمەرگەیەک خۆیان کرد بەژوراو خۆم پێناساندن. شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.



یەکیان شەهید کەریم نالەباخی ناسراو بەکەریم سەرتیژ بوو کە یەکەم پێشمەرگە بوو ناسیم وپاشان بەدەربەندەکەی زێوێ گەیاندمیە گوندی زێوێی دامێنی شاخی پیرەمەگرون کەمەقەری تیپی ٢٣ سورداشی لێ بووو. لەوێ چومە ماڵی کاک بەکری برای حەمەعەلی و بۆ دووەم جار باجی مەقبوڵم دییەوە! کە پێموابێت بۆ دڵنیابوون لەگەیشتنم پێش من چوو بوو بۆ زێوێ . پاشان پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەبەرگەڵوو لەهاوینی ساڵی ١٩٨٦ ، ماوەیەك لەوێ خەریکی نەخشەکێشانی سەربازی سنوری تیپەکانی پێشمەرگە بوم. پاشانیش لە هێزی دژەفرۆکەی سکرتاریەتی بەرێز مام جەلال درێژەم بەخەباتدا. لەوکاتانە جارێکیان لەناوەندی کۆمەڵە ، لەمەقەری کاک نەوشیروان چاوم بە شەهید ئازاد هەورامی کەوتەوە یادی بەخێر خۆم پێناساندو خۆشحاڵ بوو کە بومە بە پێشمەرگە و ووتم بیرتە( ساڵی ١٩٨٤ لە کانی توو ووتت من فیشەکێکم لە رێبوە کێویەک خۆشتر دەوێ بۆیە راوی ناکەم؟!) ووتی راست دەکەیت ئێستا شێوەتم هاتەوە بەرچاو. لەگەڵیدا بە چەند برادەرێکی کوری گەرەکی وەکو کرمانج(قەرە) و هیواچاوشینیش شاد بومەوە. یادی روحیانەتی رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدرانی کوردستان بەخێر. سڵاو لەگۆرِت باجی مەقبوڵی شێرە ژن . سڵاو لەگیانی پاکی شەهید ئازادو شەهید مامۆستا قادرو گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.



# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)



## نەوشیروان مستەفا

### بەشی دووەم

پێش ئەوەی لە قاسمە رەش و زەڵێ دابەزین، ئەو کاتەی خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ راپەڕین، پێمان وابو ئازادکردنی کەرکوک لە ئازاد کردنی هەمو شارەکانی تری کوردستان گرنگتر بەڵام سەختتر ئەبێ. لە بەر ئەوە پلانی گەمارۆدان و هێرشی سێلاییمان بۆ دانابو. دامان نابو دوای ئازاد کردنی گەرمیان، سلێمانی، هەولێر، گەورەترین هێزی لە سەر کۆ بکەینەوە و، لە هەر سێ لاوە بەرەو ناوشار پەلاماری بدەین.

دوای ئازاد کردنی هەولێر، لە پێش ئەویش سلێمانی ئازاد کرابو، ئەبو پلانی رزگارکردنی کەرکوک جێبەجێ بکرێ.

هێزەکانی سلێمانی لە قەرەهەنجیر کۆکرابونەوە.

هێزەکانی هەولێر لە ئاڵتون کۆپری - کەڵوڕ کۆ کرابونەوە.

هێزەکانی گەرمیان لە شەڕی «موجاهیدینی خەڵق» ی ئێرانیەوە گلا بون.

سەرکردایەتی (میحوەری) کەرکوک چەند جارێ هەوڵی پەلاماردانی دا بو .نەیان توانی بو هیچ سەرکەوتنێکی کاریگەر بە دەس بهێنن. هەندێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە دودڵ بون و بە خۆیان دا رانەئەپەرمو، بە قسەی خۆیان «ئۆباڵی مێژویی» ئەم هێرشە هەڵبگرن داوایان لێ کردم کە خۆم یان کاک مەسعود ئەو ئۆباڵە هەڵبگرین.

شەوی 19 ی ئازار لە گەڵ کاک مەسعود لە پردێ کۆبوینەوە و، ئیشوکارمان دابەش کرد. ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی کەرکوک بە من سپێردرا و، کاک مەسعود ئەرکی سەرکردایەتی قۆڵی موسڵی گرتە ئەستۆی خۆی.

لە گەڵ کاک کۆسرەت، کەوتمە سازدان و کۆکردنەوەی هێزەکان. بۆ ئەو مەبەستە سەردانی قەرەهەنجیرم کرد لە گەڵ فەرماندەکانی لای رۆژهەڵاتی کەرکوک کۆبوینەوە. ئەوانە هەندێکیان پێشمەرگە و هەندێکیان موستەشاری فەوجە خەفیفەکان و هەندێکیان ئامیر بەفرەزە بون. بۆ یەکەم جار تەحسین شاوەیسم لەوێ بینی. ئیشوکارمان بە سەردا دابەش کردن.

ئێوارەی نەورۆز لە رۆژئاوای کەرکوکەوە (پردێ) و لە رۆژهەڵاتەوە (قەرەهەنجیر) پەلاماری شاری کەرکوک درا و، شەوی پێشو هێزە کەرکوکیەکان دزەیان کرد بو چوبونە ناو گەڕەکە کوردەکانەوە.

بۆ شەو هێزەکان لە هەمو لاوە هێرشیان کرد و رژانە ناو شارەوە تا رۆژی دوایی کە نەورۆز بو ناو کەرکوکیان پاک کردەوە. تەنیا ئەو لایەی بە هێزەکانی گەرمیان، کفری و کەلار و دوز، سپێردرا بو بە هۆی شەڕی «موجاهیدینەوە» نەیتوانی هیچ بەشداریەک لە جێبەجێ کردنی پلانەکەدا بکا، بۆیە «موعەسکەر خالید» وەکو خەنجەرێکی کوشندە لە کەلەکەی کەرکوک دا مایەوە.

شەوی 20 - 21 ی 3 ی 1991 بە تەواوی دەس گیرا بە سەر ناو شاری کەرکوک دا. لە ناوشاری کەرکوکەوە لە سەر بۆنیتی ئۆتوموبیلەکەمان هەواڵێکی کورتم وەکو مژدە نوسی و بە بێتەل دامان بە رادیۆی «دەنگی گەلی کوردستان» بڵاوی بکاتەوە.

24ی ئازار :
پەیامێکی تری سەدام

عیراق هێزێکی گەورەی لە فیرقەکانی حەرەس جمهوری کۆ کرد بووەوە لە گەڵ 300 تانک بەرەو کوردستان بەرێ خرا بون. سەدام حسێن د موکەڕەم تاڵەبانی لە گەڵ ئەم هێزە نارد بو، رای سپارد بو کە قسە لە گەڵ کاک مەسعود و مام جەلال بکا بۆ گفتوگۆ. پێیان وت بو: «ئەگەر تا 4 رۆژی تر وەڵامی ئیجابی نەهێنێتەوە ئەوا بەو رێگایەدا نەگەڕێتەوە چونکە ئەوان هێرش ئەکەن بۆ گرتنەوەی کەرکوک و کوردستان» موکەڕەم لە «فەتحە» لە هێزەکەی عیراق جیا ببووەوە و ئەوان بەرەو دوبز جوڵا بون بیکەن بە بنکەی هێرشی پێچەوانە بۆ سەر کوردستان و، ئەمیش هات بو بۆ سلێمانی. لە سلێمانی فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاحی دی بو. راسپاردەکانی پێ وت بون ئەوان ئاگاداریان کرد بو کە «بەرەی کوردستانی» موافیقە لە سەر گفتوگۆ لە بەر ئەوە هەرچی زوتر بگەڕێتەوە باشترە. بەڵام موکەڕەم وت بوی: «سەدام داوای لێ کردوە بارزانی و تاڵەبانی ببینێ و، لە دەمی خۆیانەوە قسەکان ببیستێ».موکەڕەم هات بو بۆ هەولێر شەو ئاگاداریان کردم بۆ بینینی. لە سەلاحەدینەوە بە رێ کەوتم بۆ هەولێر لە ماڵی محەمەد مەعسومی برای د فوئاد مەعسوم دابەزی بو. هەمان قسەکانی سلێمانی دوبارە کردەوە. منیش هەمان قسەم کرد و وتم: «مام جەلال هێشتا لە سوریایە لە بەر ئەوە ناتوانی بیگەیتێ چاکتر وایە بگەڕێیتەوە رەزامەندی مام جەلال و کاک مەسعود و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان پێ رابگەیەنی» ئەو هەر سور بو لە سەر ئەوەی مام جەلال گەیشتۆتە زاخۆ و هەر ئەبێ بیبینێ.

بۆ رۆژی دوایی د موکەڕەم، مەسعود بارزانی و کەریم ئەحمەدی بینی بو و، لە گەڵ محەمەد مەعسوم بۆ بینینی مام جەلال بە رێگای بەردەرەش ویستبویان بچن بۆ زاخۆ بەڵام بە هۆی هێرشی جەیشی عیراقیەوە نەیان توانی بو تێ بپەڕن و، گەڕابونەوە. 4 رۆژەکە تێپەڕی. هێرشەکە دەستی پێ کرد. ناوبژیەکەی موکەڕەم بە هیچ نەگەیشت.

26ی ئازار :
گەڕانەوەی مام جەلال

مام جەلال لە سوریاوە گەیشت بوە زاخۆ. پێشوازیەکی جەماوەریی گەورەی لێ کرا بو. لە گەڵ خۆی جەبار فەرمان و هەندێ لە کادرەکانی یەکێتی لە ئەوروپا هێنابووەوە. چەند رۆژێ لە بادینان مایەوە.

28ی ئازار :
هێرشی جەیشی عیراق بۆ سەر کوردستان

چەند فیرقەیەکی حەرەسی جمهوری لە چەند لاوە پەلاماری کەرکوکیان دا. چەند وردەشەڕ روی دا بو، بەڵام پێشمەرگە و چەکدارەکان بە جێیان هێشت بو. لە هەمو لایەکەوە راکردن دەستی پێ کرد بو. کورد و تورکمان کەرکوکیان بە جێ ئەهێشت و بەرەو سلێمانی و هەولێر ئەرۆیشتن .ئەم کۆچە وەکو لافاو روی لە هەر شار و ناوچەیەک ئەکرد خەڵکی ئەویش ئەکەوتنە راکردن لە گەڵی و هەتا ئەهات کۆچەکە فراوانتر ئەبو.
لە رۆژانی راپەڕین دا سەدان هەزار پارچە چەک، سوک و ناونجی و قورس، کەوت بوە دەس خەڵک و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی. لە هەمو گەڕەک و کۆڵان و، لە هەمو قوتابخانە و دائیرەیەک دا، بارەگایەکی چەکدار دانرا بو. من خۆم یەکێک بوم لەوانەی ئەم دیاردەیەم بە لاوە شتێکی باش بو لەو باوەڕەوە کە ئەو بارەگا چەکدارانە لە کاتی هێرشی پێچەوانەی جەیشی عیراقی دا ئەبنە سەنگەری سەختی بەرگری کردنی ژیان و مردن و، ئەوە ئەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ستراتیجی جەنگیی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد: ستراتیجی پێکەوە گرێدانی شەڕی ناوشار و شەڕی ناوشاخ. بەڵام هەڵاتنی خێرای پێشمەرگە و چەکدارەکانی کورد، کە تێکەڵاو بون لە هی هەمو ناوچەکانی کوردستانی عیراق، لە بەردەم سەربازی عیراقی دا ئەم باوەڕەی کرد بە داڵغەیەکی پوچ. ئەگەر لە سەر ستراتیجی ترین و دەوڵەمەندترین شاری کوردستان ئەوەندە بەرگری بکەن، ئەبێ لە سەر شوێنێکی نەناسراو چەندە شەڕ بکەن.

30ی ئازار: داگیرکردنەوەی هەولێر

حەرەس جمهوری لە پردێ و دوبزەوە هێرشیان هێنایە سەر هەولێر و گرتیانەوە. بارەگاکانی کاک مەسعود و من لە سەلاحەدین بو گوللەتۆپی جەیش ئەگەیشتە سەلاحەدین. لە بەر ئەوە گوێزامانەوە شەقڵاوە.
مام جەلال گەیشتە شەقڵاوە. تا ئەو کاتە، وەکو چەند مانگێ پێش راپەڕین بەڵێنم پێ دابو، سەرپەرشتی کاروبارەکانی یەکێتیم ئەکرد و، هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە نزیک کاک مەسعود بوم. کە مام جەلال گەڕایەوە ئیتر من ئەرکم تەواو بو. هەرەسی راپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک دەستی پێ کرد بو. هێزەکانی بەعس کەرکوک و هەولێریان داگیر کردبووەوە. مام جەلال و کاک مەسعود و من کۆبونەوەیەکی کورتمان کرد. ئەوان پاراستنی کوردستانیان لە بەینی هەردوکیان دا دابەش کرد .کاک مەسعود کاروباری هەولێر و دهۆک و مام جەلال کاروباری سلێمانی و کەرکوکی گرتە ئەستۆ. ئیتر بڵاوەمان لێ کرد من ئازاد بوم. بارزانی چو بۆ سارداو لە رەواندز تاڵەبانی بۆ سلێمانی. منیش چوم بۆ دوکان.

2ی نیسان :
لە کوێوە هاتبوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ

هێرشی جەیشی عیراق لە کەرکوکەوە دەستی پێ کرد بۆ سەر سلێمانی و بۆ سەر دوکان.
مام جەلال لە سلێمانیەوە چو بوە کارێزە (چوارتا). کارێزە وێران بو . ئاوەدانی تێدا نەبو. چوبونە کەلاوەی بارەگایەکی جەیش. لە بەر نەبونی نوا شەوان لە ناو ئۆتۆمۆبیل دا نوست بون.
دوکانم بە جێ هێشت چومە رانیە. خەڵکی رانیە و ئەوەش کە روی کرد بوە رانیە لە چۆڵکردن و راکردن دا بون. لە رانیەوە چومەوە بارەگاکانی خۆمان لە زەڵێ.

لە کوێوە هات بوم گەڕامەوە بۆ ئەوێ .دەیان هەزار کەس لە تەختایی بەردەم کاولەکانی گوندی سونێ و تەختاییەکانی شێنێ و زەڵێ چادرەشڕیان هەڵدا بو، بە هەزاران ئۆتۆمۆبیلی جۆراوجۆری حکومەتی و تایبەتی لە دەشتاییەکان دا راگیرا بون بۆ نوستن و خۆپاراستن لە باران بە کاریان ئەهێنا. هەزاران کەس ریزیان بەست بو لە دەروازەی سنوریی قاسمەڕەش بۆ ئەوەی ئاوای دیوی ئێران ببن. ئەم دیمەنە نمونەیەک بو بۆ بارودۆخی ژیانی زۆرایەتی خەڵکی کوردستانی عیراق لە سەرانسەری ناوچە سنوریەکانی ئێران و تورکیادا .وەکو دوایی فەریق روکن سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات لە بەغداد بۆی باس کردم بە پێی خەمڵاندنی ئەوان ژمارەی ئاوارەکان بەرەوژوری 2 ملیۆن بو.
بەهاری 1991 وەرزێکی نائاسایی تەڕ بو. رەهێڵەی باران خۆشی نەئەکردەوە. نوا و خۆراک دو کێشەی گەورە بون. جەیشی عیراقی بەردەوام بو لە پەلاماری ئاسمانی و زەمینی دا. روداوەکان زۆر بە خێرایی ئەهاتن. سەرکردایەتی کورد، بە سەرانی هەمو حیزبەکانی بەرەی کوردستانیەوە، فریای لێکدانەوە و پلانی بەرامبەر نەئەکەوتن .راپەڕین لە سەرکەوتنێکی گەورەوە بو بە کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە. سەدان هەزار کەس شار و ئۆردوگاکانیان چۆڵ کرد و لە بەر ئەوەی دێهات هەموی وێران بو نان و نوا دەس نەئەکەوت رویان کردە سنورەکانی ئێران و تورکیا.
رۆژنامەوانەکان هێشتا لە کوردستان بون شایەتی تێشکانی راپەڕین و کۆچی بە کۆمەڵی خەڵک بون. بە چەشنێک هەواڵەکانیان لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە، بڵاو ئەکردەوە بەزەیی رای گشتی جیهانی بە جۆرێ بزواند گوشار بۆ حکومەتەکانیان ببەن فریای کورد بکەون. لە ناو ئەو رۆژنامەوانانەدا کە رۆڵی گرنگیان لەم بارەیەوە بینی: جۆناسان راندال لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و چارلس گلاس لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی و جیم مۆیەر پەیامنێری بی بی سی.
رێکخراوی «پزیشکانی بێ سنور» کە چەند کەسێکیان هاتبونە کوردستان، ئەوانیش رۆڵێکی کاریگەریان هەبو بۆ ناساندنی مەینەتیی ئاوارەکان بە دنیا.
کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی خۆپیشاندانیان ساز کرد و لە هەندێ جێ پەلاماری سەفارەتی عیراقیان دا و داگیریان کرد.

5ی نیسان :
پارادۆکس هاتوچۆی مەکۆکی دارا

مام جەلال نامەیەکی نوسی بو بۆ سەدام، پەیامەکەی خۆی و نامەی بەرزان تکریتی برای بیر هێنا بووەوە بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ. لە نامەکەی دا ئامادەیی دەربڕی بو بۆ راگرتنی شەڕ و ناردنی دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ.
نامەکەی دابو بە دارای تۆفیق ئاغا بیبات بۆ سەرکردایەتی عیراق. دارا یەکێ بو لە ئەفسەرانی ئیستیخباراتی عەسکەریی عیراق. کاتێ هاتە ریزی پێشمەرگایەتیەوە گەیشتبوە پلەی موقەدەم. ژمارەیەکی زۆری لە ئەفسەرانی جەیشی عیراق ئەناسی.
دارا لە رێگەی ئەزمڕەوە چو بو بۆ سلێمانی لە رێگەی ئیستیخباراتەوە پێوەندی لە گەڵ کرد بون. ئاگاداری کرد بون کە نامەیەکی گرنگی تاڵەبانی پێیە بۆ سەرکۆمار. دەزگای ئیستیخبارات هەمان رۆژ گەیاندبویانە بەغداد. لە بەغداد گەیاندبویانە عەمید عەبد حەمود سکرتێری تایبەتی سەدام. عەبد داوای لێ کرد بو نامەکەی بداتێ بیبات بۆ سەدام. دارا وت بوی مام جەلال پێی وتوم تەسلیمی دەستی خۆی بکەم .دارایان برد بو بۆ شوێنی حەسانەوە. سەعات 2 ی دوای نیوەشەو چوبون بە دوی دا و برد بویان بۆ لای سەدام لە بارەگای جیهازی موخابەرات .نامەکەی مام جەلالی دابویە و سەدام خوێند بویەوە. دارا داوای وەڵامی لێ کرد بو. سەدام وت بوی: «پێی بڵێ جگە لە جیابونەوە هەمو شتێ قابیلی باس کردنە.«

بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش

ئەو رۆژەی مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ سەدام نوسی بو داوای دەسپێکردنی گفتوگۆی لێ کرد بو، هەر لەو رۆژەدا ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە 688 (1991) ی بۆ پاراستنی کورد دەرکرد کە لە مێژوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا ئەوە یەکەم جار بو بڕیارێکی لەو بابەتە دەربکات چونکە بە شکاندنی سەروەری و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دائەنرا.

سەرکردایەتی کورد لە ژێر قورسایی هەرەسی ڕاپەڕین و کۆچی ملیۆنی گەلەکەی دا لەو ڕۆژەدا وەها شپرزە بوبو گرنگی ئەم بڕیارەی نەزانی و، لە دەرەوەش دەزگایەکی دیپلۆماسی ئەوتۆی نەبو نرخی ئەم بڕیارە بزانێ و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لێ ئاگادار بکا و، دوراییەکانی بۆ ڕون بکاتەوە. لە کاتی دروستکردنی بەرەی کوردستانی دا بڕیار درا بو نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی لە وڵاتانی دنیا یەک بخرێ بۆ ئەوەی ببێتە ناوکی دەزگایەکی دیپلۆماسی. بەڵام ئەم بڕیارە هەرگیز جێبەجێ نەکرا. من، لەو کاتەدا کە لە هەموویان کەمتر باری کەوتوی ڕوداوەکانم لە سەرشان بو زۆرتر هەلی گوێگرتنم هەبو لە ڕادیۆ و ئەمتوانی سۆراخی هەواڵەکان بکەم، تا ڕەنگ دەقی ئەم بڕیارەم نەدی بو و، نەمئەزانی ناوەڕۆکەکەی چیە و چۆنە و کورد چۆن ئەتوانێ بە کاری بهێنێ .

لافاوی بەردەوامی هەڵاتوانی کورد بەرەو سنورە دەوڵەتیەکانی ئێران و تورکیا و، چونی سەدان هەزار کەس بۆ ناو خاکی ئەو دو وڵاتە و گیرخواردنی سەدان هەزاری تر لە سەر سنورەکان بوبونە کێشەی ڕاسەقینەی مرۆڤایەتی بۆ تورکیا و ئێران کە هاوسنوری کوردستان بون و، ئەترسان بگۆڕێ بۆ کێشەی سیاسی و سەرەنجام بۆ مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی‌یان. لێشاوی پەنابەران ئەوەندە زۆر و ئەوەندە کتوپڕ و خێرا بو، لە توانای ئەو دو دەوڵەتەدا نەبو بە ئاسانی چارەیان بکا و، پێویستیەکانیان لە خزمەتی داڵدەدان و خۆراک و تەندروسی دابین بکەن.

تۆرگۆت ئۆزال، چەند جارێ هەڕەشەی کرد کە ئەگەر کۆمەڵگای ناودەوڵەتی چارەی ئەو کێشەیە نەکا، تورکیا خۆی چارەی ئەکا بە قوڵایی چەند کیلۆمەتر هێز ئەهێنێتە ناوچە سنوریەکانەوە ئاوارەکان لە ناو خاکی عیراق دا نیشتەجێ ئەکا.

نوێنەری تورکیا لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە 2 ی نیسان دا و نوێنەری ئێران لە 3 و 4 ی نیسان دا و نوێنەری فەرەنسە لە 4 ی نیسان دا نامەیان ئاڕاستەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە، سەرنجیان ڕاکێشاوە بۆ ئەو کارەساتە مرۆڤایەتیە.

لە 5 ی نیسانی 1991 دا ئەنجومەنی ئاسایش بە لە بەر چاو گرتنی تێبینیەکانی لەو نامانەدا نوسرابون پرۆژەی بڕیارێکی پەسەند کرد کە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا ئامادەیان کرد بو، بە ناوی بڕیاری ژمارە 988 (1991) وە چوە مێژوی ڕێکخراوەکەوە. بڕیاری 688 (1991) ی ڕۆژی 5 ی نیسان/ ئەپریلی 1991

ئەنجومەنی ئاسایش

بە لە بەر چاو گرتنی ئەرکەکانی و ئۆباڵەکانی

بە پێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی

نیشانە بە بەندەکانی بڕگەی 7 ی مادەی 2 ی پەیمانەکە

سەخت نیگەرانە لە سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی عیراق لە زۆر شوێنی عیراق دا، کە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دایە و، بۆتە هۆی لێشاوی گەورەی پەنابەران بەرەو وە بۆ ناو سنورە ناودەوڵەتیەکان و بەزاندنی سنور، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی ئەکا،

بە قوڵی نارەحەتە لەو ئازارە زۆرەی خەڵک لەوێ توشی بون، بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەرانی تورکیا و فەرەنسا بۆ نەتەوە یەکرتوەکان لە ڕۆژانی 2 ی ئەپریلی 1991 و 4 ی ئەپریلی 1991 دا، هەروەها بە تێبینی کردنی نامەکانی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژانی 2 و 4 ی نیسان/ ئەپریلی 1991،

پابەندیی هەمو دەوڵەتانی ئەندام دوپات ئەکاتەوە بەرامبەر سەروەری و، یەکێتی ئەرزیی و، سەربەخۆیی سیاسی عیراق و هەمو دەوڵەتانی ناوچەکە

بە لە بەر چاو گرتنی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی لە 20 ی مارتی 1991 دا

.1سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی لە زۆر شوێنی عیراق، لەوانە تازەترینیان لە ناوچە کوردنشینەکان دا، کە ئەنجامەکانی هەڕەشە ئەکا لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، تاوانبار ئەکا.

.2داوا لە عیراق ئەکا دەسبەجێ وەکو بەشدارییەک لە ڕەواندنەوەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ناوچەکەدا کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنێ و هیوا دەربڕێ لە هەمان بواردا گفتوگۆیەکی کراوە بکرێ بۆ دابینکردنی ڕێز لێ گیرانی مافی مرۆڤیی و سیاسی هەمو هاووڵاتی‌یانی عیراق.

.3پێدا ئەگرێ لە سەر ئەوەی عیراق دەسبەجێ ڕێگە بدا بە گەیشتنی ڕێکخراوی مرۆڤایەتی ناودەوڵەتی بۆ هەمو ئەوانەی پێویستی‌یان بە یارمەتی هەیە لە هەمو شوێنێکی عیراق دا کارئاسانی بۆ کارەکانیان بکا

.4داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا تەقەلای مرۆڤپەروەرانە درێژە پێ بدا لە عیراق، دەسبەجێ ئەگەر پێویستی کرد دەستەیەکی تر بنێرێ بۆ ناوچەکە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێ لە سەر مەینەتی دانیشتوانی مەدەنی عیراق بە تایبەتی دانیشتوانی کورد، کە توشی هەمو جۆرە شێوەیەکی سەرکوتکردن بون لە لایەن دەسەڵاتی عیراقەوە.

.5داوا لە سکرتێری گشتی ئەکا بە هەمو ئەو داهاتەی لە بەردەستی دایە لەوانە داهاتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی پێوەندیدار، بە خێرایی پێویستیە ئیستاییەکانی پەنابەران و دانیشتوانی عیراقی ئاوارە دابین بکا.

.6بانگ لە هەمو دەوڵەتانی ئەندام و هەمو ڕێکخراوە مرۆڤیەکان ئەکا کە بەشداری بکەن لەم هەوڵی فریاکەوتنی مرۆڤە.

.7داوا لە عیراق ئەکا هاوکاری سکرتێری گشتی بکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستانە

.8بڕیارە ئەم پرسە لە بەر چاو بمێنێ.

)بۆ خوێندنەوەی ئەو بڕیارە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی سەردانی ئەم ئەدرەسانە بکەن:

http://www.fas.org/news/un/iraq/sres/sres0688.htm

http://www.moqawama.org/__print.php?filename

لە دانیشتنی 2982 دا بە زۆرایەتی 10 دەنگ بەرامبەر 3 دەنگ (زیمبابۆی و کوبا و یەمەن) و بێدەنگی 2 ئەندام (چین و هیند) بڕیار درا.

7ی نیسان :

مام جەلال لە ماوەت

مام جەلال لە کارێزەوە گواستبویەوە بۆ ماوەت. ماوەت وێرانە بو .ئاوەدانی تێدا نەبو. دارا لە بەغداد گەڕا بووەوە بۆ ماوەت. جەیشی عیراق بەردەوام بو لە سەر هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر کاروانی کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکان. گۆیا فەرمانی ڕاگرتنی شەڕیان پێ نەگەیشت بو. ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی ئاوارەکان خراپتر ئەبو. ڕۆژانە سەدان منداڵ و پیر ئەمردن و لە کەناری ڕێگاکان ئەیانشاردنەوە. مام جەلال هەمان ڕۆژ دارای ناردۆتەوە بۆ سۆراخی کێشەی ئاگربڕ و ڕێکخستنی چونی وەفدی یەکێتی و پارتی بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە. دارایان لە سلێمانیەوە برد بوە کەرکوک. لە کەرکوکەوە لە گەڵ بەغداد پێوەندی‌یان بۆ دروست کرد بو.

گەورەترین خەمی سەرکردایەتی کورد و دەستەی نوێنەرایەتی: ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی خەڵك بو بۆ سەر جێگەوڕێگەی خۆیان. کورد لە مەترسی ئەوەدا بو ببێتە گەلێکی ئاوارەی بێ نیشتمان.

9ی نیسان

دارا لە کەرکوکەوە گەڕا بووەوە ماوەت. وت بوی: «حکومەت بڕیاری داوە شەڕ ڕابگرێ. داوا ئەکەن دەستەی نوێنەرایەتی بچێ بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە.«

مام جەلال ئاگاداری کاک مەسعودی کرد بو کە نوێنەرەکانی خۆیان ئامادە بکەن و ئاگاداری فەرەیدون و عومەر فەتاحی کرد بو کە لە گەڵ دارای تۆفیق ئاغا هاوئاهەنگی بکەن بۆ ئەو مەبەستە

# دوا فیشەک و گۆڕە ونەکە..

تکایە بفەرمون ئەم دیمەنە ،دڵتەزێنانە ،بخوێننەوە ، بزانن ، ئەم تراژیدیایە ،لە مەرگەساتی کام فیلمی دنیادا ، بەم شێوەیە ، روویان داوە .....؟

دەوڵەتی عێراق ، هەزاران روداوی پڕ لەتراژیدیای ، لەم نیشتمانەدا بەرپا کردووە، هەر مەرگەساتێکیان رۆمانێکە ...سیناریۆی فیلمێکە تۆمار نەکراوە
کام خانەوادە، ئەندامێک، یاچەند ئەندامێکیان لەسێ دارە نەدراوە ، یا شوێن بزر نەکراوە،
یا لە سەنگەری رووبەڕووبونەوەی بەرگری لە خاک ، دواهەناسەی نەسپاردووە.

مام ڕەزا ئەحمەد قادر، یەکێکە لە تێکۆشەرە ماندوو ە ، نمونییەکان ، چەند ساڵێکە ، بەدەم ئازارونەخۆشییەوە، بیر لە یادەوەرییە کاڵ و تاڵەکانی ئەوساو ....زەمەنی چەق بەستوی ئێستا دەکەتاوە . :
( لە زەمەنی ئێستا ی پڕلە ودرۆ و فێڵ و سیناریۆ و بێ وەفایی ئەم دەسەڵاتدارانە تێ ناگات )...............؟

هیچ نازانم ......
مام ڕەزا لە 1958ەوە ، پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە،
چەندان کاری پڕ لەزەحمەت وپڕ لە مەترسی ڕاپەڕاندووە.

لە1975ەوە لە ڕێگای ئیبراهیم ئەحمەدی وێنەگرەوە ، لەگەڕەکی شۆڕش ،پەیوەندی کردووە بەکۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە.

تاریک ولێڵی بەیانی (1986/11/17) مەفرەزەیەک ئەمنی سلێمانی،لەناکاو خۆیان دەکەن بەماڵی مام ڕەزادا، کون وقوژبنی ماڵەکە دەپشکنن، بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن، هیچیان چنگ ناکەوێت، دەگەڕێنەوە، ئاکۆی کوڕی بەخێرایی ، خۆی دەگەیەنێتە کارگەی جگەرەی سلێمانی، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەمنەکانی پێ بگەیەنێ،
هەر ئەو کاتە ئەمنەکانیش د ەگەنە ئەوێ، دەزانن ، ئاکۆ بۆچی هاتووە، زۆر بەتوندی دەکەونە ئەشکەنجەدانی،

مام ڕەزا لە کارگە دەسگیر دەکەن و پرسیاری(سامی جەمال)یان لێکرد بوو،وتبوی نایناسم، بەشەق وزلە دایان گرتەوە، پێیان وتبوو:

ئەی (ڕۆستەم، ڕێژین، ڕۆسۆ، ڕەنج، ڕەنجدەر،...) لەکوێن؟
وتبوی نازانم، وتبویان :-ئێستا ئێمە پێت دەڵێین.

ئەمنەکان هەردوو دەست وچاوەکانی مام ڕەزایان بەست، گواستیانەوە بۆ شارەوانی،
لەوێ پەڕۆکەی سەر چاوەکانیان کردەوە، لەو کاتەدا کاک شێخ فەتاح یان هێنا، دواتر کاک کاوە بەکر مەحمودیان دەسگیر کرد،
پاشان هەموویان گواستەوە بۆ ئەمنی سلێمانی،

هەر کە گەیشتنە ناو گۆڕەپانەکەی ئەمن ......ئەمنەکان بەشەق وزلە و کێبل مام ڕەزایان داگرتەوە، زانیاریان لەسەر پۆلی شەهید عەلی لەکەرتی شەهید شیهاب هەبوو،
وتیان: ئێمە زانیاری تەواومان لەسەر پۆلەکەتان لایە،

-ڕەزا ئەحمەد ، لێپرسراوی 14مخەڕیبی، دەمانەوێ لەسەر زاری خۆت ، زانیارییەکان ببیستین.مام ڕەزا نکۆڵی لەو زانیارییانە کرد،

مام ڕەزا ئاماژەی بەوەکرد :
کە ئەمنەکان ئەوانیان ڕوو بەڕووکردمەوە، ئازارو ئەشکەنجەکانم لەبیر چووەوە،

بەلامەوە سەیربوو، چۆن ئەو هەموو زانیارییانە وردانەیان چنگ کەوتووە.
لەو کاتەدا(س و ج) وتی: ئەو نوسراوەی لامان بوو گیراوە، تۆش وەک ئێمە بەرگەی ئەشکەنجە ناگری،ڕاستیەکان وەک ئێمە بڵێ.
-من هیچ نازانم، ئەوانەی کەئێوە دەیڵێن هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نی یە،

هەر چوار ئەمنەکە(سەلام، فارس، حەسون وسالم) بەکێبل وشەق وزلە مام ڕەزایان دایاگرتەوە، لەهۆش خۆی چوو، کاتێ بەئاگا هاتەوە، هەروازیان لێ نەدەهێنا
وتیان: هەموو زانیارییەکانمان لایە، دەزانین، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر کۆبونەوەتان کردووە،

لەو کاتەدا(ج)یان هێنایە بەردەمی وتیان: ئەمیش هەمان زانیاری(س)ی پێ وتوین، دەمانەوێ تۆش وەک(س)و(ج) ، قسەکانتان وەک یەک بێت، تۆش قسەکانی خۆتمان پێ بڵێ.
هەر نکۆڵی کرد..
سەلام هەڵچوو وتی:
- ئێستا بۆم هەڵواسن.
گەیاندیانە ژورێکی بچوک، خستیانە سەر مێزێک، ڕووتیان کردە وە،

هەردوو دەستیان لەدواوە کەلەپچە کرد ، لەدواوە بەقولاپێکدا هەڵیان واسی ، مێزەکەیان لەژێر قاچی لابرد، وای دەزانی لەسێدارەی دەدەن،

بەهەڵواسراوی کارەبایان لەئەندامە ناسکەکانی جەستەی دەدا، بەکێبل دایان گرتەوە، لەهۆش خۆی چووو ، کاتێ بەئاگا هاتەوە ، جلی لەبەردا نەمابوو، دەستی برد بۆجلەکانی، ملازم فارس یەک شەقی لەدەستی دا وتی:
-چاوەکانت پڕن لەنهێنی .....بەلام نایدرکێنی .
وتی :
- ئەوەی ئەوان دەیڵێن هەمووی درۆی هەڵبە ستراوە، پەیوەندیم بەهیچەوە نی یە، تەنیا فەرمانبەرێکی کارگەی جگەرەم.
پاشان گەیاندیانە ، ژوورێکی ئینفرادی ، 4 ڕۆژ لەوێ بوو ، بەدەم ئازارەوە،زەمەنەکانی تەنیایی بەڕێ کرد، زیاتر بڕوای بەخۆی بوو کەتا دوا هەناسە یەک وشە نەدرکێنێ.

هەڵوێستەکانی زیندان
دواتر گواستیانەوە بۆ ژوورێک .......47 زیندانی تێدابوو ، دوو سەتل لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانرابوون، بۆ میزو پیسایی، یەک پەنجەرەی بچوکی داخراو، سەراپا ژوورەکە پڕ بوو لەبۆنی پیس و.....دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، هەناسەیان تەنگ دەبوو، دواتر لەگەڵ ژوورەکەدا ڕاهاتن، بێ خۆراکی وئەشکەنجە، جەستەی بێ هێز کردبوین.

ئەحمەد حەمەعەلی ئابلاخی ، یەکێک بوو لەو زیندانیە خاوەن هەڵوێستە خۆڕاگرانەی

دەنگی زۆر خۆش بوو، بەیانیان بە شیعرو سروودە بەرگرییەکانی زیندانییەکانی لەخەو هەل دەستاند ، بە روە خۆشە پڕ لە تەح ەداکانی ، خەم وئازارەکانی دەڕەواندیەوە، ورەی زیاتری پێ دەبەخشین،

جەلال عەلی عەبدوڵڵا ئەندازیاری کشتوکالی بوو، ئەو کاتانەی جەلادەکان بۆ ژووری ئەشکەنجەیان دەبرد بەجەللادەکانی دەوت :
-کەی ئێوەش وەک ئێمە ، بەرەو ڕووی ئەم فاشیستانە دەوەستنەوە.

زەمەنەکانی شەوو ڕۆژی زیندان تەواو نەدەبوو، لەبۆنەکاندا ئاهەنگیان دەگێرا،

ئەمنەکان توشی هێستریا دەبوون، بەکێبڵ دایان دەگرتنەوە.
شەوی 20 / 3 / 1987، 20 زیندانییان دوو دوو کەلەپچە کرد، مام ڕەزاو ئەکرەمی وەستا گورونیان پێکەوە کەلەپچە کرد، لە زیندانی سلێمانییەوە گواستیانینەوە بۆ زیندانی( فەزیلییە) لەبەغداد، لە 22 / 3 / 1987 هەموویانیان ، لەهۆڵێکەوە گواستەوە بۆ هۆڵێکی تر.

مام ڕەزا دەڵێ:

- لەو کاتەدا دوو د شداشە لەبەر ،لەگەڵ ئەفەندییەکدا لەبەر دەرگای زیندانەکە وەستابوون،هەردووکیان بەرەو لای من هاتن،لەناکاو یەکێکیان بۆکسێکی لەبەرکەلەکەم دا
وتی: - انتم کوردی مشرک.
لەمەوە تێگەشتم کەعەرەب نی یە .....بە هەڵە تێیان گەیاندووە، ئەفەندیەکەش هەر سەیری دەکردین، پێم وت:
-ئێمە مسوڵمانین، نوێژ دەکەین، قورئان دەخوێنین.

وتی:
-دەتوانی قورئان بخوێنی

وتم: بەڵێ

دوای تاوێک بەقورئانێکەوە گەڕایەوە، من بەرێکەوت قورئانەکەم کردەوە،

سورەتی یاسین بوو، یەکسەر لەبەر سورەتەکەم بە جوانی بۆ خوێندەوە،

دەستی خستە سەر سەرم ، ویستی ماچم بکات، وتی:

-ئێوەش مسوڵمانن ب.
بەدەست ئیشارەتم بۆ کرد.

-تۆ خەڵکی کوێیت؟
وتی: -پاکستانیم

من بەدەست وئیشارەت .....تێم گەیاند، (ئێمە لێرە دەسگیر دەکرێین،زیندان و ئەشکەنجەو ئیعدام دەکرێین).

محکمە الثورە

بەیانی 23 / 3 /1987، ئێمە 6 زیندانی پێکەوە......گەیەنراینە (محکمە الثورە)

لەوێ بواری هیچ جۆرە وەڵامێکیان نەدەداین، بۆمان نەبوو یەک وشە بڵێین،

تەنیا سەرۆکی دادگا وتی: -ئێوە تێکدەرن.
بەمادەی(157) بەپێی دەستوری یاسای ڕژێمی عێراق،گوایە ئێمە دەستمان تێکەڵ کردووە لەگەڵ بێگانەدا، بۆگۆڕانکاری وڕوخاندنی ڕژێم.دوای ماوەیەک سەرۆکی دادگا ئێمەی کردە دەرەوە، دواجار دەقی حوکمەکەی بۆ خوێندینەوە.

1. کاوە بەکر مەحمود بەمادەی 157 حوکمی ئیعدام
2. جەبار غەفور سەعید بەمادەی 157 حوکمی ئیعدام
3. ڕەزا ئەحمەد قادر بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەیتایی
4. فەتاح ئەمین عەزیز( شێخ فەتاح) بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەتایی
5. یاسین محەمەد ڕەمەزان بەمادەی 157 حوکمی هەتا هەتایی
6. جەزا ئیبراهیمساڵح بەمادەی 157حوکمی هەتا هەتایی

دواتر هەرچواریان برد بۆ بەشی حوکمی تایبەتی لەئەبو غرێب(50) زیندان، [بۆ 6ڕۆژ لە مجەمیدەدا مانەوە،
ئێمەش لە 1987/3/29دا بەسەر جەماڵۆنەکان دا دابەش کران،
ما م ڕەزا لە جەماڵۆنی(2)دا دانرا، دوای چەند ڕۆژێک ، داوای خوێنیان لەزیندانییەکان کرد، مام ڕەزا خوێنی نەبەخشی، زۆریان لێدا، بەبەردەوامی لەژێر چاودێری دابوو.
لە1988/9/15 بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا،

کە گەڕایەوە خانوەکەیان لەلایەن جاشەکانەوە گیرابوو، خانەوادەکەی لەگەڕەکی بەختیاری داخۆیان حەشاردابوو.

خەوەکەی ئاسۆ
مام رەزا دەڵێ:
- ئەو دەمانەی لە ئەبو غرێب زیندانی بووم، دکتۆر ئاسۆی کوڕم ، لەئەنفالەکاندا لەسنوری تیپی 23ی سورداش دا مابۆوە، شەهید کرابوو، هاوسەرم و منداڵەکان سەردانیان لە ئەبوغرێب دەکردم، بەڵام جلە ڕەشەکەیان لەبەغداد دەگۆڕی، بۆ ئەوەی لەزیندان بەو تراژیدیا یە نەزانم.
دکتۆر ئاسۆ جگەر گۆشەو هاوڕێی خۆشەویستم بوو،لەئەبو غرێب داوام ، لەکاک شێخ حەسەن کردبوو، جوتێ کڵاشی بۆ بدورێ، ئەویش هەر دەیگوت پەلە مەکە تەواوی دەکەم، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیربوو، هەموو جارەکان ...چاوەکانی شێخ حەسەن ...پڕ دەبوو لەفرمێسک، ئەو دەیزانی دکتۆر ئاسۆ شەهید کراوەو ......منیش تازە بەتەمام کڵاشی بۆ بدورم.

لە سەعات12ی نیوەڕۆیەکی تەموز بوو ، لەگەڵ دکتۆر علامەکی بانکی خوێن دا لەبەندنیخانە نوستبووم، لەخەوەکەم دا دکتۆر ئاسۆ هات بۆلام،دەستم کردە ملی، بەلامەوە سەیر بوو جەستەی سارد ساردبوو، وتم :
-کوڕم بۆ وا لەشت ئەوەندە ساردە.
وتی:- باوکە دەمێکە من مردووم.
بەدەم گریانەوە، لەخەو ڕاپەڕیم.
دکتۆرەکە وتی:
-ئەبو ئاکۆ بۆچی وادەگریت؟ ،
خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش دایە پڕمەی گریان، ژیر نەدەبووەوە، هیچیشی پێ نەوتم، ئەمە گومانێکی قوڵی لا دروست کردم،

چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ئازاد بکرێین، زیندانییەک ناوی قاسم بوو خەڵکی شارۆچکەی دوکان بوو وتی:
-کوڕە پێشمەرگەکەت، شەهید کراوە.
یەکسەر لەهۆش خۆم چووم.
مامۆستا عەلی مەحمود چۆخماخی بە میهرەبانییەوە،
دڵنەوایی کردم، هـــــەموو بیر و هۆشم لای ئاسۆ بوو.
دکتۆر ئاسۆ سنورەکەی چۆڵ نەکردوە.
دادە فاتمی دایکی شەهید دکتۆر ئاسۆ وتی: جەمال فەرەج پێشمەرگە بوو

لەگە ڵ ئاسۆی کوڕم دا وتی:

-لەئەنفالەکاندا، شەڕێکی سەختی نابەرامبەر بەرپابوو، لە18 / 3 / 1988 دا هێزی پێشمەرگە بەرەو سنورەکان کشانەوە، سوپای عێراق ، گوندەکانی خاپورو سوتماک کرد،

خەلکەکەی شوین بزر کرد، دکتۆر ئاسۆ بڕیاریدا وەک پارتیزانێک لەسنورەکەدا بمێنێتەوە، پێم وت:

-دکتۆر گیان کەس لەناوچەکەدا نەماوە، سوپاو جاش سەراپا گەلە جاش ، هەموو سنورەکەمانیان کۆنترۆڵ کردووە، بەبەردەوامی کێومال دەکەن، بائێمەش لێرە بڕۆین، ڕووبکەینە سنوور، بەقسەی نەکردم، ئەو لەگەڵ چەند پارتیزانێکی تردا مانەوە،

من ودوو کەسی تر ڕوومان کردە سنور،




دواتر مام ڕەزا بەقورگێکی پڕ لەگریانەوە، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی هەڵڕشت وئاماژەی بەوە کرد.

- دەمێک بوو بەدوای یەکێکا عەودالْ بووم، ئارامگاونەکە بێ ناونیشانەکەی ، دکتۆر ئاسۆم نیشان بدات، دوای ڕاپەڕینەکە شەهید ئەحمەد جوتیارم ناسی، ئەویش وەک من تامەزرۆ بوو، پێکەوە ، سەردانی گۆڕەکەی بکەین، پێکەوە ڕوومان کردە گوندی قۆجەبڵاخ،

لەوێ شەهید جوتیار وتی:

-ئێوارەی 3 / 5 / 1988 فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق ، گۆپتەپەو عەسکەریان کیمیا باران کرد، .شەوی 4-5 / 5 /1988، برسێتی تینی بۆ هێنایبن، دکتۆر ئاسۆو پارتیزانێک بۆدابین کردنی خواردن...ڕوویان کردە ناو گوندی قۆجەبڵاخ، لەناکاو بوو بەدەسرێژێکی چڕوپڕ،

کەس نە ی دە پەرژایە سەرکەس، چوار دەورمان سوپای عێراق وگەلەجاش بوو، دواتر هاوڕێکەی دکتۆر ئاسۆ ،بەخێرایی گەڕایەوە بۆلامان وتی:

-دکتۆر ئاسۆ بریندار کراوە.

ئێمەش ڕوومان کردە شوێنەکەی، کاتێ گەیشتینە سەری دەمانچەکەی لەناو دەستی دابوو،

دوا فیشەکی دەمانچەکەی نابوو بە ناوچەوانی خۆیەوە ، دەسرێژێک ڕانێکی بێژابوو، دەمانچەو کلاشنکۆفەکەیمان هەڵگرتەوەو لەوێ بەجێمان هێشت، دوای 15 ڕۆژ ، لەگەل پارتیزانێکی تردا، ڕوومان کردە ئەو شوێنە، تەرمەکەمان بەخێرایی خستە چاڵێکەوە، گڵمان بەسەر چاڵەکەدا ڕووخاند، بۆ ئەوەی شوێنەکەمان لێ تێک نەچێ،تایەیەکمان لەسەر چاڵەکە دانا.

مام ڕەزا دەڵێ:

-هەر کەگەیشتینە ئەوێ، شەهید ئەحمەد جوتیار شوێنەکەی لێ تێکچوو، پیاوێکی بەتەمەنی گوندەکە وتی:
-گەر بۆ ئارامگا بێ نازەکەی دکتۆر ئاسۆ دەگەڕێن،وا لەوچاڵەدا، هەر کەپوش وپەلاشەکەم لابردن تۆزێک گڵەکەم لادا، پارچەیەک لەپشتێنەکەی دەرکەوت.
پێم وت:
-(ڕۆڵە بەوەفاکەی کوردستان..... ئەم شەهید بوونەت پیرۆز بێت، گڵەکەم زیاتر لابرد، قەمسەڵەکەی دەرکەوت، گیرفانەکانی پڕ بوو لەدەرزی ودەرمان، تەنیا (7) پەنجایی پێ بوو،
هەر ئەو جلانەی لەبەردابوو،کە لە ساڵی (1985) دا بەدیاری بۆم بردبوو.، جوتێک پێڵاوی لاستیکی لەپێ دابوو،ئێسک وپروسکەکەیمان خستە کفنێکەوە .
خوشکەکەی وتی:
-کاکە ئاسۆ، کات درەنگە، باپێکەوە بگەڕێینەوە، بۆماڵەوە، ئاکۆو پێشمەرگەو جەماوەر، سلێمانیان ئازاد کردووە، ئەمشەو سەردانی ژوورەکەت بکە،
سەیرێکی کتێبەکانت بکەرەوە، بەیانییەکەی پێکەوە . دەچین بۆ سەر ئارامگاکەی ئاکۆ .لە گردی شێخ محێدین، لەوێ دەست بکەنە ملی یەکتری،
ئەو دەمێکە ئەو بەدوای تۆدا دەگەڕێ.

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**



# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

ئامادەکردنی صدیق صاڵح

## بەشی دووەم

١٦ .بیرخەرەوەی ڕۆژی ١٢ی مایسی ساڵی ١٩٢٩م بە هێندێ خۆئامادەکردنەوە بە ئەنقەست نووسی و ئەوەندەی بکرێ -بە تایبەتی- بەدوای بنچینە ئەسڵییەکاندا گەڕام، بەڵام چەند ڕوویەکیتری کێشەی کورد هەن، گەرەکە بە ئازادییەکی فراوان، یا لەوە زیاتر کە لەو بیرخەرەوەیەدا ویستراوە، وردتر لێی بکۆڵینەوە.

١٧ .دیمەنی بەرنامەی ئەو بەغدایییانە کە نازانن لە دەرەوە چی دەگوزەرێ :

تێڕوانینی پیاوی سیاسی، یا بەرنامەی کابرای بەغدایی دانیشتووی ماڵی خۆی، ئەوەیە کە کێشەیەکی کوردی نییە، لەبەرئەوە هیچی نییە بیکا، دەرکردنی فەرمان نەبێ بۆ دەسەڵاتدارانی دەرەوە، کە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ لەناوبردنی هەر بزاوتێک لەباریدابێ هەستی کوردی بخاتەڕوو. ڕەنگە شیاوبێ وەڵامی ئەم بیرۆکەیە بە بیرهێنانەوەی چیرۆکی ئەو پیرێژنە بدەینەوە کە سەروبەندی جەنگ ]ی یەکەمی جیهانی[، کاتێک لێی پرسرا: ئەگەر تاقمێکی سپای ئەڵمانیا ببینێ لە بەر دیواری ماڵەکەیدا مۆڵیخواردووە، چی دەکا؟ لە وەڵامدا گوتی: بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کوێخای گوند دەکەم، تا بێت و پەلبەستیانبکا (؟). ئەم پۆلە لە فەرمانبەران، بێگومان، چاو لە هەموو بەڵێن و پەیمانێک دەپۆشێ.

١٨ .ئەوەی وەک ڕوویەکی ستراتیج لافی پێوە لێدەدرێ :

هێندێ پیاوی بیرمەند، لەوانیتر پتر، بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆ کێشەی کورد دەچن:

¬«دەبێ عیراق بڕوانێتە پێشکەوتنی سیاسیی پاشەڕۆژی بەرەو ڕۆژاوا و باشوور. لەبەرئەوەی چەند گەلێکی گەورەی کورد لە باکووری عیراق، لە تورکیا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەن، کوردانی عیراق هەمیشە هەوڵدەدەن لەگەڵ هاوولاتییانی دەرەوەی سنووری عیراق کە پێوەندیی نزیکایەتی و خزمایەتییان هەیە، یەکبگرن. عیراق، درەنگ بێ یا زوو، هیچ ڕێگەیەکیتری لە بەردەمدا نییە، هەر لەدەستیاندەدا. لەبەرئەوە ئەوانە پێیان وایە دەبێ خۆ لەم زیانە ڕزگاربکەن، ئەویش بە عەرەباندنی ناوچە کوردنشینەکانی دەشتاییەکان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پوختەی عەرەبیی عیراقی لە عیراق. ئەوانە زۆر بایەخ بە ڕووداوەکانی ناوچە شاخاوییەکان نادەن. ئەوەی ڕاستیبێ، ئەوانە ئامادەن ڕازیبن سیاسەتێکی تەواو ئازاد لەوێ جێبەجێببێ، تا ئەوەندەی دەکرێ خەڵکەکە بکەنە مرۆڤگەلێکی بێوەی و سەلامەت¬»¬¬.

ئەم جۆرە بۆچوونە ڕوویەکی دەرکەوتووی ستراتیجە و ئەم سیاسەتەیش ڕەتکراوەیە، چونکە ئەو بەڵێن و پەیمانانە لەبەرچاوناگرێ کە بە کوردان دراون. ئەوەیش کە »¬¬کوردانی دەرەوەی ئەو هێڵەی سنوور کە عەرەبی پسپۆڕی ستراتیج دەستنیشانیدەکەن، پێویستناکا، لەبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتێکی پوختەی عەرەبیی عیراقی کە لە پاشەڕۆژدا پێکدەهێنرێ، دانیشتووانی ئەودیوی بکرێنە عەرەب.¬« وێڕای ئەوە، ئەمە وەک خۆی شایانی لێوردبوونەوەیە، لەبەرئەوە لەم سێ بڕگەیەی لای خوارەوەدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین:


.19سەلامەتیی سەربازی: ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێ- تۆ دەتوانی پارێزگاریی دەشتاییەکان بکەی، بەبێ ئەوەی بچیتە ناو قووڵاییەکی زۆری چیاکان، بیرۆکەیەکە عەقڵ قبووڵیناکا. ئەم بیرۆکەیە سەبارەت بە دەشتاییی عیراق ڕاستە، کە بەشی زۆری هێڵی ئاسن و ڕێگای گشتیی لە بەغداوە بۆ مووسڵ پێدا درێژبووەتەوە، بە قەراغەکانیدا یا لە نزیکیەوە ڕەتدەبن و نەوتەڵانەکانیشی تێدان،




یا لە نزیکی چیاکانەوەن یان تەواو لە خواروویانەوەن. دوایین ئەفسەر کە پۆستی سەرکردایەتیی گشتیی سپاکانی بریتانیای لە عیراق وەرگرت، بیریکردەوە، ئەگەر لە هەولێر و کەرکووک دابنیشێ، دەتوانێ پارێزگاریی ڕێگای گشتی بکا. بەڵام نەهامەتییەکە ڕووینەدا، چونکە چاودێریی خواوەندانە سەرکردایەتیی گواستەوە بۆ سەرکردەی گشتیی داماوی هێزی ئاسمانی، کە کارە سەربازییەکانیی پەلپێهاوێشت بۆ ناو چیاکان و ڕەواندز و سلێمانیشی داگیرکردن. ئەوە بوو سلێمانی چۆڵکرا، بەڵام دیسان ئاسایش لە کەرکووک تێکچووەوە. بۆیە بە ناچاری دووبارە داگیرکرایەوە و کە پێنجوێن داگیرکرا، ئەمجا ئاشتی بەرقەراربووەوە. ئاشکرایە، بۆ ئەوەی دەشتاییەکانی عیراق بە شێوەیەکی پەسەند بپارێزرێن، دەبێ سنوور لە کوردستانی جنووبیدا -کەموزۆر- هەر لە دۆخی ئێستەیدا بێ (بیشتوانرێ هێندێ دەستکاریی بچووک بکرێ، لەوە زیاتر نا). ڕەنگڕشتنی سنوورەکانی باکوور بە یەک یا دوو زنجیرەچیا، نابێتە هۆی ئەوە کە زیانێکی زۆری پێبگەیێنێ.

٢٠ .کوردانی نیشتەجێی ئەو دیوی سنوور

ئەو پێشبینییە کلۆڵانەیەیش کە پێی وایە عیراق هەر دەبێ کورد لەدەستبدا، بەجێنییە، لە کاتێکدا پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی هەموو پەڕاگەندەی کوردان بگرێتە خۆی، ئەگەر کارێکی وا کردەنی بێ (هەرچەندە تێکڕای هۆکارەکان بەرەنگاری کارێکی لەم شێوەیە دەبنەوە)، هەر دەبێ دوابەدوای خرۆشانێکی جیهانی بێ کە هەموو سەدساڵێك یا زیاتر جارێک ڕوودەدا.




م . جمیل بندی روژ بیانی

کوردانی تورکیا و ئێران بێزارن و کوردان قەوارەیەکی کوردیی تا رادەیەک بە ڕەسمی ددانپێدانراویان نییە، لە عیراقدا نەبێ و هیچ هیوایەکی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی کوردیش لە عیراقدا نەبێ، لە گۆڕێدا نییە. لەبەر ئەم حاڵوبارانە، کوردانی تورکیا و ئێران وەک نیشتمانی مەعنەویی خۆیان دەڕواننە کوردستانی عیراق، نەک بە پێچەوانەوە. بەم پێیە عیراق بەرەیەکی گرانبەهای دەبێ، دەتوانێ زەبرەکانی ئەو دیوی سنوورەکانی دەرەوەی خۆی دەربڕا.

٣١[. عەرەباندنی کوردانی دانیشتووی دەشتاییەکان

ئەنجامی پێبەپێی هەستی نیشتمانی، هەوڵی ڕزگاری و یەکخستن irredentism بە هەر شێوەیەک بێ؛ واتە تێکۆشان بۆ فراوانکردنی نیشتمان، بە خستنەپاڵیەکی هەموو ئەو خاک و خەڵکانە کە تایبەت بە خوێن یا پێوەندیی پێیانەوە هەیە. کارێکی هیچوپووچانەیە ڕایبگەیێنین دەتوانرێ هێڵێکی دەستکرد لە نێوان میللەتێکدا بکێشرێ کە هەست بە قەوارەی خۆی دەکا و -لە لایەکەوە- ددان بەو میللەتەدا بنرێ و وەک خەڵکانێکی بێوەی بهێڵرێنەوە و -لە لایەکیترەوە- هەوڵبدرێ لەناوببرێن. ئەو دەمە دەبینین ئەوانەی کە دەکەونە لایەکی هێڵەکەوە، نارازیدەبن تا برا زۆرلێکراوەکانیان هەمان ددانپێدانان بەدەستدێنن. لە هەمان کاتدا، ئەو خەڵکە زۆرلێکراوە خۆیان، هەرچەندە بەرەو ئەوە نەچووبن هەستی نەتەوەییان بجووڵێ، بێزاردەبن لەم دۆخەی خۆیان و چەندین نموونەمان بۆ ئەوە هەیە لە عیراق. داوای دامەزراندنی لیوای دهۆک، ئەگەرچی حاڵی حازر بە زۆری باوەڕێکە، بەڵام دەشێ لە بەرەوە ڕەزامەندیی خەڵکەکە خۆیان بەدەستبێنێ. ئەو بڵاوکراوە ئاگرینە نهێنییانە کە ئەم دواییە لە هەولێر دەرچوون، ئاماژەیانکردووە بۆ هەوڵی نەهێشتنی پێخوێندنی کوردی لەو شارە. لەبەرئەوە هەر سیاسەتێک بە ڕاشکاوی ددان بە سنووری ڕاستەقینەی ئێستەی ناوچە کوردییەکاندا نەنێ و هەوڵنەدا بۆ بەدەستهێنانی متمانە و دڵسۆزیی هەمووان، ژێرکەوتنی بەنسیبدەبێ. هەر ئەوەندەمان سەبارەت بە بیرۆکەی باسکراوی ناوبراو بە »ستراتیج¬« پێ بەسە.

٢٢ .ژێری و ناچاری

شتێک لەبارەی پشتیوانیی بەڵێن و پەیمانەکان و لایەنە مەعنەوییەکانی کێشەکەوە باسکرا. ناشێ نکوولی لەوە بکەین کە سیاسەتی پێڕەوکراوی تا ئێستە، سیاسەتی باسکراوی ناو بڕگەی هەژدەیەمی ئەم بیرخەرەوەیە بووە، لەبەرئەوە کوردانی نارازی ئەو کارانە کە کردوویانن، -بە داخەوە- پشتیان تێدا بە بەهانەیەکی بەهێز بەستووە کە ئیددیعای پێشێلکردنی بەڵێن و پەیمانەکانە. جێگەی خۆشبەختییە کە سیاسەتی هەرە ژیرانە و هەرە ناچاری، لە ڕووی سیاسییەوە، هەمان ئەو سیاسەتە بێ کە بەڵێن و پەیمانەکان دەیخوازن .

٢٣ .کوردان بە خەسڵەتی کوردییان

بابەتی بڕگەی پێشووی بیرخەرەوەی ڕۆژی ١٢ی مایسم، سەرلەبەری بەستە بە دەستەواژەی »کوردان بە خەسڵەتی کوردییان«¬. گرنگ ئەوەیە »ددانانی ڕەسمی بە کورددا«¬، لەگەڵ ¬»دامەزراندنی کورد لە وەزیفە ڕەسمییەکاندا«¬ تێکەڵنەکەین، چونکە ئەم دوو مەسەلەیە بە تەواوی لە یەکتر جیاوازن.


ئەنجامی چەوتی ئەم چەواشەکارییەیش لەو بیرخەرەوەیەدا دەبینین کە بریتانیا ئاراستەی کۆمەڵەی گەلانی کردووە و مەبەستی لە ناوهێنانی ژمارەی حەمالانی کورد تێیدا، کارمەندانی هێڵی ئاسن بووە، وەک هەوڵدانێک بۆ سەلماندنی ئەوە کە مەرجە دانراوەکانی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕەچاوکراون. مەسەلەکەیش لە ڕاستی‌دا مایەی پێکەنینە، چونکە زۆربەی ئەو کوردانە لە خێڵی ئێرانیی کەڵهوڕ و هی‌تر، یا دانیشتووی نزیکی خانەقینن و هەرگیز خەڵکی ئەو ناوچە تایبەتە نین و بەو پێیە خراونەتە کار کە باشترین چینی حەماڵەکانن، نەک وەک کورد. هەروەها خستنەکاری ئەو کەسانە کە لە نەژادی کوردن لە بەغدا و تەنانەت هەبوونی نوێنەرانی سلێمانی یا هەولێر لە ئەنجومەنی نەتەوە (مجلس الأمة)دا، دداننان نییە بە قەوارەی کوردان‌دا بە سیفەتە کوردییەکەی، بەو مانایە کە مەبەستمە. باشترین شێوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەوەیە ئەگەر قەوارەی خەڵکی سلیمانی و هەولێر هەمووی عەرەب بووایە، دەبوو ئەندامی ئەنجومەنەکانی پیران (ئەعیان) و پەرلەمان لەم دوو ناوچەیە هەبوونایە لە پەرلەمانی عیراق‌دا و ئەوسا ڕەمزی کوردی لە ئاڵادا و قانوونی زمان و دامەزراندنی هەم بەڕێوەبەری پێ‌خوێندنی کوردی و هەم لیژنەیەکی وەرگێڕانی کوردی و هیچ ڕێ‌وشوێنێکی‌تری باسکراویش پێویست نەدەبوون، بەڵکوو وەک ئەو کارانە دەبوون کە ددان‌نانی ڕەسمییان بە قەوارەی کورددا تێدادەبوو. چوونە پەرلەمانی نوێنەرانی سلێمانی، لەبەرئەوە نەبووە کە خەڵکی سلێمانی کوردن، بەڵکە لەبەرئەوە بووە کە سلێمانی بەشێکە لە بەشەکانی شانشینی عیراق، بۆیە ئەم کارە دداننان نییە بە قەوارەی کورددا بەو سیفەتە کە کوردییە.

٢٤ .ڕاستی شێواندن

بەم بۆنەیەوە دەتوانین سەرنج بۆ تێڕوانینێکی‌تر ڕابکێشین کە بەڵگەی بیرێکی شێواوە. هەمان بیرخەرەوەی ئاماژەبۆکراوی بریتانیا لە بڕگەی پێشوودا، تێیدا هاتووە کە نوێنەری سیاسیی حکوومەتی عیراق لە لەندەن ڕاست بە ئەسڵ کوردە. باپیر یا باپیرەگەورەی جەعفەرپاشا، لە دێی کوردنشینی ‘عەسکەر’ەوە هاتووە، لەبەرئەوە کوردبوونی جەعفەرپاشا زیاترە لەوەی کە من جەڕمەنی بم، بە هۆی ئەوەوە کە یەکێک لە هەشت باپیرەکەم لە ئەڵمانیاوە هاتبێ. جەعفەرپاشا -لە ڕاستی‌دا- بە دین و پەروەردە و هەست عەرەبە و ئەو پلەیە کە پێی‌گەیشتووە، قەرزاری تۆماری خزمەتی چاکی بەجێ‌هێنراویەتی لە ڕاپەڕینی عەرەبدا. جا هەر ئەوەندە بڵێین: ئەو کوردە، نابێ هیچ یەکێک بخەڵەتێنێ، بەڵام ڕەنگە ڕێمان‌نەدا بە ڕوونی بیر لە خۆمان بکەینەوە. ئەوەی کە لەبارەی جەعفەرپاشاوە دەگوترێ، دەرهەق بە صەبیح‌بەگ ]نەشئەت[یش دەوترێتەوە، کە زۆر تووڕەبوو لە بیرخەرەوەی ناوبراودا بە کورد وەسفکرابوو.

٢٥ .ئاڵای عیراق


لە یەکەم بیرخەرەوەمدا پێشنیازمکرد داوا لە کوردان بکرێ ڕەمزێکی کوردی هەڵبژێرن، تا بخرێتە سەر ئاڵای عیراق. پێم وایە جارێک پێشنیازکرا بەیاننامەیەک بڵاوبکرێتەوە، تێیدا هاتبێ: هەردوو ئەستێرەی ئێستەی ناو ئاڵای عیراق نیشانەن بۆ کورد و عەرەب.



. بەڵام ئەم بەیاننامەیە هەرگیز سوودی تێدانییە، چونکە هەموو یەکێک دەزانێ ئاڵاکە لە شێوەی ئاڵاکەی پایەبەرز مەلیک حسێن*دایە و ئەو جۆرەها ژمارەی ئەستێرانەیش کە تێیدا دانراون، مەبەست لێیان نیشانەی چەندەها دەوڵەتی عەرەبییە. لەبەرئەوە دەبێ ڕەمزی تازە لە لایەن کوردان خۆیانەوە هەڵبژێردرێ و بخرێتە سەر ئاڵای عیراق، تا هەستی کورد ڕابکێشرێ.

٢٦ .لەمپەری نەتەوەیی لە دامەزراندنی فەرمانبەران‌دا

کورد، لەبەر لایەنە نەتەوەیییەکەی، لێی قەدەغەکراونییە لە هەر جێگەیەکی عیراق‌دا دابمەزرێ، ئەگەر لێوەشاوەییی پێویستی هەبێ، شایستەی دامەزراندنە. بە پێچەوانەوە، عەرەب لەبەر حاڵ‌وباری ئێستە لێی قەدەغەکراوە لە ناوچە کوردنشینەکان دابمەزرێ. ئەم پلانە بەو پێیە کە پلانێکی ئارەزووەمەندانەیە، تەواو هاومەبەستی سادەترینی هەموو بنەمایەکی ژیرانەی چۆنێتیی مامەڵەکردنی ئەو کەمایەتییانەیە کە هەستیان بە خۆیان کردووە، لە لایەن زۆرینەوە. لەبەرئەوەی تۆمارێکی ڕەسمیشە، دەکێشێتەوە بۆ پشتیوانیی دووبەرەکی و تێکدانی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت و یەکسانیی تێکڕای عیراقییەکان و مادامێکی کەمایەتی دوچاری ئەو هەوڵانە دەبێ کە دەیانەوێ لەناویبەن، ناچارییە. ئەگەر کەمینە دەستەبەرکرا کە ڕووبەڕووی ئەم هەوڵانە ناکرێتەوە، ئەوسا ئەو لەمپەرە نەتەوەیییە ناوبراوە پێویست‌نابێ و لێهاتوویی و توانایی دەبنە پێوانەی دامەزراندن. لەبەرئەوەی بە ڕاستی زانینی زمان وەک لە قانوون‌دا نووسراوە، مەسەلەیەکی پێویستی دامەزراندنە لە ناوچەی کوردنشین، ئەو یەکەم دەستوورە کە لە بڕگەی چواردەیەمدا پێشنیازمکردبوو بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن، ئەو مەبەستەیش بەدەستەوەدەدا کە یەکسانیی تیۆری لە ڕووی بوار ڕەخساندنەوە بۆ دامەزراندنی سەرجەمی عیراقییەکان دەیخوازێ.




عزیزی ماجد بك

**٢٧ .وردەکاری هەمەجۆر**

**پێش ئەوەی دووەم بیرخەرەوەم کۆتایی پێبهێنم، لەوانەیە ڕێمبدرێ لە یەک یا دوو مەسەلە بدوێم کە دەکەونە ناو چوارچێوەی بەڕێوەبردنی تایبەتمەند .**

**)ئـ( نەگونجانی قانوونەکان: بیرۆکەی دامەزراندنی پشکنێرێکی گشتی، کە لە نووسراوی نوێنەرەکاندا هەیە، پێم وایە بەڵگەی هەستێکی بێبناغە نییە، ئەویش ئەوەیە کە بنچینەی قانووندانان و بەڕێوەبردن لە دەستی کەسانێکدایە تەنیا ئاشنای بارودۆخی باشووری شانشینەکەن. ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان پشتیوانی لە جیاوازیی نێوان ویلایەتی مووسڵ و هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە دەکا و پێی وایە ]ئەو ویلایەتە[ وەک ناوچەیەکی قۆناغی گواستنەوەی نێوان عیراقی ئەسڵی و ئەنەدۆڵ وایە. بۆیە شتی شایانی لێوردبوونەوە ئەوەیە، ئاخۆ پێویست بە شێوە و ڕێگەیەک ناکرێ لە بەغدا بۆ وردکردنەوەی ئیددیعای کەسانێک کە دەڵێن هێندێ قانوون و فەرمان بە تەواوی بۆ باکوور لەبارنین و دەشێ بۆ هێنانەبەرچاو باسی مەسەلەی مافی بڕیاردان بکرێ، چونکە تورکان کارێکیانکرد قانوون هەر تا باشووری عیراق نەگرێتەوە و ئیدارەی ئێستەی عیراقیش درێژەی بە پەکخستنی حوکمی قانوون لە سەرتاسەری عیراقدا داوە.**

**)ب( قوتابخانەکان: ئەمین زەکیبەگ کە لە هەرە ناوەندگرترین و وریاترین نوێنەرانی کوردە، ساڵێک لەمەوبەر بیرخەرەوەیەکی نووسی، کەمیی لەڕادەبەدەری قوتابخانەی لە ناوچەی باکووردا تێدا ڕوونکردەوە و ڕایسپاردووە بەڕێوەبەرێکی پێخوێندنی کوردی دابمەزرێنرێ، بەڵام ئاوڕ لە بیرخەرەوەکەی نەدرایەوە. کوردانی ناوەندگر سوورن لەسەر مەسەلەی پێخوێندن و پێم وایە کارێکی بەئینسافانەیە سەبارەت بەم مەسەلەیە، دەستبەجێ داواکەیان بەجێبهێنرێ.**

**)ح( ئیدارەی ئاودێری بودجەیەکی ساڵانەی هەیە، خەرجییەکانی دەگاتە ٣٣ لەک ڕووپێ. ڕەنگە قەوارەی ئەم ئیدارەیە لیواکانی باکووریش بگرێتەوە. هەرچەندە ئێمە نکوولیناکەین لەوە کە دەبێ باشوور زۆربەی بەرهەمەکانی پێبگا، بەڵام دەکرێ -لانی کەم- یەک پڕۆژە لەسەر هەردوو زێ ]زێی گەورە و بچووک[ ڕاپەڕێنرێ.**

**)د( فەرامۆشکردنی پیشەسازیی تووتن، بووە مایەی نارەزایی و ئەم دوایییە لیژنەیەک کۆبووەوە، نوێنەری دائیرە -لەم ڕووەوە- تایبەتمەندەکان ئەندامینی. دواجار ئەم لیژنەیە -پاش گفتوگۆکردن- هێندێ لەو پێشنیازانەی خستە بەردەست کە دەبێ بە خێرایی بخرێنە تۆماری کارەوە.**

**٢٨ .ئەم خاڵانە چەند نموونەیەکی ئەو بێزارییەن کە دەکرێ بە ئاسانی چارەسەربن. دەبێ بناغەی هەموو شتێک بیرفراوانی و مامەڵەی دۆستانە بێ.**

**٢٦ی مایسی ١٩٢٩**

**ماویەتی ....**

## ماتماتیکی دەق لای ئازاد مارف .

بەختیار نامیق

وەزیفەی شیعر گەڕانە بەدوای دنیایەکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە لە ناو زماندا ، ئەمەش لەسەر ئاستەکانی دال و مەدلول و فۆرم و هارمۆنیەت و وێنە و تێکشکاندنی وێنەکان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان ، لە ڕوی دیدەوە ڕەهەندەکانی ستاتیکی وەربگیرێ و کار لەسەر دوبارە دارشتنەوەی دنیا بە خەیاڵی شاعیر ڕەسم بکرێ ، ئیا لێرەوە بەدەر لەم کۆمەڵە چەمکە شیعر وەک هەر دەقێک یان تەنێکی تر دۆخی فیزیایی و کیمیایی و ماتماتیکی خۆی هەیە ، کاتێک دەتوانین بە دەقێک بڵێین دەقی زیندو کە هەڵگری فرە تەفسیر و فرە ڕەهەند بێت ، قسەی ئێمە لێرەدا کارکردنە لەسەر دۆزینەوەی بواری ماتماتیکی دەق ، ئەگەر ماتماتیک شیعرێک بێت بۆ دنیاو کەون و تەفسیری کەون بکات ئەوا بۆ خۆی شیعریش هەمان دۆخی ماتماتیکی هەیە ، یان با بڵێین ماتماتیک تەنها ژمارە و پێوانەی بیرکاریانە نیە و بگرە ئەمە بەشێکی بچوکە لە ماتماتیک ، ماتماتیک لە دەقدا گەڕانە بەدوای تەفسیر کردنی ئەنترۆلۆجیای مرۆڤ وەک حاڵەتی سایکۆلۆجی و دنیا وەک وجود ، دوا جار ماتمتیکی دەق لەوێوە دەست پێ دەکات کە خاوەن دەق بەر دنیا دەکەوێ و دەیەوێ لە هاوکێشەیەکی تردا لە زماندا و لە سیاقی دەقێکدا دنیا دابڕێژێتەوە وەک لایەنی ئەبستمالۆجی epistemology.

ئەگەر ماتماتیک زمانی سروشت و گەردون بێت ئەوا لای ئازاد ماتماتیکێک هاوکێشەیەک بەرهەمدێنێ کە فیزیای زمان تا ئاستی ون بون و دروست بونەوە دەچێ ، ئازاد توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە بەرهەمهێنی ئەو هاوکێشەیەی ماتماتیکە بێت کە تەفسیری سروشت و کەون دەکات لە ڕێگەی ئەنترۆلۆجیەوە لێرەوە دەچینە ناو دەقەکەوە :

شیعری (ڕەنگی هەڵمی ووشە)

من پێکی تریفەی خەیاڵ و پرشنگی خەونی ئاڵ و

پروشەی هاتنی تۆم نۆشیووە

ئیدی چۆن ناتوانم

ووشە لە کلوی بەفر و دێڕ لە هەناسەی هەور و

شیعر لە خۆر نشینی زستان بسێنمەوە

من مەیلی ڕووخسار و سێبەری مۆری پێکەنین و

لایلایەی سۆز لێچۆڕیوی تۆم پۆشیووە

ئیتر چۆن ناتوانم

لە نیازم تاڵ تاڵی خۆزگەم بچنم و لە ناخم ئۆخەی بڕنم و

لە شەرمم نم نمی بارینی خۆم بنوسمەوە

.Anthropology

من دەنگی ئەشک و ڕەنگی هەنسک و

بۆنی گریانی تۆم لە خانەی بوونما چاپکردووە

ئاخر چۆن نارژێم گەر نەتوانم

لە وەهم فریشتە و لە بێدەنگیم تاڤگەی قسە و

لە عەشقم نووری خودا بهێنمە سەر شانم

من دەستم بەر نازی چاوەڕوانی و تەمەنم بەر لەرینەوەی گوڵی خەندە و دڵم بەر گڕی شکۆی تۆ کەوتووە

چۆن دەبێ نەتوانم

لە تارماییم هەڵاڵەی سەر ویژدان و لە نهێنیم گەوهەری گومان و

لە ڕوانین موچڕکەی ڕامانی تۆ نەڕژێنمە نێو گیانم

من ڕۆحم شکۆفەی ئاوازی سەوز و دەروونم ساماڵی شین و

بینابیم چرۆی پڕ سەدای گەنجێتی تۆی گرتووە

هەر دەبێ بتوانم

لە تەنیاییم تیشکی بەخت و لە شکستیم زێڕی سەخت و

لە غەریبیم کڵۆی شیرینی ئۆخەی لە ژیانم بئاڵێنم

من لە لێوی ئارەزووی پڕ زام و لە هەڵمی پەمەیی ئومێد و

لە نیگای نەرم و شلی تۆم چێشتووە

ئیتر چۆن ناتوانم

لە چرای کوژاوەی شەودا پۆلێ ووتە و

لە هزری چێشتەنگاوا پڕ پارووێەک تامی ڕستە و

لە تەماشای نیوەڕۆدا چیرۆکێ دانەگیرسێنم
من شوێن پێی گەورە سەبر و بۆنی شیرینی تەکبیر و

موفەڕکی پیرۆزی پەیامی تۆم لە خولیاما هەڵگرتووە

ئیدی مەحاڵە نەتوانم

لە سەر بەردی ڕەقی زەمەن ڕەمزی خۆشبەختی و

خاڵی ووردی سەر باڵی باد و

چەپکە وەفای دەستی دایکم نەڕوێنم

من پێشوازی پڕ لە چپەی نەرم و دواین نیگای ماڵئاوای و

شنەی سەمای هەستی تۆم بۆ شیعری خۆم ڕاخستووە

خەونم ئەڕوخێ نەتوانم

ئاخ لە ئازاری برین و خەم لە دەمی عومری سپی و

فرمێسک لە سەر گۆنای هیجرت نەتۆرێنم .

ئاستی گشتی دەق :

حەم دەقە وەرچەرخانێکی قوڵە لە سیاقی دەقدا ، چونکە هێندە قسە کردنە لەگەڵ شیعر ، هێندە قسەکردن نیە بۆ ئێمە ، ئازاد تەنها شیعر مانای بونیەتی ، واتا شیعر بۆ ئێمەی خوێنەری بون و غیاب نانوسێ هێندە بۆ شیعر دەنوسێ ، ئازاد زمانە هەقیقیەکەی ئەوە نیە قسەی لەگەڵ ئێمە پێدەکات بەڵکو ئەو زمانەی قسەی لەگەڵ ئێمە پێ دەکات ڕۆتینە و زمانی ئادەمی و هەقیقی لای ئازاد ئەو زمانەیە کە قسەی لەگەڵ شیعر پێ دەکات ، ئازادی شیعر نانوسێتتەوە پێچەوانەکەی تەواوە شیعر ئازاد دەنوسێتەوە ، شیعر ماڵی بونی ئازادە ، هەر بۆیە دەتوانێ دەقی فرە ڕەهەند و قوڵی هەبێت ، بە مانایەکی تر ئازاد لە دنیایەکی غایب و چۆڵدا تەنها خۆی و شیعر وجودن ئیتر هەمو بونەکانی تر عەبەسن ، پەیوەندییەکانی تری ئازاد بە دنیاوە پەیوەندیەکی ڕۆتینە.

دەقێک زمان و وێنە و دال و مەدلول لە هەر ڕەهەندێکەوە بخوێنرێتەوە تەفسیرێکی ماتماتیکیانەی قوڵت دەداتێ کە هاوکێشەی بەریەککەوتنی مرۆڤ و دژەکان لە تێکشاندنێکی فیزیاییەوە دەگۆڕێ بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەیەک لە ماڵی زماندا ، لای ئازاد دنیا و کلتور و ڕێساکان ناتوانن ئەو ئازادیە فەراهەم بکەن کە مرۆڤ بتوانێت شیعریانە بژیت ، بۆیە دەیەوێت ڕەسمێکی تر بۆ ژیان بنەخشێنێ .

· وێناندن :

یەکێ لە بنەماکانی شیعر دەربڕینە بە وێنە تا ئەو ئاستەی وێنەکان زمانێکی تایبەت بە شیعرەکە وەردەگرێ ، خۆ ئەگەر وێناندن و تێکشکاندن تەنها یەک جار بێت ئەوا لە دیتەڵا ئەگەر وێنەکە شیعریەتی قوڵ بێت دەکرێت بە چەند جارێک تێکشاندن یان وێناندن مانای قوڵتری وێنە ببەخشێتە واتاکەی بۆ نمونە ئەگەر (خەیاڵ ) بە تەنها وەربگرین دەکرێت وێنەیەکی تر ببەخشێتە خەیاڵ ، بەڵام لای ئازاد بە سێ پەیژەی وێنە کار لەسەر هەمو وشەکان دەکان لە یەکەمدا( خەیاڵ ) بەڕوتی زمان خۆی و لە دووەمدا (تریفەی خەیاڵ) تریفە دەخاتە پاڵ خەیاڵ و لە سێ یەمدا ( پێکی تریفەی خەیاڵ ) ئەم سێ جار وێناندنە بیرکردنەوەت دەباتە شوێنێک کە پێشتر منی خوێنەر لە وێنەکانی زماندا نەمبینیوە ، بەو واتایەی دنیایەکی ترمان بۆ دەکێشێ ، ئازاد هەر بەم شێوەیە بە بەستنەوەی کردارەکان پێکەوە لە پەیژەیەکی سیانی وێنەیدا ڕۆ دەچێ و بە کارکردن لەسەر مانای قوڵ ، لە هەمو دێڕێکدا بە سیانی وێنەیی هێناویەتی (پرشنگی خەونی ئاڵ) (پروشەی هاتنی تۆ)( ووشە لە کلوی بەفر)( دێڕ لە هەناسەی هەور)( شیعر لە خۆر نشینی زستان)( نەرم و شلی تۆ)

· مـــــانـــــا :

لەسەر ئاستی بەستنەوەی بکەر بە کردار و ماناکانەوە لە کۆتایی هەمو پەیژەکانی وێنەوە بەستنەوە ماناکان و دەرکەوتنی مخاتەبەکردنی بەرامبەر بە ڕێکخستنی قافیەیەکی لیریکیانەوە گرێ دەدا ، (زستان بسێنمەوە) تا کۆتایی کۆپلەی دووەم (خۆم بنوسمەوە) تا کۆتایی قفڵی دەقەکە ، کە لە ئاستی ڕێزماندا پێمان دەڵی کە من بتوانم ئەمانە بکەم وەک بکەر چۆن ناتوانم بتنوسمەوە کە هەمو ئاستی بەهێزی شیعریەت و مانا دەبەخشێت کە دەتوانێ تەفسرێکی جیاوازتر لە دیدە شیعرەیەکان بکات و دەشتوانێ ئەمانە بکات کە بونە لە زماندا و ڕێک کردنەوەی دنیایە بە مانای بونی قوڵ ، (چیرۆکێ دانەگیرسێنم )( سەر گۆنای هیجرت نەتۆرێ) ، لە مانادا ئەو پێ ی وایە گەر بتوانێ هەمو ئەم دنیا جوانە لە هزریدا هەبێت ئەگەر نەتوانێ ئەو خەیاڵانە لە سیاقی دەقێکدا دابڕێژێ ئەوا هەمو شت کۆتایی دێ :

ئیدی مەحاڵە نەتوانم

لە سەر بەردی ڕەقی زەمەن ڕەمزی خۆشبەختی و

خاڵی ووردی سەر باڵی یاد و

چەپکە وەفای دەستی دایکم نەروێنم

ماتماتیکی دەق :

بەدەر لە ڕوانێکی ماتماتیکیانە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە ژیان وکەونەوە ، ئەگەر ماتماتیک وەک ژمارە و پێوانە وەر بگرین ئەوا هیچ شتێک بەدەر نیە لە ماتماتیک ، لەم ڕوانگەیەوە ماتماتیکی دەق لەم دەقەدا کاری لەسەر دوو شێوە پێوانەیی سێ تێکشکاندن کردوە ، واتا دو ئاستی سێ تێکشکاندن ، بە نمونە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەسەر ئاستی وێنە ش وێنەوەی ڕیالسیتی بەرهەم دەهێنێ (پێکی تریفەی خەیاڵ) لە ناوەڕستیشدا بە نمونە (هەڵمی پەمەیی ئومێد) لە کۆتایشدا (سەر گۆنای هیجر) کە بێ کەم و زیاد ماتریالی خەبەرەکانی هەمو بە سیانی هێناوەتە خوارەوە لە وێناندنی بکەردا دایناوە ، لەگەڵ سێ مانادا بۆ بکەرەکان واتا وێنەی خەبەری سیانی و وێنای کۆتای کردار سیانی کە دەکاتە (دوو فێڵد و دوو بەسێ ستێپ )

کە ئەمش وا دەکات کە تەکنیکێکی بەرز ببخەشێت بە دەق و هارمۆنیەکی تەواو مۆزکی شیعر بەرجەستە بکات .

· کۆتایی .

ئازاد وەک نەوەی هەور دەیەوێ تەفسری بارانمان بۆ بکات ، وەک گەردیلەی هەوا دەیەوێ شەماڵمان بۆ بهێنێتە قسە و بچیتە ناو هەناسەی شیعرەوە ، دەیەوێ مانگ دابگرێ بیدات لەیەخەی شەوە تاریکەکانی ژیانمان ، دەیەوێ تێمان بگەیەنێ کە خنکاندنی کانی چەند بە ئازارە کوشتنی سەوزایی لەبەردەم باخچەدا چەند قورسە ، دەیەوێ زەمەنمان لە ڕوە تەقلیدیکە بۆ دەربهێنی و بیبەخشێتە ساتە ونبووەکانمان.



یادنامەYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

**Email :sarkawt_47@hotmail.com**
**Viber& WhatsApp: +31615852703**

YADNAMA
# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٦ی تەموزی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.26,July 2021

بۆ یادی دامەزراندنی ١٢ ساڵەی بزوتنەوەی گۆڕان.

یادی ١٢ ساڵەی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان ، یادێکە تەنها لە چوارچێوەی حیزبێکدا کۆنابێتەوە ، بەڵکو یادی قۆناغێکی ترە لە گواستنەوەی هەرێم بۆ قۆناغی خەباتی مەدەنی کە لەگەڵ خۆیدا بەرهەمهێنی داواکارییە پێویستیەکان بوە ، وەک سەروەری یاسا و بە نیشتمانی کردنی هێزی چەکدار و بە مەرجەع کردنی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی ، ئەگەر قۆناغەکانی تر پۆلین بکەین لە پەنجا ساڵی ڕابردودا ( شۆڕشی بارزانی ، ئاشبەتاڵ ، شۆڕشی نوێ ، گفتوگۆ ، هەڵەبجە و ئەنفال ، ڕاپەڕین ، کۆڕەو ، ڕوخاندنی بەعس ، شەڕی ناوخۆ ، دروست بونی حکومەتی یەکگرتو ، شەڕی داعش ، قۆناغی گۆڕان ) هەمو قۆناغەکان بە شکست و هەڵسانەوەوە بەرهەمەکەی دەکەوێتە بەردەم حوکمی قۆناغێکی نوێ کە قۆناغی گۆڕانە ، واتا گواستنەوە لە دابەشکاری و قەیرانە قوڵەکانەوە بۆ قۆناغی بە نیشتمانی کردنی گشتی پێویستی قۆناغەکەیە .

وێڕای پیرۆزبایی لە دامەزراندنی حیزبێکی مەدەنی ، وەک یادنامە داوا لە هەمو حیزب و ڕێکخراوەکان دەکەین لەبەردەم ئەگەری ڕوداوەکانی ناوچەدا کار بۆ یەکگرتویی ناوماڵی کورد بکرێ و کار بۆ بەمەدەنی بونی خەبات و بەنیشتمانی کردنی دامەزراوەکان بکرێت.

پیرۆز بێت یادی ١٢ ساڵەی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕان.

**یادنامە**

بابە بۆچی، ئەسپەکەی شێخ ..؟
لە بناردا کەوت و گلاو،
نەبوو بە ( با )و بە ( برووسکە )و ..
سەرنەکەوتە سەر ترۆپکی ..
پاشەڕۆژ و شاخی هەتاو ..؟!.
- کوڕم، ئینگلیز .. داوی ئینگلیز !!
ئینگلیز خستی .. ئینگلیز گرتی ..
ئینگلیز ..کوشتی ..!!.
ئەی بابە بۆ چرای ئاڵای،
ناو بەفرانباری مەهاباد،
لە تەمەنێکی زۆر کورتدا ..
کورتتر لە خەونی پەپوولە ..
پرشنگەکانی هەڵوەری و ..
دڵی وەستا ..؟!.
- کوڕم، فووی رووس ..
فووی ( ستالین ) و ( سەڵتەنە ) و
گۆڕینەوەی خوێنی کوردستان، بە نەوت و
مەزاتە گەورەکەی دنیا ..!!
- ئەی بابە ئەم ( مانگە )ی ئێستا ..
کێ ئەیکوژێ.. ؟!!
- کوڕم ..کورد خۆی ..!!
هەر خۆی و خۆی، کەسی تر نا.
ئەمجارەیان، خۆی ئەیکوژێ ..
خۆی ئەیکوژێ، خۆی و هەر خۆی ..!!!.
( شێرکۆ بێکەس )





مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٢
بەسەرکردنەوەی شەهیدان... ل٤
سێ بەسەرهات... ل٥
چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان... ل٦
ساڵرۆژی گەشمردە بوونی کاکە دارا... ل١٠
#گێڕانەوە... ل١٢
دووهەڵوێستی جوانی دوو کەسایەتی جیهانی وەک نموونە: مستەفا میسری... ل١٣
جیهان لەبەردەم شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکاندا... ل١٤
زەمانی خان بداغ ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە... ل١٥
رق... ل١٦
کاترینا میکلیورین... ل١٧
خوایە سلێمانی بپارێزە... ل١٨

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا
سایتی: (سبەی)

بەشی سێیەم



**11 ی نیسان: وەفدی کورد بۆ بەغداد**

دەستەی نوێنەرایەتی پێک هێنرا بو لە یەکێتی: فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر فەتاح و، لە پارتی: ئازاد بەرواری و فازیل میرانی. وەفدی 4 قۆڵی هاوڕێ لە گەڵ دارا بە ڕێ کەوت بون بۆ بەغداد. دەستەی نوێنەرایەتی بە تەنیا عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها یاسین رەمەزان جێگری سەرۆکی کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، جەنەراڵ مەحمود شوکر شاهین سەرۆکی جیهازی موخابەراتیان بینی بو. خەمی یەکەمی دەستەی نوێنەرایەتی ڕاگرتنی شەڕ، واتە ڕاگرتنی هێرشی ئاسمانی هالیکۆپتەر و هێرشی زەمینی جەیشی عیراقی بو، بۆ ئەوەی سنورێ دابنێن بۆ کۆچی کارەساتباری بە کۆمەڵی خەڵک.

کاربەدەستان وت بویان: "ئامادەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ. ئامادەن بۆ دەسپێکردنی مفاوەزات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئامادەییان دەربڕی بو کە جگە لە جیابونەوە هەمو ڕێگەچارەیەکی تر بۆ کێشەی کورد، تەنانەت چارەی فیدراڵی، باس بکەن." داوایان کرد بو کە مام جەلال و مەسعود هەردوکیان، یاخود یەکێکیان، بچێ بۆ بەغداد.

**15 ی نیسان: گەڕانەوەی وەفد**

لە دوایی دا وەکو دەستەی نوێنەرایەتی لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا گێڕایانەوە لە بەغداد. عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی سالح، تەها جەزراوی یان دی بو. بەلام بە ڕاشکاوی پێیان ڕاگەیاند بون کە ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەستەیە ناکەن، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود ئەکەن، لە بەر ئەوە ئەوان هەردوکیان یان هیچ نەبێ یەکێکیان ئەبێ بێن بۆ بەغداد. هاتنی ئەوان کارەکە زۆر ئاسان ئەکا و بە دانیشتنێک یان دو دانیشتن لە گەڵ سەرۆک خۆی هەمو گیروگرفتەکان چارە ئەکرێن و، ڕێککەوتن ئیمزا ئەکرێ. هەروەها وت بویان هەمو شت، جگە لە جیابونەوە، قابیلی باس و لیدوانە تەنانەت چارەی فیدراڵی بۆ کێشەی کورد.

هەروەها داوایان کرد بو بە گەڕانەوەی وەفدەکە مام جەلال و کاک مەسعود هەردوکیان یا یەکێکیان بچنە بەغداد. ئەمان وت بویان ئەوە جەژن بە ڕێگاوەیە بیخەنە دوای جەژن، ئەوان وتبویان ئێمە پیاوی تێکۆشەرین جەژنانیش کار ئەکەین و، کاروبارەکانمان بە هۆی جەژنەوە دواناخەین و، ئەمەش کارێکی پیرۆزە با لە جەژن دا تەواوی بکەین، ئەمان دیسان باسی ڕاگرتنی شەڕیان لەگەڵ کرد بون، ئەوانیش بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕیان پێ دابون.

دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە خۆشبینیەکی زۆرەوە بە کۆمەڵ گەڕابونەوە. لە پێش دا چوبونە سارداو بۆ لای کاک مەسعود و قسەکانیان بۆ گێڕا بوەوە، سەرانی ڕژێم بە چاکیان زانی بو کە یا ئەو، واتە کاک مەسعود، یاخود مام جەلال بۆ گفتوگۆ و تەواو کردنی بچنە بەغداد.

کاک مەسعود دوای بیر لێ کردنەوە و وەرگرتنی ڕەئی سەرکردایەتی حیزبەکەی. پێشنیارەکەیان پەسەند ئەکا، بەڵام پێشنیار ئەکا لەبەر چەند هۆیەک جاری یەکەم ئەو نەچێ، بەڵکو جاری یەکەم مام جەلال بچێ، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەویش بچێ. کاک مەسعود ڕەئی خۆی بە نامەیەک بۆ مام جەلال ئەنوسێ و، بە هەمان دەستەی چوار کەسی دا بۆی ئەنێرێ.

دەستەی نوێنەرایەتی بە کۆمەڵ و بە نامەکەی کاک مەسعودەوە ئەچن بۆ ماوەت بۆ لای مام جەلال. قسەکانی کاربەدەستانی بەغدادیان بۆ ئەگێڕنەوە، نامەکەی کاک مەسعودیشی ئەدەنێ.

چونی مام جەلال بۆ بەغداد لە ناو دەوروبەرەکەی دا لە ماوەت مشتومڕی دروست کرد بو. خاتو هێرۆی ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری مام جەلال، زۆر بە توندی چو بو بە گژ ئەم پێشنیارەدا. هەروەها هەندێ لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبونەوە. ئەمانە هەندێکیان بە ڕاستی لە ترسی گیانی مام جەلال و هەندێکیان بۆ چاپلوسی ئەم هەڵوێستەیان نواند بو، نەک لەبەر هۆی سیاسی. مامجەلالیش خۆی پێی باش نابێ، بە تەلەفۆنی سەتەلایت هەوڵ ئەدەن ڕەئی بەریتانیا و فەرنسا و ئەمریکا بزانن. ئەم وڵاتانە سەرەتای گفتوگۆیان پی خراپ نابێ، بەڵام هەمویان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن، کە ناتوانرێ بڕوا بە سەدام حسێن بکرێ.

لەو کاتەدا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی تەنیا عومەری حاجی عەبدوڵا (ملازم عومەر) و جەبار فەرمان و عومەر فەتاح و فەرەیدون عەبدولقادر لە نزیک مام جەلال بون. ئەندامانی تری سەرکردایەتی دابەش بوبون بە سەر ناوچەکان دا. سەرەنجام پاش بێنەوبەرەیەکی زۆر مام جەلال دێتە سەر ئەو باوەڕەی بۆ گفتوگۆ بچێت بۆ بەغداد. هەر ئەو ڕۆژە مام جەلال بە بروسکە داوای لێ کردم، لەو کۆبونەوەیەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دا کە ڕۆژی دوایی ئەبو لە ڕانیە بکرێ، پێش چونی خۆی بۆ بەغدا، ئامادە بم، لەو کاتەدا بە هۆی دوری ڕێگاوە نەمئەتوانی لە ڕانیە ئامادە بم، لە بەر ئەوە پێشنیارم کرد یەک ڕۆژی تر کۆبونەوەکە دوابخات بۆ ئەوەی منیش بتوانم بەشداربم. کۆبونەوەکەیان ڕۆژێکی تر دواخست، بەڵام شوێنەکەیان گۆڕی بە شەقڵاوە. بەڕاستی ئەگەر چونی مام جەلال بۆ بەغدا لە مەسەلەکەدا نەبوایە، کە "موجازەفە" یەکی ئازایانەی شەخسی و سیاسی بو لە لایەن مام جەلالەوە، لەوانە بو وەکو بڕیارم دا بو کەنارەگیر بم خۆم لە هیچ هەڵنەقورتێنم و لە هیچ کۆبونەوەیەک دا بەشدار نەبم.

من ئەو ماوەیە لە زەڵێ حەسابومەوە. جێگە و ڕێگەم وەکو دو ساڵی رابردو بو. هیچ مەسئولیەتێکم لە ئەستۆدا نەبو. گوشاری هیچ کەس و لایەن و کۆمەڵێکم لە سەر نەبو. کێشەی نوا و خۆراکم نەبو. بە باشی گوێدێری هەواڵەکانی دنیا و، چاودێری ڕوداوەکانی کوردستان بوم. تەنیا ڕێگەی پەیوەندی‌مان بێتەل بو. لە دوای ئەوەی لە شەقڵاوە بێتەلەکانم بە موخابیر و سەیارەکانەوە تەسلیمی مام جەلال کرد بو هیچ پێوەندیەکم لە گەڵ مام جەلال و کاک مەسعود نەمابو. هیچ کاریگەریەکیشم لە سەر ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژانە نەبو. دوای گەڕانەوەم بۆ زەڵێ بە چەند ڕۆژێ ئینجا دەزگایەکی تری بێتەل و پاتری‌مان پەیدا کرد و توانیمان پێوەندی لە گەڵ ناوچەکانی تر دابمەزرێنینەوە. ئەوسا زانیم کە مام جەلال خەریکی سازدانی زەمینەی مفاوەزەیە.

ئەمەم بۆیە نوسی چونکە ئەو کاتەی من لە بەغداد بوم بۆ بەشداری لە خولی دوەمی گفتوگۆدا هەندێ سەرچاوەی هەواڵ وایان بڵاو کرد بووەوە گوایە من زۆرم لە مام جەلال کردوە بچێ بۆ مفاوەزە کە ئەمە نمونەیەکیانە:

ڕۆژنامەی "صوت الكويت" کە کوێتیەکان دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە ئەوروپا دەریان ئەکرد و، لە چاو تازەیی دا ڕۆژنامەیەکی بەربڵاو و ناسراو بو بە تایبەتی لە ناو موعارەزەی عیراقی دا چونکە لێدوان و هەواڵی لە سەر عیراق بڵاو ئەکردەوە. هەندێ لە کۆنەشیوعیەکانی عیراق لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان ئەکرد. لە ژمارەی 1991/5/27 وتارێکی بە ناونیشانی "صدام يستعجل التوقيع والقيادة الكردية حائرة" بڵاو کردبووەوە لە بەشێکی دا نوسی بوی: "وتنقل شخصيات كردية عن الطالباني قوله لتفسير اسباب اندفاعه في الذهاب الى بغداد، ان نوشيروان مصطفى نائبه في زعامة الإتحاد الوطني الكردستاني، كان يضغط عليه بقوة من اجل المفاوضات وان القيادة الكردية وقعت ضحية المبالغة التي عرض فيها الوفد الكردي الأول الذي زار بغداد في منتصف مارس (اذار) الماضي، استعدادات بغداد لتلبية الحقوق الكردية..."

لەو کاتەدا زۆری لایەنەکانی موعارەزەی عیراقی، بە شیعە و سوننەوە، بە دینی و قەومی و شیوعیەوە، دژی مفاوەزە بون و، پێیان وا بو سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی گەورەی کردوە نەئەبو ئەو کارە لە پشت ئەوانەوە بکا، ئەترسان ڕێکەوتنی کورد - بەعس هیوای موعارەزە بە روخانی ڕژێمی بەعس نەهێڵێ. زانیاریەکەی "صوت الكويت" ڕاست نەبو. بۆ پاساودانی سەفەرەکەی مام جەلال داتاشرا بو. وەکو دوایی چومە بنجوبناوانی نوسەرەکەی عەدنان حسێن و سەرچاوەکەی کادرێکی یەکێتی بو لەوانەی کە تازە لە ئەوروپاوە بۆ سەردان هاتبونەوە.

19 ی نیسان: کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی

پێش نیوەڕۆکەی بە ڕانیەدا چوم بۆ شەقڵاوە، کۆسرەت و حەسەن کوێستانی لەوێ بون، هیچ ئامادەییەکیان نەکرد بو بۆ پێشوازی و میوانداری. وتیان کەس ئێمەی ئاگادار نەکردوە. عەقید وەلید نایف بەڕێوەبەری شوعبەی 3 ی ئیستیخباراتی عەسکەری لە بەغداوە چو بو بە دوای مام جەلال دا لە سەر ڕێگای ئەزمڕ چاوەڕوانی کرد بو. مامجەلال لە گەڵ کاروانەکەی وەلیدا یەکیان گرت بووەوە و، بە ڕێگای سلێمانی- دوکان - خەلەکان - هیزۆپ هاتە شەقڵاوە. وەلید لە هیزۆپەوە گەڕابووەوە چو بو بۆ مەسیفی سەلاحەدین. لەوێ چاوەڕێ بو دوای کۆبونەوەکەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی مام جەلال و دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ ئەو بچن بۆ بەغداد. شێردڵ حەویزی و چەتۆ حەوێزی لە هیزۆپ پێشوازی مامجەلالیان کرد، پێکەوە گەیشتنە شەقڵاوە.

ئەو کۆبونەوەیە ئەبو لە ڕانیە یا لە شەقڵاوە بێ کاک مەسعود خست بویە دیواخانەکەی حسێن ئاغای سورچی کە لە گوندی کەڵەکین بو. سورچی عەشیرەتێکە چەند هەزار ماڵێکن لە بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زێی گەورە لە قەزاکانی سۆران و ئاکرێ نیشتەجێن. سەرۆکایەتیەکی یەکگرتویان نەبو. ئەوانەی ڕۆژهەڵات حسێن ئاغا و عومەر ئاغای برای و محەمەدی قادر ئاغا و، ئەوانەی بەری ڕۆژئاوا ماڵی شێخەکان سەرۆکایەتی‌یان ئەکردن. سورچی لە هەمو شۆڕشەکانی کوردا چەکدار و هاوکاری حکومەتەکانی عیراق بون، بە دەگمەن پێشمەرگەیان هەبوە. بەر لە ڕاپەڕین چەندین "فەوجی خەفیفە" یان هەبو. حسێن ئاغا و عومەر ئاغا و زەیدی کوڕی و فەیسەڵ حاجی و محەمەدی قادر ئاغا و فارسی کوڕی موستەشار بون. لە بەر ئەوە بەعس هەندێ لە گوندەکانی ئەمانی نەڕوخاند بو. لە ڕۆژانی ڕاپەڕین دا بێلایەن ڕاوەستا بون، شەڕی پێشمەرگە و خەڵکیان نەکرد بو.

ئەمە کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بو، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی حیزبەکان بەشدار بون لەوانە:
لە یەکێتی: مامجەلال، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵا، عومەر فەتاح، کۆسرەت ڕەسول، حەسەن کوێستانی، نازم عومەر و، من.
لە پارتی: مەسعود بارزانی، نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری، فازیل میرانی، د. جەرجیس حەسەن، یونس ڕۆژبەیانی.
لە سۆشیالیست: ڕەسول مامەند، سەعد عەبدوڵا، سەیدکاکە.
لە پارتی گەل: سامی عەبدوڕەحمان و، بروسکی نوری شاوەیس.
لە زەحمەتکێشان: قادر عەزیز.

لە حیزبی شیوعی عیراق کەس لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبو چونکە نەدۆزرا بونەوە تا ئاگادار بکرێن. لە پێش دا دەستەی نوێنەرایەتی باسی سەردانەکەی بەغدایان گێڕایەوە، هەڵسەنگاندن و بۆچونەکانی خۆیان وت. زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە لە باشی و بە کەڵکی گفتوگۆ دوان، بە تایبەتی لەو هەلومەرجەدا، هەمویان ڕەئی خۆیان بە سەربەستی دەربڕی. کەس نەبو دژی گفتوگۆ و ڕێککەوتن بێ. هەرەسی خەڵک و، نەبونی توانای بەرەنگاری جەیش و، کۆچی بە کۆمەڵ و، بێ هیوایی لە ئێران و سوریا و، باوەڕ نەبون بە ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی بە ئاشکرا لە سیمای هەموان دا بەدی ئەکرا، جۆرێ لە نائومێدی خەمگین باڵی بە سەر هەموان دا کێشا بو.

مام جەلال سەبارەت بە چونی خۆی بۆ بەغدا داوای کرد کە هەمو ئەوانەی لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەن ئەبێ کاغەزێکی بۆ ئیمزا بکەن کە ئەوان ئەینێرن و داوای کرد کە نێچیروان بارزانی لە پ د ک و، رەسول مامەند لە ح س ک و، سامی لە پ د گ ک، لەگەڵی بچن بۆ بەغداد. داواکانی مام جەلال قبول کرا، کاک مەسعود بڕیارەکەی بە خەتی خۆی نوسی و، هەمو دەسەڵاتێکی درایە بۆ ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ڕێکەوتنەکە و، هەمومان ئیمزامان کرد و، کاغەزەکە، وەکو بەڵگەیەکی مێژویی، درا بە مام جەلال خۆی.

لە پەراوێزی ئەم کۆبونەوەیەدا سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی لاوەکی کرد. لەم کۆبونەوەیەدا مامجەلال باسی کرد کەوا ئەمجارەش ئەومان کردۆتە بلدۆزەری پاککردنەوەی ڕێگای گفتوگۆ. باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتو نەبێ، چ کارێکی خراپ ئەکاتە سەر پاشەڕۆژی سیاسی خۆی و، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتانی دۆست. باسی ئەوە کرا لەگەڵ کاربەدەستان باسی چی بکرێ و، داوکانی کورد چی بێ.

لە زۆری باس و بابەتەکان دا من خۆمم تێ هەڵئەقورتان ڕەئی خۆمم دەر ئەبڕی. بە تایبەتی لە دو مەسەلەی گرنگ دا بێ شەرموشکۆ ڕەئی خۆمم پێ وت:
لە میانەی قسەکانی دا گومانی دەربڕی کە لەوانەیە بەعسیەکان ئەمجارەیان دەرمانخواردی بکەن و، ژەهری بدەنێ. گومانەکەی لە جێگای خۆی دا بو. بەعسیەکان هەمو جۆرە تاوان و نامەردیەکیان لێ ئەوەشایەوە. لەمەش دا خۆمم پێ نەگیرا وتم هەق نیە تۆ قسەی وا بکەی، چونکە بە قسەی ئێمە هەزاران کەس لە پێناوی کوردا خۆیان داوە بەکوشت، گیانی ئێمەش لە هی ئەوان زیاتر نیە، لێرە بمریت یا لە بەغدا، بە ژەهر یا بە گوللە، لە پیناوی کوردایە. بەڵام ئەبێ هەمو ترسی ئەوەمان هەبێ کارێ نەکەین ئەو پشتیوانیە دنیاییە بۆ کورد خەریکە پەیدا ئەبێ، لە دەس بدەین. من ئەو قسەیەم بە هیچ نیازێکی خراپ نەکرد. بەڵام هەندێ کەس ئەم قسەیەیان بە خراپ لێک دابوەوە، ترش و خوێ یان پێوە کرد بو. لە زۆر جێگە گێڕابویانەوە.

لە گفتوگۆیەکی دوقۆڵی دا بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ پێش ئەوەی بڕوا بۆ بەغداد، سەبارەت بە کۆنفرەنس و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ڕەئی خۆمم بە ڕاشکاوی پێ وت کە لەو کاتەدا لە بەغدا شتێکی باش نیە، بە تایبەتی ئەگەر نەگەیشتن بە ڕێکەوتنی تەواو، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆی لێ لابدا باشترە. چونکە سەرانی بەعس شارەزای هونەری "ابتزاز" ن پیاو ئەخەنە گۆشەیەکەوە ناچار بێ هەندێ قسە بکا بە قازانجی ئەوان، سودی بۆ کێشەکەی خۆمان نیە.

پوختەی بۆچونەکانمان ئەوە بو: کە ئەگەر مفاوەزە هیچ ئەنجامێکیشی نەبێ ئەوا سودێکی گەورەی ئەبێ "مۆڵەتێکی زەمانی" مان ئەداتێ، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێ، دو کار بکەین: یەکەم، گەلەکەمان کە ئاوارە بوبو بگەڕێتەوە سەر ماڵ و نیشتمانی خۆی.
دوەم، هێزەکانمان، ڕێکخراوەکانی پێشمەرگە و رایەڵەی ڕێکخستنە سیاسیەکانی حیزب... کە هەموی هەڵوەشا بون، سەرلەنوێ ڕێک بخەینەوە.

## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## ڕووسوورەکانی مێژوو ،کلاوڕۆژنەی نیشتیمان


### نەمر گەشمردە نەورۆز نەسرەدین محەمەد حسین
### ناسراو بە نەوەی سەموون








ئاخر ئەو لەپێش پێشمەرگایەتی و خەباتی نیشتیمانی دا ، قورگی پڕ بوو لەهاواری گەرم و نەرمە سەموون ،سەموون فرۆش بوو، منداڵی پیاوێکی کرێکارو ڕەنجدەر بوو ، لەکۆڵانەکانی مەڵکەندی برایم پاشادا لەناو خەم و ڕەنجی خەڵک و
ڕەنجدەراندا گەورە ببوو هەتا بووە پێشمەرگەش قەفی پشتێنەکەی بۆنی
سەموونی گەرمی لێدەهات ، هاوارو دەنگی خەباتی تێکەڵ بوو بەتەنورو نانی گەرم و شنەو کەروێشکەی گوڵەگەنم و عەشقی کێڵگە ، کاکە نەورۆز ،لەساڵی ١٩٦١/٠٧/٠١ لەشاری سلێمانی لەماڵێکی قوڕینەی کرێکارو ڕەنجدەردا هاتۆتە دنیاوە سەرەتای خوێندنی لەهەمان شارو گەڕەک خوێندووە ،بەڵام تەواوی نەکردووە ،ئاخر هەر لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو کەخولیای پێشمەرگایەتی و خەباتی ناوشاری پێشمەرگانەی لە خولیا بوو ، شاخ و ناو شاری کرد بووە ڕێگای کانی ، تا لەساڵی ١٩٧٩ گیرا ماوەیەکی درێژ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوو ، بەڵام پاش عافواتەکەی سەدام کە بووە سەرۆک کۆمار بەر بوو لەهەمان ساڵدا، ساڵی ١٩٨١ ڕوویکردە شاخ و بووە پێشمەرگە لەتیپی ٣٣ ی سلێمانی پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵ و ئازاو پیاوێکی قارەمان لە شەڕی شاخ و شاردا ، بۆ زۆر کاری پێشمەرگانە ، دەنێردرایە ناوشارو سەرکەوتوانە فەرمانەکانی بەئەنجام دەگەیاند ، تا لەساڵی ١٩٨٤/١٢/٢٤ لەگەرەکی دارۆغا لەشاری سلێمانی دەسگیر کراو لە زیندانەکانی سلێمانی کەرکوکی ئەشکەنجەیەکی زۆر درا ، زۆر قارەمانانە ڕووبەڕووی جەلادەکانی بووەوە ، تا لە ١٩٨٥/٠٩/٠١ لە ئەبوغرێب لەسێدارە درا ،ڕەوانی پاکی شاد یادی بەخێر ڕەوانی پاکی شاد/ڕزگارەسوور





# سێ بەسەرهات

ئامادەکردنی عوسمان عومەر

ئەوەی لە خوا لیخۆشبوو سولتان قابوس بن سعید دا بەدی دەکرا،پرۆتۆکۆلی تایبەت بەخۆی هەبوو،هەرگیز نەدەچوە فرۆکەخانە بۆ پێشوازی کەسایەتیەکانی هیچ وولاتێ،هەرگیز ئەو پرۆتۆکۆلەی نەدەشکاند تەنها کاتێ لەهەشتاکانی سەدەی رابوردوو چو بۆ پێشوازی سەرۆکی هیند شانکار دیال شارما کەبوە جێی سەرنجی دەسەڵاتدارانی حوکمرانیەکەی کە بینییان بەپلیکانەکانی فرۆکەدا سەرکەوت ودەستی لەملی سەرۆک کرد پێش ئەوەی لەجێی خۆی رابێ،پێکەوە دەست لەناو دەست لەپلیکانەکانی فرۆکەکە دابەزین تا گەیشتنە نزیک ئۆتۆمبیلە تایبەتەکەی،ئاماژەی بۆشۆفێرە تایبەتەکەی کرد کە دوور کەوێتەوە خۆی دەرگای پێشەوەی بۆ سەرۆک کردەوە ولەشوینی شۆفێر دانیشت ودەستی بەهاژوتنی ئۆتۆمبیلەی کرد تاگەیشتنە کۆشکی سەڵتەنەت...

دواتر لەکۆنگرەی رۆژنامەوانی رۆژنامە نوسان لێیان پرسی هۆکارەکەی چی بوو؟

لەوەڵام گوتی من بۆیە نەچوم بۆ فرۆکەخانە تا پێشوازی بەرێز شارما بکەم وەک سەرۆک بەڵکو بۆیە چوم چونکەکاتێ لەبۆنای هیند دەمخوێند بەرێز شارما مامۆستام بووە کەفێری کردم چۆن بژیم چۆن هەلس وکەوت بکەم کەچۆن بەرەنگاری کێشەو قەیرانەکان ببمەوە...هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەوانەم دا کەفیری کردم کاتێ دەسەڵاتم گرتە دەست...ئەو رێزگرتنەی بوە مایەی سەرنج راکیشان وسەرسورمانم وهیچی لەو رێزگرتنەی سەرۆکی رووسیا فلادیمێر پۆتین کەمتر نییە...

کاتێ سەرۆکی روسیا مامۆستا بەساڵاچوەکەی بەدی کرد لەناو کۆمەڵی خەڵک کەبۆ پێشوازی وەستا بون ئەویش پرۆتۆکۆلی شکاند لەناو سەرسورمانی پاسەوان ویاوەرانی چوە لای مامۆستاکەی ودەستی ماچکرد ودەستیان لەملی یەکترکرد مامۆستاکە بەگریانەوە دەستی گرت وهاوشانی یەکتر دەرۆیشتن ئامادەبوانیش بە رەزامەندی وخۆشیەوە لێیاندەیانروانی وەک شاژنێ...

دەگێرنەوە رۆژێک مامۆستاکەی مەئمون دارکاری دەکات بێ هۆ،لێی پرسی بۆچی لێتدام مامۆستاکە گوتی بێدەنگ بە، هەرجارێ لێی دەپرسیەوە هەر دەیگوت بێدەنگ بە.

دوای ٢٠ ساڵ کە مەئمون بوە خەلیفە بیری کەوتەوەو ناردی بەشوێن ئەو مامۆستا یەدا،کەگەیشتە لای لێی پرسی بۆچی دارکاریت دەکردم کاتێ مێرمندال بوم؟

مامۆستا بیرت نەچۆتەوە دوای ئەو هەموو ساڵە... قەسەم بەخوا بیرم نەچۆتە...

بەپێکەنینەوە مامۆستاکە پێی گوت تا بزانی زۆرلیکراو شتی بیرناچێتەوە... وئامۆژگاریشی کرد وپێی گوت:

ستەم وزۆرداری لەهیچ کەسێ مەکە چونکە ستەم وزۆرداری گروبڵێسەیەکە هەرگیز لەدڵی ستەمدیدە ناکوژێتەوە کەچەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەرببێ..ئەوە رێزگرتنی مامۆستایانە نەک وەک دەسەڵاتە خۆماڵیەکەمان بەڵتەچی بنێرێ بە شەق وکلکە دەمانچە سەروچاوی مامۆستا بشکێنێ چییە لەخۆپێشاندانێکی هێمانە داوای مافی خۆی کردوە هۆکاریش زۆرداری وخۆسەپاندن وئەوانەی ناردبویانن نەخویندەوارو خۆیان بێ رێزن...



سەردەمانی خۆشم مامۆستا بوم نەوەی سەردەمی ئێمە وا راهینراو فێرکرابوین رێز لەمامۆستایانمان بگرین کەپێشترلە خوێندنگا وانەیان پێ گوتبوین...

بێ موجامەلەو ماستاوکردن کە هەندێکمان فێری نەبوین لەماوەی خەباتی ئەو چەند ساڵەم لەگەڵ جەنابی مام، هەرجارێ مامۆستا کەریم ئەحمەد هاتبێ بۆ سەردانی زۆر بەپێ دەچو بەپیریەوەو سەری بۆ نەوی دەکرد کەسەری بۆ هیچ کەسێ نەوی نەکردبوو دەستیشی لەسەر سنگ بۆ دادەنا وهەمیشە دەیفەرمو:


قُم لِلمُعَلِّمِ وَفِّهِ التَبجيلا
كادَ المُعَلِّمُ أَن يَكونَ رَسولا

سڵاو لەروح وگیانی پاکی ئەو هاورێ مامۆستایانەم کە لەژیان دەرچون سڵاوخۆشەویستیم بۆ ئەوانەی لە ژیان ماون...بۆیە لەکۆتایی دەڵێم رێز لەوانە بگرن کە رۆژێ شتێکیان فێرکردوی ونەوەکانتان فێری رێز لەمامۆستاکانیان بگرن رەنگیش بێ تێبینیم لەسەر زۆر شتی هەندێ هەبێ ...

تێبینی

* لەچەند سەرچاوەیەکی پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەرچڤەم کردوە

*هاورێی ئەزیزم کاک کوردۆ رەحمان بەزمانی عەرەبی لەوالی خۆی بڵاوی کردۆتەوە.





# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

## بەشی سێیەم

ئامادەکردنی صدیق صاڵح

٢٩ .نەخشەی نەتەوەیی

باشترین نەخشە ئەم بیرخەرەوەیەمان بۆ بخاتە بەرچاو، نەخشەی ژمارە ٤، ٥، ٦ و ٧ی پاشکۆی ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانە، کە لە ١٩٢٥دا دەرچووە. نەخشەی ژمارە ٦ی ناو ئەم سێ نەخشە تایبەتمەندەی نەژادی نەتەوەکان، کە لیژنەکە خۆی دایناوە، ڕاستترینیانە و بە شێوەیەکی وا زانستی ڕێکخراوە، دابەشبوونی نەتەوەکان و چڕیی دانیشتووان دەخاتەڕوو. نەخشەی ژمارە ٥ کە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیا لە ١٩١٠دا بڵاویکردووەتەوە، بیرۆکەیەک سەبارەت بەو هێڵە کە -کەموزۆر- عەرەب و کورد لێک جیادەکاتەوە، نیشاندەدا، باشترە لەوەی کە نەخشەی ژمارە ٤ی دانراوی ساڵی ١٩٢٤ی حکوومەتی بریتانیا بەرچاویدەخا، کە پانتاییەکی خەتخەتکراوی شێواویشی تێدایە، هیچ ڕاستییەکی سەر ئەرز نانوێنێ. هەرچی نەخشەی ژمارە ٧یشە، کلیلێکی بەکەڵکە بۆ یەکە ئیدارییەکان و خوێنەوار لەو سەرئێشەیە ڕزگاردەکا کە ناوی یەکەکان بخاتە سەر نەخشەی ژمارە ٦.

٣٠ .دابەشبوونی کەرکووک و هەولێر

تێگەیشتووم ئێستە بە گشتی ملدراوە بەو ڕاستییە کە بەلاداخستنی کێشەی کورد، بەو شێوەیەی وا لە بیرخەرەوەکانی پێشوومدا ڕامسپاردووە و دەکرێ جێبەجێبێ، ناچارییەکی بێچەندوچۆنە، بەڵام گیروگرفتەکە مەسەلەی ناساندنی ناوچەی کوردنشینە. هێندێ کەس ئەو بیرۆکەیەیان پێپەسندە کە دەڵێ، هێڵێکی دەستکرد بکێشرێ، هەردوو لیوای کەرکووک و هەولێر بکاتە دوو بەش. وا دیارە دەبێ هێڵی ناوبراو بە چەشنێک بکێشرێ کە ئەوسەری دووورگەیەکی عەرەبی یا تورکمانیی لە دەریای کوردیدا لێ بخرێتە سەر لایەنی عەرەبی. هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە -یەکەم- لە پابەندبوونێکی شێنەیی بەو »¬¬¬بیرۆکەی ستراتیج«¬ەوە پەیدابوو، کە لە لە برگەی نۆزدەیەمدا باسمانکردووە. دووەم- ئەو کاریگەرییە سەرلێشێوێنەیە کە نەخشەکانی ساڵی ١٩٢٥ی بریتانیا (ژمارە ٤)، بەو پانتاییە خەتدارەیشەوە، هێنایانەگۆڕێ. دابەشکردن، لە هەردوو ڕووی بەڕێوەبردن و سیاسییەوە، بیرۆکەیەکی لە بناغەوە ناڕاستە .

٣١ .پەڵپگرتنی سیاسی و کارگێڕی لەم دابەشکردنە

هەر هەوڵێک بۆ وێنەکێشانی هێڵێکی وەها، دەبێتە سۆنگەی هەم وروژاندنی ناکۆکیی نەتەوەیی لە نێوان کورد و عەرەبدا و هەم بەرزکردنەوەی ئەو داوایانە کە تەگەرە دەنێنە بەر درێژکردنەوەی بنەمای کارەکە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لە قەزای خانەقین، یا بەرەو باکووری ڕۆژاوا لە بەشەکانی لیوای مووسڵ، وەک شێخان و عەشائیری سەبعە، کە نیازنییە بخرێنە سەر لیوای دهۆک، کە ڕێیتێدەچێ دابمەزرێنرێ و ئەم شێواندنەیش تاکە ئەنجامی دەرکەوتووی هەر هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی یەکەی نوێی بەڕێوەبردن، بە چاوپۆشین لە هاوئاهەنگیی سروشتیی ناو وڵات. دەبێ بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی ڕێکوپێکیش پشتئەستوور بێ بە چەندین ناوەندی -لە ڕووی جوگرافییەوە- ڕێکخراو و هەر پێشێلکردنێکی ئەم ڕێسایەیش دەبێتە هۆی بێهێزکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەت لە هەمان شوێندا کە دەبێ تێیدا بەهێزبێ. حکوومەتیش، ئەگەر لە چارەسەری کێشەی کورددا، بەرەنگاری قوتکردنەوەی یەکەی کارگێڕیی خەیاڵی بووەوە، جێوڕێیەکی قایمی دەبێ و وا دەمێنێتەوە .



٣٢ .ناساندنی ناوچە کوردنشینەکان

ئەمانەی پێشوو وا دەخوازن، حکوومەت بە ڕوونی ناوچەی کوردنشین -بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن- دەستنیشانبکا و لیواکانی ئێستەی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک بگرێتەوە و لەوانەیە پاشان بتوانرێ ئەم ناوچەیە فراوانبکرێ و لیوای سەربەخۆی دهۆکیش بگرێتەوە، چونکە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن. بارودۆخی سلێمانی مشتومڕ قبووڵناکا، بەڵام لیواکانیتر پێویستیان بە هێندێ لێتوێژینەوەیە .

٣٣ .ئاماری نەتەوەیی هەولێر

دوو کۆمەڵە ئامارمان لایە :

أ‌. مەزەندەکاریی ساڵی ١٩٢١، کە لە بیرخەرەوەی بریتانیادا سەبارەت بە کێشەی مووسڵ بەرزکراوەتەوە بۆ لیژنەی کۆمەڵە ]ی نەتەوەکان[ و وێنەکەی لە لاپەڕە ٣٣ی دەقی ئینگلیزی و لاپەڕە ٣٦ی دەقی عەرەبیی ڕاپۆرتی لیژنەکەدایە.

ب. مەزەندەیەک، دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردن لە هەولێر ساڵی ١٩٢٩ کردوویانە، پشتی بە لیستی گوندەکان و ئاماری وەرگیراوی دانیشتووان بەستووە. ئەم ئامارانە، بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

| | أ: ١٩٢١ | ب: ١٩٢٩ |
|---|---|---|
| کورد | ٧٧٠٠٠ | ٨٧٤٢٩ |
| تورکمان | ١٠٠٠٠ | ٩٦٤٤ |
| عەرەب | ٥١٠٠ | ٤١٤٨ |
| مەسیحی و جوو | ٨٩٠٠ | ٥٣٧٦ |
| کۆ | ١٠٦٠٠٠ | ١٠٦٥٩٧ |

ژمارەی باسکراوی تورکمان لە (ئـ)دا، بە ڕوونی بیرۆکەی زیادەڕۆییتێداکراوی سەبارەت بە ژمارەیان لە هەولێر و کەرکووک نیشاندەدا، کە دەسەڵاتدارانی سیاسیی بریتانیا سەرەتا قبووڵیانکردووە و بەبێ گومانیش ئەو ڕاستییە بە لاڕێیدا بردوون کە زۆربەی پیاوماقووڵان تورکمان بوون. نەخشە کۆنەکانی باسی نەژادی میللەتەکانیش دەکەن، پشتبەستوون بە قسەی گەڕۆکە کۆنەکان بە درێژیی ڕێگای گشتی و دیارە ئەم کەسانەیان [تورکمان] -بە تەبیعەتی حاڵ- هاتوونەڕێ. تەنانەت ئەو ژمارەیەی کە بەرامبەر بە (ب)ی ئێستە دانراوە، ڕەنگە پێوەینرابێ، لە کاتێکدا ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٤، دەریخستووە ژمارەی تورکمان هەر نزیکەی ٣٠٠٠ کەسێکە. لەم ڕووەوە، گرنگ ئەوەیە سەرنجبدەین لەو بیرخەرەوە ڕەسمییەی بریتانیادا کە بەرزکراوەتەوە بۆ کۆمەڵە ]ی نەتەوەکان[، بە کردەوە ددان بە بوونی هەزار تورکماندا نراوە لە سلێمانی، کەچی ڕاستی ئەوەیە کە تورکمانێک لەوێ نییە. تێکەڵوپێکەڵییەکی لەم چەشنە سەبارەت بە لیوای کەرکووکیش ڕوویداوە، لە کاتێکدا شاری کەرکووک بە خەمساردییەوە وا وەسفدەکرا کە دانیشتووانی هەموویان تورکمانن، هەرچەندە ئاماری دانیشتووان ڕوونیدەکاتەوە ١٣٧٣٣ تورکمان و ٥٦٢٣ کوردی تێدان و ژمارەی کوردیش لە شارۆچکەی کفری -کەموزۆر- بە ڕێژەی ٣ بۆ ١ لە ژمارەی تورکمان زیاترە.

٣٤ .چی لە ئامارەکانی هەولێر تێدەگەین؟

ئەم ئامارانە و نەخشەی ژمارە ٦ی تایبەت بە نەژادی میللەتان (بەشە سوورەکەی کە تورکەکان دەنوێنێ، بەرامبەر بە مەزەندەکاریی ساڵی ١٩٢١ە، کە زیادەڕۆییی تێدا کراوە و نیشانیدەدا ژمارەیان ١٥٠٠٠ کەسە)، دەریدەخەن کە لیوای هەولێر، خەریکە وەک لیوای سلێمانی هەمووی ببێتە کورد. بەڵام عەرەب، تەنیا لەوپەڕی بەشی ڕۆژاوای ناحیەی گوێر و لە گەڕەکێکی بچووکی ناوشاری هەولێر هەن. هەرچی تورکمانیشن، بە زۆری لە قەڵای هەولێردا قەتیسن و ئەو جێوڕێیە نابەرامبەرە لەگەڵ ژمارەیان، خەڵک پێی وایە بە نەمانی دەرەبەگایەتی زۆربەی نەماوە. لەبەرئەوە دەرفەتی هیچ جیاکردنەوەیەکی پشتبەستوو بە ڕێژەی ژمارەی میللەتان، لەوێ لە گۆڕێدا نییە و تەوەرێکی عەرەبیش شکنابێ بتوانین بیکەینە بناغەی هەوڵی عەرەباندن.

٣٥ .ئامارە نەتەوەیییەکانی کەرکووک

ئێستە کەشفێکی تا ڕادەیەک ڕێکوپێکمان لە بارەی کەرکووکەوە هەیە، پشتی بە سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٨ی دانیشتووان بەستووە و ئەم کەشفانەیش ڕوونیدەکەنەوە، کە ژمارەی کورد ٧٧٥٩٧، تورکمان ٢٨٧٤١، عەرەب ٧٨٦٣ و جوو و مەسیحی ٣٧٠٠ کەسە، بەڵام ئەوەندەی بەستە بە ناحیەکانی قەرەتەپە (خێڵاتی قوروی ]کوروی[) و مەڵحە (خێڵاتی جبوور) و شبێچە (خێڵاتی عوبێد)، کە زۆریان عەرەبیان تێدا نیشتەجێن، ئەم ژمارانەی لای خوارەوە کە ئێمە بە حیسابی هەموو پێنج کەسێک، ماڵێک پێکدەهێنێ، بەدەستمانهێناون، زیاددەکرێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە ئاماری دانیشتوواندا هەیە. واتە: کورد ٧٨٥، عەرەب ١٦١١٠، تورکمان ٩٤٥، جوو ١٨یە. بەو پێیە، ژمارەکانی -لە ڕووی تیۆرییەوە- لە بەردەستماندان، بەم شێوەیەی لای خوارەوەن:

| | ج. ١٩٢١ | د. ١٩٢٨ |
|---|---|---|
| کورد | ٦٥٠٠٠ | ٧٨٣٨٤ |
| تورکمان | ٣٥٠٠٠ | ٢٩٦٨٧ |
| عەرەب | ١٠٠٠٠ | ٢٣٩٧٥ |
| مەسیحی و جوو | ٢٠٠٠ | ٣٧١٨ |
| کۆ | ١١٢٠٠٠ | ١٣٥٧٦٤ |

تێبینی: قەرەسێوکە، چەمچەماڵ و سەنگاو، ساڵی ١٩٢١ نەلکێندرابوون بە کەرکووکەوە و ٢٠٠٠٠ کورد خرایە سەر ژمارەی ئەسڵییان کە ٤٥٠٠٠ە.

٣٦ .چی لە ئامارەکانی کەرکووک تێدەگەین؟

کوردان، ئەگەرچی زۆربەیەکی ئاشکرا لە کەرکووک پێکدێنن، بەڵام چەند برێکی نەژادی عەرەب و تورکمان لەوێ هەن، کارێکیانکردووە چارەسەری ئەم لیوایە، بە ڕوونی لە چارەسەری لیوای هەولێر جیاوازبێ. ڕەنگە بتوانین دووبارە ئەو کەرتە سەروەر کوردییە کە ژمارەی خۆ لە -کەموزۆر- ٣٩٩٥٠ کەس دەدا و لە قەڵاسێوکە، چەمچەماڵ و سەنگاو پێکهاتووە، ببەستینەوە بە لیوای سلیمانی (کە لە بنەڕەتدا هەر بەوێوە بەسترابووەوە)، بەبێ ئەوەی پەککەوتنێکی گەورەی کارگێڕی ڕووبدا. لەوانەیشە بشێ هێڵێکی نەتەوەیی بکێشین، بگاتە ئەوسەری باشووری ڕۆژاوا، بە درێژاییی بناری چیاکان، بە شێوەیەکی تەریبی ڕێگەکە و کەرتێکی بە تەواوی کوردی لێبگوازینەوە، کە پێکهاتووە لە شوان و بەشێکی قەرەحەسەن و گل و نیوەی باکووری کفری (کە ئێستە ناحیەی سەربەخۆی شێروانە پێکدێنێ) و ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە نزیکەی ٢٢٠٠٠ کەس و ١٥٠٠٠ کەسی خێڵاتی کۆچەری جافیش لە زستاندا. ئەوسا لیوای کەرکووک دەبێتە لیوایەکی بەرتەسک، تێکەڵەیەکی کورد و عەرەب و تورکمانی بە شێوەیەکی -کەموزۆر- یەکسان تێدادەبێ. بەڵام گواستنەوەی ئەم کەرتەی دووەم -لە ڕووی کارگێڕییەوە- هەر لە بنەڕەتەوە دروستنابێ، چونکە دەبێ لە کەرکووک و کفرییەوە چاودێریبکرێ و ناتوانرێ لە سلێمانییەوە ئەوە بکرێ. سەرباری ئەوە، نەوتەڵانەکانی تێدان، یا بە تەواوی دراوسێیانن و مەترسیدارە هەر بێدەسەڵاتییەکی کارگێڕیش لە شوێنێکدا کە ئەم کانگا گرنگەی سامانی عیراقی تێدابێ، تقبوولبکرێ.

٣٧ .عەرەبی کەرکووک

بەشی زۆری عەرەبی کەرکووک، لە خێڵاتی ئەم دواییەی نیشتەجێی دەوروبەری باشووری ڕۆژاوای لیوا پێكهاتووە، واتە لە ٥٠٠٠ جبووری و خێڵیتر لەسەر ڕووباری زێی بچووک (ناحیەی مەڵحە) و ٦٠٠٠ عوبێدی لە چیای حەمرین (ناحیەی شبێچە). ژمارەیەک عەرەبی نیشتەجێی شایانی باسکردنیش لە بەشی باشووری ناحیەی قەرەتەپە هەیە، بریتییە لە ٥٠٠٠ کەسی خێڵاتی قوروی و هیتر. ئەم عەرەبانە بە ڕادەیەک دوورەدەستن، نابێ لە ڕووی سیاسییەوە گوێیانبدرێتێ و کارناکەنە سەر بیروڕای لیواکە. لیوای کەرکووکیش وەک لیوای هەولێر، کەسانێکی بەرز و ماقووڵی عەرەبی تێدانییە، کوڕی شاربێ، تا لە هەوڵی عەرەباندنی لیواکەدا پشتی پێ-ببەسترێ.

٣٨ .تورکمان لە کەرکووک


تورکمان، بەپێی هەردوو کۆمەڵە ئامارەکان کە لە سەرەوە باسمان‌کردن، کەمینەیەکی ئاشکرا پێکدێنن، بەڵام بایەخێکی نابەرامبەریان لەگەڵ ژمارەیان هەبوو، لەبەرئەوەی هەم لە شاری کەرکووک زۆرینە بوون و هەم زۆری بنەماڵە پێشکەوتووەکان، یا تورکمان بوون، یا (ئەگەر بە ئەسڵ کورد بوونایە) بە تێکەڵبوونیان بەو نەژادە باڵادەستە، بووبوونە تورک. بەم شێوەیە، ئەم کەمینە ئەریستۆکراتییە توانیی لەناو ئەو گفت و بەڵێنانەدا کە بە کەرکووک دران، ئەو گفتە بەدەستبهێنێ کە دەڵێ: زمانی لیوا کوردی نەبێ، کە زمانی زۆرینەیە، بەڵکوو تورکی بێ.

٣٩ .عەرەباندنی تورکمان

ئەوی بە شێوەیەکی سەرپێیی بڕوانێتە مەسەلەکان، دەڵێ: بێ‌گومان لەبەرئەوەی کەمینەیەکی بچووک، بەڵام گرنگمان، لێرە هەیە، نە کوردە و نە عەرەبە و ڕێی‌تێ‌دەچێ قووت‌بدرێ، چونکە سەر بە نەژادە باڵادەستەکەیە و تەنانەت ئەو پێوەندییە ئاسایی و باوەیش کە بەستوویەتەوە بە نەژادە ئەسڵییەکەیەوە، لەدەستدەدا، چونکە تورک پێڕەوی نموونەی داوودەزگای کۆمەڵایەتیی ئەوروپای کردووە و پیتی لاتینی بەکاردێنێ؛ ئەو ڕێگە دیارە کە دەبێ بگیرێتەبەر، عەرەباندنیەتی، تا بچێتەپاڵ زۆرینەی عیراقی. بنەچەی خۆجێییی تورکمان، لەوە دەچێ بە تەواوی کوردی بێ و ئەوانە تێکەڵی دانیشتووانی شار و گوندە کوردنشینەکان بوون و تێکەڵ بە خێڵاتی عەرەب نەبوون و زۆریان گەورەدەبن و بە دوو زمان قسەدەکەن و ئەو زمانی دووەمە کە پێی‌دەدوێن، زمانی زۆرینەی کوردە. زۆربەی فەرمانبەرانی وەزیفەداری خۆجێیی لە لیواکە، تورکمان یا کوردی دانیشتووی شارە. بە دەگمەن یەکێکیان تێدایە بتوانێ بە ڕاستی بە عەرەبی بنووسێ. هێندەی بنەماڵەی پیاوماقووڵانی تورکمان لەوێ هەن، ئەوەندەیش بنەماڵەی کورد هەن، وەک ئەوان دەستیان دەڕوا. لە کەرکووک، یەعقووبی‌زادە و قیردارزادە و نەفتچی‌زادە هەن، تورکمانن و تاڵەبانی و بنەماڵەی کوردی سەید ئەحمەدی خانەقایش هەن و هیچ بنەماڵەیەکی ناسراوی عەرەبیش نییە. بۆیە دەشێ هەر ئارەزوویەکی داماڵینیان لە خولیای تورکخوازی، پێ‌بەپێ بە شێوە وا بکەوێتەوە کە دەکرێنە کورد. ئەگەر ددان بە ڕاستیی ناوەڕۆکی ڕوونکردنەوەی بڕگەی ١٩دا بنێین (دیمەنی ستراتیج) و قەناعەتمان‌هێنا کە پێکهاتەی نەژادیی لیوای هەولێری نێوان مووسڵ و ڕۆنادا عەرەباندن لەوێ هەبێ، ئەوسا هۆیەکی بێ‌هێز لەئارادادەبێ، تا ناچارمان‌بکا بەرەنگاری ئەو ئارەزووە سروشتییە باسکراوە ببینەوە.

٤٠ .پاشەڕۆژی کەرکووک

ئەم هۆیانە بوون کە وایان لێ‌کردم ئەو پێشنیازەی ناو بیرخەرەوەی یەکەمم (بڕگەی ١٠) پێشکەش‌بکەم و بە پێویستی بزانم هانی کەرکووک بدرێ بە لیوایەکی کوردی لەقەڵەم‌بدرێ. من پێشنیازناکەم نەژادی تورکمان بە ڕادەیەکی زیاتر لەو پێشنیازەی کە دەیەوێ بکرێتە عەرەب، ناچاربکرێ بە زۆر و بە نابەدڵی کوردی قبووڵ‌بکا. دەبێ لەم ڕووەوە ڕاوێژ بە سەرانی بیروڕای ناو کەرکووک بکرێ و بۆیان ڕوون‌بکەینەوە، وەزیفەدان تەنیا بە فەرمانبەرانی ڕۆڵەی ئەم لیوایە، چ سەرئێشەیەکی ترسناکی بۆ بەڕێوەبردن لێ‌دەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی هەم جوغزی ئەم قەتیسکردنی وەزیفەیە بەرتەسکە و هەم زمانێکی سێیەمی ڕەسمی کە تورکییە، هێڵراوەتەوە (کە زمانی کەمینەی لیواکەیە و لە ناوچەکانی‌تری عیراقدا ڕوو لە نەمانە). دەبێ بانگیان‌بکەین ڕازی‌بن عەرەبی و کوردی لە پێوەندیی ڕەسمی‌دا بەکاربێنن و لە بنەڕەتەوە قایل‌بن فەرمانبەرانی دەرەوە کە زمانی ناوچەکە دەزانن، لەوێ دابمەزرێنرێن.



هەر هەوڵێکیش بۆ پڕۆپاگەندە بڵاوکردنەوە، بە هەر شێوەیەک بێ، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ڕواڵەتیی زمانی عەرەبی یا کوردی، بە هەڵە دەکەوێتەوە و هەر دەبێتە هۆی ڕوودانی پشێوی لە پاشەڕۆژدا. کەواتە دەبێ مەسەلەکە بەوپەڕی نیازپاکی و بە باوەڕێکی پێداگرانەوە تەگبیرێکی وەهای بۆ بکرێ، کە هەردووکیان (کوردی و عەرەبی) لە ڕوانگەی حکوومەتی ناوەندییەوە وەکوویەک گونجاون، بە مەرجێک پێچەوانەی ڕای گشتی نەبێ. ئەگەر ڕای کەرکووک پابەندبوونی بە زمانی تورکییەوە سەرسەختانە بوو، وا دیارە تاکە چارەسەر دووبارە لکاندنی چەمچەماڵ و سەنگاوە بە لیوای سلیمانی‌یەوە و ئەو قانوونی زمانەیش کە پێشنیازکراوە دەربکرێ، تەنیا سلێمانی و هەولێر (و لە پاشەڕۆژیش‌دا دهۆک) بگرێتەوە. ئەگەر کەرکووک بڕیاری دا بە کوردی دابنرێ، ئەو دەمە بێ‌گومان دەتوانرێ ناحیەی قەرەتەپە بخرێتە سەر لیوای دیالە، بەڵام شتی وا ڕاناسپێرم، لەبەر ئەو هۆیانە کە لە بڕگەی پێشووی ٣١ و بڕگەی ئەوەبەدوای ٤١دا ڕوونم‌کردوونەوە، وەک چۆن هیچ پێویست بە کارێکی وەها ناکا، ئەویش وەک لە سەرنجەکانم‌دا سەبارەت بە پێ‌خوێندن (لە بڕگەی ٤٣دا) دەکەوێتەڕوو .

٤١ .دهۆک

تێگەیشتووم کە زۆر هەن حەزدەکەن ڕازیبن یەکەیەکی کارگێڕیی کوردی لە ناوچەکانی باکووری مووسڵ دابمەزرێنرێ و منیش وای بۆ دەچم کە دەبێ لیوایەکی کوردی لە باکوور دابمەزرێ، بەڵام پێم وایە ڕەنگە بە تەواوی کاتی ئەوە نەهاتبێ (بڕوانە: بڕگەی دوازدەیەمی یەکەم بیرخەرەوەم). ئەگەر گریمان دواجار بە پێویست زانرا لیوایەکی ئەوتۆ پێکبهێنرێ و بسەپێندرێ، دەبێ حکوومەت لە دروستکردنیدا پشت بە بنەما ڕاستەکانی بەڕێوەبردن ببەستێ و لە قەزاکانی زاخۆ، دهۆک و زێباردا قەتیسیبکا و نەهێڵێ یەکەیتری لای باشوور و بگرە '¬¬ئاکرێ¬'یش بخرێتە پاڵی، کە دانیشتووانی هەموویان یا زۆربەیان کوردن، مادامێکی ناتوانرێ، لە مووسڵەوە نەبێ، ئەم یەکانە بە شێوەیەکی قبووڵکراو بەڕێوەببرێن. هێشتنەوەی قەرەتەپە و ناوچەی خێڵاتی جبوور و عوبێد لە لیوای کەرکووک، سەرەتایەکە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم بڕیارە هەر لەسەر بنچینەی بنەماگەلێکی دروستی بەڕێوەبردن بنیاتنراوە .


٤٢ .پێخوێندنی سەرەتایی

ئاماژەکانم سەبارەت بەو زمانە کە لەم بیرخەرەوەیەدا هاتووە (بڕگەی ٢٩-٤٣)، تایبەتن بە زمانی پێوەندیی ڕەسمیی تەنها ناو لیوا. زمانی پێخوێندن ناکرێ بە تەواوی سەر بە دابەشکردنە کارگێڕییەکان بێ، بەڵام ئەو زمانە کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا پێی دەخوێنرێ، دەبێ بە ڕواڵەت زمانی باوکانی زۆرینەی ئەو منداڵانە بێ کە لێی دەخوێنن. بەم شێوەیە، زمانی پێخوێندن لە قوتابخانەی شبێچەی ناوچەی خێڵاتی عوبێد یا گوندێکی خێڵاتی قوڕویی سەر بە قەرەتەپە، بێگومان عەرەبی دەبێ. وەک چۆن زمانی پێخوێندن لە قوتابخانەی ئاکرێ، کوردی دەبێ، چونکە خەڵکەکە سەرجەمی کوردە، ئەگەر قەزای ئاکرێش لەبەر هۆی بەڕێوەبردن لە لیوا کوردییەکە دەربهێنرێ، چونکە خەڵکەکە هەموویان کوردن. وەک پێشتر باسمکرد، تورکمانی کەرکووک گەورەدەبن و بە دووزمان دەئاخێون. ئەگەر خەڵکەکە ئارەزووبکەن، دەکرێ تورکی لە پێخوێندنی سەرەتاییدا بگۆڕنەوە بە کوردی. هەرچۆنێک بێ، ئەو قوتابخانە کوردییە کە پێش دووساڵ لەناو کەرکووک خۆی داخرا، بەو پێیە کە بەشێکی هەڵمەتی دژی زمانی کوردی بوو، دەبێ سەرلەنوێ لەپاڵ قوتابخانەی تورکیدا بکرێتەوە، تا داوای گەڕەکە کوردییە گرنگەکانی ناوشار بەجێبێنین.

٤٣ .پێخوێندنی دواناوەندی

ئەم بابەتە لە پێشتر ئاڵۆزترە، لێرەدا بە پێویستی نازانین درێژەبدەین نە بە بۆچوونەکانی پشتیوان و بەرهەڵستی بەکارهێنانی زمانی کوردی و نە بەو تەگەرە و قورسییانەیش کە هەن، ئەوەندە بەسە دوو بنەمای کۆکەرەوە دابنێین:

ئـ ئینساف لەوەدانییە مێردمنداڵێک ڕابسپێردرێ بچێتە سەر خوێندنی چەند بابەتێکی تازە بە زمانێکی نامۆ نووسراو، وەک ئێستە لە هەولێر و کەرکووک وەهایە.



ب. بە باشی زانینی عەرەبی، مەسەلەیەکی پێویستی هەموو عیراقییەکی خوێندەوارە و پێم وایە دەبێ چارەسەری کێشەکە بەم شێوەیە بێ کە ڕوونبکرێتەوە: دەبێ گێچەڵ بە زمانی پێخوێندنی سەرەتایی نەکرێ، کە -وەک گوتم- پێویستە ئەو زمانە بێ کەوا منداڵ لە منداڵییەوە پێی دەدوێ. لەبەرئەوەی قوتابخانەی دواناوەندی لێی دەخوازرێ پێویستیی تێکڕای لیوا جێبەجێبکا، دەبێ -یەکەم- زمانی ئەسڵیی پێخوێندن زمانی زۆربە بێ، واتە زمانی ڕەسمیی لیوا. بەڵام دەبێ گۆڕینی زمانی کوردی بە عەرەبی، بەرە بەرە لە پۆلی یەکەمەوە دەستپێبکا، لە هێندێ بابەتدا، یا لە چەند سەعاتێکدا، بخوێندرێ، وەک ئەوەی لە پۆلی یەکەمدا چوار سەعات لە هەفتەیەکدا و لە پۆلی دووەمدا هەشت سەعات بێ و بەم چەشنە؛ یان -بۆ نموونە- حیساب کە دەرسێکی ئاشنای باوە، لە پۆلی یەکەمەوە بە عەرەبی بخوێنرێ و لە بەرەوە بابەتیتر لە پۆلە بەرزەکاندا زیادبکرێ. پشکنێری گشتیی مەعاریف بنەما ڕوونکراوەکانی لای سەرەوەی بە ڕاست داناون و پێیان ڕازیبووە. پێم وایە دەکرێ تەنانەت خەڵکی دەمارگیری سلێمانیش ڕابکێشرێ، تا بەم شێوازە ڕازیبن، ئەویش ئەگەر دڵنیابکرێنەوە کە هیچ فێت و پیلانێکی فێڵاویی تێدانییە .

ئیمزا: سی. جەی. ئەدمۆندز

لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٢٩دا

## سالْرۆژی گەشمردە بوونی کاکە دارای سەعدی بەگ بەخێر ، پێشمەرگەو کادری بەتواناو تێکۆشەری گەلەکەمان ، ئەو پێشمەرگەیەی دوای بێ هیوا بوون چوار دەور گیرانی و بەزامداری بەدوا فیشەک خۆی کوشت ،/ڕزگارەسوور ،زانیاریەکە لەکاکە دانای برای وەگیراوە بەسوپاسەوە

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

................................١/٧/٩٨٢ (کانی گۆران)

**ڕۆحت شاد دارا گیان**

ساڵی ١٩٧٦خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی بوو . لەکەرتی ( شەهید جماله ڕەش )دەچێتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان . لە ڕێگەی خەدمائیلێک کە لەبەرژەوەندی بەعس سیخوڕییان بەسەرەوە دەکات ،هەموو زانیاری جموجۆڵ و نهێنیەکانیان دەبرێتە ئەمنی سلێمانی و بەو هۆیەوە چەند ئەندامێکی ڕێکخستن لەناویاندا دارا بەدەستی ملازم موحسین و جەلادەکانی لە ساڵی 1978 دەستگیردەکرێن .

دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە ئەمنی سلێمانی ، ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک دەکرێت و بە 6 ساڵ زیندانی حکوم دەدرێت و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانەکانی ئەبوغرێب . لەگەڵ هاتنی سەددام حسێن ی دیکتاتۆر بۆ سەر کورسی سەرۆک کۆماری عێراق ،لێبوردنی گشتیی بۆ هەموو زیندانیە سیاسیەکان دەردەکرێت و ئەویش لەگەڵ هاوڕێ زیندانیکراوەکانیدا ساڵی 1979 ئازاد دەکرێت .

دوای ئازادبوون هەر لەژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکانی بەعسدا دەمێنێتەوە و گوشاری بۆ دەهێنن ببێتە بەعسی، داراش جگە لەوەی ئەو داواکارییە ڕەتدەکاتەوە ، دەزانێت بواری مانەوە لە ناوشار و کارکردنی لەناو ڕێکخستندا ئاسان نیە ، بڕیار دەدات ببێتە پێشمەرگە .دوای هەرێمەکان ،تیپەکان دروستدەکرێن ، ئەمیش دەچێتە یەکێک لە کەرتەکانی 47 ی پیرەمەگروون و لە ماوەیەکی کورتدا وەک کادێرێکی لێهاتوو و خۆشەویستی ناو هاوڕێکانی و خەڵکی گوندنشینی سنوورەکە دەناسرێت . بۆ ئێمەش کە لەناو شاردا مابوینەوە ، بەهۆی ئەوەی ڕژێم زانیارییان دەستکەوتبوو کە دارا بوەتە پێشمەرگە ، لە پەرچەکرداردا لە خانوەحکومیەکانی کارگەی جگەرەی سلێمانی دەرکراین و چوینەوە ماڵی باپیرم لە کانێسکان .

ڕووداوی شەهیدبوونی دارا :

ڕۆژی چوارشەممەی 30. 06 ی ساڵی 1982 خۆمان کۆکردەوە بەنیازی سەردانی دارا ، بۆ یەکەم جار هەمووومان پێکەوە ( دایکم ، باوکم ،سروە ،بەهرە، توانا و من ) لەگەڵ دایەحەپسەی نەنکمان و ڕۆشنای کچی مامە مەهدی لە سلێمانیەوە بە ئۆتۆمبیلێکی کرێ بەڕێ کەوتین بەرەو گوندی توەسپی ناوچەی دۆڵەڕووت .

گەرمایەکی تاقەت پڕوکێن بوو ، بۆ حەوانەوە و چاوەڕوانی گەیشتنی دارا لەژێر درەختەکانی باخی ماڵی کاک عەلی خزممان دانیشتبووین و بوە دەمەو عەسر لەگەڵ ئازاد باپیر ی هاوڕێیدا پەیدابوون .

تاوەکو درەنگانی شەو قسە و باسی هەمەلایەن ، هەواڵ پرسینی گشتی و کەسوکار ، خەوتین بەو نیازەی بەیانی کاتمان زیاتر دەبێت و پێکەوە ئەو ماوەیەی دارا لێمان نزیکە بە خۆشی بەسەری دەبەین ....

(بەرەبەیانی پێنج شەممەی 01.07.1982 )

کازێوەیە ، هەموو خەوتووین، هێشتا هەتاو و تینی گەرمای ئەو ڕۆژەی مانگی تەمووز (ڕەمەزان بوو ) تەنگی پێ هەڵنەچنیوین ، لەوبەری گوندەوە ژنێک هاوار ئەکات : دارا دارا ڕاکەن جاش هات !!!



دارا و ئازاد ،کە تەنها دوو دەمانچەیان پێبوو، لە خەو ڕادەچڵەکن و لە چەند چرکەساتێکدا خۆیان کۆدەکەنەوە و ڕووەو توولەڕێگەکەی سەرووی گوندی توەسپی ،کە ڕووتەن بوو بەپەلە لە گوند دەرچوون . هێشتا بە تەواوی لە ئەندازەی بینین دەرنەچوو بوون، دارا وەک ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ئێمە بکات ، ئاوڕێکی دایەوە و لایاندا بە دەستی چەپدا و لە پشتی تەپۆڵکەیەکەوە ئیتر لە چاو وون بوون ..

بە ئاسماندا چەند کۆپتەرێک نزم نزم دێن و دەچن ، لە چەندین لاوە دەنگی تەقە و دەستڕێژی چەکە جۆراوجۆرەکانە .

کەمتر لە یەک کاتژمێری خایاند ،دەنگی تەقەکان بەو 5 فیشەکانە کۆتاییان پێهات کە لەکاتی شەڕدا بۆ مەبەستی نیشاندانی سەرکەوتن بەکاردەهێنرێن ( تەقەی خۆشی ).

کۆمەڵێک جاش و ئەفسەر لەیەکێک لە ماڵەکانی ئەو بەری گوندی توەسپی دا بۆ نانخواردنی بەیانی دابەشبوون ، لەسەر ڕێگەی خۆڵە سەرەکیەی خوار گوندیش چەند سەیارەیەکی جاشەکان ڕیزیان بەستبوو ...ئێمەش هەموومان دەترسین ،دڵتەنگ و ڕووخسار زەردهەڵگەڕاو چونکە هیچ هەواڵێک نازانین ، کاک عەلی بەرەو ئەو ماڵە ڕۆشت کە پیاوەکانی ڕژێم لێی دامەزرابوون و پاش ماوەیەکی کورت هاتەوە ..

پەشۆکاو و نائارام دەهات و دەچوو بێ ئەوەی یەک ووشە باس بکات . منیش ئەو کات کە تەمەنم 15 ساڵ بوو هەستم بە ئەنجامێکی دڵتەزێن کرد ، بە پاڕانەوە داوام لە کاک عەلی کرد پێکەوە بەو ئاڕاستەیەدا بۆ سۆراخی هەواڵی دارا و ئازاد بڕۆین کە ڕوویان تێکرد ،تا بزانین چارەنوسیان لەو شەڕەدا چی بەسەرهاتوە ..

سەرەتا وەک ئەوەی هەواڵی شەهیدبونەکەی بزانێت و نەیەوێت لە زاری ئەوەوە پێمان بگات خۆی لەو داوایەم دزیەوە ، هەرچۆنێک بوو قەناعەتم پێکرد و ئەوێکی شارەزا یەکسەر بەرەو گوندی کانی گۆڕان دوای خۆی خستم ، بە درێژایی ڕێگەکە کە زیاتر لە نیو کاتژمێر دەبوو ، کاک عەلی تەنانەت یەک ووشەش قسەی لەگەڵ نەکردم ، وەک ئەوەی لە ئازارێکی قوڵ و جەرگبڕدا بێت و بیەوێت بەتەنها خۆی لە حەسرەتدا بەدەستیانەوە بتلێتەوە .

نزیکی گوندی کانی گۆران بوینەوە ، لەسەر یاڵێکی کەناری گوندەکە چەندین گەنج و منداڵ لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەن کە گۆچانێکی بەدەستەوە بوو بە بازنەیی وەستابوون . گەیشتینە لایان ، ئای خودایە من چیم دی ؟

خوێنێکی گەش هێشتا نەمەیی بوو ، ژمارەیەکی زۆر قەوانی فیشەکی کلاشینکۆف و چەند قەوانێکی دەمانچە ، پیاوە پیرەکە ووتی : ئەمە خوێنی شەهید دارایە و لێرەدا شەهید بووە ، ئەو نامەردانەش ( مەبەستی لە جاشەکان بوو ) بە شەهیدبوونیش وازیان لێ نەهێناوە و دەستڕێژی گوللەیان ناوە بە جەستەیەوە .

باوەشم کرد بە خوێن و فیشەکدا ، بە گریان و هاوار هاوار لەگەڵ کاک عەلی دا ملی ڕێگەمان گرتەوەبەر بەرەو گوندی توەسپی ، بەرەو ئەو گوندەی ماڵەوەمان ، خەڵکی گوندەکە چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش ئەکەن ،

هەموویان پێکەوە لەسەر بانێژی ماڵەکەی کاک عەلی لە تەنیشت یەکەوە وەستاون ،پێش ئەوەی بگەینە لایان ، دایکم هاواری کرد : دانا هەواڵێکی دارا ؟؟؟ دارا شەهید بوو ....

دوێنێی بە دڵخۆشی سەردانی دارا و پێکەوە تاوەکو نیوەشەو قسە و باس و پێکەنین ، بۆ ڕۆژی دوایی لە ناکاو بووبوە کۆست و بە بەرد لەخۆدان و قژڕنینەوە ،بوە بۆ هەتاهەتایە مانەوەی بە تراژیدیایەکی هەرگیز لەبیرنەکراوی زۆر ئازاراوی ...

بەو حاڵە نائاساییە سواری سەیارەیەکی پشت بەتاڵ بووین و لەگەڵ باوکم لە دواوە دانیشتین ، من یەکەم جارم بوو باوکم ببینم کە بگری ، ئەگریا و دوای ئەوەی بە لەپی دەست فرمێسکەکانی دەسڕی ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا و بە داگیرسانی جگەرەیەکی تر هەوڵی ئەدا خۆی هێور بکاتەوە...

گەیشتینەوە کانێسکان ، لە ڕێگەی موختاری گەڕەکەوە ئاگادارکراینەوە بەعس ڕێگە نادات پرسەی بۆ دابنێین ، بە نهێنی پرسەی پیاوان و بە ئاشکرا پرسەی ژنانمان بۆ دانا . بەڵام سەرباری ئەوەی دڵنیابووم لە شەهیدبوونی دارا ،هێشتا کەس بڕوای نەدەکرد ئەو مرۆڤە گەورەیەی خێزان ، ئەو پێشمەرگەیەی پێش چەند کاتژمێرێک لەناوماندا بوو و دەستلەملانی بووین لە ناکاو بەتەمەنی تەنها 23 ساڵیەوە کۆتایی بە ژیانی هاتبێت .

لەگەڵ باجی ڕوناک ی هاوسەری مامە حمە هۆشیارم چووین بۆ نەخۆشخانەی تەواری و بەسەر دیوارەکەدا خۆم گەیاندە مەیتخانەکە ، لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە ژوورەوە تەنها جێگەیەکی کاشیکراوی مردووشتن بە بەتاڵی دەبینرا ،بە دەوری ئەو ژوورەدا سوڕامەوە تا گەیشتمە بەردەمی دەرگا سەرەکیەکەی ، لەسەر زەویەکە جلێکی کوردی ڕەنگ خاکی خوێناوی دانرابوو ، کۆمکردنەوە و بەسەر دیواری مەیتخانەکەدا بازم دایە دەرەوە و بەپەلە لەگەڵ باجی ڕوناکدا کە چاوەڕێی دەکردم تەکسیەکمان گرت و گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ...

بەڵێ جلەخوێناویەکان هی دارا بوو ، لەدیوی ناوەوەی قاچی شەڕواڵەکەیدا ئەو کاتەی لەسلێمانی بەر لە ماوەیەکی کورت بۆمان بە کردن دابوو ، لەگەڵ چەند دەستەجلێکی کوردی هاوڕێ پێشمەرگەکانیدا بۆمان ناردبوون و بۆ ناسینەوەی ئێمە ناوی کاوە مان لەسەری نوسیبوو ، ناوەخنی پشتوێنەکەشی ئەو پشتوێنە گوڵگوڵیەی شەهید بەختیاری عەبە ڕەش (02.07.1980 ) بوو کە زۆر هاوڕێی پێشمەرگایەتی بوون و وەک ئەمەکداری و بەڵێنێک کە بەیەکیان دابوو لای خۆی پاراستبووی .

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ شەهید کمال ی موهەندیس ی پورزام بۆ زیاتر دڵنیابوون چوین بۆ گردی شەهیدان و چاومان بە شێخ صادق کەوت کە گۆڕهەڵکەن و مردوو شۆری ئەوێ بوو ، ناوبراو کاتی خۆی دراوسێمان بوو لەگەڕەکی خانوەکانی کارگەی جگەرە و کوڕێکی هەبوو بە ناوی کەمال ،کە هاوڕێی گەڕەکی دارا بوو .وێنەیەکی دارامان لەگەڵ خۆمان بردبوو و پرسیارمان لێکرد ئایا ئەمڕۆ کەسی لەم شێوەیەی ناشتوە؟

یەکسەر دەستی کرد بەگریان و وتی وەرن لەگەڵم ، بردینیە سەر گۆڕێکی تازە داپۆشراو و وتی : ئەمە گۆڕی دارای جوانەمەرگە ، دڵنیابن خۆم تەرمەکەیەم شتوە ، شارەوانی هێناویەتی و خۆشم ناشتومە ، بەدەم گریانەوە وتی : بەڵام تکاتان لێدەکەم گۆڕەکەی هەڵمەدەنەوە ، چونکە ئەوەندەی فیشەک پێوەیە باشترە دەستکاری نەکەن ...

دارا لەو ڕووداوەدا تەنها 13 فیشەکی دەمانچەی پێدەبێت و دوای ئەوەی یەکێک لە براکانی عومەرەبچکۆل ی سەرۆک جاش بە ناوی صدیق بریندار دەکات ، بە دوا فیشەک بۆئەوەی بە زیندووی دەست ئەو دڕندانە نەکەوێت ،خۆی خۆی شەهید دەکات و لەسەر ڕێبازی ( کەم بژی و کەڵ بژی ) دەچێتە کاروانی نەمرانەوە ..

**مامۆستا (حمەساڵح دیلان) ئەفەرموێ**

**ئەی نازەنین ، ئەم وڵاتە شیرینە**
**ئەم شاخانە ئەم دیمەنە ڕەنگینە**
**جاری جاران مەڵبەندی جوامێری بوو**
**پڕ لە فڕکەو پڕ بازرەقەی شێری بوو**
**کەچی ئێستا هەموو شتێ گۆڕاوە**
**ڕەش و سپی لەجێی یەک دانراوە**
**گوڵ بۆ ئاگر خونچە بۆ ناوتوون خانە**
**دڕك و داڵیان هێناوەتە ئێنجانە**





# #گێڕانەوە

بەباشم زانی ئەو بەسەرهاتەی شاری خۆمان هەولێری خۆشەویست لەبەر دەست دانێم لۆ خیندنەوەی چونکە وانەکی لێ وەردەگرین بەسوپاسەوە لە لاپەڕەی دکتۆر Waria Omar Amin م وەرگرتیە بەڕێزی خاوەنیەتی :

.

.

ڕەشبگیریی (کەرگیرانی) ساڵی١٩٦٣ ، یێکێکە لەو ڕووداوە هەرە سەیرانەی کە مایەی ئەوپەڕی سەرسوڕمان و پێکەنین و گاڵتەجارییە .ڕووداوی وا هەرگیزا و هەرگیز لە مێژووی هیچ میللەتێکا ڕووی نەداوە و هەرگیز ڕوو ناداتەوە و دەبێ بچێتە کتێبی گنیسەوە.

گومانم لەوەدا نییە کە هەموو هەولێرییە تەمەندارەکان ئەمەیان لەبیرە. هیوادارم هەچ بیرەوەرییەکیان لەم بارەیەوە لایە تۆماری کەن تا جیهان و نەوەکانی دوا ڕۆژ بزانن ئێمەی کورد چیمان دیوە و چیمان بەسەرا هاتووە.

لەو ڕۆژەدا هەرچی کەری ناو شاری هەولێر و گوند و لادێی دەور و بەریەتی هەموو گیران و خرانە ناو حەوشە گەورەکەی بەندیخانەکەی هەولێر کە کەوتبووە پشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی ئەوسا (بەرامبەر پارێزگای ئێستا) ، بەو تۆمەتەی کە بەهۆیانەوە ئازووقە بۆ پێشمەرگەکان دەبرێ و کاروباری شۆڕشیان پێ ئەنجام دەدرێ.

لە شاری هەولێر ژیان وەستا.. توور و سڵق و کەرەوز و تەڕەپیاز و ماست و پەنیر کە بە پشتی کەر لە باغچە و لادێیەکانەوە بۆ شار دەهێنران لە بازاڕدا نەمان... ئاشەکان کە باراشیان بۆ بە پشتی کەر دەچوو هەموو وەستان ... دەنگی نەوتفرۆش و دار فرۆش لەگەڕەکەکانا نەما...ناڵبەند و کورتاندروو و کافرۆش و کوڵهەڵگرەکان بازاڕیان مرد. مەیدانی کەر داخرا و کەرفرۆشەکان پەکیان کەوت و خۆیان شاردەوە.

نزیکەی هەزار کەر بەندکران. خاوەنەکانیان ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر دەرگای بەندیخانەکە بە هەندێ کا و جۆوە لە ڕیز دەوەستان نۆرەیان بێ بچن مواجەهەی کەرەکانیان بکەن و ئاو و خواردنیان بۆ بەرن...کاوجۆفرۆش ، وەک میوە فرۆشەکانی بەردەم نەخۆشخانەکان ، بە فەردە کاوجۆیان هێنابووە نزیک بەندیخانەکە.

کەرەکان ئەم گرتنەیان یەکجار پێ خۆش بوو... ڕزگاریان بووبوو لە بار هەڵگرتن و عارەبانە ڕاکێشان و نەقیزە و دارکاری و بێ بەزەیی منداڵان... لەهەموو ژیان و مێژوویاندا هەرگیز خۆشی و شادیی وایان بە خۆوە نەدیبوو و ئەوەندە نەحەسابوونەوە..بازدانیان بەسەر یەکا و لووشکە و قەپگرتن و زەڕەزەڕ عەڕەعەڕ و زەڕینیان لە ناو حەوشەی بەندیخانەکەدا شانۆیێک و سیمفۆنیایێک بوو بۆخۆی ، زۆر شتیان دەردەبڕی و دەگێڕایەوە.

ئەوسا ئێمە دەستەیێک هاوڕێ بووین لە قۆناغی ناوەندیدا ، دوای دەرچوونمان لە قوتابخانە دەچووینە بەردەم سەرا لەناو خاوەن کەرەکانا دەخولاینەوە گوێمان دەدایە قسەکانیان و خەمەکانیان. بیرمە مەحموود زامدار کە تازە موچڕکی کەریزم بە دەماڕەکانیا دەگەڕا دڵی گەلێ لە کەرەکان خۆشتربوو.لەوانەشە هەر ئەو ڕۆژە و ئەو ڕووداوەبوو عیشقی کەری لەدڵا چەسپاند.



قسە و باس و خواس و خەم و پێکەنین و پێخەنی خەڵکەکە ئەوسا بوو بەدونیای کەر و بەزمی کەرگیران و گەلێ شتی سەیر ڕوویدا و باس کرا .

ڕۆژێ دوو قوتابی لە پۆلەکەمانا نەهاتبوون.. کە مامۆستا ناویانی خوێندەوە یەکێ لە هاوڕێکانی وتی ( مامۆستا ئەوانە دراوسێمانن ... کەریان گیراوە چوونەتە مواجهەه).

کابرایێک کەرەکەی خۆی لە ژوورێکی ماڵەکەیا دەشارێتەوە... شەو دەزەڕێ و لێی ئاشکرا دەبێ ... خۆی و کەرەکەی ڕاپێچی بەندیخانە دەکەن.پاشان کەرەکەیان بەردا و خۆی تا ئێستا شوونبزرە.

عەزیز ناوێک کەرەکەی خۆی دەرباز دەکا و لە ناو زوورگەکانا دەیشارێتەوە...دوای ئەمە بە (عەزە کەرفیرار) ناوی دەرکرد.

دوای حەفتەیێک جاڕدرا کە هەر کەرگیراوێ عەریزەیێک بنووسێ تیایا بەڵێن بدا کە کەرەکەی بۆ کاری نایاسایی بەکار ناهێنێ ، کەرەکەی ئازاد دەکرێ. خوا دەرگایێکی والای لەسەر گازی پشت بۆ عەرزوحاڵچییەکان کردەوە. وێنە گرەکان کەوتنە گازاندە و دەیانوت حەقی وایە وێنەی کەرەکانیش بە عەریزەکانەوە بلکێنرێ.

بە دەیان کەرگیراو دەوری عەرزوحاڵچییەکان دابوو و وەک زەردەواڵە بەسەریانا نیشتبوون .کەرگیراوێ نەختێ پیر و بێ تاقەت دەبێ چەند دەکا ناتوانێ خۆی بگەیێنێتە عەرزوحاڵچی... داوا لە یەکێ دەکا یارمەتیی بدات و عەریزەکەی بۆ بنووسێ..ئەویش دیارە کابرایێکی فشەکەر بووە ، ئەمەی بۆ دەنووسێ:

(بەڕێز موتەسەریفی هەولێر ... ئەوە شەش ڕۆژە کەرەکەم گیراوە . من لە جیاتی ئەو سوێندتان بۆ دەخۆم و شایەتیی بۆ دەدەم کە ئەم کەرەی من هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ لایێکەوە نییە و بێ خەتایە و هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە .. تا بڵێی هیمن و ئیشکەر و لەسەرەخۆیە.. هەرگیز لووشکەی لە کەس نەداوە و قەپی لەکەس نەگرتووە.سەرچاوەی رزقی مناڵەکانمە ... داوا لە بەڕێزتان ئەکەم رەحمێکی پێ بکەن و ئازادی کەن).

یەکسەر کابرا دەگیرێ و کەرەکەی بیر دەچێتەوە.

ڕۆژی دوایی بوو و دوای ئەوەی زۆربەی کەرگیراوەکان بەڵێننامەی خۆیان پێشکەش کرد ، بڕیاری لێبووردنی گشتی درا . کات دوای نیوەڕۆ بوو ، دەروازەی بەندیخانەکەیان کردەوە و کەرەکانیان بەڕەڵا کرد. ئەو سەدەها کەرە پێکەوە بەڕاکردن و خزینە پاڵ یەک و لووشکە لێدان و هەڵبەزین و دابەزینەوە بەبەردەم چاپخانەکەی مامۆستا گیو و دوکانەکەی مەجید پەقلاوەچییەوە بەرەو ناوبازار کەوتنە ڕێ. سەروسیمایان خۆشی و سەرکەتن و سەربەرزی و شانازییان لێ دەباری . خاوەنەکانیان بەناویانا بەربوون ، هەریەکە لەمبەر بۆ ئەوبەر ڕایدەکرد لە کەرەکەی خۆی دەگەڕا و هەرکە دەیدۆزییەوە دەستی لە ملی دەکرد و هی وا هەبوو ماچیشی دەکرد و فرمێسکی بۆ هەڵدەڕشت و دەیوت کەفارەتییە ئینشاڵڵا.


دوکاندار و خەڵکەکە لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەدا وەستابوون سەیری ئەو کۆڕەڕەوەیان دەکرد ، بە پێکەنین و گاڵتە لە گەڵ یەکترا دەدوان. هەندێ گەنج لەبەردەم دوکانۆکەکەی مام حەیدەری پینەدۆز وەستابوون بەو پەڕی ڕیزەوە دەستی خۆیان بەرز ، بە سڵاو و ڕیزەوە دەشەکاندەوە و وەک قارەمان پێشوازییان لێ دەکردن.

کەرەکانیش... ئەوەی خاوەنەکەی دۆزییەوە، ئەوە لێی خوڕی و بردییەوە..ئەوانی تر لەناو سووچ و کۆڵانەکانی ناو بازاڕدا بڵاو بوونەوە و لەناو خەڵکەکە توانەوە.

با ئەو ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژ و جەژنی کەران و هەموو ساڵ ئەم ڕۆژە یادبکرێتەوە و کەرنەڤاڵی بۆ سازبدرێ

.

ئەم وتارەی ( وریا عومەر ئەمین )لە ڕۆژنامەی (بەدرخان ژ ١٢٣ ی ٨ ـ ٨ ـ ٢٠٠٩) دا بلاکراوەتەوە. .









# دووهەڵوێستی جوانی دوو کەسایەتی جیهانی وەک نموونە:
# مستەفا میسری

1-کوندۆلیزارایسی بەرەچەڵەک کامیرۆنی کە لەنێوان ساڵەکانی (2005-2009)وەزیری دەرەوەی ئەمریکابوو،لەدوای تەواو بوونی کارەکەی و ئەو ڕۆژەی کە وەزارەتی ڕادەستکردەوە ملوانکەیەکی گرانبەهای لەملدابوو ، پێش ئەوەی بیناى وەزارەت بەجێبهێڵێ دەستی برد بۆ گەردنی خۆی و ملوانکەکەی لێکردەوەو خستیە سەر مێزێک ، کەلێیان پرسی ئەوە چیە؟ووتی لەسەردانێکمدا بۆلای پاشای سعودیە ئەم ملوانکەیەی بە دیاری پێبەخشیوم ! ووتیان بەڵام ئەوە دیاریەکی تایبەتە بەخۆت، ووتی نەخێر من بەنوێنەرایەتی وولاتەکەم چوم بۆ ئەو وولاتە، ئەگەر من وەزیرێکی ئەمریکی نەبومایە نەئەگەیشتمە لای پاشای سعودیەو ئەویش ئەو دیاریە بەنرخەی پێنەئەبەخشیم ، کەواتە ئەبێت ئەمە بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت !.......

2-میخائیل گۆرباتشۆف ی دواسەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەلەسەر دەستی ئەمدا ئەو وولاتە هەڵوەشایەوەو ژمارەیەکی زۆر لە گەلان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و بوون بەووڵاتێکی سەربەخۆ ،لە بیرەوەریەکانی خۆیدائەڵێت:کاتێک پرۆژەکەی خۆم بەناوی(پرۆسترۆیکا-تێروانینێکی نوێ) لەچوار چێوەی کتێبێکدا بەچاپ گەیاندو هەرزۆر زوو لەجیهاندا دەنگی دایەوە ، بەشێوەیەک پێنج ملیۆن دانەی لە (106) وولات و بە(80) زمانی جیاواز لێ فرۆشرا کە کۆی پارەکەی کردیە بەنزیکی سێ ملیۆن دۆلارو یەک ملیۆن ڕۆبڵی ڕووسی، دوای لێدەرکردنی تێچووەکانی کتێبەکە  ودانی باج ئەوەی مایەوە هەموویم بەخشی بەسندوقی یارمەتی بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ئەرمەنستان و تاجیکستان،کەسوودێکی زۆری لێوەر گیرا،وەهەروەها پاداشتی مادی خەڵاتی نۆبڵ وخەڵاتی فیۆجی کەوەرمگرت بەگشتی نزیک بەیەک ملیۆن دۆلار دەبوو بەخشیم بە کەرتی تەندروستی و بەدیاریکراوی بۆیەو نەخۆشخانەیەی کە هەڵئەستا بە چارەسەر کردنی قوربانیانی بەرکەوتوانی کارەساتی چێرنۆبیل، وەبۆزانیاری بەڕێزتان میخائیل گۆرباتشۆف کەسێکی دەوڵەمەن نەبوو کوری کابرایەکی جووتیاربوو لەگوندێکی هەرێمی ئێستارۆپۆل لەناوچەی باکوری ڕۆژ هەڵاتی قەوقاز ،بەڵام بەخەبات و هەوڵی خۆی هەموقۆناغەکانی حیزبی حکومی بەلێهاتوویی بڕیوە.

بە سوپاسەوە لە کاک سالار قەرەداغیم وەرگرتوە.

# جیهان لەبەردەم شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکاندا



بەختیار نامیق و سەرکەوتی جیهاز

ئەگەر قۆناغەکانی ململانێ و شەڕەکانی جیهان بە چەند قۆناغێک پۆلێن بکەین ، ئەوا دوای هەردو شەڕی جیهانی و شەڕەکانی تر و شەڕی سارد جیهان کەوتوەتە بەردەم کۆمەڵێ شەڕی ترەوە کە دەکاتە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای سەربازی شەڕی ناوکی و بایۆلۆجی کە دەتوانین بڵێین ململانێکان و شەڕە وردەکان و نمایشە سەربازییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە جیهان لەبەردەم سێ هۆکاری شەڕی زۆر پێشکەتو وێرانکەردان ، ئەوانیش شەڕی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکانە ، لە پەنای ئەمانەدا بونی چەکی ئەتۆمی کە بە پلەی سەرەکی دێت یەکێکە لەو ململانێیانەی کە وڵاتان هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن وفۆکسی سەرەکی لەسەر دەست گەشتنە بە چەکی ناوەکی ، ئەگەرچی ئەم چەکە تا ئاستێک ڕێککەوتنێکی جیهانی لەسەرە نەهێڵن هەندێ وڵات جگە لە بواری پزیشکی دەستیان بگات بە چەکی ئەتۆمی بەڵام لە پەنای ئەمەدا دەست گەشتن بە هۆکارەکانی شەڕی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکان تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی جیهانی لەسەر نیە کە بتوانرێ وەک ڕێنماییەکان و بەرگرتنەکانی چەکی ناوەکی ڕێ لەم چەکانە بگیرێت ، ئەمە دەکاتە ئەوەی لەبەردەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنی درۆنەکان و شەڕی سایبەر و ئەگەری زیاتری شەڕی بایۆلۆجی جیهان بە دۆخێکی ترسناکدا تێدەپەڕێ ، کە دەکرێت هەمو وڵاتانی دنیا لەسەر مێزی گفتوگۆ و ترسی هاوبەش کۆبکاتەوە.

لێرەوە دەتوانین یەک بە یەک قسەی سەرەتایی لەسەر بکەین :

شەڕی بایۆلۆجی :

ئەگەر چی ئەم جۆرە شەڕە ماڵوێرانکەر دەبێت بۆ ئەو وڵاتەی کە هەڵدەسێت پێ ی خۆشی دەگرێتەوە ، بەڵام جیهان لەبەردەم هەڵکشانی ململانێ و بەرکەوتنی بەرژەوەندیەکاندا بەدەر نیە لەم ترسە ، یەکەم شەڕی بایۆلۆجی مەغۆلەکان پێ ی هەڵسان کاتێک سەربازەکانیان توشی تاعون بون لاشەکانیان فڕێ دایە ناو شاری دوژمنەکانیان و لەوێوە بە هۆی مشکی سەر لاشەکان تاعون بڵاو بویەوە و هەمو جیهانی گرتەوە و ناسرا بە تاعونی ڕەش ، لە ئێستادا جیهان بە ترسەوە چاودێری شەڕی بایۆلۆجی دەکات بە تایبەت ململانێ ی نێوان چین و ئەمریکا لە دوای بڵاو بونەوەی سارس و کۆرۆنا ، ئەگەر چی چین و ئەمریکا یەکتر تاوانبار دەکەن بەڵام هێشتا جیهان دوای کۆرۆنا بەدەر نیە لە هەڕەشەی جۆرەکانی تری شەڕی بایۆلۆجی بەتایبەت ئەگەر گروپە ئیرهابییەکان دەستیان بگاتە ڤایرۆسەکان و بڵاوبونەوەیان ، وەک ئەوەی ئەیمیەن زەواهیری لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ چەند ملیۆن دۆلارێکت پێ بێت دەتوانی لە بازاڕی ڕەشی ئاسیا ڤایرۆسی بایۆلۆجیت دەست بکەوێ ، ئەم بازاڕی ڕەشانە کە بە جۆرێک زل هێزەکانی بە قاچاخ تێدایە ئەگەری هەڕەشەی گەورەن لە داهاتوی جیهان ،لێرەوە ململانێکانی چین و ئەمریکا و ئەگەری شەڕی بایۆلۆجی ئامادەیە کە لە کۆڤید ١٩ دەدا یەکتریان تاوانبار دەکرد ئەگەری ئەوەی هەیە جارێکی تر جیهان توشی نەخۆشیەکی تری وەک تاعونی ڕەش بکاتەوە ، بۆیە بونی سیستەمێکی تەندروست لەهەر وڵاتێکدا بونی بەرگریە بەرامبەر بە ئەگەری شەڕی بایۆلۆجی و بڵاوبونەوەی ڤایرۆس.

شەڕی سایبەر :

شەڕی سایبەر کە بەشەڕی نێوان کۆمپیتەرەکان ناسراوە یەکێکە لەو شەڕانی کە لە ئێستادا بوە بە ئەولەویەتی ململانێی نێوان ئەمریکا و چین و ڕوسیا ، ئەم هاککەرانە لە ڕێی ئەنتەرنێت و کۆدەکانەوە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و کۆنترۆڵی بەرامبەریان دەکەن بە شێوەیەک دەتوانن سیستەمی بانکی و تەکنەلۆجیا پێشکەوتوەکانی وڵاتانی بەرامبەر بوەستێنن یان کۆنترۆڵی بکەن ، لە ئێستادا شەڕی سایبەر لە ئەولەویەتی شەڕی ئەمریکایە بەرامبەر نەیارەکانی وەک چین و ڕوسیا و ئێران ، تا ئەو ئاستەی سوپای سایبەریان دامەزراندوە کە کار لەسەر درۆنەکان و کۆدەکان دەکات ، ئەمریکا لە زاری بایدنەوە ڕوبەڕوبونەوەی شەڕی سایبەری ڕاگەیاند ، ئەوەی پێشتر بە جەنگی ئەستێرەکان ناوزەند دەکرا تا ئاستێک سەرەتاکانی دەرکەوتوە ئەویش لەبەر ئەوەی سایبەرپێویستی بە تێچوی زۆر نیە تەنها شەڕی نێوان کۆمپیترەکانە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەوەی پێویستی پێیەتی تەنها عەقڵە و ئەزمون و دۆزینەوەی دەروازەکانی کۆدی بەرامبەرە ، چی تر ئەم شەڕە لە شەڕی وشکانی و دەریایی و ئاسمانیەوە دەگواسترێتەوە بۆ شەڕی ئاسمانە بەرزاکان بە شەر نەوەی پێنجەم دادەنرێت ، سایبەر زۆربەی بوارەکانی شەڕ و ململانێ دەگرێتەوە لە ئێستادا تورکیا و ئێران دو دەوڵەتن خاوەنی سوپای سایبەرن و پەرەی پێ دەدەن ، خۆ ئەگەر کوردیش کاری لەسەر بکات ئەوا دەتوانێ لە داهاتودا بچێتە ناو شەڕی سایبەرەوە بەتایبەت لە ئێستادا عێراق خەریکی بونیاد نانی سوپای سایبەرە .

شەڕی درۆنەکان :

وردە وردە لە بونی سوپایەک کە قەبارەی گەورەی کلاسیکی هەبێت دەگۆڕدرێت بۆ سوپای پشکەوتوی تەکنەلۆجیای سەربازی لەگەڵ بونی شەڕی سایبەر و شەڕی درۆنەکان ، بوەتە سەرەکی ترین تەکنەلۆجیا و وڵاتە زل هێزەکان زۆر بەخێرایی کار بۆ دروستکردنی درۆن لە بچوکترینەوە بۆ گەورەترین دەکەن ، شەڕی ئێستا و ئەم بیست ساڵەی پێشتریش ناسرا بو بە شەڕی درۆنەکان کە ئەمریکا لە شەڕی ئەفغاستاندا بەکاری هێنا و دواترینیان تورکیایە لە لیبیا و قەرەباخ بەکاری هێنا ، لێرەوە شەڕی درۆنەکان ئێستا بوە بە سەرەکی ترین هەواڵی هێرش و ململانێکان ، لە ڕوی بەرهەمهێنانی درۆنەکانەوە وڵاتە گەورەکان لە هوڵی فرۆشتنی ئەم درۆنانە بە هەمو جۆرەکانیەوە بە وڵاتاکانی تری دنیا ، کە بوە بە سەرباسی میدیا جیهانیەکان ، هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لە بەردەم شەڕی درۆنەکاندایە و دەبێت هەرێم ببێتە خاوەن درۆن و سیستەمی بەرگری تەکنەلۆجیای پێشکەوتو بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆنەکان ، بەڵام تا ئێستا نەک ناتوانێ ببێتە خاوەن درۆنەکان بەڵکو وەک پاشکۆی وڵاتانی ناوچەش لە هیچ هێرشێکی درۆن ناپارێزرێ و بگرە بوە بە شوێنی بەریەککەوتنی درۆنەکانی وڵاتانی دژ بە یەک لەم ناوچانەدا ، ئەگەری ترسی زیاتری هەیە بە تایبەت کە درۆن بکەوێتە دەستی گروپە ئیرهابیەکانەوە .

جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمو شوێنێکی ئەم دنیایە لەئەگەری بونی هەر یەک لە شەڕەکانی بایۆلۆجی و سایبەر و درۆنەکان بەدەر نابێت ، جا کەوتوەتە سەر دامەزراوەیی و بونی سوپایەکی تەکنەلۆجی و تەندروستیەکی بەهێزی خۆپارێزی بۆ مانەوە و بەردەوامی دانی خۆی لەبەرامبەر ئەم شەڕانەدا ، بە گشتی جیهان لەبەردەم جۆرێکی ترە لە پێشکەوتن و جۆری شەڕی ماڵویرانکەر کە ڕەسمی بیرۆکەی دەوڵەت و کۆمەڵگاش دەگۆڕێ.

# زەمانی خان بداغ ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە

دوای مردنی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە ئیدارەی وولاتەکەی
بۆ ( خان بداغ ی ) کوری مایەوە .
خان بداغ لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشت .
وەکو نوسراوە مێژوییەکان باس ئەکەن .
خان بداغ لەرێکو پێکیو ئازایی و بەغیرەتیدا هەروەها
لە خوڵق بەرزی و زانیاری و عەدالەت پەرستن و زمان شیرینیدا لەباوکی کەمتر نەبو .
خان بداغ لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوو کە لەجێ ی باکی دانیشت .
لەحوکم کردن و بەرێوە بردنی کاروباری وولاتدا ڕاوێژی
بەدایکی ئەکردو گوێ ی لە قسەکانی ئەگرت ، وەکو باوکی
بگرە بەزیادەوە ئیدارەیەکی باشی ولاتەکەت ئەکرد ،لەبەر ئەوە هەتا ئەهات
ولاتەکە بەرەو گەشە کردن ئەڕۆیشت .
بێگومان پێشکەوتن وگەشە کردنو هەروەها خۆشیو
کامەرانی هەمو وڵاتو گەلێک لەسەر جۆری بەرێوە بردنی
ئیدارەی کاربەدەستەکانو حاکمەکانی وەستاوە .
واتە هەرچەندە ئەو ئیدارەیە چاوی لەخزمەت گوزار میلەتەوە بێت ئەو میلەتە
کامەران ترو پێشکەوتو تر ئەبێت، بەپێچەوانەشەوە ، ئەو سەردارانە هەرچەند بەلای
زۆرداریو دەست درێژیو چەوسانەوەی میلەتا داشکێنن
ئەوە ئەو وولات و میلەتە ئەدەنە دواوەو
بەناخی زەویدا ئەچن .
ئەمە یاسایەکە کەسروشت بۆ ئادەمیزادی داناوەو لێ چونە دەرەوەی بۆ نیە .
جالەبەر ئەوە خان بداغ لەسەر رێوشوێنی باوکی رۆیشت وولاتو میلەتەکە
بەرەو گەشە کردنو پێشکەوتن ئەرۆیشت .
لەبەر ئەمە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی عەشایەری کوردی دەوروپشت بەئارەزوی
خۆیان ئەهاتنە ژێر سایەیەوە عەشایەری ( ئاکۆ ) و ( بڵباس ) ( ئالان ) و ( ماوەت ) هاتنە ژێر دەسەلاتیەوە بەمەش رۆژ بە رۆژ
سنوری وڵاتە کەیو نفوذی خۆی پەرەی ئەسەند .
ناوچەی ماوەت ئەوسا تابیعی شاری ( بانە ) بوو
حاکمەکەی بانەش خان ئیسماعیل سوڵتان ناوێک بوو
پیاوێکی ئێجگار دڵرەق و خوێن ڕێژو زۆردار بوە ، کورەکەشی کە ( ئەسکەندەر ) بەگی ناو بوە لەوزەمانەدا
حاکمی ماوەت بوە .
هەرلەوێش مردوە و نێژراوە .
جا ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە حسین ناظم ئەفەندی کەبەو
ناوچەیەدا ئەگەڕێ لەسەر کێلی گۆڕەکەی
ئەسکەندەر بەگ نوسراوێک ئەخوێنێتەوە ، ئەونوسراوە هانی ئەدا بکەوێتە
گەرانو پشکنین هەتا لە ئەنجامدا وەسیقەیەکی مێژوو یی ئەدۆزێتەوە
کەلەسەدەی یانزە هەمی کۆچیدا نوسراوەتەوە .
لەو وەثیقەیەدا چەند ڕوداوێکی مێژوی ی گرنگی تیدا بووە
ئەو وەثیقەیە بەفارسی نوسراوەتەوە ، وە ماناکەی بەکوردی ئەمە ئەگەێن ۱ .
کە گوایە حەزرەتی عبدالای کوری حەزرەتی عومەر بەشیری ئازایەتی ئەو
ئاینی ئیسلامەتی لەم ولاتەدا بلاو بۆتەوە .
لەم وەختەدا ناوچەی( دەشتەتاڵ ) لەژێر دەستی ( قەهقون ) ناوی کافر دا بوە .
ئەم دەشتە تاڵە لەسەروت رۆژ هەڵاتی سلەیمانی و لەحەدودی قەزای شاربازێردا
بوو بەلام ئێستە لەحەدودی ئێرانەو تابع بەبانەیە.
حەزرەتی عبداللە ئەم ( قەهقونە ) ی کوشت ، بەڵام کوڕی ئەم قەهقونە
هاتە سەر ئاینی ئیسلام و حەزرەتی
عبداللە ش ناوی عەلی لێناو لەجێی باوکی بەحاکمی داینا .

ئامادە کردنی
فوئاد مەحمود بابان کوری عبدڵلە بابان
کوری ئەحمەدی میرزا حسەین بەگ
کوری ئەحمەد بەگ ( ئەحمەد پەخشە )
کوری مەحمود بەگی عەزیز بەگی بابان
ناسراو بە عەزیز بەگی پیرمەسور ( پالەوانی شەڕی پیر مەسور )

فوئاد مەحمود بابان

سلەیمانی تووی مەلیک

٢٠١٨/٧/٢٨





ئەمانە لەبەر ئەوەی زۆر هەول و تەقەلایان بۆ ئاینی ئیسلام داوە و یارمەتیان داون .
ناوی ( خەیارالدین ) یان لێناون و پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە ، هەتا زەمانی خان ئیسماعیل سولتان لەو وەثیقەیەدا کەباس کرا تەصدیقی حاکمێتیان کراوە .
لەزەمانی خان اسماعیل سوڵتان دا ئەم خانە ئەسکەندەر بەگی کوری کرد بەحاکمی ماوەت ، ئەویش لەم حاکمیەتە مایەوە هەتا زەمانی پەیدا بونی خان بداغ کوری فەقێ ئەحمەدی دارشمانە ، ئەوسا خان بداغ ماوەتی لەژێر چنگ دەرهێناو خستیە ژێر دەسەلاتو فەرمانی خۆیەوە .
خان بداغ زستان لە دارشمانە دائەنیشتو ئێستەش لەرۆژهەڵاتی قەلادزێوە جێگایەک هەیە بەناوی خان بداغ وەیە .
بەڵام بەهارانو هاوینانی لە ماوەت ئەبردەسەر .
نیازیش لەم کردەوەیەی تەنها ئاو و هەوا گۆڕینو خۆشەویستی سروشت نەبو ، بەلکو نیازی لەمە ئەوەش بو
ئاگای لە حاڵو دۆخی میلەتەکەی بێت لەهەمو سوچێکی وولاتەکەی دا ، ئەیویست لەهەمویان نزیک بیتو چاوی لێیان بێتو بەخزمەت کردنیان ڕێزو خۆشەویستی و ڕێز گرتنیان بۆ خۆی ڕاکێشێ .
بەلام بۆیەوەی نفوذی خۆی زیاد بکات قەلەم رەوی وولاتەکەی فراوان بکات بە ئێجگاری گواستیەوە بۆ ماوەت ئەوێ ی کرد بە پایتەختی خۆی ، لەگەڵیشیا ناوچەی سیتەکو
چەند ناچەیەکی تری خستەسەر وولاتەکەی خۆی ، ئەمە لەساڵی ( ١٠٧٥ ) کۆچیدا بوو .
بێگومان هەرچاوی لەوەبو سنوری ولاتەکەی فراوان بکات بەوەی ناچەی نزیکی تری بخاتە سەر ، بەڵام حوکم رەوایی لەمە پتر درێژەی نەکێشا زۆری نەبرد کۆچی دوایی کردو حوکمی بۆ میر سولەیمانی برای بەجێ هێشت .

سەرچاوە مێژوی حوکمدارانی بابان
لەقەڵاچوالان تا دروست کردنی شاری سولەیمانی
١٠٨٠--١١٩٩ کۆچی--١٦٦٩--١٧٨٤--زاینی
نوسینی تۆفیق قەفتان

## رق

بۆ شاعیری عەرەبی عێراقی ( سعدی یوسف )*

ئەی شاعیرەکە....
دروشمەکانت ...سەوزو سوورن
زەردن...ئاڵن
بەڵام..وەک نارنجۆکی بەعسیان
پڕ لە مەترسین

ئەی شاعیرەکە...
شیعرەکانی تۆ ...وەک دیواری
دەرەوەی ئەمن
وەک باخچەکەی دائیرەی ئەمن
جوانن...دڵگیرن
بەڵام ناوەوەی
هەر ئەمن ئاسا
پڕ لە قولاب و ...ئۆتوو ...کێبڵ
پڕ لە زنجیرن

خۆ تۆ بەعسی نیت
تۆ هاوبیرەکەی
حەسەن مەجید نیت
ئەوەندە قینت لە کوردستانە
ئەوەندە قینت لە پێشمەرگەو
گوڵ و ...ئینسانە

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

*سەعدی یوسف، شاعیرێکی ناسراوی عەرەبی عێراقی ،خەڵکی شاری بەسرەیە ،لە شیعرێکی دا ،سوکایەتی بە کوردستان دەکات ،بە (قردستان )وڵاتی مەیمون ناوی دەبات. ، ئەو شیعرەی لە ئاژانسی هەواڵی باسنیوزدا بلاو کردەوەوە.
قوبادی جەلیزادەی شاعیری دیارو خاوەن ئەزمونی تایبەتمەندی، رێچکەی نوێ ی شیعری کوردی ، هەنگاوی نوێ و داهێنانی لەو بوارەدا ناوە ، لە بارەی شیعرەکەی سعدی یوسف ،بە شیعر دانانی،کە تێی دا( کوردی بە نەوەی مەیمون دەزانێ) ، جەلیزادە لە لێدوانێکی دا بۆ ئاژانسی (باسنیوز)،ئاماژەی بەوەکرد:
سەعدی یوسف وەک رووناکبیرێکی عێراقی و عەرەبی، لە تەمەنی دوورو درێژی خۆی دا ، چەپ بوو ، شەری ئەو شەری چینی زەحمەت کێش بوو،دژی چینی برژوا و خاوەن کارو خاوەن زەوی وەدەربەگ ، پێم سەیرە ،لەوپەڕی چەپەوە ،بگوێزرێتەوە بۆ ئەوپەڕی راسترەو شۆڤینیەت،ئەو نوسینەی کە دیارە شیعر نییە، یەکەم هەڵوێستی شۆڤینانەی نی یە ،سەبارەت بە ئەزمونە دیموکراتییەکەی کوردستان ، پێشتریش پەلاماری کوردی داوە .
ئەو کاتەی وەزیرێکی کورد ،پۆستی وەزارەتی روناکبیری حکومەتی عێراقی فیدراڵی وەردەگرێ،کاتێک سەرۆک کۆمارێکی کورد، سەردانی وڵاتی سعودیە دەکات ،هەمان هەڵوێستی شۆڤینانە ی دەربڕیوە .
شەری سەعدی یوسف ،شەڕی سونەیەکی شۆڤینی عەرەبە، لە گەڵ کوردو لە گەڵ شیعەیەکی عەرەب ، من پێم وایە: خرف بوون وای لە سەعدی یوسف کردوو، لەوپەڕی چەپەوە، بگوێزرێتەوە بۆ ئەو پەڕی عەرەبێکی سونی شۆڤینی .
جەلیزادە لە بارەی ئەو شیعرەی سەعدی یوسف ،کە لەپۆلی 9ی ناوەندی لە کوردستان دەخوێنرێت ،وتی :
سەعدی رابردوو ئێستاو داهاتوی خۆی ناشرین کرد، لەمەوداوا منداڵانی کورد ،بەوە رازی نابن ، لە بەرنامەی خوێندن دا ، شیعرەکەی لە بەر بکەن / کوردۆ شابان ،باسنیوز ،کلتورو هونەر ،21 / 11 / 2014.




# سەرسوڕهێنەرترین پەیوەندی لە جیهاندا...

وەلام دانەوەی هەندێک پرسیار،بەڕاستی ئەستەمە!

بۆ نموونە:
نێوان ئەم دوو وێنەیە،واتە کوردستان و ئوستراڵیا دوازدە هەزار و چوارسەد کیلۆمەترە، چۆن ئەم هێمایە لەم دوو شوێنە بوونی هەیە؟

وێنەی دەستەڕاست لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە،کەسێکی (Aboriginal Australians) ئوسترالی ڕەسەنە کە جەستەی خۆی بە ڕەنگ و چەند هێماییێکی ئایینی ڕەسەنی خۆیان نەخشاندووە.یەکێک لە هێما هەرە پیرۆزەکان بە گەورەیی لەسەر سینگی نەخشاندووە.

وێنەی دەستە چەپ،کێلێکی شوێنەواری گردی مرازان ( گوپەکلی تەپە-Göbekli Tepe ) یە لە باکوری کوردستان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە...
نێوان ئەم دوو وێنەیە،واتە کوردستان و ئوستراڵیا دوازدە هەزار و چوارسەد کیلۆمەترە، چۆن ئەم هێمایە لەم دوو شوێنە بوونی هەیە؟

ئوسترالیە ڕەسەنەکان پەنجا هەزار ساڵ بەر لە ئێستا چوونەتە ئوستراڵیا و تا چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا،هیچ پەیوەندییێکیان لەگەل قارەکانی دیکەدا نەماوە.

ئایا ئوسترالیە ڕەسەنەکان پێش پەنجا هەزار ساڵ لە کوردستانەوە چونەتە ئوسترالیا،یان شارستانیەتی دایک ئەوەندە پێشکەوتوو بوە کە لە ڕێگای دەریاوە هاوشێوەی ئێستا جیهانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە و بە ئاسانی مرۆڤ توانیویەتی لە میزۆپۆتامیا بچێت بۆ ئوستراڵیا و قارەکانی دیکە؟؟؟
بە سوپاسەوە لە (شوێنەواری کورد) وەرگیراوە.



# کاترینا میکلیورین

ئەو شۆخەی کە بڕیاری داکچێنی خۆی بفرۆشێ لە زیادکردنێکی ئاشکرا لە ڕێگای نێتەوە،

لەساڵی (٢٠١١)دا (١٣) منداڵ لە ناوچەی ( سانت کرینا) لە بەڕازیل بەهۆی نەبوونی و هەژاری و نەخۆشی گیانیان لە دەستدا،

جگە لەوە پەتای نە خۆشی و هەژاری لە ناو سەدان خێزاندا بڵاو ببۆوە ،کە مەترسی کارەساتێکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرا،

بۆ ماوەی ساڵێک کاترینا هەوڵێکی زۆری دا لە دەرگای هەموو ڕێکخراوە جیهانیە خێر خوازەکانی دا بۆ یارمەتیدانی ئەو ناوچەیە بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێ سوود بوون.

بۆیە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٢) کاترینا بڕیاری دا کە کچێنی خۆی بفرۆشێ لە زیادکردنێکی ئاشکرا لە ڕێگای نێتەوە ، بۆئەوەی ئەو پارەیەی کە دەستی دەکەوێ بۆ باشکردنی حاڵی هاوشاریانی بە کاربهێنێ.

دوای دوو هەفتە نزیکەی(٨٩٠) ئادی بۆ هات لەلایەن زۆربەی دەوڵە مەندەکانی جیهانەوە، کەلە ناویاندا ملێونێرێکی عەڕەب (١٥) ملێون دۆلاری دەدا بۆ ئەو کارە،کە ئەمە وای لە کاترینا کرد تووشی شۆک بێ

بە تایبەتی کە بە چاوی خۆی دەیدی کە حاڵ و گوزەرانی ئەو هەزاران ئاوارەو بێ ڕێگاو بێ جێگایە چۆنە کە لە دوای بەهاری عەڕەبی توشی ئەو خەڵکە بووە.

بۆیە بڕیاری دا کە پۆستەکەی لە نێت بسڕێتەوەو نامەیەک بۆ ئەو ملێو نێرە عەڕەبە بنێرێ کە بریتی بوو لە،

ئەگەر ئێوە بۆ ماوەی یەک سعات لەبری ئەوەی بیر لەکاری سێکسی بکەنەوە بیر لەو هەزاران ئاوارەو بێ دەرەتانانە بکەنەوە کە لەناو خۆتاندا هەیە ئەوە یەک هەژارو بێ وار لە ناوتاندا نەدەما،

کاترینا دوای ئەو ڕوداوە ناوبانگیەکی جیهانی پەیداکرد هەم لەبەر جوانیەکەی هەم لەبەر مرۆڤایەتیە بێ سنورەکەی، کە ئەمە وای کرد کە کە ناڵێکی ڕاگەیاندنی تی ڤی گرێبەستێکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مۆر بکەن لەبری ئەوە ئەم کۆمپانییە بڕی تێچوی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو شوێنە (سانت کرینا)دابین بکات لە هەموو ڕویەکەوە.

بۆیە پێویستە بڵێین کە شەڕەف لە ژیری و ناخ و زەمیرو مرۆڤایەتی و دڵدایە ،نەک لە کۆئەندامی جووت بوون.

وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە لە عەڕەبیەوە



## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

**هونەرمەند (ئاری بابان)**

- ساڵی (1953) لە کەرکوك لەدایك بووە.

- ساڵی (1976) کۆلێجی ئاداب بەشی زانستی کتێبخانەکانی تەواو کردووە.

- یەکەمین پێشانگای لە ساڵی (1972) لەگەڵ هونەرمەندان (گارا-ئەیوب شەریف) لەهۆڵی ئیمام قاسم لەکەرکوك کردووەتەوە.


- یانزە پێشانگای تایبەتی خۆی هەبووە.

_ زیاتر لەسەد پێشانگای هاوبەشی کردووەتەوە لەکوردستان و دەرەوەی وڵات کردۆتەوە وەك لەندەن و فینلەنداو ئەڵمانیاو هۆڵەندا چەند ولاتێکی تر.

..لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد 26-12-2020-


















# خوایە سلێمانی بپارێزە

## 2021/6/8 1:34:00 PM 80 هاوار شێخ ڕەوف

هەمومان ئەزانین سلێمانی بە هۆکاری کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و کێشەی نێوان هاوسەرۆکەکان ، سەردەمانێکی هەستیار و ناسک و نا ئارام بەڕێ ئەکات .

ڕوودانی کارەسات و کێشەی گەورە و خوانەخواست ڕووبەڕووبونەوەی چەکداریش ، ئەگەرێکە ئەگەرچی دڵخواز و هیوای هیچ کەسێکی بە ویژدان نیە ، بەڵام ئەگەرێکەو لە هەر ساتێکدا شایەنی ڕوودان و تەقینەوەیە .

سلێمانی ڕۆژگار و قۆناغی لەم شێوەیەی جاری تریش بینیوە و بەڕێ کردوە ، بەڵام زۆر جار بەزەیی خوای گەورە و حیلم و لێبوردەیی جەمسەرەکانی کێشەکە و دڵسۆزی خەڵکەکەی بونەتە بەربەست و ڕێگری ڕوونەدانی خوێن ڕشتن ..

مامۆستا عەلائەدینی سوجادی زانا و ئەدیب و مێژوونوس لە ڕشتەی مرواری ( ڕشتەی مرواری ، یەک تا هەشت ، لاپەڕە ٦٥٥ تا ٦٥٧ ) ، بە سەرهاتێک ئەگێڕێتەوە کە لەم سەر و بەندە حەزم کرد پوختەکەی بۆ ئێوەی هاوڕێیانی فەیسبوک بگێڕمەوە ..

یەکێک لە پیاوە ئازا و بە جەرگ و هەڵکەوتوەکانی هەمەوەن ناوی خلە پەزە ئەبێت ، جارێک لە ناو کوڕ و مەجلیسی خزم و خۆیشی خۆی ئەڵێت ، ئەبێت سەری حەمە پاشای جاف ببرم و بەو ڕیشەزلەیەوە هەڵیواسم بە ژێر سکی ئەسپەکەمەوە .

ئەم قسەیە دەما و دەم ئەگاتەوە بە حەمە پاشا ، ئەویش بە یاوەری لەشکرێکی زۆری جاف ، کاتێک هەواری خلە پەزە و دەست ودایرەی لە هۆرێن و شێخان ئەبێت ، شەوێک لەپڕ ئەدات بە سەریاندا و لە پاش شەڕێک خلە پەزە ئەکوژێت و سەری لە لەشی ئەکاتەوە و باروت ئەکاتە ناو لاشەکەی و ئەیتەقێنێتەوە و سەری هەڵواسێت بە ژێر سکی ئەسپەکەیدا و ئەگەڕێتەوە بۆ هەواری خۆی ..

ساڵانێکی دواتر کە کوڕی خلەپەزە ( مەحمود خدر ) لێپرساوی سەرا و پۆلیسی سلێمانی ئەبێت ، تەبلیغ ئەچێت بۆ مەحمود پاشای کوڕی حەمە پاشای جاف کە بچێت موراجەعەتی سلێمانی بکات . مەحمود پاشایش لەشکرێکی گەورە ی سێ سەد کەسی کۆ ئەکاتەوە و ڕوە و سلێمانی بە پیر تەبلیغەکەوە ئەکەوێتە ڕێ . لە ڕێگا لە ناو لەشکر ، هەواڵی ئەوە ئەزانرێت کە شێخ مەحمودی مەلیک ( کە پێی وابوە مەحمود پاشا ڕۆڵی خراپی گێڕاوە لە نەفی کردنەکەی شێخ سەعیدی حەفید ی باوکی و پاشان تیاچونی و کارەساتەکەی موسڵ ) نیازی تۆڵە کردنەوە و کوشتنی مەحمو پاشای هەیە ، ورده ورده لەشکر لە کەمی و خۆدزینەوە ئەدات و کە ئەگەنە سلێمانی تەنها حەفتا کەسی لە گەڵدا ئەمێنێتەوە .
مەحمود پاشا پاش ئیسراحەتێک لە ماڵی ئەوڕەحمان ئاغا ، بە خۆی و لە ناوەڕاستی چەکدارە دەست لە سەر پەلەپیتکەکانی ڕو ئەکەنە سەرا ، شێخیش بە خۆی لە شکری ڕوە و سەرا ئەیەوێت بێت ، مەحمود خدری کوڕی خلە پەزەش ، دوژمنی سەر سەختی مەحموپاشا ، خوێنی عەشایەری ئەخرۆشێت و ئەڵێت عەشرەت پشت لە عەشرەت ناکات ، لە جیاتی حەز و ویستی تۆڵەکردنەوە ، پۆلیسەکانی لە سەربانی سەرِرا دا ئەمەزرێنێت ، لە شکری مەحمو پاشایش چواردەوری سەرا ، شێخ مەحمودیش بە خۆی و لەشکری ڕوە وسەرا .

لەوکاتەی مەحموخدر و مەحمو پاشا لە ژورەوەن دوو بە دوو ، مەحمود خدر ئەیەوێت شعور و هەستی مەحمو پاشا بریناركات و لێی ئەپرسێت :

- ئەرێ مەححمودپاشا ، ئەو ساڵەی باوکت کوژرا تۆ ، تۆ تەمەنت چەند ساڵانبوو ؟

پاشایش کە پیاوێکی زۆر ئازا و جوامێر بوە، وەڵامی ئەداتەوە : کە باوکم کوژرا سی و دوو ساڵان بووم ، بەڵام کە باوکم باوکتی کوشت بیست ساڵ تەمەن بوو .

لە دەرەوەی سەرایش خەڵک و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵان ، ئەکەونە خۆ ولە پێناوی هەڵنەسانی گۆمی خوێن و کارەسات ، ئەچنە سەر ڕێگای شێخ مەحمود و قورعانی لێ هەڵەبرن ، کە بیکات بە خاتری قورعان و ئەوان ، واز لە تۆڵە سەندنەوە بێنێت و نەهێڵێت گۆمی خوێن هەڵسێت .

شێخ مەحمودیش ئەیکات بە خاتری قورعان و خەڵکەکە و واز لە بابەتی تۆڵە سەندن ئەهێنێت و ئیتر ئەو ئاگرە هەر لەویا خەفە ئەبێت و ئەکوژێتەوە ..



YADNAMEیادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٧ی ئابی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.27,August 2021



## مێژوی بابان

( دوای ئەوەی ئەحمەد پاشای بابان ) لەشەڕی کۆیەدا  شکستی هێنا هەر ئەوشەوە پێش ئەوەی ( نجیب پاشا ) والی عوسمانلی بگاتە سلەیمانی خۆی گەیاندە سلەیمانی و  خزمو کەسو کاری و نزیکەی (١٠٠٠ ) کەس بون  لەکەسو کارو  چەکدارانی خۆیان گەیاندە ئێران  کاتێ ( نجیب پاشا )

هات بەرەو سلەیمانی  عبدوڵا پاشای  برای ئەحمەد پاشای کردە ( متصریفی سلەیمانی )

واتە ( سلەیمانی ) لە پایتەختی ئیمارەتی بابانەوە بوە  ( لیوا )وە ئەمەش چەند بەڵگەو نوسراوێکە بەمۆرو پولی عبدوڵا پاشای بابانەوەو وەهەندێ ئەڵێن بوە ( قایم قامیەت )  وەحوکمی عبدوڵا پاشا چوارساڵی بەخۆشی بردە سەر لەسلەیمانی ئەم گۆڕانکاریە لام وابێت  ١٨٤٧/٧/١٦ زاینی بوە دوایی ئەوە ساڵی ١٨٥١ زاینی ئەویشیان لا برد وەکۆتایی بەدەسەڵاتی بابان هێنرا بەداخەوە

فواد محمود بابان
سلەیمانی شێخانی مزگەوتی گەورە
٢٠٢١/٨/١٣





## کێشە ناوحۆییەکان و ئاسایشی نیشتیمانی

یادنامە

هەمومان دەزانین دوای مەرگی سەرکردەکان ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبردن و کورسی دەستەڵات دروست دەبێ ، وەک قۆناغێک بۆ خۆگرتنی دەستەڵات و تێپەڕاندنی قۆناغی کودەتای ناو کۆشک ، هەرچیەک بێت و دنیا بینیمان بۆ ڕوداوەکانی نێوان ئامۆزاکان کێشەی ناو کۆشک هەرچیەک بێت دەبێت پیرۆزییەکان نەشێوێنین و ئەوەی پێی دەوترێ هێڵی سور کە ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەییە نەبڕین و دنیا لەو دەنکە شقارتەوە نەبینین کە پێمان وابێ لە نزیک خەرمانەکەی خۆمان دەتوانین گڕ بەربدەینە خەرمانی بەرامبەرەکەمانەوە ، کە دواجار خەرمانی نەتەوە و نیشتمان و مێژومان گڕتێبەردەدەین ، ئاگادار بین هەڵەکانی مێژو دوبارە نەکەینەو و هێڵی سوری بەرژەوەندی باڵای ئاسایشی نەتەوەی و نیشیمانیمان بپارێزین تا ئەو کەشتیە سەلامەت بێت کە هەمومان لە ناویداین .





مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس( (1991) ... ل٢

چۆن کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت؟ ... ل١٤

ئایا بزوتنەوەی تاڵیبان گۆڕاوە ... ل١٦

کتێبی(Women Warrior) دەنوسرێت و کوردیش تێدا بەشدارە ل١٩

چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان ... ل٤

ڕووداو دیجیتاڵ ... ل١٥

ئەفغانستانی ئێستا و عێراقی دوای ئەمریکا ... ل١٧

بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٩

بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ل١٧


بە سەرکردنەوەی تێکۆشەران ... ل٢١

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا

سایتی: (سبەی)

بەشی چوارەم



خولی یەکەمی مفاوەزە (20 - 1991/4/28)

دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی بەعس پێک هات بو:
لە یەکێتی: جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، عومەر فەتاح، عومەر عەبدوڵا (ملازم عومەر) و دارای تۆفیق ئاغا وەکو ئەفسەری پەیوەندی.
لە پارتی: نێچیروان بارزانی، ئازاد بەرواری.
لە سۆشیالیست: رەسول مامەند.
لە پارتی گەل: محەمەد مەحمود عەبدورەحمان (سامی).
لە کۆڕێ وە بەڕێ کەوتن بۆ بەغداد.

ئەم دەستەیە چەند جارێ لەگەڵ عیزەت دوری، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل، تاریق عەزیز.. بە جیا و بە کۆمەڵ کۆبوبونەوە. هەروەها لەگەڵ سەدام حسێن دانیشت بون. بەڵام ئەو کاتە بەرە هیچ پرۆژەیەکی ئامادە نەکرد بو، بۆ دیاری کردنی خواستەکانی گەلی کورد تا قسەی لە سەر بکەن و بچنە وردەکاریەکانیەوە. بە گشتی باسی بابەتی جۆراوجۆریان کرد بو بە تایبەتی:
چارەسەری کێشەی کورد لە سەر بنچینەی بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970.
ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان.
جیاکردنەوەی حیزبی بەعس لە دەسەڵاتی دەوڵەت.
ڕێگەدان بە فرە حیزبایەتی و فرە ڕۆژنامەیی.
هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.

عیزەت دوری لە قسەکانی دا وای دەرخست بو، کە ئەوان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی ئەوەندە بە پەلە نەبون وەکو بە دەستەی نوێنەرایەتی پێشویان وت بو. لەو ماوەیەدا بەعس خۆی توند کرد بووەوە. راپەڕینی شیعەی بە تەواوی سەرکوت کرد بو. سەرلەنوێ دەستی گرت بووەوە بە سەر هەمو ناوچە ئاڵۆزاوەکانی عێراق دا. لە روسیاش هەندێ روداوی سیاسی بە قازانجی سەدام گۆڕا بو. عیزەت دوری بە مام جەلالی وت بو کە گفتوگۆکە پێویستی بە چەندین کۆبونەوەی درێژ و، خولی جیا جیا و، گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی هەیە بۆ پرسوڕا لە گەڵ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی.
خولی یەکەمی گفتوگۆ هەرایەکی گەورەی لە دنیادا خولقاند. لەو کاتەدا لێشاوی ڕاکردنی بە کۆمەڵی دانیشتوانی کوردستانی عێراق و قەرەباڵغی ئاوارەکان لە سنورەکانی تورکیا و ئێران هێشتا نەنیشت بووەوە. یەکتر بینینی لە ناکاو و کتوپڕی سەدام حسێن و مامجەلال لەو ڕۆژانەدا و، ماچوموچی دۆستانە و، پیشاندانی لە تەلەفزیۆنی بەغدادا، لە دەزگاکانی راگەیاندنی دنیادا زۆر بە خراپی دەنگی دایەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گەڵ پیشاندانی کارەساتی ئاوارەکان دا دیمەنی یەکتر ماچکردنی سەدام حسێن و مامجەلالیان پیشان ئەدایەوە. ئێرانیش لەو ڕووەوە درێخی نەکرد هەمو سەری سەعاتێ دیمەنەکەی دوبارە ئەکردەوە.

یەکتر بینین و تەوقە و یەکتر ماچ کردن لە نێوان نوێنەرانی دو لایەنی دوژمن بە یەک، کە ناکۆکیەکی خوێناوی دورودرێژیان لە بەینا بوبێ، ئەگەر لە لای کورد و عەرەبی عێراق شتێکی ئاسایی بوبێ، ئەوا لە مفاوەزە بە ناوبانگەکانی جیهان دا، لەوانە مفاوەزاتی ڤیەتنامیەکان و فەرەنسیەکان، جەزائیریەکان و فەرەنسیەکان، تازترینیان ئیرلەندیەکان و ئینگلیزەکان و عیراقیەکان و ئەمەریکیەکان لە خەیمەی سەفوان... دیمەنی لەو بابەتە ئاسایی نەبوە. بەهەرحاڵ، لە ناو خەڵکی کوردستانی عێراق دا ئەم ڕوداوە نارەزاییەکی ئەوتۆی نەخولقاند، بەڵکو هەمو لێقەوماوانی کوردستان لە خوا ئەپاڕانەوە، گفتوگۆ سەرکەوتو بێت و، بە سەربەرزی بگەڕێنەوە ناو شار و ماڵی خۆیان و، هەمو ئەوانەی لە ناو خاکی کوردستان دا مابونەوەو چەکیان هەبو، "تەقەی خۆشی" یان کرد.

مامجەلال لە بەغدا کۆنفرەنسێکی ڕۆژنامەوانی بەست. لە وەڵامی پرسیاری یەکێ لە رۆژنامەوانەکان دا وتی: "گەرەنتی ناودەوڵەتیمان ناوێ، سەدام خۆی گەرەنتیە..." دەنگدانەوەی ئەم قسەیە لە ناو خەڵک دا باش نەبو.

سەرەتای خۆڕێکخستنەوە
لەو ماوەیەدا کە مام جەلال و وەفدەکە لە بەغداد بون لەگەڵ کاک کۆسرەت (ئوتێلی توریستی شەقڵاوە) مان کرد بە بارەگا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هەلمان قۆستەوە چەند هەزار پێشمەرگەمان لە شوێنی جیاجیا کۆکردەوە و ڕێکخستەوە. هەر لە نزیک خۆمان 4 هێزی گەورەمان کۆ کردەوە. رەفعەت عەبدوڵا (ڕێباز) و، مەناف نادر قادر (سەفینی مەلا قەرە) و، محەمەد عەباس عەبدوڵا (شاخەوان) و، بەکر مستەفامان دانا بە فەرماندەیان. ئاگاداری بەرپرسی شوێنەکانی تریشم کرد هەمان کار بکەن. ئەوانیش لە ڕانیە، پشدەر، شارباژێڕ، شارەزور، بەمۆ، هەمان کاریان کرد.
کاک فەرەیدون تازە ژنی دوەمی هێنا بو، ئەیویست ماوەیەک بۆ خۆی بە سەربەستی بژی، بەڵام لەبەر ناخۆشی و ئاڵۆزی هەلومەرجی کوردستان مابووەوە، ئەم ئاشتیەی بە هەل زانی ، بێ ئەوەی روبەڕو خۆم ببینێ، نامەیەکی بۆ ناردم، لە نامەکەدا خواحافیزی لێ کرد بوم بە بۆنەی وازهێنانی لە سەرکردایەتی ی ن ک و، نوسی بوی کە ئیتر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی ئەبێ.

مادام میتران لە کوردستان
هەر لەم ماوەیەدا مادام دانیال میتران، هاوسەری سەرۆکی فەرەنسی فرنسوا میتران و سەرۆکی ڕێکخراوی "فرانس لیبرتی"، پاش سەردانی ئۆردوگای ئاوارەکانی کورد لە ئێران، هات بۆ حاجی ئۆمەران. داوای بینینی سەرکردەکانی ی ن ک و پ د ک ی کرد بو، لەگەڵ کاک مەسعود من بە نوێنەرایەتی ی ن ک چوم بۆ بینینی. بەلایەوە مەبەست بو بزانێ، گفتوگۆ بە ڕەزامەندی هەموان بوە یا مامجەلال بە تەنیا بڕیاری داوە. کاک مەسعود بۆی باس کرد کە مامجەلال لە بەغدا نوێنەری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیە و، بە بڕیاری هەموان گفتوگۆ کراوە. سەردانەکەی مادام میتران کورت بو. ئێرانیەکان بە کۆپتەر هێنابویان بە هەمان کۆپتەر بردیانەوە.
لە گەڵ مادام میتران ژنێکی ئەمەریکی هات بو ویستی چەند ڕۆژێ بمێنێتەوە بۆ گەڕان بە ناو کەلاوەی شار و گوندە ڕوخێنراوەکان دا. لە گەڵ خۆم هێنام بۆ شەقڵاوە و گەشتەکەمان بۆ ڕێک خست و گێڕامانەوە بۆ ئێران. ئەم ژنە سۆزان مایسەلەس (Meiselas) بو. دوای ئەم سەردانەی چەند جارێکی تر هات بۆ کوردستان. کتێبێکی وێنەداری نوسی بە ناوی "کوردستان لە سێبەری مێژودا" کە یەکێکە لە باشترینی ئەو کتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی لە سەر مێژوی کورد نوسراون.

خاچی سور بارەگا لە کوردستان دائەنێ
نوێنەری ڕێکخراوی "خاچی سوری ناودەوڵەتی" هاتە شەقڵاوە بۆ پرسوڕا سەبارەت بە دیاریکردنی جێگەی عەمار و دانانی ڕێوشوێنی دابەشکردنی یارمەتی بە سەر ئاوارەکان دا. لە ڕێگەی عێراق و بە موافەقەتی حکومەتی عێراق هات بو. خاچی سور بارەگای لە کوردستان دانا و کەوتە چالاکی.
28 ی نیسان: گەڕانەوەی مام جەلال
مام جەلال ئاگاداری کردین کە لە ڕێگەی مەسیفەوە ئەگەڕێنەوە. بۆ ڕۆژی پێشوازی ئێمە بە هەڵە لە بروسکەیەکی ئەوان تێ گەیشت بوین، وامانزانی نوێنەری حکومەتیان لە گەڵ دێ، لە بەر ئەوە وەکو نیشانەی خۆڕێکخستنەوە و پیشاندانی هێز، بە درێژایی ڕێگای کۆڕێ - شەقڵاوە لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە پێشمەرگەمان ڕیز کرد. کاک کۆسرەت کردی بە نوکتە، وتی: "با هەندێ لەو هێزە کەم بکەینەوە، ئەگەر مامجەلال ئەم هێزە زۆرە ببینێ لە گفتوگۆ پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێ هێرش ببەن بۆ بەغدا!"
دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە سەرۆکایەتی مام جەلال لە بەغدا گەڕایەوە.

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ب ک
بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی خولی یەکەمی گفتوگۆ و، دانانی ڕێوشوێنی خولی دوەم لە شەقڵاوە کۆبونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەستی پێ کرایەوە. لەم کۆبونەوانەدا نوینەری حیزبی شیوعی عیراق بەشدار بون. بەعس نەیئەویست حیزبی شیوعی بەشداری گفتوگۆی بەرە - بەعس ببێ. پێیان وا بو حیزبی شیوعی حیزبێکی کوردستانی نیە بەڵکو حیزبێکی عیراقیە و، کێشەی ئەو لە گەڵ کێشەی گشتی عیراق دا باس بکرێ نەک لە ناو کێشەی کوردا.
لەم کۆبونەوانەدا: سەرۆک و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ خولی دوەمی گفتوگۆ دیاری کرا، هەروەها کۆمیتەیەک پێک هێنرا بۆ نوسینی خواستەکانی کورد. ئەم کۆمیتەیە 3 پرۆژەیان ئامادە کرد دەربارەی قانونی حوکمی زاتی و، ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و، یەکێتیی نیشتمانی لە عیراق دا.

سەرکردایەتی بەرە هەمو قورسایی خۆی خست بوە سەر مفاوەزە لە گەڵ بەعس، گرنگی بە جوڵانی دیپلۆماسی نەدا بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەش لە جێبەجێ کردنی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش دا. پرۆسەکە بە جیا لە بەرەی کوردستانی ئەڕۆیشت. کەس هیوای بە ئەمەریکا و باوەڕی بە قسەی کاربەدەستەکانیان نەمابو، بە تایبەتی کە سەرۆک بوش (باوک) لە یەکێ لە وتارەکانی دا وتی: "ئامادە نیم یەک سەربازی ئەمەریکی بنێرم بۆ زەلکاوی عێراق" و لە وتارێکی تریش وت بوی: "ئەرکی ئەمەریکا ڕزگارکردنی کوێت بوە نەک ڕوخاندنی سەدام..."

سەردانی دیموکرات
لە گەڵ مامجەلال و عومەری حاجی عەبدوڵا چوین بۆ سەردانی د.سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە بناری قەندیل. شەو لە لایان ماینەوە. جگە لە هۆی سیاسی و وەرگرتنی ڕەئی دیموکرات، ترسمان هەبو مام جەلال دەرمانخوارد کرا بێ. ئەمانویست دڵنیا بین لەوەی مام جەلال بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە چونکە دوای گەڕانەوەی لە بەغداد نەخۆش کەوت. هەندێ پزیشکی فەرەنسی، کە سەر بە ڕێکخراوی "پزیشکانی بێ سنور" بون لای دیموکرات نەخۆشخانەیەکیان هەبو. لە گەڵ د.شەرەفکەندی بە تێروتەسەلی باسی گفتوگۆ کرا. د.شەرەفکەندی ڕەئی وابو:
- مادام مامجەلال گفتوگۆی دەست پێ کردوە، ئەگەر سەر بگرێ یان سەر نەگرێ، هەر خۆی سەرکردایەتی بکا تا بە ئەنجام ئەگا و، بە هیچ جۆرێ نەیداتە دەست کەسی تر.
- پێ‌ی باش نەبو من تێکەڵاوی گفتوگۆ ببم، لای وابو دوای چونی مامجەلال بۆ بەغداد من بۆ پەیوەندی سیاسی بهێڵرێمەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەخنانەی ناحەزەکانی گفتوگۆ لە مامجەلالی ئەگرن، بیانویان نەبێ لە منی بگرن. کردی بە نوکتە بە مامجەلالی وت: "خۆ ئەگەر بەعسیەکان ژەهریان دابێ بە تۆ، باشتر وایە ئەم نەنێرن بۆ ئەوەی ژەهریش نەدەن بەم".
شەرەفکەندی بیروڕاکانی خۆی وەکو سیاسیەکی شارەزا و دڵسۆزی کورد دەرئەبڕی.

کۆبونەوەی سەرکردایەتی ی ن ک
چەند ڕۆژێ بە کۆمەڵ لە ڕانیە و دەشتی بیتوێن ماینەوە، لەو ماوەیەدا کۆبونەوەیەکمان کرد بە فەرماندەی پێشمەرگەکان بۆ ڕێکخستنەوەیان لە یەکەی تازەدا. هەروەها سەرکردایەتی ی ن ک کۆبونەوەیەکی کرد بۆ هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسی. من وەکو پێشو نە بەشداری هەڵبژاردنەکە بوم، نە قبوڵم کرد هەڵم بژێرن.

ئازادکردنی ئەفسەرەکان
لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕینەوە زیاتر لە 150 ئەفسەری عێراقی لە ڕانیە گیرا بون، لە وانە دوانیان بە ڕوتبەی لیواء ڕوکن، چەند کەسێکیان بە ڕوتبەی عەمید و ئەوانی تر لە ڕوتبەی عەقیدەوە تیابو تا مولازم. من گلم دابونەوە. لە پێش دا بەسەر ماڵان دا لە ڕانیە دابەشمان کردبون. لە کاتی ڕاکردنی بە کۆمەڵی خەڵک دا گوێزابومانەوە بۆ زەڵێ. مام جەلال، لەم سەردانەی دا بۆ ڕانیە، نیوەی ئەمانەی ئازاد کرد و، نیوەکەی تریشی دانا کە کاک مەسعود لە کاتی چونی دا بۆ بەغدا بەریان بدا. ئازاد کردنی ئەمانە بێ ئەوەی حکومەت هێشتا گیراوەکانی کوردی ئازاد کردبێ، ڕەخنە و بۆڵەی زۆری لە ناو برادەرەکان دا دروست کرد.

# چەند سەرنجێک سەبارەت بە نەخشەی کوردستان

## بەشی چوارەم

ئامادەکردنی صدیق صالح

٤٤ .سەرنجی کۆتایی

بیستم ڕەخنە لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی بیرخەوەوەکەم گیراوە، ئەوەی تێدایە کە من چیم گوتووە، پێڕەویی پلانێکی لایەنگری کوردانم کردووە. بەڵام من لەم مەسەلەیەدا دەمەوێ خۆم لە ڕاستیدا چۆنم، وا بناسریم. پێیشم وایە هەموو یەکێک مل بەوە دەدا کە پێشنیازەکانم زۆر ناوەندگرن و هەر شتێکی کەمیان سەبارەت بە ڕێکخستنی بارودۆخی ئێستە تێدایە، بۆیە چاوەڕوانیی تەنانەت ناوەندگرەکانی کوردیش بەدیناهێنن. بەڵام لە کاتێکدا ئەم بیرخەرەوەیە دراوەتە ئەو مەقامانە کە یا بە ڕاستی نازانن کێشەی کورد چییە، یان لە بەجێهێنانی سیاسەتێکی ئازاد دەرهەق بە کورد دەپرینگێنەوە؛ باسەکە -دیارە- دەستیبردووە بۆ هۆیە ڕوونکراوەکانی هەر دەردێک. پرینگانەوەکانیان پشتیان نەبەستووە بە بنچینەیەکی ڕاست، یا مەترسییەک. بەڵام ئەگەر بیرخەوەرەکەم ئاراستەی توندڕەوانی کورد یا نائیبە ئیمزاکردووەکانی مەزبەتەی دوایی بکرایە، ئەو دەمە دەهاتە سەر باسی -بەبێگومان- ڕوونکردنەوەی ئەوە کە داواکەیان نابەجێیە و داواکانیان لە ڕاسپاردەکانی من زیاترن.

سەرچاوە: ناوەندی نیشتمانیی بەڵگەنامە (المرکز الوطني للوثائق)، بەغدا، زنجیرەی گشتی ١١٣٢-وع، ژمارەی فایل د/٧، بابەتی فایل: کێشەکانی کورد، ١٩٢٩-١٩٢٩.

وێنەی وەرگێڕدراوی عەرەبیی ئەم سێ بەڵگەنامەیە، بە سپاسەوە، لە بەڕێز دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی وەرگیراوە. ئەویش پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس وێنەی بەڵگەنامەکانی لەو ناوەندە، کە ئێستە ناوەکەی گۆڕاوە بە خانەی نیشتیمانیی کتێب و بەڵگەنامە (دار الکتب والوثائق الوطنية)، وەرگرتووە. بەڵگەنامەی یەکەم، پێنج و دووەم، شەش و سێیەم، هەشت لاپەڕەیە و ساڵی ١٩٢٩ بەرودوا لە ١٤ی مایس، ٢٦ی مایس و ١٦ی حوزەیراندا نووسراون. وەرگێرانە عەرەبییەکە کە نازانرێ کێ کردوویە، وێنەیەکی ناڕوونی لێگیراوەتەوە و لێرەولەوێ لە وێنەگرتنەوەدا کاڵ دەرچووە، یا نارۆشنە و مەبەست بە تەواوی بەدەستەوەنادا. سەرباری ئەوە، لەبەر بایەخی مێژوویی، پێویستمان بینی بیکەینە کوردی.

ئەو دەمە ئەدمۆندز (١٨٨٩-١٩٧٩) بە وەزیفە کونسڵی بریتانیا بووە لە عیراق، بە حوکمی ساڵانێک کارکردنی لە بواری مەسەلەی کورددا، ئاگادار و شارەزای کێشەکە بووە و ئەم سێ بیرخەرەوەیە بەشێکی ئەو چەندەها ڕاپۆرتانەیە کە بە درێژیی ماوەی خزمەتەکەی لە عیراق نووسیویە و لای لە کێشەیەکی گرنگی ئەو دەمە کردووەتەوە، کە ئەویش زمانی کوردی و پێخوێندنی کوردی لە قوتابخانان و سنووری ناوچە کوردنشینەکانە. پێبەپێ چەند پێشنیازێکی بەجێی بۆ دڵدانەوە و قایلکردنی کورد خستووەتە بەرچاو.



. بەڵگەنامەکە بۆ خۆی، لە لایەکیترەوە پەردە لە ڕووی هەڵوێستی ژێربەژێر و ئاشکرانەکراوی کاربەدەستێکی دیاری ئینگلیز لە عیراق دەرهەق بە کورد لادەدا، کە لە مێژووی سیاسیی کورد و ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیشدا، بە کەسێکی -تا ڕادەیەک- ناحەز و دوژمن بە کورد و مافەکانی ناسراوە. لە کاتێکدا ئەو -لە ڕوویەکەوە- لێی ناگیرێ، چونکە کورد نەبووە و کاربەدەستی حکوومەتی وڵاتەکەی خۆی بووە و خزمەتی بەرژەوەندەکانیی کردووە .

**

کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی

مێژووەکەی محەمەدئەمین زەکیبەگ

## وێنەی ذمارة 1

وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه بتاریخ: ٤/٦ ماه ١٣١٦

اداره دفتر وزارتی نمره: ٥١٠٤

کابینەء ریاست وزراء

وزارت مالیه

هیئت وزراء در جلسەء ٣١ خردادماه ١٣١٦ نظر به پیشنهاد شماره ١٦/٣/٣٦-٣٦٢٥/٥٧١ وزارت معارف و اوقاف و صنایع مستظرفه تصویب نمودند که مبلغ پنجاه هزار ریال از اعتبار دولت برای تألیف و انتشار سه جلد کتاب تاریخ و نژاد و ملیت کردها که بتوسط آقایان مردوخ کردستانی و رشید یاسمی و پروفسور مینورسکی (حق پروفسور مینورسکی در حدود دویست لیره باسعار خارجی خواهد بود) انجام میشود دوساله نصف آن در امسال ١٣١٦ و نصف دیگر در سال ١٣١٧ پرداخت گردد هر مبلغ که لازم است به لیره پرداخت شود باید در حدود هزینه ارزی وزارت معارف باشد.

تصويبنامه در دفتر رياست وزراست.

رئيس الوزراء

رونوشت ابلاغ تصويبنامه فوق براى اطلاع وزارت معارف و اوقاف ارسال ميشود.

رئيس دفتر رياست وزراء

رونوشت براى اطلاع و اقدام باداره انطباعات ارسال ميشود.

١٦/٤/٨\١٣٤٦١ كفيل دفتر وزارتى

تاريخ ١٦/٤/١٠ ٤٢٨٦

کوردییەکەی:

وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان

ئیدارەخانە: نووسینگەی وەزارەتی

ڕۆژ: ١٣١٦/٤/٦ [١٩٣٧/٦/٢٧]

ژمارە: ٥١٠٤

کابینەی سەرۆکایەتیی وەزیران

وەزارەتی دارایی

ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ٣١ی خوردادی ١٣١٦ی‌دا، بەپێی پێشنیازی ژمارە ٣٦٢٥/٥٧١-١٦/٣/٢٦ [١٩٣٧/٦/١٦]ی وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان، دەوڵەت بڕیاری دا بڕی پەنجاهەزار ڕیاڵ بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی سێ بەرگی کتێبی مێژوو و نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان، کە بەڕێزان مەردۆخ کوردستانی و ڕەشید یاسەمی و پرۆفیسۆر مینۆرسکی (مافی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە ڕادەی دووسەد لیرەدا بە نرخی دەرەکی دەبێ) ئەنجامیدەدەن، تەرخانبکا بە دوو ساڵ، نیوەی لەمساڵدا ١٣١٦ [١٩٣٧] و نیوەکەی‌تری ساڵی ١٣١٧ [١٩٣٨] دابینبکرێ. هەر بڕەپارەیەک پێویستبێ بە لیرە دابینبێ، دەبێ لە سنووری خەرجیی بە پارەی بیانیی وەزارەتی مەعاریفدا بێ.

بڕیارنامە لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی وەزیراندایە.

سەرۆک‌وەزیران

ڕوونووسی ڕاگەیاندنی بڕیارنامەی سەرەوە، بۆ ئاگاداریی وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف دەنێردرێ.

سەرۆکی نووسینگەی سەرۆکایەتیی وەزیران

ڕوونووس بۆ ئاگاداریی ئیدارەخانەی چاپەمەنی دەنێردرێ

١٦/٤/٨\١٤٤٦١[١٩٣٧/٦/٢٩]

١٦/٤/١٠[١٩٣٧/٦/٢٧] ٤٢٨٦

سەرپەرشتی نووسینگەی وەزارەتی

وزارت معارف و اوقاف و صنايع مستظرفه بتاريخ: ٤/٢٦ ماه سنه ١٣١٦

ضميمه: ٢ ورق

اداره كل انطباعات نمره: ٤٦٢٥/٥٧١

هيئت وزراء

محرمانه

بطوريكه استحضار دارند اخيرا راجع به نژاد و مليت كردها كه ايرانى خالص هستند بلكه از ساكنين سائر قطعات ايران ايرانى‌تر هستند، پارەی گفتوگوهای بيجا پيش‌آمده‌است، وزارت معارف از دو سه سال باينطرف متوجه اين قسمت بوده.

همانطور كه وده و بنوبه خود براى استحكام روح مليت ايرانى در كردها بوسيله تأسيسات جديد معارفى اقداماتى كرده و توسعه قابل توجهى در تشكيلات معارفى آن سامان داده‌است كه گزارش آن بضميمه تقديم ميشود.

همانطور كه قبلا در هيئت وزراء مذاكره شده مناسب است براى جلوگيرى از اغتشاش اذهان اقدامات ديگرى نيز بعمل آيد و كتب و رسالاتى بامدارك و اسناد راجع به تاريخ كردها و اثبات ايرانيت آنها و اينكه از عناصر ايرانى قديم و جزء لاينفك اين كشور هستند منتشر گردد- وزارت معارف با بررسی‌های لازم آقايان مردوخ- آية الله كردستانى مقيم سنندج كه مرد فاضل و دانشمندى است، رشيد ياسمى استاد تاريخ در دانشگاه و پروفسور مينورسكى مستشرق معروف و استاد آموزشگاه السنه شرقيه در لندن را براى انجام اينمنظور در نظر گرفته، براى تامين هزينه اينكار پيشنهاد ميشود كه مبلغ پنجاه هزار ريال (٥٠٠٠٠) از اعتبار دولت براى تاليف و انتشار سه جلد كتاب راجع به نژاد و مليت كردها تخصيص داده شود كه سهم پروفسور مينورسكى در حدود دويست ليره خواهد بود كه هرچه زودتر شروع بتاليف كتابهاى لازم بنمايد.

وزير معارف و اوقاف

)در پرونده ٤٥\٩ قرارداد در موضوع تاليف كتاب تاريخ كردها بآقايان رشيد ياسمى محمد مردوخ- مينورسكى منعقد شده‌است

کوردییەکەی:

وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و هونەرە جوانەکان

ئیدارەخانەی گشتیی چاپەمەنی

ڕۆژ: ١٣١٦/٤/٢٦ [١٩٣٧/٧/١٧]

ژمارە: ٤٦٢٥/٥٧١


بەگەڵخراو: دوو پەڕە

ئەنجومەنی وەزیران

بە جۆرێک کە ئاگادارن، ئەم دواییانە هێندێ قسەی بێ‌جێ سەبارەت بە نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان هاتووەتە ئاراوە، وەزارەتی پەروەردە دووسێ ساڵە لەم ڕووەوە ئاگای لەم لایەنە بووە و بە نۆرەی خۆی بۆ پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتیی ئێرانی لە کوردانەدا، لە ڕێگەی دامەزراوەی تازەی پەروەردەییەوە دەستپێشخەریی نواندووە و فراوانکردنێکی شایانی سەرنجی لە داوودەزگای پەروەردەییدا بەدیهێناوە، کە باسی ئەوە بە بەگەڵخراو پێشکەش‌کراوە.

بە هەمان شێوە کە پێشتر لە ئەنجومەنی وەزیران وتوویژی لەبارەوە کراوە، گونجاوە هەنگاوی‌تر بۆ بەرگرتن لە تێکدانی زەین و بیر بخرێتە کار و کتێب و نامیلکە بە بەڵگەنامە و دەستاوێژەوە سەبارەت بە مێژووی کوردان و سەلماندنی ئێرانی‌بوونیان و ئەوە کە لە خەڵکانی دێرینە و بەشێکی نەپچڕاوەی ئەم وڵاتەن، بڵاوبێتەوە؛ وەزارەتی پەروەردە بە لێکۆڵینەوە پێویستەکانی بەڕێزان مەردۆخ- ئایەتوڵا کوردستانیی دانیشتووی سنە کە مرۆڤێکی هێژا و زانایە، ڕەشید یاسەمیی ئوستادی مێژوو لە زانکۆ و پرۆفیسۆر مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو و ئوستادی ئامۆژگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن، ئەنجامدانی ئەم تێڕوانینەی ڕەچاوکردووە. بۆ مسۆگەرکردنی خەرجیی ئەم کارە، پێشنیازدەکرێ بڕی پەنجاهەزار ڕیاڵ (٥٠٠٠٠) لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی سێ بەرگی کتێب سەبارەت بە مێژوو و نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان تەرخان‌بکرێ (پشکی پرۆفیسۆر مینۆرسکی لە سنووری دووسەد لیرەدا دەبێ)، کە هەرچی زووترە دەست بە دانانی ئەو کتێبە پێویستانە بکەن.

وەزیری پەروەردە و ئەوقاف



لە دۆسیێ ٩\٤٥دا بڕیار لە بابەتی دانانی کتێبی مێژووی کوردان لە لایەن بەڕێزان ڕەشید یاسەمی- محەممەد مەردۆخ- مینۆرسکی‌یەوە دراوە

اداره نگارش

وزارت فرهنگ

ریاست دفتر مخصوص شاهنشاهی

سال گذشته در هیئت وزیران مذاکره شد چون راجع به نژاد و ملیت کردها که ایرانی خالص هستند پاره‌ای گفتوگوهای ناشایسته پیش آمده مناسب است برای جلوگیری از اغتشاش اذهان علاوه به آنکه برای استحکام روح ملیت ایرانی در کردها بوسیله تأسیسات جدید فرهنگی اقدام شده اقدامات دیگری نیز بعمل آید از جمله کتاب و رساله‌هائی بامدارک و اسناد راجع باین موضوع و اینکه کردها از عناصر خالص ایرانی قدیم و جزء لاینفک این کشور هستند تالیف و نشر گردد و بر طبق تصویب هیئت وزیران آقایان رشید یاسمی استاد دانشگاه تهران- مردوخ کردستانی- استاد مینورسکی خاورشناس معروف و استاد آموزشگاه زبانهای شرقی در لندن مامور شدند که کتابهای لازم را تالیف نمایند اینک آقایان رشید یاسمی و مردوخ کار خودرا بپایان رسانیده و کتابهائی را که لازم بوده‌است تالیف و تسلیم وزارت فرهنگ نموده‌اند چون البته مقصود از تالیف کتابها این بوده است که چاپ و منتشر شود. متمنی است مراتب را بعرض پیشگاه مبارک اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسانده اوامر مبارک را راجع بچاپ کتابهای مزبور باین وزارت ابلاغ فرمایند.

در پایان معروض میدارد استاد مینورسکی نیز مشغول است هنوز کار خودرا بپایان نرسانده‌است. کفیل وزارت فرهنگ

فعلا نگاهدارید

[١٧/١٢/١ ١٩٣٩/٢/٢٠]

آقای امیر خمازی حسب الامر فعلا نگاهدارید بعداز دو هفته یادآوری کنید که مجددا برسد ١٧/١٢/١

کوردییەکەی:

ئیدارەخانەی نووسین

وەزارەتی ڕۆشنبیری

سەرۆکایەتیی نووسینگەی تایبەتی شاهانە

ساڵی ڕابوردوو وتوویژ لە ئەنجومەنی وەزیران کرا، لەبەرئەوەی هێندێ قسەی ناشایستە هاتە ئاراوە سەبارەت بە نەژاد و نەتەوایەتیی کوردان کە ئێرانیی ڕەسەنن، گونجاوە بۆ بەرگرتن لە تێکدانی بیر و زەین، سەرباری ئەوەی کە دەستپێشخەری‌کرا بۆ پتەوکردنی گیانی نەتەوایەتیی ئێرانی لە کوردان‌دا لە ڕێگەی دامەزراوەی تازەی ڕۆشنبیرییەوە، هەنگاوی‌تریش پێ‌بەپێ بنرێ، لەوانە: چەند کتێب و نامیلکەیەک بە بەڵگەنامە و دەستاوێژەوە لە بارەی ئەم بابەتەوە و ئەوە کە کوردان لە توخمە ڕەسەنەکانی ئێرانی کۆن و بەشێکی نەپچڕاوەی ئەم وڵاتەن، دابنرێ و بڵاوبێتەوە و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێزان ڕەشید یاسەمیی ئوستادی زانکۆی تاران- مەردۆخ کوردستانی- ئوستاد مینۆرسکیی ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو و ئوستادی ئامۆژگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن، ڕاسپێردران کتێبی پێویست دابنێن. ئەوەتا بەڕێزان ڕەشید یاسەمی و مەردۆخ کاری خۆیان بە تەواوبوون گەیاندووە و ئەو کتێبانە کە پێویست‌بوون، دایانناوە و ڕادەستی وەزارەتی ڕۆشنبیرییان کردووە. لەبەرئەوەی مەبەست لە دانانی کتێبەکان ئەوەبوو چاپ و بڵاو ببنەوە، ئاوات دەخوازرێ مەسەلەکە بگەیێنرێتە پێشگای پایەبەرزی پیرۆزی شاهانە، فەرمانی پیرۆز سەبارەت بە چاپی کتێبە ناوبراوەکان بەم وەزارەتە بفەرموون.

لە کۆتاییدا دەخرێتە بەرچاو کە ئوستاد مینۆرسکیش خەریکە، بەڵام هێشتا کاری خۆی تەواونەکردووە.

سەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێز ئەمیر خەمازی بەپێی فەرمانەکە ڕاست وریابن، پاش دوو هەفتە بیهێنییەوە بیر کە سەرلەنوێ بگا ١٢١٧/١٢/١

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی شاهنشاهیی ئێران -بە ڕاستی و وردی- بۆ قسەکردن بووە سەبارەت بە کتێبی "خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"ی دانراوی بەهەشتی محەمەدئەمین زەکیبەگ، کە بەرگی یەکەمی لە ١٩٣١دا بڵاوبووەتەوە (خودابەخشیو محەمەدعەلی عەونی ساڵی ١٩٣٩ وەرگێڕدراوی عەرەبیی بەرگی یەکەمی -خلاصة تاریخ الکرد وکردستان- و ١٩٤٨یش هیی بەرگی دووەمی -تاریخ الدول والإمارات الکردیة-ی، کە ١٩٣٩ چاپە کوردییەکەی دەرچووە، بڵاوکردووەتەوە). ئەم کتێبە، مێژووی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی وەک یەک نەتەوە و کوردستانیشی وەک یەک نیشتیمان تێدا نووسراوە و لەو سەرەتایەی دامەزرانی دەوڵەتی نوێی عیراقدا، بەڵگەیەکی هەرە گرنگی شانازیپێوەکردنی کورد خۆی و ئامرازێکی بەهێزی بێدەنگکردنی نەیارانی کوردیش بووە، کە بە فڕوفیشاڵ وایان نوواندووە کورد مێژووی نییە و بێئەسڵوفەسڵە! ئەم کتێبە، لەو ڕووەوە کە کاربەدەستێکی ناوبەدەرەوە و گەورەی کوردی عیراقیش نووسیویە، وەک دەردەکەوێ، یەکجار کاریگەر بووە و وڵاتانی دراوسێی عیراقی وروژاندووە؛ ئەوەتا ئێران - بەپێی ئەو بەڵگەنامانە- کەوتووەتەخۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم تێزە نوێیەی مێژووی سەربەخۆی کورد و بەستنەوەی بە مێژووی دێرینی ئێرانەوە، بۆ سەلماندنی ئاریبوون و ئێرانیبوونی کورد. ڕاست وەها دەرچوو:

ئایەتوڵا محەمەد مەردۆخی سنەیی (١٨٨٠-١٩٧٥) کتێبە ڕاسپێردراوەکەیی بە ناوی "تاریخ کرد و کردستان و توابع" دانا، کە ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣ز) بە دوو بەرگ لە چاپخانەی ئەرتەش لەچاپدرا و بڵاوبووەوە (ئەم کتێبە پاشتر محەمەد فیدا کردوویە بە کوردی و "یانەی سەرکەوتنی کوردان" ١٩٥٨ بە دوو بەرگ لە چاپخانەی نەجاحی بەغدا لەچاپیدا و بڵاویکردەوە ).

ئوستاد غوڵامڕەزا ڕەشید یاسەمی (١٨٩٦-١٩٥١) -وەک لەم بەڵگەنامەیەیشدا دەردەکەوێ- هەمان ساڵ (١٩٣٩) لە دانانی کتێبی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او" بووەتەوە و پاشتر بڵاوکراوەتەوە (ئەم کتێبەیش قانع و کەریم زەند پێکەوە بە دەستکارییەوە بە ناوی "مێژووی نەژاد و پەیوەستگی کورد"ەوە کردوویانە بە کوردی، ١٩٦٥ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی لەچاپدراوە). ڕەشید یاسەمی، وەک خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا نووسیویە: ئەو کتێبەی بە داوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئێران داناوە، "تا یەکێتیی میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی ئێران، هەروەها یەکێتیی مێژوویان و هاوکاریی کورد لە ژیانی ئێراندا نیشانبدرێ." بەوپێیە کوردی بە "خزمەتکار و پارێزەری تاجی ئێران" ژماردووە. خودابەخشیو قەناتی کوردۆ هەر زوو لە مەرامی پشت نووسینی ئەو کتێبە حاڵیبووە و ساڵی ١٩٥٤ لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی "شێواندنی مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازیی فارسدا"وە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتن و خستنەڕووی ئامانجە ڕاستەقینەکانی نووسینی ئەو کتێبەی لە کتێبی "نامەی زانایانی زانکۆی لینینگراد"دا بڵاوکردووەتەوە .

ساغنەبووەوە مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٧٧) چ کتێبێکی بۆ ئەم مەبەستە و بە داواکاریی حکوومەتی ئێران داناوە. کتێبی "الأکراد: ملاحظات وانطباعات"ی، کە کراوەتە عەرەبی، ساڵی ١٩١٥ بڵاوبووەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بەم ڕۆژگارەی دواییەوە نییە. چاوگێڕانێکی خێرا بە لیستی بەرهەمەکانیدا، دەریدەخا کتێبێکی لەو شێوەیەی دانەناوە. ئەوەندە زانراوە، کە دواجار لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە "هۆزەکانی ڕۆژاوای ئێران" (١٩٤٥) لوڕی بە بەشێکی کورد نەژماردووە و لە بابەتی "گۆران"ی‌دا (١٩٤٣) گومانی هەبووە لەوەی وا شێوەزمانی گۆرانی کوردی بێ و بردوویەتیەوە سەر بەشی ناوەندیتری ئێران. ئەم دوو نووسینە لە دوو کاتی جیاوازدا بڵاوبووەتەوە و هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوەنییە بیسەلمێنێ لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە ناوبراوەی دەوڵەتی شاهنشاهیی ئێراندا نووسراوە!

نامە بۆ ماجید مستەفا

**وێنەی ذمارة 2**

وەرگێڕانە کوردییەکەی:

ئازیزم ماجیدبەگ

لە بۆچوونم دەپرسن سەبارەت بە چۆنایەتیی چاککردنی بەڕێوەبردن لە باکوور و پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب، بە هۆی خراپیی باری ئابووری و ڕۆشنبیری و کارگێڕییەوە، کە لە ڕاستیدا ئەنجامی ئەوەیە حکوومەتانی بەرودوا ئەم بوارانەیان لە باکوور پشتگوێخستووە. وێڕای ئەوەی کە فەرمانگەکانی دەوڵەت پڕن لە دەرچووانی قوتابخانە بەرزکانی خۆجێیی یا ئەوانە کە بە نێردراونەتە دەرەوەی عیراق، پێم وایە لە بەختی ڕەشی گەلی کورد، بەدووی پیاوانی سپادا دەگەڕێن، تا وەک چارەسەرێکی کاتی جڵەوی بەڕێوەبردنیان پێبسپێرن، پاش ئەوەی نەتانتوانی یەکێکی خاوەندی ئەم خەسڵەتە لەناو ئەم توێژە گەورەیەدا بدۆزنەوە، لە کاتێکدا - کەموزۆر- هەموو پیاوانی سەردەمی پێشووی خۆی لەدەست دا، چونکە یەکلەدوایەک دەستیان لە خزمەتی حکوومەت هەڵگرت و ئەویش پێی نەکرا بە سۆنگەی ئەو سیاسەتە چەوتەوە، قەرەبووی ئەم کەموکوورییەی پیاوان بکاتەوە .

من لای خۆمەوە، کە نوێنەری ئەنجومەن[ی نوێنەران] بووم، یا لە پێوەندییە شەخسییەکانی خۆمدا بە هێندێ کاربەدەستەوە، هەر کاتێک هەلم بۆ ڕەخسابێ، دڵسۆزانە ئەوپەڕی هەوڵمداوە قەناعەتیان پێبکەم کە ئەم ڕەفتارە گەمژانەیە. بەڵام -بە داخەوە- لەبریی ئەوەی گوێم لێبگیرێ و ئامۆژگارییەکەم لێ قبووڵبکەن، تاوانی پووچی بێبناغەم درایەپاڵ. وا دیارە حکوومەتی ئێستە پەیی‌پێبردووە کە ئەو حاڵوبارە نەخوازراوانە تا چ ڕادەیەک ئەنجامی خراپیان دەبێ و دەیەوێ ڕێگەیەکی تازە بگرێتەبەر بە ئامانجی ڕازیکردن و بەختەوەریی ڕۆڵەکانی باکوور. بەڵام ئەگەر بیەوێ بنکەکانی ئەم چاکسازییە بە پینەوپەڕۆکردن،



واتە لە چوارچێوەی سیستەم و قانوونەکانی ئێستەدا، بنیاتبنێ، هیچم نییە بیڵێم، چونکە باوەڕم بە سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە نییە، هەرچەندە باوەڕم بە نیازپاکیی پیاوانی ئێستەی حکوومەت هەیە. بەڵام ئەوانە لە حوکمدا ... نین، ڕێی تێدەچێ سیاسەتی نەرمینوواندن لەگەڵ کورد بەسەریاندا زاڵببووبێ، مادامێکی بیر و زەینی باو هەر بیر و زەینی ئێستەی ئەو پیاوانەیە کە تا دوێنێی نزیک جڵەوی مەعاریفیان بەدەستەوەبوو. بەڵام ئەگەر حکوومەت بە ڕاستی دەرکی پێکردووە ناچارە پێڕەویی ئەم سیاسەتە نوێیە بکا و ئامانجیەتی گەلی کورد قایلبکا و بە دڵپاکی، نەک ڕکەبەرایەتی، پێوەندییەکانی خۆشەویستی و برایەتی لەگەڵ گەلی عەرەب بەهێزبکا، پێویستە -تا بکرێ- پایەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر بنچینەی دیاریکردنی پێوەندییەکانی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و ئابووری و ئاوەدانیی نێوان هەردوو ناوچەکە بنیاتبنێ، بەبێ ئەوەی زیان بە یەکبوون یا دابڕان لە تەختی پاشایەتی بگەیێنێ. بەڵام ئازادیی ئەم کاروبارانەی بۆ ڕۆڵەکانی بەجێهێشت. دەبێ ئاواتەخوازی بۆ عەرەبایەتی پاڵەوانێتی بێ، لە هەمان کاتدا شانازیکردن بە نەتەوەی کورد و خۆپێوەنوواندنی، تاوانێکی نەبەخشراو بێ، سزاکەی وەدەرنان لە قوتابخانە یا دوورخستنەوە و دادگاکان بێ. پایەکانی ئاشنایەتی و یەکبوون بەم چەشنە جیاوازییانە لەسەر بنچینەیەکی پتەو دانامەزرێ. ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیرانتان ویست بکەوێتە سەر باری قبووڵکردنی چاکسازیی ڕاستەقینە، کە ئێمە ئارەزووومانە و بەپێی دیاریکردنی پێوەندییەکان بنیاتنراوە، دەکرێ پاشتر وردەکارییەکانی بە ڕاوێژپێکردنی کەسانی خاوەند بیروڕا دیاریبکرێن.

تکامە دڵنیابن کە من بەرژەوەندی عیراق دەخەمە سەرووی هەموو بنەمایەکی ڕەچاوکراوی‌تر. مێژوو چەوتیی بۆچوونی ئەوانە دەسەلمێنێ کە بەرژەوەندی عەرەب لە بەکۆیلەکردنماندا دەبینن .

هیوامە هەمیشە و بەردەوام هاوڕێی دڵسۆزتان بم.



ئەم نامەیە بە ئامێری چاپی دەستی نووسراوە بۆ ماجید مستەفا،¬ کاتێک لە وەزارەتی هەشتەمی نووری سەعید (١٩٤٣/١٢/٢٥-١٩٤٤/٦/٣)دا کراوە بە وەزیری بێوەزارەت بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لە سەردەمێکدا کە جووڵانەوەی بارزان لەئارادابووە. ئەو دەمە کەوتووەتە پێوەندی بە ڕۆشنبیران و سەرانی کوردەوە و پرس و ڕاوێژی پێکردوون، چی لەوبارەیەوە بکرێ؛ یەکێک لەوانە ڕەفیق حیلمی بووە، کە بۆچوونەکانی خۆیی لە نامەیەکی درێژدا تۆمارکردووە.¬ فوئاد عارفیش گێڕاویەتیەوە کە ماجید مستەفای خاڵی نامەی لەو بارەیەوە بۆ ژمارەیەک نائیب و سەرۆکخێڵ و ڕۆشنبیر و لەوانە بۆ ڕەفیق حیلمی ناردووە.

وێناچێ ئەم نامەیە هیی ڕەفیق حیلمی بێ، هەرچەندە نامەکە لەناو کۆکراوە ڕۆشنبیرییەکەی ئەو زاتەدایە، چونکە نامەنووس لە بڕگەیێکدا ئاماژەی پێداوە سەردەمێک ئەندامی "مەجلیس،" واتە ئەنجومەنی نوێنەران (المجلس النيابي)ی ڕۆژگاری حوکمی پاشایەتی بووە. لەبەرئەوە ڕەنگە یەکێک لە ئەندامە چالاکیە کوردەکانی پەرلەمانی پێش خولی ئەو سەروەختە بێ، واتە پێش خولی دەیەم (١٩٤٣/١٠/٩-١٩٤٤/٥/٣١). بەو پێیە کە لیستی ئەندامە کوردەکانی هەر ٩ نۆ خولەکەی پێشوو وردەکەینەوە، لەنێو ئەوانەدا هەر -بە تایبەتی- ئەمین زەکیبەگ و مەعرووف جیاووک و عەلی کەمالبەگ شکدەبرێ دەستی نووسینیان هەبووبێ و کاری وەهایان لێوەشابێتەوە. مادام ئاماژەی پێداوە کە هەر ئەندامی پەرلەمان بووە و لەوە نەدوواوە وەزیفەی بەرزی حکوومەتیشی هەبووبێ (وەک محەمەدئەمین زەکیبەگ هەم ئەندامی پەرلەمان و هەم وەزیریش بووە) و لەو ڕێگەیەیشەوە هەوڵی بۆ مەسەلەی کورد دابێ؛ لەبەرئەوە پتر گومان‌دەکرێ یا مەعرووف جیاووک یان عەلی کەمالبەگ بێ، کە پێداچوونەوەیەکی نووسینە بڵاوکراوەکانی ئەمیان و بیرەوەرییەکانی ئەویان، نیشانیدەدا هەردووکیان ئەندامی چالاکی پەرلەمان و کوردێکی بەردەوام وریا و چوست و لەسەر کورد هەڵدەری بواری خزمەتی کوردەواری بوون .

**

نووسینێکی بڵاونەکراوەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

## وێنەی ذمارة 3 و 4

ماموٚستا ڕەفیق حیلمیبەگ ٩٥٧/١/٥

ڕۆژباش.. هەر بژین.

م. جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ئەم بەباڵاڕینەتان پێشکەشئەکا، کە دەربارەی کتێبەکەی ماموٚستا تەوفیق وەهبیبەگ نووسیوە، کە چاوێکی پیا بخشێنن، چونکە حەلێ چاپبکرێ، زۆر کەس دەمکوتمان ئەکەن. با بزانێ کە چۆنە. ئیتر هەر بژی.

بەهەشتی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣-٢٧\٢٨/٣/٢٠٠١) دەمی نووسینی ئەم بابەتە، لەبەر چالاکیی سیاسیی، دوورخرابووەوە بۆ شاری بەسرە و ساڵێک و نیوی لێمایەوە. کتێبی "قواعد اللغة الكردية"یش دانراوێکی زانستیی زانای گەورە، توٚفیق وەهبیبەگ (١٨٩١-١٩٨٤)ە، ساڵی ١٩٥٦ بەندی یەکەم و بەندی دووەمی بەشی یەکەمیی بە عەرەبی لە چاپخانەی بەیانی بەیرووت لەچاپداوە، پێشتریش دەقی کوردیی ئەم کتێبە (جزمی یەکەم) 1929 لە چاپخانەی (دار الطباعة الحديثة)ی بەغدا لەچاپداوە و بڵاوبووەتەوە. جێگەی باسە، هەرچەندە کاتی خۆی وەزارەتی مەعاریف لە ١٩٢٣دا بە ڕەسمی دانانی دەستووری زمانی کوردیی پێسپاردووە، بەڵام کە ئامادەیکردووە، نەیهێشتووە ببێتە کتێبی پێخوێندنی قوتابخانە. کتێبەکەی توٚفیق وەهبی، بە هەردوو دەقە کوردی و عەرەبییەکەیەوە، دەسکەوتێکی گەورەی زانستی و خوێندەواری بووە و ئەو بەندوباوەی نەیارانی کوردی -بەتایبەت لەو سەوبەندەدادا- پێهەڵوەشێندراوەتەوە، کە "کوردی زمانی نووسین و خوێندنەوە و وەرگێڕان نییە" و لە ڕێگەیەوە هەوڵدراوە نەبێتە زمانی پێخوێندن و نووسین لە قوتابخانەکان و ئیدارەخانەکاندا و بەرهەڵستییەکی توند کراوە. ئەم زاتەیش توانیی لەو دەمەوە، بە خەباتێکی بەردەوامی شارستانی و بە پشوودرێژی، بنەماکانی دەستووری ئەم زمانە بە وردی و ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی زانستانە دابڕێژێ و کارێکبکا کاریگەریی تا ئێستەیش بمێنێتەوە.

کوردی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کەمترین دەقی پێنووسرابوو؛ هەم دەستوورێکی نووسراو، هەم شێوەنووسین (ئیملا)ێکی سەربەخۆی ڕوون و بێکێشەی نەبوو، بەوپێیە کە دەبوو دەستکاریی بەشێکی پیتە عەرەبی (لە ڕاستیدا ئارامی)یەکان بکرێ، بۆ نیشاندانی پیتە کوردییە جیاوازەکان. بەڵام کاربەدەستانی بواری مەعاریفی حکوومەتی پاشایەتیی عیراق، تەگەرەی زۆریان هێناوەتە ڕێگەی ئەم کارە، بە بەهانەی ئەوە کە پیتەکانی عەرەبی پیتی قورئانن، نابێ و کوفرە دەستکاریبکرێن! ئەم کێشەیە بە تەقەلای کۆڵنەدەرانەی کەسانی وەک توٚفیق وەهبیبەگ و محەمەدئەمین زەکیبەگ و .. سەرەنجام بە بارێکدا خرا و و بەرەوپێش برا. خوێندنەوەی بەشی: کێشەی نووسینی زمانی کوردی (قضية كتابة اللغة الكردية)ی بیرەوەرییەکانی ساتع حوسەریی بەڕێوەبەری گشتیی مەعاریفی عیراق، دیوێکی پێنەزانراوی ئەم کێشەیە بە ڕوونی لە زمانی ساتع حوسەری خۆیەوە دەخاتە بەرچاو، لەوبارەیەوە کە چەند هەوڵیداوە کۆسپ بنێتە ڕێگەی سەرکەوتنی پرۆژەی هێنانەگۆڕ و بەکارهێنانی شێوە پیتی پێویست و نوێ و خوێندنی کوردی بەگشتی.

حوسەری کە نەتەوەخوازێکی توندڕۆی عەرەبی بە ئەسڵ سووریایی بوو، پێشتر لە دەوڵەت عوسمانیدا و ئەو سەردەمە لە عیراق و ئەوەبەدوایش لە سووریا ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ کارکردن لە بواری پەروەردەدا، بەوپێیە کە بە گرنگترین مەیدانی زانی بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێ و بنیاتنانی کۆمەڵ. بەو شێوەیە -دواییینجار- کارێکی یەکجار دیاری کردە سەر جووڵانەوەی عەرەبخوازیی ئەم دوو وڵاتە و شوێنەوارێکی خراپی لەپاش خۆی بەجێهێشت .

ددیارییەکانی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری

## وێنەی ذمارة 5 و 6

ئەم بەرهەمە -وەک خودابەخشیو ماموٚستا حەمەبۆر مستەفا گێڕایەوە- شەش ژمارە بووە و هەر هەمووی بەرهەمی دانراوی عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکارییە، کاتی خۆی لە کتێبخانەی نیشتمانیی میسر بووە لە قاهیرە. ئەو توانیویە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیدایبکا و بیهێنێتەوە بۆ عیراق. سێ یا چوار ژمارەی، کە موسڵیح جەلالیی بەڕێوەبەری گشتیی "دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی" لە بەغدا بە ئەمانەت لێی وەرگرتووە، بەسەریدا مردووە و لای ئەو فەوتاوە. هەر ئەم دووەی ماوە: "دیارییێت دوویێ ژبۆ خورتێت کوردان" و "دیارییێت سییێ ژبۆ بچوکێت کوردان". پاشتر ئەم بەرهەمە لەگەڵ کۆمەڵە کۆکراوەکەی ماموٚستادا فرۆشرا بە بەڕێز خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەویش لە کتێبخانەی تەلەفزیۆنی کوردسات داینا. ئەم ساڵانەی دوایی هەر ئەو خوشکە بەڕێزە -بە سپاس و پێزانینەوە- سەرجەمی ئەو کۆکراوەیەی پێشکەشی کتێبخانەکەی "بنکەی ژین"ی کرد .

دیاریی دووەم، لە کۆتاییەکەیدا نووسراوە: "کاغەذێ دوویێ من چاپکر. ژ طەرەفێ برایان خەباتەک بێتە حەسێبێ، ئەز دلشادمە. ١٥ی طەباغێ ٢٣٦=١٥ی ئاغستۆسێ ٣٣٦". واتە: نووسراوی دووەمم لەچاپ دا. من دڵشادم لە لایەن برایانەوە بە خەباتێک بژمێردرێ، ١٩٢٠/٨/١٥. دیاریی سێیەم لێی نووسراوە: ٢٠ی چرییا بەرییێ ١٣٣٦=٢٠ی تشرینی ثانیی ١٣٣٦، ١٩٢٠/١١/٢٠. ژمارەکانیتریش، یەکەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم، هەر دەبێ لە هەمان ساڵدا بڵاوبووبنەوە.

ئەم دانراوە سەبارەتە بە ڕێزمانی کوردی و بۆ ئاسانکاری، لە شێوەی خشتەدا بە نموونەوە هێناویەتیەوە، تا لەم ڕێیەوە بنچینەکانی ڕێزمانی کوردی بە تورکیی عوسمانی فێری منداڵان و لاوانی کورد بکا. کارێکی وەها لەو ڕۆژەی پاش بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانیدا و لەو هەلومەرجە تا ڕادەیەک ئازادەدا، پێویست و ناچاری بووە، بۆ برەوپێدانی کوردی وەک بنەمایەکی سەرەکیی بوونی نەتەوەی کورد .

عەبدوڕەحیم کوڕی محەمەد پەرتۆ کوڕی ڕەحمی هەکاری (¬١٨٩٠-١٩٥٨)، کە خوێندنی بەرزی لە زانکۆی ئیلاهییاتی ئەستەمووڵ تەواوکردووە، بەرهەمیتری بڵاوکراوەی هەن: گازییا وەلات، ئەستەمووڵ، ١٩١٩؛ عەقیدا کوردان (علم الحال)، ئەستەمووڵ، ١٩١٩؛ کۆمەڵێک شیعر و نووسین لە گۆڤارەکانی: ژین، کوردستان، ..دا .

# وێنەی ذمارة 7 هةتا 15

]

رِاپۆرت سەبارەت بە

خوێندن لە قوتابخانەی کوردیدا

بۆ سەعادەتی موتەصەرِیفی سولەیمانی تەقدیم

دائیر بە تەدریسات لە مەداریسی کوردییەدا، ١٩٣٠/٦/١٠


لەسەر ئەمرێکی شیفاهی کە رِۆژی دووشەممەی موصادیفی ٩٣٠/٦/٩ لە مەقامدا فەرمووبووتان، بەندە هەروەکوو لە ئەثنای موذاکەرەدا عەرضمکردبوون، لە بابەت تەدریساتی مەکتەبە کوردییەکانەوە موطالەعات و مولاحەظاتێک کە بە باشم زانیبوو، بەر وەجهی ئاتی تەحریرەن عەرض و تەئییدی ئەکەمەوە:

١ .موساعەدەیێک کە حکوومەتی فەخیمەی عیراق لە خصووص ئیستیعمالی لوغەتی مەحەللییەوە بە مەکتەبەکانی کوردیی بەخشیوە، جیددەن شایستەی تەقدیر و تەشەکورە. دەماغە موتەفەکیرەکانی کورد، عەظەمەتی ئەم موساعەدەیان ئیدراک و لەبەرئەوە حوسنی نییەتی حکوومەتیان بە جیددی تەبجیل کردووە. بینائەن عەلەیهی، لە بابەت گۆرِینی تەدریسی بەعضێ دەرس لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەیا ئینگلیزی، مولاحەظاتی عاجزانەم لە ژێرەوە عەرض و لە عەینی زەماندا رِجاتان لێئەکەم کە ئیعتیماد بە حوسنی نییەت و صەمیمییەتم بفەرموون:

لەبەر نەزاکەتی مەسئەلە، بە هەموو صوورەتێک لە عەواطیف تەجەرِود و بە کەماڵ سەربەستی بەیانی موطالەعەکردنم بە وەظیفەیێکی موقەدەس و ویجدانی تەلەقیکرد. لەژێر تەئثیراتی موختەلیفەدا، نیدای دەروونی و ویجدانیی خۆم لە گەرووما حەپسکردن و خنکاندن بە ئیهانەت عەددەکەم، چونکە لەژێر پەردەی خەوف و رِیادا حەقایق لە حکوومەت کەتم و ئیخفا کردن، بە ئیغفالێکی مورائییانە دەزانم.

کوردەکان بە عموومییەت و کوردی ئەم لیوایە بیلئەخەص مەرِبووطییەتێکی ناموتەناهی و گەورەیان بە زبانی میلیی خۆیانەوە هەیە. رِۆژ بە رِۆژ ئەم رِابیطەیە زیاتر کەسبی قووەت و صەمیمییەت ئەکا. بینائەن عەلەیهی، لە مەکتەبە کوردەکاندا لە بابەت لوغەتی تەدریساتەوە جوزئی کوللی هەر تەشەبوثاتێک بکرێت، لە تەئثیرێکی مەنفی زیاتر مونەزەهـ نابێ. ئینجا لەبەر ئەم جیهەتە، لە پێش ئەوەی کە صرف لە نوقطەی تەدریسەوە بەیانی موطالەعە بکەم، ئەحواڵی رِووحییەی کوردەکان و نوبذەیێک لە وەقایعی جارییەتان عەرضئەکەم:

مەستوور و غیرمەستوور هیچ فەردێکی کورد نییە کە بە چوار چاو تەرەقوبی ئەحواڵ و سەیری مەعاریف نەبێ. مەکتەبەکانی کورد لە موراقەبە و تەفتیشی مەعاریف زیاتر، لەژێر موراقەبەی دائیمیی عەلاقەدارانی کوردە. لە بابەت لوغەتی تەدریسەوە کە کوردییە، موستەنەد بە هەر غایەیەک ئەبێ بێ، ئەدنا مولاحەظەیەک دەرمیانکردن، بە جینایەتێکی گەورە عەدئەکرێت. هەموو کوردێک تەدریساتی کوردی بە مەسئەلەیەکی حەیاتی عەدئەکات. تەشەبوثاتێک کە بۆ قبوولکردنی عەرەبی وەیا تەدریسی دەرس وەیا بەعضێ درووس بە عەرەبی بکرێت، هەرچەندە موستەنەد بە حوسنی نییەت ئەبێ بێ، سووئی تەئویلی موحەققەقە. وە بەمەیش ئیکتیفابکرێت، ئەهەمییەتی نییە. فەقەط ئەوەی کە مووجیبی ئەندێشە بێ، ئەفکاری عموومییەیە. ئەم ئەفکارە وەکوو سەیلێکی ئانیی خرۆشان و لە طەریقی جەرەیانیدا، چاک و خراپ هەرچی سەددەیەکی تووشبێ، پەرێشانیئەکا. بۆ ئەمە دەلیلێکی قەطعی عەرضئەکەم:



لە سەنەی تەدریسییەی ٩٢٧-١٩٢٨دا، وەزیری مەعاریفی سابیق، مەعالی ئەمین زەکیبەگ، کە بیلطەبع بە حسیبەی تاممە کە کوردێکی فاضل و عالمە، ئەبێ خێرخواهێکی حەقیقیی کورد و مودریکی مەنافیعی کوردایەتی بێ، دێتە سولەیمانی و لەگەڵ هەیئەتی تەدریسییە و گەلێک لە مونەووەرانی سولەیمانی تەماس و بە حوسنی نییەتی خێرخواهی، وەطەنپەروەریی خۆی تەئمینیانئەکا و بەم نەوعە بەعضێ خێرخواهیتریش ئەکا بە طەرەفداری خۆی و موستەنەد بە وجوودی ئەم طەرەفدارانە و حوسنی نییەتی خۆی، لە حضووری موتەصەرِیفی سابیق سەعادەتی ئەحمەد ئەفەندیدا، لە بابەت نەبوونی موعەللیم بۆ بەعضێ لە دەرسەکانی ثانەوی و لەم رِووەوە لەبەر مەجبوورییەتی تەئەخوری کرانەوەی صونفی دووەمی ثانەوی، ئیظهاری تەئەسوف و لە زەمانی وەزارەتی خۆیدا بۆ کردنەوەی ئەم صونفە بە هەموو نەوعێک ئارەزووی خدمەت و فیداکاریی خۆی بەیانئەکا و ئەڵێت: حاڵی حاضر بۆ کردنەوەی ئەم صونفە یەک چارە هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی کە موعەللیمی کورد دەسناکەوێت بۆ دەرسەکانی طەبیعییات، بیلمەجبوورییە موعەللیمێکی عەرەبی جەلببکا و بۆ ئیمکانی تەدریسی عەرەبێکیش بۆ تەدریسی ئەم عیلمە بە عەرەبی قبوولبکرێت. لەسەر ئەم موطالەعە مەعقوولە،

، بە جارێک سولەیمانی هەڵسا و دانیشت. ئەم کەلیمە قصەیە ئەفکاری عموومییەی وەکوو دەریاییێکی عەظیم هێنایە هەیەجان و تەلاطوم. لەگەڵ تەقدیر و تەبجیلی ئەهالی دەرحەق بە شەخصییەتی موحتەرەمەی ئەمین زەکیبەگ و ئیعتیمادی تام بە عیلم و فەضیلەتی و لە عەینی زەمان‌دا لەگەڵ تەئثیری طەبیعیی مەوقیع و وەظیفەی، بە ئەنواعی صوورەت ئیتتیهام و تەنقیدیان کرد. لە هەموو لایەکەوە هەدەفی سنگ تەعریض و تەجاوز بوو. حەتتا وەکوو بیستووومە؛ ئەگەر لە بەیانی موطالەعەکەی مەعنەن ڕجووع و بۆ تەبرییەی طەرەفدارەکانی هەوڵی‌نەدایە، وەلەو خۆیشی مەصوون بمایەتەوە، ئەقەللەن مورەوویجەکانی فیکری کە بەعضێک بوون (لە موعەللیمین!)، لە تەحقیراتی ماددییە مەحفووظ نەمانەوە. ئینجا وەکوو عەرضم‌کردبوون، بەندە (لەگەڵ ئیحتیمالی ئەوەی کە سووئی تەئویل بکرێت و بۆ شەخصم ضەرەریشی هەبێ) دیسانەوە بە ناوی مەنفەعەتی عموومییەوە (کە بیلطەبع مەنفەعەتی حکوومەتیش ئیحتیوائەکا)، حەقیقەت بە کەماڵی وضووح عەرض و تەئمینتان ئەکەم کە حاڵی حاضر لە ئەفکاردا ذەرەیەک تەحەوول و تەبەددول حاصڵ‌نەبووە و حەتتا بەڵکوو لە جیهەتی تەمەسوک بەم نوقطەیەوە تەعەصوبیان لە جاران گەلێک زیاترە. لەم چەندانەیە لە خصووص بەیاناتی حکوومەتی فەخیمەی (سەعیدییە) و بۆ ئیستیعمالی لوغەتی کوردی لە مەنطیقەی شیمالییەدا، ئیحساساتێک کە ئەفکاری عموومییەی کورد دەرحەق بە فەخامەتی ڕەئیس‌وزەرا ئیظهاری‌کرد، دەلیلێکی گەورەیە بۆ وجوودی ئەو تەعەصوبە.

غەیرەز ئەمانە، میثالێکی بچووکی‌ترتان عەرض‌بکەم: جەنابی حەمید دەبوونی‌بەگ کە موفەتتیشی مەعاریفی مەداریسی کوردییە بوو و بەندە تا لە حەیاتی مەکتەبەوە زۆر چاک شارەزای حسسییات و ئەخلاقی مەقبوولەی بووم، لەگەڵ هەموو حوسنی نییەت و خێرخواهییەک کە دەرحەق بە مەکتەبەکانی کوردیی پەروەردە و لە ڕەغمی هەموو تەئمینات و تەضییقاتێک کە بەندە لە لای گەنجەکانی کورد ئەمکرد، لە ساڵی تەدریسییەی پاردا کە موصادیفی ٩٢٨-٩٢٩ بوو، لەسەر مەسئەلەیەکی فەوقەلعادە بەسیط، جەرەیانێکی واسیع و بێ‌مەعنای لە حەق‌دا حاصڵ‌بوو؛ گۆیا مووماٸیلەیهی لێرە سەعیی بۆ ئەمە کردووە کە لوغەتی عەرەبی بۆ تەدریسات قبووڵ‌بکرێت. حاڵ وایە کە ئەمە قەطعییەن بێ‌ئەساسە. فەقەط وەتەری حەساسی کوردەکان بە سروەی نەسیمیش ئیهتیزاز و صەوتێکی ڕەنانی لێ پەیائەبێ. مەسئەلە عیبارەتە لەمە: ئەو ذاتە لە ئەثنای تەفتیش‌دا دەچێتە صونفی پێنجەمەوە، لە دەرسی عەرەبی‌دا قوتابییەکانی ضەعیف دەبینێ. عەلەلئوصووڵ ئەمە بە مودیر ئەڵێت و تەوصییەی ئەکات کە لەم خصووصەوە موعەللیمی عەرەبی ئیقاظ و بۆ تەلافیی مافات جەلبی وەقتی بکات. حەتتا ئەم جیهەتە لە دەفتەری زیارەتی مەدرسەدا مەذکوور و تا حاڵ مەوجوودە. لەگەڵ ئەمەیش‌دا بە دەرەجەیەک قووەت بە جەرەیانەکە درابوو، کە ئەو موعەللیمانەی بە حەسەبی وەظیفەپەروەرییەوە مەحەببەت و حورمەتی موفەتتیشی مووماٸیلەیهییان جەلب‌کردبوو، لە عەینی تەییار مەصوون نەبوون و بە ئەنواعی صوورەت ئیتتیهام و لەکەدار کران.

ئینجا لەبەر ئەم مەسمووعات و مەشهووداتە و لەبەر قەناعەتی قەطعییەی خۆم کە لە نەتیجەی تەجرەبە و تەدقیقێکی زۆر بۆم حاصڵ‌بووە، طەریقێک وا شکنابەم کە بۆ قبووڵی ئەم نوقطەیە تەئثیرێکی مەعقوول لەسەر ئەفکاری عموومییە ئیجرابکا. کە وابوو، ئەگەر مولاحەظەی ئەفکاری عموومییە مەشرووطە و لەسەر ئەم فیکرە ئیصرار مەجبووری نییە، بۆ تەئییدی موددەعاکەم تەوەسول بە تەجرەبەیەکی تر بە بێ لزووم ئەزانم. مەعەمافیهی بەندە بە هەموو عورییانییەوە حەقیقەتەکەم خستە بەرچاوی سەعادەتتان. فەقەط بیلطەبع ئێوە وقووفی عیلمی و حەقی مەحەللیتان زیاترە و بە هەموو نەوعێک صاحێبی کەلیمەی خۆتانن.

٢ .مولاحەظات و موطالەعەیەک کە لە نوقطەی تەدریسەوە هەمە، ئەمەیە:

ئەوەڵەن: مەکاتیب، وەیا بە تەعبیری حاضری مەداریس، ئەنواعی هەیە؛ فەقەط بە صوورەتی عموومییە ئەنواع و ئەشکالی ئەم مەدرەسانە لەژێر دوو ناوی عموومییەدا جەمعئەکرێنەوە: (١) مەداریسی ڕەسمییە، (٢) مەداریسی غەیرڕەسمییە، وەیا ئەهلییە.

مەداریسی ڕەسمییە لە هەموو لایەکی دونیا -تەقریبەن- عەینی مەنهەج تەعقیب‌دەکا. وە -تەقریبەن- لە هەموو مەملەکەتیش ئینقیسام‌ئەکا بە چوار دەرەجەوە، کە ئەوانەیش -بە ئیصطیلاحی عیراقیی خۆمان- ئەوەولی، ئیبتیدائی، ثانەوی و مەداریسی عالییەیە. وە لەم دەرەجاتی موختەلیفەی مەداریسە، هیچیان مەکتەبی لیسان نییە، وەیا غایەیەکی وا تەعقیب‌ناکات. ئوسولئەساسی غایەیشی دەرەجەکەی ئەوەوڵی ئەم مەدرەسانە، موکافەحەی ئوممییەتی؛ لە دەرەجەیەک‌دا کە موجتەمەع بیگرێتە خۆی، تەهذیب و تەثقیفی ئەفرادی میللەتە. یەعنی هەدەفی یەگانەی ئەم مەدرەسانە، ئەوەیە کە ئەفرادی ئوممەت بە مەبادیی علووم و فنوونێک کە لە حەیاتی ئیجتیماعییە و یەومییەدا لازم و ضەروورییە، تەجهیز و تەسلیح بکا. وە بۆ تەطبیقی ئەم غایەیە هیچ وەقتێک لیسان بە واسیطە ئیتیخاذنەکراوە، چونکە -ئەساسەن- ئەوانەی کە بەم نەوعە ئیحضارئەکرێن، حەقی دخوولی ئەوساطی ڕاقییەیان نییە. تەوسیعی ئەو دائیرەیە موتەوەقیفە بە ئارەزوو و ئیرادەی خۆیانەوە. ئینجا لەبەرئەمە کە لێرەدا هەدەفێکی عموومی تەعقیب‌ئەکرێت، غایەی ئەساسی هەروەکوو لە علوومدا تەعلیم و تەدریسی مەبادی و ضەرووریاتە، لە لیسانیش‌دا نوقطەی نەظەر موتەوەجیهە بە تەعەللومێکی بەسیط و ئیبتیدائییەوە. یەعنی طەڵەبەیەکی ثانەوی و بیلخاصە موتەوەسیطە، کە تەنها موکەللەفە بە فێربوونی مەبادیی علووم، بیلطەبع بە لیسانی مادەرزادی تەحصیل‌بکا، زیاتر تەقەڕوبی هەدەف ئەکا و چاکتر موستەفیدئەبێ. ئینجا ئەو طەڵەبەیە کە بە مەبادیی علووم و ئەلسینەی ضەروورییە تەجهیز و تەسلیح ئەکرێت، بە نەظەر ضەروورەت و ئیجاباتی زەمانەوە، هەروەکوو بۆ تەوسیعی مەعلووماتی علمییە و فەننییە ئیستیعدادێکی پەیاکردووە، بیلطەبع بۆ تەعەللومی ئەو لیسانەی کە مەبادییەکەی لە مەدرەسەدا تەحصیل‌کردووە، قابلییەتێکی زیاتر و عەظیمتری هەیە، چونکە تەعەللومی لیسان، وە بیلخاصە لیسانێک کە لە دەوائیری ڕەسمییەی حکوومەت و ئەکثەرییەتی عەظیمەی مەملەکەت‌دا موستەعمەل و موتەداوەل بێ، لە خاریجی موحیطی مەدرەسەدا زیاتر مومکینە. ئەمێنێتەوە سەر ئەوانەی کە ئارەزووی ئیکمالی تەحصیل ئەکەن. ئەو نەوعانە بیلطەبع لە ئەذکیای قوتابی، وەیا لە ئەغنیای مەملەکەتن. بینائەن عەلەیهی، بۆ تەئمینی غایە و مەقصەدی خۆیان، بە صوورەتی خصووصییە سەعی و تەوسیعی لیسان کردنیان موشکیل نییە.

کە وابوو، لزووم و ضەروورەتی لیسان مەسئەلەی ئەساسی تەشکیل‌ناکات، بەڵکوو بە نیسبەت غایە و هەدەفی مەداریسەوە عیبارەتە لە مەسئەلەیەکی ثانەوییە.

. وە لەبەر ئەم نوقطە موهیممە کە ئەو مەدرەسانەی لەم ٣ دەرەجەیەدایە و مەربووطە بە مەعاریفی رەسمییەی حکووماتەوە، لە هیچ مەملەکەتێکی رووی ئەرض بە لیسانێکی غەیرمەحەللی تەدریساتی تیا نەکراوە، وە دەرەجەی ئیصابەتی حکوومەتەکانیش لەمەدا وەکوو رۆژ ئاشکرایە، چونکە لەو مەدرەسە ئەهلی وەیا ئەجنەبییانەی کە لە دەرەجەی ئیبتیدائی وەیا ثانەویدا عەد و لە شارە موختەلیفەکانی تورکیا، سووریە، عیراق و ئەنحای سائیرەی شەرقدا کراوەتەوە، لەبەرئەمەی کە تەدریسات بە لیسانێکی فرانسزی وەیا ئینگلیزییە، سەوییەی قوتابییەکان هیچ وەقتێک نەگەیشتووەتە سەوییەی قوتابیانی ئەو مەدرەسە رەسمییانە کە لە دەرەجەی خۆیان‌دایە.

کە حەقیقەت عیبارەت بێ لەمە، بە چ ئیعتیبارێک لە مەداریسی موتەوەسیطە و حەتتا کوردیدا تەنەووعی ئەلسینە کە صرف واسیطەی تەعەللومە، جائیز دەبینرێت؟ وەیا لەبەر چ نەوعە قابلییەتێکی فەوقەلعادەی کورد ئەم تەجرەبە عەظیم و موهیممە لە مەداریسی کوردە فەقیرەکان‌دا ئیجرائەکرێت؟ لە مەکتەبێکی موتەوەسیطەدا کە غایەی نەشری مەبادیی علوومە؛ بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی تەدریسات بە موافیق زانین، "من غیر حد"، دەلالەت لە بەصیرەت ناکات. مەعەمافیهی وەکوو کە مەعاریفی هەموو مەملەکەتێکی خوا لە مەداریسی رەسمییەی قیسمی ئەووەڵدا [غەیرەز مەداریسی عالییە]، لیسانی قەومی وەیا مەحەللییان بیلاسەبەب قبووڵ و تەنسیب نەکردووە. بەندەیش لێرەدا مەحاذیر و موشکیلاتێک کە لە حاڵی قبووڵکردنی ئەلسینەی موختەلیفەدا رووئەدا، کەم‌وزۆر بەیان‌بکەم:

١ -قوتابی لە رۆژێک‌دا ٣ سێ نەوع زبان کە دوونی زبانی بێگانە بێ، لائەقەل چوارپێنج نەوع علووم و فنوون کە جاهیلی هەموویەتی، بخوێنێ، چۆن تێی‌ئەگا، وەیا چۆن بۆی ضەبط و ئیحضار ئەکرێت؟

٢ -ئەمە بە جەهدێکی فەوقەلبەشەر بۆ بەعضێ لە ئەذکیای قوتابیان مومکین بێ، وەباڵی ئەوانەی کە لەم ذەکا و قابلییەتی فەوقەلعادەیە نەصیبدار نەبن، بە ملی کێ؟

٣ -ئەگەر تەدریسی دەرسێک وەیا چەند دەرسێک بە لیسانێکی ئەجنەبی ئینتیظامی تەدریسات خەلەلدار ناکات، موقابیل بە تەشەبوثاتی تەجریبییەی وەزارەتی مەعاریف کە لە خصووص تەدریسی کیمیاوە بە ئینگلیزی لە مەدرەسەی ثانەویی مەرکەزیی بەغداد کرابوو، ئەو هەموو تەلاش و هەیەجانی موراجەعات و ئیعتیصابەی قوتابیان و حەتتا عەلاقەدارانی سائیرە لەبەر چی بوو؟

-لە ثانەویی مەکەزی کە لە جیهەتی موکەمەلییەت و ئینتیظام، مودەریسین و ئەساتیذە، وەسائیط و لەوازیمی تەدریسییە، ئیعتینا و ئەهەممییەتی مەعاریفەوە، یەکەمینی مەدرەسەی عیراقە، لە ئیعتیباری صونفی ٣ سێیەمی ثانەوییەوە تەدریس تەنها دەرسێک بە ئینگلیزی، ئەمەندە ئەندێشە و تەلاشی قوتابیان جەلب‌بکا، لەگەڵ ئەنواعی نەواقیص و ئیحتیاجاتەوە لە مەداریسی کوردییەدا، لە صنووفی ئیبتیدائییەوە بە صوورەتی تەدریجی و تەصاعودی دەرسەکان بکرێ بە عەرەبی و بە ئینگلیزی، بە چ وەجهێک حوسنی قبوولی ئەمەل ئەکرێت؟

٥ -ئەم طەرزی تەدریسە کە تەنها مونحەصیرە بە مەداریسی کوردییەوە و صرف بۆ تەقوییەی عەرەبیی قوتابییەکان تەنسیب‌ئەکرێت، ئەو فائیدەی کە تیا موتەصەووەرە لە موقابیلی ئەضراری ماددییە و مەعنەوییەیەکدا کە لە هیچ ئەربابی ویجدانێکەوە مەخفی نییە، عەجەبا وەکوو نیسبەتی ئەرض لەگەڵ رۆژدا ئەبێ، یا نەء؟

٦ -بیلفەرض ئەم ئیقتیراحە غەریبە قبووڵ‌کرا و دوچاری هیچ نەوعە موقاوەمەتێکتیش نەبوو، عەجەبا بۆ مەدرەسەیەک وەیا مەدرەسەونیوێکی کوردی، موافیقی مەنهەجی مەعاریف بە ٣ سێ لیسان کتێب ئیحضار و تەئلیف کردن قابیلە، یا نەء؟ وە ئایا کام ئەربابی حەمییەت و ئینصاف بەم لیسانە موختەلیفانە ساڵی چوارپێنج کتێب تەئلیف و لە هەر یەکە پێنج ئیلا شەش نوسخە تەنها موقابیل بە هەشتنۆ رووپیە ئیهدای مەکتەبەکانی کورد ئەکا؟

٧ -ئەمانە هەمووی مەصاریف و فیداکاریی جیددییە و موتەقابیلەی حکوومەت و میللەتیش -بە فەرضێکی مەحاڵ- تەئمین‌کرا، عەجەبا صعووبەتێک کە قوتابیی کورد لە تەعەللوم، ئیحضار و ئیمتیحان‌دا دوچاری‌ئەبێ، لە قوتابییەکانی کە لە صونفی رەفیقی خۆیان بن، دوایان‌ئەخا، یا نەء؟ وە ئەگەر دواکەوتنیان موحەققەقە، لە ئیمتیحاناتی عاممەدا لەگەڵ قوتابیانی ئەمثالیان موتەوازییەن نەڕۆیشتن و سقووطیان لەسەر سومعەی مەدرەسە، هەیئەتی تەعلیمییە، نەفسی قوتابییەکان و حەتتا لەسەر ئەفکاری عوومییە، تەئثیرێکی چۆن دەبەخشێ؟

مولاحەظات و موطالەعاتێک لە نوقطەی سیاسەتەوە واریدە:

١ -ئەووەڵەن لە مەداریسا قانوونەن لوغەتی تەدریس، لوغەتی ئەکثەرییەتی ئەهالییە. کە وابوو، لوغەتی تەدریس لە مەنطیقەی شیمالی‌دا عیبارەتە لە کوردی. ئەم حەقە بە قەراری عوصبەتولئومەمیش موئەییەدە. مەعەمافیهی ئەگەر ئیجاب و ضەرووڕەت حاصڵ‌ببێ و تەبدیلی لوغەتی تەدریس پێویست‌ببێ، ئیحتیاج بە قەراری مەجلیسی وزەرا طەبیعییە. ئەگەر بۆ تەدریسی دەرسێک وەیا چەند دەرس، دیسانەوە ئیحتیاج بەم قەرارە هەبێ، یا ئەمە لەپاش ئیستیشارە لەگەڵ عەلاقەدارانی حەقیقییە تەئەمول و ئینجا ئەخرێتە ژێر قەرارەوە؛ وەیا بەبێ ئیصداری قەرارێکی وا، راستەوراست لە طەرەف مەعاریفەوە تەطبیق‌ئەکرێت، کە وا ئەزانم شیققی دووەمی مومکین نییە. کە وابوو، ئەگەر مەجلیسی وزەرا بەبێ ئیستیفتای عەلاقەداران، لەبەر لزوومی تەطبیقی ئەم طەرزە تەدریسە، ئیصداری قەرار بکا، بیلطەبع ئەم نەوعە بەیانی موطالەعاتە هەمووی زائیدە. بیلعەکس ئەگەر لزووم بە ئیستیفتا ببینێ و ئەفکاری عەلاقەداران بۆ تەرویجی غایەکە ئیحضاربکا، لەجیاتیی ئەوەی کە بە واسیطەی ئەلسینەی موتەنەوویعەوە تەشویش و ئیخلال لە تەدریسات بکا، ئەگەر راستەوراست تەحصیلی مەنطیقەی کوردییەش -من أول الی آخرە- بکا بە عەرەبی، موصیبتر و مەعقوولترە، چونکە -ئەقەللەن- ئەو وەقتە لەبەر یەک‌نەسەقیی تەدریسات و لەبەر ئیمکانی ئیجادی موعەللیمین و وەسائیطی تەدریسییە، سەوییەی مەکتەبەکانی لە ظەرفی یەک‌دوو ساڵ‌دا موحەققەق ئەگاتە دەرەجەی مەکتەبەکانی سائیرەی عیراق.

٢ -هەر مەحذوورێکی سیاسی لەم طەرزی حەرەکەتەدا بە خەیاڵی ئەولیای ئوموووردا بێت، لازمە بزانرێت کە بە نەوعی تەشەبوثەکە قەطعییەن رەفع‌ناکرێت.

یەعنی طەرزی دووەم لە نەظەر بەندەیش و لە نەظەر هەموو ئەربابی عیلم و بەصیرەتدا ئەهوەنتر و ئەوفەقترە. کە وابوو، بە فکری ئەمەی کە طەرزی ئەووەڵ (تەماس لەگەڵ زولفی یار ناکا)، تەشەبوث بە تەنەووعی لوغەتی تەدریس و بە صەریحی لە مەکتەبدا نموونەیەکی (تبلبل السنة) ئیحداثکردن، قەطعییەن و قەطعییەن موصادیفی حوسنی تەلەقی نابێت .

ئینجا ئومێدی قەویم ئەمەیە کە مەعرووضاتی سالیفەم عەطفی حوسنی نییەت بکرێت، تاوەکوو دەفعەیەکی تر کە ئەگەر شایەد تەنەزولەن سوئالێکمان لێپرسرا، لە خەوفی حکوومەت کەتمی حەقایق نەکەین و بە لیسانی کیذب و ڕیا دیسانەوە نەفسی حکوومەت ئیغفالنەکەین. ئیتر ئیحتیراماتی فایقەم و بۆ شەخصی موحتەرەمتان تەمەننای سەعادەت و مووەفەقییەتم قبووڵ بفەرموون.



ئەم ڕاپۆرتە ناوی ڕاپۆرتنووسی بەسەرەوە نییە، بەڵام بە دەستخەتەکەیدا و بەوەدا کە لەنێو کۆکراوەکەی ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠/٨/٤)دایە، دەبێ هەر ئەو زاتە نووسیبێتی. بە شێوەی نووسینیدا دیارە، دەبێ ڕەشنووس بێ، دراوەتە تۆفیق وەهبی کە لە ماوەی نێوان (١٩٣٠/٤/٣٠-١٩٣٠/٨/٢٢)دا موتەسەڕیفی سلێمانی بووە. بە دامەزران و دەستبەکاربوونی لەم لیوایە، بە حوکمی لەئارادابوونی جووڵانەوەیەکی بەهێزی سیاسی و خۆنواندنی لە شێوەی جیاجیای ئاشتییانەدا، ڕەنگێکی کوردی بە بەری هەموو چالاکییەکی سیاسی و خوێندەواریدا کرا. دیارە لە موتەسەڕیف ڕابینراوە هەوڵی چارەسەری زۆری کێشە و گیروگرفتەکان بدا، لەبەرئەوە ڕۆشنبیران و مامۆستایان بە بەرنامە و پرۆژەی چاکسازییەوە ڕوویان لێناوە هاوکاریان بێ و ئەم دەرگای خێر و هیوایەیان هەر وا لێ کراوەبێ. ڕەفیق حیلمی، کە مامۆستایەکی شارەزا و چالاک و بوێری سەردەمەکە بووە، وەک دەبینرێ، پرۆژەیەکی تەواوی چاککردنی کاروباری خوێندنی کوردی و قوتابخانەکانی زۆر بە وردی خستووەتە بەردەست .




سلێمانی، ئەو دەمە تا پۆلی دووەمی ناوەندیی تێدا خوێندراوە و قوتابیان ناچاربوون بۆ تەواوکردنی پۆلەکانیتری خوێندن بچنە دەرەوەی شار و بەتایبەت کەرکووک و کەمتر بەغدا. کێشە لە زمانی پێخوێندنی ئەو پۆلانەدا بووە، کە قوتابیان بەگشتی نەیانویستووە جگە لە کوردی، بە زمانێکیتر بخوێنن. ئەوەیش بەشبەخۆی کەموکورتی و گیروگرفتی هەبوون، وەک نەبوونی مامۆستای پێگەیێندراوی دەرسەکان و کتێبی خوێندنیان بە کوردی. حکوومەت لەو لایەنەوە نەک هەر کەمتەرخەمبووە و پێشوەخت مشووری نەخواردووە پێویستییەکانی کارێکی وا دابینبکا، بەڵکوو بە هۆی هێندێ کاربەدەستی ناحەزی ناو مەعاریفی عیراقەوە، ڕێی لە جێگیربوونی ئەم مافە ڕەوایەی قوتابیانی کورد گرتووە؛ لە کاتێکدا بەپێی ڕاسپاردە بڕیارلێدراوەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی)، دەبوو زمانی پێخوێندن و بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکاندا -بێچەندوچۆن- کوردی بێ!

# چۆن کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێت؟

ئا: کارۆ کاوە
ماڵپەڕی زەمەن

کودەتا سەربازییەکان، بەشێکی دانەبڕاون لە مێژووی نوێی ناوچەکەمان، لێرەدا بە کورتی ڕوونی دەکەمەوە، کەچۆن لەناوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەر و سەرباز، کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت دەکەن.

بەرچاوڕوونیەکی خێرا:

-کودەتای سەربازی، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە کودەتاچی نیە، بەڵکو پێویستی بەژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەفسەران هەیە کە فەرماندەیی چەند سەد سەربازێک دەکەن.

-لەزۆرینەی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، پۆست و پلەکانی دەوڵەت ڕەمزین نەوەک واقعی، بۆ نموونە پۆستی سەرۆکوەزیران، لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانی سێهەم پۆستێکی ڕەمزی بێدەسەڵاتە و وەکو کارمەندێک لەژێر فەرمانی سەرۆک/مەلیک، کاردەکات، بە ئامانجگرتنی ئەم خاوەن ئەم پۆستە ڕەمزیانە لەکاتی کودەتاکەدا، تووشی هەڵەی کوشندە و ستراتیژیت دەکات.

-حکومەتی شاراوە، لەکەسانی شاراوەی خاوەن دەسەڵات و نزیک لە سەرۆک پێکدێن، ئەم کەسانە مەترسی جدین لەسەر کودەتاکە، بۆیە پێویستە لەکاتی کودەتاکەدا دەستگیربکرێن.

-پایتەخت، زۆر جار پایتەختی وڵات تەنها مەرکەزێکی ڕەمزیە، نەوەک فعلی، کۆنترۆڵکردنی ئەم جۆرە پایتەختانە مانای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات ناگەیەنێ، دەبێت کۆنترۆڵی پایتەختی فعلی وڵات بکرێت.

-کودەتا لەکاتی ئەنجامدانی پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەری نیە، چونکە زەرەری پێدەگەیەنێت لەوەی کە فکر و ئیتجای سیاسی کودەتاکە دەردەخات، بەمەش دەتوانرێت وەکو کارتێک لە لایەن نەیارانی سیاسی کودەتاکەوە لەدژی کودەتاچییەکان بەکاربێت، پاڵپشتی جەماوەری لەپاش سەرکەوتنی کودەتا ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت.

-لە وڵاتانی دیکتاتۆری، کودەتا زۆر ئاسانترە لەچاو وڵاتانی دیموکراتی، چونکە لەوەی یەکەمدا دەسەڵات و هێز لە مەرکەزدا چڕکراوەتەوە، بەڵام لە دووهەمدا، دەسەڵات و هێز بەسەر چەندین سێکتەر و لایەنی پەیوەست دابەشکراوە، بەمەش ئەگەری سەرکەوتنی کودەتا زۆر کەمدەکاتەوە.

-لەوڵاتانی مەرکەزی کودەتا ئاسانترە وەک لەوڵاتانی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی.

-ڕێکەوتنی نهێنی کودەتاچییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و دراوسێکانیان و لێکتێگەیشتنی پێشوەختە.

-نەبوون یاخود لاوازی دەسەڵاتی دەستووری لە وڵاتدا.




کودەتا لەنێوان ئەفسەرە پلە بچووک و گەورەکان:

بەپێی زۆرینەی توێژینەوەکان، ئەفسەرە پلە بچووکەکان، کودەتادەکەن لەبەر هۆکاری گۆڕانکاری،شۆڕش،ئایدۆلۆجیا.
بەڵام گەورە ئەفسەرەکان کودەتادەکەن لەبەر هۆکاری تایبەتی، بەرژەوەندی.

ئەم جیاوازیەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

١-ئەفسەرە پلە بچووکەکان جارێ نەتواونەتەوە لەناو دامەزراوەکانی حوکمدا، زۆر سوودیان لە پلە و پێگەکانی خۆیان نەدیووە، بەپێچەوانەوەی ئەفسەرە پلە گەورەکان.

٢-زۆرینەی جار ئەفسەرە پلە بچووکەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، بەشێوەیەکی زۆرباش فێرکراون و خاوەن هزرێکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتین لەچاو ئەفسەرە پلە گەورەکان.

٣-هۆکاری تەمەن، ئەفسەرە پلە بچووکەکان خوێن گەرمتر و خاوەن وزەی زیاتر لەچاو ئەفسەرە پلە گەورەکان.

جۆرەکانی کودەتای سەربازی:
١- کودەتایەکی تەواو سەربازی
٢-کودەتایەکی (سەربازی_سیاسی)

پۆلەکانی ئەفسەرە کودەتاچییەکان:

١-ئەو ئەفسەرانەی کە خاوەن توانا و لێهاتووین لە سەرکردایەتیدا، هەروەها خاوەن کاریگەرین بەسەر یەکە و سەربازەکانیانەوە.

٢-سەربازە تەکنیکیەکان کە خاوەن شارەزای زۆر لە تەکنیکی فڕۆکەوانی و زرێپۆش و گەیاندن....هتد.

سێ هۆکاری کاریگەر کە دەتوانی ئەفسەرەکان ڕابکێشێتە ناو ڕیزی کودەتاچیەکانەوە:

١-دیدگای سیاسی
٢-دیدگای کۆمەڵایەتی
٣-تێڕوانینی لەسەر فەرماندە و دەسەڵاتدارانی وڵات.

پلانی کودەتا بۆ دەستگیرکردنی فەرماندە باڵاکانی وڵات:

کودەتاچییەکان دەبێت پلەبەندی فەرمی و واقعی حوکمڕانی و دەسەڵات لێکدی جیابکەنەوە، ناکرێت تۆ هەموو هێزی کودەتاکە بۆ دەستگیرکردنی فەرماندەی سوپا و ئەرکان تەرخان بکەیت، لەکاتێدا فەرماندەی ڕاستەقینەی سوپا سەرۆکی وڵات-بێت.

پێویست ناکات سەرەتا هەموو سەرکردە و دەسەڵاتدارانی وڵات دەستگیربکەن، چونکە کودەتاچییەکان کات و توانای زۆریان لەبەردەمدانیە، ئەوەی پێویستە لەسەریان سەرۆک/مەلیک، و کەسانی نێو حکومەتی شاراوە و خاوەن پۆستە سیاسییەکان دەستگیربکەن، ئەوانی دیکە لەپاش سەرکەوتنی کودەتا دەستگیربکرێن.

لەگەڵ کەسایەتیە کاریگەر و کارزمییەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، کە خاوەن پێگەی بەهێز و کاریگەرن و دەتوانن ببنە مەترسی بۆسەر کودەتاکە، ئەم جۆرە کەسانە ڕەنگە سەرۆکی حزبێکی سیاسی یاخود پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و دینی بێت، کە خاوەن هێز  میلیشیای خۆیان بن، پێویستە زوو ئەم کەسانە دەستگیربکرێن، چونکە مار بەبێ سەر هیچی پێناکرێت.

کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی پەیوەندی لە وڵاتدا:

بەبێ ڕاگەیاندن و ڕاگرتنی هۆکارەکانی پەیوەندی، کودەتا سەرکەوتوونابێت، پێویستە زوو کودەتاچییەکان پەیوەندی نێوان سەرانی دەسەڵات و دەزگا ئەمنییەکان ببڕن، سەرانی کودەتا دەشبێ ئەوە بزانن، کەهەندێ لە دەزگا و کەسایەتیەکانی وڵات، هۆکاری دیکەی پەیوەندییان هەیە لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە.

داخستنی پایتەخت:

دەبێت هەموو ئەو کەسانە دەستگیربکرێن کە سەلاحیەتی بانگهێشتی یەکەکانی سوپایان هەیە لەدەرەوەی پایتەخت و بۆناو پایتەخت.

داخستنی دەروازە سەرەکییەکانی پایتەخت و کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەخانەی پایتەخت، داخستنی فڕۆکەخانە زۆر ئاسانە، ئەوەی پێویستە بکرێت، جێگیرکردنی چەند یەکەیەکی سوپایە لە شوێنە ستراتیژییەکانی فڕۆکەخانە لەگەڵ ڕاگرتنی چەند سەیارەیەکی سوپا لەسەر ڕێڕەوە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانە و تەقاندنی چەند فیشەکێکی ئاگادارکردنەوە بە ئاسماندا.

کۆنترۆڵکردنی بارەگا فەرمییەکانی دەوڵەت:

کودەتای سەربازی سەرکەوتوو پەیوەستە بە نمایشی سەرکەوتنەکەی، ئەوەش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بارەگا فەرمییە گرنگەکانی دەوڵەتە، وەکو بارەگای سەرۆکایەتی، وەزارەتە سیادیەکان، سەرۆکایەتی ئەرکان، سەرۆکایەتی پۆلیس و ئەمن، بارەگای ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنی ڕەسمی دەوڵەت، لەگەڵ بارەگا ڕەمزییە گرنگەکان وەکو بارەگای حزبی دەسەڵاتدار، بۆ ئەم مەبەستەش کودەتاچییەکان پێویستیان بە هێزی پاڵپشتی زرێپۆش دەبێت بۆ شکاندنی بەربەستە پۆڵاینەکانی ئەم بارەگایانە.

گرنگی کات و خێرایی لە کودەتادا:

لەکاتی کودەتادا، چارەسەری ناوەندی بوونی نیە، دەبێت هەموو هێزەکەت بەکاربێنی، یان سەرکەوتوودەبێت یان دەکوژرێیت، کودەتا وەکو جەنگ نیە بەشێک لە هێزەکەت بوەستێنی وەکو تاکتیک و ستراتیژی جەنگ، چونکە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە.



رووداو دیجیتاڵ

لە شاری برێنزا لە مۆنتینێگرۆ. ئەمانە کێبڕکێ لەسەر ئەوە دەکەن کە کێ دەبێتە تەمەڵترین کەسی جیهان. ئەوەی لە هەمووان زیاتر بە ڕاکشاوی بمێنێتەوە نازناوی تەمەڵترین کەسی جیهان دەباتەوە و 350 دۆلار وەردەگرێت.

میلۆس بلاگۆجێڤیچ، ڕێکخەری "ئۆلمپیادی تەمەڵی" دەڵێت، "کێبڕکێکە سەرنجڕاکێشە. کێبڕکێیەکی دەروونیشە. بەو ڕادەیە ئاسان نییە کە بیری لێدەکەیتەوە. ژمارەیەکی زۆری ئەو بەشداربووانەی کە ساڵانی ڕابردوو نازناوەکەیان بردەوە یاریزانەکانی ماراسۆن بوون، ئەوان گوتیان ڕاکشانەکە لە ڕاکردن لە ماراسۆندا قورسترە."

بەشداربووەکان لە کەشێکی ئارامدا هەوڵدەدەن هێندەی بتوانن بخەون. هەندێکیان بۆ خۆشی و هەندێکی دیکەشیان بۆ بردنەوە تێیدا بەشداربوون.

نیکۆلا، بەشداربووی "ئۆلمپیادی تەمەڵی"یە و دەڵێت، "من بەشداریمکرد بۆ ئەوەی بزانم کێبڕکێکە چییە و چۆنە. من خۆم زیاتر حەزم لەوەیە لە ماڵەوە ڕاکشێم. بڕوا ناکەم نازناوەکە ببەمەوە، بەڵام هاتم و بەشداربم بۆ ئەوەی ئەزموونێکی نوێ ببینم."

ئەمە دەیەم ساڵە ئۆلمپیادی تەمەڵی لە مۆنتینێگرۆ بەڕێوەدەچێت. بە گوێرەی ڕێکخەری کێبڕکێکە، لەنێو ئەفسانە و نوکتەکاندا، دانیشتووانی ئەم وڵاتە ئەوروپییە بە تەمەڵ ناودەبرێن بۆیە بڕیاریانداوە سوود لەو بیرۆکەیە وەربگرن و بیکەنە کێبڕکێ.




## زەمەن_خالیدی حوسەینی

من کچە ئامۆزایەکم هەیە لە شاری حیرات لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان. ئێمە لە سالانی حەفتاکان بەیەکەوە گەورە بووین. من بیرمە کە بە دیار گۆرانی و دراماکانەوە هەڵدەپەڕین. ئیتر من بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ ئەو ئامۆزایەم نەبینیەوە. بیرمە ئەو خانمێکی چاو سەوزی گەنجی ڕووخۆش بوو، هەمیشە پێکەنینی لەسەر لێوان بوو.    من دوێنێ لە ئەمریکاوە تەلەفۆنم بۆ کرد. ئەو بەدەنگێکی ترساو وەڵامی دامەوە. ئەو پێی وتم کە هەموو نەوە و منداڵەکانی بەرەو کابول هەڵاتوون، کە لانی کەم لە ئێستادا پارێزراوترە. ئێستا ئامۆزاکەم لە حیرات لەگەڵ کوڕەکەی لەژێر ئاڵای تاڵیباندایە.من هەستم بە دڵشکان کرد، کە ناتوانم یارمەتی بدەم. بۆیە ئێستا زۆر دڵم لای ئامۆزاکەمە. هەروەها من نیگەرانم بۆ ملیۆنان ئەفغانی ئاوارە کە لە وڵات هەڵهاتوون و پرسیار لەسەر ژیان و چارەنوسیان هەیە. ئەوان بۆ کوێ هەڵدێن؟ چیان بەسەر دێ؟ کەس لە خۆی دڵنیا نیە. بەڵام من تەواو نیگەرانی خوشکانی ئەفغانستانم. ژنان و کچان زیاتر لە هەر گروپێکی تر باجی ئەو دۆخە نالەبارە دەدەن. چەندین وێنەی دوا دەسەڵاتی تاڵیبانمان لەبەردەستە کە لە ئەفغانستان چیان کردووە: لێدان لە شوێنی گشتی، دەستبڕین، کوشتن لە گۆڕەپانی یاری، لەناوبردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەربەری و بێهەست، کە لە مێژوودا بێ وێنە بووە.  بەڵام بۆ من ئەو وێنەیە زۆر کاریگەرە کە لە ساڵی نەوەتەکان تاڵیبانەکان بەردیان بەدەستەوەیە و ژنێکی نیقابپۆش بەردباران دەکەن. تاڵیبان بە شێوەیەکی سیستەماتیککراو ژنان تیرۆر دەکەن. دژ بە هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز، ئازادی کار، مافی خوێندن، مافی لەبەرکردنی ئاڵتون و جل و بەرگ، پێکەنین لە شوێنی گشتی، تەنانەت دژ بە دەرکەوتنی دەم و چاوی ژن دەوەستنەوە. ئایا بۆ ئامۆزاکەم و کچەکەی هەمان شت ڕوودەداتەوە؟ ئەو هەموو هەوڵە ئازایانەی کە ژنانی ئەفغانستان لەماوەی بیست ساڵدا بەدەستیان هێنا لە ئازادی تاکەکەس و کەرامەت و مافی خود بێ ئەنجام بوو؟ ئایا دووبارە ژنانی ئەفغانستان دەخرێنەوە گۆنجی ماڵەکانیان؟

ئایا ژنانی وڵاتەکەم لەسەر شەقامەکان لێیان دەدرێت؟ جارێکی تر ژنانی وڵاتی من ڕێگە نادرێ خۆیان کار بکەن؟ ئایا جارێکی تر قوتابخانەکان خاڵی دەبن لە کچان؟ ئایا ئیدی ڕوخساری مێینە لە تەلەفزیۆنەکانی ئەفغانستانەوە دەرناکەوێ و لە ڕادیۆکانەوە گوێبیستی دەنگی مێینە نابین؟  ئایا جارێکی تر نیوەی دانیشتوانی ئەفغانستان بێبەش دەبن لە ماف و بەشداریکردن؟هەندێک دەڵێن لەوانەیە تاڵیبان گۆڕابن.بەڕاستی ئەمە وایە؟ لە چەند ڕۆژ و هەفتە و مانگی ئایندەدا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست دەکەوێت.

ئەمەش ئومێدێکی بچوکە من هەمبێت، گومانی تیا نیە کە هەمیشە بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ لەئارادایە.  لە ڕاستیدا، ئەو وێنانەی کە لە شاری حیراتەوە بڵاوکرایەوە ئەوە پیشاندەدا کە سەربازانی تاڵیبان بەدەم و چاوی ڕەش و داپۆشراوەوە ئەو هیوا بێنرخە بڵاو دەکەنەوە کە ڕەنگە ئەو وێنانە هی ساڵی 1997 بن.بۆیە ئەگەر بزوتنەوەی تاڵیبان نەگۆڕابن، هیچ شتێک لە کردەوەی نائینسانی و بەربەریانە و ئازاردانی خەڵک نایانوەستێنێ ، ئەی باشە دەبێ چی بکرێ؟ ئەگەر تاڵیبان نەگۆڕابوو دەبێ کچان و ژنانی ئەوێ چیان بەسەر بێ؟ لەکوێوە یارمەتیان دەدرێت و کێ فریایان دەکەوێ؟ بەڕاستی من وەڵامەکەی نازانم. من لەمڕۆدا هیچ نازانم. ئەمڕۆ من نیگەرانم و تەواو. من بەتەواوی دڵم شکاوە. من ئەمڕۆ پرسە دەگێڕم بۆ لەدەستدانی هیوا و ئاواتی خەڵکی ئەفغانستان.ئیدی ئەمریکایە و بڕیارەکەی دەرکردووە، ئەوەش کابوسێکە بۆ زۆرێک لە ئەفغانیەکان، لەوانە خۆم. بەچاوی خۆمان ترس دەبینین.تا ئێستاش وەک بێومێدێک شتەکان دەبینین، نابێ و ناکرێ جیهان ئەفغانستان لەبیر بکات. نابێت جیهان دەستبەرداری خەڵکی ئەفغانستان بێت کە زیاتر لە چل ساڵە عەوداڵی ئاشتین. پێویستە جیهان بەهاوکاری خەڵکی ئەفغانستان بە ئەرکی خۆیان هەستن لانی کەم بۆ ژنان و کچانی ئەو وڵاتە هەوڵ و تەقەلای خۆیان بدەن و فشار بخەنە سەر تالیبان بۆ پاراستنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ئەمەش لە کاتێدا وا پێدەچێ ئەو بزوتنەوەیە سەرتاسەری وڵات کۆنترۆڵ بکات. پێویستە جیهان ئەوەی لەتوانایاندایە بیکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ملیۆنەها ژنی ئەفغانی بۆئەوە لەدایک نەبوون کە لەپشت دەرگا داخراوەکان و پەردەدادراوەکانەوە ژیان بەسەر بەرن. ئافرەتانی ئەفغانستان نمونەی ئازایەتی و خۆڕاگرین و ئامۆزاکەم نمونەی دەروشاوەی ژنی ئەفغانیە. ژنانی وەک ئامۆزاکەم ئیلهامیان بەمن بەخشی. ئەوە ئەوپەڕی شورەیی و سەرشۆڕیە کە جارێکی تر ئازار بدرێن، ئەمەش دوای ئەوەی کە چەندین ساڵە لە دەرەوەی دەسەڵاتی تاڵیبان بۆ دنیایەکی باشتر هەوڵیان داوە و کۆششیان کردووە.ژنان و گەلی  ئەفغانستان بەگشتی شایستەی باشتر لەم ژیانەن.

تێبینی کۆتایی: لەگەڵ بەردەوام بوونی ئەم دۆخە نالەبارە بەردەوام خەڵکی ئەفغانستان ئاوارە دەبن و خەڵکی بێماڵ و حاڵ زیاتر دەبن. تەنها لەمساڵدا زیاتر لە سێسەد هەزار کەس لە ئەفغانستان ماڵ و حاڵیان جێهێشتووە ئاوارەی وڵاتان بوون. ئەوان ئێستا پێویستیان بە خواردن و پەناگە و فریاگوزاری خێرا هەیە. تکایە ڕەچاوی پشتیوانی ڕێکخراوەکان بکەن لەوانە UNHCR و ئەوانی تریش کە کاریان پاراستن و بەتەنگەوەهاتنی ئاوارەکانە.

.............

خالیدی حوسەینی ڕۆماننوسی گەورەی ئەفغانیە و بە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی "کۆلارەفڕێن" ناسراوە.

.............

و. لە ئینگلیزیەوە: عەزیز ڕەئووف

# ئەفغانستانی ئێستا و عێراقی دوای ئەمریکا

هەر ڕوداوێک لە ئاسیا و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای خەزەر ڕو بدات ئەتوانین وێنای بکەین بە کۆتایی شەپۆلی دەریای ڕوداوەکە و ئێمە شەپۆلە بچوکە کۆتاییەکان دەبینین ، شەپۆلە گەورەکە لە ناوەوە و لە نهێنی و بەرژەوەندی وڵاتانی باڵا ڕو دەدا بە پێی ململانێ و بەریەککەوتن و ڕێککەوتنی بەرژەوەندیە باڵاکان ، هەر کات توانیمان لە جوڵەی هێڵی کێرڤی بەرژەوەندی و ململانێی نێوان هێزە گەورەکان تێبگەین ئەوا دەتوانین پشتی ڕوداوەکان و ئاراستەیان بخوێنینەوە و بزانین شەپۆلە گەورەکە چۆن دێت و لە کوێ یا کۆتای دێت.

ئەوەی لە ئەفغانستان ڕویدا گۆڕینی حکومێکی شیوعی بە ئیسلامی و پاشان تالیبان و ئەلقاعیدە و کارئەکتەرە سیاسی و سەربازییەکان لە ئەحمەد شا؟مەسعودەوە تا مەلا برادەر و ئوسامە و تا دەگاتە کارزای و ئەوانی تر ، هەمویان ڕوداوەکان و هێزی دەرەکی هێناونی و هەر سوڕانی بەرژەوەندی لایبردون ، ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوی دا و زۆرێک پێیان وایە ئەمریکا لە چوارچێوەیەکی بچوکدا شکستی هێناوە ئەوانەن لەبەردەم گوتارەکان و شاشەکاندا حکوم دەدەن ، ئەمریکا لە چوارچێوە بچوکەکەدا کە ئەفغانستانە شکستی نەهێناوە بەڵکو لە چوارچێوە گەورەکە و پۆرتاڵە سەرەکیەکەدا شکستی هێناوە و چوارچێوە بچوکەکەی ئەفغانستان وەک کارت و چەکێ و گۆڕینی پلانی شەڕ بۆ شکستەکانی بەکار دێنێ ، ئەوەی ڕویدا هیچ هەقی بەسەر چەمکی لۆکاڵیەوە نیە ، بەڵکو شەڕی ئەمریکایە لەبەرامبەر هەژمونی چین و ڕوسیا و وەک کارت و مینێک تاڵیبانی بەکار هێناوە لە ژوری کۆنترۆڵی دەوحەوە ، ئیتر ئەوەی دەوترێ ئیرادەی ناوخۆیی ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتە دژەکاندا نەیەتەوە هەمو گەلیش ڕاپەڕێ هیچ ڕونادا ، چونکە ئەفغانستان بە تایبەت وڵاتی زلهێزی ناوچەیی نیە ، ئەگەر ئاراستەکان بگۆڕێن ئەوا f16 یەکی بەسە ڕاویانێنەوە بۆ تۆرابۆرا .

وێناندنی شوێنێک یان وڵاتێک بە وڵاتێکی تر ئەبێت بەرژەوەندی و ململانێ و جەنگ لە ڕوی ئابوری و سەربازی و سیاسی و دەوڵەتداریەوە بخوێنینەوە ئەو کات لێکچواندن بکەین ، عێراق لەژێر هەژمونی ئێرانیدایە و ڕەسمی هەژمونی ئێرانی لە وڵاتان ڕونە ، نە دەهێڵێت سەقامگیری تێک بچێت و نە دەهێڵێت دەوڵەتی تۆکمەیان هەبێت و نە دەهێڵت سوپای خۆی هەبێت و دابەشی دەکات بەسەر چەند گروپێکی دژبەیەکی ساردی سەر بەخۆی ، واتا سەر بە تاران ، لە بەرامبەر عێراق تورکیا بە گڵوپی سەوزی دودیوەوە هەمان یاری دەکا لە سوریا ، بۆیە عێراق زۆر جیاوازترە لە ئەفغانستان و ئەوەش حکومی سیاسی و ئابوری و سەربازیە کە دەبێت بە سازان لە نێوان ئەمریکا و تورکیا و ئێراندا حکومی هەردو وڵاتی سوریا و عێراق بکرێت ، لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان خاڵی کۆکەرەوەی بەرژەوندی وڵاتانی دژ بە یەکە بۆیە دوای ئەمریکا هیچ شتێک بۆ کوردستان و عێراق نابێ ، ئەگەر چی تالیبان لە هەمو شوێن ڕێکخستن و شانەی چەکداری نوستوی هەیە وەک نەوەکانی سەلاحەدین لە کوردستان ، بەڵام لەبەرامبەردا داعش هەیە ناهێڵێت سنوری تورکی بە سازان لەگەڵ ئێران ببڕێ ، هەمو ئەم ڕێککەوتنانەی دژەکان لە عێراق و هەرێمدا قازانجی دوسەرەی دژەکانە بەتایبەت بەرەی ئەمریکی و چینی ، بەڵام لە گشتدا تاک جەمسەری و هەژمونی ئەمریکی کۆتای دێ و هەژمونی بەرژەوەندی گرێدراوی دوو سەرەی چینی و ئەمریکی جێگەی دەگرێتەوە.

دەکرێ بڵێین ئەفغانستانی ئێستا لەبەردەم کۆمەڵێک ئەگەردایە ، لەت بون و دابەش بون بەسەر هێزە ناوچەیی و جیهانیەکاندا ، زاڵ بونی بەرەی چینی و ڕوسی و ئێرانی بەسەر تاڵیباندا ، ئەگەری هەڵگەڕانەوە بەرامبەر ڕێککەوتنی دەوحە و ....هتد

عێراقی دوای ئەمریکا دیسانەوە لەبەردەم کۆمەڵێک ئەگەردایە دوای هەڵبژاردن ڕێککەوتنی نهێنی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر دۆسیەی عێراق ، زیادبونی هەژمونی ئێرانی بە پاراستنی بەرژەوەندی ڕوسی و تورکی ... هتد ، دوا جار هەژمونی دەستەڵاتگەرایی تاکی ئەمریکی لەم ناوچانە کۆتایی دێت و قۆناغێکی تر دەست پێ دەکات .



سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق

## بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

هونەرمەندێک بێدەنگ کەم دەرکەوتوولەبەرنامەوراگەیاندنەکانەوەبەڵام پڕلەهونەری ڕەسەنی بەرزو پڕخۆشەویستی بۆنواندن وتێکستی گۆرانی هونەرمەندێک کەم دوو بەڵام هەمووڕۆژێ بەزمانی شیعربۆخوێنەران وگوێگرانی ئەدوێ هەمووڕۆژێ گوێمان لەوگۆرانیانەئەبێ کەلەتێکستی ئەم هونەرمەندەبەڕێزەن،بەپێی نزیکم لەهونەرمەندی خۆشەویست وبەڕێز ئەوپێی وایەپێویستەهونەرەکەیان ئەدەبەکەخۆی قسەبکات بۆیەزۆربەکەمی ئەبینێرێت کەچاوپێکەوتن یان قسەلەسەرکارەکانی بکات کاری هونەری خۆی بەتایبەت تێکست نووسین ئەنجام ئەدات بەپێی ئەوگۆرانی بێژەیان ئاوازدانەرەبەڕێزەی داوای لێ ئەکات،دەربارەی شانۆش ئەوپێی وایەقۆناغێکی لەبارنیەلەهیچ ڕوویەکەوەبۆشانۆنامەیەک یان کارێکی درامی کەلەئاست خۆشەویستی بینەری ئەمڕۆدابێت،ئەوهونەرمەندەش:



محمدسعید ئیبراهیم ناسراوبەحەمەسعیدئیبراهیم
لەسلێمانی ساڵی 1952
لەبازارە بچکۆلە لەدایکبووە کوڕی ئیبراهیم حەزینە کەیەکێکەلەهونەرمەندەکۆنەکانی شاری سلێمانی ...
یەکەم دامەزراندنی
لەئۆرزدی باکی سلێمانی بوو
ساڵی 1973دوایی لەساڵی١٩٧٥ گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری لەهەولێر.
بەشداری کاری نواندنی زۆری کردووە
لە تیپە هونەرییەکانی هە ولێر..لەچەندین شانۆو درامادابەشداری کردووە...
لەوانە
شانۆگەری محمد و سێوێ..1981
وەلی دێوانە1981
خەج وسیامەند1985
مۆڵەت..1981
بەهرەو خۆر 1997
لەژێر تارای سورمە چنا 2002

لەم درامایانەشدابەشداربووە
میوانی ناوەخت 1983
تاپۆهەقی چیە..1984
مۆرانە..1985
مەمی ئالان2002
ئارەزوو2007
دوا بڕیاری یەعقوب2009
دانیشتوانی علیاوا...2011

تێکستی گۆرانی زۆری نووسیووە بۆ گۆانیبێژەکان
لەوانە
ایوب علی
جەلال سعید
هانی
پە یوەند جاف
چۆپی فەتاح
تارا ڕەسوول
عە زیز وەیسی
باخان
هێمن حسێن
ماریاهەورامی
سەنابەرزنجی
لەیلافەریقی
ڕۆمی هەرکی وتەهاقادر
گۆران نووری
هەڤاڵ ئیبراهیم
زۆری تریش

لەئێستادا نیشتەجێی شاری هە ولێرە
چوار منداڵی هە یە
دووکوڕو دوو کچ
ئەمەش دوونمونەلەشیعرەکانی هونەرمەندی خۆشەویست

بۆیادی تۆسلێمانی

نازانم بۆکەپڕ ئەبم
لەخەم ودەرد
گریانێکی قووڵ دام ئەگرێ
بەهیچ شتێک ژێر نابمەوە
بەس کەناوی( سلێمانی) دێتەبەرگوێم
هەست ئەکەم باوەشی دایکمە
زوودەست بەجێ
لەخۆشیاوەک منالێ
ژیرئەبمەوە.




بایەقووش

ئەم ماڵەپڕ بوو
لەراز ونیاز
لەدەنگی سەداو
مۆسیقاو وئاواز
پڕبوو لەجوانی
لەخۆشەویستی
لەهەستی ناسک
واتای سەربەستی
ماڵێک بووپڕبوو
لەشەوق وجوانی
لەهەڵپەی عیشق و
نووری یەزدانی
لەلایەک نوێژو
ئیتاعەی خوابوو
لەلایەک هەستی
مۆسیقای تیابوو
ئێستابێ سەداو
بێدەنگ وکپە
بێ هەست وخوست و
دەروونی پرکڵپە
ئێستابایەقووش
لەجێی مۆسیقا
دەنگی مردنێ
ئەدابەگوێم دا
بۆجوانی ماڵم
هەرەسی هێنا
خەتمی کام کەلام
بەم حاڵەی هێنا
دەی بەنەعلەت بی
پەتای نەخوازراو
نەسێبەرێ بووی
نەگەرمی هەتاو.



# کتێبی(Women Warrior) دەنوسرێت و کوردیش تێدا بەشداره

کتێبی 'ژنە پاڵەوانەکان' ، مێژووی ئەو دەستە ژنە دەنوسێتەوە لە جیهاندا کە دەگمەن بوون و پاڵەوانی ژن و گەلەکەیان بوون لە مێژووی دوور و نزیکدا، چەشنی پاڵەوانە ئەفسانەییە یۆنانیە دێرینەکان لە مێژووی هەرە دێریندا جەنگیوون. ئەو کتێبە بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا دەنوسرێت و بڵاودەکرێتەوە لە لایەن خاتوو' ڤیکتۆریا پریستن' کە بەتەمەنترین ژنە جەنگاوەری ناو سوپای بەریتانیایە.

د.سامالّ مانیی بەشداره وەکو ژنی کورد لە کتێبی 'ژنە پاڵەوانەکان'دا.

د. سامالّ مانیی دەڵێت: گەرچی هەموو کاتەکانم تەرخان کردوە بۆ فەلسەفە بە زمانی کوردی، بەڵام لەوە بە ئاگام کە ئەو بەشە لە مێژووی ژیانم بە تەنها موڵکی من نیە، بەڵکوو بەشێکی گرنگە لە مێژووی ژن بەگشتی و مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ژنی کورد بە تایبەتی؛ چ بەجیا و چ پێکەوە.

بەشداریم لەو کتێبە مێژووییە گرنگەدا پەسەند کردوە و میوانداری تایبەت و دیدارم لەگەڵ کرا و نوسراوەتەوە لە لایەن بەتەمەنترین ژنە جەنگاوەری سوپای بەریتانیا کە نوسەری کتێبەکەیە. ئەوەی کە گرنگە بیڵێم ئەوەیە ئەو یەکدوو پەڕانەی پێشتر لە بیرەوەریەکانمدا لە لایەن میدیای کوردی بڵاوکراونەتەوە وەکو: وێستگا، ئاوێنە ، زەمەن، سپی میدیا، زۆریتر لە میدیا کوردیە ئازیزەکان، بەشێکی گرنگ و زۆرینەن لە بەشداریم لەو کتێبەدا وتیایدا بڵاودەکرێنەوە.

بەڵام نامەوێت تێڕوانینی خاتوو ڤیکتۆریا پریستن نوسەری کتێبەکە لە بری خۆی باسبکەم، بەڵکوو ئەوە دەسپێرم بە میدیای کوردی دیداری لەگەڵ بکات سەبارەت بەو پرۆژە نوسینەی کە کورد تیا بەشداره. هەروەهاش میدیای کوردی دەتوانێت وتە لە بەرێز کاکە کاروان جەمال تاهیر نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا وەربگرێت کە ڕێکخەری گەیاندنی وێنای ژنی کوردە لەو کتێبە مێژووییە گرنگەدا.

وێنەی د. سامالّ مانیی و نوسەری کتێبەکە خاتوو ڤیکتۆریا پریستن




## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان نەمر ئازاد حەسەن هەمزە ناسراو بەئازادی کوێخا حەسەن ،،ئازاد کانیلەیەکی مەنگ پڕ لەووردە سرتەو عەشقی خاک و نیشتیمان ، لەشەماڵ نەرمترو لە نمە ناسک تر ،گیاو گەڵاو گۆڵی ئەم خاکەی کەرویشکە ئەکرد ، هەناسەیەکی فێنکی بەر هەتاو و ،پشکۆیەکی داخی ناو پڕووشە بوو ، لەهەموو بەرەبەیانێک کازیوە چن و ،دەمی ئێوارانیش زەردەپەڕی بۆ کاکۆڵی نیوەشەوێکی عاشقی جوانی نیشتیمان ئەبرد ، ئازاد هاژەیەک بوو لەخۆشەویستی نیشتیمان گەلی عەشقی قەد وشکی نەکرد ، لەگەرمترین وەرزا هەر هاژەی خۆشەویستی ئەهات ،بەدەم هەموو هەورێکەوە نمەیەک بوو بۆ سەوزایی و ژیان لەگەڵ هەتاوا هەمیشە لەکۆچی کێڵگەدا بوو ، پریاسکەکەی ئەتگوت تێشووی خاکە هەمیشە پڕ بووە لەگەنم و نانی گەرم و عەشقی کێڵگەو ، سێبەری کەپرۆکەی دڵتەڕی پڕ لەشڵپەی دۆ ،کاکە ئازاد ساڵی ١٩٥٥ لەگوێزیلێی ناوچەی ماوەت لەدایک بووە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی خوێندووە ، هەمیشە دەستی ڕەنج و عەشقی باخ و کێڵگەو سەوزایی جوانی یەکانی نیشتیمان بووە . لە شۆڕشی نوێدا هەر لە سەرەتایی دروست بوونەوەی پێشمەرگەو هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دا پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە ، لەساڵی ١٩٧٨ کە گوندەکان ڕادەگوێزرێن ئەمانیش ڕادەگوێزرێن بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی قەڵاچۆلان ، بەڵام ئەم لەبەر هەڵسوکەوتو جوڵەو کارەکانی ،هەر زوودەخرێتە ژێر چاوەدێری بەعسی یەکانەوە،دام و دەزگا جاسوسی یەکانەوە بۆیە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بەشۆڕشەوەو ڕوو لەشاخ دەنێت و دەبێتە پێشمەرگە ، دەچێتە دەزگاکانی سەرکردایەتی ونازەنگ/ ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە ،دوایی دەچێتە تیپی ٣٧ ی شارباژێر ، هەر سەرەتا لەبەر وریایی و گورچ و گۆڵی هەڵوێستی جوانی پێشمەرگانەی دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەو ، دوایش جێگری کەرت ، سێ جار بریندار بووە ، بەشداری لە زۆری شەرەکانی ئەو ناوچەیەدا کردووە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری لەشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان کردووە ، لەبۆسەکانی سەرجادەی قەڵاچۆلان ماوەت و سەرسیرو چوارتا کەناروێ لە هەموویدا ڕۆڵی بەرپرسو ئازایانەی گێراوە هەمیشە شوێن دەستی دیار بووە تا لەبەرواری ١٠ لەسەر ١١ ی مانگی ٧ ساڵی ١٩٨٥ لەهەڵکوتانە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن ڕەبایە / لەگەڵ هاوڕێ یەکی تردا بەناوی کاکە جەمال گەشمردە بوون یادیان بەخێر ڕەوانی پاکیان شاد .

ڕزگارەسوور



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
## ئامادەکردنی بەختیار سەعید




**مستەفا شێرزاد فەیزوڵا بەگی موکری**

- 1941 لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە.
- 1968 لە دایرەی کەلتوور و هونەر دادەمەزرێت ـ پاشی چەند ساڵێک کار لەوێ دەچێتە دایرەی توتن.





ـ خوێندنی لە تەورێز بووە و پاشان لە خاڵیەوە ( فەیزوڵا خان ناهید ) وێنە کێشان لە سەر بابەتی خۆماڵی و کەڵتووری فێر دەبێت.



ـ ١٩٨٠ دێنەوە بۆکان و هەر لەوێ فێرگەی هونەری دادەمەزرێنێت، بەردەوام لە فێرگەکەیدا تەمەنە جیاوازەکان لەهەردوو ڕەگەز فێری نیگارکێشان دەکات.

- تا ئێستا خاوەنی چەندین پیشانگەی تایبەت و هاوبەشە.















# به سەرکردنەوەی تێکۆشەران

تێکۆشەرێک و ڕۆشنبیرێک و ماندوو نەناسێکی ڕێ ی خەباتی کوردایەتی بەختیاری مەلا عزەت
ئەو پیاوێکی بێ دەنگی سپی ، کت و مت وەک بەفر سپی و بێ دەنگ ، بەختیار پیاوێک ڕۆژانە لە شەقامەکانی شاردا خۆی و ڕۆژنامەیەک دێت و دەچێت ، ڕێک وەک مێژو بە دەربەندەکانی خۆیدا ، ئەو پیاوێک هەگبەی پڕ لە خەبات و بەرخودان ڕێک وەک خەونی نیشتیمان ، بەختیاری مەلا عزەت پیاوێک هەمو تەمەنی و وێستگەکانی ژیانی پێشمەرگانە دەژی بە بێ دەنگی ، ئەو پیاوێک لە ناو ڕەش بونی سەراپای جومگەکانی بەرهەمی خەباتدا سپی سپی دەچێتەوە ، پیاوێکی سادەی شیرین ، پڕ لە ڕێز و حورمەت ، ئەو پێشمەرگە و خەباتگێڕ و ڕۆشنبیر هەرگیز خەباتی نەکردوەتە منەتێک بۆ فرۆشتن ، یەکێک لەو نمونە جوانانەی کە دەیبینیت خەبات و پێشمەرگایەتی و شاری سلێمانیت زیاتر خۆش دەوێت.

بەختیار مەلا عێزەت لە  ساڵی1953 لەدایک بووە ،سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٥ لەیەکیتێ قوتابیانی کوردستان دەست پیدەکات،دەبێتە لێپرسراوی (ی ق ک ) لە قوتابخانەی ئامادەی ئێواران ،دواترلە ناو پارتی دەبێتە ئەندامی ڕێکخراو،لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ حەفتاو چوار  لەسلیمانی دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی نهێنی لەگەڵ تێکۆشەران ساماڵ جەلال وئەندازیار محەمەد فەتحولا و فاتمە کەریم خۆشکی کاک عەلی لای کاک قادری حاجی عەلی و شیرینی مەلا عەلی کە ئەو لیژنەی  ناوچەیە شەهید جەباری حاجی ڕەشیدو مامۆستا سەلامی مەلا عبدول ڕەحمان دروستیان کرد دواتر چۆتە شاخ هەتا هەرس .لە گەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ ئەمیش لە ناو شارەوە
لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردوە بە کومەڵەوە، بە ڕاسپاردەی شەهید جەمال تایەرو لە ڕێ ی کاک سەلیم (دلێر ئەحمەد شوکری)لە ٢١ی ٤ی ١٩٨١ بووە  بە پێشمەرگە لەهە رێمی چوار لای کاک جە مالی عەلی باپیر ئەوکات کاک جەبار فە رمان ڕابەر سیاسی بوو ،دواتر چووە بۆناو زەنگ لە مقەڕی ئەبوشەهاب، پاشان لەگەڵ شێخ ئەحمەد عەسکەری و کامەرانی ڕەحیمی عەلاف بە پشنیاری کاک عومەر شێخ موس  پرسگایەکی نوێیان دروستکرد،پاشان بەهیمەتی کاک بورهان قانع دارولنەشریان دروست کرد ،  هاوینی ساڵی ١٩٨٢ چۆتە سەرکردایەتی لە وەرتێ لای د. کەمال خۆشناو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ناوزەنگ و دواتر بۆ شارباژێر لای شۆڕش ئیسماعیل،دەستی بە کاری ریکخستن کردووە لەگەل مامۆستا جوامێرو توفیقە رەشێ پینجوینی،
کەشارباژێر شەڕی تێ کەوت بەشێکی زۆری مەڵبەند چووە بەری قەرەداغ وئیتر لە ڕێکخراوی چوار کاری سەرپەشتیاری ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی بارەگاکەی پێسپێردرا کە کاک عومەرفەتاح بەرپرسی ڕێکخراوی چوار بوو ،پاشان لەگەل مامۆستا کاکە ڕەش ئەرکی ڕێکخستنی مقەڕەکانی مەڵبەندی دەبرد بە ڕێوە،دواتر نەقڵ کرا بە ڕابەر سیاسی بۆ تیپی تایبەت کە عەدنانی حەمەی مینا سەر تیپ بوو ، هاوکات سەرپەرشتی ڕێکخستنی کومەڵەی دەکرد چونکە  لێپرسراوی ریکخستنی نەبوو ،دواتر بوە بە لێپسراوی ڕێکخستنی کومەڵە لەتیپی حەڤدەی زمناکۆ کە جەمیل هەورامی سەرتیپی بووە وە کاک حەمەرەزا ڕابەری سیاسی بوو، پاشان لە سەر بڕیاری مام جەلال لە قەڵا چوالان دەکرێتە بەرپرسی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی و دواتر دەبێتە کارگێڕی مەکتەبی شەهیدان کە سە عدون فەیلی لێپسراوی بو پاشان کارگیری مەکتەبی مافی مروڤ لای شەهید شاخەوان عەباس، ئەندامی دووکۆنگرەو پلینۆم وکۆنفراسەکان بووە، پاشان پشتیوانی لە کاک نەوشیروان و بزوتنەوەی گۆڕان کرد،ئێستاش نیگەرانە لە هەموو حزبەکان ئەڵێت ئەوەی ئێمە خەباتمان بۆ کرد بەرهەمەکەی ئەوە نە بوو ئەوەشی لێی دەترساین بە داخەوە ڕوی دا، بەختیاری مەلا عزەت ناوێکی دیار و خەباتێکی پاک و خێزانێکی ڕۆشنبیر تا ئاستی جوانی بەرزی باڵای شۆڕش جوان و پاک .

تەمەن درێژی بۆ کاک بەختیار و نمونەکانی وەک ئەو.
سەرکەوتی جیهاز
٢ی ٩ی ٢٠٢١

## عەبدوڵا پەشێو

پێش ئەوەی بێمە بەردەمت
کام بیری جوان خورپەدارە
کام دێر هەڵبەست زۆر بە کارە
شانەی دەکەم وەک پەرچەمت
لە ماوەی چاو قوچانێکدا
هەزار و یەک خەونی شیرین
دەمکەن بە مەم ، دەتکەن بە زین
لە خەیاڵما

.پایز بەهاری لێ دەتکێ
درەختی رووت
گەڵای سەوزی پێوە دەلکێ
بەڵام،سەد ئاخ، ئەی دەروون پاک
کاتێ بانگم دەکەی بە کاک
کاک وەکو مار
...بەرەو گوێچکەم گینگڵ دەکا
کە دێمە گۆ
خۆی لە زمانم لول دەدا
...هێدی... هێدی
قووتم دەدا
کفنی زەردی نا ئومێدی

** ** **


...من لە ذڵتام
...لە دەروونتام
...لە گلێنەی چاوی روونتام
!شەرم مەکە
بە ناوی رووت
ناوم بێنە پڕ بە گەرووت
با لە یەکتری ئاشکرا بین
تاکەی لە ناو ئاگرا بین؟
...نە تۆ خوشکەی، نە من کاکم
خۆشەویستی دەروونپاکم

پەشێو

## عەبدوڵا پەشێو

- ژینی پێش تۆم لە یاد نیە

ژینی پێش تۆم لە یاد نیە
من نەبوون بووم
کە تۆم ناسی زمانم گرت
چاوم پشکوت
سەر پێ کەوتم دارە دارە
چۆن باوەڕ کەم بەوەی دەڵێ
لە دایک بوون هەر یەک جارە



یادنامەYADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبیی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردیی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703


YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢١ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.28,September 2021

## یادنامە وەک مینبەری بانگەوازی چون بەرەودەنگدان.

ئەگەر چی لە هەرێم و لە عێراقدا بە هۆی زۆری دروشم و کەمی پڕۆژەوە و بە هۆی زۆری بەڵێن و کەمی جێبەجێ کردنەوە خەڵک و دەنگدەر متمانەیان کەم بە پرۆسەی هەڵبژارد و دەنگدان ماوە ، وە دیسان بە هۆی دەست تێوەردانە دەرەکیەکانەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەر زۆر کەم باوەڕی بەوە هەیە بتوانێ بە دەنگی شتێک لە ڕەسمی حکومڕانی بگۆڕێ و دەستاودەست کردن و گۆڕینی دەم و چاو زۆر کەمە ، هەمو ئەمانە پێکەوە دەنگدەری بردوەتە لێواری بێ باوەڕی بە سندوقەکانی دەنگدان .
سەرەڕای هەمو ئەمانە هێشتا شا ڕێگەی گۆڕانکاری دەنگدان و سندوقی دەنگدانە ، چون بۆ دەنگدان سەرەڕای بێ هیوایەکان چونە بۆ بەردەم ئاڵنگاریەکان ، چون بۆ دەنگدان لانی کەم ڕاگرتنی دۆخەکەیە و ناهێڵێ خراپتر بێ ، چون بۆ دەنگدان بەردەوامی دانە بە وازنەهێنان لە هیوا .
یادنامە وەک مینبەرێک و سەکۆیەک داوا و تکاتان لێدەکات بچن بۆ دەنگدان و بێ هیوا مەبن لە شارێگاکەی خۆتان ، داواتان لێدەکا بەردەوام بن لە داواکاریەکانتان لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ، گەلی عێراق و کوردستان چەندین ساڵە هەمو ڕێگاکانی بەکار هێنا هەر لە خەباتی چەکداریەوە تا پادشایی و تا کودەتای سەربازی جگە لە خوێن و ماڵکاولی و بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر و گەندەڵ هیچی تری بەرهەم نەهێنا ، وەک یادنامە داوامان وایە بچن بۆ دەنگدان و دەنگ بدەن بە دڵخوازی خۆتان تا بیسەلمێنن کە بێ هیوا نەبوین لە سندوقی دەنگدان.



لیژنەیەکی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان رایدەگەیەنێت: گروپەکانی سەر بەتورکیا لە عەفرین و سەرێکانی چەندین تاوانی ئەشکەنجەدانیان بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کورد ئەنجامداوە.

لیژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سوریا لە 24ەمین راپۆرتی خۆیدا رایگەیاندوە: گروپە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا لە ناوچەکانی عەفرین و سەرێکانی لە رۆژئاوای کوردستان لە رفاندن، ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی بۆ سەر هاوڵاتیانی کورد بەردەوامن.

کارێن ئەبو زەید، سەرۆکی لیژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سوریا ئاماژەی بەوەداوە سوپای سوریا لە ناوچەکەدا بە شێوەی نایاسایی بەردەوامبوە لە بێبەشکردنی کورد لە ئازادیەکان.

ئەمە لەکاتێکدایە هەفتەی رابردو، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لە تورکیا کرد کە لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە لە زیادبونی تاوانەکانی کوشتن، رفاندن و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامان لە ناوچەکانی عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی بکا.

لە KNN وەرگیراوە




شـــەڕی بەردەکری ســـەرا شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ... ل٢
هــۆ خاوەن دەسەڵات ... ل٩
یادێک بۆ سەعید قەزار ... ل٣
6ی ئە یلوولی 1930 ... ل١٠
حەپسە خانی نەقیب ... ل٤
هەرێمی کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیا! ... ل١٤
وەسیەتی قانع بۆ وریای کوڕی ... ل٥
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٥
چەرچل و ئینونو بەکر شوانی ... ل٦
بیرەوەری پێشمەرگە ... ل١٦
هەموو کوردێ پێویستە: ... ل٨
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی ... ل٢٠

# شـــەڕی بەردەکری ســـــەرا
# شەشی ئەیلولی ١٩٣٠

ئەمڕۆ یادی ٩١ ساڵەی شانازییەکی تری سلێمانی و بەردەرکی سەرایە .... ڕۆژێکی خوێناویی و مێژوویییە لە ڕۆژمێژی سلێمانی دا ...

ڕۆژێك پڕ لە کارەسات و مەرگ و قارەمانێتیی و بەرخودانی خەڵکی سلێمانی ، لەپێناو بەدیهێنانی خواست و مافە ڕەواکانی گەلی کوردا ،،، بەرخودانێك کە بەیەکەمین ڕاپەڕینی مێژووی کورد دادەنرێت ، کە بەشێوەیەکی شارستانیی و ڕێکخراو کرا و خەڵك بە داوا و خواستەوە ڕاپەڕیی ، کە دەرئەنجامی خەمساردیی ئینگلیز لە پەیمانەکانی و بەردەوام بوونی ڕژێمی عێراق لە پێشێلکاریی مافی کورد و دانانی کۆمەڵێ کاندید و نوێنەری کارتۆنیی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان ...
...


وەك شایەتحاڵی ناو ڕوداو و ڕۆژگارەکە باسی لێوە دەکەن ..*

لە ئێوارەی دوێنێی ڕاپەڕینەکە ، واتا ڕۆژی ٥ی ئەیلوول [ فایەق بێکەس و ڕەشۆڵ و ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵێکی تر لە تێکۆشەرانی شارەکە ] خەڵکی نزیك و ناسیاوی شارەکەیان لە پێشهات و ڕوودان و هاندانی ئەو ڕاپەڕینە ئاگادار کردۆتەوە و خەڵکیان لە دژی خەمساردیی ئینگلیز و حکومەت هاندەدا و داوایان لە خەڵك دەکرد کە نەچن بۆ دەنگدانە کە چونکە ئەوانەی بەغا نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد ناکەن ... کە لەو ڕۆژگارەدا [ تۆفیق وەهبی بەگ ] موتەسڕفی سلێمانی بوو ، لەسەرەتای ڕووداوەکەوە ئاگادار بووە و بە پلان و ڕێکخراوی ئەو ڕووداوەکە سەریهەڵدا ، هەر بۆیە لەدوای ئاشکرابوونی سزا درا و لە پلەی موتەسڕفیی دوور خرایەوە و لابرا ...

شەهیدەکانی ئەو ڕۆژە (عەولە سیس ، عەلە گون سووتاوی چایچی، سەعید حەمەی ئامێ، عەزیزی مامە حەمە، حەمە چاوشین، عەلی سیوجگەر، ئەحمەد نێوێك و هەلۆ بەگ، حەمە قالەی ئەشغال، محەی خولە درێژ، حەسەنی دەروێش، ئەحە ڕەشی حەسەنی دەروێش، مستەفا بەگی فەتاح بە) ، ..

هەر ئەم ڕاپەڕین و کوشتارەش کە بەرامبەر سلێمانی کرا بووە هۆی دروست بوون و هاتنەکایەی شەڕی ئاوباریکی مێژوویی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر کە بۆ بەرپەرچدانەوای ئەو تاوانە لە ڕۆژی ٥/٤/١٩٣١ بەرپابوو ...

* ئەم وێنەیەی لەگەڵ بابەتەکە پۆستکراوە ، هەرچەنە بە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ئاژمارکراوە ، بەڵام من گومانم هەیە ئەو ڕۆژە بێت ، چونکە وەك لەسەر زاری شایەتحاڵەکانەوە باس دەکرێ ، ئەو ڕۆژە سامناك و شپرزەیی و ڕاکەڕاکێکی بێشومار بوو، لەبەر دەرکی سەرا لاشەی کوژراو و بریندار لەو ناوە کەوتبوو ، خەڵك لەترسی ڕەشاش و گوللەکان خۆیان دەشاردەوە ،،،




[[ئەمە ئەگەربەرلە ڕوودان و تەقینەوەکەی ئەو ڕۆژە نەبێت]]
ئەو ڕۆژە عەسکەرییەی حکومەت داباریبووە شارەکە و بەتایبەت بەردەرکی سەرا ،، ناشێت هەمان ڕۆژ بێت ، بەتایبەت شایەتحاڵان دەڵێن دوای کارەساتەکە خەڵك هەمووی خۆی ئەشاردەوە و زۆریکیش بۆ هانا بردن چوون بۆلای شێخ مەحمودی نەمر کە لەو کاتەدا لە سلێمانی نەبوو ...
بۆیە پێناچێت ئەم وێنەیە هەمان ڕۆژ بێت و خەڵك توانیبێتی ئاوا بە ئاسایی لەو شوێنەدا بن ..

زۆزك_خەفاف

# یادێک بۆ سەعید قەزار




ئەو پیاوە کوردەی (پارێزگار-موتەسریف)ی موسڵ بوو.
سەعید قەزاز لەساڵی ١٩١٧ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە،بە بڕوانامەی ئامادەیی وەک (پشکنیار-مفتش) لە ناوخۆ پلە بەپلە پێشکەوت تاگەیشتە ئاستی پارێزگارو لەساڵی ١٩٤٨ کرایە موتەسەریفی لیوای موسڵ.دەسەلاتی هەر لەزاخۆ تاکو نزیک کرکوک بوو.

سەعید قەزاز و سزادانی بەڵتەچی یەک

سەعید قزار پیاوێکی بەهیمەت وتوند بوو لە دەسەڵات...ساڵی ١٩٥٠ دیاردەی وەرگرتنی سەرانە تەشەنەی سەندبوو لەموسڵ کەچەند کەسێکی نەگریس وشەڕانی یەکێ لەوانە ناوی فازیل حەبیە بوو بەودا دیاربوو هێڵێکی شکاوی وچەند پەڵەیەک بەلاچاویەوە هەبوو،دەسەڵاتێکی نادیاریان هەبوو کە خاوەن دوکان وبازرگانەکان وخەڵکیان پێ دەترساند، فازیل حەبیە کەدەیویست سەرانە وەرگرێ دەچوە لای ئەوانە ودەیگوت (مكسّر على راسو كحوف گوێ بەهیچ نادەم هەموو سەرم تەقەڵ وزامە) بەردەوام سەرخۆش بەوشێوەیە سەرانەی وەردەگرت... بنکەی پۆلیسی دەواسە چەند پولیس وئەفسەری هەبوو ئەوکات وسەردەمە بەپۆلیسی ناوخۆیان دەگوت واشەر... ئەو سەرانەیە لەلایەن ئەو تاقمە بەڵتەجیەوە زیادی کردبوو گەیشتبوە ٣ ڕۆژ لەهەفتەیەک دا. ئەمەش وای لەبازرگان وخاوەن دوکان وخەڵکەکە کرد کە باز بەسەر بنکەی پۆلیس وبەرێوەبەرایەتی پۆلیس بدەن وخۆیان بگەیەننە لای موتەسریف واتە سەعید قەزاز. دواى گوێ گرتن لەسکاڵای خەڵکەکە،دوای کۆتایی دەوام سەردانی بنکەی پۆلیسی دەواسەی کرد و داوای لەئەفسەری بنکەکە کرد کەهەرئێستا دەبێ بچی فازل حەبیەم بۆ بهێنیتە ئێرە لەماڵەوە هێنایان تاخۆی لێکولینەوەی لەگەڵ بکات پرسیارێک وکوتا پرسیاریش بوو پێی گووت تۆ سەرانە وەردەگری ومن موتەسریفی موسڵ بم؟
فازیل حەبیە لە وەڵام گوتی من خەڵکی بادوشم وهاتووم لێرە کاربکەم پێلاوەکانت ماچ دەکەم بەڵێ وەرمگرتوە!!
سەعید قەزاز زۆر تورەبوو بەپۆلیسەکانی گوت بۆم هەڵواسن تا فەلاقەی کەم و حەیزەرانی گرتە دەست وخۆی دەستی کرد بەفەلاقە کردنی کابرا وەک مشک لەبەردەستی هەڵدەلەرزی پێی دەگوت یاغریب كون اديب .. یاغریب كون اديب .. واتە ئەی بێگانە بەئەدەب واتە خۆت چاککە.بەحەیزەرانەکە هێندەی پیاکیشابوو جلەکانی بەری دڕان وعەیب وعاری بەدەرکەوت، دواى کەمێ حەسانەوە بەئەفسەرەکەی گوت سواری مسلحەکەی بکەن بڕۆن بیگێڕن ئەوە مافی ئاڵای عیراقە بەبەردەم دوکان وناو بازارو خەڵک وئاگاداریەکی بڵاو کردەوە کێ سکاڵای هەیە بابێت ومافی بۆ وەردەگرینەوە..کرا بەپەند بۆ ئەوانەی وەک ئەو...
کەهەواڵەکە بڵاو بۆوە هاوڕێ بەڵتەجیەکانی ڕوویان لە نۆرینگەیەک کرد لەباب جدید بەناوی ڕعد محمد ریزیان بەستبو تا ئەو خاڵ وکوتاویانەی سەر دەست قولییان لێکەنەوە وبەمەش دیاردەی سەرانەو بەزۆر وەرگرتنی پارە لەموسڵ دا نەما.
محمد سەعید قەزازی خوالێخۆش بوو کۆتا وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی بوو لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٥٩ دوای دادگاییەکانی مەهداوی بڕیاری لەسێدارە درانی بۆ دەچوو
پێش جێبەجێ کردنی بڕیاری لەسێدارە دانەکە هاوڕێنەکەی پێی ڕاگەیاند دەچم بۆ لای سەران وئەفسەرانی کۆدیتاکە تا جێ بەجێی نەکەن بەیەک ڕستە وەڵام بچی بۆلایان تەڵاقت دەدەم...لەکۆتا دادگایی ورۆژی لەسێدارە دانی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە پەتی سێدارە نامترسێنێ کاتێ لەملی دەکەم چونکە ئەوانە دەبینم کەمافی ژیانیان نییە لەژێر پێیەکانم دان..
چەند ساڵێ بەر لەئێستا لەشاری سلێمانی وەک یادێک بۆ ئەو پیاوە بەهیمەت ودلسۆزە پەیکەرێکی بۆ دانرا.


**وەرگێڕانی عوسمان عومەر**



# حەپسە خانی نەقیب

ئەو ژنەی دەنگی شارێکی گەیاندە کۆمەڵەی گەلان ...
لە سەروبەندی ڕووداوەکانی بەردەرکی سەرا ڕێکەوتی 06-1930-09 حەپسە خان نامەیەک ئاراستەی ( مەندوبی سامی ) بەریتانی ئەکات کە پڕە لە ئازایەتی و چاو نەترسی لە شوینی هێزەوە موخاتەبەی گەورەترین داگیرئەکات کە لەو کاتەدا نیوەی جیاهانی داگیر کردبوو بەبێ سڵکردنەوە و بێ دوو دڵی کە خۆی ناگۆڕێتەوە بە شاژنی بەریتانیا لە سەرەتای بروسکەکەدا نووسیوێتی( لە نەقیب زادە حەفسەوە بۆ شکۆدار مەندوبی بەریتانی ) ئەم جۆرە لە موخاتەبە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ئەم ژنە ئازایە چ هێزێکی گەوەری هەبووە کە توانیویتێ بەم شێوازە قسەبکات دژی بە داگیرکەری بەریتانی، بروسکەکە بە ئاشکرا دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی تاوان باردەکات بە دڕندەیەتی و بەربەەی بەرامبەر بە خۆپیێشاندەرانی سیفیل و خەڵکی شارەکە .
گەر بە وردی سەرنجی بروسکەکە بدەین هۆکاری سەرکی دروست بوونی ڕووداوی بەردەکی سەرا بۆ هەڵبژاردنی ( نوێنەرانی شاری سولەیمانیە بۆ پەرلەمانی عیراق ) بووە کە داگیرکەری بەریتانی ویستویەتی ساختەکاری بکاتلە هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینەی خەڵکەکە و کەسانی سەربە دەسەڵاتی مەلەکی دابنێ،
بەڵام خەڵکی سولەیمانی بەم ساختەکاریەن رازینابن و خۆپیێشاندان بەرپائەکەن.
دەقی بروسکەکەی حەپسە خانی نەقیب ...

لە نەقیب زادە حەفصەوە بۆ شکۆدار مەندوبی بەریتانی ,
رۆژی حەوتی ئەیلوولی 1930 لە سولەیمانیەوە
هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی دڕندانە ی بێزراوی ئەوتۆ ڕادەپەرێنرێت کە هیچ گەلێکی جیهان لە ڕۆژگاری بەربەرییەکاندا لە وێنەیان نەبیینیووە .
کام یاسا ڕێگە دەدات گەلێك لە کاتی هەڵبژاردندا تیرۆر بکرێت .کێ لە ئێوە یاسا پارێز و کێش لە ئێوە یاسا دەخاتە ژێرپێوە ؟ کام یاسا ڕێگەی داوە چەك دژی جەماوەر لەکاتی هەڵبژاردندا بەکار بهێنرێت ؟ئیمرۆ شاری سلێمانی گەیێندراوەتە دۆخێکی دژواری بەربەریی ئەوتۆوە کەبۆی هەیە سەرتاپای مێژووی هەرکەسێکی بەرپرس لەکەدار بکات .
لیژنەکەتان ( لیژنەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان - ک.م. ) کەوتە وتوویژ لە گەڵ کەسانێکدا کە هیچ سەنگیکیان لەم وولآتەدا نیە . جەماوەر کاتێك بەمەیان زانی بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان کۆ بوونەوە, ئەمەیش بێگومان مافی یاسایی خۆیانە .کاتێك ئەوان (واتە پیاوانی میری - ک.م. ) دییان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە دژیانن پەنایان بردە بەر سەربازو ڕەشاش و دەسرێژیان لێکردن ,شەست حەفتا یەکیان لێ کوشتن و بریندار کرد.کام یاسا ڕێگەی ڕەفتارێکی وەها دەدات ؟
ئەی چۆن ئەوانەی وایان کرد دەتوانن پاکانە بۆ کارەکەیان بکەن ؟ئێمەی کورد بێزاری خۆمان بەرانبەربوم کارە دڕاندانەیە دەدەبڕین و هەتا خوێنی کوردایەتی لە دەمارەکانماندا بجمێت هەرباسی دەکەین و دەکەین , ئێوە یاساپارێزن ئەگەر وابێت کێن ئەوانەی یاسایان پێ شێل کرد؟




هێزە چەکدارەکانی ( میری - ک.م. ) بەوەوە نەوەستان کە بە جەماوەرەکەیان کرد , بەڵکو ڕژانە ناو ماڵەکەی منیشەوە و کەوتنە پشکنین و ڕووی چەکەکانیان کردبووە سنگی ئافرەتەکان .ئەم پشکنینە بوو هۆی فەوتان و تالآنکردنی شتوومەکە بەنرخەکانم .من داوای مافە ڕەواکانی خۆم لە سەرجەمی ئەو کەسانە دەکەم کەیاسایان پێشێل کردو ریزی ماڵکەمیان نەگرت .دوای ئەم هێرشە جانەوەرییە هێزە چەکدارەکان کەوتنە گرتنی پیاوە ناسراوەکانمان , ئەوانەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕەوانەی بەغدا کران .
تکا لە شکۆدارتان دەکەم ئەم بروسکەیەم ( وەرگێڕنە سەرزوبانی ئینکلیزی - ک.م. ) و وێنەی پێشکەشی ( کۆمەڵەی گەلان) لە جنێف بکەن.

تێبینی :- فۆتۆی حەپسەخانی نەقیب بۆ یەکەم جار لە ئەرشیفی نووسەر ( غفور ڕشید داراغا )وە بڵا ئەکەمەوە.
کۆمەڵەی گەلان = نەتەوەیەگرتوەکان
سەرچاوە - لاپەڕە ( 193 , 194 , 195 ) لە کتێبی
کورد و کوردستان لە بەڵگە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا - کەمال مەزهەر بەرگی یەکەم 2009 چاپی دووەم, پوختە کراو, ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە , شەهلا تاهیر حەیدەری
تێبینی ئەم بابەتە لە فەیسبوک وەرگیراوە وەک خۆی بڵاوم کردەوە لە گەڵ ڕێزو سوپاسم.

# وەسیەتی قانع بۆ وریای کوڕی

وریا سەد ئامان ، دایم وریابە .
بۆ هەموو کەسێ چەشنی برابە .
نەشێخ ، نە سۆفی ، نە مامۆسابە ؛
ئارەق بڕێژە و ، ڕوو لە هیوابە ..

ڕۆڵە هەرکەسێ نانی خەڵکی خوارد ؛
وەکیلی سواڵی بۆ سەر خەڵقی نارد ؛
بۆ ڕۆن ، بۆ شەکر ، بۆ پارە ، بۆ ئارد ؛
یاخوا بمێنێ بە هەناسەی سارد !

چەن خۆشە کورم ئارەق بڕژێنی !
لە دەشت و دەرا ، غیرەت بنوێنی ؛
نانی سەپانی خۆت بە دەس بێنی ،
ڕیشەی تەمبەڵی لە بن دەربێنی ..

چاکی و پیاوەتی بەر مەدە لە دەس ،
بۆ هاشە و هووشە ، گوێ مەدە بە کەس ؛
وەنیە تۆ کەوب بی ، ئەم دنیا قەفەس ؛
برۆ هەر لایێ ، کە ئارەزووت هەس !

ڕۆڵە پیاوێکی تەواو پیاو بیت ،
لە ناو مێژووا خاوەنی ناو بیت ،
بۆ گەل و هۆزت ، دەروون سووتاو بیت ؛
نەک وەکوو یارۆ شێتی دراو بیت !!

نە بەرتیل خۆر بە ، نە دوعا نووس بە ؛
نە نۆکەر ئاغا ، بۆ نانە خووس بە ؛
نە شێتی کچان ، نە شەیدای لووس بە ؛
دوژمن بە گیانی دەستەی جاسووس بە !

ڕۆڵە بە دایم ڕوو کەرە خووا ،
هەرچی گا کێڵای ، نابێ گا بیخوا !
نیوەی دەست ڕەنجت هەر بۆ بێ نەوا ؛
خۆت ڕیسوا مەکە ، بۆ کراس و کەوا !!

هێندە بخوێنە ، کە خویندەوار بی ؛
لە ناو کۆمەڵدا زرنگ و ، هوشیار بی ؛
بە ناوی چاکە تۆزێ دیار بی ،
چ لە لادێ بی ، یاخۆ لە شار بی !

ڕۆڵە هەرکاتێ کە وا من مردم ؛
لە ناو گۆڕخانە تەسلیمت کردم ؛
مەڕوانە بۆ ئەوە ڕەنجە من بردم ؛
مەڵێ من تورکم ، وەکوو تۆ کوردم !

ڕۆڵە سەد دەخیل مەلایی مەکە !
ئیشی چاو شۆڕی و ، ڕیسوایی مەکە !
درۆ و ، دەلاسەی خۆڕایی مەکە !
خۆت بە محکوومی ئاوایی مەکە !

ڕۆڵە هەرکەسێ کە هوشیار نەبێ ،
بۆ گەل و هۆزی خزمەتکار نەبێ ،
ئەگەر برات بێ ، لەلات یار نەبێ ؛
دڵت بۆ ئێشی بریندار نەبێ !

ڕۆڵە نۆکەری بۆ ئاغا مەکە ؛
کڕنووش بۆ خانم ، بۆ کوێخا مەکە ؛
لە شێخ و سۆفی مەرحەبا مەکە ؛
بە درۆ و چاوڕاو، نان پەیدا مەکە !!

ڕۆڵە تەماعکار مەگرە بە برا،
خۆت بسووتێنە و ، ببە بە چرا ،
بۆ سوودی هۆزت دەس کە بە هەرا ،
درۆ و دەلەسەی ناپیاو دەرخرا !

ڕۆڵە عیسایی یاخۆ مووسایی ؛
مەچۆ بە گژیا ، هەر بە خۆرایی !
هەتا ئەتوانی بە دڵ نەوایی ؛
بیهێنە سەر ڕێ ، ڕێگەی برایی !

چۆن ڕۆژێ ئەبێ کە بە کارت بێ ؛
بۆ باری شانت ، کە خەم خوارت بێ ؛
لە خەمخواردنا ئەویش یارت بێ ؛
وەک برای پشتی هەر هوشیارت بێ !

ڕۆڵە من دایم نامێنم بۆ تۆ !
هۆشت بەخۆ بێ ، نەبی ڕەنجەڕۆ !
بە هۆشەی زۆردار ، مەبە دەسخەڕۆ !
لەسەر خو و ڕەوشت پیاوانە برۆ !

ڕۆڵە من زەمان یارمەتی نەدام ؛
هەلێ هەڵنەکەوت ، بگەم بە مەرام ؛
دایم گەردن کەچ ، کڕنووشی سەلام ؛
لارەمل بەردەم ، ئاغا و مام کوێخام !!

(شاعیری چەوساوەکان مامۆستا قانع)





# کاتێك چەرچڵ داوای کرد شیعرێکی مەلای جزیری بۆ وەربگێڕن


## چەرچڵ و ئینۆنینو
## بەکر شوانی

کتێبی "بیرەوەرییەکانم"ی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی کورد موسا عەنتەر (١٩٢٠-١٩٩٢) لێوانلێوە لە ڕووداوی مێژوویی و سەربووردەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کوردەکانی سەدەی بیستەم و هەندێك کەسایەتیی تورك و بیانی کە پەیوەندیان بە کورد و دۆزەکەیەوە هەبووە. یەکێك لەو ڕووداوانە بەسەرهاتی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ونستن چەرچڵ و سەرۆك کۆماری تورکیا عیسمەت ئینۆنینووە*.

موسا عەنتەر ساڵی ١٩٥٦ لە بەیئۆغلوی ئیستانبوڵ ڕێستۆرانت/کانتینێکی گەورە و بەناوبانگی دەبێت و هەر خۆیشی بەڕێوەی دەبات. ڕۆژێك تەماشا دەکات وا دوو پیاوی بەتەمەن بەرەو ڕێستۆرانتەکەی ئەم دێن. ئەمیش لە دوورەوە هەردووکیان دەناسێتەوە؛ یەکێکیان پرۆفیسۆر تاهیر تانەرە کە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیستانبوڵ مامۆستای موسا عەنتەر بووە و ئەویتریشیان وەزیری پێشووتری دەرەوە نوعمان مەنەمەنجیئۆغلووە.**

ئەم جووتە هەفتەی چەند جارێك دێن بۆ لای موسا عەنتەر و ئەمیش خزمەتێکی جوانیان دەکات. دوای ئەوەی ڕایەڵەی متمانە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، ڕۆژێك مەنەمەنجیئۆغلو ئەم بەسەرهاتە بۆ موسا عەنتەر دەگێڕێتەوە:

هاوینی ساڵی ١٩٤٣ و لە گەرمی شەڕی دووەمی جیهاندا سەرۆکی ئەمریکا ڕۆزڤێلت و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ، ئینۆنینوو و منیان بانگهێشت کرد بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی قایلمان بکەن ئێمەش بچینە شەڕەوە. ئینۆنینوو دڵی پێوە نەبوو تورکیا لە شەڕدا بەشدار بێت. ئەو داوای دەکرد هاوپەمانان سوپای تورك پڕ چەك بکەن و ئەوسا داوای شەڕی لێ بکەن. بەڵام نە چەرچڵ و نە ڕۆزڤێلت باوەڕیان بە تورك نەبوو، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو دوای پڕ چەککردنمان بچینە پاڵ ئەڵمانیا. کاتێك زانیان ئینۆنینوو مل نادات، هەردووکیان ویستیان بە پرسی کورد چاوترسێنمان بکەن. چەرچڵ ڕووی لە ئینۆنینوو کرد و لەپڕ لێی پرسی: "پاشا، تۆ کوردی دەزانیت؟" ئینۆنینوو سەری لێ شێوا و نەیزانی چی بڵێت. تاوێك چاوەڕێم کرد و ئەو هەر هیچی نەگوت. ئەمجار من هاتمە نێوانەوە و گوتم: "ئەکسیلێنس، ئێمە کوردی نازانین. لای ئێمە کوردی ئاخێو نییە و زمانیکی لەو جۆرەش بوونی نییە." توومەز چەرچڵ گرووپێك ڕۆژهەڵاتناس و پسپۆری زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە یەکێك لەوانەی پرسی: "مستەر، وایە؟ زمانێك نییە بەناوی زمانی کوردی؟" کابرا دیار بوو پێشتر خۆی ئامادە کردبوو، یەکسەر هەستایە سەرپێ و گوتی: "چۆن شتی وا دەبێت گەورەم! زمانێکی کوردیی خاوەن ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەند هەیە. ئەگەر مەیلتان لێ بێت، دەتوانم شیعرێك لە دیوانی مەلایێ جزیری بخوێنمەوە." ئێمە تا ئەو کاتە ناوی ئەو شاعیرەمان نەبیستبوو. چەرچڵ گوتی: "بیخوێنەوە!" کابرا شیعرێکی خوێندەوە کە ئێمە لێی تێ نەگەیشتین، بەڵام زمانێك بوو نزیك لە فارسی و ئاهەنگ و میلۆدییەکی فرە نایابی هەبوو. کابرا گوتی ئەو شیعرە کوردییە. چەرچڵ گوتی: "ئەو شیعرەمان بۆ بنووسەوە!" کابرا شیعرەکەی لەسەر کاغەزێك نووسی. چەرچڵ گوتی: "وەری بگێڕە سەر ئینگلیزی!" ئەمجار داوای کرد وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی و ئەو فەرمانەیشی بەجێ هێندرا. دواجار دەستووری دا شیعرەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکیش. پاشان بە منی گوت: "مسیۆ، تۆش وەرە بڕوانە! با بزانین ئەم تێکستە لەم سێ زمانەدا ناچار بوو بۆ گوزارە لەخۆکردن چەند وشەی بیانی بەکار بهێنێت؟" دەقە فەرەنسییەکەی شیعرەکەی جزیری، جگە لە وشەی فەرەنسی،




هیچ وشەیەکی تری بیانی تێدا نەبوو. لە دەقە ئینگلیزییەکەدا سێ و چوار وشەی بەڕەچەڵەك لاتینی هەبوو. لە شیعرە کوردییەکەشدا چوار-پێنج وشەی عەرەبی هەبوو. بەڵام کاتێك هاتینە سەر دەقە تورکییەکە، جگە لە (در) و (ئیلە)، یەك وشەی تورکی تێدا نەمابوو. هەندێك لە وشەکانی دەقە تورکییەکە فارسی و برێکیان عەرەبی و ئەوانی تریشیان لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگیرابوون. چەرچڵ هەر چوار لاپەڕەکەی خستە پێش ئێمەیش و بە ئاماژەیەك کە واتای "شەرم لە خۆتان ناکەن!"ی دەگەیاند، گوتی: "فەرموون بەڕێزینە، دەوڵەمەندیی ئەو زمانی کوردییە ببینن کە زمانی زگماکی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی وڵاتەکەتانە و ئێوە نکۆڵی لە هەبوونی دەکەن!" من بە درێژایی سەردەمی مانەوەم لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا ڕۆژێکی ترم بیر ناکەوێتەوە هێندەی ئەو ڕۆژە تیایدا تەنگاو بووبم.

*عیسمەت ئینۆنینوو (١٨٨٤-١٩٧٣): لە ١٩٢٣ تا ١٩٣٧ سەرۆك وەزیران و لە ١٩٣٨ تا ١٩٥٠ سەرۆك کۆماری تورکیا بوو.

**نوعمان مەنەمەنجیئۆغلو (١٨٩١-١٩٥٨): دیپلۆماتێکی ناسراوی تورك بوو، لە ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ وەزیری دەرەوە بوو.


وێنەکە: چەرچڵ و ئینۆنینوو

# کورتەیەك دەربارەی هەندێك لایەنی شاراوەی ژیانی خولە پیزە

تێکۆشەر ناوی مەحمود محەمەد ئەمینە (خولە پیزە) وەك باس دەکرێت لە بنە رەتدا خەڵکی گوندی (چەمیاڵە) بووە لە سنووری شارباژێر نزیك گوندی نۆرك و دەورو بەری وڵیاوا خێزانکی هەژارو دەست کورت بوون ژیانێکی کوللە مەرگیان بە سەر بردووەو بە کشت و کاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریك بوون بەو جۆرەش وازیان لێ نەهێناوە کە بە هۆی مردنی باوکیەوە ئەرکی

بەخێو کردنی خێزانەکەیانی لە ئەستۆدا بووە کاتێك مەفرەزەی پۆلیس لە چوارتاوە ئەچن بۆ گرتنی بە هۆی دوا کەوتنی خزمەتی سەربازیبۆ رژێمێك کە پەیوەنی بە کوردەوە نەبووە، خۆی ئەشارێتەوە لە ماڵەکەیان و دایکییشی کەناوی پیزەیە بە قورئانێکەوە ئەچێتە پێشوازی پۆلیسەکان و داوایان لێ دەکات واز لە خولەی کوڕی بهێنن و نەیگرن بە سەرباز چونکە کەسیان نیە بە خێویان بکات پۆلیسەکانیش زۆر بێ رێزی پێ دەکەن و پاڵی پێوە ئەنێن و قورئانەکەی لە دەست ئەپەڕێت کاتێك خولە پیزە ئەو بێ رێزیە ئەبینێت کە بەرامبەر بە دیکی و قورئانەکە کراوە خۆی پێ ناگیرێت بەو تفەنگە کۆنەی کە هەیان بووە کە ئەوسا زۆرتر تفەنگی (ماهێر)و(سێ تیر)و یانزە تیر) بووەو لە شوێنی خۆ حەشار دانەکەیەوە تەقە لە پۆلیسەکان دەکات و سەردەستەکەیان کە ئازاری دایکی دابوو بە ناوی (حەمە ئەمین بانی شاری) دەکوژرێت و ئەوانی تریشوەك کۆمەڵەی گزگل لە ترسا رادەکەن و خولە پیزەش قاچاغ دەبێت و ئەچێتە شاخ و هەمیشە کۆمەڵێك خەڵکی ئازای لەگەڵ بووە کەناو بەناو کەم و زیادیان کردووە حوکمەتی ئەوسای عێراقیش لە ساڵانی سیەکان و چلەکاندا هەمیشە بە هێزی سەربازی و پۆلیس و جاش کە پێیان ئەوترا(غیر نیزامی) لە هەوڵی لە ناوبردنیدا بوون بەڵام بەهۆی ئازایەتی و لێهاتووی خۆی هەم پارێزگاری لە خۆی کردووە هەم دژایەتی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی کردووە کە بە هاوکاری یەکتر هەوڵی لە ناوبردنیان داوە و لە دەیان شەڕدا توانیویەتی خۆی دەرباز بکات، لە شەڕێکی سەختدا لە شاخی بەردەبەکۆزی نزیك سورکێو تایەری برای کەلەگەلیدا بووە بریندار دەبێت و بە برینداری ئەیبەنە گوندی (چەمیاراو)ی ئێران نزیك گوندی (سیاگوێز) لە ناحیەی گەرمك لە ماڵێك دای ئەنێن و تەداوی دەکرێت بەڵام بە داخەوە لە لایەن خۆفرۆشێکەوە خەبەری لێ ئەدرێت و هێزێکی زۆری جاش و پۆلیس ئەچنە چەمپاراو و دەوری ماڵەکە دەگرن و پاش گەڕان بە برینداری دەست گیری دەکەن و ئێوارە درەنگ هێنرایە مەخفەری پۆلیسی گۆڵێ لەبەر درەنگی کات و لە ترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە نەبرایە پێنجوێن و لە مەخفەری گۆڵێ هێڵرایەوەو پۆلیسێکی زۆر ئێشکی مەخفەرەکەیان گرتبوو لەترسی پەلاماری خولەی برای ئەو شەوە لەلایەن خەڵکی (گۆڵێ)وە خواردن و جل وبەرگی زۆری بۆ برا بەڵام رێگە چارەو دەستەڵاتێك نەبوو بۆ ئازاد کردنی و بە داخەوە رۆژی دواتر برایە پێنجوێن و دواتر سلێمانی و دوای دادگایی کرانی لە لایەن دادوەرێکەوە بە ناوی(حاکم عبدالباقی)ناوێك لە بەر دەم سەرای سلێمانی فەرمانی کوشتنی جێ بە جێ کرا و لەو سنوورەدا تا ئێستاش وەك گۆرانی کارەساتی بریندار بوون و گرتنەکەی وەك کۆرانی ماوەو ئەوترێتەوە وەکو(تابووتی بۆ بکەن لە توڵی لاولاو..تایەری تێکەن بەرەو چەمپاراو) یان (ماشێنێك هاتووە شینی قەزوانی..تایەریان تێکرد بۆ سلێمانی)و لەم بابەتانە.

خولە پیزە نەی هێشت خوێنی تایەری برای بە فیرۆ بڕوات جگە لەوەی کە چەندین کەسی لە پیاوانی رژێم کوشت بڕیاری دا تۆڵە لەو حاکمەش بکاتەوە کە فەرمانی کوشتنی تایەری برای دەرکردبوو بۆیە لە کاتێکدا حاکم عبدالباقی بۆ دەوام لە سلێمانیەوە ئەهاتە پێنجوێن لە سەر پردەکەی ناڵبارێزی ئێستا بۆسەی بۆ دا ئەنێت کاتێك حاکم عبدالباقی دەگاتە ئەو شوێنە تەقەی لێ دەکات و لە تۆڵەی تایەری برای دا دەیکوژێت دوای ئەوە ماوەیەکی تر بەردەوام بوو لە شاخەو شاخ و گوند بە گوندو رژێمی ئەوسای عێراقیش هەم هەوڵەکانی چڕتر کردبووەوە و هەم هێزەکانیشی زیاد کردبوو بە مەبەستی لە ناو بردنی تا سەرئەنجام لە شەڕێکی دەستەو یەخەی قارەمانەدا لە شاخی کەتوو ئەکوژرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت بەڵام تا ئێستا ناوی لەسەر زاران و لە ناو ناواندا هەر ماوە---- هەندێك کەس تا ئێستا خولە پیزە بە پیاو کوژ دائەنێن و بە چەتەو رێگری ئەزانن بەڵام خولە پیزە



South Kurdistan – Penjwin Xwla Pize, 1950s

خولە پیزە، ناوچەی پێنجوێن باشوری کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٠کان



وەك سەدان خێزانی ئەو سەردە لەلایەن پیاوانی ئەوسای رژێمی عێراقەوە ستەمیان لێ دەکرا ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کە ستەمی پێ قبوڵ نەکراو دژی ئەو رژێمە چووە شاخ و چەکی کردە شان بۆ پارستنی خۆی بەڵام پیاوانی رژێم شەو و رۆژ لەشاخ و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵەکاندا بە دوایەوە بوون بۆ کوشتنی ئەویش بۆ بەرگری لە گیانی خۆی ناچار بوو ئەوانە بکوژێت کە هەوڵی کوشتنیان دەدا هەرگیز دژی هەژاران و زوڵم لێکراوان نەبووە و نە جەنگاوە بەڵکو دژی زۆرداران و زاڵمان و خوێن مژان بووە تا ئەو رۆژەی کوژراوە.

# هەموو کوردێ پێویستە:

* چیرۆکی ئەم جەنگە خوێناوییەی نێوان توورکە مەگۆلەکان و گەلی (یەمەن) بخوێنێتەوە، تا بزانن، ڕۆڵەکانی گەلی (یەمەن)، چۆن داکۆکییان لە ئابڕووی خۆیان و بستبەبستی خاکی نیشتمانەکەیان کردووە!


* گوێ لە ئەم ڤیدیۆیەش بگرن، تا بزانن، توورکە مەگۆلەکان، چۆن بۆ سەربازە داگیرکەرەکانیان دەگرین و دەلاوێننەوە!

جەنگی (مەزبەح)
نێوچەیەک لە (یەمەن) لە خۆراوای (سەنعا)وە هەیە، بە (مەزبەح - کوشتارگە) ناوی دەرکردووە. لەبەرئەوەی لە مێژوودا، گەورەترین جەنگ و کوشتاری تێدا کراوە. توورکە مەگۆلەکان، بە لەشکرێکی (7) هەزار جەنگاوەرەوە، لە خۆراواوە چواردەوری شاری (سەنعا)یان گرتووە و ویستوویانە، داگیریکەن. بەڵام لە ماوەی یەک هەفتەدا، هەموویان کوژراون و یەک سەربازیان نەگەڕاوەتەوە. ئیدی توورکەکان شێت و هار بوون، چونکە تێکشکانی وایان بە خۆیانەوە نەدیوە و پەلاماری هەر شوێنێکیان دابێ، وێرانیانکردووە و گرتوویانە.
دووەمین جار، (40) هەزار سەربازی دیکەیان ناردووە، دیسانەوە زۆربەی هەرە زۆریان کوژراون و تێکشکاون. لەبەرئەوە بۆ سێیەمین جار، (40) هەزار سەربازی دیکەیان ناردووە. واتە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بە هەمووی (87) هەزار سەربازیان ناردووە.
بە ئەم سوپا گەورەیەوە، هێرشێکی گەورەیان بەرەو (سەنعا) کردووە، جەنگێکی قورس لە نێوان سوپای توورک و تیرە و هۆزەکانی (یەمەن)دا بەرپابووە. لە ئەنجامدا توورکەکان توانیویانە، لە خۆراواوە تا قەراغ شاری (سەنعا) بڕۆن، نزیکەی (25) هەزار سەربازیشیان لەگەڵ بووە. بەڵام لە ئەو نێوچەیەدا، بەهێزترین و گەورەترین جەنگ لە مێژوودا، لە نێوان لەشکری داگیرکەری توورک و خێڵە نیشتمانپەروەرەکانی (یەمەن)دا ڕوویداوە. تەنیا لە یەکەمین ڕۆژدا، (12) هەزار سەربازی توورکیان کوشتووە و ئەوەی ماویشەتەوە، پاشەکشەیانکردووە و هەڵاتوون. واتە لە ئەو (87) هەزار سەربازە توورکە داگیرکەرە، تەنیا (5) هەزار سەربازیان لێ دەرچووە و بەرەو ئاخووڕەکانی ئیمپراتۆریای (عوسمانیی) ملیان ناوە. لەبەرئەوە ئەو نێوچەیە لە مێژوودا، بە (مەزبەح - کوشتارگە) ناوی دەرکردووە!
سەیر ئەوەیە، لەشکری توورکەکان، ڕوویان لە هەر وڵاتێ کردبێ، یا دانیشتووانەکەی لە ترساندا، بێ جەنگ خۆیان بەدەستەوەداوە، چونکە نێوبانگیان بە ڕەشکوژیی و قڕکردنی دوژمنەکانیان دەرکردووە. یا گەر خۆیان بەدەستەوە نەدابێ و بەربەرەکانیانکردبێ، ئەوا توورکەکان لە جەنگەکەدا سەرکەوتوون و وڵاتەکەیان داگیرکردووە. ئینجا بەپێی یاسای ئاییینی (ئیسلام)، جگە لە ڕەشەکوژییەکی گشتیی، سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان تاڵانکردووە، ژن و کچەکانیشیان بە (سەبایا) بردووە. بۆیە توورکەکان، هەر لە کۆنەوە تا ئێستەش، ساڵانە یادی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەکەنەوە، بۆ سەربازە بێ گۆڕەکانیان دەگرین، سروودی نەتەوەییان بۆ دەهۆننەوە و بۆیان دەلاوێننەوە!
توورک و گەلانی دیکەی بندەس
توورکە مەگۆلە موسوڵمانە داگیرکەرەکان، ئێستەش دڵیان بۆ سەربازەکانی لەشکرە داگیرکەرەکەیان ژاندەکا، کاتێ (3) جار پەلاماری وڵاتی (یەمەن)یان داوە، تا دانیشتووانەکەی خەڵتانی خوێن کەن و وڵاتەکە داگیرکەن. بەڵام شێرەکورانی تیرە و هۆزەکانی (یەمەن)، ڕۆژی ڕووناکیان لێ کردوون بە شەوی تار، بە هەزاران لاشەیان پێ بەجێهێشتوون و بە ملی شکاو گەڕاونەتەوە. ئێستەش یادی ئەو سەربازە گومناو و گۆڕانە دەکەنەوە و بەسەریاندا هەڵدەدەن.

کەچی هەر ئەم توورکە مەگۆلانە، جگە لە ئەوەی ماوەی (728) ساڵ دەبێ، بەشێکی هەرە گەورەی باکووری (کوردستان)یان داگیرکردووە، بە هەزاران ژن و مناڵ و لاوی کوردیان کوشتووە، تازەش مرخیان لە باشوور و خۆراوای (کوردستان) خۆشکردووە، بۆئەوەی ناسنامەی گەلەکەی بسڕنەوە و زمانەکەی لەنێوبەرن، لە بۆتەی نەتەوەی توورکدا بیانتوێننەوە!
ئایا توورکە داگیرکەرەکان، کەی پەند لە مێژووی ڕەشەکوژیی گەلانی دیکەی وەک (ئەرمەن، کورد ...) وەردەگرن؟!! تا کەی دەس لە خوێنڕشتی کورد هەڵناگرن؟! بۆچی (عەفرین) و (جەرابلوس)یان داگیرکردووە و دانیشتووانەکانیشیان دەربەدەرکردووە؟! هەڵبەتە ئەوەتەی خوا توورکە مەگۆلەکانی درووستکردووە، هەروا بێبەزەیی، دڵڕەق، بێویژدان، داگیرکەر و تاڵانکەر بوون، ئاییینەکەش ڕێی بۆ خۆشکردوون و ڕێی ئەو ڕەشەکوژیی و تاڵانوبڕۆیەی داون!
ئاخر ئەوەتەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەیە، داکۆکیی لە خاکی نیشتمانەکەی خۆیان دەکەن، بەڵام لەبەردەم دوژمنی داگیرکەردا، خۆیان بۆ نەگیراوە و هەڵاتوون، هەمووشتێکیشیان لە دەسداوە، بۆیە بە ئەم ڕۆژە ڕەشە گەیشتووین!

2 .9 .2019

تێبینی: ئەم جەنگە گەورە خوێناوییە، لە سەردەمی سوڵتان (سولەیمانی قانوونی)، ساڵی (1538 ز.) ڕوویداوە.
حسێن عزیز
تێبینی ئەم بابەتە ئەتوانیت بە ڤیدیۆش لە ئینتەرنێت(گوگڵ)ببینیت.
یادنامە



# هـــۆ خاوەن دەسەڵات

کۆتا نامەکەی سەیف ئیسلام کوڕی قەزافی

سەیف ئیسلام کوڕی زەعیم معمەر قەزافی دەگێرێتەوە، پێش ئەوەی دۆخی لیبیا تێك بچێت و، بەهاری عەرەبی بەگەرمی بگاتە لیبیا، دوو راوێژکاری بیانی خەڵکی روسیا ، ئاگاداری باوکمیان کردەوە، کە ئەمەریکا هەوڵ دەدات بەهاری عەرەبی بیگەیەنێتە ناو لیبیا ، بۆ ئەوەی ئێوە لەسەر تەخت و کورسی لاببات، جا داوادەکەین ، بەپەلە چەندین بڕیار دەربکە خۆش گوزەرانی و باشکردنی ژیانی خەڵکی و لێبوردنی گشتی و دوو مووچەی زیادە و هاوکاری ئەفسەرانی خانەنشینکراو، چەندین بڕیاری تر بدە، تا لەسەر کورسی بمێنیتەوە..

ووتی قەزافی گاڵتەی بە راویژکارە بیانی یەکان هاتوو، ووتی: من زەعیمم و ڕێبەری لیبیام کەس ناتوانێت ببێتە هەرەشە بۆ سەر کورسی یەکەم...

سەیف ئیسلام دەڵێت کاتێك ئەو قسانە بۆ باوکم کرا، من داچڵەکیم و ترسم لێ نیشت، بە باوکم گووت: ئەمرۆ خاوەنی 52 ملیار دۆلاری بە پارەی نەختینەو زێر، تکایە باوکە ئەو ڕاویژکارانە چی دەڵێن جێبەجێ بکە، ئەگەرنا کە خەڵکەکە هەستان و خۆپیشاندانیان کرد، روسیا و هیچ وڵاتێك ناتوانن رزگارت بکەن، تەنانەت عەشیرەتەکەشمان کە نزیکەی 500 هەزار کەس دەبن....

ووتی باوکم گاڵتەی پێ هات

کاتێك لەشاشەکانەوە بڵاو کرایەوە قەزافی منداڵێك دەستگیری کردووەو، بەدەست منداڵەکەوە دەگری و دەڵێت چیت بوێت بۆت دەکەم، بەس مەمکوژن....

تێگەیشتم دەستەڵات هەموو شتێك نیە، کاتێك میللەت تووڕە دەبێت، منداڵەکانی خۆشت فریات ناکەون...

قەزافی پاش خۆی 52 ملیار دۆلار نەختینەو زێڕی جێهیشت....

ئێستا لە لیبیا کەس ناوێریت بڵێت لە عەشیرەتی قەزافیم ..

ئەم مێژووەی قەزافی دەرسێکە بۆ


هەموو دەسەڵاتدارێک غەردرو کەموکوڕی هەبێت لە ئاست هاوڵاتیانی خۆیدا،


کورسی دەسەڵات بۆ هیچ کەسێک تاسەر

نەبووە و ناشبێت،،،؟؟؟؟؟؟

**وەرگیراوە**






# 6ی ئە یلوولی 1930 ، یەکەم راپەڕینی شەپۆلی شەقامی شاری سلێمانی ..

91 ساڵ لەمەو بەر ، بۆ یەکەمین جار، یەکەمین راپەڕینی شەپۆلی خەڵکی شار ی سلێمانی ، لە هەموو چین و توێژینەوەکان ، ژن ،پیاو منداڵ ورۆشنبیر و کاسبکار و مامۆستا و خوێندکاربە گیانێکی پڕلە تەحەدای بەرگرییەوە ، لە بەردەرکی سلێمانی،بە یەک هەڵوێست دژ بە ئینگلیزەکان و ئەلقە لەگوێیەکانیان وەستانەوە و راپەڕین .
بەریتانیا بە پێی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو ، پێش ئەوەی عێراق بکەن بە ئەندامی (عصبە الامم)،ویستیان پەیمانێک لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆر بکەن ، بۆ کۆنترۆڵی بەردەوامی دەسەڵاتیان و مانەوەیان لە عێراق ، بۆ بەتاڵان بردنی نەوت بۆ بە گەڕ خستنی کۆمپانیا کانیان .
گەلی عێراق وحیزبە سیاسییەکان و رۆشنبیران و کەسێتییە دیارەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا دژی ئەو پیلانە وەستانەوە ،بەریتانیا هەموو تواناى خۆی خستە گەر ،بۆ مۆرکردنی ئەو پلانە و کردی بە مەرجێکی بنەڕەتی ، بۆ وەگرتنی عێراق لە (عصبە الامم )، بەرنامەکەی سەپاند بەسەر سیاسەتمەداران و کاربەدە ستانی عێراق ، گە ر ئەوپەیمانە لە پەرلەمانی عێراق مۆر نەکرێ، عێراق ناخرێتە ناو (عصبە الامم )، لەوانەیە ولایەتی موسڵ ی لە سەر لاببرێت .
ئینگلیزەکان لە و بارودۆخە ئاڵۆزە و ململانیانەدا، توانیان مەبەستەکەی خۆیان بسەپێنن ، کاربەدەستە نەتەوە پەرستە عەرەبەکانیش ناچار بکەن ، بەرامبەر ئەو پەیمانە بێ دەنگ بن ، ئەو پەیمانە لە 30 / 6 / 1930نوێ کرایەوە ، بەڵام لە تۆمارە مۆرکراوە وقبوڵکراوەکەی عێراق دا ،لە (عصبە الامم ) ، بە هیچ شێوەیەک باسی مافە سەرەتاییەکانی کورد نەخرابوە روو ، ئەو سەردەمە زۆر لە نەتەوکانی دنیا ، لە ناو خاکی خۆیاندا ، بە مافی چارەنووسی خۆیان گەیشتن .
گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانەوە ، بە یەک دەنگ وبە یەک هەڵوێست و رای گشتی ، بەرامبەر ئەو پەیمانە وەستانەوە ، بە بەرزکردنەوەی سکاڵا ویاداشت ،تەلگراف بۆ(عصبە الامم )و ناردنی نامە ی تایبەت بۆ مەندوبی سامی بەریتانیا .
لە پەیمانی 1930 ئینگلیزەکان ویستیان نوێنەری نوێ بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژێرن ، لەو سەردەمەدا هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا ، یەکەم جار (منتخب ثانوی ) هەڵبژێرا، دواتر بە پێی ناوچەکان ، خەڵک لە ناوچەکان دا، (نائب ) یان هەڵدەبژارد .
شەپۆلی راپەڕینی شەقامی شاری سلێمانی دەیانزانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆئەوەیە، مۆری ئەو پەیمانە نوێ بکەنەوە ، کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا کراوە ، لە 6 ی ئەیلوولی 1930 ، راپەڕینێکی نەتەوەیی نوێ بوو، لە رووبەرووبونەوەیەکی راستەوخۆ، لە بەردەرکی سەرای شار ، سەراپا شەقام وکۆڵان و گەڕەکەکانی شاری سلێمانی هەژاند ،ئەو راپەڕینە گشتی یەی شەقام ، بووە مایەی تێرامانێکی قوڵ و کاریگەر لە لای خەڵک ، بەجۆرێک دەنگی دایەوە ناونرا (رۆژە رەشەکەی ئەیلوولی خوێناوی ).
لە 28ی نیسانی 1930بڕیاردرا تۆفیق وەهبی بەگ لە (امر المدرسە العسکریە الملکییە دار التدریب )ەوە بکرێت بە متەسەریفی سلێمانی ، لە مانگی نیسان دا کرا بە متەسەریفی سلێمانی ،( ژیان) ستایشی زۆری ئەم کەڵە پیاوەی کرد ، لە 10ی مایس دا چووە سەرکارەکەی ، لەو کاتانەدا جم و جوڵ و نارەزای خەڵک بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و عێراق بەرپا بوو ، تۆفیق وەهبی بەگ هانی کوردەکانی دەدا ، بۆئەوەی بەردەوامبن لە سەر نارەزاییەکانیان دژ بە ئینگلیزو عێراق.
ئەو سەردەمە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بەرگری ورۆشنبیری وسیاسی کورد لە سلێمانی ، گەیشتبووە ئاستی رووبە رووبونەوە، حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان ، زانیان ئەو کەسەی ئەوان دایان ناوە بە متەسەریفی سلێمانی ، لە گەڵ نەخشەو بەرنامەکانی ئەوان دا نییە ، لە گەڵ هەڵوێستی گەلەکەی دایە ، تەواوکەری راو بۆچونی شەپۆلی شەقامە ، دوای 4 مانگ، تۆفیق وەهبی بەگ لە ئەیلوولی 1930 لەسەر کارەکەی لابرا ، گوێزرایەوە بۆ بەغداد، بەمەش شەپۆلی نارەزای شەقام سەری هەڵدا .



هەر ئەو کاتەش (ف .ت)، پیاوێکی خۆبەرە پێشەوە و ماستاوچی بوو ، دەمێک بوو هەڵپەی بۆ کورسی دەسەڵات دەکرد، ئینگلیزەکان ویستیان ئەو بکەن بە متەسەریفی سلێمانی ، بۆ ئەوەی دەنگی نارەزای شەپۆلی شەقامی شار کپ بکەن ، (گاوەن) موفەتیشی ئیدارەی سلێمانی بوو ، بە مۆڵەتی 6 مانگ سەفەری کردبوو ، (ئەلبان) وەکیلی (گاوەن) بوو ، هەموو دەسەڵاتێکی رەهای بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداری وسەربازی شاری سلێمانی پێ سپێرابوو، ئەم گۆڕانکاری یە کت و پڕە ، بوو بە هۆی سەر هەڵدانی ئەو رووبەرووبونەوە گەورەیەی راپە ڕین ی شەقامی شار.
لە هەڵبژاردنەکەی ئەیلوولی 1930دا ،نوری سەعید کرا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق ، هەموو هەوڵ و تواناکانی بۆ پێشێل کردنی مافەکانی کورد بوو ، بە شێوەیەکی توندو تیژ، کەوتە بەربەرەکانی شەپۆلی نارەزایی شەقامی شار ، لە 5ی ئەیلوولی 1930 شەپۆلی شەقامی شاری سلێمانی لە بەردەرکی سەرا کۆبونەوە ، دەرگای قوتابخانەکان داخرا ، بێکەسی شاعیر ومامۆستا . قوتابییەکانی قوتابخانەکەی بە سروود ی شاریان زیاتر هەژاند ، ورەی پۆڵایینی جەماوەرەکەیان باڵاتر کرد ، بازاڕودوکانەکان کپ و بێدەنگ بوون ، دەنگی نارەزای خەلک بە جۆرێک سەرای شاری هەژاند ، خۆی لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی نوێنەری راستەقینە ی خۆیان دا دەبینیەوە .شەپۆل شەپۆل خەڵک بەردەوام بوو لە خۆپیشا ندان و نارەزایی ، چەند دروشمێکیان بەرز کردەوە ؛

رەوابێ مەتالیبی کورد

بەرقەرار بێ عەدالەتی عوسبە ت لێومەم
.
سەعات 9ی بەیانی 1930 ،شەپۆلی خەڵکی شار ، لە خۆپیشاندانێکی گەورەو فراون دا ، بە یەک دەنگ ،دوایان لە دەسەڵاتداران کرد، بواریان بدەن ،خۆیان نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ، بەڵام ئەوان بەهیچ جۆرێک ئەو مافەیان پێ رەوا نەبینین ، ئینگلیزەکان بە پێ ی بەرنامەو نەخشەو پلانەی خۆیان، چەند کەسێکی بەکرێگیراو هەلپەرست یان دانابوو، بۆ نوێنەری شاری سلێمانی . هەر ئەو رۆژە هەیئەتی تەفتیش بۆ سەپەرشتیی هەڵبژاردنی (منتخب سانەوییەکان )یان ، (30) کەسێکیان لەسەرای سلێمانی کۆبونەوە بۆ هەڵبژاردنی نائیبەکان .

سەرانی (هەیئەی وطنیة) توندوتیژ نەبوون ، لە بەر ئەوە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکەدا نەکرد ، فایەق بێکەس شاعیرلە گەڵ قوتابییەکانی زانستی دا ، دوکانە کراوەکانیان داخست ، رۆڵی سەرەکی و دیاری لە هەژانی شەپۆلی شەقامی راپەڕین ی شاردا بینی ، دەنگی سروودی گرامەفۆنی چایخانەکان تێکەڵ بە هوتاف و شیعاراتی شەپۆلی شەقام دەبوو ، رێگای هاتو چۆی سەراو دەرەوەی سەرایان گرت،

پۆلیسەکان لە بەردەم رقی پیرۆزی جەماوەرە کەدا دۆش دامان ، نەیان دەتوانی بڵاوەیان پێ بکەن ، لە سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ بەردە فرکە بەرپا بوو، لەو کاتەدا میستەر ئەلبان وەکیلی موفەتیشی ئیداری ،داوای لە عەلی رەزا بەگ ی فەرماندەی سوپای عێراق لە حامیەی سلێمانی کرد ، سریە یەک سەربازیان بۆ بنێرێ، ئەو سریەیەش نەیتوانی بەرگری بکات ، دواتر داوای فەوجێک سەربازی کرد ، سەربازەکان خۆیان گەیاندە حەوشەی سەراو سەربان و شوێنە بەرزەکان لێی دامەزران .

مەترەلۆزەکانیانەوە رووبەرووی شەپۆلی خۆپیشاندەرکان کردەوەوتەقەیان لێ کرد ن ، بەپێی بەیانی رەسمی( 60) کەس شەهید کرا ،( 98 ) کەس دەسگیر کرا، (1) پۆلیس و (10) سەربازی سوپای عێراق کوژرا،( 13)سەرباز یش بریندار کرا ، ئەمەش ناوی هەندێ لە شەهیدەکانە : (حەمەی قالە ئاغال ، ئەحە رەش، حەسەن دەرویش، عەولە سسیس ، شەلە گون سووتاو، محەی خولە درێژ ، مستەفا بەگی فەتاح بەگ ، سەعەی حەمەی ئامێ، هەڵۆ بەگ ، حەمە چاوشین ، عەلی سی وجگەر ، عەزیزی مامە حەمە ).

ئەم کەسانەشیان دەسگیر کرد (فایەق بێکەس ، عەزمی بەگی بابان ، رەشۆڵ عەبدوڵا، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا ، شیخ قادری برای شیخ مەحمود ، میرزا تۆفیق ، رەمزی ئەفەندی ، عیززەت بەگی عوسمان بەگی پاشا ، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا ، محەمەد سالح بەگ ، مەجید ئەفەندی کانێسکان ، فایەق بەگی بابان ، شێخ محەمەدی گوڵانی ).



لە 7 / 9 / 1930 ، رۆژێک دوای راپەڕینەکە ،ئینگلیزەکان ئەم بەیانەیان دەرکرد :

بەیانی رەسمی ژمارە (40)

((بە بۆنەی هەڵبژاردنی هەییەی تەفتیشەوە لە لیوای سلێمانی وکۆبوونەوەی هەییەی هەڵبژێراو ،ئەمڕۆ لە مەرکەزی حکومەت ، مقاطیعنی انتخاب لە بەردەمی شوێنی کۆبوونەوەکەدا موزاهەرەیان کرد ، بەو هۆیەوە پێکدادان رووی دا ، هەندێل لە پۆلیس و سەبازو خەڵک ئەنگێوران ، پاش چەند دەقیقەیەک، ئاسایش گەڕایەوە ، ئەوانەی بوون بە هۆی ئەم رووداوە ، گیران، لێکۆڵینەوە بەردەوامە)).

راپەرینی سەرای سلێمانی لە شیعیری شاعیرەکان دا :

حەمدی :

رەبی مووی لێ بێ زمانی ،پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

بێکەس لە بەندیخانەدا:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم وشێوەم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت ،پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زکرو فکری تۆ غافڵ نەبووم ،وا تێ نەگەی
حەبس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردووتەوە

گۆران

بڵێن بە بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتیکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا
گەر خوای گەورە بەخشیی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ رۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە

پیرەمێرد:

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا کە بەخوێنی لاوان ئاو درا
بینە خزمەت عەرشی عێراقی بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردەو تاری سووربەرن بۆ ئەمیر بڵێن پاش کوشتارهێشتا تۆی دڵگیر
دەک خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا ئێمە خاکی غەم دەکەین بە سەرا
ئێوەش ئەو عەرشی بە خوین گوڵرەنگە سوجدەی بۆ دەبەن هیچ ناڵێن نەنگە
کورد نەمردوە خەیاڵتان خاوە بەراتی نەجات بە خوین نووسراوە

رای گشتی شەقامی شار

راپەرینی شەشی ئەیلول ، بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی شەقامی شار بوو ، لە ناوجەرگەی شاردا سەری هەڵدا ، بەسەرپەرشتی دەستەک لە رووناکبیرانی کورد ،لە سەراپا چین و توێژەکانی شار ، بە یەک دەنگ و یەک ریزو یەک هەلوێستی رای گشتی ، یەکیان گرت ، حکومەتی بەریتانیا و عێراق هەستیان بە مەترسی گەورەی ئەویەک ریزی و رای گشتییەی شەقامی شار کرد ، لەو راپەرینە مەدەنیەدا ، کۆمەڵگای کوردستان نوقمی بۆتەی دەربەگایەتی و نەخوێندەواری بوو ، بژێوی و دەرامەتی ژیانی هاوڵاتیان قورس و دژوار بوو ، یا لەو سەردەمەدا سلێمانی مەڵبەندی خوێندەواری و ئەدەب و رۆشنبیریی و هونەر و بزوتنەوەی خەباتی میللی نەتەوەیی بوو.

لە 11/10 / 1930 دا ،رۆژنامەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی سۆڤیەتی لە بارەی ئەو راپەرینەوە ، ئە م نوسینەی تۆمار کردبوو:

( هەرچەندە ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق ،ژمارەیەکی زۆریان لە کوردەکانی سلێمانی کوشت ،بۆ ئەوەی دەنگیان کپ بکەن ،بەڵام بەو تراژیدیایە، خە ڵکیان فێری راپەڕین کرد )

راپەڕینی شەپۆلی شەقامی سەرا، بوو بە وانەیەکی نوێ ، بۆ سەراپا راپەڕینەکانی تری ئەم شارەوهەموو ناوچە جیاجیا کانی کوردستان .

گۆڕانکارییە نوێییە کانی راپەڕین

* شەپۆلی شەقامی شار، لە بری ئەوەی پەنا بەرنە بەر چەک وشۆڕشی چەکداری ، پەنایان بردە بەر کاری سیاسی،وەک ( مانگرتن ، خۆپیشاندان ، نووسین ، بەیان نامە ،مەزبەتە ، دیالۆگ ).

*لە بری هەڵبژاردنی سەرەک خێڵ و دەرەبەگ وشێخ ،ئەمجارەیان رۆشنبیران و نووسەران و سیاساتمەداران رۆڵی گرنگ و دیاریان لە ناو گۆڕانکارییەکان دا نا .

*لە بری پەنا بردنە بەر شاخ و دۆڵ و نشێو و گوندو شوێنە چەپەلەکانی سەر سنوورەکان ، شەپۆلی راپەڕیوی خەڵک لە ناو جەرگەی شاردا ، لە بەردەرکی سەرا ، لەسەرشەقام و کۆڵان و گەڕەکەکان ی شار راستەوخۆ ، رووبەروو ی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق بونەوە.

راپەرینی 6ی ئەیلوولی شەقامی سەرای سلێمانی ، گەوەترین هەڵوێستی نوێ و گۆڕانکاریی نوێ بوو ، لە زەمەنێکی دیاری کراوی مێژووی دا سەری هەڵدا ، هەژانێکی گەورەی شەقامی شار بوو ، هێمای پڕلە شکۆ بوو بۆ سەراوشارەکەی ، هەرچەندە شەپۆلی شەقام بە زەبری هیز و مەترلۆز کپ کرا ، بەڵام ئەو راستەی بۆ دوژمنان خستە روو ، دەنگ و هەڵوێستی ناڕازی جەماوەر بە زەبری هیزو چەک و توندو تیژیی کپ ناکرێ.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوکان :

1-نەوشیروان مستەفا ، کوردستانی عێراق :سەردەمی قەڵەم و موراجەعات لە (1921- 1931)
2- محەمەد رەسول هاوار ،شیخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان ، ب 2.
3-جەمال بابان ، سلێمانی شارە گەشاوەکەم.
4-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ، شەشی رەشی ئەیلوول و یەکەمین جەماوەری شار ، کوردستانی نوێ ،ژ: 2553.
5-عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ،راپەڕینی سەرای سلێمانی ، شەشی ئەیلوولی سوور کرد ،کوردستانی نوێ، ژ: 1941




## بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ،نەمر گەشمردە دڵشاد تۆفیق بەنگینە ،هەناسەی بۆنی نێرگزو ،عارەقی ناوچەوانی عەشقی هەتاو و،پوزەوانەی ئامێزی ڕێگاو ،سەرتاپاشی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و هەناسەو سۆزی نیشتیمان بوو، لەئاسک تیژ ڕەوترو ،لەپڵنگ بەهەڵمەت ترو لەشێر بەغیرەت ترو ،هەڵۆیانە چیایی و یاخی بوو ،جارجاریش بازێکی گەرەمەسێر بوو ، کاکە دڵشاد لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٥ سلێمانی /گەڕەکی سەرکارێز ،قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ،هەر لەسلێمانی تەواو کردبوو ،ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردوستانەوەو ،زۆر چالاکانەو بە بڕواوە کاری بۆ کردووەو ،نمونەی خەبات تێکۆشەر بووە هەربۆیە ساڵی ١٩٧٨ کاتێ خوێندکاری کۆلێژی کارگێری و ئابوری بووە لەبەغداد ،دەزگا ئەمنیە بەعسی یەکان فشاریان خستۆتە سەرخۆی و هاوڕێ کانی هەندێکیان ئاشکرا بوون و گیراون و ئەم دەرباز بووە ،گەڕاوەتەوە سلێمانی و ماوەیەک بەنهێنی لەسلێمانی و چوارتا ماوەتەوە ،دوایش لەناوچەی دۆڵەڕووت و دۆڵی جافایەتی بووتە پێشمەرگەو کادرێکی زۆر بەتواناو دڵسۆزو خەباتگێر بووە ، لەناوچەکەدا زنجیرە کۆبوونەوەو چالاکی ڕێکخستووە بۆ ڕۆشنبیرکردنەوەی جەماوەر لە هەڵوێستەکان و کاری پێشمەرگانەی ئەو کاتە و مێژوو شۆڕشگێڕانەی کورد ،لەسنووری هەرێمی چوار و ناوچە جیاوازەکانی دۆڵی جافایەتی و ...هتد ،لەساڵی ١٩٧٩ بووە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنوسی نەمسایی کابلان کە ئەو کات خۆی گەیاندبووە کوردوستان بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕیپۆرتاژ و ووتارو دەربارەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد ،چەند ڕۆژێکیش بەنهێنی چووبونە ناو شاری سلێمانی و کاری باشی یان ئەنجام دا ،دڵشاد بەنگینە لێبڕاوانە لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی باش زانیووە ، کاری وەرگێران و ڕونکردنەوەو شارەزایی ناساندنی شوێن و ڕووداوەکان بووە بۆی ، سەرئەنجامیش ئەرکەکان بوونە کۆمەڵێ ووتارو ڕیپۆرتاژو ڕونکردنەوەو باسی خەباتی گەلی کوردو لە ،ڕاگوێزانی دێهاتەکان سوتاندنی ماڵ و باخ و رەزو خاکی نیشتیمان و ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی نەمسادا پەخش کران ، کەکورد لەو ڕۆژگارەدا زۆر پێویستی بەوە بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە کاکە دڵشاد لە ڕێکەوتی ١٥/ئەیلولی ١٩٨١ لەشارستێن ناوچەی مەرگە لەشەڕی نەخوازراوی کوردا /براکوژی/چووە کاروانی نەمرانەوە ،دوا هەناسەی پڕ عەشق و جوانی خۆشەویستی نیشتیمانی کردە پەلکەزێرنەی ملی پیرەمەگرون و ئاسۆس ، ئەو ئێستاش هەر هەنگاوی مەسافەی شەوەو لەهیچ توولە ڕێگایەک هەڵنادێرێ چرای دەستی شەوی تاری نیشتیمانەو بەبەر تریفەیەکی نیوەشەوی نیشتیمانەوە گۆرانیەکی ئارامی ڕەنجدەران و نیشتیمانە ،هەزار یادی بەخێر لەو ماوەیەی خەباتی دا بەشداری هەموو چالاکی یەکانی ئەو ناوچەیەی کردووەو ،کادرێکی زۆر لێهاتوو گورج و گۆڵ و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بووە یادو یادەوەری بەخێر /ڕزگارەسوور











# مردنی بۆتەفلیقە گەورەترین دوژمنی کورد

مەسعود عەبدولخالق له کاتی مۆر کردنی ڕێکەوتنامەی جزائیری 1975 له نێوان سەدام وشای ئێران ئەو بۆتەفلیقەیە وەزیری دەرەوەی جزائیر بوو ، ڕۆلی هەرە بنچینەیی بینی و بوە هۆی دارووخانی شۆڕشی ئەیلول بێخاوەن بوونی کورد ، ئەوە لەکاتێك بوو :لەکاتی شۆڕشی جزائر کورد یارمەتی زۆری داون ،تەنها شیخ امجد زەهاوی له کوردستان 200000دیناری عیراقی بۆ کۆکردنەوە له ڕێی بانگەوازی مامۆستایانی ئاینی ، ئەوە با وانەو پەند بێت بۆ ئیسلامیەکانی ئیستاش هەلنەخەلەتێنەوە جارێکی تر بە عاتیفە.

بۆ عەلمانیەکان و سیاسەتمەدارانی ئیستا : زۆر گرنگە پەند وەربگرن بۆ ئیستاو داهاتووی هەرێم ، سەدام حسین له 1973/12/1 له چاوپێکەوتنی بە وەفدی کوردی دەلێت ئەوەندە بە ئێران مەخوڕن و وامان لێمەکەن لەگەل ئێران ڕێکبکەوین کورد زیانی هەرە گەورەی بەر کەوی، د محمود عوسمانیش له کتێبی ( الحزب الدیموقراگی الکوردستانی -اللجنە التحچیریە -تقیم مسیرە الپورە الکردیە وانهیارها )ئەوەی دووپات کردۆتەوە.

دەلێت: سەدام حسین لەسالی 1973 داوای لەبارزانی کرد(مسعود)بنیری بۆبەغدا بەلام بارزانی رازی نەبوو ئەوبنێری ،ئەندامیکی تری (م س)ی نارد،لەوێ سەدام پێی دەلێ بەبارزانی بلێ وامان لینەکا ناچارمان بکات تەنازول بۆ شای ئیران له کەنداوی عرب بکەین و شاش یارمەتی لەوان ببڕێت،د محمود دەلێت ئەو ئەندام (م س)ئەو پەیامەی نەگایاندبوو تا دوای شکستی شۆڕش ئینجا بۆ ئێمەی ئاشکرا کرد،ناوی ئەو ئەندامە ناهێنێ بەلام دەلێت تا ئیستاش له (م س)پارتیە، دوای بەدواچوونمان بۆ ناوی ئەو سەرکردەیە له ل316ی کتیبی(مسعودبارزانی -بارزانی وبزوتنەوەی کورد)ناوەکەمان بۆدەرکەوت خوالیخۆش بوو (محمدمحمودعبدالرحمن-سامی) بووە، وادیارە سەرکردایەتی کوردبەو ئەندازەیە ئاگادارو شارەزای نێودەولەتیان نەبوە ،بۆیە کەوتنە نێو بۆسەکە و ڕێکەوتنی جزائیر لەسەر پشتی ئەوان مۆر کرا ، بە پێی هەمان هەلسەنگاندنەکەی (د محمودعوسمان لەهەمان کتێب) له: ئەوا بارزانی گەورە واتیگەیشتبوو کە شای ئیران ناتوانێ پشتی شۆرش بەربدا بەهۆی ئەمریکاوە ، ئەوەبوو لەدوای یەك سال له شەڕی 1974 ئەو ڕێکەوتنە دەکرێت وپشتی بەردەدرێت .

زۆر لایەنی سیاسەتی ئیستای سەرکردایەتی کورد وادەبینم دووبارە دەبێتەوە له کشانەوەی ئەمریکاو له پشت بەستنیان بە تورکیا و زۆر لای تر ، دەترسم هەمان ئەنجامی 1975 بێت ،بۆیە با دەرس وپەند بێت .






# هەرێمی کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیا!

ئاریز عەبدوڵا کێشەی هەر گەورەی هەرێمی کوردستان جیۆپۆلەتیکە، واتا هەڵکەوتەی جوگرافی و هەژموونی سیاسی وڵاتانی دەوروبەر بەسەریەوە. هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دەستووری و دانپیاندراوە، بەڵام هەندێ لە وڵاتانی تر، ڕوونتر ئەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان داگیرکردوە بەرێژەی جیاجیا ئەم هەرێمە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. هەر ئەو هۆکارەشە وا ئەکات هەر کاتێک حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی گرفتی سیاسی، سەربازی یان ئەمنی ببێتەوە دەوڵەتانی دەرو دراوسێ دەکەونە هەوڵ و تەقەلا بۆ زیادکردنی هەژموونی سیاسی و عەسکەری خۆیان بەسەر عێراق بەگشتی و کوردستانیش بە تایبەتی، نەبادا هەرێم دەرفەرت بۆ جیابوونەوە یان فراوانکردنی سنورەکانی بقۆزێتەوە.

ئێمە لە ستراتیژ و مەرامی ئەو دەوڵەتانە تێدەگەین، بێگومان ئەوانیش لە ئێمە، بەڵام دواجار ئەوان مافە ڕەواکانی ئێمە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەبینن.

هەرێمی کوردستان نەک هەر ناچارە، بەڵکو ئەرکی سەرشانیەتی ئەو واقیعە ببینێ و بەشێوەیەکی گونجاویش لەگەڵ ئەوان بەدوای بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا بگەڕێ، تا لانی کەم هەموو سەرەداوەکان نەپچڕێن و پەیوەندی و دیالۆگیش بەردەوام بن. مخابن سیاسەتی ڕەسمی هەرێم لەو بارەیەوە پڕ لە ناڕوونی و هەڵەی گەورە گەورەیە، چونکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە نەک هەر لە ڕوانگەیەکی نیشتیمانیی فراوان و ستراتیژێکی ڕوون نین، بەڵکو مەترسیشن بۆ ئاییندە.


ئەگەر ئێمە جگە لە عێراق باسی هەرسێ دەوڵەتە دراوسێکەی تر بکەین دەبینین:

- سوریا بە هۆی کێشە ناوەخۆییەکانی سەرقاڵی خۆیەتی و لە هاژ و هوژ بەولاوە هیچ کاریگەریەکی نییە.

- تورکیا بە زەبری هێز و بە پاساوی پەکەکە بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستانی داگیرکردوە و هێشتاش بەرە و پێشەوە دێ و بەو ڕێگایەش دەیەوێ هەژموونی سیاسی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق زیاد بکا.

- ئێران چاوی لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام هەرگیز چاو لەسەر نەجەف و کەربەلا هەڵناگرێ و دەستبەرداری هەژموونەکەشی نابێ.
هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا ئەگەر سەبارەت بە هەرێمی کوردستان خاڵی هاوبەشیشیان هەبێ ئەوا تا ڕاددەیەک تاکتیک و ستراتیژیان جیاوازە. لەبەرچاو گرتنی جیاوازیەکان گرنگە، چونکە لەو ڕوانگەیەوە هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. کاتێک ئێمە دەڵێین تاکتیک و مامەڵەی ئێران و تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان جیان دەتوانین چەند نمونەیەکی زەق لەو بارەوە نیشان بدەین:

یەکەم: یەکەمین وڵات قونسلیەی خۆی لە هەرێمی کورستان کردەوە ئێران بوو، بەڵام سەرەڕایی ئەو هەموو پەیوەندییە سیاسی و بازرگانیانەی نێوان هەولێر و ئەنقەرا هێشتا تورکیا ئامادە نییە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم وەکو تاران و واشنتن لە ئەنقەراش بکرێتەوە.



دووەم: تورکیا ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەڵام هەمیشە لە دژی خواستەکانی کورد لە هەموو دونیا دەجولێتەوە، بەڵام ئێران دژی ئەمریکایە و لە زۆر وێستگەشدا فشاری کردۆتە سەر هاوپەیمانە شیعیەکانی لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم.

سێیەم: هەرچەندە زۆر لە مێژە حزب و هێزە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستانن، بەڵام تا ئەم دواییانە جگە لە کردەوەی سیخوریی لەلایەن ئێرانەوە بەهێز پەلامار نەدراون.

ئایا بۆچی ئێستا بارودۆخ گۆڕا، ئێران بە ئاشکرا و نوێژی نیوڕۆ بە پاساوی ڕاوەدونانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات ناوچە سنورییەکان تۆپباران دەکات؟
ئایا هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا ڕێککەوتون لەسەر بەر تەسککردنەوە و بێ هێزکردنی هەرێمی کوردستان یان هۆکاری تر هەیە؟

ئەزمون سەلماندویەتی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان هەموو کات ئامادەن لە دژی خواستەکانی کورد بەپێچەوانەی ناکۆکیەکانیان ڕێکبکەون، بەڵام توبڵێی ئێمەش بێ هەڵە بین؟

بە هۆکاری پەلکێشی سوپای تورکیا بەرەو قوڵایی هەرێم و سنورەکانی ئێران هەر ئێمە نا، بەڵکو ئێرانیشی نیگەران کردوە، چونکە تا دێ ئێران لە لایەن تورکیاوە ئابلۆقە دەدرێ، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو داگیرکەرییەی پێ باشیش نەبێ، ئەوا هەمان پاساوەکانی تورکیای بۆ دەهێنێتەوە!


ئێستا لەناو دامودەزگا و ناوەندە سیاسی و ڕاگەیاندنەکانی ئێران و تورکیاش چەند پرسیارێک دەورووژێندرێن: ئایا ئەو بارودۆخە بەرەو کوێ دەچێ؟

دەپرسرێ بۆچی هەرێم یان لانیکەم بەشێکی هەرێم هاوکاری تورکیایە لە دژی پەکەکە، بەڵام لە هەمان کات و شوێندا پشتیوانی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات دەکرێ؟

دیارە لێرەدا مەبەستم ڕەخنەگرتن لە هاوکاریکردنی هەر هێزێکی ڕزگاریخوازی کوردستان نییە، بەڵام لای منیش پرسیارێکی گەورە هەیە ئایا ئەو تاکتیکانە بەشێکن لە ستراتیژی نیشتیمانی و چەندیش خزمەت بە کێشەی ڕەوای نەتەوەیی کورد دەکەن؟

دوا قسەم ئەوەیە پێویستە هەرێم ڕەچاوی ئەوە بکا، کە ئێمە ئێستا بەشێکین لە دەوڵەتی عێراق، لە حکومەتەکەشی بەشدارین، بۆیە دەبێ سود لە توانا و جومگەکانی ئەو دەوڵەتە وەربگرین و سیاسەتێک پەیڕەو بکرێ، کە سەروەریی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوە و سەروەریی دەوڵەتی عێراق بپارێزێ، نەک (گورگان خوارد)ی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی بکرێین.

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان.



**بیۆگرافیای حەنیف مەحۆ**

-ساڵی 1956 لە قنیترە لەدایك بووە.
-1981 سەنتەری هونەری شێوەکاری لە دیمەشق تەواو کردووە.
-1986 کۆلیژی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.
-2003-2013 مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆتە مامۆستا.
-2007-2009 بۆتە مامۆستای هونەری شێوەکاری لە حەلەب.
- 2004-2007 سەرپەرشتی 5 چالاکی وێنەکێشانی منداڵانی کردووە.
-2011 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.
-2012 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە عەفرین کردۆتەوە.
-1987-2021 لەچەندین پیشانگەی هاوبەشدا بەشداریکردووە لە وڵاتەکانی (سوریا، تورکیا، ئەڵمانیا، دانیمارك، فەرەنسا، سوید، هەرێمی کوردستان).
ئامادەکردنی بەختیار سەعید














# بیرەوەری پێشمەرگە ڕێبین شەمامکی

## ئەو مێژووەی کەس نەبوو بیگێڕێتەوە!

لە ئێوارەیەکی ساردی تەم و مژدا، بڕیاری کشانەوە لە دەنگۆوە بووە ڕاستی. گەیشتینە گۆمە زەل، هێزەکەی ئێمە دوا ڕەتل بوو لەگەڵ هێزەکەی سەفینی مەلاقەرە لە ناوچەی سەرکردایەتی، کە تا بەرواری ١٩ لەسەر ٢٠ ی ٣ ی ١٩٨٨ لەوێ مابووینەوە.
لە بەرەی شەڕی دوو دەروازەدا دامەزرا بووین، ئێمە لە بەرزاییەکانی پشتی خوڕخوڕە و سەفینی مەلاقەرەش لە قۆپکی سپی، تا لە پرۆسەی کشانەوەدا، دووژمن هەست نەکات و بێ زیان بەڕێوە بچێت.
سەفین دەڵێ پێش ئەوەی هێزەکە لە چیا بکشێنمەوە، ئەو هێزەی بەرانبەریمان لێ گرتبوو، بە چوار Bkc دوو RPJ تارو مارمانکردن ئینجا لە چیا هاتینە خوارەوە.

زۆربەی بەرپرسەکان ئەوانەی بە هەلی کۆپتەر، ئاو دیوی ئێران نەببوون، بە سواری ئێستر بەڕێ کەوتبوون!
مولازم عومەر و کۆسرەت ڕەسوڵ، دوا سەرکردە بوون، لەگەڵ ئێمە کشانەوە.
ئەوانیش بە ئێستر ڕۆیشتن و ئێمەش پیادەڕۆ بە ڕێگایەکی سەختدا ملی ڕێمان گرت.

چۆڵکردنی سەرکردایەتی، یەکەم شکەستی یەکیتی بوو لە شۆرشی نوێ. چونکە لە هێرشەکانی ڕژێم، بۆ ژێر قەڵەمڕەوی پێشمەرگە، زۆر جار بارەگای مەڵبەندەکان، بۆ ماوەیەک دەگیران و جارێکی دی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە وەردەگیرانەوە.
ئەوە لە شەڕی پارتیزانی ڕوداوێکی ئاسایی بوو، ئەگەر دووبارەش ببایەوە.
بەڵام بۆ گرتنی سەرکردایەتی ئەو جارەیان، ڕژێم تاکتیکێکی تری بۆ شەڕ لە دژی پێشمەرگە پەیڕەوکرد، واتە پلانی ستراتیژی ڕژێم، سەرەتا گرتنی سەرکردایەتی بوو وەک ئامانج،
بە هێزی دوو فەیلەقی سەر بازی بە جۆرەها چەکی پێشکەوتوو، بە چەکی کیمیاویشەوە!
بۆیە ڕاستەوخۆ لە هەشت قۆڵەوە پەلاماری سەرکردایەتی دا:
١- لە قۆڵی " لووتەقەل" توکڵی" لە نێوان گوندەکانی "سێدەر" و "شارستێن"
٢- لە قۆڵی "قەیوانەوە" بۆ "ناحیەی گاپیلۆن"
٣- لە قۆڵی "مەرگەش " پەلاماری "گەورەقەڵای" دا
٤- لە "دۆڵە ڕووتەوە" پەلاماری "قزلەری دا"
٥- لە "کۆتەڵ و تابین " پەلاماری ناحیەی "سورداشی"دا
٦- لە جادەی "دووکان سلێمانی" پەلاماری "قەمچوغەو "سەرمۆردی" دا
٧لە دووکانەوە پەلاماری "گوندی قەڵەمپاشای" دا
٨ - لە چیای "قەرەسردەوە " پەلاماری گوندی "دۆڵمازەڵەی" دوای ئەوەی سەرکردایەتیش گیرا، هێشتا مەڵبەندی یەک و سێ پێشمەرگە و بارەگای مابوو، بەڵام لەسەرو بەندی هێرشی سەرکردایەتیشدا، سنووری مەڵبەندی یەک و سێ بە قونە شەڕ خەریک کردبوو وەک تاکتیک، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانیان لە بەر هێرشەکانی سەر خۆیان نە پرژێنە شەڕی سەرکردایەتی! چونکە ئەگەر سەرەتا مەڵبەندەکانی بگرتبا، هێزی پێشمەرگە بۆ سنووری سەرکردایەتی هەڵدەکشان و دەبوونە قەڵغانێکی بەهێز، ئەو دەم ئەرکی گرتنی سەرکردایەتی مەحاڵیش نەبا، قورستر دەبوو! ئەگەر پەنای بۆ چەکی کیمیاوی و ئەنفال نەبردبا!



یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لە سەرەتای ١٩٨٧ تا چۆلکردنی سەرکردایەتی لە نەورۆزی ١٩٨٨، باشترین گەشەی کرد بوو، چ لە ڕووی ژمارە، کە گەنجێکی زۆر ببوونە پێشمەرگە، لە ئەنجامی تێکچوونی گوندەکان، چ لەسەر ئاستی چالاکی و فرەوانکردنی ناوچەی ئازاد کراودا، ڕووبەرێکی زۆری کەوتبووە ژێر دەست.

تا وەشاندنی گورزی کوشەندە لە گرتن و بەردانی کۆمەڵێک شارو شارۆچکە بە کۆشکی سەدامیشەوە لە سەری ڕەش!

هەموو ئەمانە پاش ئەوە هات، کە شەڕی براکوژی دوو ساڵ بوو بەرۆکی کوردی بەردابوو، هەما هەنگی دەوڵەتی ئێرانیش چووبووە ئاستێکی باڵاوە.

بۆیە لە دەستدانی سەرکردایەتی شکستێکی قوڕس بوو، چ بۆ ئێران کە دەروازەیەکی تری شەڕی بە مل دادەهات، کە تا ئەوکات ئێمە پاراستبوومان، چ بۆ جەماوەری کوردستان، کە ئومێدێکی گەورەیان لەسەر یەکێتی هەڵچنی بوو.

بەلام ئەوەی هاوکێشەکەی لنگاو قوچ کردەوە، چەکی کیمیاوی و زیندەکوژی ئەنفال و تەسلیم بوونی ئێران بوو بە ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر عێراق، تا کارگەیشتە ڕاگرتنی شەڕ و خواردنەوەی پیاڵە ژەهرەکە!

کیمیا، بووە ئەو چەکەی ئیدی ڕژێم پەی بە خاڵی لاوازی ئێمەی برد و لە ڕووی دەولیشەوە بۆی چووە سەر. ئەنفالیش چی ئاوەدانی و ژیانی ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی هەبوو، تەڕ و وشکی بەیەکەوە دەسووتاند!

جگە لە نانەوەی شەڕی دەروونی لە نێوان جەماوەر و پێشمەرگە، پێی گوتن ئێوە لێرە نەبن ئەوانیش ناتوانن لێرە بژین! بۆیە ژیانی پێشمەرگە بە هۆی ئێوە وە یەکسانە بە ئەنفالی هەمووتان.

لە هەردوو باریشدا خەڵکی بێچارە و بێ دەرەتان، هیچ بژاردەیەکیان لە دەستی خۆیان نەبوو!

ئەوەی فریا کەوت، چارەنووسی خۆی بە پێشمەرگەوە گرێداو ئەوەی نەڕۆیشت گیرا.

بۆیە لە یەکەم ڕۆژی هێرشی ئەنفالی یەکدا

خەڵکەکە وەک ئەوەی خۆی بە تاوانبار بزانێ هەمیشە بۆ دواوە هەڵدەکشا، ژیانی سەختی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی پێ باشتر بوو، تاوەکو باوەشی ڕژێم.

( لێرە دەتانگەڕێنمەوە سەرەتای هێرشەکە بۆ راستکردنەوەی بەرواری ئەنفال، لەو دەروازەیە، کە ١٨ ی ٢ دەستی پێکردوە، تائێستا بەروارەکە بە ٢٢ ی ٢ رۆیشتەوە)

ئەو رۆژەی خەڵکی " گوندی سیدەر" رەویان کرد، دوای ئەو رۆژە هات، کاتێ لە "قەرە سرد" سەربازێکی هەڵاتووی "کوردی فەیلی" بە چەکێکی Rbk، خۆی رادەستی ئێمە کرد لە گوندی سێدەر، ئەو رۆژە ١٤ ی ٢ بوو سالی ١٩٨٨ بوو.
سەربازە هەڵاتوەکە پرسی: ئێوە بەتەمای چین؟
گوتمان بۆ؟
گوتی: هێزێکی زۆری رژێم نیازی هێرشیان هەیە بۆ ئەو دەڤەرە، "عوسمان سێدەری" جێگری کەرتی سێی "تیپی ٤٣ ی ئاسۆس" بوو، بە ئێمەی گوت بۆ نەچین لەو هێزە بدەین؟
"عوسمان یاخیانی" دەڵێ بەندەو هەڤاڵانم هەر یەک لە "عوسمان سێدەری" و شەهیدان "خەسرەو سێدەری" و "عمر قەرانگوێی" لەسێدەرەوە بەرێکەوتین بۆ "گۆمە گەورە"، کە دەکەوێتە نێوان چیای "قەرە سردو" "قوتەی میر وەتمان" ئەویش هەر لە پشتی گوندی "کوێرە کانیەو" بەسەر "سێدەر" دا دەیڕوانی.

سەربازانی مۆڵگەکە، لە "گۆمە گەورە" ئاویان دەبرد!
هەر چوارمان لە دۆڵەکەرا بە هەورازە شاخێکی رکدا سەرکەوتین، لە هەندێ شوێن بە پشتێن یەکترمان سەر دەخست، سەرکەوتنی شاخ، بە بزنە رێدا، لە ژێر مەترسی لوغم و کەمیندا وەک یاری کردنە بە مەرگ لەکێلگەیەکی پڕ لە میندا !

سەرکێشی کردنی پێشمەرگە بە مەرگی خۆیان، بۆ تۆمارکردنی نەبەردیەک و بەو جەربەزییە، زۆر جار شەهید دەبوون و تەرمەکەشیان نە دەهاتەوە!
عوسمان یاخیانی دەڵێ: گەیشتینە نزیک رەبایەکە، ئەوان بە خەیاڵیان دا نەدەهات، لەو ئاڕاستەیە بۆیان بڕۆین، بێ خەم بوون، لە جوولەی خۆیان، لێدان لە هێزێکی گەورەی وا بە چوار پێشمەرگە ئاسان نەبوو، سەرەتا لە دووری رەبایەکە کەمینێکمان بۆ سەربازەکان دانایەوە، نێوانی مۆڵگەی سەربازەکان و گۆمی گەورە مەسافەیەک بوو، دوو سەرباز کەوتنە کەمینی ئێمە و تیاچوون! دوای تەقەکان شوێنمان ئاشکرابوو، دراینە بەر هاون و گوللە،
هێشتا نەگەڕابووینەوە سێدەر، رژێمی بەعس گوندی سێدەریشی دایە بەر تۆپان.
تۆپبارانە چڕەکە وای کرد خەڵکەکە بکەوتە کۆکردنەوەی خۆی و گوندەکە جێ بێلێن! ئێمە ویستمان پێش لە هێزەکە بگرین و پلانی هێرشەکە تێک بدەین، کەچی تۆپباران بە چڕی دەستی پێکرد.

بۆ بەیانی کەرتەکەی ئێمە بە کەرتێکی" ٢١ کەرکوک" جێگۆڕ کراین و هاتنە شوێنمان.
ئێمە چووینە "گوندی دۆڵەبی" خەڵک لە دێ نەما بوون، هەندێ ماڵ لە بناری شاخەکان لە ژێر کەپرو کونە شاخدا چاوشارکێیان لەگەل مەرگ دەکرد، لەوێش فڕۆکەی رژێم تۆپبارانی گوندی کرد.
دوو هاوڵاتی شەهید بوون، بە ناوی (تەها حاجی سعید ) و(جمال حاجی سعید)
" تەها" ئەو گەنجە بوو، ئێوارە ژنی مارە کردبوو، بۆ بەیانی باوکی چوو بوونە شار جلی بووکینی هەڵبگرن، کاتێ هاتنەوە بە سەر مەرگی زاوا دا کەوتن! ئیدی شاییان لێ بوو بە شین! ئەو رۆژە ١٨ ی دوو بوو، کە دەکاتە یەکەم هیرشی ئەنفال.

شەوی١٩ لەسەر ٢٠ کەشەوی دووەمی هێرشی ئەنفال بوو، لە " دۆڵەبیەوە" گواسترایینەوە بۆ " گوندی شارستێن" و یەکسەر پەلاماری " لوتەقەلمان" دا پێشمەرگەی قارەمان " محمد قۆمەرغانی" شەهید بوو، " عوسمان سێدەریش" کە جێگری کەرتی٣ بوو، برینداربوو، هەر لەسەر "لوتەقەل" شەهیدێکی " تیپی ٧٨ ی کارووخی" لێ جێمابوو، کە لە یەکەم شەوی ئەنفالدا شەهید ببوو.
بەشێکی کەرتەکەمان هەمان شەو واتە دووەم شەوی ئەنفال لە "توکڵی دۆمان" ماینەوە بۆبەرگری لە " گوندی شارستێن"
لە عەسری٢٠ی ٢ بەهاوکاری " تیپی٢١ کرکوک" و بەسەرپەرشتی "عوسمان شارستێنی" فەرماندەی تیپی٤٣ ی ئاسۆس لە "توکڵی گەورەوە" جارێکی تر هێرشمان کردەوە بۆ لووتەقەل" بەشێکی زۆرمان لێ ئازادکردەوە.
هەر لە ڕۆژانی٢١و٢٢و٢٣و٢٤ی٢ کەرتەکەمان بەسەرپەرشتی "زاهیر سێدەری" لەبەرەی پێشەوەی بەرگری لە توکڵی دۆمان" و "لووتەقەل" ماینەوە.
ئێمە بە نۆرە ١٢ کاتژمێر لەسەر شاخ دەبووین و دواتر " تیپی٧٨ ی کاروخ" دەهاتنە جێگای ئێمە.
لە ڕۆژی ٢٥ی٢ بەهۆی نابەرامبەری هێزوو تۆف و بەفر و بارانەوە "گوندی شارستێنمان لەدەست دا!

ئەو شەوەی نۆرەی پشوومان بوو، لە ناو گوندی شارستێن، بەیانی لەگەڵ تەقەی جاش و جەیشی رژێم بە خەبەر هاتین، ئەوان هاتبوونە ناو گوندی و ئێمەش بێ ئاگاو بێ خەم لێی خەوتبووین! کاتێ بە پەلە پڕوزی لە دێ دەرچووین هەواڵمان بۆ هات پێشمەرگەیەکی تیپی ٧٨ ی کارۆخ بە برینداری لای مەکتەبەکە بەجێماوە بە ناوی "محمد"، گەڕاینەوە بۆ لای و عومەر قەرنگوێی کردیە کۆڵی خۆی و بە زەبری تەقە لە دێ بە ناو گوللەدا دەرچووین! ئەگەر خوا یەکێ نە کوژێ نامرێ، بریندارەکە لەسەر کۆلی عومەر گوللەیەکی تری بەرکەوت بەڵام هەر ما!

ئێمە دوا رەتڵین و دەڕۆین رێگا پڕ لە بەفر بوو، ئەو چەند رۆژەی بەفر باری بوو، خەڵکی ئەو دەڤەرە لە تاو ئەنفاڵ ملیان بە ڕیگایەکی هات و نەهات نابوو، تا چاو بڕی دەکرد هەر بەتانی و کەل و پەلی جێماو بوو، هەر تەرمی عەسکەر و هەر کارو بزنی ئەو خەڵکە بوو لەو سەفەری مەرگە تابلۆیەکی تراژیدی وێنا دەکرد! هەر وێنەیەک بە ئەندازەی خۆی ویژدانی دەهەژاند!

ئەحمەد چوار بەردە، کە لەرەتڵی پێش ئێمەوە بەرێکەوتبوون، دەڵێ: پیاوێک لەرێدا بە خۆی و ژن و دوو منالەو هەڵخلیسکا بوون و رمابوونە ناو دۆڵە بەفرێکەوە، تا پێشمەرگەکان فریای کەوتبوون، ژن و منالەکان مردبوون و خۆشی هەردوو قاچی رەش ببوون! لێم پرسی تۆ بەتەنیا خلیسکای؟ بەهەردوو دەستی لەسەری خۆی دەداو دەیگوت منداڵەکانم ڕۆ ژنە جوانەکەم ڕۆ! ئەو نەیدەتوانی بڕوات، هەر چۆنێک بوو، گەیاندمانە شوێن ئەو پاسانەی بۆ گواستنەوەی ئێمە هاتبوون.
(دیمەنە سەختەکانی ئەو چەند رۆژە، لە درامایەکی چەند ئەلقەیی دەچوو، بۆ تەواو کردنی چیرۆکی میللەتێکی نەگبەت، بەڵام دیمەنەکان هەر بەردەوامیان هەیە و دوا ئەڵقەی نابینین)
تەحسین پێشمەرگەی دێرین، دەڵێ:
کە هاتین بۆ کانی توو، کەسی لێ نەمابوو، جگە لە پێشمەرگە و تاک و تەرای خەڵکی گوندی، شەو و رۆژێک بوو هیچمان نەخوارد بوو، لە ناو گوند ئاوەدانی نەمابوو، هەندێ دوکانی چینکۆی لێ بوو، پێشمەرگە شکاندبوویان، هەندێ کێک و شەربەتی نادرم بەرکەوت، هەر چۆنێک بوو، تۆزێ بڕیمان شکا.

لە مەسئوولەکان نزیک بووم، دەیانگوت هەوارە بەرزە ڕژێمی هاتۆتێ و ڕەنگە کەمینیشیان هەبێ! ئەگەر بەوێدا بڕۆین ڕەنگە خەسارەمان زۆر بێت! دواجار بڕیاریان دا به پشتی کوڕ کوڕدا سەرکەوین، هێشتا سەدا دەی هەورازی کوڕ کوڕمان نەبڕی بوو، گەیشتینە حەشاماتێک لە خەڵکی مەدەنی ئەو ناوە دەگەڕانەوە. هەمووی هیلاک و بێ دەرەتان، بە ئێمەیان گوت ڕێگا نیە مەڕۆن، زیاتر لە ٥٠ تا ٦٠ پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنی کەوتوونەتە ژێر ڕەنووی بەفرەوە.

تەحسین دەڵێ: لە ناویاندا دیمەنێکم دیت، ئێستاش لە بەرچاومە و لە بیرم ناچێتەوە..

دیتم ژنێکی گەنج مناڵێکی لە کۆڵ شەتەک دابوو، یەکێ تری لە باوەش بوو، بە پێی پەتی بەسەر بەفردا ڕێی دەکرد! خۆی و مناڵەکانی لەسەرمان ڕوومەتیان سوور هەڵگەڕابوون، لەوە دەچوو زۆر گریابێت و ئیدی فرمێسکیشی پێ نەما بێت بۆ ڕشتن!

(مەشهەدەکان زۆر لێک دەچن! ڕەنگە بە نووسین بە سێ دێڕ تەواو بێت، بەڵام لە گۆشەی کامیرایەکی سینەمادا چ پەیامێک هەڵدەگرێ و چ ئازاریک دەگوازێتەوە؟ تۆ بڵێی ببێتە چ کەرەسەیەکی بە کەڵک بۆ فیلمی سینەمایی؟

چونکە کەس چیرۆکی ئەو ژنە نازانێ! دیوی ناوەوەی ژیانی نابینێ! ئەوەی دیتمان بەشێکی ڕووداوەکە یە ئەوی دی قرتاوە! دەشێ کۆی ڕووداوەکە ئاوابێ: ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی و دوو منداڵەکە، لە دەستی ئەنفال و کیمیا ڕەویان کردبێ وەک ئەو خەڵکە، مێردەکەی لە پێشەوە ڕەچەی بەفری بۆ شکاندوون، لە پڕێکدا نغرۆی چاڵە بەفرێک بووە و ئیدی لەوان دابڕابێ! ژنەش زۆر هاواری کردبێ بەڵام کەس نەیتوانیبێ هیچی بۆ بکات و بە ناچاری وەک ئەو خەڵکە گەڕاوەتەوە و کەسیش چیرۆکەکەی نازانێ!

تەحسین دەڵێ: کە لە کوڕ کوڕا گەڕاینەوە، جێگر کەرتێکمان لە ناو بەفرا توانای نەما بڕوات، هەزار جوونی بە سەلاح شینەدا چەک و تاخمەکەشی لەوێ فڕێ دابوو، ئەو پێشمەرگەیە لەڕەتڵ دابڕا و ئێستاش نازانین لە ناو بەفرا چی بەسەر هات؟ بەلام دەڵێ هێشتا لە گوندی کانی توو بە ڕێ نەکەوتبووین، ئەو پێشمەرگەیە زۆر بە ناهەق دوو سەربازی عێراقی دایە بەر گوللە ئەوەندی سەربازەکان لێی پاڕانەوە سوودی نەبوو، ئەو دەڵێ خوای ئەوان بوو، چونکە سەربازەکان دیل بوون، ئەو دووانە چونکە بریندار بوون، لە کاتی گواستنەوەی دیلەکان جێ مابوون!

کە گەڕاینەوە "کانی تو" سەلاح شینە و ڕەسوڵ ناوێک سەرپەرشتی هێزەکەیان دەکرد، بڕیار درا ڕوو لە هەوارە بەرزە بکەین، ئەگەر هێزی ڕژێمیشی تیابێ لێیان بدرێ تا ڕێگا و دەرچەیەک بکرێتەوە بۆ ئەو خەڵک و پێشمەرگانەی لێرە گیریان خواردوە.

کە گەیشتینە سەر هەوارە بەرزە، دیتمان هێزی پێشمەرگەی لێیە، سەر چیاکە دوو ژووری لێ بوو، پێشمەرگەکان ناوسێری( ناوساجی) زۆریان کرد بوو، سەرو دانەیەکیان پێ داین، بە ڕووی یەک قۆزی تامی هەبوو.(تەحسین وا دەڵێ)

کاتێ گەیشتینە گوندی خوڕ خوڕە
سەیر دەکەین دوو پێشمەرگەمان دیار نەماون!
گوتیان کێ بچێ سۆراغیان بکات؟
پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی ئارام، گەڕایەوە گوندی کانی توو، هێشتا هێزەکانی ڕژێم نە هاتبوونە ناو دێ، تاک تاک پێشمەرگەی لێ مابوو،
ئارام دەڵێ کاتێ لە ئاوەدانی ماڵێکدا بانگم کرد ئیدریس!




ئیدریس دەڵێ چاوم کردەوە خوایە من بۆ لێرەم؟ گوتیان چوار سعاتە تۆ بێ ئاگای لە ناو بەفردا هەڵمان گرتیەوە. ئینجا بیرم هاتەوە کە نەمتوانی بڕۆم هیلاک بووم، کەوتم، ئیدی نەمزانی چیم بەسەر هات؟
لەگەڵ دەنگی ئارام دەرپەڕیم نەمزانی کامیان پێڵاوی منە! پێڵاوێکی باشم کردە پێم و لەگەڵ ئارام کەوتمە ڕێ.

بەڵام ئەو وێنە زیندووانەی لە زەینی زۆران ما و نەسڕایەوە ئەو ئێسترە بوو کە هەر چوار پەلی لە بەفرا شەتڵ ببوو، هێشتا زیندوو بوو تەسلیمی مەرگ نەدەبوو، زۆر ڕەشەوڵاخمان دیت لە سەرمان ڕەق ببوونەوە! وێنەی هیچیان وەک ئەو ئێسترە کاریگەری لە زەینمان جێنەهێشتبوو، داخوا چەند ڕۆژ یان چەند سعات بوو، ئەو دیمەنە نمایش بوو، تا تەقەڵلای زیاتری دابوو، زیاتر بە ناخی بەفردا ڕۆچوو بوو! ئەو بەزمانی جەستە تکای لە هەمووان کرد چاوکانی فرمێسکی تیا قەتیس مابوو، بەڵام کەس نەیتوانی ببێتە فریاد ڕەسی! ئەو شەڕی مان و نەمانی لە پێناوی ژیانی دەکرد، برسێتیش برستی لێ بری بوو، لە برسانا دوو لای کورتانەکەشی خواردبوو! دواجار کۆڵی دابوو، چیتر دەمی نە دەگەیشتە کورتانە کە و ئیدی پێخۆریش نەما! بەفریش قاچەکانی کردبووە چلوورە! ئێسترەکە لە چاویدا داوای گوللەی بەزەیی(طلقة الرحمة) لە ئێمە دەکرد، ئێمەش هیچمان پێنەبوو بۆی! لە حاڵی سەختی خۆمان تەنیا لە زەینمان ، وەک هەر دیمەنێکی تر تۆمارمان کرد و جێمان هێشت!

ئەوانەی بە چاوێکی سادە دیتبوویان، هێشتا لە بیریان مایەو دەیگێڕنەوە، ئەدی ئەوەی لە تێڕامانێکی قوڵدا تێی رامابن؟ ئاخر ئەو گەلە نەگبەتەی ئێمە نە دوو دێڕ مێژووی دروستی هەیە بۆ خوێندن، نە دوو بەڵگە و دیکۆمێنتیش بۆ سەلماندن! بۆیە ئەو مێژووە لێڵەی هەیە! ئەگەر ئەو چەند وێنەی ڕۆژنامە نووسانی بیانی نەبا لە کیمیا بارانی هەڵبجە، ئەو سەدایەشی نەدەبوو! حکومەتی عیراقی وەک حاشای لێ کرد و خستیە ملی ئێران، دەبوو تا دنیا ماوە بڵێین سەدام کیمیای لێ داوین!
لە بیرمە وابزانم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی چەکە قەدەغەکراوەکانی دەولی هاتبوونە عێراق بۆ ئەو پرسە، لەگەل "عەدنان خەیروڵا" دانیشتبوون، کە ئەوکات وەزیری بەرگری عێراق بوو، یەکەم قسەی عەدنان بە شۆخیەکەوە گوتی دەبینم کەستان قیناعتان نەبەستووە؟ بە واتا بوختان بە عێراق کراوە گازی کیمیای لە هەڵەبجە دابێ

بۆیە ئەو پەیامەی دەتەوێ بیگەیەنی زۆر جار وێنەیەکی تراژیدیایی بەسە بۆ ئەوەی داستانێکی پێ بگێڕیتەوە.
خۆ شۆڕش دەزگایەکی ئیعلامی باشی هەبوو، بەلام ئەرشیفی خاڵیە دوو وێنەشی تیا شک نابەی ئەو ڕۆژە سەختەی پێ گوزارش بکات!

با بگەڕێنەوە سەر کشانەوەکە:

بە دۆڵی شێ محەمەددا دەڕۆین، بەفر بەستویەتی، هەر بەتانی تاوس بوو بەدرێژایی کیلۆمەترێک راخرا بوو، بۆ سواری و پیادە ڕۆکان تا لەسەری هەڵنەخلیسکێن، چونکە دوای بەفر بارینێکی زۆر، شەختە بەندی کردبوو.
ئەگەر چی شۆڕش مشووری ئەو ریگایەی خوارد بوو،
پێش ئەو شەڕە، دروست تر لە مانگی یەک، لە سەر داواکاری سەرکردایەتی لە ئەگەری شەڕێکی وا دابوون بۆیە ژمارەیەک خەڵکی ئەو گوندانە بە پارەی شۆڕش، بەدرێژایی ئەو زستانە خەریکی پاککردنەوەی رێگاکە بوون .
لە ناو بەفر دا کۆڵانێکی پیادە رۆییان دروست کردبوو، لە هەندێ شوێن سێ مەتر بەرزتر بوو، وڵاخێک بە بارەوە ئەیتوانی بە ناویدا رەت ببێ، ئەگەر ئەو رێگایە نەبا کارەساتەکان گەورەتر دەبوون، ئەودەم چارەنووسی پێشمەرگە ئەگەر لە ژێر کیمیاو ئەنفالیشدا دەربازی ببایە! بێ شک لە ناو بەفردا رەق دەبۆوە.

ئێمە دەڕۆین و هەورازی زینی "کونە سە" مان دێتە پێش، "کونەسە" ئەشکەوتێکی گەورە بوو وەک دەڵێن هەمیشە لەزستانان گەرم بووەو بۆتە مۆڵگەی سەگان و لە هاوینیشدا چونکە فێنک بووە، دیسان سەگەکان لەوێ مۆڵ دەبوون.

هەورازی کووڕ دەبڕین، لە لێژ بوونەوەدا لەبەر هیلاکی و برسیتی لاشەی خۆمان لێ دەبێتە بەڵا و لە دوومان نایێ ! وردە وردە غل دەبینەوە کۆنترۆڵی خۆمان لەدەست دەدەین و لەسەر بەفرا خشۆک دەبین ، پۆتینەکەم لە ژێر خۆمدا نوشتاندۆتەوەو چەکەکەم لەملم حەمایل کردوەو بە خشکەیی شۆڕ دەبمەوە، رۆح لە جەستە بێزارە و خۆم تەسلیمی قەدەر دەکەم و دەڵێم چی نەبووە با ببێ ئەوە هەر من نیم ئەو بڕیارە دەدەم.
زۆربەمان وا لەسەر بەفرا دەخشین، لە هیکڕا بنە دار بەڕوویەک دێتە پێشم و لا رێ دەبم و بە پێشمەرگەیەکی ترم دا دەدا تا بنی چیاکە غلۆر دەبمەوە، راست دەبمەوە، هەست لە خۆم رادەگرم هیچم لێ نەهاتووە، لا جانگێکم تۆزێ روشاوە لە سەرمان خوێنیشی لێ نایێ!

سەرم بەرز دەکەمەوە، سبەینەیەکی زووە دنیا سپی سپی دەچێتەوە تەنیا خاڵە بۆرو رەشەکان ئێمەین، وەک جۆرە مەخلوقێکی عەنتیکە و نامۆ، دەقی ئەو سروستە دەشێوێنین!چڵکن تا ئەو شوێنەی قێزت لێی دەبێتەوە! لە خۆم دەپرسم ئەگەر پێشمەرگە نەباین، بەو سبەینەیە لە جیاتی بەفر شێلان، خۆ سفرەیەکی سادەش با هەر نانی گەرممان بە ماستی مەڕ نەبا بە هی مانگا دەخوارد، شیری گەرمیش نەبا خۆ چایەکی گەرم هەبوو، خۆ یەکێ هەبوو نازمان هەڵگرێ؟

(زگم بە تەنیای خۆمان دەسووتا! غەریبی ماڵەوە دەکەم، هی گوندە خاپوور کراوەکەم، خزم و دۆست خەڵکی گوند، یادگاریە تاڵ و شیرنەکان پێش برکێیانە لەسەر کامیان راوەستم! ئەو سبەینە یە دەمباتەوە سبەینەیەکی هاوینی گوندی، کە بە ریز لە سەر سەکۆی حەوشە خەوتووین، دەبێ بڕۆین بۆ سەر شینایی، باوکم بانگمان دەکات (درنگە کوڕم هەستن،) ئێمە جولەیکی بۆ دەکەین بێ ئەوەی سەر بەرز بکەینەوە، دەڵێین(بابە هێشتا زووە) قەدەرێ تر دەخەوین، دیسان گازمان دەکاتەوە. هێشتا خۆمان مات دەکەین، چونکە دەزانین هێشتا قۆناغی کششەی مریشکەکانیش ماوە! ( باوکم کاتێ دڵی نایێ لێفەمان لەسەر لاببات یان وەک هەندێ باوک بماندات بەر لەقان، دەچێت کۆڵیتی مریشکەکان دەکاتەوە، مریشکەکان بەردەبنە حەوشە و ئیدی کششە کششی باوکم دەست پێ دەکات، سەرەتا دوو سێ جار بە نەرمی، دوا جار قایم تر، ئێمە هێشتا خۆمان مات کردوە، داخوا چ کاتێ لنگە نەعلەکان دەگرێتە مریشکەکان، ئەو کات لەترسی ئەوەی نەعلەیەکمان پێ بکەوێ هەڵدەستین! گۆڕت پڕ نوور بابە چەند ئێمەت خۆش دەویست؟ )




یەک بەدوای یەک پێشمەرگەکان غلۆر دەبنەوە، بەردەبنەوە، دەتگوت میهرەجانی خلیسکانی سەر بەفرە، کەسیش هیچی لێ نایێ، سنوور هێشتا کوردستانەو هێزی سەربازی ئێرانی داگیری کردبوو، لە دۆڵی شینکایەتی گوندەکانی سەفرە گەڵالە بەرزاییەکانی ئەو شوێنانە خاڵی سەربازی و پاسداری لێ بوون، مەسافەیەکی تر رۆیشتین خۆمان لە دۆڵێکدا دیتەوە، چادری سەربازی لێ بوو، بەلام سەربازێکی لێ نەبوو، دەنگێک لە بەرزاییەکانی سەرمان هاواری کرد (اغا نرو شیمیا است)
ئێمە موو دەکەین لە برسان، گوێ بە قسەیان نادەین، دەچینە ژوورەوە. خورماو سێوی سوری لێ بوو، من و حەمەساڵح و ئەنۆو مەحمود لە ناو چادرەکەین، نازانم کێی تریش، دەڵێمە برادەران راوەستن، بەقسەی پاسدارەکان کیمیا لێرەشی داوە، بۆیە با هەمووومان نەمرین، من سێوەکە دەخۆم ئەگەر هیچم لێ نەهات ئێوەش بیخۆن! سێوێک بە پشدێنەکەم پاک دەکەمەوە و دەیدەمە بەر قەپاڵان، تامی ئەو سێوەم بیر دێنیتەوە کاتی خۆی کە قوتابی ناوەندی کۆماری بووم ، هەموو رۆژێ دوای بەر بوونمان لە مەکتەب، لەسەر عەرەبانەکەی روکنی (تەواری لای نەقلیات شیمال) نیو دەرهەمم بە سێوێکی لوبنانی دەدا و تا دەگەیشتمە وێستگەی پاسەکان تەواوم دەکرد.
سێوەکەم تەواو نەکرد، ئەوانیش خۆیان پێ ناگیرێ، ئەنۆ قەپی لە سێو دەگرت و دەیگوت (رێبین پێمان رادەبوێری لۆ ئەمە لە برسان سەبرمان هەیە هەتا بزانین ئەتوو دەمری یان نا)
چاومان بە خورما رەشەکە دەکەوێ وەک کوردەی دۆ نەدی، کیمیامان لە بیر نامێنێ، دەخۆین تا مڕ دەبین! دەکەوینەوە رێ، تا دەگەینە شاناخسی زۆری ماوە! بۆیە
ماویەتی...
تێبینی: ( هەموو ئەو مێژووەی ئێستا و لە رابردوو خوێندووتانەوە، زۆربەیان بریتین لەو مەشهەدی تراژیدیانەی کە لە زیهنی ئێمە ماون و لە بیرمان ناچنەوە! ٣٣ ساڵ ئاخر زۆرە ئێستاش من کە پێشمەرگە دیرینەکان دەدوێنم هەرکەسەو دیمەنێکی کاریگەری لە رووداوەکان لە بیر ماوە زۆر برسی بوون زۆر سەرما بوون، بریندار بوون و زۆر شتی تر، بۆیە هاتووم تیلم تیلم مەشهەدەکان دەگەینەمەوە یەک بۆ ئەوەی بتوانم روداوەکە بنووسمەوە، بەڵام وێنەیەکی زۆرتر لای ئەوانە ماوە کە ئەو کات بەتەمەن زۆر گەنج بوون)
لەو بەشە زۆر سوپاسی ئەو پێشمەرگەی دێرینانە دەکەم کە هاوکارم بوون
عوسمان حاجی محمودی یاخیانی
ئەحمەد چوار بەرد
تەحسین هەولێری

# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا سایتی: (سبەی)

## بەشی پێنجەم

خولی دووەمی مفاوەزە(17/6/1991 - 7/5)
دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بۆ خولی دووەمی مفاوەزە پێک هات بو:
لە پارتی: مەسعود بارزانی کە سەرۆکی وەفدەکە بو، ئازاد بەرواری، د ڕۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق، د. جەرجیس حەسەن، چەند کەسێکی تر بۆ کاروباری بێتەل و سکرتاریەت.
لە سۆشیالیست: ڕەسول مامەند، سەعد عەبدوڵا.
لە پارتی گەل: محەممەد مەحمود عەبدوڕەحمان (سامی).
لە یەکێتی: عەبدوڵا ڕەسول عەلی (کۆسرەت) و من و دارای تۆفیق ئاغا.
وەفدەکەمان بە هەمان شێوەی وەفدی پێشو لە کۆڕێ بەرەو سەلاحەدین و لەوێوە بۆ بەغداد. لە بەغداد لە ئوتێلی ڕەشید دایان بەزاندین.
ئێمە لەگەڵ خۆمان 3 پرۆژەمان برد بو کە پێشتر کۆمیتەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی ئامادەیان کرد بو .
پرۆژەکان بریتی بون لە:
.1قانونی حوکمی زاتی
.2ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان (تطبیع الاوضاع فی کردستان)
.3یەکێتیی نیشتمانی (الوحده الوطنیه)
پرۆژەکان بە پەلە ئامادە کرابون و بە پەلە چاپ کرابون.
7ی مایس: یەکەم کۆبونەوە
بەعس بۆ ئەوەی لە ئێمە تێ بگەن، بە بیانوی ئەوەی ئێمە هەمومان عێراقین و برای یەکترین شوێنی ئەندامانی وەفدیان لە سەر مێزی گفتوگۆ دیاری نەئەکرد. لەبەر ئەوەی لەو جۆرە شوێنانە کورد پاڵ بە یەکەوە ئەنێن، بۆ ئەوەی شتی وامان لێ ڕو نەدات بەر لەوەی بچین بۆ کۆبونەوە بۆ دانانی ڕێوشوێنی دانیشتن و هەڵسان، من پێشنیارم کرد بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکان دا توشی بە یەکدا کەوتن و سەر لێ شێوان نەبین، لە سەرمێزی گفتوگۆ بەمجۆرە بەڕیز دابنیشین: مەسعود، سامی، من، ڕەسول، ئینجا ئەوانی ترمان بە ریز دانا.
لایەنی بەعسی: عیزەت دوری، تاریق عەزیز، سەعدی مەهدی ساڵح، عەلی حەسەن مەجید، فەریق روکن سابیر عەبدولعەزیز دوری تازە کرا بو بە بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، لیوا روکن وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری، سەباح یاسین، وەلید نایف.
لایەنی کوردی: مەسعود بارزانی، سامی، من، ڕەسول مامەند، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، کۆسرەت، سەعد عەبدوڵا، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، د جەرجیس، دارا تۆفیق.
لەم کۆبونەوەیەدا هەردولا پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو یەکتربینینە و هیوایان خواست بگەنە ڕێککەوتن. کۆبونەوەکە بۆ یەکترناسین و "موجامەلە" بو.
8ی مایس: دوەم کۆبونەوە
لایەنی بەعس: عیزەت دوری جێگری سەرۆکی مەجلیسی قیادەی سەورە، تەها جەزراوی جێگری سەرۆک کۆمار، تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ،



حسێن کامل وەزیری دیفاع، سابیر دوری بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات، سەباح یاسین نەقیبی ڕۆژنامەنوسان و بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی عیزەت دوری، وەفیق سامەرائی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری.
لایەنی کورد گروپی پێشو.
کۆبونەوەکە عیزەت دوری دەستی پێ کرد. سەبارەت بە پرۆژەکانی بەرە وتی:
"بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕێ نەکراو بو، خۆزگەمان ئەخواست وا نەبوایە، هەم لە دەربڕین و هەم لە ناوەڕۆکی بابەتەکان دا....
هەردولا ئەوەندە یەکتریمان دیوە بیروڕای یەکتری ئەزانین... لە سەرەتای حەفتاکان دا بیروڕامان تێکەڵ و پێکەڵ بو، بەڵام ئێستە هەمو بوینەتە پسپۆڕ لەم مەسەلە ئازاراویەدا...
"ئێوە چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەن ئێمە بڕوخێنن، ئێمە نەڕوخاین ماوین... ئێمەش چەند ساڵە بە هەمو ڕێگایەک هەوڵ ئەدەین لە ناوتان بەرین، ئەوەتا لەناو نەچون ماون..
هەردولامان ماوین کەواتە باشتر وایە ڕێک بکەوین...
"ئێمە لە 1974 وە حوکمی زاتیمان داوە، حوکمێکی زاتی تازە دانانێین، هەر چۆنێ بێ ئێمە شانازی پێوە ئەکەین و لەوەوە دەس پێ ئەکەین .ئەو قانونەی ئێوە بۆ حوکمی زاتی پێشنیارتان کردوە سیادەی عیراق کەل ئەکا...
ئینجا بە خۆهەڵکێشانەوە وتی: "ئێوە ئێمە ئەناسن چ جۆرە پیاوێکین، ئەگەر پێویستی کرد دەس ئەدەینە تفەنگ و شەڕی ئەمەریکا ئەکەین"...
زۆر قسەی تری کرد. لە قسەکانی دا وای دەرخست کە ئێمە نەئەبو باسی مافەکانی گەلی عیراق بکەین چونکە ئێمە کوردین، بەڵکو بۆمان هەیە باسی مافەکانی خۆمان بکەین. سەیر ئەوە بو لە چەند کۆبونەوەیەکی تردا کە باسی مافەکانی کوردمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە بۆ هەر باسی کورد ئەکەن، مەگەر ئێوە عێراقی نین؟ کە باسی مافەکانی خەڵکی عیراقمان ئەکرد، ئەیان وت ئێوە کوردن هەقتان بە سەر عێراقەوە چیە بۆ باسی خۆتان ناکەن؟

دوای ئەو تاریق عەزیز قسەی کرد وتی: "جەوهەری قسەکانی هەردولا یەکە... لەبەر ئەوە دەس بکەین بە لایەنی عەمەلی، خاڵەکانی ناکۆکی‌یان لە سەرە ئەوەندەی لێ ئەدوێین تا ئەگەین بە لەیەک گەیشتن"... پێشنیاری کرد ببینە 3 تیپی کار، یەکێکی سەرکردایەتی دوانی لایەنی نەزەری و لایەنی عەمەلی باسەکان.
دوای ئەویش تەها جەزراوی هەندێ قسەی کرد.
حسێن کامل، بن ئامۆزا و زاوای سەدام حسێن و، وەزیری جەنگ، پرۆژەکانی بەرەی بە دەستەوە بو. وای پیشان دا کە پیشتر نەی دیوەو تازە ئەیان خوێنێتەوە. لە پرۆژەکان ورد ئەبوەوە بە گاڵتەپێکردنێکی ڕقاویەوە سەیری ڕیزەکەی ئێمەی ئەکرد. نازانم دابەشکردنی دەور بو لە ناو خۆیان دا یا ڕوداوەکە ئاسایی بو، ئیزنی قسەکردنی لە عیزەت دوری وەرگرت. وتی: "گەورەم! لە بەرئەوەی من کارم هەیە ناتوانم تا کۆتایی دانیشتنەکە لێرە بم، تکایە ڕێگەم بدەن سەرنجەکانی خۆم دەربڕم"!
عیزەت دوری ڕێگای دا قسە بکا. حسێن لە ناو قسەکانی دا وتی: "بە بینینی ئەو وەرەقانە توشی نائومێدیەکی زۆر بوم، ئەوانەی ئەم وەرەقانەیان هێناوە نایانەوێ ڕێک بکەون.. کێ ئەم گیروگرفتەی دروست کردوە؟ کورد نەک دەوڵەت. کێ چەکی هەڵگرت سەرباز و پۆلیسی کوشت ...ئەوەی زەرەری لەگەڵی کوردمان داوە هەر ئەوان بون... ئەوان هاوکاری‌یان لە گەڵ ئێران کرد، هاوکاری‌یان لە گەڵ ئیسرائیل کرد، ئیستاش ئەوان پشت ئەستورن بە ئەمریکا وا ئەکەن، بەڵام ئەمریکا تا کەی ئەمێنێتەوە؟ ساڵێ دو ساڵ یا زیاتر، سەرەنجام هەر ئەڕوا ئەوسا ئەوان چی ئەکەن؟..." حسێن کامیل لەم شەکرانە زۆری شکاند، وەکو دوایی دەرکەوت بۆیە وەها تەنگاو و تورە بوە، هێزەکانی ئەمەریکا لەو یەکدو ڕۆژەدا هات بونە زاخۆ سوکایەتیەکی زۆریان بە جەیشی عیراقی کرد بو بە زەلیلی لەوێ ڕاویان نابون و لە دهۆک و ئامێدی و چەند جێگایەکی تریش تەنگیان پێ هەڵچنی بون. قسەکانی تەواو کرد، چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، هەڵسا ڕۆیشت.
کاک مەسعود لەسەر کاغەزێ بۆ منی نوسی: "قسەکانی ڕەدێکی بە شیدەتی ئەوێ" منیش بۆم نوسی: "ئیستا ڕەدێکی ئەدەمەوە علی اد المقام"، کاک سامی کە لە بەینی هەردوکمان دا دانیشتبو. کاغەزەکان بە بەردەمی ئەودا ئەڕۆیشت. بە منی وت ئەمە یەکەم کۆبونەوەمانە با تێک نەچێ، ڕێگە بدەن بە من وەڵامی بدەمەوە. ئیزنی لە کاک مەسعود وەرگرت .سامی وەڵامی دایەوە. لام وایە کەس لە ئەندامانی وەفدی کوردی وەڵامەکانی بە دڵ نەبو، بەڵام بۆ پارێزگاری یەکێتی وەفدەکەمان و، نیشاندانی یەکگرتوییمان لە بەرامبەر نوێنەرایەتی بەعس کەسی تر بە دەنگ نەهات. بەم بۆنەیەوە شیعرێکی (مەحوی) م بیر کەوتەوە کە ئەڵێ:
"قەزا بێ دەستەڵاتت کا، چیە غەیری ڕەزا چارە؟
لە بەردەستی جەلابا ڕێویەکە شێری پەل بەستە"
حسێن کامیل، لە سەرەتادا مفەوەزی شورتە بوە دوایی بە جۆریکی نائاسایی خرا بوە کولیەی عەسکەری و، بێ ئەوەی بە ڕێگای ئاسایی پیشکەوتنی سپایی‌دا بڕوا، سەدام حسێن پلەی "فەریق روکن" ی پێ بەخشی بو بۆ ئەوەی پلەکەی ئەم لە هی هەمو ئەفسەرانی تری جەیشی عیراقی بەرزتر بێ. هەمو ئەفسەرە کۆنەکان بێ دودڵی و ڕامان، سەریان بۆ شۆڕ کرد و، سڵاوی سەربازی‌یان بۆ ئەکرد و، پێیان ئەوت "سیدی" کە ئەمە خۆی جۆرێک بو لە شکاندنی شەرەفی عەسکەری ئەفسەرانی جەیشی عیراقی .پێشتر بە بەخشینی روتبەی "موهیب روکن" بە خۆی و، بەرزکردنەوەی روتبەی عەسکەری عەدنان خەیروڵای خاڵۆزای و ژنبرای و دانانی بە نائیبی قائیدی عام و وەزیری جەنگ دەستیان پی کرد بو .

کاتی دەسپێکردنی مفاوەزە حسێن کامیل (بن ئامۆزا و زاوای سەدام) وەزیری دیفاع و، عەلی حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) وزیری ناوخۆ و، وەتبان (دایکبرای سەدام) موحافیزی تکریت و، سەبعاوی (دایکبرای سەدام) مودیری ئەمنی عام و، هاشم حەسەن مەجید (ئامۆزای سەدام) موحافیزی کەرکوک بون.
وەفدی حکومەت بە ریز بە دوای یەک دا قسەیان کرد. عیزەت دوری، تەها جەزراوی، عەلی حەسەن مەجید، تاریق عەزیز. ئەیان ویست کاریگەریی هێرشەکانی حسێن کامیل لە سەر ئێمە کەم بکەنەوە و، گرژیی ناو کۆبونەوەکە خاو بکەنەوە.
گفتوگۆ، تەنانەت کات بەسەربردن، لە گەڵ کاربەدەستی بەعسی شتێکی بێ ئەندازە ناخۆشە. بەعسی وا پەروەردەکراون، کە هەمو کەس و هەمو لایەن و هەمو دنیا بە دوژمن دائەنێن، پێیان وایە پیلانیان لی ئەگێرن، ئەیانەوێ لە ناویان ببەن. لەبەر ئەوە هەمیشە جلی شەڕیان لەبەردایە، خۆیان بە سەرقاڵ و مەشغول دائەنێن.
بیری بەعس لە سەر ئینقیلاب، ئیغتیال، ئیبتیزاز، دامەزراوە.
تاریق عەزیز پێشنیارەکەی خۆی دوبارە کردەوە کە دابەش بین بۆ 3 لیژنە یاوەکو ئەو ئەیوت بۆ 3 فەریقی عەمەل:
1کۆمیتەیەکیان بۆ سەرکردایەتی. لەوەش مەبەستی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەردولای مفاوەزە بو کە ئەگەر لە دو کۆمیتەکەی تردا بۆیان چارەسەر نەکرێ.
2کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی نەزەری دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی. لەوەش مەبەستی گفتوگۆ بو لە سەر پرۆژەی یەکەم و دوەمی بەرە دەربارەی" :الوحده الوطنیه"، و "قانون الحكم الذاتی".
3کۆمیتەیەک بۆ باسی لایەنی عەمەلی حوکمی زاتی. لەوەش مەبەستی پرۆژەی "تطبیع الاوضاع فی کردستان" بو.
کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەبو لە سەرۆکی هەردو نوێنەرایەتی واتە لە عیزەت دوری و مەسعود بارزانی پێک بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر کۆمیتە لاوەکیەکان لە مشتومڕەکانیان دا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ناکۆکیەکە، بخریتە بەردەم ئەوان، ئەوان تاووتوێ بکەن هەر بڕیارێکیان دا کۆمیتە لاوەکیەکە پابەندی بێت.
کۆمیتەکانی تریش پێک هێنران.
کۆمیتەی لایەنی نەزەری دیمۆکراسی و حوکمی زاتی، پێک هێنرا:
لە لایەنی حکومەت: تاریق عەزیز، ماوەیەک وەزیری ئیعلام و، ماوەیەک وەزیری کاروباری دەرەوە و، لەو کاتەدا جێگری سەرۆکی وەزیران، کە سەدام خۆی بو. د مونزیر شاوی مامۆستای قانونی دەستوری و ماوەی چەندەها ساڵ وەزیری عەدل بو، بەرپرس بو لە ڕێکخستنەوە نیزامی قەزایی و ئامادەکردنی دەیان پرۆژە و ڕەشنوسی قانونی گرنگی عیراقی، د یوسف شەریف، ئەویش مامۆستای قانون و ڕاوێژکاری وەزارەتی عەدل بو.
لە لایەنی کوردی: سامی عەبدوڕەحمان، ڕۆژ شاوەیس، کۆسرەت ڕەسول.
کۆمیتەی لایەنی عەمەلی
لە لایەنی حکومەتی: سەعدی مەهدی ساڵح سەرۆکی مەجلیسی وەتەنی، عەلی حەسەن مەجید وەزیری ناوخۆ، فەریق روکن سابیر دوری پێشتر چەند ساڵێ بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی عەسکەری و، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری جیهازی موخابەرات بو.
لە لایەنی کوردی: ڕەسول مامەند، جەوهەر نامیق و من.
سەرۆکی لایەنی کوردی لە کۆمیتەی نەزەری سامی و هی عەمەلی من بوم.

*

کۆمیتە لاوەکیەکان کەوتنە کۆبونەوە و کارکردن.

کۆبونەوەکانی ئێمە هەموی لە ژورەکەی عەلی حەسەن مەجید لە وزارەتی ناوخۆ ئەکرا. هەندێ جار سەعدی مەهدی ساڵح و، جاروبار فەریق روکن سابیر دوری بەشدار ئەبون. تەنیا یەک کۆبونەوە لە گەڵ سەعدی مەهدی ساڵح لە بارەگای "مکتب تنظیم بغداد" کرا، ئەویش سەعدی وەرەقەی ئەو "التزامات" ەی تەسلیم کردین کە ئەبو بەرەی کوردستانی بەرامبەر بەعس بە جێی بهێنێ.

کۆبونەوەکانی کۆمیتەی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی لە مەکتەبەکەی تاریق عەزیز ئەکرا. بۆ هەندێ لەو کۆبونەوانە، بە تایبەتی باسی کەرکوک و سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی منیش ئەچوم.

*

پرس بە شارەزا

بۆ دەسکاری قانونی حوکمی زاتی پێویستیمان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتیمان بدا. پرسم بە چەند کەسێ کرد بو. پێیان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە فایەق هوشیارە. فایەق هوشیار لە چلەکانی سەدەی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. ئەوسا یەکێ بوبو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و، یەکێ لە نوسەرە رۆشنیرەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و، ماوەیەکی زۆر پارێزەری و حاکمی کرد بو و دواتر بەرێوەبەری گشتی تاپۆی عیراق و ئەندامی مەحکەمەی تەمیز بو.

دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد دۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. پرۆژەکەی خۆمان ئامادەمان کرد بو، لە گەڵ خۆمان بردبومان بۆ بەغداد دامان بەو دەسکاری بکات. جاری تریش کاری وەهامان پێ سپارد بو. پاش دو رۆژ کارەکەی بە تەواو کراوی بۆ هێنانیەوە. هەروەها وتی: "من ئامادەم لە وەفدەکەی خۆتان دا دام بنێن بۆ دیفاع لە گۆرینەکانی ناو قانونەکە، ئەگەر رێککەوتن ئەوە باشە ئەگەر رێکیش نەکەوتن من کابرایەکی پیرم چەند ساڵێکی کەمم ماوە چیم بە سەر بێ بە لامەوە گرنگ نیە".

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.

بۆ ئاساییکردنەوە هەلومەرجی کەرکوک و دانانی چارەی عەمەلی کە قابیلی جێبەجێ کردن بێ پێویستمان بە شارەزایەکی ئەم بوارە هەبو یارمەتیمان بدا. پرسم بە چەند کەسێ کرد بو. پێیان وا بو باشترین کەس بۆ ئەم کارە د موکەرەم تاڵەبانییە.

د موکەرەم لە چلەکانی قەرنی بیستەم دا قانونی لە بەغداد تەواو کرد بو. ئەوسا یەکێ بو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی هیوا و، دواتر چو بوە ریزی حیزبی شیوعیەوە. لە سەر ئەوە گیرا بو ساڵانێکی درێژ لە زیندانی سەردەمی مەلەکی دا بو. دوای رێکەوتنی حیزبی شیوعی و بەعس ئەم بو بە وەزیری ئاودێری لە عیراق و، دوای تێکچونی پێوەندی شیوعی - بەعسی ئەم لە بەغداد بە بێلایەنی مابووەوە. سەدام رێزێکی تایبەتی لێ ئەگرت و، چەند جارێ بۆ ناوبژی لە گەڵ کورد رای سپارد بو. د موکەرەم شارەزاییەکی زۆری لە سەر کەرکوک و ناوچە ئەنفال کراوەکان هەبو.

دارای تۆفیق ئاغا چو بۆ ناو بەغداد دۆزیەوە قسەی لە گەڵ کرد هات بۆ ئوتێل رەشید. داوامان لێ کرد پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکا، لە سەر ئاساییکردنەوەی کەرکوک. پرۆژەیەکی بۆ نوسین، من لە کۆمیتەکەی خۆمان دا، کردم بە بنچینەی گفتوگۆ لە گەڵ لایەنی بەعس و، بە نوسراوی پێشکەشمان کرد. د موکەرەم ئامادە بو لە وەفدەکەمان دا بەشدار بێ و دیفاع لەو پرۆژەیە بکات.

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە بو.
کەڵکی زۆرمان لە هەردوکیان وەرگرت.
پرۆژەی بەرەی کوردستانی بۆ حکومەتی عێراق

*الوحدة الوطنية

تعرضت منطقة كردستان خلال العقود الثلاثة المنصرمة الى ظروف صعبة و معقدة للغاية معروفة لدى الجميع الأمر الذي عرض البلاد الى مخاطر و عطل طاقات كبيرة و أضعف روح المسؤلية لدى قسم من المواطنين و جعل الأحوال الأستثنائية تتغلب على الحالة الطبيعية و وضع المواطن في موضع مشكوك في أمره إذاء السلطة و قد إنعكس كل ذلك سلبيا على الوحدة الوطنية.

إن إعادةاللحمة الى الوحدة الوطنية هدف منشود من قبل الجميع و غيابها يعيق تقدم الشعب و البلاد و لا ينجو أي طرف من أضرارها مما يتطلب العلاج الجذري و السريع على الأسس التالية:

(1تتوطد الوحدة الوطنية بمعالجة الأسباب التي أعاقتها و ثملتها و بتعزيز الأخوة العربية الكوردية.

(2تعزيز الوحدة الوطنية يستند على رفع الغبن التريخي الذي لحق بالشعب الكوردي و الأقليات القومية و بتحقيق الحقوق المشروعة و سيادة العدالة و تكافؤ الفرص و المساوات بين الجميع.

(3سيادة القانون و النظام مطلوبة و ينبغي الألتزام بها من قبل الجميع و لا يمكن تحقيق ذلك بالأعتماد حلى القسر و القوة.

(4ينبغي أن تتعاون الحركة الكوردية (جك) الى أقصى الحدود مع السلطة على صيانة حدود و أمن العراق في منطقة كوردستان.

(5تساهم قيادة الحركة الكوردية (جك) بصورة فاعلة في منع مظاهر التسلح غير القانوني في منطقة كوردستان و في صيانة و تعزيز الوحدة الوطنيةالعراقية.

*

*

وەفدی حکومەت لەوەڵامی پرۆژەی(الوحدة الوطنية) پێشنیارەکانی بەرەی کوردستانی سەبارەت بەژیانی دیموکراسی} ئەم پرۆژەیەیان دا بەنوێنەرایەتی کورد:

حول الوحدة الوطنية و الديمقراطية في العراق

أولا: اننا نرى إن الكثير مما ذكر في الورقة المعنونة { الوحدة الوطنية} غير وارد و يتناقض مع الحقائق و روح الحوار لذلك نرى.. غض النظر عنها و الإكتفاء بورقة مشتركة حول موضوع الديمقراطية.

ثانيا: أما بشأن مسألة الديمقراطية في العراق فقد جرت مناقشة أولية و عامة بين فريق عمل مشترك من الجانبين و يمكن أن نضع الأسس التالية:

(1إن الظروف الذاتية و الموضوعية في البلاد تحتم الدخول في مرحلة جديدة هي مرحلة } المشروعية الدستورية{ و قد سبق للسيد الرئيس صدام حسين أن أعلن في خطابة في 16/3عن تصميم على المباشرة في هذه المرحلة خلال الفترة المقبلة وأكد بإن هذا التصميم حاسم و لا رجعة فيه.

(2من السمات الأساسية للمرحلة المقبلة التعددية الحزبية في إطار الوحدة الوطنية و المسؤلين الوطنية، و يقتصي ذلك السماح بتأسيس الأحزاب ذات النهج الوطني البناء و وفق قانون جديد ينظم مسألة تأسيس الأحزاب و ممارستها لنشاطها السياسي.

(3إن المجتمع الديمقراطي يقوم على أساس الدستور و القانون والمؤسسات و التعددية الحزبية و حرية الصحافة و الرأي و كل الحريات التي يقرها ميثاق حقوق الأنسان وفقا للقانون و من منطلق القيم و التقاليد الوطنية و الدينية الراسخة في المجتمع العراقي و بإتجاه صيانتها..

إن مشروع الدستور الذي نشر في عام 1991 و حديث السيد الرئيس صدام حسين في مجلس الوزراء بتأريخ 1991/3/28 قد أكد على مبداء {فصل سلطة الحزب عن الدولة}.

(5إن مشاركة الأحزاب السياسية في الوزارة فكرة مقبولة من حيث المبداء و ستعالج وفقا للأتفاق الذي يجري مع الجبهة الكوردستانية فيما يخص مشاركتها في الوزارة كما سيعالج مع الأحزاب الأخرى التي ستنشاء طبقا للبرنامج السياسي الذي يتفق عليه أو كنتيجة من نتائج الأنتخابات للمجلس الوطني الذي سينشاء بعد المصادقة على الدستور.

(6إن مجلس قيادة الثورة الذى تحمل مسؤلية قيادة البلاد هو الذي يتحمل مسؤلية إقتراح مشروع دستور جديد للبلاد و سيطرح الدستور للمناقشة الوطنية العامة مجددا و سيقر بإستفتاء شعبي.

من الطبيعى أن يحدد تشكيل مجلس الوزراء في ضوء النتائج التي تتمخض عن انتخابات المجلس الوطني.. مع ثبات مبداء مشاركة الاكراد من شعبنا وفق الاسس التي يتم الأتفاق عليها.

بسم الله الرحمن الرحيم

وقل اعملوا فسيرى الله عملكم و رسوله والمؤمنون

صدق الله العظيم

تطبيع الاوضاع في منطقة الحكم الذاتي

لقد ادرك حزب البعث العربي الاشتراكي عبر مؤتمراته القطرية معاناة العراق بشكل عام ومنطقة الحكم الذاتي بشكل خاص واقر في مؤتمره القطري السابع الذي انعقد في اواخر عام 1968 و مطلع عام 1969 ان مسألة المطامح القومية للكرد في العراق تقع في مقدمة المسائل التي تواجه حركة الثورة العربية ورسم طريق الحل لها امام الثورة والسلطة الثورية.

وحيث ان منطقة الحكم الذاتي عانت من حالة عدم الاستقرار جراء النشاط الدولي والاقليمي المعادي مما جعلها تشكل تهديدا للامن الوطني.

وانطلاقا من تأكيدات السيد الرئيس صدام حسين حفظه الله ورعاه المهندس التأريخي لبيان 11 اذار 1970 على انهاء هذه الحالة وخلق حياة طبيعية من الاستقرار والطمأنينة والأمن والأمان في المنطقة.

ومن اجل بناء العراق الموحد وتقدمه وازدهاره وعزة شعبه.

وادراكا من قيادة الحزب والثورة والاحزاب الوطنية في الجبهة الكردستانية لتعزيز وحدة العراق والنهوض به على المستوى الوطني والقومي.

ومن اجل ان تتفتح على ايدي جميع الشرفاء الخيرين من مناضلي الحزب والجبهة الكردستانية صفحة جديدة مشرقة فقد تم بعون الله تعالى الاتفاق على مايلي:

-1يعفى عفوا عاما شاملا عن الكرد المدنيين والعسكريين ورجال قوى الامن الداخلي المحكومين والهاربين والموقوفين والمحجوزين وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن الجرائم السياسية ويطلق سراحهم ويشمل هذا العفو العقوبات الاصلية والتبعية ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتلغى قرارات المصادرة بحقهم وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

-2أ- يعفى عفوا عاما عن الكرد وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية ضدهم عن جرائم الهروب والغياب والتغيب المنصوص عليها في قانون العقوبات العسكري ذي الرقم 13 لسنة 1940 وقانون معاقبة مرتكبي جرائم الهروب خارج البلاد اثناء الخدمة العسكرية ذي الرقم 28 لسنة 1972 المعدل وجرائم التخلف والمخالفة المنصوص عليها في قانون الخدمة العسكرية ذي الرقم 65 لسنة 1969 المعدل.

ب- يعمل في (أ) من هذا البند لمدة ثلاثة اشهر من تاريخ صدوره.

-3تلتزم الجبهة الكردستانية التزاما تاما بتنفيذ برنامج وطني مركزي يضعه حزب البعث العربي الاشتراكي والجبهة الكردستانية يهدف الى بث الوعي الوطني الصحيح وتعزيز الاخوة العربية االكردية وتوطيد الوحدة الوطنية وحماية مسيرة الثورة ومكتسباتها بقيادة السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله وتعميق روح الانضباط والالتزام واحترام القوانين والانظمة والتعليمات التي تصدرها الدولة واجهزتها المختلفة من اجل تطور العراق وتحقيق حياة آمنة ومستقرة للمواطنين.

-4تعلن الجبهة الكردستانية عن وقوفها جنبا الى جنب مع حزب البعث العربي الاشتراكي لمواجهة التشكيلات السياسية المصطنعة في المنطقة المؤتمرة بأوامر الاجنبي وبما يحقق أمن العراق الوطني والستراتيجي.

-5اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال ومنتسبي القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي المفصولين والمنهاة خدماتهم والمحالين على التقاعد لاسباب سياسية الى الخدمة واعتبار مدة تغيبهم او فصلهم خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد بالنسبة لرواتبهم وليس على اساس المنصب الوظيفي.

-6اعادة منتسبي الجبهة الكردستانية من الموظفين والمستخدمين والعمال المنقولين من دوائرهم الى دوائر اخرى او الى محافظات اخرى لاسباب سياسية الى الخدمة في مناطقهم الاصلية، وفق حاجة الدوائر (وضمان حقوق ورواتب الذين يفيضون على ذلك) من خلال تنسيبهم للعمل في دوائر اخرى وحسب حاجتها.

-7اعادة الطلبة الكرد المفصولين والمطرودين لاسباب سياسية الى مدارسهم ومعاهدهم وجامعاتهم وتخصيص منح دراسية للمحتاجين منهم حسب القواعد المرعية وعدم احتساب سنوات غيابهم سنوات رسوب.

-8قبول الطلبة الكرد في جميع المدارس والمعاهد والدور التربوية والعلمية والجامعات المدنية منها والعسكرية وكذلك البعثات العلمية والزمالات والاجازات الدراسية والمنح داخل العراق وخارجه بدون استثناء او تمايز وحسب الكفاءة ووفق القواعد والامر النافذة.

-9يعفى عفوا عاما من البارزانيين و اطلاق السراح المحكومين والموقوفين والمحجوزين منهم وتوقف وقفا نهائيا الاجراءات القانونية المتخذة بحقهم ويرفع الحجز عن اموالهم المنقولة وغير المنقولة وتعاد اليهم جميع حقوقهم.

-10اعادة السكان المرحلين من المدن والقرى الكردية الى مناطق اخرى داخل منطقة الحكم الذاتي او خارجها الى مدنهم وقراهم واماكنهم الاصلية حسب رغبتهم ووفق جدول زمني يتفق عليه وتعويضهم ويعمل على تطوير مناطقهم وذلك بايصال جميع الخدمات اليها لكي تصبح حسب قابليتها، والامكانات الطبيعية والزراعية المتوفرة فيها مراكز متطورة للزراعة وتربية الحيوانات والدواجن والصناعات الخفيفة ومناطق السياحة والاصطياف وكذلك لدعم الامن والدفاع الوطني الى جانب الاسهام في تطوير وتقدم اقتصاد عموم العراق مع مراعاة التجميع الريفي العصري والجانب الامني والاستراتيجي.

-11تتوقف اذاعات الجبهة الكردستانية عن العمل واالبث ساعة اعلان هذا الاتفاق وتسلم هذه الاذاعات الى الدولة خلال مدة اسبوعين.

-12العمل على فتح جامعة في محافظة السليمانية.
-13تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا او اعدموا من منتسبي الجبهة الكردستانية في الظروف الاستثنائية السابقة وكذلك صرف رواتب للمعوقين والمفقودين منهم وتأمين السكن المناسب لهم وفق تشريع خاص يصدر لهذا الغرض.
-14اعادة المؤسسات والمشاريع التي اوقف العمل بها بسبب ظروف المنطقة الى وضعها الطبيعي.
-15وضع خطة سريعة للنهوض بالمنطقة واعادة بنائها ورفع ما أصابها من التخلف كما جاء في بيان (11 اذار 1970).
-16الغاء جميع القوانين والقرارات والتعليمات الاستثنائية بعد زوال ظروفها والتي تقيد حرية المواطنين او تحول دون تقدم المنطقة وبعد اتفاق الطرفين.
-17حل كافة التشكيلات والميليشيات المسلحة التابعة للجبهة الكردستانية خلال مدة....
-18تسلم جميع الاسلحة الثقيلة العائدة الى الجبهة الكردستانية الى السلطات المركزية خلال مدة شهر من تاريخ اعلان هذا الاتفاق، اما بقية الاسلحة المتوسطة والخفيفة فتسلم خلال مدة شهرين من التأريخ المذكور عدا الاسلحة المتفق عليها التي ستجاز بصورة رسمية.
-19عدم قيام الجبهة الكردستانية باجراء اي تعاون او اتصال مع الدول في المنطقة وخارجها الا من خلال موافقة دولة العراق، اما الاتصال بالاحزاب غير العراقية فيتم من خلال الجبهة وميثاقها.
-20العمل على اعادة العرب الذين اسكنوا بصورة غير طبيعية اثناء الظروف الاستثنائية على حساب الاخرين في منطقة الحكم الذاتي.
-21اطلاق سراح الكرد الفيليين من العراقيين والسماح للمرحلين منهم داخل المنطقة والموجودين منهم خارج العراق بالعودة الى القطر خلال مدة سنتين والسكن بالمنطقة وحسب رغبتهم.
-22تطبيق قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي المشمولة بقانون رقم (90) لسنة 1975 تطبيقا يضمن مصلحة الفلاحين ويخدم الاقتصاد الوطني واعفاء المرحلين منهم مما ترتب عليهم من ضرائب جراء ترحيلهم وعدم استغلالهم أراضيهم.
-23ان العراق كان ولا يزال يعاني من تهديدات خطيرة لأمنه الوطني والستراتيجي وفي مقدمتها التهديد الصهيوني الامريكي الامبريالي والنظام القائم في ايران وبعض الانظمة الاخرى في المنطقة ولما كان من المتفق عليه ان يساهم ممثلو الجبهة الكردستانية في الحكم وفي صنع القرار العراقي ومن أجل أن تكون المواجهة الوطنية لهذه التهديدات بالمستوى المطلوب فان الجبهة تلتزم بالخطط والاجراءات التي تتخذها دولة العراق لتحقيق هذا الهدف الوطني النبيل سواء كان ذلك بصيغة القتال العسكري او النضال السياسي الوطني كما انها تلتزم بتعميق الوعي الجماهيري باتجاه حب العراق والاستعداد للتضحية والدفاع عنه حتى الاستشهاد ضد كل اعدائه... والله الموفق .

(ئێوارەی پاییز)



ئێوارەیەو
گڤەی (با)دێ..
هەور ئاسمانی گرتووە
ئێوارەیەو
داری پاییز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..
گەڵا سەرچۆپی گرتووە

ئێوارەیەو
منی تەنیا لەناو کۆمەڵێ تارمایی ڕێبوارانا..
لەسەرمانا.. ئەلەرزم و
هەنگاو ئەنێم بەژێر باڵی ڕەهێڵەو شەستەبارانا

ئێوارەیەو
منی بێ باڵتۆ.. بێ چەتر..
دەربەستی تۆف و سەما نیم
ئێوارەیەو
کەس بۆ خەمی من ناسووتێ..
ئای لەو ڕۆژە ڕەشانەی دیم!

ئێوارەیەو
خۆشەویستی و ترسی پاییز..
هەموو گیانمی گرتۆتەوە
ئێوارەیەو
پاییز لەدڵی تەزیوما..
ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە..

ئێوارەیەو
زۆر حەز ئەکەم لەجێی بارانا..
گەڵای زەرد بەسەرما داکا

ئێواریەو
باوەش ئەکەم بەگەڵای مردووی پاییزا..
ئەو پاییزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو ون ناکا

ئێوارەیەو
تاوێکی تر گۆڕەکەی ئەگرمە باوەش
لێی ئەپرسم.. ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ؟

ئاخۆ سڵ ناکا لەگرمەی هەورو لەلوورەی بارەش؟

"ژەنەراڵی پاییز"

Sbeiy.com Sbeiy.com © 2021

YADNAMEیادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیش لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.29,October 2021

## هەڵبژاردنی عێراق چی پێ وتین.؟؟

یادنامە

گەر هەڵبژارن بنەمایەک بێت بۆ بەشداری تاک لە پرۆسەی حکومداریدا ، ئەوا ئەم هەڵبژاردنەی عێراق پێی وتین بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان خەڵک و دەستەڵاتدا ، پێی وتین ئەو تاکەی کە دەمانەوێ هەڵبژاردن و حکومی سندوقەکانی دەنگدان بکاتە بەشێک لە بەشداری خۆی ئەوا تاک متمانەی بە هیچ جۆرە دروشمێک و هیچ جۆرە دەموچاوێکی سیاسی و دەوڵەتداری نەماوە ، هەڵبژاردنی عێراق پێی وتین لە دوو سەد ساڵی ڕابردودا بە پاشایەتی و جمهوری و ئەفسەرانی کودەتا چیەکانیشەوە هێندەی ئێستا تاکی عێراقی لێی نائومێد نەبوە ، هەڵبژاردنی عێراق و خۆپیشاندانەکانی تشرین پێمان دەڵێ کە حوکمی گۆڕینی مۆدێلێکی تر بە ڕێوەیە ، مۆدێلێک کە عێراق ڕزگار بکات لە دەستی وڵاتانی دەرەکی و هەژمونگەرانی دەرەکی.

لە کوردستان هەڵبژاردن بەدەر لە ئەنجامەکانی و ڕێژەی کورسیەکانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داتایەکی بەرهەمهێنا کە پێمان دەڵێ ئەگەر پرۆسەی چاکسازی گشتی پەلەی لێنەکرێ و کار بۆ داواکانی شەقام و خەڵک نەکرێ کە خزمەتگوزاریەکانە ئەوا هەڵبژاردنی داهاتو هیچ ئەرزشێکی نابێ ، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین هەرێم لە نێوان دو ڕێگادایە و ڕێگای سێیەم نیە ، ئەویش هەڵبژاردنی ڕێگای یەکەمە کە بەدەمەوە چونی داواکاریە گشتیەکانە ، خۆ ئەگەر ئەمە نەکرێ ئەوا ڕێگای دوەممان هەڵبژاردوە و دەستەڵات بە گشتی دەکەوێتە بەردم دوو بەرداشەوە ، بەرداشی نەبونی هێزی ناوەکی و بەرداشی دوژمنی دەرەکی ، دواجار لای خەڵکی لە ئێستەوە ڕونە و دەنگدەر کە زمانی بە شیری گەرم سوتا بێ فو لە ماستاویش دەکا.




## سلێمانی

لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارومولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم, نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپیی سەرا, سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر, ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و, نەققارە, تــا ئەیوانی کەیوان بوو
دریێغ بۆ ئەو زەمانە, ئەو دەمە, ئەو عەسرە, ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جرید بازی, لە دەشتی کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیی بەغدایی تەخسیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان, ڕاستت دەوێ, باوکی سلەیمان بوو(١)
عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
(سەلاحەددین) کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
عومومی شەهر باران و سەلاتینی فەرەنگستان
لە ڕوعبی سەتوەتی ئەو شێرەدا گشتی عەراسان بوو(٢)
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان, پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو
کە (عەبدوڵڵا)ە پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
(ڕەزا) ئەو وەختەی عومری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو

شێخ ڕەزای تاڵەبانی



ڕووسیا .. تورکیا ئەکەین بەچوار پارچەوە ... ل٢
تۆپخانەی شۆرش ... ل١١
بۆچی ستالین لە کورد تورە بوو؟... ل٣
ئەردۆگان هەڕەشەی سەربازی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات ... ل١٣
کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر کورد ... ل٥
کاریزما و سیاسەت مەلەفی تایبەت ... ل١٥
ڕێکەوتننامەی لۆزان ودەزگای هەواڵگری تورکیا ... ل٦
نەخشەی کوردستان و میرنشینەکان ... ل١٧
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٨
سوپای عێراق ... ل١٨
نوری کەریم ... ل٢٠









## ڕووسیا .. تورکیا ئەکەین بەچوار پارچەوە ..

نوێ ترین هەواڵ ..

شەڕی نێوان ئێمەو تورکیا چەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت...
ئەو تورکانەی کەدوای جەنگەکە ئەمێنن ئەگێڕینەوە بۆ خاکی باب و باپیرانیان لەمەنگۆلیا ..و ئەبێت لەوێ هەوڵی ئەوە بدەن سولتانێک دەست نیشان بکەن..
کوردەکان لەتورکیا کیانێکیان بۆ دروست دەکەین و خاکە زەوتکراوەکەیان بۆ دەگێڕینینەوە....
تورکیا وایزانی فرۆکە جەنگیەکەش مقەڕەکانی پ ک ک یە لەقەندیل..

ئەم هەواڵە لەعربی و ڕووسیاوە کوردۆ سوید وەریگێڕاوە..

ووتەکانی پوتین و چەکە ترسناکەکانی ڕووس ئەردۆگانیان خستە پاڕانەوە..
ڕووسیا ووتەکانی و پاڕانەوەکەی قبوڵ نیە و بەهەموو جۆرە چەکێک لەدەریاچای قەزوینەوە بەسارۆخی هەمەجۆر و لەاسمانەوە بەفرۆکە لەو چەکدارو میلیشیایەنە دەدات کەسەر بەتورکیان و ترس و لەرز لەسەر دابەش بوونی ترکیاش هاتۆتە ناو باسانەوە...

شەڕی پیادە و سەربازی لەگەڵ تورک ناکەین بەڵکو بەبۆمبی لۆجستی و ئەتۆمی تورکیا وێران ێەکەین و شەڕەکەمان لەچەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت..
خەبیری سەربازی سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیای ئێستا الیکسندر بریماکۆڤ..
سەبارەت بەلێدوانەکانی تورکیا و اردۆگان ڕایگایاند کە گەر فڕۆکەی تورکیا بەسەر خاکی سوریادا بفڕێت بەدڵنیایەوە ئەیانخەینە خوارەوە و گەر شەڕیش هەڵبگیرسێت ئەوە ئەو شەڕە لەبەرژەوەندی ڕووسیا نابێت گەر لەچەند سەعات و ڕۆژێک زیاتر بخایەنێت بۆیە پێویستە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ ئەبێت ڕووسیا بەلێدانێکی خێرا لەماوەیەکی کەمدا بەهەستاندنی هەزاران ڤرۆکە و بەکارهێنانی سارۆخی لۆجستی هەموو ڤڕۆکەخانە و سەربازگەکانی تورکیا وێران بکەن ..
لەو حاڵەتەشدا دڵنیاین کەحلفی ناتۆ بێدەنگ نابن بەس کاردانەوەی سەربازیان نابێت و ئەو توانایەیان نیە بەرانگاری شەڕێکی ئەتۆمی ببنەوە لەگەڵ ڕووسیادا ..
ئەمەریکا گەر بیەوێت هاریکاری سەربازی تورکیا بکات ئەوە بەبەکارهێنانی ئەتۆمی ێەبێت و لەوە دڵنیاین کە ئەمەریکا نەک سارۆخێکی ئەتۆمی لەبەر خاتری تورکیا دژ بەڕووسیا بەکار ناهێنێ بەڵکوو ئامادەی ئەوەش نیە سەربازێک فیشەکێکی دژی سەربازانی ڕووس بتەقێنێت..

لەهەمان کاتدا الیکسندر سەبارەت بەکوردو ئەرمەن و علویەکان لەتورکیا ڕایگەیاند ..
کەئەوان وادەکەن کوردەکان دەست بگرنەوە بەسەر ناوچەکانیاندا و کیانێکی سەربەخۆ لەوێ دروست بکەن هەروەها ئەرمەنەکان خاکە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە و علویەکانیش بەهەمان شێوە ..

سایتی رووسیای ئیمڕۆ و پراڤدا و تلفزیونی رووسیان تیڤی وەرگیراوە

# بۆچی ستالین لە کورد تورە بوو؟

بۆچی ساڵی 1929 کۆتایی بەکۆماری کوردستانی سور لەناگۆرنی کەراباغ هێنا، کە لینین لە ساڵی 1923 دروستی کردبوو؟

بۆچی لە زستانێکی بەستەڵەکدا و لەبیابانەکانی کازاخستان و ئۆزباکستان و قیرغیستان و تورکمانستان، بەزۆرەملێ کۆچی پێکردن و پەرتوبڵاوی کردن؟

لەدوای ڕێککەوتننامەی سایکس- بیکۆی نهێنی، کە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری بەشدارییان تێدا کرد بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، کوردستان کرایە 5 پارچە و هەر پارچەیەکیش بە دەوڵەتێکەوە لکێندرا، سوریا، عێراق، تورکیا، ئێران (کە لە ساڵی 1514 وە بەشی ڕۆژهەڵاتی لە بندەستدا بوو).

لە ساڵی 1917 شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا لەسەر دەستی لینین هەڵگیرسا، کە ڕێککەوتننامەی سایکس - بیکۆی ئاشکراکرد، بەمەش ڕوسیا زۆرینەی بەشی خۆی لە کوردستانی باکوور لەدەستدا و بەشەکەشی خرایەسەر تورکیا، بەشێکی کەم لەبندەستی یەکێتی سۆڤیەتدا مایەوە، کە یەکێتی سۆڤیەت لە رقی ڕێککەوتننامەی لۆزان، ئۆتۆنۆمی بەو بەشە بچووکەی کوردستان (کوردستانی سور) بەخشیو غۆسین غاجییێف (حسین عاجییێف) بە سەرۆکی ئەو بەشەی کوردستان هەڵبژێردرا، کە پایتەختەکەی (لاتچین) بوو، شارەکانی کیلباجان و کۆبتلی و زانغلان و جیلابسکی لە خۆ گرتبوو.

کوردەکان بە دڵخۆشی و سەماکردنەوە پێشوازییان لەدامەزراندنی کوردستانی سور کرد، بەڵام لە دوای کۆچی دوای لینین و هاتنەسەرکاری ستالین، فەرمانڕەوا تورکەکان تەماحی نەوتییان خستە بەردەم ستالین، بۆیە ستالین وردە وردە بۆی داشکاندن، تا ئەو کاتەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا، بۆیە ئەتاتورک خۆی هاویشتە باوەشی ستالین و داواشی لێکرد کوردستانی سور لەناوبەرێت، چونکە کوردەکانی تورکیا بەپشتیئەستوری کوردستانی سور شەڕێکی بێهودەیان دژ بەتورکەکان دەستپێکردووە و ئامانجیشیان سەربەخۆیی کوردستانە.

ستالین بەدەم داواکەیانەوە هات، بەڵام بە چەند مەرجێك، کە لە جوغزی بیرۆکەی شیوعیەتدا دەخولانەوە.

ئەوکات ستالین لە کوردەکان تورە بوو، لە پاساوێك دەگەڕا بۆ لەناوبردنی کۆمارەکەیان، یەکێتی سۆڤیەت لە دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕش ئاگریداغ- یش بەشدرا بوو، کە بە ڕابەرایەتی نورەدین پاشا هەڵگیرسا، لە ساڵی 1930 بە ڕێککەوتننامەیەکی سێقۆڵی نێوان (یەکێتی سۆڤیەت و ئێران و تورکیا) لەناویان برد.

حکومەتە شیوعییەکەی سۆڤیەت بەڵێنی دا بە یەکجاری کوردستانی سور لەناوبەرێت، لە هەمان ساڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی ئاگریداغ، کۆتایی بە کۆماری کوردستانی سور هێنا و بەسەر دەوڵەتەکانی یەکێتی سۆڤێتی وەك ئۆکڕانیا و مۆڵداڤیا و قرقیزیا و ئۆزباکستان و تاجیکستان و تورکمانستان و کازاخستان پەرشوبڵاوی کردن.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی و بە دیاریکراوی لە ساڵی 1944 دا، دووبارە سۆڤیەتییەکان بەزۆرەملێ کوردەکانیان کۆچپێکرد بۆ جۆرجیا و ئەرمینیا و بیابانی کازاخستان و ئۆزباکستان و قیرقیزستان و تورکمانستان، ئەمجارەیان بە پاساوی (ئاری) بوونی کوردەکان ئەوەیان کرد، کە هەمان نەژادی ئەڵمانەکانە، سەرباری ئەوەی چەندەها گەنجی کورد لە بەرەکانی شەڕی دژ بە نازییەکان شەڕیان دەکرد.

لە هەمان کاتیشدا تورکەکان هاوپەیمانی نازییەکان بوون، بۆیە هێشتا ڕوون نییە بۆچی ستالین لە کوردەکان تورە بوو و بە زۆرەملێ و لە زستانێکی سارددا، کۆچپێیکردن، کوردەکان دەڵێن: ئەو کۆچکردنەیان بیرناچێتەوە کە چەندەها لە ڕۆڵەکانیان لە فارگۆنی شەمەنەفەرەکاندا لێ مردن و ئێستاش نازانن گۆڕەکانیان لە کوێن تا تاجەگوڵینەیەکیان لەسەر دابنێن.

نادر کریموڤیچی - ئەکادیمیست دەڵێت: یەکەم کۆچکردن لە ساڵی 1937 دەستی پێکرد، لەگەڵ ئاژەڵان خستیانیینە ناو فارگۆنی شەمەنەفەرە، ئاوهەوا زۆر سارد بوو، منداڵان لە برسان لاکەیان دەهات، کەسێك نەبوو هاریکارمان بێت، شەمەنەفەرەکە بۆ ماوەی 20 ڕۆژ بەڕێوەبوو، منداڵ و پیرو پەککەوتووەکانیشمان لەگەڵ بوون، لە وێستگەی شەمەنەفەرەکان دەمانناشتن، چونکە هیچمان پێ نەبوو زەوی پێ هەڵکەنین، ناچار لاشەکانمان دەخستنە ژێر بەفرەوە. کاتێك گەیشتینە کازاخستان چەند خێمەیەکیان پێداین، کە بەهاریش هات دەستمان کرد بە دروستکردنی خانووی قوڕین و تیایدا نیشتەجێ بووین.

دەزگای هەواڵگری سۆڤێت ناوی کەی - جی - بی بوو، شەو بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دوو ئەندامیان هاتنە لامان، وتیان کێ تەمەنی 20 ساڵە پێمان بڵێت تا لە دەزگاکانی دەوڵەت دایمەزرێنین، هەندێکیان وتیان کە تەمەنیان 20 ساڵە، هەبوو تەمەنی لەوەش کەمتر بوو وتی: 20 ساڵم تا کاری دەستکەوێت، بردیانن و تا ئەمڕۆش لەگەڵ بێت نەگەڕانەوە، برایەکەم و مامم و زۆر لە خزمەکانم لەو پێرە بوون، کە بردیانن، کە یەکێتی سۆڤێت هەرەسیهێنا، لە ئەرشیفدا بە دوای چارەنووسی ئەواندا گەڕاین، پێیانوتین لە شاری شکیمنت لە باشووری کازاخستان نێژراون، ئێستا لەو شوێنە مۆزەخانەیەکیان دروست کردووە، سوێند بەخوا ستالین و سەدام هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، هەردووکیان بە کۆمەڵ کوردەکانیان زیندەبەچاڵ کردن، ئەو وتی شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ کردین.

محەمەد سلو بایێف نووسیوویەتی: (کنیار بدر بیك) کە دەرچووی کۆلێژی لینینگراد بوو، چەند نامەیەکی بۆ سەرکردە شیوعییەکان نووسی و داوای لێکردن کوردستانی سور زیندوو بکەنەوە، سەرکردایەتی شیوعییەکان ئەو نامانەیان فەرامۆش کردن، دواتر کنیار بەدر بیك بە خۆیی و خێزانەکەیەوە کۆچی کرد بۆ تورکیا.
بایێف دەشڵێت: من بەڕێوەبەری لقێیك کشتوکاڵی ناوچەی (ماسیس) ی ئەرمینیا بووم، لە ساڵی 1969 منیان بۆ پۆستێیك باڵا بەربژێر کرد، چونکە زمانی ڕوسی و ئەرمەنی و ئازەربایجانی و کوردیم دەزانی، بەرپرسە حیزبییەکەی ناوچەکە پێیوتم: من شایستەی ئەو پۆستەم، بەڵام چونکە ئازەربایجانی یان ئەرمەنی نیت و کوردی، ڕێگەت پێنادرێت ئەو پۆستە باڵایە بگریەدەست.
هەروەها دەڵێت: ڕووم کردە چیاکان و بە گریانەوە بۆ چەند کاتژمێرێك دەستم کرد بە هاوارکردن، شیوعییەکان ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین.

زاهیر عەفدی سادیکۆڤ ئەوەش دەڵێت: نامەوێت ئەو شتانەم بیربێتەوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم کە لە ساڵی 1980 لە مۆسکۆ ئۆڵمپیاد سازکرا ، بڕیارماندا بچین بۆ تەماشاکردنی یارییەکانی ئۆڵمپیاد ، چوار ڕۆژ پێش گەشتکردنمان، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە کۆیکردینەوە و وتی نامەوێت کەستان بێزار بکەم، بەڵام هەتانە ناتوانێت ئامادەی ئەو یاریانە بێت، ئەو نووسراوێکی لە باخەڵ دەرهێنا و وتی ئەمە بریاری مۆسکۆیە کە: پێش هەفتەیەك لە دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵمپاتی مۆسکۆ، ڕێگە نادرێت کوردەکان و قرباتەکان (دۆمەکان) بچنە ناو شاری مۆسکۆوە، وتی من لە شوێنی خۆم ووشك بووم، چونکە ئێمەیان بە قرباتەکان چوواند ، لە کاتێکدا من جێگری بەڕێوەبەری گشتی بووم.

سادیکۆڤ بەردەوام بێت و دەڵێت: من چوومەوە نووسینگەکەم و بۆ چەند کاتژمێرێك گریام، بەڵام چارەیەك نەبوو، ئەمە چارەنووسمان بوو کە لە هەر شوێنێك بین ستەملێکراو بین.

عەزیز زیاد بەدرخان عالییێڤ دەڵێت کە لە ساڵی 1944 باوکم لە بەرەی جەنگی دژی نازییەکان بوو، حکومەتە شیوعییەکەی ستالینیش خێزانەکەمیان بە زۆرەملێ بۆ ناوەڕاستی ئاسیا دوورخستبۆوە، ستالین ئاوا دژایەتی دەکردین، ئێوە خۆتان وێنای بکەن کە باوك لە بەرەی جەنگ بێت و بەرگری لە حکومەتەکەی ستالین بکات، خێزانەکەشی لە زێید باوباپیرانی خۆیان دەرکرابن.

زۆرینەی کوردەکانی کازاخستان و قرقیزیا، لە بنەچەدا لە چیاکانی قەفقاس و ئەرمینیا و کوردستانی سورەوە هاتبوون کە شیوعییە ستالینییەکان بە زۆرەملێ دوویان خستبوونەوە لە و ناوچەکانی تراز و گوندەوارەکەی و شمکینت و گوندەوارەکەی، ئەلماتا و گوندەوارەکەی و کسکیلین و ئیسك و زریا و فاستوکە و جانا ترمز و کمسمولسکایا و عەشقی بولاك و تولکی کورغانی و شوێنی دیکەی کازاخستان نیشتەجێیان کردبوون.

دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمانە بوونە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەر یەکەیان سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی پەیرەو دەکرد. کازاخستان لە ڕووی ڕووبەرەوە حەوتەمین دەوڵەتی جیهانە، 16 ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە لە 120 نەتەوەی جیاواز.

لە ساڵی 1992 سەندیکاکان لە کازاخستان دامەزران، سەندیکای کوردیش بە ناونیشانی (یەکبوون) لە ساڵی 1993 دامەزرا، عەزیز زیاد بەدرخان عەلییێڤ یەکەم سەرۆکی سەندیکاکە بوو تا ساڵی 1995 و ئەویش دامەزرێنەری بوو، ئینجا هەرەیەك لە بەدر موسا(1995-1997)، پڕۆفیسۆر کنیار ئیبراهیم میزاییێڤ (1997)، ئەکادیمك نادیر کریموڤیچ نادیرۆڤ (1997-2003) ،کنیار ئیبراهیم میزاییێڤ لە 2003 وە بۆ ئەمڕۆ.

سەندیکاکە چەند لقێکی هەبوو کە تایبەت بوون بە فۆلکلۆر و مۆسیقا و کەلتور و هەڵپەڕکێ، لە چەندەها چالاکیدا پلەی باڵایان بەدەست دێنا، بەشی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیش کرایەوە و مامۆستاکانی چەندەها خەڵاتی فەخرییان بەدەستهێنا، پەرتووکی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی لاتینی چاپکران، ئێستا کوردەکانی ئەوێ ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن و لە بۆنە و جەژنەکانی کازاخستاندا بەشداری دەکەن، ڕۆژنامەیەکیان هەیە بە ناوی (ژینا کورد) و گۆڤاری (نوبار) دەردەکەن، لەسەر ئەنتەرنێت پێگەییان نییە و پەیامنێری تایبەت بە خۆیان نییە.

هۆزە کوردییەکانی کازاخستان

هۆزی بروکە کە دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکەم (بشکە) کە زۆرینەیان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵان وەك ئەکادیمیك نادر کریموڤیچ کە زانایەکی گەورەی بواری نەوتە و زۆر خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە وەك خەڵاتی ناپلیۆن، هەروەها حرمەت و کەسانی دیکەش. دووەم (قرکە) کە زۆرینەیان نەخوێندەوارن و کەسانی دیاریان لێ هەڵنەکەوتووە و پێشیان دەڵێن کوردەکانی قەوقاز. هەروەها هۆزی دیکەش وەك جەلالیە، مرتفە، میلیە، ئێزدییەکان.

زۆرینەیان دەڵێن کە داب و نەریتی کوردییان بیرنەچۆتەوە، زۆرینەی ژنەکانیان نەخوێندەوارن و تەنها کەمینەیەکیان خوێندنیان تەواو کردووە، ئەوان لە تەمەنێکی بچوکدا شوو دەکەن، بۆیە خوێندن تەواو ناکەن.

جلوبەرگی ژنە کوردەکانی کازاخستان دوو جۆرە: گەنجەکان کە جلوبەرگی شارستانی لەبەر دەکەن، پیرەکان سەرپۆشی لەسەر دەکەن کە بە زیو ڕوپۆشکراوە وەك کوردەکانی سوریا بە تایبەتیش ناوچەی کۆبانێ کە هەمان جلوبەرگ لەبەر دەکەن.


کوردەکانی کازاخستان زوو هاوسەرگیری دەکەن؛ لە تەمەنی 18 یان 20 ساڵیدا، زۆرنەی هاوسەرگیرییەکان بە ڕەزامەندی باوانە و بە زۆری ژن و ژنخوازی لە نێوان خزم و کەس و کاردایە، لە سەردەمی شیوعییەکانیشدا ئەو جۆرە ژن و ژنخوازییە قەدەغە بوو.

کوردەکانی کازاخستان ژمارەیان 100 هەزار کەسە، کوڕیان خۆشتر دەوێت لە کچ، لە بوارەکانی بازرگانی و تەندەر هی دیکەش کار دەکەن وەك مامۆستایی و شوانەکارەیی،چەندەها ئەدیب و شاعیریان هەیە وەك حەسەن حاجی سلێمان کە شاعیر و نووسەر و سەرنووسی ڕۆژنامەی (ژینا کورد)ە، هەروەها مەجید سلێمان کە شاعیرە و خاوەن هۆنراوەی (وڵاتی مە کوردستانە، جێی مەسکەنێ مە کوردانە). کنیاز ئیبراهیم نووسەرە، نادر کریموڤیچ نادیرۆڤ نووسەری پەرتووکی (ئێمەی کوردی کازاخستان) ە. عەلی عەبدواڕەحمان کە نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیرە و چەندەها دانراوی هەن. ئەوان خاوەنی سەندیکای دۆستایەتی (کوردستان-کازاخستان) ین.

**نووسین: دکتۆر محەمەد ئەحمەد برازی (کە نیشتەجێی کازاخستانە)**

**وەرگێڕان: لوقمان حاجی قادر**

**وێنەی مامۆستایەك مێژووی کورد فێری کوردانی ڕوسیا دەکات ساڵی 1928**



# کاریگەریەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر کورد

## محمد بەرانەتی _ کوردستان _ هەتاو



خاکی کوردان یەکێك بوو لەقوربانیانی ئەم جەنگە لە ساڵی ( 1914-1918 )، وە لەگەڵ ئەوەش دا کوردەکان زۆر بەدڵسۆزی بەشداری جەنگیان کرد و وڵاتەکەیان بووە گۆرەپانی جەنگ و شوێنی پێك دادانی لایەنە بەشەڕ هاتووەکان بەتایبەتیش لەبەرەکانی رۆژهەڵات دا چونکە یەکەم تەقەی جەنگ کەکرا لە کوردستانی رۆژهەڵات بوو .چونکەکوردەکان شەڕیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەکرد لەبەرەکانی جەنگ بەتایبەتیش لەبەرەی رۆژهەڵات دژی سوپای روسیا کەدەیویست لەسنورەکانی وان و ئەرزەرۆم و سیواس بێتە ناو خاکی تورکیا بۆ ئەو مەبەستەش دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی زۆری کۆکردەوە لەکوردستان بەتایبەتیش سوپای ( 9 و 10 ) لەئەرزەرۆم و سیواس لەکوردەکان پێك دەهات،دوای کۆتایی هاتنی جەنگ کورد نەبووە خاوەنی مولك و خاکی خۆی،چونکە کوردەکان لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگیان کرد،دەوڵەتی عوسمانیش دۆڕاوی جەنگ بوو، لێرەدا کۆلۆنیالزمەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دەوڵەتی عوسمانیان دابەش کرد لەوانەش کوردستان کەپارچە پارچە و دابەش کرا .

لازاریـفدەڵێ ئارشاك سافراستیان چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کەگوایە لەساڵانی ( 1911 تا 1923 ) تایبەت بەکاریگەریەکانی جەنگ لەسەر ژمارەی دانیشتووان سەبارەت بەکەمەنەتەوەکان لە 25% کەمی کردووە، وە تورکیش لە 25% زیادی کردووە،بێگومان کوردیش یەکێك بووە لەو نەتەوانەی کەپشکی شێری بەرکەوتووە سەبارەت بە لەدەست دانی دانیشتوان و قوربانیانی جەنگ ) .

وەلەهەمان کات دا ڤاسیل نیکتین دەڵێ : (زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی کورد بەشێوەیەکی سروشتی ئەو زەرەرە پڕناکاتەوە کە کوردەکان لەدەستیان داوە لەساڵانی جەنگ ) .


لازاریـف دەڵێ : (یەکەم تۆپ کە تەقێندراوە لە رۆژهەڵات بەر کورد کەوتووە ) .

واتا ناوچەکوردیەکان بوونەتە گۆڕەپانی شەڕ و چەندین گوند و دێهات وێران کراون، وێرای بوونی بارودۆخی خراپی ئابووری و سیاسی و سەپاندنی باج و سەرانەی بەزۆرەملێ، لەهەمان کاتیشدا هەرچی ناوچەی کشتوکاڵی و دانەوێڵە هەبوو هەمووی سوتێنرا .

جگە لەوەش روسەکان بە یارمەتی ئەرمەنەکان توانیان لەناوچەکانی رۆژهەڵاتەوە پێشڕەوی بکەن و کوشتارێکی زۆریان لەکوردەکان کرد و تاڵانی ناوچە کوردیەکانیان کرد بەتایبەتی لەساڵانی جەنگ لەساڵی ( 1915 ) کاتێك سوپای روس سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر سوپای عوسمانی،هاتە ناوچەی خوێ و لەوێشەوە بەرەو ناوچەکانی تەبریز و ئازەربایجان هەتا گەیشتە ناوچەکانی رواندوز .

لێرەدا مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی سوپای روسەکان لە ئەرمەنەکان پێك هاتبوون کەهاتوونەتە کوردستان چەندین کاری تێك دەرانەو وێرانکاری و کوشتنیان ئەنجام داوە،هەتا باس لەوەدەکرێت کاری بەد رەوشتی و خراپەیان بەرامبەر بەئافرەتانی کورد کردووە،وەباس لەوەش دەکرێت کەچەندین کەسیان لە خەرەندی رواندوز فڕێ داوەتە خوارەوە ........بۆیە لەناوچەکانی تری کوردستان فەتوا دراوە بۆئەوەی شەربکەن دژی روس بەتایبەتیش لەشاری هەولێر دوو فەتوا دراوە بۆ شەڕکردن دژی روس و ئەرمەن لەئەنجامی ئەو خراپەکاریانەی کە لە رواندوز کردوویانە .

**هەتاو میدیا**



# ڕێکەوتننامەی لۆزان ودەزگای هەواڵگری تورکیا

د. کامەران مەنتك

2021\10\17

## بەشی یەکەم

یەکێك لەکێشەکانی بەناو ڕۆشنبیر وسیاسەتمەدار میدیاکان ئەوەیە، زانیاریەکانیان دەستی دووە وتاقەتی ئەوەیان نیە بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە بنەڕەتیەکان و زانیاریەکان وەك ئەوەی هەیە وەربگرن، بوونی چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی ومیدیایی ئەلیکترۆنیش بۆتە سەرچاوەیەکی لەبار بۆ بلاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست وبەشێوەیەك بوارێکی گەورەی بۆ کاری هەواڵگری ڕەخساندووە، دەزگا هەواڵگرییەکانی ناوچەکە بەگشتی وهەواڵگری تورکیا بە تایبەتی سوودیان لەو لایەنە وەرگرتووە ولەخزمەتی سیاسەتی وڵاتەکەیاندا بەکاریدەهێنن.

یەکێك لەو دمگۆ وبانگەشە ناڕاستانەی بلاودەکرێتەوە، کە میدیاکان، لەوانە میدیا عەرەبی و کوردیەکانیش نەزانانە کەوتوونەتە ژێر هەژموونی ئەو شەپۆڵەی هەواڵگری تورکیا، مەسەلەی هاتنی ساڵی 2023 وبەکۆتا هاتنی ڕێکەوتننامەی لۆزانە، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە هەواڵگری تورکیا لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت، ڕێگا بۆ هێرشێکی گەورە خۆش بکات، یاخود لەڕووی دەروونیەوە خەڵکی هەرێم بۆ داگیرکاریەکی لەم شێوەیە ئامادە بکات.

ئەوەی جێگای سەرسامیە نەك میدیاکان، بەڵکو زۆر لە بەناو سیاسەتمەدارە کورد وعەرەبەکانیش لە شیکردنەوەکانیاندا، وەك ئەوەی هەنگوینیان لەدار دۆزیبێتەوە وپێشبینیەکی سیاسیانە بکەن، ئەو دمگۆیانە دەجوونەوە ودوپاتی دەکەنەوە، بە بێئەوەی یەکێك ئەو ئەرکە بچووکەی خستبێتە سەر شانی خۆی وسەیرێکی ڕێکەوتننامەی لۆزانی کردبێت، کە وەرگێڕانە عەرەبیەکەی تەنیا 65 لاپەڕەیە ولەوانەیە بە چەند کاتژمێرێکی کەم بخوێنرێتەوە!

بۆئەوەی بەشێوەیەکی یاسای وەڵامی ئەو دمگۆ وشەڕە هەواڵگریە بدەینەوە، سەرەتا دەبێت بپرسین ئایا ساڵی (2023) ڕێکەوتننامەی لۆزان بەکۆتا دێت؟ دەربارەی مەسەلەی بەکۆتاهاتنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، لەهەندێك ڕێکەوتننامە لەدیباجەی سەرەتایدا باس لە ماوەی بەکۆتاهاتنی ڕێکەوتننامەکە دەکرێت، یاخود لایەنەکانی ڕێککەوتنامەکە لەسەر ماوەیەك ڕێکدەوکەن بۆئەوەی ڕێکەوتننامەکە بەکۆتا بێت، یاخود ئەو ئەرکەی ڕێکەوتننامە لەپێناوی دەبەستریت تەواو دەبێت، یا دوای ئەوە ڕێکەوتننامەیەکی تر دەبەسترێت وئەو ڕێکەوتننامەیە ڕەتدەکاتەوە، یاخود هەمواری دەکاتەوە، یاخود هەر دوو لایەن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕێکەوتننامەکە ڕەتدەکەنەوە، هەندێکجار ڕێکەوتننامەکە ڕەتدەکرێتەوە یاخود کاری پێناکرێت، لەبەرئەوەی تواناى جێبەجێکردنی نیە، یاخود لایەنێك لە ڕێکەوتننامەکە دەکشێتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕێکەوتنامەی لۆزان بکەین، لەمادەی 143 دا باس لە کاتی کارپێکردنی ڕێککەوتننامەکە کراوە، بەڵام باس لە بەکۆتاهاتنی نەکراوە! بەڵام لەبەرئەوەی ڕێکەوتننامەی لۆزان هەموو ئەو ئامانجەی هێنایە دی، کە بۆی دانرابوو، دەتوانین بڵێین ئەو ریکەوتننامەیە لەمێژە بەکۆتا هاتووە. هەرچەندە هیچ لایەنێك لە لایەنەکان تاوەکو ئێستا لە ریکەوتننامەکە نەکشاوەتەوە، تورکیا، کە بەهۆی ئەو بانگەشانەوە ئاماژە بۆ ئەو کشانەوەیە دەکات وباس لەوە دەکات، ساڵی (2023) ئەو ڕێکەوتننامەیە تەواو دەبێت، واتە تاکلایەنە دەکشێتەوە، ئەو بانگەشەیەی تورکیا پرسیارێك دەوروژێنێت، ئایا تورکیا ئەو توانایەی هەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ببێتەوە؟ بێگومان نەخێر! پاشان دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین، کەوا ڕێکەوتننامەی لۆزان ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی دیاریکراو بوو لە هاوسەنگی هێزی جیهانی ووەك دۆڕاوێکی شەڕ بەسەر تورکیا سەپێنراوە، تاوەکو گۆڕانێکی گەورە لەهاوسەنگی هێزی جیهانیدا روونەدات، ناتوانێت هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێت، چونکە ئەو گۆڕانانەی ئێستا لە هاوسەنگی هێزو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەگوزەرێت، هیچی لەبەرژەوەندی هاتنە دی ئەو خەونەی تورکیا نیە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ بەگوێرەی کۆنگرەی لۆزان، کە بەم شێوەیە دەهۆڵی بۆ دەکوتن، لەساڵی (1923) دا یەکلایی نەبۆتەوە!



ئەگەر سەیری دەقی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکەین، کە لەپێنج بەرگ (الجزء) پێکهاتووە و143 مادە لەخۆوە دەگرێت، لە بەرگی یەکەم بەشی یەکەم، لەو بەندانەی تایبەتە بەخاکەوە، لەمادەی سێیەمییدا باسی ئەو زەویانە دەکات، کە لەدەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە تا دەگاتە سنوورەکانی ئێران، واتە سنوورەکانی هەردوو ولاتی سوریا وئێراق دەگرێتە خۆ. بەواتایەکی تر رۆژئاوا وباشووری کوردستان لەخۆوە دەگرێت، پەیوەست بە سنوورەکانی سوریا، دیاریکردنی ئەو سنوورە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سنوورەی، کە لەمادەی 8 ڕێکەوتننامەی فەرەنسی -تورکی لە20 ئۆکتۆبەری 1921 دەست نیشان کراوە، هەرچی دیاریکردنی سنووری ئێراقە، لەو مادەیەدا هاتووە:" سنوورەکانی نێوان تورکیاو ئێراق بەگوێرەی ڕێکارێکی دۆستانە لەنێوان تورکیاو بەریتانیا لە ماوەی 9 مانگدا دەکێشرێت، ئەگەر هاتوو هەردوو حکومەت لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ناکۆکیەکە ڕەوانەی کۆمەڵەی گەلان دەکرێت، هەردوو حکومەتی تورکی وبەریتانی بەڵێن دەدەن، تا ئەو کاتەی دەگەنە بریارێك بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی سنوور، هیچ جوولەیەکی سەربازی، یاخود هیچ کردارێکی تر ئەنجام نەدەن، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو دۆخەی ئێستا ، کە چارەنووسی کۆتایی دەوەستێتە سەر ئەو بڕیارە، بگۆڕێت"

دیارە تورکیا وبەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزان نەگەیشتنە ئەنجام، دواتر دوولایەنە ولەدەرەوەی کۆنگرەکە هەوڵیاندا کێشەکە چارەسەر بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی 1924، لەکۆنگرەی قوستەنتینیە نەگەیشتنە ئەنجام ودواتر مەسەلەی ویلایەتی مووسڵ درایە کۆمەڵەی گەلان، لە کۆتاییەکانی 1925، ئەو مەسەلەیە، کە بە مەسەلەی دیاریکردنی سنووری تورکیا ئێراق دەناسرێت، یەکلایی کرایەوە ودواتر لەساڵی 1926 ڕێکەوتننامەی تورکی - ئێراقی - بەریتانی گرێدرا، کە مەبەستی یەکەمی ئەو ریکەوتننامەیە لێدان وسەرکوتکردنی مەسەلەی کوردی بوو!.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێت مەسەلەی سنووری نێوان ئێراق و تورکیا، واتە لکاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بەئێراق نزیکەی 3 ساڵ دوای کۆنگرەی لۆزان بوو.

لەوەش سەیر تر، نەك ئەو هەرەشەی تورکیا، بەڵکو هەر بەگوێرەی خودی مادەی 27 رێکەوتننامەی لۆزان، ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا بۆ ناو خاکی هەریم لەئێستا کاریکی ناپاساییە پێچەوانەی ئەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەیە، لەبەرئەوەی وەك لەو مادەیەدا هاتووە:"نابێت حکومەت یاخود دەسەڵاتی تورکیا هیچ دەسەڵاتێکی قەزایی لەمەسەلە سیاسی وئیداری وتەشریعیەکان بە هەر هۆیەك بێت، بەسەر هاوڵاتی ئەو هەرێمانە پیادە بکات، کە دەکەونە ژێر سەروەری یا پاسەوانی ئەو دەوڵەتانەی ئەو رێکەوتنامەیان ئیمزا کردووە، یاخود لەتورکیا جیابوونەتەوە ودەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا". جێگای سەرنجە تورکیا هەر بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو خودی ئەو مادانەشی پێشێل کردووە، کە پەیوەستە بە مافی کەمینەکان و م38- تاوەکو 44 بۆ تەرخانکراوە، بەتایبەتیش مادەی 38، کە دەڵێت:" حکومەتی تورکیا بەڵین دەدات، کە ژیانی سیاسی بۆ دانیشتوانی تورکیا بە تەواوی زامن بکات، بە بێئەوەی بەهۆی شوێنی لەدایك بوون یاخود رەگەزو یاخود زمان وئاین و ئەتنیك، جیاکاری بکات! بەگوێرەی ئەو مادەیە، هەموو دانیشتوانی تورکیا مافی ئەوەیان هەیە بەئازادی، هەر بیرو باوەڕێك یاخود ئاینێك، یا هەر بیروباوەڕێکی تر، کە رێزگرتن لێی دژی سیستەمی گشتی وئاکاری باش نەبێت، پیادە بکەن، جا ئەگەر ئەو پیادەکردنە لەشوێنیکی گشتی یاخود تایبەتی بێت"!

ئێمە هەمووومان دەزانین لە دوای کۆنگرەی لۆزانەوە تورکیا بەشێوەیەکی چەند دڕندانە و رەگەزپەرستانە هەوڵی سڕینەوەی زمان وکەلتوور وتەنانەت نەتەوەی کوردیشی داوە!کە ئەمە بەتەواوی پێچەوانەی دەقی ئەو مادەیەی رێکەوتننامەی لۆزانە!

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە تورکیا لەساڵی 2023 نەك هەر ناتوانێت پەلاماری هەرێمی کوردستان بدات، بەڵکو ناچار دەکرێت، لەو ناوچانەش بکشێتەوە، کە ئێستا داگیری کردووە، لەبەرئەوەی دواڕۆژی ئەو ناوچەیە لەبەردەم دوو ئەگەر دایە، یا دەوڵەتی ئێراق بەهێز دەکرێتەوە وقۆناغی شەڕی ساردی نوێ وەك شەڕی ساردی کۆن، مافەکانی کورد پێشێل دەکات ودەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز لەئێراق دادەمەزرێت، کە ئەو کاتە تورکیا نەدەتوانێت، نەهیچ بیانگەیەکی مانەوەی دەمێنێت، یاخود ئەو حالەتەی ئێستا هەیە سەقامگیر دەبێت وهاوسەنگی هێزی جیهانی وسیستەمی نوێی جیهانی، واتە سیستەمی دوای قۆناغی تاکجەمسەری، بەشێوەیەك ئەو ناوچەیە دادەڕێژێتەوە لەبەرژەوەندی کورد دا دەبێت، ئەو کاتە تورکیا هەمدیس ناچار دەکرێت لەو ناوچەیە نەمێنێت، لە هەموو حالەتەکاندا، خەونی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریایەکی عوسمانی نوێ، کە بنەما بێت لەسەر ئاین ورەگەزپەرستی، خەونی حوشترە ولە دنیای ئەمڕۆدا هەرگیز نایەتە دی!.




## عەبدوڵا کەریم مەحمود

دەوڵەتی تورکیا، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە، داگیر کەر بووە، دوای 96ساڵ بەسەر رێکەوتن نامەی کۆنگری لۆزان، لە 24 / 7 / 1923 لە شاری لۆزانی سویسرا ساز کرا، پەیمان نامەی لۆزان لە نێوان ( بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلۆنیا ، تورکیا ) بەسترا.

بۆ پیاچونەوەی ئەو خاڵانەی کە لە بەرژەوەندی کوردا بوو، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا، دوای تێك شکاندنی دەولەتی عوسمانی، لەبەر بەرژەوەندی دابەشکردنی وڵایەتی موسڵ ، بەریتانیای عوزما، دەوڵەتی تورکیا بە نهێنی رێکەوتن مافی چارەنوسی کورد ونیشتمانەکەی بسڕنەوە، بە جۆرێک ناوی کوردی یان، لەو کۆنگرەیەدا بەهیچ جۆرێک نەبرد، لەو سەردەمەوە کورد لە نیشتمانەکەیدا جیۆساید دەکرێت تا ئێستا.

دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە گەورانەی هێزەکانی سوپای دیموکرات (هەسەدە ) ، لە رۆژئاوای کوردستان، لە شەڕی بەرگری و رووبە رووبونەوەی داعش و لایەنەکانی سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدە ،وەک بەتواناترین هێز کە ئەفسانەی نوێ ی سەردەمی جیهانگیری یان، بە خوێنی 11هەزار لە شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە تۆمار کرد ، لە بری پیزانین و ریز و وەفا بۆ هیزەکانی سوپای دیموکرات، دەوڵەتی تورکیاو رژێمی بەشار ئەسەد گەورەترین دژایەتی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانیان کرد.

ئەمەریکاو روسیا وڵاتانی ئەوروپا و بەریتانیا پشتیان کردە هێزەکانی سوپای دیموکرات وبە بریاری ترامپ هێزەکانی ئەمەریکا لە سوریا کشانەوە، ئەمەش جۆرە رەوای دان و بواردان بوو،بە هەموو پاڵپشتێکی مادی و مەعنەویی و میدیاوە، بە سوپای پیادە و هێزی ئاسمانی تورکیا هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات لە رۆژئاوای کوردستان.

رەجەب تەیب ئەردوغان بە خەیاڵی خۆی بە نیازە ،جینۆسایدی کورد بکات و نیشتمانەکەی بسڕێتەوە ،دەست بەسەر بیرە نەوتەکان و سەرچاوەی کانزایی رۆژئاوای کوردستان دا بگرێت ،بۆ ئەوەی ژاێرخانە ئابوورییە تێک شکاوەی بە خوێنی کوردو.. نەوتی کوردستان ببوژێنێتەوە.



# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا

سایتی: (سبەی)

بەشی شەشەم

**هێرشی رۆژنامەوانی**


لەو رۆژانەدا رۆژنامە رەسمیەکانی "الثورە" ی زمانی حیزبی بەعس و "الجمهوریە" ی زمانی وەزارەتی ئیعلام، چەند وتارێکی ناشیرینیان لە سەر راپەڕین، بە تایبەتی لە سەر راپەڕینی خەڵکی کوردستان، بڵاو کردەوە. هەموی جنێو بو بە ئێمە. راپەڕینیان بە "صفحە الغدر و الخیانە" و ئێمەشیان بە "القادمون من الخارج" ناو ئەبرد. لە ناو ئەو نوسینانەدا 4 سەروتاری رۆژنامەی "الثورە" و وتارێکی "ضیاء حەسەن" لە هەمویان قێزەونتر بون. 4 سەروتارەکەی سەورە وەکو دوایی پرسیم سەدام خۆی نوسی بونی و، ضیاء حەسەن لە وتارەکەی دا گەلێ زانیاری لە سەر جوڵانی هێزەکانی هاندەری راپەڕین لە جنوب و کوردستان بڵا کردبووەوە، کە رۆژنامەنوسێکی عێراقی نەی ئەتوانی بیزانێ. دیار بو ئاگادارییەکانی لە شوێنی رەسمی بەرزەوە پێ درا بو، گلەییمان لێ کردن لە سەر ئەو وتارانەی لە کاتێک دا بڵاوی ئەکەنەوە کە ئێمە هاتوین بۆ مفاوەزە. لیواروکن وەفیق سامەرائی، بەرێوەبەری گشتی ئیستیخباراتی عەسکەری، گلەییەکانی بە تەلەفۆن، لە بەر چاوی خۆمان، گەیاندە عەقید عەبد حەمود بۆ ئەوەی بیگەیەنێ بە سەدام حسێن. بەڵام ئەو جۆرە نوسینانە لە رۆژەکانی داهاتوش دا لە رۆژنامەکان دا درێژەیان پێ درا. سەرەڕای ئەمەش بە زنجیرە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی کوژراوەکانیان لە کوردستان .لە رۆژی کوژرانی هەندێکیان دا ئەیان نوسی: لە "صفحە الغدر و الخیانە "شەهید بوە، لە هەندێکی تریان دا "فی الدفاع عن الوطن" و هەندێ جۆری تر. دیار بو لە یەک شوێنەوە ئەنوسران و، یەک کەس بۆ دوا جار چاوی پێدا ئەگێڕایەوە تا هەموی وەک یەک لێ بکا، چونکە کوژراوەکانی جنوب هەمویان وەکو یەک، لە هەمو رۆژنامەکان دا، ژیاننامەیان بڵاو ئەکرایەوە.

**شەقامەکانی بەغداد**

چەند جارێ، هاورێ لە گەڵ مورافیقەکان، چوم بۆ گەڕان و پیاسە بۆ شوێنی جۆراوجۆری بەغدا. لە زۆر شوێن لافیتەی رەشی پرسەم ئەبینی بە دیوارەکانەوە بو، هی کوژراوەکانی راپەڕین. زۆریان لە سەریان نوسرا بو: "استشهد اثناء الواجب المقدس فی شمال الوطن". کە ئەو لافیتانەم ئەدی تاوانەکانی دەزگاکانی (ئەمن) و (ئیستیخبارات) و (مونەزەمە) و ... ئەنفال و، گیران و کوژرانی هاوڕێ و کەسوکار و خەڵکی بێ تاوانی کوردستانم بیر ئەکەوتەوە. کوژراوەکان زۆریان سەر بەو دەزگا سەرکوتکەرانە بون. من جلی پێشمەرگەم لە بەردا بو کە ئەیانبینیم خێسەیان لێ ئەکردم. بەغداد ئەتوت خۆڵی مردوی بە سەردا کراوە.

**پێرفویم و کورتان**

زەوقی هونەری سەرانی بەعس لە نزمترین پلەدا بو، چونکە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی دواکەوتوی ناخۆشی وەکو گوندی عۆجە و شاری تکریت گەورە بون. لە تکریت کە گەورەترین شاری ناوچەکە و، گرنگترین ناوەندی رۆشنبیری و سیاسی‌یان بو، دوکانی فرۆشتنی پێشکەوتوترین بۆنی دنیا بە تەنیشت دوکانی فرۆشتنی دواکەوتوترین کورتانی کەرەوە بو. خۆشترین رابواردنی شەوانەیان گۆرانی تیپەکەی حەمدیە ساڵح و مۆسیقای دومبوکچیەکانی و، رەقسی ژنانی کاولی بو. زۆر شەو ئەم بەزمەیان بۆ وەفدەکەی ئێمە ساز ئەکرد.



لە سەرەتاوە عەلی حەسەن مەجید پێشنیاری کرد (لوجانی تەنسیق) لە هەمو موحافەزەکان دابنرێ و، لە بەغداش لوجنەی تەنسیقی مەرکەزی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی رۆژانە رو ئەدەن .کاک مەسعود پێشنیارەکەی رەت کردەوە و، بە هیچ جۆرێ قوبوڵی نەکرد .پێی وابو ئەوە رێک کەوتن دوا ئەخات و، ئێمەش بۆ رێککەوتن هاتوین، نەک بۆ دروستکردنی لوجانی تەنسیق. پێشنیارەکەی عەلی حەسەن مەجید شتێکی عەمەلی بو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رۆژانەی خەڵک.

*

11ی نیسان: دیدەنی سەدام حسێن

بردینیان بۆ بارەگای ئیستیخباراتی عەسکەری. لە ژورەکەی ئەبو نەووار (وەفیق سامەرائی) بەرێوەبەری گشتی، دانیشت بوین سەیری تەلەڤزیۆن مان ئەکرد، یەکێ هات پێی راگەیاندین کە پاش ماوەیەکی تر ئەچین بۆ بینینی سەرۆک.

بە دو مارسیدس رۆیشتین، کاک مەسعود و، سامی و، رەسول و، من بوین. منیان هەمیشە لە گەڵ کاک مەسعود سوار ئەکرد. پێشتر زۆریان باس ئەکرد لە سەر پشکنین و لێپرسینی ئەوانەی ئەچن بۆ لای سەدام. کە ئێمەیان برد بۆ بینینی هێشتا بۆ کارکردن نەچوبونەوە ناو (القصر الجمهوری) لە شوێنێکی تر چاوەڕوانی ئێمە بو، ئێمەیان نە پشکنی بەڵام هەمو ڕاڕەوەکان تەلەڤزیۆنی چاودێرییان تێدا بو. بێ ئەوەی داوامان لێ بکەن خۆمان، لە پێش هەمومان دا کاک مەسعود، هەرچی لە گیرفانەکامان دا بو وەک قەڵەم و پارە... دەرمان هێنا و، تەسلیمی کابرای ژوری چاوەڕوانیمان کرد. بێ ڕاگیران یەکسەر بردیانین بۆ ئەو ژورەی سەدام چاوەڕێ ئەکردین. کە گەیشتینە ژوری سکرتێر پاش تەوقە و چاکوچۆنی لە گەڵ عەقید ئەرشەد یاسین (زاوای سەدام، مێردی خوشکی بو) کە بەرپرسی حیمایەکانی بو، یەک یەک لە گەڵ هەمومان رەسمی گرت .ئینجا ڕێی چونە ژوری بۆ کردینەوە.

سەدام ڕاوەستا بو، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین،

عەقید عەبد حەمود ، لە ژورەکەدا بون. عەبدولجەبار موحسین ڕۆژنامەوان و نوسەری بەلاغە عەسکەریەکانی "یا حوم اتبع لو جرینا" ی قیادەی عامی قواتی موسەلەحەی عیراق بو لە سەردەمی شەڕی ئێران و شەڕی کوەیت دا. ژورەکە لە ئۆفیس نەئەچو، چونکە مێزی لێ نەبو، تا سەدام لەسەری دابنیشێ و ئێمەش لە بەردەمی دا. کورسی لە بن دیوارەکان دا بە ڕیز دانرا بو، بە قەد ژمارەی دانیشتوەکان کەمێ زیاتر. سەدام کەسی ماچ نەکرد، بە ریز لە گەڵ کاک مەسعود، سامی، من، رەسول، تەوقەیەکی رەسمی، وەکو نەناسیاوی، کرد. نازانم، لەو کاتەدا، هەرای ماچوموچی خۆی و مام جەلالی بیست بووەوە، لەبەر ئەوە کەسمانی ماچ نەکرد، یا دۆستایەتی دێرینەی بنەماڵەی تاڵەبانی و تکریتیەکان و دوژمنایەتی دێرینەی بارزانی و تکریتیەکانی حساب کرد، وەڵامی ئەمە لای سەدام خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئێمەیشی ماچ بکردایە ئێمەش ماچمان ئەکردەوە، کەچی ماچ نەکرنی یەکتری سەدام و کاک مەسعود و ماچکردنی یەکتری سەدام و مام جەلال هەریەکە و بە جۆرێکی لێک ئەدایەوە.

سەدام پێش ئەوەی قسەکانی دەس پێ بکا، بە کابرای وێنەگری تەلەفزیۆن و، کابرایەکی تر موسەجیلەیەکی بچوکی دانا بو، وت بچنە دەرەوە، ئەوانەی لە ژورەوە مانەوە: سەدام حسێن، عیزەت دوری، تاریق عەزیز، عەبدولجەبار موحسین، عەبد حەمود، مەسعود بارزانی، سامی عەبدوڕەحمان، رەسول مامەند و، من بوین. سەدام وای دەرخست پەردە لە بەینمان دا نەماوە بۆ قسە کردن بێ (حەسیب و رەقیب) ئەتوانین قسە بکەین.

سەدام هەندێ بیرەوەری لە سەر بارزانی (باوک) گێڕایەوە.

کاک مەسعود جوابی دایەوە.

ئینجا سەدام قسەکانی کرد، وتی: "ئەگەر لە شەڕی ئێران دا ئێوەم لە گەڵ بوایە، شەڕەکە پێویستی بە 8 ساڵ نەئەبو، بەڵکە بە 8 ڕۆژ بە لاما ئەخست.

"شەڕی کوێت ئەگەر ئێوەم لە گەڵ بوایە ئەنجامەکەی هەرگیز وا نە ئەبو.

"ئێمە زۆرمان ئازاری یەکتری داوە.

"من حەزم ئەکرد، خەڵکی عیراق یەک نەتەوە یەک دین یەک مەزهەب بونایە، بەڵام خوای گەورە (سبحانە و تعالی) وای دروست کردین باشترە پێکەوە بژین".

دانیشتەکەمان کەمتر لە سەعاتێکی خایاند. لە خواحافیزی دا بە گەرمی لە گەڵ کاک مەسعود یەکتریان ماچ کرد. لە گەڵ ئێمە هەر تەوقەی کرد.

پێم وا بو قسەکانی سەدام نیشانەی قورسایی کورد و گرنگی بون لە عیراق دا. بەڵام کە لە گەڕانەوەمان دا بۆ چەند کەسێکم گێڕایەوە، یەکێکیان ڕۆژنامەنوسێکی ئەوروپی بو، ئەو وتی ئەمە هەڕەشەیەکی ژێرزارەکیە، هۆی شکستەکانی خۆی بە ئێوە ئەزانێ.

*

18ی مایس: کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی

ئەمجارەش من پێم وابو کە باشترە خۆمان لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی ببوێرین. کاک مەسعود سور بو لە سەر بەستنی سەدام داوای لێ کرد بو . بردینیان بۆ وەزارەتی"ثقافە و اعلام". وەزیر پێشوازی کردین. وەزیری "ثقافە و اعلام" حامید یوسف حەمادی بو. لە هۆڵی وەزارەت لە بەغدا بارزانی، سامی، رەسول و، من، ئامادە بوین. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوان و هەواڵنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا لەوێ بون. پێشتر بە بیروڕای هەمومان شتێکمان بۆ کاک مەسعود ئامادە کرد بو بیخوێنێتەوە سەبارەت بە خاڵە سەرەکیەکانی گفتوگۆ، ئەوەی خوێندەوە، وەڵامی پرسیارەکان هەندێکی خۆی ئەی دانەوە و، هەندێکی بەرەو ڕوی ئێمە ئەکردەوە* .

لەم کۆنفرەنسەدا قسەیەکی تیا نەکرا بۆ مەسەلەی کورد خراپ بێ .بەڵام ڕۆژێکی تر گۆڤاری"الف با" ی بەغدادی دیمانەیەکی لە گەڵ کاک مەسعود کرد بو، گۆڤارەکە بڵاوی کردبووەوە، کاک مەسعود "ضمان" ی دەولی ناوێ، چونکە قسەکانی سەرۆک بە "ضمان" دائەنێ. ئەم قسەیەی کردبێ یان نەیکردبێ، خراپیی قسەکردن لە گەڵ ڕۆژنامەنوس و کۆنفرەنسی ڕۆژنامەوانی لە شوێنێکی وەکو بەغدا لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دا لەم جۆرە "ابتزاز" ئەندایە.

*

دیوار گوێی هەیە

ئێمە لە ژورەکانی خۆمان دا کۆبونەوەمان ئەکرد، بە تایبەتی من سویتێکیان بۆ دانابوم، لەوێ هەندێ کەسم ئەبینی و، هەمو جۆرە قسەیەکمان ئەکرد. دیار بو "لاقطە" یان لە ژورەکان دا دانا بو. ڕۆژێک لە باخەکەی فندق الرشیدا پیاسەم ئەکرد. یەکێ لە مورافیقەکانمان هاتە نزیکمەوە بە ئەسپایی وتی: "استاذ الحيطان الها اذان." واتە دیوارەکان گوێیان هەیە، تێگەیشتم ئیتر لە ژورەکانی خۆمان دا ئەوەندە قسەی بێ حساب نەکەین.

هەر لەو ڕۆژانەدا وەفیق سامەڕائی لە ناو تیپەکەی حکومەت دا دیار نەما. زۆر جار ئەو هاتوچۆی پێ ئەکردین و لە بارەگای ئیستیخبارات دەعوەتی خواردنی ئەکردین. هەمو جار کە ئەمانپرسی لە کوێیە؟ ئەیان وت بە "مهمە" ڕۆیشتوە. دوایی دەرکەوت لە سۆنگەی ئەم گوێچکانەوە لە ئیستیخبارات دەرکرا بو گوێزابویانەوە بۆ وەزیفەیەکی مەدەنی کەمبایەخ.

ورگ درین

لەو ڕۆژانەدا بیستمان کە سەدام گروپێ لە گەورەئەفسەرانی جەیشی عیراقی کوشتوە لەوانە باریق عەبدوڵا حاجی حینتە. باریق یەکێ بو لە درندە تاوانبارەکانی جەنگی کوردستان و، لە گرتنی کوەیت دا قائید فەیلەق بو. ئەیانوت سەدام گومانی ئینقیلابی لێ کرد بو، بەست بوی بە دارێکەوە بە دەستی خۆی بە قەمە ورگی دڕی بو.

*

سەدرەدین ئاغا خان، نوێنەری کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، کە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، هات بو بۆ بەغداد. کاربەدەستانی عیراقی دی بو. داوای بینینی وەفدەکەی ئێمەی کرد بو. لە یەکێ لە هۆڵەکانی ئوتێل رەشید لە گەڵی دانیشتین. ئەیویست بزانێ رەوتی گفتوگۆ چۆن ئەڕوا و، چارەنوسی ئاوارەکان بە چی ئەگا.

*


ئەو ماوەیەی لە فندق الرشید بوین، دۆست و ناسیاو ئەیان توانی هاتوچۆمان بکەن و، زۆر نیوەڕۆ من لە لۆبی ئوتێلەکە دائەنیشتم ئەوانەم ئەبینی کە مەبەستم بو چ بۆ پرسوڕا و زانینی بیروڕای خەڵک لە سەر گفتوگۆ و چ بۆ هەواڵی دنیا. ژمارەیەک ڕۆژنامەوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیش لەوێ نیشتەجێ کرا بون. پاش چەند ڕۆژێ لە فندق الرشیدەوە بە بیانوی "ئەمنی" بەوە گوێزایانینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سەرۆکایەتی لە "جادریە" لەوێ هەریەکەمان خانویەکیان بۆ تەرخان کردین و دایان بڕین لە دنیا .

2ی حوزەیران: سەردانی سجنی ئەبو غرێب
بە لامەوە زۆر گرنگ بو چارەنوسی هەندێ لە گیراوەکان بزانم بە تایبەتی جەباری حاجی رەشید و هاورێکانی کە ماوەیەکی زۆر بو دەنگیان نەبو، گومانمان هەبو کوژرابن، بەڵام بەعس باسی نە ئەکرد. لە هەمان کات دا ئەمویست جۆرێ لە دڵنیایی و ئومێدی ئازادیەیان پێ بدەم. پرسم کرد ئاخۆ ئەتوانم سەردانی گیراوەکان بکەم، پرسیان بە سەدام کرد بو، وەڵامیان دامەوە کە ئەتوانم. داوای بینینی جەباری حاجی رەشیدم کرد، عەقید وەلید نایف پاش چەند رۆژی وەڵامی دامەوە کە هەمو زیندانەکانی عیراق گەڕاون، گیراوێکیان بەو ناوە لە ناودا نیە. ئینجا داوای بینینی فەرەیدون دارتاش و مستەفای سەید قادرم کرد. هەردوکیان لە "سجنی ئەبو غرێب" بون. وەڵامیان دامەوە مستەفای سەید قادر لە ناو گیراوەکانی ئەوان دا نیە، بەڵام فەرەیدون دارتاش هەیە و هەر کات بمەوێ ئەتوانم بچم بۆ سەردانی. هەواڵەکەیان راست بو مستەفا بە ناوێکی ترەوە گیرا بو، نەیان ئەناسی.
رائید تەها ناموس (ئەبو یاسین)، یەکێ لە مورافیقەکانمان، لە گەڵ دارای توفیق ئاغا و من چوین بۆ ئەبو غرێب. لە ژوری بەڕێوەبەری زیندان دانیشتین. فەرەیدونیان هێنا بۆ ئەوێ دیمان، شوێنێکی وا نەبو بە تەنیا بیدوێنم، منیش داوای شتی وام نەکرد، پیشتر کە پێیان وت بو فلان ئەیەوێ بێت بۆ بینینت، وت بوی من نایناسم، دڵخۆشیم دایەوە، هەندێ هەواڵی گفتوگۆم بۆ باس کرد، ئومێدەوارم کرد کە بەو نزیکانە ئەو و گیراوەکانی تر هەمو ئازاد ئەبن. دوایی هەم مستەفا و هەم فەرەیدون سەر و نامەیان بۆ نوسیم دەربارەی هەلومەرجی ناخۆشی زیندان.

Sbeiy.com Sbeiy.com © 2021

ئەی شەهیدان
هۆنراوە : محمد تۆفیق وردی

ئەی شەهیدان
ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان
ئێوە بوونە ڕەهبەری ئێمە
بوونە پشت و سەنگەری ئێمە
ئەی شەهیدان ..... ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان
تاجی بەرزیتان لە سەرنا
دوژمنی گەلتان وە دەرنا
ئەی شەهیدان .... ئەی شەهیدان نامرێ ناونیشانتان
تا شەهید خوێنی نەڕێژێ
تاکو گەل تاڵی نەچێژێ
ئەی شەهیدان . ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشنتان
داری ئازادی شین نابێ
باخی ژینمان ڕەنگین نابێ
ئەی شەهیدان ....ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان



## بەسەرکردنەوەی شەهیان

ڕووسوورەکانی مێژو کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ؛پیاوێک پڕ لەمیهرەبانی و سۆز، لەتوڕەبونیشدا لەدوای چەند ساتێک پێدەکەنی پەنجەکانی بۆنی نۆتەی مۆسیقایان لێ دەهات نەک پەلەپیتکەی تفەنگ ،ئەگەر لەووڵاتێکی شەڕەنگێزو باروتاویدا نەژیابایە،قەد نەئەبووە هاوڕێی چەک و فیشەک و دۆستی تەقە،ئەگەر ژێردەستەیی خاک و چەوسانەوەی نیشتیمان نەبوایە ،قەد تفەنگی خۆش نەئەویست ،ئەبوو بە شاعیرێکی دڵ ناسکی پڕ سۆزو خۆشەویستی،یان باخەوانێکی بۆن عەتراوی ،یا مۆسیقارێکی کارامە بوایە بۆ جوانی و عەترو بۆ ئاوازێ عەودالْ،نەک ڕێگای پڕ گڕو سوتان و پشکۆ و سەختی ژیان ،مرۆڤێک بەگەردنی ئارامی باخەوە خۆشەویستی بەتەوێڵی شاخەوە ،پێکەنینی بەبەیانیانی باخ و چەمدا ئەڕشت ،خۆشەویستی ئەکردەناو جانتای شانی پەپولەوە ،لەهەنگێ زیاتر ئاوازی بۆ باخ پێ بوو،ئەو فەرهادە قوڵنگ بەشانەکەی ڕێگای عەشقی تاقستانی نیشتیمان بوو،ئەو ڕۆژێکی داگیرساوی هەرچوار وەرزەو هەموو ڕۆژێکی خاک و ووڵات بوو ،بەفراوی خلیسکاوی کێوی گمۆو بن بنکۆڵەی گوڵەکێوەیە ڕیشە یاخیەکانی شاخ بوو، نەمر گەشمردە فەرهاد سەعید مام برایم ناسراو بە فەرهادی سەعەی بەرید ،لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٦ ی سلێمانی ،دەرچوی ئامادەیی پیشەسازی و ،فەرمانبەر لە بەرێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی /مولاحز فەنی/ ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکس و لینینی کوردوستانەوە لێپرسراوی پۆل بووە لەکەرتی شەهید ئارام لەرێکخراوی ناو شاری سلێمانی لە ١٩٨٠/٠٧/٠٢ لەگەرەکی حاجیاوا لەکارەساتێکی دڵتەزێندا لەکاتی هاتنە ناوشاری سلێمانی لە گەڵ چەند هاوڕێ یەکی پێشمەرگە و چەند رێکخستنێکی ناو شار بە ئیختیفا لەماڵیکدا دەبن بەهۆی جاسوسێکەوە ئاشکرا دەبن و ملازم محسین و هێزێکی زۆر دێنەسەریان ،زۆر بەداخەوە هەریەک لە فەرهاد سەعیدو ساڵح ئەحممەدو سێ برای تر بەناوی ووشیارو بەختیارو ڕەوف عەبدوڵا گەشمردە دەبن و ئەوانی تر بەدیل دەگیرێن ،درود بۆ گیانی پاکی نەمران یادیان بەخێر /ڕزگارەسوور









# تۆپخانەی شۆڕش

لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پاش هەرەس بارودۆخەکان ئەوەندە دژوارو سەخت بوون ،نەک هەر هاوەن بەلکو چەکی تەقلیدیش کەم بوو ,هەرئەوەش بوو وایکرد ڕوو لەهەکاری بکرێ بۆئەوەی ئەوچەکانەی ڕێکخراوە فەلەستینیەکان بەخشی بویان بە ی ن ک هەولبدرێ بگەیەنرێتەوە ناو خاکی کوردستان تا بەرەنگاری بەرنامەی ڕاگواستنی گوندەکان بوەستێنرێ و پێشمەرگە بێ چەکەکان چەکدار بکرێن و خەلکی گوندەکانیش بەرگری لە خاک و ئاو و رەزو باخ و ناوچەکانیان پێ بکرێ.

تۆپخانەی شۆڕش سەرەتا خاوەنی چەند هاونێک بوو بەلام زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرا بەهۆی نەبونی شارەزایی تەواو لەسەر بەکار هێنانی جۆرەکانی هاوەن و کەمی گولەی هاوەنی پێویست. سالی ١٩٨٣ کاتێ رەوانشاد نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی هێزێکی کردوە لەناوچەی رەزگەو مارەدوو بون هێزەکانی عیراق لەرەبایەکانی بەرقەلشیو هاوەن بارانیان دەکەن, هاورێیەکی عەدەد بێتەل بێتەل لەگەلّ هێزەکە بووە وەک بۆی باسکردم خۆی بریندار بووەو بێتەلە راکالەکەشی پارچەی بەرکەوتوە. هێزەکەش هاونێکی ٨٢ ملم و چەند گولەیەکیان پێ دەبێ بۆئەوەی بەرپەچی هاوەن بارانەکەی دوژمن بدەنەوە هاوەنەکە دادەمەزرێن و ئامادەی دەکەن و رووی دەکەنە رەبایەکان بی رەصەد و هیچ شتێ تا هاوەن بارانیان بکەن, یەکێ لەگولەکان دەکەنە دەمی هاوەنەکەوە ئەوەی سەیر دەبێ گولەکە هی ٨١ملمە کاتی گولە دەردەپەڕی بەرەو ئاسمان فڕە فڕ دەکەوێتەوە ناو هێزەکەی خۆمان بەلام خۆشبەختانە زیانی لێ ناکەوێتەوە....تۆپخانەی شۆرش دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان لەگەل ئێران و دوای چالاکی لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک ئەو کاتیوشاو تۆپە ١٢٠ ملم و ٨٢ ملمەکان هەموی یەکیتی خاوەنی بوو تەنها لەو چالاکیە شارەزای ئیرانی و هەندێ لە ئەفسەرانی خۆمان بەکاریان دەهێنا دواتر خولی راهێنان لەسەر تۆپ وجۆرەکانی وبەکارهێنانی بەشێوەی زانستی سەربازي و ناردنی پێشمەرکە بۆ خولی سەربازی لە ئێران ،تۆپخانەی شۆرش گەشەی سەند وله زۆر چالاکی و هێرشەکانی پێشمەرگە رۆلی خۆیان دەبینی لە تۆپباران کردنی هێزەکانی دوژمن .

مامۆستا سەیف الدین ئەوەی بۆ باس کردم کە یەکێک لەئەندامانی حیزبی شیوعی کە چاوی پێکەوتوە پێی راگەیاندوە بەرێزت دەرچوی چ خولێکی هاوەناتی لە سوپای عیراق لەوەلام دا گوتویەتی من تەنها ١٧ رۆژ لەبەرگەلو سەرگەلو خولی راهێنانم دیوە کابرای حشع سەرسام بووە کەوا چۆن بەووردی ئامانجەکانیان پێکاوە لەکاتی تەحەشودی هێزەکانی عیراق بۆ هێرش کردن و شڵەژاندویانن ویەکی هێرشەکە خراوە بەهۆی کوژرانی فەرماندەی کردە سەربازیەکە, گوتویەتی ئیمە خەلکی خۆمان ناردووە بۆ خولی راهێنانی تۆپ و هاوەنات لە بلغاریاو وولاتانی دیکە کەچی تا ئیستا بەو شێوەیەی ئیوە نین سەیر بووە بەلایەوە ....



**نوسین و ئامادەکردنی**
**عوسمان عومەر**
**١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**



# ستالین وخرۆشۆف

**نیکیتا خرۆشۆف دەلّیت:**

جارێکیان جۆزیف ستالین پەیوەندی پێوە کردم داوای لێکردم بەپەلە سەردانی بکەم وپێی ڕاگەیاندم کەپیلانێکی گەورە لەئارادایە ....بۆیە خۆم وچەند وەزیریک چوین بۆلای...

ستالین پێی گوتم هاورێ نیکیتا ئێمە کارگەیەکی تایە دروستکردنمان هەیە کۆمپانیای ئەمەریکی بەدیاری پێی بەخشیوین وچەندساڵێکە تایەی ئۆتۆمبیل بەکوالیتی باش بەرهەم دێنێ،ئەوەی بەلامەوە بۆتە جێگەی سەرسوڕمان لەماوەی شەش مانگی ڕابوردو، ئەو کارگەیە ئەو تایانەی بەرهەمی دێنێ دوای چەند کیلۆمەتر دوای بەستنی دەتەقێ وکەسیش هۆکار نازانێ ودەمەوێ بەپەلە سەردانی ئەوکارگەیە بکەیت وبزانیت هۆکارەکەی چییە؟

گەیشتمە کارگەو دەستبەجێ لێکۆڵینەوەکانم دەست پێکرد،یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام تابلۆی قارەمانان بوو لەسەرەتای چونە ژوورەوەبوو

لەسەر ئەو تابلۆیە وێنەی باشترین کرێکارو و ئیداری وئەوانەی چالاک دڵسۆزبون لەکارکردن دا هەڵدەواسرا لەماوەی مانگێک.

لیکۆلینەوەکانم ڕاستەوخۆ لەکارگێڕیەوە دەست پێکرد تا ئاستی کرێکارێکی ئاسایی کەسیان هۆکارەکەیان نەدەزانی بۆیە بڕیارم دا لەکارگەکە بمێنمەوەو لەوێ بخەوم تا ئەو مەتەڵە چییە؟بەیانی زوو ڕابوم وچومە سەر یەکەم هێڵی بەرهەمهێنان وچاودێری یەکەم تایەم کرد لە خاڵێ سەرەتاوە تا دەرچونی لەکارگە،تێبینیم کرد هەموو شتێ بەئاسایی ڕۆیشتووە دروستە توشی شۆک بوم کاتێ پێیان ڕاگەیاندم تایەکە دوای چەند کیلۆمەترێ دیسان تەقی....

ئەمجارەیان هەمو ئەندازیارو کرێکار و ئیداریەکانم کۆکردەوە پەیوەندیم بەئەندازیارە ئەمریکیەکانەوە کرد،هەر نەگەیشتینە ئەنجام،دەستمکرد بەشیکردنەوەی کەرەستەی سەرەتایی کەبەکاردەهێنرێ لەدروستکردنی ئەو تایەیە،شیکردنەوەو ووردبینیەکان دەریانخست کە کوالیتی زۆرباشە،کەواتەهەرگیز هۆکار نیین بۆتەقینی تایە...ئایا ئەوتایەیە بێهۆکار دەتەقێ؟



دیسان هەستم بەبێهیوایی وناتەوانی کرد...دیسان سەرنجی تابلۆی قارەمانانی کارگەکەم کردەوە... سەیرم کرد وێنەی ئەندازیارێ لەسەری سەرەوەیە،ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کە ماوەی شەش مانگە هەر ئەو قارەمانی یەکەمە واتە لەوکاتەوە ئەو تایانە دەستیان کردوە بەتەقین بێ هۆ...خەو لەچاوم نەکەوت ...بانگی ئەو ئەندازیارەم کرد بۆ ئۆفیسەکەم وبەپەلە کەوتمە لێکۆلینەوە لەگەڵی...پێمگوت هاورێ تکایە پێم بڵێ چۆنە تۆ شەش مانگە بەقارەمانی بەرهەمهێنان ماویتەوە؟

گوتی توانیومە ملیۆنان ڕۆبڵ بۆ کارگەو بۆ دەوڵەت پاشەکەوت بکەم...

چۆن ئەوەت ئەنجامداوە؟

زور بەسادەیی گوتی

ئەوتەلانەی لەدروستکردنی تایە بەکاردەهێنرێ کەمم کردۆتەوە بۆیە توانیومانە ڕۆژانە سەدان تەن کانزا پاشکەوت بکەین.

هەستم بەخۆشیەک کرد چونکە توانیم ئەو مەتەڵە بدۆزمەوە...خۆم پێنەگیرا تەلەفۆنم بۆستالین کردو شتەکانم بۆ ڕونکردەوە...دوای دەقەیە لەبێدەنگی گوتی ئەو گەمژەیەت لەکوێ خستە گۆڕەوە؟

بەڕاستی هاورێ ئیعدامم نەکردوە بەڵام دەینێرم بۆ سیبریا چونکە گەر لەسیدارەی بدەین خەڵک دەڵێن سەیرکە قارەمانێکی بەرهەمهێنانیان لەسیدارە دا لەوەناگەن....

لەڕاستی دا

گرنگ ئەوە نییە گەندەڵی و دزی بکەی بۆئەوەی ئازارمان پێبگەیەنی وبدەیت هێندە بەسە گەمژە بی....خۆشمان گەمژەکان دەخەینە پلەوپۆستی گرنگ وهەرخۆشمان گەورەیان دەکەین وپاداشتیان دەکەین وبەمەش وولات دادەڕمێ وبەرەو ڕوخان دەڕوات بەبەر چاوی هەموانەوە ...

لەکۆتاییدا دەڵێم ئێمە سەیری کام وێنەو تابلۆی کامیان بکەین..؟وێنەکان زۆرن لەسەرتابلۆی قارەمانیەتی... کێ ڕەوانەی سیبریان بکات یا دەریای قوڵی بێبن کەڕۆیشتن نەگەڕێنەوەو کەس حەسرەتیان بۆ هەڵناکێشێ،تا ئەو وێنانە لەسەر تابلۆکان بن چۆن وولات پێش دەکەوێ؟ چۆن گەل قەیران ومەینەتی لێدەبڕێ.

وەرگێڕانی
عوسمان عومەر
٢٤ی ئابی ٢٠٢٠



## فەیلەسوفی جیهانی نوام چۆمسکی ( Noam Chomskys) ئامۆژگاری کورد دەکات

هەموو خەڵکی کوردستان دەبێت ئەم ئامۆژگارییانەی فەیلەسوفی گەورە و بەناوبانگی ئەمریکی نوام چۆمسکی بخوێنێتەوە کە دەلێت"

لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هیچ کەسێك دۆست نییە، هەموو کەسێك بیر لەبەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. دەبێت ئێوەش بەپێی ئەم یاسایە خۆتان بەڕێوەببەن. ئێوە دەزانن کە ناحەزتان زۆرن، کاتێك دەرفەتێکتان دیت بیقۆزنەوە، بەڵام نەکەونە نێو خەیاڵەوە. بەدروستی هەڵیبسەنگێنن. کێشەی 100 ساڵەی کورد هەر ئەمەیە: هەموو کاتێك چاوەڕێی هێزێکی دیکە دەکەن. بەداخەوە ئەمە شتێکی باش نییە."

- "ئومێدتان بە شاخەکانتان هەبێت. جگە لە چیاکان هیچ هێزێکی دیکەتان نییە".

- "خۆتان لەژێر داگیرکاری ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا رزگار بکەن. هەر کاتێك دەرفەتێك بۆ ئێوە رەخسا سەربەخۆیی خۆتان رابگەیێنن. بۆ نموونە، گرتنی کەرکووك کارێکی زۆرباش بوو. دژایەتی ئەمریکا مەکەن و بزانن تورکیاش ئەکتەرێکی گەورەیە."

- "نەك تەنیا کورد، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەژێر فشار و زوڵمدان دەبێت بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا بگەڕێن و دەرفەتەکان باش هەڵسەنگێنن. بەڵام وا هزر نەکەن کە ئەمریکا یان هێزێکی دیکە خێرتان پێبکات، نەکەونە نێو خەیاڵەوە، بەشێوەیەکی دروست سەیریان بکەن."

- "هێشتا رۆڵی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە. ئەوانەی وا دەڵێن راست ناکەن، ئەمە قسەی هزر لاوازەکانە. سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن. ئەو هەموو دەوڵەتانە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە دامەزرێنراون. بۆ نموونە عێراق بۆ ئەوەی پترۆڵ نەکەوێتە دەستی تورکیا، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکرا. دەتوانی بڵێی عێراق لە بەسرا هیچ بەندەرێکی نەبوو، هێنایان کوێتیان دروستکرد. هەمان شت لە سووریا، ئوردن و فەلەستینیش روویدا، داگیرکارەکان هەندێك سنووری دروستکراویان بۆ دانان. ئێستا هەموو ئەوانە پارچەپارچە دەبن. مەسەلەی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە، سەرلەنوێ دروستدەکرێنەوە".

- "هزری کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ لەدەست مەدەن. چونکە ئەو سنوورە دەستکردانەی کە داگیرکاران دروستیان کردوون نامێنن و کەس نازانێت چی روودەدات. دەبێت کوردی سووریا، عێراق، تورکیا و ئێران یەکبگرن. نابێت شەڕی نێوخۆیی بکرێت و دەست لەسەربەخۆیی بەرنەدەن".

- "زۆر حەز دەکەم بچمە کوردستانی ئازاد. پێشتریش هەوڵمداوە. ساڵی رابردوو بەنیازبووم بچم، بەڵام رێکنەکەوت".

- "دەبێت کورد گرنگی بەزمانی خۆیان بدەن. چونکە ئەگەر کورد زمانی خۆیان لەدەست بدەن، ئەوا مێژوو، رۆشنبیری، ئەدەبیات و رۆحی خۆیان ون دەکەن".

وەرگێڕان بەدەسکاریەوە بۆ زیاتر مانابەخشین بەبابەتەکە ئەڵمانی بۆ کوردی سۆرانی
وەرگیراوە



## ڕەزا شوان

# ئەردۆگان هەڕەشەی سەربازی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.

ئەردۆگانی ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆری سەرکۆماری تورکیای زیندانستان. دوای ئەوەی کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و سەقەتەکانی و قورخکردن و تاکڕەوی لە دەسەڵات و لە بڕیارەکانی تورکیادا، لە هەموو فایلەکاندا، لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیایدا تووشی شکستی سیاسی و سەربازی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کردووە. ژێرخانی ئابووری تورکیاش تادێت زیاتر و زیاتر دادەتەپێت و لیرەی تورکییش بەرامبەر بە دۆلار زۆر بێ نرخ بووە. ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ تورکیا زۆر زۆر کەمبۆتەوە.
ڕێژەی بێکاری لە سەدا پیست و پێنجی تێپەڕاندووە. زۆربەی خەڵکی تورکیا لە ژێر هێڵی هەژاری و برسێتیدا دەژین. ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و مافی دەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی و میدیا لە تورکیادا بوونیان نییە. تورکیا لە بواری ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە لیستی ڕەش دایە. تورکیا لە پێشبەندی ئەو وڵاتانە دایە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی دەکات، بە داپڵۆسین و سەرکوتکردن و کوشتن و گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردن و بێسەروشوێنکردن وەڵامی داوا ڕەواکانی خەڵکی داوەتەوە و دەداتەوە.
ئەردۆگان نکووڵی لە بوونی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات. لە کاتێکدا، زیاتر لە سەد ساڵە تورکیا بە دەم چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردەوە دەناڵێنێ. نکووڵی لە بوونی ( 25 ) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان دەکات. نەک هەر دان بە هیچ مافێکی سادەی کورد دا نانێت. بەڵکو تا سەر ئێسقان ڕقی لە کوردە و دژایەتی نەتەوەی کورد دەکات لە هەر شوێنێکدا بێت. کورد بووە بە شێرپەنجەی سەر دڵی و لێی نابێتەوە.
بێگومان ئەردۆگانی دروستکەر و هاوپەیمانی داعشی تیرۆریستە. دوای ئەوەی لە سوریا و لیبیادا شکستی هێنا. نەشی توانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا ئاسایی بکاتەوە. چونکە دەوڵەتانی عەرەبی خەریکە لە دووڕووی و لە نیاز گەڵاوی ئەردۆگان تێبگەن، ئەوەش دەزانن کە ئەردۆگان سەرۆکی "اخوان الشیاطین"ە و لەگەڵ گورگدا گۆشت دەخوات و لەگەڵ مەڕیشدا شین ەکات.
ئەردۆگان دوای ئەوەی کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا "جۆ بایدن" ەوە، ڕووی پێ نەدا و پێشوازیی لێ نەکرد و نە ویستی چاوی پێبکەوێت. سەرۆکی ڕووسیاش "فلادیمێر پۆتین" لە کۆبوونەوەی "سوتشی" لە ڕووسیا. بە ڕووییەکی ساردەوە پێشوازی لێکرد. چونکە باش لە دووڕوویی و نیازگڵاویی ئەردۆگان تێگەیشتووە.
لایەکی کەشەوە، لە لایەن پەرلەمانی ئەورۆپییەوە، چەند جارێک سەرزەنشت و پرۆتیستۆ کرا، لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئازادی را و ڕۆژنامەگەری و ئازاد نەکردنی سەلاحەدین دێمیرتاش و عوسمان کاڤالا. جەختیشیان لەوە کردەوە، کە بەم پاشەڵ خوێناوی و پیسییەوە، مەحاڵە کە تورکیا ببێت بە ئەندامی یەکێتی دەوڵەتانی ئەوروپا.
دەوڵەتانی ئەوروپا چەند جارێک ئەوەشیان دووبارە کردەوە، کە ئەردۆگان بازارگانی بە پەنابەرانی سوریاوە دەکات. بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم کێشەیەی قۆستۆتەوە نەک لە ڕووی بەزەیی و مرۆڤایەتییەوە. تائێستا چەند ملیار دۆلاری لە یەکێتی دەوڵەتانی ئەوروپا وەرگرتووە.
لە گەڕان بە دوای نەوت و گازیشدا لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، لە دەرەوەی سنووری ئاوی تورکیادا، لەمەش شکستی هێنا و سەریان پێ شۆڕکرد.
لە ناوخۆی تورکیاشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لایەنگرانی پارتەکەی ئەردۆگان، پارتی ناداد و ناگەشەکردن لە پاشەکشێدایە، زیاتریش دزی و گەندەڵییەکانیان ئاشکرا دەبن. تەنیا پاڵپشتی حیزبە نەتەوەپەرستەکەی باخچەلی ڕەگەزپەرستە. کە تەنیا بۆ دژایەتی گەلی کورد بوونە بە هاوپەیمانی ئەردوگان. خەڵکی بێزاربووش لە زیادبوون دان. بە پێچەوانەوەشەوە، حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا، زیاتر بەهێزبوونە و زیاتر ڕووبەڕووی گەندەڵییەکان و تەخشان و پەخشانکردنی ئەردۆگان بە پارەی میللەتەوە بوونە. کە بۆتە هۆکاری سەرکی دابڕانی تورکیا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و داروخانی ئابووری و بێ نرخبوونی بەهای لیرەی تورکی و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراک و شتومەکە پێویستییەکان، بڵاوبوونەوەی گرانی و هەژاری وبێکاری لە تورکیادا.
ئەرۆگانی گیلەپیاو، دەیەوێت، سەرنجی خەڵکی بە لایەکی تردا بەرێت و هەموو یەم قەیرانانە لە بیری خەڵکی تورکیا بباتەوە. ئەمەش بە لای خەڵکی تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، شتێکی نامۆ و تازە نییە. هەر کاتێک ئەردۆگان شکستی هێنابێت. هەرەشەی لە کورد کردووە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی کوردستان ئەنجامداوە.



ئێستاش ئەردۆگانی خوێنڕێژ و نامەرد کە بە ڕقی کورد ئاوسە، نیازی گڵاوی ئەوەیە کۆمەڵکوژییەکی تازە لە دژی گەلی بێتاوانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا.
زۆر بێ شەرمانە، هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکەین و هێرش دەکەینە سەر ڕۆژئاوای کوردستان. دوا بە دوای خۆشیدا، مەولوود چاوشی وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریشیان خەلووسی ئاکار، هەمان هەڕەشیان دووبارە کردەوە. کە بە هەمان ئایدۆلۆژیای بۆگەن و ڕەگەزپەرستی و ڕق لە کورد پەروەردە کراون.
بۆ ئەم مەبەستە و نیازە گڵاوەیان، ئەردۆگانی ناپیاو، جگە لەوەی کە لەشکرێکی گەورەی دڕندەی بە تانگ و تۆپ و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و درۆن، ئامادە کردووە. هەروەها جاشە ئیسلامییە بەکرێگیراوەکانییشی لە بەرەی نوسرە و داعش لە سوریا. خستۆتە ئامادە باشی و چەکی نوێی بۆ ناردوون، تا لەگەڵ سوپای تورکیادا، پێکەوە هێرش بکەنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان.
ئەردۆگانی سیکۆپاتی، وەک هێرشەکانی پێشووتری بە جاشەکانی و لەشکرە ئامادەکراوەکەی وتووە: سەر بۆ ئێمە و تاڵانی و دزی بۆ ئێوە. دەستیش لە منداڵی ناو لانکیشیان مەپارێزن. دەیەوێت سیاسەتی "زەوی سووتماک" لە ڕۆژئاوای کوردستان دا ئەنجام بدات.
دەیەوێت بەم تاوانە نامەردییە تازانەی لایەنگرتن و دەنگەکانی ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا بەدەستبهێنێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە تورکیادا. واتە ئامانجێکی سیاسی و هەڵبژاردنی لە پشتەوەیە.
مەبەستم ئەوە نییە کە ترس بخەمە دڵی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەوان باش لەم هەڕەشە و نیازگڵاوی و نامەردییانەی ئەردۆگانی خوێنڕێژ تێگەیشتوون. هەموو خراپی و و تاوانێکی قێزەوەنیان لێدەوەشێتەوە. کۆمەڵکوژی دێرسیم و ئاگری و دۆڵی زیلان و چەندین شوێنی ترمان لە باکووری کوردستاندا، لە بیرمان نەچۆتەوە و لە بیرمان ناچێتەوە. ڕۆژیش نییە کە لە شاری "عەفرین"ی داگیرکراودا، چەندین تاوانی کوشتن و ڕفاندن و پەلاماردن و بێسەر و شوێنکردنی لاوانی کوردمان نەکەن ئەم بێڕەوشتانە هەموو تاوان و بێڕەوشتییەکیان لێدەوەشێتەوە.

گەر ئەردۆگانی دکتاتۆری لەخۆبایی، کەرایەتییەکی وابکات، با باش بزانێت بە ئاسانی بۆی ناچێتە سەر و باجێکی زۆری ئەم سەرەکێشی و بێ ئەقڵییەی دەداتەوە. خۆیان باش ئەوە دەزانن، کە مەحاڵە و هەرگیز ناتوانن بە زەبر و بە هێز و لەشکرکێشی و بە کۆمەڵکوژی، چۆک بە گەلی قارەمان و خۆڕاگر و کۆڵنەدەری کوردمان دابدەن.

ڕۆژئاوای کوردستان. ڕۆژئاوای هەموو کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەرە. هەموومان ڕۆژئاڤاین و چارەنووسمان یەکە. هەر کوردێک هەڵوێستی نەبێت، هاشا کورد و کوردستانی نییە.

خوشک و برایانی دڵسۆز و کورد و کوردستان پەروەر، پێویستە هەڵوێستمان هەبێت. ئەوەی لە توانمان دایە و پێمان بکرێت درێغی نەکەین. ئەرکی نەتەوەیی و ڕەوشتی هەموومانە، کە ئامادەبین بە هەر شێوازێک بێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرنگاری هەر هێرشی تورکیای داگیرکەر و ڕەگەزپەرست بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان. نیازتان وابوو، کە شەڕکەری کورد بۆ غەزە بنێرن و لە دژی ئیسرائیل شەڕبکەن. گەر کەمێک هەست و هاوبەستەبوون و غیرەتان هەیە. شەڕکەرتان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بنێرن. با شەڕی لە دژی تورکیا بکەن. ئەگەر ئیسرائیل بە داگیرکەری فەلەستین دەزان - ئەگەرچی خاکی ئیسرائیل خاکی خۆیەتی - تورکیاش داگیرکەری کوردستانە. کوردستان خاکی کوردە و تورکیا بە کوشتن و وێرانکردن داگیری کردووە. دەزانن و لەبیرتانە، کە مەلا ئەردۆگانییە ڕەگەزپەرستە بەکرێگیراوکان، لە کاتی داگیرکردنی شاری عەفرین دا، لە وتارەکانی نوێژی هەینی مزگەوتەکانی ئیستەنبول و ئەنکەرەدا، فەتوای ئەوەیان دا. گەر مار و دووپشکتان بینی مەیکوژن، بەڵام گەر کوردتان بینی بیکوژن. ئەی نەشتان بینی کە سەرۆکی ڕێکخراوی حەماسی ئیسلامی فەلەستینی "خالید مەشعەل" بە بۆنەی داگیرکردنی شاری عەفرینەوە پیرۆزبایی لە خوێنڕێژ ئەردۆگان کرد و شاباشی کرد؟

ئەی بیرتان نایات، کە بەعسییە عەرەبە شۆڤێنییەکان، کە نەوەکانی خەلیفەکان و خالید بن وەلید و قەقاع سەعدن، چۆن پەلاماری کوردستانیان دا. کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفالیان لە کورد کرد هەر لەبەر ئەوەی کە کوردین. کام دەوڵەتی ئیسلامی و عەرەبی کەمترین بڕوا لەسەر کورد هاتنە قسە و لۆمەی سەدامیان کرد؟. بەس بە خرافاتی بێ بنەما مێشکی سڤیل و خۆشبڕوای خەڵکی کورد بشۆنەوە. ئێوە پێش ئەوەی ئیسلام بن کوردن. گەر هەڵویستی نەتەوەییتان نەبێت.. ئەوسا قسەیەکی ترمان دەبێت.

خۆشک و برایانی کوردمان. هەموومان دەزانین کە نیازی گڵاوی تورکیا لە هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان چییە. هەموومان کوردین و کوردستان نیشتمانی پیرۆزمانە، لە ئەوپەڕی باکوورییەوە تا ئەوپەڕی باشووری، لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتییەوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوای، خاکی پیرۆزی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بژی. با هەموومان یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەک هەڵویستبین، ئەرکی پێویستی ئەستۆمان بەدی بهێنین. ئەگینا شەرمەزاری گەلەکەمان و مێژوومان دەبین.

درود بۆ ڕۆحی شاعیری نەمر و نەتەوەیی کوردمان "فایق بێکەس" کە دەڵێت:

قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە
ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی رابگرێ




لە ساڵی '١٩٦٠' لە نەخۆشخانەی عەباسیە تایبەت بە"الأمراض العقلية"لە میسر لە ئیهمالی پاسەوانەکانی نەخۆشخانەکە نزیکەی "٢٤٣ "شێت ڕایان کرد بەرەو شەقامی عەباسیە.

چاوەڕوان ئەکرا کێشەیەکی گەورە بخوڵقێ، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانە بانگی دکتۆرێکی کرد بە ناوی "د. جمال ابو العزم"داوای کرد خێرا چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

ئەم دکتۆرە بەناوبانگە خێرا ئامادەباشی دەربڕی و پێی وتن کە نەخشەیەکم هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، داوای لە بەڕێوەبەر و هەندێک لە پزیشک و فەرمانبەرەکانی نەخۆشخانە کرد وتی من لە پێشەوە ئەبم و ئێوەش پشتم بگرن و یەک لە دوای یەک بە شێوەی شەمەندەفەر "قیتارانێ ئەکەین"وە ئەچینە ناو شەقامەکە و هاوار ئەکەین "تووت...تووووت...تووووت".

ئەو بەرنامەی د. جەمال دایبابوو و پێشبینی کرد ڕێک وا دەرچوو هەموو شێتە هەڵهاتووەکان کەوتنە دوای قیتارەکە و دەستیان بە پشتی یەک گرت تا بردیانەوە ناو نەخۆشخانەکەوە هێنیانەوە ناو نەخۆشخانەکەو کێشەکە چارەسەر کرا، بەڕێوەبەری کارگێڕیەکە زۆر دڵخۆشبوو بەم سەرکەوتنەی دکتۆر و دەستخۆشی لێ کرد.

ئێوارە بە کێشەیەکیان زانی ئەویش ئەوەبوو کە کاتێک دەستیان کرد بە سەرژمێری شێتەکان تەماشایان کرد "٦١٢ "کەسن لە کاتێکدا ژمارەی هەڵهاتووەکان "٢٤٣ "کەس بوون..!!!!

............

ئێستا لەسۆشیال میدیای کوردی یەک توت بکەیت هەزاران کەس بەکویرانە بەدواتا دەست بە توتە توت ئەکەن.

لە فەیسبوک وەرگیراوە





# کاریزما و سیاسەت

## مەلەفی تایبەت

شارپرس:

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لە ماوەی پێشوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئەڵمانیا کراو دەرئەنجامەکەشی مایەی سەرنج و تێرامان بوو، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار. یەکەم: ئەم هەڵبژاردنە ماناى کۆتایی هێنان بوو بە حوکمی 16 ساڵەی پارتی دیموکراتی مەسیحی کۆنەپارێز و هاوپەیمانەکەی، هەرچەندە بە تەنهاش حوکمیان نەکردووە بەڵکو لەماوەی ئەو 16 ساڵەدا زۆرجار لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان بوون. دووەمیان ئەم هەڵبژاردنە بەبێ ئەنگیلا مێرکل بەڕێوەچوو، چونکە بڕیاریدا کە بۆ چوارەمین جار خۆی هەڵنەبژێرێتەوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، هەڵوێستی گەلی ئەڵمانیا بوو بەرامبەر بە پارتەکەی مێرکل، هەر لەپاش نەمانی ئەم سەرکردەیە، ئەم پارتە متمانەی بەشێکی زۆری گەلی ئەڵمانیای لەدەستدا.

ئەم رووداوە کلیلی پرسیاری گرنگی دایە دەستمەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا تاچەندە کاریزما رۆڵی لە سیاسەتی ئەمرۆماندا هەیە؟ بۆچی گەلی ئەڵمانیا سەرەتا بە ترس و گومانەوە پێشوازیی لە مێرکل کرد، کەچی ئێستا بۆی نیگەرانن؟ تاچەندە کاریزما رۆڵی لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییی و خۆرهەڵاتیدا هەیە؟

هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا چەند سەرنج و تێبینییەکی خۆم لەمبارەیەوە بنووسم، کە لەوانەیە بتوانێت وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بداتەوە.

### ماکس ڤیبەر و کاریزما

ماکس ڤیبەر لە ساڵی 1864 لە دایکبووە و لە ساڵی 1920 کۆچی دوایی کردووە، ئەو فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی ناسراوی ئەڵمانیا و جیهانە و بە یەکێکیش لە باوکە مەزنەکانی بواری «کۆمەڵناسیی مۆدێرن» دادەنرێت و خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فیکری گرنگە لە پێش هەمووشیانەوە» ئەخلاقی پرۆتستانتیی و رۆحی سەرمایەداری « کە لە ساڵی 1905 دا نووسیویەتی، جگە لە کۆمەڵێک کتێبی تر، کە هەتا ئەمرۆش جیهان پێیان سەرسامە. یەکێکیش لەو کتێبانەی « Politik als Beruf سیاسەت وەکو پیشە» کە لە ساڵی 1919 دا نووسیویەتی واتە ساڵێک پێش مردنی، لەم کتێبەدا بە وردی باسی تێڕوانینی سیاسی خۆی کردووە هەروەها باسی کەسی سیاسی کردووە، لە هەمووشی گرنگتر باسی چەمکی «کاریزما»ی کردووە و گرنگی ئەم چەمکە لە ژیانی سیاسیدا دەرخستووە.

### کاریزما

کاریزما Charisma لە وشەیەکی کۆنی یۆنانییەوە هاتووە ماناى «نیعمەتێکی خودایی» دەگەیەنێت کە خودا دەیبەخشێتە کەسێک. پاشتر ئەم وشەیە لە ڕێگەی ماکس ڤیبەرەوە هاتە ناو فەرهەنگی سیاسیەوە. بەپێی تێڕوانینی ماکس ڤیبەر بێت کاریزما ماناى بوونی ماگنێتێکی بەهێز لەلایەن کەسێکەوە کە وا دەکات خەڵکانی تر دوای بۆچوونە سیاسیی و فکرییەکانی بکەون و تەواوی ئیرادەی خۆیان بخەنە ژێر رکێفی کەسێکەوە کە خاوەنی کاریزما بێت. ئەمەش لەناو بزاوتە ئایینی و سیاسییەکاندا زۆر گرنگە، هەروەها رۆڵێکی بەرچاویشی هەیە لە قۆناغە گرنگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی لە کاتی شۆڕش و راپەرینە جەماوەرییەکاندا. لای ماکس ڤیبەر دوو کەسایەتی خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوون. یەکەمیان « حەزرەتی مەسیح»، ئەوی تریشیان ناپلیۆن پۆناپارتی فەرەنسا. یەکەمیان لە بواری ئایینیدا شۆڕشێکی گەورەی جیهانی کردووە. ئەوی دووەمیشیان لە رووی سیاسییەوە، گۆڕانکاریی گەورەی لە فەرەنسا و جیهاندا کردووە.

بە هەرحاڵ لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمرۆش، کۆمەڵێک کەسایەتی جیهانی رۆڵی گەورەیان هەبووە لە رووداوە گرنگەکانی ژیانی سیاسی مرۆڤایەتیدا، جا رۆڵەکە خراپ بووبێت لە نموونەی « هیتلەر و ستالین»، یان باش بووبێت لە نموونەی « گاندیی و ماندێلا».

بەگشتی دەتوانم بڵێم کاریزما لەم سەدەیەدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی سیاسی هەموو جیهاندا، بەتایبەتی لەناو گەلانی جیهانی سێهەمدا.

لە خۆرئاوادا بەتایبەتی لە ئەمریکا بە حوکمی بوونی دامودەزگای بەهێزی دەوڵەت و سیستمێکی تۆکمەی دیموکراتی، تارادەیەک کاریزما ئەو رۆڵەی نەبووە لە ژیانی سیاسیدا، چونکە لێرە هەموو چوار ساڵ جارێک، هەڵبژاردن دەکرێت و سەرۆکیش تەنها یەک جار بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە، واتە سەرۆکێک بۆ ماوەی چەندین ساڵ نامێنێتەوە تا کاریگەریی گەورە بەسەر حزب و کۆمەڵگەدا دروست بکات. هەروەها حزب و میدیاش، پسپۆڕن لە دروستکردنی سەرکردەدا.

بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەوروپادا هێشتا کاریزما لە ژیانی سیاسیدا رۆڵی هەیە. ئەوەش لەبەر جیاوازیی سیستمی دیموکراتی، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپادا، سەرۆک بۆی هەیە چەندین جار خۆی هەڵبژێرێتەوە، دیارە جگە لە فەرەنسا کە سەرۆک تەنها یەکجار بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە.

ئێمە وادەزانین کە کاریزما تەنها لە خۆرهەڵات و جیهانی سێهەمدا رۆڵی گەورەی هەیە لە ژیانی سیاسیدا، بەڵام لە راستیدا لە ئەوروپاشدا کاریزما رۆڵی گەورەی هەیە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا.

### کاریزما و سیاسەت لە ئەڵمانیا

وا بۆ ماوەی 70 ساڵ دەچێت کە لە ئەڵمانیادا سیستمێکی تۆکمەی دیموکراسی هەیە و دووبارە رێگە نەدراوەتەوە کە سیستمێکی دیکتاتۆری هاوشێوەی نازی دروست بێتەوە، بەڵام کاتێک سەیری ژیانی سیاسی ئەڵمانیا دەکەیت، هەمیشە خاوەنی جۆرە سەرکردەیەک بووە کە دەتوانین بڵێین سیمایەکی کاریزمایی گەورەیان هەبووە. ئەمەش لە هەردوو پارتە سیاسییە تەقلیدییەکاندا دیارە کە ئەوانیش «پارتی دیموکراتی مەسیح و پارتی سۆشیال دیموکرات» لە سەدەی پێشوودا خاوەنی سەرکردەی وەکو کۆنرداد ئادناوەر، هیلمۆت کۆل، کە سەربە پارتی مەسیحی دیموکرات بوون. هەروەها ڤیلی براند و کارل شمیت لە پارتی سۆشیال دیموکرات.

لەپاش نەمانی هیلمۆت کۆڵ و شکستی لە هەڵبژاردنی 1998 دا لەبەرامبەر گێرهارد شرۆدەردا ، پارتی دیموکراتی مەسیحی رووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بۆوە، چونکە هیلمۆت کۆڵ خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوو لەناو پارتەکەدا، ئەمەش حزبەکەی رووبەڕووی کێشەی سەرکردایەتی کردەوە،

لەناو ئەم حزبەدا کۆمەڵێک کوتلە هەبوون هەریەکەیان خۆی دانابوو ببێتە جێگرەوەی کۆڵ، بۆ یەکەمجار ڤۆلفگانگ شۆیبلە بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە سەرۆکی پارتەکە، بەڵام دواجار لە ساڵی 1999 بەهۆی ئاشکرابوونی دۆسێی گەندەڵی هاوکارییکردنی دارایی حزبەکە، دەستی لەکارکێشایەوە. ئەمەش هێندەی تر کێشەی سەرکردایەتی لەناو حزبەکەدا دروستکرد، دواجار جۆرە رێکەوتنێکیان کرد کە لاوازترین کەسایەتی بۆ سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێرن کە ئەویش ئەنگێلا مێرکل بوو.

ئەنگێلا مێرکل

ئەنگێلا مێرکل چەند خاڵێکی لاوازی هەبوو. یەکەمیان: ژن بوو، چونکە راستە کۆمەڵی ئەڵمانی کۆمەڵێکی مۆدێرنە و ماوەی چەندین ساڵیش بوو، کە ژن بەشداریی کاروای ژیانی سیاسەتی کردبوو، بەڵام هێشتا پیاوان زاڵبوون بەسەر سیاسەتدا. دووەم خاڵی لاوازی سەربە مەزهەبی پرۆتستانت بوو، لە تەواوی مێژووی پارتی مەسیحی دیموکراتیشدا ئەوانەی بوونەتە سەرۆکی ئەم پارتە کاتۆلیک بوون. سێهەمین خاڵیی لاوازی مێرکل خەڵکی ئەڵمانیای خۆرهەڵات بوو، کە هەتا ئەمڕۆش جۆرە هەستیارییەک لە نێوان هەردوو کەرتی ئەڵمانیادا هەیە.

هەر ئەمەش وایکرد کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2002 دا سەرکردایەتی پارتەکە هیچ باوەڕی بە مێرکل نەبوو کە بیکەنە کاندیدی پارتەکە بۆ راوێژکاری ئەڵمانیا، چونکە دەترسان لەبەرامبەر شرۆدەردا بیدۆڕێنێت، هەربۆیە چوون ئەدمۆن شتۆیبلەیان هێنا کە سەرۆکی پارتی مەسیحی کۆمەڵایەتیی و سەرۆکی ویلایەتی بایەرن بوو، ئەم پارتە ماوەی 50 ساڵە هاوپەیمانی پارتی مەسیحی دیموکراتە و زیاتر بە پارتی هەرێمی «بایەرن» دەناسرێت. هەرچەندە لەو هەڵبژاردنەشدا هەر شرۆدەر بردییەوە، چونکە توانی زۆر بەباشی کێشەی جەنگی داگیرکردنی عیراق بەکاربهێنێت.

بەهەرحاڵ کاتێک مێرکل ساڵی 2005 بەوپەڕی دوودڵییەوە پارتی مەسیحی دیموکرات بەشداریی هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد، بەڵام هێندە شرۆدەر لەلای خەڵکی ناشیرین بوو، لەرقی ئەو دەنگیان بە مێرکل و پارتەکەی دا. ئەمەش خێری پێوە بوو بۆ ئەڵمانیا، چونکە هەلی ئەوەی رەخساندا کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەڵمانیادا ژنێک ببێتە راوێژکار.

مێرکل لە ماوەی حوکمڕانیدا بۆ تەواوی گەلی ئەڵمانیا دەرکەوت، کە ژنێکە توانایەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت گەلی ئەڵمانیا زیاتر بەرەو پێشەوەبەرێت و لە کۆمەڵێک تەنگەژەی گەورەی سیاسی و ئابووریی جیهانی و ناوخۆیی بیپارێزێت. هەرچەندە ئەمیش لە رەخنە و خاڵی لاواز بەدەر نییە.

بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە، هەرچەندە ئەڵمانیا خاوەنی سیستمێکی دیموکراسییە و گەلێکی هۆشیاریشە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کاریزما رۆڵی لە سیاسەت و بیرکردنەوەی خەڵکیدا نییە، ئەوەتا بینیمان هەر لەپاش نەمانی مێرکل لە سیاسەتدا، گەلی ئەڵمانیا ئامادە نەبوو، دووبارە دەنگ بداتەوە بە پارتەکەی مێرکل، ئەم بێ متمانەیییەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، راستە خەڵکی ئەڵمانیا حەزی بە گۆڕینی ڤیگەری سیاسییە، هەروەها لە سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات مەسیحی بێزارن، بەڵام دووبارە نەمانی مێرکل رۆڵی سەرەکی هەبوو لەم بڕیارەی گەلی ئەڵمانیادا.

دەرئەنجام

نەک تەنها لەم رووداوە سیاسییە بەڵکو کاتێک سەیری مێژووی سیاسی خۆرئاوا و خۆرهەڵات دەکەین، دەبینین هێشتا کاریزما رۆڵی بەرچاوی لەناو سیاسەتدا هەیە. راستە کاریزما لایەنی باشی هەیە لە کۆکردنەوەی خەڵکی و کاری دەستەجەمعی و خێراکردنی جووڵانەوەی سیاسی، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، هەمیشە بوونی کاریزما مەترسییەکی گەورە بووە بۆ سەر ژیانی ئازادیی و دیموکراسی، چونکە کاریزما دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کەسایەتی ستەمکار و دیکتاتۆر، هەروەها خەڵکیش بەرەو نەفامیی و جەهلی سیاسی دەبات، کە ئەمەش وڵاتانی جیهان بەرەو جەنگ و شکستی گەورە دەبات، چونکە ئەگەر گەل هەموو دەسەڵات و ئیرادەی خۆی رادەستی کەسێک کرد، ئەوا زۆر ئاسانە خەڵکی بەرەو نەهامەتی بەرێت و حوکمێکی دیکتاتۆری و ستەمکار دروست بێت.

هەربۆیە دەبینین کاتێک سەرکردەیەکی کاریزمی نامێنێت، ئەو جووڵانەوەیە یان حزبە سیاسییە تەنانەت دەوڵەتەکەش، رووبەڕووی کێشەی گەورەی سیاسیی دەبێتەوە و کەس ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە و بەردەوامی بە ژیانی سیاسی بدات. هەربۆیە هیچ کاتێک لەگەڵ بوونی کەسانی کاریزمیدا نیم و لەو باوەڕەدام چەندە سوودی هەیە، دە هێندە زیانی هەیە بۆ ژیانی سیاسی، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتدا.

## پنتاگۆن: جەنگی تەکنەلۆژیامان بەرامبەر بەچین دۆڕاندوە

مەلەفی تایبەت

شارپرێس:

بەرپرسی پێشوی سۆفتوێری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئاشکرایکرد، وڵاتەکەی بەکرداری جەنگی تەکنەلۆژیای بەرامبەر بەچین دۆڕاندوە، دەشڵێت:"لەماوەی 15 بۆ 20 ساڵی داهاتوو بەیەکجاریی توانای ڕکابەریکردنی چینیان لەدەستدەچێت".

بەگوێرەی ڕۆژنامەی "فاینانشاڵ تایمز"ی ئەمریکی، نیکۆلاس چایلان کە ماوەی دوو هەفتەیە پۆستەکەی جێهێشتوە ڕایگەیاندوە، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بەخاوی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژیی لەسوپای ئەمریکا دەستی لەپۆستەکەی کێشاوەتەوە، جەختیشیکردۆتەوە کە نەیتوانیوە بەرامبەر بەو کەمتەرخەمییە بەرگە بگرێت.

ڕۆژنامە ئەمریکییەکە باسی لەوەکردوە، شکستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوەڵامدانەوەی هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانی چین‌و وڵاتانی تر، ئایندەی نەوەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی لەماوەی 15 بۆ 20 ساڵی داهاتوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەیەکجارەکی توانای ڕکابەرییکردنی چینی لەبواری تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرددا نامێنێت.

چایلان کە ماوەی سێ ساڵ لەپنتاگۆن کاریکردوە وتویەتی:"پەککین بەرەو ئەوە دەڕوات هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی لەبواری زیرەکی دەستکردو فیرکردنی میکانیکی‌و توانا ئەلیکترۆنییەکانییەوە".

بەوتەی بەرپرسەکەی پێشووی پنتاگۆن، "بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا لەدروستکردنی فڕۆکەی نەوەی پێنجەم‌و تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح بۆ بەرهەمهێنانی فڕۆکەی وەک F-35 گرنگترە".

لێدوانەکانی چایلان دوای ئەوەدێت، لەمساڵدا لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی کۆنگرێسی ئەمریکا هۆشداریدا لەوەی مەترسیی هەیە لەماوەی دەیەی داهاتودا چین بتوانێت لەبواری تەکنەلۆژیاو زیرەکی دەستکرد پێش ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێتەوە.



و: ئاکۆ ئاڵی

## نەخشەی کوردستان و میرنشینەکان لەساڵی 1835 دا پێنج شەممە، 23/5/2013

پێنوسەکان...

ئەم نەخشەیە، سنووری تەواوی میرنشینەکانی کورد، لەکوردستاندا و لەساڵی 1835 دا دیاری دەکات و لەگەڵیدا، پایتەختی میرنشینەکانیش تێیدا بەڕوونی دیارە و لەسەردەمی عوسمانیەکاندا، بەو شێوەیەی کەهەبووە،

هێڵکاریی بۆ کراوە. نەخشەکە، تاکە سەرچاوەیەك نییە لەو بووارەدا، بەڵام ڕاسترین سەرچاوەی

نەخشەیی مێژووییە کە سنووری کوردستان و میرنشینەکانی نیشانداوە، کە کورد، لەوپەڕی بەربڵاوی و دابەشبووندا، نەیانتوانیوە یەك بگرن. بەڵام ئەوە دەردەخات کە کورد، خاوەنی دەستەڵات و هەرێمی سەربەخۆی خۆی بووە و بەسەر هەردوو ئیمبراتۆریەتی ئێرانی و عوسمانیدا دابەش بوون. لێ ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوێستەلەسەر کردنە، کوردەکان، لەو دەمەشدا، زۆرێك لەناوچە کوردستانی و کوردنشینەکانیان لەژێر دەسەڵاتدا نەبووە.

ناوی میرنشینەکان و پایتەختەکانیان:

میرنشینی بابان: پایتەختەکەی سلێمانییە میرنشینی بازید: پایتەختەکەی بازیدە
میرنشینی بۆختی: پایتەختەکەی جزیرە میرنشینی جەلالی: پایتەختەکەی جەلالییە
میرنشینی دلمەکان: پایتەختەکەی سەلماسە میرنشینی دۆژك: پایتەختەکەی خۆزاتە
میرنشینی ئەردەڵان: پایتەختەکەی سنەیە میرنشینی هەکاری: پایتەختەکەی بێشەبابە
میرنشینی میلان: پایتەختەکەی وێرانشارە میرنشینی سۆران: پایتەختەکەی ڕەواندزە
میرنشینی تەحسێنێ: پایتەختەکەی خالیدی-ڕێزوان




Kurdish Independent Kingdoms and Autonomous Principalities circa 1835

## پێشمەرگە

پێشمەرگە وشەیەکی کوردییە بۆ شەڕکەرە کوردەکان کە هەندێک بە شەڕکەرانی ئازادی ناویان دەبەن. وشەکە بە مانای «ئەوانەی کە مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێک خستووە لە پێناو پاراستنی نیشتیمان» دێت و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە نزیکەیی لەو کاتەوە هەیە کە جوڵانەوەی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا دەستی پێکردووە، ئەمەش دوا بەدوای ڕووخانی هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و قاجاڕ بوو کە ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەستیاندا بوو.

وشەی پێشمەرگە

مێژوووناسی کورد کەریم زەند دەڵێت:لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد لیژنەیەک دانرا بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوێک بۆ هێزی کوردیی، لیژنەکە بریتی لە هەژار موکریانی، هێمن موکریانی، محەممەد تۆفیق وردی و کەریم زەند بوو. ئەم لیژنەیە لە دانیشتنێکی تایبەتدا، گەلێک ناویان تاوتوێ کردووە.لیژنەکە هەر لە مشتومڕدا بوون کە لە ناکاو خزمەتگوزارێک کە لەوێ بووە و بەردەستیی دەکردن و ناوی میرزای ڕەشیدی بوو گوتی: ئاغایان دەبینم ئێوە کاژێرێکی تەواو خەریکن کە ناوێکی شیاو بدۆزنەوە، لە کاتێکدا ئێمە ناوی پێشمەرگەمان هەیە، لەمێژە بەکاربراوە.لیژنەکە ناوەکەیان بە شادومانییەوە وەرگرت و ناوی پێشمەرگەیان پێشکەشی پێشەوای مەزن کرد، ئەویش زۆر لای پەسەند بوو و ناوی پێشمەرگە بە فەرمی ناسرا

ویکیپیدیا



# سوپای عێراق لەشوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان سەربازگە دەکاتەوە



34 کەسایەتیو ڕێکخراوی بواری جینۆساید لەنامەیەکدا کە ئاراستەی حکومەتی عێراقیان کردوە هاتنەدەنگو ناڕەزایی نیشاندەدەن لەبەرامبەر بڕیارێکی سوپای عێراق بۆ دانانەوەی سەربازگە لەسەربازگەی گوندی تۆپزاوای کەرکوك، جەختیشدەکەنەوە، "ئەو شوێنە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی کورد بووە پێویست بوو بکرێتە مۆنۆمێنت".

شاڵاوەکانی ئەنفال لەهەرێمی کوردستان بەهەشت قۆناغی جیاواز ئەنجامدران، وەکو شایەتحاڵانو ڕێکخراوەکانی تایبەت بەبواری جینۆساید باسیدەکەن، سەرجەم ئەو هاوڵاتیانەی هەرێم کە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن، براونەتە سەربازگەی تۆپزاواو لەوێ ژنو پیرو منداڵ لەیەك جودا کراونەتەوەو دواتریش ڕژێمی بەعس ڕەوانەی نوگرەسەلمانی کردون.

بەگوێرەی ڕاگەیەنراوێکی 34 کەسایەتیو ڕێکخراوی بواری جینۆساید، ناڕەزاییان نیشانداوە بۆ دوبارە دانانەوەی سەربازگە لەگوندی تۆپزاوای کەرکوک، لەو ڕووشەوە دەڵێن:"پێویستە هەمومان هەوڵبدەین (سەربازگەی تۆپزاوا) شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان، ئۆشفیتزی ئەنفالکراوان بکرێتە مۆنۆمێنت نەک سەربازگە".

باس لەوەشدەکەن، "ماوەیەکە سوپای عێراق، سەرقاڵی دانانەوەی سەربازگەیە لەگوندی تۆپزاوا لەسنوری پارێزگای کەرکوك، لەهەمان سەربازگەی (تۆپزاوا)ی پێشوو، کە دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد لەپرۆسەی ئەنفالدا تێدا کۆکرایەوەو پاشان لەگۆڕی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵکران".

جەختدەکاتەوە، "سەربازگەی تۆبزاوە، هێمای دڕندەیی ڕژێمی بەعسی فاشیست بوە، هەر شوێنو جێگەیەکی ئەو سەربازگەیە، چیرۆکێکی تراژیدیای ئەنفالو بەڵگەی ئەو تاوانە دڕندەیەیە کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدرا دەگێڕێتەوە".

لەبەشێکی تری نامەکەدا هاتوە، "ئەم هەوڵەی سوپای عێراق، پێشێلکارییەکی زەقی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەدۆسیەی ئەنفالە کە تێیدا بڕیاری قەرەبوکردنەوەی مەعنەوی قوربانیانی دەرکردوەو پاراستنی ئەو سەربازگەیەش لەچوارچێوەی ئەو قەرەبوە مەعنەوییەدا دێت، کە یادەوەرییەکانی تاوانەکەی هەڵگرتووە دەبوایە هەر لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوانی تێدا دروستبکرابایە".

ئەوەش ئاماژەی پێکراوە، "ئەگەرچی لەڕابردودا سەدان جار داوای بەمۆزەخانەکردنی ئەو سەربازگەیە کراوە، وەك مۆزەخانەیەکی قوربانیانی ئەنفال، وەلی مەخابن نە دەسەڵاتی عێراقو نە حکومەتی هەرێم، بەتەنگ ئەم داواکارییەوە نەهاتونە، ئێمە لەڕێکخراوەکانی بواری جینۆسایدو ئەو کەسایەتیانەی لەم بوارە کاردەکەن، وێڕای سەرکۆنەکردنی هەوڵەکانی سوپای عێراق، داوای ڕاگرتنی ئەو هەوڵە دەکەین بۆ دوبارە بەسەربازگەکردنی شوێنی ئەنفالکردنی گەلی کوردستان کە وەک پەڵەیەکی ڕەشی مێژوی دیکتاتۆری بەعسە بۆ لەبیرنەکردنو دوبارەنەبونەوەو پاراستنی شوێنەکە وەک مۆنۆمێنتو بەبیرهێنانەوەی تاوانەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو لە(سەربازگەی تۆپزاوا)".

نیگەرانی خۆیشیان نیشانداوە لەبێدەنگی حکومەتی هەرێم نوسیویانە، "هاوکات بێدەنگی حکومەتی هەرێمو پارتو لایەنە سیاسیە کوردییەکان لەمەڕ ئەو بابەتە سەرکۆنە دەکەینو داوادەکەین شوێنی ئەنفالکراوان بپارێزرێتو گرنگی پێبدرێت بۆ بەزیندویی هێشتنەوەی یادەوەری ئازیزانمان نەك دوبارە بکرێتە سەربازگە کە دەبێتە هۆی کولاندنەوەی برینەکانی قوربانیانو هێمایەکە بۆ بەردەوامبونی ئەنفال".

لەکۆتاییدا جەختدەکەنەوە، "دوبارە دانانەوەی سەربازگە لەتۆپزاوا پێشێلکارییە بەرامبەر بەمافی کەسوکاری قوربانیانو پێشێلکردنی زەقی قەرەبوکردنەوەی مەعنەوییەو بەرپرسیارێتی یاسایيو مێژوییو ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، چونکە کەیسی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بڕیاری جینۆسایدی وەرگرتوە".

ش.هـ

ناوی ڕێکخراوو کەسایەتیەکان:

1- ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید-KWG

2-ڕێکخراوی گەشە پێدانی مافی مرۆڤ

3-عارف قوربانی لێکۆلەر لە بواری ئەنفال

4-ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

5-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك کوردستان

6-ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال

7-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی -koncicc -

8-ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری -ojc

9-ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

10-ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ

11-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك

12-ڕێکخراوی باران بۆ پرسی ئەنفال

13-ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان و جینۆسایدکراوان

14-تۆڕی ئایکان کوردستان - ikn

15-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان -oawmd -

16-هێمن حەسیب چالاکوانی بواری جینۆساید

17-عادیل حاجی محەمەد ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی داکۆکی لە ئەنفالکراوان 18-کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال

19-ڕێکخراوی جیهانێکی بێ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی

20-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

21-کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

22-حیکمەت فایەق عارف چالاکوانی بواری جینۆسایدو چەکی کیمیاوی و کۆکوژ

23-ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی نووسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید

24-دکتۆر فاتیح سەنگاوی نووسەرو توێژەر لەبواری پرسی ئەنفال

25-شوان محەمەد ئەندامی پەرلەمانی عێراق

26-عەدالەت عومەر نووسەرو لێکۆڵەری بواری جینۆساید

27-ئیدریس عەبدوڵا نووسەرو توێژەری بواری ئەنفال

28-عەلی بەندی نووسەرو لێکۆڵەری بواری ئەنفال

29-ڕێکخراوی پارێزەران و راوێژی یاسایی و پرسی مافی مرۆڤ

30- شێخ سدیق نووسەر لە بواری جینۆسایدو ئەنفال

31- ڕێکخراوی کار بۆ ئەنفال

32-دیمەن محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید

33-عەلی مەحمود محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید

34- مەلا شاخی ... نووسەر لە بواری جینۆساید

لە شارپرێس وەرگیراوە

# لە یادی ٣٤ ساڵەی شەهیدانی دوڕیانەکەی سەرچنار .

لەگەڵ نوسینی هەر وشەیەك ، دڵۆپە فرمێسکەکانی چاوم بەر دیدەم لێڵ دەکەن و دەستی لەرزۆکم لەبەردەم گەورەیی و خۆشەویستی ئێوەدا تواناى نوسینیان نامێنێت و هیچ کام ئەندامەکانی جەستەم تواناى ئەوەیان نامێنێت وەکو پێویست کار بکەن ، تاکو بتوانن پێناسەی گەورەیی ئێوەی قارەمان بکەن و خۆشەویستی خۆیان پێشکەش بەم یادە پیرۆزەتان بکەن.

سیوچوار ساڵ (٣٤ ) لەمەوبەر و لەرۆژی 1987/10/24 دڕندەکانی بەعس لە دەروازەی شاری سلێمانیدا کە دەکاتە دوڕیانەکەی سەرچنار پێنج قارەمانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بە بەرچاوی خەڵکەوە گولە بارانکرد کە بریتی بوون لە شەهیدان ( بەرهەم، جەلال، تاریق، کەمال، عەلی )

دڕندەکانی بەعس تەنیا بەشەهیدکردنی ئەو پێنج قارەمانانەوە نەوەستان ، بەڵکو لە نیوەشەوێکی درەنگاندا هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکانیان و ئەوەی بەردەستیان کەوت لەئەندامانی خێزانەکانیان ، دەستگیریانکردن . لەئەنجامدا زۆربەی ئەندامانی خێزانی ئەم پێنج نەمرە کەوتنە بەردەست دڕندەکانی بەعس و بێسەروشوێن کران.


لەو سەردەمەدا لە هەموکاتێك زیاتر ڕژێمی بەعسی تینوو بەخوێنی تێکۆشەرانی کورد و گەلی کورد بوو ، لەدوای شەهیدکردنی ئەو پێنج قارەمانە و دەستگیرکردنی کەسوکارەکانیشیان ، هەڵسان بەڕوخاندنی خانوەکانیان و دەستبەسەردا گرتن و تاڵانکردنی تەواویی ماڵ و کەلوپەلەکانیان و تەنانەت لە کاتی گرتنی ئەندامانی خێزانەکانیشدا بە ئافرەتاکانیان گوتبو : چیتان هەیە ئاڵتون و شتی پێداویستی تایبەتیتان بیهێنن لەگەل خۆتان بۆ ئەوەی لەماڵەوە نەبێت ، دیارە مەبەستیان بوبو تاڵانی کەل و پەلە تایبەتیەکانیشیان بکەن .

لەوکاتەوەی کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەستگیرکران کەس نەیدەزانی چیان لێ بەسەرهاتووە چارەنوسیان نادیار بوو ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کە بەڵگەنامەکانی ئەمنی سلێمانی کەوتە دەست خەڵك و پێشمەرگە ، لەنێو بەڵگەنامەکاندا ئاشکرا بوو کە بەبڕیاریی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید ( عەلی کیمیایی ) خێزانی هەریەك لەشەهیدان ( بەرهەم، جەلال، کەمال ) لەزیندانی ئەمنی عامەی بەغدا شەهید کرابون ، بەپێی کتابەکانی ئەمنی عامە ، ئەم سێ خێزانە تێکۆشەرە بە شیوازێکی لەسەرخۆ ملیان قرتێنرا بوو .
خێزانەکەی ئێمەش کەدوای گولەبارانکردنی بەرهەمی برام دەستگیرکران ، بریتی بون دایکم و مهابادی خوشکم و ئازادی برام ، شەهیدکران و تا ئێستاش بێ گۆڕ و بێ ناونیشانن .

ئێمەی خانەوادەکانی هەموو شەهیدەکان ساڵانێکی زۆر لەچاوەڕوانی هاتنەوەیاندا ئازارمان چەشت ، دواتریش لەزانینی شەهیدکردنیاندا برین و ئازارەکانمان بەسوێتر بوونەوە .

لەم یادە پڕ لە شکۆیەدا بە چاوێی پڕ لە فرمێسکاویەوە بە ڕۆحی نەمری دایکم و ئازاد و مهابادی خونچە نەکراوەی خێر لە خۆنە دیوی خوشکە بچۆلەکەم دەڵێم ، بەقوربانی گۆڕی نادیارتان بم ئێوە سیو چوار ساڵە (٣٤) لەهێلانەی دڵماندا هەڵفڕیون ، جێگەتان، گڵکۆتان و تەنانەت ئازارەکانیشتان نادیارن و نازانین چۆن سەبوریمان بێت .

خۆزگە وەك هەموو ئەو خۆشەویستانەی کاتێك بەرەو دوا مەزارگە ئازیزانیان بەڕێیان دەکەن ،






ئێمەش بۆخۆمان ئێوەی خۆشەویست و ئازیزانمان بەڕێ بکردبایە و تێرتێر بۆنی گەردنی قرتێنراو پرچی ئاڵۆسکاوی بێنازتانمان بکردبایەو بۆ دواجاریش بەدەستی لەرزۆکمان تەرمی پیرۆزتانمان بخستبایەتە سەر شانی شەتەک بومان و ئەوسا دڵمان سوکنایی پیادا دەهات و دوا ماڵئاوایمان لێتان بکرد بایە ، ئەوکات پێدەچوو کەمێك سەبوریمان بهاتایە.

سیو چوار ساڵە ماڵئاوایتان لێکردوین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەتانین ، هەرگیز بڕوا ناکەین هیچ پەتێك هیچ جەلادێك دەستی چوبێتە گەردنی پیرۆزتان و کۆتایی بەژیانتان هێنابێت .

دایەگیان ، لەگەڵ هەموو قاقایەکی پێکەنینیشماندا ، لەنێو گەروماندا تۆپەڵ تۆپەڵ فرمێسکی غەم تێکەڵ بەخۆشیەکانمان دەبێت .

خۆزگە ئێستا لەدرزێکەوە دەتبینیم ، کەچۆن جەستەم دەلەرزێت و چۆن چاوەکانم فرمێسکیان لێدەبارێ ، هەرچەندە بیر دەکەمەوە ، ئەوەی بۆتانی دەنوسم دڵنیام شایستەی گەورەیی و خۆشەویستی ئێوەی ئازیز خێر لە خۆ نەدیو نیە تاوەکو ناخی سوتاومانی پێ دابمرکێنینەوە .

دایە گیان ئازاد گیان مهابادە خوشکە پچکۆلانەکەم بڕوا بکەن دوای دڵنیابونیشمان لەوەی ئەوتاوانبارانە ، ئەو دڕندانە ئەو خوێنمژانە کە دەستیان چوەتە گیانی پاك و بێگەرتان ، ئێمە هەروا دەزانین سەفەرێکی دوورتان کردوەو چاوەڕوانین بگەرێنەوە بۆناومان ، زۆرجاریش زۆر لەخۆمان دەکەین کە سوێند بەگڵکۆتان بخۆێن .


بۆیە هەتا ئەو ڕۆژەی ئێمەش چاو لێك دەنێین ، چاوەڕوانی ئەوەین ئێوەش بگەرێنەوە ناومان و جەستەی ماندومان لە نێوباوەشی گەرمتاندا بحەسێتەوە .

**ئارام قزلەری**
**٢٠٢١-١٠-٢٣**
**ستۆکهۆڵم**

# نوری کەریم: سەرانی کورد، دۆستی شێخ و شۆڕشەکەی بون؟

ماموستا عەلائەدین سەججادی لە لاپەڕە751ی شاکارەکەی رشتەی مرواریدا لەمەڕ دووا رۆژەکانی ژیانی مەلیکی کوردستانی باشوور، نهێنییەک دەدرکێنێت من بەشبەحاڵی خۆم لەهیچ سەرچاوەیکی خۆماڵی یا بێگانەدا نەمدیوە (ساڵی 1956 رۆژی 10 / 8 ی ئەو ساڵە بوو، من لە مزگەوتە شڕەکەم بووم لە بەغدا، دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، دەورەی مزگەوتەکە پڕبوو لە خەڵک، ئەوەندەم زانی شێخ مەحموودی حەفید بە پێ پیلکەکانا سەرکەوت و سەری کرد بە ژوورەکەی منا. ئەو شێخ مەحموودە کە وەختی خۆی ئەت وت شێرە، لاواز و باریک ببوو، هەر ئەو نەخۆشییەی بوو کە لەو ساڵەدا بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد. هەر من و ئەو بووین لەژوورەکەدا، حەوشەو دەوری مزگەوت پڕببوو لە خەڵک، چونکە شێخ مەحموود هاتۆتە ئەوێ و ئەیانەوی چاویان پێ بکەوێ. ورده ورده دەستی کرد بە قسەکردن و بە دەردەدڵ کردن، فرمێسک بەسەرگۆناکانیا هاتە خوارەوەو وتی: زابتەکان و زۆرتر لەوانەی کە لەگەڵمابوون هەموویان خیانەتیان لەگەڵ کردم، فرمێسکیش بەسەر گۆنایا هەر دێتەخوارەوە، لەگەرمەی ئەو قسەکردنەیا، ئەوەندەم زانی لەگەڵ ئەو بی هێزیەشیا هەستاو ناوچەوانی ماچ کردم و وتی: رۆڵە هومێدم بەکەس نەماوە بە تۆ نەبێ. وتم: یا شێخ! ئەوە چی ئەفەرمووی؟ من چیم، چ کەسم، چ پشت و عەشرەتێکم هەیە؟ وتی: رۆڵە تۆ قەڵەمت بەدەستەوەیە، قەڵەم لەشیر بە بڕشت ترە، ئەمەی وت و هەستا، وتم: یاشێخ! وەختی نوێژ هاتووە، نوێژ ناکەی لێرە؟ وتی:بەرێ وەڵڵا. ئیتر چووینە خوارەوە نوێژمان کرد و ئەو رۆیشت. بەڵام لەبەر زۆری خەڵک کەبۆ چاوپێکەوتنی شێخ مەحموو هاتبوون، زۆر بەزەحمەت دەربازبوو).

ماموستا سەججادی لە لاپەڕە 765 یشدا لەزمان (جەمال عارف!)ەوە رووداوێکی ناوازەو سەرسورهێنەر دەگێڕێتەوە: (جەمال عارف بۆی گێرامەوەو وتی: ساڵی 1932 لە سولەیمانی بەناوی مەولوودییەوە کۆبوونەوەیەک لەمزگەوتی گەورەدا کراو هەندی قسە و باسی نهێنی لەگەڵ چەند کەسێکا کرا. شێخ مەحموود کاغەزێکی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هەندێ لەسەرۆک عەشرەتەکانی وڵاتی بادینان نووسی کە ئەوان لەو وڵاتەو شێخیش لەوڵاتی ئەم لا، قۆڵ بکەن بەقۆڵی یەکاو بەهەموویانەوە بچن بەگژ حوکومەتی ئەو وەختەدا (رژێمی پاشایەتی عێراق . ن . ک .) بۆ وەرگرتنی حەقی کورد. وتی: ئەم کاغەزە درا بەمن کە بچم بیگەیەنم و وەڵام بێنمەوە. وتی: رۆیشتم بەبێ دەنگی و چاوم بە گەلێ لەو رەئیس عەشرەتانە کەوت و کاغەزم دانێ. ماجد مستەفا ئەو وەختە قائمقام بوو لە ئامێدی، بەناوی هاوڵاتی و زابتی و دۆستایەتییەوە بووم بە میوانی ئەو. پێی وتم جەمال چۆن هاتووی بۆ ئەم وڵاتە؟ وتم بۆ گەڕان و بۆ دیدەنی تۆ. یەک دوو رۆژی تری پێچوو دیسان لێی پرسیمەوە... منیش هەر بەوجۆرە وەڵامم دایەوەو مانەوەشم ئەوە چەند رۆژە لەوێ بۆ ئەوە بوو کەرەئیس عەشرەتەکان هەموو پێیان وتم ئێمە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەداین، پاش چەند رۆژێک وەرەو جوابی کاغەزەکەشت ئەدەینەوە، بیبەوە بۆ شێخ مەحموود. وتی ئەوەندەم زانی ماجد دەستی برد یەکە یەکە ئەو کاغەزانەی کە من هێنابووم بۆ سەرۆکی عەشرەتەکان و زۆر بە نهێنیش ئیشەکەم گرتبوو، دەریهێناو خستییە بەردەستم، هەروا لە شوێنەکەی خۆم وشک بووم. بەشوێن ئەوەدا دەستی برد کاغەزێکی تری دەرهێنا کە لە لایەن" موتەسرفی " موسڵەوە نێرراوەتە سەر ئەو، کە بمگرێ و بەباڵبەستی بمنێری بۆ موسڵ و لەوێوە بمنێرن بۆ بەغدا. کە ئەمەم دی هەر بەجارێ وشک بووم، لەترسی گرتنەکە نەبوو، لەوە بوو کە من ئەم ئیشەم زۆر بە نهێنی گرتووە، کەچی بەمجۆرە بڵاوبۆتەوە. ماجد پێی وتم: جەمال ئەگەر تۆ راست ئەکەی وەرە ئەوا ئێستە من پیاوی حوکومەتم. لەم دەقیقەیە زیاتر نییە تفەنگ ئەکەمە شانم، ئەوا ئارارات دیارە پێکەوە ئەچین و ئەدەینە شاخ، چیمان پێ بکرێ ئەیکەین، خەڵکی تریش لەوێ هەیە لەگەڵ ئەوان دەست ئەکەین بە ئیش کردن. تۆ هاتوویت بۆ لای ئەمانە؟



ئەمانە هەموو درۆ ئەکەن، لەژێرەوە لەگەڵ حوکومەتن. یەکەیەکە ئەو کاغەزە نهێنییانە کەتۆ هێناوتە، هەموویان هێناوە بۆ من، بەوەشەوە نەوەستان خەبەری ئەم هاتنەتیان گەیاندۆتە موتەسرفی موسڵ، ئەویش بەفەرمانێکی رەسمی کردوویەتە سەر من کە بتگرم و بەباڵبەستەیی بتنێرم. ئەمەیە حاڵی ئەم سەرۆکانە. بەبێ چرپە بەو شوێنەدا کە هاتوویت، هەر بەو شوێنەدا بگەڕێوەو خەبەرەکە بەرەوە بۆ شێخ. منیش ناتگرم ئەگەرسەریشم تێدا چووە. هەندێ پارەی دامێ، خۆی لەگەڵم هات تا قەراخی شارەکە بەبێ ئەوە پۆلیس بزانێ رەوانەی کردم، خستمیە سەر لارێگەیەک و وتی لێرەوە برۆ. تا لەسنووری ئامێدی دەرچووم هەر بە لارێگاو بەترسەوە ئەهاتم. بەوجۆرە گەیشتمەوە وڵاتی سلێمانی و چوومە وە بۆلای شێخ و کارەساتەکەم تێگەیاند).

**ڕۆژنامەی وتاری کورد**

# چارەنووسی باپیرانمان لە( سەفەر بەلەك)
# بۆ نادیارە تاوەکو ئێستا ؟

سەفەر بەلەك
لەسلێمانی و کوردستان و عێراقدا
ڕوداو مەرگەساتی باپیرانمان پێش (١٠٦) ساڵ بەنادیاری بۆ ماوەتەوە تاوەکو ئێستا
بۆ کەس نهێنی ئەم ڕوداوەی ئاشکرا نەکردووە

ناوەکەی بە تورکی ( سفر برلك وار سلاح باش لە أولانلر)
بەزمانی عەرەبی ( نفير عام)
بەزمانی کوردی ( ڕەش بگیر)
نووسینی ; ئامانجی ماموستا عمر


مێژووی فەرمانەکەو ڕاگەیاندنی ;
ئەم فەرمانە لەڕۆژی ٣/٨/١٩١٤ لەلایەن سوڵتانی عوسمانی ( محمد ڕەشاد ) دەرچوو بەپێی سەرچاوەکان تاوەکو موالیدی ( ١٨٦٩) پەیوەست بووە کەلەساڵی ١٩١٤ تەمەنی (٤٥) ساڵ بووە
وەفەرمانەکەش هەموو نێرینەیەکی گرتۆتەوە لەو تەمەنانە کەلە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی بوون بێ جیاوازی لەموسڵمان و مەسیحی و جولەکەو تورکمان. و ئاشوری و ئاینەکانی تر
بەڵام لێبوردەیەك هەبووە بۆ ئاینەکانی تر بێجگە لە موسڵمان ئەوانەی کەتەمەنیان لە نێوان (١٥-٤٥ ) ساڵ بووە لە ئاینی ئیسلام نەبوون دەتوانن بەشدار نەبن بەمەرجێك کە (٣٠) لیرەی ئاڵتوون بدەن بەدەوڵەتی عوسمانی
ڕاگەیاندنی (سەفەر بەلەك)
دوکتۆر (علی وەردی دەڵێت ) بەرەبەیانی ڕۆژی ٣/٨/١٩١٤ تەپڵ لێدەرەکانی سوپای عوسمانی بەدەنگی بەرز تەپڵەکانیان لەشاری بەغداد لێ ئەدا جیاواز لەجارەکانی تر خەڵکیان بەخەبەر هێناو ئاگاداریان کردن لەسەر دیواری (قشڵە ) و ( سەرا ) قاوەخانەو شوێنە گشتیەکان نوسراویان هەڵدەواسی وەلێ نوسرابوو
( سفر برلك وار عسكر اولانر سلاح باشنە )
وێنەیەکیش لەنوسراوەکە هەبوو کە دوو تفەنگ بوو یەکتریان بڕی بوو لەشێوەی (X) وەلە ژێری ئەم نوسراوە بوو
وەدەڵێت دوای (٣) مانگ تورکیا چووە جەنگ دژی (ڕووس)
بەڵام لەیادەوەرییەکانی نوسەر ( محمد رؤوف السعودي البغدادى )
چارەنووسی ئەو کورد و عەرەب وخەڵکانی تر لە مەسیحی و جولەکە دیاری کردووە
سەرەتا دەڵێت ;
لەساڵی ١٩١٤ جەنگی جیهانی دەستی پێکرد (دەوڵەتی عوسمانی ) هاوپەیمانی ( ئەڵمانیا ) بوو ،وە ئەو جەنگاوەرانەی لەناوچەکانی (عێراق) کۆکرابونەوە ژمارەیان (٢٠٠٠٠) بیست هەزار بوو لە بڕیاری سەفەر بەلەك (نفیر عام) وە نێردران بۆ ( باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ) لای بەرزاییەکانی شاخی (قەفقاس) دژی سوپاسی (ڕووس) شەڕیان دەکرد نزیك لەناوچە کوردیەکان بەڵام بەفرێکی زۆر باری وەکەش و هەوا زۆر سارد بوو بەفر زۆربەی چادرگەکانی سەربازگەی تورکی داپۆشی وە زۆربەی خەڵکی ئێمە لەو سەربازگەیە بوون بەشێکیان لەسەرماو نەخۆشی و برسێتی (ڕەق ) بونەوە و مردن
وەهەندێکیان هەڵهاتن کەدەکەوتنە دەست سوپای ڕووس دەستگیر دەکران و چارەنووسیان نەزانرا وە بەدەگمەن ئەو هەڵهاتووانە ڕزگاریان دەبوو .
دوای ئەو بەفرە زۆرەو ئەو سەرمایە هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی جوڵاو بەرەو (دەریاچەی وان ) بەڵام دەریاچەکە یەك پارچە (سەهۆڵ ) بوو !





بەڵام ئەفسەری عوسمانی بڕیاری دا کە سوپاکە بەسەر سەهۆڵی سەر دەریاچەی (وان) بپەڕنەوە وە سوپاکە پێك هاتبوو لە سەرباز و ئەسپ و چەکە کانیان وەسوپا جوڵا کەزۆربەی عێراقی بوون بەڵام لەناوەڕاستی دەریاچەکە سەهۆڵە کە شکا بەرگەی ئەو هەموو کێشەی نەگرت کەلەسەری بوو زۆربەی زۆری لەناو ئاوی بەستووی وان (خنکان) وەبەرگەی ئەو ئاوە ساردەیان نەگرت خۆیان ڕزگار بکەن کەئەو دەریاچەیە بووە (گۆڕستانی ) عێراقی و تورکەکان وەبەشێکی کەم کەلەدواوە ڕۆشتوون ڕزگاریان بووە
وەبەپێی بۆچونی ئەم نوسەرە لەو (٢٠٠٠٠) هەزار عێراقیە لەکورد و عەرەب و مەسیحی و جولەکە ڕزگار بووان ژمارەیان لە نێوان (١٠٠) بۆ (٢٠٠) کەس زیاتر نابێت
بۆیە لای هەموو نەتەوەکانی عێراق کارەساتی (سەفەر بەلەك) بەڕۆژی تاریك و ڕەشی سەردەمی خۆی و ئێستاش ناودەبرێت کەلەهەموو گەڕەك و ماڵێکی عێراق و کوردستان تەعزێ بووە هەمیشە لە چاوەڕوانی براو باوکیان بوون بەڵام لەدوری وڵات بەم جۆرە مردوون
سەفەر بەلەك هەر لەعێراق نەبووە بگرە زۆربەی وڵاتانی ژێر دەستی عوسمانی گرتۆتەوە لەزۆر وڵات زۆر خراپتر بووە کاربەدەستانی عوسمانی لەوانە وڵاتی لوبنان و سعودیە کەتاوەکو ئێستا سەدان کتێب و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر دەکەن ،بەڵام بەداخەوە لەکوردستان تاوەکو ئێستا باسی ئەم مەرگەساتە نەکراوە کەس گرنگی بەمێژوو چارەنووسی باپیر و باپیرە گەورەمان نەداوە
تەنانەت لەوڵاتێکی وەك (لوبنان ) هێندە کارەساتەکە گەورەیە هونەرمەندی گەورە (فەیروز ) لە فلیمی ( سفر برلك) خۆی ڕۆڵ دەبینی باسی برسێتی و چەوسانەوەی ئەو سەردەمە و باسی ئافرەتی لوبنانی دەکات لە پێناو ژەمێك خواردن بۆ منداڵەکانی دەبێت بە سۆزانی و مێردەکانیشیان لە سەفەر بەلەکن
ئەم باسە دەکرێت زیاتر گرنگی پێی بدەین
لەکۆتاییدا ڕۆحی باپیرانمان و عێراقیەکان لەهەرنەتەوەیەکی تری عێراقی شاد بێت وەمەنزەڵیان لە دەریاچەی (وان ) شاخی قەفقاس هەمیشە ڕوناك بێت
نووسینی ئامانجی ماموستا عمر
سلێمانی ٢٦/١٢/٢٠٢٠
سەرچاوە ; د.علی وردی
محمد رووف السعودی البغدادی
تێبینی ; مافی بڵاوکردنەوە بەڕێگای شەیر دەبێت
هەندێك سەرچاوە ئاماژە بە ساڵی ١٩١٣ دەدەن کەبڕیاری سەفەر بەلەك لە عێراق دەرچوو بێت بەڵام دوکتۆر علی وەردی دەڵێت ١٩١٤ بووە
ڤیدیۆیەك هەیە لەسەر ڕۆژگارەکانی سەفەر بەلەك بەزمانی عەرەبی کراوە بە فلیم و ڕاپۆرتی وێنەیی کێ ویستی بۆی دەنێرم
نوسینی ئامانج ماموستا عوسمان

# شێرکۆ بێکەس (1940 - 2013)

وەختێ ڕووبارێک بەند ئەکرێ
ڕووبارەکانی تر لە جووڵە و ڕۆیشتن ناکەون و
سەرچاوە هەر هاژەیەتی
کە لووتکەی شاخێک ئەگیرێت
سەد لووتکەی تر سەر هەڵەبڕن
درەختێکمان پێوەند ئەکەن
لە گشت لاوە
دارستان و بێشەڵانمان ڕائەپەڕن
کە هەڵۆیەک زنجیر ئەکەن
سەدان هەڵۆمان باڵ ئەگرن
ئەوان ئۆجەلانـیان فڕاند
بەڵام هەرگیز بەربەرییەکان بۆیان ناکرێ
لەناو گیانی ملیۆناندا، خۆشەویستی ئۆجەلان و
عەشقی خاک و کوردایەتی و تیشکی ئازادی بفڕێنن
چۆن ئەتوانن شاخ بفڕێنن
مانگی شەهیدان بفڕێنن
شار بفڕێنن
خۆر بفڕێنن
سروودەکانمان بفڕێنن
چۆن ئەتوانن سلەیمانی و دیاربەکر بەنج بکەن و
چۆن ئەتوانن ئاگری نەورۆز پێوەند کەن و
بە چی چاوی ڕەشەبامان ئەبەستنەوە
چۆن زریان و شەپۆلەکان کۆت ئەکەن و
چۆن ئەتوانن زەریاچەی وان بگوێزنەوە
بە چی کەلەپچەی باوەڕ و هەقمان ئەکەن
لەگەڵتانم
لەم شەوەدا و لەناوتاندا ئەنگوستی شیعرم هەڵ ئەکەم
ئەگەر هیچیشم پێ نەکرێ، خۆ من خەونی پەپوولەیەک
لەبەر شەوقی پەنجەکانما ئەهێنمە دی



YADNAMEیادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703

YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.30,November 2021

## خۆپیشاندان و ماف


یادنامە

لە ئێستادا حکومڕانی کوردی لەبەردەم نەوەیەک و دیدێکی تر و دنیایەکی تردایە ، نەوەی پێنجەم ئەو نەوەیەن کە جیاواز لە نەوەکانی تر ناتوانرێ هیچ شتێکیان لێ بشاردرێتەوە ، بە هۆی هۆیەکانی گەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کرانەوەی جیهانیەوە ئاگاداری هەمو شتێکن ، کاتێک نەوەیەک دەخەیتە بەردەم دنیایەک کە پڕە لە نابەرابەری و پڕە لە جیاوازی گەورە ئیتر ئەم نەوەیە خۆی بۆ خۆی رابەرایەتی بەرهەم دێنێ و بە گڕ دنیاکەی دوێنێدا دەچێتەوە ، کاتێک دەستەڵاتی کوردی ناتوانێ دادگەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکا ، کاتێک شۆڕشێک بەرهەمی تەنها بۆ شۆڕشگێرەکان و چواردەوری دەبێت ، ئەوا دەبێتە هۆی تەقینەوەی ئەم نەوەیە و هەمو سنورەکان دەبەزێنن ، خەتی سور و پیرۆزێ لەلایان هیچ مانایەکی نامێنێ .
دەستەڵاتی کوردی دەبێ تێبگا چی تر بەم مۆدێلە پڕ گەندەڵی و پشتبەستن بە وڵاتانی دەرەکی ناتوانێ تەمەنیان درێژ بکاتەوە ، ئەم نامانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر چاکسازی نەکرێ و ڕێگای گۆڕانکاری بەرە و دامەزراوەیی بون نەگرنە بەر ئەوا ئەوەشی هەیە تێک دەچێ و زۆر لەوەی هەیە خراپتر ڕو دەدا ، هەمو ئەم نەوەیە قاچاخچێتی سەر مەرزەکان و عقوداتی نەوتی و کۆمپانیا و زەوی داگیرکردن و دنیایەک شتی تر دەزانێ ، بە ماف و هەقی خۆی دەزانێ لە ڕێی خۆپیشاندانەوە داوای مافەکانی بکات ، خۆ ئەگەر لەمە زیاتر درێژە بکێشێ و وەڵامی کرداری نەبێت دور نیە بەرە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بچێت و خوێن و چەکی تێبکەوێ.




## مزگەوتی گەورەی سلێمانی


یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینی تیا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابان لەوێیە. یەکەم منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا دروستکراوە لەسەر بڕیاری سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی،




تابلۆی داگیرکاری مەنگۆلەکان ... ل٣
مێژوی ڕاپەڕینی خوێندکاران لێرەو لەوێ ... ل٤
دوو پەرەگراف دەربارەی نیشتیمان ... ل٥
پشکۆ ئەمین ... ل٦
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل٨
بێ سەرو شوێن کردنی دڵشاد مەریوانی ... ل١٠
بیرەوەری: هەنگاوێك لەپێناو نیشتیمان ... ل١١
لە کوێ سەی علی ئەسغەر شێخ محمودی بینی ... ل١٣
شێخ مەحموودی حەفید ...ل١٥
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٨
بۆیەکەم جار ئوتومبێل چۆن هاتە سلێمانی ... ل٢١
ڕەچەڵەک و ڕەوشتی توورک بناسە ... ل٢٦






ئێرە سلێمانی دڵە ، کات دەمە و بارانی گیانە
لەگەڵ خەمێک پیاسە ئەکەم،
ئەو باسی خۆیم بۆ ئەکات چۆن لە ئەیلولی حوزنەوە
بوو بەو خەمەی ماڵ بە ماڵی دەرگەزێن و
باخ بە باخی پیرەمەسوور و
بەرد بە بەردی دیوارەکانی مەڵکەندی و
چرا بە چرای شەوانی سەرشەقام و
ڕۆح بە ڕۆحی توی مەلیکی کەڵەگەت و
دڵ بە دڵی ماڵە شینەکانی سەرچیمەنی گیان ئەگەڕێت ..
منیش خۆم ئەخەمە ڕستەیەکی شەرمنەوە ،
من پێی ئەڵێم ؛
ڕۆژانێک کە تەمەنم ئەبێتە پەنجا
ئیتر پەنجەرەی شیعر دائەخەم ،
هەر لە خۆمەوە وەسێت ئەکەم
ئەگەر مردم
لە " مهاباد " لە ئاوی بن "ئەشکەوتی سەهۆڵان"
بمنێژن
لە خۆمەوە وەک منداڵێکی عەجول
بە سەر قەڵاندۆشکانی گوناهەوە
دەست ئەخەمە هێلانەی پەڕەسێلکەکانەوە
هێلکە بچوکەکانیان ئەکێشم بە بەردی عەدەمدا
بە دەست خۆم نابێت لە خوار مزگەوتی "شێخەلی "
توشم ئەبێ بە توشی شیعرێکی تازەی
" شێخ ئەنوەر " و
شیعرەکە خۆیم بۆ ئەخوێنێتەوە و
باس لە دڵڕەقیی دیوارێک ئەکات
لە خستنە خوارەوەی چرایەکدا ..!
بەدەست خۆم نابێت
لە داروغا لافیتەیەکی ڕەش لە خۆمەوە ئەپێچم
لەسەری ئەنوسم ؛
دڵگرانین بە کۆچی ناوادەی ئاوێک
کە بەناوی خوازراوی " م . باران " ەوە
هەموو جارێ بێرەدا بەلای زەردەپەڕدا ئاوا ئەبوو ..
بەدست خۆم نابێت ، زەمانە کارێک ئەکات
بگەڕێمەوە لای ئەو ماڵە کۆنەی
بە منداڵیی نیشتمانم تێدا جێهێشت
ئەو نیشتمانەی پڕ بوو لە جانەوەر و دەعبا
کەچی من هێشتان گوڵی گریانم بۆ ئەگرت
لەبەرچاوم نەئەکەوت
ئەو هەموو کراسی عەزابەم بۆ ئەو دڕی
ئەو هەموو جۆگەی کتێب و
کانیی ئەو هەموو دەستنوسە گرانبەهایانەم
بۆ چاوە کاڵەکانی ئەو هەڵبەست !
من دوور بووم و ئەو نزیک
من قەسیدەیەکی درەنگ و
ئەو منداڵێکی بەیانیی
دارە دارەی بە شیعرێکی خوداوەند ئەکرد ..
ئەو ئێوارەی هەموو زامێک ئەهاتە لای دڵی من و
لە بەستەیەکی وەک ئەوەی ئاگرێکی بێمەیل ئەیلێ و
هەورێکی ناشاد بە خۆی و بارانەوە بۆی ئەبنە کۆرس
بە دەم ئەو سۆزە تەڕەوە سەری منی ئەدایەوە
دەست پایزە شەرمنەکەی باخی گشتی

**جەمال غەمبار**

# تابلۆی داگیرکاری مەنگۆڵەکان لەهەولێر بەرامبەر قەڵای هەولێر لەسەدەی پازدەمی زایین




## مێژوو دەستکاری

مێژووی قەلای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشووریکان و هەزاران ساڵ پێش زایین، ئەم قەڵایە لەلایەن جوولەکەکان و ئاشووریکان بنیات نراوە تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، ڕووبەرەکەی (١٠٢ هەزارو ١٩٠) م٢ ـیە و لە ناوەڕاستی شاری هەولێر هەوڵکەوتووە، ٤١٥م لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی ٢٦م و ٢٥سم لە ئاستی ڕووی شاری هەولێر بەرزترە کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠م. هەندێک بیروڕا هەیە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمپراتۆڕی ڕۆمانیا (کراکلا) لە کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن بە هەولێردا ڕۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆڕستانی پاشا فۆرسییەکان بووە ڕووخاندوویەتی و ئێسکوپروسکی مردووەکانی دەرهێناوە. ئەم قەڵایە دێرینە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ڕێکخراوەی یوونێسکۆوە بە یەکێک لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهان دەستنیشانکراوە کە پێویستە وەک کەلتوورێکی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوەبکرێت.[٢]

زۆر بیر و بۆچوون سەبارەت بەم گردۆلکەیە هەیە کە ناوەڕاستی دەشتایەکی پانوبەرین دەگرێت، هەندێک ئەم گردە بە دەستکرد و تورەگە ڕێژ دەزانن کەلەلایەن ئاشورییەکانەوە بە زۆرەملێ بە دیلەکانی جەنگ دروستکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دووژمنەکان.[٣]




کە چی زانای ئەمریکی (ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تا ئێستا خەڵکیان تێدا دەژی کەچی خۆی لەسەر گوندو شاری کۆن درو ستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، ئەوەی لەسەر تەپۆلکەی ئەم گردە دێرینە بڕوات شوێنەواری چەندین شارستانی کۆن دەبینێت کە بریتیە لە گردێک کە حەفت شارستانی لە خۆوە دەگرێت، سەرەتای دروستبوونی سۆمەری بووە و دواتر چاخەکانی (بابلی، فارسی، یۆنانی، پارسی، ساسانی، ئیسلامی) بینوە، واتا شارەکە ماوە بەڵام خەڵکەکەی دانیشتوی گۆڕاون واتا ئەمشوێنە لە ئاکامی چەندین شارستانیەتی پێش خۆیەتی و هەر جارێک بەهۆی هەر کارەساتێک تێکچووە، دواتر خەڵکەکەی لەسەر شارستانیەتە کۆنەکەی یەکێکی نوێیان دروستکردووە.[٤]
بەڵام قەڵای هەولێر تەنیا گردۆلکە نییە لە دەشتی هەولێر و بەدەیەها گردۆلکەی هاوشێووە لەم دەشتە پان و بەرینە سەر دەردەخەن و باشترین بەڵگەش گردی (قالینج ئاغا) یە کە چەند کیلۆمەترێک لە قەڵا دوورەو نزیکەی ٧ مەتر لە شەقامی بەردەمی بەرزترە و بەپێی ئەو پشکنینەی لە ساڵی ١٩٦٥ بۆی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەم گردۆلکەیە لە هەزارەکانی(٥٠٠٠-٤٠٠٠)پ. ز، ئاوەدان بووە (لە چاخی حەلەف عوبید و وەرکا) و لە هەزارەی سێیەم ژیانی لەسەر بڕاوتەوە. هەروەها لەکاتی پشکنین بینرا لە ٧ چین پێک دێت (هەر چینێک گوزارشت لە شارستانیەتیێک دەکات و بەدەیەها کەلوپەل و پارچەی گڵێنەو پەیکەری گیانلەبەر و سەرکەتەشی گڵێنە و جل و بەرگی جۆراو تێدا دۆزراوەتەوە کە هەمووی گەواهی ئەوەیە ئەم گردۆلکانە هەبوونە، بەڵام مرۆڤ زۆر ژیرانە بەکاری هێناون و توانیوویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.[٥]



تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە، بەڵام لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ پ. ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری (شۆلکی) بە ناوی (ئوربیلیم- urbilum) هاتووە.[٦]
بەڵام بەر لەوە و چاخی ئەکەدی(٣٣٥٠-٢١٥٠) پ. ز و لەسەردەمی یەکەم پاشایان (سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکوور بۆ تەمێی کردنی گوتییەکان فراوانکردنی ئیپمراتۆریەتەکەی بە هەولێردا ڕۆیشتووەو باس لە هەولێر کراوە.[٧]

ئیتر لەم مێژووەوە بە دواوەو لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە کە دەڵێین هەولێر واتا (قەڵا) چونکە تا ساڵی ١١٩٠ ز کاتی سوڵتان موزەفەرەدین دەبێتە فەرمانڕەوایی هەولێر و لەماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایەتی هەولێر زۆر دەگەشێتەوەو لەم ماوەیەدا بەشی خوارووی هەولێر (دەرەوەی قەڵا) دروست دەبێت (بەپێی نەخشەیەکی ساڵی ١٢٣٣ز (واتا دوایی ساڵێک لە کۆچی دوایی سوڵتان) لە خوارووی قەڵا دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت و بازاڕی قەیسەری و بەشێکی گەڕەکی خانەقا هەبوو و ئەم هەمووەش بە شوورەیەکی درێژ دەورە دراوە کە سێ دەرگای هەبووە، ئەوکات رووبەری ٣ کیلۆمەتر دووجا بووە و زۆربەی گەشەسەندنەکەی بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژاوا بووە، و ئەم سێ دەرگایەش بەو ئاراستەیە بوونە.

**لە ویکیپیدیا وەرگیراوە**



# مێژوی ڕاپەڕینی خوێندکاران لێرەو لەوێ!

## سەلاح ڕەشید

ڕاپەڕینی خوێندکاران‌و لاوان لەقۆناغو کات‌و شوێنی جیاوازدا لەمسالانەدا، چەندەهاجار دوپاتبونەتەوە، ڕاپەڕینی ساڵی شەستەکان لەپێناوی یەکسانی مافی هاوڵاتیبون‌و دژ بەچەوسانەوەی ڕەشپێستەکان‌و دژ بەسیاسەتی ڕەگەزپەرستی لەئەمەریکاو ئەوجا دژ بەشەڕی ئەمەریکا لەڤێتنام. لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەم ڕاپەڕین‌و خۆپیشاندانانە زۆر وڵاتانی تری گرتەوە، لەوانە لەسەرەتای 1960وە لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لەمایسی 1968 لەفەرەنساو ئینجا بۆ هۆڵەندا، ئینگلتەرا، یابان، ئیتاڵیاو مەکسیک‌و پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای جاران‌و پۆڵۆنیا.

ئەم ڕاپەڕینانە تەنها خۆی لەداخوازی خوێندکاریدا نەدەبینیەوە، بەڵکو ناوەڕۆکێکی سیاسیشی هەبوو کە دژ بەشەڕی ڤێتنام‌و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی‌و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ‌و یەکسانی ژن‌و پیاو بوو.

دینەمۆی ئەم ڕاپەڕینانە خوێندکاران‌و لاوان بون، زۆربەیان لەزانکۆکانەوە سەریهەڵدا کە جگە لەداخوازیە سیاسیەکان، داوای گۆڕینی ڕیشەیی لەسیستەمی زانکۆو خوێندن‌و شێوەی خوێندن‌و دابینکردنی زەمینەی لەباری خوێندن بوو بۆ هەموان.

ئەم خۆپیشاندانانە، هاندەرێک بون بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کرێکاران لەفەرەنسا، هوڵنداو ئیتاڵیاش، هەروەها ڕوداوە سیاسی‌و ئابوریە گرنگەکانی ئەوکاتانە لەجیهاندا، کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گەشەکردن‌و بەرەوپێشچونی بزوتنەوەی خوێندکاران‌و هێنانی خوێنی تازەو گەرم بەلەشی بزوتنەوەکەدا، لەوانە شۆڕشی کوبای کانونی دوهەمی 1959و شەڕی دژواری ڤێتنام (1955 ـ 1975)و دروستکردنی دیواری بەرلین لە1961و کوشتنی بینۆ ئۆنەزۆر کە لە2ی حوزەیرانی 1967 لەئەنجامی خۆپیشاندان لەبەرلینی ڕۆژئاوا دژ بەهاتنی شای ئێران بۆ ئەوشارە، ئەم ڕوداوانەو ڕوداوی هاوشێوەی تر، هەموی وەک بەنزین وابون بەسەر ئاگردا بکرێ‌و ئەو خۆپیشاندانانە لەزۆربەی زانکۆکانی ئەوروپاو بەتایبەتی لەفەرەنسا (پاریس)و ئەڵمانیا (بەرلین) هەنگاو بەهەنگاو گەورەو گەشەدەکردو دەسەڵاتداران ناچاربون کە مل بۆ زۆر لەداخوازیەکانیان شلبکەن.

ئەو ڕاپەڕینانەی کە لەئەوروپا لەدوای خۆپیشاندانەکان ڕویاندا کە بەشۆڕشی ئیکۆلۆگی ناوبرا، داوای پەکخستنی وزەی ئەتۆمیان دەکردو ئەم بزوتنەوەیە کاریگەریکردەسەر دامەزراندنی کۆمەڵێک هێزی سیاسی چەپ، لەوانە (بزوتنەوەی سەوز) لەزۆر وڵاتی ئەروپا، تاگەیشتە ئەوەی کە لەهەندێ وڵات بۆ نمونە (ئەڵمانیا) ئەو هێزە نوێیە کە لەئەنجامی خەباتی مەدەنی‌و خوێندکاری هاتبوە کایەوە، لەهەڵبژاردنەکاند بیباتەوەو لەهەندێ حکومەتی ناوچەکان یان مەرکەز بەشداربن‌و پۆستی زۆر باڵایان بەرکەوێت‌و یەکێک لەڕابەرە خوێندکارەکانی ساڵی شەستەکان (یۆشکا فیشەر) لە(1998 ـ 2005) ببێت بەجێگری سەرۆک وەزیران‌و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فیدراڵ.

ئەو ڕیفۆرمەی ئێستا لەزانکۆکانی ئەڵمانیاو فەرەنساو ئەوروپا هەیە، بەرهەمی ئەو ساڵانەیە کە بێوچان خەباتی مەدەنیان کردوە.. لەهەندێ وڵاتی ئەوروپاو بەتایبەتی ئەڵمانیا، تائێستا خوێندن لەزانکۆ بەخۆڕاییە، هەمو خوێندکارێک کە باری ئابوری گونجاونەبێت، مافی هەیە داوای یارمەتی خوێندن بکات لەحکومەت، ئەم یارمەتیە لەشێوەی قەرزدایەو کاتێ خوێندکارەکە دوای چەند ساڵێک کاری دەستدەکەوێت‌و داهاتەکەی باش‌و گونجاو دەبێت، ئەتوانێت مانگانە بەشێکی بداتەوە بەحکومەت، ئەگەر موچەکەی کەمبێت، ئەو هیچ ناداتەوە، ئەگەریش پارەی هەبێت‌و بتوانێت هەموو بەیەکەوە بدات، ئەوا لەنیوەی قەرزەکەی خۆشدەبن.
خۆپیشاندانی خوێندکاران‌و لاوان لەگۆڕەپانی تیامین لەپەکینی پایتەختی چین لە4ی حوزەیرانی 1989، ڕاپەڕینێکی ئازایانەی کەموێنە بوو لەو وڵاتەدا کە بوە هۆی کوشتن‌و لەناوبردنی زیاتر لە2600 هاوڵاتی لەچەند ناوچەیەکی چین، ئامانجی ئەم ڕاپەڕینە ئەوەبوو کە ئەو گۆڕانە سیاسیانە لەوڵاتانی کۆمۆنیستی جارانی وەک یەکێتی سۆڤێت، پۆڵۆنیاو هەنگاریا ڕویانداو، ڕووبکاتە چین‌و ئەمانیش دەستبکەن بەڕیفۆرم، بەڵام دەسەڵاتداران بەئاگرو ئاسن وەڵامیاندانەوە.
مێژوی خۆپیشاندانی خوێندکاران‌و لاوان زۆرو بەرفراوانە، کەم وڵات هەیە کە جوڵانەوەو پرۆتێستی گەنجان‌و خوێندکارانی تێدا ڕونەدابێت..
بێگومان کوردستان بەدەرنییە لەم یاسایە، کە لاوان‌و خوێندکاران خەباتیانکردوەو ئەیکەن بۆ باشترکردنی سیستەمی خوێندن‌و ژیان‌و دابینکردنی فەزایەکی گونجاوی یەکسان بۆ وەرگرتن لەزانکۆکان‌و دوایش دابینکردنی فرسەتی کار..

خۆپێشاندانی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستان لەساڵەکانی (1976، 1982و 1984) دژ بەڕژێم‌و بە بەعسیکردنی سیستەمی خوێندن‌و ئەوجا دژ بەو چەوسانەوە نەتەوایەتیەی کە بەرامبەر بەگەلی کورد پەیڕەوی دەکرد، واتا داخوازی پیشەیی بەناوەڕۆکێکی سیاسی.. ئەمە لەکاتێکدا کە نەک خۆپیشاندان بەفیشەک‌و گرتن وەڵامئەدرایەوە، بەڵکو هیچ فەزایەکی ئازادی لەئاسمانی کوردستاندا بەدی نەئەکرا.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایە کە خوێندکاران لەوکات‌و ساتەدا، ئازایانەو جوامێرانە بەگژ دامودەزگای بەعسدا چونەتەوەو داوای سادەترین مافی خۆیانیان کردوە، چۆن دەبێت خوێندکاری ئەمڕۆ سڵبکاتەوە لەخۆپیشاندان وەک ساڵەکانی حەفتاو هەشتاکان ترسیان لەپۆلیس‌و دەزگای دژە تیرۆر حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حزبە کوردیەکان هەبێت؟؟

چەند خۆپیشاندانی خوێندکارانی سەردەمی بەعس ڕەوا بوە، بەهەمانشێوە ئەم خۆپیشاندانی ئەم سەردەمەش ڕەوایە.. ئەم خۆپیشاندانانە، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدانێکە بۆ ڕیفۆرم لەزانکۆکان‌و چاککردنی بژێوی ژیانیان‌و بڕینەوەی دەرماڵەیەک‌و چاککردنی بەشە ناوخۆیەکان‌و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان تێیداو ئەوجا داوایەکە بۆ چاوخشانەوەیەک بەپارەکردنی خوێندن لەزانکۆکان دروستکردنی ئەم هەموو زانکۆ تایبەتە کە ژمارەیان لەزانکۆی حکومی زۆر زیاترە کە بۆتە بەهۆی دروستکردنی دوو توێژ لەخوێندکارو ئەوجا دوجۆر لەدەرچوو لەزانکۆو دوجۆر لەدامەزراندن دوای خوێندن.

هەروەها خوێندکاران داوای دورخستنەوەی دەستی حزب لەکاروباری زانکۆو گەڕانەوەی هەیبەتی زانست دەکەن بۆ زانکۆو ئەوجا چاودێریی مامۆستایە لەوەرگرتنی پلەو پایەی زانستی تێدا.. ئەم داخوازیانە هەموی لەپێناوی دوارۆژێکی ڕوناکە بۆ زانکۆو پێگەیاندنی خوێندکارێکی پڕ لەزانست‌و مەعریفە..

مێژوی خۆپیشاندانەکانی هەمو وڵاتان نیشانیدا کە خواست‌و داوای ڕەوا، هیچ کاتێك‌و لەهیچ شوێنێک بەشەق‌و گازی فرمێسکڕێژو ڕیزە گولە چارەسەرناکرێت‌و کۆتایی نایەت، کەمێ ئەوەستێت، پشو ئەدا، جارێکی تر بەتەوژم‌و تینێکی ترەوە دەستپێدەکاتەوەو سەرهەڵئەداتەوە تا ئامانجە ڕەواکانیان نەهێنەدی.

داخوازی خۆپیشاندەران، سەرەڕای ڕەوایی، لەناوەڕۆکدا داخوازی هەموو میللەتە لەپێناوی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلەکەمان، دوارۆژی ڕوناک تەنها بەخوێندن دێتەدی‌و سەرکەوتنی خوێندکار بەستراوە بەدابینکردنی پێویستیەکانی خوێندنەوە.

خوێندکاری سەرکەوتوو، هیچ کاتێك لەجەوی بێ دەرامەتی‌و نەگونجاوو دڵەڕاوکێدا سەرکەوتوو نابێت، هەر کاتێك دوارۆژی خوێندکار تاریک بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە دوو ڕۆژی گەل‌و نیشتیمانیش ڕوناک نابێت.

گرنگ‌و پێویستە هەر هەمومان پشتگیریی داخوازیەکانی خوێنکاران بین، لەو ڕوانگەیەوە کە ئایندەی گەشی گەلەکەمان لەبەشێکی زۆری لەداخوازیەکانی ئەواندا خۆی ئەبینێنەوە.

با دەسەڵاتداران کوردستان هەوڵنەدەن کە ئەم خۆپیشاندانانە بەهێزو ترس دابمرکێنەوەو بەزۆر کپی بکەنەوە، چونکە بەدڵنییاوە سبەینێ نا دوسبەی بەشێوەی ترو لەکات‌و ساتی تردا سەرهەڵئەداتەوە.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی
لە شارپرێس وەرگیراوە

## دوو پەرەگراف دەربارەی نیشتیمان و خۆشەویستیی نیشتیمان

### مەریوان وریا قانع

**یەکەم: ساڵی ٢٠٠٢**

"خەڵك نیشتیمانیان تەنها لەبەر ئەوە خۆشناوێت چونکە بە ڕێکەوت لەوێدا لەدایکبوون و دەژین، گۆڕستانی باو و باپیر و دۆست و شەهیدەکانیان لەوێدایە، ڕەنگە هەم دۆست و دۆست و هاوڕێکانیان و هەم خۆشیان هەر لەوێدا بمرن. مرۆڤ نیشتیمانی خۆشدەوێت چونکە نیشتیمان وەك مرۆڤێکی خاوەن ماف و خاوەن بەها مامەڵەی دەکات، ئەگەری بوونێکی پڕ کەرامەتی دەخاتە بەردەم، مژدەی بەختەوەریی زیاتری پێدەبەخشێت، بەڵێنی ئەوەی ئەداتێ کە ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانەی دوای خۆی جوانتر و ئینسانیتر و ماناداراتربێت. هەڵاتنی بە کۆمەڵی خەڵکی ئێمە لە نیشتیمان، بەتایبەتی هەڵاتنی نەوە نوێکان، بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لە نیشتیمانی خەڵکانی دیکەدا، بەهەر نرخێك بووە تا بە مەرگیش دەگات، هێمایەکی ئاشکرایە کە مانا کۆنەکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریی لە کوردستانی ئەم دە ساڵەی دواییدا گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە. چیدی گۆڕی باپیران و گۆڕستانی شەهیدان و گۆڕی هاوڕێ و دۆستان و مەزاری سەرکردە بەناهەق کوژراوەکان بە تەنها خەڵك بە نیشتیمانەوە نابەستنەوە، نیشتیمان دەبێت شتی دی و مانای تر و چاوەڕوانی دیکە بە خەڵك ببەخشێت تا وا لە مرۆڤ بکەن ببێتە بوونەوەرێکی نیشتیماندۆست و بەرپرسیار."

پەرەگرافێك لە چاوپێکەوتنێکی من لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی لە بەهاری ٢٠٠٢ دا سەبارەت بە مەسەلەی "خۆشەویستیی نیشتیمان".

**دووهەم: ساڵی ٢٠١٥**

نیشتیمان وەک "موڵکی شەخسیی"، مرۆڤ وەک "ئاژەڵێکی بێنرخ"

"کەم ناوچەی دونیا هەیە بە ئەندازەی ئەم ناوچەیەی ئێمە زیندانی تۆقێنەری تێدابێت، زیندانەکانی ئەم ناوچەیە تەنها دەزگایەک نین لەناو ڕستێک دەزگای تری حوکمڕانیدا، بەڵکو دەزگای ژمارە یەک و سەرەکیی ڕژێمە سیاسییەکانی ناوچەکەیە. زیندان ئاکاری سەرەکی ئەو ڕژێمە سیاسییانەمان نیشانئەدات کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لەم ناوچەیەدا دروستبوون. ڕژێمێک نەک تەنها دەوڵەت و دەزگاکانی حوکمڕانی، نەک تەنها خودی نیشتیمان خۆی بە موڵکی تایبەتی خۆی دەزانێت، بەڵکو لەسەر مۆدێلی خاوەن کۆیلەکانی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی، خۆی بە خاوەنی ئینسانەکانیش دەزانێت و پێیوایە بڕیاری ژیان و مردن، بەدبەختیی و بەختەوەریی، بوون و نەبوونی ئەو مرۆڤانە، لەدەستی ئەودایە. ئەم شێوازە لەدەسەڵات جگە لە وێنەی کۆیلەیەکی هاوچەرخ، یان ئاژەڵێکی بێنرخ و بێماف، وێنەیەکی تری بۆ ئینسانی ئەم ناوچەیە نییە."

لە کتێبی ذلڕەقیی و بێماڵیی دەوە کە ساڵی ٢٠١٥ لە ناوەندی ئەندێشە بڵاوکرایەوە.



## کێ دەبێت وڵات جێبهێلێت!

### د. کامەران مەنتك

### 2021\11\8

ئەو ئامارانەی دەربارەی شەپۆلی ئەم دواییەی کۆچی گەنجانی کورد لەباشووری کوردستان باس دەکرێت، ئامارێکی مەترسیدارن، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەییە پێدەچێت هاندان وبێهیواکردنی گەنجان بۆئەوەی وڵات جێبهێڵن بەپلان بێت و ئەو وڵاتە لەهەموو تواناو خوێنێکی گەنج، کە بنەمای بونیاتنان وئاوەدانکردنەوەی وڵاتە خاڵی بکرێت، باوەڕناکەم هیچ دەسەلاتیك هەبیت لەدنیا ئەو هەموو گەنجە لە ولاتەکەی کۆچ بکات، ئەو مێش میوانی نەبێت!

هەموو هۆکارەکانی ئەو کۆچکردنە لەگەڕان بەدوای ئازادی ونانێدا کۆکراوەتەوە، کەچی ئەو مرۆڤانەی لە دروستکردن وبونیاتنانی ولاتەکەیان رادەکەن، هەرگیز ناتوانن ئازاد بن، لەبەرئەوەی مرۆڤی ئازاد، لەدەست کۆمەڵێك خەڵکی وڵات فرۆش ودزو گەندەڵ راناکات، بەڵکو رووبەڕوویان دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەو کۆچە شەرێکی دەروونیە بۆ بێهیواکردن وورووخاندنی گەنجانی کورد ئەنجام دەدرێت، شایەنی سەرنجدانە بەرامبەر ئەو کۆچە، کۆچێکی پێچەوانە هەیە وبەلێشاو گەنجی نەتەوەکانی تر دەهێنرێنە کوردستان، کە ئەمە بەئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێت، کە پرۆسەیەکی ترسناکی گۆڕینی دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، بەداخەوە دەسەڵاتی کوردیش پشکی شێری لەو کارە نا نیشتمانیە بەردەکەوێت، ئەو بێدەنگیەی بەشێوەیەك لەشێوەکان واتای ئەوەیە، هانی گەنجانی تووڕە دەدات بۆئەوەی ولات جێبهێڵن وبەرامبەر ئەوەش دەروازەی کوردستان بەرامبەر خەڵکانی تر والآدەکات، بۆئەوەی ئەو کەلێنەی پڕ بکەنەوە وهەمیشە گوێڕایەڵ وئەلقە لەگوێی ئەو بن، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا، پێویستە ئەو گەنجانەی وڵات جێدەهێڵن وبەدوای بەهەشتێکدا دەگەڕێن، کە هەرگیز پێی ناگەن، لە خۆیان بپرسن، ئایا راستە وڵاتەکەیان بۆچەند وڵات فرۆش ودزو جەردەیەك بەجێبهێلن بۆئەوەی زیاتر هەتکی نیشتمانەکەیان بکەن؟! دەکرێت میللەتێك لەبەر دەست چەند کەسێك رابکات، کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن!؟ ئایا لەجیاتی کۆچکردن ووڵات جێهێشتن باشتر نیە وڵاتەکەی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە ڕێگا نەدەن ولاتەکەیان چیتر هەراج بکرێت! ئەوەی دەبێت ئەو وڵاتە جێبهێڵێت ئەوانەن، کە وڵاتیان ریسوا کردووە، نەك ئەو گەنجانەی، کە ئومێدی دوارۆژی ئەو میللەتەن!



# پشکۆ ئەمین: رۆژی رووخانی دیوارە ناو زڕاوەکەی ئەڵمانیاو بەرلین

وتاری کورد



09- 11- 1989 رۆژێکی گرنگ و مێژووی ناو مێژووی ئەڵمانیا و ئەوروپایە!

پاش ئەوەی کە ئەڵمانیا لەجەنگی جیهانی دووهەمدا دۆراو وڵاتەکەیان لە لایەن هاوپەیمانان و براوەکانی جەنگەوە داگیرکرا، بەشی رۆژئاوای بەبەشێک لەبەرلینەوە کەوتە ژێردەستی روسەکان، بەشی رۆژئاوای کەوتە دەست ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا.

ئەڵمانیان رۆژ هەڵات واتە بەشەکەی ژێردەسەڵاتی سۆڤیەت، خۆی جیاکردوە، لەساڵ 1949دا دەسەڵات و حوکمەتێکی کۆمۆنستی بەهاوکاری و لەژێر سایەو هاوکاری سۆڤیەتدا بەناوی وڵاتی ئەڵمانیای دیموکراسی تیدا دروستکرد، سنوری خۆی جیاکردەوە.

لە نێوان ساڵانی 1949 تا 1961 زیاتر لە 2.7 ملیۆن کەس لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و بەرلینی رۆژهەڵاتەوە لەتاو بێکاری و برسیتی لە ژێر دەستی ئەو حوکمەتەدا پەنایان بردە بەر ئەڵمانیای سەرمایەداری، بۆیە بۆ رێگرتن لەم راکردنەو رێگەنەدان پێی لە رۆژی 1961/8/13دا بەیانی زووەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیای دیموکراتی Walter Ulbricht ڤالتر ئۆلبریشت رایگەیاند، لەمرۆوە رێگەنادرێت کە هات و چۆ لە نێوان هەردوو وڵاتدا بکرێت، هەر ئەو رۆژە شەقامەکان گیران تەلی دڕکاوی دانرا، پۆلیس و کۆماندۆی روسی سەر شاقام و ناوەراستی شەقامەکەنیان گرت، سەگی هاریان هێنایە سەرسنورەکە، تا هەرچی بجوڵێتەوە بیگرێت و پارچە پارچەی کات.

پاش چەند هەفتەیەک تەلی دڕکاوی گۆرا بە دیواری کۆنکرێتی پان و بەرزو قایم، کامیرای چاودێری و قولەی نزیک لەیەک و ئەلغامی ئەرزی لێدانرا، هەرچ خانوویەک لەنزیک سنورە دەسکردەکەدا بوو کرایە مەلبەندی پۆلیس و هێزی پاسەوان و چاودێری سەرسنوور، خاوەنەکانی دەرکران و دوورخرانەوە لەخانووەکانی خۆیان، لەئێوارەی هەمان رۆژدا قەدەغەی هاتوچۆ لە بەرلینی رۆژهەڵات هەر سەرلەئێوارە راگەیەنرا. بەمە رێگە گیرا لەنێوان دایک و براو خوشک و کەس و کاری شارێک و وڵاتێک کە یەکتربیبیننەوە، ئەم رێگە گرتنە زیاتر لەخەڵکانی ناو ئەڵمانیای دیموکراسی DDR بوو.

لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا پاریزگاری بەرلینی رۆژئاوا ڤیلی براند دژ بەم کارە نامرۆڤانەیە هاتەدەنگ و داوای هەڵوەشاندنەوەی کردو وتی: ئەمە تاوانە دابەشکەرانی ئەڵمانیا دەیکەن دژی نەتەوەی ئەلمان و خاکی ئەلمانیا.

لە رۆژی 25 ئۆکتۆبەری 1961 سەربازو دەبابەی دوو هێزە نەوەیەکەی جیهان، ئەمریکا و سۆڤیەت لە شەقامی فریدریش شتراسەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات، لە خاڵی ( CheckpointCharlie ) بۆ ماوەی 16کاتژمێر بەرامبەر یەک وەستان و خەریک بوو پێکدابدەن. پاریزەرانی سنوریی ئەڵمانیای دیموکراتیش لەوکاتەدا خەریک بوون نوێنەرەکانی هاوپەیمانان دەستگیربکەن، پاش رۆژێک سەرۆکی ئەمریکا جۆن ئیف کەنەدی بەریگەیەکی دبلۆماسیانە جارەسەری کێشەکەی لە گەل خۆرۆشۆڤدا کرد و بەمە هێزەکان کشانەوە، دیوار یان سنووری دەستکردی نێوان شاری بەرلین 43،1 کم بوو، ئەوسنورەش کە خاکی ئەڵمانیای دووکەرت کردبوو 111،9کم درێژ بوو، شاری بەرلینی پایتەختی کردبووە دوو شار، دوو وڵات. بەرلینی رۆژهەڵات و بەرلینی رۆژئاوا ئەو دیوارو سنورە نارەواو نابەجێیە هەر بەوەشەوە نەوەستابوو کە بەرلینی پایتەختی لەتکردبوو، بەڵکوو خاکی ئەڵمانیاشی کردبووە دوو بەش و دوو وڵات، ئەڵمانیای رۆژ هەڵات و ئەڵمانیای رۆژئاوا.

ئەڵمانیای رۆژهەڵات داگیرکراو لەلایەن رووسەوە و سەر بەشورەوی و ئەندامی پەیمانی وارشۆ بوو. ئەڵمانیای رۆژئاوا، داگیرکراو لەلایەن ئەمریکاو ئینگلیزو فەرەنساوە و سەر بە بەرەی سەرمایەداری و ئەندامی پەیمانی ئەتڵەسی ناتۆ بوو. لەهەمووی ناشیرینترو ڤێزەونتر ئەو دیوارو سنورە دەسکردە ناو زڕاوە بوو کە لە8/13 /1961دا لە لایەن ئەڵمانیای دیموکراسیەوە( DDR) بە پاڵپشتی رووسەکان دروستکرا بوو.

دەسەڵاتی بەناو کۆمۆنستی دیوارو سنوری دەسکردی بەسەدان جۆر لە قەڵاو قولەی سەربازی و سەگ و رەشاشی ئۆتۆماتیکی و دیواری بەرزی کۆنکرێت و بەتەلی دڕکاوی وحەرەس و سەربازیی روسی و ئەڵغام و هەزاران جاسوس و پاریزگاریان لێدەکرد، تا خەڵکی ئەڵمانیای رۆژهەڵات لە بەهەشتیی بەناو کۆمۆنستیەوە رانەکات بۆ زیندانی ئەڵمانیای سەرمایەداریی، وەک خۆیان دەیانوت.

کۆمۆنستەکان بە هەموو شێوەیک و هۆیەک رێگەیان گرتبوو لە خەڵکی رۆژهەڵات تا نەگەنە ئەودیو دیوار، خەڵکەکەش خەویان بەو دیو دیوارەوە دەبینی. لە1961 وە تا 1988 زیاتر لە100000کەس رایانکردە ئەڵمانیای رۆژئاوا، نزیکەی 600 کەس کە زوربەیان کوری گەنج بوون لەسەر سنوری دەسکرد، لەکاتی راکردندا بە ئەڵغام و فیشەکی رەشاش کوژران، تەرمەکانیان لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا بێناو بێنیشان نێژران تەنها لەسەر سنوری دیوارەکەی بەرلیندا 140 کەس کوژراوە!

ئەڵمانەکان هەر لە هەوڵی خۆرزگار کردنداببوون کۆڵیان نەدا، دەنگی خۆ رزگارکردن و کوشتنی ئەوانەی کە دەیان ویست خۆیان بگەیەنینە ئەم دیوی دیوار دەبیستراو زۆر رێگەیان بۆ هەڵاتن تاقی دەکردەوە، تا ئەو ساتەی دەنگی کرانەوەو دیموکراسیەت لەلایەن گۆرباچۆفەوە بیستراو دەنگی دایەوە، هەر پاش ئەو دەنگە زوڵاڵ و شازە، راکردنی ئەڵمانەکانی خۆرهەڵات و خۆ کردن بەکونسڵخانەکانی ئەڵمانیای رۆژئاواو کونسڵخانەی وڵاتانیتردا دەستی پێکردە، چەندین رۆژ خۆپیشاندەرانی ملیۆنی بەشەو بەرۆژ لەسەر شەقامەکان و لە گۆرەپانەکاندان، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک لایبزیگ و بەرلین و گۆرەپانی ئەلیکسەندەر پلاتز بەردەوام بوو، هاواری ملیۆنان خۆپیشاندەر ترس و خەوی لە چاوی دەسەڵاتەکە و حیزبە سەرەکیەکەی کۆمۆنست تۆراند،

دەسەڵاتی رۆژئاوا هەولی هێورکردنەوەی خۆپیشاندەرانیدەدا، بەلام تادەهات کلپەی دەسەند و هەر خەلکی رۆژهەڵات بوو خۆیان دەگەیاندە کونسڵخانەو سەفارتخانەی ولاتانیتر، حوکمەتی رۆژئاواش هەوڵی بە هاناوە چوونیان و پشتگیری دەکردنی خۆپیشاندەران بوو. حیزب و دەوڵەتە دیموکراتیەکەی رۆژهەڵات ناتوانین ترسیان لێنیشتووەو ناتوانین دژیان بوەستنەوە، خۆپیشاندەر زوو زوو رووەو دیوارەکە دەرۆن و داوای کردنەوەی دەرگای دیوارەکەن.

گۆرباشۆڤ سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت بروای بە ئازادی و کرانەوەو دیومکراسیەت هەیە، گۆرینێکی سەیری بەدوای خۆیداهێنا، سەردەمەکەی گۆری، سۆڤیەت باس لە دیموکراسیەت و کرانەوە دەکات، پشتگیری رژێمە دیکتاتۆرەکان ناکات، باس لە ئازادی و مافی میلەتان دەکات.

ئەم سەردەمە وەک سەردەمی رۆژە رەشە مێژووییەکەی 17 یونی 1953 نیە، کە خۆپیشاندانی کریکارانی ئەڵمانیای رۆژهەلاتی تیدا رەش بکوژ کران،کە کریکارانی هەژار لە دژی بنیات نانی سۆسیالیزم و تەقەشوف لە رۆژانی 15و16و 17 دا لە 700 شارو گوندی کارگەو کارخانەکاندا کرا، هەژاران رۆشتنە سەرشەقام و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارەیان دەکرد و داوای هەڵبژاردنی ئازادانەو یەکگرتنەوەی ئەلمانیاو ئازادکردنی زیندانیان ولابردنی Ulbrichts ئۆلبرشتی بنیاتنەری دیواریان دەکرد، لە سێهەم رۆژی خۆپیشاندا واتەلە 17مانگدا، دەبابەی34 Typ T-سۆڤیەتی هێنرایە سەرشەقام و سوپای سۆڤیەتی وپۆلیس و (شتازی )ئەمن و پۆلیسی گەل رژێنرانە ناوشەقامەکانی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتی( DDR) بەلیدان و کوشتنی خۆپیشنادەر، خۆپیشاندان سەر کووتکرا، زیاتر لە 50 کەس کووژرا، 15000 کەس دەستگیرکران و سزا دران بەتاوانی هەڵگیرساندنی جەنگ، خۆپیشاندانێکی ئاشتی خوازانە، کە زۆر بەهیمنی لەبەرخراپی باری ئابوری سیاسەتی سەرکوتکەرانە، هاتنە سەرشەقام وداوای نان و ئازادی و دیموکراسیان دەکرد، پۆلیس و سەربازی رووسی بە دەبابە کەوتنەگیانیان، قەدەغەی هات و چۆو کۆبونەوەیان راگەیاند. ئەوە ئەوسا بوو ،ئێستا خەڵکەکە ئیتر ناترسێت لە پۆلیس و دەسەلاتە سەرکوتکەرە کە،خۆپیشاندەران لە شارەکانی رۆژ هەلاتدا گوێی دنیای دیموکراتخوازیان،بۆ لای خۆیان راکێشا،هاواریان لەگۆرباشۆڤ دەکرد بەهیتافی (گۆربی گۆربی هاوکارمان بەو رزگارمان کە ) ،وایان لە گۆرباشۆڤ کرد بە دەنگ هاواریانەوە بچێت،

چەندین رۆژە،ملیۆنان کەس دەرژێنە سەر شەقامەکان وخۆپیشاندان دەکەن ، هاواروبانگی ئازادی دیموکراسی یەکگرتنەوە دەکەن ،

رۆژانە لە هەندێک وڵاتی ناو بلۆکی کۆمنستیدا ئەڵمانەکان رادەکەنە ناو باڵوێزخانەی وڵاتانی رۆژئاوای وداوای پەناهیندەی و رێگە پێدان دەکەن تابچن بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا ،

گۆرباچۆڤ هاتە ئەڵمانیا رۆژهەلات و لەگەڵ هۆنیکەری سەرۆکی ئەڵمانیا و سکرتیری حیزبی کۆمۆنستی ئەڵمانیدا کۆبوەوەو یەکیان ماچکرد،ئەم ماچەی گۆرباچۆڤ وهۆنیکەر بووە سمبولێک لە سمبولەکانی روخاندنی دیوار،
ماچەکەی هۆنیکەرو گۆرباشۆڤ،بووە بەناو بانگترین ماچ لەدنیادا،

پاش هاتنەکەی گۆرباشۆڤ ، هۆنیکەر رایگەیاند کە دیوارەکە تا سەد ساڵیتر دەمینێت ،بەڵام هەفتەی نەخایاند ،هۆنیکەر خۆی ناچار کرا، وڵات جێبهێڵێت وبەرەو شیلی هەڵهات و شارو وڵاتی بەجیهێشت ،

پاش رۆشتنی هۆنیکەر ئیگۆن کرینز Egon Krenz هەڵبژێرراو بووە سکرتیری مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنست ،کرێنز هەوڵی هێور کردنەوەی وڵاتەکەیدا،بۆ ئەمە بریاری دەرکرد بە پێدانی پەساپۆرتی بۆ داواکارانی چوونە دەرەوە،

لەدروست بوونی ئەڵمانیای دیموکراتەوە،تاکۆتای پێهاتنی هەرچ شتێک و هەرچ هەنگاوێک کەنراوەو کە دەکرا بەبێ پرس و را بەبراگەورە، واتە سۆڤیەت نەکراوە،ئەم بریارەش هەر لەسەر داواکاری گۆرباشۆڤ بووە، ، خۆپیشاندەران بە سیاسەتی گوڵەوە رووەو پۆلیسەکان دەرۆن و گوڵیان پێشکەش دەکەن, لەشارەکانی ئەڵمانیای کۆمۆنستیدا، هاواری (ئێمە یەک نەتەوەین، نا بۆ سنوری دەسکرد بەرزدەبێتەوە )، دەسەلات لاواز بووە داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێدەکات،بۆنمونە ،خۆپیشاندەران داوای پەساپۆرتیان دەکرد بۆ سەفەر بۆ ئەڵمانیای سەرمایەداری، دەسەلات رازیبووەو دەیانداتێ، پێش خۆپیشاندان ئەم داواکاریە رێگە پێنەدراو بوو، بە زیندانی کردن و کوشتن وەڵام دەدرایەوە.

بە پێدانی پەساپۆرت، بناغەی دیوارو دەسەڵاتی ئەڵمانیای بەناو دیموکرات تێک و پێک شکا.

هەردوای ئەم بریارە بەماوەیەکی زۆرکەم بریارەکە گۆراو بریاردرا هەر کەس بیەوێت بروات بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا، لە بازگەکانی سنوری ئەڵمانیاوە دەتوانێت بەبێ پەساپۆرت برواتە ئەودیو، ئەم هەواڵە بەخێرای بڵاوبووەو بە ملیۆنان کەس رژانە سەر سنوور، لە بازگەکاندا و لە سەرەدا وەستان بۆ هاتنەدەروە، پۆلیسی سنورەکان هەواڵەکەیان پێنەگیشت بوو، لەکاتژمیر یانزەی شەودا دەرگای دیوارکرایەوە، بەمە سنوور تێک و پێک شکینرا نەماو، بووە بەشیک لەمێژوو.

خەڵکی دیوی رۆژئاواش بەچەکووش بەربووبونە دیوار و دەیانویست کوونی بکەن وەک پشتگیریەک بۆ نەتەوەو براو کەس و کارەکانیان لەو دیووەوە، کانزلەری ئەڵمانیا هیلمەت کۆل کە بەکانزلەری یەکگرتنەوەی ئەلمانیا دەناسریت، سوپاسی گۆرباشۆڤی کرد.

ئەڵمانیا یەکیگرتەوەو سنوری نیوان یەک نەتەوەو یەک نیشتیمان لە گۆرنراو گۆری گووم بوو،گەرچی هێشتا جیاوازی ماوە لەنێوان ئەم دیوو ئەودیودا، بەتایبەتی لەرووی ئابوریەوە.

ئەمرۆ ئەڵمانەکان پاش29 ساڵ لە روخاندنی دیواری بەدناو، یادی رۆژی رووخاندنی وەک جەژنێکی گەورە و پیرۆز دەکەنەوە. دەڵێن روخانی دیوار، روخانی پارچە پارچە بوونی دنیابوو، بەسەر دوو بەرەدا، بەرەی رۆژهەلات و بەرەی رۆژئاوا بەرەی وارشۆ و ناتۆ، شەری سارد لێرەوە بەرەو کۆتای رۆشت و نەما.

دەبا ئێمەی کوردیش دەرسێک لەوانەوە فێربین و هاواری یەک نەتەوەو یەک خاک و یەک چارەنوس بەرزکەینەوە لە پێناو نەهێشتنی سنوری دەستکردی کوردستان و یەکخستنەوەی خاکی پیرۆز.

یەک مستی ئاسنین بدەین بەروە قایمە بێشەرمەکەی داگیرکەرانی هەر چوار پارچەی نیشتیمانەکەماندا. تاکەی کۆیلەی قبوڵکەین، تاکەی دابەشکاری خاک و نەتەوە و داگیرکاری چەوساندنەوە قبوڵکەین و رازیبین.

تاکەی پەرستنی سنوری دەسکردی ئیستیعمار و داخستنی بە رووی رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا.

تاکەی خۆ بەئیرانی و ئیراقی و تورکی و سوری زانین و کوشتن و تەسلیم کردنەوەی رۆڵە بەشەرەفەکانی کورد بەداگیرکەران!





# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا

سایتی: (سبەی)

بەشی حەوتەم

**پرسی کورد**

**ئەگاتە ئاستی ناودەوڵەتی**

ئەو ماوەیەی کە نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لە بەغداد خەریکی گفتوگۆ بون لەگەڵ سەرانی رژێم و بەعس، گۆڕانی گەورە لە پرسی کوردا هات بوە کایەکەوە:

لە سەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچە، هاشمی رەفسنجانی (ئێران) و تورگۆت ئۆزال (تورکیا) و حافز ئەسەد (سوریا) سەرقاڵی گفتوگۆ و هاتوچۆ و راوێژ بون بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ کارەساتی ئاوارەکان.

لە سەر ئاستی جیهان، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جەیمس بەیکەر بە فڕۆکە بە سەر ئاوارەکانی سنوری تورکیادا گەڕا بو، کە هەلومەرجی تراجیدی سەدان هەزار ئاوارەی دی بو، لە ئاسمانەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش (باوک) قسەی کرد بو کە ئەبێ شتێ بکەن بۆ فریاکەوتنیان.

فرانسوا میتران (سەرۆکی فەرەنسی) و جۆن مەیجەر (سەرەوەزیرانی بەریتانیا) و جۆرج بوش (سەرۆکی ئەمەریکی) کەوتبونە راوێژ و گفتوگۆی تەلەفۆنی و، وەزیرانی دەرەوە: رۆلان دۆما (فەرەنسا)، دۆگلاس هێرد (بەریتانیا)، جەیمس بەیکەر (ئەمریکا)، لە وتوێژدا بون بۆ دانانی رێگەچارە. سەرەنجام بڕیاری 688 ی رۆژی 5 ی مایسی 1991ی لێ بەرهەم هات بو.

**پرۆڤاید کۆمفۆرت**

هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەمەریکا، ئینگلیز، فەرەنسە، بە جدی هاتبونە ناو مەسەلەکەوە. کەوتبونە جێبەجێ کردنی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش. لە لایەکەوە هێزیان نارد بو بۆ کوردستان «پەناگای ئارام» دروست بکەن بۆ «دابینکردنی ئاسودەیی operation provide comfort» کورد لە دەستدرێژی جەیشی عیراق بپارێزێ، ئەم هێزە لە زاخۆوە هات بون و، وەکو هەژدیها لە دیوی کوردستانی عیراقەوە بە درێژایی سنوری تورکیا کشا بون تا گەیشتبونە ناوچەی بارزان و، لە سەروی خەتی 36 ەوە «ناوچەی نەفڕین no-fly zone»یان راگەیاند بو. چاودێریی ئاسمانی کوردستانیان ئەکرد بۆ ئەوەی عیراق نەتوانێ چەکی ئاسمانی بەکار بهێنێ. کۆلن پاول، سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سپای ئەمریکی لە رۆژانی 30 -31 دا سەردانی هێزەکانی کرد بو لە زاخۆ و سەرسەنگ.


لە لایەکی ترەوە نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، رێکخراوە خێریە ناودەوڵەتیەکان، لەوانە خاچی سور، کەوتبونە چالاکی بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوارەکان لە خۆراک و دەرمان و نوا (خێوەت و کابینە) و، گێڕانەوەیان بۆ سەر جێگە و رێگەی خۆیان.

*

هەر لەو ماوەیەدا بێرنارد کوشنەر، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مرۆڤایەتی لە حکومەتی فەرەنسادا، لە دیوی تورکیا بە ناو ئاوارەکانی کوردا گەڕا بو، بە پێ لە دەروازەی خابور - ئیبراهیم خەلیل دەربازی کوردستانی عیراق بوبو. فەرەنسە یەکێ بو لەو وڵاتانەی بڕیاری 688 ی سەپاند بو.

**هەرا لە دهۆک و سلێمانی**

سەرانی بەعس، بە تایبەتی سەدام، لە شکانی خۆیان بەرامبەر هێزی هاوپەیمانیی 30 دەوڵەتی و، لە راپەڕینی خەڵکی عیراق و هۆکانی و ئەنجامەکانی،



هیچ دەرسێکیان وەرنەگرت بو. دوای گرتنەوەی شارەکانی کوردستان، بە هەمان شێوەی پێش راپەڕین رەفتاریان ئەکرد . عەبدولوەهاب ئەتروشییان بە پارێزگاری دهۆک و مونزیر نەقشبەندییان بە پارێزگاری هەولێر و نەجمەدین نەقشبەندییان بە پارێزگاری سلێمانی دانا بو. ئەمانە هەر سێکیان کورد بون بەڵام کوردی خۆیان بون لە بەر ئەوە لە ناو کورد و هێزە سیاسیەکانی دا نفوز و کاریگەرییان نەبو، سەرەڕای ئەمانە هاشم حەسەنی برای عەلی حەسەن مەجیدیان دانا بو بە پارێزگاری کەرکوک، لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و شێواوەدا ئەمانە نەیان ئەتوانی ئاسایش بگێڕنەوە شارەکانی کوردستان و ژیان ئاسایی بکەنەوە، بە تایبەتی کە بەعس هەمو دەزگا سەرکوتکەرەکانی :جەیش، ئەمن، موخابەرات، حیزبی بەعس... یان سەرلەنوێ هێنابووەوە کوردستان. خۆیان بە سەرکەوتو و کوردیان بە شکاو دائەنا.

هێزی هاوپەیمانان هات بونە زاخۆ لە دهۆک نزیک بوبونەوە. بەعس بە هیوا بو گفتوگۆ هۆیەکی گرنگ بێ بۆ کشانەوەی بە پەلەی هێزەکانی بێگانە لە زاخۆ. خەڵک ئەیان ویست هێزی هاوپەیمانەکان بێن و دەسەڵاتی بەعس لە هەمو کوردستان دەربکەن. تازە خەڵک گەرابونەوە سەر جێگا و رێگای خۆیان و، هێشتا هەندێک نەگەڕابونەوە. لە ئامێدی خەڵک هەڵیان کوتابوە سەر داوودەزگا ئەمنی و بەعسی و، وێنەی سەدامیان لە ژێر پێ نا بو، کاربەدەستەکانی حکومەتیان دەرکرد بو، لە دهۆکیش خەریک بو هەمان ڕوداو دوبارە ببێتەوە، لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش دا عەلی حەسەن مەجید بەرەی کوردستانی دانا بە هاندەری ئەو ڕوداوە بۆ ئەوەی هێزی هاوپەیمانەکان لە باتی ئەوەی بڕۆن بێنە ناو دهۆکەوە. داوای کرد کە کۆبونەوەکان ڕابگرین تا ئەو کێشەیە لابەلا ئەکرێ و، داوای کرد چەند کەسێ لە ئێمە بچن بۆ دهۆک بۆ رێگرتن لە خەڵک کە پەلاماری داوودەزگاکانی بەعس نەدەن. بڕیار درا لە پ د ک جەرجیس و، لە ی ن ک کۆسرەت و، لە ح س ک سەعد و، لە پ د گ ک سامی سەردانێکی خێرا بکەن و، بە زویی بگەڕێنەوە بەغدا. لە دهۆک فازیل میرانی بەرپرسی پارتی و شەوکەتی حاجی مشیر بەرپرسی یەکێتی بو. لە بەرپرسانی یەکێتی محەمەد تۆفیقیش هەر لە دهۆک بو. لە ڕاستی دا هەمومان حەزمان ئەکرد خەڵک داوودەزگای بەعس لە دهۆک دەربکەن و، هێزی هاوپەیمانان بێنە ناو دهۆکەوە، بەڵام ناردنی ئەوانە دیسانەوە جۆرێ بو لە (ابتزاز)، مەبەستی ئێمە ئەوە بو گفتوگۆ کۆسپی تێ نەکەوێ.

هەر لەو ماوەیەدا لە سلێمانی هەرایەکی گەورە قەوما، شەو لە یەکێ لە (نادی) یەکانی بەغدا میوانی تاریق عەزیز بوین، عەقید وەلید نایف هات بە دوی من دا بۆ ئەوەی بە بێتەل قسە لەگەڵ مام جەلال بکەم هەوڵی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سلێمانی بدا، لە سلێمانی زیلێکی عەسکەری چەند هاوڵاتیەکی شێلا بو، خەڵک کە ئەوەیان دی بو، پەلاماری ئەوان و، چەند بنکەیەکی جەیشیان دا بو لە ناو شاردا. بە سەدان ئەفسەر و سەربازیان بە بارمتە گرت بو، لە مزگەوتی گەورە کۆیان کردبونەوە.

سەرکردایەتی بەعس ئەیان زانی لە کوردستان زۆر لاواز بون. ئەوەی بە زیاتر لە 20 ساڵ بۆ دەس بەسەراگرتنی کوردستان کردبویان، ڕاپەڕین هەڵی تەکاند بو، ئەترسان تورەبونی خەڵک دیسانەوە داوودەزگاکانیان ڕابماڵێ، بە تایبەتی لەو کاتەدا هەلومەرجی سیاسی دنیا بەرامبەر بە کورد، لە چاو ڕۆژانی ڕاپەڕین دا، زۆر گۆڕا بو.

کۆنسێرتی سمپل تروث

لە کاتێک دا ئێمە لە بەغداد خەریکی مشتومڕ بوین لەگەڵ نوێنەرانی بەعس بە تایبەتی لە گەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) و ئەبو زیاد (تاریق عەزیز ئێوارەی یەکشەم ڕۆژی 13 ی مایس لە «هۆڵی ویمبلی» لە لەندەن بە ئامادەبونی ئەمیرە دایانا هاوسەری چارلس جێنشینی شای بەریتانیا و نزیکەی 11 هەزار بەشدار، یەکێ لە گەورەترین ئاهەنگەکانی گۆرانی بە ناوی (simple truth) بۆ ناساندنی کورد بە دنیا ڕێکخرا بو. داهاتەکەی بۆ لێقەوماوانی کوردستان تەرخان کرا بو. ژمارەیەک لە ناودارترین گۆرانیبێژەکانی دنیا تیا بەشدار بون، ئاهەنگەکە لە هەمان کات دا ڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی جیا جیای وڵاتانی جیهانەوە پەخش ئەکرا، کە دەیان ملیۆن کەس لە کاتی ئاهەنگەکەدا سەیریان کرد بو.

*

لە کوردستانی جنوبی دا، لە مێژوی نوێی کوردا، ئەمە جاری سێیەم بو پرسی کورد بەرز بێتەوە بۆ ئاستی ناودەوڵەتی.

جاری یەکەم - لە کاتی هاتنی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی گەلان (1925) بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی تورکی – ئینگلیزی لە سەر چارەنوسی ولایەتی موسڵ، لە ڕۆژگارێکا کە شێخ مەحمود داوای سەربەخۆیی کوردستانی ئەکرد.

جاری دوەم - لە کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراق دا، کاتێ عیراق ئەیویست پەیمانێکی نوێ لە گەڵ ئینگلیز ببەستێ و ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (1930 - 1931). لە ڕۆژگاری شەشی ڕەش ئەیلول و شۆڕشی شێخ مەحمودا.

جاری سێیەم - ئەمەیان کە دوای شکانی راپەڕین وەکو کورد خۆی ناوی نا بو «کۆڕەو» و، لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بە وشەی تەوراتیی (exodus) باس ئەکرا. ئەمجارەیان کورد لە چاو هەمو جارەکانی تردا هەلێکی لەبارتری بۆ هەڵکەوت بو، مەسەلەکەی بە زیندویەتی بهێڵێتەوە لە سەر شانۆی ناودەوڵەتی. عیراق ئەیویست ئەم هەلە لە دەس کورد بدا.

سی ئێن ئێن چیە؟

ڕۆژێکیان پاش کۆبونەوەیەکی پڕ مشتومڕ لەگەڵ ئەبو حەسەن (عەلی حەسەن مەجید) لە بینای وەزارەتی ناوخۆ گەڕامەوە ئوتێل. لە ڕاڕەوی ئەو نهۆمەی سویتەکەی منی تێدا بو چەند کەسێ بە کامێرای تەلەفزیۆنەوە ڕاوەستا بون. یەکێکی کەتەیان لەگەڵ بو لێی پرسیم» :دەنگوباسی گفتوگۆکانی ئەمڕۆتان چیە؟» منیش پرسیم: «ئێوە کێن؟» وتیان» :ئێمە تیمێکی تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێنین» وتم: «سی ئێن ئێن چیە؟» کابرا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: « هاتوی بۆ مفاوەزات و نازانی سی ئێن ئێن چیە؟» ئەو کاتەی چوبوم بۆ بەغداد بۆ مفاوەزە 22 مانگ بو لە قاسمەڕەش و نۆکان و زەڵێ و شێنێ دەرنەچوبوم دو جار نەبێ هەر جارەی بۆ دو ڕۆژ بۆ کۆبونەوە جارێکیان لە تاران و جارێکی تر لە کرماشان .تەنیا هۆی پێوەندی مان لەگەڵ دنیا نامەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شارەکان و، دەزگای بێتەل و تەلەفزیۆنێ بو، کە هەندێ لە بەرنامەکانی ئێران و عیراقی وەرئەگرت، ئەویش لە بەر سەختی شوێنەکەی بە ڕونی وەرنەئەگیرا.

*

لێرەدا ئەبێ دان بە ڕاستیەکی تاڵ دا بنێم: ئێمە نەشارەزا بوین لە هونەر و لە زانستی «دانوسەندن» و لە هونەر و زانستی «گێڕانی ناکۆکی» و «بەڕێوەبردنی ململانێ» دا. نەمانتوانی و نەمانزانی بڕیاری 688 و، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو کوردستان و، گوشاری ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی بۆ سەر سەدام حسێن و ڕژێمی بەعس بە قازانجی کورد بە کار بهێنین. ئێمە خۆمان سەردەمێ قوتابی و سەردەمێ ماموستای «فەرهەنگی کڕوزانەوە» بوین. ئەوساش ئێمە خۆمان پێ لاواز و ئەوانمان پێ بەهێز بو. لە باتی ئەوەی ئێمە «ئیبتیزاز» ی ئەوان بکەین ئەوان «ئیبتیزاز» ی ئێمەیان ئەکرد. ئێمەش نوێنەرایەتی یەک حکومەت یان یەک حیزبمان نەئەکرد. ئێمە نوێنەرایەتی 4 حیزب مان ئەکرد، کە ماوەیەکی درێژ لە ناو خۆیان دا ناکۆک بون و، شەڕی یەکتری‌یان کرد بو .دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەمان نەبو، حیزبی بێ یا بەرەیی، بێلایەن بێ یان لایەندار، کوردی بێ یا بیانی، ئامۆژگاری‌مان بکا و بیروبۆچونمان بداتێ چی بکەین و چی نەکەین.

*





# بێ سەرو شوین کردنی ....دڵشاد مەریوانی

سەعات 5 ی ئێوارەی 12 / 2/ 1989 بەفر دەباری ، شار خامۆش بوو ، دڵشاد مەریوانی لە ماڵەوە چووە دەرەوە ، رووی کردە یانەی فەرمانبەران ،سەعات 7 ی ئێوارە چەند ئەمنێک ،روو دەکەنە سەر مێزەکەی و دەڵێن :
-مامۆستا چەند سەعاتێک کارمان پێتە ، وەرە لە گەڵمانا ، دوایی بگەڕێرەوە
سەعات 8 و 45 دەقیقە هەمزە ی عەلی دەدەی هاوڕێ وزاوای رووی کردە ماڵەوە
بە شیرین ی هاوسەری دڵشادی وت :
-ئەمن دڵشادیان دەسگیر کرد.
بۆ بەیانیەکەی کەس و کارەکەی روویان دەکردە هەر زیندانێک ، دەیان وت :
-لای ئێمە نییە .
دوای 8 مانگ ، لە بێ سۆراغی دڵشاد ،کەسو کاری بیستیان : تەنیا رۆژانی 3 شەمان
ئەمنەکان ، لە پرسگە کەیان وەڵامی خەڵک دەدەنەوە .

دڵشاد مەریوانی پێشبینی دەسگیرکردنی کردبوو
بە شیرین -ی وتبوو :
( دەزانم دەسگیر دەکرێم ...بەڵام شیرین قەد روو نەکەیتە ئەو شوێنانەوە و هەواڵم بپرسی ، دەزانم فایلەکەم لای بەعس زۆر گەورەیە ،گەر بمگرن ، جارێکی تر، نایەمە دەرێ)

سێ شەمەیەکیان شیرین و دایکی دڵشاد روویان کردە پرسگەی ئەمن ی سلێمانی ،ئەمنێک ناو نیشان وزانیاریان لێوەرگرتن ، پیی وتن :
-سێ شەمەی داهاتوو وەرنەوە بۆ وەڵامەکەی .
دوای هەفتەکە ، تەنیا دایکی چوو بوو بۆسۆراخی
پیان وت:
- کورِەکەتمان کوشتووە

دایکی دڵشاد بە جەرگی براوگریانەوە ئەو هەوڵە گەیاند بە خانەوادەکەیان ، شیرین توشی هیستریا بوو ،لەگەڵ خوشکێکی دڵشاد دا رووی کردە دائیرەی ئەمنی سلێمانی
پڕ بە گەرووی هاواری بەسەر ئەمنی پرسگە کە دا کرد :
-لەبەرچی هاوسەرەکەمتان کوشتووە ، چی کردووە ؟
ئهمنێک پێی وت بوو :
-وەڵامی تۆ نادەینەوە پیاوێک بنێرە
لەو کاتەدا براکانی دڵشاد لەوێ نەبوون ،تەنیا برایەکی لەوێ بوو، ئەویش فیرار بوو نەیتوانی بچێت ، زاوەیەکیان چوو بۆ سۆراغی، دوای مانگێک هاتوو چۆی ئەمن ی سلێمانی
دوا جار شەهادەی وەفات نامەکەیان پێ دابوو ..وتیان :
(دڵشاد کۆمەڵە وتێک دەربووە ، .قەدەغەیە پرسەشی بۆ دابنێن


شیرین خان ئاماژەی بەوەکرد :
-دڵشاد مەریوانی زۆر هەست ناسک بوو، تراژیدیای ئەنفال وژەهرباران هەڵەبجە وبێ سەروشوین کردنی هاوڕێ ی برام بێ سنوور کاریگەری لە ناخ وهۆشی دا دروست کردبوو،
تووشی بارو دۆخێکی پڕلە وەڕسی و بێزاری و ..رەش بینی ببوو
هیچ هیوایەکی بە ژیان نەمابوو ، لەناخی دا،. هەستی بە هەرەسێکی زۆر دەکرد
دوای شەهید بوونی ، بەرێوەبەری ئەمنی سلێمانی بە ناسیاوێکی وتبوو :
-بۆیە دڵشاد مەریوانیمان زیندان کرد ،بۆ ئەوەی هەموو نووسەران و ئەدیبانی کوردی پێ چاو ترسێن بکەین ، تا لە کۆڕو کۆبونەوەکان دا لە دژمان قسە نەکەن ،

بەڵام پارێزگاری سلێمانی چاودێری وردی لەسەر دڵشاد مەریوانی دانا بوو ،چەندان راپۆرتی لەسەر تۆمار کرا ، راپۆرتەکانی گەیاندبووە ، دەست عەلی حەسەن مەجید .
ئەویش بڕیاریدا بووئیعدامی بکە ن .


عەبدوڵلا کەریم مەحمود
سەرچاوە : عەبدوڵلا کەریم مەحمود : رەشەبای ژەهرو ئەنفال ..بەرگی دووەم ..ل 122-113

+ دوای راپەڕین چەندان پەڵگە نامەیەک دەست جەماوەرو پێشمەرگە کەوت ، لە بەڵگەنامەی 24 / 8 / 1989 ، لیستێک ناو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای سلێمانی یەوە تۆمار کراوە، ناوی 87 زیندانی تیایە . کە لە 13 / 3 / 1989 ئیعدام کراون ،یەکێ لەو ناوانە (دڵشاد محەمەد ئەمین فەتاح مەریونی) یە ، لە بەرامبەر ناوەکەی دا
ئەم چەند وشەیە تۆمار :
( ئەم تاوانبارە مامۆستای زمانی کوردی بووە لە ناوەندی شۆڕشی کوڕان ، وانەی کوردی دەوتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی پیتی لاتینی ،بەهۆی بیرو باوەڕە جیا خوازییەوە .یەکێک بووە لە رۆشنبیرانی کۆمەڵەی تێکدەران ).

نوسینی عەبدوڵا کەریم مەحمود






وتحتوي قائمة اخرى، مؤرخة ٢٤/٨/١٩٨٩ وموقعة من قبل مدير امن محافظة السليمانية على اسماء ٨٧ سجينا وتواريخ تنفيذ احكام الاعدام بحقهم حيث اتهم العديد منهم بارتكاب جرائم لم يسبق لهم مجرد التفكير في ارتكابها. واتهم اخرون بانتمائهم لحركات انفصالية. يدعى احد هولاء دلشاد محمد امين فتاح مريوان، والذي اعدم في ١٣/٣/١٩٨٩، وقد دون في الحقل المقابل لاسمه مايلي: «ان هذا المجرم كان مدرساً للغة الكردية في متوسطة شورش للبنين وكان يدرس اللغة الكردية مستخدماً الحروف اللاتينية بسبب معتقداته الشوفينية والانفصالية وقد كان من مثقفي احدى جماعات المخربين»

# بیرەوەری: هەنگاوێك لەپێناو نیشتیمان

## ئێمە ئاوا بەدڵ سۆزی و خۆنەویستی کردمان و کەسوکارمان لەژێر ڕەحمەتی زوڵم و زۆری بەعس دابوون

بێستون فەتاح

بەشی یەکەم

دوای ئەوەی ئەنفالەکان و پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گیرسانەوەمان لەسەر سنوورەکان،ئەوانەی خێزانداربوون بەرەو شارەکانی سەرسنوور و بۆ دابین کردنی جێگەو ڕێگە بۆ ژن و منداڵەکانیان وەک شارەکانی بانە مەریوان خانێ و مهاباد و سەردەشت و سەقز بەزۆری ئەوگوند نشینانەی کە کەوتبونە دۆڵی جافایەتی و دۆڵە ڕووت و بەری مەرگە لەشار و ئۆردوگاکانی دەوری بۆکان و ڕەوانسەر زۆر جێگەی تر گیرسانەوە ژیانێکی کولە مەرگی و مەمرەومەژی یان دەست پێکرد.

پێشمەرگەوسەرکردایەتی

دوابی ئەنفال و چونە دیوی ئێران وگیرسانەوە لەسەر سنورەکان، دوای خۆڕێک خستنەوەی هیزی پێشمەرگەی کوردستان دابەش بوون بەسەر چەند جێگەیەک ئێمە وەک پێشمەرگە کانی مەڵبەندی دوو لەسنوری بانەو لەگوندی بلەکێ بارەگای مەلبەندو تیپەکانی سەربەمەلبەندی دوو تەنها تیپی ٣٧ شارباژێڕ لە چیوەڕۆ جێگیربوون و دواتر بوو بەبارەگای بەتالیۆنی شەش .

مەڵبەندی یەک لەسنورەکانی مەریوان ،مەڵبەندی سێ لە خانەو بادیناوێ ،سەرکردایەتی لە قاسمەڕەش دەزگای ئیعلام لەسەقز .

دوای گۆرانکارییە جیهانیەکان و ناوچەیی و ملهوڕی حکومەتی عیراق بەرەو ملهوریتر بڕوات و گۆڕانی گەورەبەدی دەکرا بۆیە سەرکردایەتی باشتر بیریان لەوەکردەوە لەسەر بەرنامەی تازەوە هێزی پێشمەرگە ڕێک بکەنەوە ، بڕیاری کاری نوێ و ئەرکو فرمانی تازەو شێوەی خەباتی داهاتوو. پارتیزانی دەستی پێکرد.

کاک نەوشیروان،ئەوسەرکردەیەی لەشەرەکانی سەرکردایەتی و ئەنفال و پاشەکشە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی گرتە ئەستۆبەچەند کۆبونەوەیەک.

کۆبونەوەی بلەکێ

دوابریاری چارەنووس ساز زۆرێک لەفەرماندەکانی ئەوکات وکاک ملازم عومەر وکاک کۆسرەت و چەند فەرماندەیەکی مەکتەب عەسکەری وکۆچ کردوو کاک قادری حاجی عەلی وەک بەرپرسی مەلبەند بەشداری ئەوکۆبونەوە فروان بوون کە بەئامادەبوونی. فەرماندەی تیپ وکەرت ومەفرەزەو هەموو ئەوپێشمەرگانەی مابوونەوە لە بلەکێ و بڕیارێکی مێژووی ٠ دوای دووڕۆژ کۆبوونەوەو ڕاوێژکردن بڕیار درا شێوەی خەبات و خۆڕێک خستنەوەی هێزەکەدراو کرا بەسێ بەش ٠ مەکتەبی سیاسی و دارای و دەزگا گرنگەکانی لەقاسمەڕەش نیشتەجێ بوون.

یەکەم بەتالیۆن

هێزی دووەهەم پارتیزانەکان

هێزی سێهەم ئەوهێزی لەوخێزاندارانەی لەئۆردوگاکان بوون هەرزوو یەکێتی هێزەکەی کۆکردوە.

دیارە زۆرن ئەوانەی بەشداری شۆڕشیان کردوە لەزۆر زروفی جیاواز و هەوراز و نشێوو من نامەوێ هەرگیز لەخەبات و قوربانیدانی هیچ کەسێك کەم بکەمەوە بەڵام بەگوێرەی تەمەنی خۆم و سەردەم و ئەوکاتەی خۆم تێیدا پێشمەرگەبووم ئەنفالی یەک و ئەنفالی بادینان لەچەندین چالاکی و ئەرکی پێشمەرگانەم بەشداریم کردوە زۆر نەهامەتی و هەورازو نشێوو داستان و تێکشانم کردوە بەدڵنیایی منیش کەم یان زۆر ئەرکی سەرشانی خۆمم بەجێگەیاندوە و ووەك هەرکەسێکی تر ئەتوانم کەمێك دڵ خۆش و زۆریش ئاسودەم توانیومە لەقوناغی ڕزگاری نیشیمانی بەشداربم تاترۆپکی سەرکەوتن و بۆچرکەیەك دانەبڕوام ڕوحی هاوڕێ شەهیدەکانمان ئاسودەبێت و گۆڕیان پڕلەنووربێت تەمەن درێژی بۆ شەهیدانی زیندوو.

هەنگاوێک بەرەوشارباژێڕ



ئێمە بارەگامان لە بلەکێ بوو مەفەرزەیەك بووین ڕەحمەتی کاکە عەبەڕەقی فەرماندە، وەستاعەبدول، سەلاح لیواعشرین،جەزاپوشێنی ،سۆران عومەر،شەهید کاوە کەولۆسی،خالید هەولێری ورزگاری کەریم باقی .

ئەرکی ئێمە بەردەوام لەهاتن و چووندابووین بەرەوسلێمانی و شارباژێڕ ،ڕاستەوخۆ پەیوەندیمان بە کاك نەوشیروانەوە بوو، زۆربەی کارەکانی ناوەندی و ڕێکخستنی شارو مەفرەزەکانی شارباژێڕ و تا هاتن و چوونی مەفرەزەکانی گەرمیان ،هەرچەندە کاك دلاوەری حاجی عوسمان ئەویش هەڵۆئاسا هەمیشە لەوڕێگەیەبوو بۆ مێژوو ،هەندێ پیاوی تێکۆشەر ئەوڕێگەیان گرتبوە بەر ئەوەی دەمەوێت باسیکەم ئەرکی و فرمانی خۆمان و مەفرەزەکەمان بوو٠

چەندرۆژێك بوو مەفرەزەکەی کاك جەمال حاجی مامەندی هاتبونە بلەکێ ئەرکیان ئەوەبوو بەرەو شارباژێڕ بڕۆن و بنکەی دایمی دانێن ئەرکی گەیاندن و دەلیلی ئەوان بەئێمە سپێردرابوو. کاکە عەبە لەقاسمەرەش وە بروسکەیەکی کردو،فەرمانی کرد کە ئێمە هاوکاریان بکەین سێ پێشمەرگە دیاری کران لەوانە ڕەحمەتی جەزا پوشێنی سەلاح لیواعشرین وبیستوون واتە خۆم.

جەزا پوشێنی کەیەکێک بوو لە کۆڵەکە ئەساسی یەکانی مەفرەزەکەمان بەحوکمی شارەزایی و وورییایی جەزا پوشێنی هەموو ئەرکە قورس و گران مەترسیدارەکان زۆر ئاسان دەکرد بۆمان ئەو لەو تێکۆشەرانەبوو وەمێژووی پێشمەرگە یەک ئەتوانی بەسەدان لاپەرە لەسەر قارەمانی. ئەو جوامێرە بنوسی .

پێشمەرگە قارەمانەکان مەفرەزەکەی کاک جەمال حاجی مامەندی بریتی بوون لەم پۆلە هەڵۆیە ،فەرماندەی مەفرەزە جەمال حاجی مامەندی،وەستا جەبار ،یاسین مستەفا کە ڕۆژی ٦_١١_١٩٩٠ شەهید بوو،شێخ ستار باساکی،نەوزاد کەریم ،هیرش محێدین ،محمەد مەجید ناسراو بەحەمە شوکێی هەمان ساڵ بەهۆی مینەوە قاچێکی لەدەست داوە ئێستا کەم ئەندامی سەنگەرە ،ئەمانە ئەوپێشمەرگانە بوون ،عەلی باڵخێی کێیە؟پیاوێکی باڵا مامناوەند و قژلوول و دەم بەخەندەو چاووگەش ورەشتاڵە بوو. ئەتوانم بڵێم نوسینەوەی مێژووی یەکێتی بەبێ ناوهێنانی عەلی باڵخێی پڕەلەناهەقی و کەم کوڕی. چۆن سەرەتای شۆڕش باس لە قارەمانێتی پیشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەکرێت نوسینەوەی مێژوو خەباتی پارتی زانی دەکرێت سەردەمی پارتی زانی و ڕەتڵەکانی شارباژێڕ بەبێ عەلی باڵخێی پڕە لەناهەقی هەرکەس. ئەومێژووە بنوسێتەوە هەرکەسێک عەلی باڵخێی. لەنزیکەوە ناسیبێ. دەزانی. جوامێری و ئازایەتی ئەو لە لوتکەدابوو. یەکێک لەپیاوە ئازاکان وەسفی ئەوپیاوە بەنوسین و گیرانەوە پاداشت ناکرێ .

ئاخر ئەرکی عەلی باڵخیی و عومەر حەسەن دووکەس بوون زۆر زۆر قورس بوو بەردەوام. بەووڵاخ وزەخیرە تەقەمەنییان دەگواستەوە بۆ شاربژێر. بۆیە ئەرکی ئەوان دەهێندەی پارتیزانەکان ژیانیان لە خەتەردابوو. جیاوازی نێوان ئێمەوو ئەوان زۆربوو ئێمە سەڵتبووین. بەراستی هیچ مەسئولیەیێکی خێزان و منداڵ مان نەبوو.
ئەوەی عەلی باڵخێی ئەوان دەیان کردکەم ووینەبوو ماڵ و منداڵیان لەئۆردووگا بوو لەوسەردەمە جاری واهەبوە بە دوومانگ نەرۆیشتۆتەوە بۆ لای ماڵوو منداڵی بۆیە ئەوان شایەنی خەڵاتی گەورەی رێز لینانن بوون توانیان. ئازووقەی ئەم هێزانە دابین بکەن ,مەفرەزە کانی,

کامیل نووری وسەرکەوتی کوبە و مەفرەزەی جەمال حاجی مامەندی دووسی مەفرەزەی بەتالیۆنی حەوت سێ مانگ پێش ڕاپەرین بۆیە گەورەیی و جوامێری عەلی باڵخیی شایەنی خەڵاتی نیشتیمانی یە مەفرەزەکەی ئێمەش هەمیشە لەرێگەبوین دوای ئەوەی فرمان کرا دەبێت خۆمان حازرکەین هەریەک لەئێمە کۆڵەپشتمان حازرکرد و هەرکەس بە گویرەی توانای خۆی لانی کەم نان و خواردنی پێنج رۆژ هەلگرێ و تاقم و تفەنگ چەند دەتوانی من بۆخۆم. کلاشینکۆف و مەخزەنێکی ٧٥ فیشەک و شەش مەخزەن قەدوو و نانی ٧ رۆژم هەلگرت بەلایەنی کەم ئەوەی بەکەلکت دەهات بۆ ئەوسەفەرە خواردن و فیشەک بوو .هەردوو هاورێ کانم بەهەمان شیوە خۆمان حازرکرد وو چاوەرێ ی ئەوەبووەین بریاری کۆتایی بدەین ئاخر ئاسان نەبوو. دەبوو ئێمە ئێرانی یەکانمان ئاگادار کردایە ئەوان شەوانە کەمینیان هەبوو.
بلەکێ گو ندێکی ئاوەدان و دڵگیری سەرسنوور بوو ڕاستەوخۆ پشتی بەبناری شاخی سورکیووە بوو، ئەوەش سنوری نێوان ئێران و عیراق بوو بەدڵنیایی ئیمە کات و ساتمان پێویست بوو. بۆئەوەی لەگەڵ بۆسەی پاسدارەکان نەکەوینە شەرەوە بۆئەمنیەتی و سەلامەتی گیانی خۆمان دەبوو بپرسین و پاسدارەکان ئاگادار کەین لەو رۆیشتنە بۆ ئەم کارە دووپیاوی دڵسۆز و بەحورمەت و تێکۆشەر دەست نیشان کرابوون. ئەوانیش بەریزان. و هاورێ ی خۆشەویست کاک خالیدی جیهازو مام ئەنوەر,ئەوان کاری عیلاقاتیان دەکرد لەنیوان پێشمەرگە و قەرارگا بۆ ئەوکارە بنکەیەکیان لە بلکەێ هەبوو دوای رەزامەندی و کات و رۆژ. وەک باسم کرد بۆسەلامەتی خۆمان هەرچەندە ئەوان ووتبوویان خۆمان بەسەیارە تا دوابنکەی خۆمان دەتان گویزینەوە بەڵام ئیمە ئەوەمان قبووڵ نەبوو بە پێ لەمقەرەوە بەرێ کەوتین لەگەڵ مەفرەزەکەی کاک جەمال حاجی مامەندی لەشەوی ١٢لەسەر١٣_٩_١٩٩٠ بەرێ کەوتین بەرەو شارباژێر کۆتایی بەشی یەکەم چاوەرێی بەشی تربن



هۆڵندا بیستون فەتاح
وێنەی یەکەم
کاک نەوشیروان. ئاوات قارەمانی
شەهیدی زیندوو عەلی باڵخێی
ووێنەی دووهەم
رەحمەتی جەزا پوشێنی
بێستون فەتاح


# (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ)

## بیرەوەرییەک، کە دەبێت لەگەڵیدا برۆین و فێری ناسینی یۆنانستان ببین

**نووسینی: نیکۆس کازانتزاکیس**

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداخی**

هەموو جارەکان کە خەم دامدەگرێت، پەنا وەبەر یادەوەریی ڕۆژانی منالیم دەبەم! کرو بێدەنگ دادەنیشم و خۆم دەدەمە دەست سەفەری یادەوەریی، خەیاڵم ئەمبات و منیش هیچ توانایەکم لەدەست وپێی خەیاڵ بەهێزتر نییە، ناچار بەدووی دەکەوم و ئەویش خوا هەڵناگرێ، وەک کورێکی خۆی، هێور هێور بەسەر فەرشی خەیاڵەوە بۆ بەرزترین شوێن ئەمبات و دوای لەچاو ترووکانێکدا، دەمهێنێتەوە بۆ ناو هۆشی خۆم. کە چاوانم دەکەمەوە بێ سێ و دوو دەست دەدەمە کتێبی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) باوک و دایک و باپیرانی (کازانتزاکیس)م لێ دەبێت بە هی خۆم! جارجاریش سەرم بەرز دەکەمەوەو بە نیگایەک لە وێنەی (باوک و دایک)م دەنۆرم. لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵدەدەمەوە، لەگەڵ دلاوەر و کازانتزاکیس،دا دەڕۆم بۆ کریتا، ئەو شوێنەی کە وشە و ڕستەی یۆنانستانی هێنایە زیهنمەوە. چاوم لەسەر دێرەکان دێت و دەچێت، هەتاکو ماندوو دەبم و چاوم هێزی بینینی کەم دەبێتەوە، کتێبەکە دەیخوێنمەوە، ئیدی کتێبەکە لەباوەشم دەنێم و وەک پەرتۆکێکی پیرۆز ماچێکی دەکەم و بە هێواشی لە شوێنەکەی خۆی دایدەنێمەوە.! پەرتۆکی ڕاپۆرت بۆ گریکۆ، یەکێکە لەو پەرتۆکانە کە بۆ ئەبەد لەیادم ناچێت و بەردەوام لەبەر چاوانمدایە. هێندە زمانی کوردییەکەی جوانە، خوێنەر هەست دەکات، شوێن بەشوێنی ئەو ناوچانە بگەرێ، کە دلاوەر قەرەداغی لەنێو زمانی ئەم وەرگێڕانەدا بەکاری هێناون، دلاوەر، جارێک ماسیی گرەو لە زمانیان تێدەگات. جارێک جوتیارێکی یۆنانستانەو لە سیحری وشەو دەستەواژەی جوتیاران تێدەگات، جارێک شۆڕشگێڕیکی یۆنانییەو زمانی ئاشتی و پێکەوە ژیانیان فێر دەکات، جارێک دەبێتە مامۆستای قوتابخانە و منالان لە ترسی بومەلەرزە هێور دەکاتەوە. زمانی ئەم پەرتۆکە لە زووربەی ئەوانی دیی دەوڵەمەندتر و کوردانەترە. بۆ نموونە: (بیر لە ساڵانی خوێندنم لە ئەسینا دەکەمەوەو دڵم گەرەکیەتی هەپروون بە هەپروون ببێت. دەمنۆرێ وهیچم نەدەبینی. تەمێکی چڕ لە فەنتاسیا، مۆڕاڵ و ڕووکەشیی دونیای لێ حەشاردابووم و نەمدەتوانی هێچ ببینم. جحێلی تاڵە، تاڵ و خۆ گەورەبینە بەبێ ئەوەی حاڵی ببێت. کە دەکەوێتە سەر ئەوەی حاڵی بیت، ئیدی جحێلی تێپەڕیوە. ئەو فەیلەسوفە چینییە کێ بوو کە بە پیریی و چاوانی فرمێسکاوی و سەر و ڕیشی سپییەوە لەدایک بوو؟ ل ١٨٦ ) دەست خۆشی بۆ هاوڕێێ ئازیزم دلاوەر قەرەداخی، کە سیحری زمانی وەرگێڕانی بۆ جوانکردنی زمانی کوردیی، لەناو ئەم کتێبە دانسقەیەدا بەکار هێناوە.



# لە کوێ سەی علی ئەسغەر شێخ محمودی بینی
# بۆچی سەی علی ئەسغەر لە کەرکووک دەستگیر ئەکرێت ...

بیۆگرافی هونەرمەندان بەشیکی گرنگی مێژووە , بۆ تێگەیشتن لە کۆی فەرهەنگ , کولتوری و رۆشنبیری کۆمەڵگە ئەم بەشە لە ئەرشیف و دیکۆمینتی مێژووی ئێمەدا زۆر دەگمەنە وە گرنگی ئەوتۆی نەداوتە ئەم بابەتە ئەوەی کەهەیە لە رێگەی زارەکیەوە گێردراوەتەوە یان وەک ( سەرگوزشتەیەی خۆش ) لە نێو یادەوەری کۆمەڵگەدا ماوەتەوە. مێژوو زاکیرەی کۆمەڵگەیە بەبێ دیکۆمێنت کردنی مێژوو کۆمەڵگە بێ زاکیرە ئەمێنێتەوە لێرەوە گرنگیدان بە ژیانی تایبەتی و گشتی کەسە دیارەکانی ناو کولتوری ئێمە بە کارێکی پێویست ئەزانم بۆ تێگەیشتن لە کار و بەرهەمە هونەریەکانی ئەو کەسانەی کە لە مێژوودا کاری جددییان کردوە شوێن دەستیان هەبووە لە پیشخستنی پەروەوەی فەرهەنگی کولتوری و هونەری ئێمە دا .

هەڵدانەوەی بیۆگرافی هونەرمەندان لە رووی هەڵوێست و چۆنێتی ژیانیان لە بچوکترین وردەکاری ژیانیانەوە تادەگاتە بەرهەمە هونەریەکانیان ئەو پەیوەندیە گرنگە دەرئەخات لە نیوان رابوورد , ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەدا . کە ئەتوانرێت لە رێگەی شیکاری و لێکدانەوەی سەردەمیانە رەهەندی نوێ ( بدۆزرێتەوە ) لە مێژوودا .

یەکێک لەو کارانەی کە نووسەر ( غفور رشید داراغا ) کردویەتی لە ئەرشیف و دیکۆمێنت کردنی مێژوو فەرهەنگی هونەری رۆشنبیریدا , گەران بەدوای بیوگرافی هونەرمەندەکان و کەسە دیارەکانی ناو مێژووی ئێمەدا بووە, هەوڵی داوە لە شێوەی باسکردنی ئەم وردەکاریانەوە وێنەیەکی شیاو وشایستە بە کەسایەتیەکان بدات وە گرنگی بە وردەکاریەکانی ژیانی کەسایەتیەکان لە رووی چۆنێتی ژیانی رۆژانەیان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە رووداوە کانی ئەو کاتەی کە تێدا ژیاون بخاتە روو , هەروەها ناساندنی شێوە و چۆنێتی خۆگۆرینان.

ئەم هەوڵدانە بۆ نووسینەوەی بیۆگرافی کەسایەتییانە لە نووسینەکانی ( غفور رشید داراغا )دا زۆر بە باشی دەرئەکەوێت نموونەش بۆ ئەم بابەتە نووسینێکی لەسەر هونەرمەند (سەی علی ئەسغەر )ە کە چۆن گەراوە بە دوای وردەکاریەکانی ژیانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کە لە گۆڤاری ( رۆژی نوێ ) لە ساڵی ( 1960 )دا بڵاوی کردۆتەوە و لە فەوتان رزگاری کردوە. زامۆئا داراغا 2021/11/01

**سید علی اصغر کوردستانی**

**نووسینی : غفور رشید داراغا**

ناوبانگی بە ( سەی ئەسکەر ) بڵاو بۆتەوە, خەڵکی گوندی ( سەلوەتاوا )یە , کە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاری ( سنە )وە لە کوردستانی ئێران , ئەم گوندە بە قەیاسی نیو سەعات بە سواری دوور ئەبێت لە سنەوە.

سەی ئەسکەر لە ساڵی ( 1876 )ی زاینی لە گوندی ( سەلوەتاوا ) لە دایک بووە, لە بنەماڵەیەکی مام ناوەند کە خاوەنی ئەم گوندە بوون کە بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون , سەی ئەسکەر هەر لە منداڵیەوە بڵێسەی هونەرمەندی لە روویا دیار بووە , کاتی دەستی دایە گۆرانی ووتن لە ماوەیەکی کەمدا ئاوازە کوردیەکان زۆر بە باشی رەوان بکات و گەورەترین پلەی سەرکەوتنی تیا ببری کە هێشتا لە تەمەنی ( 16 ) ساڵیدا بوو, ئیجگار دەنگی خۆش بوو کە لەگەڵ هونەرە بەرزەکەیدا جووتی ئەکرد , بە تەواوی گوێگرانی سەرسام و حەیران ئەکرد, تیکرا تەزوو بە لەشیاندا ئەهات, تەلی عاتیفەیانی ئەبزوان , ئەو خەڵکەی ئەبردە دنیایەکی ئەوتووە کە هەر پربێ لە شادمانی و بەختیاری.

ناوبانگی ( سەی ئەسکەر ) وەک ئاگر و پووش بە هەموو لایەک و کەل و قوژبنێکی کوردستان دا بڵاو بووە لە هەموو کورێکی رابواردندا باس هەر باسی ئەو بوو , تەنانەت لە سلێمانی کاک ( رشید ) ناسراو بە ( رەشەخێل ) کە ئێستا ( حاجی رشید )ە ئەوکاتە لە سلێمانی چایخانەکەی ( سەعولی خەڵف کەریم )ی بەدەستەوە بوو , دوو کەسی راسپارد کە بچن بەدوویا بۆ شاری ( سنە ) بەڵکو بۆ چەند رۆژێک بێتە سلێمانی لە چایخانەکەیدا کۆر بگرێت و ئارەزووی خەڵکی سلێمانی بهینێتە جی کە هەموو ناوبانگیان بیستبوو و تامەزرۆی دەنگە خۆشەکەی و هونەرە بەنرخەکەی بوون بەڵام بۆی رێ نەکەوت کە بێت .

سەی ئەسکەر لە سەر خواست و داوای کۆمپانیای ( بەیزافۆت ) رووی کردە شاری ( تاران ) کە دەنگ و هونەرەکەی تۆمار بکات, لەوێ هەقدە قەوانی دەرکرد .

مقامە بەناوبانگەکانی ئەو دەورە کە زۆربەی بە فارسی ئەوتران هەمووی وەرگێرایە سەر کوردی و لە زۆریا شعرە بە سۆزەکانی بویژی بەناوبانگ ( تایەر بەگی جاف )ی بەکارهینا وەکو:-




1- همایون
2- حجاز
3- شور
4- بەیاتی تورک
5- دەشت
6- قەتاری سنە
7- خەمەنگین.

لەگەڵ ئەم مقامانەدا گەلێک بەستەی ئەو دەورەی تۆمارکرد وەکو:- ئای لەنجەیە, شەوەکەی سەرجو... هتد .

سید اصغر کوردستانی نەک تەنها کابرایەکی هونەرمند بووبێ و بەس بەڵکو نیشتمان پەروەرێکی کورد بوو هوموو هونەرەکەی و دنگە خۆشەکەی تەرخان کردبوو لە پێناوی وورياکردنەوە و پێشخستنی گیانی نەتەوایەتی کود دا, لە پێناوی ئەوەدا هەر چەندە کوردستان لەت لەت کراوەة بەڵام گەلێکی نەمر تیا دانشتووە کە گەلی کوردە هەروا بزانە هاکا راپەرێ و جوڵايەوە و گشت لەتەکانی پێکەوە لکانەوە .

سەی ئەسکەر کورد پەروەر سەودای بینینی ( شێخ محمود ) پێشەوای شۆرشە مەزنەکەی کوردستانی کەوتە سەر, کە ئەو کاتە ساڵی ( 1936 ) لە شاری بەغدا دەست بەسەر بوو, لەبەر ئەوە لە رێگای ( قەسر شیرین )ەوە رووەو شاری بەغداد کەوتە رێ.

بە دینینی شێخی نەمر شاد بوو, چەند رۆژێک لەلای مایەوە ( شێخ مەحمود ) زۆری پێ خۆش بوو دڵی زۆر بە ( سەی ئەسکەر ) کرایەوە کەوا کابرایەکی هونەرمەندی کورد پەروەر لە کوردستانی ئێرانەوە بەستراو بێتە لای, دەرد و خەفەت و جەخاری گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ دەربخات, بە هۆی هونەر و دەنگە خۆشەکەیەوە .

سەرەرای ئەوە شێخی نەمر هەموو کاتێ حەزی کردووە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ بویژ و ویژەوان و هونەرمەندان دا.

سەی ئەسکەر پاش ئەوەی کە شاد بوو بە دیدەنی شێخ رووی کردە مەڵبەندە نازدارەکەی شێخ شاری ( سلێمانی ) کە گەیشتە کەرکووک لەوێ ژەندرمەکانی دەوری دوابرا و بە تورەیەکەوە تێیان خوری کە خەڵکی کوێی؟

سەی ئەسکەریش ئەم پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو !!

چونکە ئەو کابرایەکی خەڵکی ئەم کوردستانەیە و لەو کوردستانەدا ئەم پرسیارەی لێ ئەکەن زۆر دڵگیر و زویر بوو وەڵامی ژەندرمەکەی بە توندی دایەوە لە بەر ئەوە ژندرمەکان لە ئۆتۆمبێلەکە دایان گرت و سەرەو خواریان کردوە بۆ کونی ( گرتووخانە )

نزیکەی دوو ڕۆژێکی تیامایەوە, لە پاشا ( حەپسە خانی نەقیب ) زانی خێرا ئاگاداری دۆستێکی کرد لە کەرکووک کە سەی ئەسکەر ڕزگار بکات .

توانرا کەواز بە ژەندرمەکە بهێنرێ لە شکاتەکەی سەی ئەسکەر بە بەندی ناردیانە شاری سلێمانی و شەو لە سەرا مایەوە , بەیانی لە ڕێگای پێنجوێنەوە ڕەوانەی ئێرانیان کردەوە.

سەی ئەسکەر پیاوێکی تابڵێی زۆر کەڵەگەت بوو , چوارشانە و گەنم ڕەنگ بوو, دەم و چاوی ئاوڵە کونجی کردبوو , بەڵام زۆر لێی نەکردبوو بە عەیبە .

زۆر دڵخواز بوو حەزی بە بەزم و ڕابواردن ئەکرد , بەڵام زۆر جار بە درەنگ ئەکەوتە ووتن پێش ئەوەی بکەوتایە ووتن , هەموو دانیشتوان خامۆش ئەبوون و چاویان ئەبڕیە سەی ئەسکەر, بەڵام کاتێک کە تێی ئەچریکان بە ئاوازە شیرینەکەی بە هونەرە بێ هاوتاکەی لە هەموو لایەکەوە خەڵک پۆل پۆل وەکو پەپولە شیدای چرابن لێی کۆئەبوونەوە
.

سەی ئەسکەر یەکەم کوردێکە کە کەلەپوورێکی هونەری گۆرانی و مۆسیقا بۆ بەجێ هێشتوین ، هەرچەندە هونەرەکەی و دەنگە خۆشەکەی بەر لە *چارەکە سەدەیک تۆمار کراوە ، بەڵام ئێستاش کە لە ئیستگەکانەوە لێ ئەدرێت خەڵک بەڕێزێک و خۆشیەکەوە گوێی لێ ئەگرن .

سەی ئەسکەر کەواو سەڵتە لە سەریەوە عەبایەکی کوبایی سووری لە بەر ئەکرد ، جار جارە تەپلە و مشکی و هەندێ کڵاو و مشکی ئەبەست
.

ئێستا لە ئیستگەی رادیوی کۆماری عێراقدا تەنها ( حەوت ) قەوانی هەیە , یانی ( دە ) قەوانی وونە ، ڕەنگە لە شاری سلێمانی یان شارەکانی تری کوردستان یان لە کۆمپانیای ( بەیزافۆن ) لقی تاران بە چنگ بکەوێ .

ئەمڕۆ پێویستی سەر شانی ئیستگەی ڕادیوی عێراق ، کۆمەڵی ئاوازی کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی و کۆیەیە ، کە هەوڵ بدەن گشت قەوانەکانی سەی ئەسکەر کۆبکەنەوە ، سەر لەنوێ تۆماری بکەنەوە و نۆتەکەی بنووسنەوە بتوانن چاپی بکەن .

ئەو هونەرمەندە ، ئەو کورد پەروەرە ، ئەو دەنگ یوسفیە لە تەمەنی ( 61 ) ساڵیدا ، لە ساڵی ( 1937 )ی زاینی کۆچی دوایی کرد ، لە گۆڕستانی ( تایلان ) لە گەرەکی چوارباخ لە شاری ( سنە ) نێژرا ، دەنگە خۆشەکەی و هونەرە هەڵکەوتووەکەی بردە تۆیی گڵەوە .

سەی ئەسکەر ( 3 ) سێ کوڕی هەیە بەناوی :- سەی ئەول محمد ، سەی ئەشرف و سەی ماشاءالله ، *ئێستا لە شاری ( سنە ) بە بازرگانیتی یەوە خەریکن .

زۆر سوپاسی کاک ( ڕەشۆڵ ) و کاک ( مجیدی قالەی حەمامچی ) ئەکەم کە لە نووسینی ئەم باسەدا یارمەتیان دام .

نووسەر غفور رشید داراغا ( 1923-1976 ) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە .

*لێرەدا بە پێی ئەو کاتەی نووسەر ئەم نووسینەی نووسیوە کاتەکەی داناوە .

*ئەم نووسینە لە گۆڤاری ( ڕۆژی نوێ ) ژمارە ( 9 ) کانونی یەکەم ساڵی ( 1960 ) گۆڤارێکی ئەدەبی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی . مانگی جارێک دەرئەچێ .

*گۆڤاری ( ڕۆژی نوێ ) بەرگی دووەم ( ژمارە 7-12 ) ئامادەکردنی سدیق سالح ، ڕەفیق سالح ، لە بڵاوکراوەکانی ( بنکەی ژین )

**ویکیپیدیا**

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان
گوڵە کێویلەیەک بەبناری هەیبەت سوڵتانەوە کۆیە گوڵاو پڕژێن ئەکات ، هەناسەیەک بەپروشەی باخەکانی چنارۆکەوە، حاجی قادرانە عاشقە

هەڵۆیەک لە ئاسمانیش یاخی یە و لەهاواری مەلای گەرە دەچێ لەهیچ کوێ یەک ماڵی نابێ ،پەپوولەیەک بەس بۆ گوڵ و چرا ئەژی ،هەنگاوی نیوەشەوی ناو ڕێگای سەختی خەبات و نەسرەوتوو هەرگیز هیلاک نەبوو ،هەمیشە گڕو سوتان و کۆشش بۆ خاک و نشتیمان لەگەڵ هەموو ئازارێکدا هەتوان بۆ هەموو تاریکی یەک چرا ،بۆ هەموو باخێک هەناسە ، بۆ هەموو لووتکەیەک سەنگەر لەپێدەشتا مەتەرێزو بۆ هەموو لێوێکی تینوو خەندەو بۆ هەموو ناحەقیەک قوربانی .

پیاوە جوانەکەی نیشتیمان و شارە خۆڕاگرەکەی کۆیە نەمر شەهریار ساڵح حەمید مفتی ساڵی ١٩٥٧ لەخێزانێکی نیشتیمانی و کوردپەروەر لەشارۆچکەی کۆیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە،

تا پۆلی شەشی ئامادەیی خوێندووەبەپلەیەکی باش و نایاب ،بەڵام لەبەر هەڵوێستی کوردایەتی ونیشتیمان پەروەرانەی تێکەڵاو کاری سیاسی بووەو ،زۆر چالاکانە بەشداری لەڕێکخستنەکانی ناو شار کردووەو ئاشکرا بووە لای دەزگا سیخوڕیەکان بۆیە ڕوی کردۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە و پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیووە تا بووەتە فەرماندەی کەرت لەتیپەکانی ٩٣ ی کۆیەو ٩٩ ی بیتوێن لەکاتی جیاوازدا،بەشداری و سەرپەرشتی دەیان و سەدان شەڕی قورس و سوکی کردووە وەکو داستانی قورەبەرازەو دۆڵی خەلەکان و گرتنی چەندین رەبایەو ،،،هتد ناوچەکەو خەڵک و پێشمەرگە شاهیدی قارەمانی بوێری ئەدەن ،چەندین جار بریندار بووە ،

بەداخەوە لە ١٩٨٧/١١/٠٤لەشەڕێکی نابەرامبەردا لەدۆڵی خەلەکان ،هەرچەندە ئاگاداریان کردووە کە هێزێکی زۆر بەڕێوەیەو هی شەڕ و بەرگری نی یە ،قائد فیرقەی چوارقورنە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات و بە تانک و زرێپۆش و کۆپتەر و چەندین چەکی قورسەوەن کەئەمان تەنها هەشت پێشمەرگە بوون ، بەڵام ئەم ئەڵێ ئێمە بۆ ڕاکردن لێرە نین دەبێ بجەنگین شێرانە سەنگەریان لێدەگرن و قارەمانانە دەجەنگن ،بەڵام زۆر بەداخەوە بریندار دەبێت و بەبێ هۆشی دەسگیری دەکەن تا لە دوایی لەفیرقەی چوارقورنە دوای لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر گەشمردەی دەکەن و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە یادو یادەوەری بەخێر رەوانی پاکی شاد /ڕزگارەسوور



ئەم ژیاننامەیە لە سایتی خاک تیڤی وەرگیراوە

# شێخ مەحموودی حەفید (1881 - 1956)

دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ-ە

ساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی لەو بنەماڵە ئاینیە بەناوبانگە لەدایکبووە، کە دوای هەرەسهێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست. شێخ مەحمود بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و مامۆستایانی وەک (عەبدوڵڵا ئەفەندیو زێوەر) دەرسیان پێوتووە.

هێشتا منداڵ بووە کە لە خزمەتی باوکی دا سەردانی ئەستەنبوڵی کردووەو لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشوازی لێکردون.

ساڵی ١٩٠٨ بەپیلانی تاقمی ئیتیحادو تەرەقی لە شاری موسڵ شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای شەهیدکران، ئیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی شێخ مەحمود کە لەو کارەساتەدا زۆر بەزەحمەت رزگاری بووە. شێخ مەحمودی حەفید وەک شەخسیەتێکی موسڵمان، ساڵی ١٩١٥ بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا دژ بەئینگلیز لە ناوچەکانی کوتو شوعەیبەو بەخۆیو چەند سەد سوارێکی کوردەوە بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواند.

ساڵی ١٩١٨ کاروباری شاری سلێمانی گرتەدەست و لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩ دا نەبەردێکی گەورەی لە دەربەندی بازیان دژی ئینگلیز تۆمارکرد، لەو شەڕەدا شێخ مەحمود بەبریندارى کەوتە دەست ئینگلیزو دواتر لە دادگایەکی کارتۆنی دا حوکمی لەسێدارەدانی درا، بەڵام لەژێر گوشاری رای گشتی دا و لەترسی بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورەی کورد، ئەو حوکمە گۆڕا بە (١٠) ساڵ زیندانی و شێخ مەحمودیان دوورخستەوە بۆ هیندستان.

ماوەی سێ ساڵی دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەی ئاڵۆزکرد، بۆیە ساڵی ١٩٢٢ رێپێیدرا بگەڕێتەوە کوردستان و هەر هەمان ساڵ شێخی نەمر لە سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراندو هەموو تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ پتەوکردنی ئەو حکومەتە، بەڵام سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەورە هێزەکانی دنیا دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بوون و ئینگلیز بەتەواوی پشتگیری لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق دەکردو لەشکرکێشیان دەکردە سەر کوردستان.

شێخ مەحمودی حەفید ماوەی چەند ساڵێک شەڕی پارتیزانی درێژە پێداو دواجار لەئاکامی گەلەکۆمەکێی هێزە ناوچەییەکان و هێزە گەورەکانی جیهان، شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٦ دەستی لە چالاکی سیاسی و عەسکەری هەڵگرت و لەگوندی پیران دانیشت، بەڵام کە راپەڕینەکەی خەڵکی شاری سلێمانی لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ خەڵتانی خوێن کرا، شێخ مەحمود دەستیدایەوە چالاکی دژ بەهێزی ئینگلیزو هێزی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق و چەند نەبەردێکی تۆمارکرد، لەوانە شەڕی (ئاوباریک، شەڕی کەناروێ و شەڕی سورداش)، بەڵام پارسەنگی هێزە عەسکەری و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی کورددا نەبوون، بۆیە شێخ مەحمود لەساڵی ١٩٣١دا کەوتە دەست دوژمنانی کوردو بەدەستبەسەری لە بەغداو ناوچەکانی تری عێراق دا خرایە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٤١و لەکاتی هەراکەی رەشید عالی گەیلانی دا شێخ مەحمود گەڕایەوە کوردستان و لە گوندی داریکەلی نیشتەجێ بوو. دوا کاتی ژیانی لێ بەسەربرد هەتا کۆچی دوایی کرد.

ستیڤن لۆنگریک" لە پەرتووکەکەی "عێراق لە 1900 - 1950"دا لە بارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودەوە دەڵێ: دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە ڕەواندزی گرتەوە و ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەیشی سەر بە میرییەکی شێخ بوون و بە دەیان سەرۆک خێڵی کوردی کەوتنە پاڵی و کوردی بووە زمانی فەرمی میرییەکەی و فەرمانبەری لە کورد بەولاوە کەسی تر نەبوون ،



شێخ مەحموود هەستی دەکرد بەریتانیا بە دڵ لەگەڵ کورد نییە و وردە وردە لە پەیمان و بەڵێنەکانی کە بە کوردی دابوون پاشگەز دەبێتەوە ، بۆیە لە ڕۆژی 21ی مایسی 1919دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ڕاگەیاند و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی و ناوچەکانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیل گرتن.

بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلیزەکان هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لە دەربەندی بازیان بە لەشکری خۆ بەختکاری شێخ مەحموود گەیشتن ، بە چەکی نوێ لە کوردیان داو لە ئەنجامدا شێخی نەمر لە پەنا بەردە قارەمان بە برینداری بەدیل گیراو بردرا بۆ بەغدا و دادگای سەربازی فەرمانی لەسێدارەدانی دا ، بەڵام دوایی بیریان لەوە کردەوە گەر شێخ مەحموود بکوژرێ باری کوردستان پتر ئاڵۆز دەبێ و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتوون و هێرشی نەکردووەتە سەر سوپای بەریتانیا ، بەڵکو لە باری بەرگری لەخۆکردندا بووە ، بۆیە بڕیاریاندا فەرمانی سزاکەی سووك بکرێ و دوور خرێتەوە بۆ هیندستان.

لە پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحموود لە سلێمانی باری ئاسایشی کوردستان پتر تێکچوو ، بۆیە بەریتانیا بیری لە هێنانەوەی ئەو پاشایەی کوردستان کردەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو پەشێوییە ، وابوو ئینگلیزەکان لە دوای مانگی ئەیلوولی ساڵی 1922 دا شێخ مەحموودیان هێناوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکراو ناوی نا پاشای کوردستان و لە مانگی تشرینی دووەمی 1922 دا میرییەکی نوێ ی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عێراق فەیسەڵی یەکەم دانیان پێدا هێنا.

بەڵام ئەم جارەش بەریتانیا لەگەڵ کورد سەر ڕاست نەبوو ، بە تایبەتی کە پەیمانی سیڤەر پووچەڵکرایەوە و لە شوێنی ئەو پەیمانی لۆزان لە 1923/7/24 دا لەگەڵ تورکیای کەمالی مۆرکرا ، دووبارە لە میرییەکەی شێخ مەحموود دراوە و ماوەیەك پاشا مەحموود چووە چیای سورداش و دوایی گەڕایەوە سلێمانی ، بەڵام لە ساڵی 1924 دا سوپای عێراق بە پشتگیری تانك و تۆپ و فڕۆکەی بەریتانیا سلێمانی داگیر کرد و ئەندامی بەریتانیا خودموختاریش بۆ کورد ڕەوا نەبینی تەنیا ئەو مافەی دا بە کورد "کە فەرمانبەرەکانی کوردستان کورد بن یان کوردی زان بن و زمانی کوردی بکرێ بە زمانی فەرمی لە ناوچەکەدا" ئەمەیش بە نامەیەکی فەرمی بۆ شێخ مەحموود نارد و تێیدا نووسی لەوە زیاتر چی دیکەتان پێ نادرێ.

دوا راپەڕینی شێخ مەحموود لە دژی میری عێراقی ژێر چاودێری بەریتانیا لە دوای شەڕەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەك لە خۆپیشاندەران بوو ، کە ئەوساکە لە دیوی کوردستانی ئێران لە (پیران) دادەنیشت ، کە هەواڵی ئەو راپەڕینەی میللەتی زانی ، هاتە دیوی پێنجوێن و ئەو ناوچەیەی ئازاد کرد و پیاوماقوڵی ئەو ناوەی کۆکردەوە و بە هەموویان لەسەر ڕاسپاردەی شێخی نەمر یادداشتێکی توندیان بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا نووسی و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدا نووسی ، کە بریتی بوون لە مانەی خوارەوە:

1.دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین و هیچ عەرەبێك نە سەرباز نە سیڤیل لەم شوێنەدا نەمێنێ.

2.ئەم ناوچەیە واتە "کوردستان" لەژێر چاودێری بەریتانیا دابێ تاکو کۆمەڵی ئەقوام (عصبە الامم) بڕیارێکی لەسەر دەدات.

3.بەڕەڵلاکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی (شەڕی بەردەرکی سەرا) وە گیراون و دوورخراونەتەوە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان.

4.هەر ئەفسەر و فەرمانبەرێکی کورد لە وڵاتی عەرەبستاندا هەیە بنێردرێنەوە بۆ کوردستان.

لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەم یادداشتە ، دەستەیەك لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراق هاتنەدەر و چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخی نەمر لەوانە: "مەحموود جەودەت ، حەمید جەودەت ، کامیل حەسەن" هەروەها "ماجید مستەفا"ش خۆی ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لە پێناوی سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.

ئەم گەورە پیاوەی کورد جگەلەوەی کە جێپەنجەی بەسەر هەموو رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقەوە هەیە، شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی گەورەش بوو. خوێندەوارێکی بەسەلیقەو شاعیرێکی بەهرەداریش بوو. پێکهاتەو حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ مەحمود نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە بایەخیداوە بە خەڵکی رۆشنبیرو زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرو شاعیرو رۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان بەشۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردووە. لەخەباتی پارتیزانیش دا رۆڵی خوێندەوارو رۆشنبیری بەرز نرخاندووە، بۆیە چاپخانەکەی رۆژنامەی (بانگی حەق)ی لە ئەشکەوتی جاسەنە دا جێگیرکرد. بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە ئەو راستییە ئاشکرا دەبێت کە لەرووی ئیداری و عەسکەری و دیپلۆماسییەوە شێخ مەحمودی نەمر هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشاو ئەمیرانەی کە لە دەورو پشتی کوردستان دا پشتگیرییان لێکراوە. ئەم شەخسیەتە ناودارەی کورد رۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا کۆچیدوایی کرد. رێورەسمی پێشوازیکردن لە تەرمەکەی و بەخاکسپاردنی ئەو تەرمە پیرۆزە بوونە پریشکی هەڵگیرسانەوەی راپەرین و خۆپیشاندان لە کوردستان دا. کۆچیدوایی شێخ مەحمودی حەفید زیانێکی گەورەی بەبزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خەڵکی کوردستان گەیاند، بۆیە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد شیعرو بەرهەمییان بۆ نووسیوە.







2

**داواکاریەک بۆ لایەنە پەیوەندارەکان ، سەبارەت بە کەیسی کۆچبەران.**

بۆ / بەڕێزان لە:

* سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.
* پەرلەمانی کوردستان.
* حکومەتی هەرێمی کوردستان.
* سەرۆکایەتی کۆماری عێراق.
* ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
* حکومەتی عێراق.
* لایەنە پەیوەندارەکانی کۆچبەران و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و عێراق.
* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و هەرێمی کوردستانی فیدراڵ.

بەڕێزان .. داواتان لێدەکەین وەک هەستی بەرپرسیاریەتی و مافی هاوڵاتی و هاونیشتمانی بون بۆ کەیسی گێڕانەوەی کۆچبەرانی سنورەکانی بیلاڕوس ، هەر کۆچبەرێک بڕێک پارەی بۆ دابین بکرێ بە پێی دراسەی تێچوی هەر کۆچبەرێک و ئەو بڕە پارەیی خەرجیکردوە ، ئەمەش وەک قەرەبویەک بۆ هەر کۆچبەرێ ، پاشان هەوڵ بدرێ لە ڕێی لایەنە پەیوەندارەکانەوە هەلی کارو شوێنی نیشتەجێیان پێ بدرێت ، کە ئەم کەموکوڕیانە لە پەنای هۆکاری نەبونی سیستەم و نابەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هۆکاری کۆچی کۆچبەرانن.

وەک ( ڕێکخراوی ئانیا بۆ گەشەپێدانی توناکانی تاک ) پێمان وایە کارکردن لەسەر ئەم داواکاریانە و جێبەجێ کردنیان دەبێتە هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی توانای مرۆیی عێراق و هەرێم و سەرلەنوێ بەگەڕ خستنەوەیان.

ڕێکخراوی ئانیا بۆ گەشەپێدانی تواناکانی تاک

سلێمانی

ڕێکەوتی ١٧/١١/٢٠٢١

5

هاوپێچ ناوی نوسەر و شاعیر و کەسایەتی جیاواز و ڕێکخراوەکانتان بۆ دەنێرین کە پشتیوانی ئەم کەیسەن .

تکایە هاوڕێیان هەر ڕێکخروێک یاخود چالاک وانی مەدەنیە یان فەرمانبەرە لای خۆی شێری بکات ناوی خۆی بنوسیت و بڵاوی بکاتەوە لای خۆیەوە سوپاستان دەکەین

١-بەیان ئیبراهیم

بەڕێوبەری ڕێکخراوی ئانیا

٢-ئەردەڵان شێخ فاتیح بەرزنجی،سەنتەری باشور بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

تۆڕی ڕێکخراوەکانی سلێمانی

ئەنجومەنی فشار

٣-جوتیار قادر کریم

نوسەرو شاعیر

٤-دلشاد بابان ڕێکخراوی ڕێگا بۆ گەشەپێدان

٥-ئەجات ڕۆستی ریکخراوی میدیا بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامە نوسان

٦-عبدلقادر سعید سەرچناری

نوسەرو شاعیر و ڕۆمانوس

٧-محمدرسول محمد

چالاکوانی مەدەنی

٨-میوان قەرەداغی /ڕێکخراوی برەودانی گەنجان

٩-ڕێکخراویSYEO

١٠-ڕێکخراوی کیکو

6

١١-ڕێکخراوی شنەبای خاک

١٢-سامان قادر

١٣-جزا محمد جێگری لقی سلێمانی یەکێتی فەرمانبەرانی کوردستان

١٤-گوڤەند ئەحمد.

ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی کورد بەریتانیا.

١٥-زانا قەرەداغی

.ڕێکخراوی دوستانی ئما

١٦-ڕێکخراویCSAD

١٧-ئەسرین حسین سالح

ڕێکخراوی ڕۆشنبیرانی کورد بەریتانیا

١٨-ڕێکخراوی بەرەوهیواکانی کچان و ژنان /

امینە علی حمە صالح

١٩-ئاوات حسام الدین نوێنەری زەردشتیان لە وەزارەتی ئەوقاف

٢٠-ڕێکخراوی ئاشەڤان

٢١-ڕێکخراوی پەسنا

٢٢-سەنتەری کۆمەڵایەتی کۆیپانی شاری سلێمانی

٢٣-کە وسە ر حسن نادر

کومە لە ی زامي کوردستان

٢٤-سەلام سعید مەولود نوسەرو شاعیر

٢٥-بەندی علی نوسەرو شاعیر

٢٦ -هاودەنگ سلێمانی چالاکوان و ئازادیخواز

٢٧-ڕازاو ڕەئوف فەرمانبەرلە کتێبخانەی گشتی

7

٢٨-تۆڕی ڕێکخراوەکانی سلێمانی

٢٩_ڕێکخراوی خۆری ئاشتی


٣٠-ڕێکخراوی قەرەداخ بۆ گەشەپێدان

٣١-هەنار مفتی نوسەرو شاعیر

٣٢-لاوک کونجرینی نوسەرو ڕۆژنامە نوس

# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
# ئالان فەتاح

-1977 شاری سلیمانی لەدایکبووە
-1997 پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلیمانی تەواو کردووە
-2003 کۆلیژی هونەری زانکۆی سلیمانی تەواوکردووە
-2007 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە
-بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوەو دەرەوەی کوردستان



ئالان فتاح

1977ولد في مدينة سليمانية
1997 تخرج في معهد فنون جميلة (فرع رسم) في سليمانية
2003 تخرج في كلية فنون جميلة في جامعة سليمانية


معارض شخصية


2007أول عرض شخصي في قاعة متحف وطني في مدينة سليمانية
2007معرض في كلية فنون جامعة سليمانية

اشتراك معارض

1993معرض (نجوم سوداء) بأعمال كرافيك فى متحف وطني/سليمانية
2011معرض للمعلمين تشكيلين في قاعة (أمنة سووركة)/ سليمانية
2012معرض غاليرى زاموا / سليمانية
2012معرض (ذكرى تأسيس مدينة سليمانية) قاعة فن
2013معرض للفنانين أكراد / قاعة أمن سووركة














# لە سەرگورشتەکانی نوری سەعید

نوری سەعید سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابوردو،کوێ بیستی ئەوەبوو تورکیا دەیانەوێ کێشەی ویلایەتی موسڵ زیندوبکەنەوەو دەست لەکاروباری عیراق وەردەن ،ئەوکات سوپای عیراقیش هێندە بەهێز نەبوو تا ڕوبەڕوی سوپای تورک بێتەوە،نوری سەعید نەگەڤی کردونە داوای هێزو هاوکاری لەبەڕیتانیەکان کرد،بەهێمنی بەدەستەودایەرەکەی ڕاگەیاند کەفڕۆکەیەکی بۆئامادەکەن دەچێ بۆ ئیتالیاو چوو بۆ ئەوێ وتەنها کوپە قاوەیەکی خواردەوەو گەڕایەوە بەغد.

ئینگلیزەکانیش چاودێرییان دەکرد بزانن چی دەکات، ئەوکات وسەردەمە ئیتالیەکان بەرامبەر ئینگلیزەکان دەوەستانەوەو لەوەش دەترسان ئیتالیا دەست لەکاروباری عیراق وەربدات لەگەیشتنەوەی بۆ بەغدا ئینگلیزەکان لێیان پرسی بۆچی سەردانی ئیتالیات کرد لەوەڵام دا نوری سەعید پێی گوتن بیستبوم گوایە نەخشەو پەیماننامەکەی ویلایەتی موسڵ لای ئەوان هەیە...


ئینگلیزەکان بەنوری سەعیدیان ڕاگەیاند هەمو نەخشەو پەیماننا‌کە لای ئێمەیە بۆیە واز لە ئیتالیەکان بێنە ئێمە چارەسەری تورکەکانت بۆدەکەین،بە کوپێ قاوە خۆی لەتورک ڕزگار کرد...بەڕاستی ڕێوی سیاسەت بوو....

ڕۆژانەکانی نوری سەعید

نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتی دەلاکێکی تایبەتی هەبوە، دەلاکە کوڕێکی هەبوو،هەرجارەی سەری تاشیوە کورەکە پێی گوتوە پیرۆز بێت وجاران وابوە ئاو دەکرا بەسەری ئەوەی سەری تاشیوە نوری سەعیدیش سەری دەشوات وکوڕە خاولی بەسەری دەدات وبۆی وشک دەکاتەوە وهەموو جارێ شاگردانەی خۆی وەردەگرێ...کورە گەورەدەبێ باوکی یەکێ لەوجارانە بەنوری سەعید دەڵێ پاشا بەلکو شتێکمان بۆبکەی کوڕەکەم ببێ بەئەفسەر لەسوپای عیراق دا...نوری سەعید پێدەکەنێ ودەڵێ کوڕەکەت فیربوە سەری خەڵک بشوات و ووشکی کاتەوەو شاگردانەی خۆی وەرگرێ گەرچوە ناوسوپاوە وبەرتیلیان پێدا یا شاگردانەیەکیان پێدا بەرامبەر کارێکی نابەجێ بێگومان دەیکات کەواتە کوڕەکەت شوێنی سەرتاشخانەیە نەک ڕیزەکانی سوپا...

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
عوسمان عومەر





## گەمژەیی

نوسینی ئەنتوان تشیخۆف

دەڵێن ئەو ڕۆمان نوسە بەناوبانگەی ڕووس ئەم کورتە چیرۆکەو شاکارەی لەئەدەبی ڕووسی بۆ گەلانی وەک ئێمە نوسی بێ ، چونکە لەگەڵ واقیعی ئەمرۆی وولاتەکەمان گونجاوە .

تیشخۆف دەڵێت:

دایەنێک هەبوو بەناوی یولیا ڤاسیلینا لەبری دایک و باوکان منالی بەخێو دەکرد لەماڵان دا وانەی پێدەگوتن.لەماڵێکی دەولەمەند وخانەدان کاری دەکرد.

یولیا دوومانگ بوو موچەی کارەکەی وەرنەگرتبوو....

خاوەن ماڵەکە ڕۆژێکیان بانگی کردە ژوورەکەی خۆی تا حەق و حسابی لەگەل بکات, یولیا هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە بۆ ئەوە و داواشی نەدەکرد...!

دانیشە یولیا دەزانم پێویستت بەپارەش هەیە بەلام بۆچی خۆت ئەو بویریەت نییە داوای بکەی؟

باشە ئیمە وا ڕێککەوتنمان کردووە کە مانگانە ٣٠ ڕۆبلت لەبری کارەکەت پێ بدەم .

یویلیا لە ژێر لێوەوە نا قوربان بریاربوو ٤٠ ڕۆبڵ بێت ....نا لای خۆم تۆمارم کردووە.

خاوەن ماڵ بۆ ئەوانەی پێش تۆش هەر ٣٠ ڕۆبلم وەک کرێ دیاریکردووە...

زۆرباشە ماوەی دوومانگە لامان کار دەکەیت ...

یولیا بەشەرم و ژێر لێوەوە گوتی نا گەورەم دوو مانگ و ٥ ڕۆژە ... نا دوو مانگی تەواوە لای خۆم نوسیوەمە.. یولیا با قسەی تۆبێ گەورەم .

خاوەن ماڵ: مافی تۆ لای من ٦٠ ڕۆبڵە ٩ ڕۆژی لێ دادەشکێنین لەبری ڕۆژانی یەک شەممەکان چونکە تۆ لەو ڕۆژانەدا هیچ وانەیەکت پێ بە (کولیا)نەگوتووە تەنها بردوتە بۆ پیاسە , ٣ ڕۆژ جەژنیش هەیە... کولیای کورم ٤ ڕۆژناساغ بووە تەنها وانەت بەڤاریای کچم گوتوە ڕۆژێک بەهۆی دان ئێشەوە مۆلەتت لە هاوژینەکەم وەرگرتووە کە پشو بدەی بۆیە ١٩ ڕۆبڵت لێدەبڕم واتە ٤١ ڕۆبلت لای من ماوە ....

چاوەکانی یولیا سوور بونەوەو پربون لەفرمێسک و کۆکەیەکی دروستکراوی کرد و هەربێ دەنگ بوو, قسەی نەکرد.

خاوەن ماڵ:

لەجەژنی سەری ساڵ دا فنجانێک و ڤاپێکت شکاندووە ٢ ڕۆبلت لەسەر ئەوە لێ دەبڕم,هەرچەندە فنجانەکە لەو نرخە زۆرترە, بەهۆی بێ ئاگاییت لە کولیا چوتە سەردار و چاکەتەکەی دڕاوە, هەر بەهۆی بێ ئاگایی تۆوە خزمەتکارەکەشمان پێلاوێکی ڤاریای دزیوە بۆئەوەش ١٠ ڕۆبلت لێ دەبڕم, لەمانگی کانونی دووەمیش ١٠ ڕۆبلت بەدەستی لێ وەرگرتووم ...

یویلیا گەورەم دلنیابە هیچم لێ وەرنەگرتوی ....بەتورەیی نا ...نا لای خۆم نوسیومە یولیا باوابێ گەورەم.

چاوەکانی یولیا پر فرمێسک بوون واتە تەنها١٤ ڕۆبلت لای من ماوە ... ئەزیزم فەرموو ئەوە پارەکەت ...


یولیا پارەکەی بەشەرم وترسەوە هەلگرت و خستیە گیرفانی و گوتی سوپاس ...
یولیا گەورەم ٣ رۆبلیشم لە هاوژینیش وەرگرتوە .ئەوەم نەنوسیوە واتە ١١ رۆبلت لای منە .
خاوەن ماڵ زۆر پەست و تورە و هەرهاتوچووی بووی لە ژوورەکەدا ...
بەتورەیی لێی پرسی :
بۆچی سوپاسم دەکەی .... ؟بۆ پارەکە
خاوەن ماڵ :
پێی گوت من مافی تۆم خواردووە، دزیم لێکردی ، درۆم لەگەل کردووی بۆچی سوپاسم دەکەی؟

یولیا لەهەندێ شوێن ئەوەشیان پێنەداوم ...
خاوەن ماڵ من گاڵتەم لەگەل کردی ها یەوە ٨٠ رۆبلەکەت بەلام بۆچی ئەوەندە بێ دەسەلات و دەستەوەستان بویت بەرامبەرم ئەوە مافی خۆت بووە بۆچی بێ دەنگ بووی؟ بۆچی بەو شێوەیە بێدەنگیت هەلبژارد ؟ ئایا تا ئەو رادەیە زارەترەک بووی؟ گەمژەیی تا ئەو رادەیە لەمافی خۆت بێدەنگ بیت؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ بێ ددان بێ لەژیان دا ؟

کاتێ لەماڵ چووە دەرەوە گوتی:
چەندە قێزەونە کە مرۆڤ هێندە بێ هێز و زەبون لاواز بێت لەم دونیایە ...

تیشخۆف بۆیە ئەم چیرۆکەی ناونا گەمژەیی چونکە واقیعی گەلانێک پێشان دەدات کەبەبەر چاوی خۆیانەوە دزییان لێدەکرێ لەلایەن حوکمرانەکانیان و وورتەش ناکەن و لەهەمان کاتیش دەست خۆشییان لیدەکەن و سوپاسیان دەکەن وچەپڵەشیان بۆ لێدەدەن کە دەژین و ئەو چکە چکەیەیان پێدەدەن ...

**بەرچڤەکردن وئامادەکردنی**
**عوسمان عومەر**
**٢٤ی ئەیلولی ٢٠٢١**






## ڤۆدگا لەبری موچە

لەنەوەدەکان ولەکاتی قەیران دا لەیەکیتی سۆڤیەتی جاران مامۆستا ڕووسەکان لەبری موچەکانیان چەند قاپێ ڤۆدگایان پێ دەدرا واتە ڤۆدگا لەبری پارە ئەوە بەکارێکی لۆژیکی دادەنرێ کاتێ کەدراوەکەت بێ بەها دەبێ ونرخی دادەبەزێت.
لەگەڵ دارمانی یەکیتی سۆڤیەت وبەرزبونەوەی ئاستی هەڵئاوسان بەرۆبڵی خۆیان دەگوت پارەتەختەییەکە
لەساڵی ١٩٩٨دەسەلاتدارە ڕووسەکان لەیەکێ لەناوچەکانی سیبیریا ٨٠٠٠ مامۆستا هەریەکەیان ١٥ قاپ ڤۆدگایان لەبری موچەکانیان پێدرا، بەپێی ڕاپۆرتی UPI سەرەتا پێشنیار کراوە کلینکسی تەوالێت بێ بەلام دواتر ڕایان لەسەر ڤۆدگاکە گیرساوەتەوە چونکە تاکە شتێکە دەتوانرا بفرۆشرێ یا ئاڵوگۆڕی پێبکرێ بەنان وخۆراکی دیکە.
پێشنیار بۆ حوکمەتی خۆشمان دەکەم لەبری موچە پاشکەوتکراوەکانمان هەریەکە بەپێی بڕی پاشکەوت کراو لەئۆتۆمبیل ومولک وشتی زیاد لەخۆیانمان پێ بدەن ئێمەش یا دەیگۆڕینەوە بەنان وخواردەمەنی یا دەیفرۆشینەوە با ئەوەندە بەڕویان دا نەدەینەوە بڵێین قەرزارن وئەوانیش درۆمان بۆبکەن.با تورکیاش لەئێستادا نرخی لیرەی هارەی کردوە وەک پێشنیارێ هەر خێزانێ چەند بوتڵێ لەوشیرەی سەرۆکیان لێی خواردۆتەوە پێبدات بەڵکو سەری ئێردۆغان وڕژێمەکەی بخوات.

**عوسمان عومەر**



# بۆیەکەم جار ئوتومبێل چۆن هاتە سلێمانی

## گەراجی (موهەندیس خانە ) لەساڵی ١٩١٩ بۆ فێر بوونی شۆفێری و فیتەری کێ دروستی کرد

### بەشی یەکەم

نووسین و دارِشتنەوەی ; ئامانجی مامۆستا عمر

پێش هاتنی ئوتومبێل بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩١٩حاڵی هاتوو چۆ گواستنەوە چۆن بوو

کەسە ناودار سەرۆك عەشرەت و دەوڵەمەندەکان وئەفسەرەکان ئەسپیان بەکار دەهێنا لەسلێمانی وەلەشارەکانی عێراقیش هەمان شێوە بوو
بازرگان و پیشەوەرەکان هێستریان بەکار دەهێنا بۆ گواستنەوەی کاڵاکانیان و هاتوچۆ بەتایبەت بازرگانە کوردەکان کەرِێگای شاخ و گردۆڵەیان لەبەردەم رِێگایان بوو وە هێستریش بەوە ناسراوە کەتوانای لەئەسپ زیاترە بۆ هەڵگرتنی باری قورس لەهەمان کاتدا زۆر وریایە لەرِێگای شاخدا
جوتیار و کەسی ئاسایی گوێ درێژیان بەکار دەهێنا بۆ گواستنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و گواستنەوەی دار و هاتوو چۆی خۆیان
لەهەمان کاتدا لەناو شارەکان ئەسپ و عەرەبانە هەبوو عەرەبانەی یەك ئەسپی و دوو ئەسپی بۆ گواستنەوەی کاڵا و هاتوو چۆ
هاتنی یەکەم ئوتومبێل بۆ شاری سلێمانی ساڵی ١٩١٩
کاتێك مێجەرسۆن حاکمی ئینگلیز دەبێت لەشاری سلێمانی بۆ یەکەم جار داوای دوو ئوتومبێل دەکات لە کارگێرِی سەربازی ئینگلیز لەشاری بەغداد لەهەمان کاتدا گەراجێکی کردەوە بۆ فێر بوونی شۆفێری و میکانیکی ئوتومبێل ئەم گەراجە دەکەوتە بەرامبەر ماڵی کەسی ناسراو ( محمد عبدالرحمن ئاغا ) کەخەڵکی سلێمانی بەم گەراجەی دەوت (موهەندیس خانە )
مێجەرسۆن داوای لەخەڵکی گەنج و کارامە کرد خۆیان ناو نووس بکەن بۆ فێر بوونی شۆفێری و میکانیك هەرکەسێکیش بەشداری خولەکەی بکردایە مێجەرسۆن برِی (٥٠) پەنجا رِوپیەی هندی دەدایە وەك مووچە
هاتنی دوو ئوتومبێلەکە لەبەغداد بۆ سلێمانی :
ئەو دوو ئوتومبێلەی مێجەرسۆن داوای کردبوو لەبەغداد کەوتنە رِێ بەرەو سلێمانی کە هەردوو شۆفێرەکە بەرِەچەڵەك خەڵکی هندستان بوون بەڵام ئوتومبێلی یەکەم لەتاسڵوجە پەکی دەکەوێت ئوتومبێلی دوهەمیش ناگاتە سلێمانی پەکی دەکەوێت وەشۆفێرەکان زۆر هەوڵ دەدەن چاکی بکەن بۆیان چاك ناکرێت ئەم کێشەیەش مێجەرسۆن زۆر تورِە دەکات هەردوو شۆفێرەکەش سزا دەدات دەڵێت ئێوە لەیەکەم چالاکی شکستان هێنا بچنەوە بۆ بەغداد وەداوای شۆفێرێکی بەتوانا دەکات
شۆفێرێك لەبەغداد کاری گواستنەوەی ئەفسەرێکی ئینگلیزە لە (باب المعظم) بۆ (معسکر رِەشید ) بەڵام ئەم شۆفێرە کەهندی یە خاوەنی دڵێکی زۆر باش دەبێت کاتێك ئەفسەرەکەی لەگەڵ نابێت مناڵ و گەورەو پیر سواری ئوتومبێلەکەی دەکات دەیان گوازێتەوە پیاسەیان پێی دەکات چەند جارێك عەریفە ئینگلیزە لێپسراوەکەی پێی دەڵێت ئەمە سەرپێچی یاسای سەربازی یە نابێت خەڵکی مەدەنی سوار کەیت
کاتێك داواکاری مێجەرسۆن دەگات عەریفەکە ئەم شۆفێرە بانگ دەکات دەڵێت تۆ خاوەنی دڵێکی باشیت بەڵام تۆ گواستراویتەوە بۆ شارێکی دور بۆلای حاکمێکی تورِە ئەمە برِیارِی گواستنەوەتە
کاتێك مێجەرسۆن لە دەوامی ئاسایی خۆی دەبێت گوێ لەدەنگی مەکینەی ئوتومبێلە رِادەکات سەیر دەکات ئوتومبێلێك وەستاوە شۆفێرێکی هندی هێناوێتی دەڵێت چۆن ئەم ئوتومبێلەت چاك کردەوە ئەویش دەڵێت ئەو دوو ئوتومبێلەی لەتاسڵوجە پەکیان کەوتبوو پارچەی دانەیەکیانم بەکار هێنا بۆ ئەوەی تر چاکم کردەوە وەدڵنیاشت دەکەم ئەوەی تر چاك دەکەمەوە ،مێجەرسۆن زۆر خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت پێی دەڵێت تۆ کەسێکی زیرەکیت ئەو شۆفێرە هندی یەی بۆ یەکەم جار ئوتومبێلی هێنا بۆ سلێمانی ناوی (کولکول جان مکورجی)بوو



ئێستا خانەوادەی مکورجی لە سلێمانی نەوەکانیان ماون هاورِێ ناسیاوی زۆرمانن ماشاللە زۆر بوون خوای گەورە هەرشتی باشیان بەنسیب بکات مکورجی لەساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی دەکات لەگردی سەیوان دەنێژرێت رِۆحی شاد بێت
چاوەرِێ بەشی دووهەم بن ژیانی مکورجی دوای مێجەرسۆن و مانەوەی لەسلێمانی کارکردن لەگەڵ شێخ مەحمود

نووسین و دارِشتنی ; ئامانج مەسرەف
2021/8/9

سەرچاوە;الکاردینا بلغە العربیە
العراق فی القرن
تأریخ إحتلال بریطانی





یەکەم سەیارە کە هاتە عێراق لە ساڵی ١٩٢٢



یەکەم سەیارە لە جیهاندا ١٨٨٥-١٨٨٦

# بە بۆنەی "٢١" هەمین ساڵڕۆژی مەرگی هونەرمەندی گەورە ئەحمەد کایاوە



کە سێ ڕۆژ لەمەوبەریش لە فەرەنسا لە لایەن هەندێ تورکی فاشیستەوە هێرش کراوەتە سەر گۆڕەکەی و کێلی گۆڕەکەیان شکاندووە.
نامەیەکی کراوەی ئەلیف شەفەق بۆ ئەحمەد کایا

"دیموکراسییەکی ماندوو"
ئازاد بەرزنجی کردوویە بە کوردی

تۆ منت نەدەناسی. نە لە یەک شاردا هاتبووینە دونیاوە و نە لە قوتابخانەیەکدا پێکەوە خوێندبوومان، نە بە یەک زمانیش یەکەمین لایلایە و حیکایەتەکانمان بیستبوو. خێزانەکەی ئێوە زۆر بوون، خوشک و برای زۆرت هەبوون، لە کاتێکدا من بەتەنها دایکێکی بێوەژن و داپیرەیەکم هەبوو. باوکی تۆ کرێکاری کارگەیەکی قوماش بوو، باوکی من مامۆستای زانکۆ بوو، گەرچی زۆرم نەدیبوو. تۆ لەگەڵ هەژاری و نەداریدا گەورە بوویت، بەڵام ئازارەکەی من جۆرێکی تر بوو؛ ئازارێکی پەنهان بوو. زمانەکەی تۆ قەدەغە بوو، لەکاتێکدا من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو وشە و پەیڤانەدا نەبوو کە بەکارم دەهێنان.

ساڵانێک بەسەر ڕووداوەکەی دوانزدەی سێپتەمبەردا تێپەڕیبوو. تانکەکان بەسەر خاکی ئەم نیشتمانەدا گوزەریان کردبوو. نەمدەزانی، نەماندەزانی ، لەودیو شیشە ئاسنینەکانی زیندانەوە چی ڕوودەدات. چ بەڵایەکیان بەسەر نەیارە چەپ یا ڕاستەکاندا دەهێنا. ئەشکەنجەدانەکان چۆن ڕوویان دا، هاونیشتمانان هیچیان سەبارەت بەمە نەدەزانی. دراوسێکەمان، پوورە حیکمەت، دڵی خۆش بوو بەوەی هەراوزەنا لە کۆڵان و شەقامەکاندا نەمابوو و چالاکییە ئەنارشیستەکان کۆتاییان هاتبوو. هەر کە کەنعان ئاڤرەن لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت، ڕەزای بەقاڵ سڵاوی لێ کرد. من بە ماوەیەک دوای ئەوە، تورکیام جێهێشت، بە مەبەستی خوێندن چووم بۆ دەرەوەی تورکیا. هەندێ کەس پێیان وایە من زۆر درەنگ تۆم ناسی، بەڵام ئەگەر لە خۆم بپرسن، ئەوا دەڵێم ڕێک لە کاتی خۆیدا تۆم ناسی. خوێندکاری زانکۆ بووم، ڕۆژێکیان دەمەدەمی زەردەپەڕ بوو، بە ڕێکەوت گوێم بۆ گۆرانییەک شل کردبوو، سەرەتا بەلامەوە نامۆ نەبوو، ڕاستت بوێت، زۆر پیاوانە هاتە گوێم. بۆ منێک کە سەودای تایبەتمەندیی پیاوانەم لە ژناندا و هیی ژنانەم لە پیاواندا، تۆ دڵنیا بوویت لەوەی کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر هەق نییە. وەلێ من لە پەنای ئەو کەسانەدا زیاتر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد کە مێشکیان شێرزە بوو و نیگەران بوون.

تۆ باست لە قارەمان دەکرد، بەڵام من هەڵوەدای کۆمەڵگایەک بووم پێویستی بە قارەمان نەبێت، وەکو برتۆڵت بریشتیش دەڵێت:" هیچ بە هاورێ مەڵێ و مەبەرە هۆی شێرزەیی مێشکم" ئەوە حاڵەتێکی زبر و مەردانەی هەبوو لای من. ئەو جەختەی تۆ لەو دێرەتدا "بەبێ چڕینی سروود، مەرگ شایستەی ئێمە نییە" دەیکەیتەوە، منی لە تۆ دوور خستەوە. وەختێ دەتوت:" ئەی یەڤینی ڕەسەنم"، لە وشەی ئەڤینەکە دەگەیشتم، بەڵام سەرم لە "ڕەسەن"ەکە دەرنەدەکرد. کێشەم لەگەڵ ئەو وەسفانەدا هەبوو کە بەکارت دەهێنان. لێ گوێم بۆ وشەکانت شل کرد، گوێم لە بانگەوازەکەت بوو، پاشان گوێم لە گۆرانییەکەت گرت، دوای ئەویش گۆرانییەکی تر و ... کاتێک چاوم هەڵهێنا، سەیرم کرد بە کونجکاوییەوە گوێ بۆ گۆرانییەکانت هەڵدەخەم.

کەمێک لە یەک جیاواز بووین، تۆ حەزت لە ڕاکی و پاستورمە بوو، لێ من زۆر حەزم لێیان نەبوو. ئەگەر خوانێک من و تۆی پێکەوە کۆبکردایەتەوە، لەوانە بوو گاڵتەت بە خۆراکەکانم بهاتایە، یان منت بە "کەیبانوو" یان "ئاشپەزێکی فەرەنگی"بزانیایە. منیش هەندێجار خۆشیم لە ڕەفتارت دەهات و ئیرەییم پێت دەبرد؛ بە تۆیەک کە هەمیشە لەسەر هەق بوویت.

وەلێ تۆ بە شێوەیەکی سەیر دڵ بەئازار بوویت و نەدەکرا ئەوە هەست پێ نەکرێ. لەژێر ئەو جلانەی بەرتەوە، منداڵێک خۆی حەشار دابوو. مرۆڤێک بوویت سەرشار لە خەم، بە دەرد و ژان ئاشنا بوویت، تۆ لە کەس نەدەچوویت. تۆ تاقانە بوویت و پیاو بوویت، سەرڕاست بوویت و قسەی دڵی خۆت دەکرد. لەو قسەیەتدا کە جارێکیان کردبووت:"نە دیاربەکر لە من تێگەیشت و نە تۆ، بەڵام من هەردووکتانم خۆش ویست" درکێک هەبوو کە چەقیبە ناو دڵم.

وێرای هەموو ئەمانەش، کەچی هەر ژیانت خۆش دەویست، بە ویژدان بوویت، باوەڕت بە مرۆڤدۆستی هەبوو، ئەگەر دراوسێکەت برسی بووایە، نەتدەتوانی بە سکی تێرەوە سەر بخەیتە سەر سەرین. ئەگەر خوێن لە پەنجەی کەسێک بهاتایە، تۆ ئازارت پێ دەگەیشت. خۆت دەخستە ژێر باری کاری وەهاوە، کە پەیوەندیی بە تۆوە نەبوو. چونکە بەرگەی ستەم و ناعەدالەتیت نەدەگرت. هەر بۆیە هەرگیز لەگەڵ ئەو قسەیەدا تەبا نەبوویت، کە دەڵێت:"هەر کەسە هەقی بەسەر کاری خۆیەوە هەیە". ئاوازی دەنگت لە دڵمدا دەنیشت. ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو کە هەندێجار لەگەڵ قسەکانتدا نەبووم. تۆ "پیاوی باران و زریان" بوویت. تۆ هێندەی وتنی "من بۆ شەڕی دونیا دەچم" سەرچڵ بوویت. من لە تۆوە فێر بووم بڵێم "نووری چاوم".

ساڵانێک تێپەڕین. بۆ ساتێک لە تەلەڤزیۆندا دەنگی "هووها" و هەڵدانی چەقۆ و چەتاڵ و دروشم وتنەوە... چ شتێک ببووە هۆی ئەو هەموو نارەزایی و توندوتیژییە؟!

چی دەبوو گەر ڤیدیۆیەکت بە زمانی کوردی تۆمار بکردایە؟ دەتوت باهۆزێک هەڵیکردبوو، ئەقڵ کۆچی کردبوو. نۆرەی توندوتیژی بوو. تۆ بە خاکەکەی خۆتەوە وابەستە بوویت. گەرچی دەتوت:"شەو من دەناسێ، هەندێجار دەمێنمەوە و هەندێجار دەڕۆم". کەچی هەر مانەوەت هەڵبژارد. هەست دەکەم هەموو خوو و خدەکانت لایەنێکی مرۆییان هەبوو. هاوڕێیەتییەکانی جاران، سفرە ئاشناکان، هەستکردن بۆ بەردەوامی. دیارە مردن لە مەنفادا مایەی ئازار بووە بۆ دڵت. ئاخر بۆچی ئەو وڵاتەی کە تا ئەو ڕادەیە خۆشت ویست، هێندە ئازاری دایت؟! سەیر لەوەدایە کەس وەڵامی ئەم پرسیارە نازانێت.

ئێستا نازانم لەو سەرەوە چۆن ئێمە دەبینیت؟ بەڵام هەواڵەکانمان زۆر دڵخۆشکەر نین. تەنانەت لەو تۆزە دیموکراسییەش کە بەدەستمان هێنابوو، پاشەکشێمان کردووە، بە خێراییەکی زۆریش. ئەوەتانێ دووبارە ڕەوایەتی بە سزای لە سێدارەدان دراوەتەوە. تۆیەک وتبووت:"ئەی باڵندەکان، بەرەو زێدی من لە شەقەی باڵ بدەن"، ئەوەتانێ لەسەر چیاکانم گوڵە ئەرخەوان شکۆفەیان کردووە". گوڵە ئەرخەوان نا، ئێستا هەرا و پێکدادانێکی سەیرە. دیمۆکراسییەکەمان بەرەوە نابووتی دەڕوات. بۆچی ناتوانین ببینە وڵاتێک، کە ژیان پیرۆز ڕابگرێت و تازە ناشتوانین ببین؟

***

ئەم نووسینەم لە ساڵرۆژی مەرگی هونەرمەندی گرانقەدر "ئەحمەد کایا"دا نووسی، کەسێک کە لە هیچ کەسێک نەدەچوو و لە دەستدانی مایەی کەسەرێکی گەورە بوو. ئەو مامۆستا هونەرمەندە وتبووی:"ئەوەی بۆ ئێمە مایەوە، چڵک و ژەنگ و تەپوتۆز بوو، هاورێکانمان تیاچوون، ترسی نەمان باڵی بەسەر بوونماندا کێشاوە". خۆزیا لەم وڵاتەدا، کورد و تورک، سوننە و شیعە، موحافەزەکار و سۆسیال دیمۆکرات، ژن و پیاو، بیانتوانیبایە لەوپەڕی ئارامی و ئاشتی و دیمۆکراسیدا، پێکەوە بژیبانایە.
پەنجا ساڵی تر، هیچکام لەم ناکۆکی و نەیارییانە مانای نامێنێت، بەڵام ئەو مرۆڤانەی تیاچوون، ئیتر بۆ هەرگیز ناگەڕێنەوە.

سەرچاوە:
فکر نکن تنهایی
الیف شافاک
ترجمه: صابر حسینی
انتشارات مروارید، چاپ اول ۲۰۱۹ ، تهران.

## بۆچی ڕوسەکان پشتگیریان لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران نەکرد؟!

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم دا (١٩١٤ - ١٩١٨) دەوڵەتی عوسمانی کە بە "پیاوە نەخۆشەکە" ناسرابوو، لە هەموو لایەکەوە دەوروەدرا و گەلانی بەلکان و ڕوسیا و یۆنان و بەریتانیا هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی خاکی تورکیای ئەمرۆیان دەدا.

لە ئەنجامدا لە هەموو بەرەکاندا شەڕ لە نێوان سوپای عوسمانی و سوپای ئەو وڵاتانەدا ڕوویدا و سەردەمێکی نوێ لە تورکیا دەستپێیکرد. بەهۆی لاوازی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کاربەدەستانی دەوڵەت خۆیان لە سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی باکوری کوردستان نزیک کردەوە.

لە ناو سوپای عوسمانیدا بە سەدان ئەفسەری پلەبەرزی کورد هەبوون و زۆربەیان بە نهێنی ئەندامی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بوون. تورکەکان بەڵێنی زۆریان بە سەرکردە کوردەکان دا بۆ ئەوەی کورد و تورک بەیەکەوە ڕووبەڕووی هێزە دەرەکییەکان ببنەوە
لە ئەنجامدا وڵاتانی ناوچەکە بەپێی پرۆژەی بەریتانیا و زلهێزەکانی دیکەی جیهان ڕێککەوتن و سنوری دەوڵەتەکان دیاریکرا و کۆتایی بە ئیمپراتۆری دەوڵەتی عوسمانی هێنرا و لەبەرامبەردا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک کۆماری تورکیا دامەزرا.

هەرچەندە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا و پاراستنی دەستکەوتەکاندا هەبوو، بەڵام مستەفا کەمال و کاربەدەستانی دیکەی تورکیا بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد و لە دەستووری تورکیادا هیچ مافێک بۆ کورد دیارینەکرا.

دامەزراندنی دەوڵەت _ نەتەوە لە ناوچەکەدا و پەراوێزکەوتنی گەلی کورد بووەهۆی هۆشیاربوونەوەی کورد و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوی و بیری یەکگرتنی گەلی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

ساڵێک دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا و لە ساڵی ١٩٢٤دا شێخ سەعید لە ناوچەی پیرانی پارێزگای ئامەدی باکوری کوردستان دەستی بە خەباتی سەربەخۆییخوازانەی کوردستان کرد
بە هۆی نائۆمێدی لە بەڵێنەکانی ئەتاتورک، زۆربەی کەسایەتی و سەرکردە کوردەکان چوونە پاڵ شێخ سەعیدی پیران و لە ماوەیەکی کەم و لە چەند مانگدا شۆرش لە باکوری کوردستان تەشەنەی سەند.

دەوڵەتی تورکیا لە شارە تورکییەکانیش دەستی بە داخستنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان کرد. یەکێک لەو کۆمەڵانەش "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد" بوو.

ئەو کاتە " عەبدولقادر ئەفەندی " کوڕی " شێخ عوبەیدوڵای نەهری" سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو و ناوەندەکەی لە ئیستانبوڵ بوو. دەوڵەت ڕێگری کرد لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە. عەبدولقادر ئەفەندیش لەو کاتەدا بە نهێنی نامەیەک بۆ شێخ سەعیدی پیران دەنێرێت و تێیدا دەڵێت،" لێرە دەوڵەت هیچ ڕێگایەکی بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە. وادیارە کۆمەڵەکە دادەخرێت. پێویستە جەنابت، کەسایەتییە کاریگەرەکان کۆبکەیتەوە و جێگرەوەیەک بۆ کۆمەڵەکە دروست بکەیت کە هەمان ئامانجی سیاسیی هەبێت".

دوای نامەکەی عەبدولقادر ئەفەندی، شێخ سەعید بە سەرۆکایەتی "خالید بەگی جبری و ئەندامێتی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت، شێخ و مەلای کورد و ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان کردبوو کۆمەڵەیەکی بە ناوی " گەلی کورد و دۆزی یاسایی" دامەزراند.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەدا لە گەڵ شێخ سەعیدی پیران، باس لە گرنگی پشتگیری وەڵاتێکی زلهێز بۆ شۆرشەکە کرا
حەسەن هوشیار، نوسەر و شۆڕشگێڕی کورد کە ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆرشی شێخ سەعیدی پیراندا هەبوو، لە نووسینێکیدا دەڵێت، لە کۆنەوەکەی شێخ سەعید و کۆمەڵەی " گەلی کورد و دۆزی یاسایی" دا، ژمارەیەک ئەندام داوایان کرد، بۆ پشتگیریکردن لە شۆرشەکە پەیوەندی بە فەرەنساوە بگرێت. هەندێکیشیان بەریتانیایان پێ باش بوو، بەڵام بە هۆی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان ڕوسیا و تورکیادا هەبوو و پێش کۆماری تورکیا شەڕێکی گەورە لەنێوانیاندا ڕوویدابوو، شێخ پێی باش بوو نامەیەک بۆ دەوڵەتی ڕوسیا بنێرن و داوای پشتگیریان لێ بکەن.
نامەکەی شێخ بۆ کاربەدەستانی روسیا و وەڵامەکەی
شێخ سەعید بە ئاگاداری ئەندامانی کۆمەڵەکە نامەیەک بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی ڕوسیا دەنێرێت و تێیدا دەڵێت،" بە هۆی ئەوەی ئێوە لە جوگرافیای کوردستان نزیکن، لە ولاتانی ئەورووپا زیاتر ئاگاداری مێژوو و پرسی گەلی کوردن. دەزانن کورد چەند شۆرشی کردووە. ئێوە باش دەزانن، مەنگۆلەکان هاتونەتە وڵاتی ئێمە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. دەیانەوێت ئێمەی کورد بە زۆر بکەن بە تورک. ڕێگە نادەن ئێمە بە زمانی دایکی خۆمان بخوێنین و بنووسین. لە هەموو مافێکی مرۆڤ بێبەشمان دەکەن. لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوریش زیانمان پێ دەگەیەنن.

لە ئایدۆلۆژیای ئێوەدا یارمەتیدان و پشتگیریکردن لە گەلانی ژێردەست هەیە. ئێمەش ئێستا خەبات بۆ مافی خۆمان دەکەین و هیوادارین پشتگیری سیاسیمان بکەن.

دوای سڵاو و ڕێزێکی بێ پایان، ئێمە چاوەڕێی وەڵامی ئێوەین و چاوەڕێی کۆبوونەوەیەک دەکەین و ئێوە کات و شوێنەکەی دیاری بکەن".

وەڵامی ڕوسەکان

" ئێمە دەزانین ئێوە گەلێکی ئارین. بناغەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. لە سەردەمێکی کۆنەوە لە سەر ئەم جوگرافیایە دەژین. هەروەها دەزانین لە وڵاتەکەی خۆتاندا زوڵمتان لێ دەکرێ. هیچ کەسێک ناتوانێت هەبوونتان ڕەتبکاتەوە. بەڵام ناتوانین دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا بکەین. ئێمە ئامادەی پشتگیری سیاسی نین. بەڵام کە ئێوە لە دژی دەوڵەتی تورکیا لە تێکۆشاندان، ئێمە یارمەتی دەوڵەتی تورکیا نادەین."

بۆچی روسیا پشتگیری لە شێخ سەعید نەکرد؟

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و شەڕی نێوان عوسمانی و ڕوسەکان، هەر دوولا دەستیان بە دانووستان کردبوو و لە ساڵی ١٩٢٠ پەیمانێکیان ئیمزاکردبوو، بەڵام کوردەکان ئاگاداری ناوەڕۆکی پەیمانەکە نەبوون.
لە سنوری ئەرمینیا و باکوری کوردستان شەڕێکی گەورە لە نێوان چەکدارە ئەرمەنەکان بە پشتگیری ڕوسیا و تورکەکان لە ئارادابوو. بەڵام لە ٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ لە شاری گومروی ئەرمینیا شاندێکی تورکیا بە سەرۆکایەتی فەریق کازم قەرە بەکر پاشا فەرماندەی ڕۆژهەڵاتی سوپای تورک و شاندێکی ئەرمینیا بە سەرۆکایەتی موسیۆ ئەلکساندرۆ هاتیسیان سەرۆکی پێشووی ئەرمینیا کۆبوونەوە و پەیماننامەی ئاشتی " گومرە" یان کە لە ١٨ مادە پێکدەهات ئیمزاکرد.

لە پەیماننامەکەدا بە هەموو جۆرێک، دەستوەردان لە کاروباری یەکتریدا وەک پێشێلکردنی پەیماننامەکە هەژمار دەکرا و پێویست بوو هەردوو لایەن پابەندی ئەو سنوور و یاسایانە بن کە بۆیان دانرابوو، دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاش، پەیماننامەکە هەڵنەوەشێندرایەوە و وەک خۆی مایەوە.
.

( وەرگیراوە لەپەیسەر پرێس )




## شەڕی دمدم دەستکاری

تۆمارێکی مێژوویی پوخت لەسەر شەڕی دمدمی ١٦٠٩-١٦١٠ هەیە، کە لە نێوان سەفەوییەکان و کوردەکان ڕوویدا. شەڕەکە لە دەوروبەری قەڵایەک بە ناوی دمدم کرا لە ناوچەی برادۆستی نزیک دەریاچەی ئورمییە لە باکووری خۆراوای ئێران. بەهۆی شەڕەکەوە، قەڵاکە داڕما بوو، بەڵام لە ١٦٠٩دا، لەلایەن میری برادۆست ئەمیرخانی لەپزێڕینەوە نۆژەن کرایەوە. ئەمیرخانی لەپزێڕین خواستی پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینەکەی هەبوو، و دەیویست ڕووبەڕووی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ببێتەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی. سەفەوییەکان نۆژەنکردنەوەی قەڵای دمدمیان وەک هەڕەشەیەک بینی بۆسەر دەوڵەتەکەیان، لەبەر ئەوە سەفەوییەکان بڕیاریاندا کە هێرشێکی خوێناوی بکەنە سەر میرنشینی برادۆست بە سەرکردایەتی حاتم بەگ. زۆرێک لە کوردەکان، بە تایبەت ئەوانەی نیشتەجێی پیرانشار و مەهاباد بوون، شان بە شانی میرنشینەکە شەڕیان کرد. شەڕەکە لە ١٦٠٩-١٦١٠ درێژەی کێشا، لە کۆتاییدا قەڵای دمدم گیرا و هەموو ئەوانەی پارێزگاریان لە قەڵاکە دەکرد کوژران. شا عەباس فرمانی کۆمەڵکوژیی برادۆست و موکریانییەکانی کرد، دوابەدوای ئەمە عوسمانییەکان دەستیان کرد بە پاکتاوکردن و دەرکردنی کوردەکان بۆ ناوچەی خۆراسان و دانانی هۆزی ئەفشار لەجێیان. لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا چیرۆک سەبارەت بە دمدم هەیە. یەکەم تۆماری وێژەیی ئەم ڕووداوە لەلایەن فەقێ تەیرانەوە نووسراوەتەوە.

وەرگیراوە لە ویکیپیدیا






## ئەمجارەیان نەگلەییم لە مێژووە و نە جوگرافیا

بە دەستی خۆم لە خاکی خۆم دەرکراوم
کە بە پێوە خەو ئەبینم؛ لەم ڕێگایە
حەرفی کوردیی یەخەم ئەگرێ و
دووژمن نایەتە بەرچاوم.
لە درکەزی هەڵاتم و وا ئێستاکەش
لە بەردەمی تەلەزیدا ڕاوەستاوم
مناڵەکەم  وەک کۆترێکی بێلانە
لە پشتمەوە هەڵکورماوە
خەیاڵێ یەخەی گرتووە و دۆشداماوە
لێم ئەپرسێ ئەرێ بابە؛ ئێرە ئەوپەڕی دنیایە!
خۆ مامۆستا وتی ئاوە
ئەی بۆ لێرە وا تەلەزی  دانراوە!
باشە بابە؛ ئەی ئەم داربەدەستانە کێن !
ئەی ئەم کاربەدەستانە کێن؟!
بۆچی لێرەش دیسان پاڵمان پێوە ئەنێن!
من هەر لە جێی خۆم وەستاوم
ئەڵێی مێخێکی چەقاوم
هێشتاش نازانم ڕاستیە یا خەوبینین!
ئێرەش هەرنووگرەسەلمانە؟
ئایە ئێرەش بیابانە!
خوایە ئەمە کام زمانە
خوایە چیە ئەم حەرفانە
نە عەینێ ئەبینم نە ضادێ ئەبیستم
نە غەینێ دێتە گوێم، خودایە من لە کوێم!
لەبەردەمما سەد حەجاجی سوورو سپی کەتەکەتەی فەروو لەبەر، کڵاو لەسەر
تەلەزی لە نێوانمان و
ئێمە لەمبەر ئەوان لەوبەر
دانەیەکیان  پەنجە بۆ من ڕائەکێشێ و هاوار ئەکا:  بۆچی هاتووی
بۆ لە نیشتیمان هەڵاتووی؟
تەواو سەرم لێ شێواوە! خۆ ئەمە لە حەجاج  ئەچێ!
ئەی بۆچی وا چاوی شینە!
ئەوە زمانی سەدامە
بۆچی ئەڵێی پیتەکانی ستالینە.
چی بلێم و چۆن پێی بڵێم
ئەم هەموو پیتە پەنگاوە چۆن بزانم
وا پیر بووم و من هەتا ئێستاش زمانم
نەگەشتووە بە قولە پێی خەمەکانم
چۆن پێی بڵێم
من خەڵکی ولاتی نەگبەتی و گریانم
من خەڵکی وڵاتی گەنمم و بێ نانم
من خەلکی وڵاتی خۆرم و
وا لێرە هیچم بۆ ناوترێ لەبەر چۆقەی دانم
من خەڵکی وڵاتی دوو زێم و تینوومە
من خەڵکی وڵاتی سفرەم و  برسیمە.
هیچ ناڵێم چی بڵێم
هەر کاتێ ئەگەمە چەک لە شان
من بێئوومێد ئەبم لە زمان
من چیم وت ؛ کاتێ لە دێگەڵە
کە کەپوومیان شکان.
هەر وتم ئەبەردانە تووڕەن
ئاخر کەی ئێرەیە سنووری نیشتیمان
ئەو پرسی تۆ سەوزی ؟



ئەم پرسی تۆ زەردی ؟
کە من هیچم نەوت
پێی وتم دابەزە بەردی چی خۆت بەردی.
بەر لە جێی خۆیەتی و سەنگینەو
ئێمە توردراوین
ئێمە بێ جێ ماوین.
چی بڵێم  کێ لە کێ تێئەگات
ڕوومەتی خۆم نەبێ فرمێسک بە کێ ئەگات!
لەولامەوە زریکە دێت
دایکێکی خێر نەدیو
ڕەنگ پەڕیو
جەرگی بڵێسەی دێ و خۆی تەزیو
بە ناڵە ڕۆڵە ڕۆیەوە
بەتانیەک ئەنێ بە سنگی خۆیەوە.
بێ ئەوەی دایکی پێی زانیبێت، نیوەشەو
گرووگاڵ بە بێدەنگ ڕۆشتووە
چاوە گەشەکانی ساواکەی بۆ ئەبەد نیشتووە
بۆ دایکی بەشی چەند باوەشێ ، خۆی بەجێهێشتووە.
ئێستا هەر لەو خەیاڵەدام
ئەم ساوایە چۆن لەدایکی بکەینەوە
چۆن بۆ گۆڕستانە گەورکەی نیشتیمانی ببەینەوە
ئەی ئەگەر لێرە بیچێنین:  چۆن ئەم خاکەی بۆ هەڵکەنین
بە مەچەک و چنگە کرێ
ئەم دایکە چۆن، بێ ئەو بکەوێتەوە ڕێ!
ئەم چاڵە نەوتەی دەروونی
لەم سنوورە تا چەند سەدەی تر ئەگرێ !
چاوم ڕەشکەو پێشکە ئەکات.
لەبەرچاوم عیسا دێت و خێرا زیندووی ئەکاتەوە و
بێ ئەوەی حەجاج  بیبینێت لەگەڵ خۆی ئەیباتە ئەوبەر
مایکڵ ئەنجیلۆ دێتەوە و
چی پاسەوانی سنوورە هەموویان ئەکات بە بە پەیکەر.

**ڕەنج سەنگاوی**

# ڕەچەڵەک و ڕەوشتی توورک بناسە

حسێن عەزیز

ئاشکرایە، هەموو جوگرافیای ئێستەی (توورکیا)، پێش (700) ساڵ لەمەوبەر، چۆن بووە و ئێستەش چۆن گۆڕاوە. لە ڕاستیدا ئەو وڵاتە، خاکی ڕەسەنی دانیشتووە ڕەسەنەکانی (گرێک، سریان - ئاشوور، کورد، ئەرمەن ...) بووە. تەنانەت (500) ساڵیش، شاری (قوستەنتینییە) پایتەختی دەوڵەتی (بێزەنتی گرێکی) بوو، ئیمپراتۆر (قوستەنتین)، ساڵی (333ز.) دایمەزراندووە و پایتەختی ئیمپراتۆریای (ڕۆمانیی خۆرهەڵات) بووە، تا ساڵی (1435)، توورکەکان داگیریانکردووە.

بە شێوەیەکی گشتیی، نزیکەی (1200) ساڵ، (قوستەنتینییە) پایتەختی ڕۆشنبیریی گرێکییەکان بوو. لە خۆراواوە، بە ڕووی تیرە دڕندەکانی باکووری (ئەورووپا)، لە خۆرهەڵاتیشەوە، دژی تیرەکانی تۆرانییە توورکەکان، وەک قەڵایەکی شارستانیی قایم وابوو.

(توورکیا)ی ئێستە، وەک زۆربەی میرنشین و دەوڵەتە ناشارستانییەکان، بە زەبری شمشێر دامەزراوە. بە هەموو ڕێگە توورکییە جیاوازەکانیان، ئەو گەلانەیان لەنێوبردووە. تا ئەم نزیکانەش، تێڵاتێبرین (ئەلخازوق) درووشمیان بوو. لە کۆی گشتیی (36) سوڵتانی توورکی عوسمانی، تەنیا هەر (3) سوڵتانیان، بە شێوەیەکی سرووشتیی مردوون. ئەوانی دیکە هەموویان کوژراون، خنکێنراون یا سووتێنراون. شێوازی کارکردن و ڕەوشتی عوسمانییەکان بە شێوەیە بوو، هەر سوڵتانێ لەسەر کوورسی دەسەڵات دانیشتایە، دوای ئەوەی چاوی برا و ئامۆزاکانی خۆیان دەردەهێنا، هەموویان دەخکاندن، بۆئەوەی لەسەر کوورسی دەسەڵات، بەربەرەکانی سوڵتان نەکەن. تەنانەت یەک سوڵتانی عوسمانیش، لە ئەم دەستوورە لای نەداوە! بێگومان زۆربەی براکانیشیان، هەموویان برای دایک و باوکییش نەبوون. واتە لە چەن دایکێکی جیاواز بوون. چونکە هەر سوڵتانێکی عوسمانیی، (4) ژنی هێناوە و بە سەدان کەنیزەکیشی هەبووە. شەوەکانی خۆی لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی ژن و کەنیزەکانیدا دابەشکردووە. لەبەرئەوە هەر ئافرەتێ، ماوەیەکی کورت نەبێ، نۆرەی نەهاتووە، تا سوڵتان لەگەڵی بنوێ، بۆیە هەموویان فریای ئەوە نەکەوتوون، سکیان پڕبێ و مناڵیان ببێ!

هەڵبەتە هەموو ژنەکانیش، لەگەڵ یەکدی لە ململانێدا بوون و بەربەرەکانی یەکدیان کردووە، تا دوای باوکیان، کوڕەکانیان لەسەر کوورسی سوڵتان دانیشن. لەبەرئەوە هەمیشە دژی یەکدی بوون و هەر خەریکی ئەوە بوون، داو بۆ یەکدی بنێنەوە و چاڵ بۆ یەکدی هەڵکەنن.*

لەشکری ئینکیشاری

ئەم لەشکرە، لەشکری جەنگاوەرە کێویلە و دڕندەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، بە تەواویی، هەمان شێوەی لەشکری کەنیزەکی عوسمانی، لە شوینی تایبەتیی ژنانی میر و سوڵتان (ئەلحرملک) بووە. واتە: لە گوندەکانی فەلەکانی دەوڵەتە نزیک و دراوسێکانیان، وەک (رووسیا، قۆقاز، خۆرهەڵاتی ئەورووپا)، پەلاماری گوندی فەلەکانیان داوە، هەموو گوندەکانیان سووتاندووە و بە تەواویی، تێکیانداوە و ڕوخاندوویانن، ئافرەتەکانیان فڕاندووە، هەموو دانیشتووانەکانیشیان لەنیوبردووە. تەنیا هەر کوڕ و کچە پچووکەکانیان نەکوشتووە و فڕاندوویانن. پاشان ئەو مناڵانەیان لە هۆردووگایەکی تایبەتدا پەروەردەکردووە. مناڵەکانیش جگە لە دەوڵەتی عوسمانی، بە هیچ شێوەیە نەیانزانیوە، دایک و باوک چییە. چونکە وایان فێرکردوون، دایک و باوکیان دەوڵەتی عوسمانییە!

لە ئەو هۆردووگە تایبەتانەدا، مناڵەکان ناو و ڕەچەڵەک و مرۆڤایەتی خۆیان بیرچووەتەوە. وەک لەشکرێکی جەنگاوەری مرۆکوژی دڕندەیان لێ هاتووە، لە لەشکری (ئەلزومبی) دەچوون و بە (ئینکشاری) ناسرابوون. بەڵام کچە چکۆلەکان، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (5-6) ساڵاندا بوو، لە چەن ژوورێکی تایبەت و لەنێو شوینی تایبە تی ژنانی میر و سوڵتانەکاندا، بە شێوەیەکی تایبەتی پەروەردەدەکران، بۆ ڕابواردن و جووتبوون ڕادەهێنران، دڵی سوڵتان و کوڕە زۆرەکانیانیان پێ ڕاودەکردن. کۆمەڵێ ئافرەتی سۆزانیی پسپۆڕیش، سەرپەرشتییانکردوون، ناویان (قەهرەمانات) بووە. کوڕی خەسینراویش هەبوون، لەگەڵ کەنیزەکەکاندا هەڵسوکەوتیاندەکرد، پێیان دەگوت: (ئاغات).




کۆمێنت

ئەمە ئەو سوڵتانە توورکە خوێنڕێژ و داوێنپیسانە بوون، بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە، وڵاتانیان داگیردەکرد، خاکەکەیان بە خوێن و فرمێسکی خەڵکی بێ تاوان تەڕدەکرد. ئاخر ئەوان بە ئەو شێوەیە، کەڵکیان لە ئایینی ئیسلام وەرگرت، ئایینەکەش بوو بە خێر و خۆشیی و بە سەریاندا ڕژا. بەڵام کوردە کەرە نەزانەکان، لە ئەفسانەی ئایینێدا نقوومبووبوون، پێش لەشکرەکانیان دەکەوتن، خۆیان بۆ بەکوشتدەدان، وڵاتانی گەلانی دوور و نزیکیان بۆ داگیردەکردن. بە کورتی توورکەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوون بە موسوڵمان و کەڵکێکی زۆریان، لە ئایینەکە وەرگرت، ئەوانیش سەر و ماڵی کوردیان وێرانکرد!

ئەمە ڕەوشت و موسوڵمانێتی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە کێویلە و سۆزانیخانەیە بوو، کە دیکتاتۆر و بێ ئابڕوویەکی وەک (ئۆردووگان)، شانازیی پێوە دەکا و خۆی بە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی دەزانێ. بۆیە بە هەمان شێوەی باووباپیرانی، جگە لە گەلی توورک، هەموو گەلانی دیکەی نێو دەوڵەتی (توورکیا) دەچەوسێنێتەوە و بە هێواشیی، لەنێویاندەبا.

(ئۆردووگان)ی دیکتاتۆری خوێنڕێژ، هیچ شەرم ناکا، شانازیی بە ئەو دەوڵەتەوە دەکا، کە لە هەموو بوارەکانی ڕەوشت و بەهاکانی مرۆڤایەتیدا، مێژوویەکی ڕەشی هەیە. جگە لە ئەوەی ئەو دەوڵەتە، خاکەکەی لە گەلە ڕەسەنەکان داگیرکردووە، دانیشتووە ڕەسەنەکانی قەلاچۆکردووە، لەشکرێکی داگیرکەری تاڵانچیی و دزیشی، لە کێویلە و مرۆکوژە دڕندەکانی سەرسنوور دامەزراندووە، گوندەکانیان وێرانکردوون، دایکانی کەنیزەک و کۆیلەکانی گان، مناڵانیان لە گوندە کاولکراوەکانەوە فڕاندووە، لەسەر دەسی ئافرەتە شارەزا و سۆزانیی و پیاوە پسپۆڕەکاندا، مەشقیان پێ کردوون، دەسەڵاتدار و سوڵتانە مرۆکوژەکان، ئەوانەی لەڕێی ڕەشەکوژیی باوک و براکانیانەوە، دەسیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، مێژوویەکی ڕەشی پۆخڵی مرۆکوژییان هەبوو، فیری تاڵانیی، فڕفاندن، لاقەکردن، سەربڕین، خەساندن، چاوهەڵکۆڵین و سەرپەڕاندن کرابوون.

تێبینی:

* زنجیرە درامای توورکی " حەریم سوڵتان "، زۆر بە ڕوونیی و ڕاشکاویی، چیرۆکی ژنانەکانی سوڵتانی دەگێڕایەوە.

** ئەم دەقە گرنگە، جگە لە کۆمێنتەکە، لە وتارێکی عەرەبیی (ڕیم عەرنوق)ەوە وەرگیراوە و وەرگێڕراوە.

2021 .11 .22

# عەبدوڵا ئیبراهیمی

## من لەدایکبووی ١٩٤٧ی زایینی

لە شاری پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانم. لیسانسی ئابووریم لە زانستگای تاران لە زانکۆی ئەبووڕەیحانی بیروونی تەواو وەرگرتووە. هەر لەمنداڵییەوە حەزم لە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بوو. لەتەمەنی گەنجەتیمدا بەهاوژین و دووکوڕ و کچێکی منداڵەوە ئاوارەی دەستی شەڕ بووم. پاش ١٧/٥ ساڵ کار لەڕیزی کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیشدا، کەزانیم سیاسەت بەو واتایەی لە کوردستان بەڕێوەدەچێ ئیدی کاری من نییە، بەیەکجاری دەستم لێ هەڵگرت. ماوەیەکی درێژ لە بەشێکی خاکی خۆم، واتە باشووری کوردستان ژیام، کە لەوێش بە بێگانە دەناسرام و لە ئاسایشدا نەبووم، جا ناچار دەستی ماڵ و منداڵم گرت و ڕێگای هەندەران و دوورەوڵاتیم گرتەبەر و ئێستا لەتاراوگە دەژیم و پەیوەندیم بەهیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییە.

لە ١٩٨٥ بە وەرگێران لە کوردییەوە بۆ فارسی دەستم بەکاری ئەدەبی کرد و کتێبی (شۆڕشی کورد لە ساڵی١٨٨٠، بەپێنووسیی دوکتۆر جەلیلی جەلیل، کە د. کاووس قەفتان بۆکوردی وەریگێڕابۆوە)م کردە فارسی، بەڵام بەداخەوە بۆم چاپ نەکرا. ساڵی ١٩٩٥ کتێبی (کرد و عجم - نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا بە نازناوی صالح محمد امین)م وەرگێڕاوە سەر فارسی. ئەو وەرگێڕانە منی خستە بیری دانانی فەرهەنگێکی فارسی بە کوردی. جارێک لەساڵی ٢٠٠٦ ئامادەم کرد و حەولی چاپکردنیم دا و لەگەڵ چاپخانەیەکیش لە کوردستان قسەم کرد، و تەنانەت نامەشم بە واژۆی بەرپرسی چاپخانەکە وەرگرت، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی پارەی تێچوونەکەی بۆ دابین بکەم، لەگەڵ دەزگای سەردەمیش قسەم کرد، بەڵێنیی چاپکردنەکەیان پێدام، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوەی هەڵسەنگاندنەکەیانم بەدڵ نەبوو، بڕیارم دا جارێ وازی لێ بێنم و خەریکی پێداچوونەوە و تەواوتر کردنی بم. سەرەنجام لەساڵی ٢٠١٢ لە دەزگای ئاراس لەگەڵ کتێبێکم بەناوی(لێکۆڵینەوەو ڕوون کردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کورد وکوردستان)، لە هەولێر لەچاپم دان. بەداخەوە چاپی یەکەمی کتێبە مێژووییەکە، بەدڵی من دەرنەچوو و بەڵێن بوو لەگەڵ کتێبی کوردو عەجەم چاپیش کرێتەوە کە بەداخەوە، بارودۆخی ئابووریی کوردستان تێکی دا.

فەرهەنگەکەم هێشتا ئەوە نەبوو کە دڵم بحەسێنێتەوە. سەرەتا کە دەستم پێکرد، هەر بەتەما بووم کارێکی ساکار و تەنیا بۆ یارمەتی دانی وەرگێڕان بکەم، بەڵام دوایە بڕیارم دا کارەکەم وا پەرە پێ بدەم کە لێکۆڵەرەوان و وەرگێڕانی دەقە کۆنەکانی فارسیش تاڕادەی گونجاو بتوانن کەلکی لێوەرگرن، من کە دەمبینی بۆ نموونە عەرەب چەندین وڵاتی سەربەخۆیان هەیە، خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانیشی هەرکام بەشێوەیەک دەدوێن، کە لێک تێگەیشتنیان ئاستەمە، بەهەموویان زمانێکی یەک گرتوویان هەیە کە پێی‌دەنووسن و پێی تێکدەگەن، فارس زاراوەی جۆراوجۆریان هەن، بۆنموونە ئیسفەهانییەک دە زاراوەی ڕەشتییەک ناگا، بەڵام بەهۆی زمانی یەکگرتووی فارسی کە لەقوتابخانان دەیخوێنن، بەهاسانی لێک تێدەگەن، بۆیە دوای چاپی یەکەم کەوتمە سەر ئەو باوەڕە کە ئەوکارەم بکەمە بەستێنێنێک بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی، جا هەر بەشێوە زاری سۆرانی ڕانەوەستام و دەستم کرد بەکۆکردنەوەی وشە لەهەموو کوردستان. هەر قامووس، گۆڤار، یا هەر سەرچاوەیەکم کەوتبا بەردەست وشەیەکم لێ بەفیرۆ نەدەدا. شتێکی دیکەش ئەوە بوو کە لەو فەرهەنگە کوردییانەدا کە وەبەرچاوم کەوتوون، نەک هەر زۆرینەیان بەزاراوەی ناوچەیەکەوە نووساون، بەڵکوو هەر بەچەند مانایەکی کەمی وشەیەکیش کارەکەی خۆیان کۆتایی پێهێناوە، بەڵام من بەوەندە ڕازی نەبووم و هەموو ماناکانی وشەیەکم - ئەوەندەی وەدەستم کەوتوون - لەبەرانبەردا داناون. بۆیە کە تەماشای فەرهەنگی کاوە بکەی جار وایە لەبەرانبەر وشەیەکی فارسی پڕی زیاتر لە یەک لاپەڕەی A4 وشەی کوردی دەبینی. تائێستا ٢٧ ساڵە کار لەسەر ئەو فەرهەنگە دەکەم و ئێشتاش خەریکی پێدا چوونەوەم. هیوادارم ئەوکارەم ئامانجی سەرەکیی خۆی پێکابێ.




لەبەر نەبوونی دەرەتانی لەباری بڵاو کردنەوە بڕیارم دا ماڵپەڕێک لەسەر ئینتێرنێت بکەمەوە و بەرهەمەکانی پێنووسم لە فەرهەنگ و مێژووی کورد بخەمە خزمەتی گەلەکەم. ئەوەبوو بەیارمەتیی خۆبەخشانەی چەند برادەرێک ماڵپەڕی https://www.farhangumejuikawa.com/ م دامەزراند، و توانیم فەرهەنگەکەی بەشێوەی سەر هێڵ (online) لەسەر دانێم و لەگەڵ هەر دەستکارییەکیشدا داتاکەی نوێکەمەوە.


فەرهەنگەکە تائێستا گەیشتۆتە زیاتر لە٩٨٣٠٠ وشەودەستەواژەی فارسیو واتاکوردییەکانی. دوو فەرهەنگی گەورەو بەناوبانگیی فارسی (فرهنگ ٦ جلدی معین و فرهنگ دهخدا)م سەروبن کردوون و وشەم لێ پاشگوێ نەخستوون، زۆر وشەشی کوردیش هەبوون کە هاوتا فارسییەکەیانم وەدەست نەکەوتوون و بە دەستەواژەی کورتی فارسی مانام بۆ داناون، دەنا زمانەکەیان ئەوەندە دەوڵەمەند نییە کە ئەو هەموو وشەی هەبن. هەندێک جار بۆ مانای فارسییەکەش هاوسەنگە کوەردییەکەم نەدیونەوە و ناچار بوومە بە دەستەواژەیەکی کورت واتای بۆ دانێم بەڵام ژمارەی دەستەواژە ناچارییە کانی کوردی تەنانەت ناگەنە نیوەی دەستەواژە فارسییەکان.

مەبەستی دیکەم ئەوە بوو کە وشەی هەموو زاراوەکانی کوردیی تێدا کۆکەمەوە هەر وەک فەرهەنگ نووسانی زمانەکانی دنیا کردوویانە. هەموو وزەی خۆمم دەکار کردووە تا بەکەرستەی گونجاوی بەردەستم و بەنەبوونی یارمەتی دەریشەوە ئەوکارە بکەم، بەڵام لەوبارەوە کەموکووڕیم زۆرن. هیوادارم بۆ تەواوتر کردنی وشەکان، بتوانم یارمەتی لە دڵسۆزانی زمانی کوردی وەرگرم. هێندێک دلسۆزیش هەرچەند ژمارەیان بەداخەوە کەمە، یارمەتییان داوم و بە دەست نیشان کردنی هەڵە یا پێشنیاری وشە یا واتایەک چ فارسی و چ کوردی کارەکەمیان بەرهەمدارتر کردووە.

هیوایەتێکی دیکەم ئەوە بووە کە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی، سەرەڕای خزمەت نەکران‌و بەربەست لەسەردانرانیشی، لەوبوارەدا بسەلمێنم، کە بەخۆشییەوە لەو مەبەستەمدا تاڕادەیەکی باش - سەرڕای ناتەواوبوونی کارەکەم - چومەتەپێش. لە وتووێژێکم لەگەڵ ڕادیۆی فارسیی ئادیلاید دا، چەند ساڵ پێش ئێستا کوتم: ئێوە بەزمانەکەمان دەڵێن لەهجە! بەڵام ناتوانن یەک لاپەڕەی (A4) بنووسن کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابێ، بەڵام من ٤٠ لاپەڕەی ئاواتان بە کوردی بۆ دەنووسم، کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زمانەکەمان نەک هەر زاراوەیەکی زمانی ئێوە نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆی زۆر لەئی ئێوە دەوڵەمەند ترە!



لەپێشەکیی فەرهەنگەکەدا نووسیومە کە هەمووگەلانی دونیا وشە لە زمانی گەلانی دوورونیزیک وەردەگرن و زمانەکەیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن، ئەوە سروشتییەو هیچ قسەیەکی تێدا نییە، بەڵام دەبێ تێ بکۆشین ئەو تێکەڵاوییە پاک و بەجێ و پوخت و پاراو بێ. پاک کردنەوەی فەرهەنگ لە وشەی بێگانە بەو واتایەنییە کە هەرچی وشەی باشی دەرەکیشە لێی دەراوێین، بەڵکوو دەبێ لەبێژینگیاندەین، دەبێ سەرەتی بدەین بەهاوواتا کوردییەکەیان، لەوانەی هەمانن و دەکار کردن و تێگەیشتنیان بۆ خەڵک لە ئی بێگانەکە هاسانترە، چونکە زۆرجار وشەکوردییەکەی خۆمان زۆرجوانترە لەو وشەی لەبێگانەمان وەرگرتووە، بەڵام بۆ ئەو وشانەی تازەن و بۆخۆمان نیمانن، وەرگرتنی وشەی لەباری دەرەکی نەک هەر زیانی نییە بەڵکوو زمانەکەشمان پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەکا. لەوبارەوە لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا بەوردی دواوم، لێرەدا تەنیا نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە: وشەی (عشق)ی عەرەبی خزیوەتە ناو زمانەکەمان، بەڵام زۆر جاران تەنانەت لەلایەن خوێندەوارانیشەوە بەهەڵە دەکار دەکرێ، هێندێک دەڵێن ئیشق، هێندێکیش عیشق. ئەودووانە وێک چوونێکیان هەیەوتەنانەت نەخوێندەوارانیش زۆردەیڵێن. بۆوێنە: ... ئیشق لەسەری داوە، یا عیشق لەسەری داوە! بەڵام هێندێک خوێندەوار بەشێوەیەکی نالەبارتر ئەو وشەی دەکاردەکەن. برادەرێکی زۆر خۆشەویستم لە هەڵبەستێکی زۆر جواندا وشەی (عەشق)ی بەکارهێنابوو، بۆم نووسی: براگیان، خۆ وشەی ئەڤین یا ئەوینی کوردی هەر هاوکێشی ئەو عەشقەیە کە تۆ نووسیوتە و ناحەزتریش نییە! وەڵامەکەی ئەوەبوو کە وشەی عەشق خەڵک بەکاری دێنێ و بەوە دەیەویست پاساوی داتەوە، من بێدەنگەم لێراکرد چونکە دەمزانی لەخۆ بایبوونەکەی ناهێڵێ ئەوەم لێ بسەلمێنێ و نەمدەویست بەوە بیتۆرێنم. ئەوانەی لەکوردستاندا باسی خۆشەویستییان بیستبێ، دەزانن ئەو وشەیە بەشێوەگوتنی (عەشق) لەنێو خەڵکدا، بەتایبەتیش خەڵکی رۆژهەلاتی، باونییەو وەک لەسەرەوە باسم کرد بەشێوەی(عیشق)یا(ئیشق) دەکوترێ، ئەو وشە نامۆیە لە کوردستانی باشوور دەر کەوتووە کە بەداخەوە بازاڕی تێکدانی زمانی نەتەوەکەمان خۆیان کوتەنی هەر بۆتە (مۆدە)! لە وتووێژێکم لەگەڵ ڕادیۆی فارسیی ئادیلاید دا، چەند ساڵ پێش ئێستا کوتم: (ئێوە بەزمانەکەمان دەڵێن لەهجە! بەڵام ناتوانن یەک لاپەڕەی (A4) بنووسن کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابێ، بەڵام من ٤٠ لاپەڕەی ئەو ئەندازەتان بە کوردی بۆ دەنووسم، کە کەمتر لە ٤٠ وشەی بێگانەی تێدابن و ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زمانەکەمان نەک هەر زاراوەیەکی زمانی ئێوە نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆی زۆر لەئی ئێوە دەوڵەمەند تریشە!

زۆرم لەودەرک و ئەودەرک دا، نامەم بۆدەستەڵاتدارانی کوردستانیش نووسی، کە دڵنیام پێشیان گەیشتووە، بەڵام لە پشتیوانیی ماڵی و کردەیی و واتایی لەهەموولایەک هیوابڕاو بووم، بۆیە ناچار بۆ گەیاندنی بەرهەمی کارم بە خوازیارانی، ماڵپەڕێک دانێم و بە پارەی کەمی سۆسیال و بێ هیچ داهاتێکی لاوەکی لەزاری ماڵ و منداڵم بگرمەوە، تا بتوانم درێژە بە کارەکەم بدەم. وەک پێشتر باسم کرد، کارەکەمم بەیاریدەی خۆبەخشی چەند برادەرێک وەڕێ خست، بەڵام خەرجی ئەدمین و بەڕێوەبەری کەوتە سەرشانم. بۆ نووسین و پێداچوونەوەی فەرهەنگ و بابەتەکانم، شەوو رۆژ کارم لەسەر کامپیوتێر دەکرد و ئەوکارە بێ پسانەوەش چەندین کامپیوتێری لێ لەکار خستم، پاراستنی هێمنیی کارەکەشم نەرمەواڵەی دەوێ، کە بۆ خۆی تێچوویەکی هەیە و ئەویش هەر لەسەر شانی خۆمە. تەنانەت داوام لە زانکۆی کوردستانیش کرد، کە فەرهەنگەکەم بە بێ هەزینە و تەنیا بۆ خزمەت، بە کتێبخانە و قوتابییان بناسێنن، بەڵام وەڵامێکم وەرنەگرتەوە.

ئەوەبوو کورتەیەک لە بەسەرهاتی من و فەرهەنگی فارسی بەکوردیی کاوە، بەوهیوایەی بتوانم بە کاری گەورەتر و پوختتر درێژە بەخزمەتی فەرهەنگ و زمانی گەلەکەمان بدەم.

**عەبدوڵڵا ئیبراهیمی**

٢٠٢١/١١/١٤

سیدنی - ئوسترالیا

**YADNAMEیادنامە**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703